هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 39

ساڵی/ 2007 – بەرگی سی و نۆ

چاپی یەکەم/ ساڵی 2007

له بڵاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2007)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: 39
چاپی یەكەم: 2007
تیراژ: 500
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێریست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/7 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/8 ل37

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/14 ل63

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/15 ل117

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/1/24ل125

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/13 ل171

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/3/26 ل181

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/27 ل235

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/2 ل279

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/3 ل317

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/4 ل343

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/10 ل385

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/11 ل445

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/4/14 ل549

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/16 ل577



# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25)**

**یەك شەممە رێكەوتی 7\1\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25)

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2007/1/7

كاتژمێر (10,35)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2007/1/7 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (25)ی خولی دووەم, سالی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (25)ی خولی گرێدانی دووەمی سالی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای ماڧ كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێمی كوردستان.
2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی كوردستان.
3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتیی بۆ كاروباری مین لە هەرێمی كوردستان.
4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان.
5- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای ئەكادیمیای كوردی.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە (د.كمال كەركووكی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهربان.**

بەناوی گەلی كوردستان, دانیشتنەكەمان دەكەینەوە, بەپێی حوكمەكانی برگە یەكی مادده 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەمواركراوی سالی 1992ی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (25)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكاتی (10,35)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2007/1/7 بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای ماڧ كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێمی كوردستان.
2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی كوردستان.
3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتیی بۆ كاروباری مین لە هەرێمی كوردستان.
4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان.
5- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای ئەكادیمیای كوردی.

بەڕێزان بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆز و سەری سالی تازە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەكەین بەناوی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان, ئومێدەوارین هەمیشە لە جەژن و شادی و بەختەوەری بن و سالی

داهاتوو ساڵێکی گرنگە بۆ نەتەوەکەمان, بتوانین باشتر کار بکەین لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و هەر سەرکەوتوو و سەر بەرز بن, ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین تەشریف بێننە ئێرە بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان, فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێت یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەکان من نازانم بە چ زمانێك هاتووە, بەلاَم زۆر جار گوتومانە و داواشمان کردووە, ئەگەر بێتو دەست بەوە بکەین, بەتایبەتی با خوێندنەوەی یەکەم بە کوردی بێت, بەلاَم نازانم لیژنەی یاسایی خۆیان بۆچی ئامادە کردووە, بەلاَم با خوێندنەوەی یەکەم بە کوردی بێت, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڵێ باشە, سوپاس, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کاك تارق جامباز یاسای ماڤی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەخوێنێتەوە, بەلاَم پێم خۆشە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئاگادار بکەمەوە, کە ئەو تەرجومەی کوردی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە, ئەگەر هەر رەخنەیەکتان هەبێت لە لیژنەی یاسایی نەگرن, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان, دەقی یاسای مافەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەخوێنینەوە:

**یاسای ژمارە(    )ی ساڵی 2006**

**یاسای مافەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**

ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2-وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

3-وەزیر: وەزیر ی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

4-یاسا: ماف و تایبەتکاریەکانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

5-ئەنفالکراو: هەرکەسێك ژیانی لە دەست دابێ یان زەرەرمەندبێ یان تا ئێستا چارەنووسی نادیار بێ لەئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان.

6-شەهید: بە شەهید دادەنرێت هەرکەسێك ژیانی لە دەست دابێ بەپێی ئەم پێناسانەی خوارەوە:
أ-شەهیدی خەباتگێر: هەرکەسێك بە گیانی خۆی لە سەنگەری خەباتی چەکدارانەدا قوربانی دابێ, یان لە خەباتی سیاسی, یان لە هەردووکیان دژبە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان لە بەرگری کردندا لە بزافی رزگاریخوازی کوردستان و ئەوەی لەدوایدا هاتووە.
ب-قوربانیانی جینۆساید: هەرکەسێك شەهید بووبێ یان ژیانی لە دەست دابێ لە ئەنجامی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی(جینۆساید) لە کاتی تاوانەکانی ئەنفال یان بەکارهاتنی چەکی کیمیاوی یان لەناو بردنی داپڵۆسینی بارزانی وفەیلییەکان.
ج- قوربانیان لە هاووڵاتیان: هەرکەسێك شەهید بووبێ یان ژیانی لە ئەنجامی کارەکانی جەنگ یان کردەوەکانی تیرۆر یان لە کاتی کۆچڕەوی ملیۆنی گەلی کوردستان لە دەست دابێ.
7- کەسوکاری قوربانیان و ئەنفالکراو: مێرد و ژنان و کوڕ، باوك ،براکان ، خوشکان ،یان ئەو کەسانەی بە بڕیاری دادوەری, شەهید بەخێوی دەکردن.

## بەشی دووەم

## ئامانج و بنەماکان

ماددەی دووەم: ئامانجی ئەم یاسایە ئەوەیە چارەسەری بارودۆخی گشتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بکات، وە لەلایەنی دارایی و مەعنەویەوە چاودێریان بکات بە جۆرێك لە گەڵ قەبارەو پایەی ئەو قوربانیانەی کە شەهیدەکان پێشکەشیان کردووە بگونجێت، لە پێناو کەم کردنەوەی ئازاری کەس و کارەکانیان.
ماددەی سێیەم: ئەوانەی دەکەونە ژێر سێبەری حوکمەکانی ماددەی یەکەم لەم یاسایەدا بە بەڵگەنامەی فەرمی دەسەلمێندرێ، لە کاتێکدا ئەو بەڵگانە بە دەستەوە نەبێ، دەکرێ بە ڕێگاکانی یاسایی دیکە لەبەردەم لیژنە و دادگاکانی و لایەنە تایبەتمەندەکان بسەلمێنن و بە بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی پارێزگاکانی هەرێمی پێشکەشی بکەن.
ماددەی چوارەم:
یەکەم: بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لیژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان و ئەندامەتی چەند فەرمانبەرێکی وەزارەت کە ژمارەیان لە چوار ئەندام کەمتر نەبێت، دادەمەزرێت، بۆ تەماشا کردنی ئەو ناڕەزایانەی کە لەلایەن کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشکەش دەکرێن، سەبارەت بەو بڕیارانەی لەلایەن بەڕێوبەرایەتیەگشتیەکانی پارێزگاکان دەرچوون.
دووەم: لیژنەی تایبەت ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:
1 - دەست کردن بە سەیر کردنی ئەو نارەزاییانەی لەلایەن کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە پێشکەش دەکرێن، بەمەبەستی ئەوەی حوکمەکانی ئەم یاساییە بیانگرێتەوە.

2-هەرکەسێك بەرژەوەندییەکی هەبێ بۆی هەیە تەزەلوم لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە بکات دژ بەو بڕیارەی دەریکردووە و لە ماوەی (10)ڕۆژدا لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی یان بە ئاگادارکردنەوە دانرابێت، بڕیارەکەی لەلایەنی کارگێڕیەوە بە بڕیاری کۆتایی دادەنرێت.

3-لیژنە بڕیارەکەی بە زۆرینەی دەنگ دەردەکات و وەزیر پەسندی دەکات.

4-هەرکەسێك بەرژەوەندیەکی هەبێت مافی ئەوەی هەیە ڕوو لە دادگاکان بکات بۆ سەلماندنی ئەوەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، دوای ئەوەی لیژنە بڕیاری بە ڕەتکردنەوەی دەر کرد، دادگاکانی بەرایی لایەنی تایبەتمەندن بە دادگایی کردنی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و, پێشکەشکەری داواکاری لە ڕەسمەکانی داد دەبوردرێت.

5-بڕیارەکانی دادگای بەرایی لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی(30) ڕۆژدا تانەی لێدەدرێ لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی بە بڕیارەکە, یان بە ئاگادارکراوە دادەنرێت.

6-لە کاتی پیادە کردنی ئەم یاسایە، هەرکەسێك بەرژەوەندییەکی هەبێت بۆی هەیە لە ماوەی (6)مانگدا داوای ئەوە بکات کە شەهیدەکانی ڕابردووی لە قوربانیان لە هاووڵاتیان، بکەونە بەر ئەو ئیمتیازانەی لەم یاسایەدا هاتووە.

## بەشی سێیەم

## پۆلینکردنی شەهیدان و دیاریکردنی مووچە بۆ کەس و کاریان

ماددەی پێنجەم: شەهیدەکان بەم شێوەیە پۆلین دەکرێن:-

1 - شەهیدی خەباتکار.

2 - قوربانیانی جینۆساید.

3 - قوربانیان لە هاووڵاتیان.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: کەس و کاری شەهیدی خەباتکار و ئەنفالکراو و هاووڵاتی بەپێی ڕێنماییەکانی تایبەت کە وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی دەریدەکات مافی خانەنشینکردنیان هەیە.

دووەم: ئەوانەی دەکەونە بەر سێبەری حوکمەکانی بڕگە/ یەکەم لە ماددەی شەشەم ئەمانەن:

1- مێرد و ژنان.

2- کوڕ تاوەکو تەمەنی (21) تەواو دەکات ئەگەر لەسەر خوێندن بەردەوام نەبێت.

3- کچ تاوەکو دادەمەزرێت.

4- منداڵە پەك کەوتەکان: منداڵە پەك کەوتەکان بەدەرن لە مەرجەکانی کەلەم ماددەیەدا هاتووە، بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت دەربکات.

5- دایك و باوك.

6- براو خوشکان یان ئەوانەی شەهید بەبڕیاری دادوەری بەخێوی دەکردن.

سێیەم: بەشی باوك ودایك وژن، تا لەژیاندا مابن سەرف دەكرێت.

چوارەم: ئەگەر بەشی ئەوانەی دەكەونە ژێر حوكمەكانی ئەم یاسایە بڕا, ئەوا بەشی ئەوانە دەدرێ بەوانی دیكەی كە موستەحەقن.

ماددەی حەوتەم: مافی خانەنشینی بەسەر مافگیرەكان بەیەكسانی دابەش دەكرێت.

## بەشی چوارەم

## ماف وتایبەتكاری كەسوكاری شەهیدان

ماددەی هەشتەم:

یەكەم:

كەسوكاری شەهیدی خەباتكارو شەهیدی جینۆساید ئەم ماف و تایبەتكاریانەی خوارەوەیان هەیە:

1-خانەوادەی شەهیدی خەباتكار و ئەنفالكراو یەكەیەكی نیشتەجێ كردنی لە شوێنی لەدایك بوونی خۆی بەناو دەكرێت.

2-ئەگەر شەهید لە ژنێك پتری هەبێت، هەریەك لە ژناكان هەمان ماف وتایبەتكاری بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بۆ ژنێك دانراوە دەبێت.

3-لە حاڵەتێكدا پتر لە كەسێك لە خێزانێكدا شەهید بووبێ ئەم ڕێژانەی لە خوارەوە هاتوون لەسەر مووچەكەیان بۆ زیاد دەكرێت وبەپێی ڕێنمایی تایبەت.

أ- 100٪ بۆ شەهیدی یەكەم.

ب- 75٪ بۆ شەهیدی دووەم.

ج- 50٪ بۆ شەهیدی سێیەم.

د- 25٪ بۆ شەهیدەكانی دیكە.

دووەم:

1-كوڕی شەهیدان لە بڕگەكانی یەكەم و دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، پارەی ژنهێنانیان پێ دەبەخشرێت بۆ یەك جار لەماوەی ساڵێكدا لە ڕۆژی تۆماركردنی گرێبەستی ژنهێنانەكەیان.

2-بەپێی بڕیاریەكانی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردەدا، حكومەتی هەرێم كرێی خوێندنی منداڵی شەهیدان لە فوتابخانە و زانكۆكانی ئەهلی لەناوەوەی هەرێمدا لە ئەستۆ دەگرێت.

3-حكومەتی هەرێم خەرجی گەڕانەوەی ئێسك وپروسكی شەهید لە دەرەوەی هەرێم لە ئەستۆ دەگرێت.

4-میراتی جێماوەی شەهید لە باجی تەریكەكانی لە یاسای تەریكەدا هاتووە دەبووردرێت.

5-بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم، چەند كورسیەكی خوێندن لەدەرەوەی هەرێم بۆ منداڵی شەهیدان تەرخان دەكرێت.

6-كەسوكاری شەهیدان لەكرێی پشكنین و چارەسەركردن لە نەخۆشخانەكان و سەنتەرەكانی تەندروستی حكومەت لەناوەوەی هەرێم دەبووردرێن.

7-حكومەت كرێی چارەسەركردنی كەسوكاری شەهیدان بەڕاپۆرتی لیژنەی پزیشكی تایبەتمەند بەپێی یاساو ڕێنماییەكان لە ئەستۆ دەگرێت.

## بەشی پێنجەم

## حوكمە گشتیەكان

ماددەی نۆیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربكات بۆ ئاسانكاردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

ماددەی دەیەم: كاربەهیچ دەقێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی یازدەم: پێویستە وەزارەتە تایبەتمەندەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

ماددەی دوازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی(وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

**عدنان ڕەشاد موفتی**

**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق**

**هۆیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە**

هەرێمی كوردستان بەماوەی سەختدا تێپەڕیوە، مێژوو وێنەی وای كەم دیوە، كەرۆڵەكانی هەرێم لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكاندا كوشت و بڕدەكران، و بەچەكی كیمیاوی و سەربازی تۆپ باران دەكران، گوندەكانی لە میانەی پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەكان خاپوور كراو بەشی زۆری دانیشتوانەكەی بوونە قوربانی ئەو پرۆسانە، بەجۆرێك گەورەترین زیان بەرخانەوادەی شەهیدان كەوت، چونكە لەدوولایەنەوە زەحمەتیان كێشا، وەك وەفاداریەك بۆ بەشێكی بچووكی ئەو فیداكاریەی لە ڕێگای سەرفرازی كوردستانیان بەخشی و ئەو قوربانیەی لە ڕێگای پرەنسیپەكانی باڵای مرۆڤایەتی داویانە، ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

ئەم پرۆژەیە بدرێت بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەندامانی پەرلەمان, بۆ ئەوەی بە وردی بیری لێ بكرێتەوەو, كەچی بە سوودە بۆ كەسوكاری شەهیدە سەربەرزەكانمان بڕیاری لێ بدرێت لەم پەرلەمانە, هەر لەناو ئەم هەفتەیە هەوڵ دەدەین ئەو پرۆژەیە تەواو بكەین, تكایە بۆ ئاگاداریتان, لیژنەی یاسایی پرۆژەی دووەم خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستاش ڕەشنووسی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان دەخوێنینەوە:

## ڕەشنووسی "یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان"

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەربڕینانەی خوارەوە ئەو واتایانەن کە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بەرامبەر هەر یەکێکیان پیشاندراوە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم.

3- وەزیر: وەزیری وەزرش و لاوان لە هەرێم.

4- بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم, بۆ کاروباری لاوان.

5- بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم, بۆ کاروباری وەرزش.

6- لاو: ئەو توێژەن کە تەمەنیان لە نێوان 14- 30 ساڵدایە.

7- ڕێکخراوەکان:

أ-کۆمیتەی وەرزشی: ژمارەیەك لە ئەندامانی بواری وەرزش کارەکانی تایبەت بە چالاکیە وەرزشیەکان بەپێی ڕێنمایی و یاسا وەرزشیەکان رادەپەڕێنن.

ب- کۆمیتەی میللی: لە کۆمەڵێك ئەندامی کارای بواری وەرزش پێك دێت, کار لە پێناوی زیندوو کردنەوەو پێشخستنی چالاکییە فەرهەنگی و میللییە وەرزشییەکان دەکەن.

ج- یەکێتی: ئەو ڕێکخراوە وەرزشییەیە کە ئەندامەکانی پسپۆڕن لە چاودێری و بەڕێوەبردنی یاری وەرزشی.

د- یانە: دەستەیەکی دیاری کراون لە کادیری بە توانای بواری وەرزشی لە ڕێگەی وەزارەتی وەرزش و لاوان مۆڵەتیان پێ دەدرێت بە مەبەستی راپەڕاندنی کاروباری وەرزشی, هونەری, ڕۆشنبیری, کۆمەڵایەتی و دارایی تایبەت بە یانەیەك.

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرك وئامانجانە دەهێنێتەدی:

1-بلاّو کردنەوەی چەمك و بنەما بەرزەکانی بزاڤی ئۆلمپی و وەرزشی و بلاّو کردنەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا.

2- دەرخستنی گرنگی بزاڤی وەرزشی و چالاکییەکانی بەشێوەیەك بگونجێن لەگەڵ ئامانجەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا.

3- بنیاتنانی جەستەیی و پیشەیی و دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامی چاك لە کۆمەڵگەدا و بتوانن رووبەڕووی سەختییەکانی ژیان ببنەوە.

4- دانانی بەرنامە و پرۆگرامی پێویست بۆ بەرپا کردنی رابوونێکی وەرزشی بۆ هەموو کەرتەکانی وەرزش و لاوان لە هەرێمدا.

5- هاوئاهەنگی لەگەڵ فەرمانگە میرییەکانی دیکەدا بۆ چارەسەر کردنی کێشە دەروونی و کۆمەلأیەتییەکانی لاوان و دۆزینەوەی هەلی کار کردن بۆیان.

6- کار کردن لە پێناو دابین کردنی پێداویستییەکانی بزاڤی وەرزشی وەك یاریگە و هۆڵ و دامەزراوەکانی دیکەو هەموو ئەو خاڵانەی دەبنە هاریکاری پەرە پێدانی بزاڤی وەرزشی و دەرفەت رەخساندن بۆ خەریك بوون بە خولیا وەرزشی, زانستی, هونەری, فەرهەنگی و سەرگەرمییەوە.

7- پشتگیری کردنی یانەو یەکێتی وەرزشی و تیپە میللییە وەرزشییەکان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە, بۆ گەشە کردنیان.

8- چاودێری کردنی وەرزشوانان و بەهرەمەند و توانادار و پاڵەوانان و دابین کردنی شێوازی گونجاو بۆیان تا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەخشینەکانیان.

9- ئامادە کردنی کادری هونەری لە بواری وەرزشدا, لەگەڵ مشتومالٚ کردنی شارەزاییەکانیان بە تازەترین دۆزینەوەو زانیارییە زانستییەکانەوە.

10- هاندان, رێکخستن و دانانی یاسای پێویست بۆ یارییە میللی و نەرێتییە کوردستانییەکان.

11- چاندنی چەمکە دیموکراتییەکان و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بلاٚو کردنەوەی بیری کوردستانپەروەری و میللەتپەروەری.

12- بایەخدان بە وەرزشی ژنانەو هاندانی ئەو جۆرە وەرزشەو کارکردن لە پێناو فراوان کردنی و پەرەپێدانی ئاستیدا, هەروەها هەل رەخساندنی بۆ ئەوەی ژنانیش بەشدارییەکی کارا لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وەرزشدا بکەن لە هەرێمدا.

13- کار کردن لە پێناو پتەو کردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان لاوانی هەرێمی کوردستان و لاوانی هەرێمەکانی دیکەی عێراق و جیهاندا.

14- دامەزراندن و پتەو کردنی پەیوەندیی بواری وەرزش و لاوان لەگەڵ رێکخراو و لیژنە نێو دەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار.

15- دەستەبەر کردنی چاودێری تەندروستی بۆ لاوان و وەرزشوانان و دابین کردنی پێداویستییەکان بۆیان.

16- گرنگیدان بە توێژینەوەی پەروەردەیی بواری وەرزش و لاوان و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانیان بۆ پەرەپێدانی ئەو بوارانە.

17- سەرپەرشتی کردنی یانەو قوتابخانە وەرزشی و پەیمانگە ئەهلییەکان و ئاڕاستە کردنیان بەپێی ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پەیڕەو دەکرێن.

18- بەرەنگار بوونەوەی بەکارهێنانی ماددە چالاکی بەخشەکان و شێوازە قەدەغە کراوەکانی دیکەی نێو دەوڵەتی.

19- دیراسەت کردنی سیستەمی پیشەگەری وەرزشی و رادەی گونجانی لەگەڵ بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری بزاڤی وەرزشیدا.

20- بەشداری کردن لە پەرەپێدانی هۆیەکانی راگەیاندنی وەرزشی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت.

21- کارکردن له پێناو دەستەبەر کردنی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق له کۆنگرەو دیاردە وەرزشی و لاوییە هەرێمی و کیشوەری و نێو دەوڵەتییەکانەوەو، بەشداری کردن له چالاکییەکانیاندا.
22- مۆڵەت پێدانی یانەو فوتابخانە و پەیمانگە و یاریگە و هۆڵە وەرزشییە ئەهلییەکان و سزادانیان بە راگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵ کردنەوەیان بەپێی یاسا.
23- هاندانی کەرتی تایبەت له بواری وەرزشدا بەپێی یاسا.
24- کارکردن له پێناو پتەو کردنی پەیوەندی و هاوسۆزی لەگەڵ وەرزشوانان و لاوانی کوردستان له ناوەوەو له دەرەوەی هەرێمدا.
25- هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا به مەبەستی پشتیوانی له چالاکیی وەرزشانەی خوێندکاران.

ماددەی سێیەم:

أ-وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە له ئاراستە کردنی کارەکان و سەرپەرشتی کردنیان و چاودێری کردنی چالاکییەکان و هەڵسەگاندنی کارو بەجێهێنانەکان، هەموو بڕیار و فەرمان و رێنماییەکان کە پەیوەندییان بە کاروباری وەزارەت و بە پێکهاتەکانیەوە هەیە له لایەنە یاسایی و کارگێری و وەرزشی و هونەرییەکانەوە لە سنووری ئەم یاسایەو یاساو پەیرەو و رێنماییە کاراکانی دیکەدا لەوەوە دەردەچن، وەزیریش دەتوانێت هەندێك له دەسەلآتەکانی بدات بە کەسانی دی، هەر خۆشی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرس دەبێت وەك ئەندامێکی لێپرسراو تیایدا.

2- هەردوو بریکاری وەزارەت ئەو کارو ئەرکانە بەڕێوە دەبن کە وەزیر پێیان دەسپێرێت.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەم پێکهاتەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی وەزیر، کە لەمانە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەر.

ب- خامەی نهێنی.

2- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودێری کردنی کۆگایی:

أ-بەشی وردبینی کردن.

ب- بەشی چاودێری کردنی کۆگایی.

3- هەردوو بریکاری وەزارەت:

أ-بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری وەرزش.

ب- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری لاوان.

4- راوێژکارەکان: وەزیر چوار راوێژکاری به گرێبەست دەبێت، راوێژکاران له بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەت و له جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیدا یارمەتی دەدەن، بە پێشکەش کردنی راوێژ و پێشنیاری

پێویست, وەزیریش چوار راوێژکار بەپێی پسپۆریان و بەپێی پێویست هەڵدەبژێرێت, بە جۆرێك کە هەموو نەتەوەو ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوەو ئەمانە یەکسەر سەر بە وەزیرن.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندییەکان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕیوەبەری گشتی کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت سەرکردایەتی دەکات, دەبێ شارەزاییەکی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێوەی دەبەسترێتەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیی دەرەکی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیی ناوخۆ.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕیوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت و شارەزاییەکی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەش پێوەی دەبەسترێتەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی سایتی وەزارەت لە ئەنتەرنێتدا.

ب- بەڕێوەبەرایەتی وەرگێڕان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی.

7- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنامەڕێژی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕیوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت و شارەزاییەکی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەش پێوەی دەبەسترێتەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەڕێژی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون.

ج- بەڕێوەبەرایەتی ئامار.

د- بەڕێوەبەرایەتی خانەسازی.

8- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەڕێوەبردن و دارایی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕیوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت, وا پەسندە شارەزایی لە کاروباری دارایی و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت هەبێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێوەی بەستراون:

1- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی کە ئەم بەشانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

أ-بەشی پەڕاوگە.

ب- بەشی دۆسییەکان.

ج- بەشی پرسگە.

د- بەشی دەرکردەو هاوردە.

هـ- بەشی چاپ و کۆمپیوتەر.

2- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.

3- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی.

4- بەڕێوەبەرایەتی میلاك.

5- بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی.

6- بەڕێوەبەرایەتی کەلوپەل.

7- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزارییەکان.

أ- بەشی ئۆتۆمۆبیل و مەکینەکان.

ب- بەشی بگۆڕی تەلەفۆن.

ج- بەشی فەرمانبەرانی خزمەتگوزاری.

9- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕیوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت و شارەزاییەکی باشی لە پەروەردەی وەرزشی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەش لەخۆ دەگرێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی یانەکان.

2- بەڕێوەبەرایەتی یەکێتیەکانی وەرزشی.

3- بەڕێوەبەرایەتی یاریگاو دامەزراوەکان.

4- بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی ژنانە.

5- بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی کەم ئەندامان.

6- بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی وەرزشی.

7- بەڕێوەبەرایەتی تیپە میللیەکان.

8- بەڕێوەبەرایەتی وەرزش بۆ هەمووان.

9- بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیر کردنی وەرزشی.

10- بەڕێوەبەرایەتی ئامادە کردن و شیاندن.

10- بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕیوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت و شارەزاییەکی باشی لە پەروەردەی وەرزشی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەش لەخۆ دەگرێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی زانستی.

2- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی هونەری.

3- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی فەرهەنگی.

4- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی دیدەوانی.

5- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی ژنانە.

6- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی جڤاکی (كۆمەڵایەتی).

7- بەڕێوەبەرایەتی رێكخراوەكانی لاوان.

8- بەڕێوەبەرایەتی لاوانی كەم ئەندامان.

9- بەڕێوەبەرایەتی ئامادە كردن و شیاندن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان چاودێری كردنی زانستی لە سەنتەری پارێزگاكانی هەرێم و ناوچە ئازاد كراوەكان كە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتیەكانی وەرزش و لاوان و چاودێریان دەكات لە قەزاو ناحیەكاندا لە كاتی كردنەوەیاندا.

ماددەی پێنجەم: وەزارەت بۆی هەیە پەیڕەوێكی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری یانەو یەكیەتیە وەرزشیەكان دابنێت, بەجۆرێك كە لەگەڵ بۆچوونەكانی حكومەتی هەرێمدا بگونجێت.

ماددەی شەشەم:

1-بە پەیڕەوێك پەیكەری رێكخستنی سەنتەری وەزارەت و پێكهاتەكانی دیار دەكرێت.

2- لەكاتی پێویستدا وەزیر بۆی هەیە هەندێ بەڕێوەبەرایەتی یان بەش و هۆبەی تازە لە وەزارەت و پێكهاتەكانیدا بكاتەوە, لێكیان بدات, یان پووچەڵیان بكاتەوە.

3- بە مەبەستی پەرەسەندنی رۆڵی لاوان و وەرزشكارانی كوردستان و گونجاندنی ئەم دوو لایەنە لەگەڵ ئەنجامەكاندا, وەزیر دەسەڵاتی دامەزراندنی دامەزراوی وەرزشی و لاوانی هەبێ لە هەرێمی كوردستان.

ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێك وەكو ئەندامێكی كارا لە لیژنەی ئۆلۆمپی دەست نیشان بكات, هەروەها نوێنەركێش بۆ خۆی دابمەزرێنێت, بۆ بەشداری كردن لە كۆنفدراسیۆنی وەرزش و لاوان.

ماددەی هەشتەم: وەزارەت دەبێ ساڵانە یارمەتی دارایی بە رێكخراوەكانی وەرزش و لاوان ببەخشێت بەپێی پەیكەری رێكخستنی هەریەك لەو رێكخراوانە, رێكخراوەكانیش دەبێت ساڵانە پرۆژەكانی وەرزشی و لاوان پێشكەش بە وەزارەت بكەن, بەپێی چەند رێنماییەكی تایبەت بە وەزارەت بۆ ئەوەی لەگەڵ چەمكە دیموكراتیەكاندا بگونجێن.

ماددەی نۆیەم: خاوەندارێتی گشتی دامەزراو و یاریگا وەرزشیەكان كە خاوەنداریەتییان ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو كەرتی تایبەت دەگەرێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان.

ماددەی دەیەم: وەزارەتی وەرزش و لاوان دەسەڵاتی سەرپەرشتی هەیە لەسەر گشت دامەزراوە وەرزشیەكان لە هەرێمی كوردستاندا.

ماددەی یازدە: وەزارەت دەبێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بابەتی پەروەردەی وەرزشی كارا بكات و مامۆستای پسپۆر و لێهاتوویان بۆ دابمەزرێنێت, لەگەڵ دابین كردنی هەموو پێداویستییە وەرزشییەكان وەكو دانانی پەرتووكی تایبەت بە پرۆگرامەكانی پەروەردەی وەرزشی و دروست كردنی هۆڵی داخراوو گۆڕەپانی وەرزشی و شتی دیكە.

ماددەی دوازدەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ کار ئاسانی لەمەڕ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی سێزدەم: هەموو ئەو یاساو بڕیارو سیستەم و ڕێنماییانەی کە تایبەتن بە وەرزش و لاوان کە لە کۆماری فیدراڵی عێراق و هەرێمەکانیدا پەیڕەو دەکرێن و لەگەڵ بۆچوون و تایبەتمەندییەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان و قانونەکانیدا ناکۆك نین, کاران.

ماددەی چواردەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی پازدەم: پێویستە وەزیرە پەیوەندارەکان بڕگەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی شازدەم: ئەم یاسایە لەو ڕۆژەوە کاری پێ دەکرێت کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە.

**هۆکارە پێویستیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەو فراوانبوونە زۆرەی کە کەرتی وەرزش ولاوان و چاودێری کردنی زانستی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەخۆیەوە دەبینێت و بە مەبەستی دەستەبەر کردنی چاودێری و ئاڕاستە کردنی پێویست بۆ ئەم کەرتە تا بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت و بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە ببێتە دەسەلاّتی بالاّ لە کرداری پەرەپێدانی کۆمەڵگا لە رووی وەرزش و لاوانەوە, هاوشان لەگەڵ ئارەزووەکانی حکومەتی هەرێم لە دەستەبەر کردنی هۆکارەکانی پشتگیری کردنی پێویست بۆ کەرتی وەرزش و لاوان, ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان بدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری و لیژنەی پەروەردەو ئەندامە بەڕێزەکان بۆ ئەوەی زیاتر لێ وردبوونەوەو بڕیار لەسەر بدەن, ئێستاش خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش کاك زانا پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی**

**یاسای دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی یەکەم: ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- دەزگا: دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەرێوەبردنی دەزگا.

6- سەرۆکی ئەنجومەن: سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی دەزگا.

7- مین: کەرستەی تەقاندنەوە بە شێوەیەکی ئاسایی لە قوتو پێك دێت, ئامانجی کوشتنی کەسان وبریندارکردنیان وتێکدانی ئوتومبێل وموڵك وماڵی دیکە، ودەتەقێندرێتەوە بە هۆی ئەو کەسە وئەو ئوتومبێلەی کراوە بە ئامانج، یان بە هۆی بەسەر چوونی کات.

8- کاروباری مین: ئەو کردەوانەی لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەری ئابووری ودەوروبەرو کۆمەڵایەتی مین ئەو مینانەی نەتەقیوون ئەنجام دەدرێ، وئەو چالاکیانەی پەیوەستن بە نەهێشتنی مین دەگرێتەوە، وەکو هۆشیار کردنەوە لە مەترسیەکانی ویارمەتیدانی قوربانیانی مین وتێکو پێکدانی یەدەگی عەمبار کراو لە مینی نەتەقیو وبانگێشە کردن بۆ بەکارنەهێنانی مینی دژە تاك.

## بەشی دووەم

## دامەزراندن وئامانجەکان

ماددەی دووەم: بە پێی ئەم یاسایە دەزگایەك دادەمەزرێ بە ناوی (دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستانی عێراق) بارەگاکەی لە هەولێر دەبێ وفەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتی دەکات و بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێندرێ.

ماددەی سێیەم: دەزگا کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە لە لایەنی دارایی وکارگێریەوە سەربەخۆیە.

ماددەی چوارەم: ئامانجی دەزگا هێنانە دی ئەمانەی خوارەوەیە:

1-کارکردن لە پێناو پاکردنەوەو لابردنی هەموو ناوچەکانی هەرێم لە مینی چێندراو و تەقەمەنیەکانی نەتەقیو لە پاشماوەی شەڕەکانی ڕابووردوو.

2-کارکردن لە پێناو وشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی هاووڵاتیانی هەرێم لە مەترسیەکانی مین، لە ڕێگای هۆیە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن وبەستنی کۆڕو کۆبونەوە لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتیدا لەو ناوچانەی کە گومانی بوونی مینی لێ دەکرێ.

3-یارمەتیدانی پێویست بە قوربانیانی مین.

4-بانگێشەکردن بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مینی دژ بە تاکەکان وبەشداریکردن لە کۆنفرانس وکۆڕە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە کاروباری مین.

## بەشی سێیەم

## دامەزراو ودەسەڵاتەکان

ماددەی پێنجەم: دەزگا لە مانە پێك دێت:

یەکەم: سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی کارگێری دەزگایە، مەرجیشە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، لەو مەیدانەدا ئەزموونی هەبێت وبە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت.

دووەم: جێگری سەرۆکی دەزگا: مەرجە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت ولەو مەیدانەدا ئەزمونی هەبێت، لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی دەزگا شوێنی دەگرێتەوەو بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات، مەرجە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت وڕاژەی فەرمانبەرایەتی لە (12) ساڵ کەمتر نەبێت وبەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت, ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی پێوە پەیوەستن:

1-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێری: لە بەشی بەڕێوەبردن وبەشی کارمەندان پێك دێت.

2-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی: لە بەشی ژمێریاری ووردبینی پێك دێت.

3-بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریەکانی لۆجیستی: لە بەشی کۆگاکان وبەشی گواستنەوە پێك دێت.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری هونەری: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات ودەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەن توانا وئەزموون بێت لە مەیدانی کاروباری مین بۆ ماوەی پێنج ساڵ کەمتر نەبێت وبەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێ ولە میانەی ئەوەوە ئاراستەو سەرپەرشتی پرۆسەکانی نەهێشتنی مین و وشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین وهاوکاری قوربانیانی مین دەکرێ وهەماهەنگی کردنی کۆمپانیاو ڕێکخراوە حکومی وبیانیەکانی لە مەیدانەکانی تایبەت بە مین کاردەکەن، وئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی پێیەوە پەیوەستن:

1- بەڕێوەبەرایەتی پرۆسەکان لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت.

أ- بەشی پرۆسەکان.

ب- بەشی ڕاهێنان.

ج- بەشی ساغلەمی وپێوانە نێودەوڵەتیەکان.

د- بەشی کۆنترۆڵی چۆنایەتی.

هـ- بەشی ئامێرە میکانیزمەکان وئاشکراکردنی مین.

و- بەشی سەگەکانی تایبەت بە ئاشکراکردنی مین.

ز- بەشی پەیوەندیەکانی بێ تەل وئامێرەکانی پەیوەندیکردن.

ح- بەشی تەقەمەنیەکان.

2- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان لەمانە پێك دێت:

1- بەشی پلان دانان.

2- بەشی کێوماڵکردن.

3- بەشی بەڕێوەبردنی زانیاریەکان.

4- بەڕێوەبەرایەتی وشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین.

5- بەشی هاوکاریکردنی قوربانیانی مین.

**پێنجەم:** ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە کە ڕاستەوخۆ بەسەرۆکی دەزگاوە بەستراونەتەوە:

1-بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.

2-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

3-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنینی گشتی.

4-بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکانی گشتی وڕاگەیاندن.

**شەشەم:** ئەم دەزگایە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی جێبەجێ کردنی هەیە، لەهەر یەك لە پارێزگای هەولێرو پارێزگای سلێمانی، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات، هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لەو دامەزراوانەی خوارەوە پێك دێن:

1-بەڕێوەبەرایەتی کارگێری کارمەندان (تاکەکان).

2-بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

3-بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.

4-بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتیەکان وڕاگەیاندن.

5-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

6-بەڕێوەبەرایەتی پرۆسەکان.

7-بەڕێوەبەرایەتی وشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین.

8-بەڕێوەبەرایەتی  هاوکاریکردنی قوربانیانی مین.

**حەوتەم:** ئەو دەزگایە بەڕێوەبەرایەتیەکی جێبەجێ کردنی بۆ کاروباری مین هەیە لە هەر یەك لە پارێزگاکانی دهۆك وپارێزگای کەرکووك، وهەر بەڕێوەبەرایەتیەك لەم دامەزراوانەی خوارەوە پێك دێت:

1-بەشی کارگێری کارمەندان ( تاکەکان).

2-بەشی ژمێریاری.

3-بەشی پرسەکان.

4-بەشی وشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین.

5-بەشی هاوکاریکردنی قوربانیانی مین.

**ماددەی شەشەم:** دەزگا ئەنجومەنێکی کارگێری دەبێ ولەمانە پێك دێت:

1-سەرۆکی دەزگا: سەرۆك.

2-جێگری سەرۆکی دەزگا - ئەندام

3-بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە دەزگاکە - ئەندام.

4-بەڕێوەبەرانی جێبەجێ کار لە دەزگادا – ئەندام.

5-نوێنەری هەریەك لەم وەزارەتانە: پەروەردە، تەندروستی، کاروباری کۆمەڵایەتی، دەوروبەر،گەشت وگوزار، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، گواستنەوە، گەیاندن، کشتوکاڵ وئاودێری، پیشەسازی، کارەبا، دەستەی نەوت وبترۆکیمیاویەکان – ئەندام، بە مەرجێك پلەی بەڕێوەبەری گشتی هەبێ.

6-لیژنە بڕیاردەرێکی دەبێ سەرۆکی دەزگا هەڵیدەبژێرێ.

ماددەی حەوتەم: سەرۆکی دەزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێ:

1-بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگا.

2-پەسندکردنی مۆڵەتی کاری ئەو رێکخراو و کۆمپانیا (ناوخۆی وبیانی)یانەی لە مەیدانی کاروباری مین کاردەکەن کە لە وەزارەتە تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێم تۆمار کراون.

3-گرێبەستی مۆرکردن لەگەڵ کەسان ورێکخراوو کۆمپانیاکانی (ناوخۆیی وبیانی) کە لە مەیدانی کاروباری مین کار دەکەن.

4-کارکردن لە پێناو گۆڕینەوەی ئەزموون وزانیاریەکان لەگەڵ دەوڵەت ورێکخراوی پەیوەندیدار لە مەیدانی کاروباری مین.

5-ئامادەکردنی بودجەی گشتی دەزگا وبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسندکردنی.

6-پێشنیارکردنی پلانەکانی دەزگای ساڵانە وبۆ پێنج ساڵ ودرێژخایەن.

7-پێشنیارکردنی دامەزراندنی فەرمانبەران لە دەزگادا.

8-پەسندکردنی قەرەبووکردنەوەی کارمەندانی دەزگا، ئەوانەی بریندار دەبن یان دەمرن لە میانەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان یان بە هۆیەوە.

9-نوێنەرایەتی کردنی دەزگا لەبەردەم دادگاکان وفەرمانگەکانی پەیوەندیدار.

10-پێشنیارکردنی ڕێنماییەکانی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە وبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

11-سەرۆك بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە جێگرەکەی وبەڕێوەبەرەگشتیەکان وبەڕێوەبەرەجێبەجێ کارەکانی دەزگا.

ماددەی هەشتەم: ئەنجومەنی کارگێری ئەو تایبەتمەندیانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:

1-ئامادەکردنی هەموو زانیاریەکانی هەمە لایەنەی پەیوەست بە کاروباری مین ودەستنیشانکردنی گرینگترینیان لە مەیدانی نەهێشتنی میندا.

2-کارکردن بۆ هەماهەنگی کردنی پرۆسەکانی نەهێشتنی مین لەگەڵ هەموو فەرمانگەو دەزگاکانی حکومی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمدا.

3-بەشداریکردن لە نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی دەزگا لە مەیدانی کاروباری مین لە ژێر سێبەری حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

4-بەشداریکردن لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، هەموو چالآکی ودەستکەوت وگیروگرفت وپێشنیارەکانی دەزگای تێدا دیاری دەکرێت.

5-بەشداریکردن لە ئامادەکردنی پلانی ساڵانەو بۆ پێنج ساڵ ودرێژخایەن لە دەزگادا.

ماددەی نۆیەم:

1-کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دەزگا یان جێگرەکەی لە کاتی ئامادەنەبوونی دەبێ.

2-ئەنجومەن بە شێوەیەکی ئاسایی ولەسەر بانگێشەی سەرۆکی دەزگا هەر شەش مانگ جارێك کۆدەبێتەوە وبەشێوەیەکی ڕادەبەدەریش لەسەر بانگێشەی سەرۆکی ئەنجومەن یان لەسەر داوای 3/1ی ئەندامانی لە کاتی پێویستدا کۆدەبێتەوە.

3-ژمارەی یاسایی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی 3/2ی ئەندامانی تەواو دەبێت، بیرکارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دیاری دەکرێت ولەکاتی یەکسانیبوونی دەنگەکان، ئەو لایەنە دەیباتەوە کە دەنگی سەرۆکی تێدایە.

ماددەی دەیەم: هەموو بڕیارەکانی دەزگاو ئەنجومەنی کارگێری بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانە دەکرێت بۆ پەسندکردنی، دوای بەسەرچوونی (15) ڕۆژ لە دوای گەیشتنی ودەرنەبڕینی ناڕەزایی، بڕیارەکان پلەی بنەبڕ وەردەگرن، بەپێچەوانەوە، بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری کۆتایی دادەندرێت.

## بەشی چوارەم

## حوکمەکانی دارایی

ماددەی یازدەم: داهاتەکانی دەزگا لەمانە پێك دێت:

یەکەم: ئەو بڕەپارانەی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ژێر بودجەی گشتییەوە بۆی دادەندرێت.

دووەم: ئەوەی بۆ هەرێم دیاری دەکرێت لە بەخشش و کە لە لایەن دەوڵەتان ورێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ورێکخراوە نێودەوڵەتی وناحکومیەکان پێشکەش دەکرێن.

سێیەم: بەخشش ویارمەتیەکانی ناوخۆیی وبیانی.

ماددەی دوازدەم: دەزگا لە باج وڕەسمەکان دەبوردرێ.

ماددەی سێزدەم:

أ- لە وەرگرتنی قەرزەکانی دەزگا یاسای بەدەستهێنانی قەرزەکانی حکومەت پیادە دەکرێ.

ب- ژمێریاری دەزگا دەکەوێتە ژێرچاودێری داریەوە.

ماددەی چواردەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە بەبێ بەرامبەر هەر خانووبەرەو زەویەکی دەزگا پێی بویَ بۆ ئەنجامدانی چالآکیەکانی بەناوی بکات.

ماددەی پازدەم: ئەنجومەنی وەزیران بیناو زەوی وزارو پێداویستیەکانی دیکەی دەزگا بەپێی پێشنیارێك بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکات وبەبێ بەرامبەر بەناوی تۆمار دەکات.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی شازدەم:** دەزگا بەرپرسیاریەتی مەدەنی لە ئەنجامی کارەکانی لە ئەستۆ ناگرێت ئەگەر کارەکانی بەرێك وپێکی وبەپێی پێوانەی نیشتمانی ونێودەوڵەتیەکان ئەنجام دا.

**ماددەی حەڤدەم:** دەزگا مافی ئەوەی هەیە ئەو کەس ولایەنانەی بەبێ مۆڵەت وڕەزامەندی فەرمی دەچنە ناو کێڵگەکانی مین داوایان لە دژدا لە دادگا بەرزبکاتەوە، هەروەها لە دژی ئەو لایەنانەی ئەو نیشانانەی کە ناوچەکانی بەمین چێندراون دیاری دەکات، دەگۆڕێ وئەو نیشانانە بە سامانی هەرێم دادەندرێت.

**ماددەی هەژدەم:** لەبەر ترسناکی کارکردن لە مەیدانی کاروباری میندا پێویستە ئەمانە بکرێت:

**یەکەم:** دیاریکردنی دەرماڵەی ترسناکی بۆ فەرمانبەران وخانەنشین کراوانی دەزگا بە پێی سروشتی کاری هەر یەکێکیان وتا چ ڕادەیەك کاریگەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەریانەوە هەیە، ئەو دەرماڵەیەش بە پێی ڕێنمایی دارایی بەرکارەوە دەبێ.

**دووەم:** دڵنیا( تەئمین) کردنی فەرمانبەران وخانەنشینانی دەزگا دژ بە مەترسی ڕووداوەکانی مین لە میانەی پرۆسەی کاروباری میندا.

**ماددەی نۆزدەم:** لەبەر ئەو کارو پرۆسانەی سەبارەت بە کاروباری مین لەلایەن کارمەندانی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ورێکخراوەکانی دیکە ئەنجام دراوە، بەر لە سپاردنیان بە حکومەتی هەرێم، پێویستە ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

خزمەتکردن لە رێکخراوەکانی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان ورێکخراوەکانی ناوخۆوبیانی کە لە مەیدانی کاروباری میندا کاریان کردووە بە ڕاژەی فەرمانبەرایەتی فەرمانبەران وخانەنشینان لە دەزگادا حیساب بکرێت.

**ماددەی بیستەم:** سەرۆکی دەزگا بۆی هەیە وبە پێی بارودۆخەکانی ئایندە هەرهەموارکردنێك سەبارەت بەم یاسایە پێشنیار بکات، بە جۆرێك لەگەڵ پێداویستیەکانی کارەکاندا کۆك بێت.

**ماددەی بیست ویەکەم:** کار بەهیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی بیست ودووەم:** دەبێ وەزارەتە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست وسێیەم:** ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە

لەبەر ئەو بارودۆخە نائاساییەی کە عێراق بە شێوەیەکی گشتی وهەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی پێیدا تێپەڕین کە خۆی لە حکومەتە دیکتاتۆریەکانی یەك لەدوای یەکدا دەنوێنێ بە تایبەتی رژێمی بەعسی بەسەرچوو وبەرپاکردنی چەند شەڕێك دژ بە گەلی کوردستان، سەرباری ئەوەش شەڕی عێراق –

ئێران كه له ئەنجامدا كێڵگەكانی مین وتەقەمەنی له زۆر شوێنەكانی هەرێمدا بلاّوبووەوە، كه بووەوه هۆی پەیدابوونی مەترسی گەورەو تراژیدی لەبەر دەم هاوولاّتیان، وله پێناوی ئەوەی حكومەتی هەرێم بتوانێ گرینگیەكانی له ئەستۆدایە بەرامبەر ئەو مەترسیانه جێبەجێ بكات، وئاسانكردنی كاری رێكخراوە نێودەوڵەتیەكان وغەیرە حكومەتیەكان له بەشداریكردنیان لەو مەیدانه پربایەخ وزیندووە، وله پێناو پاككردنەوەی هەرێم لەو كەرەستە ترسناكانه، له دواییشدا دوورخستنەوەی هاوولاّتیان له مەترسیەكانی، ئەوەش مەیدانەكه فراوانتر دەكات لەبەردەم پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەو پەرەسەندنی ژێرخانی هەرێم، بۆیه ئەم یاسایه داندرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ كاروباری مین له هەرێمی كوردستان دەدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی تەندروستی و كۆمەلاّیەتی و لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەندامه بەرێزەكانی پەرلەمانی كوردستان, فەرموو ئێستاش خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی له هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستاش هەر كاك زانا پرۆژەی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی له هەرێمی كوردستان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 200**

**یاسای پاراستن وپەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی له هەرێمی كوردستان – عێراق**

ماددەی یەكەم: زەوی كشتوكاڵ وڕووەك وباخچەو دارستان و لەوەڕگاو سامانی ئاژەڵ وسەرچاوەكانی ئاو وبەروبوومەكانی وهۆیەكانی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵ به سامانی نەتەوەیی دادەندرێت، پێویستە لەسەر خاوەنەكانیان وخەڵكی پەیوەندیدار به پێی پلان وپرۆگرامەكانی هەرێم ورێنمایی وبڕیارو ئاراستەكانی له لایەنەكانی تایبەتمەندی هەرێمەوە دەردەچن وەبەر بهێندرێن، و چاودێریان بكرێت وپەرەیان پێ بدرێ ونەیەڵن هیچ شتێك له ناویان بەرێ وزیانیان پێ بگەیەنێ.

ماددەی دووەم: پێویستە لەسەر جوتیاران وچێنەران وكەسانی پەیوەندیدار به كشتوكاڵەوە پەیڕەوی ئەمانەی خوارەوە بكەن:

1- بایەخ دان بەزەوی كشتوكاڵ، نابێ بۆ مەبەستی دیكەی جگە له كشتوكاڵ بەكاری بهێنین، یان به بەیاری بەجێ بهێڵین، به هیچ شێوەیەك نەهێڵین زەوی به پیت بێ هیز ببێ یان بەروبوومی كەم ببێتەوە.

2- پرۆسەکانی چاندن بە پێی ڕێگای زانستی ڕاست و ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم وفەرمانگەکانی کشتوکاڵی تایبەتمەند لە پارێزگادا بەرێوەببەن.

3- دابینکردنی کەرستەکانی پێویست وبە توانای بەرزەوە لەبەرهەمهێناندا.

4- بایەخدان بە شینایيەکان هەر لەکاتی چاندنیان تاکو کاتی تەواوبووونیان، ڕێگەنەدان بە هیچ شتێك لە ناویان بەرێ یان زیانیان پێ بگەیەنێ، پاراستنیان لە زیندەوەرە زیانبەخشەکانی کشتوکاڵ و لە سووتان ولافاوو بێ ئاوی(وشکبوون).

5- پاراستنی سامانی ئاژەڵ و ماسی وپەلەوەرو زیندەوەرە سوودمەندەکان وچاودێری کردنیان ولە هەموو شتێکی زیان بەخش بپارێزرێن.

6- پاراستنی مەکینەو میکانیزم وکەرستەکانی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو لە زیان پێ گەیاندن ولەناوبردن.

7- پەیڕەوکردنی خولەکانی کشتوکاڵ وئەندازەی ئەو زەویانەی کە پێویستە بە بەروبوومێکی تایبەتی بچێندرێن لە هەر ناوچەیەکدا، هەروەها بەکارهێنانی جۆرەکانی تۆو پەین وموبیدات وکاتەکانی بەکارهێنانیان بە پێی پلان وڕێنماییەکانی فەرمانگەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگادا.

8- پاراستن وبایەخدان بە باغەکان، پشت گوێ نەخستنیان وخزمەتکردنی بەروبوومەکان تاوەکو پێدەگەن وڕەوانەی بازار دەکرێن.

9- پاراستنی دارستان ولەوەڕگای سروشتی ودروستکراو.

10- ڕێکخستنی پرۆسەی هەناردنی بەرهەمی کشتوکاڵ بۆ بازاڕەکان وبایەخپێدانی.

11- گرتنە بەری پەیڕەوی عەمبارکردنی ڕاست وڕەوان بۆ بەرهەمە زیادەکان.

ماددەی سێیەم: پێویستە لایەنەکانی تایبەتمەند پەیڕەوی ئەمانەی خوارەوە بکەن:

1-بەشداریکردن لە دابینکردنی کەرەستەکانی پێویست وبەتوانای بەرزو بە پشت بەستن بە حکومەت.

2-ڕێکخستنی پرۆسەکانی بازارکاری دەرەوە بە پێی پلانێکی دارێژراو لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی ودارایی، سەبارەت بە ڕێکخستن وبەرزەفتکردنی بەرهەمە هاوردەکانی لە هەرێمدا هەن.

3-هاندانی دروستکردنی عەمباری ساردکەرەوەو بەستاو لە هەرێمدا.

4-بەشداریکردن لە قەرەبووکردنەوەی خاوەن کێڵگە وپرۆژەکانی کشتوکاڵ لە حاڵەتی لە ناوچوون وزیان پێگەیشتن لە ئەنجامی کارەساتە سروشتیەکان وهێزی لە ڕادەبەدەر.

5-بەشداریکردن لە زیادکردنی زەویە دێراوەکان ودابینکردنی ئامێرەکانی کە لە گەیاندنی ئاو بەکاردێن.

6-بەشداریکردن لە پێکهێنانی سەرمایەی پرۆژەکانی کشتوکاڵ بۆ وەبەرهێنی ناوخۆ لە ڕێگای قەرزو ئاسانکارییەکانی بانکەوە.

7-پشتگیری کردن لە بەروبوومە ستراتیژیەکان، و وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو بەروبوومانە دەست نیشان دەکات.

8-دامەزراندنی فەرمانبەرانی کشتوکاڵ لە هەڵگرانی بڕوانامەی بکالۆریۆس لە زانستە کشتوکالیەکان، وەکو چاودێر لە پرۆژە کشتوکالیەکان.

ماددەی چوارەم: دوای ڕاوێژکردن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگادا، پارێزگار لایەن و فەرمانگەکانی بەرپرس لە پشکنینی کێلگەکان وپڕۆژەکانی کشتوکاڵ دەست نیشان دەکات بۆ دامەزراندنی لیژنەی تایبەتی بۆ چاودێریکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ کە لە هەرێمدا دەری دەکات.

ماددەی پێنجەم: پێویستە لەسەر کارگەکانی پشت بەبەرهەمەکانی کشتوکاڵی دەبەستێ وەکو کەرەستەیەکی خاو لە دروستکردنی کشتوکاڵیدا، ئەگەر هەبێت بەرهەمەکانی خۆماڵی بەکار بهێنین.

ماددەی شەشەم:

1-ئەگەر جوتیارەکە یان ئەو کەسەی زەویە کشتوکاڵیەکە دەستداری دەکات، هەر کارێکی نایاسایی کرد لە گرێبەستی فرۆشتن وبەکرێدان بە نهێنیەوە لەسەر زەویەکە، زەویەکەی بەبێ بەرامبەر لێ دەسێندرێتەوە، ئەو بنیات وچێندراوەی لەسەری کردووە قەرەبوو دەکرێنەوە بە نرخی هەڵکێشراو (مستحقه القلع ).

2-ئەگەر ئەو جوتیارە یان ئەو ئەو کەسەی دەستداری بەو زەویە کشتوکاڵیە دەکات یان بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی، ئەگەر لە کێڵانی زەوی وچاندنی بایەخپێدانی تەوەللا بوو وپشتگوێ خست، ئەو کاتە پارێزگار بۆی هەیە بیدا بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بگرێتە بەر بۆ چاندن وساغکردنەوەی بەروبوومی داربڕینی، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی مافی ئەوەی هەبێ داوای کرێی هاوتا بکات، بەڵام لە کۆتایی وەرزەکەی چاندن ئەگەر بەڵێنی بەوەبەرهێنان وبایەخپێدانی بە شێوەیەکی دروست دا، ئەو کاتە زەویەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە، بەڵام ئەگەر لە وەرزی دادێ کەمتەرخەمی وتەوەللاییەکەی بەردەوامبوو ئەوە زەویەکەی بەبێ بەرامبەر لێدەسێندرێتەوە.

3-ئەگەر ئەوانەی لە لایەنی یاساییەوە هیچ یەك لە پابەندییەکانیان لە خزمەتکردنی زەویەکەدا جێبەجێ نەکرد، ئەو کاتە فەرمانگە کشتوکاڵیەکانی پەیوەندیدار لە پارێزگادا ئەو کارە لە ئەستۆ دەگرن، وخەرجیەکان لەو کەسەی لە لایەنی یاساییەوە ئەو کارەی پێ سپێردراوە وەردەگیرێتەوە لەگەڵ زیادکردنی ڕێژەی (40٪)ی خەرجییە کارگێریەکان.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: لە حاڵەتی نەدانەوەی ئەو بڕیارانەی دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی پەیوەندیدار، بە پێی ئەم یاسایەو حوکمەکانی یاسای بەدەست خستنی قەرزەکانی حکومەتی کارپێکراو، لێیان وەردەگرێتەوە.

دووەم: وەزارەتی کشتوکاڵ بۆی هەیە کرێی خزمەتگوزاری وکارەکانی فەرمانگە تایبەتمەندەکان کە لە جیاتی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجامی دەدەن، بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیاری بکات.

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: قایمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە بۆی هەیە خۆی لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لە دەقی ئەم یاسایەدا هاتووە بکات، یان داوا لە لێکۆڵەرەوەکان بکات ئەو لێکۆڵینەوەیە بە پێی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکان ئەنجام بدەن، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی دەبێ.

دووەم: بڕیارەکانی دەردەکرێن بە پێی برگەی (یەکەم) لەبەردەم دادگای گەورەی تاوانەکانەوە تەمیز دەکرێنەوە، وبڕیارەکەی بڕیاری کۆتایی بنەبڕە.

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: بەڕێوەبەری ناحیە لە ناحیەداو قایمقام لە قەزاداو جێگری پارێزگار کە لە سەنتەری پارێزگا دادەنێ، بۆیان هەیە لە دۆزەکانی زێدەڕۆیی لەسەر زەویەکانی کشتوکاڵ وباخچەکان وکێشەی سەر سنوورەکانیان ومافەکانی کە بۆ هەموو کەسێ ڕەوایە وەکو مافی ئاوەڕۆ ومافی پێدا ڕۆیشتن بە پێی پێداویستیەکانی بەرژەوەندی گشتی بکۆڵنەوە، وەلایەنی پەیوەندیدار بۆیان هەیە لەبەر دەم پارێزگار ناڕەزایی لەسەر ئەو بڕیارەی کە دەردەکرێ دەربڕن لە میانەی (15) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی ئاگاداربوونیان، وبڕیاری پارێزگار سەبارەت بەم دۆزە بڕیاری کۆتاییە.

دووەم: ئەو بڕیارەی بە پێی برگەی (یەکەم) بە ڕێگاکانی کارگێری دوای ئەوەی پلەی کۆتایی وەردەگرێ، وحوکمەکەی بەر کار دەبێت تاوەکو بڕیاری کۆتایی لە بابەتەکە لە لایەن دادگا یان لایەنی تایبەتمەندەوە دەردەچێت.

ماددەی دەیەم: ئەو بڕیارەی فەرمانبەری کارگێری دەری دەکات جێبەجێ دەکات ودەسەڵاتی سەرۆکی جێبەجێ کردنی نموونەیی (عینی) لە یاسای جێبەجێ کردن هەیە.

ماددەی یازدەم:

یەکەم: لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ وپەسندکردنی وەزیری کشتوکاڵ، وەزیری داد بۆی هەیە دەسەڵات بە قایمقام وبەڕێوەبەری ناحیە بدات وەکو دادوەری کەتن بە دەرکردنی مەرسوومێکی هەرێم، لە پێناو دەرکردنی بڕیارو حوکمەکان بۆ پیادەکردنی ئەم یاسایە، بڕیارەکانیشی لەبەردەم دادگای گەورەتاوانەکان تەمیزدەکرێتەوە، کە بەشێوەیەکی خێرا سەیری دەکات وبڕیارەکەشی بنەبڕە.

دووەم: ئەگەر قایمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا, یان سەیرکردنی دۆزەکەدا دەسەڵاتی دادوەری کەتنی پێ نەدرابێ, پێویستە دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە پەڕاوەکان ڕەوانەی لای پارێزگار بکات, بۆ ئەوەی بیداتە فەرمانبەرێکی کارگێڕی ئەو دەسەڵاتەی پێدرابێت.

ماددەی دوازدەم:

یەکەم: ئەگەر بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادوەری کەتن لە کاتی لێکۆڵینەوە یان سەیرکردنی دۆزەکە بە دیار کەوت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، پێویستە بۆ سەرۆکی یەکەی کارگێری بنێرێ.

دووەم: ئەگەر بۆ سەرۆكی یەكەی كارگێری لە كاتی لێكۆڵینەوەدا ویان لە كاتی سەیركردنی دۆزەكە بە دیار كەوت كە لە تایبەتمەندی ئەودا بەدەرە، پێویستە بۆ دادوەری لێكۆڵینەوە یان دادگای كەتنی تایبەتمەندی بنێرێ.

سێیەم: دادگای پێداچونەوە سەرچاوەی سەیركردنی كێشەكانی تایبەتمەندییە كە لە ئەنجامی پیادەكردنی حوكمەكانی ئەم ماددەیە پەیدا دەبێ.

ماددەی سێزدەم:

یەكەم: هەركەسێك سەرپێچی لە حوكمەكانی ئەم یاساو بەیاناتەكانی پێیەوە دەركراون بكات وبەبێ ئەوەی دەسكاری رێكارەكانی كە لە ماددەی شەشەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە بكرێت؛ بەبەندكردن بۆ ماوەی ساڵێك پتر نەبێت یان بەغەرامە لە سەدو پەنجا هەزار دینار پتر نەبێت یان بە هەردووكیان سزا دەدرێت.

دووەم: فەرمانبەری كشتوكاڵی چاودێر لەسەر پرۆژەكانی كشتوكاڵ بەسزاكانی كە لە بڕگەی (یەكەم)دا هاتووە سزا دەدرێن، ئەگەر بە هاوكاری لەگەڵ خاوەن پرۆژەكەدا بووە هۆی سەرنەكەوتن یان زیانی گەورەگەیاندن بە پرۆژەكە، تەنیا ئەگەر پێشتر فەرمانگەی ئاگادار كردبێتەوە وئاگاداری بۆ خاوەن پرۆژەكە ڕەوانە كردبێت.

سێیەم: هەر فەرمانبەرێك یان كرێكارێك لەبەر درێخی كردن وكەمتەرخەمی بە ئەنقەست لە جێبەجێ كردنی ئەركەكانیدا بووە هۆی زیان گەیاندن بەبەرهەمهێنانی كشتوكاڵ، بۆ ماوەی پتر نەبێت لە چوار سەدو پەنجا هەزار دینار سزا دەدرێت لەگەڵ قەرەبووكردنەوەی زیانەكە.

چوارەم: ئەگەر ئەو كارەی پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم ماددەیە تاوانێكی نایەوە سزایەكەی بە پێی یاسایەكی دیكەوە پتر بوو، ئەو كاتە ئەو دەقەی سزاكەی پترە ئەویان پیادە دەكرێت.

**پێنجەم:** دوای بەدەست خستنی ڕەزامەندی وەزیری تایبەتمەند، سكاڵا دژی فەرمانبەری سەرپێچیكار بە پێی بڕگەكانی (دووەم وسێیەم) بەرز دەكرێتەوە.

ماددەی چواردەم:

یەكەم: یاسای پاراستن وپەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی 1978 هەڵدەوەشێندرێتەوە.

دووەم: وەزیری كشتوكاڵ بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانكردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات.

ماددەی پازدەم: دوای تێپەڕینی نەوەد ڕۆژ بەسەر بڵاوبونەوەی لە وەقائعی كوردستان كار بەم یاسایە دەكرێت.

### هۆیەكانی دەركردنی یاساكە

لەبەر ئەوەی زەوی كشتوكاڵ وباخچەكان ودارستان ولەوەڕگاو سامانی ئاژەڵ و هۆیەكانی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵ وئەوەی پێیانەوە بەندن لە مەكینە وئامێرو پەمپەكانی كشتوكاڵ وبیرەكان وكارێزو كانیاوە

سروشتیەکان بە بەشێك لە سامانی نەتەوەی کوردستان دادەندرێت ولەبەر خراپی وەبەرهێنانی زەویەکانی کشتوکاڵ وتێکچوونی بەرهەمی کشتوکاڵ بە هەردوو لقیەوە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سەختەی کە هەرێمی کوردستان پێدا ڕۆیشت لە کاولکردنی گوندەکان وداسەپاندنی ئابلوقەی دوولایەنە لەسەر ناوچەکە لە سالآنی ڕابووردوو، ولە پێناو بەرژەوەندی گشتی وکارکردن لە پێناو وەبەرهێنانی کشتوکاڵ وکارکردن لە پێناو زۆرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە لایەنی چەندایەتی وچۆنایەتیەوەو پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی خۆماڵی، بۆیە پێویست بوو ئەم یاسایە دەربکرێ بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی ئەو سامانانە بە شێوەیەکی زانستی وبە پێی ئامانجەکانی پلانی پەرەپێدانی نەتەوەیی کوردستان دابین بکرێ، خاوەنەکانیان وبەرپرسانی بەڕێوەبردنیان پابەند بکرێت بۆ ئەوەی بایەخیان پێ بدەن و پەرەی پێ بسێنن وکەمتەرخەمی لێ نەکەن ونەبنە هۆی لە ناوبردنیان، ودەسەلآتە کارگێڕیەکان لە قەزاو ناحیەکان دەسەلآتی پێویست بدەنە فەرمانبەرە کارگێڕیەکان بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاریان لێ بکەن وپەرەیان پێبدەن وچاودێری پابەندیەکانی یاسایی لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەم مەبەستە بکەن, لە پێناوی ئەوانە ئەم یاسایەمان دەرکرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

پرۆژەی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان, فەرموو ئێستاش خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای ئەکادیمیای کوردی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش کاك تارق جامباز پرۆژەی یاسای ئەکادیمیای کوردی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە(   )ی ساڵی 200 یاسای ئەکادیمیای کورد**

**بەشی یەکەم**

**کۆڕ و ئامانجەکانی**

ماددەی یەکەم: لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆڕێك دادەمەزرێ بەناوی ئەکادیمیای کوردی، بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەست دەبێ.

ماددەی دووەم: کۆڕەکە کەسایەتیەکی سەربەخۆی دەبێ.

ماددەی سێیەم: بارەگای کۆڕەکە لە پایتەختی هەرێمەوە دەبێ، بۆی هەیە هەندێ لە دانیشتنەکانی بەبڕیاری زۆرینەی ئەندامە کاراکانی لە دەرەوەی پایتەخت بێ.

ماددەی چوارەم: کۆڕ ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە:-

أ-پارێزگاری کردن لەڕەسەنایەتی زمانی کوردی و پەرەسەندنی.

ب- کارکردن لە پێناو دەوڵەمەندکردنی وشەو زاراوەکانی کوردی بەسوود وەرگرتن لە دیالێکتە هەمە جۆرەکانی بۆ گەیشتن بە زمانێکی فەرمی یەکگرتوو.

ج- پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەکانی کوردی و توێژینەوەکانی زانستی و زمانەوانی، بۆ دانەبڕان لە پێشکەوتنی زانستی و ڕۆشنبیری دا.

د- بایەخدان بە کەلتووری نەتەوەیی کورد.

هـ- بایەخدان بە خوێندنی مێژووی کورد و کوردستان و فەرهەنگ و شارستانیەتەکەی.

و- هاندان و یارمەتیدانی نووسین و وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی کوردی.

ز- توندکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان بە کۆڕە زانستییەکان و زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی لەناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

ماددەی پێنجەم: کۆڕ ئامانجەکانی بەم هۆکارانەی خوارەوە دێنێتەدی:

أ-دانانی فەرهەنگەکان و ئەنسکلۆپیدیاکانی زانستی و زمانەوانی.

ب- دەرکردنی گۆڤارو چاپەمەنیەکان و بایەخدان بەکاروباری بڵاوکردنەوە.

ج- بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی ئەکادیمی و زانستی دیکۆمێنتی و لێکۆڵینەوە لەدەقەکۆنەکان.

د- بەستنی کۆنفرانس و کۆڕی زانستی و زمانەوانی و بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکان لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

هـ- ڕێزگرتن لە زانایان و توێژەرەوان.

و- دامەزراندنی کتێبخانەو چاپخانە.

ز- دامەزراندنی سەنتەرێك بۆ کڕین و پاراستنی مەختوتەکان و ئەرشیفێکی تایبەتی.

## بەشی دووەم

## ئەندامیەتی لە کۆمەڵگاکەدا (مجمع)

ماددەی شەشەم: کۆڕ لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

أ-ئەندامانی کارا کە ژمارەیان لە (9)کەس کەمتر نەبێت و لە (15)کەس پتر نەبێت حەوت لەوانە موتەفەریغ دەبن.

ب- ئەندامانی یاریدەدەر.

ج- ئەندامانی شەرەف.

ماددەی حەوتەم:

أ-ئەندامی کارا ئەم مەرجانەی دەبێت:

1- تەمەنی لە (40) ساڵ کەمتر نەبێت.

2- ئاگاداریەکی زۆری لە زمانی کوردی و لە لقێك یان زیاتر لە لقەکانی زانیارییەوە هەبێت، بەرهەمێکی ڕەسەنی هەبێت یان ئاگاداری لە یەکێك لە زمانە زیندووەکانی دیکە یان کۆن هەبێت.

ب- ئەندامی یاریدەدەر دەبێ ئەم مەرجانەی هەبێت:

1- دەبێ ئاگاداری لە ڕێزمانی زمانی کوردی هەبێت.

2- دەبێ زانیاریەکی فراوانی لەیەکێك لە لقەکانی زانیاری هەبێت و بەرهەمێکی باشی هەبێت.

3- تەمەنی لە (30)ساڵ کەمتر نەبێت.

ج- ئەندامی شەرەف دەبێ ئەم مەرجانەی هەبێت:

خزمەتێکی باڵای لە یەکێك لە لقەکانی زانیاری پەیوەست بە رۆشنبیری کوردی پێشکەش کردبێت.

ماددەی هەشتەم: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم سەرەتا حەوت کەس لەوانەی مەرجی ئەندامی کارایان تێدایە وەکو لەدەقی (1)ی ماددەی حەوتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بۆ ئەندامێتی کۆڕ هەڵدەبژێرێت، پاشان ئەوانە ئەندامە کاراکانی دیکە هەڵدەبژێرێت.

ماددەی نۆیەم:

أ- مەرجەکانی ئەندامی کارا ئەمانەن:

1- پێویستە لە پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بێ.

2- دەبێ ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامە کاراکان بەدەست بێنێ و بەهەڵبژاردنی نهێنی دەبێ.

3- بڕیارێك لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەدامەزراندنی دەربچێت.

ب- ئەندامی یاریدەدەر و شەرەف، بەپاڵاوتنی دووکەس لە ئەندامەکاراکان و ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆڕ، قبوڵ دەکرێن.

## بەشی سێیەم

## سەرۆکایەتی کۆڕ و سکرتاریەتەکەی

ماددەی دەیەم:

أ-بەئامادەبوونی 3/2ی ئەندامەکاراکان و بەهەڵبژاردنی نهێنی و بەزۆرینەی ڕەها سەرۆکی کۆڕ هەڵدەبژێردرێت, بۆ ئەم مەبەستە بڕیارێك لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەدامەزراندنی دەردەچێت و بۆماوەی چوار ساڵەو بۆی هەیە جارێك تازەبکرێتەوە.

ب- ئەگەر لە بڕگەی سەرەوە زۆرینە بەدەست نەهات، ئەوکاتە ئەو ئەندامەی ژمارەی زۆری دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی دووەم بەدەست هێنا، دەبێتە سەرۆك، ئەگەر هەردووکیان لەدەنگ بەدەست هێناندا یەکسان بوون, ئەو کاتە سەرۆك بە قورعە هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی یازدەم: سەرۆکی کۆڕ جێگرێکی دەبێ، ئەنجومەنی کۆڕ لە نێوان ئەندامەکاراکانی بەزۆرینەی ڕەها و بەهەڵبژاردنێکی نهێنی هەڵیدەبژێرن بۆ ماوەی چوار ساڵ دەکرێ جارێك تازەبکرێتەوە وشوێنی سەرۆك دەگرێتەوە.

ماددەی دوازدەم:

أ-سەرۆك بۆی هەیە سكرتێری كۆڕ لە نێوان ئەندامەكاراكانی هەڵبژێرێ و دەبێ موتەفەریغ بێ.

ب- دەبێ سكرتێر:

1- بڕیاردەری ئەنجومەنی كۆڕ و دەستەی سەرۆكایەتی بێ.

2- بەرپرسە لە ڕێكخستنی نامە گۆڕینەوەو پەیوەندییە گشتییەكان.

3- بەرپرسە لە تۆماركردنی كۆنووسی دانیشتنەكان و بڕیارەكانی.

## بەشی چوارەم

## دەستەو ئەنجومەنی كۆڕ

ماددەی سێزدەم:

أ-كۆڕ دەستەیەكی سەرۆكایەتی هەیە و لەمانە پێك دێت:

1-سەرۆكی كۆڕ – سەرۆك.

2-جێگری سەرۆك – ئەندام.

3-سكرتێری كۆڕ – ئەندام و بڕیاردەر.

4-ئەنجومەن لە كۆبوونەوەیەكدا و بەئامادەبوونی بەلانی كەمی 3\1ی ئەندامانی كارا، چوار لە ئەندامە كاراكانی موتەفەریغ هەڵدەبژێرن و بۆ ماوەی چوار ساڵ تەنیا جارێك تازە دەكرێتەوە.

ب- ئەنجومەنی كۆڕ بەلای كەمی لەمانگێكدا جارێك كۆدەبنەوە.

ماددەی چواردەم: دەستەی سەرۆكایەتی ئەم ئەرك و تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:

أ-ئامادەكردنی بووجەی ساڵانەو میلاك بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی كۆڕ بڕیاری لەسەر بدرێ و لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا پێشكەش بەئەنجومەنی وەزیران بكرێ.

ب- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی كاروباری كۆڕ لەلایەن كارگێڕیەوە ڕێك دەخات.

ج- پێشنیاركردنی بەستنی كۆنفرانس و كۆڕ لە لقە گشتییەكانی ڕۆشنبیری.

د- سەرپەرشتی كردنی كاروباری زانستی و ڕۆشنبیری كۆڕ.

هـ- ڕەزامەندی نواندن لەسەر ڕەوانەكردنی ئەندامانی كۆڕو كارمەندانی بۆ ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

ماددەی پازدەم:

أ-ئەنجومەنی كۆڕ لەسەرۆك و جێگرەكەی و سكرتێرو ئەندامەكاراكان پێك دێت.

ب- ئەنجومەنی كۆڕ بەلای كەمی لە مانگێكدا جارێك كۆ دەبێتەوە، ژمارەیان بە ئامادەبوونی 3\2ی ئەندامەكانی دێتەدی، بڕیارەكانی بەزۆرینەی دەنگ دەردەچێ لەكاتی یەكسانی دەنگی هەردوولا دەنگی سەرۆك لەكامەلابێ ئەولا وەردەگرێ.

ج- کۆڕ پشوویەکی ساڵانەی هەیە لەرۆژی یەکەمی تەمموز دەست پێدەکات بۆ ماوەی مانگێك، سەرۆك بۆی هەیە لەوماوەیەداو لەکاتی پێویست بوون بانگەشەی دەستەی سەرۆکایەتی وئەنجومەنی کۆڕ بۆ کۆبوونەوە بکات.

ماددەی شازدەم: ئەنجومەنی کۆڕ ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:

أ-وردبوونەوە لەکاروباری کۆڕەکەی پەیوەندیدار بە ئامانج و گرنگیەکانی.

ب- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی لیژنە زانستیەکان و کارەکانیان.

ج- بڕیاردان لەسەر پرۆژەی ساڵانەی کۆڕ، لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیرانی بکەن.

د- بڕیاردان لەسەر پلانی ساڵانەی کۆڕ.

هـ- وردبوونەوە لەو شتانەی کە سەرۆکی کۆڕ بۆیانی ڕەوانە دەکات.

ماددەی حەڤدەم: ئەنجومەنی کۆڕ بۆی هەیە لیژنەکانی بەردەوام و کاتی لە ئەندامەکانی یان لەکەسانی دیکەوە بەسەرۆکایەتی یەکێك لە ئەندامانی کارای کۆڕ، دابمەزرێنێ.

## بەشی پێنجەم

## کاروباری کۆڕی کارگێڕی و دارایی

ماددەی هەژدەم:

أ-کۆڕ ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی هەیە:

1-نووسینگەی سەرۆکی کۆڕ.

2-بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و کارمەندان.

3-بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و وردبینی.

4-بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی گشتی.

5-بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریەکانی زانستی و هونەری.

6-بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەو بلاوکردنەوە.

7-کتێبخانە.

8-سەنتەری مەختوتەکان و دیکۆمێنتەکان و ئەرشیفی تایبەت.

9-کۆگا.

ب- هەر بەڕێوەبەرایەتیەك فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات وپەیوەستە بە سکرتێر.

ج- ئەنجومەن بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا بەریوەبەرایەتی وبەشی دیکە بکاتەوە.

ماددەی نۆزدەم: دارایی کۆڕ لەمانە پێك دێت:

أ-بەخشینی ساڵانە, کە لە بووجەی گشتی حکومەتی هەرێمەوە وەردەگرن.

ب-ئەودا هاتانەی لە ئەنجامی چالاکیەکانی خۆیان بەدەستی دێنن.

ج-قازانجی چاپکراوەکان.

د-بەخشش وپێبەخشین.

ماددەی بیستەم: سەرۆکی کۆڕ بە پلەی وەزیر دەبێ و هەمان مووچە و دەرماڵە وەردەگرێ.

ماددەی بیست و یەکەم:

أ-جێگری سەرۆك وسکرتێر بە پلەی بەرێوەبەری گشتی دەبن.

ب-پاداشتێکی مانگانە بۆ ئەندامانی کارای موتەفەریغ تەرخان دەکرێت ولەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووریەوە دیاری دەکرێت.

ج-ئەندامی موتەفەریغ سەرپشك دەکرێ لە نێوان وەرگرتنی مووچەکەی ودەرماڵەکەی لە فەرمانگەکەی ولە نێوان ئەوەی کە لە دەقی ئەم یاسایەدا هاتووە.

## بەشی شەشەم

## حکومەکۆتاییەکان

ماددەی بیست و دووەم:

أ-ئەندامی کارا کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا، وبەبەردەوامی ئامادە دەبێ وبەشداری لە لیژنە وکۆبوونەوە وچالاکیەکان دەکات.

ب-ئەندامی کارا بەدەست لە کار کێشراوە دادەندرێت ئەگەرلەسێ دانیشتنی یەك لەدوای یەکدا بەبێ پاساوێکی رەوا ئامادە نەبێت.

ج-ئەگەر شوێنی یەك لە ئەندامەکانی ئەنجومەن بەتاڵ بوو، سەرۆك لەیەکەم دانیشتندا رایدەگەیەنێ وبڕیاردەدا لە ماوەی سێ مانگدا پڕبکرێتەوە.

ماددەی بیست و سێیەم: دەبێ کۆڕ پەیڕەو و پرۆگرامێکی ناوخۆیی لە ماوەی پتر نەبێت لە شەش مانگ لە رۆژی جێبەجی کردنی ئەم یاسایەوە دابنێت.

ماددەی بیست و چوارەم: یاسای کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراقی ژمارە (37)ی ساڵی 1997 ویاسای کوردۆلۆژی کە لە ئیدارەی سلێمانیەوە دەرکراوە هەڵدەوە شێتەوە.

ماددەی بیست و پێنجەم: هەمووماف وپابەندی وئوتومبێل وکەرەستەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان وکوردۆلۆژی دەگوازرێتەوە بۆ ئەم کۆڕە.

ماددەی بیست و شەشەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی بیست و حەوتەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە رۆژنامەی وەقائعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

پرۆژەی  یاسای ئەکادیمیای کوردی دەدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و لیژنەی پەروەردەو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ لێ ورد بوونەوە, تا شتێکی بەسوود پێشکەش بکرێت.

ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین, دانیشتنی داهاتوو بەیانی کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت, بەخێر بێن سەرچاوان.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26)**

**دوو شەممە رێکەوتی 8\1\2007**

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/1/8

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/1/8 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (26)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاران لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە (د.کمال کەرکووکی):**

**بەناوی خوای گەورو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان, دانیشتنەکەمان دەکەینەوە, بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەموارکراوی ساڵی 1992 ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عیراق,دەستەی

**سەرۆكايەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكاتی (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/1/8 بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان.**

**2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان.**

**3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی لە هەرێمی كوردستان.**

**4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی هەموار كردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی كوردستان.**

**5- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاران لە هەرێمی كوردستان.**

**ئێستاش لیژنەی یاسایی با بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان, فەرموو بۆ خوێندنەوەی خاڵی یەكەم.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی/ 2006**

**یاسای وەزارەتی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستان**

**ماددەی یەكەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە, بۆ ئەم یاسایە, ماناكانی بەرامبەریانە:**

**1. هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عیراق.**

**2. وەزارەت: وەزارەتی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستان.**

**3. وەزیر: وەزیری كشتوكاڵی هەرێمی كوردستان.**

**4. بریكاری وەزارەت: بریكاری وەزارەتی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستان**

**5. ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژكاری وەزارەتی كشتوكاڵی هەرێم.**

**ماددەی دووەم: وەزارەت, ئەم ئەركو فرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**1ـدانانی پلانگەلی كشتوكاڵ, بەجۆرێ, فراژوكردنی ڕەنێوهاتی (الانتاج) هەردوو لایەنی(ڕووەكی و ئاژەڵ) دەستەبەر بكات.**

**2. پێشكەشكردنی ڕێنماییكاری و فەراهەمكردنی پێداویستەكانی ڕەنێوهانینی كشتوكاڵ و, لێكۆڵینەوەو دیراساتی كشتوكاڵی, بەڕەفتارو, سەرپەرشتیی بەكارخستنی یاسا بە حوكمەكان (الساریة)و, بەدواداچوونی بەجێهێنانی چالاكییەكانی وەبەرهانینی زەویوزاری كشتوكاڵ و پشتگیری كردنی ڕەنێوهانینی كشتوكاڵ لە هەرێمدا.**

3- دیراساتی تایبەت بە پرۆژەكانی وەزارەت ئامادە دەكاو، هێلكارەكان(التصاميم) دادەنێ و، بەرنامەكان دادەڕێژێ و، خۆی یەكە و ڕاست جێبەجێیان دەكا، یان بەلایەنەكانی دیكەی ناوەوەی یان دەرەوەی هەرێم بەجێیاندەهێنێ و، بەدواداچوون و سەرپەرشتیی جێ بەجێ كردنیشیان دەكات.

4- پشتگیری لە كەرتی تایبەت دەكاو، هانی وەبەرهانینیش دەدات كە پرۆژەكان جێبەجێ بكەن و، سەنعەتگا و كارگەی تایبەت بە رەنێوهانینی كشتوكاڵیی هەردوو لایەنی ئاژەڵ و رووەكی دابمەزرێنن.

5- پشتگیری بانكە كشتوكاڵییەكانی هەرێم دەكا و، بەرەوچاكتریان دەگۆڕێ و، بە وەزارەتەوە دەیانبەستێ و، بۆ سانا كردنی ئیشەكانیشیان لە كوردستانی عیراقدا، رێنماییگەلی پێویست دەردەهێنێ.

6- بۆ فەراهەمكردنی تۆوی چاككراوو پەیینی كیمیایی و ڤڕكەرەكان كۆشش دەكاو، دەرمان و ئەجهیزەو مەكینەگەلی كشتوكاڵ دەسەبەردەكاو، رێگاكانی زامنكردنی پتر بوونی رەنێوهات (زیادە الانتاج)و چاككردنی رەنێوهات دەگرێتەبەر.

7- بۆ زیندوو كردنەوەو بەرەوچاكتر گۆڕینی (احیاء تطویر) پرۆژەگەلی سامانی ئاژەڵ و پاشكۆكانیان لە هەرێمدا، دەكەوێتە كارو، بۆ فەراهەمكردنی دەرمان و پێكوتی بەیتەری (اللقاحات البیطریة) كۆشش دەكاو، بۆ چارەسەركردنی نەخۆشیی درم و بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی رێگای زانستی دەگرێتەبەر.

8 - پلانگەلێ بۆ رووبەڕوبوونەوەی دەردوبەلای لەناوبەری كشتوكاڵ دادەنێ و، رێگاكانی مسۆگەر كردنی خۆپارێزی و چارەسەركردنیشی، بۆ فەراهەم دەكات.

9 - گرنگی بە سامانی ماسی و هەنگ دەدات.

10 - گرنگی بە رەنێوهاتی كشتوكاڵ دەداو، بۆ رێكخستنی ئیش و كاری تاقتكردن (الخزن) و بۆ بازاڕ ناردنی بەروبوومی كشتوكاڵ كۆشش دەكات.

11- بە جەنگەڵی خۆڕسك و دەستكرد، گرنگی دەداو ، بۆ پاراستنیشیان، وەك سامانێكی نەتەوەیی - كە پێویستە بپارێزرێن - كاردەكاو، پشتگیرییش لە قەدەغە سروشتیەكان (المحمیات الطبیعیة) دەكات.

12- سنووری جەنگەلستانەكان وجۆرەكانیان بە پێی یاسایەكی تایبەت كە هەموو كاروبارو مەسەلەیەكی دارستانەكانی هەرێم رێك بخات، دەستنیشان دەكات.

13 - وەزارەت پرۆژەی یاسایەكی نوێ پێشنیاز دەكا، بۆ چارەسەر كردنی كێشەگەلی زەویوزار، كە لەگەڵ واقیعی ئێستا و ئایندەی كوردستاندا بگونجێ.

ماددەی سێیەم:

یەكەم: وەزیر: سەرۆكی باڵاو، بەرپرسی ئیش و كارو ئاڕاستە كردنی سیاسەتی وەزارەتەكەیە و، هەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییگەلێكیش، پێوەندییان بە ئەركو فرمان و پێكهاتە و سەلاحییات و كاروباری دیكەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێكخستنی وەزارەتەكەوە هەیە بە پێی یاسا لە وەزیرەوە دەردەچێ و، بەسەرپەرشتیی، خۆی، جێبەجێ دەكرێن.

دووەم: بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی سەڵاحییاتدا, کە پێی دەسپێردرێ, یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی سیاسەت و, سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1. نووسینگەی وەزیر: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ. ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

2. نووسینگەی بریکاری وەزراەت: فرمانبەرێ بەڕێوەی دەبا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

3. ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت.

4. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی.

5. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون.

6. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی زەوی وزاری کشتوکاڵ.

7. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی جەنگەڵ و لەوەڕگاکان.

8. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رێنمایی و لێکۆڵینەوەی کشتکاری.

9. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سامان و لەشساغیی ئاژەڵ.

10. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خزمەتگوزاریی کشتوکاڵ.

11. بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی کشتوکاڵ, لە مەرکەزی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

12. وەزیر, بۆی هەیە, سوود لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی دیکە, یان لە خاوەن ئەزموونانی دەرەوەی وەزارەتەکان, لە کاتی زەروورەدا, وەربگرێ.

ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی وەزارەتەکە, لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1. وەزیر.

2. بریکاری وەزارەت.

3. بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت.

4. راوێژکارەکان.

5. وەزیر, بۆی هەیە, لەکاتی زەروورەدا, نوێنەرانی وەزارەتەکانی دی, یان خاوەن ئەزموونان لە دەرەوەی وەزارەتەکانەوە, بخاتە پاڵیان.

ماددەی شەشەم: هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییش, فرمانبەرێ, بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و, پسپۆڕیش بێت.

ماددەی حەوتەم:

1. مەرکەزو پێکهاتەکانی وەزارەت و, ئەرك و سەڵاحییاتی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و, بەڕێوەبەرایەتییە واوەستەکانیان و دەستەکانیش, بە پێڕۆ دیار دەکرێن.

2. ئەنجومەنی وەزارەتەکە، بۆی هەیە، هەر کاتێ پێویست بکا، بەڕێوەبەرایەتی و، لق و، بەش و، هۆبەی نوێ بکاتەوە یان یەکیانیخا، یان ئیلغایان بکات.

ماددەی هەشتەم: یاسای ژمارە (10) ساڵی (1992)ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی ئیلغا دەکرێ.

ماددەی نۆیەم: وەزیر، بۆی هەیە، رێنماییگەلی پێویست، بۆ ئاسانکردنی بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

ماددەی دەیەم: هەر دەقێ، لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، کاری پێ ناکرێ.

ماددەی یازدە: پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

ماددەی دوازدە: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقائعی کوردستان)ـەوە، کاری پێ دەکرێ.

***هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە***

ژینگە (خاك و ئاو و هەوای) کوردستان، بۆ کشتوکاڵ زۆر لەبارە. خاکی بە پیتە و، سامانی ئاوی زۆرە. کوردستان بەر لە هەزاران ساڵ وڵاتێکی بە کشتوکاڵ و بە نان و خوان بووە و، لەم رووەوە پێشەنگی وڵاتانی رۆژهەلاّت بووە. وەلێ زوڵمی کاول کاری و ڕاگواستن و دەرکردن و، خەڵك لە کۆمەڵگای زۆرە ملێ ئاخنین و، داپۆشینی زەوی وزاری بە پیت و بەرەکەتی کوردستان بە شرەخانوو چادرگای نا هەموارو، بێ بەش لە ئەسبابی ژیان، کە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عیراق بە داخ لە دڵی و رکی شۆڤینی و کینەی دوژمنایەتی بەسەر گەلی کوردستانیاندا هێنا، ئەمانە، هەمووی بوونە هۆی کوێر بوونەوەی کشتوکاڵ و سەرەنجامیش فەلاو وەرزێران کە رەنێوهێنی بە هێزی کشتوکاڵ بوون و، خاوەن سفرە و دیوەخان بوون، بە ناچاری بوون بە نانخۆری بێ خەلەو خەرمان و، بەکاربەری (مستهلك) بێ بەروبووم. ئەمە سەرباری ئەوەش کە یاساو بەیاننامەو تەعلیماتی کوێرانەی پڕ لە کینە بۆ کوێرکردنەوەی کانی و چاوگەکانی ئاوو کاولکردنی جۆگەو جۆبارو سووتاندنی دارستان و ریشە کێشکردنی رەزو باخ و بێستان، دەردەکراو سەرپاکیشی مینرێژکراو بە ناوچەگەلی حەرام دانران. جا بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەم هەموو کاولکارییە نە مێنێ و، کێشە و گرفتی گوندەکان تەخت بکرێن و، رەنێو هاتی کشتوکاڵ باشتر بکرێ و بەرەو چاکتر بگۆڕدرێ و، وەخزمەتهێنانی پڕ بەپێست (الاستخدام الامثل) بۆ هێزی کارو توانستی سروشتی لە کوردستاندا برەخسێ و، کە شو هەوایەکی لە بار بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵ پەیدا بکرێ و، ئامانجی خۆشگوزەرانی و، خۆگوزەرانی (الاكتفاء الذاتي) بێتە دی و، ئاسایشی خۆراکسازی وەدەست بێت و، کۆچی پێچەوانەش دەست پێ بکاو، ژیانێکی ئاسوودەو بەختیاریش بۆ دێهات و گوندی کوردستان دابین بکرێ و، فەلاو وەرزێرو رەزەوان و باخەوانەکانیشیان، بچنەوە سەر زێدی خۆیان، لەبەر ئەوانە، هەمووی، دانانی ئەم یاسایە بە پێویست زانرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، پرۆژەی یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان بدرێتە لیژنەی یاساو لیژنەی كشتوكاڵ و یەكە یەكە ئەندامەكانی پەرلەمانی كوردستان، بۆ وردبینەوەو تێبینیان و موناقەشە كردن لەسەری لە دانیشتنی داهاتوو، زۆر سوپاس، ئێستاش بفەرموون بۆ خاڵی دووەم و خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**ماددەی یەكەم: ئەم دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەم واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن:**

1-هەرێم: هەرێمی كوردستان – عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی.

3- وەزیر: وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی.

4- بریكاری وەزارەت: بریكاری وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی.

**ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەركو فرمانانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:**

1-بەرجەستە كردنی نرخی مرۆیانەی كاركردن و پشتیوانی لێكردن و سەرپەرشتی كردنی بەو باوەڕەی كۆمەڵگەیەكی بنچینەییە لە هێنانەدی ئەو پەرەسەندنەی كە لە هەموو بوارەكانی هەرێمدا دەبیندرێ.

2- كاركردن لە پێناوی ئەوەی بیمەی كۆمەڵایەتی هەموو كرێكاران بگرێتەوەو چاودێری كۆمەڵایەتی پێویست خۆیان و خێزانەكانیان بگرێتەوە.

3- ماوەی كار كردنی یەكسان بۆ هەموو خاوەن توانایەكی كار كردن دابین بكرێ، بەو باوەڕەی كە كاركردن ماف و ئەركەو پێویستە بۆ بەشداریكردن لە بنیاتنانی كۆمەڵگەو پەرەسەندنی.

4- بڵاو كردنەوەی هۆشیاری پیشەیی، بە جۆرێك شوێنی كار كردن و مرۆڤ و كەرەستەكان بپارێزێ، بۆ ئەوەی سنوور بۆ كارەسات و بریندار بوون بەهۆی كار كردن و نەخۆشیەكانی پیشەیی دابندرێ و بەشداری كردن لە ئامادە كردنی كادری پیشەیی بەپێی پێداویستیەكانی بازاڕی كار.

5- ئەو پەڕی بایەخدان بە پرۆسەی خۆ پاراستن لە لاساری و چاودێری كردنی ئەو خێزانانەی كە گیروگرفتی كۆمەڵایەتیان هەیەو دەست گرتنیان تاوەكو بارودۆخەكەیان رێك دەخرێ بە جۆرێك بتوانن لە بنیاتنانی كۆمەڵگە بەشداری بكەن بەهۆشیاری و دڵسۆزیەوە.

6- پەرەپێدانی كۆمەڵگە بەجۆرێك بەشداری كاریگەرانە لە پرۆسەی گواستنەوە بەرەو قۆناغی دیموكراسی دابین بكات و رێز لە مافەكانی مرۆ بگرێت لە رێگەی گۆڕینی ئەو دیاردە كۆمەڵایەتیانەی رێگا لە پەرەسەندنی كۆمەڵایەتیەوە دەگرن.

7- بایەخدان بە چاودێری کردن و ئامادە کردنی نەوجەوانان و پەککەوتەکان لە لایەنی پەروەردەیی و پیشەیی و ڕەوشتەوە بە جۆرێك لە پرۆسەی بوژانەوەو بنیاتنانی هەرێمدا هاوبەش کردنیان مسۆگەر بکات و لا بردنی هۆکارەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی کە ڕێگا لەو کارە دەگرن.

8- دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ خێزانەکانی قوربانیانی پرۆسەکانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی و دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری پێویست بە جۆرێك هاوسەنگ بێت لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەی کە رووبەڕوویان بووەتەوە.

9- ئامادە کردنی هاوولاّتیان لە لایەنی پیشەیی و کۆمەڵایەتیەوە لە میانەی یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندنی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی خێزانی.

10- کارکردن بەهاوکاری هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەمەجۆرەوە لە پێناو وشیار کردنەوەی کۆمەڵگاو بلاّو کردنەوەی پرەنسیپەکانی مرۆییانە لە ڕێگای کردنەوەی خول و سەردانی خێزانەکان.

11- کارکردن لە پێناو نەهێشتنی دیاردەی هەژاری و نەداری لە هەرێمدا لە ڕێگای پێشەکش کردنی هاوکاری دارایی پێویست بۆ ئەو نەدارانەی کە توانای کارکردنیان نییە.

12- بەشداری کردن لەسەر ئاستی عێراقی و نێو دەوڵەتیەوە لە جموجۆڵەکانی پەیوەست بە تایبەتمەندیەکانی وەزارەتەوە.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالاّو بەرپرسی ئیش و کارو ئاراستە کردنی وەزارەتە, بە چاودێری ئەوەوە هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکان لێیەوە دەردەچن و بەسەر پەرشتی ئەوەوە جێ بەجێ دەکرێن لە گشت ئەو شتانەی پەیوەستن بە ئەرك و فرمانەکانی وەزارەت و پێکهاتەکان و دەسەلاّتەکانیان هەر کاروبارێکی هونەری و دارایی و ڕێکخستنی بەپێی حوکمەکانی یاسا.

دووەم: بریکاری وەزارەت: هاوکاری وەزیر دەکات لە ئاراستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی بەپێی ئەو دەسەلاّتانەی کەپێی دەسپێردرێ و دەبێ خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ بێت.

سێیەم: ڕاوێژکاران: نابێ لە چوار کەس پتر بن و دەبێ خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ بن و خاوەن ئەزموون و کارامە بن.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەمانە پێك دێت:

1-نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

2- نووسینگەی بریکاری وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بەڕێوەی دەبات و چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

مادەی پێنجەم: لە وەزارەت ئەنجومەنێك پێك دێت بەناوی (ئەنجومەنی کاروباری کۆمەڵایەتی) و لەوانە پێك دێت:

1-وەزیر: سەرۆك.

2- بەڕێوەبەرە گشتیەكانی وەزارەت: ئەندامن.

3- نوێنەرانی هەریەك لەم وەزارەتەكانی (داد, خوێندنی باڵا, پەروەردە, مافەكانی مرۆڤ, تەندروستی) كە نابێ پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر بێت: ئەندام.

4- نوێنەری یەكێتیی گشتی سەندیكای كرێكاران لە هەرێمدا: ئەندام.

5- نوێنەری یەكێتیی ژوورەكانی پیشەسازی و بازرگانی لە هەرێمدا: ئەندام.

6- نوێنەری یەكێتی ئافرەتانی هەرێم: ئەندام.

7- نوێنەری یەكێتییەكانی پەككەوتە لە هەرێمدا: ئەندام.

8-سێ كەس لە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ لە دەرەوە یان لە ناو وەزارەتەوە, بە پێشنیاری وەزیر دەبێت: ئەندامن.

ماددەی شەشەم:

1-ئەنجومەن بەسەرۆكایەتی سەرۆك یان جێگرەكەی لە كاتی ئامادە نەبوونی كۆ دەبێتەوە بە ئامادە بوونی دوو لەسەر سێی ئەندامەكانی.

2- لە هەر سێ مانگ جارێك ئەنجومەن كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدەدات و سەرۆك بۆی هەیە, بەدەر لەو كۆبوونەوانە, ئەگەر پێویست بوو بانگەشە بۆ كۆبوونەوە بكات.

ماددەی حەوتەوم: ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

1-نەخشە بۆ سیاسەتی گشتیی وەزارەت بكێشێ و ئامانجەكانی لە ژێر رۆشنایی حوكمەكانی ئەم یاسایە دیار دەكات و ئەو بنەما كارگێڕی و هونەری و ئابووری و داراییانە دەست نیشان بكات, كە بە باشیان دەزانێ بە جۆرێك خزمەت بە ئامانجەكانی وەزارەت بكات.

2- گتفوگۆ كردن لەسەر پلانەكانی سەرەتایی كورت خایەن و ناوەندی و درێژخایەن كە فەرمانگەكانی وەزارەت ئامادەیان دەكەن و بیروڕای خۆی دەربارەیانەوە دەردەبڕێ و راسپاردەكانی خۆشی لەبارەیانەوە پێشكەش دەكات.

3- پێشنیار كردن بۆ رێكخستنی زیادەی وەبەرهێنانی سەرمایەی فەرمانگەكانی سەر بە وەزارەت و دیار كردنی رووكانی وەبەرهێنانەكە بەپێی بەرژەوەندی گشتیی و یاساكانی بەركارو رێنماییەكانی دارایی.

4- چاودێری كردنی بەردەوامی جێ بەجێ كردنی پلان و دەربڕینی تێبینیی و راسپاردەكان لەم بارەیەوە.

5- لێكۆڵینەوە لە پرۆژەی ئەو یاسایانەی كە وەزارەت بەنیازە پێشنیاریان بكات.

6- گفتوگۆ كردن لەسەر راپۆرتی گشتیی بەردەوام سەبارەت بە كارەكانی وەزارەت كە فەرمانگەی پلاندانان و بەدواداچوون ئامادەی دەكات و دەربڕینی تێبینی و راسپاردەكان لەم بارەیەوە.

7- لێكۆڵینەوە لە هەموو ئەو شتانەی كە وەزیر دەیان خاتەڕوو و دەربڕینی رای خۆی لە بارەی پێشنیارو راسپاردەكانیان پێشكەش بكەن.

**ماددەی هەشتەم: پشکێنەری گشتیی:** بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی دەبێ, چەند فەرمانبەرێکی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ هاوکاری دەکەن, ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیرەوە دەبێ, پشکنینی فەرمانگەکانی چاودێری کۆمەلأیەتی و تۆڕی پاراستنی کۆمەلأیەتی و پەناگەکانی دەوڵەت و چاکسازی کۆمەلأیەتی دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕی و دارایی:**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بەڕێوەی دەبات و لەمانە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی کارمەندان.

2- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی.

3- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.

4- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

5- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و وردبینی ناوخۆیی.

6- بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستن و پەرەپێدان.

7- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و هۆشیار کردنەوەی کۆمەلأیەتی.

**ماددەی دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون:** بەڕێوەبەرێکی گشتیی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ خاوەن ئەزموون و کارامە بەڕێوەی دەبات و لەمانە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکانی ئەندازەیی و چاککردنەوە.

ت- بەڕێوەبەرایەتی ئامار.

ث- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.

ج- بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

**ماددەی یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دەستەبەریی کۆمەلأیەتی:** بەڕێوەبەرێکی گشتیی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ پەیوەست بەکاری فەرمانگە سەرۆکایەتی دەکات و پیادە کردنی یاسای کارو یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەلأیەتی کرێکاران لەو پرۆژانەی حوکمەکانی هەردوو یاساکە ئاماژەیان بۆ کرد, دەیانگرێتەوە لە کەرتی تایبەت و تێکەلأوو هەرەوەزی لە ئەستۆ دەگرێت و خزمەتگوزاریە پیشەسازیەکان ڕێك دەخات و سەرپەرشتی کارەکانی فەرمانگەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی دەستەبەری خانەنشینی کرێکارەکان دەکات و خاوەنی کەسایەتی مەعنەویەو ئەستۆی دارایی خۆی هەیە و لە لایەنی کارگێریەوە سەربەخۆیە.

**ئەم کارانەش لە ئەستۆ دەگرێت:**

1-ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی کار لە نێوان خاوەن کارەکان و کرێکاران لە میانەی دەستنیشانکردنی پابەندیەکان و مافەکانی هەریەکێکیان.

2- هاوکاریکردن و رادە دانان بۆ بێ کاری لە ڕێگای پەیدا کردنی ماوەی کار کردنی یەکسان بۆ بێ کاران و پیشتگیری کردنی پێویست بۆ دەرچووانی دەزگاکانی پیشەسازی و بۆ کردنەوەی شوێنەکانی تایبەتی بەخزمەتگوزاریە پیشەسازییەکان.

3- ڕاهێنانی کرێکارانی نوێ و کارامەکردنیان لە جۆرەها پیشەدا و پەرەپێدانی ئەزموونی ڕاهێنەران و سەرپەرشتیاران بەپێی پێداویستیەکانی بازاری کار.

4- دیار کردنی نزمترین رادەی کرێی کرێکارانی ڕانەهاتوو, کە نابێت ڕێککەوتن لەسەر کەمتر لەو کرێیە بکرێ و پێویستە پاراستنی یاساییان بۆ دابین بکرێ.

5- دابینکردنی پاراستنی پێویست بۆ دایکانی کرێکار, وەك پێداویستیەکانی دایکایەتی و پەروەردە کردنی منداڵان و ڕێکخستنی کاری نەوجەوانان بەو ئاستەی کە ڕێگای پێ دراوە, بەپێی یاسا کە تەمەنیان لە نێوان (15 – 18) ساڵ دەبێت و پاراستنیان لە ترسناکیەکانی کارو نەخۆشیە پیشەییەکان.

6- بڵاو کردنەوەی هۆشیاری پیشەیی بە جۆرێك مرۆڤ و کەرەستەو کارگەی پێ بپارێزرێت لە میانەی نەهێشتنی, یان کەمکردنەوەی بریندار بوون بە هۆی کارەوە.

7- دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کرێکارانەی دەکەونە ژێر سیبەری حوکمەکانی یاسای کار و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی, کە دەبێتە هۆی دڵنیا بوونی کرێکار سەبارەت بە دوارۆژی خێزانەکەی لە دوای خۆیدا, ئەوەش کرێکار هاندەدا بەدڵسۆزی کار بکات و دەبێتە هۆی زۆر بوونی بەرهەم لە لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە.

8- ڕێکخستنی خزمەتگوزاریەکانی پیشەسازی لە جۆرەها پیشەوەو هەموو پرۆژەکانی دەکەونە ژێر سێبەری یاسای ڕێکخستنی خزمەتگوزاریە پیشەسازیەکان تۆمار بکرێن و کار کردن لە پێناو جێنشین کردنیان لە کۆمەڵگای تایبەتیەوە بە جۆرێك خزمەتگوزاری پێویستیان بۆ دابین بکرێ, بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن و پەرەی پێ بسێنن.

9- پێشکەش کردنی قەرز بۆ خێزانان, بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی پرۆژەی بچووك, بۆ بەدەست خستنی داهات بۆیان, بەپێی یاسایەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروبیمەی کۆمەڵایەتی لەمانە پێك دێت:

1-سەنتەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەش و هۆبەو ئەرکەکانی بەپێی ڕێنمایەکان و پێداویستیەکانی کار دەستنیشان دەکرێ.

2- بەڕێوەبەرایەتیەکانی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکاندا.

3- بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکارخستن و ڕاهێنانی پیشەیی لە پارێزگاکاندا.

ماددەی دوازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ و خاوەن ئەزموون و کارامە سەرۆکایەتی دەکات.

ئەم ئەرك و فەرمانانەش دەگرێتە ئەستۆ:

1-پەککەوتەکان:

أ-نوێکردنەوەو زیاد کردنی پەیمانگەکانی ئامادە کردن و وانەوتنەوە بە پەککەوتەکان و دانانی پرۆگرامی وا کە بتوانن بەدوا قۆناغەکانی خوێندن بگەن.

ب- زیاد کردنی پەیمانگەکانی ئامادە کردن و راهێنانی پیشەیی و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی پشت بە خۆیان ببەستن بۆ پەیدا کردنی ماوەی کارکردن.

ج- هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا بە بۆچوونی نوێ بۆ وەرگرتنی منداڵی پەککەوتەو لەگەڵ کۆمەڵگادا تێکەڵاو بکرێتەوە.

2- دایەنگەکان:

أ-مۆڵەتدانی پێویست بەکردنەوەی دایەنگەکانی ئەهلی و نیمچە حکومی و حکومی و ئاسانکاریان پێشکەش بکرێ.

ب- سەرپەرشتی کردنی هەموو دایەنگەکانی ئەهلی و نیمچە حکومی و حکومی, بۆ دڵنیابوون لە مەرج و بەرزەفتکاریەکانی پێویست.

ج- خولی تایبەتی بۆ دایەنەکان لە هەموو دایەنگەکان بکرێتەوە بۆ پەرپێدانی تواناکانیان.

د- ئەو خالآنەی سەرەوە بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتی بەسەر دایەنگەکان پیادە دەکرێ.

3- خانەکانی دەوڵەت:

أ-هاندانی خێزانە بەدیلەکانی هەموو ئەو منداڵانەی لە دایەنگەکانن بەپێی ئەو رێنماییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دەرکراون.

ب- دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی گونجاو و چاودێری کردنی تەواو بۆ هەموو ئەو منداڵانەی یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە, بەردەوامبوونیان لە خوێندندا بۆ دابین بکرێ.

ج- دابین کردنی دایەنگەی تایبەتی بۆ منداڵانی تازە لە دایك بوو و بێ کەس و دابین کردنی پێداویستیەکانی یاسایی بۆیان بۆ ئەوەی بەپێی رێنمایی تایبەت تەبەنی بکرێن.

د- دابین کردنی ژیانێکی هێمن بۆ ئەو پیرانەی بەدەست لێك هەڵوەشانەوەی خێزانیەوە دەناڵێنن, لە شوێنێکی گونجاو نیشتەجێ بکرێن و بە رێك و پێکی چاودێری بکرێن.

4- سەنتەری دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی پێش وەختە و کارەکانی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئەنجام بدات.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەککەوتە لە پارێزگاکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە پارێزگاکاندا.

ماددەی پازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بووژاندنەوەی کۆمەڵایەتی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و خاوەن ئەزموون و کارامە سەرۆکایەتی دەکات و, ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی بووژاندنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی کارەکانی دەکات و کەسایەتی مەعنەوی هەیە و, لە لایەنی دارایی و کارگێریەوە سەربەخۆیە.

ئەمانەش دەگرێتە ئەستۆ:

أ-ئەوپەڕی بایەخدان بە تواناکانی منداڵ و فێرکردنی بە پێداویستەکانی ژیان لەمیانەی کردنەوەی سەنتەرەکان بۆ ئەم مەبەستە.

ب- پێشکەش کردنی یارمەتی دارایی بۆ ئەو خێزانانەی مووچەی چاودێری خێزان دەیانگرێتەوە.

ج- دروستکردنی دانوستاندنی دیموکراسیانە لەنێوان تاکەکانی خێزان, لە ڕێگەی توێژەرەوەکان و بەشداری کردن لە چارەسەر کردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ڕووبەڕووی خێزانەکان دەبنەوە.

د- چارەسەر کردنی ئەو شوێنەوارانەی کە لە بارو و دۆخەکانی لێك هەڵوەشانەوەی خێزان دێتەکایەوە لە ڕێگەی کردنەوەی سەنتەرەکانی تایبەت بەم مەبەستەوە.

هـ- پشتگیری کردنی جموجۆڵەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەجۆرێك لەگەڵ ئامانج و بۆچوونەکانی وەزارەت بگونجێت.

و- دامەزراندنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ خزمەتکردنی بووژانەوەی کۆمەڵایەتی و ڕێبازی دیموکراسی.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بووژانەوەی کۆمەڵایەتی لەمانە پێك دێت:

1-سەنتەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەش و هۆبەو گرنگیەکانی بەپێی ڕێنماییەکان و پێداویستیەکانی کار دیاری دەکرێت.

2- بەڕێوەبەرایەتیەکانی بووژانەوەی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان.

3- بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاراستنی منداڵی لە پارێزگاکاندا.

ماددەی سێزدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و لەمانە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورەکان لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

2- بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەت و نەوجەوانان لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

ماددەی چواردەم:

یەکەم: ئەرك و تایبەتمەندی و دامەزراوەکانی وەزارەت بەپێی سیستەمێك دیاری دەکرێت.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردن و جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو بەشەکان بکاتەوەو لێکیان بدات و هەڵیان بوەشێنێتەوە.

ماددەی پازدەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت و لەسەر وەزارەتەکان پێویستە حوکمەکانی جێ بەجێ بکەن.

ماددەی شازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان پرۆژەی یاسای وەزارەتی کارو کارباری کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان بدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی و یەکە یەکە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان, ئێستاش بفەرموون بۆ خوێندنەوەی خالی سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**یاسای ژمارە (   )ی سالی 2006**

**یاسای وەزارەتی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەو دەستەواژانەی لە خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بە مەبەستی ئەم یاسایە :-

1-هەرێم / هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

2-وەزارەت / وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

3-وەزیر / وەزیری شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

4-بریکاری وەزیر / بریکاری وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

5-ئەنجومەن / ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە :-

1-پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی ناوخۆیی و شارەوانی بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان لە ئاوی بێگەرد و دابین کردنی پێداویستیەکانی خەرجی تەندروستی و ئاوی باران و بنیاتنانی ڕێگاوبان و پرد و خەرج کردن لە ناو سنووری شارەوانیەکان و پەرەپێدانی خزمەت گوزارییە هەمەجۆرەکانی شارەوانی لە لایەن چەندایەتی و چۆنایتیەوە، بۆ ئەوەی شار و شارۆچکەکان بگرێتەوە، و بە دەنگ پێداویستیەکانی هاوولاتیانەوە بن لە دابین کردنی باخچەو یاریگاکان و هینانە دی پێداویستیەکانی دەوروبەرێکی پاك و تەندروست.

2-یارمەتیدانی پلاندانان و کارگێڕی و جێبەجێ کردنی بە جۆرێك بەشداری بکات لە بووژاندنەوەی ئابووری ناوخۆ لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی کاریگەر لە بەکارهێنانی زەوی و پلانی بنیاتنان.

3-کارکردن لەپێناوی ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی لە کەرتەکانی پەیوەست بەکارەکانی وەزارەت.

ماددەی سێیەم :

1-وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لەکارەکانی و سیاسەتەکانی ئاڕاستە دەکات و لێیەوە دەردەچێت و بە چاودێری ئەوەوە هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکان لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە وەزارەت و دامەزراوەکان و دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنەکان بە پێی یاسا جێبەجێ دەکات.

2-بریکاری وەزارەت: لە ئاراستە کردنی وەزارەت و چاودێریکردنی کاروبارەکانی بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی سپێردراوە هاوکاری وەزیر دەکات، دەبێ خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ بێت.

3-ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس پتر نەبێت، دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆبن و پسپۆر و خاوەن ئەزموون بن، پسپۆرایەتیەکەیان لەلایەن وەزیرەوە دەستنیشان دەکرێت.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لەمانە پێك دێت :-

1-وەزیر: سەرۆك

2-بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆك

3-نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری: نابێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت/ ئەندام

4-نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ: نابێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت/ ئەندام

5-نوێنەری وەزارەتی پیشەسازی: نابێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت/ ئەندام

6-نوێنەری وەزارەتی ژینگە: نابێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت/ ئەندام

7-بەڕێوەبەرە گشتیەکان: ئەندامن

8-هەر ڕاوێژکار و پسپۆڕیکی لێزان کە وەزیر لە ناوەوە و دەرەوەی وەزارەت هەڵی دەبژێرێ: ئەندامن

دووەم: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بەلای کەمی هەرسێ مانگ کۆبونەوەیە کی ئاسایی گرێ دەدات، یان هەرکاتێك پێویست بوو، ئەو کۆبوونەوەیە گرێ نادرێ تەنیا بە ئامادەبوونی سەرۆك یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکات.

ماددەی پێنجەم: وەزارەت لەم دامەزراوانەی خوارەوە پێك دێت:

1- سەنتەری وەزارەت لە مانە پێك دێت.

أ- نوسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات وچەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

ب- نوسینگەی بریکاری وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆ بەڕێوەی دەبات وچەند فەرمانبەرێك هاوكاری دەكەن.

ج- فەرمانگەی یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتی پشكنین.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.

و- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەكان.

ز- بەڕێوەبەرایەتی تەكنۆلۆژیای زانیاریەكان.

ح- بەڕێوەبەرایەتی پەرەسەندنی كارگێڕی وهونەری.

2- بەڕێوەبەرە گشتیەكان:

أ) بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێڕی ودارایی (دیوان) كە لەمانە پێك دێت:

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی كاروباری كارگێڕی وكارمەندان.

دووەم: بەڕێەبەرایەتی كاروباری دارایی.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریەكان.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی وردبینی وچاودێری دارایی.

ب) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وبەدواداچون لەمانە پێك دێت:

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان ولێكۆڵینەوەكان.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی خزمەتگوزاریەكانی شارەوانی.

ج) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی بیناكردن كە لەمانە پێك دێت:

1- سەنتەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی:

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی لیكۆڵینەوەو توێژینەوە.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی و بنچینەیی و بە دوورودرێژی.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچوونی جێبەجێكردنی نەخشەسازیەكانی دوورودرێژ.

2-بەڕێوەبەرایەتیەكانی پلاندانانی بیناكردن لە پارێزگاكانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك) پێیەوە دەلكێن.

د) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەكان لەمانە پێك دێت:

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێكۆڵینەوەو نەخشەسازیەكان.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆلی چۆنایەتی.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی بەرێوەبردنی پرۆژەكان.

هـ) بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی وئیشغال لە پارێزگاكانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك) هەر بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی لە مانە پێك دێت:

**یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی وئابووری.**

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان وبەدواداچوون.**

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شارەوانیەکان.**

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاووئاوەڕۆکان.**

**شەشەم: ئەو فەرمانگانەی لە خوارەوە هاتوون بە بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی شارەوانی وئیشغالی گشتی لە هەر پارێزگایەك دا دەلکێندرێن.**

**یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکان لە پارێزگادا.**

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی ناو سەنتەری پارێزگاکە.**

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر.**

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی پارێزگا.**

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی باخچەو پارکەکان.**

**و) سەرۆکایەتی شارەوانی لەهەرپارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم: سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی شارەوانی سەرۆکایەتی دەکات وبەپلەی (بەڕێوەبەری گشتی) دەبێ و ڕاستەوخۆ بەوەزارەتەوە پەیوەستە.**

**ماددەی شەشەم: وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسایەتی سروشتی ومەعنەوی لە لێزان وپسپۆرلەناو هەرێم ودەرەوەیدا گرێبەست مۆر بکات، بۆ ئەوەی گرنگی وئەرکەکانیان پێ بسپێرێ، بۆ ئەو ماوەیەی کە پێی باش بێت لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت و ماف و پابەندیەکانی لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکات، دوای ئەوەی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەن وەردەگیرێ.**

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم: بە پێی پەیڕەوی تایبەتی وەزیر گرنگی و پسپۆریەکانی دامەزراوەکانی وەزارەت دەستنیشان دەکات، وبەشەکان وئەرك وهۆبەو یەکەکانی دیکە دیار دەکات.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستی دا بەڕێوەبەرایەتی وبەشەکان وهۆبەی تازە دابهێنێ یان لێکیان بدات ویان هەڵیان بوەشێنێتەوە.**

**ماددەی هەشتەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنماییەکانی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**

**ماددەی نۆیەم: یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان وگەشت وگوزاری ژمارە (15)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێتەوە.**

**ماددەی دەیەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمییەوە جێبەجێ دەکرێ.**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرکردنی یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان وگەشت وگوزاری ژمارە(15) ی ساڵی 1992 دا تێپەریوە، لەبەر ڕێکنەکەوتنی لەگەڵ پێداویستیەکانی بارودۆخی ئێستای هەرێمی**

کوردستان ویەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی وپچڕانی پەیوەندی دەستەی گشتی گەشت وگوزار لە وەزارەت، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس, بەڕێزان پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان دەدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و یەکە یەکە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان, ئێستاش فەرموون بۆ خوێندنەوەی خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 2006**

**یاسای هەمووارکردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی**

**هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ماددەی یەکەم: ماددەی سێیەم هەڵدەوەشێتەوەو ئەوەی لە خوارەوە هاتووە شوێنی دەگرێتەوە:

(ماددەی سێیەم: دیوان بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەلکێندرێ).

ماددەی دووەم: ماددەی چوارەم هەڵدەوەشێتەوەو ئەوەی لە خوارەوە هاتووە شوێنی دەگرێتەوە:

ماددەی چوارەم: سەرۆکی دیوان بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم دادەمەزرێ ولەسەر پێشنیاری سەرۆك وەزیران پلەی وەزیر دەبێت و هەمان ماف ودەسکەوتەکانی وەزیری پێ دەدرێ).

ماددەی سێیەم:ماددەی پێنجەم هەڵدەوەشێتەوەو ئەوەی لە خوارەوە هاتووە شوێنی دەگرێتەوە:

(ماددەی پێنجەم: 1- ماوەی سەرۆکایەتی دیوان (4) ساڵەو دەتواندرێ نوێ بکرێتەوە، بۆ سەرۆکی هەرێم هەیە دەستی پێ لەکار هەڵگرێ یان دەست لە کارکێشانەوەی لە پۆستەکەی قبوڵ بکات لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران).

ماددەی چوارەم: دەستەواژەی( سەرۆکی هەرێم) شوێنی دەستەواژەی ڕابەری بزاڤی رزگاریخواز دەگرێتەوە لەهەر شوێنێك لەم یاسایەدا هاتبێ.

ماددەی پێنجەم: بڕگەی شەشەم لەماددەی چوارەم هەڵدەوەشێتەوەو ئەوەی لە خوارەوە هاتووە شوێنی دەگرێتەوە:

(شەشەم: دیوان ڕاپۆرتێکی (نیوەی ساڵ) پێشکەش بە سەرۆکایەتی هەرێم دەکات، بیروڕاکانی دەربارەی بارودۆخەکانی دارایی وکارگێڕی وئابووری لە مەیدانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا وئەو گرنگیانەی کە ئەنجامی دەدات دەردەبڕێ).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس, بەڕێزان پرۆژەی هەموار کردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان بدرێتە لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان, ئێستاش بفەرموون بۆ خوێندنەوەی خاڵی پێنجەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**

پێشەکی: پشت بە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و پرەنسیپی کۆماری عێراقی فیدراڵی و دیموکراسی، فرەلایەنی و بۆ قوڵکردنەوەی پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەلاَت لە نێوان حکومەتی فیدراڵی وحکومەتە هەرێمیەکان لەسەر بنچینەی ناسێنتڕاڵی لەگەڵ جەخت کردن لەسەر تایبەتمەندی نەتەوایەتی وجوگرافی هەرێمی کوردستان، و ناسینی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وەکوئەنجومەنی یاسادانان لە هەرێمدا، بە پشت بەستن بەو ئەزموونە دیموکراسیەی کە دە ساڵ دەبێ پیادەی دەکەین، کە لە سایەیدا دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بنیاتنرا و دەزگاکانی کارگێڕی پەرەیان سەند و بایەخدرا بە بەهێزکردنی کۆمەڵگەکانی ناسێنتڕاڵی و ئەنجومەنە ناوخۆییەکانی هەڵبژێردراو دامەزران، بۆ ڕێکخستنی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان، و پارێزگارە بەڕێزەکان بتوانن پلانە کارگێڕی و خزمەتگوزاری و بووژانەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە باشترین شێوە بەڕێوەببەن، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

**دەروازەی‌یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی (1): ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

دەوڵەت: کۆماری عێراق .

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەنجومەنی نیشتمانیی: ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

ئەنجومەن: ئەنجومەنی پارێزگا

سەرۆکی یەکەی کارگێری: پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە .

**دەروازەی دووەم**

**ئامانجەکان**

ماددەی (2): ئەم یاسایە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنە ناوخۆییەکان دەستنیشان دەکات، بۆ هێنانەدی پرەنسیپی ناسێنتڕاڵی لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ هاووڵاتیان، بە جۆرێك دادپەروەری لە دابەشکردنی سامانەکان مسۆگەر بکات و ماف و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمدا بپارێزێت، و باشترین توانا لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی ناوخۆ بهێنێتەدی و پەرە بە بەڕێوەبردنی ناوچە و شارەکان بدات.

**دەروازەی سێیەم**

**دامەزراندنی ئەنجومەنەکان**

ماددەی (3): لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەنجومەنی پارێزگا دادەمەزرێ و لە بودجەی هەرێم پشتگیری لێدەکرێ.

ماددەی (4): ئەنجومەن کەسایەتیەکی مەعنەوی سەربەخۆی هەیە.

ماددەی (5): ئەنجومەن پرۆژەی یاساکانی تایبەت بە پەرەسەندنی پارێزگا ئامادە دەکات و بۆلایەنەکانی پێوەندیداری بەرزدەکاتەوە بۆ تێڕوانین و تەواوکردنی ڕێکارەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بۆ بەیاسا کردنی.

ماددەی (6): ئەنجومەنی پارێزگاکان هەرە پێداویستیەکان کە دەستنیشان دەکات و دەیخاتە پاڵ ئەو پرۆژانەی فەرمانگەکانی تایبەتمەند پێشکەشی دەکەن، بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی ناوخۆیی کە لە پلانی ساڵانەی وەزارەتەوە هاتبێ لەمیانەی دەنگدانی 2/3 ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنانە پێشنیاری هەموارکردن بکات، بە مەرجێك ئەو هەموارکردنە نەبێتە هۆی بەزاندنی سنووری ئەو خەرجییە ئاماژە بۆکراوەی کە لە پلانی وەزارەتدا هاتبوو. یان لەگەڵ کاریگەری جێبەجێ کردنی ئامانجە نیشتمانی و هەرێمایەتیەکانەوە ناکۆك بێت.

ماددەی (7): ئەنجومەن دەسەڵاتی چاودێریکردن و پێشکەش کردنی ڕاسپاردە و باشتر بەڕێوەبرنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و شارەوانیەکان و نوێنەرایەتی کردنی بۆچوونی دەنگدەرانی هەیە.

ماددەی (8):

أ-ئەنجومەن دەسەڵاتی چاودێریکردن و ڕاسپاردەو سەرلەنوێ دامەزراندنی قەزاو ناحیە و دامەزراندن و گۆڕینی پلە و پایەکەی و ناوی و جێگیرکردن و هەموارکردنی سنوورەکەی و دابڕینی ناحیە لێی و لکاندنی بە قەزایەکی دیکەی هەیە و پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکات.

ب-ئەنجومەن بۆی هەیە ناحیە دابمەزرێنێ و هەڵیبوەشێنێتەوە، و سنوور و پایە و ناوی دەستنیشان بکات، بەمەرجێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە پەسەند بکرێت.

**ماددەی (9): ئەنجومەن بۆی هەیە بەدوای چۆنیەتی جێبەجێ کردن و بەرزکردنەوەی راسپاردە و تێبینیەکانی بۆ وەزارەتەکانی پەیوەست بە پرۆژەکان لە سەر ئاستی پارێزگا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و تەنیا بکەوێت.**

**ماددەی (10): پارێزگار مافی کاندیدکردنی سەرۆکی فەرمانگەی لاوەکی هەیە بە مەبەستی دامەزراندن، و بۆی هەیە فەرمانبەران بگوازێتەوە وەکو سەرۆکی فەرمانگەی لاوەکی.**

**ماددەی (11): ئەنجومەن بۆی هەیە لیژنەی تایبەتمەند دابمەزرێنێ و کۆبوونەوەکانی تایبەت گرێبدات و داوای راپۆرتیش بکات.**

**ماددەی (12):**

**1-گفتوگۆ کردن و لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە لاوەکی و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگا لەلایەن ئەنجومەنەوە و لە ڕێگای پارێزگارەوە بانگەشە دەکرێن.**

**2-پێشنیارکردنی ناولێنانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرەکانی ناوخۆ لە نێوان پالێوراوی پارێزگار بە پێی یاساکان و بەزۆرینەی دەنگی ئامادە بووان.**

**ماددەی (13): ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاکان و مەرجی بە ئەندامبوونیان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و ئەنجومەنەکان و خولی هەڵبژاردنەکان بە پێی یاسا دەستنیشان دەکرێت.**

**ماددەی (14): پارێزگار بە پێی هەڵبژاردنی نهێنی و راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، چۆنیەتی ئەو کارە و ماوەی خولی هەڵبژاردنەکەی بە پێی یاسا دەبێت.**

## دەروازەی چوارەم

## پارێزگارەکان و جێگرەکانیان

**ماددەی (15):**

**أ-پارێزگار هەرخۆی بەرپرسی کارگێری و ڕاپەراندنی باڵایە لە پارێزگادا، بەرپرسە لە بەردەم ئەنجومەنی پارێزگادا و ڕۆڵی ڕێکخەر و ئاڕاستەکردن و چاودێری جموجۆڵەکان دەگێڕێ لە کاتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەندا.**

**ب-جێگری پارێزگار بەرپرسە لە بەردەم پارێزگادا و لەکاتی ئامادە نەبوونی شوێنی دەگرێتەوە.**

**مادەدەی (16): بۆ پارێزگار و جێگرەکەی هەیە وەکو ئەندام لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن ئامادبن.**

## دەروازەی پێنجەم

## ئەنجومەنە ناوخۆییەکان

**ماددەی (17): هەر ئەنجومەنی پارێزگایەك بۆی هەیە و بە زۆرینەی دەنگ ئەنجومەنی شارەوانیەکان دابمەزرێنێ و ئەنجومەنە ناوخۆییەکانی دیکەی پەیوەست کە لەلایەنی جوگرافیەوە ڕێکی دەخات وەکو قەزاو ناحیە و گوند و کۆمەڵگەکان، ئەنجومەنی شارەکان و ئەنجومەنی گەڕەکەکان، هەر وەکو پێویستە بۆ**

فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی شارەکان بە شێوەیەکی یەکگرتوو و ڕێك و پێك.

ماددەی (18)؛ هەڵبژاردنی هەر ئەنجومەنێکی ناوخۆیی و ژمارەیان و چۆنییێتی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن و ئەو کار و ئەرکانەی کە پێی دەسپێردرێ بە پێی پەیڕەو دەبێ.

ماددەی (19)؛ ئەنجومەنە ناوخۆییەکان بە زۆرینەی دەنگ دەسەڵاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و جێگرەکانیان هەیە و دەست لەکارکێشانەوەشیان بە 2/3 دەنگی ئەندامەکانی دەبێ، کاتێ پۆستی سەرۆکی یەکەی کارگێری یان جێگرەکەی بە تاڵ دەبێ. ئەنجومەنە ناوخۆییەکان توانای ئەوەیان هەیە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی ئەنجومەنی ناوخۆیی سەرۆك یان جێگری سەرۆکی یەکەی کارگێڕی هەڵبژێرن.

## دەروازەی شەشەم

## سەرۆکی یەکەکانی کارگێڕی و جێگرەکانیان

ماددەی (20)؛ سەرۆکەکانی یەکە کارگێڕییەکان (قایمقام – بەڕێوەبەری ناحیە) بەرپرسن لە بەردەم ئەنجومەنی ناوخۆیی، سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، دەست دەکەن بە ئاڕاستەکردن و ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی جموجۆڵەکان لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنە ناوخۆییەکان و گرنگی پەیوەندی سەرەکی لەنێوان ئەنجومەنە ناوخۆییەکان و پارێزگاکان لە ئەستۆ دەگرن.

ماددەی (21)؛ جێگری سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بەرپرسە لە بەردەم سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و لە کاتی ئامادەنەبوونی کارەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.

ماددەی (22)؛ بۆ سەرۆکی یەکەکانی کارگیڕی و جێگرەکانیان هەیە لە کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەنە ناوخۆییەکان ئامادە بن.

ماددەی (23)؛ سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان ناو بە ناو لەگەڵ هەموو بەڕیوەبەرە کاراکانیان کۆدەبنەوە لەو ناوچە جوگرافیانەی کە دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتیکردنیان و سەرپشك کراون بەپێی یاسا و پەیڕەوەکانی پیادە دەکرێن، لە پێناو گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هاووڵاتیان.

## دەروازەی حەوتەم

## بەڕێوەبەرەکانی پۆلیس

ماددەی (24)؛لە هەر پارێزگایەکدا بەڕێوەبەری پۆلیس هەیە و بەرپرسە لە سەرپەرشتیکردنی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەی سروشتی مەدەنیان (غەیرە سەربازی)هەیە لە پارێزگاکەدا و لەلایەن وەزیری ناوخۆوە دادەمەزرێ و لەلایەن پارێزگارەوە کاندید دەکرێ.

ماددەی (25)؛ بۆ ئەنجومەن هەیە ، بە هەر هۆیەك لە هۆیەکان کە لەم یاسایەدا هاتوون، بە دەنگدانی 2/3 ی ئەندامەکانی، دەست بە بەڕیوەبەری پۆلیس لە کار بکێشێتەوە.

ماددەی (26): بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسی ناوخۆ و بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسی بەشە تایبەتمەندەکان لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگاوە و بە پەسەندکردنی پارێزگار دادەمەزرێن.

ماددەی (27): دەکرێ بە هەر هۆیەك لە هۆیەکانی لەم یاسایەدا هاتوون بە دەنگدانی 2/3 ی ئەندامەکانی ئەنجومەنی پەیوەندیدار، دەست بە بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوخۆ و بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسی بەشە تایبەتمەندەکان بکێشنەوە، بەڵام ئەوەی تایبەتە بە بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسی بەشە تایبەتمەندەکان ئەوانەی کارەکانیان پتر لە پارێزگایەك دەگرێتەوە، ئەوانە دەستیان پێ لە کار دەکێشرێتەوە بە دەنگدانی 2/3 ی ئەندامەکانی هەر ئەنجومەنێك لە ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی هەرێمدا.

## دەروازەی هەشتەم

## لابردن و دەست لە کارکێشانەوە

ماددەی (28): دەکرێ بە پێی ڕێکارەکان و یەکێك لەهۆیەکانی کە لەم یاسایەدا هاتووە دەست بە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگار و جێگرەکانیان، ئەندامانی ئەنجومەنە ناوخۆییەکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و جێگرەکانیان، بەڕێوەبەرەکانی پۆلیس و بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسی ناوخۆ، تەنیا لە کاری پۆستەکانیان بکێشرێتەوە.

ماددەی (29):

1- هۆیەکانی دەست لە کار کێشانەوە.

أ-پەککەوتەیی و لە دەستدانی لێهاتن

ب-ئەنجامدانی تاوانی ئابڕووبەر، دەرچوونی بڕیاری دادگای تایبەتمەند بە سەرکۆنەکردن و حوکمدان.

ج-بەد ڕەوشتی ترسناك لەناوەوە و دەرەوەی فەرمانبەرێتیدا.

د-خراپ بەکارهێنانی پۆست و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی کەسی.

هـ-گوێنەدان و کەمتەرخەمی بە ئەنقەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا.

و-لە دەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی گشتی هەڵبژاردن.

2- دەکرێ ڕەوانەی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاکانی پەیوەندیداری بکات بە گوێرەی یاساکان.

ماددەی (30): ئەوانەی سزادراون بە دەست لە کارکێشانەوەیان بە پێی ماددەکانی (28 ، 29)ی ئەم یاسایە، قەدەغە دەکرێت لە وەرگرتنی هەر پۆستێك لە حکومەتی هەرێمدا بۆ ماوەی (5)ساڵ لە ڕۆژی دەست لە کارکێشانەوەیان، بەدەر لە بڕگە (أ)ی مادەی (29)ی ئەم یاسایە.

ماددەی (31): ئەو کەسانەی دەستیان پێ لە کاری پۆستەکانیان کیشراوەتەوە یان لە فەرمانبەرێتی گشتی بە پێی ماددەی (30) ئاماژە بۆ کراو مافی تۆمارکردنی داوایان لە بەردەم دادگاکانی هەرێمدا هەیە و ئەگەر دادگا بڕیاری ئەوەی دا کە ئەو دەست پێ لە کار کێشانەوەیە یاسایی نیە، ئەو کاتە دەتوانن بۆ خزمەتی گشتی بگەڕێنەوە.

**دەروازەی نۆیەم**

**ماف و تایبەتکارییەکانی ئەندامانی ئەنجومەن**

**ماددەی (32): پاداشت و تایبەتکارییەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پێی یاسا دیاری دەکرێت.**

**ماددەی (33): ئەندامانی ئەنجومەن بە درێژایی ماوەی ئەندامەتیان(متفرغ) پەرتەوازەن و لە حاڵەتی کۆچی دوایی کردن و پەککەوتن لەماوەی ئەندامەتی لە ئەنجومەندا بە خانەنشین دادەنرێن.**

**ماددەی (34): ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم مافی پاراستنی یاساییان هەیە جگە لەتاوانەکانی بینراو.**

**ماددەی (35): خزمەتی ئەندام لە ئەنجومەندا بۆ مەبەستەکانی سەر مووچە (علاوە)و بەرزکردنەوە و خانەنشین کردن حیساب دەکرێت.**

**ماددەی (36): کار بە هیچ دەقێکی پێچەوانەی ئەم یاسایە ناکرێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس, بەڕێزان پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بدرێتە لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی شارەوانی و لیژنەی دارایی و ئابووری و یەکە یەکە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان, ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنی ژمارە (26) لە 2007/1/8 دەهێنین و دانیشتنی داهاتوومان لە رۆژی یەك شەممە کە دەکاتە 2007/1/14 کاتژمێری (11)ی بەیانی دەبێت, بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان, هەروەها گفتوگۆ لەسەر یاسای (إطفاء), ئەمڕۆ تا سبەی پرۆژەکە دەگاتە دەستتان بە چاپ کراوی, کۆتاییمان بە دانیشتنەکە هێنا زۆر سوپاس.**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركوكى)**
**جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى**
**كوردستان – عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (27)**

**یەك شەممە رێكەوتی 14\1\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (27)

## یەك شەممە رێكەوتی 2007/1/14

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2007/1/14 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (27)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (27)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای مافی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای كوژاندنەوە و جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانیەكان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان, دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (27)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2007/1/14دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی هەموارکردنی یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز چنار سعد عبداللە وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەکەین, کە لەگەڵمان حازرە, زۆر بەخێر بێ سەرچاو, داوا لەو لیژنانە دەکەین, ئەوانەی ڕاپۆرتیان ئامادە کردووە, لیژنەی یاسا و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی دارایی بێن دابنیشن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان, هەریەکەو یەك بێن جێگاتان دەبێتەوە, هەر ڕاپۆرتی لیژنی مافی مرۆڤ و لیژنەی یاساییە؟ لیژنەی دارایی نیەتی؟ باش, فەرموو لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی خۆی.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان هەستا بەلێکۆڵینەوەی پڕۆژەی یاسای مافەکانی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان—عێراق, کە ڕەوانە کرابوو بۆمان, دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان ڕۆژی 2007/1/8 بە ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندیدار گفتوگۆمان لەسەر کردو دوای ڕا گۆڕینەوە لەسەر لیژنەکەمان ئەم ڕاسپاردەو پێشنیارانەی خوارەوەی هەیە:

1- سەبارەت بە بڕگەی (6)ی ماددەی یەکەم لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کە دووبارە دابڕێژرێتەوە و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

6- شەهید: هەر کەسێکە گیانی خۆی لەدەست دابێت لە سەنگەری خەباتی چەکداری یان سیاسی بۆ بەرگریکردن لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستانی لە دژی ڕژێمە ستەمکارە یەك لەدوای یەکەکاندا یان لەسەرەنجامی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)یان کردەوە جەنگیەکانی دژ بە گەلی کوردستان, بەم جۆرەی خوارەوەش پۆلێن دەکرێن:

أ- شەهیدی خەباتگێڕ: هەر کەسێکە خۆی کردبێتە قوربانی لەسەنگەری خەباتی چەکداری یان سیاسی یان هەردووکیان لە دژی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان لەکاتی بەرگری کردن لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و ئەوەی لەدوای دا هات.

ب- شەهیدی کۆمەڵکوژی: هەر کەسێ شەهید بووبێ یان گیانی لە دەست دابێت بەهۆی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی لەکاتی تاوانەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یان هەڵمەتە سەرکوتەکەرەکانی دژ بە بارزانی و فەیلیەکان ئەنجامدرا.

ج- شەهیدی هاوولاتی: هەر کەسێ شەهید بووە یان گیانی لەدەست داوە بەهۆی کرداره جەنگیەکان یان کردەوە تیرۆریستیەکان یان لەکاتی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان.

– سەبارەت بە ماددەی سێیەم لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە دابڕێژرێتەوە و بەمجۆرە بخوێندرێتەوە:

ماددەی سێیەم:- ئەوانەی بەر حکومی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەکەون لە ڕێگای سەلماندن بە بەڵگەنامە رەسمیەکان دیاری دەکرێن, لەکاتی نەبوونی دا بەڕێگای یاسایی لەبەردەم دادگاکان و لایەنە پەیوەندی دارەکانەوە دەسەلمێندرێت.

2- سەبارەت بە بەندی (دووەم) لەماددەی چوارەم لە پرۆژەکەدا لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کاتی بەسەرچوونی بۆ ڕەتکردنەوەی شکایەتەکە (التظلم) لە (10) ڕۆژ بکرێتە (30) ڕۆژ.

– سەبارەت بە بڕگەکانی (4, 5) (دووەم) لەهەمان ماددە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات دادگاکانی باری کەسی تایبەتمەند بن بە دیتنی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دروست دەبن لە جیاتی دادگاکانی (بداءة).

– سەبارەت بە بڕگەی (6)-دووەم- لەهەمان ماددە لیژنە پێشنیار دەکات لابدرێت, چونکە هەر بەم جۆرە دەبێت و زیادە.

4- سەبارەت بە ماددەی (پێنجەم) لیژنە پێی وایە شەهیدەکان بەم جۆرە پۆلێن بکرێن:-

یەکەم: شەهیدی خەباتگێڕ.

دووەم: شەهید کۆمەڵکوژی.

سێیەم: شەهیدی هاوولاتی.

5- سەبارەت بەبڕگەی (1) لەماددەی شەشەم، لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە دابڕێژرێتەوە و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:

یەکەم: کەس و کاری شەهیدانی خەباتگێری و کۆمەڵکوژی و هاوولاتیان مافی خانە نیشینیان دەبێت بەپێی پەیڕەوێکی تایبەت کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

– سەبارەت بە بڕگەی-3- (دووەم) لەهەمان ماددە لیژنە پێشنیار دەکات وشەی (یان مێرد)ی بۆ زیاد بکرێت.

– سەبارەت بە بڕگەی-3-(سێیەم) لەهەمان ماددە لیژنە ڕای وایە وشەی (مێرد)ی بۆ زیاد بکرێت.

6- سەبارەت بە بڕگەی -3- (یەکەم) لەماددەی هەشتەم لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە دابڕێژرێتەوەو بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:

3- سەبارەت بە شەهیدبوونی زیاتر لە کەسێك لەهەمان خێزان ئەوا مووچەکانیان بە پێی پێرەوێکی تایبەت وبەم ڕێژانەی خوارەوە دادەنرێت.

بەهیوای سەیرکردنی و خستنەڕووی پرۆژەی ئەسڵی و لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایی لەسەری بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن و دیاری کردنی ڕای گونجاو سەبارەتی. لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهربان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ

لیژنەکەمان لە ڕۆژی 2007/1/10 کۆبوونەوەیەکی تایبەتی سازدا, بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرۆژەی یاسای مافەکانی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوی هەرێمی کوردستان- عێراق, کە لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەکرابوو, پاش لێکۆڵینەوە ئەو ڕاسپاردەو پێشنیارانەی خوارەوەمان لەلا گەلاڵە بوو:

1- سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە بڕگەی (7) بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

(کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان مێردو ژنان و کوڕو کچ و باوك و دایك و خوشك و برایەکان یان ئەو کەسانەی کە بەبڕیاری دادوەری شەهید و ئەنفالکراو بە خێوی دەکردن)

2- سەبارەت بە ماددەی چوارەم بڕگەی (2) ماوەی (10) ڕۆژە بکرێ بە (30) ڕۆژ.

3- سەبارەت بە ماددەی شەشەم:

یەکەم: دووبارە دابڕێژرێتەوەو بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

1- کەس و کاری شەهید و خەباتکاری ئەنفالکراو و هاووڵاتی بەپێی یاسایەکی تایبەت مافی خانەنشینیان هەبێت.

– سەبارەت بە (دووەم) لەهەمان ماددە بڕگەی سێیەم بەم شێوەیە بێت:

کچ تاوەکو دادەمەزرێت یاخود شوو دەکات.

– سەبارەت بە دەستەواژەی بەپێی ڕێنمایەکانی وەزارەت دەریدەکات لاببردرێت.

– سەبارەت بە دووەم لەهەمان ماددە بڕگەی شەشەم ئەم دەستەواژەی بۆ زیاد بکرێ, بەهەمان مەرجی کوڕو کچی شەهید خانەنشینیان بۆ خەرج بکرێ.

– سەبارەت بە سێیەم لەهەمان ماددە بکرێت بە دوو بڕگەو بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

1- بەشی باوك و دایك تا لە ژیاندا مابن سەرف بکرێ.

2- بەشی ژن و مێرد تا ئەو کاتەی خێزانێکی نوێ پێك دەهێنن, سەرف بکرێ.

چوارەم: سەبارەت بە ماددەی هەشتەم (1) بڕگەی یەکەم, بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:-

خانەوادەی شەهیدی خەباتکار و کیمیاباران و ئەنفال و هاوولاتیان یەکەیێکی نیشتەجێبوونیان لە شوێنی لەدایك بوونی خۆی بۆ دابین بکرێ.

– سەبارەت بە دووەم لەهەمان مادده برگە دووەم (کچان)ی بۆ زیاد بکرێ.

ئەوانەی سەرەوە راسپاردەو بۆچوونی ئەندامانی لیژنەکەمان بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ هەردوو لیژنە یاسایی و مافی مرۆڤ, ئێستا دێینە سەر ئەسڵی ماددەکە, مادده بە مادده دەیخوێنین, ئینجا رای لیژنەی یاسایی و رای لیژنە مافی مرۆڤ و رای جەنابی وەزیر وەردەگرین و دەرگاش دەکەینەوە بۆ موناقەشە, فەرموو بۆ خوێندنەوەی ئەسڵی یاساکە و, موقتەرەحەکەی لیژنە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کاك زانا پڕۆژەی یاساکە بەکوردی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای مافەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان_عێراق

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی یەکەم: ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن, بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2-وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

3-وەزیر: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

4-یاسا: یاسای ماف و تایبەتکاریەکانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

5-ئەنفالکراو: هەرکەسێك ژیانی لەدەست دابێ, یان زەرەرمەندبێ, یان تا ئێستا چارەنووسی نادیار بێ لەئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان.

6-شەهید: بە شەهید دادەنرێت هەر کەسێك ژیانی لە دەست دابێ بەپێی ئم پێناسانەی خوارەوە:

أ-شەهیدی خەباتگێر: هەر کەسێك بە گیانی خۆی لە سەنگەری خەباتی چەکدارانەدا قوربانی دابێ یان لە خەباتی سیاسی، یان لە هەردووکیان دژبە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان لە بەرگری کردندا لە بزافی رزگاریخوازی کوردستان و ئەوەی لە دوایدا هاتووە.

ب-قوربانیـانی جینۆسـاید: هـەر کەسـێك ژیـانی لەدەسـت دابـێ, لـە ئـەنجامی تاوانــەکانی کۆمــەڵکوژی (جینۆساید) لـە کـاتی تاوانـەکانی ئـەنفال یـان بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـاوی یـان لـەناوبردن و داپڵۆسـینی بارزانی و فەیلییەکان.

ج- قوربانیـان لـە هاوولاّتیـان: هـەر کەسـێك شـەهید بـووبێ، یـان ژیـانی لەئـەنجامی کارەکـانی جـەنگ یـان کردەوەیەکی تیرۆر یان لەکاتی کۆچەڕەوی ملیۆنی گەلی کوردستان لەدەست دابێ.

7- کەس و کاری قوربانیان و ئەنفالکراو: مێردو ژنان و کوڕ, باوك, براکان, خوشکان, یان ئەو کەسـانەی بـە بڕیاری دادوەری، شەهید بەخێوی دەکردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ, موقتەرەحتان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە بڕگەی حەوتەم, بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

(کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوان: مێردو ژنان و کوڕو کـچ و بـاوك و دایـك و خوشـك و برایـەکان، یـان ئەو کەسانەی کە بەبڕیاری دادوەری شەهید و ئەنفالکراو بە خێوی دەکـردن)، لـەوێ تـەنها کـوڕ هەیـە کـچ نییە, ئێمە لێرە کچیشمان ئیزافە کردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی خاڵە هینەکانتان بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بەکوردی.

1- سەبارەت بە بڕگە (6)ی ماددەی یەکـەم لیژنەکـەمان پێشـنیار دەکـات کـە دووبـارە دابڕێژرێتـەوە و بـەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

6- شـەهید: هـەر کەسـێکە گیـانی خـۆی لەدەسـت دابێـت لـە سـەنگەری خـەباتی چـەکداری یـان سیاسـی بـۆ بەرگریکردن لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستانی لە دژی رژێمە ستەمکارە یەك لەدوای یەکەکاندا یان لەسەرەنجامی تاوانەکانی کۆمـەڵکوژی (جینۆسـاید) یـان کـردەوە جەنگیـەکانی دژ بـە گـەلی کوردسـتان, بـەم جۆرەی خوارەوەش پۆلێن دەکرێن:

أ- شەهیدی خەباتگێڕ: هەر کەسێکە خۆی کردبێتە قوربانی لەسەنگەری خەباتی چەکداری یان سیاسی یـان هەردووکیان لە دژی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان لەکاتی بەرگری کردن لە بزاڤی رزگاری خوازی کوردسـتان و ئەوەی لەدوای دا هات.

ب- شـەهیدی کۆمـەڵکوژی: هـەر کەسـێ شـەهید بـووبێ یـان گیـانی لـە دەسـت دابێـت بـەهۆی تاوانـەکانی کۆمەڵکوژی لەکاتی تاوانەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیـاوی یـان هەڵمەتـە سـەرکوتەکەرەکانی دژ بە بارزانی و فەیلیەکان ئەنجامدرا.

ج- شەهیدی هاوولاتی: هەر کەسێ شەهید بـووە یـان گیـانی لەدەست داوە بـەهۆی کـردارە جەنگیـەکان یـان کردەوە تیرۆریستیەکان یان لەکاتی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی یاسایی لێرەدا شەهیدی پێناسە کردووە لەماددەی شەش زیادە, هەروەها بڕگەکانی (ب, ج) لـەجیاتی (ضحایا) کـراوە بـە شـەهید, لـە جیـاتی قوربـانی کـراوە بەشـەهید, کـە بەعەرەبیەکـەی بـەم شێوەیە:

1- فيما يتعلق بالفقرة (6) من المادة الأولى تقترح اللجنة اعادة الصياغة وتقرأ كالآتي:

6- الشهيد: كل مـن فقـد حياتـه في خنـدق الكفـاح المسلح أو النضـال السياسـي دفاعـا عـن الحركـة التحريريـة الكوردستانية ضد الأنظمة القمعية المتعاقبة أو نتيجة جرائم الإبادة الجماعية أو الأعمـال الحربيـة العدوانيـة ضد شعب كوردستان, ويصنف وفق التعريفات التالية:

أ- الشهيد المناضـل: كـل مـن ضـحى بنفسـة في خنـدق الكفـاح المسلح أو النضـال السياسـي أو مـن جرائهمـا ضـد الأنظمة المتعاقبة دفاعا عن الحركة التحريرية الكوردستانية.

ب- شهيد الأبادة الجماعية: كل من استشهد أو فقد حياته نتيجة جرائم الأبادة الجماعية أثناء جرائم الأنفـال أو استعمال الأسلحة الكيمياوية أو الحملات القمعية ضد البارزانين و الفيليين.

ج- الشهيد المواطن: كل من استشهد أو فقد حياته نتيجة الأعمال الحربية أو الأعمال الإرهابية أو أثناء الهجـرة المليونية لشعب كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار, هیچ موڵاحەزەیەکت هەیە لەسەر هەردوو ئیقتیراحی لیژنەی مافی مرۆڤ و یاسایی؟

**بەڕێز چنار سعد عبداللە/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی لیژنەی یاسایی دەکەم, ماندووبووینە پێکەوە دانیشتین, هەروەها بەڕێزان لـە لیژنـەی مـافی مـرۆڤ دیـارە موڵاحـەزاتیان هەیـە, بـەڵام ئێمـە لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی ڕێککـەوتین لەسـەر ئـەو گۆڕانکاریانـە, گۆڕانکاریەکان لە مەزمون گۆڕانکاری دروست ناکات, بـەڵکو تـەنها ڕێکخسـتنی تەکنیکیـە, بۆیـە ئێمـە هـیچ مانیعەتمان نییە، لەگەڵ لیژنەی یاساین, ئەوەی کە لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژەی پێدا باسـی کچیان کـردووە, دیارە لە کوردیەکە دەرنەچووە, بـەڵام لـە عەرەبیەکە هەیـە، بۆیـە پـێم وایـە شـتەکە هەیـە، پێویسـت بـە گۆڕانکاری ناکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من یەك رجام هەیە, تەبعەن كە موناقەشە دەكەن لەسەر ماددەكە موناقەشە بكەن, لە ماددەی یەكەم ئەو تەعریفاتانە نەچنە سەر مەبادئێكی تر، هەریەك بۆ چوونێكی هەیە, یەعنی موناقەشەكە حەسر بكەن, بە خودی ماددەكە, تكایە، ئەوەی دەیەوێ قسە بكات دەستی بەرزبكاتەوە؟ ناوتان دەنووسم, خاتوو پەخشان, كاك كاملا, مامۆستا انور, كاك ئارێز, كاك بارزان, كاك دلێر, شێخ جعفر, پیر خدر, كاك رشاد, خاتوو سارە, كاك سردار, سۆزان خان, د0 هالە, د0 ناصح, كاك حاتم, كاك عوسمان, خاتوو كەژاڵ, كوردستان خان, كوێستان خان, كاك دیلمان, محمد حكیم, د0 شوكریە, د0 نوری, گەلاوێژ خان, ڤیان خان, كاك بكر, كاك عادل, تكام وایە ئەگەر  یەكێ رەئیەكی هەبوو ئەوەی تر هەمان رەئیی تیكرار نەكاتەوە و, هەریەكە لەئێوە بۆی هەیە دوو دەقە قسە بكات, چونكە ماددەی ترمان هەیە وهەر بەیانیشمان لەبەردەست دایە, هەروەها قانونی تریشمان هەیە, ئێستا دەستی پێدەكەین, فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێناسەكەی لیژنەی یاسایم بۆ شەهید, عەرەبیەكە دەڵێ (الأعمال الحربیة العدوانیة ضد شعب كوردستان, ویصنف كالتالی) ئیتر تعریفاتی ناوێ، چونكە لەسەرەوە تەعریفی كردووە, (الشهید المناضل, شهید العملیات الأبادة الجماعیة, الشهید المواطن) خەباتگێڕو ئەوانەی ئیبادەی عەملیاتی جەماعی هەر هاوولاتین, بۆیە پێم باشە ئەوە ببێت بە شەهیدی مەدەنی, لە بڕگەی (7)ی هەمان ماددە, ئێمە لەسەرەوە تەعریفی شەهید كراوە لەبەر ئەوە پێویست ناكا موئەنفەل و زەحایە هەر بڵێین كەس و كاری شەهیدان, یەعنی عەوائیلی شەهیدان, سوپاس.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەقەرەی (ج), باس لە قوربانیانی هاوولاتی دەكا, لەشوێنیكیان زۆر بە فراوانی باسی دەكات لەئەنجامی شەڕ، لەئەنجامی كام شەڕە؟ ئەوانەی كە قوربانی هاوولاتین لەئەنجامی كام شەڕە؟ ئەو شەڕەی كە سەپێنراوە بەسەر گەلی كوردستاندا دەبێ ئەوە بێ, دەنا ئەوە زۆر فراوانە, نەوەك ئەو شەڕانەی كە دژی گەلی كوردیشە دەیگرێتەوە, بە رەئیی من دیاری بكرێت, ئەوەی تریش لە كاری دژە تیرۆری یان ئیختلال كردنی سیاسی بە رەئیی من بخرێتە سەر فەقەرەی (أ) یان بكرێتە شەهیدی خەباتگێڕ, ئەوانەی كە لەئەنجامی كارێكی تیرۆرستیدا, ببێتە شەهیدی خەباتگێڕ, هەر تەنها ئەو دوو تێبینیەم هەبوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێشنیار دەکەم, هەر پێنج، شەش کەس قسەی کرد جەنابی وەزیر وەڵامیان بداتەوە, ئەو بڕادەرانەی تریش ئەگەر قسەکانیان کراوە و وەڵامیان دراوەتەوە ئەوا بڵێن قسەکانمان کراوە بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە وەخت بکەین, مامۆستا انور فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە بەڕێز جەنابی وەزیر هەیە, لەتەعریفی شەهیددا باس لە جینۆساید و, سەنگەری خەبات دەکات, بەڵام لەپاش کۆڕەوەکە خەڵکەکی زۆر دەست بەسەرکراو گیراو بزربوو, نەهاتنەوە تا نیوڕانەکەی یەعنی تەقریبەن ئەحکامەکەی عورفی بوو, لەهەولێر چوار سەد، پێنج سەد نەفرە, یەعنی پرسیارەکەم ئەوەیە ئەوانە لە چ بابێك جێگەیان دەبێتەوە و, چ ناوێکیان لێئەندرێ؟ چونکە لەپاشی قانونی وەزارەت شەهید و ئەنفالکراوان گوێم لەخەڵکانێك بوو باسی ئەو کەسانەیان دەکرد, کەمن مەجموعەیەك دەناسم, بزانن ئەوانە لە کوێ جێگایان ئەبێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم, ناوی یاساکە (قانون حقوق ذوی الشهداء) بێت و بەس, چونکە کە ئێمە دەڵێین قانونی شوهەدا و موئەنفەلین یەعنی جیا دەکرێتەوە, ئەمە یەك.

دوو: ئەگەر جیاش نەکرێتەوە ئەوا ناوی شەهیدانی کیمیاباران نەهاتووە, مادەم ئێمە لەخوارەوە پۆلێنی شەهیدمان هەیە هەر یاسای کەس و کاری شەهیدان بێت و بەس, پاشان (الشهيد المناضل) پێشنیار دەکەم بگۆڕێ و بکرێتە (شەهیدی بەرنگاربوونەوە و شەهیدی ڕووبەڕوو بوونەوە), چونکە ئەوانەی لە شەهیدانی کیمیاباران و شەهیدانی ئەنفالکراوەکان خەڵکی خەباتگێڕو تێکۆشەر بوون, مادەم تەسنیفەکە کراوە من پێشنیار ئەکەم بکرێتە شەهیدی بەرنگاربوونەوە یان شەهیدی ڕووبەڕوو بوونەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە شەشەم, پێناسەی شەهید کراوە دەڵێ (هەر کەسێك کە گیانی خۆی لەدەست دابێت لە سەنگەری خەباتی چەکداری یان سیاسی بۆ بەرگریکردن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان) خۆی بۆ بەرگریکردن لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان نییە, بزووتنەوەی رزگاریخوازی خۆی هەموو بەرگریکردنە لە گەل و لە نیشتمانی کوردستان، پێویستە ئەمە ئاڵوگۆڕی تیادا بکرێ, چونکە بزووتنەوە بە تێکڕایی بەرگریکردن بووە و, شەهید لەناو بزووتنەوەدا بووە, یەعنی سەردەمی بزووتنەوە رزگاریخوازیەکە وای لێبکرێ، یان بۆ بەرگریکردن لە گەل و نیشتیمان وای لێبکرێ, ئەمە یەك.

دوو: لە پێناسەی شەهیدی خەباتگێڕدا, لێرە دەڵێ (هەر کەسێك کە خۆی کردبێتە قوربانی لەسەنگەری خەباتی چەکداری یان سیاسی یان هەردووکیان) دیارە شەهید لە یەك سەنگەر شەهید دەبێ, سیاسی یان

چەكداریە, من پێناسەیەكی ترم نووسیوە, ئەگەر بە پەسندی بزانن (شەهید هەر كەسێك كە لەپێناوی گەل و نیشتیمان لەسەنگەرەكانی خەباتدا گیانی خۆی بەخشی بێ, جا ئەو سەنگەرە زیندان بێ یان سەنگەری پێشمەرگایەتی یان هەر شتێكی تر بێت) پێم وایە جوانتر لایانەكان دەگرێتەوە.

لە (ب)دا كاتێك باسی لە بارزانیەكان و ئەنفالەكان دەكرێت، بێگومان ئەوە دوو كارەساتی گەورەن, بەلام ئێمە دەزانین لەوەتی بەعس هاتۆتە سەر حكوم لە 68 بەرنامەی جێنۆ سایدی كوردی هەبووە, سەرەتا لە فەیلییەكان دەستی پێكرد لە سالی 75 و 70و لە سالی 80, 85 بەرە بەرە قورسی كردیە, یەعنی تاریخی جینۆسایدی كورد یان پرۆگرامی بەعس لە قڕكردنی گەلی كوردستان, كو بلێین تاریخەكەی كەم دەكەینەوە, من پێم وایە ئەم تایبەتمەندیە نەبێ, چونكە لەو رۆژەی كە بەعس هاتە سەر حكوم بەرنامەی قڕكردنی كورد یان لەناو بردنی گەلی كورد بەهەر وەسیلەیەك هەبوو, بەلام كە دەلێین بارزانی و فەیلییەكان جیای ئەكەیتەوە، من پێم وایە هەمووی بەرنامەكەی ئەوە بووە, لەبەر ئەوە ئەوانەش شەهیدن بەبێ ئەوەی ناویان بێنین, ئەوە ئەچێتە تاریخی جینۆ سایدی كورد, شەهیدی هاوولاتیش, هەروا پێم وایە شەهیدی قڕكردنە, لەبەر ئەوە بەرنامە هەبووە، بۆیە ئەو هەموو شەهیدە هەبووە, یەعنی ئەوەیش پێویست ناكا تایبەتمەندی بۆ بكرێ, چونكە بەشێكە لە شەهیدی كۆمەلكوژی یاخود شەهیدی بەرنگار بوونەوەیە یان شەهیدی دەستی قڕكردنی گەلی كوردستانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سرەی یەكەم وابزانم تەواو, جەنابی وەزیر خاتوو چنار وەلامیان دەداتەوە, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك باپیر پرسیارەكەی باسی حەربیەكانی كرد, لێرەدا مەبەست ئەوەیە هاوولاتی هەیە بە فرۆكە شەهید بووە, لە نەتیجەی ئەوەی مەقەڕاتی پێشمەرگە لە شوێنك بووە لە گوندێ قەسفی كردووە, رەنگە هەدەفی مەقەڕات بووە, بەلام گوندەكە زۆربەی بەر قەسەفەكە كەوتووە یان تۆپ باران كراوە, یان قەسفی تەیارە یان ئەلغام زۆر جار هاوولاتی بۆتە قوربانی ئەو كارەساتانە, بۆیە كە دەلێین حەربی، مەبەستمان لەو خەلكانەیە كە بەم كارەساتانە دەڕۆن, بەلام سیڤلن واتە مەدەنینە, دوایی لە شوێنكی تر باسی كۆڕەو كرا, مامۆستا باسی كرد وتی ئەوانەی لە كۆڕەو شەهید بوون، ئەدی ئەوانەی كە لەناو شارەكان مەفقود بوون, بێگومان ئێمە كە باسی كۆڕەو دەكەین جگە لەوانەی كە لەكۆڕەكە، لە رێگایەكە شەهید بوون, ئەوانەش دەگرێتەوە كە لەناو شارەكان مەفقود بوون, یەعنی دەچێتە ناو ئەو پێناسەیە. كاك بارزان باسی ناونیشانی یاسایەكەی كرد, بێگومان ناونیشانی یاسایەكەمان وەكو ناونیشانی وەزارەت هەلبژاردیە, وەزارەتەكەمان

نـاوی وەزارەتـی كاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالكراوەكانـە كـاك زانـا چـەمكەكەت بەشـێوەیەكی تـر هێنـا ئەنفالكراوەكان, بۆیە ئێمە یاسایەكەمان ئەم ناوە لێنایە.

ئەوەی تر كاك ئارێز لە هەندێك لە موستەڵەحات باس دەكا, منیش لەگەڵ كاك ئارێزم, ڕەنگە هەندێ كەم و كورتی لەمەسەلەی داڕشتنی جوملەكان هـەبێ، گۆڕانكاری پێویسـتە چـەند بتـوانین دەوڵەمەنـدی بكـەین ئیشكال نییە, بەڵام لەمەسەلەی تاریخی فڕكردن كاك ئارێز دەڵێ تاریخەكە زۆر كورت كرایەتەوە, كـاك ئـارێز لێرە باسی ئەوە دەكا (نتیجة جرائم الابـادة الجماعیـة), دەڵـێ تـاوانی كۆمـەڵكوژی مانـای ئەوەیـە سـەقفێكی زەمـەنی دانـەناوە, لەكەیـەوە دەسـتی پێكـردووە كۆمـەڵكوژی؟ لـەو تاریخـەی كـە جـەنابت باسـی دەكـەی لـە حەفتایەكان و شێستەكان, ئینجا ئێمە بەعەمدەن ئـەو ناوانـەمان بـاس كردیـە, (سـەدام حسـین) لـە 88 بـە ڕەسمی ناوی لە ئەنفال نا, ئینجا ئێمە بۆ تاریخ ئەمانەوێ بـە قـانون تەسـبیتی بكـەین, مەسـەلەی ئیبـادەی بارزانیـەكان و فەیلییـەكانیش ئەمـە شـتێكی جیـاوازە لەگـەڵ ئـەنفالی 88 لەبـەر ئـەوەی (سـەدام حسـین) ئەوانەی لە 83 یەكێ تریـان لـە 79 لـە 80 دەسـتی پێكردیـە, ئێمـە بـۆ تـاریخ دەمانـەوەێ ئـەم جەریمانـە تەسبیت بكەین لێرە, بەڵام كە دەڵێین قەمعی جەرائیمی ئیبـادەی جـەماعی, مانـای وایـە هـیچ تاریخێكمـان نییە, لە شەستەكان حیسابی بۆ بكەین, پێم وایە وەڵامەكان هەر ئەوەندە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ تەوزیحات, تەوزیحاتەكان پێم وایە ڕاستن, بەڵام یەك جومەلە هەیە لە تعریفی شـەهید كـە دەڵێ (دفاعا عن الحركة التحریریة كوردستانیة), ئەو موڵاحەزەیەی كە درا, ئەگەر بكرێ ببێتە (دفاعـا عـن شعب كوردستان و الحركه التحریریه الكوردستانیه) ئەگەر وابكرێ ئـەو مانایـەی كـە كـاك ئـارێز داوای كـرد دەیگرێتـەوە, یـەعنی هـەردووكی دەگرێتـەوە, (الشـهید المناضـل) ئـەو موڵاحـەزەی كـە درا وەكـو شـەهیدی سـەنگەر وایـە, دەبـێ فـەرقێك هـەبێ, ئـەو كەسـەی بـە ئیختیـاری خـۆی بڕیـار دەدات بچێتە نـاو (الحركـة التحریریـة) ببێتـە پێشـمەرگە خـەبات بكـات, هـەردووكیان لەنەتیجـە شـەهیدن, بـەڵام فـەرقیان هەیـە، یـەكێكیان بـەئختیاری خـۆی شـەهید بـووە, ئـەوەی تـریش شـەهیدە لـە نەتیجـەی سیاسـەتی دوژمـن, بۆیـە زەروریە ئەو تەفسیرە لێرە هەبێت, بۆ ئەوەی زوڵم لەوانەی دواوە نەكەین, لـەم لاوە دەسـت پێدەكـەین, د0 هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبڕگـە (6) (ب) كۆمـەڵكوژی (جینۆسـاید) نییـە, (جینۆسـاید) یـەعنی تـەتهیر عیرقـی, یـەعنی پاكتـاوی نـەژادی, هیـوادارم ئـم تەرجومەیـە چاك بكـرێ و, پرسـیارێكم لـە جـەنابی وەزیـر هەیـە, بەنیسـبەت ئـەو كەسانەی زیانی جەستەییان لێكەوتووە لە ئەنجامی كیمیاباران ماون شەهید نەبووینـە, ئەوانـە سـەر بـەكام وەزارەتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە شێك لەو تێبینیانەی كەوا من تۆمارم كردووە, بەشێك لەبرادەران ئاماژەیان بۆ كرد, منیش لەگەڵ بۆچوونی پەخشان خانم كە دەڵێ (شەهیدی مەدەنی چاكترە لە شەهیدی سیڤل), سەبارەت بە شەهیدی خەباتگێڕ بكرێت بە شەهیدی بەرنگاربوونەوە, بەلأم پرسیارێكم هەیە لە جەنابی وەزیر, لەماوەی 64 تاوكو 97 بەهۆی شەڕی ناوەخۆ كۆمەڵێك خەڵك كوژران, بەو تەعریفەی لێرە هاتووە ئەوانە ناگرێتەوە, حەز دەكەم جەنابی وەزیر ئەوەمان بۆ روون بكاتەوە ئەوانە دەچنە چ قالبێكەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شەهیدانی شەڕی ناوەخۆش هەر شەهیدن, چونكە لەئەنجامی بیروباوڕێك بووە, ئەگەر چی ئەوە لاپەڕەیەكی سلبیە لاپەڕەیەكی ناخۆشە لە خەباتی گەلەكەمان لە مێژووی گەلەكەماندا, بەلأم شەهیدن ئەوەش ئەسبابێكی تایبەتی هەیە لەتەواو بوونی ئەو حەرەكەیە, حەرەكەی تەحەرروری كوردی, لاپەڕەی گەشی هەیە سەربەرزیە و, لاپەڕەی ناخۆشیشی هەیە، ئەمانە قوربانیانی سیاسەتی غەڵەتن، كە لایەن هەندێك سەركردە پەیڕەو كرایە بۆتە هۆی ناكۆكی, تەبعەن بەشێكی بەهۆی بەردەوامی سیاسەتی دوژمنان بووە تەئسیری كردووە, لەبەر ئەوە شەهیدانی شەڕی ناوەخۆ هی هەر لایەك بن شەهیدن وەكو شەهیدی سەنگەر, ئەمەش بە ئیتیفاقە لە قیادەی سیاسی لە قانونی شەهیدان لە هەردوو ئیدارەوە ئیعتباری بۆ كراوە, بەڵێ د0 نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم ئەوەبوو بەو تەعریفەی كەوا لێرە هاتووە, ئەوان ناگرێتەوە بەو چەشنەی كەوا لێرە پێناسە كراوە چاپكرێ, بۆ ئەوەی ئەوانیش بگرێتەوە من مەبەستم ئەمە بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەحقیقەت ئێمە نامانەوێ لە قانونێك تەوسیقی ئەو وشەیە بكەین, كەنامانەوێ تیكرار بكرێتەوە لەبەر ئەوە ئەو وشەیە لەقانون تەوسیق ناكرێ, بەلأم شەهیدی ناوەخۆ شەهیدن وەكو شەهیدی سەنگەر ئیمان و بڕوای هەبووە و بیروباوەڕی هەبووە بە حیزبەكەی، تاریخ ئیسپاتی كردووە هەردوو لا، هەر سێ لا، هەر چوار لا هەمووی غەڵەت بوون, بەلأم شەهیدەكان شەهیدن، جێگای ئیحتیرامن و هەموو حقوقێكیان هەیە، هەموو مافێكیان هەیە، لێرەدا لە شەهیدی سەنگەر دەیان گرێتەوە بەبێ ئەوەی تەعریف بكرێت, د0 ناصح فەرمەوو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێش هەموو شتێك ئەو تەسەلسولەی دانراوە, (5) بچێتە جێگای (6) و (6) بچێتە جێگایی (5), چونکە شەهید ناوێکی پیرۆزە و, پلەیەکی بەرزە لە خەباتدا, بۆیە شەهید بخرێتە پێش موئەنفەلینەوە, ئەمە یەك.

دوو: بەنیسبەت شەهید کە پۆلین کراوە, (أ) نووسرایە (شهيد المناضل), من پێم وایە (أ) بکرێتە دوو بڕگە باشترە لەوەی کە بەم شێوەیە بێت, چونکە لێرە دیسان پۆلین کردنی پێویستە, ئێمە شەهیدی پێشمەرگایەتیمان هەیە, پێشمەرگە وەکو ئەزانین بە ئارەزووی خۆی ئەو رێبازەی هەڵبژاردووە, خۆی ژیانی خۆی خستۆتە مەترسی بۆ ئەوەی خەبات بکات لە پێناوی کورد و کوردستاندا و, ئەوەی کە ماوەو نەمردوون, بەلآم شەهیدی زیندوون, چونکە خوای گەورە ئەوانەی نەبردۆتەوە، ئەگینا شەهیدن, لەبەر ئەوە شەهیدی پێشمەرگایەتی هەبێت, تەبعەن ئەوانەی لەناو خەباتی پێشمەرگایەتی مردن ئەوا شەهیدی پێشمەرگایەتی بیگرێتەوە, هەر لەناو (شهيد المناضل) بکرێتە شەهیدی خەباتی سیاسی و کوردایەتی و کوردستانی بە عەرەبیەکەی (شهيد النضال السياسي في الحركة التحريرية الكوردستانية ) ئەوە جیادەکرێتەوە, راستە شەهید هەر شەهیدە بەلآم لێرە شەهیدی سەنگەر, کە ئەڵێین شەهیدی سەنگەر مەبەستمان شەهیدی پێشمەرگایەتیە پێش هەموو شتێك, ئەوانی تریش هەر شەهیدن، بەلآم شەهیدی خەباتی سیاسین, بۆیە (أ) بکرێتە دوو بڕگە وەك (شەهیدی پێشمەرگایەتی, شەهیدی خەباتی سیاسی کوردایەتی و کوردستانی).

بەنیسبەت ئەوەی تر کەنووسرایە (في النضال السياسي), تەبعەن بکرێتە کورد و کوردستانی, بڕگەی (ب) نووسرایە (ضحايا الابادة الجماعية) لێرەش پێم وایە پێش و پاش بکرێ باشترە, چونکە ئەگەر بەپێی تەسەلسول بێ دەبێ ئێمە بڵێین شەهیدانی شەستەکان, چونکە لە شەستەکان شەهیدی ئیبادەی جەماعیمان هەبوو, وەك لە کویسنجاق و سلێمانی لەزەمەنی (زەعیم صەدیق) خەڵکیان بەدارێ دەکردو زیندە بە چاڵ دەکردن, بۆیە دەبێ بڵێین شەهیدی شەستەکان ئینجا باسی بکەین و پۆلینیان بکەین (الفيليين والبارزانيين) ئەوانەی لە حەفتاکان یان هەشتاکان ئیستعمالی ئەسلیحەی کیمیایی یەعنی تەسەلسولەکە بەم شێوەیە بێت, دووبارەی دەکەمەوە, شەهیدی شەستەکان, شەهیدی حەفتاکان, هەشتاکان بۆیە پۆلین بکرێن باشترە (الفيليين و البارزانيين), ئینجا دوایی جەرائیمی ئەنفال و ئیستعمالی ئەسلیحەی کیمیاوی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر هەر تەسنیفی دەکەین, یەکێ لە تەسنیفەکان شەهیدی سەنگەر بێت, پێم وایە شەهیدی سەنگەر لەسەرووی هەموو جۆرەکانی تر بێت, ئەمە تێبینی یەکەم. پاشان لە بڕگەی (أ) لە تەقریری راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە, لەئاخیرەکەی نووسرایە (ئەوەی لەدویدا هات), ئەوە نەمێنێ وازح نییە, (لەدویدا هات) ئەی (کەی دەدرێت), یەعنی من پێم وایە ئەمە لابىردرێت, پاشان هەندێ

ئستیفسارم هەیە لەهەندێ جۆری کوشتن, ئێستا هەیە ئەم جۆرانە دەچنە کام تەسنیفەوە, بۆ نموونە ئەوانەی کە لە موزاهەرە, ئەو گەنجانەی کە رووداوێك دەبێ موزاهەرە دەکەن لە شارێك دەکوژرێن, دوو: ئەوانەی لە رێگا تەقەیان لێئەکرێ هاوولاّتین بەتایبەت ئەمریکیەکان, زۆر جار لەڕێگا و بان, یان ئەو دوو, سێ رووداوەی کە لەم ماوەیە لە کوردستان روویدا, دابەزین و گەڕەکێك تۆق ئەکەن بۆ ئەوەی بە شوێنێك بگەن, دەبینین هاوولاّتی پێوە ئەبێ, سێیەم: تۆپ باران, هەندێ جار ناوچەکانی کوردستان تۆپ باران دەکرێ و لەم لاو ئەولاو هاوولاّتی بەر دەکەوێ, ئەم جۆرە هاوولاّتیانە لە چ جۆرە تەسنیفێك جێیان ئەکاتەوە وەزارەتی شەهیدان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موعالەجە کراوە لە ئیقتراحی لیژنەی قانونی, خۆی لیژنەی قانونی ئەمەی لابردووە, ئەوانی تریش هاوولاّتین ئەوانە لێرە موعالەجە ناکرێ, مومکینە بە قانونێکی تایبەت موعالەجە بکرێ, یان بە هاوولاّتی ئیعتیباری بۆ بکرێ, ئەگەر نا هەموو رۆژێك قومبەلەیەك, حادیسەیەك دەبێ, یان بەغەڵەت هێزەکانی بیانی کە لێرە شەڕی ناوخۆ ی شەهیدانە بەغیری ئەو تەعریفاتە زۆر بچێتە ناو تەفسیلاتێکی زۆر لەهەدەفەکەی دەردەچین, پێم وایە ئەگەر چی دوایی جەنابی وەزیریش جوابی بداتەوە, گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاویژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی (4) تەعریفی قانون ( قانون حقوق وامتیازات ذوی الشهداء والمؤنفلین) کەچی عینوانی قانونەکە ( قانون حقوق ذوی الشهداء), یەعنی بدون ئیمتیازاتە, ئەمە یەك. بەنیسبەت فەقەرەی (6) برگەی (2) هەروەك کاك ئارێز فەرمووی پاڵپشتی دەکەم, تەنیا ئەوەی دەمەوێ زیاتر روونی بکەمەوە هەروەك ئەوەی جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا کە دەڵێ ( ئەنفال تەحدیدی نەکراوە) و, کاتێ ئەسنائی ئەنفال, جەرائیمی ئیستخدامی ئەسلیحەی کیمیای ئەوا وەختە تەحدید دەکرێ, کەچی ئێمە ئەگەر ئیبادەی جەماعی بێ، ئەگەر ئەنفال بێ کراوە پێش شەستەکانیش, بەنیسبەت ئێمەی گەلی کلدو ئاشووری لە ساڵی 33 ئیبادەی جەماعیمان کراوە, ئایا ئەوانە ناچنە ژێر ئەو قانونە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی (5) (المؤنفل)( کل من فقد حیاتە إو تضرر) بە قەناعەتی من زۆربەی خەڵکی کوردستان موتەزەرير بووینە لەئەنفال و عەمەلیات, ئەوە دەبێ تۆزێك موحەدەد بێت, ئەگەر بڵێین (تعوق) یەعنی عەوقی پێ گەشتبێ, ئەوە رەنگە لە زیمنی قانونەکە بێتن, بەلاّم موتەزەرير زۆر فراوانە مومکنە تەحەمولی زۆر تەفسیرات بکات, من لەگەڵ رەئیی پەخشان خانم کە شەهید دوو شەهید بێت, شەهیدی عەسکەری و مەدەنی بێت, مەدەنی هەموویان دەگرێتن, هەتا ئەنفال, ئیبادەی جەماعی, هەموویان دەگرێتەوە, هەر لەبڕگەی شەش دا پاش جەرائیمی ئیبادەی جەماعی یان ئەعمالی حەربی, ئەعمالی حەربی فراونترە، ئەگەر

ببێتە عەملیاتی عەسكەری دگەل مولحەقاتی سیاسی, چونكە زۆر خەڵك لەناو زیندانەكان عەزابیان خواردووە و شەهید بووینە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, قسەكانم كران.

**بەڕێز كوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەشەهیدان و ئەنفال ئێمە هەرچی بكەین بۆیان هەر كەمە, بەلام بەنیسبەت پێناسەی شەهید كە لێرە پێناسەی كراوە, شەهیدی خەباتگێڕو شەهیدی سەنگەر, بەلام لێرە شەهیدی تریشمان هەیە, بۆ نموونە خەباتی سیاسیان كردووە, ئەوانە حەقە شەرحێكیان بۆ بكرێ, یان ئەو جۆرە شەهیدانە چ جۆرە سەنفێك دەیان گرێتەوە, بۆ نموونە شەهیدمان هەیە لەحەپسەكانی سەدام ئیعدام كراون, یان لەژێر ئەشكەنجە كوژرانە و شەهیدكرانە, ئەوانە دەبێ باس لێبكرێن, مەسەلەن قەسف، هەتا ئێستا هیچ باس نەكرایە لە هیچ ئیعلامێك، وەكو دیاریشە بەدەیان كەسمان ئەلەوێ ئیعدام كرایە, بۆیە ئێمە پێمان خۆشە باس لەم وشەیە بكرێ وەكو نموونە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە شەهیدی خەباتگێڕ دەیگرێتەوە, خاتوو كەژاڵ.

**بەڕێز كەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, پێشنیارەكەمیان وت.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نوسخە عەرەبیەكەم لایە لە ئەسڵی قانونەكە, لە بڕگەی (ب) ئەوە ئیزافە بكرێ بۆ ئەوەی ئێمە قسە لەسەر پاداشتێك بكەین بۆ كەس و كاری شەهیدان, ئەوانەی كە ماون, ئەگینا قوربانیانی ئێمە لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە دەست پێدەكات، لەشۆڕشی شیخ مەحمودەوە دەست پێدەكات, هەتا ئەو قوناغە ئەبڕین ئێمە قوربانیمان داوە, لە پێناوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كورد, ئەمە ئەچێتە مێژووی قوربانیانی شەهیدانەوە, بەلام كە قسە لەسەر پاداشت دەكەین بۆ ئەوان دەكەین, ئەوانەی كە ئێستا زیندوون و, رەنگە لەكەس و كاری شەهیدان و ئەنفالی ئێستاش هەبێ و, واریسیان نەمابێ ئێمە پاداشتیان بدەین، بۆیە ئەو دوو بڕگەیە جیاوازن و, ناكرێ مێژووی شەهیدان و قوربانیانمان ون بكەین. لە بڕگەی (ب)دا دەكرێ بڵێین دوای ئەوەی كە ئاماژە ئەكرێ بە بارزانییەكان و فەیلییەكان بڵێین یان هەركەسێكی تر

بەم شێوازە گیانی لەدەست دابێ, چونکە لەوانەیە خەڵکێك بێن رووبەڕووی ئەوە ببنەوە, مەسەلەی زیندانی سیاسی ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە بەتایبەت لە ئەنفالەکان قوربانیەکی زۆر گڕاوەتەوە تەئسیر لە جەستەیان هەیە و بریندارانی کیمیاباران، ئەوانیش شەهیدی زیندوون، دەکرێ لەم وەزارەتە لەبەرچاو بگیرێت, بۆیە ئەو دوو لایانە من بە پێویستی دەزانم لەم ماددەیە ئاماژەی پێبدرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم سرەی دواوە تەواو بوو, ئێستا رێگا بە جەنابی وەزیر خاتوو چنار ئەدەم وەڵامیان بداتەوە ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ چ رەئیەکان هەبوو قسەی بکەن.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیر شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگوڵناز خان دەست پێدەکەم, ئاخیر قسە بوو, هەندێك تێبینی هەبوو لەسەر مەسەلەی شێوازی داڕشتن و مەسەلەی تاریخ, دەکرێ دەستکاری بکرێ, دوایی بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی یاسایی, بەڵام مەسەلەی زیندانە سیاسیەکان یان ئەوانەی موتەزەریر بووینە, بەڕاستی ئەوە حەقیقەتە دەمەوێ بەهەموو برادەران بڵێین, ئەو وەزارەتە تەعامول لەگەڵ ئەو کەسانە دەکا، ئەوانەی کە گیانیان لەدەست دایە, نە ئەوانەی کە زیندوون یان جەستەیان موتەزەریر بووە, یان ئەوەتە زیندانی سیاسی بووینە, یەعنی مەعنەویەن موتەزەریر بووینە, بۆیە دەبێ ئیختیساس هەبێ, یەعنی تەوزیعی ئیش هەبێ، دەکرێ موئەسەسەیەك ئامادە بکرێ لێرە بۆ زیندانە سیاسیەکان دابنرێ و, حکومەت پرۆژە یاسایەك لێرە ئامادە بکرێ تەنها بۆ کاری خزمەت کردنی ئەو کەسانە بێ, چ لەخەباتی شۆڕشگێڕی, ئەوانە چاودێری بکرێن, بەڵام ئێمە وەکو وەزارەت تەنها چاودێری ئەو کەسانە دەکەین کە خەڵکەکانیان لەدەست دایە, واتە قوربانیانی ئێستا,

کوردستان خان ببورە, ئەگەر پرسیارەکەت دووبارە بکەیتەوە, مەسەلەی قەسف ئەوانە دەچێتە سەنفی پێشمەرگە, یەعنی دەچێتە نیتاقی پێشمەرگەی سەنگەر, ئەوانەی کە هاووڵاتیشن کە لەنەتیجەی قەسف گیانیان لەدەست داوە, دەچنە نیتاقی شەهیدی هاووڵاتی (مەدەنی).

من پێم باشە, پەخشان خان و کاك دیلمان ئیشارەیان بەوەکرد موستەلەحی (مەدەنی), ئەگەر بەکاربهێنین لەبەر ئەوەی ئەوانی تر هاووڵاتی کوردستانی چ لە وەزعەکە ناگۆڕێ, رەنگە زۆر دەقیق تر بێت, دەکرێ دوایی گۆڕانکاری تیادا بکەین, کاك دیلمان باسی موئەنفەلینی کرد, تەبعەن کاك دیلمان ئێمە لێرە موئەنفەلین بەشێوەیەکی عام پێناسە دەکەین, لەبەر ئەوەی قانونی دیکەمان هەیە, یاسای وەزارەتەمان هەیە لەوێ ئیشارەتی پێکردیە, یاسایەکی تریشمان هەیە ئێستاکە دەمانەوێ بیدەینە پەرلەمانی بەغدا, کوتلەی کوردی، قانونی تەعویزاتە کە زیاتر تایبەتە بە خەڵکی کوردستان کە لە نەتیجەی جەرائیمی ئیبادەی جەماعی موتەزەریر بووینە, لەوێ پێناسەمان کردیە, بۆ ئەوەی پێچەوانە نەبێ لەگەڵ تەعریفی قانونەکانی دیکەدا.

ئێمە بەشێوەیەکی عام تەعریفی دەکەین (کل من فقد حیاتە) ئـەوە ئێمـە تـەعاملی لەگـەڵ دەکـەین واتـە دەبێت شـەهید, بـەلام ئـەوەی موتـەزەریرە, یـەعنی بـەس سـەروەت و سـامانی لەبەردەسـتی نـەماوە، خـۆی زیندووە, ئەوا ئێمە دەمانـەوێ لـە ڕێگـای قـانونی تـەعویزات حکومـەتی عێـراق مولـەزەم بکـەین, بۆئـەوەی تەعویزات وەربگرن, بەلام ئێمە تەعامول لەگەڵ ئەوانە ناکەین ئەوە خـۆی زینـدووە, خـۆی خـۆی دەژێنـێ, بەلام ئەوەی لایەزال مەسیری مەجهولە, تەبعـەن خـەڵکێکمان هەیـە مـەفقودن, ئـەوەبوو کـاک د0 دلێـر زۆر پێی داگرت, زۆریش ڕەئیەکەی لە جێی خۆی بوو لەقانونی وەزارەت, خەڵکانێك هەن مەسیریان دیـار نییـە, ئێمە تەعامول لەگەڵ ئەوانە دەکەین کە مەفقودن و, ئەوانەی کە شەهیدن, بەلام ئەوانەی کە موتـەزەریرن لێرە عەمدەن ئێمە باسی ئەکەین بۆیە تەعریفەکەمان بەشێوەیەکی مـەشمول بـاس کردیـە, بـەلام وەزارەت کە تەسنیفی شەهید دەکا لێرە دیارە, ئەوانەی لە ئیبادەی جەماعی ژیانیان لە دەست دایـە ئێمـە حقوقیـان دەدینێ, نەك ئەوانەی موتەزەریر بووینە مادییەن, دوای گەلاوێژ خان باسی قانونەکەی کـرد, سـەبارەت بـە ناونیشانەکەی ڕاسـت دەکـا, لێـرە لەسـەر دێـری ناونیشـانەکە قـانون حقـوق و ئیمتیازاتـە, دیـارە ئیمتیـازات نەهاتیە, ئیمتیازەکە زیـاد بکـرێ, دیـارە ئـەوە هەڵـەی تەبعـە, باسـی ئـەوە دەکـا لـە سـاڵی 33 ئاشـووریەکان ئیبادەی جەماعی کراوە, گەلاوێژ خـان ئەگـەر وارسـی شـەرعیان مایـە وەکـو شـەهید لـەلای ئێمـە حقوقیـان دەبێ, وەکو هاوولاتیەکی کوردستان هیچ ئەشکال نییـە, ئێمـە دەڵێین ئەسـنائی ئیبـادەی جـەماعی، کەواتـە ئەگەر ئیبادەی جەماعی ئەو سەردەمەش کرابێ دەیگرێتەوە. د0ناصح باسی تەسـنیفی شـەهیدی کـرد بـەو شێوەی کە باسی کرد, دەکرێ چەندین جۆری تەسنیف بکرێ, بـەلام بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەوەی ئیتیفـاقی لەسەر کرایە ئەوەیـە, بـەلام ئـەو بـاس دەکـات تەسـنیفێك بـۆ پێشمەرگایەتی, خـەڵکانێك هەبووینـە لـەناو تەنزیمی داخیلی لە شارەکان, بەلام پێشمەرگایەتیان نەکردیە، چەك لەشان نەبووە لە دەرەوە, مەسیری ئـەو ناچێتە ژێر سێبەری شەهیدی سەنگەر بەپێی ئەو تەسنیفەی کە جەنابت دەیڵێی, بۆیە پێویستە ئـەوانیش بە سەنگەر دابنێین, چونکە تـەنزیمی داخیلـی مەبەسـتی چـەکی لەسـەر شـان نـەبووە, ڕەنگـە زیـاتر ترسـی لەسەر بووبێ لەسەر ژیانی، لە نەتیجەی ئـەوەی ڕژێـم موتابەعـەی کردیـە. جـەنابی د0 نـوری باسـی سـاڵی (64)و شەڕی براکوژی و ئەو مەسائیلانە دەکا, پـێم وایـە جـەنابی سـەرۆك پەرلـەمان وەلامەکـەی دروسـت بوو, ئەو کەسانەی کە لەم ماوەیە بەداخەوە ئێمە قەت تەشجیعی ئەوانـە ناکـەین, بۆیـە لـەم یاسایە نـەمان ویست ئاماژەی پێبکەین, لەبـەر ئـەوە نامانـەوێ شـەرعیەت بـە شـەڕی براکوژی بـدەین, ئەسـڵەن نامانـەوێ ئاماژەی پێبکەین, دەمانەوێ لە بیری بکەین نەك دووبارەی بکەینەوە, بەلام ئەوانـە بـە ئیتیفـاق پێشـتریش بە شەهیدی سەنگەر لەقەڵەم دراینـە, لەبەرئـەوە هەریەکـە لەوانـە شـەهید بـووە لـەپێناوی مەبـدەئێك کـە گیانی خۆی لەدەستداوە خۆی کردۆتە قوربـانی, پـێم وایـە وەلامـەکان هـەر ئەوەنـدە بـوون, ئەگـەر نەقسـی هەبێ داوای لێبوردن دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, داوا له ليژنەی ياسايی دەكەم ئەو مولاحەزەتانەی كە پەسەند دەكرێ لەلايەن جەنابی وەزيرەوە, وەكو مولاحەزە وەريبگرن, دوايی ئيزافە بكەن بۆئەوەی پێش تەسويت بيڵێين, جگە لەوەش نامەو شتی زۆرمان بۆ هاتيە, لە هەندێ رێكخراو و سەنتەر, موهتەمن بە مەسائيلی شەهيدان و ئەنفال, هەندێكيان پێشنيارن, پێشنيارەكان جێيان لێرە نييە, موناقەشەی لەسەر بكەين, پێشنيارەكە بۆ حكومەت، بۆ وەزارەتەكانە, وەك زياد كردنی مووچە, ئەوانە هەمووی موفتەرەحاتە دەكرێ ئێمەش پشتگيريان لێبكەين, هەندێك داواكار هەيە ئيمكان نييە, مەسەلەن دەڵێن ئەو ياسايە دەبوايە كەس و كاری شەهيدان ببينن, چۆن دەكرا ياسايەكی ئەوها دابەش بكەين, بۆ ئەوەی كەس و كاری شەهيدان ببينن و, رەئيی لەسەر بدەن, ئەی وەزارەت نوێنەرانی ئەوان نييە, ئەی ئێوەی پەرلەمان نوێنەرانی ئەوان نين, هەموو حزبە سياسيەكان و ئەو سەنتەر و رێكخراوانەی كە موهتەمن بە مەسائيلی شەهيدان، ئەوانيش نوێنەری ئەوانن, پێشنيارێك تەقديم دەكەن تەعبير لەوان دەكەن, ئەگەر رابوەستين لەسەر موناقەشەكردنی ياسا لەلايەن كەس و كاری شەهيدانەوە بە چەند ساڵێك ياسا دەرناچێت, لە هەموو حاڵەتێكدا ئەگەر ئەو ياسايەش دەربچێت مانای ئەوە نييە كۆتاييە و ناگۆڕێت, ئەگەر لە رووی عەمەليەوە رۆژێك وەزارەت بينی يان پەرلەمان بينی, پێويستی بە هەمواركردن هەيە، پرۆژەيەك تەقديم دەكات لەبەر رۆشنايی وەقايعی ئەم ياسايە كە دەرتان كردووە, ئەگەر لەواقيعەتدا شتێك هەبوو پێويستی كرد دەوڵەمەندی بكەن, چاكی بكەن, ئەوا ديسان بەهەمان شێوەيە، دەتوانين دەستكاری بكەين, چونكە هيچ شتێك نييە بڵێين تەواو ئيجباريە سەد لەسەدا, بەحقيقەت ئيشەكانمان بۆ ئەوەی قانونەكان زوو دەربچەن تەوحيدی بڕيارەكان و قانونەكان پێبكرێ لەنەتيجەی دوو ئيدارەيەكەی دروست بووە, ئەمەش يەكێكە لەوان, بۆيە دواخستنی باش نييە, دەربچێت ئەگەر كەم و كوڕی تێدا بوو دواتر دەتوانين هەمواری بكەين, كاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەوزوعی شەهيد, پێناسەی شەهيد زۆر ئاسان نييە, لەبەرئەوە رەنگە هەريەكە بۆچوون و پێناسەيەكی هەيە بۆ شەهيد, من پێناسەيەكم بۆ شەهيد ئامادە كردووە هاوشێوەی پێناسەكەی ليژنەی ياسايە بەڵام گۆڕانكاريم تيادا كردووە, بەم شێوەيە:

(شەهيد ئەو كەسەيە كە گيانی لەدەست دابێ, بەهۆی بزووتنەوەكانی رزگاريخوازی گەلی كوردستان لە دژی رژێمە ستەمكاريە يەك لەدوای يەكەكانی عێراق لە ئەنجامی تاوانەكانی جينۆسايد يان كردەوە جەنگيەكان دژ بە گەلی كوردستان يان لەئەنجامی كردەوە تيرۆريستيەكان), سەبارەت بەو پۆلين كردنەش، من لەگەڵ ئەو پۆلينە نيم, چونكە لەكوردستان خەڵكێكی زۆر شەهيد بووينە, بۆ نموونە كاك محمد حكيم ئاماژەی بە چەند جۆرە شەهيد بوونی خەڵكی داو, من ئەيهێنمە بيرتان ئەو سنوورانەی كە دەمج بوون لەگەڵ

حکومەت دا کۆمەڵێك خەڵك لە پێناوی مەعیشەتدا چوون, بۆ ئەوەی بژێوی ماڵ و منداڵیان دەرکەن, لەوێ شەهید بوون, ئەگەر بەو پۆلینە بڕۆین ئەو شەهیدانە لێرە جێگایان نابێتەوە, جا بۆیە لێرە ئێمە تەنها ئەگەر لەسەر پێناسە عامەکە بمێنینەوە ئەو کاتە ئەوە بەجێبهێڵین بۆ وەزارەت بە گوێرەی ئەو بەڵگە رەسمیانەی کە ئەیسەلمێنێ, ئەو کەسە چۆن شەهید بووە؟ لەکوێ شەهید بووە؟ دەتوانێ وەزارەت خوێ تەعامولیان لەگەڵدا بکات, ئەو پۆلینە زۆر کەس لەوانەیە بێ بەش بێت, لەو مافانەی کە لەم یاسایەدا هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ریزبەند کردنی شەهیدان کارێکی ئاسان نییە, زەحمەتە وەکو زۆربەی برادەران ئاماژەیان پێکرد, بەلاّم ئێمە لێرە دانیشتینە مێژووی گەلەکەمان, مێژووی خەبات و سەروەری میللەتەکەمان دەنووسینەوە, بۆیە پێویستە ریزبەندی شەهیدەکان بکەین, مەسەلەن شەهیدی سەنگەر ناکرێ لەگەڵ شەهیدی تر تێکەڵ بکرێ, لەوانەیە رۆژێك توانامان بێ قاعەی شەهیدان دروست بکەین, هەر شەهیدێك ناوی خۆی سێ لایەنە، جۆری ئەو شەڕەی کە کردوویەتی و تێدا شەهید بووە, رەنگە بینووسین و هەڵیبواسین, بۆیە پێویستە شەهیدی سەنگەر جیابکرێتەوە، ئینجا ئەگەر گران بێ دەبێ, شەهیدەکانی تر ئیعتیادیە چۆن چۆنیەك ریز بەندی بکرێ, مەسەلەن دەڵێی شەهیدی ئەنفال زۆر ئیعتیادیە، بەلاّم شەهیدی سەنگەر دەبێ جیابکرێتەوە, مەسەلەن بڵێین شەهیدی ئەنفال زۆر تەبیعیە, بڵێین شەهیدی کیمیاباران زۆر تەبیعەیە, بەلاّم با مافیان نەخۆرێ, با کەس و کاری شەهید واتێنەگەن کە پاداشتیان لە شەهیدی سەنگەر کەمترە, بۆیە با وای جێبەجێ بکەین هەستی پێنەکەن, بۆ نموونە پیاو هەیە تێکۆشەرە، بەلاّم بە حادیسەی سەیارە شەهید دەبێ, ئەوە ناکرێ بە شەهید لە قەڵەم بدرێ, رۆژێك دێ مێژووی نەتەوەکەمان شەهید, ئەگەر ئێمە شەهید بشێوێنین، مێژووی نەتەوەی خۆمان دەشێوێنین, چونکە ئێمە بەو شەهیدانە گەیشتینە ئەوڕۆ, بۆیە بەڕاستی ریزبەندی تەواو بکرێ و جیاش بکرێتەوە, خاڵێکی تر بەراستی ئێمە ئێستا بەهۆی ئەو زوروفانەی کە ئێستا هاتوونە پێشەوە هەندێ کەس شەهید بووە, لەوانەیە پێشی راپەڕین دەیان تێکۆشەری گەلەکەمان بەدەستی وان شەهید کرا بێ, لەگەڵ ئەو شەهیدانەی مونازلن لە یەك شوێن مووچە وەردەگرن، حەقە ئەوە بیرێکی لێ بکرێ, بەڕاستی هەموو ویژدانی کەس و کاری شەهیدەکان برینـدار دەکات, لەگەڵ کەسێك دەچێ مووچە وەردەگرێ لەیەك شوێن سوڕ دەزانی کە براکەی یان باوکی بەدەستی ئەو شەهید کراوە, بەلاّم زروفی کوردستان ئەوەی دروست کردیە, بوویتە یەکێ لە لایونە سیاسیەکان لەو وەزعە شەهید بووە, ناکرێ نەیکەینە شەهید, ئەبێ بکرێتە شەهید, بەلاّم بەراستی جیانەکردنەوەی کێشەیە, وەکو نەخۆشی شێرپەنجەیە بۆ کەس و کاری شەهیدان, قەد لە کۆڵی نابێتەوە, حەقە بەڕاستی لێرە جیایبکەینەوە, شوێنێکی تایبەت هەبێ بۆ ئەوان.

خاڵێکی تر مووچەی شەهیدان, من لەگەڵ ئەوەم, بەنیسبەت خوشك وبراو کوڕ و کچەوە, عیلاقەی بەتەمەنەوە نەبێ, ئەگەر کچ بێ چ تەعیین بێ یان شوو بکات, ئینجا مووچەکەی ببڕێ, چ خوشکی شەهید یان منداڵی شەهید یان دایك و باوکی شەهید هەتا مردن مووچەکانیان هەبێت, بەلاَم ئەوانیش عیلاقەی بەتەمەنەوە نەبێ, هەتا تەعین دەبێ یان ژیانی هاوسەریەتی پێك دەهێنێ.
پرسیارێکی ترم هەیە, بۆچی بارزانییەکان لە شەهیدی کورد جیاببنەوە و, ناوێکی تریان هەبێ وەکو ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران ئەوانیش کوردن, بۆ بڵێین بارزانییەکان, ئەوانیش کوردن بۆیە حەق نییە بارزانییەکان لە کورد جیابکرێتەوە, ئەوانیش کوردن لەناو کۆمەڵەی کوردان ناویان بێت, سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (6) فەقەرەی (ب) باسی چەکی کیمیایی دەکرێ, دیارە دەزاندرێ بەڕەسمی کیمیاوی لەکوێ دراوە, پێم باشە بکرێ بەکیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تر, لەبەر ئەوە چنار خان خۆشی ئاماژەی پێکرد ئەو ناوانە بۆ تاریخ بمێنێ, خۆشمان لە هەر شوێن باس بکەین دەڵێین کیمیابارانی هەڵەبجە, جا ئەمە وەکو حەقێکی خۆیان هەزار وەسیقەیان هەیە لەهەموو ناوچەکان هەزاران کەس نەکوژراوە بە کیمیا باران, ئەگەر نەکرێتە فەرعێك بەس بکرێتە کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تر ئەوە تاریخیە و کەس و کاری شەهیدانیش دڵیان پێ خۆش دەبێ.
لەبڕگەی (7) پۆلین کراوە, کەس و کاری شەهیدان ئەگەر دایك و باوکی نەما, داپیرەو باپیرەش هەیە , ئایا ئەوانە چۆن هین دەکرێ, ئەگەر باوك و کوڕ نەما مەسەلەن مام هەیە، خاڵ هەیە, دەکرێ ئەوانەش بکرێنە کەس و کاری شەهید, یان جیا دەکرێنەوە, خەڵك ئاوارە بوو لە وڵاتانی دراوسێ چەندها ساڵە, لە ئوردن ماوەتەوە بەنەخۆشی مردووە ئایا ئەوانە چ فەقەرەیەك, چ بڕگەیەك دەیانگرێتەوە, هەر لەپێناوی خەبات ئاوارە بووینە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە, بەڕەئیی من لێرە لە شەشەم بڕگەی (ج) دەڵێ (هەر کەسێ شەهید بووبێ یان گیانی لەئەنجامی کرداره جەنگیەکان یان کردەوە تیرۆریستیەکان) لێرە تیرۆر بەرای من لەو یاسایە جێگای نابێتەوە, چونکە یاسای تیرۆرمان هەیە, لێرە دەنگمان لەسەرداو دەرهات, بەڕای من ئەوانەی لەئەنجامی تیرۆر دەکوژرێن, یان ژیانیان لەدەست دەدەن, بخرێنە ئەو یاسایە، تیرۆر, ئەوە یەك.
دوو: لێرە کە باسی پۆلینی شەهیدان کرا, من لەگەڵ کاك عوسمانم, دەبێ بەتەسەلسول بێینە خوارێ, لێرە کە باسی مووچەی کەس و کاری شەهیدان کرا, ئەوە باس نەکرا ئەو پرسیارەشم هەبوو لە جەنابی وەزیر,

ئەو ژنانەی کە منداڵیان نییە، بەڵام پیاوەکانیان ئەنفال کراوە، ئایا مووچەکە بە بەر ئـەوان دەکـەوێت یـان بەر کەس و کاری شەهید: دایك و باوکی شەهید دەکەوێت، ئەوە پرسیاری من بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو سرەیەش تەواو بوو، ئینجا با خاتوو چنار قسەی خۆی بکات، فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ هەموو تێبینیەکان، کاك عادل ئەگەر لە جـەنابی دەسـت پێبکـەین، لەباسـی پۆلینـەکان دەڵـێ بـا پۆلینەکان نەکەین تەعریفێکی عام بکەین، ئەوەی تر بۆ وەزارەت بەجێبهێڵین، من دەڵێم نەخێر کاك عادل رجائەن ئەو چاکەمان لەگەڵ مەکەن، لەبەر ئەوەی بەڕاستی هەدەفی ئێمـە ئەوەیـە پـۆلین بکـرێ، تەسـنیف بکرێ بەیاساش لێرە تەحدید بکرێ، ئێوەش وەکو نوێنەرانی میللەت دەنگی لەسەر بـدەن، لەبـەر ئـەوە مـن بتوانم تاڕادەیەك دادپەروەر بم، بەڵام وجودی من یەکێکی تر لەوێ کاتی یە، رەنگە بکەوینـە ژێـر مـەزاج و عاتیفەتی خۆمانەوە، نەتوانین عەدالـەت پیادەبکـەین، بۆیـە پێویسـتە بەیاسا جێبـەجێ بکـرێ، بـۆ ئـەوەی سنوورێك دابنرێ بۆ کارکردنی من و ئەمسالی وەکو من لەوێ، بۆ ئەوەی نـەتوانین موخالەفـە بکـەین، بۆیـە من داوای یاسا دەکەم بەڕاستی، من پێم وایە ئەوەندە سەخت نییە، وەکو کاك عوسمـان باسـی کـرد، دەکـرێ وەکو دەستپێکێك، وەکو شتێکی بیدائیی بێ، رەنگە کەموکوڕیشی تێدابێ، بەڵام ئـەوە خـۆ ئایـەتی قورئـانی، یان بەندی دینی نییە، قابلیەتی گۆڕانکاری هەیە، هەروەك جەنابی سەرۆکی پەرلـەمانیش ئامـاژەی پێکـرد، بەڵام کاك عوسمـان باسـی ئـەوەی کـرد، بۆچـی بارزانییـەکان یـان فەیلییـەکان ناویـان جیایـە؟ تەبعـەن کـاك عوسمان ئێمە دەمانەوێ، هەروەك یەکێ لەبرادەرەکان باسی کرد کـە ئامـاژە بەناوچـەکان و هەنـدێك شـوێن کـرا، کەواتـە بـا باسـی هەڵەبجـەش بکـەین، باسـی کیمیابـارانی هەڵەبجـەش بکـەین، بێگومـان قەزیـەی جینۆسایدکردنەکان ئەشکالی هەبووە، چەندین شێوەی هەیە، قەزەیەکیان خۆی حکومەتی بەعس بەڕەسمی ناوی لێناوە، هەروەك ئەوەی لەگەرمیان و بادینان لە هەشت قۆناغەکە دەسـتی پێکـرد، بـەڵام جینۆسـایدی بارزانییـەکان جیـاوازە، تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، قمـع بـووە تـەنها رەگـەزی نێـری تیـادا چـووە، شـێوازی فەیلییەکان ئەوانیش شەریحەیەك بووینـە هـەر عەمـدەن ئێمـە دەمانـەوێ ناویـان بێـنین، چـونکە بـەقانون کوردن، دەبێ لەوێ ناویان هەبێ، جگە لەوە کیمیاباران، ئێمە بەعمومی باس لە کیمیا باران دەکـەین، بـەڵام زۆر ناوچە هەیە لەکوردستان بەر شاڵاوی کیمیا باران کەوتووە، هەڵەبجە رەمزی کیمیابارانە ، بـەڵام ئەگـەر نـاوی هەڵەبجـە بـێ مـن تەئکیـدم خـەڵکی بالیسـان و گونـدەکانی تـر، دەبـێ ریزبەنـدێك بکـەین، ئەوکاتـە چەمکەکە زۆر دوورو درێژ دەبێ، لەڕووی قانونیەوە ئەگەر شیاوە ئەوا هیچ مانعێك نییە بابینووسین، هیچ کێشەیەك نییە، ئێمە لەگەڵ هەموو شتێکین کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە.

دوایی ڤیان خان باس لە تیرۆر دەکات لە تەسنیفەکە دەڵێ با لە هاووڵاتیان نەبێ، باشە ڤیان خان، ئەگەر لە هاووڵاتیان نەبێ لەکوێ دایبنێین، چونکە زۆر هاووڵاتی هەیە لەنەتیجەی ئـەو هـەموو کـارە تیرۆرسـتیانەی

لەكوردستان روودەدات یان بازرگانە یان كاسبە دەچێ لەڕێی موسڵ بە دەستی تیرۆر شەهید دەكرێ, باشە لە كوێی دابنێین ئەو تەسنیفە, یاسای تیرۆر لەوێ حقوقی بۆ دانانێ, بۆیە ئەوە دەبێ وەكو هاوولاتی مامەڵەی لەگەڵدا بكەین, بەلاّم ئەگەر پێشمەرگەیە, پۆلیسە, ئاسایشە ئەوا وەكو شەهیدی سەنگەر مامەڵەی لەگەڵدا دەكەین, بەلاّم بە تیرۆر شەهید بووە, پێم وایە ئەوە تەقریبەن وەلاّمی زۆربەی پرسیارەكان بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمان, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لەلای بەرێزانیش رۆن و ئاشكرایە, قەزیەی هەڵەبجە هەروەك خۆشت ئاماژەت پێكرد, تایبەتمەندی خۆی هەیە با تێكەڵ بە .....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە, عەفوو قسەش دەكەی, قسەی خۆت وت و جەنابی وەزیریش وەلاّمی دایەوە, كەسێكی تریش یەعنی ئەگەر زۆر موداخەلە كرابا ئەو كاتە دەمان كردە تەسویت, بەلاّم لیژنەی یاسایی بەسەریدا رۆیشتووە, جەنابی وەزیر شەرحەكەی كردووە و, تۆش رای خۆت وتوە, فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر, یاسایەكی عقوباتە بۆ سزادانی تیرۆریستان, یاسای حقوق و ئیمتیازات نییە, بۆیە دەبێ لێرە قوربانیانی تیرۆر جێی بكرێتەوە, لە ریزی هاوولاّتیان, ئەوە بۆ ڤیان خان بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دووبارە داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم, ئەو كەلیماتانەی پێویستە بگۆڕدرێن لەبەر رۆشنایی موداخەلاتەكان و, دەوڵەمەند كردنی پرۆژەكە تۆماری بكەن, تا لەكۆتایی موناقەشەكاندا بخرێتە سەر ماددەكە, خاتوو سارا فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برگەی (ب) خاڵی (6) قسەی زۆر لەسەر كرا, بەلاّم هەر دەمەوێ روون كردنەوەیەكی لەسەر بدەم, پێناسەكە زۆر تەسك كراوەتەوە, یەعنی تەحدیدی كردیە, وابزانم ئەگەر شمولی بێت باشترە, دەڵێ

لەئەنجامی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، تاوانەکانی ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی, لێرە چەکەکە زۆر تەحدید کراوە, هەروەك باسکرا زۆر کارەساتی تر هەن کە چەکی تر ئەنجام دراون, بۆ نموونە بۆردومانی ساڵی 74ی لە قەڵادزێ, ژمارەیەکی زۆر و یەکەم کارەساتی کۆمەڵکوژی گەورە بوو لە کوردستان, بۆیەش شارەکە ناونرا شاری شەهید بیدایەت, پاشان بوو بە شاری دووجار شەهید, لەبەر ئەوە دەبێ لە کوێدا جێی ببێتەوە, ئەگەر بکرێ ئێمە چارەسەری بکەین, لێرە دەڵێ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی یان هەر چەکێکی کۆمەڵکوژی تر, بۆ ئەوەی ئەوانی تریش بگرێتەوە, چونکە چەکی تریش بەکارهاتووە بۆ کۆمەڵکوژی لەکوردستان, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەی د0 نوری دەکەم و, پێشنیارم هەیە، بۆیە ناچارم وتەکەی دووبارە بکەمەوە, بەپێی ئەو پێناسەیە شەهیدی قوربانیانی شەڕی ناوەخۆی بگرێتەوە, نەك ئەوانەی تەنها پاش راپەڕین, بەڵکو ئەوانەی پێش راپەڕین، هی ساڵانی (80)کان, جەنابتان باسی ئەوەتان کرد, نامانەوێ تەوسیقی ئەو لاپەڕەیە رەشە نەکەین، بۆیە بە قانون نەبێ, ئەگەر بە قانون نەبێ, خۆمان دەزانین قانون تەنزیمی هەموو حقوق و واجبات و ئیمتیازات و ئیلتیزاماتی هەموو فەردەکان دەکات, ئەگەر بە قانون تەنزیم نەکرێ، مەحروم دەبن, یەعنی باسی ئەوەتان کرد و جەنابی وەزیریش باسی کرد, ئیتیفاق هەیە، ئیتیفاق لەنێوان کێ؟ و چەندیش مولزەم دەبێ؟ پێم وایە ئێمە لێرە دەبێ سیغەکەی بگۆڕین, مەرجیش نییە بەتەنها بڵێین قوربانیانی شەڕی ناوەخۆ, یەعنی سیغەکە مەفهوم بێ, بۆ نموونە من پێشنیارەکم هەیە, دەڵێ (الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسه في خندق الكفاح المسلح أو النضال السياسي) بڵێین (أو نتيجة عنهما) یەعنی نەتیجەی کیفاحی موسەلەح و نیزاڵی سیاسی, یەعنی لێرە شەڕی ناوەخۆش دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە تەحسیل حاسیلە, نەشی نووسیی هەر مانای دەگرێتەوە, سوزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ لەوانەیە من زۆر قسە بکەم هەروەك کچە شەهیدێك, و هەروەك نوێنەری دەستەی داکۆکی کردن لەمافی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان و, ئەندام پەرلەمانیشم, بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان, ناوی وەزارەتەکە بەخۆیەوەتی, وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان جیاکراوەتەوە, هەروەها لە پێناسەکەش هاتووە (المؤنفل) جیاکراوەتەوە, بەڵام ئەبینین لەخاڵی شەشەم لە بڕگەی (ب) جارێکی تر هاتوونە, باسیان لەوە کردۆتەوە (اثناء جرائم الانفال), کەواتە لێرە خەرقێك هەیە, یان ئەنفالکراو تەعریفی خۆی هەیە, ئەو کەسەیە لە پرۆسەی ئەنفال کردن گیانی لەدەست داوە یان زەرەری پێکەوتووە, یان ئەو کەسەیە کە

شەهید بووە لە ڕێگای جەرائیمی ئەنفال, کەواتە ئێمە ئەبێ لەم یاسایە یەك لای بکەینەوە, یان ئەنفالکراوەکان شەهیدن, ئیتر ناویان نەهێنین بە ئەنفال کراوەکان یان ئەوەتە لەکوێ شەهیدمان بەکار هێنا دەبێ ئەنفالی لەگەڵ بەکار بهێنین, چونکە هەم وەزارەتەکەش ناوی وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکانە, یەعنی هەر خۆی لە ئەسڵدا لەیاساکە جیاکراوەتەوە و, لەیاساکەش بەم شێوەیە ناویان هاتووە (شەهیدان و ئەنفالکراوەکان), بەلاّم کاتێك لە بڕگەکان هاتووە شی کردۆتەوە, لە پێنجەم (المؤنفل) جیای کردۆتەوە لە (شەشەم) برگەی (ب) جارێکی تر هاتووە ئەنفالی وەکو شەهید حیساب کردووە, زۆر جار ئێمە لە قاعەی پەرلەمان موناقەشەمان کردووە, جارێکی تریش بەڕێز د0کمال خۆی وتی ئەنفالکراوەکان قەزیەیەکە ئێمە دیفاعی لێئەکەین, شانازی پێوە ئەکەین, ناویان لێنانێین شەهید, بەڵکو دەبێ ناوەکەیان وەکو خۆی بمێنێتەوە.

هەروەها لەگەڵ رای لیژنەی یاسایم لەباسی زەحایە, لە هیچ شوێنێك ئەو زەحایانە نەمێنێ بکرێ بەشوهەدا: شوهەدائی ئیبادەی جەماعی, و شوهەدائی مەدەنیەکان هەروەك لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژەی پێکرد.

لەخاڵی حەوتەم کاتێك باس لەوە دەکات (ذوی الضحایا), هەروەك وتمان زەحایە نەمێنێ بکرێتە شەهید, (ذوی الشهداء و المؤنفلین), (زوج و زوجات) ئەتوانین بڵێین ئەرمل و ئەرامل, چونکە لەدواییدا بەجێماوە, ئیبن و بنت ئەتوانین بڵێین ئەولاد, دایك و باوك ئەتوانین بڵێین ئەبەوەین, یەعنی من مەبەستم ئەوەیە بەو دوورودرێژیە باسی نەکەین, (الاخوة و الاخوات إو من کان الشهید المؤنفل بقرار قضائی), ئەوە راو بۆچوون و سەرنجەکانی من بوو لەسەر ئەو بڕگەیە, سوپاس.

**بەڕێز د0 شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم لەوەزیری شەهیدان هەیە, پرسیاری یەکەم: ئایا ئەو زاراوانەی کە لێرەدا باس دەکرێ (هەرێم, وەزارەت, وەزیر), لەیاسای وەزارەت دا باس نەکراوە؟ ئەگەر باسی کرابێ ئەوا وەکو ماددەی یەك بەڕاو بۆچوونی من لابردرێت, ئەگەر لاشنەبردرێت ئەوا من چەند بۆچوونێکم هەیە, ئێستا دەیڵێم.

پرسیاری دووەم: هەر لەخودی وەزیر دەکەم, ئایا تەحدیدی ساڵتان کردووە, بۆ مافەکانی کەس و کاری شەهیدان, چ ساڵێکە؟ ئێستا ئەو بابەتەی گەلاوێژ خان وتی ساڵ 32 بوو, ئەگەر ساڵی 32 بێت ئەوا ئێمە شۆڕشی شێخ مەحمودمان هەیە, شۆڕشی گەلانمان هەیە, شۆڕشی بارزانیمان هەیە, شۆڕشی ئەیلولمان هەیە, شۆڕشی گولاّنمان هەیە, ئینجا حەزدەکەم ئەم پرسیارەم وەلاّم بدەنەوە.

بەنیسبەت پرسیاری یەکەم, بەڕاستی ئەنفال خراوەتە پێش شەهیدان, من راو بۆچوونێکی تایبەتیم هەیە, ئەگەر دوای شەهیدان بێ بەڕاستی, چونکە لەخەباتی گەلەکەمان ئەگەر خەباتێکی سیاسی بێ یان چەکداری بێ پێش ئەنفال بووە, جا بۆیە ئەگەر بێتە خوارێ باشترە, لەگەڵ قوربانیانی جینۆساید وەکو خاڵی یەکەم دابنرێ, و پێناسەی بکرێ و, قوربانیانی جینۆسایدیش ئەو موستەڵەحەش بمێنێ لەپاڵیا

وشەی فڕکردن دابندریٚ, هەرچەندە فڕکردنمان هەیە, ڕەشەکوژیمان هەیە, کۆمەڵ کوژیمان هەیە, ئەمە بەپێی پیلانێکە, ڕژێم دایناوە بۆ میللەتی کورد, کیمیابارانی هەڵەبجەمان هەیە, ئینجا بۆیە من پێم خۆشە بۆ شەهیدی خەباتگێڕ بەڕاستی ئەوە پێناسەیەکی زۆر دوورو درێژە, ئێمە هەردەم بۆ پێناسەیەکی زاراوە چەند کورت بێت, جوانترە دەبێت بەرای من وەکو پسپۆڕێك لە زمانی کوردی بەم شێوەیە بێت, نەك بڵێی هەر کەسێ بە گیانی خۆی, ئەگەر بوترێ هەرکەسێ لەسەنگەری خەباتی سیاسی و چەکداریدا قوربانی بەگیانی خۆیدا بێ دژ بە ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکاندا لەکاتی بەریگریکردندا, ئەمە زۆر جوانترە.

خاڵێکی تریشم هەیە, مەسەلەی کۆچڕەو بەڕاستی وەکو موستەڵەحێك ڕۆیشتوە ئەگەر بڵێین کۆڕەوە میلۆنەکەی تاکو کۆچڕەوەیەکە, بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم دۆسیەی ئەنفال هەیە, ئێستا دۆسیەی بارزانیمان هەیە, دۆسیەی کیمیابارانی هەڵەبجەمان هەیە، پێویستە ئەمانە هەمووی بەتەسەلسول بێت, رزگاریشمان دەبێت کە دێتە سەر مەسەلەی جینۆساید بەخاڵ دەست پێبکەین, هەموو شتێك لەکۆڵمان دەبێتەوە, خۆشی ماشاالله ماجستێری هەیە لەڕووی ئەکادیمەوە ئەزانێ چۆن تەرتیب بکات, من ئەوە پێشنیارم بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بەس چوار, پێنج کەس ماوە لەسرەکەی تر, ئەوەیش وەختەکە زۆری بەسەردا چوو, کاك شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتی خۆی لەدەزگای شەهیدانی هەولێر, موشکیلەیەکی زۆر گەورەمان هەبوو, ئیحتیمالە جەنابی وەزیر لەمەودوا مەعلوماتی لەسەر هەبێت, بۆیە پێشنیار دەکەم لە ماددەی یەکەم لە خاڵی شەشەم بڕگەی (أ), (هەر کەسێ بەگیانی خۆی لەسەنگەری خەباتی چەکداریدا قوربانی دابێت) ئەمەی بۆ زیاد بکرێ, زیاد بکرێ بەهەر وەسیەلەیەك, چونکە کابرا لیوا بووە کە فیشەکێك یان بەهۆی دەعمی سەیارە دەمرێ وەکو شەهید حیسابی بۆ ناکرێ, ئەمە موشکیلەیەکی زۆر گەورە بوو. لەبڕگەی (أ) کە تۆ باسی ئەنفال دەکەی ئەبێ بڵێی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە, ئینجا جینۆساید, ئەمە زیاد بکرێ وەك مامۆستا محمد حکیم وتی, لەقوربانیانی جینۆساید هەرکەسێ شەهید بێ یان گیانی لەدەست دابێ لەئەنجامی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و کیمیابارانی هەڵەبجە ئینجا (جینۆساید), زیاد کردنی کیمیابارانی هەڵەبجە موشکیلەکە حەل دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەو بەڕێزانە زۆر قسەیان کرد, بەلاّم بەقەناعەتی من ئەو یاسایە زۆر هەڵدەگرێت, حەقە زیاتر هەڵوەستەی تێدا بکرێ, زیاتر وردەکاری تێدا بکرێ, زیاتر خەمخۆری بکرێت بۆ بنەماڵەی شەهیدان و

ئەنفال  ئەوانەی بەهۆی قەزیەیەك لە میللەتی ئێمە تیاچوونە, بۆیە من بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەو تەعریفەی لیژنەی یاسایم کەداینــاوە, بــەڵام مــاددەی یــەك کــە پێکهــاتووە لــە (7) برگــە, بــابڵێین (7) خــاڵ پێشنیاری ئەوە دەکــەم کــە خــاڵێکی تــری بــۆ زیــاد بکــرێ, لــەدوای خــاڵی شــەش, خــاڵی حــەوت ببێتــە خــاڵی هەشت, خاڵی شەش وەکو خۆی پێناسەکە بێ, ببێتــە پێناســەی شــەهیدانی میللەتەکــەمان و, چــۆنە و چــۆن شمولی دەکات, خاڵی حەوت کە دابنرێ وەکو ئەوەی لەجیاتی بڕگەکانی
(أ, ب) ئــەوە بکرێتــە پــۆلین کردنــە (تســنیف کردنــە), یــەعنی پــۆلین کردنەکــەی لەگەڵــدا نــەبێت, ئــەوە بەقەناعــەتی مــن پێشــنیاری ئــەو گۆڕانکاریــە دەکــەم, یــەعنی خاڵێــك زیــاد بکــرێ, یــەعنی پــۆلین کردنەکــە بکرێتە خاڵێك نەك بڕگە, چونکە لەگەڵ تەعریفەکە هاتووە, ئەمە یەك.
دوو: بەنیسبەت عائیلە هەیە, بەحقیقەت ئێمە ئیشارەت بەوە دەدین عائیلە هەیە تەیارە رەمی کردووە, لە دێیەك 10 کەس لە عائیلەکە شەهیدن، نموونەشمان لەسەر ئــەوە زۆرە, بــەڵام لێــرە یــەك وارس نییــە, دوو وارس هەیە, حەقە ئەوە وردەکاری بۆ بکرێ, ئەو شەهیدانە چۆن وەرەسە شمولیان دەکات؟
خاڵێکی تر ئەوەیە ئێمــە بەتەمــەنی درێــژایی خــەبات و تێکۆشــانی میللەتەکــەمان ناگەڕێمــەوە بــۆ  عمــوقی شۆرش و خەبات و ساڵەکانی تر, بەڵام شۆرشی ئەیلول, ئێمە خــەڵکمان لــە  69 و 74 شــەهید بــووە, بــەڵام بەشێوەیەکی قانونی وارسی نەماوە, کوڕەکەی ژنی هێناوە, کچەکەی شووی کردووە, دایك و بــاوکی نــەماوە, بــەڵام ئــەم کــوڕە گونــاحی چییە, حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان نــەبووە, زروفێکــی وەهــا نــەبووە, هــیچ ئیمتیازێکی وەرنەگرتووە, حەقە ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە, ئەوانەی کە شمولیان ناکا 18 ســاڵی بــۆ حیســاب نەکرێ, ئیمتیازێکی لەوە وەربگرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یامن سەرنجێکی زمانەوانییە و, گەلەك جار پــەیڤت رەق هاتییــە, پــەیڤت نــەنۆرماڵ هاتییــە, کــرێ نەمــەدا نەنەکرێ، بەس ئەڤە پیرۆزترین پەیڤت بۆ گەلێ کورستانێ و, ئەژمبەرەوەیــەکی ژێ جــێ خــودا ژ وەزارەتــە کە ناڤێ وان پــەیڤا هاتــە دانــان و, ئیرۆکــە برینــێ مــە درێــژە, یــەعنی دەهــا ســاڵە تێنەکەلانــدن, ئــەو بیرتــە بیرینامە دەمــێ داگیرکــەر هــات و هێرشــی هێنــا کوردســتانێ, ئێــت وان شــەڕادان و هێشــت وان هاتــە کوشــتن گۆتنە شەهید, گۆڕی وان بوو گۆڕی سەحابە, ئیشمە شەڕی بەرگری ئێتمە هاتنە کوشتن بوونە گاورو گۆڕی گاورستانە, باب کاری مە نەت گوت گۆڕی گاورستان گوتــت گــۆڕی (جــان گۆریــا), جانگۆریــا بیــنڤن ئەڤــە بــە تشنیف سەعاتە ئەڤ بێن ڤاندو پەیڤا (شــهداء وضحایا), ئــەڤ بــێن خانەکــەین و نــەقارە خانەکــەین, چــونکە نەکەلتوری ئێمەیە, بەس کەزڤرنە کەلتوری خۆ جانگۆریا ئــەو کەســە کــە چــەکی بــەرگری هەرگرتیــە, یــان ئەوەی چوویە مەیدانی جەنگی بەرگریشی لە ئاخا خۆ کرد, ئەوە  جانگۆریە, ئەوە بێ شەڕیدا بــێ حەمــدی خۆ هاتە کوشتن ئەوە بێتە قوربانی, مەهینە جانگۆریا یەعنی (شهداء), مەهینە قوربانی یــەعنی (ضحایا), ژبۆ خانەکەن زۆر ئاسانی دێتە خانە خانە کرن و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەر چاوەڕێم كرد, بۆ ئەوەی هیچ برادەرێك تەسەوڕ نەكا موەجەهە بۆ ئەو, بەلأم پێم باشە ئیلتیزام بكرێ بە دوو دەقەكەوە, چونكە ئەوەی ئیلتیزام ئەكا ئەوا زۆر شت ئەدا بەلاوە, یان بە نووسین ئەیدا, ئەوەی ئیلتیزام ناكا هەر چ شت هەیە ئەیڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامەكەت بەجێیە, تكایە ئیلتیزام پێ بكەن, كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمن بەس مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی (ج) هەیە, (ضحایا من المواطن: كل من استشهد أو فقد حیاته داخل الاقلیم وخارجه) ئیزافە بكرێ, پاشی (نتیجة الاعمال الحربیة او الاعمال الارهابیة او اثناء الهجرة الملیونیة لشعب كوردستان) وەكو خۆی بمێنێ, لەبەر ئەوەی خەڵكێكی زۆر لە دەرەوەی هەرێم وەفاتی كردیە, شەهید بووە, لایەزال یان ئیحتیمالە تەرمیشی نەهاتبێتەوە, دەبێ جێیەك بكەینەوە, بۆ ئەوەی ئەوانیش ئیستیفادە بكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرە خۆی بە موتڵەقی هاتووە, یەعنی هەردووك دەگرێتەوە، نەی گووتوە داخیلی هەرێم هەتا نەیگرێتەوە, كەنیوتووە یەعنی هەردووك دەگرێتەوە, كاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە بابەتێك تاوتۆ دەكەین, دەهێنێ زۆری لەسەر بگوترێ, لەبەرئەوە جگە لەوە، مەسەلەكە پیرۆزیەكی تایبەتی خۆی هەیە, بۆیە من پێم چاك بوو برادەران زۆر بە دەوڵەمەندی تاوتۆیان كرد, زۆر تێبینیم هەبوو, بەلأم باس كرا, پێم باشە دووبارەی نەكەمەوە, بەلأم مەسەلەیەك هەیە لە خاڵی پێنج (المؤنفل: كل من فقد حیاته او تضرر او لایزال مصیره مجهولا نتیجة جرائم الابادة الجماعیة ضد شعب كوردستان), ئەگەر بەپێی ئەم پێناسەیە بێت ئەوانەی لە پرۆسەی جەنگ, یان لە پرۆسەیەكی كۆكوژی لە ساڵەكانی 60, 70 كان ئەكەونە ناو خانەی موئەنفەلەوە, بەلأم لە حقیقەتدا موئەنفەل ئەو كەسەیە كە لەپرۆسەكانی ئەنفال گیانی لەدەست داوە, یان زەرەری لێكەوتووە, یان بێ سەروشوێن كراوە, كە زۆربەی هەر زۆریان لە راستیدا بێ سەرو شوێن كراون, بۆیە ئەم ئیبادە جەماعیە جیابكرێتەوە, شتێكی چاكە, المؤنفل: كل من فقد حیاته او تضرر او لایزال مصیره مجهولا نتیجة جرائم الابادة الجماعیة ضد شعب كوردستان), ئەمە بەس بۆ ئەوەیە جیابكرێتەوە, پێشم چاكە ئەو پێناسەی كاك ئارێز كردی بۆ شەهید دابنرێ, بەلای منەوە شتێكی باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەلاس, وابزانم بەس مامۆستا انور ناوم نووسیوە, قسەت کرد, ناوم نووسی بوو, بەلاّم ئیشارەتم پێنەدابوو, تەواو ئەوانەی قسەیان کردووە, ناوم نووسیبوون هەموو قسەیان کرد, کاك د0کمال داوای قسەی کردووە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وشەی شەهید شاملە, بەلاّم ئەم تەقسیمە زۆر زۆر لەجێگای خۆیەتی, ئەوەی من مولاحەزەم کرد ناوی پێشمەرگە نییە, یەعنی ناوی پێشمەرگە پێویستە, چونکە یەکەم کەسە دەستیان بە خەباتی چەکداری کرد, خوێنیان رژا لەسەر چیاکانی کوردستان, بۆیە ئەو ناوە پیرۆزە پێویستە دیار بێ, مەسەلەن لە شەشەم فەقەرەی (أ) دەڵێ (الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسه في خندق الكفاح المسلح (البيشمرگه)), ئەوەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە, لە جێگایەکی تر هەر خاڵی شەش فەقەرەی (ب) دەڵێ (ضحايا الابادة الجماعية: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استعمال الاسلحة الكيمياوية), باشترە هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستانی_عێراق ئیزافە بکەین, چونکە بەحقیقەت هەڵەبجە سونبلێکی گەورەی ئێمەیە پێویستە ئەویش لێرە دیار بێ, (أو الابادة القمعية للبارزانيين و الفيليين) ئەوە هەر لە جێگای خۆیەتی.

فەقەرەی (ج) خاڵی شەش (ضحايا من المواطنين: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة الاعمال الحربية او الاعمال الارهابية او اثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان), خاڵێکی تر دوای فەقەرەکە زیاد بکەین هەر لەگەڵی، چونکە ئەمە زۆر شت چارەسەر ئەکا, هەندێ کەس بزر دەبێ مەسەلەن موزاهەرە هەبووە لە کوردستان خەڵکیان لێ کوشتوە, خەڵکیان گرتووە لە زیندان حەپسیان کردووە, ئەمری ئیعدامیان بۆ داوە, سیاسی نەبووە و پێشمەرگەش نەبووە, شکیان لێکردووە و گیانیان لەدەست داوە, بۆیە ئێمە ئیزافەیەکی ئەوانە بکەین, (أو أى اساليب اخرى ضد شعب كوردستان), یەعنی ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە جا بەهەر سەبەبێك بێ لە دەستی ئەو دیکتاتۆرە, ئەمە شاملێکە، ئینجا حەسر نابێ, ئەتوانی جێگای بۆ بکرێتەوە, بەنیسبەت ئەو پێشنیارانەی بۆمان هاتووە, کە دوابخرێ بەراستی ئێمە لەگەڵ ئەوە نین, چونکە پێویستە تەواو بکرێ, ئێستا تەواو بێ, پێویستە ئەوانیش دەست بەکاری خۆیان بن, هەر پێشنیارەك بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆسەیە هەیە, لەهەر رۆژێك لەهەر سەعاتێك, پەرلەمانی کوردستان دەرگای بۆ کەس و کاری شەهید و ئەو رێکخراوانەی دیفاع لە شەهیدان دەکەن کراوەتەوە, بۆیە ئەوەی ئیمڕۆ دەست کەوتووە خوێنی ئەو شەهیدانەیە, لەپێشی هەموویان پێشمەرگە قارەمانەکانە, تکامان وایە ناوی پێشمەرگە لێرە بزر نەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لێره موناقەشات تەواو بوو, من 20 دەقە دەدم بۆ ئیستراحەت, جەنابی وەزیر لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو مولاحەزانەی کە لەلاتان مەقبوله وەریبگرن, دوو وشه هەیە, یەکێکیان: ئیزافە کردنی ئەو پێشمەرگەیە کە کاك د0کمال ئیشارەتی پێدا, ئەوەی تریان ئەو موفتەرەحەیە کە کیمیاباران بنووسرێ, هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستانی عێراق, ئەگەر ئیتیفاقتان کرد باشە, ئەگەر ئیتیفاقتان نەکرد دەیخەینە موناقەشە, سەعات (1:00) دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان, ئەو 20 دەقەیە ئیستیراحەیە و, ئیش کردنە بەنیسبەت ئەو دوو لیژنەیە و جەنابی وەزیر, بەڵام ئەمڕۆ هەر تەواوی دەکەین, سوپاس, فەرموون.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

کۆبوونەوەکەمان دەست پێدەکەینەوە, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, دوا سیغە بۆ ماددەی یەك, لەبەر رۆشنایی ئەو موداخەلاتانە, بۆمان بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان, گەیشتینە ئەو بۆچوونە هاوبەشە, ئەویش لەسەرەتادا (قانون حقوق ذوي الشهداء) بووە (قانون حقوق و امتیازات), لەماددەی یەکەم بڕگەی (4) لەبەر ئەوەی پێویست ناکا پێناسە بکرێ لاماندا, بڕگەی (6) بەم شێوەی لێهات:

الشهید: کل من فقد حیاته في خندق الکفاح المسلح أو النضال السیاسي دفاعا عن الحرکة التحرریة الکوردستانیة أو نتیجة جرائم الإبادة الجماعیة أو العملیات العسکریة ضد شعب کوردستان, وتصنف کالتالي:

أ-الشهید المناضل: کل من ضحی بنفسة في خندق الکفاح المسلح (پیشمرگایەتی) أو النضال السیاسي أو من جرائهما.

ب-شهید الأبادة الجماعیة: کل من استشهد أو فقد حیاته نتیجة جرائم الأبادة الجماعیة أثناء جرائم الأنفال أو استعمال الأسلحة الکیمیاویة(الحلبجه او مناطق اخری) أو الحملات القمعیة ضد البارزانیین و الفیلیین.

ج-الشهید المواطن: کل من استشهد أو فقد حیاته نتیجة الأعمال الحربیة أو الأعمال الإرهابیة أو أثناء الهجرة الملیونیة لشعب کوردستان أو جراء أی اسالیب قمعیة اخری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك شتان لەبیر چووە, لەپێناسەکە (کل من فقد حیاته في خندق الکفاح المسلح أو النضال السیاسي دفاعا عن شعب کوردستان و الحرکة التحرریة الکوردستانیة), چونکە ئەو کەسەی کە شەهید بووە, نەهاتووە

لەپێناوی حەرەکەی تەحەروری، بەڵکو هاتووە لە پێناوی میللەتێك, گەل و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی بدایەت تێیدابوو, ئەوە لە موداخەلەتەکانیش تێدابوو, باشتر بوو جەنابی وەزیرش رازی بوو لەسەری, (بزووتنەوەی رزگاریخوازی) (گەل و نیشتیمان), (دفاعا عن شعب کوردستان والحرکة التحریریة الکوردستانیة), (الحرکة التحریریة) هەمووی دەگرێتەوە, ئەوە هەڵەبجەکەی تاخیر کرا, ئەو جوملەیەش کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان ئیزافەیان کرد هەر ئەسالیبی قەمعی تر, پێشمەرگەش ئیزافە کرا لەو شوێنە, برگەی (4) داواکرابوو لابردرێت, چونکە عینوانەکەی گۆڕا لەبەر داواکاری ئێوە, چونکە لە عینوانەکە بووە قانونی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان, بۆیە ئەم بڕگەیە لابردرا, خۆتان داواتان کردبوو, ئەگەر هینتان نەبێ دەیخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵ ماددەی یەکە بەو تەعدیلاتەی کە خوێندرایەوە, دەستی بڵند بکات؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, بڕۆ سەر ماددەی دووەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەماددەی دووەم هیچ تێبینیەکمان نییە وەکو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانیة: یهدف هذا القانون الی معالجة الوضع العام لذوی الشهداء و المؤنفلین و رعایتهم مادیا و معنویا بما یتناسب حجم و مکانة التضحیات التي قدمه الشهداء لتخفیف المعاناة عن ذویهم.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: ئامانجی ئەم یاسایە ئەوەیە چارەسەری بارودۆخی گشتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بکات, وە لەلایەنی دارایی و مەعنەوەیەوە چاودێریان بکات بەجۆرێك لەگەڵ قەبارە و پایەی ئەو قوربانیانەی کە شەهیدەکان پێشکەشیان کردووە بگونجێت, لەپێناوی کەم کردنەوی ئازاری کەس و کارەکانیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس تەنیا لە کوردیەکەی و لە عەرەبیەکەش (یتناسب حجم و مکانة), ئەو (مکان)ە زیادە, یان (جسامة) هەردووکی دەگرێتەوە, لەجیاتی (حجم و مکان) جەسامەتەکە دابنرێ, (یتناسب جسامة التضحیات التی قدمها الشهداء), کەس ئەگەر مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەمە؟ باشە, چوار کەس موڵاحەزەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە, فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەكەم جار, جەسامەت تەنها بۆ ئەو هینە بەكارنایەت, موستەڵەحی جەسامەت بۆ شەهید و تەزحیات بەكارنایەت, بۆ جەرائیم بەكاردێت, ئەمە یەك.

دوو: بەنیسبەت ئەم قانونە كە دەڵێ (یهدف هذا القانون الى معالجة الوضع العام) ئێمە تەنها ئەوزاعی عامان ناوێ چاكەین, یەعنی هەندێك شت هەیە لەماددەی هەشت لە فەقەرەی (2) ئیقتیراحێك دەكەم, ئەگەر بووترێ (یهدف هذا القانون الى معالجة الاوضاع العامة و الخاصة لذوی الشهداء و المؤنفلین و رعایتهم مادیا و معنویا بما یتناسب حجم ومكانه) ئەتوانی (مدة النضال شهادة) بۆی ئیزافە بكەین, (مع)یش لەبیرتان چووە (یتناسب مع), سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەماددەی دووەم, من نوسخە عەرەبیەكەم لەلایە, پێم باشە وای لێ بێت (یهدف هذا القانون الى معالجة الوضع العام لذوی الشهداء و المؤنفلین و رعایتهم لتخفیف المعاناة الذی لحقت بهم بفقدان ذویهم), یەعنی ئیختیسارە و هەدەفەكەش زۆر شامل تر دەبێت, وا تەسەوڕ ئەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو وەزعە عامەمە كە سوزان خان باسی كرد, چونكە ئەو قانونە ناتوانێت وەزعی عامی (ذوی شهداء) موعالەجە بكات, تەنها هەندێك حقوق و ئیمتیازاتیان پێ دەدات, بۆیە ئیقتیراحم ئەوەیە بڵێتن (یهدف هذا القانون الى احقاق و تكریم ذوی الشهداء), چونكە هەندێك حقوق و ئەوەی تر قتعە ئەرزێكە دەیدات, یەعنی موجەردە تەكریمە هیچی تر نییە, وەزعی عام گەورەتر لەوەی كە قانونەكە پێی هەڵساوە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەهدافی زۆر گرنگە, بەلاّم لێرە كە دەڵێ (یهدف هذا القانون الى معالجة), موعالەجە یەعنی گرفتێك هەیە, و موعالەجەی دەكات, جا دەبێ كەلیمەكی تر زیاد بكرێ, یان خدمەت بێ, یان ئەوەی كاك دیلمان وتی تكریم بێ, یان خدمەت و موعالەجەی وەزعی عام, وەك كە لەكوردیەكە هاتووە, ئەگەر خدمەتی لەگەڵدا نەبێ سیاغەی ماددەكە زەعیف دەبێ, سوپاس.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە كەم كردنەوەی ئازار بە مادە ناكرێ, بۆیە پێم باشە بكرێتە باش كردنی ژیان و گوزەرانیان , كەم كردنەوەی ئازارەكان لابردرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هیچ رەئیت هەیە لەسەر ئەو مولاحەزاتانە؟ فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەموو مولاحەزەكان لە جێی خۆی بوون, پێم وایە ئەوەی سۆزان خان باسی كرد, ئەو دەڵێ (خاص)یشی تێدا بێ, پێم وایە نەچینە ناو وردەكاریەكان, ئەگەر (خاص)ی تێدابێ, دەبێ تەدەخولی هەموو ئمورێكی شەخسی عائیلەكە بكەین, بۆیە ئەو وردەكاریە زیاد باری ئێمە قورس بكات, هەر بۆ خودی عائیلەكەش ئەوەی قبول نەبێ, بەلاّم بۆ شتی عام ئێمە دەتوانین هاوكاریان بكەین.

مەسەلەی مادی و مەعنەوی, تەبعەن دەبێ ئەوە لەبیر نەكەین مەسەلەی مادی و مەعنەوی دوو شتی تەواوكەری یەكترن, كاتێك كە كێشەی مادیت چارەسەر كرد, زۆربەی جار كێشە مادیەكان كێشە مەعنەویەكان چارەسەر دەكات, مەسەلەن خیلافێكی عائیلی هەیە, موشكیلەیەكی نەفسی هەیە, موشكیلەكی سەحی هەیە, بەلاّم كە تۆ هەندێ مەسائیلی مادیت بۆ دابین كرد, ئۆتۆماتیكیەن ئەوەی تر چارەسەر دەبێت, بۆیە ئەو دووە تەواوكەری یەكترن, تەئكیدی لەسەر بكرێتەوە, دابنرێت و, دەشكرێ صیاغەكە بەشێوەیەكی تر یان باشتر دابنرێ, بۆ ئەوەی زیاتر هەدەفەكە بگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەبەر رۆشنایی ئەو مولاحەزاتانەی كە درا, باشترە وای لێبكەین ئەگەر لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر رازی بن, (یهدف هذا القانون الى ضمان حقوق و امتیازات ذوی الشهداء و المؤنفلین و رعایتهم مادیا و معنویا بما یتناسب) جالێرە كەلیمەكە موشكیلە نییە, (عظمة تضحیات) حەز دەكەم بنووسن, پاشی (التی قدمها الشهداء لتخفیف المعاناة عن ذویهم), لە جیاتی جەسامە و حەجمەكەی (عدم التضحیات), ئەگەر پێتان باشە لیژنەی قانونی ئەو صیغەیە دەخەمە دەنگەوە, سۆزان خان دەڵێ جەسامەتەكە ناكرێ هەبێ, لیژنەی قانونیش تەئیدی من دەكەن, راستە جەسامەتەكە هەبێ, بەڵێ جەسامەی جریمە هەیە, جەسامەی تەزحیە هەیە, جەسامەی تەزەرور هەیە, جەسامەی مەعانات هەیە, كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی سۆزان خان دەكەم, جەسامەتەكە لە جێگای خۆی نییە, لەگەڵ ئەو تەزحیاتەی شەهید دەدا ناگونجێ, ئەوەی لە ماددەكەدا هاتیە صیاغەكە لە جێگای خۆیەتی بەقەناعەتی من, بەنیسبەت زەمانیش جەنابی وەزیر ئەگەر موافەقەت بكات, زەمانەكە لە موعالەجەكە زۆر زۆر بەقوەت ترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم, (حجم)ەكەم پێ باشترە, فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی دیفاع لە ڕەئیەکەی خۆم بکەم, پێم وایە (ورعایتهم) چونکە لە دوای ئەو ماددەیەوە ماددەی ڕەواتب و مادی هاتووە, مەعنەویەش هاتووە و ناوی هاتووە, ئەمە یەك.

دوو: (بما یتناسب) بە جەسامە بێت, هەرچی بێت, من لەو باوەڕەم هیچ شتێ (لا یتناسب) لەگەڵ جەسامەت و گەورەوی ئەوە, لەبەرئەوە، ئەوە لابردرێت, یەعنی هەر ناوی نەیەت, چونکە چی هەیە یەعنی تەناسوبی هەبێ لەگەڵ ئەوە, (لتخفیف المعاناة التی لحقت بهم جراء فقدان ذویهم), مەبەستم لە شەهید و ئەنفالە, بۆیە پێم باشە (ورعایتهم مادیا و معنویا) نەمێنێ, چونکە هاتووە لەماددەکانی دوای ئەوە, هیچ شتێك تەناسوب ناکات یەعنی بۆ تەخفیفی ئەو مەعاناتە, یەعنی ئەو موناسب نییە لەگەڵ ئەو شتە, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوسخە عەرەبیەکەم لەلا نییە, وابزانم ئەگەر بەو جۆرەی ئەوان بیری لێبکەنەوە جوملەکە تێك دەچێت, یەعنی هەموو شتێك دەبێ دیار بێ, دەڵێ قەبارەی ئەم ئیشە یەعنی یارمەتیەکی وایان بدەین, یارەمەتیەکە لەگەڵ ئەوان بگونجێ, تۆ ئەتەوێ یارمەتیەکە گەورە بکەی, یارمەتیەکە ئەوەندە بێ، موشکیلەی ئەوان چارەسەر بکات, من وابزانم دەبێ دوو شت لەبەر چاو بگرین:

1-ئەمانە مەشاکلیان هەیە, گرفتیان هەیە.

2-ئەبێ خەدەماتەکانیان بەردەوام پێشەکەش بکرێ.

کەواتە لەجیاتی رعایە, چونکە رعایە زەعیف کردنی زەلامە, یەکێك زەعیفە تۆ ئەتەوێ دارەدارەی بۆ بکەی, ئەمە نابێ دارەدارەی بۆ بکەی ئەمە ئەبێ بەبەرز رایبگری, یەکەم, ئەبێ کێشەکانیان چارەسەر بکەین (معالجە مشاکلهم) یان هەر کەلیمەیەك لەو بابەتە, دوو, (تقدیم الخدمات المتواصلە الیهم), ئەم دوو شتەیان پێویستە, ئەوانە هەرچی مەشاکلیان ئەبێ, پێویستە ئەو خەدەماتەش ڕۆژ بەڕۆژ بگۆڕی, مەسەلەن دوێنێ پێویستی بە ئینترنێت نەبوو, ئەمڕۆ پێویستی پێدەبێ, یەعنی بەردەوام خەدەماتەکە پێویستی بە تەجدید هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا, ئێمە پێمان باشە ئەو ماددەیە هەروەك خۆی بمێنێ لەبەر ئەوەی موعالەجەی وەزعی عامی کەس و کاری شەهید و ئەنفالەکان پێشەکی گیروگرفتیان هەیە لەوەزعی عامدا, بۆیە یەك لە ئامانجەکانی وەزارەت ئەوەیە چارەسەری کێشەو گرفتەکان بکات, دوای ئەوە رعایەتی مادی و مەعنەویان پێشەکەش بکات,

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام (حجم التضحية) لێرە بمێنێ، با (مکان)ەکە نەمێنێ، ئیتر ماددەکە وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزعی عام، شتێکی عامە، قسەیەکی عامە تەحدید نییە، لەبەرئەوەی ئەو موقتەرەحەی پێشتر خوێندمانەوە دەقیق ترە، (يهدف هذا القانون الى ضمان الحقوق و امتيازات ذوى الشهداء و المؤنفلين و تكريمهم و مساعدتهم و رعايتهم) ئیزافە بکەین، (بما يتناسب حجم المكان) با بمێنێتەوە، مادەم لەئەصڵی هینەکە هاتووە، (التضحيات التى قدمها الشهداء لتخفيف المعاناة عن ذويهم) ئەوە ئیقتیراح دەکەم دەنگدانی لەسەر بکرێ، بینووسەوە (يهدف هذا القانون الى ضمان حقوق و امتيازات ذوى الشهداء و المؤنفلين و تكريمهم و رعايتهم و مساعدتهم ماديا ومعنويا بما يتناسب وحجم ومكانه التضحية التى قدمه الشهداء لتخفيف المعاناة عن ذويهم)، نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو د0ناصح.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ شتێك لەم دونیایە هاوتای خوێنی شەهیدان نییە، لەبەرئەوە پێویست ناکا حەجم و مەکانی تێدابێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە، فەرموو دانیشە ئەوە نوقتەی نیزام نییە، ببورە ئەوە موناقەشەکرا، وتی تێدا بێ، یەکی تر وتی تێدا نەبێ، ئەو سیغەیە مایەوە، بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازە هەبێ، لێرە ئەمەوێ ئەوە بە برادەران بڵێم، ئەو پارەیە یان ئەو مادەیە یان ئەو رعایەتە لێرە کە تەقدیمی کەس و کاری شەهیدان یان ئەنفالان دەکرێت قەت موقابیلی روح نییە، چونکە روح ناتوانی بە مادە تەعویزی بکەینەوە، بەڵام لێرە ئێمە تەسنیفمان هەیە: شەهیدی سەنگەر، شەهیدی جینۆساید، شەهیدی هاووڵاتی لێرە دەگەڕێینەوە بۆ تەسنیفەکە حقوق و مەعاشەتەکان جیاوازە، لێرە (بما يتناسب) مەبەستی سەروە، یەعنی دانانرێ بەدیلی روحی ئەو کەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سیغەکەم هەیە، هەروا دەیخوێنمەوە ئەگەر پەسندتان کرد، (يهدف هذا القانون لخدمة و تكريم ذوى الشهداء و المؤنفلين ورعايتهم ماديا و معنويا و تخفيف معاناتهم بما يتناسب مع التضحيات التى قدمها) کورت و موختەسەرە، بەڵام وابزانم شامیلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هەمان مانا دەگرێتەوە, بەلاّم قانون زەمانەت دەدات خزمەت ناكات, زەمانەتی ژیان, ئێمە لەسەرۆكایەتی پەرلەمان تەقدیم دەكەین ئەو كەلیمەیە, پێم وایە ئەو كەلیمە دەقیق ترە, زۆر موناقەشەكرا ئەگەر لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر ئیعتیرازیان نییە, ئەو سیغەیەم پێباشترە و دەیخەمە دەنگەوە (یهدف هذا القانون الى ضمان حقوق و امتیازات ذوی الشهداء والمؤنفلین وتكریمهم ورعایتهم ومساعدتهم بما یتناسب وحجم ومكانة التضحیة التی قدمه الشهداء لتخفیف المعاناة عن ذویهم), كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ وەرگیرا, برۆ سەر ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: یثبت المشمولین باحكام المادة الاولى من هذا القانون بالوثائق الرسمیة و في حالة عدم وجودها یصار الى اثباتها بطرق قانونیة اخرى امام اللجان او المحاكم و الجهات المختصة وتقدم الى المدیریات العامة في محافظات الاقلیم.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ئەوانەی دەكەونە ژێر سێبەری حوكمەكانی ماددەی یەكەم لەم یاسایەدا بە بەڵگەنامەی فەرمی دەسەلمێندرێ, لەكاتێكدا ئەو بەڵگانە بە دەستەوە نەبێ, دەكرێ بە ڕێگاكانی یاسایی دیكە لەبەردەم لیژنە و دادگاكان و لایەنە تایبەتمەندەكان بسەلمێنن و بە بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەكانی پارێزگاكانی هەرێمی پێشكەش بكەن.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم لیژنە پێشنیار دەكات دووبارە دابڕێژرێتەوە و بەمجۆرە بخوێندرێتەوە:
ماددەی سێیەم: ئەوانەی بەر حكومی ماددەی یەكەمی ئەم یاسایە دەكەون لەڕێگای سەلماندن بە بەڵگەنامە ڕەسمیەكان دیاری دەكرێن, لەكاتی نەبوونی دا بەڕێگای یاسایی لەبەردەم دادگاكان و لایەنە پەیوەندی دارەكانەوە دەسەلمێندرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە لیژنەی قانونی سیغەكەی باشترە, شتێكی واهین نییە, ئەگەر كەس مولاحەزەی نییە, دەیخەمە دەنگەوە, مولاحەزەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو قانونە بۆ ئەوە دانراوە کە حقوق و ئیمتیازاتی کەس و کاری ئەو شەهیدە سەر بەرزانە زۆر بەئاسانی بێتە بەردەستیان, ئەگەر هاتوو ئەو شەهیدانە بەگوێرەی ئەو وەسائیقانەی کە هەیانە, ئیسپات کرا کەئەوانە شەهیدن و موئەنفەلن و کەس وکاری ئەو شەهیدانەیە, چ پێویست دەکات لەبەردەم لیجان و محاکم و جیهاتی موختەس, جیهاتی موختەس چیە؟ باشتر وایە ئەگەر وەسائیقەکان هەیە, موجەرد بە ئیسپات بە تروقی قانونی لەپێش مەحاکم حەسری بکەی, ئیتر بۆچی بچێتە لیجانی تر و جیهاتی موختەس, ئەمە ئەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و ئەرك خستنە سەر کەس و کاری شەهیدان بەدوای ئەم لیژنە و جیهاتی موختەس و مەحاکم, هەر یەکسەر ئیبتدائەن لە ئیشەکەوە, ئەگەر وەسائیق نەبوو لەبەردەم مەحاکەمەی موختەس ئیسپاتی بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر باسی ئینتیقال بکەین, دەڵێ لەوەختێکدا ئەگەر موستەمسەکاتیان نەبێ ئینجا, دەڵێ ئەگەر نەبوو بە رێگای قانونی ئیسپاتی بکاتن, لەبەردەم مەحاکم و جیهاتە پەیوەندیدارەکان, ئەگەر وەسائیقی نەبوو هیچ, هەندێك کەس هیچ شتی نییە, دەبێ رێگایەکی بۆ بدۆزینەوە, مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم ماددەیە زیادە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر قانونێك دەکەین, بۆ کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانە, هەموو ئەو شەهید و قوربانیانەی کە ئێمە باسیان دەکەین, شەهیدی دەستی تەعریب و دەسەڵاتی شۆڤینیستی عەرەبین, بەڵام بەداخەوە دیسان دێینەوە سەر قسەکەی جاران, دەبوایە ئەو پرۆژە یاسایە لەهەموو پرۆژەیاساکان باشتر بە کوردی دابڕێژرابوایە, ئێمە لەپەرلەمان کە عەرەبی نازانین لەسەر وشەی جەسام و ناجەسام گفتوگۆ دەکەین, دێین بەکوردی دەخوێنینەوە, هەندێك برادەریش بەبیانووی لەبەردەست نەبوونی کوردیەکە بەعەرەبی قسە دەکەن, عەرەبیەکەش وەکو باسم کرد نازانین, لەبەرئەوە دەبوایە زیاتر رەعایەتی ئەو مەسەلەیە بکرێتن, ئەمە یەك.

دوو: پێش ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە بڵاوبکرێتەوە, لەڕووی زمانەوانیەوە پێیدابچینەوە بەزمانێکی کوردی رەوا دابڕێژرێت, ئینجا بڵاوبکرێتەوە من بەش بەحاڵی خۆم تکا دەکەم, مەسەلەی زمانی کوردی بەهەند هەڵبگیرێت, وەکو ئەوەی ئەگەر بەکوردی قسەبکەین یان بەکوردی گفتوگۆ بکەین, یان بەکوردی پرۆژە یاسایەکان دابرێژین کەم و کورتی تێدابێ کە لەڕاستیدا ئەمە وانییە, بە پێچەوانەوە بە عەرەبی گفتوگۆ کردن و بەعەرەبی پرۆژە دانان کەم و کوڕی لەوەدایە نەك لەکوردیەکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەقسەی كاك ئاریز دەكەم, ئەبوایە ئەم مەشروعە قانونە بە كوردیەكی باش دابڕێژرابوایە و, یەكێك لەم نوقتانە وابزانم یەك لە ئەندام پەرلەمانەكان ئیشارەی پێكرد, مەسەلەی جینۆساید یەعنی(إبادة الجنس), نەك ئیبادەی جەماعی یان كۆمەڵكوژ, ئەوە لەزۆر شوێنی كوردیەكە هاتووە ئەڵێ كۆمەڵكوژی, ئیبادەی جنس یەعنی هەرچی ژیانی لەبەردایە هەمووی ئەكوژێ, نوقتەیەكی تری ئەم ماددەیە, ئەم برادەرە ئەڵێ ئەم ماددەیە زۆر زەروری نییە, من ئەم ماددەیە زۆر بە زەروری ئەزانم, چونكە بەڕاستی تێكەڵاوكردنی, وەكو چۆن لەماددەی دووەم باسمان كرد مەكانەی تەزحیات و حەجمی تەزحیات ئەو كەسانەی كە تەزحیەیان داوە, لێرە چۆن ئەو ماددەیە تەحدیدی دەكات و, من داوا لەجەنابی وەزیر دەكەم كە لەوەزارەتەوە حاڵەتێكی وەها دابڕێژن كە جاش نەكرێ بەشەهید و, حەجمی تەزحیات و حەجمی هینەكان هین نەكرێ, چونكە ئەوەی كاك عوسمانیش باسی كرد یەكێ لەموشكیلەی شەهیدەكانمان موعاناتیان بەدەستەوەیە كە هەندێ كەس هەیە هیچ تەزحیەی نەداوە, یان لە شوێنێكی تر شەهید بووە, یان كراوە بە شەهید لەبەر ئەوە داوا دەكەم حاڵەتێكی وادابنرێ كە كەس مەغدور نەبێ, ئەوانەی كە شەهید بوون فیعلەن بەپێی حەجمی مەكانەتی خۆیان تەقدیریان بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە زەرورە, شتێكی تازەت هەیە كاك پیر خدر؟ فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەئەنجامی پراكتیك, یەعنی لەئەنجامی چەندەها كەس و كاری ئەنفالكراو لەناوچەی تازە رزگار كری, كە وەختی خۆ لە چیایی بووینە, مندالێ بووینە نەهاتینە ناڤ نوسینی سجلێ نفوسێ, تازە گەڕاینەوە ئەو دەوائیرە نفوسێ ناوچە تازە ڕزگار كری, رووی نادنەوان مەعامەلەتی وان ئاستنگ بن, جەنابی وەزیرش ئاگادارە, جا ئەگەر لیژنەیەك هەبیت, یەعنی ماددەیەك یان شتێك كەمە, ئەگەر لیژنەیەك هەبیت كاری وان ئاسان بكات, ئینجا بۆ خۆ دۆكیومێنت پەیدا بكات, دائیرەیەكی وەكو ئەلقوش و شێخان, یەعنی معامەلاتی وان نامەشیە, ئینجا ئەگەر راسپاردەیەك هەبیت یان لیژنەیەكی ژ دگەلی هەبیت, پشتیڤانی وان بكات بۆ بەدەست هێنانی دۆكیومێنتا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەن یەك مولاحەزەیەكی كورت, تەبعەن ئەو ماددەیە زۆر زەرورە هەبێ, لەبەر ئەوەی جارێكی تر شانس دەداتەوە هەر كەس و كاری شەهید یان ئەنفالكراوەكان لەناو وەزارەت, تەبعەن پەلەی

نەکەین لەماددەی پاشی باس دەکات لیژنەیەکی تایبەت دەبێت لەناو وەزارەت، ئەو تەحدید دەکات بەپێی تەحقیقاتی خۆی، ئەوە شەهیدە یان شەهید نییە، یانیش موئنفەلە یان ناء ئەگەر لەوێ ئیسپات نەبوو یان وەزارەت نەگەیشتە ئەو قەناعەتە، ئەو کاتە حەقی هەیە جارێکی تر ئیستیعانە بە مەحاکم بکات، بەڵکو دەڵێ ئەو لیژنەیە غەڵەت بووە، لەوێ ئەو حەقە زامن بکات، ئەوەی کاک پیر خدر باسی کرد، مەسەلەی ئەو کێشەیە هەیە، بەڵێ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ئەو کێشەیان هەیە، نەک هەر لەبادینان بەڵکو لە گەرمیانیش، لەبەر مەسەلەی مەحاکم و عەقدی زەواج و نفوس، ئەو کێشەیەمان چارەسەر کردیەو لیژنەی قانونی ئاگادارن، ئێمە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و شەهیدان هاتن لە لیژنەی قانونی دانیشتن، ئێستا خەریکین پرۆژە یاسایەک ئامادە دەکەین تایبەت بەو کێشانە، لەبەر ئەوە تەوەقوع دەکەم ئینشاالله لەبەهار ئەو یاسایە لێرە دەربچێت، ئەو کێشەیەش چارەسەر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە زۆر زەرورە کە هەبێ، ئەمە یەک، دوو: ئەوەی لە لیژنەی قانونی هاتووە زۆر بەجوانی تەوزیح کراوە، هەموو ئیحتیمالێکیش وەرگیراوە، وەکو ئەوەی بەڕێز وەزیر روونی کردەوە بەم شێوەیە بێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم جەنابت بیخاتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مولاحەزە دەکەم لەو ماددەیە، بەحەقیقەت رەقابەیەکی قەزائیی هاتۆتە ناو مەسەلەکە، ئەو رەقابە قەزائیە کە هاتییە، زەمانەتێک دەداتە کەس و کاری شەهیدان، ئەوەی بزانی کە تەڵەباتەکەی لە لیجان رەفز بووە، دەبێ قەراری ئاخیر بۆ قەزا بێت، بۆئەوەی بڕیاری خۆی بۆ بدات، بۆیە بە قەناعەتی من ئەو ماددەیە زەروریە لەو مەشروعە بمێنێ، لەبەر ئەوەی رەقابەیەکی قەزائیی تێدایە کە زەمانەتی کەس و کاری شەهیدان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پێم وایە زەرورە و سیغەکەش باش هاتووە، و دیقەتیشی تێدایە و، ئەگەر تەفسیلاتیش پێویست بوو، وەزیر دەتوانێت لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە تەفسیلات دەربکات، تەعلیمات دەربکات، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە، ماددەکە بە ئیقتیراحی لیژنەی قانونی، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکات، فەرموون، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، یەک مولاحەزە، ئەوەیش ئەوەیە زۆر جار مەسەلەی زمانەوانی مولاحەزە دەدرێت، ئەوە کێشەیەکە بە رۆژەک و دوو رۆژ حەل نابێت، ئێمە خەڵکمان داناوە، خەبیرمان هێناوە، شارەزاشمان داناوە، بەلاَم من یەک داوام هەیە لەئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی کە زمان باش دەزانن، پرۆژەکە کە یەکەم جار دەخوێنێتەوە و تەوزیع دەکرێت، پێش ئەوەی جەلسە دابنرێ

مولاحەزاتی خۆیان لەناحیەی زمانی بدەنە لیژنەی قانونی, بۆ ئەوەی بەرچاوی بکەن و هاوکاری لیژنەی قانونی بکەن, فەرموو کاك ئاریز نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژمارەیەکی زۆر لە برادەران ئامادەن بۆ ئەم کارە, بەلأم لەناو هۆڵەکەی دەمانـدەنێ ئێمـە چۆن مولاحـەزات بدەین, یەعنی ئەگەر زووتر بێت بەتائکید ئەوە ئەرکی ئێمە بیکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتی موستەعجل قەیناکە, بەلأم عادەتن کە خوێندنەوەی یەکەم دەکرێ, تۆ مولاحـەزە وەردەگـری ناحیـەی زمانەوانی تۆ دەتوانیت بنووسیت, پاشی تەوجیهی بکە, بەلأم هەندێ شتی پەلـە دێتـە پـێش ئەمـە شـتێکی ترە, برۆ ماددەی چوار, تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولا: تشكل لجنة خاصة بموجب احكام هذا القانون برئاسة مدير عـام الـديوان و عضـوية عـدد مـن مـوظفى الوزارة لايقل عددهم عن (4) اعضاء للنظر في الاعتراضات المقدمـة مـن قبـل ذوي الشهداء و المؤنفلين على القرارات الصادرة من المديريات العامة في المحافظات.

ثانيا: تتولى اللجنة الخاصة المهام التالية:

1-البت في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء و المؤنفلين لغرض شمولهم باحكام هذا القانون.

2-يحق لاي شخص ذي مصلحة التظلم لدى اللجنة الخاصة ضد القرار الذي اصدرته خـلال (10) عشـرة ايـام من تاريخ التبليغ او اعتبار مبلغا ويعتبر قرارها نهائيا من الناحية الادارية.

3-تصدر اللجنة قراراها بالاغلبية و يصادق عليه الوزير.

4-يحق لاى شخص ذى المصلحة اللجوء الى المحاكم لاثبات شموله باحكام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارهـا بالرفض وتكون محاكم البداءة الجهة المختصة في النظر في النزاعـات الناشـئة عـن تطبيـق احكـام هـذا القـانون ويعنى مقدم الطلب من الرسومات العدلية.

5-يكون قرار محاكم البداءة قابلا للطعن امام محكمة الاستئناف بصفتها التمييزيـة خـلال مـدة ثلاثـين يومـا اعتبارا من تاريخ التبليغ بالقرار و اعتباره مبلغا.

6-عند نفاذ هذا القانون يحق لكل ذي مصلحة و خلال مدة ستة اشهر ان يطلب اعتبار الشهداء السـابقين مـن ضحايا المواطنين و شموليهم بامتيازات الواردة في هذا القانون.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە لیژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان و ئەندامەتی چەند فەرمانبەرێکی وەزارەت کە ژمارەیان لە چوار ئەندام کەمتر نەبێت, دادەمەزرێت بۆ تەماشاکردنی ئەو نارەزایانەی کە لەلایەن شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشکەش دەکرێن, سەبارەت بەو بڕیارانەی لەلایەن بەڕێوبەرایەتیەگشتیەکانی پارێزگاکان دەرچوون.**

**دووەم: لیژنەی تایبەت ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**1-دەست کردن بە سەیر کردنی ئەو نارەزاییانەی لەلایەن کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە پێشەکەش دەکەین, بەمەبەستی ئەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بیانگرێتەوە.**

**2-هەر کەسێك بەرژوەندییەکانی هەبێ بۆی هەیە تەزەلوم لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە بکات دژ بەو بڕیارەی دەریکردووە و لەماوەی (10) رۆژدا لەرۆژی ئاگادارکردنەوەی یان بە ئاگادارکردنەوە دانرابێت, بڕیارەکەی لەلایەنی کارگێڕیەوە بە بڕیاری کۆتایی دادەنرێت.**

**3-لیژنە بڕیارەکەی بە زۆرینەی دەنگ دەردەکات و وەزیر پەسندی دەکات.**

**4-هەرکەسێك بەرژەوەندیەکی هەبێ مافی ئەوەی هەیە روو لە دادگاکان بکات بۆ سەلماندنی ئەوەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە, دوای ئەوەی لیژنە بڕیاری بە رەتکردنەوەی دەرکرد, دادگاکانی بەرایی لایەنی تایبەتمەندن بەدادگایی کردنی ئەو کێشانەی لەئەنجامی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پێشکەشکەری داواکاری لە رەسمەکانی داد دەبوردرێت.**

**5-بڕیارەکانی دادگای بەرایی لەبەردەم تێهەڵچوونەوە بەسیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی (30) رۆژدا تانەی لێدەدرێ لەڕۆژی ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکە یان بە ئاگادارکراوە دادەنرێت.**

**6-لەکاتی پیادە کردنی ئەم یاسایە, هەر کەسێك بەرژەوەندییەکی هەبێت بۆی هەیە لەماوەی (6) مانگدا داوای ئەوە بکات کە شەهیدەکانی رابردوو لە قوربانیان لەهاوولآتیان بکەونە بەر ئەو ئیمتیازانەی لەم یاسایەدا هاتووە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی قانونی:

– سەبارەت بە بەندی دووەم لەماددەی چوارەم لە پرۆژەکەدا لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کاتی بەسەرچوونی بۆ ڕەتکردنەوەی شکایەتەکە (التظلم) لە (10) رۆژ بکرێتە (30) رۆژ.

– سەبارەت بە بڕگەکانی (4, 5) دووەم لەهەمان ماددە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات دادگاکانی باری کەسی تایبەتمەند بن بە دیتنی ئەو کێشانەی لەئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دروست دەبن لەجیاتی دادگاکانی (بداءة).

– سەبارەت بە بڕگەی (6) دووەم لەهەمان مادده لیژنە پێشنیار دەکات لابدرێت، چونکە هەر بەم جۆرە دەبێت و زیادە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم ئێمەش هەروەك لیژنەی یاسایی لە بڕگەی (2) ماوەی (10) ڕۆژە بکرێ بە (30) ڕۆژ، لەبەر دوو هۆ، هۆکاری یەکەم ئەتوانین بڵێین نەخوێندەوارن.

دووەم، ڕۆتینێکی وشك هەیە لەدائیرەکان، بۆیە قەناعەتم نییە ئەوە بە (10) ڕۆژ تەواو بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چوارەم، لەعەرەبیەکەی (لجنة الخاصة) ئەلف لامەکەی لاببەن، لە دووەم (ضد) دەبێ (من القرار) نەك (ضد القرار)، ئەوەی موقتەرەحی لیژنەی قانونییە دوو شتە،

یەك، مودەکە واتە ماوەکە لە 10 ڕۆژ بکرێتە 30 ڕۆژ، ئەوە شتێکی مەنتقی زۆر تێدایە، مەحاکمی بەدائە رەبتی بە مەحاکمی ئەحوالی شەخسی هەیە، ئەوەش ڕاستە، فەقەرەی شەشەمیش لابردرێت، ئەگەر کەس تێبینی نییە، باش ناوەکان دەنووسم، پەخشان خان، کاك محمد فرج، کاك ئاریز، سۆزان خان، کاك عمر، گوڵناز خان، پخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایم سەبارەت بە بڕگەی (2)ی دووەم و، پێشنیاری سەبارەت بە گۆڕینی مەحکمەی بەدائە بۆ مەحکمەی ئەحوالی شەخسی، بریا شەرحێکیان کردبوایە، یەعنی بۆچی ئەم مەحکمەیان گۆڕیوە؟ شەشەمیش لەگەڵ ئەوەم، خۆی ئەوە ئۆتۆماتێکی وەکو باسیان کرد ئەڕوا، بەس من پرسیارێکم هەیە، حالەت هەیە باسی لێوە دەکرێ، هەندێك شەهید نین، یەعنی هیچ یەك لەو تەعریفانەی لەسەری نابێ، لێرە هەیە بەس کە تعونات بۆ ساحێبی مەسڵەحە و کەس و کاری شەهیدان بۆ ئەوانەیە بەپێی ئەم ماددەیە لەیاسایەکە، باشە ئەی حەقی عام کە کابرایەك شەهید نییە، بەڵام بەپێی ئەم تەعریفاتانەی شەهید لەکوێ لەم یاسایە جێگای دەبێتەوە، چونکە ئەوەیش عیلاقەی بەمافی شەهیدەوە هەیە، کە یەکێکە شەهید نییە، بەڵام عائیلەکەی مافی شەهیدێك ئەبات، سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوار، یەکەم: بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە لیژنەیەکی تایبەت، من پێم وایە لەهەموو وەزارەتێك بەتایبەتی لەوەزارەتەکەیەوە بەشی یاسا هەیە، یەعنی سەرۆك دیوان ناتوانێ ئەم کارە بکات، بەشی یاسا دەزانی شێوەی سکاڵایەکە چۆنە، جۆری داواکاریەکە چۆنە، ئێوەش لەوەزارەتەکەتان بەشێکی واتان هەیە،

لەبەر ئەوە من داوا ئەكەم ئەمە لابېردرێت, هەر بەشی ئەو یاسایە بەرپرس بێت لەوەرگرتنی ئەم سکالأیە, ئەتوانێ جوانتر رێکی بخات, خۆشی بەعزێکی چارەسەر ئەکات، ئینجا ئەیدا بەئێوە, سوپاس.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەقسەی کاك محمد دەکەم, یاسایەکمان هەیە, یاسای وەزارەت خۆی, یاسای پەیکەری وەزارەت, دوو: لەیاساکەدا هاتووە پەیڕەوی ناوەخۆی وەزارەت کاروباری وەزارەت دەکات, ئەکرێ لەوێ جێی بکاتەوە هیچ پێویست ناکات، بەڵکو هەموو وەزارەتەکە بەکۆی گشتی بەرپرسە لەو خاڵانەی کە کرایە (1,2 هەتا 5) لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لیژنەی قانونی کردوویەتی, مەبەستمان پێویست ناکا ئەو لیژنەیە لێرەدا دیاری بکرێ,خۆی لە دەسەلأتی وەزارەت لە دوا رۆژدا لە پەیڕەوی ناوەخۆدا جێی بکاتەوە, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی چوار, یەکەم ئەو لیژنەی دەبێ ئیختیساسی بێت, چونکە تەماشای ئیعتیرازات دەکات, قانونی بێت, ئەوەی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دەکات مەفروزە دەرەجەی قازی بێت, نوێنەری وەزارەتی عەدل بێت و, لەچەند وەزارەتێك ئەو لیژنەیە پێك بێت, وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان, وەزارەتی مافی مرۆڤ, وەزارەتی پێشمەرگە, ئەو لیژنەیە دەبێتە پاڵپشتەك بۆ تەسهیلی ئەمری مەحاکم, هەموو شتەك نەگاتە مەحاکم, چونکە ئەگەر بەو پێوەرە بچینە دووی, موعامەلە بە دوو ساڵ، سێ ساڵ کۆتایی نایێ, مەفروزە وەزارەت تەعلیمات دەرکات, موستەمسەکات دیار دەکات, ئەوەی مەتلۆبە کە شمول بکات شەهید چی دەوێ, ئەو لیژنەیەش لیژنەی ئیعتیرازات بێت, بۆ ئەوەی تەسهیلی ئەمر بۆ مەحاکم بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتووە, ئەڵێ ئەو لیژنەیە هەڵدەستێ بەکاری (للنظر في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء و المؤنفلين على القرارات الصادرة من المديريات العامة في المحافظات) بەلأم بەداخەوە لە ماددەی سێیەم مودیریاتی عامان لابرد, چونکە ماددەی سێمان گۆڕی بەشێوەیەکی تر, باشە ئەم کەس و کاری شەهید و ئەنفالە موعامەلاتی خۆیان پێشکەشی کوێ ئەکەن, ئێمە مودیریاتی عامان لابرد, یەعنی مودیریاتی عام ئیلغا کرایەوە, هەموو شتەکان ئەچێتە مەحکەمە وایە, خۆیان هیچ سلأحیەتێکیان نییە، ئێستا ئەوەشیان لێبستێننەوە, من شتێکی تریشم هەیە, لەگەڵ ئەوەم لە 30 رۆژەکە، لەگەڵ ئەوەم مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی, بەلأم ئەم برگە شەشە هیچ لێی تێناگەم بۆچی لابېردرێت, یەعنی لە ئیقتیراحەکە لابردراوە, سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە فەقەرەی (2)ی ماددەی چوار هەر ئیلغا بکرێ، چونکە تەزەلۆم بەگوێرەی قانونی موڕافەعاتی مەدەنی لەقەراری مەحاکم ئەدرێ لە ئەوامری ولائیی، ئێمە مادەم حەقێکمان داوە لەفەقەرەی چوار، کە بچێتە بەردەم مەحکەمەی بەدائە، ئەگەر هاتوو قەرارەکەی وەرنەگرت، بچێتە بەردەم مەحکەمەی ئیستئناف تەعنی لێبدات لەو قەرارە، بەواتا ئەگەر ئێمە تەزەلۆمێك لێرە ڕووبدات لەفەقەرە دوو، لە فەقەرەی چواریش حەق بدات بە مەحکەمە و، هەدەفی ئەم قانونەش کار ئاسانی بۆ شەهیدان بکات، ئەوەندە سەرقاڵ نەبن بە مەحاکم، تەزەلۆم، لیجان و ئیستیئنافەوە، باشتر وایە ئەو فەقەرە دووە لابردرێت، مادەم حەقی هەیە، چونکە لە فەقەرەی چواریش ئەڵێ (یحق لای شخص ذی المصلحة للجوء الی المحاکم)، چووە مەحاکم ئەوە شامل ترە، بەڵام بەنیسبەت رای لیژنەی قانونی، من زۆر ڕێزم هەیە بۆیان، ئەڵێ بابچێتە مەحکەمەی شەرعی، ئەحوالی شەخصی، مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی سلاحیەتەکانی تەحدید کراوە، ئەمەش دەعوای مال ئەبێت، چونکە ئیمتیازات و حقوق بریتیە لە مال و پارەو مولك، ئەمە ناچێتە ئیختیساسی مەحکمەی شەرعی، بۆیە باشترە لەمەحکەمەی بەدائە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم، بڕگەی (6)ی ئەو ماوەی (6) مانگە لابردرێت، چونکە لەلای ئێمە ڕۆتین زۆرە، کێشەی زۆربەی کەس وکاری شەهید ئەوەیە کە نفوسیان نییە، کێشەیەکی یاسایمان هەیە، ئێمە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی کە هاتوونە بەردەست، لەساڵی 1999 یاسایەك دەرچووە لەپەرلەمان، ئەو کاتە حکومەت دوو ئیدارە بووە، ئەو یاسایە ئێستا لە ئیدارەی دووەم ئیشی پێناکرێ، من نوسخەیەکم بردووە بۆ مەحاکمەکان، وتویانە هەتا بە قەرارێکی پەرلەمان یان بەقەرارێکی وەزارەتی داد فەرز نەکرێ بەسەرمان ناتوانین بیخەینە خزمەت بۆ کەس وکاری شەهیدان، بۆیە ئەوان ئێستا کۆمەڵێك کێشەی یاسایی گەورەیان هەیە، پێشتر چارەسەری کێشەکانیان بکەین، ئینجا ئەوکات ئەتوانین لێرە جێگایان بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك رشاد و کاك ئارێز، باسی ئەوەیان کرد کە ئەو لیژنە تەحقیقیە یان بەو سیغەیە نەبێت، یان بەو شکلە نەبێ، یان هەر نەبێ، لێرە زکر نەکرێ، بەڵکو بۆ تەعلیمات دوایی خودی وەزیر و ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەو، من ئەڵێم با هەبێ لەبەر ئەوە ئێمە مەلائیکەت نین، رەنگە ئەگەر ئەوە بەقانون تەسبیت نەبێ،

بەیانی مـن غـەدر بكـەم, یـان سكرتێرەكەی خـۆم دادەنـێم,یـان ئیحتیمالـە كەسـێك خزمەكـەی خۆمـە، یـان ئیعیتمـاد لەسـەر خـەڵكانێك دەكـەم,بـەلاَم لەسـەر خـەلاَكانێكی تـر ناكـەم, مەزاجیـەت و عاتیفـە لێـرە دەوردەبینێت, بۆیـە ئەگـەر بـەقانون تەسـبیت بێـت, ئـەو دەمـای هـەر كـێ بێـت مـودیر عـام, خـۆ تەبعـەن قانونیش هەر لەوێ دەبێت, مودیریەتە یاسایەكە لـەوێ لـەناو وەزارەت ئەنـدام دەبـێ لـەو لیژنەیـە, مـودیر عامیشمان یەعنی ویستیتمان مەسەلەكە زۆر گەورەی بكەین و تەعزیمی بكەین, لەبەر ئەوە نەمان ویستیە لە سنووری یەك مودیریـەتی یاسـایی بیهێڵینـەوە, بـەڵكو دەمانـەوێ مـودیری عـامی دیـوانیش لـەوێ بێـت, لەهەمان كات مودیری یاسا, ئەوانی تریش لیژنەكان تەحدیـدمان نەكردیـە, ئـەوەی كـە بـەزەروری دەزانـین دەبێتە عەزو لەو لیژنەیـە, بـەلاَم ئەگـەر بـەقانون دانـرا, پـێم وایـە ئـەوە تۆزێـك دەسـەلاَتی وەزیـر حەسـڕ دەكات, من داوا دەكەم دەسەلاَتی وەزیر حەسڕ بكات, سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەماددەی چوارەم بڕگەی (2) پێم باشە خاڵەك زیاد بكرێ, ئەویش ئەو لیژنەیە ئەركەكانی ئـەوەبێت چـاو بەهەموو ئەو لیستانە بخشێنێت, كـە تائێسـتا لـە دەزگـا و وەزارەتـی شـەهیدان و ئـەنفالكراوەكان ماوەتـەوە, بەداخەوە هـەر هەسـت ئەكـەی كـە تێكەڵیـەك هەیـە, مـن نموونەیـەك زۆر بەسـیت دەهێـنم, ئێمـە شـەهید (سەربەست مەحمود) كەئەندامی مەكتەبی سیاسمانە, جاشێك راتب و ئیمتیازاتی زۆر لەوی زیاترە, یەعنی تەماشا دەكەین جاش, ئەگـەر لـە شـەڕی نـاوەخۆ بـێ یـان لـە هـەر شـوێنێكی تـر شـەهید بـووبێ, لـە پـێش شەهیدانی سەنگەر حیسابی بۆ كـراوە, بۆیـە پێویسـتە ئـەركێكی ئـەم لیژنەیـە سـەر راسـت كردنـەوەی ئـەم لیستانە بێت, ئەمە خاڵێك و, لەهەمان كاتدا ئەوەی كـە تێبینـی دەكـرێ لـە تەسـنیف كـردن, ئـەو تەسـنیف كردنە كە كراوە, دیسان ئەو لیژنەیە دەبێ لەناو خۆی چەند لیژنەیەكی تر پێك بهێنـێ, ئێمـە لێـرەدا ئـەو شتانە ورد نەكراوەتەوە و, ئەگەر هـەموو شـتێك بـۆ پێـڕەوی نـاوەخۆ بـەجێبهێڵین, لەلایـەن وەزارەتەكـەوە دادەنرێ, من تەسەوڕ دەكەم دیسان هەمان شت ئەمانە دووبارە دەبێـتەوە, لەبەر ئـەوەی لەوانەیـە لـەوەیش بەمیزاجی كۆمەڵێك كەس پەیڕەوە ناوەخۆیەكە دابڕێژرێتـەوە, یـەعنی جـاش و بـاش تێكـەڵ بكـرێ, بۆیـە یەعنی ئیزافە بكرێ بەو شێوەیە, یەك لە ئەركەكان ئەوەبێ پێداچوونەوەی سەرجەم لیستەكانی شـەهیدان لە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تەرخان كردنی دادگای باری كەسی بۆ ئەوەی تەزەلۆم روونەدات, لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسـایی ئەوەی داناوە، چونكە كاروبارەكان هەمووی هی خێزانی شەهیدانە, دائیمەن دادگای بـاری كەسـیش تایبەتـە بە كاروباری خێزان, بۆیە ئەمەمان دانا نەمان هێشت بگاتە دادگای بەدائە, سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ ئیزافەی قسەكانی مامۆستا كاكە, ئەو كێشەی دەچێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی ئیسپات بكرێ, ئەوە شەهیدە یان ناء بۆ ئەوە نییە كە حقوقی مالی موناقەشە بكرێ, دیارە ئیسپاتی شەهیدبوون و شەهیدنەبوون چەند شتێكی دەوێ, ئیسپاتی وەفاتی دەوێ, ئیسپاتی قەسام شەرعی دەوێ, زەوجیەی دەوێ, یەعنی بلێین ئەوە ژنی فلانە شەهیدە, لەبەرئەوەی ئەو شتانە هەمووی ئیختیساسی مەحكەمەی ئەحوالی شەخسیە, بۆیە مەحكەمەی ئەحوالی شەخسی تایبەت ترە لە مەحكەمەی بەدائە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وشەی تەزەلّوم منیش پێم دروستە لابچێتن, چونكە ئیحتیمالە ئەو كەسەی بچێتە مەحكەمە ئەو خاوەن حەق نەبێت, ئەو غەلّەت بێ و وەزارەتەكە قەرارەكەی دروست بێ, لەبەر ئەوە ئەو وشە شەرت نییە ئەوەی بچێتە مەحكەمە زولّمی لێكرابێ, ئەمە یەك, بەنیسبەت تەعن, مودەی تەعن چونكە قەرارەكە قەراری مەحكەمە نییە, قەراری ئیداریە، بۆیە ماوەكەی ئەگەر زۆرتر بێت باشترە, چونكە ئەگەر قەراری دادگا بوایە 15 رۆژ یان 10 رۆژ بوایە ئەوكات هیچ موشكیلەك نەبوو, بەس ئیحتیمالە ئەو وەزارەتە یان ئەو لیژنەیە ئیشتیباه بكا لەقەرارەكەی, بۆیە 30 رۆژ بێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەزەلّوم كە باس دەكرێ مانای ئەوە نییە زولّمی لێكرایە دەچێتە بەردەم مەحكەمە, تەزەلّوم لەپێش ئەوە لیژنەیە كە بڕیاری دەركردیە دووبارە سكالایەكەی پێشكەش دەكات, ئەوە دووبارە لەڕووی قانونییەوە لەزمانی یاسا پێدەلّێین تەزەلّوم, لەهەمان دائیرە یان هەمان لیژنە پێشكەش دەكات داواكەی, ئەمە پێدەلّێین تەزەلّوم, دوای ئەوەی كە تەزەلّوم خلاس بوو هیچی بۆ ناكرێ, خۆناكرێ لەوێ بسەلمێنرێ, عەدالەت وا دەخوازێ روو لە دادگا بكات, لەدادگا داواكەی بسەلمێنرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەمڕۆ زۆر موناقەشە كرا, بەنیسبەت ئەو ئیعتیرازەی كاك غفور مەخموری, ئەوە نابێ لەقانون دا هەبێ, ئەوە وەزیر مەجبورە پێدا بچێتەوە, ئیش و كاری وەزارەت موعەڕەزە بۆ رەقابەی مالی, رەقابەی مالی ئەگەر هەر كەسێك بەشەهید نووسرابێ, مەرجی شەهیدی تێدا نەبێ, ئیعتیرازی دەگرێت, من لەئیدارەی سلێمانی راپۆرتی رەقابەی مالیم خوێندەوە, كۆمەلّەك ئیعتیرازی گرتووە لەسەر ئەو بڕیارانەی كە دراوە بۆ تەعریف كردنی شەهید, هەروەها ئەرز دراوە بە كەسانێك بەناوی ئەوەی كە شەهیدن, ئەو شروتەی كە هەیە متەوەفر نییە ئیعتیرازیان لەسەر گرتووە, لەبەر ئەوە لە قانون نابێتن, بەلاّم ئەوە ئیشی وەزارەتە, دەبێ بەپێی ئەو قانونە, ئەوەی پێشیش كراوە پێدابچێتەوە, هەر پێناسەیەك مەرجی شەهیدی لەسەر

تەتبیق نەبێ دەبێ لای ببات، پێویست ناکات بنووسرێت, بەنیسبەت بڕگە (2, 4) برگە (2) لیژنەکە تایبەتە لەناو وەزارەت بۆماوەی 30 رۆژ، ئەگەر ئەو لیژنەیە حەقی نەداتێ, صاحێبی شکایەتەکە هەستی کرد کە زوڵمی لێکرایە, ئەو کات بۆی هەیە بچێتە مەحکەمە, بەلاّم لێرە ئیختیلاف هەیە بەڕاستی مەحکەمەی بەدائە نووسراوە و, ئیقتیراحیش ئەوەیە کە مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی بنووسرێ, هەردوو مەحکەمە شتەکان دەبینن بەڕاستی, هەندێکیان لە مەحکەمەی شەخسیە و هەندێکیان لە محکەمەی بەدائەیە, لەبەرئەوەی پێم باشە بنووسرێ مەحکمەی موختەسە, ئەوەی عیلاقەی بەمحکەمەی ئەحوالی شەخسی بێت, ئەگەر قەسامی شەرعی بێت پێویستی بە مەحکەمەی ئەحوالی شەخسیە, کاک فرست رەئیی وایە زۆر شت هەیە دەبێ لەمەحکەمەی بەدائە بێت, کاک شیروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دوو رەئیی هەیە, رەئیەك هەیە دەڵێ مەحکەمەی بەدائە رەنگە موختەس بێت, رەئیەکیش هەیە دەڵێ مەحکەمەی ئەحوالی شەخسیە, ئێمە وا لۆی دەچین کە مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی موختەسە بۆ دیتنی ئەو دەعوایانە, تەبیعی ئەو مەحکەمەش نزیکە لە قەساماتی شەرعی و حوجەتی وەفات, ئیسپاتی بنوەت لەئیسپاتی نەسب....الخ), بۆیە ئەوەش ئیسپاتی شەهادەیە، دەڵێین ئیسپاتی شەهادەش هەر وەك ئەو حوجانەیە, ئیمکان هەیە ئەوە لە ئەحوالی شەخسی بزانرێ ئەمە یەك, دوو ئێمە دەبێ دەست نیشانی مەحکەمە بکەین لەناو قانونەکە ئایا مەحکەمەی بدائەیە یان مەحکەمەی ئەحوالی شەخسیە, ئەگەر مەحکەمەی بەدائە بێ چۆن دەست نیشانی دەکات, ئەگەر ئێمە بە قانون ئەو دەسەلاّتە نەدەینە مەحکەمە, مەحکەمە ناتوانێ سەربەخۆ دەست نیشانی مەحکەمە بکات, ئەوە موختەسە, دەبێ ئێمە بەقانون دەست نیشانی ئەوە بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست رەئیی خۆی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناحیەی ئیختیساسی مەحاکم قانونی مورافەعاتی مەدەنی ئیختیساسی هەموو مەحاکمەکان دیاری دەکات, بەگوێرەی ئیختیساس هەر نیزاعێك ببێتن, تەشخیس کرا بێت یان نەکرا بێت, ئەوا بەم جۆرە قانونی مورافەعاتی مەدەنی ئیختیساسەکان دیاری دەکات, بەلاّم نیزاع لەو مەوزوعە تەنها لەسەر واقیعەتی شەهادە نییە, دوور نییە نیزاع لەسەر حصەی تەقاعودی بێتن, دوور نییە نیزاع لەسەر ئیستحقاقی حصە بێتن, یەك بڵێتن ئەمن موستەحەقم, یەکێ تر بڵێ موستەحەق نی, دوور نییە نیزاع لەسەر حەقی تەمەلوکی عەردێك بێتن, لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەصڵەکە بیدائەیە ئەوەی تر هەمووی ئیستسنائە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێ ئیسپات بکەین ئەوە شەهیدە یان شەهید نییە, ئینجا ئیستحقاقی تەقاعودی دەبێتن, ئیستحقاقی حقوق و واجباتی دەبێتن, ئیستحقاقی حصەی دەبێت, موراجەعەی مەحکەمەی بەدائە دەکات, لێرە لەو قانونە بەس بۆ ئیسپاتی بەیانی شەهاداتە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کێشەکە لەوەدانییە ئەو کەسە شەهیدە یان ناء چونکە بەپێی خاڵێك لەم یاسایە دەیگرێتەوە کە شەهیدە, چونکە باسمان کرد ئەو کەسەی جاش, ئێستا لێرە زۆر برادەران ئەو قسەیان ورووژاند, حەقە ئێوە بەنەزەری ئیعتیباری وەربگرن, من پشتگیری قسەکانی کاك غفور دەکەم و, پێشتریش خۆم باسم کرد, حەقە جاش بەمانای جاشی ئیعتیادی تەبیعیە بێتە ناو خانەی شەهیدان, بەلاًم جاشێك پلەی هەبووە, ئامری مەفرەزەیەك بووە یان موستەشار بووە, یان مەفرەزەی ئەمن بووە, ئەوانە دەبێ بەیاسا دەربکرێ, نابێ بەهیچ شێوەیەك مووچە لەو شوێنە وەربگرن کە شەهیدانی گەلی کوردستان مووچەی لێ وەردەگرن, بەیاسا شمولیان دەکات، چونکە پێشمەرگەبووە لە شەڕی ناوەخۆش شەهید بووە, بەیاسا شمولیان دەکات ئەوە شەهید بووە, بەپێی یاسا ناتوانین جیایانبکەینەوە, بەلاًم ئێمە دەبێ بەپێی قەرارێك جیای بکەینەوە, چونکە بەڕاستی ئێمە دەبێ شەهیدانی خۆمان ئاسوودە بکەین, ئەگەر ئەوە تێکەڵ بکەین زۆر دڵ گران و ناڕەحەتیان دەکەین, لێرە ئەوە یەکلابکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەمەوێ بزانم جەنابی وەزیر چ دەڵێ, چونکە من تێکەڵاًویەکە نابینم, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەمووی لە دڵسۆزیە ئەو نیقاشە توندە دەکەن, بەس لێرە مەسەلەکە زیاتر لەوەیە کە ئیسپات بکەین شەهیدە یان شەهید نییە, یەعنی قسە لەسەر مەرحەلەی دووەم نەکرایە, کە مەعاشەکان نیزاعیان هەیە یان نیتیان, یان ئەو پارچە عاردەی کە وەری دەگرن, جەنابی سکرتێری پەرلەمان لەمەرحەلەی یەکەم دەمانەوێ ئەوە ئیسپات بکەین, ئەگەر لەوەزارەت کابرا هەستی کرد زوڵمی لێ دەکرێ, یان لیژنەکە زوڵمی لێ کرد, لێرەدا ئەو قانونە ئیستیعانە بەوە دەکات, دەتوانێ بچێت لەمەحکەمە شکایەت بکات, بۆ ئەوەی مەحکەمە ئیسپات بکات کە شەهیدە بە دەلائیل, لێرە دەبێ ئیستیعانە بەکام مەحکەمە بکات؟ کاك فرست ئەوە پرسیارەکەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعقیبێکم هەیە لەسەر قسەکانی کاك غفور و کاك عوسمان, بەحقیقەت منیش لەگەڵ ئەوەدام, بەلاًم پێناسەی شەهید مەجالی ئەوە نادا کە کابرایەك جاش بێ یان بەڕووداو بێ کەبەشەهید حیساب بکرێ ئەمە یەك, بەلاًم لە حاڵەتی دووەم یەکێك بێ ئیدیعا بکات کە شەهیدی هەیە وەدەریش بچێ کە راست نییە, لێرە پێم وایە هەندێك عقوباتی جەزائیی دابنێین وەکو رەدعێك, هەم دەبێتە زەمانێك بۆ مافی کەس و کاری شەهیدان, لێرە دوو حاڵەت هەیە, پێش تەشریعیەتی ئەو قانونە لەوانەیە یەکێك ئیدیعا بکات کە شەهیدی هەیە, من پێشنیاردەکەم تەنها غەرامەی لەسەر بێ, لەحاڵەتی دووەم ئەگەر پاش تەشریعی ئەو قانونە ئیدیعای کرد بێ کە ئەوکات پێم وایە حەپسیشی لەگەڵدا بێت, بەلاًم لەم ماددەیە موعالەجە ناکرێ، لەئەحکامی عام لەماددەی 9 ئەوە پێشنیار دەکات, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی ئەو جاشانەی کەباسیان کرد و پێشمەرگە, ئەو جاشانە پێش 4 ساڵ 5 ساڵ مەعاشی وەردەگرن هی مەفرەزە خاصەکانە بەتایبەتی هەندێکیان دەتوانم ناویان بڵێم, ئەوە دەرچووە کە ئایا ئەو جاشانە مەعاشیان بەردەکەوێ یان بەر ناکەوێ ئەوە تەواو بووە, بەلاًم من داوا دەکەم لەجەنابی وەزیر ئەو نوقتەیە زۆر بە ئیهتیمام وەربگرێ, من سەد لەسەد تەئیدی قسەکانی کاك عوسمان دەکەم, گوناحێکی زۆر گەورەیە شەهیدێکی پێشمەرگە لەگەڵ یەکێکی مەفرەزە خاصە پێکەوە بچن لەیەك دەزگای شەهید، یان یەك بانق مەعاش وەربگرن, ئەوە جەریمەیە و, هەشە, بەلاًم لیژنەیەکی پێداچوونەوە لەوەزارەت تەشکیل بکرێ, ئەگەر ئەو لیژنەیە بتوانێ و بوێرێ ئەو برا جاشانە لەو قائیمەیە دەربهێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبداللە/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوانەی برادەران دەڵێن من بۆخۆم ئەنتی جاشم, یەعنی دژی جاشم بەهەموو نەوعێك، تەبعەن لەگەڵ رێژم هەندێك جاش هەبوونە لەبنەوە هاوکاری پێشمەرگەیان کردیە ئەوە ئینکاری ناکرێ, دوایی هەندێکمان هەبووە موجریمن بەڕاستی حەقە وەکو صدام حسین و داروەدستەکەی تەعامولی لەگەڵ بکەین, ئەوە مەسەلەیەکی عاتیفیە و سیاسیە لەهەمان کاتدا دەبێ ئیشی بۆ بکەین, بەلاًم لەبیر مەکەن بەرەی کوردستانی لە ساڵی لە 91 عەفوی عامی دەرکرد بۆ هەموو ئەوانەی ئەو دەمەی لەگەڵ حکومەتی بەعس ئیشیان کردبوو, چ ئەمن با یان موستەشار بوایە, تەبعەن من سەردانی سەرۆکی هەرێمم کرد ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ شەرح کرد, گوتم کەس و کاری شەهید گلەییان هەیە, یەعنی کورە شەهیدەك کە پێشمەرگە بووە لەگەڵ جاشەك مووچە وەربگرن, حەتا گوتم یان ئەمن یان ئەو جاشانە, ئەویش گوتی بڕیاری بەرەی کوردستانیە, عەفوی عام درایە, پاشی عەفوی عام کە درا, ئەوان هەر کەسەو تەوزیع بوون بەسەر ئەحزابە کوردیەکان، بوونە پێشمەرگە, شەڕی برا کوژیشیان کرد لەگەڵ ئەحزابەکان, مانای ئەوەیە ئەوەی کە پێشتر لە 91 لە جاشاتی کوژرایە, ئەوە جەریمەیە مەعاشی بدرێتی, بەلاًم ئەوانەی لەناو

ئەحزابەکان, یەعنی ئێوە واقیعی بن هەشیانە مەسئولیەتی هەیە زیندیە, ئەدی ئەوان چ لێبکەین, یان ئەوەتە هەمووی حەسم بکەین, ئەوەش قەرارێکی سیاسی دەوێ, یان ئەوەتە دەبێ لەهەمووان دەست پێبکەین, ئەوە ئیشێکی قورسە من لەگەڵ ئێوەم, بەڵام بە مەرحەلە, لەو زەرفە سیاسیە پێم وایە ئەوە سەختە، زەحمەتە خۆمان تووشی ئەو گەردەواڵەیە بکەین, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیره:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی ئەو جاشانە ناکەین, کە عەفوی دراینە و هاتینە ناو حزبەکان و کوژراینە, ئەوانە شەهیدن و قبوڵمانە, من و کاك عوسمان و کاك غفور باسی ئەوانە دەکەین کە پێش ئینتیفازە کوژراینە, بە جاشاتی کوژراینە بە ناوی حزبەکان کوژراینە, ئەوانەی ئێستا لەناو لیستی شەهیدانی ئێمەنە حزبەکان دیفاعی لێدەکەن, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە سەرۆکی پەرلەمان, داوا لەو برادەرانە دەکەین, ئەو ناوانە بدەنە مە بۆ ئەوەی تەصفیەی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا ئەزانم ئێمە لە موناقەشەی چوارچێوەی یاساکە دەرچووین, چونکە یاساکە خۆی پێناسەی شەهید و موئەنفەلی کردووە, ئێمە لەوە دەرچووین, جا با بگەڕێینەوە باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پێم وایە نوقتەی نیزامەکەت راستە, لەمەوزوع دەرچووین, کوێستان خان ئەگەر دەگەڕێیەوە سەر مەوزوع باشە, چونکە نوقتەی نیزامی کرد, فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وانییە, هیچ سەرۆك جاشێك یان هەر جاشێك کە دەستی بە خوێنی پێشمەرگەی هەر لایەکەوە سوور بێت, لەبنەوە پەیوەندی بە هیچ حزبێك هەبێت, ناکرێ یەکێتی کۆمەڵێك جاش و موستەشار بخاتە بن باڵی خۆی, بلێ پێش راپەڕین پەیوەندی بەمنەوە هەبووە دەستی لە کوشتنی کۆمەڵێك پێشمەرگەی پارتی هەبووبێت پێش راپەرین, ئەمە شتێکە حەقە ببینێ, دووەم ئەوەی کاك عوسمان دەڵێ سەرکردە هەیە فیعلەن ئێستا هەیە لەگەڵ بکوژەکەی لەیەك لیست مەعاش وەردەگرێ, با لەدوو بانقی جیاواز وەریبگرێت, با لەلیستێکی جیاواز بێت, لەشەڕی ناوەخۆ کوژراوە یان هەرچیەك بووە, بەڵام بە دوو لیستی جیا, لەدوو

بانقی جیا, ناكرێ من شەهیدێكم لەگەڵ بكوژەكەم بەیەك لیست مەعاش وەربگرم, یان لەیەك رۆژ بچین مەعاش وەربگرین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من دوو سێ مولاحەزە دەدەم, ئیجازەم بدەن, هەر جاشێك لەپێش راپەرین كوژرابێت بەناوی شەهید, ئەوە قبوڵ نییە, دەبێ وەزیر ئەمە تەحقیق بكات, ئەمە یەك.

دوو: ئەو ئیتلاقیەتە نییە, لەڕاستیدا ئەوەی جەنابت دەفەرمووی كوێستان خان, هەبووە من خۆشم دژی جاش بووم, هاوكار بووەو من خۆشم یەكێك لەوانەم, ئەگەر جاش نەبوایە من دەمردم, منیان گواستەوە بەناوی جەیشی عێراقی لەگەڵ برادەرێكی تر لەگەڵم بوو, هەتا ئێمەیان گەیاندە مەنتیقەی قەلادزێ, لەوێش رۆیشتین هەتا ناوچەی قەڵاتوكان هەتا تەسلیمی پێشمەرگەیان كردم من هەر جاش بووم, لەبەرئەوە ناكرێ بەو ئیتلاقیە بڵێین, لەبەر ئەوە تەنزیم هەبوو, ئێمە تەنزیمی یەكێتی بووین بەنامە و شتی تر, بەڵام بەناویش جاش بووین, لەبەر ئەوە هەیە، بەڵام ئەقەلیەتە لەوانەیە لە سەدا یەك بێت, بەس ئەو ئیتلاقەیەی بڵێی هەر هەموویان وانییە, هەبوونە دەوریشیان هەبووە, هاوكاریشیان كردووە, فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ناڵێم هەر نەبووە, بەڵام موستەشارێك پێشمەرگەی لایەنێكی شەهید كردبێ ئەگەر لەبنەوە پەیوەندی بەهەر حزبێكیش هەبێت ئەچێتە خانەی خیانەتەوە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

باس ناكەین, تەواو هەمووی خارج مەوزوعە, فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەك دەكەم ئەوانەی مەسئولیەتیان هەبووە لەجاشاتی, ئەوانە خۆیان سەر بەچ حزبێك بووینە, لە ناو حكومەت نەمێنێن حزبەكە خۆی تەحەمولیان بكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمەوزوع دەرچووین تەواو كاك غفور تەواو, لەمەوزوع دەرچووین وەكو پەخشان خان گووتی, تەعریفەكەمان كردووە, خاتوو چنار خارجی مەوزوع, خارجی قانون موكەلەفە بەوەی كە ئەوەی جاش بووبێت لەپێش راپەرین, پاش راپەرین ناوی پێناسەی شەهیدی وەرگرتبێ, دەبێ لابدرێت, خارجی قانونە دەگەڕێینەوە سەر برگە (4) قسە هەیە, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر ئەو ماددەیە نوقتەی نیزامێکم هەیە, بەنیسبەت شەهیدی سەنگەر, لەعینوانی شەهیدی سەنگەر هیچ کێشەیەکمان نییە, عینوانی شەهیدە, بەڵام خۆتان باش دەزانن قەزیەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە هیچ موستەمەسەکاتیان نەماوە, عائیلە هەیە 15 کەسی شەهید بووە, هیچ هەویەی نەماوە ئیتر کوڕو کچیان هیچیان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە, کاك فرست فەقەرەی (4) تەوزیح دەکات, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەتیجەی موناقەشە و گفتوگۆی برادەران, وا دیاری کرد بڕگەی (4) شاملی یەك حاڵەتە, ئەوەیش ئیسپات کردنی شەهادەیە, منیش ئەڵێم وانییە, قسەی منیش زیاتر لایەنی برادەرانی حقوقیە, ئەگەر تەماشا بکەین فەقەرەکە بەعەرەبی (صدر و عجز)ی هەیە, صەدرەکە بیدایەتەکەیە, چۆن ئیسپاتی واقیعەی شەهادەکەیە, بەعەرەبی (یحق لأی شخص ذی مصلحة اللجوء الی المحاکم لاثبات شموله باحکام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارها بالرفض), ئەوە حاڵەتی ئیسپاتی شەهادەکەیە, مەشمولە بەو قانونە یان ناء بابچینە عجزی ماددەکە, عجزی ماددەکە (تکون محاکم البداءة الجهة المختصة في النظر في النزاعات), چونکە موشەریع لێرە تەوقوع دەکات مەجموعەیەك نیزاعات دەربچێت, وەکو من باسم کرد, بابڵێین خیبرەی من یان زانینی من ئەو قانونە مەجموعەی نیزاعاتی لێ دەرئەچێ, یەکێك لەوان شەهیدێك دەرئەچێت خێزانێکی هەیە ناوی لە قەسام نییە, ئەوە ئەچێتە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی, تەصحیحی ئەو ئەحوالە دەکات, بەس دوور نییە وا تەصەوڕ بکات کە غەدر لەبەشە تەقاعودەکە بووە, شەرت نییە تەسەورەکەش راست بێ یان ناء دوور نییە وا تەسەور بکات بەشەکەی کەمە, یان وەرسەکانی غەدریان لێ کردیە, لێرە دێ دەعوایەك دەکات, ئەو دەعوایە بەڕەیی من مادەم دەعوای حصەی تەقاعودیە, یان دوور نییە دەعوای ئیستیحقاق بێت, لەسەر تەعویزی عەردێك بێت, یان دەعوای مولك بێت, یان دەعوایەکی تر لەو شوێنەیە بێت, ئەصڵەکە مەحکەمەی بەدائیە, عجزەکەش بەم شێوەیە (تکون محاکم البداءة الجهة المختصة في النظر في النزاعات الناشئة عن تطبیق احکام هذا القانون), بە موتڵەقی هاتووە و, تەوقوع کراوە کە زۆر نیزاع لە تەتبیق کردنی قانون بێت, مەوزوع نییە, ئەو قانونە تەنزیمی حالەتی شەهادە بەتەنیا ناکات, تەنزیمی ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان ئەکات, ماف و ئیمتیازاتیش ئێمە ناتوانین حەصری بکەین بە فەقەرەیەك, یان بە ئیمتیازێك یان بە مافێك, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی (4) تەنها و تەنها شمولی سەلماندنی حالەتی شەهادەت دەگەینێ, نیزاعی تر ئەگەر رووبدات ئەحکامی عامە هەیە, مەحاکمی تر هەیە, هەر مەحکەمەیەك بەپێی ئیختیصاصی خۆی ئەو نیزاعانە

چارەسەر دەکات, بەلاَم مەسەلەی ئیسپاتی واقیعی حالی شەهادەکە دەبیَ لەو یاسایە دیاری بکریَت, ئەوەیش ئیَمە وامان پیَ پەسەندە, مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی باشترین مەحکەمەیە نزیکە لە مەسەلەی دیاری کردنی ئەم حالەتە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی بەرای من ئەو صیغەیە وای لیَبیَتن باشترە ( یحق لأی شخص ذی المصلحة اللجوء الی المحاکم لاثبات شموله باحکام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارها بالرفض و تکون محاکم البداءة الاول ای محاکم الاحوال الشخصية کل حسب اختصاصه في النظر في النزاعات الناشئة عن تطبيق احکام هذا القانون), کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەلَ رەئیەکەی لیژنەی یاسایی تا حەدیَك لەگەلَیان بووم بۆ ئیسپات کردنی شەهید, بەلاَم خۆی ئیسپات کردنی شەهید مەفروزە لەلایەن حزبەکانەوە بیَت, ئەوانەی کە شەهیدن, شەهیدی سەنگەر ناویان لە حزبەکان هەیە, ئەوانەی لەسەر خەباتی سیاسی لە زیندانەکان گیراون, ئیعدام کراون ناویان لە لیستی حزبەکانی خۆیان هەیە, هیچ پیَویستی بە ئیسپاتی مەحکەمە نییە, بلَیَن فلانە کەس شەهیدە یان ناء ماعەدا چەند حالەتیَکی کەم دەمیَنیَتەوە, لەبەرئەوە وەکو کاك فرست باسی کرد, نیزاعات بە شیَوەیەکی عام و شامل هاتووە, چونکە فەقەرەیەك لە فەقەرەکان باس لەو شەهیدە دەکەیت ئەلَیی (أو من یعولهم), حوجەی ئیعالەی بۆ دەرئەهیَنی, ئەو حوجە ئیعالیەش لە مەحکەمەی بەدائەت دەرئەهیَنریَ, چونکە ئەم نیزاع و حقوقانەی شەهید حقوقی مالین زیاتر, سوپاس.

**بەڕێز شیَروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسایی موافق بن, من حەلیَکی ترم هەیە, بەنیسبەت ئیسپاتی شەهادە بدریَتە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی, بەنیسبەت بەقییەی نیزاعات بدریَتە مەحکەمەی بەدائە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە موناقەشەی برادەران دا دەردەکەویَت, مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی تەنها موختەسە بە نەسب و حەسب و قەسامی شەرعی, نەخیَر ئەحوالی شەخصی زۆر زۆر وردەکاری تری هەیە, وەك تەخارج کە حقوقی مەدەنیە, وەکو حقوقی مەدەنی بۆ ئەو کەسانەی کە ئەفرادی عائیلەن, بۆ ئەملاك کڕین بۆ زۆر شتی تر, خۆی حاکمی محکەمەی ئەحوالی شەخصی هیچ فەرقیَکی نییە لەگەلَ حاکمی مەحکەمەی بەدائە, هەمان ئیمکانیەت و قابلیەت و مەعلوماتی هەیە, کەواتە چ جیاوازیەك هەیە لەنیَوان مەحکەمەی بەدائە و

مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی, ئەگەر ئێمە بیدەینە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی هیچ فەرقێکی نییە لەگەڵ مەحکەمەی بەدائە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە چارە بکەن, تەبعەن ئەمڕۆ ئەو ماددەیەمان پێ تەواو ناکرێ, ئەو ماددەیە تەنها وشەی ئەحوالی شەخصی و بەدائە ماوەتەوە, بەیانی سەعات 11:00 کۆ دەبینەوە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین و کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنین, زۆر سوپاس, فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28)**

**دوو شەممە رێکەوتی 15\1\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/1/15

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/1/15 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد موفتی سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (28)ی خولی دووەم, ساڵی (2007)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (28)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز (رفعت عبدالله حمەڕەش).

2- پێش چاوخستنی پێشنیازی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو (کریم مجید شریف) ناسراو بە (جوتیار) بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەن.

3- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی مادده 20 لە پیرەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (28)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/1/15 بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز (رفعت عبدالله حمەڕەش).

2- پێش چاوخستنی پێشنیازی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو (کریم مجید شریف) ناسراو بە (جوتیار) بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەن.

3- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك سعد محمد امین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین و چاوەڕوانیشمان دەکرد کە وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ ئامادە بن, رەنگە بۆ کاتی گفتوگۆ یەکێکیان ئامادە بن, هەروەها لە سەرەوە چەند میوانێك بۆ چەند دەقیقەیەك هاتوون بەخێر هاتنیان دەکەین بۆ فریز برێك بەڕێوەبەری گشتی دیکۆمەنتە لە هین, ئاناویندرشۆن هەروەها ئەویش بەڕێوەبەری دیکۆمەنتە لەگەڵ چنار خان, عەلی مەندەلی و دکتۆرە جنان کە لە سەرەوە ئامادەن لەگەڵمان بەخێر بێن سەرچاوان.

خاڵی یەکەم لە بەرنامەکەمان: پێش چاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز (رفعت عبدالله حمەڕەش), کاك رەفعەت عەبدوڵلا حمەڕەش کە ئەندامی پەرلەمان بوو لەسەر لیستی کوتلەی سەوز بوو, واتا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پۆستی لێپرسراوەتی کەرکووکی وەرگرتووە, لەبەر ئەوەی بڕیارێك هەیە نابێت دوو پۆستی هەبێت, بۆیە دەستی لە ئەندامێیەتی پەرلەمان کێشاوەتەوە, نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتی ناردووە دەڵێت: من کە ناوم نووسراوە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم, داواکارم لەسەر داوای خۆم واز لێهێنانم قەبوڵ بکەن, ئەمە دەخەمە دەنگدانەوە, تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کێ لەگەڵ ئەوەیە لەسەر داواکاری خۆی و وەزعەکەی ئاوایە قەبوڵی دەست لە کار کێشانەوەکەی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ دا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, لە هەمان کاتیشدا وەکو لە لیستی یەکێتییە, مەکتەبی سیاسی یەکێتی نامەیەکی بۆ ئێمە نووسیووە, دەڵێت: بەڕێز (کریم مجید شریف) ناسراو بە (جوتیار) یەدەگی یەکەمە لە لیستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ مەبەستی دانان لە شوێنی کاك (رفعت عبدالله حمەڕەش), کە وازی هێناوە لە ئەندامیەتی پەرلەمان, بۆ پڕ کردنەوەی شوێنەکەی, ئەمەش دەخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز, کێ لەگەڵ دایە کە کاك (کریم مجید شریف) ناسراو بە (جوتیار) ئەندامی یەدەگی لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستانە, جێگای کاك (رفعت عبدالله حمەڕەش) بگرێتەوە, وەکو ئەندام کێ رازییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, داوا لە کاك کەریم مەجید شەریف ناسراو بە جوتیار دەکەم بێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (کریم مجید شریف)م سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پیرۆزە، فەرموو، پیرۆزبایی گەرم لە کاك کەریم مەجید شەریف دەکەین بەبۆنەی قبوڵی بە ئەندام پەرلەمان و ئومێد دەکەین دەورێکی باش ببینێتن وەکو چاوەڕوان دەکرێت لە دەوڵەمەند کردنی ئەو بابەتانەی کە لێرە باس دەکرێتن بۆ دەرهێنانی یاسا، دەوری خۆی دەربهێنێتن لەو لیژنانەی کە بەشداری تێدا دەکاتن، دواتر باسی ئەوە دەکەین لە کام لیژنە بەشدارە، خاڵی یەکەم و دووەمی بەرنامەی کارمان تەواو، خاڵی سێیەم مەسەلەی داوا لە لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، بەڕێزان ئێمە دوێنێ موناقەشەی پرۆژەی یاسای مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستانمان کرد، چەند خاڵێکمان تەواو کرد، دوێنێ جەنابی وەزیر لەگەڵمان بەشدار بوو چەند جاریش سەفەرەکەی لەبەر ئەو پرۆژەیە دواخست بە ناچاری دەبوایە سەفەرەکەی بکاتن، دواجار سەفەرەکەی ئەمڕۆ سەعات حەوتی بەیانی بوو نەدەکرا تاخیری بکاتن، لەبەر ئەوە ڕۆیشت، جگە لەوەش ئەو پرۆژەیە موناقەشەی زۆر هەڵدەگرێتن، جا پێشنیارێك هەیە دوای بخەین تا دواتر هەم بۆ ئەوەی مەجال بدرێتن موناقەشەی زیاتر بکرێتن، ئەو ڕێکخراو و سەنتەر و ئەوانە موهتەم بن بە مەسەلەی شەهیدان و خاڵیان هەیە، پێشنیاریان هەیە، هەم بۆ ئێوە زیاتر پرۆژەکە بخوێننەوە، پێشنیارێك هەیە ئەوە دوا بخەین، دەیخەمە دەنگدانەوە ئەگەر موئەیدی ئەو پێشنیارەن دوای بخەین بۆ پاشی (3/1) لە دەورەی داهاتووی پەرلەماندا موناقەشە بکرێتن، ئەو وەختی هەم وەزیر خۆی حازرە، هەم ئەندامانی پەرلەمان حازرن، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەمدیدی پشووی پەرلەمانمان کرد بۆ (15) ڕۆژ، بۆ ئەوەی ئەو دوو پرۆژەیە تەواو بکەین، ئێستا پرۆژەی یەکەم دەستتمان پێ کردووەو مەرحەلەیەکی باشمان لێ قەتع کردووە، بە حەقیقەت من لەگەڵ ئەوەدام کە ئێمە بەردەوام بین لە موناقەشەکە و ئەو پرۆژەیە تەواو بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە دوابخرێت بۆ پاشی (3/1) دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئێستا بەردەوام بین لە موناقەشە کردنی پرۆژەکە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، 37 بە 41 دەنگ، کەواتە دوا دەخرێت بۆ دەورەی داهاتوو.

خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

لیژنەی یاسایی و ئەو لیژنانەی کە ڕاپۆرتیان هەیە لەسەر ئەوە، لیژنەی شارەوانییەو لیژنەی کشتوکاڵ بێن دانیشن لە شوێنی خۆیان، ئێمە حەزمان دەکرد وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری شارەوانی لێرە بان، کە ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بەو دوو وەزیرەوە هەیە، نازانم ئەگەر کاك سەعد تەفسیلێکی هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی خاڵی سێیەمی خشتەی كار بڕیار وا بوو تەواو كردنی پرۆژەی یاسای ماف كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوان بكرێت, بۆیە ئێمە لەگەڵ وەزیری كشتوكاڵ قسەمان كرد لە دەوروبەری سەعات (12) حازر بێت, ئەگەر ئیمكان دەبێت لە رووی قانونی دە دەقیقە, یان چارەگێك دانیشتنەكە دوابخرێت, تاوەكو ئێمە پەیوەندی پێوە بكەین و حازر بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەتوانین بە لای كەمی راپۆرتەكان بخوێنینەوە, واتا راپۆرتی لیژنەی یاسایی, بەڵام هەر دەبێت وەزیر ئامادە بێت و گوێی لێ بگرێت, ئێمە بەردەوام دەبین, خۆی گوتی لە رێگام, رەنگە ئێستا بێت, هەر وەختێك هات دەتوانێت ئینزیمام بكاتن, خۆی دەبوایە وەزیری شارەوانی لێرە بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

لەبەر ئەوەی وەزیری پەیوەندار ئامادە نییە, بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەمەش بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان كە هەردووكی تەئجیل بكرێت بۆ دوای دەورەكەو كۆتایی بە دانیشتنەكانمان بێنین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز دكتۆر كەمال وتی (100٪) دەبێت وابێت, چونكە كوژاندنەوەی زەوی و زار بەبێ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزیری كشتوكاڵ بەهیچ شێوەیەك نابێت, لەبەر ئەوە پشتیوانی لە پێشنیارەكەی دەكەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو یاسایە پەیوەندییەكی راستەوخۆی هەیە بە مافەكانی هاووڵاتیان, پێم وایە ئەگەر ئەو یاسایە دوابخرێت خەڵكێكی زۆر زەرەرمەند دەبن, لەبەر ئەوەی پرۆژەی كوژاندنەوەو ئیستیملاك كردنی زەوی و زار بەردەوامە, كە دوابخرێت ئەو خەڵكانە مەحروم دەبن لەو ئیمتیازاتانەو ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتووە, بۆیە من پێشنیار دەكەم بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی کوژاندنەوەو حقوقی مەلاك ئەوەی لەم قانونە هاتووە, خوا هەڵناگرێت زیاتر لە چل ساڵە ئەو مەوزوعە هەیە, بە دوو مانگی تر چی بەسەر دێت, با تەئجیل بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێخەڵڵا.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر رەئیم ئەوەیە تەئجیل بکرێت, لەبەر ئەوەی هەردوو وەزیری پەیوەندار لێرە ئامادە نین, شتێکی زۆر گرنگیشە, یەعنی هەر ئەوە نییە وەکو کاك خورشید وتی چەند ساڵە راوەستاینە, با ئەو مانگ و نیوەش راوەستین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە زۆر سوپاس, قسە تەواو کرا, چیە کاکە, ئەگەر خاڵی نیزام نەبێتن, دەڵێم خاڵی نیزام نییە, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وامان زانی ئەو ماوەی پشووە درێژ کرایەوە, کارێکی زۆر چارەنووسساز هەیە, ئەگەر نەیکەین خەتەرێکی گەورە لەسەر حکومەتەکەمانە, هەردوو یاسایەکە دوا دەخرێت, ئەی کێ مافی ئەو ئەندام و ئەوە ماوەی پشوویان بوو ماندوو بوونیان دەداتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامانی پەرلەمان واجیبی سەرشانی خۆیانە و واجیبێکە میللەت پێی سپاردووە, هەر وەختێك پێویستی کرد هەتا لە پشووی خۆشیدا کار بکاتن و کۆببێتەوە, لەو ماوەی ئەو پازدە رۆژەدا ژمارەیەك لە پرۆژەی یاساکان خوێندرایەوە, کە زۆر گرنگ بوون, ئێمە بۆ ئەوانە تەئجیلمان کرد, بۆ ئەو دوو یاسایە تەئجیلمان نەکرد, بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژانە بووە, بۆ ئەوەی لیژنەکان فورسەتێکیان هەبێتن لە دەست پێ کردنی خولی پەرلەمان پاشی (3/1) یەکسەر پرۆژەکان تەواو بکەین, بۆ ئەوە نەبوو ئێمە موناقەشەی پرۆژەی کوژاندنەوە بکەین, سەبەبی یەکەمی خوێندنەوەی ئەو پرۆژانە بوو, چونکە ئەگەر وامان نەکردبا, دەبوایە جارێکی تر حکومەت پرۆژەی بناردبوایەوە, واتا سقوتی دەکرد, ئەگەر پشووی بەبەرکەوێت ئەو پرۆژەیە سقوت دەبێت, تەمدیدەکە لەبەر ئەوە بوو, ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە, دوو پێشنیار هەیە, یەکێکیان دەڵێت دوابخرێت بۆ خولی تازە پاشی (3/1), ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە موناقەشەی ئەو پرۆژەیە

بەتایبەتی کە وەزیری شارەوانی, کە پەیوەندیداری ئەساسییە لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵیش کە دووەم پەیوەندیدارە کە نەهاتووەو نایێت, کێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا نەخرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, 17دەنگ لەگەڵ ئەوەیە کە دوانەخرێت, کەواتە بە زۆرینەی دەنگ دوادەخرێت, لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین بۆ خولی تازە, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکوکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**چوار شەممە رێکەوتی 24\1\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/1/24

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/1/24 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-گفتوگۆ كردن دەربارەی هەڕەشەكانی حكومەتی توركیا بۆ سەر هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان گفتوگۆكردنە دەربارەی هەڕەشەكانی حكومەتی توركیا لەسەر هەرێمی كوردستان سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێم و جێگری سەرۆكی حكومەت و وەزیرە بەڕێزەكان و ڕاوێژكارانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەكەین، زۆر بەخێربێن كە بەشدارن لەم كۆبوونەوە نائاساییە كە عوتلەی پەرلەمانمان بڕیوە هاتووین بۆ بەشداری كردن لەم كۆبوونەوەیە، پێش ئەوەی هەندێ قسە بكەین تەبعەن مەسەلەی دەست تێوەردانی حكومەتی توركیاو بەرپرسانی حزبی لەتوركیا لەسەر مەسەلە ناوخۆییەكانی كوردستانی عێراق وعێراق لەم ڕۆژانەی دوایدا قۆناغێكی تازەی بەخۆییەوە بینی بریتی بوون لەوەی كە چەندین كۆبوونەوە بەسترا لە ئەستەنبول و لە ئەنقەرە، دوا كۆبوونەوەیان كۆنفرانسێك بوو، لە ئەنقەرە بەسترا، لەلایەن مەعهەدی گرۆپاڵ، ئەو مەعهەدە بەشێوەیەكی غەیر ڕەسمی پشتگیر دەكران لەلایەن، حكومەتی توركیاوە، بەتایبەتی لەلایەن وەزارەتی خارجیەوە، خەتەری ئەو جۆرە كۆبوونەوەیە، لەوەدایە كە خەڵكانێكی بەرپرس بەشداریان تێدا كرد، قسەیان تێداكرد، دەعوەتیشیان بۆلایەنە پەیوەندیدارەكانی عێراقی كردبوو، كەبەداخەوە، هەندێ لێپرسراوی حزبی لە حزبەكانی عێراقدا تێیدا بەشدار بوون، دیارە بەشداربوونی هەر حزبێك لەهەر كۆنفرانسێكی ئاوادا، ئازادە وحەقی خۆیەتی بەڵام لەبەدوادا چوونماندا بۆ تەفسیلاتی ئەو جۆرە كۆبوونەوانە بەداخەوە كەلە نامەسئولیەتی وناتێگەیشتنی بەشدار بووانی ئەو كۆنفرانسە دیار بوو، نامەسئولانە هەندێ كەس كە بەناحەق كاتی ئەوەیان نیە بەڕووی كۆنفرانسەكە وە ئیعتیبار دەكرێن تەداخول لەكاروباری گەلی عێراق ومیللەتی عێراق و حكومەتی عێراق و تەبعەن پێشتریش و گەورەترین

تەداخولە لە گەلێك كە ئەویش گەلی كوردستانە، دەست تێوەردانە لەئایندەی عێراق، میللەتی عێراق ئەمڕۆكە پێویستی بە كاری هەموولایەكە، توشی شەڕی ناوخۆیش بووە تاحەدێكی زۆر، توندووتیژی لەهەندێ شاری عێراق، بەتایبەتی لە بەغدا، گەیشتە ڕادەیەك، هەمووولایەك، هەموو دۆستانی عێراق، ئەوانەی بەپەرۆشن بۆ ئایندەی عێراق، بەدوای چارەسەرێك دەگەڕێن، بۆچارەسەركردنی ئەو كێشانە، وئەمن و ئیستقرار سەقامگیر بكرێت، لەو ڕووەوە پەیوەندی

بەهەموو لایەك دەكرێتن، بەدەوڵەتانی دراوسێ بەو لایەنانەی كە پەیوەندیدارن بە مەسەلەی عێراق بۆ ئەوەی هاوكاری میللەتی عێراق بن، ئەم جۆرە كۆبوونەوانە، لە توركیادا، بەئیتیجاهێكی عەكسەوە ئەڕوات، خوانەخواستە ئەو ڕاسپاردانەی كەلەلایەن ئەم جۆرە كۆبوونەوانە دەربچێتن، ببێتە هۆكار بۆ تەئسیركردن لەسیاسەتی ئەو كاربەدەستانەی كە پەیوەندیان بەمەسەلەی عێراقەوە هەیە، مەسەلەكان زیاتر ئاڵۆز دەكات، لەو حدوودەش با، لەحدوودی كۆنفرانس با، ئێمە دەعوەتی ئێوەی بەڕێزمان نەدەكرد، جەنابی سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی و وەزیرە بەڕێزەكانیشمان دەعوەت نەدەكرد، لەو دانیشتنە نائاساییە، بەڵكو فۆناغێكی تری وەرگرت، كەپێمان وایە خەتەرناكە و ناكرێ بێدەنگ بین،ئەویش ئەوەیە لێپرسراوی بەرزی حكومەتی توركیا، سەرۆك وەزیرانی حكومەتی توركیا، بەڕێز رەجەب تەیب ئاردۆگان، وەزیری خارجییەی توركیا، لێدوانی جۆراو جۆریان، لەو دواییەدا داوە، هەمووی نیشانەی تەدەخولە لە ئیش وكاری عێراق و بەڕاستی ئێمەش ئیستغراب دەكەین، لەم لێدوانانە كەچاوەڕوان نەدەكرا،لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە، لەسەر مەسەلەیەكی وا گرنگ، بەبێ ئەوەی حەقیقەتێكی هەبێت، بەبێ ئەوەی بنەمایەكی هەبێتن بۆ ئەو مەترسیانەی كەباسی دەكەن، بەوەش نەوەستان، پەرلەمانی توركی دووكۆبوونەوەی كردووە تائێستا، لەمەڕ ئەو مەسەلانە، كۆبوونەوەیەكیان 16 مانگ هەر لەم مانگەدا، لەسەر داوای هەردوو حیزبەكە كەلە پەرلەماندا ئەكسەرییەتیان هەیە، حزبی عەدالەت كە سەرۆك وەزیران رەجەب تەبیب ئاردۆگان سەرۆكییەتی، وەحزبی جمهوری كە بەیكاڵ سەرۆكەكەیەتی، ئەقەلییەتیان هەیە هەردووكیان لەو كۆبوونەوەیەدا، بەڕاشكاوی باس لەوە دەكەن كە ئەوان هەڕەشەی ئەوە دەكەن كە تەدەخول دەكەن، لەژێر زۆر ناوی جۆراو جۆر، جاری واهەیە بەناوی ئەمنێتی توركیا، جاری واش هەیە بەناوی حیمایەتی نەتەوەی توركمان، برا توركمانەكانمان لەكەركووك، جاری واش هەیە بەمەسەلەی ئیقتیصادی رەبت دەكەن، كە كەركوك ئەهمیەتی وای هەیە، وای هەیە، وە ڕەئیەك دەدەن كە دژی دەستووری عێراقە، ئەو دەستوورەی كە هەموومان دەنگمان بۆ داوەو میللەتی عێراق دەنگی بۆ داوە، وە هەموومان پابەندین بەو دەستوورە، ئەگەر هەڵی سەنگێنین، ئەو هەڕەشانە هەڵسەنگێنین، ئەو كۆبوونەوانەی كە دەكرێ بۆ چییە، زۆر ئەو كەسانەی كەشارەزای سیاسەتی توركیان و ئاگادارن لە گفتوگۆكان كەلەوێ دەكرێتن، ئەوە پەیوەندی بەهەندێ مەسائیل هەیە، دەیگەڕێننەوە بۆ سێ چوار شت، یەكێكیان ئەوەیە كەدەڵێن پەیوەندی بەسیراعی ناوخۆی توركیاوە هەیە، هەڵبژاردن بۆ سەرۆكی تازەی توركیا كە دوو مانگی تر بڕیارە لە پەرلەمانی توركیا بڕیاری لەسەر بدەن، بەڕێز رەجەب تەیب ئاردۆگان، مورەشەحە بۆ سەرۆكی كۆمار، دواتر لەمانگی

دەدا، هەڵبـژاردنی گشـتی دەکـرێتن، دەڵـێن ئـەو گفتوگۆیانـە، ئـەو تەسـریحاتانە پەیوەنـدی بـەوەوە هەیـە، پەیوەندی بەهەڵبژاردنەکەوە هەیە، دووەم دەڵێن، مەسەلەی ئەمنیەتی تورکیاو حدوودو، ئاماژە بـەوجودی چەکدارانی پەکەکە دەکەن لەو سنورەدا بەو ناوەوە دەیانەوێ بۆ لێدانی چەکدارەکانی، سێیەم بۆ مەسەلەی کەرکووکە، کە دەیانەوێ تـەدەخول بکـەن بـەناوی حیمایـەتی بـرا تورکمانـەکانمان، بـەوەی کـە دەڵـێن نـابێ کەرکوك ببێتە بەشێك لە کوردسـتان، داوا دەکـەن، مـاددەی 140 جێبـەجێ نـەکرێتن، ئەگـەر یەکـە یەکـە بـاس لەوانـە بکـەین، لەیەکەمـەوە دەسـت پێدەکـەم، ئەگـەر رەئـی عـامی تـورکی، بـەوە کەسـب بکـرێتن، بەهەڕەشە لەمیللەتێکی تر، ئەحزابی سیاسی تورکیا، لە رۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا، کە دونیـا ئـاوا تەتـەوری کردووە، وا پێش کەوتووە مافی مرۆڤ لە هـەموو دونیـادا، کـەڕێز لـەئیرادەی میللـەتان دەگرێتن، ڕێـز لـەمافی مرۆڤ دەگرێتن، ئیحترامی قانونی دەولی دەگـرێتن، چ مەئسـاتێکە ئەگـەر بێـت و ڕەئـی عـامی تـورکی، بـەوە پشـتگیری لـەحزبێك بکـاتن، کـە شـیعارەکەی ئـەوە بـێتن تـەدەخول لـە ئـیرادەی میللـەتێکی تـر بکـاتن، لـە دەرەوەی حـدودی خـۆی، ئـەم سـەقافەتە بائیسـە چیـە؟ هەتائێسـتا لـە تورکیـا بەردەوامـە، ئـەم رۆشـنبیریە چەوتە چیە؟ کـە حزبێـك پێـی وابـێتن شـعارێ هـەڵبگرێتن دژی میللـەتێکی تـر، دژی دەوڵـەتێکی تـر، دژی ئـیرادەی میللـەتێکی تـر کـە هـیچ خەتـەرێکی لەسـەر تورکیـا نیـە، بەتایبـەتی ئـەو میللەتـەی کـە لـە پـاش ڕاپەڕینـەوە، هـەموو جوهـدێکی سـەرف کـردووە، بـۆ ئـەوەی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ تورکیـادا پتـەو بێـت، هەموو بڕیارێکی پێویستیشی داوە، بۆ ئەوەی مەهانە نەداتە دەوڵـەتی تورکیـا تـەدەخول بکـاتن لـەکارەکانی ئێمە، بگرە هەندێ جار دژی ویست و ئیرادەو بۆچوونی خۆشمان بووە، لەمەسەلە ئیسـتراتیژیەکانی خۆمـان بەرامبـەر نەتـەوەی کـورد، هـەر بـۆ ئـەوەی ئـەو دراوسـێ گەورەیـە، مەهانـەی نـەبێتن، و هەڕەشـە لەئەزموونەکەمان بکات و لێمان تێك بدات، زیاتریش لەوە، لە ساڵی ڕابردوودا، هێشتا قـانونی وەبـەرهێنان دەرنەچـووبوو لەلایـەن پەرلـەمانی کوردسـتانەوە، بـەڵام ئیـدارەی هـەولێرو سـلێمانی، دواتـر حکومـەتی یـەکگرتوو لـە کابینـەی تازەشـدا، هـەموو کارئاسـانیەکی بـۆ کۆمپانیاکـانی تورکیـا کـردووە، زیـاتر لـە کۆمپانیاکان بیانی تر، بۆ ئەوەی لێـرەدا کاربکـەن و سـوودی هاوبـەش هـەم بۆخۆیـان و هـەم بـۆ حکومـەتی هەرێم و بۆ گەلەکەمان پەیدابێ بەو شـێوەیە ئومێـدمان وابـووە کـە پەیوەندیـەکانی ئابووریمـان بـە قـوەت بێتن، تەئسیر لەسیاسەت بکاتن، وە تێش بگەن کـە ئێمـە هـیچ مەترسـیەکمان لەسـەر تورکیـادا نیـە و هـیچ مەبەستیشمان نیە، نەدەست تێوەردەدین لە ئیش وکاری ناو خودی تورکیا، نەمەبەستی ئەوەی کێشەشیان بۆ دروست بکەین، زۆر بەداخەوە کە خەڵکانێك وا تەحدید دەکەن، کـە تەحدیدەکـەش تـا حـەدێك ڕاسـتە، کـە ئەو هەڕەشانە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە، پێم وایە دیموکراتیەتی تورکیا، دیموکراتیەتێکی عەریقە، ئاماژەی پێدەکرێتن لەسەر تەریقەی ئەوروپییە، بەڵام زۆر لەنگە ئەو دیموکراتییەتـە ئەگـەر بەبـەردەوامی ئاوا بمێنێتن، رەئی عامی تورکی دەنگ بداتن بەو حزبە شۆڤێنییەی کە شیعاری توندڕەویی دژی میللەتێکی تر هەڵدەگرێ، ئەگەر هەدەفی دووەم تەماشا بکەین، مەسەلەی ئەمنیـەتی سـنوورە، کـە وجـودی چـەکدارانی پەکەکە، لەو سنوورەدا هەن، ئێمە لەو 12 – 13 ساڵەی ڕابردوو وەکو پێشـتریش بـەو شـێوەیە باسـم کـرد،

چـی نـەماوە نەیکـەین بـۆ ئیتمیئنـانی تورکیـا، هـیچ پشـتگیریەکی ئـەو حزبـەمان نـەکردووە، دەسـتمان تێوەرنەداوە لە کاروبـاری تورکیـا، هاوکاریمـان نـەکردووە، بگـرە ڕێزمـان لـە قـانونی نێونەتـەوەیی گرتـووە، بەوەی کە نەهێڵین ناوچەکانی ئێمە بەکار بێتن بۆ هەڕەشە کـردن لەسـەر تورکیـا، دووەم جاریش لەلایـەن میللەتی خۆمانەوە گلەییمان لێکراوە و تەقەبوولمان کـردووە، چونکە پێمـان وابـووە مەسـەلەیەکی مەسـیری بـووە بـۆ گـەلی ئێمـە، پەیوەنـدیمان لەگـەڵ تورکیـا پێویسـتە، ڕێـزی دەگـرین و ئیحترامـی دەگـرین، بـەهیچ شێوەیەك ڕێگا نەدەین بەخۆمان، دەستمان تێوەربدەن، بەڵام لە عەینی کاتیشدا حەقیقەتێك هەیـە، ئەگـەر ئێوەش باسی نەکەن هەموو دونیا دەیزانێتن، بەهیچ زمانێك ئێستاکە، قبوڵ نیە بەشەڕ کۆتایی بە کێشـەی میللـەتێك بێـت، لـە 84وە ئـەو کێشـەیە هەیـە لـە کوردسـتانی تورکیـا، شـەڕ هەیـە دەیـان جـاریش، بـەپێی ئیتیفاقێـك لەگـەڵ ڕژێمـی بەعسی پێشـوو، حـدوودی بەزانـدووە، هێزەکـانی تورکیـا هاتوونەتـە ئێـرەو لـە چەکدارەکانیان داوە، ئایا کۆتایی بەو کێشەیە هاتووە، ئایا دەکرێتن تۆ بەمیللەتێك خـەنق کـەی ئێمـە قـەت تێکەڵ نابین مەسەلەیەك باس دەکەین کە داخلی تورکیایە، بەڵام کەبەو شێوەیە، بیانەوێ ئـەزموونی ئێمـە تێك بدەن، عێراقمان لێ تێك بدەن، دیموکراتیەتمان لێ تێك بدەن، تـەدەخول بکـەن لـە دەسـتووری عێـراق ناچـار دەبـین دوو قسـە بکـەین و ڕاسـتیەکانیش بڵـێین، ئایـا دەکـرێتن بـە دەجـاری تـریش بڵـێن کۆتـایی بەئیرادەی میللەتێك بهێنن، ئایا بە ئیرادەی چەکدارەکانیش کۆتایی بەئیرادەی میللـەتێك دێـت، ئامـادە نـین عەفویەکی عام دەربکەن، بۆ ئەوەی ڕێگایەك بدۆزنەوە بـۆ ئـەوەی بـەدیالۆگ چارەسـەری ئـەوە بکـەن، جار جار دەنگێکـی بـاش دەبیسـتین، گەشـبین دەبـین لـەوەی ئـەو دیموکراتیەتـەی تورکیـا بـەرەو باشـتر بـڕواتن، پتەوتر بێتن، بەقوەت تر بێتن، ئێمە هەندێ جار تەماشای دیموکراتیەتی تورکیا دەکـەین ئـەمان وت وەکـو سـومبولێکە، وەکـو نموونەیەکـە، مـەیلمان پـێ بـوو کەئێمـەش وەکـو ئـەوان ڕۆژێـك لـەرۆژان، وا نیزامێکـی دیموکراتیمـان هـەبێت، بـەڵام ئێمـە شـتێکی باشـترمان کـرد، ئـەو پێکهاتانـەی لەکوردسـتاندا هەیـە، بـەهیچ شێوەیەك ڕێگا بەخۆمان نادەین، بەو نەزەرەی تەماشای پێکهاتەکانی تری کوردستان بکـەین غـەیری کـورد، ئەو ڕێزەی برا تورکمانەکان لەکوردستاندا هەیانە، ئەو ڕێزەی مەسیحیەکان بەکلدان و ئاشورییەوە هەیانـە لەکوردستاندا، لەبەر ترسی کەس نیە، باوەڕمان بەوە هەیە کە دیموکراتیـەت بـەبێ ئـەو ڕێـز گرتنـە، بـەبێ دانانی بەمافی ئەو پێکهاتانە، دیموکراتیەت نیە، لە 1991 پاشی ڕاپەڕین، خۆمان داوامان کـرد لـەبرادەرانی تورکمـان لـە هـەولێر وەرن خۆتـان ڕێـك خـەن و داوای حـەقی خۆتـان بکـەن، حکومـەتی هـەرێم چـەنێ قوتابخانـەی بـۆ تورکمانـەکان کـردەوەو، تیایانـدا سـەدان خوێنـدکاری، قوتـابی کـوردیش دەخـوێنێ، لـە کەرکووکیشدا ئیتهامەمان دەکەن، سێیەم مەسـەلەیان کەرکووکـە، ئێمـە زوڵمـان لـە تورکمانـەکان کـردووە، لـە نەتەوەی تورکمان کردووە، کوردوو تورکمان، کلدان وئاشورو عـەرەب، دەیـان سـاڵە لـە کـەرکووك بەیەکـەوە دەژین، ڕاستیەکانی مێژوویش دیارە، جوگرافیاش دیارە، هەر بگەڕێینەوە سەر کتێبەکانی زەمانی عوسمانلی ئەو ڕاستیانەیان بۆ دەردەکەوێت، کە پێویست ناکات بچمە نـاو تەفسیلات، پـێش ڕووخـانی ڕژێمـی سـەدام، هەموو لایەکتان دەزانن، ڕژێم مەنعی کردبـوو لـەناو کەرکووکدا، کـەس خـۆی بـەتورکمان بنووسـێ، ئەگـەر

تەماشای سەرژمێریەکانی زەمانی بەعس بکەین، نەتەوەی تورکمان لەسەرژمێری کەرکووکدا نیـە، جـەبری کردبوو کە دەبێ خۆتان بنووسن بە نەتەوەی عەرەب یاخود نەتەوەی کورد، ئەو وەختی تورکیا لەکوێ بـوو بۆ حیمایەتی تورکمانەکان، هەر ئەو پرسیارەیان لێ ئەکەین، کەیەکێك بڵێت نابێت بڵێن ئێمـە تورکمـانین، ئەبێ ئیختیار بێت لەبەینی ئەوەی عەرەب یـان ئـەوەی کـورد، تورکیـا بـۆ حیمایـەتی تورکمـان لـەکوێ بـوو، پاش ڕاپەڕین کوردیش ئازاد بوو، تورکمانیش ئازاد بوون، هەموو پێکـەوە دەنگمـان بـۆ ئـەو عێراقـە تازەیـە داوە، مـن نـاڵێم لـە نـاو ریزەکـانی ئێمـەدا هـیچ هەڵەیـەك نیـە، هـەمووومان سـەد لەسـەر سـەد دیمـوکراتین، بەتەئکید تەئسیری ڕژێمی پێشوو لەسەرمانە، ڕەد فیعلمان بۆ ئەو سیاسەتە کۆنە پەرستە، شۆڤیانە هەندێ جـار لـەناو ئێمەشـدا، ڕەئـی تونـدڕەو هەیـە، بـەڵام کـوا ئـەو ڕەئیـە تونـدڕەوە پـەیڕەو کـراوە لەکەرکووکـدا، هەندێ لەقسەکەران لەو کۆنفرانسەی گرۆباڵ گوتوویـەتی دەڵێـت 600 هـەزار کـورد، لـە ئـێران و تورکیـاوە هاتوون، لە ناو کەرکووکدا نیشـتەجێ کـراون و، خانوویـان پێـدراوەو ئـەرزەیان دراوەتـێ، کـوا بۆچـی نایـەن تەحقیقێ بکەن، ئەمن لێـرەوە بـەناوی ئێـوەوە پێیـان دەڵـێم، حکومـەتی تورکیـا، پەرلـەمانی تورکیـا، وەرن بـزانن ئـەو کـوردەی کـە گەڕاوەتـەوە، ئەگـەر غـەیری خـەڵکی کـەرکووکن، دەسـت نیشـانیان بکـەن، ئێمـە دەیسـەلمێنین، کـە ئێمـە غەڵـەتێکمان کـردووە، ئێمـە هـاوار دەکـەین هێشـتا خـەڵکی کـەرکووك لـە هـەولێر، لەسلێمانی زۆریان ناگەڕێنەوە، لەبەر ئـەوەی ژیانیـان نیـە لەکـەرکووك، وەزیفـەیان نیـە لەکـەرکووك، لێـرە دوکانی بۆخۆی کردۆتەوە، 20 ساڵە دەرکراوە لەکەرکووك، ژیانێکی تەئمین کـردووە دەڵێـت وەرە ژیـانم بـۆ تەئمین بکـە، موعاناتمـان لەوەدایـە، کـە کەرکووکیـەکان بەشـێکیان، ناگەڕێنـەوە کـەرکووك، ئەگـەر زوڵمێـك هەبێتن لـەتورکمان کـرابێتن، ئێمـە خۆمـان قبـوڵ ناکـەین ئـەو زوڵمـە لـەتورکمان بکـرێتن، هـەروەها قبـوڵ ناکەین لەعەرەبیش و لەکلدان و ئاشوریش بکرێتن، چونکە ئێمە زوڵمان لێ کراوە، زەحیـە بووینـە، ئـەمڕۆ کە دەستەڵاتمان بەدەستەوەیە، خۆمان دەزانین ئەو کەسەی زوڵمی لێ بکرێت، شعوری چۆنە، چەند بریندار دەبێتن ڕێگا نادەین، کەس لەگەڵ ئێمەدا بژێتن، بریندار بێت یاخود، مافەکانی لێبسەنینەوە، جێگای داخـە کـە، هەنـدێك لـەو ئەحزابانـەی عێـراقیش بەشـداریان لـەو کۆنفرانسـە کـردووە، هەنـدێکیان قسـەکانیان، مەعقولـە، بـەڵام یـەك نوقتـە هەیـە، کـە ئینتباهیـان تێـدا نـەکردووە، ئـەویش باسـکردنی دوا خسـتنی ئیستیفتای کەرکووکە، ڕاپرسی لەخـەڵکی کـەرکووك، بـەهیچ شـێوەیەك لەلایـەن ئێمـەوە قبـوڵ نیـە، ئەمـە مەسەلەیەکی دەستووریە، دەستووری عێراق لـەماددەی 140دا ئامـاژەی بـەوە داوە، ئـەو شـوێنانەی جێگـای خیلافن، چارەسەر بکرێتن لەوانەش کـەرکووك، بەرنامەیـەکی بـۆ دانـاوە، ئاسـایی کردنـەوەی وەزعەکـە، لـە کەرکووك، گەڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان، دەرکراوەکان بۆ شوێنی خۆیـان، سـەرژمێری ئینجا ریفرانـدۆم، ئەمـە کـێ دەتوانێـت، دژی ئـەو مەبدەئانـە بـێتن، هـەموو مـەبادیئی دیمـوقراتی و قـانون وعەدالـەتن، ئەگـەر پیلانێکیان نەبێت، لە دژی دیموقراتیـەت، بۆچی بـاس لـەو مەسـەلانە دەکـەن، ئەگـەر کەسـێك زیـادەڕەوی کردبێ وەرن، دەستنیشانی بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش، پێکەوە نـەیهێڵین، ئێمـە تورکمانـەکان کـە دەرکرابـوون، خۆمان هاوکاریمان کردن بۆ ئـەوەی بگەڕێنـەوە، شـاری کـەرکووك، بـۆ ئـەو ناحیـەو قەزایانـەی کەلـە دەورو

پشتی کەرکووکن کەلێی دەرکراون، جێگای سەر سوڕمانە کە پەرلەمانی تورکیا، دوو جەلسە بکات، جەلسەی دوێنێی بەنهێنی بووە، چی دەگەیەنێتن بە نهێنی جەلسەیەك بکەی، دژی میللەتێك، تەنها ئەوەیە تینوی ئازادیە، نەتەیارەی هەیە، نە هەڕەشە ئەتوانیٚ بکاتن لەکەس، تەنها دەیەوێتن بە دیموکراتیەت ژیانی خۆی، ئایندەی خۆی، بباتە سەر، چی پێویست دەکاتن بەنهێنی، پەرلەمانی تورکیا بڕیارلەسەر مەسەلەیەك بداتن، کە دوورە لە وڵاتەکەی خۆشی و لە وڵاتێکی تریش، گومان لەو دانیشتنە دەکەین کە بەنهێنی بەستراوە، تورکیا نەموحتاجی ئەوەیە بەنهێنی سیاسەتەکانی خۆی بڕیاری لەسەر بداتن، نەموحتاجی ئەوەیە بە نهێنی بڕیار بداتن لەسەر مەسەلەیەك کە پێویستە لەمرۆدا دونیای ئازادی و دیموکراتیەتە هیچ شتێك بە نهێنی نامێنێت، ئیلا پیلان گێڕان نەبێت، ئیلا مەسەلەی دژایەتی نەبێت، ئەوانەش کەلەلایەن ئێمەوە، قبوڵ ناکرێت بەهیچ شێوەیەك، گەلی ئێمە و لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە بەتەنهانین گەلانی دونیا هەمووی لەگەڵمانن، ئەمە پێم وایە عەکسی ئەو حزبانەی کە پێیان وایە، رەئی عامی تورکی تەئیدی ئەو شتە دەکەن، رەئی عامی تورکی فرسەتی ئەو شتەی هەبێتن کە ڕاستیەکان بزانێتن، تەئیدی ئێمە دەکات، وڵاتانی ئازاد لەهەموو دونیادا تەئیدی ئێمە دەکەن، چونکە ئێمە هەڕەشەمان لەسەر کەس نەکردووە، و ناشی کەین، بەڵام قبوڵیش ناکەین کەس هەڕەشەمان لیٚ بکات، وا ئاسانیش نیە، دونیا بەسەر ئەوەدا چوو، ئیرادەی میللەتێك وەك میللەتی کورد، وەکو گەلی کوردستان، ناتوانێت بیخنکێنێتن، ئەمڕۆ مەسەلەی کوردی، حەقی کورد گەیشتۆتە، هەموو دونیا لە ئەوروپا، لە ئەمەریکا لە un کەس جارێکی تر قبوڵ ناکاتن، ئەوەی بەسەریدا هاتووە وەك بەکارهێنانی کیمیاوی وئەنفال و دەرکردن وکۆچ ڕەوو هەر شتێکی کە ئەوانە بەسەر کورد نایەتن، بۆیە حەق وایە، بەرپرسانی تورکیا، واقیعیانە بیر بکەنەوە، ئەگەر مەسەلەیەکیان هەیە، پەیوەندی بەبەرژەوەندی تورکیاوە هەیە، بەرژەوەندی هاوبەش هەیە، ئێمە ئامادەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم، حزبە سیاسیەکان لە کوردستان، کەسێك نیە دژی بەرژەوەندی هاوبەش بێتن، بەڵام ئێمە تابعی بڕیاری کەس نین، غەیری بڕیاری خۆمان نەبێتن، غەیری بڕیاری ئیرادەی گەلەکەمان کە لێرەدایە، لەپەرلەماندایە، بڕیاری کەس لەسەر ئێمە ناتوانێت، نەقبوڵی بکەین نە رەدی دەدەینەوە، جا ئەو کۆبوونەوەمان بۆ ئەوەیە، هەندیٚ ڕەئی هەبوو کە دەڵیٚ ئێمەش با داخراوە بێتن جەلسەکەمان، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ڕەخنانەی کە لەو دانیشتنەدا کە پەرلەمانی تورکیا بەداخراوی کردی کرا، هەر ڕەدی ئەوە ئێمە شتێکمان نیە، نە پیلانێکمان هەیە دژی تورکیا، نە دەمانەویٚ شتێك دژی تورکیا بکەین، بۆیە هەموو شتێکمان ئاشکرایە، ئەو ڕەخنەش کە دەگیریٚ، دەمانەویٚ بگاتە برادەرانی تورکیا، دەمانەویٚ بگاتە دەستەڵاتدارانی تورکیا، حکومەتی تورکیا، گویٚ بگرن لەو میللەتەی کە نایانەویٚ گوێی لیٚ بگرن، ڕاستیەکان بزانن، کەنایانەویٚ بزانن، لەمەو دوا گویٚ نەدەنە ئەو ڕاپۆرتانەی کە چەند نەفەرێك لەکەرکووك، هیچ پەیوەندیان بەگەلی تورکمانەوە نیە، بێجگە لەوەی ڕازی کردنی، ئەوکەسانەی کەڕاپۆرتی بۆ دەنووسن، ئەو ڕاپۆرتانە نەبنە بەرنامەی سیاسی، حکومەتی تورکیا نەبێتە تەقیم کردن تەنها لەخوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان، بابێن بزانن میللەتی تورکمان، چۆن دەژیتن، لە

هەولێر لەکەرکووك لە تەلەعفەر، لە دوز خورماتوو، لە پردێ، با بێن ڕاستیەکان ببینن لە جێگایەکیشدا ئەگەر زوڵمێك کرابێتن، تەجاوزێك کرابێتن، ئێمە پێش حکومەتی تورکیا، ئامادەین، چارەسەری بکەین، محاسەبەی ئەو کەسەش بکەین کە ئەو کارەی کردووە، بەڵام سەد دەر سەد، ئەوە ڕەد دەکەینەوە، یەك کوردی نەکوردستانی تورکیا نە کوردستانی ئێران لە کەرکووك نیشتەجێ نەبوونە، یەك کوردی هەولێر وسلێمانیش لەوێ نیشتەجێ نەبوونە، ئەوە تەعقب بکەن و ئێمەش ئامادەین، ئەگەر ئەو راستیە هەبوو، کەسێك هەبوو بێتن لەو بەشانەی تر هاتبێت لە کەرکووك نیشتەجێ بووبێ، حەقی ئەوەیە گلەیی بکەن، بەعەکسیشەوە کە عەرزم کردن، کە هێشتا زۆر خەڵکی کەرکووك هەیە لەشارەکانی ترن، نەگەڕاونەتەوە، ئەوە کاك محمد إحسان لێرەیە خۆی وەزیری حکومەتی هەرێمە بۆ کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، و جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ئەویش ئەو ڕاستیە ئەزانێت، ئەویش موعاناتی هەیە لەوەی چۆن، کوردە ئاوارە بوو راگوێزراوەکانی بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك، من هەر ئەوەندە قسە ئەکەم، تەبعەن جەنابی سەرۆکی حکومەت، کاك نێچیرڤان دواتر قسەتان بۆ دەکات، بەڵام خۆی حەز دەکات، برادەران ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز قسە بکەن، بۆیە من داوا لە فراکسیۆنەکان دەکەم، هەریەکە لە فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی، هەریەکە ( 5 -6) کەس قسە بکەن، لە برایانی دوو حزبی ئیسلامیش، هەریەکە دووسێ کەس قسە بکەن، هەروەها دەکرێتن ئەوانی دیش حزبی شیوعیە، نائیبی موستەقیل ئەگەر هەبێتن د. نوری دەستی بڵند بکاتن، کەس ڕێگات لێ ناگرێتن بەسەر چاو، جا کێ ئەیەوێت قسە بکات تاکو ناوی بنووسین، دەستتان مەهێننە خوارەوە تا هەمووتان بنووسم. کاك شێروان، کاك عوسمان، کا مەلا، کاك خورشید، کاك ئەنوەر، کاك ئەسعەد، ئارێز، دلێر، رۆمیۆ، شوکریە، شێردڵ، پەخشان خان، جمال، تەلعەت، عوسمان، غەفور، سۆزان، مامۆستا، دیلمان، دکتۆر ناسح، دکتۆر نوری، نازناز خان، إحسان، ڤیان، ئێستا کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.**

هەرچەندە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بە تەفصیل چووە ناو مەسەلەکان، هیچی وای نەهێشتەوە، بۆ ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام ئێمە محاوەلە دەکەین چەند قسەیەك لێرەدا بکەین، هەروەکو هەموو لایەکمان دەزانین، ساڵی 2007 ساڵی جێبەجێکردنی، ماددەی (140)ە، لە دەستووری عێراقی فیدراڵ، ساڵی 2007 ساڵی ئایندەی کەرکووکە و ناوچەکانی دابڕاوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆیە دەبینین، لەگەڵ نزیك بوونەوەی، جێبەجێ کردنی ماددەی 140 لە دەستووری عێراقی فیدراڵ، ترس و لەرزو دڵە ڕاوکێ، لەلای دوژمنانی گەلەکەمان، لە زیاد بووندایە، دوژمنانی گەلەکەمان، چاویان هەڵنایە تەماشای عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ بکەن، دوژمنانی گەلەکەمان چاویان هەڵنایە تەماشای هەرێمی کوردستانی عێراق بکەن کە هەرێمێکی ئازادو سەقامگیرە، بۆیە لێرەو لەوێ، لە لێدوانەکانیاندا، لەبەستنی کۆنگرەکانیاندا، حەتا لەدانیشتنی پەرلەمانیاندا هەڕەشە لە حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدڕاڵ دەکەن، ئەبێ بەرپرسانی تورکیا

باش بزانن، كه هيچ مافێكيان نيه، بۆ دەست تێوەردان لەكاروبارى عێراق، ئەبێ بەرپرسانى توركيا بزانن، هيچ مافێكيان نيه كەدەست لەكاروبارى هەرێمى كوردستان وەربدەن، چونكه هەر كارێك دەست تێوەردانه لەكاروبارى عێراقى فيدڕاڵ، دەست تێوەردان لەكاروبارى هەرێمى كوردستان، دەست تێوەردانه لەسەروەرى عێراق، چونكه سەروەرى هەرێمى كوردستان بەشێكه لە سەروەرى عێراق بيانووى بەرپرسانى توركيا ئەوەيه، كه گوايه، ديفاع له برا توركمانەكانمان دەكەن لە عێراق، برا توركمانەكانمان لە عێراق، پێگەى خۆيان هەيه، چ لە پرۆسەى سياسى عێراق، چ لە حكومەتى عێراقى فيدراڵ، چ لە پەرلەمانى عێراقى فيدرال، له هەمان كات هەمان پێگەيان هەيه، له هەرێمى كوردستانى عێراق چ بەنيسبەت بەشداربوونيان له حكومەتى هەرێمى كوردستان، چ بەشداربوونيان له پەرلەمانى كوردستان، و هەموو دام و دەزگاكانى تر، ئەمه منەتێك نيه لەسەريان دەكەين، بەڵكو مافێكى سروشتى خۆيانه، وەكو نەتەوەيەك موعامەلەيان لەگەڵ بكرێت، ئەگەر ئێمه لاپەڕەى مێژوو هەڵدەينەوە، دەبينين رۆژێك له رۆژان، بەرپرسانى توركيا، حكومەتى توركيا هەڵوێستێكيان نەبووه، بەرامبەر برا توركمانەكانمان كه تووشى ئازارو ئێش دەبوون، تووشى ئەشكەنجه دەبوون، لە كەركووك و ناوچەكانى تر، لە زەمانى ڕژێمدا، من نازانم ئێستا، ئەم تەدەخوله بۆچى بەرپرسانى توركيا، هێناياتيانه پێشەوه، برا توركمانەكانيشمان زۆر باش ئەو حەقيقەته دەزانن، بۆيه من نامەوێ زۆر تەفسيلاتى بدەمێ، بەس دەمەوێ ئەوەنده بڵێم، هەڵوێستى حكومەتى عێراقى فيدراڵ، هەڵوێستێكى لاوازه، بەرامبەر ئەو دەست تێوەردانه، هەڵوێستى پەرلەمانى عێراقيش، هەڵوێستێكى لاوازه، پێويسته پەرلەمانى عێراق و حكومەتى عێراق، بە جدى بچنه ناو مەسەلەكه، مەسەلەكه بەتەنها بۆ هەرێمى كوردستانى بەجێ نەهێڵن، بۆ سەرۆكى هەرێمى كوردستانى بەجێ نەهێڵن، بۆ پەرلەمانى كوردستانى بەجێ نەهێڵن، پێويسته زۆر بەجدى تر، بچنه ناو ئەو مەسەلانه، بۆيه من داوا دەكەم له سەرۆكايەتى پەرلەمان ئاگادارى حكومەتى عێراقى فيدرال بكاتن، ئاگادارى پەرلەمانى عێراق بكاتن، كه هەڵوێستێكى رەسمى وەربگرن، نەك ئيعتماد بكەنه سەر وته بێژێك، بەناوى على دەباغ كه جوابى بەرپرسانى توركيا بداتەوه، له حاڵەتێكدا كه ئەوان سەرۆكى حكومەتيان دێته سەر خەت، وەزيرى خارجيان دێته سەر خەت، له هەمان كاتدا داوا لەسەرۆكايەتى پەرلەمان دەكەم، ياداشتێك بنوسێ و ئيستينكارى ئەو هەڵوێستەى توركيا بكات لەگەڵ رێز و سوپاسماندا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانى مارانى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وەڵا من واى دەبينم، ئەو هەڕەشانەى توركيا، تەنها بۆ ئەوەيه ئەمەريكا لەناوچەكه، حيسابێك بۆ توركيا بكات، ئەگينا ئەو قسانەى سەرۆك وەزيرانى توركيا دەيكات بەڕاستى، سەردەمى بەسەر چووه، نازانم هيچ ئەقڵێك، ئەمه قبوڵ ناكات، سەردەمى هەڕەشەو زمانى هەڕەشه، ئەوه باوى نەماوه، مەرحەلەكه بەسەر

چووه، من وای دەبینم زۆر لەمێژە، ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە ئەمەریکا، زیاتر ئیهتیمام بەتورکیا بدات، لەبەر ئەوە دیارە لەو جەولەی ئەو دواییەی وەزیری خارجی ئەمەریکا، کە سەردانی تورکیای نەکرد، نیگەرانی زۆریان هەیە، لەو مەسەلەوە ئەمن پێشنیاز دەکەم، ئەو تەسریحاتانەی تورکیا، کە کاتی بەسەر چووە ڕامان نەکێشێ بۆ، ململانێیەك کە هیچ گەلی کوردو گەلی تورکمان هیچ لایەکمان، سوودی لێ نابینین، بەڵام ئەوەی جێی داخە، هەندێك لەسەرانی یان کەسایەتییەکانی عێراق، کە خۆیان ئەمرۆ بەشێکیشیان لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقن، بەشدارن لەو کۆبوونەوە نهێنی و ئاشکرایانەی تورکیا دەرهەق بەو تەسریحاتانەی دەکرێت حەقە ئەوە بەسەریاندا تێپەڕ نەبێت، حەقە عیلاجیان بکرێت، من لێرەشدا پێشنیار دەکەم، فیعلەن پەرلەمانی کوردستان داوا لە پەرلەمانی عێراق بکات، کۆبوونەوەیەك بکرێت، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بەڕاستی حەلێك بۆ ئەوانە دابنرێت پێکەوە، چونکە ئێمە ئێستا بەشێکین لە عێراق، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ ئێمە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، فیدراڵە لەسەر عێراق، بۆیە بەشێك لە وەڵامدانەوەی، ئەو تەسریحاتە ناخۆشانەی، کەلەلایەن وڵاتانی دەوروبەر دەدرێت، دەبێ ئێمە پێکەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق، وەڵامی بدەینەوە، من پێم وایە دەبێ ئێمە پێچەوانەی، تەسریحاتەکانی تورکیا هەنگاو بنێین، ئێمە خۆمان دوور بگرین لە تەسریحاتی هەڕەشە ئامێز، لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ تورکیا هاوسنوورین، جیا نین، لەوانەیە ئەو کەسانەی ئەوڕۆ لەسەر دەسەڵاتن ساڵی داهاتوو نەمێنێن، بەڵام نەتەوەی ئێمەو نەتەوەی تورك، دەمێنێن لۆ داهاتووشمان پێکەوە دەبیت، ئیشمان لەگەڵ یەکەو هیچیشمان بێ یەك نازین، مەسەلەی تورکمان لەکوردستان، تورکمان لەکوردستان برای ئێمەنە، ئێمە بەیەکەوە دەژین، مێژوویەکی دوورودرێژمان بەیەکەوە هەیە، نازانم ئێمە لەگەڵ تورکمانەکان، نابێ چاو لەتەسریحاتەکانی تورکیا بکەین، برا تورکمانەکانمان ڕابردوو و داهاتوویان لەگەڵ ئێمە دەبێ، مافیان لای ئێمە جێبەجێ دەبێ، هەر وای لێهاتووە ئێمە تورکمانەکانی کە لەکوردستان دەژین، بەشتێکی جیایان نازانین لەخۆمان بەڕاستی، دەبێ ئێمە فیعلەن بەو کردارانەی خۆمان، وەڵامی تورکیا بدەینەوە، نەك بەتەسریحاتی هەڕەشە ئامێز، چونکە کەس قازانجی لێ ناکات، خاڵێکی تر ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ئێمە کیانێکین، لەگەڵ تورکیا زۆر بەسەراحەت قسە بکەین، ئەوان چیان لە ئێمە دەوێ، وە ئێمە مقابل چیمان لەوان دەوێ، شەرمی سیاسی نەما، ئەو شەرمە سیاسیەی ئێمە دەیکەین، کاتی نەمایە، بەسەر چووە، پێویستە زۆر بەسەراحەت، ئێمە لەگەڵ تورك دابنیشین، حکومەتی تورکیا، ئەوان چیان دەوێ، ئێمە مقابل چیمان لەوان دەوێ، بیخەینە بەرنامەی کارمان و کاری پێ بکەین، خاڵێکی تر لەسەر مەسەلەی کەرکووك، من دووبارەی دەکەمەوە، جارێکی تر لێرە باسم کردیە، کە ئەڵێن مەسەلەی کەرکووك، پێشنیار دەکەم، داوا دەکەم، کە ئێمە لەداهاتی ساڵی 2007 بۆجەیەکی بۆ دیاری بکەین، بۆ زوو تر چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، چونکە هەندێ شت هەیە دەبێتە ئەمری واقیع، حەقە چارەسەر بکرێت و کۆتایی پێ بێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر کاملا فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،**

سەرەتا دەست خۆشی لەو کۆبوونەوەیە دەکەم، دەربارەی ئەو هەڕەشانەی تورکیا، سەرچاوەی لەکۆمەڵێ شتەوە گرتووە، یان دەتوانین بڵێین ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو وەزعە سیاسیە نێودەوڵەتییەی کەهەبووەو هەڵوێستی ئەمریکاش بەتایبەتی، ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتۆن، بێ تەئسیر نەبووە لەسەر ئەوەی کە تورکەکان بێت ئەو هەڵوێستە یان ئەو هەڕەشەیە بکەن لەسەر خاکی عێراق و لەسەر کوردستان بەتایبەتی، جگە لەوەش کەمتەرخەمی عێراق لەجێبەجێ کردنی ماددەی 140 یەکێکە لەهۆکارەکانی تر، هەڵبژاردنیش وەکو جەنابت ئاماژەت پێکرد، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە تورکیا، هۆکارێکی ترە، بەڵام ئامانجی تورکەکان، نە خزمەتکردنە بەتورکمان نە گەریلاکانی پەکەکە، ماوەیەکی دوورو درێژە شەڕیان ڕاگرتووە دژی تورکیا، هیچ کێشەیەکی ئەمنیان نەناوەتەوە تا ئێستا، ماوەی چەند ساڵێکە لەسەر سنوور، وجودیشیان نیە لەو بەشەی کە هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئامانجیان تێکدانی قەوارەی سیاسی کوردیە، قەوارەی سیاسی کوردستانە، بەو ئامانجەوە ئەو هەڕەشانە دەکەن، لەگەڵ خەونێکی دێرینە وا ئەزانن سەردەمی عوسمانیەکانە، بەمەبەستی گێڕانەوەی ویلایەتی موصلّ کە ئەو خەونە لەمێژە زیندە بەچاڵ بووە، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشانە، هەروەکو برادەران باسیان کرد پێش من پێویستە حکومەتی فیدڕالی عێراق، پەرلەمانی عێراق هەڵوێستی هەبێت، چۆن دەیەوێت، کە نەوتی کوردستان، بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر عێراقیەکان دابەش بێت، لەوە زۆر پێ دادەگرن، بەشێوەیەکیش بابێن بەرگری لێ بکەن، ئەگەر بەبەشێکی لە عێراق ئەزانن، ئەوە ئەرکی ئەوانە، پێویستە ئێمە پێ دابگرین لەسەر ئەوە کەحکومەتی فیدرالی عێراق، کە پەرلەمانی عێراقی، مولزەم بن بەوەی هەڵوێستی ڕوونترو، بوێر ترو، کاریگەر تریان هەبێت، لەسەر ئەوەی چونکە، عێراق وڵاتێکی سەربەخۆیە، ئەندامە لەنەتەوە یەکگرتووەکان، پێویستە سەروەری بپارێزرێت، ئەوەش بەهەڵوێستی ئەوان زیاتر پشت ئەستور دەبێت، لەلایەکی تر من پێم باشە، لەکەرکووك بەتایبەتی خۆ ڕێکخستنەوەیەکی باشتر بکرێتن، ئەو دەستەڵاتەی لەکەرکووك هەیە، ئەو درز و کەلێنانەی کە هەیە نەهێڵرێت، پێویستە حزبە تورکمانیەکان کە هاوپەیمانن، هەوڵی خۆیان چڕو پڕ تر بکەن، دەوری کاریگەر تر ببینن، لە ناوەندە سیاسیەکەدا، لە میدیاکاندا،دەکرێ زیاتر لەزمانی ئەوانەوە باس لە وەزعی تورکمان بکرێت، باشترەو کاریگەری زیاتری دەبێت، لە هەمان کاتدا، من پێم باشە وێڕای ئەوە کە ئەمریکا بڵێین و نەڵێین، حوکمی موتلەقە لە عێراقدا، کە ئەوان دەسەڵاتدارن، بوونیان هەیە، جگە لەوە زل هێزترین هێزی دونیان ئێستا ئێمە دانوستاندن لەگەڵ ئەوان بکەین، ئەگەر ئەوان نەرمی نەنوێنن، من پێم وانیە تورکیا بتوانێت بەو شێوەیە هەڕەشە بکات، لەلایەکی تریش تورکەکان مەبەستیان هەیەو، وەکو کاك عوسمان و کاك شێروانیش باسیان کرد، کە دەوری کاریگەر تری هەبێت، بۆیە باشتر وایە،

ئێمە وەفدێکمان بەسەرپاحەت لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد لەگەڵ ئەمریکاییەکانیش زیاتر ولەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریش بەتایبەتی ئەو وڵاتانەش کە وڵاتانی عەرەبی هەر هیچ نەبێ هەڵوێستیان هەیە، باشە ئەوان دێن عێراق داگیر دەکەن، کە کوردستان بەشێکە لە عێراق بۆ هەڵوێستیان نیە، لەبەرامبەر تورکیا، دیارە جەنابت ئاماژە دەکەی بەوەی کەمن کۆتایی پێ بێنم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس من تەنها سێ دەقەتان دەدەمی بۆ ئەوەی هەمووتان قسە بکەن، بۆیە هەر یەکەو سێ دەقە قسە بکەن، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شت هەڵوێستی حکومەتی تورکیا، بەرامبەر بە عێراق بەگشتی و بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لە هەر بارودۆخێکەوە سەرچاوەی گرتبێ، هەڵوێستێکی هەل پەرستانەو نامەسئولانەو نادروستە، ناگونجێت لەگەڵ هیچ نەرێت و یاساو رێسایەکی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و، پەیوەندی دراوسێیەتی دەوڵەتان، مایەی توڕەبوون وڕەت کردنەوەیە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، بەگشتی بەڕاستی منیش لەسەر ڕەئیم کە هەڵوێستی پەرلەمان و حکومەتی عێراق هەڵوێستێکە لە ئاستی جەسامەتی ئەم هەڵوێستەی تورکیا نیە، پێویستە حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراق ئاگادار بکرێنەوە، و لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەورێکی بەهێز تر ببینێت لەو ڕووەوە، بۆیە بەپێویستی ئەزانم کە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە، یاداشتنامەیەك ئاراستەی پەرلەمانی تورکیا بکرێت، بەشێوەیەکی ئسوڵیانە، ئەم یاداشتنامەیە، بگەیەنرێتە UN و وڵاتانی ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپا، پێ لەسەر ئەم خاڵانە دابگیرێت، کە بەکورتی ئاماژەیان پێ ئەکەم،

1-نادروستی و ناشەرعیەتی ئەم هەڵوێستە هەل پەرستیە، کە پێشێلکاریە بۆ ئیرادەی هەموو خەڵکی عێراق.

2-وەبیر هێنانەوەی حکومەتی تورکیاو، گەلانی تورکیا کەلە سات و سەردەمە جیاکاندا گەلی کورد لە عێراق و هێزە سیاسیەکانی هەوڵیان داوە هەمیشە نەك تەنها کێشە بۆ دەوڵەتی تورکیا دروست ناکەن بەڵکو هەوڵیان داوە هەمیشە ڕۆڵی ئیجابیان هەبێ بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی گەلانی تورکیا، لەبەرژەوەندی گەلانی تورکیایە کەئارامی لە عێراقدا هەبێت، بەتایبەتی لە کوردستاندا، وە پەیوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و ئەو پەیوەندیانەی کە هەن، بەردەوام بن و بەرەو پێش بچن، لە بەرژەوەندی گەلانی تورکیایە، کە چارەسەری کێشەی کورد بکات بەشێوەیەکی عادیلانەو دیموکراتیانە، لەوەشا هێزە سیاسیەکانی کوردستان وسەرکردایەتی سیاسی کوردستان رۆڵێکی هاوکاری ئیجابیانەی هەبێت، کە ئەمە لەبەرژەوەندی ئارامی تورکیایە، لە بەرژەوەندی تورکمانی عێراقە، برایانی تورکمانی عێراق، چوارچێوەی ئیدارەی

هەرێمی کوردستاندا بن، ئەتوانین ئەوە زیاتر ڕوون بکرێتەوە، کە ئێستا بوار نیە، بۆ چی؟ وە ئەگەر هەر کەموکوڕییەکیش هەبووبێ لە تەعامولا لە هەڵسوکەوتا، ئەکرێ خۆمان لەناو خۆماندا چارەسەری بکەین.
هەموو گەلانی تورکیا بەگەلی تورکی تورکیاشەوە، هەر هەموو لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی حکومەتی تورکیا نین، ئێمە هەڵوێستی سەرۆکەکانی پێشووی تورکیامان لە بیرە.
3-بۆیە ناوەندێك هەیە لە تورکیاو، ناوەندێکی کەم نیە، کە تێ ئەگەن لە هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی کوردستان، لەلایەکی کە پێویستە یەك خاڵ ئەگەر مەجال هەبێت سەبارەت بەو هێزو لایەنانەی کە هاوبەشی ئەکەن لەو کۆنفرانس و چالاکیانەی کە لە تورکیا ئەنجام ئەدرێت، پێم وایە پێویستە ئەو هێزو لایەنانە ئەوە بزانن کە هیچ پاساوێك نیە، بۆ ئەوە، ئەوە بەزەرەرو زیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم پرۆسەی سیاسی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەست خۆشی ئەکەین، مەوزوعی ئەو هەڕەشانەی تورکیا، کەلە عێراق و کوردستان بەتایبەتی دەکات، ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە کورد، دائیمەن تەحەدیاتی لەسەر هەیەو، بەردەوام ئەبێت ئەگەر چی لەزەمەن و کاتێکدایە کە خاوەنی حکومەتێکەو، بەدەستوور ئەو حکومەتە، ئەو موئەسەساتانە پیادە کراون و جێبەجێ کراون، شتێك نیە شاز بێت، هەروەکو چۆن دەستووری عێراق، دانی بەفیدرالیەتی کوردستاندا ناو، دانی بە موئەسەسات و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ناوە، ئاواش بەدەستوور ماددەی 140 لەناو دەستووردایەو یەکێکە لەو بڕگە بەهێزانەی دەستووری عێراقی هەمیشەیی کە گەلانی عێراق تەصویتیان لەسەر داوە، ئەگەر ئەو هەموو دەستکەوتانەو، لەگەڵ ئەو هەمووموئەسەسات و دەستوورەش ئەوجا ئەوە بەچاوی خۆمان دەبینین و گوێمان لێ ئەبێت، کە تورکیا وەکو جیرانێك و جیرانێکی هەمیشەییش ئەو هەڕەشە ئامێزانەی کە دەکاتن دەرحەق بە عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە باس لەباسی کەرکوك و ماددەی 140و تەئخیر کردنی، ئێمە دەزانین کە زەمانی هەڕەشە بەسەر چووە، و هەموومان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە کات و زەمان کاتی حیوارە، لێك گەیشتنە، بۆیە پێشنیار دەکەین و تەئکید دەکەینەوە کە ئێمە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی تر بتوانێت قەناتێکی بەهێز بکاتەوە لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ بەرپرسیان و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیش کە بتوانین لەیەك حاڵی بین، چونکە زەمانی هەڕەشە بەسەر چووە، کاتی ئەوە نەماوە، دائیمەن گەلی کورد پشت دەبەستێت بەو هێزە لەبن نەهاتووەی جەماوەری خۆی، هەموو جەماوەری کوردستان بەهیچ شێوەیەك قبوڵی ئەوە ناکەن، کە ڕۆژێك لەڕۆژان کەسێکی تر لەدوورەوە بێت و تەعەدا بکات و هەڕەشە بکات لەو میللەتە، بۆیە پێشمان چاکە حکومەتی هەرێم زیاتر گرنگی بە جەماوەر بدات و

خەم لە گەلی خۆی و لە میللەتی خۆی بخوات وە خەلکانی وکەسانی قەومیەت و تورکمانیش کە هەیە با بەتەمای جیرانان نەبێ، وەکو پەندی کوردی دەڵی"بە تەمای جیرانان هەر بێ نان ئەمێنێیتەوە، بەڵکو خەڵکی خۆمان و کەسی خۆمان زۆر چاکترە و زەمەنێکی زیاترمان بەیەکەوە بەسەر بردووە. سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئەسعەد.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو تورکمانێکی کوردستانی 4 ساڵ لەگەڵ جەنەڕالاتی تورکیا کارمان کردووە لەبەرەی تورکمانی، دەمەوێ هەندێك ڕوونکردنەوە و بیروڕای وان بەگوێرەی کوردستان چیە چ نیە باس بکەم جەنابیشت ئاماژەت بەوە کرد کەوا تەیب ئەردۆغان و ئەوەی وەزیری خارجی کە قسەی گەورە گەورە دەکەن دژ بە کوردستان، ئەوە یەقین بێت لە وێ جەنەڕال حوکم دەکات، جەنەڕاڵ قەرار دەدات، تاکو رەئیس جمهوری ناتوانێ شتەکی بکات ئەگەر جەنەڕالاتی عەسکەری بڕیار نەدا، دوایی ئێستا بەرەی تورکمانی بەناو بەرەی تورکمانی کە لێرەیە زۆربەی هەرە زۆری برادەرانی ئێمە بە ئەحزاب و موئەسەساتی کارتۆنی دادەنێ، دەبێ علمیانبێت کەوا ئێمەش هەمووومان سەرکردەی بەرەی تورکمانی بووین، کە پاش ئەوەی زانیمان سیاسەتی چەوت بەکار دێنن بەرامبەر کوردستان و برا کوردەکان، واقیعەکەمان کە تێی گەیشتین ئینجا بەجێمان هێشتن و بە ئیرادەی خۆمان کارمان کرد، چونکە ئەوەی لەوێ بەناو بەرەی تورکمانی و ئێستاش لایەزال کاربکات ئیرادەی لە دەستە خۆی نیە، ئەمر لە دەرەوە وەردەگرێ، بە گوێرەی ئەمری ئەوێندەرێ ئەوجا کار دەکەن، چەندەها جار سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزنی هەتا لە کاربەدەستانی تورکیا داوای کردووە، کەوا عەفو عامێکی دەربێنی بۆ پەکەکە، بەڵام ئەوان ئێمەش کە لەگەڵیان کە کارمان دەکرد ئەوەمان دەوت، ئەوان دەیان وت ئەگەر ئێمە عەفو عام دەربێنین لە بۆ پەکەکە ئەو دەکاتە ئیعتراف کردن بە پەکەکە، بۆیە عەفوو دەرنایێنین. بەنیسبەت دوو کۆبوونەوەی پەرلەمانی تورکیا، کە نهێنی کرایە، ئەوە مجرد عامل نفسیە بەکاردەهێنن، 15 کۆبوونەوەش بکەن، چیان پێ ناکرێ لەو قەناعەتەدام بە نیسبەت ماددەی 140 کەرکووك بەتایبەتی لەبەر ئەو ماددەیە کەرکووك زۆربەی هەرەزۆری حوجەی دەست تێوەردانی کوردستانی کردووە، یەك بە حوجەی پەکەکە، دووەم/ دیفاع لە تورکمانەکان، وەختی ئێمەش هەمان شت بە ئێمەیان دەووت ئیعلان بکەن حقوقتان چەوسایتەوە، ئێمە هەموو کاتەك ئامادەینە مەصیفی سەری ڕەشی دەکەینە عارد و کەس قسەتان پێ بکات، واتان پێ بکات، بەڵام کە ئێمە واقعەکەمان دەزانی لەگەڵ برادەران بە تەفاهوم قسەمان دەکرد دەگەیشتینە ئەنجامی چارەسەرکردنی کێشەکان، مەوزوعەکی تر هەیە ئەویش نزیکەی مانگێك پێش ئێستا موناقەشەی دەستووری هەرێمی کوردستانمان دەکرد، لەسەر داواکاری ویداد ئەرسەلان وەزیری پیشەسازی هەرێمی کوردستان هەموو حزبە کوردستانیەکان و حزبەکانی دەرەوەی کوردستان یەعنی بەناو بەرەی تورکمان ئەوانیشمان داوەت کردبوو

لەگەڵ کەسایەتی تورکمان لە فندق دانیشتین، یەکێك لەبەرپرسی بەرەی تورکمانی بەناوی خۆی هاتبوو شەخصی، ئەو وتی ئەوشتانە زۆر جوانە قمەی دیموکراتیەت لە کوردستان کە هەر حزبێك، هەر خاوەن بیر و ڕایەك یاساناسێك ئەو پڕۆژانە بدات لەبۆئەوەی تەتویر بکات. بەڵام ئەمە ئەمرمان هەیە کە بەدژی ئەو شتە ڕاوەستین بەزمانی خۆیەوە ئەو ئیعترافەی کرد، هەتا ئێمە گۆتمان ئەگەر بە رەسمیات بەرەی تورکمان دەیەوێت داخل بیت لەگەڵمان لە مناقشە خەبەرمان بدا، لۆ سبەینێ ئاگادار کراین، کەوا هەتا تەوبیخی ئەو شەخصەیان کردبوو، لەکۆتایدا داواکارم بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان یاداشتێك لە بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی تورکیا بنووسرێت و گشت جیهانیش ئاگادار بێت لەوە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس وەختم زیاتر دایەی لەبەرئەوەی قسەکانت زانیاری بوون، دەست خۆش، بەڵام هەر تەعلیقەکی بچووك لەسەر یاداشت بۆ پەرلەمانی تورکیا، حەزدەکەی دە یاداشتیش دەنێرین، بەڵام بەداخەوە ئەوانیش کەوتونەتە ژێر ئەو سەقافەتە، سێ ئەندامی پەرلەمانی تورکیایان نارد بۆ ئێرە بۆ ئەوەی بچیتن لە کەرکوك تەحقیق بکاتن، ئێمە دووجا خەبەرمان بۆ ناردن ئامادەین لێرە پێشوازیان لێ بکەین و داوەتیان بکەین و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین و هەموو کارئاسانیەکیان بۆ بکەین، نەیانتوانی ئەو بڕیارە بدەن، لەبەر ناوەکەی، چۆن بێنە ناو پەرلەمانی کوردستان، دوایی گوتمان وەرن سەردانی کتلەی تورکمان بکەن لە پەرلەمانی کوردستان، ئەویش وتیان با بێن لە ئوتێلێك یەکتری ببینین ئەم سەقافەتە بەداخەوە هەیە لەگەڵ ئەوەشدا یاداشتەکەیان نەشر دەکەین، ئەم یاداشتە ئیقتراحێکی باشە، دەیخەینە باسەوە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا داواکارم هەموو ئەو لایەن و کەسانەی لە کۆنگرەکانی تورکیا بەشداریان کردووە، ئەوانە بە پێی یاسا حکومەتی عێراق سزایان بدات، چونکە ئەوانە یەکەم چوونەتە دەرەوەی عێراق و دەیانەوێ دەستی دەوڵەتێك بۆ ناو عێراق ڕابکێشن، چونکە هەڵوێستی بەرامبەر بە گەلانی عێراق دۆستانە نیە، ئەوانە دەیانەوێ چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی عێراق کێشە و شەڕو فتنە لەناو عێراق و لە کوردستانیش بنێنەوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی پێویستە حکومەتی عێراق بەرامبەر ئەو کەس و لایەنانە بێ دەنگ نەبێتن، دووەم: دووبارەی دەکەمەوە منیش پێویستە حکومەتی عێراق هەڵوێستی ڕاشکاوانە بێت، هەروەها ئەمەریکاش کە ئەمڕۆ بە پێی یاسایەکی نێودەوڵەتی لە عێراقدایە، پێویستە سیاسەتی بەرامبەر بەو هەڵویستانەی تورکیا ڕوونتر بخاتە ڕوو، دیارە ئێمە دەزانین تورکیا باس لە دوو بیانوو دەکات، بیانوووەیەکیان ئەوەیە کە

تورکمانـە، بیانوویەکـەی تریـان پەکەکەیـە، سـەبارەت بـە پەکەکـە ئـەوەی کـە نایـەوێ کێشـەی پەکەکـە چارەسـەربکات تورکیـا خۆیـەتی و ئەگـەر لێـرە چـەند پەکەکەیـەك لـە شـاخەکان هـەبن لـە ئـەرارات و لـە جـودیش هەنـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن لێـرە وەکـو ئەنـدامێکی پەرلـەمان داوا لـەو چـەکدارانەش دەکـەم لـە ڕوانگەی هەستی مەسئوولیەتیان بەرامبەر بە نیشتمان، بەرامبەر بە نەتەوە، بەرامبـەر بـە گـەلانی عێـراق ئەگەر ئەو چەند کەسـەش هەنـە ولاتـی ئێمـە بـەجێ بێڵن و بیـانوو نەدەنـە دەسـت دەوڵـەتێك کـە ئـەوڕۆ دەیەوێ تەشقەڵە بە وڵاتی ئێمە بفرۆشی، سەبارەت تورکمانیش، یەکەم تورکمان، تورکمانن خـەڵکی تورکیـا نین، خەڵکی کوردستانن، سێیەمین لە ناو کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێـراق دەژیـن، ئـەوەی ئـەوان دەست تێوەردانەو پێشێل کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکانە، دیارە سێ هۆ هەیـە ئێمـە بـاش دەزانـین یـەکێکیان ئەوەیە کە حزبی دەسەڵاتدار دەیەوێ بەهەموو شێوەیەك رەجەب تەیب ئەردۆغان لە مانگی 11ی داهـاتوو بکاتە سەرۆك کۆماری تورکیا، بـەڵام بـە پێـی سیاسـەتی تورکیـا و بـەپێی پرانسـیپەکانی ئـەتا تـورك لەبـەر ئـەوەی ئیسلامیە ڕێگـای پـێ نـادرێ، ئـەو ململانێیـەو ئەوهاشوهوشـەی ئـەوە دەکـات ڕێ خـۆش کردنـە بـۆ بەرژەوەندی تایبەتی حزبی دەسەڵاتدار، بەتایبەتی سەرۆکی حکومەتی ئێستا، بەداخـەوە ئـەوان کێشـەیەك دروسـت دەکـەن هەڵوێسـتێکیان نواندیـە کـە نـە لەبەرژەوەنـدی گـەلی کوردسـتان و نـە عێـراق و نـە هـی تورکیاشە، لە کاتیکدا ئێمە داواکارین کە ئێمە لە جیاتی ئـەوەی ئـەو کێشـە و گیروگرفتانـە دروسـت بکـەین بـیر لـە پەیوەنـدی باشـتر، بـیر لـە ئـالوگۆڕی بازرگـانی، ئـابووری، ڕوونـاکبیری هـەموو ئەوانـە بکەنـەوە، بـە هەرحال داواکاریەکیشم لە حکومەت هەیە بەوەی ئێمە لە بەرامبەر ئەو هەڕەشانە هیچ باکمـان پـێ نـەبێ، بۆ ئەوەی ئەگەر خوانەخواستە هەڕەشەکانیشیان کردە جدی، ئێمە بتـوانین خـۆ لەبەرامبـەر رابگـرین، مـن داواکـارم کـە بـە زووتـرین کـات ئـەو چوار وەزارەتـەی کـە مـاوە یـەك بگریتـەوە، بەڕاسـتی بیـانووی یـەك نەگرتنەوەی ئەو چوار وەزارەتە من بەش بە حاڵی خۆم نـایبینم، دوو پێویسـتە حکومـەت بـەڵام بـە جـدی بـیر لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی گەنـدەڵی بکاتـەوە، کـە زۆر مەسـەلەیەکی جدیـە کـە بەڕاسـتی بووەتـە کێشەیەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خۆرشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بـەخیر هـاتنی جـەنابی سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و جیگـری و بـرا وەزیرەکـان دەکـەم، دووژمنایـەتی حکومەتـەکانی یـەك لـە دوای یـەکی تورکیـا وەکـو دووژمنایـەتی یـەك لـەدوای یـەکی حکومـەتی عێراقـە بەرامبەر بە کورد، روون و ئاشکرایە و دەستوری تورکیاش ئاشکرایە بەرامبەر بە کـورد هـەتا جارێـك یـەك لە سەرکردەکانمان زەمانی خوالیخۆش بوو ئۆزال گوتی من شەرم دەکەم ئەگەر هەنـدێ خـاڵ لـە دەسـتووری تورکیا بخوێنمەوە، بـەڵام ئەوانـەی ئەوسیاسـەتەی کـە ئێسـتا کاربەدەسـتانی تورکیـا جێبـەجێی دەکـەن بـە

تەصوری من لە چوارچێوەی دەستوورەکەی خۆیانەو تورکیا ئێستا نییەو ئەوساڵ نیە تەهدیدی کورد دەکات، لە هەموو تاریخی حەرەکەی کوردی، تورکیا ڕۆژێك لە ڕۆژان پشتیوانی لە حرەکەی کوردی نەکردیە، هەمیشە دووژمنایەتی کورد بووە، ئەگەر جاروبار ئاوڕێکی دابێتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی بووە، بۆیە ئەو هەنجەتانەی کە تورکیا ئێستا گرتوویەتیە بەرچاوی خۆی تەدەخول لە شئونی کوردستان بکات کە یەکێکیان پەکەکەیە، ئێستا برادەران باسیان کرد، دووەمین/ کەرکووکە کە هەرگیز بڕواناکەم تورکیا نەزانێ سەرکردایەتی کورد و کوردستانی عێراق موعاناتمان کەمتر نەبووە لە پەکەکە، بەڵام چارەسەری کێشەی کوردستانی تورکیایە، نەك چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکەیە. تورکیا نایەوێ ئیعتراف بە وجودی کورد بکات، پەکەکەی کردۆتە هەنجەت، پەکەکە هەموومان دەزانین تەواجودی لە سەر سنوورەکانی کوردستانە، مومکینە کیلۆمەترێك، یان دووکیلۆمەتر جاروبار بەفر ڕێگا بگرێت بێنە ناو کوردستان، ئەویش چ چالاکیان لە کوردستاندا نیە، بەڵام ئەوە هەنجەتێکە بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکات بێتە ناو کوردستان و ئیحتماله لەناو پەرلەمانی تورکیاش وەکو برادەران هەندێك باسیان کرد، هەندێك ئەترافە، ئەحزابی سیاسی پێی خۆش بێ مناوەرە لەگەڵ پەکەکە بکات، چارەسەری کێشەی کورد بە سلمی بکات، بەڵام وەکو برادەران باسیان کرد حوکم لە دەست پەرلەمانی تورکیا نیە، لە دەست حکومەتی تورکیا نیە، حوکم لە دەست جەنەڕاڵەکانە وە ئەگەر شەڕی پەکەکەش نەمێنێ مومکینە ئەوان وەزیفەکانیان لەدەست بدەن، تورکیا نامێنێت، بۆیە ئەوان ئیصرار دەکەن لەسەر ئەوەی، دووەم مەسەلەی کەرکووك هەموومان دەزانین کەرکووك لە زەمانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمان وەکو یەك چەوساندرایتەوە، بەعس رەحمی بە هیچ لەمانە نەکردووە، هەتا جارێك تارق عەزیز کە وەزیری خارجی عێراق بوو چوبووە تورکیا لەکاتی کە هەویەیان دەگۆری ئیسارەیان کردبوو، پێی وتبوون لەل نەکەن، جارێکی تر باسی کەرکووك نەکەن، باسی ئەسکەندەرونەی دەکەین و ئیسارەی هەموو میللەتی عەرەبیشتان لێ دەکەین، دەنگیان لێوە نەهاتووە تا حکومەتی ڕژێم رووخایە، مەعلومە هەدەفیان چییە، ئەوان خۆیان بەهێز دەزانن کورد بە لاواز دەزانن، بۆیە دەیانەوێ تەدەخول لە کاروباری کورد بکەن و تەهدیدی بکەنەوە، من تەصوریش دەکەم تورك ناتوانێ بێتە ناو کوردستانی عێراق، نە زروفی دەولی یارمەتی دەدات، نە زروفی ناو عێراق یارمەتی دەدات، نە ئەمریکا ڕێگای دەدات، چونکە گەورەترین موشکیلە بۆ ئەمریکا دروست دەکات، کورد مەجبورە شەڕی لەگەڵ بکات، ئێستا کورد گەورەترین حەلیفی ئەمریکایە، ئەوکاتە ئەمریکا مەوقفی چ دەبێت؟ لەبەر ئەوەی من تەصور ناکەم تورکیا بێتە ناو کوردستانی عێراق و شەریش بکات لەگەڵ کورد. بەڵام تەئکید دەکەمەوە هەڵوێستی حکومەتی عێراق، هەڵوێستی پەرلەمانی عێراقی زۆر زۆر لاوازە، وەکو خێرمان پێ بکات وایە، وەکو کەرکووك لە عێراق نەبێت وایە، تەنها کورد لە ساحەکەیە و سەرکردایەتی کورد لە ساحەکەیە بەرگری لە مەوزوعەکە دەکات و وەڵامی تورکیا دەداتەوە، بۆیە من تەئیدی ئەو برادەرانە دەکەم، پەرلەمانی کوردستان داوا لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق بکات مەوقفێکی جدی و عێراقیانەیان هەبێت، وەکو تەهدید لە بەغدا دەکرێت ئاوا

بەرگری لە کەرکووك بکەن کە تەهدید دەکرێ و ئیقتراحیشم بۆ حکومەتی هەرێم ئەوەیە هەوڵەکانی سیاسیمان چڕ بکەینەوە، پەیوەندی بە دەوڵەتانی دراوسێ بکەین و ڕای کورد زیاتر ڕوون بکەینەوە، پەیوەندی بە هەندێ دەوڵەتی دۆستی ئەوروپا بکەین مەوقفی کورد ڕوون بکرێتەوە و تەهدیدی تورکیا بەرامبەر بە میللەتی کورد ئاشکرا بکرێت کە تەهدیدەکەی ناحەق و ناڕەوایە. دووەم ڕاگەیاندنەکان تائێستا لە پشت چیان. ئەصڵەن تەرکیز لەسەر ئەو بابەتانە ناکرێ، ئەگەر جاروبار میزگردێکیش هەبێ زۆر لاوازە، بۆیە پێشنیار دەکەم بەڕاستی جەنابی سەرۆکی حکومەت تەئکید لەسەر مەوزوعی ڕاگەیاندن بکەنەوە و تەوحیدی ڕاگەیاندنیش بکرێ و بەرنامەیەکی تایبەتیش هەبێ لەو مەوزوعە لەماوەی مانگێك بۆ ڕەت دانەوەی و بۆ تێگەیاندنی میللەتی کورد دەربارەی ئەو مەوقفەی تورکیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حوزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانی تورکیا دژی هەموو خەڵکی کوردستان و عێراقە، بەو هێزو لایەنانە عێراقیانەی بەشداریش بوون لەو کۆنگرە یان ئەو هەڕەشەیە. چونکە قسەکان دژی خەڵکی کوردستانە، لەبەر ئەوەی کە تورکیا دەیەوێ لەم ڕێگەیەوەدەست بخاتە ناو ئیش و کاری خەڵکی کوردستان، دەست بخاتە ناو کارەکانی حکومەتی کوردستان و هەموو ئەو شتانەی ئەو دام و دەزگایانەی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە بنیادنراون، شتێکی تریش بەڕای من ئەو هەڕەشەیە دژ بە خودی برا تورکمانەکانە پێش ئەوەی دژ بە خەڵکی تری کوردستان بێت، چونکە من دەپرسم ئایا تورکیا لە کوێ بوو ئەو کاتانەی کە ڕژێمی صەدام، ڕژێمی لەناو چوو برا تورکمانەکانی دەچەوساندەوە، جا بۆیە پێم وایە هەندێ برادەران کە ئیشارەتیان کرد ئەم دانیشتنانەی تورکیا بەنهێنی و بە ئاشکرا دەکرێ، بەڕای من قسەکان و نیازەکانی تورکیا هەمووی لای ئێمە ئاشکرایە کە چی دەوێ و یاخود چی ناوێ لەم وڵاتی ئێمەیە، جا بۆیە پێم باشە وەکو برادەرانیش کاك ئارێز ئیشارەتی پێ کرد من تەئیدی قسەکانی دەکەم کە دوو هۆی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی ئەو لایەنە عێراقیانە سزا بدرێ کە بەشداری لەو کۆنفراسە یا ئەو کۆنگرەیە داکردووە، من هۆیەکی تری ئەخەمە پاڵ هۆی سێیەم ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیە یاخود ئەم بیر و بۆچوونە دژ بە ئیرادەی ئەوانیشە، چونکە ئەوان خۆیان ئەوانەی کە بەشداریش بوونە سەرجەم خەڵکی عێراق کە بەشداری کردووە دەنگی بە دەستوری عێراقی داوە، ئەم هەڵوێستەی تورکیا دژی ئیرادەی ئەم دەستورەیە، ئەویش لەڕێگەی دوا خستنی مادەیەك لە مادەکانی کە ئەویش مادەی(140)ە، جا بۆیە من دوو پێشنیار دەکەم یەکێکیان: دەورێکی باشتر و زیاتر بدرێتە برا تورکمانەکان بۆ ڕەتدانەوەی ئەم هەڕەشانەو هەر هەڕەشەیەکی تری لەم جۆرە بابەتانە لە ڕۆژی نزیك و دووردا. دووەم : من تەئیدی ئەوە دەکەم کە لەم کۆبوونەوەیەدا یا لەم دانیشتنە دا یاداشتێك

بەرزبکرێتـەوە، یاداشـتێکی نـاڕەزایی دژی ئـەم هەڵوێسـتەی تورکیـا. سـوپاس، کـاك کـەرخی نـەجم الـدین فەرموو.

**بەڕێز کەرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا قسەو باسەکان زۆر کران و مەوزوعەکـەش بەشێکی باسـی تورکمـانی تێدایـە، مـن نامـەوێ بچمە سەرئەوباسانەی کە دووبـارە کراونـەوە، مـن دەمـەوێ سـوپاس گـوزاری خـۆم دەربـبڕم بـە سـەرۆکی هـەردوو فراکسـیۆنی پـارتی و یـەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتان کـە دووپـاتی برایـەتی نێـوان کـورد و تورکمانیـان کردۆتەوە، ئەوە شتێکی ئاساییەو هەڵویستی ئێمەش مـەعلوم بـووە لـەو مەسـەلانە، چـەند راسـتیەك هەیـە دەمەوێ بۆ جەنابتان باسی بکەم، ئێمە مێژوویـەکمان هەیـە وەکـو تورکمـان لەگـەڵ حکومـەتی تورکیـا، کـە تورکیا بە حەیاتی خۆی بەتەنگ گەلی تورکمانەوە نەهاتووە و ئەو هەموو دەردەسەرییەمان بینیـوە تورکیـا تەنیا تەندیدێکیشی نەکردووە بە ڕەسمی بەوەی کە تورکمانـەکان دەچەوسـێننەوە، ئێسـتا وا دیـارە هەنـدێ هۆکاری تر هەیە ئێستا وا خەریکە تورکمان دەکرێ بە سلعەیەك بۆ خۆیان بەکاری بێنن، وەك وەرەقەیـەك بۆ خۆیان بەکاری بێنن، لەوە زیاتر هیچ پەیوەندیان بە تورکمانەوە نییە، کە تورکمان بکەنەوە بە سلعە بۆ بـەکارهێنانی هەنـدێ ئـارەزووی خۆیـان، لەوانەیـە ئـەو هەڵبژاردنانـەی کـە لـە تورکیـادا خەریکـە دەکـرێ، حزبەکان دەیانەوێ هەندێ شت بدۆزنەوە تا بیکەنە سلعەو وەکـو جـەنابتان فـەرمووتان بـۆ ڕاکێشـانی ڕای گشتی تورکی بۆ خۆیان، ئێمە لە ڕاستیدا ئەوەی لامان گرنگە بەتایبەتی بەرژەوەندی خـەڵکی تورکمانـە لـە کوردستان و لە عێراقیش دا، ئێمە کە ئەندامی پەرلەمانین و نوێنەری خەڵکی تورکمانین پێمان گرنگە کـە دەبێ ئەوە بە هـەموو خـەڵکی کوردسـتان بڵـێین بەتایبـەتی تورکمـان ئـەو تەسـریحاتانە خزمـەتی تورکمـان ناکات، بەڵکو لەوانەیە زەرەریشیان پێ بگەیەنێ خاڵی دووەمم ئەوەیە ئێمە داوا دەکەین کە هەموو خـەڵکی کوردستان بزانن کە ئەو تەسریحاتە نەبێتە هۆی ئەوەی وێنـەی تورکمـان ناشـیرین بکـەن، تورکمـان هـەربرا بووە لەگەڵ کورد و ئێمە برایەتیمان هەڵبژاردووەو ئێمە پێکەوە ژیانمان هەڵبـژاردووەو هـەنگاو بەهـەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێین بۆ دانانی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا کار دەکەین، پـێم وابـێ زۆربـەی زۆری 95٪ ی زیاتریش خەڵکی تورکمانیش هەمان هەڵوێستیان هەیـە، هـەمان ئامـادە باشـیان هەیـە بـۆ خزمـەت کردنـی خاکەکـەیان بەتایبـەتی کوردسـتان. بەنیسـبەت گەڕانـەوەی کـەرکوك بـۆ باوەشـی کوردسـتان ئێمـە پێشتریش ڕوونکردنەوەمان هەبووە لەو بارەوە وە ئەسبابەکانیشمان ڕوونکردۆتەوە، یەك لە هەرە گرنگترین هۆکارمان ئەوەیە کە تورکمان ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان و لە حکومەتی کوردسـتان پێگـەی بـە شـێوەی بوونی نیە، ئەگەر بێت و کەرکووك و شوێنە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بێگومان ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا زۆر لەوە زیاتر پێگەمان بەهێزتر دەبێت و لە حکومەتی کوردستانیشدا پێگەمان لەوە زیاتر دەبێت کە وەزیرێکی بێ وەزارەت و یەکی بـەوەزارەتمان هـەبێ، لەوانەیـە وەکـو نەتـەوەی دووەم داوای جێگری چەند سەرکردایەتیەك بکەین ئەو کات، و داواش دەکەم لە پەرلەمان و لە حکومەت کە قسە

بکەن بۆ خەڵکی تورکمان بەتایبەتی دڵنیایان بکەنەوە، چونکە وا خەریکە خەڵکانێك لە کەرکووك چەواشە دەکرێن کەوا ئەگەر بێت و کەرکووك بگەڕێتەوە سەر کوردستان لەوانەیە مافەکانیان زەوت بکرێ، لەوانەیە بچەوسێنرێنەوە، لەوانەیە چەند تەسریحێك هەبووە پێشتر، بەڵام پێمان وابێ لە حەجمی ڕووداوەکە نییە، ئێمە داوا دەکەین لێرەوە تەسریحاتێکی زۆر زەق و ئاشکرا هەبێت، دڵنیاکەرەوە بێت بەتایبتی بۆ خەڵکی تورکمان، بەڕاستی هەرچەندە برای بەڕێزم کاك ئەسعەد پێش من قسەی کرد قسەکانیشی زۆر بەجێ بوون، بەڵام وەکو فراکسیۆن جەنابت حەقت خواردم، پاش فراکسیۆنەکان منت بانگ نەکرد، من سەرۆکی فراکسیۆنم دەستیشم بەرز کردبوو. ئەوەی لامان گرنگە زیاتر بەڕاستی قوڵکردنەوەی چەمکی برایەتی و پێکەوە ژیانە، ئەوەی پێمان باشە دەبێ ئەوە بکرێ لە ئایندەدا، ئێمە هەرگیزاو هەرگیز ئینتزار لە کەسانێك ناکەین کە لە دوورەوە دانیشتوون ئەحکاممان بۆ دەردەبڕن، لە دوورەوە بێن کە گوایە بەرژەوەندی گەلی تورکمانیان لەلا گرنگە، بۆیە پێم وایە ئێمە دەبێ زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیە بوەستین، زیاتر دڵنیای خەڵکی تورکمان بکەینەوە، زیاتر ئەوەیان بۆ بسەلمێنین کەوا ئەگەر کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ناچەوسێنرێنەوە، شتێکی زۆرگرنگیش هەیە من داوا دەکەم کە داوەتیان بکەین بۆ هەولێر، بۆ ئەوەی نموونەی پێکەوە ژیان ببینن لە کوردستانی ئێستادا لە هەولێر، بەتایبەتی بێن ببینن، بچن بۆ قوتابخانەکانمان، داوەتیان بکەین بۆ حزبەکانمان، داوەتیان بکەین بۆ ئەو هەموو شوێنانەی کە ئێستا بەتورکمانی ئیشەکانیان دەکەن وە ئەوە پێم وابێ شتێکی زۆر گرنگە، شتێکی زۆر مەلوسە، شتێکی تریش ماوە بیڵێم ئەویش مەسەلەی ڕاگەیاندنە، ئێمە لەڕاستیدا وەکو تورکمان مینبەرێکی تورکمانی بە قوەتمان نیە، ئێمە راستە لە کەناڵە کوردیەکان دەردەچین بە زمانی تورکمانی قسە دەکەین، بۆیە پێمان وایە ئەگەر بە یەکێك لە فەزائی حکومی بێ چەند سەعاتێکمان بۆ دابنێ وە یا فەزائیەکمان بۆ دابنێ بە زمانی تورکمانی بتوانین موخاتەبەی خەڵکی تورکمان بکەین. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ تەئکید لەسەر قسەکانت ئێمە زۆر جار لەبرا تورکمانەکان زیاتر موهتەمین بە مافی نەتەوەی تورکمان، هەر لەو پڕۆژەی دەستور کە ئێستا لە موناقەشە دایە پاش ئەوەی دەرچوو ئەو ملاحەزاتانەی کە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، لەلایەن پارتی و لەلایەن یەکێتییەوە کە بۆمان هاتووە وتیان دەبێ ئاماژە زیاتر بە مافی پێکهاتەکانی تری کوردستان بکرێ، بەتایبەتی تورکمان و کلدان و ئاشور کە لەگەڵماندا دەژین، واتە بێ ئەوەی خۆیان داوابکەن ئێمە خۆمان ئاماژەمان پێ کردووە و شتێك کە زیاتر لەدەستوری عێراقی ئاماژەی پێ دەکرێتن دەرئەکەوێتن زیاتریشە.

**بەڕێز د. دلێر إسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو هەڵوێستانەی حکومەت و دەسەڵاتدارانی تورکیا لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی کەئەکرێ هەڕەشە ئاراستەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، دژ بە یاساکانی نێو دەوڵەتی و دژ بە مامەڵەکردنی دۆستایەتی نێوان

دراوسێکانە، ئەو پاساوەی کە دسەلاتدارانی تورکیا دەیکەن بە دیفاع کردن لە برا تورکمانەکان، ئێمە هەموو لایەك دڵنیا ئەکەینەوە کە برا تورکمانەکان و کلد و ئاشور و کورد خەڵکی ئەم کوردستانەن و سەدان ساڵە ئێمە پێکەوە ئەژین و لە خۆشی و ناخۆشی دا هاوبەشی یەکتری بووین و پەرلەمانی کوردستان زامنی داکۆکی کردنی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە، لەبەر ئەوە هیچ کەسێك پێویست ناکات هەڕەشەبکات و بازرگانی بە مافی ئێمەوە بکات، ئەوەی جێگەی داخە لەو کۆبوونەوەو کۆڕانەی لە ماوەی ئاخرا لە تورکیا بەستراوە ژمارەیەك لەبەرپرسانی حزبی و تەنانەت هەندێکیان کە پۆستی حکومیشیان هەیە لە عێراق بەشداریان کردووە، بەشداری کردنی ئەو جۆرە کەسانە لە ڕاستیدا جگە لەوەی دژ بە یاساکانە، نیشانەیەکیشە کە ئەم کەسانە پابەند و دڵسۆز نینە بە یەکێتی خاکی عێراق، لەبەر ئەوە ئەبێ دەسەڵاتدارانی عێراق، ئەبێ دەوڵەتی عێراق، ئەبێ حکومەتی عێراقی و پەرلەمانی عێراقی هەڵویست ببینێ بەرامبەر بەو کەسانە جگە لەوەی ئەو هەڕەشەو ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە ئەکرێت تایبەت نیە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمە پێشێل کردنی یاسا نێو دەوڵەتیەکانە و بەشێکی زۆری بەرۆکی دەوڵەتی عێراق و پەرلەمانی عێراقی ئەگرێ، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری پەرلەمانی حکومەتی عێراقی بکەینەوە لەو ڕووەوەو ئاگاداری کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و یەکێتی ئەوروپا بکرێتەوە، چونکە ئەو رفتارانە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەوروپی و بیر کردنەوەیەکی ئەوروپی ناگونجێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵا من خۆم بۆ هەندێ شتی تریش ئامادە کردبوو، بەڵام پێم باشە سەیرێکی ئەو بەیانی خیتامی نەدوەکە بکەین و، لە یاداشتەکەیا جیگیری کەین، کە ئەوان داوای هەندێ شت دەکەن کە زۆر نامەعقولە، بۆ نموونە لە خاڵی یەکەمدا باس لە یەکێتی خاکی عێراق دەکات، ئێمە هەمووومان بە کورد و بە عەرەب و تورکمان و هەموو ئەمانە بە خواستی خۆمان داوامان کردووە لە عێراقێکی فیدڕالدا پێکەوە بژین، لە خاڵی دووەمدا کە باس لە گفتوگۆ دەکات من پێم باشە ئەو لایەنانەی کە لەناو لیژنەی پارێزگای کەرکووك دا کە مقاتەعەیان کردووە ماوەیەکی زۆرەو ناچنە  ناو کۆبوونەوەکان و بە دانیشتن و حوار وەکو خۆیان داوایان کردووە بە گفتوگۆ کردن بێنەوە ناو پرۆسەکە و بزانین بۆچی ئەوان بەو شێوەیە ئەوان مقاتەعە دەکەن، مقاتەعەی لیژنەیەك ئەکەن کە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیخوازانە بووە، ئەمڕۆ ڕۆژی گفتوگۆ کردنە رۆژی ئەوە نیە خەڵك مەوقف وەربگرێت، کاتێك کە باسی مەناتقی موتەنازعی ماددەی 140ی دەستوری عێراق دەکرێ، خواستێکی کوردی نەبووە، بەڵکو هەموو میللەتی عێراق رۆشتووە دەنگی بۆ داوە، کاتێك کە داوا دەکەن دوابخرێ یاخود دەسکاری بکرێ، یاخود تەعدیل بکرێ، مانای ئەوەیە پێشێل کردنی دەستوری عێراقیە، وابزانم بۆ هیچ کەسێك و هیچ لایەنێك نیە، نەخوازە ئەگەر لە دەرەوەی عێراقیش بێ، دەبێ داوا بکات بەندێ لە دەستورەکەی بگۆردرێ، ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان داوامان کردووە بەندێك لە

دەستووری تورکیا بگۆردرێ تا ئەوان ئەو مافە بەخۆیان بدەن بەند لە دەستوری ئێمەدا بگۆڕن، یان دەسکاری بکرێ، خاڵی چوارەمی کە زۆر سەرسورهێنەرە داوای ئەوە دەکەن کە ئیعتمادی ماددەی 53 بکرێ، کە ئەوە خود لای بۆ خۆی ئیلغا بۆتەوە، چونکە لە قانونی ئیدارەی دەولەی کاتیدا خۆی بۆ خۆی ئیلغا بۆتەوە، دوای جێگیر بوونی دەستووری عێراق، ئێمەش دەڵێین کەرکووك عێراقیە و کوردستانیش عێراقەو هیچ لاریمان لێی نییە، من دوا داواکاریم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، تەرخان کردنی بودجەیەك بۆ یارمەتی دانی ئەو بودجەیەی کە لە حکومەتی عێراقەوە تەرخان کراوە، هەروەها داوا بکرێت، کە لیژنەیەك بچێتە ناو کەرکووکەوە، بۆئەوەی سەیری وەزع و حاڵی ئاوارەکان بکات، بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی کە ئێمە تەرخانی دەکەین بۆ ئەو ئاوارانە بێت، و هێشتا ئێمە گلەییمان هەیە کە ئاوارەمان نەگەڕاوەتەوە، ئەمەش عیلاقەی هەیە بەسەر بارودۆخەکەیانەوەو خاڵی ئەخیرم من هەرئەوەندە ئەڵێم، تورکیا ئەو هەڵەیەی عێراق نەکاتەوە لە ساڵی 1991 کە چووە ناو کوێتەوە هیوادارم زۆر لەوە عاقلانە تر بیر بکاتەوە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند دواکەوتم بۆ دواوە، من پێم وایە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چوار بەندە بە بیری خۆمان و دەوروبەرەکەشمان بێنینەوە، یەکەم : کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ، دووەم/ هەرێمی کوردستان ئەگەر لە پێش رووخانی رژێم شەرعیەتێکی سیاسی هەبوو، ئێستا لە دوای رووخانی رژێم شەرعیەتێکی دەستووری هەیە، ئەو دام و دەزگایانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەن هەموو دامودەزگای شەرعین، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەبێ دەوروبەرەکان ئەوە چاك بفامن، سێیەم/ دراوسێتی لە پەیماننامەو ڕێکەوتنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا رووبەرێکی زۆر فراوانی هەیە، زۆر جوان نەخشەی بۆ کێشراوە ئەبێ هەموو دەوڵەتێك ئەرك و مافەکانی لە سنووورداری دراوسێتی چاك بزانێ، چوارەم/ پێکهاتەکانی ناو عێراق و ناو کوردستان ئەبێ کێشەو داوای ماف و چارەسەری لە چوارچێوەی دەستووردا بێت، من پێم وایە ئێمە و تورکیا سنوورێکی درێژمان هەیە، مێژوویەکی درێژی پێکەوە ژیان هەم لە ڕابردوودا هەم لە ئایندەشدا هەمان بێت مادام بەپێی جوغرافیەکەمان ئەمە وڵاتی ئێمەو ئەوە وڵاتی ئەوانە، ئەمە بەردەوام ئەبێ بەزمانی هەڕەشەو بەزمانی بەکارهێنانی توند و تیژی چ لە ئێمە و چ لە ئەوانەوە هەرگیز ناگەینە ئامانج و چارەسەرکردنی کێشەکانیش بە یەك لایەنە هەرگیز چارەسەر نابێت، هیچ کێشەیەك بە یەك لایەنە هەرگیز چارەسەر نابێت، لەبەرئەوە ئەبێ ئێمە زمانی گفتوگۆو حیوار هەڵبژێرین و لە یەکتری تێبگەین، ئەو کێشانەی هەیە لە نێوانماندا چۆن سنووری بۆ دابنێین، چۆن دیارییان بکەین و چۆن چارەسەری بۆ بدۆزینەوە؟ خاڵێکی تر بەڕاستی ئێمە و بەرامبەرەکەمان پەیوەندیەکەمان لەسەر ئەساسی ترس دروست بووە، ئەو لە ئێمە ئەترسێت دەوڵەتێك دروست بکەین، ئێمە لەو ئەترسین پەلامارمان بدات، ئەمە خاڵێکی لاوازە هەم بۆ ئێمە هەم بۆ ئەوانیش، ئەو دەوڵەتە بۆ ئەو لاوازترە، یەعنی پەیوەندی لەسەر

ترس هەرگیز دروست نابێ و هەرگیز ئاكامی باشیشی لێ ناكەوێتەوە، ئەو كێشەی كە ئێستا هەیە لە نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا دوو مەسەلەیە، مەسەلەی یەكەكە، لەگەڵ مەسەلەی برایانی توركمان لە كەركووك، مەسەلەی برایانی توركمان وەكو وتم لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بووەو ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێ بكرێ، پێم وایە ئەوەی ئەوان داوایان كردووە توركیا ناتوانێ بیدا بە گەلانێك كە لەگەڵ ئەودا دەژین، مەسەلەی یەكەكە هەروەكو كێشەی توركیایە، كێشەی هەرێمی كوردستانیشەو نەبێ هەرێمی كوردستان ئەمەی بۆ خۆی دروست كردبێ، ئەم كێشەیە كێشەی هەرێمی كوردستانیشە، ئەبێ چەند جار داوا كراوە ئێستاش هەرداوا ئەكات كە ئەم كێشەیە ئەبێ بە تەفاهم و بە تەوافق چارەسەر بكرێت، چونكە هەروەكو كێشەی گەلێكە، هەروەها كێشەی هەرێمێكیشە، ئەم بە كێشەی دەوڵەتی خۆی ئەزانێت، لەبەر ئەوە من لە كۆتاییدا داوادەكەم پەرلەمانی كوردستان یاداشتێك بەرز بكاتەوە بۆ پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی عێراق داوا بكات لە نەتەوە یەكگرتووەكان، لەو دەوڵەتە گەورانەی كە ئێستا چاودێری ڕەوشی كاروباری ناو عێراق دەكەن، هەروەها نوسخەیەك بدا بە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، ئەم كێشەیە بە بەكارهێنانی توندو تیژی یابە هەڕەشەو گوڕەشە هەرگیز چارەسەر نابێت، لەبەر ئەوەی مادام ئێمە كە بەیەكەوە هەتا ئەمرین ئەژین، چونكە كەسمان دەست لە بەرژەوەندی خۆمان هەڵناگرین، دووەمیش/ ئاسۆ لەبەردەم هەردووكمانا كۆمەڵێ ئامانج ماوە، یانی ئاسۆی ئایندە لەبەردەم كوردو لەبەردەم توركیا پێم وایە كۆمەڵێ شتی تری بەدواوە دێ، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە پەیوەندیەكانمان لەسەر ئەساسی ترس نەبێ، بەڵكو لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش بێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە بەنیسبەت ئێمەی خەڵكی كوردستانەوە ئەو هەڕەشانەی توركیا شتێكی نوێ نیە لەسەر ئەوەی هەر لەدوای ساڵی 1991وە بەردەوام توركیا لەهەڕەشەكردنە لە میللەتەكەمان و بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن سنووری باشوری كوردستان ببەزێنن و بێنە باشووری كوردستان و خەونی لەمێژینەی كوردستان لەبارببەن، بەڵام دیارە تا ئێستاكە بۆی نەچووەتە سەر، ئەوەی كە تێبینی دەكرێت ئەو هەڕەشانەی لەو قۆناغەشدا ئەوە نیە ئەو بتوانێ بێتە باشووری كوردستان یاخود بێتە كەركووكەوە، لەبەر ئەوەی ستراتیژیەتی ئەمریكا لە ناوچەكەدا كەمكردنەوەی دەستی وڵاتانی دەوروبەرە لەناو خودی عێراق وكوردستانیش، ئەوە ڕێگر دەبێ لەبەردەم توركیاش كە دەیەوێت بێتە باشووری كوردستان. لە هەمان كاتدا توركیا دەیەوێت كێشەكانی خۆی بگوازێتەوە دەرەوەی سنووری توركیا، لە دەرەوەی سنووری توركیا خەڵك بەشتی تر مەشغوڵ بكاتن، ئەگەرنا ئێمە باش دەزانین كە توركیا بەدەم كۆمەڵێك كێشەی ناوخۆییەوە دەناڵێنێتن، وەك گرفتی ئابووری، گرفتی كۆمەڵایەتی، گرفتی سیاسی، گرفتی ئایدۆلۆژی، ئێستاكە بەتایبەت دوای دەرچوونی ڕەوتە ئیسلامیەكان، ئێستا دەتوانین بڵێین، كە حزبی حاكم حزبێكی ئیسلامیە، ئەوانە هەمووی توركیای گیرۆدەی كۆمەڵێك گرفت و تەنگەژە كردووە لە ناوخۆدا، خەریكە بۆ ئەوەی خەڵكی

خۆی بەشتی لاوەکی خەریك بکاتن و ئەو کێشە ئەساسیانەی ناوخۆ لە بیر خۆی بباتەوە، پەل بۆ شوێنی تر دەهاوێتن، بەلآم لێرەدا تورکیا بەعەقلێتێکی زۆر هەرزەکارانە بیر دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی سەردەم سەردەمی چارەسەرکردنی کێشەکانە لەسەر مێزی دیالۆگ و مێزی لەیەکتر گەیشتن، نەك هەڕەشەکردن وچاو سوورکردنەوە لەیەکتر ئەوە خالێك، خالێکی تر بەڕاستی ئەگەر تورکیا، داوای ئەوە بکاتن کە دەستووری عێراق بگۆڕێ ئێمەش حەقی ئەوەمانە کە داوا بکەین کە دەبێ لەوێش گۆڕانکاری لە دەستووری تورکیا بکرێتن، لەبەر ئەوەی ئەگەر تورکیا ئامادەبێ بۆ بەرگری کردن لە چەند سەد هەزار تورکمانێکی کەرکوك، ئەو هەڕەشانە بکاتن، ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە، کە داوای مافی 25 ملیۆن کەسی خۆمان بکەین کە ئینکاری وجودیان دەکرێ ولەهەموو مافێك بێ بەشن، و لەهەمان کاتدا مەسەلەی چارەسەرکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان کە ئەمرۆ رێبەرایەتی بزاڤی رزگاری خوازی نیشتمانی لەباشووری کوردستان دەکات، ئەوەش دەبێت لەسەر ئەساسێکی سیاسیانەبێت نەك لەسەر زەبرو زەنگ و چاو سوورکرنەوە، ئێمە باش دەزانین پارتی کرێکارانی کوردستان چەندین ساڵە داوای ئاگربەست دەکاتن، داوای دیالۆگ دەکاتن، و دەستبەرداری کۆمەڵێك لە ستراتیژیەتی خۆشی بوو، بەداخەوە ئەوە تورکیایە نایەوێت کێشەکە چارەسەر بکاتن، بۆیە ئێمە لێرەوە دەبێ بانگەشەی پەرلەمانی تورکیا وبانگەشەی میللەتانی تورکیاش بکەین، کە ئەوان دەبێ هەوڵ بدەن کێشەی کورد لە باشووری کوردستان لەسەر بنەمایەکی سیاسیانە چارەسەر بکەن، لێرەوە من ئەوە بەخەڵکی تورکیا دەڵێم و بە دەستەلآتدارانی تورکیا دەڵێم ئەوەی ئێمە لە کوردستان بۆ برا تورکمانەکانمان کردووە، با ئەوان بۆ کورد ئەوەبکەن، ئێمە هیچی ترمان لێیان ناوێتن، بەڕاستی لەو شێوازە سیاسیەی کە ئەمرۆ تورکیا گرتوویەتیە بەر شێوازێکە کە عەقڵیەتی کەس قبوڵی ناکاتن، ئەو حەقەی کە بەخۆتی دەدەی بە خەڵکی تریشی بداتن، من نەم دیوە لە دنیاش و لە دنیای تورکیش شازە، کە تەنها خۆ ببنین و نەبینینی خەڵکانی تر وەئینکاری وجودی میللەتانی تر بکاتن، باشە لە دەوروبەرەکەت کۆمەڵێ دوژمنی تر، کۆمەڵێ ناحەزی ترمان هەیە، هیچیان بەقەدەر تورکیا شۆڤێنی نین، کە ئاوا دژی خواستەکانی میللەتی ئێمە بوەستنەوە، میللەتی ئێمە لە باکووری کوردستان بە ئاگرو ئاسن چەندین ساڵە دەچەوسێتەوە، چەندین ساڵە لە هەموو شتێك بێبەش بووەو خاکی ئێمە سووتماك دەکرێتن، بەئیمکانیەتی ولآتی ئێمە، شەڕی میللەتی ئێمە دەکرێتن، باشە خۆ پەکەکە نەچووە لەناو خودی تورکیاوە شەڕ بکات، ئەوە تورکیایە دێتە سەر پەکەکە، ئەوە تورکیایە هێرش دێنێتە سەر باشووری کوردستان، ئەوە تورکیایە دێت ئەو کوخ ولانانەی کە خەڵکە ئاوارەکەمان لە ژێر زوڵم و زۆر لە باکووری کوردستانەوە هاتوونەتە باشوور دێت لێیان تێك دەدات و تۆپ بارانیان دەکاتن، بەڕاستی من لێرەوە داوا لەهەموو میللەتی کورد دەکەم، کە هەموو یەك دەست، یەك ریز دژی هەموو ئەو هەڕەشانەی تورکیا بوەستێتەوەو بەرگری لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتن، لەبەر ئەوەی چارەنووسی زیاتر لە (40)ملیۆن مرۆڤی کوردو خەڵکی کوردستان پەیوەستە بەم ئەزموونەوە، بۆیە پاراستنی ئەو ئەزموونە پاراستنی ئاسایشی

نەتەوەییمانــە و پاراســتنی دەســتکەوتەکانی تــەواوی خــەڵکی کوردســتانە لەهــەر چــوار پارچــەکەی کوردستانیشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تورکیا هەر لە مێژەوە چاوی بڕیوەتە کوردستان و بەتایبەتی کەرکووك و ئامانجێکی سەرەکیشی ئێستا ئەمرۆ بۆ ئەوە لەوەدایە کە عێراقێکی یەکگرتوو بێ بۆ ئەوەی حکومەتێکی کوردی دروست نەبێت، لە هەمان کاتیشدا کۆتایی بە پەکەکە بێت. وە ئەمە مومکین نییە، چونکە ئەوەتا پەکەکە لە ئیتیحادی ئەورووپیدا لە لیستی تیرۆریست هاتنە دەرەوە، ئەیەوێ لەهەمان کاتیشدا مافی تورکمانەکانی کەرکووك دابین بکات، ئەوەتا لەبەر چاوی خۆشمانداو لەدەستووریشدا ئەو مافەیان هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر تەماشای تورکیا بکەین بەرژەوەندی تورکیا لە عێراق و لەکوردستاندا، هیچ کاتێك تورك دڵی بەم دەستەڵاتەی کورد خۆش نەبووە، هەر نموونەیەك من دەیهێنمەوە دروست بوونی سەتەلایتی کوردستان دونیای شێواند، ئێمە وەکو دەستەڵاتی کوردی بەدونیامان گەیاند کە کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە، ئێمە سەتەلایتێکمان هەیەو شوێنێکمان هەیەو پێی ئەڵێن کوردستان، لەو لاوە یەکێتی نیشتیمانی بوونی کوردی ئیسپات کرد کە سەتەلایتی کوردستانی دامەزراند، کەلەسەر کوردستان نەتەوەیەك هەیە پێی ئەڵێن کورد، ئەو هەمووە حزبە کوردستانیەی کە ئێستا هەموو یەکین، هەریەکە گۆڤارێك رۆژنامەیەکمان هەیە کە هەریەکە لەمانە تەعبیرو ئاماژەو رەمزێکە بۆ بوونی ئەم میللەتە، کەواتە ئەمە لێرەدا تورك ئەمانەی پێ ناخۆشە، کردنەوەی فرۆکەخانە، لە هەمان کاتدا کردنەوەی بانقی کوردستان، لە هەمان کاتدا دونیای کاولکرد، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ئەو سوپا یەکگرتووەی کە لە کوردستاندا هەیە، ئەمانە ئێمە ئەگەر ئاوڕێك لە تورك بدەینەوە، بەڕاستی هەرگیزاو هەرگیز پێی خۆش نییە، تەنانەت کورد وجودیشی هەبێت، بۆیە ئێمە لێرەدا پێویستە پرسیارێك بکەین ئەو ئەڵێ کەرکووك بەشێك نیە لە کوردستان، باشە ئێمە میللەتێکین غەدرمان لێ کراوە لەسەردەمی رژێمدا، بەعس بەهەموو شێوەیەك غەدری لەکورد کردووە، دیموغرافیای شارەکەیان تێکداوە باشە ئەگەر ئەو ئەوەندە دڵسۆزە با لیژنەیەکی دوەلی بێت سەیرێکی کەرکووك بکات لەڕووی مێژووییەوە و زمان و ئەنترۆگرافیای کەرکووك چیە، ئێمەش پێویستە لێرەدا پرسیارێك لەخۆمان بکەین، ئێمە چی بکەین لەم وەزعەی کە تورك بۆ ئێمەی دروست کردووە، من دەڵێم لە کەرکووکدا سێ جۆر لە تورکمان هەیە، جەبهەی تورکمانی سەر بە تورکیایە، تورکمانێك هەیە هەر یەکە سەر بە پارتی و یەکێتین، تورکمانیشمان هەیە موستەقیلن، تورکمانەکانی ژێر دەسەڵاتەکان ترسێك لە دڵیاندایە مستەلەقن، ئێمە پێویستە کار لەمانەدا بکەین ئەبێ ئێمە گفتوگۆیەکی فراوانیان لەگەڵ بکەین، پێیان بڵێین ئەمە

شوێنی خۆتانە ئێوە دووەم نەتەوەن لە کوردستان ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر ئەمڕۆ بەڕاستی پێویستە خەڵکی کەرکووك خۆشیان ڕۆڵی تایبەتی ببینن، ئێستا نەوەیەکی نوێ لە کەرکووك دروست بووە هوشیارن ئومێدێکی چاکیان هەیە، پێویستیشە وەزارەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و هەروەها وەزارەتی پەروەردە ڕۆڵێکی چاکیان هەبێت لە کەرکووکدا، ئەمە لە هەمانکاتیشدا من دەڵێم لە کۆتاییدا ساڵی 2007 گەشبینم بەوەی کە کێشەی کورد لە کەرکووکدا چارەسەر دەبێت و ژمارە حەوتیش لە ئەقلیەتی هەموو میللەتان ژمارەیەکی زۆر پیرۆزەو هیوادارم هەموو کێشەکانیشمان لە ساڵی 2007 دا چارەسەر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو شەمسە فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من بەخێر هاتنی سەرۆکی حکومەت و میوانە بەڕێزەکان دەکەم ئەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم ئەم تەداخولاتەی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق، بەڕاستی ئەگەر لەپێناو بوون بە ئەندام بێت لە یەکێتی ئەوروپادا یاخود مەسەلەکە ئەوە بێت وەکو کاك عوسمان باسی کرد لەم دواییانە کە ئەمرۆیکا ئاوڕی لێ نەداونەتەوە وە لە پێناو ئاوڕدانەوەی ئەمریکا بێ بۆ ئەوان، بەڕاستی ئەوە ئەمە ئەسەلمێنێ کە ئەمریکا ڕازیە بەو هێرشە بۆ سەر کەرکووك، باشە لە دوای ڕاگەیاندنی ستراتیجی نوێی ئەمریکا ئەم بێ دەنگیەی ئەمریکا چی دەگەیەنێ؟ بەڕاستی ئێستا کە لە زاخۆوە تا ئوم قەسر لەبەر دەستی دایە، خۆی حاکمی نوێی عێراقە، من ئەو پرسیارە دەکەم ئایا ئەمە سنوور دانان نییە بۆ سەرکردایەتی کورد، یاخود جۆرە لە قالب دانێك نییە، بۆ ئەوەی کە بڵێ هەرچی من بمەوێ و پێم خۆشە بۆ سەر هەرێم کەس ناتوانێ ڕێگرم بێت، پرسیارێکی ترم ئەوەیە ئایا ئەم دەست تێوەردانە بەڕاستی مەترسیەك دروست ناکات بۆسەر پارێزگاکانی تری هەرێم، ئێستا جۆرە نیگەرانی و قەلەقیەك لەلای خەڵکی کوردستان بەتایبەتی سلێمانی و ئەوانەوە دروست بووە و خەڵك بەتەمای شەڕێکی زۆرە و دووبارە نەبوونی ئیستقراریەت ناگەیەنێ بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، سێیەمیش ئەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم ئەو میکانیزمانە چین کە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەیەوێ بیگرێتە بەر لە کاتی سەرنەگرتنی هەوڵە دبلۆماسیەکان و پەیوەندیەکانا، بەڕاستی ئەگەر سەری نەگرت ئێمە ئەزانین کە ئەو هێرش دەکات بە 240 هەزار سەرباز، ئەگەر ئێمە هێزێکی نیزامیشمان هەبێت، هێزی پێشمەرگەمان هەبێت، ئێمە لەڕووی ژمارەوە ناتوانین بەرەنگاری بگرین پێش بەو حاڵەتە بگرین و لە ڕووی سیاسیشەوەو لە هەموو ڕووەکانەوە ئێمە ناتوانین، ئایا ئەو میکانیزمانە لە حاڵەتی سەرنەگرتنی ئەو هەولانە چی دەبێ و خاڵێکی کە کە ئەمەوێ باسی کەم زۆر زۆر پێی زەروورین بەڕاستی بوونی شەفافیەتە کە دەبێ ئێمە بۆ هەر حاڵەتێکی، وا یا بۆ هەر حاڵەتیك کە بۆ پرسە چارەنووس سازەکان بێت لەنێو جەماوەردا ئەو دیوارە ئەستوورەی کە دروست بووە لەنێوان سەرکردایەتی و لە نێوان

جەماوەر، کە هەموو جۆرە خەباتێکی لا تاڵ کردوونە بەڕاستی ئێستا خەڵك مەشغوڵە، بەوە سەرقاڵە بە دوای ڕاکە ڕاکەی دنیا و یەعنی بەسیت ترین پێداویستیە سەرەتاییەکانی ئێمە ئەگەر بێت و ئەو دیوارە بڕووخێنین ئەگەر دیواری بەرلینیش بێت پێم وایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ حەوێزی فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم ئێمە بە حوکمی جوگرافیا سنوورێکی درێژی شاخاویمان هەیە لەگەڵ تورکیا، هەردوولامان دەتوانین مەشاکل بۆ یەکتر دروست بکەین، بەڵام هەرچی مەشاکل هەبێت تا بە ئارامی و بەهێمنی و بە گفتوگۆ چارەی کەین لە بەرژەوەندی هەردوولاماندایە، دووەم/ ماددەی 140 لە دەستووری عێراقدا کە ئیستفتای لەسەر کراوە پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، ئەوانە لە عێراق هەر کێشەیەکیان هەبێت، بەو هە موو ناخۆشیەی بەغدا دەعوەتی جەنابی سەرۆك کاك مسعود دەکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان، با ئێمەش حکومەتی ئێمە دەعوەتی سەرۆکی وەزیرانی عێراق، وەزیرە گرنگەکانیان و سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی کتلەکانی ناو پەرلەمان و شەخصیاتی دەرەوەی پەرلەمان و سەرۆك عەشیرەتەکان بکەن لەگەڵ سەفیری ئەمریکاو سەفیری بەریتانیا کە کۆنفراسێك یان کۆبوونەوەیەك بکرێت لە کوردستانەوە ئیدانەی هەر کۆنفراسێك یان هەر کۆبوونەوەیە بکرێت کە لە دەوڵەتانی ئیقلیمی، یان هەردەوڵەتێکی تر کە مەسی شئونی داخلی عێراق یان کوردستان دەکرێت و، سزای ئەو کەسە عێراقیانەش بدرێت کە بەشداری دەبن، سێیەم/ ئێمەش لە پەرلەمانی خۆمان لە ئێستاوە تا کۆتایی 2007 مانگانە دانیشتنێکی تایبەتی بکرێت بۆ ماددەی 140 بە بەشدار بوونی جەنابی وەزیری ناوچە دابڕاوەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕێگا هەبێ دەمەوێ بە تورکمانی قسە بکەم لەبەر ئەوەی ئەوڕۆ میدیای تورکیا زۆر موهتەمن بەو دانیشتنە .. قسەکانی بە کورتی تەئکید لە رەئی برا تورکمانەکان دەکاتەوە، دەڵێت ئێمە دژی ئەو تەدەخولەی تورکیاین وە پێشمان وایە ئەوە دفاع نیە لە تورکمان، بەڵکو زەرەری تورکمان دەگەیەنێ، باسی شاری کەرکووك دەکات، دەڵێت شارێکی کوردستانی و عێراقیە، پێکهاتەکانی نموونەیەکن بۆ عێراقێکی بچووك، تورکیا لەوێوە ئەو راستیانە ناتوانێت بگۆڕێت، یەکەم/ کەرکووك کوردستانیە، دووەم/ عێراقیە مەراحلی 140 یش مەسەلەیەکی دیموکراتیە کەسێك دژی بوەستێت دژی مەنتق دەوەستێت، یەك/

گەڕانەوەیـە، تورکمـانیش دەگەڕێتـەوە گـەر بیـەوێت ئـەو مادەیـە ڕاوەسـتیت دیـارە نایـەوێت تورکمـان بگەڕێتەوە، دووەمینـیش/ ڕاپرسـی شـتێکی دیموکراتیـە بائـەو وەقـت خـەڵکی کـەرکووك بڕیـاری ئازادانـەی خۆیان بدەن ئەگەر ببن بە بەشێك لە کوردستان، یاخود بە سەربەخۆیی بمێنن لـە هـەموو حاڵەتێکدا ئـەو شارە هەر عێراقی دەمێنێت، تورکیـا لێـی دوورە و ناشـتوانێت گۆڕانکـاری بکـاتن لـە بەرژەوەنـدی تورکمان، ئەگەر لێرە ئەو بەرژەوەندیە ڕەچاو نەکرێتن داوەتی تورکیاش دەکاتن، کە کۆنفراس لـەوێ نەبەسـتن، بـێن لێرە لە پەرلەماندا هەرچی دیفاعـات هەیـە لـە تورکمانـەکان بکـەن، گوێ لـەڕای هـەموو لایەنـەکان بگـرن. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەمال یوسف فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لـە ڕاسـتیدا قسـەی زۆر بـاش کـرا، بـەڵام مـن پـێم وایـە چـەند ختوەیـەکی عەمـەلی لـە کـەرکووك، خـەڵکی کەرکووك دڵخۆشتر دەکات، دیارە هەڕەشەی تورکیا بۆ جاری یەکەم نییە و پێشم وانیـە هەرەشـەی کۆتـایش بێت، هەر لە ساڵی 1991وە بەردەوامە لە موئامەراتی ئیقلیمی لـە سـەر کوردسـتان و ئەمـەی کـە دەکرێـت حەلەقەیەکە، مەسەلەی پەکەکە و مەسـەلەی کـەرکووکیش چارەسـەر بکرێـت، پـێم وایـە لعبەیـەکی تـریش دروست دەکرێت بۆ ئەم تەجروبەیە، کە پێیان ناخۆشە ئەم تەجروبەیە سەربکەوێت، دیارە مـن پێشـنیاری چەند خاڵێك دەکەم، حەز دەکەم روونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە ئێمە خیتابی سیاسی کوردسـتانی حەقـە بە هەڕەشە و گوڕەشە نەبێت وەکو ئەوان، حەق وایە ئێمە لە حـەجمی خۆمـان تێبگـەین و وەزعـی خۆمـان بەباشی هەڵبسەنگێنین، بەتایبەتی کە لە دەوروپشتمان هـەموومان دەزانـین چۆنە، مـن پـێم وایـە خیتـابی سیاسی کوردستانی دەبێ بە هێمنـی بـێ و پێشـنیاری ئـەوە دەکـەم کـە کۆنفرانس ببەسـترێت لـە هـەولێر، یاخود ئەگەر لە رووی ئـەمنی لـە کـەرکووك بـێ باشـترە، پێکهاتـەکانی کـەرکووك خەڵکە پەیوەنـدیدارەکان ئەوانەی پەیوەندیان هەیە بە ماددەی 140 ئامادە بن و بە پوختەیی بڕیارەکـان و راسـپاردەکان پێشـنیاری ئەوە دەکەم بە سەرۆکایەتی هەرێم وەفدێکی پێکهاتەکانی هەرێم بەرەو ئەمریکا بڕۆن، بۆ ئەوەی زەغت لە تورکیـا بکـات هـەر ئەمریکایـە سـیادەی عێـراقیش ئـەمڕۆ هـەموومان دەزانـین بـە سیادەی کوردسـتانەوە پارێزراوە لە لایەن ئەمریکاوە، حەق وایە ئێمە لەلایەن ئەمریکیەکانـەوە ئـەو مەسـەلەیە روون بکەینـەوەو فشارەکان لە ئەمریکاوە لەسەر تورکیاوە هەبێت، نەك لـەلای ئێمـە، ئێمـە ببینـە بـە تـەرەفێك دژی تورکیـا، بەڵکو تەرەفی عێراقی و کوردستانی پێکەوە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا، بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ ئـەمریکا فشارێك بێـت لەسـەر تورکیـا، ئێمـە نەبینـە زەحییـەی پڕوپاگەنـدەی هەڵبژاردنـەکانی تورکیـا، کـە مزایـدە لەسەر ئێمە بکەن، خاڵی دووەم/ یاخود پێشنیاری دووەم/ ئەوەیە ئێمە تـەفعیلی ئالیـاتی جێبـەجێ کردنـی ماددەی 140 بکەین لە کەرکووك، دوێنێ و پێرێ دوو بڕیاری چاك دراوە لەلایەن لیژنـەی 140 دوە،حـەق

وایه ئێمه بتوانین زیاتر زەغت بکەین تەفعیل کردنی ئەو لجانانه بکرێت لەسەر ئەرزی واقع له کەرکووکدا که بڕیارەکان چاکن، بەڵام کیفایەت نییه بڕیارەکان بدرێن، بـەڵام لـەڕووی عەمـەلی جێبـەجێ نـەکرێن، کـه ئێمـه سـەقفێکی زەمـەنیمان هەیـه، مـانگی سێ دەبێ تەتبیعەکـه بـه کۆتـایی بێـت، مـانگی حـەوت ئیحصا بکرێت، مانگی یازده ئیستیفتا بکرێت، سەقفی زەمەنی بۆ ئێمه زۆر گرنگه، لەبـەر ئـەوه حـەق وایـه ئێمـه زیاتر جهودی دبلۆماسی لەدەرەوه تەفعیل بکـەین، جهـودی نـاوخۆش لەسـەر ئـەرزی واقـع زیـاتر گەشـه پـێ بدەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. نوری تالەبانی فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشـەکی سوپاسـی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دەکـەم بـۆ ئـەو کۆبوونـەوەی ئـەمڕۆ بەسـتراوه لـه ڕاسـتیدا هەڕەشەکانی جەنـەڕاڵانی تورکیـا لەگـەڵ تونـد ڕەوەکانی ئـەو وڵاتـه یەکـەمجار نییـه و دواجـاریش نابێـت، ئەوان هەمیشه باس له مەترسی کورد دەکـەن، ئێسـتا بـاس لـه مەترسـی بـوونی هێـزی پەکەکه دەکـەن لـه بنـاری قەنـدیل، بـاس لـه جێبـەجێ کردنـی مـاددەی 140ی دەسـتوری عێراقـی دەکـەن، بـاس لـه کێشـەی کەرکووك دەکـەن، ئەمانـه کێشـەن ئێسـتا بڵێین، بـەڵام لـه ڕاسـتیدا هـەموو کارێـك پەیوەنـدی بـه کـوردەوه هەبێت، بەنیسبەت توندڕەوەکانی تورکیاوه کێشەنه، له ساڵی 1958 خوالێخۆش بوو مەلا مستەفا گەڕایەوه له ڕێی قاهیرەوه لەوێ مەرحوم عبدالناصر بۆی گێڕابۆوه پێی وتبوو ساڵی پار ئەم وەختە که پەخشێك بـه زمانی کوردی له ڕادیۆی قاهیره بۆماوەی سەعاتێك بڵاو دەکرایەوه سەفیری تورکیـا لـه قـاهیره پرۆتۆسـتەی پێشکەش کردبوو، که گوایه ئەو پەخشه له ڕادیۆی قاهیره کراوەتەوه مەترسیداره لەسەر ئەمنی تورکیا خۆ ئەو دەمه نه پەکەکه هەبوو نه ماددەی 140 هەبوو نه کێشەی کەکووك لەئارادابوو، کەواته ئەمه هەمووی کێشەن دروست دەکرێن لەلایەن توندڕەوکانی تورکیـاوه، بـۆ ئـەوەی کـەوا چـاو ببڕنـه نەوتەکـەی کـەرکووك ئەوەی کەوا ئەرکه لەسەرمان پێویست ناکـات دووبـارەی بکەمـەوه پشـتگیری لـه بۆچـوونەکەی کـاك شـێردڵ حەوێزی دەکەم، سەبارەت به بەستنی کۆنفرانسێك بۆ ڕەتدانەوەی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیـا، هـەروەها بەسـتنی کۆنفراسـێکی دی سـەبارەت بـه تـەفعیل کردنـی مـاددەی 140ی دەسـتوری عێراقـی، هـەروەها دەستخۆشیش له قسەکانی کاك سید تەلعەت دەکەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناصح غفور فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی داخە دیسانەوە تورکیا بە هەمان بیروبۆچوونی بیستەکان و سیەکان تەماشای دنیای ئەمڕۆ دەکەن، ئۆردوگان یەکێکە لەوانەی کە بەداخەوە بەشێك لەو دەنگانەی ئۆردوگانیان گەیاندە پەرلەمانی تورکیا کورد بوون، بەڵام ئۆردوگان دیارە ئەوەشی لەبیر چووە کە بەشێك لەوانە کوردبوون کە ئەویان گەیاندە ئەو شوێنە، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەم هەڕەشانەی کەوا ئۆردوگان و عبدالله گول و سەرکردایەتی تورکیا دەیکات زیاتر بۆ هەڕەشەی گەف و گوڕە هیچی پێوە نایە، چونکە ئەگەر تەماشاکەین کێشەی کەرکووك هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە تورکیاوە نییە، کەرکووك بە سەدان کیلۆمەتر لە تورکیاوە دوورە، جگە لەوە ئەو برا تورکمانانەی کەوا ئێستا لە کەرکووکن، ئەوانە ڕاستە بەشێکیان بەداخەوە هەڵخەڵەتاون بە قسەکانی تورکیا جاری وا هەیە ئاژاوە دەنێنەوە، یان لەگەڵ ئاژاوە گێڕاندا دەستیان تێکەڵاو کردووە، بەڵام چی بۆ تورکمان کردووە، کەی دیفاعی لە تورکمان کردووە؟ ئێمە بابێین ئەوەی لەساڵی 1992دا لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، بەداخەوە تورکمانەکانی ئەو سەردەمە، یەعنی 1992 بەداخەوە برا تورکمانەکانمان وەکو تورکمان ئامادە نەبوون بێن بەشداری لە پەرلەمانی کوردستاندا بکەین، ئەویش بە فیتی تورکیا بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە پەرلەمان هەڵبژێردراو، حکومەت دامەزرا، پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان وەکو چۆن تەماشای کورددەکەن ئاواش تەماشای کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدانیان کرد، ئەوانیان بێ بەش نەکرد لەو یاسایانەی کوا لێرە دەرکران هەموو مافێکی ڕەوایان پێ دان، بۆیە من ئەڵێم ئەو گەف وگوڕەی ئێتا دەکەن هیچی لا شین نابێ، بەڵام بەداخەوە بمانەوەێ، یان نەمانەوێ، ئەوان دەیانەوێ ئەو برایەتی و تەباییەی کەوا لە نێوان تورکمانەکاندا هەیە، بەتایبەتی تورکمان و کوردو ئاشوری و کلدان، بەتایبەتی لە شاری کەرکووکدا دەیانەوێ ئەو برایەتی و تەباییە تێك بدەن، ئەگەرنا تا ئێستا دووجار هەڵبژاردن کراوە، جارێکیش بۆ دەستوور دەنگ دراوە، ئایا هیچ تورکمانێك دەنگی نەداوە لەوێ؟ نەخێر، تورکمان دەنگی داوە بە قائیمە کوردستانی، هەروەها دەنگی داوە بە دەستوورەکەش، بەڵام بەشێکی لەوانە بە تەئکید لەوانەیە دەنگی نەدابێ، بۆیە من پێم وایە پێش هەموو شتێك پشتگیری لە بۆچوونەکانی کاك کەرخی نجم الدین دەکەم، پێویستە ئێمە زیاتر بەرەو پیری برا تورکمانەکانمان بڕۆین، بەتایبەتی لە کەرکووك ئەو گەڕەکە تورکمانانەی کەوا هەن، هەندێ گەڕەك هەن زیاتر تورکمانن قۆریەیە، پریادییە، بەگلەرە، هەندێك لە گەڕەکەکان پێویستیان بە ئاوڕدانەوە هەیە، چی بۆ کورد دەکەین، چی بۆ ئاوارەکانی خۆمان دەکەین، مەفروزە بۆ ئەوانیشی بکەین، هەروەها حسابیان بۆ بکەین لە هەموو ئەو پۆستانەی کەوا دادەنرێن، ئێمە هەرچەندە وەکو بەچاوی کورد و بەچاوی خۆمان تەماشای ئەوانمان کردووە، بەڵام دیسانەوە ئەگەر تایبەتمەندییەکیان بۆ بکەین،من پێم وایە لە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستانە، من خاڵێکی تر دەڵێم ئەگەر ڕێگەم بدەی، دوێنێ کۆمەڵێك لە تورکمانەکان هاتبوون بۆ لای من، یەکێك لەوانە کوڕی شەهید قاسم بەگی نەفتچیە کە بەداخەوە لە کارەساتەکانی 1959 شەهید بووە، کوڕی ئەو حەزدەکەم بزانن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی و زۆرجار لەگەڵ سەرکردەکانی کوردا زۆرجار

که پێویستی به چارەسەرکردنی کێشەیەك هەبێت روو له ئێمه دەکات، روو لـه کـورد دەکـات، کەواتـه لـەناو بـەرەی تورکمـانی هەرچـەندە یـەکێك لەوانـه کـه باسـی دەکـەن، لـەناو بـەرەی تورکمـانی باسـی قاسـم بـەگ دەکـەن، بـەڵام قاسـم بـەگ شـەهیدی دەسـتی بەداخـەوە ئـەو ئـاژاوە گێڕانـەبوو، کـەوا ئێسـتاش واز لـەو مەسائیلانە ناهێنن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تورکیا بۆخۆی وەکو دەوڵەت کێشەیەکی ئەساسی هەیـە، لـه ناوخۆیـدا ناکۆکـه لەسـەر سـێ کوچـکەیەکی دژ بەیەك وەستاوە، که ئەویش دەستوورێکی علمانی و نەژاد پەرسـتی و هـەروەها دەوڵـەتێکی ئیسلامی، ئێمـه دەتـوانین بڵـێین ئـەمڕۆ حزبێکـی ئیسلامی لەسـەر کـارەو، لەلایـەکی تـریش ئـەوەی کـه تـەنفیزی هـەموو شتەکان دەکات له پشت پەردە سوپای تورکیایە، بۆیە ئەمە کێشـەیەکی نـاوخۆیی تورکیایـە، کـه دەبـێ گـەلی تورك بۆ خۆی لـەوێ چارەسـەری بـۆ بدۆزێتـەوە، بـەم هەڕەشـه و گورەشـانه و بـه تـەدەخولاتی دراوسـێکان ناتوانێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، ئێمە پەیامێکمان هەیە بۆ دەوڵەتی تورکیا که ئەمڕۆکە بەم هەڕەشانە کار لەسەر دراوسێکانیان دەکەن، ئەوەیە که لەسـەر بنەمایـەکی مێـژوویی و شـێوازێکی کـۆن ئـەوان نـاتوانن گفتوگۆ و دراوسـێتی بکـەن لەگـەڵ دەرو دراوسـێکانیان، ئەگـەر ئـەوان بڵـێن کـەرکووك 82 مـین پارێزگـای تورکیایەو دەمانەوێتەوە که ئەو ئیدعایانە دەکەن با هـەر تەماشـای 16 سـاڵ پـێش ئیسـتا بکـەن، لـه سـاڵی 1990 دا کـه عێـراقیش هـەمان ئیـدعای دەکـردو دەیکـوت کوێـت 19 مـین پاریزگـای عێراقـه و پێویسـته بیگرمـەوە کـه سـەری خـوارد، هـەروەها بـه وەهمـی قادسـیه هجـومی سـەر ئێرانـی کـرد و دیسـان تووشـی کارەساتێکی زۆر گەورە بوو که تاکو ئەمڕۆش دەبێ باجەکەی بداتەوە ئەمانە هـەمووی سـیناریۆیەکن لەبـەر چـاوەیەتی وە زۆر مێژوویـەکی دوورو درێـژیش نییـە بـه تـەدەخولات و لەسـەر ئەساسـێکی مێـژوویی کـه سەردەمانێك ئیمبراتۆریەتێك بـووە دەیـەوێت ئـەم ناوچانـە بگرێتـەوە ئەمـه شـتێکی زۆر دوڕاوە، بەڕاسـتی هیچ لۆژیکێکی له پشتەوە نییە، ئەگەر وابێ سەردەمانێ کـوردیش ئیمبراتۆریـەتی میـدیای هـەبووە، ئەگـەر وابێ ئێرانیش سەردەمانێ ئیمبراتۆریەتی هەبووە، ئێمە چۆن دەتوانین لەسەر مێـژوو شـتەکانی ئـەمڕۆمان چارەسەر بکەین، بۆیە پەیامی ئێمە بۆ گەلی تورکیا ئەوەیە، ئێمە وەکو دوو نەتەوە دەتوانین دراوسـێی زۆر چـاك بـین ئـەمڕۆ عەصـرێکی تـرە، عەصـری گلۆبالیزمـە، شـنه بـای عەولەمـە، ئێمـه دەتـوانین لەسـەر پەیوەندیەکانی ئابووری دوو دراوسـێی زۆر بـاش بـین و ئـەوە بکەینـه ئەساسـێك بـۆ پێکـەوە ژیـان، تورکیـا باشترین خێرو بێری له کوردستان بینیوە، له هەموو عێراقی بینیوە بەهۆی ئەو پەیوەندیه ئابوورییەی کـه هەیەتی و، بێگومان لەم پەیوەندییـە ئابوورییـە هـەردوو لامـان قازانجمـان کـردووە، مـن دەڵـێم لـەو ناوچـه سنووریانەی که ئەو کێشەی هەیە، بەناو بەدوای پارتیزانەکاندا دەگەڕێ، با بێت هەر لەو ناوچە سنووریانە

جۆرەها بازاڕی هاوبەش بکاتەوە، پیشەسازی ئێمە بەرەو پێشەوە ببات، با زانکۆمان لەویٚ بۆ بکاتەوەو ئێمە دەتوانین هەروەکو لێرە کۆمەڵێك فوتابخانەی کردۆتەوە منداڵەکانی کورد و ئەو شەریکاتانەی هاتوونەتە ئێرە لەوێدا دەخوێنن، بۆ ئەو بیر لە جۆرە غەزویەکی تر نەکاتەوە، بۆ مەنتقیانە و سەردەمیانە بیر ناکاتەوە؟ کە ئەو دەتوانێ غەزوی ئیقتیصادی بکات، کە تاحەدێك کردوویەتی و ئەو قازانجەی ئەورۆ ئەو لە بازرگانی لەکوردستان دەبینێ، باوەڕناکەم ئەو قازانجە بێ، ئەگەر ئەو بەخەیاڵی ئەوە بێ نەوتی کەرکووك داگیر بکات، هەموو ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەش کە ئەو دەیکات هەمووی لەسەر ئەساسی ماددیە و بۆ بەرژەوەندی ئیقتیصادی خۆیەتی و، بەڵام با بە زمانی هەڕەشە و گوڕەشە نەبێت، بەڵکو دەتوانین لە ڕێگە ئابووریەکان بێت، بەشێوازێکی نوێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر فواد فەرموو.

**بەڕێز د. فواد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەرچەند لەو باوەڕەدام ئەم کۆبوونەوەیە دەبوایە زووتر گرێ بدرایە، بەڵام هەر باشە وا ئەمڕۆ ددەکرێت لە هەمان کاتدا هەڕەشەی بەزاندنی سنوور پێشێل کردنی یاسا نێو دەوڵەتیەکانە لە پارێزگاری کردن لە سنووری دیاریکراوی دەوڵەتان، هەرچەند ئەم هەڕەشانە بە بڕوای من ناگاتە ئەوەی بەهیچ شێوەیەك جێبەجێ بکرێت لەو هەلومەرجە نێو دەولەتیەی کە وا ئیستا عێراق و ناوچەکەی تێدایە، بەڵام بەڕای من باشترین وەڵامدانەوە بۆ ئەم هەڕەشانە پتەوکردنی ڕیزەکانی ناوخۆی گەلی کوردستانی عێراقە، بە چارەسەرکردنی بەپەلەی کێشە هەنووکەیەکانی گەلی کوردستان لە کارەبا و سووتەمەنی و نیشتەجێبوون، لە هەمان کاتدا داوا لە تورکیا دەکەین سیاسەتێکی دۆستانە پەیڕەو بکات و ڕێز لە ئیرادەی گەلانی عێراق بگرێت و هەموو دراوسێکان ئەبێ بزانن بە تورکیاشەوە گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچەکانی تری کوردستان مانای دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ نییە و، پاش جێبەجێ کردنی ماددەی 140 هەرێمی کوردستان هەر بەشێك دەبێت لە عێراق و لە هەمان کاتدا هیچ لایەنێك بۆی نییە لە ئێمەی کورد دڵسۆزتربێ بۆ مافەڕەواکانی گەلی تورکمانی برا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرکی ئەنجومەن:**

مامۆستا فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە جەنابت ئاماژەت بە زۆر شت کرد کە قسەکانی ئێمە و برادەرانیش دەگریتەوە، بەڵام بۆ تەئکید ئەوەی تورکیا ئەو هەڕەشانەی کە ئێستا دەیکات، من پێم وایە مەشلولیەتی خۆیەتی، لەبەرئەوەی چەند ساڵێکە هەوڵدەدات لەناو یەکێتی ئەورووپی جێی نابێتەوە، یا وایدەزانی بیکا بە وەرەقەیەکی زەغت

بەرامبەر بە ئێمە و لە دژی پەکەکە، بە هەرحاڵ قیادەی کوردی زۆر لە مێژە بە حەکیمانە تەعامول لەگەڵ تورکیا دەکات بەڵام دیارە هەڕەشەکانی ئەو هەر بەردەوامە و ئەگەر بۆشی بکرێ ئەو خەونەی نایەتەدی انشاللە، بەڵام وازی لێ ناهێنێ، جا بۆیە من پێم وایە ئەوی من پێشنیاری دەکەم تەئکید لەسەر قسەکانی کاك شێروان دەکەم، بە حەقیقەت حکومەتی عێراقی، یا پەرلەمانی عێراق دەورێکی زۆر لاوازی هەیە، لەو مەسەلەیە دەبوایە دەورێکی توندتر ببینێ، چونکە لێرە بۆمان ئیسپات دەبێت، دیارە کەرکووك کوردستانە و ڕەبتی بە عێراقەوە نییە، ئەگەرنا چ عەجەبە ئەوان بێ دەنگن لەو مەسەلە بەو شلیە دەچنە ناو مەوزوع، من تەئکید دەکەمەوە کە داوابکرێت لە پەرلەمانی عێراق دەورێکی باڵاتر ببینێ، مەوقفێکی توندتر لەو مەوزوعە بەجێ بگەیەنی، دووەمین/ پێشنیار دەکەم موزەکەرەیەك بنووسرێ و ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەمریکا بکرێت، چونکە من مەوقفی ئەمریکاش لەو مەوزوعە زۆر بە زەعیفی دەبینم، ئەویش تۆزێك شلی پێوەیە، ئەگینا تورکیایەك ناتوانێ بەو شێوەیە هەڕەشە لە ئێمە بکات، جا بۆیە داوا دەکەم من دووبارەی دەکەمەوە موزەکەرەیەك بنووسرێ بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا کۆنگرێسی ئەمریکی چاو بەو مەوزوعە بخشێنتەوە، ئەگینا ئێمە زیاتر تووشی تەنگژە و ناخۆشی لەگەڵ دەوروبەرو جیرانمان نەبین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باس لە مەوزوعی پەکەکە و ماددەی 140 ناکەم، لەبەر ئەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە زۆریان لێوە باس کرد، بەڵام من بەڕاستیەکی مێژوویی دەست پێ دەکەم، کە بروسکەیەکی جەنابی مام جەلالە لە کاتێکدا کە یەکێك لە قایمەقامەکان لە قەزای کفری دەست بەکاربوو کە نیسبەیەکی زۆر کەم تورکمانی لێیە، بۆ ئەوەی کە تورکیا موبەریری ئەوەی هەبە، کە لە مافی تورکمان دەترسێ لە عێراقدا، کە لەو بروسکەیەدا دەڵێ بۆ قایمەقامی تازە، دەڵێ برا تورکمانەکان وەکو چاوەکانت بپارێزە، لە بروسکەکە نەهات بڵێ کەسوکاری شەهیدان یان ئەنفال بپارێزە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە لەلایەن کەسێکی دیاری سەرکردەی کوردەوە، کە ئێستا سەرۆك کۆمارە ئەوەندە بایەخ بە گرنگی تورکمان و مافی تورکمان دەدات، لەو بروسکە بۆمان دەردەکەوێ کە قیادەی سیاسی کورد چەند بە بایەخە بۆ مەسەلەی مافەکانی تورکمان، دڵنیام سەرۆکی هەرێمیش هەر بەهەمان شێوە هەمان بایەخ دەدات بە مافی تورکمان و ئەوەشی تورکمان بە دەستی هێناوە لەژێر سایەی دەسەڵاتی کوردا، پێم وایە ئەو تورکمانە واقعیانەی بەهیچ شێوەیەك لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق ئەوەیان بەدەست نەهێناوە، ئەوە حەقیقەتەکە هەموو دەیزانین، ئێمە بە نیسبەتی تورکیاوە کە هەڕەشەی ئەوە دەکات کەرکووك مەترسی ئەوەی هەیە، کە مافی تورکمان لەوێ پێشێل بکرێت، ئێمە با بپرسین خۆ لەسەر دەمی ئەو عیلاقە باشەی کە تورکیا هەیبوو

لەگەڵ حکومەتی عێراقدا تورکمان لەوێ ئەصلەن نەیدەتوانی بڵێ من تورکمانم، ئەبوایە یا کورد بوابە، یا عەرەب بوایە، جگە لە تەرحیل کردن و دەرکردنی تورکمان و لەسێدارەدان و، ئەوەی کە بەسەر کورد داهاتووە لە کەرکووك بەسەر ئەویشدا هاتووە، ئەگەر باسی تورکمان بکەین، تورکمان تەنیا لە کەرکووك نییە، لە موصل هەیە، لە تەلعەفەر هەیە، لە سنووری کوردستان بە درێژی تورکمان هەیە، جا من نامەوێ زۆر درێژە بدەمە قسەکان، ئەو پێشنیارەم هەیە، لەگەڵ هەموو ئەو هەڵوێستانەی تورکیا کە پێچەوانەی قانونی دەولیە، کە پێچەوانەی دراوسێیەتیە، کە پێچەوانەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانە، پەرلەمانی ئێمە داوا بکەین ئیتر ئەوە یاداشت نەبێ، وەفدێك بەسەرۆکایەتی سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی هەرێم، حکومەتی عێراقی، پارێزگای کەرکووك بە ئەنجومەنی پارێزگاوە بۆ ئەو برا تورکمانانەی کە لەوێن لە پەرلەمانی کوردستانەوە ڕاستەوخۆ بچین لەگەڵ ئەم دراوسێیەی ئێمە گفتوگۆ بکەین لەسەر ئەوە داواکاریەکانیان چیە، مشکیلەکانیان چیە، ئەو مەوزوعانە راستە ئەوان نایبڕنەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەم شێوەیە هیچ لێپرسراوێك نامێنێت دەبێ هەمووی بچێتە تورکیا، زۆرمان نەماوە دوو سێ کەسمان ماوە کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کوردستانی ئەمڕۆ، کوردستانی شەستەکان وحەفتاکان وهەشتا ونۆهەدەکان نییە، کوردستانی ئەمڕۆ، کوردستانی فیدڕاڵەو لە چوارچێوەی عێراقی فیدڕاڵدا بە دستور ئیعتیرافی پێ کراوەو سیادەیەکی دەستووری و قانونی هەیە، بۆیە لە مونتەلەقی قوەتی سیادەی قانونی هەرێمەوە، قانونیانەیە کە داوای پاراستنی قودسیەتی دەستوری عێراقی فیدڕاڵ بکات، جێی خۆیەتی راستەوخۆ داوا لە پەرلەمانی عێراق بکا، دیفاع لە قودسیەتی دەستوورو پەرلەمانی عێراق بکەن، هەڕەشەکانی تورکیا بەر لەوەی زیان بێ بۆ گەلی کوردستان، زیانە بۆ خۆی کە سنووری پاراستنی قودسیەتی پەرلەمانی وڵاتێکی خاوەن سیادەیەکی وەکو عێراق دەکات، کوردستان مونتەلەقی هێز و سەنگەری دەستووری خۆی بەهێزترین قسەی دەستووریە بەڕاستی، گەلی کوردستان ئەگەر مەدەنیترین گەلانی جیهان نەبێت، گەلێکە بەدرێژایی شۆڕشەکانیش بەڕاستی زۆر مەدەنیانە ڕەفتاری کردووە لە شۆڕش وبزافی نەتەوایەتی خۆیدا، بۆیە بەڕاستی دەبێ بزانین هەڕەشەی تورکیا هەڕەشەیە لە قودسیەتی پەرلەمان و هەڕەشەیە لە قودسیەتی دەستووری عێراق، ئەمڕۆکە کە 1/24 ساڵی 1922، هەشتاوپێنج ساڵ بەرلە ئێستا ئەوە قەدەرێکی مێژوویە، کە حکومەتی شانشینی عێراق لەگەڵ بەریتاینا راگەیاندنێکی هاوبەشی بڵاوکردەوە، کە تێیدا داننانە بەمافی کورد لەو ناوچانەی کە زۆربەیان کوردن بە پێکهێنانی حکومەتی کوردی لە چوار چێوەی سنووری عێراق، کە لەو کاتەشدا سەدا هەشتاوپێنجی دانیشتوانی کەرکووك کورد بوون، یەك ریزی گەلی کوردستان باشترین زەمانە بۆ وەڵامدانەوەی هەر هەڕەشەو گوڕەشەیەك گەلی کوردستان، بەڕاستی گەلێکی بەوەفایە و گەلێکی

بەئەمەکـەو مەدەنیانــە مامەڵـەی لەگـەڵ دراوسـێکانی کـردووە.ئومێـد دەکـەین ئینشـاەڵلاٚ پەرلـەمانی کوردسـتانیش بـە دەسـتووریانە داوا لـە پەرلـەمانی عێـراق بکـات، بـۆ ئـەوەی وەلاٚمێکـی دەسـتووری بـە هەڕەشەکانی تورکیا بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خاتوو ڤیان فەرموو.**

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان تورکیا دڤێت بێ ئازراندناو خەلەتاندنا هەندەکیش برا تورکمانا، کیـانێ کوردسـتانێ تێکبـداتن کو ئەڤە چەندین ساڵە مەترسی سەرخو بزانە و بەرژەوەندی خۆی بێت و ئێت سیاسی وەك هەلبژاردناو بەکار بێنێت، ڤێرێ پیدڤیا ئەم چ بکەین بۆڤێ چەندێ، پیدڤیا ئەم ژەزرەتر بەپێچەوانەی ئازرەواندەی تورکیایـە بۆ هەندەك برا تورکمانا ئەم زێدەتر برای خۆی هوشیار بکەین کو بەرژەوەندیا وان گەر بەرژوەندییەت مە دگونجێت و، ئەڤـە چـەندەها سـاڵە ئـەوا ژی زلم بـن بـارێ سـتەم بووینـە وەکـی کـوردە، چ جـارا نـەهاتینـە جیاوازی کـرن ژی کـوردەو ڤـی کاڤا کێـژێ بەرژەوەنـدی هـەمیا گـەل بەرژەوەنـدیا مەیـە و مانـەوەیان گـەل کوردستانێ و یـەك رێزیـا وان و دەنگی وان گـەل گـەلێن تـرن کوردسـتانێ نەتەوایـەتی کوردسـتانێ دەبیتـە هێزاکـا زیـاتر، کـو ئـەم بشـێن هـەموو کوردسـتانەکا ئـازاد، کوردسـتانەکا مـافێ خـۆین و رەوایـن گـەلی خـۆی بەدەست بێنێت، ڤێرێ چەندێ دیسان ئەز تەئکیدێ لەسەر هەڵوێست هەندێ دەکەم کو دڤێت ئەم داخوازی عێراق بکەین وەك برایێ من پێشتر ئیشارەتی پێدا داکو هەڵوێستی عێراقـێ سـەرڤێ ڤـان هەرەشـا تورکیـا گەلەکە زەعیفە، هەروەسا سزایەکی سیاسی سەروان کەسا هەبت ڤێن کەسایەتی عێراقی ژی هێزێن عێراقی بەشداری ڤان جۆرە کۆنفرانسا دکەن و، ڤێرێ لەسەر ئاخافتنا دکتۆر ناصح ئینمە بیرا هەمیا ڤیا کو کۆتایی ئۆدوغان گەلەك کوردا دەنگی خۆی دایـا هـەتا گەهشتیە پەرلـەمانی تورکیـا، هـەتا گەهشتییە پۆسـتا نوکـە هەی گەل وێ چەندێ ئەوی خۆب خۆبە دیاربەکر ئیعیترافا بکێشا کوردا کرد، ئیعتیرافـا بـە نـەوزۆزا کـوردا کـرد، پـێش ئینتیخابـا دگـۆت ئـەز کێشـا کـوردی چارەسـەرکەم، ئەڤرۆکـە بۆچـی ئـەڤ ئاخافتنـەی گۆتیـەو پەشیمان بۆیەوە، بۆچی ئەڤرۆکە هاتیە نەپتنێ سنوورا تورکیا بۆ کوردی هیچ ناکات، بەلکو دڤێت ئەو ماف و ئەو ئازادیا پارچەیەکی کوردستانێ دەست خۆڤە ئینا کرنێ، ئەڤرۆکە ڤێ تێکدانا وەزعێ وی خۆ هێشـتان مەترسی بخاتە سەر هەبونا وان، ڤێرێ ئەم پرسیارا ئاراستەی وی دکەین، ئەڤە چـەند خالەکە هـەبوو، بلـە باش بزانێت تورکیا راستە ئەویت دڤێت کوردستانا تێك بدات، بەس با ئەڤ جۆرە کۆبوونەوەی ئەوان دکـەن و ئەڤ هەرەشە ل گەلێ کوردستانێ دکەن، بەلکو زەربەی مە بدات، بەلکو زیان هەبت بـۆ گـەلێ کوردسـتانێ، زیانێکێ مەسرە بۆوەی خۆب خۆ، چونکە ئەو روویا خۆیی شۆفینزمی پێشانی دنیایێ هەمی دەدات، حـەمی جـار درشمێکـی دیمـوکراتی بـوونێ و دیموکراتیخوازێ بلنـد دکـات، بـەڵێ وێ ڤایـە هـەمی جۆرێـك و هـەمی

بنەماو هەمی شەنگەستێ کو بچوکترین ماڤێ کەسێ مرۆڤێ نایەتە رەچاو کرن، ژی بلی هەندێ دئێت ماڤێ خۆ دەست تێوەردانێ لە دەوڵەتێ دەوروبەر ژیت بکەن، ئەڤەش بۆ وی زەرەرە لە پێش چاڤێت دۆست و دوژمنیت وی زێدەتر ریسوا دبت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گەلەك سوپاس دواتر كاك ئیحسان ئینشا الله دەلێت تەئیدی قسەكان دەكەم و تەواو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخافتنێ زیاتر بێژم هەمی برادەران گوتیا پشتگیری دکەم، تەنێ هەندێ نوقتە دەست نیشان کەم، مەبەست تورکیا ژی ڤان هەرەشا سەر هەرێما کوردستانێ و مافێت میللەتە کوردا، ئارمانجە ئەوا سەر بۆرا فیدرالی دیموکراتی ئەلعێراقێ سەرنەکەوێتن، تورکیاش لکەڤندا کو خەلکێ کوردستانێ پشتگیری تورکیا بویا هەر دەوڵەتا عوسمانی وەختێ کو هەتایە چی کرن، میللەتا کورد پشتگیریا دەوڵەتا عوسمانی کرد هەتا شتێك تەوەسیعێت بکات، ئەڤ دەوڵەتە سەر کەلەکە ڤان میللەتە وێ نەتەوەی ڤان دی هاتە کرن، دەوڵەتا تازە تورکیاش ژی وەختێ هات چی بوون، کورد بەشدار بوونە هەتا وان دەوڵەتی کری، هەرێما کوردستانێش پشتی هاتیە دامەزراندن، هەرێما کوردستانێ پالپشتەکی باش بوویە بۆ سەقامگیریا سنووری، بۆ هەندێ وەزعا پەنا پەیدا ببێتن، هەتا ئەڤ دەرگایە هاتیە کرن ئیبراهیم خەلیل بۆ کوردستانێ پتر خزمەتا تورکیا پێ هاتە کرن، بازارێ کوردستانێ بووینە جێی بازارێ کەرەستەی تورکی و بەرهەمێ تورکی، کۆمپانیا هاتینە ڤێ کوردستانێ کار دکەن، بەر هەندێ ئەز دبێژین هەتا گەنگێ شۆڤینیەتی تورکی لوەسا بیر بکاتەڤەوە میللەت کو سنوورتا وان مێژوویا وا گەلەك بەشداری دەوڵەت کریە، دەشسورە ئەڤە بن سۆزێت خولە بن سۆزێت وا تەختیتا گەل شەرفخانە بەتلیسی کو داڤە میللەتی کورد بداتێ لێڤە بوونە، وەختێ پەیمانە سیڤەر ئیعیتراڤێ میللەتا کورد هاتیە کرن، جارێکا دی لێڤە بوونەوە، ئەڤە سەرگەشێ ناڤە سەرگورێدا میللەتێ کورد رۆلێ خۆی ببینێتەوە، هەم پشتەڤانیا سەقامگیریا گەل پەیدا ببێتن، هەم مافێت برایێت مە تورکمان ژی بگەیتێ، ژی بەر هەندێ داخوازی دکەم هەڤاڵێ مە ژ ئیستیشارە بکەن بۆ ئاستا حکومەتێ عێراق، بشن بەرفرەك هەبێت بۆ هەلوێستی تورکی.

دووەم/ پەرلەمانێ مە کوردستانێ ژ یاداشتنامەیەك حازر بکاتن بۆ ئەوەی پێشکەشی جیهەتی پەیوەندیدار بکاتن، لیژنەکا دەرچوونیش هەبێتن بۆ هەندێ بزانین کارێ یان دەرگایەکی کەناڵێ دانوستاندن و حیوارێ گەل لایەنی پەیوەندیدار پەیدا بکەین، بۆ هەندێ بشێین جێهێ ئەم کو بکەین ئەم دانوستاندنێ بکەین.

سێیەم/ وەکو پەرلەمانێ کوردستانێ کو برپیارێ بداتن، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانێ، حکومەتێ کوردستانێ رۆلا خۆیە سەرەکی رابێت بۆ وەرگرتنا هەلۆێستی پتر، ئیجرائاتی پتری بۆ هەندێ هەر پێکڤا حوکمەتێ تورکی بەرپا پێتن، گرەوی وا هەلۆێستی وا ئیجرائاتی وان بین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس دواتر ئاخر کەس کە قسەی دەڵێت خاتوو سوهام، تورکمانە با نەڵێن ژنی تورکمان لەپەرلەمان نیە ئاخر کەس، دواتر جەنابی کاك نێچیرڤان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. فەرموو.

**بەڕێز سهام انور ولی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیزن بدەی منیش بەتورکمانی قەس بکەم وەك نیدائەك بۆ میللەتی تورکمان دوایی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی بەقسەکانیدا بەکوردی کە ئەمەش دەقەکەیەتی: باسی تەجروبەی خۆی دەکات کە مدیر عامی دیراساتی تورکمانی بووە لە هەرێمی کوردستان وە لەو ماوەیەی کە کاری کردووە حکومەتی هەرێم ووەزیری پەروەردە هەموو هاوکاریەکی کردووە بەعەکسەوە زۆر جار بە قەوانینی ئیستیسناو بووە بە دەعمی دیراساتی تورکمانی بۆیان بڕیارایان بۆداوە وە پێ ی وایە ئەو هەڕەشانە زەرەر لە میللەتی تورکمان دەگەیەنن و دەیخاتە مەترسیەوە پەیوەندیەکانی گەلی تورکمان وگەلی کورد لە کوردستان دا بەیەکەوە دەژین و هەر بەیەکەوە دەمێنن و پێویست بەوە ناکاتن وهیچ مەترسیەکیان لەسەر نییە، بەڵکو بەعەکسەوە ئەو پەیوەندیانە مێژووینە، تاریخینە بەیەکەوە بەستراون قەت لەیەك جیا نابنەوەو ئەو هەرەشانە هەڕەشەیەکن لە دەستوورو لە دیموکراتیش.ئیتر زۆر سوپاستان دەکەم، داوا لە بەڕێز کاك نێچرڤان بارزانی دەکەم کە بفەرموویێت بۆ پێشکەش کردنی وتەکەی فەرموو.

**ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان حەقیقەت ئەم دانوستاندنەو گفتوگۆیە کە لە پەرلەمان دەکرێت بەنیسبەت ئەو وەزعەی کە ئێستا لە تورکیا هەیە چ ناویان بنێین ئەو هەڕەشانەی کە تورکیا دەیکەن، یان ئەو کۆنفرانسانەی کە لەوێ دەکرێت، یا ئەم جەلەساتەی کە لە دەرگای داخراو لە تورکیا هەیە، من پێم وایە ئەم گفتووگۆیە لە پەرلەمانی کوردستان زۆر مەسەلە هەیە ڕوونی دەکاتەوە هەم بۆ گەلی ئێمە و هەم پەیامێکی ئاشکراشە بۆ دراوسێکانمان و گەلانی تر، گەلانی دەرەوە کە ئێمە ئەم مەسەلەیە زۆر بە ئەهمیەت و بە بایەخ وەردەگرین، بەس من پێش ئەوەی کە بێمە ناو مەسەلەکان، بەڕاستی دەمەوێ یەك نوقتە تەئکید بکەم، ئێمە کە لێرە قسە دەکەین لەسەر مەسەلەی تورکمان، کە ئەننەما ئەو شەرعیەتە بدەینە دەست تورکیا، کە بەڕاستی تەدەخولیان لە کورستانی عێراق و لە عێراق بۆ مەسەلەی تورکمانە، یان بۆ مەسەلەی پەکەکەیە، ئێمە یەکەم شت زۆر بە ڕوونی زۆر بە ئاشکرایی ئەوە بڵێین، کە بە هیچ شێوەیەك ئەم هەڕەشانە ئەم قسانە، کە ئێستا لە تورکیا هیچ پەیوەندیەکی بە تورکیاوە نییە، هیچ پەیوەندیەکی بەتورکمان نییە، تورکمانەکان لە عێراق، لە کوردستان تاریخێکی موشتەرەکیان لەگەڵ کورد، لەگەڵ ئاشووری، لەگەڵ سریان، لەگەڵ هەموو ئەو پێکهاتانە هەیە، کە پێکەوە ژیاون لە

کوردستان، ئەگەر لە بیریشتان بێ یەك نوقتە باس بکەم، ئەم هەڕەشەی کە تورکیا دەیکا بەنیسبەت کەرکووك پێش رووخانی رژێم، عەینەن ئەم مەسەلەیە لە هەولێر هەبوو، عەینی ئێمە تووشی ئەم موشکیلانە بووین، تووشی ئەوانە بووین، بەلاّم خۆش بەختانە تورکمانەکان لەگەڵ ئەو سیاسەتە نەڕۆیشتین و وەکو جەنابی ئەندامی پەرلەمانیش کاك ئەسعەد باسی کرد، یەعنی ئەوان گەیشتنە قەناعەت کە ئەمە لە مەسڵەحەتی تورکمان دانییەـ خۆیان گەیشتنە ئەو قەناعەتەو من پێشم وایە ئێستاش لە کەرکووك عەینەن ئەو مەسەلەیە دووبارە دەبێتەوە، ئینجا چ زووتر، یان درەنگ و تاریخیش بەئێمەی گوتووە، ئیسپاتی کردووە تورکیا ئەگەر زۆر موهتەمە بە مەسەلەی تورکمان، یەك سوئالی بەسیت لە نەگۆرنوقەرەباغ چی کردووە بەنیسبەت مەسەلەی تورکمان لەوێ هەتا بیەوێ لە عێراق یەعنی شتی تر لە پاڵ ئەجندای تر هەیە، بەلاّم من بگەڕێمەوە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ تورکیا هەر لە ساڵی 1991 دوای سەرهەڵدانی کوردستان عیلاقاتی ئێمە لەگەڵ تورکیا لەو کاتەوە دەستی پێ کردووە، بەڕەحمەت بێ ئەو کاتە (ئۆزال) سەرۆك کۆماری تورکیا بوو بۆچوونی ئۆزال زۆر فەرق بوو لەگەڵ ئەم بۆچوونانەی کە ئێمە ئێستا لەملاولەوێ لە تورکیا گوێمان لێدەبێ، لەو ڕۆژەوە عیلاقاتی ئێمە لەگەڵ تورکیا دەستی پێکردووە، ئەم عیلاقەیە ئەم بڵێین ئەم دانوستاندنە بەردەوام بوو، هەتا ئەم لەحزەیەی کە ئێستا ئێمە لێرەین لەم ماوەیە هەر هەمووی، هەندێك جار زۆر بەتوندی قسە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کراوە، هەندێك جار بەهێمنی، بەلاّم بە هەرحاڵ ئیحتیرامێك لە بەینی ئێمەو تورکیادا هەر هەبووە، با من ئەوەشتان پێ بڵێم، ئێمە پێویستە شتەکان وەکو خۆی ببینین، تورکیا لە زۆر ناخۆشیدا یارمەتی ئێمەی داوە، یارمەتی هەرێمی کوردستانی داوە لە کیمیابارانی ساڵی 87و88ی مەنتیقەی بادینان تورکیا دەرگای بۆ کردینەوەو لە ساڵی 1991 تورکیا بەشێك بوو لە پاراستنی هەرێمی کوردستان لەوەی کە صدام نەتوانێ هجوومی بۆ بکاتن، تورکیا بەشێك بووە لەو پاراستنە، لەم ماوەیە هەر هەمووشی تورکیا یارمەتی ئێمەی داوەو پاڵپشتی ئێمەی کردووە، ئێمە دەبێ ئەوە زۆر بە سوپاسەوە باس بکەین.

بە سوپاسەوە تەئکید لەو دۆستایەتیە بکەین، تەئکید لەو برایەتیە بکەین، لەگەڵ تورکیاو لەگەڵ هەموو دراوسێکانی ئێمە، ئێمە پازدە ساڵ لەم مەنتیقەی کە بەشێکین لە عێراق ئستقلالیەتی تەواوی خۆمان هەبووە، لەم ماوەیە هەر هەموو با دراوسێکانی ئێمە پێمان بڵێن یەك موشکیلەی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان بۆ هیچێك لەم ولاّتانەمان دروست کردبێ، بەعەکسەوە ئێمە فاکتەرێکی ئەساسی ئەمنیەت و هێمنایەتی بووین لە هەرێمەکە هەر هەمووی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە هەڕەشەیەك لە هیچێك لە دراوسێکان نەکراوە، ئیسپاتمان کردووە کە ئێمە فاکتەری هەڕەشەنین، بەڵکو فاکتەری سەقامگیری و ئارامین لە ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی ئیسپاتیشمان کردووە دوای رووخانی رژێم، ئێمە بەشێك بووین دیسانەوە لە پێکهاتەی عێراقی تازە لە دارشتنەوەی عێراقی نوێدا، ئێمە بەشێك بووین و هەموو داواکاری میللەتی ئێمەو هەموو ئەو پێکهاتانەی کە کوردستانین و لە کوردستان دەژین، ئێمە تەنها کورد نییە، ئەوەی کە لە کوردستان دەژی، ئێمە دەڵێین هەموو ئەو پێکهاتە کوردستانیانە بە تورکمان و بە کلدو بە ئاشوری و بە

سریان و بە هەموو، هەتا بە عەرەبەوە، ئێمە هەموومان یەك داواكاریمان هەبوو، ئەو مافانەی كە بە زۆر لە ئێمە زەوت كراون لە كەركووك لە شوێنەكانی تر پێویستی بە ڕێگەیەكی قانونی لە چوارچێوەی دەستووریكی عێراق بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی كوردستان، ئەو مافانەی كە بە زۆر زەوت كراون، ئێمە دەمانەوێ بە قانونی وەریان بگرینەوە، ئێمە نامانەوێ دژایەتی كەس بكەین، چیمان كردووە، ئێمە كەی هەڕەشەمان كردووە؟ لە هیچ ولاتێك لەناو عێراقدا ئێمە لە ڕۆژەكانی كە ڕژێم رووخا، دەمانتوانی بە یەك عەمەلییەی عەسكەری هەرچی شت هەیە لە كەركووك هەمووی بگۆڕین، بەلام بۆ نەمان كرد، نەماندەویست ئەوەی كە ڕژێمی بەعس كردویەتی، ئێمەش عەینەن ئەوە تكرار بكەینەوە، لە شوێنەكەش ئێمە ویستومانە لە چوارچێوەیەكی قانونیدا ئەو مافانەی كە زەوت كراوە بگەڕێتەوە بۆمان، لەسەر ئەو ئەساسەش سەیركەن لەعێراقدا ئینتیخاب كراوە، دەستووریكمان هەیە، سەدا هەشتای گەلی عێراق دەنگی بۆداوە، ئەوە بەس مەربووت نییە بە میللەتی كورد یان توركمان سەدی هەشتا میللەتی عێراق دەنگی بۆ ئەو دەستووره داوە، لەناو ئەو دەستوورەدا دیاری كراوە، چۆن حەلی موشكیلەی كەركووك شوێنەكانی تر دەكرێت، كە پێی دەڵێن ماددەی 140ی دەستوور ئەوەی كە ئێمە داوای دەكەین وەكو كورد، وەكو پێكهاتەكانی تریش ئەو ماددەیە بەس بۆ كورد نییە، ئەوە بۆ توركمانیشە، با ئێمە پرسیارێك لە خۆمان بكەین، كاتێك كە ڕژێم گوندەكانی كوردستانی وێران كرد هی توركمانەكان بوو، مەسیحیەكان بوو تێكی دا هەمووومان یەك ئیتیهامان هەبوو لەم ولاتە دەژیاین كوردستانی بووین هەر لەسەر ئەو ئەساسەش هەموو ئەو تەخریباتەی كە لەم ولاتەدا كرا هەموومانی گرتەوە هەموو نەتەوەكانی گرتەوە، تەنها ئێمە نەبوین وەكو كورد مادەی 140ی دەستووریش، تەنها بۆ كورد نییە ئەم ئیشكالەی كە ئێستا لە كەركووك ولە شوێنەكانی تر هەیە بۆ مەعلوماتی ئێوە لە كەربەلاو نەجەف و لە خودی بەغداش عەینەن ئەو موشكیلە هەیە، یەعنی دەبێ ئەوانیش چارەسەر بكرێت، ئێمە پشتگیری لەوە دەكەین كە ئەو مشكیلانەی لەوێش هەیە چارەسەر هەیە بكەین، توركیا ئەگەر بیەوێ بە هەڕەشە ئەو مشكیلەیە چارەسەر بكات، ئەوا پێمان وایە زەرەرمەندی ئەصلی خودی توركیایە.

توركیا من حەزدەكەم یەعنی بەقەناعەتەوە ئەوەتان پێ بڵێم ڕاستە دەبێ، ئێمە وشیار بین، دەبێ ئاگادار بین، بەلام ئەوەندە ئەهمیەتەش نەدەین بەو هەڕەشەو گوڕەشەی لە پەرلەمانی توركیاو یان لەو شوێنانە دەكرێ، دوو بۆچوونی جیا هەیە لە میدیای توركیا ئەو شتانەی كە دەگوترێ زۆر فەرقە، ئەوەی كە سیاسی حكومەتی زۆر جیاوازە لەگەڵ یەكدا راستە، ئەوانیش زۆر زۆر قسەیان كردووە، زۆر قسەی خۆیان هەیە، ئینتیخاباتیان لە پێشە، بەلام ئەگەر بەئاقالانە بیربكەنەوە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای عێراق، نە توركیاو نە هیچ ولاتێكی تر ناتوانێ هێز بێنێتە عێراق.

ئەو وەختە مەسەلە بەس كورد نییە، ئەو وەختە بەزاندنی سیادەی ولاتێكی ترە، كە پێی دەڵێن عێراق ئەم ولاتە سەرۆك كۆماری هەیە، سەرۆك وزەرای هەیە، پەرلەمانی هەیە، دەستووری هەیە، هەموو شتێكی هەیە، بەڵێ مەسەلەكی بەس بۆ كورد نامێنێتەوە، بەلام چیە فەرقە ئەوەیە، بەڵێ من لەگەڵ ئێوە زۆر

متەفەقم کە دەبوایە وەڵامی بەغدا زۆر توندتر بێ لەوەی کە ئێمە ئێستا دەیڵێین، بەغدا دەبێ وەڵامی ئەوان بداتەوە، چونکە کورد بڕیاری خۆی داوە نەتەوەکانی تریش بڕیاریان داوە، ئێمە بڕیاری خۆمان داوە بەدەنگدان کە ویستومانە لە چوارچێوەی عێراق دابمێنینەوە کەرکووک بە تورکیا نە بە هیچ وڵاتێکی تر رووخساری کەرکووک رووخساری کوردستانیە، بەڵێ، بەڵام هەر کورد لەو شارەدا نییە، تورکمان لەو شارەدا هەیە، عەرەب هەیە، ئاشوریمان هەیە، کلدانمان هەیە، سریانمان هەیە، هەموو پێکهاتەکانی ترمان هەیە، لەو وڵاتە ئێمە لەسەر ئەمە متەفەقین مەسەلەی ئێمەش بینینی، ئێمەش بۆ کەرکووک مەسەلەی نەوت نییە، ئێمە زوو، یان درەنگ مومکینە لە مەسەلەی قانونی نەوت دەگەینە ئیتیفاق لەگەڵ بەغدا.

مومکینە لە هەفتەی ئایندە جارێکی تر گفتوگۆکانی ئێمە دەست پێدەکاتەوە لە بەغدا لەسەرگەیشتن بە حەلێك لەسەر مەسەلەی نەوت، ئێمە کە گەیشتینە حەلەك لەسەر مەسەلەی نەوت ئەو وەختە زیاتر لە سەدی شەست لە مشکیلەکان خۆی ئوتوماتیکیەن حەل دەبێ، چونکە ئیسپات دەبێ، ئەوەی کە ئێمە وەکو کورد دەمانەوێمەسەلە ئەوە نییە، بەس ئەهمیەتی ئێمە بۆ کەرکووك، بەس بۆ نەوتەکەی بێ ئەهمیەتی ئێمە بۆ کەرکووك زوڵمە تاریخیەیەکە لە ئێمە کراوە لەو شارەدا، مەسەلەی ئەرزەکەیەتی مەسەلە خاکەکەیەتی، مەسەلە گەڕانەوەیەتی، لە هەموو دونیادا لە قانونی ئەمریکادا موقەدەسترین شت ئەوەیە تۆ خانووی خۆت هەبێ و خەڵکی تر بێ داگیری بکاتن، لێت بیبا، ئێمە ئەو مافە زەوتەی کە لە ئێمە کراوە دەمانەوێ بگەڕێتەوە، کابرایەك جا چ تورکمانە یان هەر پێکهاتێکی تر چ کوردە کاکە دەرکراوە لە جیاتی ئەو خەڵکێکی تر هاتووتە ناو خانووەکەی ئەمڕۆ زۆر تەبیعییە، ئەمڕۆکە عێراق گۆڕاوە، رژێم رووخاوەو صدام نەماوە، جا دەبێ سەرلە نوێ ئەو ئیشکالاتانە حەل ببن، ئەگەرنا ئەو عوقدەیە هەردەمێنێتەوە، ئەوەی تر ئەگەر کەسێك تەسەور بکاتن بە تاخیربوونی ئەو مادده دەستووریە موشکیلەی کەرکووك چارەسەر دەبێ، بەعکسەوە تاخیر بوونی ئەو مادده دەستووریە مەشاکلی کەرکووك لەوەی کە ئێستا هەیە زۆر زیاتر دەبێ، ئێمە هەندێ جار پێم وایە پەیامی غەڵەتی ئێمە وەکو کورد هەندێ جار بەڕاستی موشکیلە بۆ ئێمە دروست دەکا، ئێمە وا تەسەروف دەکەین و قسەش دەکەین، کە ئەننەما حاکمی موتڵەق لە کەرکووك ئێمەین، وانییە سەیری ئیداراتی کەرکووك بکە، کێ لێی مەسئوولە، سەیری مودیریەتی عامی کەرکووك بکە، یان سەیری بانقەکانی کەرکووك بکە، سەیری هەموو ئەو شتانە بکەن، سەیری دائیرەکانی کەرکووك بکەن، تا بزانن ئەوەی کە موسەڵتە لە کەرکووك کێیە، هەموو ڕۆژێ ئەگەر حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی تەواوی هەبێت، ئەو تەقینەوانەی کە لە کەرکووك دەکرێ، ئەو هەموو خەڵکە ڕۆژانە شەهید دەبن، ئازار بە ئێمە ناگا، بەڵێ پێمان دەگا زۆر، بەڵام کە ئێمە نەتوانین، ئێمە دەڵێین ماددەی (140) دەبێ بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت، مەبەستمان ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم دوای ئەوەی راپرسی دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یان هەر بڕیارێك، کە خودی خەڵکەکە بیدەن بەشێوەیەکی دیموکراتیانە، ئێمە دەمانەوێ یارمەتی دەربین بۆ ئەو حەلە ئیتیهامی کورد دەکرێ لەوەی کە خەڵکیان رفاندووە، ئەمە هەموو ئیتیهاماتی بێ ئەساسین، ئەمە ئەم ئیتهامانەی کە دەکرێتن لەسەر ئێمە بۆ

مەسائیلی سیاسیە، هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە، ئەگەر یارمەتی ئاسایشەکانی کورد نەبیَ، بە دلْنیایەوە پیّتان دەلْیّم وەزعی لەمەی کە ئیّستاش هەیە خراپتر دەبیّت، ئەوەی کە ئیّستا هەیە زۆر زۆریش خراپتر دەبیّت، ئیّمە جیهەتیّکی یارمەتی دەربووین، بەلاّم هەمیشەش قسەی ئیّمە ئەوە بووە، کە ماددەیەکی دەستووریمان هەیە، دەبیَ جیّبەجیَ بکریّت، با من ئەمەش بلّیّم بەنیسبەت ئەم ماددە دەستووریە بەخۆش حالیەوە دەلْیّم ئەو فەترەی کە ئیّمە لە بەغدا بووین، چ سەرۆك وەزیران مالیکی، چ ئەو هەموو پیّکهاتەی حکومەت لە بەغدا رەغبەتی خۆیان، جدیەتی خۆیان بۆ جیّبەجیَ کردنی ئەم مادە دەستوریە نەشاردۆتەوەو مەوقیفیّکی زۆر زۆریش لە جیَی خۆی بووە، کە سەرۆك وەزیران مالکی لە ئەنقەرەش دیسان دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئیلتیزامیّکی دەستووریە ماددەی (140)و پیّویستە ئەم ئیلتیزامیە دەستوریە جیّبەجیَ بکریّت، ئیّمە پیّویستە لەگەلْ ئەو هەموو پیّکهاتانە لە کەرکووك کار بکەین، بۆ وەزعی کەرکووك نابیَ کەس، دەبیَ هەموو ئیحتیوا بکریّت، دەبیَ ئەمانە هەمووی بگەریّنەوە، نابیَ خەلْکی تر جەبهە دروست کا دژی ئیّمە، ئەوە غەلەتیّکی گەورەیە، ئەگەر ئیّمە تەسەور بکەین جەبهە دروست کردن پیّکهاتەکانی تر لە کەرکووك جەبهە دژی ئیّمە دروست بکەن بۆ ئیّمە خراپە، من ئەوەشتان پیَ بلّیّم نەتەوەیەك کە خۆی چەوسابیّتەوە؟ مەعقولە ئەمڕۆ هەولْ بدات نەتەوەیەکی تر بچەوسیّنیّتەوە؟ چۆن شتی وا دەبیَ، ئیّمە خۆمان سووتاوی ئەوەین (182)هەزار ئەنفالمان هەیە، (5) هەزار گوندی ویّرانمان هەیە، لەم ولاّتەدا ئیّمە بەخۆمان لە دەست رژیّمەکان چەوساوینەتەوە، ئیّستا مەعقولە، ئیّمە بیّین نەتەوەی تر بچەوسیّنینەوە نابیَ، ئەصلەن ئەمە لە میّشکی خۆمان یەك رۆژ ئیّمە ئەصلەن بەو ئسلوبە ئەمە مناقەشەش بکەین کە تورکیا دەیەویَ ئەم هەڕەشە دەکات بۆ ئەوەی دیفاع لە تورکمان بکا، وەللاّ هیچ ئەصل وئەساسی نییە، کاك خورشید قسەی کرد، ئەو قسەی من بەتەما بووم بیکەم، تارق عەزیز یەك سوئالیان لیّکرد پیّی گوتن یەکجاری تر ئیّوە ئەو قسەیە بکەن خوا دەزانیَ ئیّمە چی دەکەین تورکیا بیَ دەنگیش بوو قسەشی نەکرد، ئەو وەختەی کە ئەو هەموو زولْمە ە تورکمان دەکرا تورکیا قسەی نەکرد، هەتا ئیّستا بیەویَ قسە بکا مەعنای ئەوە نییە، من بمەویَ بەم قسانە بلّیّم مەشاکیلە، بەلیَ مومکینە مەشاکلیش هەبیَ، بەلاّم مەشاکلەکان فەرقە، مەشاکلەکان مومکینە لەسەر ئەرز هەبیَ، ئەم خانووە موشکیلەی هەیە، ئەم برایە موشکیلەی هەیە، بەلاّم دەبیَ بە تەفاهم بەدیالۆك لەگەلْ هەموو ئەو پیّکهاتانەی هەیە، ئیّمە هەولْ بدەین ئەو کیّشانە حەل بکەین. مەسەلەی تر مەسەلەی پەکەکە، ئەوەی کە باس کرا لەسەر مەسەلەی پەکەکە، وەکو خۆشتان باستان کرد، کەس ئەوەندەی ئیّمە معاناتی نەدیووە لە دەست پەکەکە، هەتا ئیّستاش بەشیّکی زۆری گوندەکانی کوردستان لە عیّراق ئاوەدان نەکراونەتەوە، لەبەر ئەم هۆیە، بەلاّم بەڕاستی تەجروبە بۆ ئیّمەی ئیسپات کردووە، کە کیّشەی کورد لە تورکیا کیّشەیەکی سیاسیە، مەوزوعەکە هیچ رەبتیّکی نیە بەوەی کە ئەم کیّشەیە دەبیَ بە عەسکەری حەل بکات، هەموو جەیشی تورکیاش بیَ کیّشەی پەکەکە حەل نابیّت، ئەمە پرسیّکی سیاسیە، پیّویستی بە تەفاهومیّکی سیاسی هەیە، پیّویست بەوە دەکات کە تورکیا جدی تر لەسەر ئەم بابەتە ڕابوەستیّت و دابنیشیَ بۆ حەللی

ئـەو موشـكيلەيە لـە چواچێوەی توركيـادا، ئەمـە خـەڵكێك تەسـەوور بكـات، ئەمـە بـە عەسـكەری چارەسـەر دەكرێت، مومكين نيە بە عەسكەری، ئەمە كێشەيە لە توركيادا چارەسـەر بكرێـت، ئيعلامـی تـوركيش وەكـو من باسم كرد، ئيعلامی كە زۆر بە نا مەسئولانە رەفتار دەكات، بەنيسـبەت هـەموو ئـەو شـتانە كـە زەرەری گەورەش بەتوركيا دەگەيەنێ، لەگەڵ هـەموو ئەمانـەدا پـەيامی ئێمـە بـۆ توركيـا پـەيامی برايەتيـە، توركيـا وڵاتێكی گرنگە، بەنيسبەت ئێمە، دراوسێيەكی گرنگی ئێمەيە، ئێمە دەمانەوێ عيلاقەی ئێمە لەگەڵ توركيا عيلاقەيەكی باش بێت، عيلاقەيەكی دۆستانە بێت عيلاقەيەك بێت لەسەر ئەساسی ئيحتيرامـی دوو لايەنـە بـێتن، حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بـەردەوام دەبێـت لـەم سياسـەتە، ئێمـە بـەردەوام دەبـين و دەسـتی برايەتيان بۆ درێژ دەكەين و داوايان لێ دەكەين، كە ئەوانيش هەر بەو شێوەيە رەفتار لەگەڵ ئێمەدا بكـەن، وەكو ئێوەش باستان كرد، زەمانی هەڕەشە و هەڕەشەكردن و بە عەسكەری دێم وادەكەم ئەو زەمانە بەسـەر چـوو زۆرجـار باسـی ئـەوە دەكرێـت ئـەوەی لـە قـبرس كرديـان بـەڵێ لـە قـبرس كرديـان، چونكە خەڵكەكـە تەئيديان دەكردن، لەبەر ئەوە كرديان، بەڵام لە عێراق لەكوردستان هەموو، نەك تـەنها گـەلی كـورد هـەموو گەلی عێراق دژی ئەوە دەبێت، توركيا بەرژەوەندی خۆی زۆر باش دەزانێ بەرژەوەندی سياسی خۆی دەزانـێ چيە بەرژەوەندی ئابووری خۆی دەزانێ چيە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وانيە توركيا ئـەو غەڵـەت بكـاتن، بـە هيچ شێوەيەك ئێمە پێمان وايە باشترين زەمـان ئێسـتا لـە توركيـا ئەوەيـە، ئـەو زەمانەيـە كـە وەرن يارمـەتی ئێمە بدەن لەڕووی ئابوورييەوە ئەمڕۆ كۆمپانياكانی توركيا لە وڵاتی ئێمە، لـە زيـاتر لـە يـەك مليـار دۆلار فۆنتەراتيان هەيە، لەم بەشەی كوردستان لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك بە تەنيا زياتر لە يەك مليار دۆلار ئيشيان هەيە لەم وڵاتە، ئەم زەمانە باشترە لەوەی تەهديدت دەكـەين و وات بەسـەردێنين، چونكە بەڕاسـتی نە گەلی كورد و نەكەس لە ئێمە نە لە تەهديدی كەس ترساوين، پێشتر كيمياويـان دژی ئێمـە بـەكارهێناوە هيچيان نەكردووە، وڵاتی ئێمە پێنج هەزار گونديان لێ وێران كردين ئيرادەی ئەم ميللەتـە زۆر بـە قـوەتترە لەوەی كە بە هەڕەشەيەك يان بە قسەيەك بتوانێتن ئەمڕۆ ورەی خـۆی لـە دەسـت بـداتن، بـەڵام ديسانەوە يەك ريزی گەلی كوردستان مەرجی سەركەوتنی ئێمەيەو من دڵنيام ئـەو يـەك ڕيزيـە هەردەمێنتـەوە، نـەك تەنها كورد هەموو پێكهاتەكانی تر بە توركمانەوە بە ئاشـوورييەوە بـە سـريانەوە بـە كلدانـەوە، ئـەوەی كـە ئێمە لەم وڵاتەدا دەژين، ئێمە هەموو يەك دەنگمان هەيە يـەك بۆچـوونمان هەيـە، بـە تەئكيـديش پێكـەوە دەبين بۆ هەر هەڕەشەيك لە هەر شوێنێك لە ئێمە دەكرێتن وەزعی سياسيش باپێتان بڵێم وەزعـی سياسـی عێراقيش بە هيچ شێوەيەك ئەو ڕێگەيە ناداتە توركيا توركيا بێت ئـەو كـارە بكـات، مـن زۆر سوپاسـی ئـەم جەلەسەيەش دەكەم، بەڵام لە قسەكاندا هەندێك باسكرا، ئينجا نـازانم جـەنابی سـەرۆكی پەرلـەمان ئيجازە دەدات قسە ئێستا بكەم، يان بكرێ جەلەسەيەكی تر، ئێمە دابنيشين لەسـەر مەسـەلەی سووتەمەنی ئـەوەی كە باسكرا لەسەر ئێمە وەڵامبمان هەيە بۆ ئەم شـتانە هـەمووی، مـن زۆر زۆريشـم پـێ خۆشـە پەرلـەمان لـە معانـاتی ئێمـە و لـەو ئاسـتەنگانەش تێبگـاتن، ئـەوەی كـە ئێمـە هەمانـە چ لـەرووی كارەبـاوە چ لە رووی سووتەمەنيەوە چ لـە رووی پرسـی ئـەوەی كـە بـاس كـرا، مەسـەلەی گەندەڵييـە چ لـە ڕووی يەكگرتنـەوەی

ئیدارەی حکومەتی هەرێمە، ئێمە حازرین هەر وەختێك لە پەرلەمانی کوردستان داوا بکرێین، زۆریشم پێ خۆشە بە شەرەفیشەوە دێینە ئێرەو بە شانازییەوە بۆشتان باس دەکەین، کە ئێمە لە چ قۆناغێکین، بەڵام ئەوەی کە دەمەوێ دڵنیاتان بکەم، ئیرادەی هەموو ئەو پێکهاتانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانن بە یەکێتی و پارتی و هەموو لایەنەکانی تر، ئیرادەیەکی زۆر بە هێزە، کە ئەم حکومەتە دەبێ سەرکەوێ ئەم یەکگرتنەوەیە دەبێ سەرکەوێ و دڵنیاشتان دەکەین، کە ئێمە لەسەر ئەمە بەردەوام دەبین ،بەڵام هەندێك ئاستەنگ هەیە ناکرێت، ئێمە ئەوە بکەین و حکومەتێك ئەم هەموو ماوەیە لە یەکتر دابڕاوە مومکنە بە ماوەیەکی وا کورت ئاسان نەبێت و بتوانی ڕێکی بخەیتەوە بیکەی بە یەك، بەڵام لە هەموو لایەك ئەو ئیرادەیە هەیە و بەهاوکاری و پشتیوانی پەرلەمانی کوردستانیش، من دڵنیام دەتوانین ئەو پرۆسەیە زۆر بە ڕێك و پێکی بەرەو پێشەوە ببەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وتە بە نرخەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك نێچیروان بارزانی و بەڕاستی ئاماژەی بە زۆر مەسائلی گرنگی کرد، لە مێژووی عیلاقاتی کوردستانی عێراق لەگەڵ تورکیاو ئاماژەی بە لایەنە ئیجابیەکانیشی کرد، کە جێی خۆیەتی لە ڕۆژگاری وادا کە عیلاقات تۆزێك سلبیاتی دێتەسەر ئێمە مەبەستمان ئەوەیە، ئەو عیلاقاتە چاك بکەینەوە ڕێز لە یەکتری بگرین، تەدەخول لە ئیش و کاری یەکتر نەکەین، بۆیە ئەو لاپەڕە باشانە لە عیلاقات کە جەنابی ئاماژەی پێ کرد، چاکە بە بیرمان بینینەوە بەبیر تورکیا بێنینەوە بەرژەوەندیەکانیان بەبیر بێنینەوە، بەنیسبەت ئەو دوا قسەی کە بۆ ئامادەیی خۆی بۆ مناقەشەی مەسائلی تر، کە لە هەندێك قسەکاندا هاتبوو مەسەلەی کارەبا، مەسەلەی سووتەمەنی، ئەوەی راستی بێ ئەوەی ئەم کۆبوونەوەیە وا بە پەلە نەبوایە، ئێمە قسەمان لەگەڵ بەڕێز کردبوو کە دانیشتنێك بکەین، بۆ ئەو موناقەشە لە لایەن پەرلەمانتارانەوە ئەم داوەتە بەرز کراوەتەوە دەبێ خۆمان بۆی حازر بکەین، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بێت وانشاللە کەی ئەوراقی پێداویستی ئەو کۆبوونەوەیە حازر بوو، بە جەنابی دەڵێین و لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکان بێن لێرەو سوپاسیشی دەکەین، ئەو حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیی و جێگرەکەی و وەزیران دڵنیاین لەوەی موتەعاونن لەگەڵ پەرلەمان، چونکە پەرلەمان دەیەوێت خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و چاودێرییەکەمان بۆ چاك کردنە حکومەتەکە، حکومەتی خۆمانە، پێکهاتەی پەرلەمان، پێکهاتەی حکومەتە، نەبی لێرە تەنیا موعارەزە هەبیتن داوای بانگ کردنی وەزیر بکاتن، بەڵکو ئەوانەی کە بانگیان دەکەن پێکهاتەکانن هەموویان کە لێرە تەمسیلیان هەیە لە پەرلەماندا، ئومێد دەکەم لەو نزیکانە دابنیشین، زۆر سوپاسی دەکەم من خولاسەی قسەکانی ئێوە بەو شێوەیە دەبینم، تەبعەن هەموو نووسرایە، دواتر رەنگە باشتر ئەوەی بکەین، بەڵام ئیجازەم پێ بدەن کە یەکەم شت ئەوەیە، رەفزی ئەو تەسریحاتانە دەکەین کە لە تورکیاوە دەرچووە، رەفزی ئەو کۆبوونەوەیە دەکەین کە ئەنجامدراوە لەلایەن معهدی ڤگلۆپاڵ، بەتایبەتی پێمان زۆر ناخۆشە نارەحەتین لەوەی کە نوێنەری وەزارەتی دەرەوە بەشداری کردووە

تیدا، مەسئوولینی حزبەکانی حاکم  تیایدا بەشداریان کردووە، داوەتی سەفاراتیان کردووە، نارازین لە بەشداری کردنی هەندێ لە حزبە سیاسیەکانی عێراقداو ئەوەش هەمووی پێیان دەگەیەنین بە موزەکەرەو نووسینەوەو ئەوانە یاداشتێك پێشکەش دەکەین لەبەر ڕۆشنایی ئەم قسانەی کردتان بۆ پەرلەمانی عێراقی بۆ حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەمریکا، بۆ بەریتانیا، بۆ یەکێتی ئەوروپا نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین وە دەڵێین بەناوی گەلی کوردستانەوە بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە، کە ئێمە نارازین لەو تەدەخولاتە، پێمان وایە خزمەتی گەلی عێراق ناکات، خزمەتی ئەو هەولانە ناکات، کە دەمانەوێت عێراقی فیدراڵی دیموکرات دامەزرێنین خزمەتی خودی تورکیا ناکات، خزمەتی دیموکراتی تورکیا ناکاتن، ڕێز لێنان نییە لە یاسادا ئەم هەموو شتانە باس دەکەین و داواش لە تورکیا دەکەین کە ڕێز لە دەستووری عێراق بگریتن، ئەم دەستوورە دەنگی بۆ دراوە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم هەڵبژاردنە کراوە ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگرێت، ئەمڕۆ لە کەرکووکدا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك هەیە، پێکهاتەکانی کەرکووك هەمووی تێدا بەشدارن بە دوو هەڵبژاردن دەبێ ڕێز لە هەڵبژاردن بگرێ، ئینجا ڕێز لە دەستووری عێراقی بگرێ، هاوکاری میللەتی عێراق بیتن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو دەستوورە بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی بە هێز دوور لە تیرۆر و تیرۆرستان، دوور لە هەڕەشە، دوور لە مل ملانێ، دوور لە ناکۆکی، ئەو وەختە بەرژەوەندی تورکیا هەمووی دەپارێزیتن و لە مەنفەعەتی ئەوانیش دایە، ئومێد دەکەم کە ئەم کۆنفراسەو ئەم بڕیارانەی کە داویەتی حکومەتی تورکیا بەهەندی وەرنەگرێ، پەرلەمانی تورکیا بڕیاری نەگونجاوی بۆ نەدات بڕیارێك نەداتن کە لە بەرژەوەندی گەلی تورکیادا نەبێتن و زەرەر دەگەیەنێتە ئەمنی تورکیا گەلی عێراق و گەلی کوردستان و ئومێد دەکەم، ئێمە لەبەردەوام دابین هاوکار بین لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ سەرۆك کۆمارو سەرۆکی تەحالوفی کوردستانی بۆئەوەی هەنگاوەکانمان بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو سیاسەتەی تورکیای تازە مونەسەق بێت بەهەموو لایەکان بگەیەنین، کە ئێمە ڕەتی دەکەینەوە، ئومێدیش دەکەم پێکهاتەکانی کوردستان پەیوەندیەکانیان بەهێز بکەن ڕیزەکانیان بەهێز بکەن و نەهێڵن هیچ بۆشاییەك بمێنێتن لەلایەن تورکیاوەو ناحەزانی گەلەکەمانەوە بەکار بێتن، زۆر سوپاستان دەکەم کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێنین.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركوكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 13\3\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/3/13

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/3/13 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردو كوردستان.

2- وتاری كردنەوەی خول لە لایەن بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەینەوە, بەرنامەی كاری ئەمڕۆ:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (2,1)ی مادده (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراودا, بڕیاردرا دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردو كوردستان.

2- وتاری كردنەوەی خول لە لایەن سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق.

سەرەتا داواتان لێ دەكەم دەقیقەیەك بوەستن بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كورد و كوردستان, فەرموون.

بڕیار وا بوو جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەشداری بكات لەم دانیشتنەداو وتاری هەبێت, بەلاّم بە سەردانێكی فەرمییەوە ڕۆیشتووە بۆ سعودیە, هەروەها جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان, ئەویش مەشغولی كاروباری تایبەت بوو لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران نەیانتوانی بەشداریمان بكەن, دیارە حەزمان

دەكرد وەكو پێش چەند مانگێك باسمان كرد بوو, كە جەنابی مام جەلالیش لەم دانیشتنە حازر بێت, وەكو سەرۆك كۆماری عێراق, بەلاَم بەداخەوە خۆتان دەزانن ماوەیەكە تووشی ئەو نەخۆشییە بووە, هێشتا هەر لە نەخۆشخانەیە لە عەممان, بەزووترین كات داوای چاك بوونەوەی بۆ دەكەین, بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بە سەلامەتی, تاكو بەشداری بكاتن لەو خەباتە دوورو درێژەی كە تەمەنی خۆی زیاتر لە پەنجا ساڵ لە خزمەتی گەلەكەمان بەسەری بردووە, بۆ ئەوەی لەم قۆناغەشدا بەو توانایەی كە هەیەتی خزمەتی گەلەكەمان بكاتن و خۆشیش بخاتە نێو دڵی هەموو گەلەكەمان, ئینشائەڵلاَ خەبەرەكە وا دەگەیەنێتن كە تەندروستی باشەو بەم زووانە دێتەوە, وتارەكەی ئێمەش بەم شێوەیە:

**بەناوی خوای گەورەومیهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان**

**خوشكو برایانی بەڕێز، ئەندامانی پەرلەمان.**

**رۆژتان باش.**

لە دانیشتنی كردنەوەی خولی یەكەمی سالی 2007، لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستاندا، پێویستە هەڵوەستەیەك بكەین لەسەر بارودۆخی هەرێمی كوردستان بەتایبەتی و عێراق و ناوچەكە بەگشتی. هەروەها پێویستە هەڵوەستە لەسەر خودی پەرلەمان و رۆل و ئەركەكانی بكەین لە قۆناغی رابردوو و داهاتوودا، ئەویش بە هەڵسەنگاندنی كارەكانی پێشوومان ودەست نیشانكردنی كەموكوڕیەكان و دانانی بەرنامە بۆ ئەم خولە بەپێی گرنگی و پێداویستی و توانای جیبەجێكردنی یاسا و بڕیارەكان لەسەر ئاستی كوردستاندا.

سەرەتا ئاماژە بەدەستكەوتەكانی گەلەكەمان دەكەین، كە بەهاوكاری ئێوە وحكومەتی هەرێمی كوردستان و هەموو دڵسۆزانی گەلەكەمان بەدەست هات، بەتایبەتی بەردەوامبوونی هەنگاوەكانی یەكخستنەوەی دام و دەزگاكانی سەردەمی دوو ئیدارەیی حكومەت لە هەولێر وسلێمانیدا، كە بەراگەیاندنی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێم لە 7\5\2006 دەستی پێكرد.

ئەگەرچی تەمەنی ئەو كابینەیە لە سالێك كەمترە، بەلام لە هەڵسەنگاندنماندا بۆی دەبینین هەنگاوی باش نراوە بەرەو یەكخستنەوەی سەرجەم دامودەزگاكان، لە پێش هەموویانەوەش یەكخستنەوەی وەزارەتی داد و دادگای تەمیز، هەروەك چاوەڕوان دەكرێت لە ئایندەیەكی زۆر نزیكدا دیوانی چاودێری دارایی وەك دەزگایەكی گرنگی چاودێری كردنی حكومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی یەك بخرێتەوە، ئەو دەزگایەش سەر بە پەرلەمانی كوردستان دەبێت سەربەخۆ دەبێت لەكارەكانیدا.. هەنگاوەكانی تریش بۆ یەكخستنەوەی وەزارتەكانی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە بەرەو پێش دەچن وقۆناغی باشیان بڕیوە، ئومێدمان وایە كە لە چەند مانگی داهاتوودا ئەوانیش تەواوبن. هەر لەم چوارچێوەیەشدا هەوڵی رێكخراو و سەندیكاكان بۆ یەكخستنەوەی تواناكانیان ئەنجامی باشی هەبووە، ئەمەش كاریگەری ئیجابی دەبێت بەسەر هەوڵەكان بۆدامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی.

بەر لەوەی ئاماژە بە رەخنە و کەموکوڕیەکانی ئەدائی حکومەت بکەین، پێویستە دەستخۆشی لەو هەنگاوە ئیجابیانە بکەین کە لە بوارە جۆر بەجۆرەکاندا ئەنجامیان داوە، لەوانە پاراستنی ئاشتی و ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەهەڕەشە و پەلاماری تیرۆریستان، بەرەو پێشچوونی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی و دروستکردنی پرد و رێگاوبان بۆ ئاسانکردنی هاتووچۆی هاووڵاتیان و گەشەپێدانی تۆڕەکانی ئاووئاوەڕۆ لەشارەکانی کوردستاندا. ئومێد دەکەین لە ساڵی 2007 دا حکومەتی هەرێم بتوانێ بەپلان و نەخشەی زانستیەوە گەشە بەکار و پرۆژەکان بدات، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك و دابینکردنی پێداویستیەکانیان، کە لە بەشێکی تری ئەم و تارەدا هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

**ئەندامانی بەڕێز.**

- لە ساڵی 2006 دا، پەرلەمان 46 دانیشتنی گرێدا، کە 4 دانیشتنی نائاسایی بوو، تیایدا 20 یاسا و 11 بڕیاری پێویستی لە سەرجەم بوارەکاندا دەرکردووە، بۆ بەیاسایی کردنی کۆمەڵگای کوردستان و رێکخستنی کارەکانی حکومەت. لەوانە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و یاسای وەبەرهێنان و هەموارکردن و دەرکردنی یاسای 13 لە وەزارتەکانی حکومەت. ئەو وەزارەتانەشی کەماونەتەوە، پرۆژەی یاساکانیان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو ئاراستەی لیژنەکان کراوە بۆ دیراسەکردن، ئومێد دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو یاسایانەش تەواو بکەین.

لەلایەکی ترەوە جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان بکەین، کە دوای ساڵێك لە کار و گفتوگۆی بەردەوامیان، پرۆژەی دەستووری کوردستان راگەیەندرا. چەند مانگێکیشە لە لایەن حزبە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیاکان بەگشتی گفتوگۆ و قسەو باسی لەسەردەکرێت، سەدان نامە و بابەتی زانستی و رەخنە و پیشنیازی گرنگیان بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کردووە. بۆیە لەسەرەتای مانگی نیساندا ئەرکی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئەوە دەبێت، کە پاش هەموارکردنی پرۆژەکەو بە لەبەرچاو گرتنی سەرنج و پێشنیاز و تێبینیەکانی بەدەستیان گەیشتووە، پرۆژەی دەستوورەکە بە ئامادەکراوی بیخاتە بەردەم ئێوەی بەڕێز بۆ گفتوگۆکردن وبڕیاردان لەسەری. بەو هیوایەی لەچەند مانگی داهاتوودا هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی یەکەمین دەستووری تایبەتی خۆی.

**ئەندامانی بەڕێز.**

- لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی دەرەوەش، لەساڵی رابردوو چەندین وەفدی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر ئاستی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمان، بەرەسمی سەردانی چەندین وڵاتیان کرد، بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی سیاسی و دبلۆماسی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانانی وڵاتانی دنیا، کە تیایدا گفتوگۆ لە بارەی پەیوەندی دوو قۆڵی و بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی زیاتر بۆ ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە کراوە. وەفدی

پەرلەمان بەشداری لە چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیش کردووە, وەك کۆنفرانسی برۆکسل لە پەرلەمانی ئەوروپا و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك و پەرلەمانتارانی بەریتانیا و سویسرا و ئیتالیا و نەرویج و هۆڵەندا و فەرەنسا و سوید و روسیاو کەنەدا و هەتا دوایی کراوە. لەلایەکی ترەوە، لە تەلاری پەرلەماندا پێشوازی لە ژمارەیەك وەفدی جیاجیای وڵاتانی بیانی و دۆست کراوە. لەوانە وەفدی کۆنگریسی ئەمریکاو وەفدی پەرلەمانەکانی فەرنسا و ئوسترالیا و فەلەستین. وێرای پێشوازی کردن لە سەرۆك و وەفدی گشت کوتلەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆك وەزیرانی عێراق و لێپرسراوانی تری حکومەتی فیدراڵ و بالێوزی وڵاتانی بیانی لە عێراقدا.

لەلایەکی ترەوە پێوستە ئاماژە بە رۆڵی کاریگەری لیژنەکانی پەرلەمان بکەین, کە بەشێکیان تا ئاستێکی باش ئەرکی خۆیان راپەراندووە، لە تاوتوێ کردنی ئەو پرۆژە یاساییانەی کە ئاراستەیان کراوەو پەیوەندیان پێیانەوە هەبووە. پێش ئەوەی بخرێنە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بەپێی تایبەتمەندێتی و شارەزایی خۆیان پرۆژە یاساکانیان دەوڵەمەندتر کردووە. هەروەها هەندێ لەلیژنەکان سەرکەوتووانە کارەکانی خۆیان لە چاودێری کردن و بەسەرکردنەوەو دەست نیشانکردنی کەموکورپەکان لە دام ودەزگاکانی حکومەتدا ئەنجام داوە. لەو بوارەشدا بۆ یەکەمین جار لیژنەکانی یاساو مافی مرۆڤ و ناوخۆ وژنان و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی سەردانی گرتووخانەکانی هەولێر وسلێمانی و دهۆکیان کردووە. چاوەروانیش دەکرێت لە رۆژانی داهاتوودا، لێژنەیەکی پەرلەمانی هاوبەش سەردانی زیندانەکانی ئاسایشی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بکەن، بۆ بەسەرکردنەوەی باری یاسایی و رەوشی گیراوەکان لە رووی کێشەی یاسایی و پەیرەوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکاندا. وێرای ئەمانەش لەساڵی رابردوودا چەندین خولی زانستی لە بواری فێربوونی زمان و کۆمپیوتەر بۆ گەشەپێدانی توانای فەرمانبەرانی پەرلەمان کراوەتەوە.بۆ زیاد کردنی شارەزاییان لەو بوارانەدا.

**بەرێزان.**

دیارە ئەمانەی سەرەوە بەشێکی لایەنە باشەکانن کە ئەنجامدراوە، بەلأم پێویستە دەست نیشانی کەموکورپەکانیش بکەین، بەتایبەتی ئەو گیروگرفتانەی کە پەیوەندیان بە ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە. کەبەشی زۆری مەسەلەکانیش پەیوەندیان بەحکومەتەوە هەیە، جگە لەو گیروگرفتە بابەتیانەی دێنە پێشەوەو لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم دایە.

کە باس لە نەهامەتی و کێشەکانی هاووڵاتیان دەکەین بەگشتی، دیارە کێشەکانی کەمی وزەی کارەبا و سووتەمەنی و گرانی نرخی بازاڕ، لەو کێشانەن کە رۆژانە رووبەڕووی ژیانی هاووڵاتیان دەبنەوەو پێویستیان بەهاوکاری و بەدەنگەوە هاتنی هەموو لایەکمان هەیە، کە بەجدی کاریان بۆ بکەین، وەك دەسەڵات، هەریەکەمان رۆڵی خۆی لە بەدەنگەوە هاتنی داخوازیەکانی خەڵك و چارەسەرکردنی گرفتەکانیاندا ببینین. ئێمە وەك پەرلەمان چاودێری و بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی حکومەت زیاتر

دەکەین لە پێناو چارەسەرکردنی گشت ئەو مەسەلانە. بۆیە لە دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەماندا، لەسەر داوای خۆشتان وەزیرە پەیوەندیدارەکان بۆ هەریەك لەو بوارانە بانگهێشتی پەرلەمان دەکەین، بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی دەست نیشانکردنی کەموکورپیەکان و خستنەرووی راستیەکان بۆ جەماوەری کوردستان.

**خوشك و برایانی بەرێز.**

پێمان وایە زۆر لە کێشەکانی تریش کە لە نێو کۆمەڵگاکەماندا هەیە، هێشتا کۆتاییان پێنەهاتووە، بەشێکیان پەیوەندییان بەجێبەجێ نەکردنی دەسەڵاتی یاسا و پەیڕەونەکردنی دادوەرییەوە هەیە. چونکە بەبێ رێزگرتنی یاسا و جێبەجێکردنی بەسەر هەموو لایەك بەیەکسانی، یاسا پێشێل دەکرێت و مەترسی دەکەوێتە سەر خودی ئازادی و دیموکراسیەت و دەستکەوتەکانی تری گەلەکەمان، کە بە خەبات و قوربانی دانی بێ ژمار بەدەست هاتوون..

بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو دەسەڵاتە بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی بەسەر هەمووان بەکاربهێنێ. بۆ ئەوەی ئەو ناخۆشی و نایەکسانیەی لە نێو کۆمەڵگادا هەیە نەمێنێ، و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێشکەوتوو و یاسایی لە کوردستان دابمەزرێ. راستە بۆ گەیشتن بەم خواستە پێویستیمان بە بەرنامەیەکی فراوان بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری یاسایی و پەروەردەیی و رۆشنبیری هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە نابێ کەس لە سەرووی یاساو دەسەڵاتی دادوەریەوە بێت. چونکە ئەگەر خەڵك هەست بەدەسەڵاتی یاسا بکات، ئەو کاتە ئەو جۆرە تاوانانە لەناو کۆمەڵ زۆر کەمتر روودەدات. وەك کوشتنی ئافرەت بەناوی شەرەف، کە هەندێك جار کارەساتی گەورەشی بەدوا دادێت. لە شێوەی ئەو کارەساتەی لە قەزای شێخان روویدا. کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵ و ئەزموونی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا ناگونجێت. هەرچەندە حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی کرد، لیژنەی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە داناوە. بەڵام پێویستە تاوانباران لەرێی دەسەڵاتی دادوەریەوە بەسزای یاسایی بگەن. بۆئەوەی رووداوی لەو جۆرەش لە هیچ شوێنێکی تر دووبارە نەبێتەوە. سەبارەت بە کێشەی زەوی و زار و موڵکایەتی بەگشتی کە زیاتر لە کەسێك داوای خاوەندارێتی دەکات، یاخود بەهۆی شەری ناوخۆ و دوو ئیدارەیی کێشەکان ئاڵۆزتر بوونە، دەبێ هەنگاو بنرێت، بۆ ئەوەی ئەو کێشانە لە بنەڕەتدا چارەسەر بکرێن. کە کاریگەری زۆری دەبێت بەسەر ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆی گۆڕ بەگۆڕ, پێویستە دەسەڵاتی یاسا و دادوەری هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە، کە تاوان بەرامبەر بە تاك, یا کۆمەڵ بەگشتی ئەنجام دەدەن. جا ئەو کەسانە لەهەر پلە و پایە و ئاستێکی بەرپرسیارێتی دابن.

**بەرێزان.**

- وەك دەزانن جگە لە دەرکردنی یاسا و بڕیار، ئەرکێکی تری پەرلەمان چاودێری کردنی دام ودەزگاکانی حکومەتە, بۆ نەهێشتنی دیاردەی نایاسایی و گەندەڵی لە دامەزراوەکاندا. ئەمەش پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەك هەیە لەپێش هەموویانەوەش دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دژایەتی کردنی پەتای گەندەڵی کەئەمڕۆ عێراق و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و دنیای گرتۆتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە. پێویستە لیژنەکانی پەرلەمان بەو پەڕی بەرپرسیاریەتیەوە رۆڵ و ئەرکی خۆیان لەو بوارەدا ببینن، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی و ئابووری. هەروەها بەپێی پرۆژەی دەستووری کوردستان، دەزگای دەستپاکی (نەزاهەت) دادەمەزرێت، ئەویش هەنگاوێکی تر دەبێت لە خەبات دژ بە دیاردەی نایاسایی و گەندەڵی لە کوردستاندا. هاوکات دەبێ دەسەڵاتی دادوەری بەهێز بکرێت و لەلایەن گشت لایەکەوە رێزی لێ بگیرێت.

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

ئەم دانیشتنەی پەرلەمان لە کاتێکدایە، کە عێراق بە قۆناغێکی هەستیار و دژوار تێپەڕ دەبێت بەهۆی بەردەوامبوونی شەڕی دژ بەتیرۆریزم و بەرەنگاربوونەوەی ئەو کۆسپانەی لەلایەن دوژمنانی دیموکراسی و فیدراڵ و دەست تێوەردانی دەرەکی رووبەڕووی دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە پشتیوانی هاوپەیمانان لە هەوڵ و کۆششی زۆر دایە بۆ گێرانەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ بەغدا و شارەکانی تری عێراق و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراسیی و دەستووریەکان لە عێراقی فیدراڵدا، لەو بوارەشدا لە چەند رۆژی رابردوودا کۆنگرەیەکی گرنگی نێودەوڵەتی لە بەغدا بەڕێوە چوو بۆ هاوکاری کردنی گەلانی عێراق لە زاڵبوون بەسەر کێشە و ئاستەنگە ناوخۆیی و ناوچەییەکان, کە هیوادارین ئەنجامی باشی لە بەرژەوەندی گەلانی عێراق و سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لێبکەوێتەوە. لێرەوە تەئکید لەسەر پشتیوانی خۆمان بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و شەڕی دژ بەتیرۆر و چەسپاندنی دامەزاروە دەستووریەکانی عێراق لەسەر بنەمای دیموکراسی و فیدراڵی دەکەینەوە وەك لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، بەتایبەتی پەلە کردن لە جێبەجێکردنی مادەی 140و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و ناوچەکانی تر، لێرەوە جارێکی تر داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین، کە هاوکاری و پشتیوانی زیاتر لە هەنگاوەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی 140 بکات. کە لە ماوەی رابردوودا لیژنەکە چەند هەنگاوێکی هێواش وئیجابی چۆتە پێشەوە، بەڵام پێویستە حکومەتی بەڕێز مالیکی بەشێوەیەکی خێراتر وزیاتر پشتیوانی لە بڕیارەکانی لیژنەکە بکات، بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ، هەموو قۆناغەکانی ئەو مادده دەستووریە جێبەجێ بکرێت. بەو هیوایەی ببێتە هۆی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووك وپتەوکردنی پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان گشت پێکهاتەکان و گێڕانەوەی کەرکووك ناوچەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە به ڕۆڵی لیژنەی تایبەتی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی مادەی 140 لە پەرلەمانی کوردستان بکەم، کە بەپێی توانا ئەرکی خۆیان لە کارکردن و هاوکاری کردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامداوەو لەسەر کارەکانیان بەردەوامن بۆ چاودێری کردنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ماددەی 140.

**بەڕێزان.**

ئاشکرایە مەسەلەی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکرات و فیدراڵ لە عێراق هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆتەوە، بەتایبەتی ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێ کە زۆر جار هەڵوێستەکانیان لە زۆر ڕووەوە بەرانبەر بە ئەزموونی نوێی عێراق، هەڵوێستێکی سلبیی بووەو لەگەڵ خواست و داواکانی گەلانی عێراق و کوردستان نەگونجاوە. لەو بوارەشدا زۆر جار وڵاتانی دەوروبەر هەوڵی دەستخستنە نێو کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق دەدەن. لە جیاتی ئەوەی هاوکاری لەسەرخستنی دامەزراندنی ئەم سیستمە نوێیە دیموکراسیە بکەن لە ناوچەکەدا، لەم بارەیەوە حکومەتی تورکیا، لەم چەند مانگەی دواییدا بە ئاشکرا هەڵوێستی نادۆستانەی بەرانبەر بە گەلی کوردستان و ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی و شاری کەرکووك بەتایبەتی دەربڕیووە.، ئەمەش بۆ جارێکی تر بۆتە مایەی نیگەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و زیاتر ئاڵۆزکردنی دۆخی ناو شاری کەرکووك، کە پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەك هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا لەم دوایەدا چەند گۆڕانێکی ئیجابی لە هەڵوێستی بەرپرسانی تورکیا دەرکەوتووە، بۆیە گەلی کوردستان بەخۆشحاڵیەوە پشتیوانی لە قسەکانی ئەم دوایەی بەڕێز ڕەجەب تەیب ئۆردوگان سەرۆك وەزیران و عەبدوڵلا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا دەکات، کە ئامادەییان نیشانداوە, بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا. ئەمەش هەنگاوێکی ئیجابیە و بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی هەردوولا دەپارێزێت.

ئێمە لە کاتێکدا پابەندبوونی خۆمان بە یاسا نێودەوڵەتیەکان دووپات دەکەینەوەو, چۆن ڕێگا بەخۆمان نادەین دەست بخەینە ناو کاروباری وڵاتانی تر، بەهەمان شێوە ڕێگا بەهیچ لایەك نادەین دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق. چونکە پێمان وایە تاکە ڕێگا بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، ڕێگای گفتوگۆ و لەیەك گەیشتن و قبوڵکردنی یەکترییە وەك هەین، نەك وەکو خواستی هەرلایەك دژ بەلایەکەی تر..

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان چەندین ئەرك و بەرنامەی گرنگمان لەپێشە کە دەبێ ئەنجامیان بدەین، لەوانە:

1-دەرکردنی یاسا و بڕیاری پێویست، کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو دەخرێنە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی داهاتوو، لەگەڵ ئەو پرۆژە یاساییانەی کە لە ئایندەدا لەلایەن حکومەتی هەرێم, یا ژمارەی یاسای ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێت.

2- گفتوگۆکردن و دەنگدان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئاییندەی نزیکدا داڕشتنی کۆتایی ئامادەبکرێت و بخرێتە بەرنامەی کار بەپێی یاسا.

3- گفتوگۆکردنی لەسەر بودجەی ساڵی 2007ی هەرێمی کوردستان، بۆ پەسەند کردنی، کە چاوەڕوان دەکرێت لەم نزیکانە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت. دیارە هۆی دوا کەوتنەکەشی تا ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت و پەرلەمانی عێراقی.

4- پێداچوونەوە بە ژمارەو پێکهاتەی لیژنەکانی پەرلەمان، بە مەبەستی کاراتر کردنی لیژنەکان.

5-چالاکتر کردنی رۆڵی لیژنەکانی پەرلەمان, بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو, بۆ ئەوەی دەوری خۆیان لە دیراسەتکردنی ناکۆکیەکان و دیاردە نایاساییەکانی ناو کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی حکومەتدا ببینن، بەسوود وەرگرتن لە کەسانی پسپۆر و شارەزا لەدامەزراوەکانی حکومەت و ناوەندە زانستیەکان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

6- هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و گونجاندنی لەگەڵ قۆناغی ئێستای کارەکانی پەرلەمان، لەبەر رۆشنایی ئەزموونی کارکردنی ساڵانی پێشوو، بۆ دانانی میکانیزمێکی نوێ کە ببێتە هۆی کاراتر کردنی رۆڵی پەرلەمان بەگشتی.

لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم, ئومێد دەکەم ئەمساڵمان ساڵی زیاتر ئیش کردن بێت, بۆ ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانمان بەجێ بگەیەنین لە خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و وەدیهێنانی واجیبمان بەرامبەر ئەم میللەتە, بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین کۆمەڵگایەکی مەدەنیمان هەبێت, ئەزموونەکەمان سەربکەوێت و ئاشتی و ئازادی و گوزەرانی خەڵك باشتر بکەین, هەر کەموکوڕیەکیشم هەبێت لە وتارەکەمدا لەبیرم کرد بێت, داوای لێبووردن دەکەم, ئومێدەوارم سەرکەوتوو بن, زۆر سوپاستان دەکەم و کۆتاییش بە وتارەکەم دەهێنم هەر بژین.

خاڵێك هەیە تەبعەن ئێمە لەو دانیشتنەوە باسی دەکەم, لە دانیشتنی داهاتوو غیاباتی ئەو دانیشتنە دەخوێنینەوە, ئەوەی بەهۆی نەخۆشی خوانەخواستە, یان بەهۆی عوزرێکەوە, ئەوەی بەبێ عوزر نەهاتە دانیشتن ئەوە پەیڕەوی ناوخۆ تەتبیق دەکەین لەسەری و ئیجرائات وەردەگرین, بۆ ئەوەی هەموومان پابەند بین بە دانیشتنەکانمان, داوا لە لیژنەکانیش دەکەم لەمەودوا پێویست دەکات زیاتر لە جاران دەوامی خۆیان بکەن, بەرنامە دانێن بۆ کارەکانیان, بتوانن ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیانە جێ بەجێی بکەن, چونکە ئەگەر ئەو لیژنانە بە دەوری خۆیان هەڵنەستن, هەمووومان ئیشەکانمان بە تەواوی پێ ناکرێتن, ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنم, داوا لە سەرۆك لیژنەکان دەکەم بفەرموون بۆ ژوورەکەی من, بۆ ئەوەی تۆزێك گفتوگۆی تایبەت بکەین لەسەر مەسەلەی داهاتوومان.

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**دوو شەممە رێكەوتی 26\3\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركوكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)

## دوو شەممە رێكەوتی 2007/3/26

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/3/26 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ كردنی یاسایی وەزارەتی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنیەكەمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە(1) مادده 20 لە پێڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكاتی (10,30)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/3/26 بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ كردنی یاسایی وەزارەتی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی برای بەڕێز كاك (عبدالعزیز طیب) وەزیری كشتوكاڵ و برای بەڕێز كاك (سعد خالد محمد امین) وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، كە بەشداریمان دەكەن لەو كۆبوونەوەیە,

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان گفتوگۆ کردنە لەسەر یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ دەکەم بێن لێرە دابنیشن, داوای لێبوردن دەکەم کە تاخیر بووین, تاخیر بوونەکەش ئەسبابی موجیبەی هەبوو, ئەویش ئەوە بوو لیژنەیەك لە برایانی عەرەبی هاوردە لە کەرکووکەوە هاتبوون، کارێکی گرنگ بوو هەمووتان مەبەستتان بوو ئیهتیمام بدەینە ئەوان, ئەوە جێی دڵخۆشییە, کە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبە هاوردەکان خۆیان ئامادەن بگەڕێنەوە، ژمارەی ئەوانەی کە تا ئێستا ڕۆیشتوون, یان ئامادەن بڕۆنەوە گەیشتۆتە نزیکەی دوازدە هەزار خێزان, لەوانە پێنج هەزاریان ڕۆیشتوونەتەوە, بەڵام ئێستا ئەو کۆسپەیان هاتۆتە پێش, کە لیژنەی بەدواداچوونی ماددەی 140 کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵی بەغداوە پێك هاتووە, ئەم لیژنەیە بڕیاری داوە لەسەر بڕیارەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ (نوری مالکی) هامشی نووسیووە, بەهۆی ئەو هەوامشانە ئەو بڕە پارەی کە بۆیان دانراوە، بۆ هاوکاری کردنی ئەو عائیلانەی کە دەگەڕێنەوە, کە بیست ملیۆن دینارە بکرێتە دە ملیۆن دینار, ئەوەش تەبعەن پارەیەکی کەمە ئیحتیجاج دەکەن، ئێمەش پێش ئەوەی ئەوان بێن ناڕەزایی خۆمان دەربڕیووە, چونکە خێزانێك لە شارێکەوە بچێتە شارێکی تر ئەو بڕە پارەیە بەشیان ناکاتن, جگە لە مەسائیلی تر باسمان کرد, خۆشیان لە ڕۆژنامەکان قسەیان کرد و, ئێمەش دەنگمان خستە پاڵ دەنگیان و داوا لە حکومەتی فیدراڵ بکەین کە بڕیاری لیژنەکە جێ بەجێ بکات, بۆیە تاخیر بوونەکەمان لەبەر ئەو هۆیە بوو, ئێمە ئەمڕۆ پرۆژەی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ باس دەکەین, کە لە 1/8دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو تەحویل کرا بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ, بۆ ئەوەی تاوتۆ بکرێت, وابزانم لەگەڵ جەنابی وەزیریش دانیشتوون و، هەردووکیان ڕاپۆرتیان حازر کردووە, بۆ ئەوەی وەخت لە دەست نەدەین، لەگەڵ دکتۆر کەمال و کاك فەرسەتیش باسمان کرد, ئێمە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە, ئێستاکە لە جیاتی ئەوەی ڕاپۆرتەکان هەموو بخوێنینەوەو دوایێ یەکە یەکە بچینە سەری, یەکسەر لە ماددەی یەکەوە دەست پێ بکەین و بە عەرەبی و کوردیەکە بخوێنینەوە, ئینجا ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی یەکەم و ڕەئی لیژنەی کشتوکاڵ, ئینجا ئەگەر کەسێك ڕەئی هەبوو لەسەری، جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینی هەبوو قسە دەکاتن لەسەری, بۆ ئەوەی لە وەختەکەی ئیستیفادە بکەین, فەرموو کاك شێروان لە ماددەی یەکەمەوە بە عەرەبی و کوردی بخوێننەوە, ئینجا ڕەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ ماددە بە ماددە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە, بۆ ئەم یاسایە, ماناکانی بەرامبەریانە:

1. هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.
2. وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان.
3. وەزیر: وەزیری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان.

4. بريكارى وەزارەت: بريكارى وەزارەتى كشتوكاڵى هەرێمى كوردستان

5. ئەنجومەن: ئەنجومەنى راوێژكارى وەزارەتى كشتوكاڵى هەرێم.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**قانون وزارة الزراعة لاقليم كوردستان**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

2- الوزارة: وزارة الزراعة لاقليم كوردستان.

3- الوزير: وزير الزراعة.

4- وكيل الوزارة: وكيل وزارة الزراعة.

5- مجلس الوزارة: مجلس وزارة الزراعة في الاقليم.

6- المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

خۆى ئیشكالێك هەیە, لە پێنجەم چیە (مجلس الوزارة) بە هەر حاڵ فەرموون لیژنەى قانونى رەئى خۆتان بڵێن.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

1 - فيما يتعلق بالمادة الأولى تقترح اللجنة تبديل (التعابير) بكلمة (المصطلحات) و حذف التسلسل(6) منها بالنظر لوجود الازدواجية في موضوع المجلس الإستشاري مع مجلس الوزارة و ترى اللجنة لأجل الحفاظ على خصوصية وزارة الزراعة في اداء اعمالها الابقاء على مجلس الوزارة لا سيما أن هناك مستشارين ضمن مجلس الوزارة و يحلون محل المجلس الإستشاري.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

راى لیژنەى كشتوكاڵ.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنە تێبینیمان نییە لەسەر ماددەى یەك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەڵێ كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

به حەقیقەت ئەو فەقەرەی جەنابت ئیشارەتت پێدا مەجلیسی ئیستیشاری و مەجلیسی وەزارەت، ئەوە حەز دەکەم تەوزیحی بکەم، لە قانونەکانی تر تەنها مەجلیسی ئیستیشاری هاتووە، ئەو مەجلیسە تەنها ئیستیشارەت تەقدیم وەزارەت دەکات، بەڵام لە یاسایەکە دوو نوعە مەجلیس هاتووە، مەجلیسی ئیستیشاری و مەجلیسی وەزارەت هاتووە، ئێمە دوای ئەوەی لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین لەسەر ئەوە رێککەوتووین کە مەجلیسەکە هی وەزارەتی کشتوکاڵ ببێتە (مجلس الوزارە)، وتی من لە موستەشارینی خۆم ئیستیفادە دەکەم، بەڵام مومکینە لە موستەقبەل هەندێك دەسەڵات بدەمە ئەو مەجلیسە، بۆ ئەوەی ئەو مەجلیسە صاحێب قەرار بێتن، بۆیە ئەو مەسەلەیەمان هێنا گۆڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە فەقەرەی پێنج و شەش یەك دەگرێت و، دەبێتە پێنجەم، دەبێتە (ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ) بەو شێوەیە، جەنابی وەزیر چ قسەت هەیە لەسەر ئەوە، برادەران چ قسەیان هەیە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوایە پێنجەم ئیلغا بکرێت، نەك شەشەم لە هەموو وەزارەتەکان بەو شێوەیە هاتووە، مەجلیسی ئیستیشاری مەجلیسێکە، جەنابی وەزیر سەرۆکێتی، جەنابی وەکیل دووەمین مەسئولە لەو لیژنەیە، موستەشارینی تێدایە، مەجلیسی وەزارەت لە هیچ وەزارەتێك نەهاتووە، وای بە باش دەزانم پێنجەم حەزف بکرێت و شەشەم بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان وەزارەتەکانی تر چۆنە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونی وەزارەتەکان بە ناوی (المجلس الاستشاری) هاتووە، بەڵام ئەو وەزارەتە هەروەکو جەنابی وەزیریش کە لەگەڵی دانیشتووین و ئیشارەتی پێداو تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەڵێتن من دەمەوێ مەجلیسەکەی من مەجلیسێك بێت صاحێب قەرار بێت و خۆشم تێدا بم، مودیر عامەکانی تێدایەو موستەشارەکانی تێدایە، مومەسیلی خارجی دائیرەکانی تێدایە، ئەگەر هاتوو پێویستی کرد بیانهێنم، بۆیە بە حەقیقەت بە ئیتیفاقی هەردوو لامان بوو، رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با جەنابی وەزیر رەئی خۆی بدات.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب /وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من تەئکیدی پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەکەم, چونکە ئەگەر تەبعی ئیستیشاری هەبێت, ئەو وەختە بەس موستەشارەکان تێدا دەبێت, لەبەر ئەوە کردمانە دوو لیژنە، وەختی خۆی یەکێکیان مەجلیسی وەزارەت, ئەویتریشیان مەجلیسی ئیستیشاری, کە بەس موستەشار تێدا بێت, لەبەر ئەوە ئیتیفاقمان کرد پشتی موداوەلەو ئەوانە, چونکە ئەمە تەبعێکی ئیجرائی تێدا دەبێت و تەبعێکی ئیستیشاریشی تێدا دەبێت, لەبەر ئەوە پێشنیاری من ئەوەیە کو بە عینوانی مەجلیسی وەزارەت بێت باشترە لە مەجلیسی ئیستیشاری, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر لەبەر ئەوەی قانونی وەزارەتەکانی تر هەمووی وا هاتووە, ئەمە یەك.

دوو/ مەجلیسی ئیستیشاریش بێتن دواتر وەزیر ئیمزای لەسەر خست, دەبێتە ئیلزامی و تەنفیز دەکرێتن, یەعنی ناوی مەجلیسی ئیستیشاری بێتن, یان وەزارەت بێتن, کە وەزیر ئیمزای کرد, ئیقراری کرد, ئەوە دەبێتە ئیلزامی, یان لە پاش ئیمزای وەزیرەکە دەبێتە ئیلزامی, لەبەر ئەوە من بە باشی دەزانم وەکو وەزارەتی تر بێتن, کە ئەو موبەریرەی کە دەدەین بە موجەڕەد خستنی ئیمزای وەزیر لەسەر مەحزەری مەجلیسی ئیستیشاری دەبێتە ئیلزامی بەو ئیعتیبارەی دەسەلاٌتی پێ دراوە بەپێی قانون, لەبەر ئەوە ئەو تەناقوزە نەبێتن, دوایێ یەکێك بێت بڵێتن بۆ وەزیرە تەنها ناوی مەجلیسی وەزارەیە, ئێمە مەجلیسی ئیستیشاریە, هەموویان ئەو حوجەتەیان هەیە, یاخود زۆربەیان ئەو پێویستیەیان هەیە قوەتی تەنفیزیان هەبێت, بەلاٌم تەنفیزەکە لە لای وەزیرە خۆی, کە دەسەلاٌتی هەیە لەگەڵ مەجلیسەکە، سەرۆکی مەجلیسەکەیە, کە موافەقەتی کرد لەسەر ئیستیشارەی ئەوان دەبێتە ئیلزامی, ئەگەرنا بە غیابی ئەو هەتا ناوی مەجلیسش بێتن نابێتە ئیلزامی, بۆ ئەوەی تەناقوزیش نەبێت لەگەڵ قانونەکانی تر.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب /وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من مەرج نییە قانونی هەموو وەزارەتێك چۆن هاتووە دەبێت هەموو وەزارەتەکان وەکو یەك بن, بە تەسەوری من زۆر زۆر ئیعتیادییە مەجلیس بێت, تۆ دەتوانیت هەردوو تابعەکەی بدەیێ, یەعنی لە رووی عەمەلیەوە وەکو جەنابت دەڵێی ئێمە دەتوانین لە مەجلیسی ئیستیشاریش بێتن ئەمەی بکەین, بەس بە تەسەوری من مادام شاملترە کو لە دیباجەکەی ئێستا دەهێت، چونکە لەوانەیە لە هەندێك فەقەراتی تر من موختەلیف بم لەگەڵ ئەو مولاحەزاتانەی کە هاتووە, مەسەلەن ئێمە باسی جەمعیات و نەقابات دەکەین, کە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی بە ئەرکی خۆی رابین، ئەمەش داخیل ببێت مەجلیس ببن, ئەو وەختە تابعێکی ئیستیشاری نایگرێت, لەبەر ئەوە دەڵێم مەجلیسی وەزارەت بێت شاملترەو بەقوەتر دەبێت و دیسان تەئکید دەکەمەوە بە رەئی من ئەوە ببێتە مەجلیسی وەزارەت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فەرسەت قسەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

به ڕەئی من مەجلیسەكە ئیستیشاری بێت، یان غەیری ئیستیشاری بێت صەلاَحیاتی ئەسڵی نییە, صەلاَحیاتەكە لە وەزیر وەردەگرێتن, ئەگەر هاتوو وەزیر موافیق بێت ئەوە قوەتی ئیلزامی وەردەگرێتن و قەرارەكە تەنفیز دەبێتن, بەس هاتوو وەزیر موافیق نەبێتن, هەتا زۆربەی ئەندامانی مەجلیس موافیق بن, نابێت ئێمە دەسەلاَت لە وەزیر بسەنین, یەعنی قەراری نیهائی, بڕیاری وەزارەت ببێتە ئیجرائێكی تەنفیزی و جێگای خۆی بگرێت لە تەنفیز مەفروزە وەزیر موافیق بێت, بەلاَم ئەگەر بێتو وای لێ بكەین پەرلەمانێكی بچووكە لەناو وەزارەت بە تەصویت بڕیارەكان وەردەگرێت, بە ڕەئی من ئەوە خیلافی قانونە, چونكە لازمە وەزیر موصادەقە لەسەر بڕیاری ئەنجومەن بكات, هەتا ئەگەر بێتو ئەغلەبیەی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە موافیق بن لەسەر بڕیارەكە, چونكە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە فەرمانبەرن لەناو وەزارەت, نابێت بڕیارەكەیان لە بڕیاری وەزیر بەقوەتتر بێت و لەسەر سەلاَحیاتی وەزیر بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی وەزیر بۆ خۆی خراپە.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من جارێكی تر تەئكید لە پێشنیاری خۆم دەكەمەوە, من تەسەور دەكەم ئەگەر بێین موناقەشەی فەلسەفەی داڕشتنی ئەم قەوانینە هەموویان بكەین, سەیر دەكەین ئەو نصوصانەی كە ئێستا هاتووە لە هەموو وەزارەتەكان, ئەو نصوصانەی كە ئێستا هاتووە لە مەتنی یاساكانی وەزارەت, باوەڕت هەبێت قەوالیب هێناینە, قەوالیب هێشتا هی زەمانی كۆنە, فەلسەفەی زەمانی كۆن نەماوە, سیستەمی سیاسی گۆڕاوە, لە سیستەمێكی دیكتاتۆری ئێستا بەرەو سیستەمێكی دیموكراسی دەڕۆی, بەرەو دابەش كردنی سوڵتە دەڕۆی, بەرەو قەراراتی جەماعی دەڕۆی, بەرەو دابەزاندنی سوڵتە دەڕۆی, بە تەسەوری من ئەمە قوەتی باشترە, ئینسیجامی باشتر دەكات لە رووی جەماعییەوە باشتر دەكات لە سوڵتەی وەزیر, من لەگەڵ ئەوەمە سوڵتەی وەزیر هەتا حەددێك كەم بكرێتەوە, تۆزێك تابعێكی تری جەماعی بێتە دانان, ئەو مودیر عامە ئینسانن هاتینە هەڵبژاردن، كەفوئن، ئەو موستەشارانە كەفوئن، مەفروزە ڕەئی ئەوان بێتە وەرگرتن، موشكیلە نییە ببێتە قەرارێكی جەماعی، من تەسەور دەكەم وەك وەزیر دەسەلاَتی وی لە زیمنی مەجلیس بێت، دەسەلاَتی وی باشترە كو بە فەردیەت بێت و دیسان هەر بە فەلسەفەی كۆن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە رووی پێكهاتەكەوە مەجلیس وەزارەت، ئەگەر ئەو ئەندامانەی كۆ دەبنەوە لەو مەجلیسانە تەنها وەزارەتەكە بێت، لەوانەیە دروست بێت، جگە لەوەی موخالیفە بە ئەتەكێتی وەزارەتەكانی دیكە، بەلاّم ئەمە پێویستی بە وەزارەتی تریش هەیە، مەسەلەن وەكو وەزارەتی بیئە، یان وەكو وەزارەتی صناعە، لەبەر ئەوە ناكرێت ناوی بنێیت مەجلیسی وەزارەت، هەر دەبێت ئیستیشاری بێت، چونكە كۆمەڵێ خەڵكی تر بەشداری تێدا دەكەن لە دەرەوەی بازنەی وەزارەتەكە، بەلاّم ئەگەر وەزیر بیەوێت ئەم ئەنجومەنە لە لای ئەم، یەعنی تابعێكی بەهێزتر وەربگرێت، ئەوە خۆی دەتوانێت سەلاّحیەتی بداتێ، یەعنی پەیوەندی بە وەزیرەوە هەیە، كەسی یەكەمی ناو وەزارەتەیە، ئەو دەتوانێت لەو رێگەیەی كە ئەو سەلاّحیەتی خۆی هەیەتی قوەتێ بدات بەو مەجلیسە زیاتر لە جێگایەكی تر، بەلاّم ناكرێت ناوی مەجلیسی وەزارەت بێت، لەبەر ئەوە خەڵكێك لە دەرەوەی ئەم وەزارەتە، وەكو وەزارەتی بیئە، وەكو وەزارەتی صناعە، هەتا لەوانەیە مەسەلەن خەڵكێكی تریش لە دەرەوەی وەزارەتەكان بێن بەشداری تیادا بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من مەجلیسی وەزارەت قەتیس كردنی پێشنیارەكانی موستەشارەكانە، یەعنی لە وەزارەت بچووك دەبێتەوە، لە لایەكی تریش دەسەلاّتی وەزیر كەم دەكاتەوە، چونكە وەزیر پێویستە موصادەقە لەسەر بڕیارەكانی مەجلیسی ئیستیشاری، یان مەجلیسی وەزارەت بكات، بۆیە منیش پشتگیری لەوە دەكەم فیعلەن مەجلیسی ئیستیشاری بێت باشترە، هەم لەگەڵ وەزارەتەكانی تر وەكو خۆی دێتەوە، هەم قەتیس ناكرێت، خەڵكی موختەس دەتوانێت لە دەرەوەی وەزارەتەكە بێت بەشداری بكات و رەئی خۆی تێدا هەبێت، ئەوە بچووك كردن و قەتیس كردنەوەی فراوان كردنی بڕیارەكان و كەم كردنەوەی دەسەلاّتی وەزیر دەبێت لەو حاڵەتەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی راوێژكاری بۆ خۆی مەرج نییە هەر ئەنجومەنێك هەبێت لە داخیلی وەزارەت، ئەگەر راوێژكاری نەبێت لەو وەزارەتە، یەعنی كە گوترا ئەنجومەنێكی راوێژكاری لەو وەزارەتە، بەڕاستی ئەو ئەنجومەنە، مەجالی دەبێت ئیستیشارە بە خەڵكێكی موختەس بكات لە دەرەوەی ئەو وەزارەتەی خۆی، بەلاّم كە

ئەنجومەنی وەزارەت بێت، ئینجا دەسەلاَتی وەزیر بەڕاستی نابێت هیچ شتێك لە وەزارەت تەئسیر بکاتە سەر دەسەلاَتی وەزیر، چونکە وەزیر بەرپرسە لە بەرابەری ئەنجومەنی وەزیران، دەبێت حیسابی وەزیر و دەسەلاَتی وەزیر بکرێت، چونکە ئەنجومەنی وەزیران لە وەزیر دەپێچێتەوە، نەك لە راوێژکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە رووی یاساییەوە ناکرێتن دەسەلاَتەکان، واتا سەلاَحیەتی وەزیر دابەش بکرێت بەپێی یاسا، بەلاَم وەزیر بۆی هەیە دەسەلاَتەکانی خۆی بداتە هەر کەسێك بە پێویستی بزانێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی لە رووی یاساییەوە ناکرێت، کە لێپرسینەوە جەماعی بێت، دەبێت لێپرسینەوە تەنها شەخسی یەکەمی وەزارەت بگرێتەوە، ئەگەر هاتوو دەسەلاَتەکە بەپێی یاسا تەوزیع کرا، ئەوە هەموو ئەوانەی لە ئەندامانی ئەنجومەن مەجلیسن، بەپێی یاسا هەموویان مەسئوول دەبن بەرامبەر پەرلەمان، بۆیە لە رووی یاساییەوە ناکرێتن، من پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکەم، چونکە ناوەکە موشکیلە نییە، مەجلیسی وەزارەت بێت، یان مەجلیسی ئیستیشاری بێت، بەلاَم مەهامەکە دەبێت ئیستیشاری بێت، نەك ئیجرائی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئاڕاستەی لیژنەی یاساییە، ئایا چ جیاوازییەك لەنێوان مەجلیسی وەزارەی زراعە لەگەڵ مەجلیسی ئیستیشاری هەیە؟ لە قوەت و قانونی جەنابی وەزیر کەمتر دەکاتەوە، یان زیاتر دەکاتەوە، جیاوازیەکەیان چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەجیاتیان دەڵێم فەرقیان نییە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشيد سليم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو مەجلیسی وەزارەی زراعە، پێشتر مەجلیسی زراعەی ئەعلا هەبوو لە قانونەکانی پێشتر لە پەرلەمانی حکومەتەکانی پێشتر، بە تەسەوری من ئیزدیواجیەت دروست دەکات لەو مەجلیسە، یەکیان ئەوەی مەجلیسی وەزارەت کە مەجلیسی ئەعلایە وەکو مامۆستا محەمەد گوتی، وا تێ دەگەین کە خەڵکی

دیكه جگه له مونتەسیبینی وەزارەت ناتوانێت بەشداری له كۆبوونەوەی ئەو مەجلیسه بكات، بەڵام ئەگەر مەجلیسی ئیستیشاری بێتن، حەقی شەخسی تریش هەیه بەشداری بكاتن وەكو برادەران باسیان كرد، ئەگەر هەر ئیسرار دەكەن ببێته مەجلیسی وەزارەتی زراعه، ببێته مەجلیسی ئەعلای وەزارەتی زراعه، ئەوه چۆن هەیه، ئەوه مەجلیسەكه سابیته قانون خۆشی هەبووه وەختی خۆی، مەجلیسی ئیستیشاری هەر جیایه، هەر دەبێت هەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا زۆر گرنگه ئەو ئیستیشاری هەبێت، چونكه ئەو خەڵكەی مودیر عامه، یان كارێكی تری هەیه پسپۆر نییه له زۆر بوارەكان، بۆیه به رەئی من هەردوو قەرارەكه هەبێت، بەڵام قەراری ئەخیر مەجلیسی وەزارەت وەریبگرێت، ئەو ئیستیشاریانه دەهێنن هەندێكی له وەزارەت نین له دەرەوەن و دەیهێنن رێیان نیشان دەدەن، مەرج نییه هەموو رەئیەكانیان وەربگیرێت، بەڵام قەراری ئەخیر مەجلیسی وەزارەت وەریبگرێت، پێویسته لەسەر ئیمزای وەزیر قەراری ئەخیر بۆ وەزیره، چونكه وەزیر له پێش پەرلەمان مەسئووله، له پێش ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسه، لەبەر ئەوه مەجلیسی ئیستیشاری زۆر زۆر گرنگه هەبێت، كه رێیان نیشان بدات، مەرج نییه به قسەیان بكات، لەوانەیه هەندێك جار رێگا نیشان دەدات، بەڵام مەجلیسی وەزارەت ئەو رەئیەیان دەبینن موناسیب نییه، هەندێكی موناسیبه وەریدەگرن، بۆیه قەراری ئەخیر بۆ مەجلیسی وەزارەت بێت، بۆیه به رەئی من هەردووكی هەبێت باشه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی تەرحی ئەوەی كردووه كه ئەو دوو فەقەرەیه ببێته فەقەره یەك، كه ببێته مەجلیسی وەزارەت، جەنابی وەزیریش ئەوەی تەئید دەكاتن، ئەندامانی پەرلەمانیش ژمارەیەك قسەیان كرد پێیان وایه دەبێت ناوەكەی ئیستیشاری بێتن، لەبەر ئەوه دەیخەمه دەنگدانەوه، ناوەكەش تەئسیرێكی وای نییه به حەقیقەت، گرنگ ئەوەیه ئەگەر ئیستیشاری بێت، یان مەجلیسی وەزارەت ئیمزای وەزیری تێدا نەبێت تەنفیز نابێت، بەڵام لەسەر ناوەكەیه ئیشكالەكەش فەرقێك ناكاتن غەیری ئەوەی لەگەڵ قەوانینی تردا بگونجێت، خاڵی نیزامیه فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشتر دەبێت پرسیار له جەنابی وەزیر بكەین، بزانین ئەوانەی كه لەو لیژنەیه بەشدارن لەو مەجلیسه كێنه؟ ئەگەر نوێنەری وەزارەتی دیكەیه، ئەوه دەتوانرێت ببێته مەجلیسێك، چونكه مەجلیسی ئیستیشاری هەر هەیه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوە تۆ ئەو پرۆژەیە لە ($1/8$)یەوە لێرە خوێندراوەتەوە، لە مادده یەکدا لەوێ دەڵێت ئەو مەجلیسە کێیە؟ وەزیرە، بریکارە، مودیر عامەکانن، موستەشارەکانن دیاری کردووە کێنە، ئەوە مەعلومە، خۆی دەتوانێت دەعوەتی نوێنەری وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بکات، ئەو مەجلیسە لەوە دێتن، هەر ئەوە خاڵێکە ناوی لێ بنێین مەجلیسی ئیستیشاری، چونکە لەوانەیە لە وەزارەتی تر خەڵکێك هەیە داوای بکاتن، بۆ ئەوەی بەشداری بکاتن چ قوەتێکی تەنفیزی هەیە، بە هەر حاڵ قسە زۆر کرا، ئەگەر خاڵی نیزامی نییە تەواو، بەڵێ فەرمووو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڤی تەصنیفێ مادده پێنجێ ڤێ پرۆژا وەزارەتا هاتی، هەر تەصنیفێك و مەجلیسێ ئیستیشارێ هەمی وەزارەتا دی هاتیە، ل مادده پێنجێ تەصنیفاکە دانای ل وەزارەتا تر ئەڤ تەصنیفە بۆ مەجلیسی ئیستیشاری وەزارەت هاتیە، بەس وەکو تەوزیح، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەوەی لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی قانونییە کە دەڵێت نابێت ببێتە مەجلیسی وەزارەت، پێنج و شەشەکە ببێتە یەك فەقەرە دەبێتە مەجلیسی وەزارەت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە ببێتە مەجلیسی ئیستیشاری وەزارەت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دەبێتە مەجلیسی ئیستیشاری، یەعنی دەبێتە خاڵێك مەجلیسی ئیستیشاری وەزارەت، ئێستا ماددەکە وەکو ماددەی یەك پێنج فەقەرەکە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت، ئەم ئەرکو فرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1ـ دانانی پلانگەلی کشتوکاڵ بەجۆرێ فراژوکردنی رەنێوهاتی (الانتاج) هەردوو لایەنی(رووەکی و ئاژاڵ) دەستەبەر بکات.

2ـ پێشکەشکردنی رێنماییکاری و فەراهەمکردنی پێداویستەکانی رەنێوهانینی کشتوکاڵ و لێکۆڵینەوەو دیراساتی کشتوکاڵی بەرەفتارو سەرپەرشتیی بەکارخستنی یاسا بە حوکمەکان (السارية)و بەدواداچوونی بەجێهێنانی چالاکییەکانی وەبەرهانینی زەویوزاری کشتوکاڵ و پشتگیری کردنی ڕەنێوهانینی کشتوکاڵ لە هەرێمدا.

3- دیراساتی تایبەت بە پرۆژەکانی وەزارەت ئامادە دەکاو هێلکارەکان (التصاميم) دادەنێ و بەرنامەکان دادەڕێژێ و خۆی یەکە و ڕاست جێبەجێیان دەکا، یان بەلایەنەکانی دیکەی ناوەوەی، یان دەرەوەی هەرێم بەجێیاندەهێنێ و بەدواداچوون و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیشیان دەکات.

4- پشتگیری لە کەرتی تایبەت دەکاو, هانی وەبەرهانینیش دەدات کە پرۆژەکان جێبەجێ بکەن و سەنعەتگا و کارگەی تایبەت بە رەنێوهانینی کشتوکاڵیی هەردوو لایەنی ئاژەڵ و رووەکی دابمەزرێنن.

5- پشتگیری بانکە کشتوکاڵییەکانی هەرێم دەکا و بەرەو چاکتریان دەگۆڕێ و بە وەزارەتەوە دەیانبەستێ و بۆ سانا کردنی ئیشەکانیشیان لە کوردستانی عیراقدا، رێنماییگەلی پێویست دەردەهێنێ.

6- بۆ فەراهەمکردنی تۆوی چاککراوو پەیینی کیمیایی و فرکەرەکان کۆشش دەکاو، دەرمان و ئەجهیزەو مەکینەگەلی کشتوکاڵ دەستەبەردەکاو رێگاکانی زامنکردنی پتر بوونی رەنێوهات (زيادة الانتاج)و چاککردنی رەنێوهات دەگرێتەبەر.

7- بۆ زیندوو کردنەوەو بەرەو چاکتر گۆڕینی (احياء تطوير) پرۆژەگەلی سامانی ئاژەڵ و پاشکوکانیان لە هەرێمدا، دەکەوێتە کارو، بۆ فەراهەمکردنی دەرمان و پێکوتی بەیتەری (اللقاحات البيطرية) کۆشش دەکاو، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی درم و بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی رێگای زانستی دەگرێتەبەر.

8 - پلانگەلێ بۆ روبەڕووبوونەوەی دەردو بەلای لە ناوبەری کشتوکاڵ دادەنێ و، رێگاکانی مسۆگەر کردنی خۆپارێزی و چارەسەرکردنیشی, بۆ فەراهەم دەکات.

9 - گرنگی بە سامانی ماسی و هەنگ دەدات.

10 - گرنگی بە رەنێوهاتی کشتوکاڵ دەداو، بۆ رێکخستنی ئیش و کاری تاقتکردن (الخزن) و وە بازاڕ ناردنی بەروبوومی کشتوکاڵ کۆشش دەکات.

11- بە جەنگەڵی خۆڕسك و دەستکرد، گرنگی دەداو، بۆ پاراستنیشیان, وەك سامانێکی نەتەوەیی کە پێویستە بپارێزرێن کاردەکاو، پشتگیرییش لە قەدەغە سروشتیەکان (المحميات الطبيعية) دەکات.

12- سنووری جەنگەڵستانەکان وجۆرەکانیان بە پێی یاسایەکی تایبەت کە هەموو کاروبارو مەسەلەیەکی دارستانەکانی هەرێم رێك بخات، دەستنیشان دەکات.

13 - وەزارەت پرۆژەی یاسایەکی نوێ پێشنیاز دەکا، بۆ چارەسەر کردنی کێشەگەلی زەویوزار، کە لەگەڵ واقیعی ئێستا و ئایندەی کوردستاندا بگونجێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

لەبارەی ماددەی دووەم لیژنە پشتگیری دەکات جگە لەدوو بڕگەی (12،13) وپێشنیار دەکات بەم شێوەیە بێت.

(12-کارکردن بۆ دیاری کردنی سنووری دارستان وجۆرەکانی و رێکخستنی هەموو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەستن پێوەی لە هەرێمدا.

13-کارکردن بۆ چارەسەری گرفتەکانی زەوی بە شێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ واقیعی ئێستا و داهاتووی لە هەرێمدا).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کشتوکاڵی ئەو تێبینیانەی هەیە:

ماددەی دووەم بڕگەی چوارەم وشەی تاقیگەکان (المختبرات) زیاد بکرێت و بخرێتە پاش وشەی دامەزرانی کارگەکان (انشاء المصانع).

هەروەها لە ماددەی دووەم لە بڕگەی نۆیەم وشەی (تربیة) واتا بەخێوکردنی هەنگ زیاد بکرێت و بخرێتە دوای وشەی (السمکیة).

لیژنەی کشتوکاڵی پێشنیاز دەکات هەردوو بڕگەی یازدەو دوازدە تێکەڵ بکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

(گرنگی دان بە شەتلگەو لەوەڕگاو دارستانە سروشتی و دەستکردەکان و دیاری کردنی جۆر و سنوورەکانیان و کار کردن بۆ پاراستنیان و پشتگیری لە پارێزراوە سروشتیەکان (المحمیات الطبیعیة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ رەئیەکت هەیە لەسەر پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵی.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مولاحەزەی لیژنەی قانونی لەسەر خاڵی (13) بە مەتنی نصوصی عەرەبی هاتووە (العمل علی معالجة مشاكل الأراضي بالشكل الذي يتلائم مع الواقع الحالي و المستقبلي للإقليم)، رەئی من ئەوەیە ئەمە وەکو خۆی بمێنێت، بڵێت (تقوم الوزارة باقتراح مشاريع القوانين الجديدة لمعالجة مشاكل الاراضي تتلأم واقع ومستقبل الاقليم)، یەعنی ئەو نەصە بێت، بە تەسەوری من بەقوەتترە، ئەوە باسی مەشاکیل دەکات، مەشاکیلی زراعی موهیمەی وەزارەتی زراعە بە تەنیا نییە، لیژنەی فەصل و مونازەعات هەیە بە رەئیسی وەحدەی ئیدارییەوە بەستراوە، لەبەر ئەوە ئیختیصاصی وەزارەتی زراعە بە تەنیا نییە، لەبەر ئەوە بە

ڕەئی من مەشاکیلی زراعی ئەوەیە ئیقتیراحی مەشاریع بکرێت باشترە، بۆیە وەکو خۆی بمێنێت باشترە لە ئەوی دیکە، ئەو مولاحەزەی لیژنەی کشتوکاڵی هیچ موشکیلەیەك نینە دەمج بکرێت و ئێك نوقتە بێت، دوو نوقتە بێت لای من موشکیلە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیقتیراحی مەشاریع زۆر تەبیعی و زۆر ئیعتیادی هەر وەزارەتێك حەقی هەیە ئیقتیراحی مەشاریعی قەوانین بکات بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بنێرێت، ئەنجومەنی وەزیرانیش ئاڕاستەی پەرلەمانی بکات، بۆیە ئێمە ئەم نەصە عومومیەمان دانا، ئەم نەصە بەڕاستی چارەسەر کردنی کێشەی زراعییە بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان، بیما فیهیم ئیقتیراحی قەوانینیش دەگرێتەوە، ئەوەی کە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا لە قانونی هیچ وەزارەتێك نەهاتووە، چونکە ئەوە شتێکی زۆر تەبیعی و زۆر ئیعتیادییە و تحصیل حاصلیشە، هەر وەزارەتێك حەقی موقتەرەحی مەشروعاتی قەوانینی هەیە، جگە لە وەزارەتی زراعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەسڵی مەشروعەکە کە خۆتان ناردووتانە دەڵێت (تعیین حدود الغابات واصنافها بموجب تشریع خاص یتناول تنظیم کافة الامور والمسائل المتعلقة بالغابات في الاقليم)، ڕەئی لیژنەی یاسایی دەڵێن بیکەنە دوو فەقەرە، با بیخەینە موناقەشەوە، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ پشتیوانی لەو گۆڕانکارییە دەکەم، کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، چونکە وەزارەت بۆی هەیە هەموو کاتێك پێشنیاری هەر یاساییەك بکات، ئەوە یەك.

دووەمین/ لە دەسەڵاتی خۆشیدا هەیە پێشنیار کردن پێویست ناکات بە ڕەئی من.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە پرۆژە یاساییەکە کراوەتە کوردی، بەڵام بە کوردیەکی خراپ، داواکارم پێش ئەوەی بکرێتە کوردی و بڵاو بکرێتەوە، چاوی پێدا بخشێتەوە، بکرێتە کوردیەکی باش، ئینجا بڵاو بکرێتەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە مەهامی وەزارەتدا ئەم بڕگەی بۆ زیاد بكرێت باشترە، وا دەزانم ئەركی وەزارەتە (فتح دورات تأهيلية وتدريبية لكوادر الوزارة داخل وخارج وذلك لرفع مستوى كوادر الوزارة والارتقاء بمستوى الزراعة في الاقليم)، پێم وایە لە ئەرك و واجیباتی وەزارەیە ئەمەش بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەزانین شێواوترین و داماوترین قیتاع هەمانە قیتاعی زراعییە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم لە یاسای وەزارەت یەكەم ئەركی وەزارەت ئیعادەی تەئهیلی قیتاعی زراعییە، بە ئەرزەوە، بە تەوفیری مەكائین و ئالاتەوە، بە بەشەرەوە، بە هەموو شتێكەوە، چونكە بەڕاستی كە دەچینە بازاڕ كەرەوزی سوریایەو توری ئێرانەو مریشكی بەرازیلە، بۆیە دەبێت ئەمە لە ئەركە هەنوكەیەكانی وەزارەت بێت، بەڕاستی صیغەكەم لەبەر دەستدا نییە، جا پێشنیار دەكەم لیژنەی قانونی صیغەیەكی بۆ دابڕێژێت، تەنیمەی حاڵەتێكە هەیە، مەوجودە تەنمیەی دەكەیت و گەشەی پێ دەدەیت هەتا دوایی، بەڵام هی ئێمە داڕماوە، سەیری هەمووم كرد شعورم نەكرد، یەعنی یاسای وەزارەت لە حاڵێكی تەبیعیدایە، یەعنی تەوفیری ئەسمیدە دەكەیت، تەنمیە دەكەیت و هەتا دوایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە جیاتی جەنابی وەزیریش دەڵێم ئەوەی فەرمووت راستە، بەڵام لە سێ خاڵ هەریەكە بەشێكی تێدا هاتووە، لە یەكەم هاتووە، لە حەوتەم هاتووە، لە جێیەكی تریش مولاحەزەم كردووە هاتووە، هەشتەمیش هەر ئەوەی تێدایە، كاك بەكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم مەركەزێكی بحوس بكرێتەوە، مەركەزی بحوس بۆ بەحس كردن، نەك تەنها لە رووی بەحسی عیلمیەوە، ئەوەی كە پەخشان خان باسی كرد، كە بینای تەحتی كوردستان وێران بووەو، زراعەتیش بەشی شێری بەركەوتووە، لە كوردستاندا هیچ نەوعە زراعەتێك نەماوە، لەبەر ئەوە هەم لە رووی عیلمیەوە، هەم لە رووی چۆنیەتی تەفعیل كردنی قیتاعی زراعی بەشێوەیەك كە بتوانێت پێداویستیەكانی میللەتەكەمان دابین بكات و، دووبارە ئێمە ئیعتیماد بكەینەوە سەر قیتاعی زراعی بۆ پێشخستنی بینای تەحتی بڵێین ئابووری كوردستان.

خاڵی دووەمیشم ئەوەیە وابزانم كاك ئارێزیش باسی كرد كوردیەكەی باش نییە، یەعنی عەرەبیەكەی باشترە لە كوردیەكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند مولاحەزەیەکم هەیە سەبارەت بە ماددەی دووەم: پێنج شتی تیایە جیا جیایە، هیچ تەناسوقێك لەنێوانیاندا نییە، بەڕاستی پێویستە پەرت پەرت بکرێت، کە (تقدیم خدمات الارشادیة) چ عیلاقەی بە (توفیر مستلزمات الانتاج الزراعي) هەیە، دوایی دەڵێت (اجراء البحوث والدراسات الزراعیة)، دوایی دەڵێت (الاشراف علی تطبیق القوانین)، یەعنی پێنج شتی جیا جیایە، یەعنی هیچ تەناسوقێك لە نێوانیاندا نییە لە یەك خاڵ هەمووی حەسر بکرێن.

خاڵی دووەم/ لە بڕگە نۆ (الاهتمام بالثروة السمکیة والنحل) و(الطیور) زیادە بکرێت، واتا باڵندەش لەگەڵی.

بەنیسبەت بڕگەی دە (الاهتمام بالانتاح الزراعي) ببێتە (الاهتمام بالمنتوج الزراعي)، چونکە باسی خەزن و تەسویق دەکات، ئەوە مەنتوجە، باسی ئینتاج ناکات.

لە هەموویان گرنگتر پێویستە ئینسیجامێك هەبێت لەنێوان ئەهداف وەزارەت و هەیکەل، چونکە هەیکەل بەشێوەیەك دادەنرێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەهدافەکان، مەعقول نییە مودیریەتێکی عام هەبێت بەناوی مەڕاعی لەناو ئەهدافەکان ناوی مەڕاعی هەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو یاسایە زیاتر دیراسە بکرێت، زیاتر چۆن دەڵێ دەوڵەمەندتر بکرێت، چونکە ئەمە قودسیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی کە من لێرە باسی دەکەم دوو خاڵە:

یەکەم/ ئەوەیە بڕگەیەکی زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی بەم شێوەیەی من پێشنیاری دەکەم (1-هەوڵدان بۆ دانانی سیستەمێکی باش، بۆ وەرگرتنی بەروبوومێکی کشتوکاڵی و ئاژەڵی هەتا ببێتە تەشجیعێك بۆ جوتیاران و بۆ بەهێز کردنی ژێرخانی ئابووری وڵات)، یان لەگەڵ بڕگە پێنجی ماددەی دووەم دەمج بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ئەرکە هەنووکەییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕاستی کشتوکاڵ مەسەلەی ئاودێری زەوی و زاری کشتوکاڵی تێدا نییە، نازانم پرۆژەی ئاودێری لە کوردستان زۆر ئیهمال کراوە، ئایا لە ئەرکەکانی

وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکانە، یاخود ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵە، ئەگەر لە ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵە مەفروزە لێرە لە فەقەرەیەك جێی ببێتەوە.

دووەمیش/ لە فەقەرەی سێزدەم بەڕاستی گەورەترین کێشە لە کوردستان چارەسەری مەسەلەی زەوی و زارە، کە لێرە تەسەلسولی ژمارە (13)ی وەرگرتووە، من پێشنیار دەکەم بێتە پێشەوە لە ئەرکە هەنووکەییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، کە پرۆژە یاسایەك ئامادە بکات بۆ چارەسەری کێشەی زەوی و زار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر لەسەر ئەوانەی قسەیان کرد فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئکید لە خاڵی سێزدە دەکەم، تەبعەن موناقەشە لەنێوان ئێمەو لیژنەی قانونی بوو، برادەران لەسەر ئەساسی ئەوەی رەئی لەسەر ئەو خاڵە بدرێت، تەرکیز لەسەر ئەو خاڵە بکرێت، چونکە برادەران لە پەرلەمان ئیشارەتیان بەو خاڵە نەدا، زیاتر هاتنە خاڵەکانی تر، بۆچی من تەئکید لەسەر مەشروعی قەوانین دەکەم؟ یەکەم/پەرلەمانی کوردستان تەشریعی قەوانین دەکات، ئێمە تەدەخولێکی سوڵتاتمان هەیە، لە وەزارەتی زراعە تەدەخولی سوڵتات هەیە، سوڵتەی قەزائی و سوڵتەی تەنفیزی تەدەخولێکی موباشیر هەیە، من تەسەور ناکەم هیچ وەزارەتێك وەکو وەزارەتی زراعە تەدەخول لە سوڵتەی قەزائی دەکات ئیشەکانی ئەوان، یەعنی ئێمە و، رەئیسی وەحدەی ئیداری دەوری مەحاکمدا دەبێت بۆ حەللی کێشەکان، ئەمە تەدەخولی سوڵتاتە، دژی فەسڵی سوڵتاتە، لەبەر ئەوە ئەم کێشەیە بە چ چارەسەر دەکرێت، بە دوو مەشروع چارەسەر دەکرێت، لەبەر ئەوە تەرکیز لەسەر وشەی مەشاریع دەکەم، کەلیمەی مەشاریعی قانونی، بە دوو مەشروع، یەك/ تەعدیلی قانونی نوات بێتە کرن، ئەوە مەشروعێکە ئێمە تەقدیمان کردووە بۆ ماددەی هەشت بێتە موعالجە کرن، بۆ تەعدیل کرن، بۆ تەسویەی مەناتیقی ریفیەکان، مەناتیقی گوندەکان، ناحیەکان تەسویە نەبووە، ئێستا ئەرازی وێرێ لە ساڵی 1975ەوە تاکو ئێستا هەمووی بەناوی وەزارەتی مالی کراوە، ئەمە فیعلەن موحتاجی مەشروعێکە، مەشروعەکەشمان ناردۆتە ئەنجومەنی وەزیران تاکو بێتە پەرلەمان، من وا تەسەور دەکەم مەعلومات هاتیتە پەرلەمان، ئەمە مەشروعێکە لەبەر هەندێ من تەرکیز لەسەر قەوانینی مەشاریع دەکەم، چونکە قەزیەکەی گەورەترە، جانبی تریش ئێمە بێینە سەر قانونی 117 دیسان مەشاکیلێك و کێشەیەکی زۆرمان هەیە لە عقودی زراعی، هەتا کێشەی عقودی زراعیەش چارەسەر نەکرێت لەکوردستان، ئێمە موعالەجەی ئەو تەداخولی سوڵتاتی تەنفیزی و قەزائی ناتوانین بکەین، چونکە ئەو لیژنەی ئێمە ئێستا دروستی دەکەین بە ریئاسەتی

رەئیسی وەحدەی ئیداری هەمی حلولەکانی ئێستا کە دەیکەن، هەمی حلولی تەوفیقییە، بێ موعالەجەی نیهائی، لەبەر ئەوە سەیری کێشەکانی زراعە بکە عەمەلیەکی بەردەوامە، لەبەر ئەوە من تەئکید لەسەر ئەو خاڵە دەکەم، بێژین نەکەینە مەشاکیل، ئەمە لە موشکیلە گەورەترە، بیکەینە مەشاریعی قەوانین، چونکە هەتا ئێمە هەردوو تەشریعاتی دروست نەکەین، تۆ ناتوانیت ئەو فەسڵی سوڵتاتە بکەیت کە ئێمە داخوازی دەکەین، ئەوی پەرلەمان داخوازی دەکات، ئەوی ئەنجومەنی وەزیران داخوازی دەکات، هەموو گلەیی و گازەندەی مەحاکم لە ئێمەیە، کە ئێمە ئیشی مەحاکم دەکەین، فیعلەن ئێمە ئیشی مەحاکم دەکەین، لەبەر ئەوە کێشەکانی چەند ساڵ هەموو ماوەتەوە بەبێ چارەسەر، چونکە موعالەجاتی تەوفیقیە، موعالەجاتی جەزری نییە، دیسان من تەئکید لەوە دەکەم کە مەشاریعی قەوانین بمێنێت بەقوەتترە، راستە بۆ وەزیر هەیە، بۆ وەزارەت هەیە ئیقتیراح بکات و مەشاکیلیش حەل بکات، ئەگەر وابێت هەموو دەسەڵاتی وەزارەتە، ئێمە دەتوانین زۆر فەقەرات بێنینە دەرێ، چونکە ئێمە تەرکیز لەسەر هەموو ئەو فەقەراتانە دەکەین لێرە، جانبی تریش زۆر لە برادەران باسی ئەوەیان کرد، بە تەسەوری من ئەگەر ئێمە مەهامەکانی وەزارەت بخوێنین بە دیقەت تەحلیلی بکەین، عادەتەن نصوصی قەوانین و مەوادەکان بە موجەزە دەهێت، بەس ئەگەر ئێمە بخوێنین و تەحلیلی ئەو موجەزە بکەین باوەڕت هەبێت شاملە، ئەو مولاحەزاتانەی برادەران باسی مەحمیەی تەبیعییان کردووە، ئەمەی تێدایە، باسی تەسویقیان کردووە ئەمەی تێدایە، یەعنی لە مەتنی دیباجەکە هەموو شتێکی تێدایە، ئینجا چ لە مەهام، چ لە ئەسبابی موجیبە، دیسان بچیتە ئەسبابی موجیبە ئەو تەفاسیلاتانەی هەمووی تێدایە، برادەرێك باسی رەی کرد، رەیی ئێستا موهیمەی ئێمە نییە، وەزارەتەکان جیا بوونەتەوە، ئێستا وەزارەتی زراعە و رەیی جیا بوونەتەوە، ئەمە موهیمەی وەزارەتی رەییە، داوا دەکەم ئەم فەقەرەیە هەبێت، چونکە زۆر زۆر گرنگی خۆی هەیە، ئەمە جزوری موشکیلەکە حەل دەکات، من داوا دەکەم ئیقتیراحی مەشاریع تەسبیت بکرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر بۆ تەئکید ئەو ماددەیە، خۆ ئیقتیراحەکەت بەلای منەوە مەنتیقی هەیە، ئەگەر نەشنووسرێت وەزارەت هەردەم حەقی هەیە پرۆژەی یاسا تەقدیم بکات، هەتا ئەگەر لێرەش نەنووسرێتن، کەواتە نووسینی بە رەئی من شتێکی تەبیعییە، بەڵام ئێمە کە ماددەکە بە عام موناقەشە دەکەین، راستە لیژنەی یاسایی پێشنیاری تەنیا لەسەر فەقەرەی دوازدە و سێزدە کردووە، بەڵام کە موناقەشە دەکەین هەموو خاڵەکان کە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، کە ئەرکی وەزارەتە، کە ئەندامانی پەرلەمان رەئی لەسەر هەموو خاڵەکان دەدەن و، مەسەلەن شتێك هەبێت نەنووسرا بێت لێرە پێیان وابێتن ئەوە مەهامی وەزارەتە، ئەویش ئاماژە پێ دەکەین، بۆیە ئەگەر جەنابت بە عام مولاحەزاتیان وەربگریت، ئەگەر خاڵێکی تازەیان هەبوو، یان رەئیەکی تازەیان هەبوو، بۆ ئەوەی رەئی لەسەر بدەیت، هەروەها لیژنەی قانونی ئەو

مولاحەزاتانە لە لای خۆیان وەربگرن، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا پێش ئەوەی دەنگ بۆ ماددەکە بدەین بەگشتی بۆ ئەو تەغیراتانەی کە دەکرێتن، دواتر بخرێتە دەنگدان، کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك پێشنیارم هەیە، هەر چەندە هەندێکیان لە ئەسبابی موجیبە تێدایە، بەلاّم ئەسبابی موجیبە خۆی لازمە وێنەیەك بێت لە ئەهداف و مەهامی وەزارەت، لێرە تەنمیەی زراعی دروست نابێت بەبێ تەنمیەی ریفی، ئێمە پێویستمان بە خالێکی سەریح هەیە باسی تەنمیەی ریفی و تەفعیلی رۆڵی ئافرەت لە مەجالی زراعە، خۆمان دەزانین موجتەمەعی کوردستانی خۆمان چۆنەو دێیەکان ئێستا چۆنە، دەوری ئافرەت لە زراعە ئەمە خالێك.

خالێکی دووەم/ لە هەمووی گرنگتر باسی ئەمنی غیزائی، یەعنی تەوفیری ئیحتیاجاتی مواتن لە سیلەعی غیزائی ئەوەی خەڵك رۆژانە پێویستی پێیەتی، وەکو خوشکە پەخشان ئیشارەتی کرد، هەموو شتی دەرەوەیە ئێستا، بەس هی خۆماڵی نییە، ئەمە بە بڕگەیەکی وازیحتر بێت، هەر چەندە باسی ئەمنی غیزائی لە ئەسبابی موجیبە هاتووە، بەلاّم لێرە بڕگەیەکی تایبەت زیاد بکرێت لە مەهام لەو مەوزوعە، صیاغەشم کردووە.

سێیەم/ باسی ئیدخالی تەکنەلۆژیا و قەناتی حەدیس بۆ بواری زراعە، یەعنی ئەوەش خالێکی موهیمە راشکاوەتر باس بکرێت لەمە.

مەوزوعی صادرات و ئیستیرادی دەکرێت هەر ئیحتیماله داخیلی ئەمنی غیزائی ببێت، بەلاّم ئەویش پێم باشە لە زۆربەی زۆری قەوانینی وەزارەتی زراعە لە ولاّتانی عەرەبیم خوێندووە، خالی یەکەم تەقریبەن دانرا (العمل على زياده الصادرات الزراعى)، ئەو موقتەرەحاتانە دوایێ دەتوانین صیاغەتی بکەین، ئەوانە پێم باشە لە مەهام ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی حەوت باسی زیندوو کردنەوەی پەرەپێدانی پرۆژەگەلی سامانی ئاژەڵ دەکات، لە بڕگە نۆش باسی گرنگیدان بە سامانی ماسی دەکات، ماسی بە ناو هاتووە، ئاژەڵیش مەعلوم حەیواناتە، بە تەسەوری من شتێکی زۆر گرنگتر لەبیر کراوە مەسەلەی دەواجن و مریشك و شتی وا تێدا نەهاتووە، کەوا گرنگی پێ بدرێت، ناوی نەهاتووە، لەبەر ئەوە لە شوێنێك جێی بکرێتەوە باشە، چونکە ناوی ماسی هاتووە، ناوی ئاژەڵ هاتووە، بەلاّم ناوی دەواجن نەهاتووەو لەوی کەمتر نییە، حەساس تریشە، ئەگەر لە شوێنێك جێی بکرێتەوە، پێم وایە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەرك و فەرمانەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ، ئەركێكی زۆر سەخت و گرانە، وەزارەتی كشتوكاڵ یەكێكە لە وەزارەتە گرنگ و ستراتیجیەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەركێكی زۆری دەكەوێتە سەر شان، چونكە بە درێژایی هەشتا ساڵی مێژووی هەرێمی كوردستان، سیاسەتی رژێمەكانی یەك لە دوای یەكی عێراق وێران كردن و كاول كردنی گوندەكانی كوردستان بووە، بەتایبەتی لە سی و پێنج ساڵی دواییدا، بۆیە بە یەكێك لە ئەركە هەنووكەییە سەرەكیەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ دەبێت بریتی بێت لە گرنگیدان بە ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان و گەشە كردنی باری كۆمەڵایەتی و ئابووری گوند نیشینان، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ئەمە بكرێت بە خاڵێك و لە ئەرك و فەرمانەكانی وەزارەتدا دانەنرێت، چونكە ئەو خاڵ و ئەرك و فەرمانانەی كە دانراوە بەبێ ئەو ئەركە ناتوانرێت جێ بەجێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە هەمووومان دەزانین لە پاش قیتاعی صناعە یەكێك لە گرنگترین بوارەكانی بینا كردنی دەوڵەت زیراعە بوو، یان بینای تەحتی دەوڵەت هەرێم ئەگەر ناوی بێنین لێرە زراعەتە، بێگومان ئەو وەزارەتەش ئەركێكی گەورەی دەكەوێتە سەر، كە بتوانێت دەورێك ببینێت لە پەرەپێدان و سەر لە نوێ دروست كردنەوەی بینای تەحتی لەم قتیاعەیە، من بەش بە حاڵی خۆم وەكو ئەندامێكی لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاساییم، بەڵام من بەڕاستی پێشنیارێكی ترم هەیە، پێم وایە ئەمەی بەڕێز وەزیر تەرحی كرد لە فەقەرەی سیازدە بەڕاستی زەرورە بمێنێت، راستە لە ئەخیردا تەحصیل حاصلە هەموو وەزارەتێك مافی خۆیەتی كە پێشنیاری قانون بكات بۆ پەرلەمان، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە هەمووومان دەزانین یەكێك لە گرفتە سەرەكیەكانی كۆمەڵگای كوردستان لە مەجالی ئێمە بە حوكمێك كە موجتەمەعێكی فەلاحین زۆرتر زەوییە، بۆیە بەڕاستی ئەمە بكرێتە ئەركێك لەسەر وەزارەت زۆر باشترەو بە موهیمەیەكی خۆی بزانێت و تەرحی بكات، چونكە فیعلەن دەكەوێتە سەر وەزارەتێكی تریش، هەمووومان دەزانین لە مەسەلەی تەسویەش و ئەتفای ئەرازی وەزارەتی تریش شمول دەكات، بەس ئەم مەوزوعە ئەگەر راستەوخۆ بخرێتە سەر وەزارەت زەرور وایە باشترە، پێم وایە ئەركەكە وازیح دەبێت و گونجاوتر دەبێت، لە هەمان كاتیشدا ئەو دوو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی كردوویەتی لە جێی خۆیەتی، چونكە دەكرێت ئێمە لە جیاتی ئەوەی بڵێین گرفتی زەوی، دەتوانین بیكەینە گرفتی زراعی بەڕاستی، لە

پێشنیاری دووەمیاندا کە دەڵێت مەشاکیلی زەوی دەبێتە مەشاکیلی زراعی لە فەقەرەی سیازدەش بمێنێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر ماددەی دووەم فەقەرە سێ هەیە، بەنیسبەت کە دەڵێت (لقيام الدراسات الخاصة بالمشاريع العائدة لها ووضع التصاميم واعداد المناهج والعمل على تنفيذها اما تنفيذاً مباشراً او من قبل الجهات الاخرى داخل الاقليم وخارجه)، ئەو (او من قبل الجهات الاخرى داخل الاقليم وخارجه) داوا دەکەم حەزف بکرێت، لەبەر ئەوەی لە زیمنی میزانیەی وەزارەت مەفروزە ئەو مەشاریعانە تەنفیز بکرێت، چونکە وەزارەت دەبێت دوو نەوعە مەشاریع رەچاو بکات، مەشاریع ئەوەی لە زیمنی میزانیەی ساڵانەی خۆیەتی، لە بەرنامەی خۆیەتی لە حدودی بودجەی خۆی تەنفیزی دەکات، بەشی دووەم قیتاعی خاص پێی هەڵدەستێت، ئەو دەبێت بانقی زراعی تەفعیل بکرێت و دەعمی مەشاریعی قیتاعی خاص بکات و قەردیان بداتێ، بۆ ئەوەی بە فائیدەیەکی کەم بتوانن ئیشی خۆیان بکەن.

بەنیسبەت فەقەرەی پێنج (دعم وتطوير المصارف الزراعية في الاقليم وربطها بالوزارة)، بانقی زراعی رەبتی بە وەزارەتی زراعە ناکرێت، چونکە ئەوە مالی عامی تێدایە، رەبتی بە وەزارەتی مالییە، ئەو پارەیەی کە تەرخان دەکرێت بۆ ئەو بانقە لە وەزارەتی مالیە تەرخان دەکرێت بە تەعلیماتێکی مالی خاص خازیعە بۆ رەقابەی مالی.

بەنیسبەت فەقەرەی دوازدەو سێزدە، تەئیدی دەکەم هەروەکو لە مەشروعەکەی هاتووە بمێنێت، لەبەر ئەوەی لە مەشروعەکەی زۆر بە رێکی هاتووەو قانون تەشریع بکرێت بۆی و ئیشی پێ بکرێت، هەتا میزاجیەتی تێدا نەبێتن، پێشنیار دەکەم برگەی دوازدەو سێزدە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، هەروەکو لە یاسایەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر دوو، سێ پێشنیاری گرنگت بۆ هاتووەو، کاک رەشادیش مەسەلەی موهیمی تەرح کرد، یەکێکی رەبتی مەسرەفی زراعیە بە وەزارەتەوە لە رووی فەنیشەوەو لە رووی تەعلیماتیشەوە، دەبێت عایدی تەعلیماتی بانقی مەرکەزی وەزارەتی مالیە بێتن، ئەوانی تریش کە برادەران قسەیان کرد، پێش ئەوەی بچینە سەر موداخەلەی ئەندامانی تر، ئەوەندەی وەلآم بدەیتەوە.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەی خاڵی بانقی زراعی، تەبعەن سیغەکە وا هاتووە، لای من مانع نییە عایدی وەزارەتی مالیە بێت، بەس مەسەلەی تەشخیص و دان و موخاتەبەی ئەم بانقە لە لای وەزارەتی زراعە بێت، چونکە لە کۆتایی وەزارەتی زراعە مەسئوولە لە بەرامبەر ئەو مەبالیغانەی کە تەوزیع دەکرێت لەسەر جوتیارەکان، سبەینێ ئەو مەبالیغانە تەحصیل بکەیت، موراقەبەی ئینتاج بکەیت، لەبەر ئەوە ئەگەر هەمووی عایدی وەزارەتی مالیە بێت، زۆر زەحمەتە ئەگەر وەزارەتی زراعە لەناو مەوزوعەکە نەبێت، لەبەر ئەوە لە کۆنەوە مەساریفی زراعە لە فروعی زراعە دەوام دەکات هەر موختەبەی بەشێوەیەکی موباشیر دەکرێت، لەبەر ئەوە مەسەلەکە تەسهیلە، بەس تەصمیمی قەرد و ئەوانە بکرێت بە موافەقەتی وەزارەتی زراعە، یەعنی ئەم صیغەیە دروست ببێت.

دیسان لە خاڵەکانی تر باسی کراوە بۆ مەسەلەی تەنمیەی ریفی، دیسان من تەئکید دەکەمەوە کە مەسەلەی تەنمیەی ریفی هاتووە، (وضع الخطط الزراعية بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيها النباتي والحيواني)، تۆ مومکین نینە عومقی ئیقتیصادی و عومقی زراعی گوندە، ئەگەر تۆ گوند بینا نەکەیت مومکین نینە تۆ زراعەت پێش بخەیت، لەبەر ئەوە من دیسان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە، ئێمە وا چووینە بۆ ئەم یاسایە چەند کورت و پوختە بێت باشترە، ئێمە داخیلی تەفاسیل نەبین، لەبەر ئەو مەسائیلانە، مەسەلەن (تشجيع إصلاح الاراضي الزراعية) برادەرێك پێشنیارێکی کردووە، دیسان ئەوە مەشروعێك بۆ پەرلەمان هاتووە، مەشروعی دووەم ئێستا لە رێگایە، برادەرێکی تر باسی ئینتاج و حیمایەی ئینتاج دەکات، دیسان قانونێك هاتووە قانونی حیمایەی ئینتاج بۆ پەرلەمان هاتووە، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش تێپەڕ بووە هاتۆتە پەرلەمان، یەعنی سیلسیلەیەکی مەشاریعی قەوانینمان هەیە، چۆن ئێمە مەعالجەی کێشەی زراعە بکەین، ئەگەر ئێمە بچینە باسی تر، لەوانەیە لێرە وەخت لە ئێوە بچێت، زۆر ئەفکار هەنە، زۆر مەشاریع هەنە، ئێستا لە رێگەنە، بەس ئەمە بۆ حاڵەتێکی تر، ئێمە دەتوانین موناقەشەی ئەوە بکەین، کە من بێمە خزمەتی جەنابتان بۆ ئیستجوابێك، بۆ داخوازی وەزارەت، بۆ ئەوەی موناقەشەی مەوازیع بە تەفسیلی بکەین، تا بزانین ئێمە چی دەکەین تاکو ئینتاج زیاد ببێت، خوتەمان هەیە، بەرنامجمان هەیە بەس لەوانەیە مەجال نەبێت ئێمە داخیلی ئەو تەفاسیلە بین.

لە مەوزوعی تەکنەلۆژیا دیسان (المكننة الحديثة) تشتی وەسا هاتووە، بەس کەلیمەیەك ئەگەر ئیزافە ببێت لە تەکنەلۆژیا لە ماددەکانی تر یەك لەو مەوادانە موشکیلە نییە، کەلیمەی تەکنەلۆژیا ئیزافە بکرێت، من تەسەور دەکەم هاتووە، دیسان مەسائیلی عیلمی هاتووە، ئەوانە ئێمە ئیستیفادەی لێ بکەین لە زۆر فەقەرات هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کارو چالاکیەکانی وەزارەت، چەند پێشنیارێکم هەیە:
یەکەمیان/ ئەوەی بۆ هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و کۆلیژی کشتوکاڵ، وابزانم ئەگەر ئەو خاڵە زیاد بکرێت، ئەو شێوازە نوێیانەو زانستیانەی کە هەیە بۆ باشتر کردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و زیاد کردنی بەرهەمەکان، زیاتر دەتوانێت وەزارەت ئەو ئەرکەی بەجێ بگەیەنێت، لەو خاڵەی باسی ئەسیدە و دەرمان و ئەو شتانە دەکات، پاراستنی ژینگە زیاد بکرێت، پێم باشە خاڵی یازدەو دوازدە دەمج بکرێت ببێتە یەك خاڵ، خاڵی سێزدە لا بدرێت، چونکە هەر چەند جەنابی وەزیر تەئکیدی لەسەر کرد، رێکخستنی کاری وەزارەت و چارەسەر کردنی کێشەکان، یان بە دەرکردنی رێنمایی دەبێت، ئەویش لە دەسەڵاتی وەزیرە خۆی، یاخود بە پێشنیار کردنی چەند پرۆژە یاسایەك دەبێت، ئەوەش ئەگەر هەبێت و نەبێت ئەو خاڵە هەر زیادە، چونکە چارەسەر کردنی کێشەکان بەو شێوەیە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری یەکەمت ئەگەر صیغەیەك هەبێت بە وەرەقە بۆمان بنووسیت، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرە چوار باسی تەشجیعی ئیستیسمار دەکات، هاندان و وەبەرهەمهێنانی قیتاعی خاص، پێم وایە ئێمە زۆر لایەنی ترمان هەیە وەکو هەیئەی ئیستیسمار و مەجلیسی ئیستیسمار و لایەنی تر، کە لەوانەیە تەشجیعی ئیستیسمار بکات، بۆیە پێم باشە ئەگەر ئیزافەی بڕگەیەك بکەین (بالتنسيق مع الجهات المختصة، او الجهات الاخرى)، بە هەماهەنگی کردنی لەگەڵ لایەنەکانی تر.
فەقەرەی شەش و حەوت، پێم وایە مەوادی قانونی دەبێت گەورەتر و شاملتر بێت، نابێت بەو شێوەیە بچێتە ناو تەفاسیل، لێرە کە باس دەکات (توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتأمين الادوية)، من پێشنیار دەکەم لە فەقەرەی شەش بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (العمل على توفير كامل مستلزمات الانتاج الزراعي بما يؤدي الى تطويره وزيادته وتحسنه).
لە فەقەرەی حەوتەم لە بڕگەی دووەمی باسی ئەوە دەکات (والعمل على توفير الادوية واللقاحات البيطرية واتباع الاساليب العلمية لمعالجة الامراض السارية والوقائية)، پێم وایە ئەوەش زیادەیە، ئەگەر بنووسین (وتوفير كامل العناية الصحية للثروة الحيوانية) زۆر باشتر دەبێت.
فەقەرە دە پێم وایە زیادە، چونکە باسی (الاهتمام بالانتاج الزراعي والعمل على تنظيم عملية الخزن)، لە فەقەرە دوو باسی موستەلزەماتی ئینتاجی زراعی دەکات، ئایا خەزن موستەلزەماتی ئینتاجی زراعی نییە؟ یەعنی کەواتە لێرەوە چارەسەر کراوەو ئەوە زیاد دەبێتن.

له فەقەرەی دوازدەو سێزدە پشتگیری له رای لیژنەی یاسایی دەکەم، لەبەر ئەوەی له فەقەرەی دوازدە باسی ئەوە دەکات (تعيين حدود الغابات واصنافها بموجب تشريع خاص)، ئێمە ئەو تەشریعەمان نییە، لێرە دەبێت ئیزافە بکرێت (واقتراح تشريع خاص لها الى مجلس الوزراء) مەجلیسی وەزەرا بۆی هەیە پێشنیاری پرۆژەی یاسایی بۆ پەرلەمان بکات، نەك وەزارەت، لێرە دەبێت ئەو تەفاسیله بنووسین.

له خاڵی سێزدەمیش هەروا (باقتراح تشريع) ئەویش دەبێت بنووسرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆیه ئەو رەئیەی لیژنەی قانونی پێم وایه شاملترە، نەوەك بچێته ناو ئەو هەموو تەفاسیلەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سۆزان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێویستە ئێمە لێرە سیاسەتێکی زراعی دیاری کراومان هەبێت، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە لەنێوان یاسایەکی ئیشتیراکی و کرانەوەیە، ئەم تێکەڵاو بوونە ئێمەی خستۆتە گێژاوێکەوە، بۆ نموونە له خاڵی چوارەمدا باسی دەعمی قیتاعی خاص دەکات، بەڵام له خاڵی شەشەمدا باسی ( توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتأمين الادوية) دەکات، کە ئێمەش زۆر زۆر باش دەزانین ئەمانە هیچی ناگاتە دەستی جوتیار خۆی، ئەگەر گەیشتیش بەشێوەیەکی وا نابێت ئیستیفادەی لێ بکات، لەبەر ئەوە یەکەمین شت لەسەر وەزارەتی زراعە ئەوەیە کە دیاری بکات سیاسەتە زراعیەکەی بەرەو کرانەوەیە، یان بەرەو حاڵەتی ئیشتیراکیەت بوونە، بۆ ئەوەی نەجاتمان بێت لەو دوو قاقیە.

له خاڵی نۆیەمدا (الاهتمام بالثروة السمكية والنحل) نابێت (الاهتمام بالثروة السمكية وتربية النحل ووضع السبل لزيادتها)، چونکە ئێستا هەیە، بەڵام ناهێڵن زیاد بێت، خۆشمان دەزانین بۆچی ناهێڵن زیاد بێت.

هەروەها له خاڵی دەیەم (الاهتمام بالانتاج الزراعي والعمل على تنظيم عملية الخزن)و ئەوانە، دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك سەردار ئەوە پێویست ناکات، چونکە له خاڵی یەکەم و دووەم باس کراوە.

بەنیسبەت خاڵی یازدە غاباتی تەبیعی و غاباتی صناعی حیمایە کردنیان عیلاقەی هەیە بەسەر بیئەی وڵاتەکەتەوە، عیلاقەی هەیە بە بیئەتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت یان بوترێت (بالاتفاق مع وزارة البيئة)، چونکە ئەوە کاری بیئەیە، مەحمیاتی تەبیعی کاری بیئەیە، وەزارەتی بیئەیە، هی زراعە نییە، ئەگەر (بالاتفاق مع وزارة البيئة) ئەوە دەکرێت کارێکی هەماهەنگی بێت، هەروەها بۆ (تعيين حدود الغابات واصنافها) ئەوە کاری وەزارەتی بیئەیە، چونکە ئەگەر وابێت وەزارەتی بیئە هیچ ئیشی نامێنێت، مەحمیاتی تەبیعی حەز دەکەم بزانن له کوردستاندا مەحمیاتی تەبیعی بە مانای ئەوەیە نابێت بە هیچ شێوەیەك هەتا تەنانەت جادەیەکیشی بۆ بچێت، بەڵام بەداخەوە له وڵاتی ئێمە مەحمییەشمان هەیە تەبیعیشە و یوئێنیش ئیقراری کردووەو جادەی قیرتاویشی بۆ رۆیشتووە.

بەنیسبەت خاڵی سێزدەوە، نازانم ئێمە بۆچی ئێستا خۆمان دەخەینە ئیشکالەوە، هەموو موقتەرەحی مەشروعێك وەزارەت بەرزی بکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران دەینێرێت بۆ ئێمە، ئێمە دەیخەینە ناو پرۆژەکانمانەوە، ئیتر ئەگەر بەشێوەی لیژنەی یاسایی بێت، بەڵام من یەك مولاحەزەم هەیە لەسەری دەڵێت (تقوم الوزارة باقتراح تشريع قانون جديد لمعالجة مشاكل الاراضي)، ئەگەر ئەزیەت نییە (الاراضي الزراعية)، بۆ ئەوەی بەر چاومان روون بێت، چونکە ئەرازی جۆری هەیە ئەمانە عیلاقەیان هەیە بەسەر ئەرازی زراعییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ لیژنەی یاسا هاوڕام، بەڵام بەڕاستی بە چاکردنی زمانەوانی داوای لێبوردنیان لێ دەکەم.

دووەم/ گەورەترین هێزی پاڵنەر و هاندەر بۆ جوتیاران و بەرهەمهێنەرەکانی کوردستان، چ رووەکی بێت، چ ئاژەڵی بێت، هەموو ئەو خاڵانەی بەڕێزان باسیان کرد بە قەد ئەوەندە بێت کە نرخیان بۆ زیاد دەبێت، چونکە بەڕاستی بەرهەمی کشتوکاڵی چ رووەکی بێت، یان چ ئاژەڵی هیچ نرخیان نییە، من خۆم کوڕە جوتیارێکم لەناوچەی بیتوێن دەژیم، گوڵە بەڕۆژە ئێستا نرخەکەی (250) دیناری تەبعە، تووتن کیلۆی بە چوار دینارە، ئێمە ئەگەر بێتو ئینتاجەکان زیاد بکەین، ئەگەر بێتو بانقە کشتوکاڵیەکان دابنێین و پارەیان بدەینێ، ئەگەر ئاسانکاریان بۆ بکەین بۆ ئەوەی مەکینەکانیان بدەینێ، جوتیاران ئینتاجێکی زۆر بە دەست بێنن، ئایا ئەگەر بۆیان نەفرۆشرێت واز لە جوتیاری دەهێنن، یان نا؟ ئایا گوندەکان چۆڵ دەکەن، یان نا؟ لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم و داوا لە وەزیریش دەکەم لەناو وەزارەتەکەی لیژنەیەك هەبێت کە بایەخ بە نرخ بدات و لەگەڵ سەردەم بگونجێت، لەوانەیە پێنج ساڵ پێش ئێستا کیلۆی گوڵە بەڕۆژە دینارێکی کرد بێت زۆر بوو بێت، بەڵام بۆ ئیمڕۆ نابێت، ئەگەر کیلۆی تووتن پێنج دیناری کرد بێت، بەڵام بۆ ئیمڕۆ نابێت، لەبەر ئەوەی بایەخدان بە نرخ شتێکی زۆر گرنگە، جا چ ئەو بەرهەمانە کشتوکاڵی بن، یان رووەکی بن، بەڕاستی ئەوەش دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ بەرهەمهێنەرەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوندەکان چۆڵ نەکرێن، کابرایەك دە دۆنم زەوی هەیە لە گوندێك، ئەگەر بێتو بەرهەمەکەی فرۆشت و نرخەکەی چوار هەزار دیناری سویسری بوو، چۆن ئەو گوندە بەجێ ناهێڵێت، لەبەر ئەوەی ئەو خاڵانەی کە باس کران، بەڕاستی ئەمانە پێویستە هەموویان پشتگیریان لێ بکرێت، بەڵام ئەگەر بێتو چارەسەری نرخ نەکرێت بۆ بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، موژدەتان دەدەمێ هەرچی جوتیارە کۆچ دەکات لە گوندەکانەوە بۆ شار، هیچ شتێکیش چارەسەری ئەوە ناکات، لەبەر ئەوە دانانی نرخێکی گونجاو بۆ ئەو سەردەمەو، بۆ ساڵانی دادێ ئەوە شتێکی زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆره شوکریه فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریه رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەك و پرسیارێك لە وەزیر و ئیزافەیەکم هەیە، بەڕاستی من کە بیر لە کۆلیژی زراعە دەکەمەوە، کۆلیژی زراعە بریتییە لە دوو بەش، ئینتاجی حیوانی، لەگەڵ ئینتاجی زراعییە، لەناو ماددەی دووەمدا تەنها لە سێ خاڵە لە کۆی سێزدە خاڵدا گرنگی بە بابەتی ئاژەڵ دەدرێت، ئەویش لابەلا لەگەڵ کشتوکاڵیەکە دادەنرێت، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر، من لەگەڵ کاك بەکر هاوڕام و لەلای خۆشم نووسیومە، ئەم خاڵی دووەم کە دەڵێت لێکۆڵینەوەو دیراساتی کشتوکاڵی، خاڵی سێهەم کە دەڵێت دیراساتی تایبەت لە جیاتی ئەمە مەرکەزێکی دیراساتی کشتوکاڵی و ئاژەڵی دابنرێت و، پەیوەندیەکی تایبەتیشیان بە کۆلیژی زراعەوە هەبێت، چونکە ئەوانە تەنها خەریکی زراعەن و سەدان مامۆستای پسپۆڕیشمان هەیە، دەتوانن سودیشیان لێ وەرگرن و نەقلیشیان بکەن بۆ وەزارەتەکەو ئەرکێکیشیان پێ بسپێرن.

بەنیسبەت خاڵی نۆیەمەوە، دەڵێ گرنگی بە سامانی ماسی و هەنگ بدرێت، ئەی باشە ئێمە مەڕ و ماڵات و پەلەوەڕ و مریشك و دەواجنمان نییە، ئەگەر ئەوانە ئیزافە بکرێت.

لە خاڵی دە پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیر هەیە، کە دەڵێ گرنگی بە رەنێوهاتی کشتوکاڵی دەدات، بۆ رێکخستنی  ئیش وکاری تاقت کردن، کە ئەمە قەد نەگوتراوە، کە خەزن هەڵگرتنەو، بۆ بازاڕ ناردنی بەروبوومی کشتوکاڵ کۆشش دەکات، زەحمەت نەبێت بازاڕ ناردنی بەروبوومی کشتوکاڵ، ئایا ئێمە بازاڕ دەنێرینە دەرەوە؟ یاخود بەرهەمی کشتوکاڵی دەنێرینە دەرەوە، ئەو پرسیارەم لە بەڕێزی هەیە.

پرسیارێکی تریشم هەیە، ئێمە لە هەندێ شوێنی کوردستاندا، من لە جەژندا سەردانی قەرەداغم کرد، لەوێ قەدەغە بوو راوی هەندێ ئاژەڵ بکرێت، هەروەها لە هەندێ شوێنی تری کوردستانیشدا، بەتایبەتی لە بارزاندا، لەناو ئەم یاسایە لە ماددەی دووەمدا هیچ شوێنێکم نەدیت بۆ قەدەغە کردنی راو، هەندێ ئاژەڵ هەیە کە پێویست ناکات راو بکرێت، هاوڕاشم لەگەڵ کاك زرار لە لای خۆشم نووسیوومە بۆ هاوین تکا دەکەم کەم گرنگی بە هێنانی سەوزەوات و میوە بدرێت لە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتانی دراوسێماندا، گرنگی بە بەروبوومی خۆمان بدرێت لەو هاوینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەروا تەعلیقێك لێ دەدەم، پرۆژەیەکمان هەیە بۆ مەنعی جگەرە، پاش ئەو پرۆژەیە ئیجازە دەرچوون نییە بۆ جگەرە خواردن، چونکە مەنع دەکرێت لە هەموو پەرلەماندا، لە هەموو دەوائیرەکان، شتی تریش دەبێت لە جلسەدا بۆ جگەرەش و بۆ شتی تایبەتیش کە دەکرێت تەئجیل بکرێتن، ئەویش رێگای نادەین لەمەودوا، کاك عەبدولڕحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە من دەمویست باسی بکەم برادەران زۆر باسیان کرد، تەنها یەك تێبینیم هەیە لە نەتیجەی سیاسەتی حکومەتی عێراق، تەبعەن دێهاتەکان ئەغلەب چۆل کران، وەکو دەڵێن ستوونی فەقەراتی زراعەش، حیوان و زراعە لە دێ دەست پێ دەکاتن، ئەم دێهاتانە هەمووی چۆل کران و میللەتی کورد هەمووی بوو بە موستەهلیك، تەقریبەن هەمووی موستەهلیکە و مونتیج نەما، لەبەر ئەوە پێویستە دێهاتەکان و خەڵکی دێهات تەشجیع بکرێن و بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان، بۆ ئەوەی دەست بە ئیش و کاری خۆیان بکەن، ئەمە یەك.

دوو/ دەبینین ئێمە زۆر شت خۆمان هەمانە، کەچی لە دەرەوە دەهێنین، بۆ نموونە ئێمە گەنم دەچینین، ئەو گەنمە بازاڕی بۆ نییە، ئەگەر هەشبێت بە نرخێکی زۆر کەمە کابرا زەرەر دەکاتن، ناتوانێتن ساڵێکی تر ئەو زراعەتە بکاتن، ئێمە دەچین ئارد لە دەرەوە دەهێنین، تەبعەن ئەوە هەمووی زەربەیە بە میللەت دەکەوێتن، ئەو ئینتاجە حەیەویەی ئێمە کەچی ئیهمالمان کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە تەشجیعی دێهاتەکان بکەین و بگەڕێنەوە جێگای خۆیان و دەست بە ئیش و کاری خۆیان بکەن، ئەوە باشترین پاڵپشتە بۆ زراعەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەهامەکانی وەزارەت هەر سێزدە خاڵ لە ماددەی دووەم بەڕاستی مەهامی چاك و قسەی باشی تیا کراوە، بەلاَم خاڵی سێزدە لە مەهامی وەزارەت کە لیژنەی قانونیش قسەی لەسەر کردووە لە دوازدەو سێزدە، من وادەزانم ئەو خاڵە پێویستە بکرێتە خاڵی یەکەم و دووەم، چارەسەری گرفتی زەوی کە جەنابی وەزیر ئیشارەی پێدا مەشروع قانونێك دەربچێت بۆ تەسویەی ئەرازی، ئەسڵەن هەتا جوتیار دڵی بە زەوییەکەی خۆش نەبێت و گرفتی هەبێت، ناتوانێت تەنمیەی هەر شتێکی زراعە بکات، ئینجا هەریەکێ لەو مەهامانەی کە باس کراوە، واتا هەر سێزدە مەهامەکان، ئەگەر خوتەی زراعییە، ئەگەر مەسرەفی زراعییە، کە بەڕاستی شتێکی زۆر گرنگن، ئەگەر ئیهتیمام بە ئیستیسمار و شتەکان بدرێت، تەبعەن زراعە بۆ خۆی نەفتێکی دائیمە، ئەگەر بمانەوێت کوردستان ئاوەدان بکەینەوە، بەڕاستی دەبێت گوندەکان ئاوەدان بکەینەوە، ئاوەدانکردنەوەی گوندیش تەنها بە قسەو ئیدیعا نابێت، دەبێت یەکێك لەو خاڵانە پێشی لێ بگیرێت و بە پێش گرتن لە کۆچی جوتیارەکان لە گوندەوە بۆ شار، ئەو کۆچی جوتیارەکان لە گوندەوە بۆ شار سەبەبی هەیە، گوندی وا هەیە دوو جار چۆل کراوە، جارێك رژێم چۆلی کرد بە تەرحیل، جارێکی دیکە بۆ خۆمان بە چۆل کردنمان داوە، ئەوەی کاك زرار باسی کرد نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، کە نرخێك و زەوابتێك

نییه، کابرای جوتیار بەخۆی و ماڵ و منداڵەکانیەوە عارەقەی ڕەش و شین دەکات و یەك ساڵ بەرهەم دێنێت، دوایی نەتیجەیەکی نییەو نابێت، دوایی ئەو خەڵکە کە دێتە شار و تەعین دەکرێت پارەو مەعاشێکی مانگانەی باشی دەدرێتێ، لەبەر ئەوە ئامادە نییە بچێتەوە گوندەکەی، گوندی وا هەیە هەشتاو دوو ماڵ بووە، دوای ئاوەدانکردنەوەو دوای ئینتیفازە، ئێستا چوار ماڵی تیا ماوەتەوە، ئێستا لە مەنتیقەی پشدەر گوندی وامان هەیە مامۆستای نییە، لە تاوی منداڵەکانی ناچار دەبێت بێتە شار، لە شاریش تەعین دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکانت بەجێیە، بەڵام ڕەبتی بە قانونی وەزارەتەوە نییە بەزۆری، تەسلسولیش ئەگەر یەکەم نووسرا بێت، یان سێزدە، بە تەسەلسول جێ بەجێ ناکرێت، مومکینە سێزدەم نووسراوە یەکەم جێ بەجێ بکرێت، کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە بەشێك لە پێشنیارەکانی من باس کرا، بەڵام پێم وایە ئەرکی وەزارەتی زراعە یەکجار زۆرە، دەبوو پرۆژە یاسایەکەی شاملتر و گەورەتر بوایە، لەبەر ئەوەی لە کوردستان بەڕاستی جوتیار هەرەسی هێنایەو بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرهەمی جوتیار نەماوە، لە پلانی وەزارەتی زراعە دەبوایە بۆ چۆینەتی دروست کردنەوەی جوتیار بابەتێك و خاڵێك هەبوایە باسی بکات، چونکە ئێستا جوتیاری حەقیقی لە وڵاتی ئێمە نەماوە، لەبەر ئەوەی یان پۆلیسە، یان پێشمەرگەیە، یان فەرمانبەرە زەویشی هەیە، بۆیە تەشجیع کردنی وەزارەتی زراعە بۆ جوتیار دەبێت بە پلان دروست بکرێتەوە، فیعلەن جوتیار ئێستا نەماوە، ئێمە هەموو لێرە دانیشتووینە جوتیار بە مانای کەلیمە تەنها ئیشی جوتیاری بێت لەو وڵاتە یەك جوتیار نەماوە، بۆیە دەبێت وەزارەت پلانێکی هەبێتن بۆ دروست کردنەوەی جوتیار، چونکە نەماوە، بۆ دروست کردنەوەشی برادەران باسیان کرد، دەرەجەی یەك هەرچەندە عیلاقەی بەو بابەتەی ئێمەوە نییە، بەڵام دروست کردنەوەو نیشتەجێ کردن خاڵێکی گرنگە بۆ دروست کردنەوەی جوتیار، ئێمە کە وەزارەتی نیشتەجێ کردنیشمان هەڵوەشاندۆتەوە، فیعلەن لێرەش کە پەیوەندی وەزارەتی نیشتەجێ کردن بە لادێیەکان و ئاوەدانکردنەوە هەیە، ئەویشمان هەڵوەشاندەوە، کەواتە ئێمە چۆن بتوانین لادێ ئاوەدان بکەینەوە، کە وەزارەتێکی تایبەت بەوەمان نییە، لە بەرنامەی وەزارەتی زراعەش ئەوەی تێدا نییە، بۆیە باشتر وایە لە یاسای وەزارەتی زراعە ئیشارەتی پێ بدرێت و جوتیار دروست بکرێتەوە، پێشنیاریش دەکەم ئەو پارچە زەویەی جوتیار هەیەتی (60) دۆنمە، یان هەرچەندێکە بەپێی ئەو یاسایەی هەیەتی، ئێمە وەزارەتی زراعە، یان پرۆژە یاسایەك هەبێتن ئەو پارچە زەویە بەناوی بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر موتەمەسیك بێ بە زەویەکەو کاری لەسەر بکات، کە هەموومان ئێستا دەزانین کەرەوز و خیار و شتێکی خۆمان نییە و خەڵکی بەتاڵیش هەیە لە وڵاتی ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش باسی گوندەکانم دەکرد کە کاک دکتۆر دلێر و برایان کردیان، بەس یەك پێشنیارم هەیە خارجی مەوزوع بیکەم، عیلاقەی بەو یاسایانەوە هەیە، ئێمە (42) وەزارەتمان هەیە، (42) یاسای وەزارەت، هەر وەزارەتێکیش لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، دەبێتە حەفتا، هەشتا یاسا، من پێم وایە دوایی جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی ڕێ بدەن وەکو هەریەکێك، هەر برایەك پێشنیارێکی هەبێتن، بۆ ئەوەی ئالیەتێك دابنێین، کە ئەو مشتومڕە لە شوێنێکی تر بکرێتن، لێرە کەمتر بکرێتەوە، لیژنەکان و لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەی زیاتری لێ بکەن، پێش وەخت برایان و خوشکانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر ڕێ بدەن من لەو بوارەوە هەندێك پێشنیارم هەیە لە خزمەتتاندا باسی بکەم، بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەوەی ئێمە دوو ڕۆژ بە یاسای وەزارەتێکەوە مەشغول بین، با بەو دوو ڕۆژە چوار، پێنج وەزارەت لێرە تەسدیق بکەین، چونکە شتی زۆر گرنگترمان لە پێشە، ئەمساڵ ساڵی 2007 ئێمە بەس فریای وەزارەتەکان دەکەوین، ئەو وەزارەتە زۆرانە کە بە قەرارێکی سیاسی وا زۆرمان کردووە، ئەگەرنا پێویست نین، لق و پۆپەکانیش دێنە سەرەوە، ئەوەتا وەزارەتی زراعە دوو یاسای تریشم لەبەر دەست دایە، یەکە، یان دووە، ئینجا ئەمساڵ ساڵی (140)ە، ئەمساڵ ساڵی کەرکووکە، ئەمساڵ ساڵی دەرکردنی دەستوورە، زۆر شتی ترمان لە پێشە، ساڵی ئەوەیە میزانیە بێتەوە پەرلەمان، ساڵی بودجەی حیسابە، زۆر شتی گرنگترمان لە پێشە باسی لێ بکەین، ساڵی لێدانی وڵاتانی دەوروپشتمانە، لە ئێران دەدرێت، پەرلەمان ڕەئی چیە، ئەوانە شتی گرنگن پەرلەمان پێوەی خەریك بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت بەجێیە، حەز دەکەی دەڵێم لە (1000٪) پشتگیریت دەکەین، بەڵام عەمەلیەن ئێمە وامان کردووە، ئەوەندەیە ئەندامانی پەرلەمان کە قسە دەکەن، دەتوانن لە جیاتی سێ دەقیقە قسە بکەن نیو دەقیقە قسە بکەن، یان یەکێك قسەی کردو بڵێت فلان قسەکانی منی کردووە، ئێمە سوپاسی دەکەین، یەعنی ئەغلەب ئەوانەی قسەیان کرد شەرحی مەسەلەکان بوو، بۆیە پێویست ناکاتن، دەتوانێت بڵێت فەقەرەی ئەوەندە ئەو کەلیمەیە زیاد بکەن و تەواو، یان فەقەرەی ئەوەندە تێیدا نییە سوپاس، بەو شێوەیە کاتەکەمان زۆر لە دەست دەمێنێت، بەڵام لیژنەکانیش ئەوەندەی پێیان کرا بێت ڕەئی خۆیان داوە لەسەری و لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەیان کردووە، بەس لێرەشدا هەموو ئەندامەکان حەقیان هەیە هینی بکەن، پێشنیارەکەت بەجێیە، بۆیە سوپاست دەکەم، کاک دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕگەی یەکەم و شەشەم و نۆیەم حەزف بکرێت، لە جیاتی هەرسێ بڕگەکان ئەوە بێتە جێی (حماية وتنمية الانتاج الزراعي وفق القانون بما يؤدي الى ايقاف الهجرة من الريف الى المدينة) هەردووکیان موعالجە دەبن، یەعنی ئەوانە لە زیمنی ئەو پرۆژە یاسایە حیمایەو ئینتاجی زراعی هەیە، کە بەدەستی ئێمەیە.

بڕگەی حەوت و نۆ (الثروة السمكية) لە زیمنی (الثروة الحيوانية) مومکینە هەردووکیان دەمج ببن بچێتە بڕگەی حەوت.

لە بڕگەی یازدە، من نازانم (المحمية الطبيعية) لە هەموو کوردستان نییە، مەرعا هەنە لە گوندەکان، مەحمیە نییە، باشە ئەگەر ئیزافەیەك هەبێتن (بما فيها الحيوانات البرية والحفاظ على نسلها)، چونکە ئەوە ئیشارەت نابێت.

لە بڕگەی سێزدەم، فیعلەن مەشاکیلی زەوی تەنها یاسایی نییە، ئێستا ئاو نییە، ئێستا صحە نییە، مەشاکیلی قانونییە، من لەگەڵ ئەوەمە (وفق القوانين) بێتە ئیزافە کرن، کە لە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی هاتووە، بەتایبەتی کە دەڵێتن (بما يتلائم مع الواقع الحالي والمستقبلي)، ئەمە قەزیەکی مەتاتییە (واقع الحالى) نازانم چیە، تەجاوەزاتن لەسەر زەوی زراعی بووینە، یان بەپێی (واقع الحالى) تەعامول دەکەین، یان واقیع حالیەکە بەپێی قانون بێت تەنزیم کردنی، بێتە تەغیر کردن، لەبەر ئەوە باشترە ئیشارەت بەپێی (وفق القوانين بالتنسيق مع الجهات المعنية) بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند پێشنیارەکانم برادەران باسیان کرد و پشتگیری لە ڕەئیەکانیان دەکەم، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستمە لێرە ئاماژەی پێ بدەم، ئەو ڕێگاو بانانەیە کە بۆ هەندێ ناوچەی کوردستان راکێشراوە، ئەو ڕێگایانە زیاتر مەبەستی سەیرانگەو گشت و گوزارییە، نەك مەبەستی کشتوکاڵی، ئێستا زۆر گوند هەیە خەڵکی لێیە، بەڵام لەبەر هۆی خراپی ڕێگا و بەرهەمی ئاژەڵی و بەرهەمی کشتوکاڵی بە ئاسانی ناگاتە شار، بۆیە یەکێك لە پلانە گرنگەکانی وەزارەت ئەوەیە کە ڕێگە لە هاوردە بگرێت، کە بازاڕی ناوخۆی شکاندوەو، کار ئاسانی بکات بۆ گوندەکان، چ بۆ گەڕانەوە بێت، یان بۆ بایەخدان بە ڕێگاوبانی هاتوچۆ، من نموونەیەکی حکومەتی ئێران دەهێنمەوە لە مانەوەی گوندا، هەر هاووڵاتیەکی ئێرانی تەمەنی چووە سەرووی (60) ساڵ، ئەگەر ژن بێت، یان پیاو بێت، بیمەی بێکاریان بۆ دەبڕێتەوە بە مەرجێك لە لادێ دانیشن، نرخی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن لە لادێیەکان جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ شار، بۆ ئەوەی لادێ ببووژێتەوە، ئێمە ناتوانین سوود لەو ئەزموونانە وەربگیرین و، بەڕاستی بازاڕیشمان بۆتە بازاڕێکی بەکارهێنەری دراوسێکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو خاڵانەم هەمووی، بەڵام هەندێ پێشنیاری ئیزافیم هەیە، لەم یاسایەدا زۆر گرنگی نەدراوە بە هەندێ شتی گرنگ، مەسەلەن فەرەنسیەكان سەروەتی ئاژەڵ و سەروەتی كشتوكاڵیان ناوە گوان، دەڵێن هەتا ئەم دوو گوانە لە فەرەنسا بەردەوام بێت ئوممەتی فەرەنسا بەخێرە، یەعنی هەموو قوەتەكی خۆیان ئەوەیان كردۆتە سەرمایەی خۆیان، ئەوەیان كردۆتە خەزێنەی خۆیان، لێرە پێم باشە ئەم خاڵانەی تر ئیزافە بكەین، گرنگی دان و ئاسانكاری بۆ دروست كردن و بایەخدانی، لەم یاسایە باس لەوە ناكات، یەعنی بەرهەمی میوەجات لە كوردستاندا زۆر بەرەو لاوازی ڕۆیشتووە، ئەگەر موقارەنەی بكەین لەگەڵ ساڵەكانی حەفتا و بەرەو پێشەوە، بەڕاستی تەواو نەماوە، نیشتەجێبوونیش تەواو ئەوەی كە بووە بنبڕی كردووە، پێویستە وەزارەتی زراعە لایەك لەم مەسەلەیە بكاتەوە لە بایەخدانی.

دووەم/ پرۆژەی پەلەوەر، یەعنی ئێستا خەڵك بەرەو ئەوە دەچن دەڵێن واز بێنن لە ئاژەڵی، یەعنی بەرەو بخۆری نەباتی بڕۆین، یەكێك لەو پایە گەورانەی كە بەرەو نەباتی چوون، پەلەوەرە، لەم یاسایەشدا هیچ باسێكی لێ نەكراوە، گرنگیدان بە پرۆژەكانی پەلەوەر، وادەزانم لە مەسەلەكانی كشتوكاڵدا ئێمە خاڵێكی گرنگمان دیار نەكردووە، ئەویش بریتییە لە جوتیار، چۆن گرنگی بە جوتیار بدەین، یەعنی بایەخدان بە جوتیار، جوتیار ئەگەر دڵی خۆش نەبێت ناتوانێت كشتوكاڵ بەرەو پێش بەرێت و، هیچیشیان بەرەو پێش ناچن، بەڵام ئەگەر جوتیار دڵخۆش كرا، پێم وایە ئەو مەبەستەی كە ئێمە هەمانە بەرەو پێشی بەرین.

خاڵی كۆتایی، سامانی ئاژەڵی بە یەك خاڵ ئاماژەی پێ كراوە، ئەویش زیاتر گرنگی دراوە بە هێنانی دەرمان و نەخۆشیەكانی، بەڵام زیاد كردن و كردنەوەی پرۆژەی جۆراوجۆری ئاژەڵ لە كوردستاندا مەسەلەیەكی زۆر زۆر گرنگە.

خاڵی یازدەش سامان نووسراوە نەتەوەییە، پێم وایە نیشتمانیی جوانتر بێت هەتا نەتەوەیی، چونكە كوردستان نیشتمانە، نووسراوە ئەمە سامانێكی نەتەوەییە، بنووسرێت نیشتمانیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەگەر سەیری ئەركەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ بكەین، دەبینین شتی تیایەو خاڵی زۆر ڕێك و پێكی تیا نووسراوە، بەڵام ئەوەی من تێبینی دەكەم دوو خاڵی گرنگ كە ئەمڕۆ لەسەردەم و لەسەر مستەوای وڵاتە پێشكەوتوخوازەكان چارەسەر كراوە، ئێمە لەم پرۆژەیە گرنگیمان پێ نەداوە، باران، هەر ساڵێ لە

کوردستان ئەگەر باران نەبارێت، ئەو ساڵە نەهامەتەو هیچ شتێکمان نییە، ئیمڕۆ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بارانی صناعی هەیە، ئێمە ئاومان هەیە، بیری ئیرتیوازیمان هەیە بارانی صناعی دروست دەکرێت، کە بارانی صناعیمان هەبوو، دەتوانین ئەرزەکەش وەکو پێویست بەکاری بێنین، ئیمڕۆ بە لایەنی کەمەوە سێ جار لە ساڵێکدا زەوی بەکار دێت، یەعنی تەنها یەك حاصلاتی نابێت، دەتوانرێت سێ جار بەکار بێت، مەسەلەن هەمان ئەرز کە دەکرێت بە گەنم، لە دواییدا دەتوانرێت بکرێت بە گێزەر، دوای ئەوە دەکرێت بە پیاز، هەم زەویەکەش بەقوەت دەبێت و هەم ئینتاجەکەشی زیاد دەبێت، لەبەر ئەوە من هیوام وایە لێرە شتێك زیاد بکرێت، کە گرنگی بەو خاڵە بدرێت و ئیتر بۆ ئەوەی نەجاتمان بێت لە نەهامەتی و لەسەر مستەوای سەردەم، بتوانین چارەسەری کێشەکانی کشتوکاڵی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو کەسی تر ماون کاك محەمەدی حاجی محمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك تێبینیم هەبوو لەسەر زۆربەی خاڵەکان، هەڵبەتە وەزارەتی زراعە کۆمەڵێك خاڵی گرنگ هەیە، کە ئەمڕۆ ئەرکیەتی، یەکێك مەسەلەی ئەرز و قانونەکانی پێشوو، یەعنی یەك دوو قانونی پێشوو هەیە شتێك کراوە بۆ ئەو قانونانەی پێشوو و، ئیلغا کردنی بۆ تەسبیت کردنی قانونێکی نوێ، چونکە قانونی (117) و نەوەتیش کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفتی هەیە لە مەنتیقەکانیش تاکو ئێستا بەردەوامە.

مەسەلەی کاری خزمەتگوزاری بۆ جوتیاران و، بۆ گوندەکان، وەکو ئیشارەتی پێدا و کاری ئینتاجی و خەزن، ئەمانە ئەو خاڵە سەرەکیانەن کەوا ئێستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك مەسەلە بۆتەوە، یەکێك لەوانە مەسەلەی دێهاتەکان و گەڕاندنەوەی دێهاتەکان، لەبەر ئەوەی بە کاری خزمەتگوزارەییەکانیان نییە، یان وەکو باسیان کرد بەروبوومەکانیان قیمەت ناکات، ئەوەی رابردووش لەو ماوەیە، مەسەلەن زیاتر لە دووسەد، سێ سەد جوتیار بە سەدان تەن تووتنیان هەیە، تاکو ئێستا قیمەت ناکات و هەموو گیریان خواردۆتەوە بە دەستیەوە، نامەشیان بۆ پەرلەمان نووسیووە، لۆکە تاکو ئێستا کەوتووەو قیمەت ناکات هی کۆن، یەعنی نەك ئەوانەی ئێستا، بۆیە من پێم وایە پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێت مەسەلەی کڕینەوەی بەروبوومەکان لە خەڵك، چونکە من بۆ خۆم کاری جوتیاریم کردووە، زەرەرم کردووە، لەبەر ئەوە کەس نەیکڕیووەو زەرەرم تیا کردووە، تراکتۆرەکەش هی خۆم بووە، هەموو شتەکان هی خۆم بووە زەرەریشم تیا کردووە، لەبەر ئەوە دەبێت گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێت بۆ چارەسەر کردنی، مەسەلەی ئاژەڵداری کە یەکێکە لە کۆڵکە ئەساسەکان، ئەگەر ئێستا موقارەنەی پێ بکەین لەگەڵ سێ چوار ساڵ پێش ئێستا ئاژەڵداری زۆر کەم بۆتەوە، چونکە چەند ساڵێك پێش ئێستا بە ملیۆن مەڕو ماڵات لە کوردستان هەبووە،

ئێستا بەپێی ئەو مەعلوماتانەی کە هەیە ئێستا زۆر کەمی کردووە، ئەوانە هەموو عیلاقەی بەوە هەیە، بۆیە پێم وایە ئەوە پێویستە هەم مەسەلەی قانونەکانی پێشوو و هەم کێشەی زەوی، هەم جوتیارەکە، ئایا زەوی ئەو جوتیارەی کە ئیشی تیا دەکات، یان جوتیارەکە ئەرزەکە جێ دەهێڵێت، ئەوانە پێویستە رەچاو بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پێشنیارا هەی، ئەویش ئەز دبێژم لەگەل خالا یەکێ دانانی پلانگەلی کشتوکالێ، بە گەلەك هەڤالان باسی ئاڤەدانکردنەوەی گوندان کر، ئاڤەدانکردنەوەو ئیهتیمامدان بە جوتیار، ئەڤ هەردووکی هەنێ، هەتا کاك زراریش بەحسێ بلند کرنا نرخی کرد، ئەڤە نابێت، ئەگەر ئێمە بەرێ خۆ بکەینە نوکە کێشەیەکی زۆر مەزنی جوتیاری هەی، ئەویش زەوییە، ئەوژی عەردی زراعی گەلەکێمە، جوتیاری مە سی دۆنمێ هەی، گەلەك جیهازی دۆنم عادر فەلاحی هەی، سی دۆنمی پێ ناژیت، دبێت گەل ڤێری من حەز کرد گەل خالا ئێکێ گەل دانانا وێ ئاماژە ژی هەندێ پلان بێتە دان کو ئاڤەدانکردنا گوندا ئەز گەل سەروشنی بەلاڤە کرنا عاردا سەر جوتیاری، پێشتر لە سەردەمی بوریدا، ئەگەر یەك جوتیار بوا هەتا حەوت جوتیاریێ ساقت نەکردبا، نەدڤی کارمەند، بەس ڤێ هەمی بە ناڤی جوتیارا، هەم کارمەندە، فەرمانبەرە، هەم خودان شۆلێکی ترە لە باژێری، کەواتە ئەوە جێ ناڤێت، ئان دڤێت فەرمانبەر بێت، یا جوتیار بێت، دبێت بەتنێ جوتیار بێت، دبێت ئەڤ ئەهدافێ یەکلا هەمی بۆ یەك کەسی بێتە دابین کردنێ، ئەوی بتەنێ ئەرکی جوتیاری هەنە عاردەکی باشی هەبت، هاریکاری وێ بێتە کرنێ لە لایەنی کەرەستە، بە لایەنی ئاڤەدانکردنەوەی گوندا، کەواتە دڤێت ئەڤ پلانە بۆ ئاڤەدانکردنەوا گوندا و سەروشنی بەلاڤە کردن، یان تەوزیع کردنی عاردا سەر جوتیاران بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شەعبان.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەیە، ئەوەش بۆ جەنابی وەزیر، بەڕاستی یەش هەمی بدرێت ئەسیری بەرهەمێ فەلاحێ کرد، ئەڤ بەرهەمێ فەلاحێ ئیش دەرەوە دێت، ئەو ژی وەك پێشنیار بۆ جەنابێ وەزیرێ تۆ وەختێ بەرهەمی فەلاحی مە دەرکەڤەت، لەو وەختی یان گومرگی قەتع کر، یان ژی گومرگ بێتە گران کرنێ، جا تەئسیرێ لە بەرهەمێ فەلاحی مە داخیلی دبێت، یەعنی ئیش هەمی گرنگتر تەئسیری فەلاحێ مە دبێت ئەممەیە،

ئەگەر ئەمە نەیێت بەرهەمی فەلاحی مە دێتە سەرف کرن، ئەگەر ئەو داخیل بێت، راستی ناهێڵێت سەرف بیت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە گرنگترین ماددەیە لە پرۆژەی قانونەکە، برادەران زۆر موداخەلەیان کرد و، هەندێك لە موداخەلەکان لە یەکێك لە خاڵەکاندا هاتووە، بەڵام بەو شێوەیەی ئەو تەرکیز نەکرا، مومکینە ئینتباهی نەکرد بێت، هەندێ موداخەلەش هاتووە، کە جێگای سەرنجە، ئەوە دەبێت بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، بۆیە ئێمە دانیشتنەکەمان دوا دەخەین بۆ سەعات سێی پاش نیوەڕۆ، لە سەعات دوو و نیو دەکرێت جەنابی وەزیر و لیژنەی یاسایی و لیژنەی زراعە دابنیشن، ئەو مولاحەزاتانەی کە دران لێرە، ئەگەر تەواوی بکەن و حازری بکەن و بۆمان بێنن، کەواتە دانیشتنەکەمان سەعات سێ و نیو دەست پێ دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، تەبعەن چاوەڕوانی لیژنەی قانونی و لیژنەی کشتوکاڵین، کە لەگەڵ جەنابی وەزیر هێشتا دانیشتنەکەیان تەواو نەکردووە، بۆ ئەوەی رەئی نیهائیمان بدەنێ، وەکو لە دانیشتنی پێشوو لە ئیفتیتاح باسمان کرد، گوتمان لەمەودوا غیاب دەخوێنینەوە، ئەوەی لە دانیشتنی پێشوودا غائیب بووە، ناویان دەخوێنینەوە، ئەوەی بە عوزر غایب بووە، یان ئەوەی بەبێ عوزر غایب بووە، غیابی بەیانیمان ئەمانەن (کاك ئەدهەم بارزانی عوزری هەیە، کاك ئارام رەسول مامەند لە لەندەنە ئەویش بە تەلەفۆن عوزرەکی نیشان دابوو ئیجازەی وەرگرتبوو، بەڵام نازانم عوزرەکەیان چەند بەقوەتە هەتا ئێستا تاخیر بووە، بەڕێز چرۆ حمد ئەمین عوزری نییە، غایبە ماوەیەکە نەهاتووە، بەڕێز رۆمیۆ ئیجازەی هەیە، بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی کاك عوسمان عوزری هەیە، یان غایبە، بیرم کەوتەوە عوزری هەیە، غەفور مەخمووری ئیجازەی هەیە، کەرخی نەجمەدین هاتەوە، بەس لە سەرەتا غایب بوو، بەڕێز نازناز عوزری هەیە، فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز چرۆ لەبەر ئەوەی منداڵی بووە، ئیجازەی ئومەمەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئومومە بۆ موەزەفە، ئەندامی پەرلەمان موەزەف نییە، نایگرێتەوە، تەنیا لەو ماوەیەی لە نەخۆشخانەیە دکتۆر ئیجازەی داوەتێ ئەوەندەیە، ئەگینا نابێ، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت چرۆ خان دکتۆرە شوکریە باسی کرد کە منداڵی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرەوەی وڵاتە، هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەتا لە دەرەوەی وڵاتیش بێت، ئیجازەی هەبوو، ئیجازەکەی تەواو بووە، منداڵی دەبێت، ئەگەر بێتو ئیجازەی ساڵێك بێتن دەورەی پەرلەمان خۆی سێ ساڵە، با خۆی تەرشیح نەکردبوایە بە رەئی من، ئیجازەی ئومومە بۆ ئەندام پەرلەمان تەنیا ئەو ماوەیەی نەخۆشە کە دکتۆر ئیجازەی پێداوە، وەکو موەزەف ئیعتیبار ناکرێت، رەنگە موەزەف چڵ ساڵ موەزەف بێت حەقی خۆیەتی ساڵێك ئیجازە وەربگرێت، بەڵام ئەندام پەرلەمان رەنگە دەورەکەی هەر سێ ساڵ بێت، بە هەر حاڵ ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتە با عوزرەکەی بۆمان بنووسێت، ئەگەرنا هەموو جلسەیەك ناوی دەهێنین بە غاییبیشی لە قەڵەم دەدەین و بەپێی نیزامی داخیلی پارەکەی لێ دەبڕین، فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ناو خوێندنەوەکە غایبە، یان سزاشمان دەدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە غایب تەسجیل کرا بەبێ عوزر سزایەکەشی بەپێی نیزامی داخیلی مەبلەغێك تەحدید کراوە، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆ کە هەمواری دەکەینەوە، ئەو مەبلەغە رەنگە زیاد بکەین، پێشنیاری وا هەیە بە پارەی دیناری سویسری نووسراوە، ئەوەش لادەدەین دەیکەینە دیناری تازە مەبلەغەکەش زیاد دەکەین، ناوەکان بە تەنیا بۆ خوێندنەوە نییە، خوێندنەوەی بۆ ئەوەی ئیلزام بێت، لەسەر ئێمەش ئیجرائاتەکە، کێ پەیوەندی بە چرۆ خانەوە هەیە پەیوەندی پێ بکات، چونکە ئێمە لەو جلسەیە غیابمان نووسیووە، ئەگەر نەخۆشە تەقریر طبیمان بۆ بنێرێت، یان نامەیەك بنووسێت ماوەیەکی موحەدد ئیجازە وەربگرێتن، دواتر دەبێت دەوام بکات، ئێستا ئەو جلسەیە ئیعتیبار دەکەین تا جوابی دێتەوە غایبە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر باسی زیاد بوونی نەسل بکەین، نابێت ئەگەر ئافرەت ئەندام پەرلەمان بێت، نابێت منداڵی ببێت؟ حەقێکی شەرعی خۆیەتی، ئێمە لێرە چ دەکەین لەگەڵ یاسا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیجازە وەردەگرێت بۆ ولادە، پێش ولادە بە پازدە رۆژیش، پاش ولادەش بە چل رۆژ، ئەوە هەمووی دەکاتە دوو مانگ بەسە، بەڵام بۆ ساڵێك موەزەف نییە تا ساڵێك ئیجازە وەربگرێت، ئەندام پەرلەمانە، مەفروزە خەڵکێکی هەیە لە ماڵەوە ئاگایان لە منداڵەکەی دەبێت، ئەگەر دەتانەوێ ئیجازەی ئومومەی بدەینێ بەبێ راتب مانیعمان نییە، ساڵێك بەبێ راتب دەتوانێت ئیجازەی ئومومە وەربگرێت بەبێ راتبی پەرلەمانی، لە هەموو دنیادا ئەندام پەرلەمان موەزەف حیساب نییە، نیزامی موەزەف لەسەر ئەندامی پەرلەمان تەتبیق ناکرێت، ئەگەرنا زۆر شت هەیە سلبییە، قورسە لەسەر ئەندام پەرلەمان.

بەڕێزان، پرۆژەیەکی یەکجار زۆرمان لە پێشە، دەبێت تەواوی بکەین، تەقریبەن دوازدە پرۆژەمان هەیە، دەبێت خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکەین، سبەینێ ژمارەیەك لەو پرۆژانە دەخوێندرێنەوە، رۆژانی دواتریش ئەوانی تر دەخوێندرێتەوە، ئینجا ئەو پرۆژانەی کە خوێندراون پێشی پشوو دەبێت تەواوی بکەین، نیزامی داخیلیە وەکو عەرزم کردن لە دەستووردا، بەهەر حاڵ هیمەتی دەوێتن، دانیشتنەکانیشمان هەمووی دەکەینە رۆژانە، هەندێ رۆژ بەیانیان و ئێواران، تاکو ئێواران بێ تاقەت دەبن و زوو موافەقەت لەسەری دەکەن بەبێ موناقەشە، ئێستا دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، بەوەی کەوا ئومێد دەکەین لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵی لەگەڵ جەنابی وەزیر گەیشتبنە صیاغەی کۆتایی بە وەرگرتنی ئەو مولاحەزاتانەی کە ئێوە داتان و بە رێکەوتن لەسەر مولاحەزاتی خۆیان هەیان بوو لەسەر هەردوو راپۆرتەکە، ئەگەر شتێکی کۆتاییان گەلاڵە کردووە، بۆ ئەوەی بیخوێننەوە ئینشائەڵلا بەبێ مولاحەزە دەیخەینە دەنگدان و بتوانین ئەو پرۆژەیە تەواو بکەین، فەرموو کاك شێروان چیتان ئیتیفاق کردووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ و جەنابی وەزیر دانیشتین و، موناقەشەی ماددەی دووەممان کرد بەشێوەیەکی تەفسیلی و، هەندێ مولاحەزاتمان لە جەنابی وەزیر وەرگرت بە نەزەری ئیعتیباریشمان وەرگرت و هەندێ مولاحەزاتیشمان لە لیژنەی کشتوکاڵ وەرگرت، ئەویش داخیلی یاسایەکەمان کرد، رەنگە ئەو موناقەشاتانەی کە کرا لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی بە پەسندمان زانی داخیلی یاسایەکەمان کرد، لێرەدا پێشنیارەکە ئێستا بەو شێوەیەی کە دەخوێنمەوە بەو شێوەیە، ئەوە تەمسیلی وەجهەی نەزەری لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و جەنابی وەزیر دەکاتن.

بەنیسبەت ماددەی دووەم (فەقەرە یەك و دوو و سێ هیچ مولاحەزەمان نییە، لە فەقەرە چوارەوە مولاحەزەکان دەست پێ دەکات، ئیعادەی فەقەرەی چوارمان کردۆتەوە لەگەڵ فەقەرە پێنج، لەگەڵ فەقەرە نۆ و یازدەو دوازدەو، یەك، دوو فەقەرەی قانونی ئیزافەمان کردووە، بەو شێوەیەی کە هەیە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە.

بەنیسبەت فەقەرەی چوارەم، صیاغەکەی بەو شێوەیە بوو (القيام بدعم القطاع الخاص وتشجيع الاستثمار في تنفيذ المشاريع وإنشاء المصانع والمختبرات والمعامل الخاصة بالانتاج بشقيها الحيواني والنباتي).

بەنیسبەت فەقەرەی پێنج بەو شێوەیە هات (دعم وتطوير المصارف الزراعية في الاقليم واصدار التعليمات اللازمة لتسهيل عملها بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم).
بەنیسبەت فەقەرە نۆ بەو شێوەیە هاتووە (الاهتمام بالثروة السمكية وتربية النحل).
بەنیسبەت فەقەرەی یازدە بەم شێوەیە (الاهتمام بالمشاتل والمراعي والغابات الطبيعية والاصطناعية وحمايتها لكونها ثروة وطنية ودعم المحميات الطبيعية).
بەنیسبەت فەقەرەی دوازدە بەم شێوەیە (تحديد حدود الغابات واصنافها بموجب تشريع خاص يتناول تنظيم كافة الامور والمسائل المتعلقة بالغابات في الاقليم).
بەنیسبەت فەقەرەی سێزدە بەم شێوەیە (اقتراح مشاريع قوانين جديدة لمعالجة مشاكل الاراضي يتلائم واقع ومستقبل كوردستان).
بەنیسبەت فەقەرەی چواردە، کە فەقەرەیەکی ئیزافەیە (تنمية الموارد البشرية في مجال تدريب الكوادر الفلاحية والزراعية بمستوياتها المختلفة).
ئەمە بە حەقیقەت مولاحەزاتەکانی ئێمە بوو، کە ئیتیفاقمان لەسەر کردووە، دوا رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە زۆربەی ئەو موداخەلات و مولاحەزاتانەی کە داتان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، ئەوەی وەرنەگیراوە هەندێکیان هاتووە لە مەتنی خاڵەکانی تر، لەبەر ئەوە ئەگەر ئیجازە هەبێتن ئەو گۆڕانکاریانەو پێشنیارە تازانە یەکە یەکە دەیخەمە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی دواتر ماددەکە هەمووی بخەمە دەنگدانەوە، دەبێت فەقەرە فەقەرە بێت، چونکە هەمووی گۆڕانکاری لەسەر کراوە، کاکە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بخەمە دەنگدانەوە، فەقەرەی چوارەم (القيام بدعم القطاع الخاص وتشجيع الاستثمار في تنفيذ المشاريع وإنشاء المصانع والمختبرات والمعامل الخاصة بالانتاج بشقيها الحيواني والنباتي)، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، خاڵی پێنجەم (دعم وتطوير المصارف الزراعية في الاقليم واصدار التعليمات اللازمة لتسهيل عملها بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم)، ئەوە تەبعەن لەسەر داوای ئێوە بوو، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، خاڵی نۆیەم (الاهتمام بالثروة السمكية وتربية النحل)، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، خاڵی یازدە، ئەوەی کە تەبعەن تێدا نییە وەکو خۆی ماوەتەوە، (الاهتمام بالمشاتل والمراعي والغابات الطبيعية والاصطناعية وحمايتها لكونها ثروة وطنية ودعم المحميات الطبيعية)، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، خاڵی

دوازده (تحديد حدود الغابات واصنافها بموجب تشريع خاص يتناول تنظيم كافة الامور والمسائل المتعلقة بالغابات في الاقليم)، كێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، خاڵی سێزدە (اقتراح مشاريع قوانين جديدة لمعالجة مشاكل الاراضي يتلائم واقع ومستقبل كوردستان)، ئەمەش وەکو بڵێی بەدیهییە، بەڵام هەبێت باشترە، بۆ ئەوەی کەس رێگای لێ نەگرێتن، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەقەرەی چواردە (تنمية الموارد البشرية في مجال تدريب الكوادر الفلاحية والزراعية بمستوياتها المختلفة)، ئەمەش تازەیە، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە لە یەکەوە تاکو چواردە، ئەوانەی کە نەخوێندرانەوە وەکو خۆی لە ئەسڵی ماددەکە هاتووە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تکایە.
ماددەی سێ و چوار بە پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەمج کراوە ببێتە یەك ماددە، ئەو پێشنیارە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوە موناقەشە بکەین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە هەردوو ماددەی (3،4) لە پرۆژەکە لیژنە پێشنیار دەکات دەمج بکرێت لەگەڵ ماددەی (3)دا لە ژێر ناوی (پێکهاتەکانی وەزارەت) و بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:

ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانە پێك دێت:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە کارو ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی وەزارەت و سەرپەرشتی و چاودێری و بە ئیشرافی ئەو دەرکردنی و جێبەجێ کردنی هەموو بڕیارو فەرمان و رێنمایی لە هەموو شتێك پەیوەندی هەبێت بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکانی و صلاحیات و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و رێکخستنەکانی بە پێی حوکمەکانی یاسا و بەرپرس دەبێت لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو پێ یەی ئەندامێکی هاوکارە تیایدا و بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بداتە جێگری وەزارەت یان بەرێوەبەرە گشتییەکان یان هەر یەکێك کە بەگونجاوی بزانێ لە وەزارەت.

دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی وەزارەت وسەرپەرشتی کردن لە کاروبارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە لایەن وەزیرەوە دەیدرێتێ بە مەرجێ خاوەنی بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ و پسپۆری بێت.

سێیەم: نوسیینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەر هەلگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر هاوکاری دەکەن.

چوارەم: نوسینگەی بریکاری وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات و بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەر هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر هاوكاری دەكەن.

پێنجەم: ڕاوێژكاران: ژمارەیان لە چوار زیاتر نەبێت و هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بن.

شەشەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆ كاروباری كارگێری و دارایی: بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بێت.

حەوتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وبەدواداچوون: بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی و بەرێوەی دەبات هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بێت.

هەشتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆ زەوی كشتوكاڵی: بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی و بەرێوەی دەبات هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بێت.

نۆیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی دارستان و لەوەڕگا: بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی و بەرێوەی دەبات هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بێت.

دەیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی لێكۆڵینەوەو ڕێنوێنی كشتوكاڵی: بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی و بەڕێوەی دەبات هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بێت.

یازدەیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی سامان و تەندروستی ئاژەڵ: بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی و بەرێوەی دەبات هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بێت.

دوازدەیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری كشتووكاڵی: بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی و بەڕێوەی دەبات هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بێت.

سیازدەم: بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی كشتوكاڵی لە ناوەندی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان: سەرۆكاتی و بەڕێوەبەرایەتی هەریەكان بەڕێوەبەرێكی گشتی دەیكات كە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی پسپۆڕی زانكۆ بێت و خاوەن ئەزموون و پراكتیك بێت بۆ سەرپەرشتی كردنی جێ بەجێكردنی پڕۆژە كشتوكاڵیەكان لە پارێزگا و بەڕێوەبورایەتیەكان و لقە كشتوكاڵیەكانی پارێزگا پێیان دەبەسترێتەوە لە سنووری هەر پارێزگایەك لەو پارێزگایانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی كشتوكاڵ تێبینیمان نییە لەسەر ئەو دوو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە کە برای بەڕێزم مامۆستا کاکە خوێندیەوە، ئێمە دوای ئەوەی کە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین و، لەگەڵ لیژنەی زراعەش دانیشتین، چەند تێبینیەکمان هەبوو لەسەر ئەو مەسەلانە، کۆی مولاحەزەکان بەم شێوەیە بوو، ئیعادەی نەزەر لە هەیکەلەکە کراوەتەوەو تەشکیلاتی وەزارەت هاتۆتە سەری لە رەئسی هەرەمەکە جەنابی وەزیرە تەشکیلی وەزارەت، دوایێ دێتە خوارێ مودیریاتی عام و وەکو وەزارەتەکانی دیکە، بۆیە ئیعادەی صیاغە لە هەندێك فەقەرات کراوەتەوە.

دوو/ دەزگاکانی هەیکەلی تەنزیمی تەعریفی نەبووە، ئێمە تەعریفمان کردووە، چونکە لە ئەسڵی پرۆژەکە نەهاتووە.

سێ/ بەنیسبەت عەدەدی موستەشارین تێدا نەبووە، ئێمە چوار موستەشارمان وەکو وەزارەتەکانی دیکە دەست نیشان کردووە لە بڕگەیەکدا.

چوار/ هەندێك گۆڕانکاری بەسەر ناوی مودیریاتەکان هاتووە، یەك لەوانە (المدیریة العامة للغابات والمراعي)، بە ئیقتیراحی جەنابی وەزیر (البستنة)ش ئیزافە کراوە، واتا فەقەرەی حەوت بووە (المدیریة العامة للبستنة والغابات والمراعي)، ئەوە لەسەر پێشنیاری جەنابی وەزیر بوو.

فەقەرە نۆش (المدیریة العامة للثروة الحیوانیة والبیطرة)، لە جیاتی (المدیریة العامة للثروة والصحة الحیوانیة)، ئەوەش لەسەر پێشنیاری جەنابی وەزیر بوو.

بەنیسبەت فەقەرە دوازدەش بە حەقیقەت جێگای ئێرە نییە، ئێمە پێشنیار دەکەین کە فەقەرە دوازدەش لەغو بکرێت، ئەوە کۆی مولاحەزەتەکانی ئێمە بوو، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەك مولاحەزەم هەیە، ئەویش وەکیل وەزیرە، (وکیل الوزیر: یکون حاصلاً علی شهادة جامعیة أولیة اختصاصیة ومن ذوي الخبرة والاختصاص) بنووسرێت، یەعنی بێ خبیرەت نەبێت وەکو مودیر عام بێ خیبرەت داوا نەکردووە (ومن ذوي الخبرة والممارسة)، ئیختیصاصیەت نووسیووە، (ومن ذوي الخبرة والممارسة)، وابزانم ئەوە لە هەموو وەزارەتەکاندا هاتووەو ئیتیفاقی لەسەر کراوە، ئەگەر کەس ئیعتیرازی لەسەر نییە، یان موناقەشەی لەسەر نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی کە دوو ماددەکەی کردۆتە یەك ماددە، ئەو گۆڕانکارییەی کردووە، بە موافەقەتی جەنابی وەزیر، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنج کە ئێستا بووە ماددەی چوار تکایە.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناتوانین قسەیەکی تیا بکەین، ئەو هەموو مودیر عامانە بۆ (44) وەزارەت، حیسابم کردووە (572) مودیر عاممان هەیە، هەر مودیر عامێك سێ ملیۆن وەردەگرێت، دەکاتە ملیارێك و حەوت سەد و نازانم چەند ملیۆن دینار، وەڵلاهی ئەمە تەئسیر دەکاتە سەر میزانیەی دەوڵەت، من داوا لە وەزیری بەڕێز دەکەم ئیعادەیەکی نەزەری بکەنەوە بەو بەڕێوەرەبەرە گشتیانە، بەڕاستی گوناحە ئەو هەموو میزانیەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم جار گوتمان کێ رەئی هەیە، دەنگت نەکرد.

دووش/ لە دەنگداندا تەنیا تۆ ئیعتیرازت کرد، گوتمان بە زۆرینەی دەنگ، دوایێ بە خاڵی نیزامی ناتوانین بگەڕێینەوە، بڕیار دراو تەواو، ئەو رەقمەی کە هێناوتە، دەبێت خاڵی نیزام لە تۆ بگرین، چونکە تۆ نە قسەت کرد، دەنگیشت نەدا بە قسەی ئەوەمان کرد کە دەنگت نەداوە، کردمانە ئەکسەریەت بە تەنیا تۆ دەنگت نەدا، حەقی خۆتە دەنگ نەدەیت، حەقی خۆتە قسە بکەیت، قسەت نەکرد، حەقی خۆتە دەنگیش نەدەیت، ئەوە عاید بە خۆتە، فەرموو کاکە بۆ ماددەی پێنج کە بۆتە ماددەی چوار.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادة الخامسة من المشروع والتي ستصبح برقم (المادة الرابعة) وفق مقترح اللجنة القانونية تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

المادة الرابعة:

أولاً/ يشكل مجلس الاستشاري الوزارة من :-

أ-الوزير/ رئيساً .

ب-وكيل الوزارة/ عضواً و يرأس المجلس في حالة غياب الوزير .

ج-المستشارون في الوزارة/ اعضاء

د- المدراء العامين في الوزارة/ اعضاء.

هـ- مسؤولي النقابات والجمعيات ذات العلاقة/ اعضاء.

ثانياً / للوزير اضافة ممثلين عن الوزارات الأخرى أو خبراء من خارج الوزارة عند الضرورة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مومکینە سەهوەك هەیە لەوێ، نازانم وەکیل وەزیر لە هەموو وەزارەتەکان نائیب رەئیسە بەنیسبەت ئەو مەجلیسە، نەك عوزو، لێرەش دەبێت وا بێت، ئەوە یەك.

دوو/ جەنابی وەزیر پێشنیارێکی هەبوو بەنیسبەت (ممثلي النقابات)، بەڕاستی دەڵێت مەسەلەکە بەنیسبەت وەزیر ئیختیاری نەبێت، واتا وجوبی بێت، جەوازی نەبێت، من حەز دەکەم (ممثلي النقابات)یش داخیل ببێت لەو مەجلیسە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە نووسیوتانە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر ئەوە جەوازیە، دەبێ وجوبی بێت بەنیسبەت ئەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە یەك شت هەیە، (ممثلي النقابات والجمعيات ذات العلاقة)، کەواتە بەنیسبەت وەکیل وەزیر (نائباً للرئيس) دەبێتن، بەنیسبەت (ثانياً/ للوزير اضافة ممثلين عن الوزارات الأخرى أو خبراء من خارج الوزارة او ممثلي النقابات والجمعيات ذات العلاقة عند الضرورة)، کاك ڕەشاد قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لیژنەی ئیستیشاری ئەو سەلاحیەتە بۆ وەزیر بمێنێت کێی داوا دەکات، بەلاّم ئەگەر وجوبی بوو نەقابات ئیشتیراك بکات، چەند ئەتراف زیاد بێت، ئەوەندە کێشەی زیاد دەبێت، پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(عند الضرورة وذات العلاقة) وەزیر تەحدیدی دەکاتن، مومکینە کەس داوا نەکات، ئێستا دەسەلاّت داوا کردن بۆ وەزیرە، کە ئەو داوای نەکرد یەعنی هیچ، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقي شاويس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەزارەتی کشتوکاڵ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە جوتیارانەوە هەیە، من وا تێدەگەم کە نوێنەری یەکێتی جوتیاران زەرورییە لەو هەیئە ئیستیشاریە هەبێت، یەعنی ئەو دەبێت بە زەروریەت حازر بێت، چونکە ئەمە لایەنێکی گرنگە، بەرژەوەندییەکی گشتی تێدایە، دەبێت نوێنەری جوتیاران لەو هەیئە ئیستیشاریە حازر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە وتت (ذات العلاقة) یەکەم ڕەقم ئەوان دەگرێتەوە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالعزيز طيب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لە مەتنی نەصەکە هاتبوو (للوزير اضافة ممثلين عن الوزارات الأخرى أو خبراء من خارج الوزارة وممثلي النقابات والجمعيات ذات العلاقة عند الضرورة)، بە پێچەوانەوە ئێمە وامان لێ کردووە، ئێستا پشتی موستەشارین، پشتی مودیر عامە، ئەوانەمان داناون لە خاڵی پێنجەم کردومانە ئیلزامی، مەسئوولینی نەقابات و جەمعیات ئەوی زات عیلاقە بە وەزارەتی زراعە عوزونە لەو مەجلیسە، خاڵی ترمان کردیە (للوزير اضافة ممثلين عن الوزارات الأخرى)، یەعنی ئەو دەسەڵاتەمان داوەتە وەزیر، بەس ئیزافەی مەسئوولینی مونەزەمات و نەقابات و جەمعیات کردوومانە شتێکی ئیلزامی، من ئەوە بە مەسڵەحەت دەزانم، کە فیعلەن ئەو مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنیەی ئەوی عیلاقەی بە وەزارەتی زراعە هەیە با بێت هەست بە مەسئوولیەتی خۆیان بکەن و موشارك بن لە سونعی قەرارات، لەبەر ئەوە ئێمە کردمانە ئیلزامی، وەکی دکتۆر باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە شەرحی کاك شێروان باسی ئەوەی کرد کە موستەشارن عەددەکەی تەحدید کردووە بە چوار، بەڵام لە خوێندنەوەی کاك عەونی باسی عەددەکەی نەکرد، ئەوە یەك.

دوو/ ئەو خاڵەی کە پێشنیار کرا وەزیر بۆی هەبێت لایەنەکانی تر لە وەزارەتەکانی دیکە ئیزافەیان بکات بۆ ئەو مەجلیسە، من پرسیار دەکەم وەزیر سەلاحیاتی هەیە لەسەر وەزارەتی دیکە خەڵك ئیزافە بکات، یاخود بگوترێت ئیستیزافەی خەڵکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت موستەشارین کاك سەردار سەهو ڕۆیشتووە، ئێمە باسمان کردووە، لە بڕگەی پێنجەم لە ڕاپۆرتمان (المستشارون لا يزيد عددهم عن اربعة)، ئەوە باس کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نازانم مولاحەزەکەی هینە، کە جەنابی وەزیر دەڵێت ئیلزامی بێتن، بەس من پێم وایە ئیلزامی بۆ خۆتان موشکیلەیە، یەعنی بە قەراری ئیلزامی ڕەنگە کۆسپ بێتە پێش، ئەگەر بە ئیلزام بکەیت ڕەنگە یەکێك بڵێت بەپێی قانون ئەی فلان نەقابە، ئەی فلان جەمعیە، یەعنی ئەوە بەڕاستی مرونەتەك بۆ خۆت ناهێڵێت، کۆبوونەوەکان دەبێتە کۆسپ بۆی، یەکێك هەڵدەستێت دەڵێت بەپێی قانون کە بۆت دەرچووە، تۆ دەڵێی ئیلزامیە بۆ تۆ، فلان نەقابە بۆ هینت نەکردووە، ئەویش بۆی شەرح دەکاتن کە پەیوەندی بە

ئیشەکەیەوە هەیە، تۆش قەناعەتت نییە بەوەی، لەبەر ئەوەی ئەوە بۆ وەزیر بمێنێت، تەقدیر بۆ وەزیر بمێنێت باشترە، نازانم کەیفی خۆشتانە، یەعنی لیژنەی قانونی چۆنی دەکەیت، کاك خورشید خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم خاڵی نیزامییە، یان نا، بەس من تەئیدی قسەی جەنابت دەکەم بۆ ئەو مەوزوعە، تەنها رەئیسی جەمعیەی فەلاحین زەرورە دانێیت، تەئیدی کاك دکتۆر دلێر دەکەم، ئەویتر تەئیدی جەنابت دەکەم، چونکە بەوە موشکیلە دروست دەبێت، بیست نەقابە هەیە، بیست جەمعیاتیش هەیە، رەئی چ جەمعیەی فەلاحینە عیلاقەی موباشیری بە وەزارەتی زراعەوە هەیە، هەموو جەمعیاتی زراعی عیلاقەی بە جەمعیاتی فەلاحینەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ فەیدیە، ئێمە تەشجیعی نەقابات و جەمعیات دەکەین بێتە تەشکیل کرن و، بابەتەکە زراعییە، شتێکی زراعی ئێمە شتێکی سڕیمان نییە، خاصەتەن لە ئیجتیماعاتی موەسعی دەوری زۆر زۆر موهیمە ئەوانە حازر بن، بە پێچەوانەوە مەشاکیل تەخفیف دەبێت، ئەوانە موتەلیع دەبن لەسەر هەموو بڕیارێك، کە ئێمە بڕیارێك دەدەین، یەعنی سبەینێ ئەوانە دەتوانن بچن لەناو موجتەمەعی خۆیان، لە قیتاعی خۆی دیفاع لە قەراراتی وەزارەت بکات، نەك بڵێن ئێمە ئاگامان لەو قەرارە نەبووە، هیچ شتێکی نهێنی نییە و ئێمە باسی شەفافیات دەکەین، با ئەو نەقابات و مونەزەماتانە هەمووی بێن داخیل ببن و موناقەشە دەکەین و، ئەو ئیستیعدادەش دەبێت هەمان بێت و، ئەو نەفەسەش دەبێت نەفەسی دیموکراسی دەبێت هەبێت بە تەسەوری من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئیشکالە نایێتە پێشتان، مەسەلەن ئەو قانونە سبەینێ دەرچوو، جەنابت ئەو مەجلیسەت دەعوەت کرد بۆ ئەوەی کۆبوونەوە بکەن، رەئیس جەمعیەی فەلاحین، کام رەئیس جەمعیە، یەك جەمعیەمان هەیە هی فەلاحین، کە تۆ دەعوەتی بکەیت، یان موتەعەدیدە.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووەو هەموو نەقاباتیش تەبلیغ کراون، دەبێت هەتا کۆتایی ئەمساڵە، یەعنی ساڵی رابردوو دەبێت هەموو یەکتر بگرن، فعلەن هەموو نەقاباتیان یەکتریان گرتووە، ماعەدا جەمعیاتی فەلاحین ئێستا وا خەریکە بۆ یەکتر گرتنەوە، ئێمە باسی مەشروعێکی موستەقبەلی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(ثانیا) وەكو خۆی بمێنێتن، بەلاَم لەوێ جەمعیاتەكە شەتب بكەن، یەعنی (ه)ەكە بەو شێوەیە دەبێتن (ثانیا: للوزیر اضافة ممثلین)، ئەوە لە دەسەلاَتی وەزیر بێتن خوبڕا و نەقابات و وەزارەتی تر كێ داوای دەكاتن، با نەقابەی فلاحین ئیلزامی بێتن، ئێستا بەم شێوەیە بیخوێنەوە تاكو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كوردستانێ كۆمەڵێك جەمعیاتی فەلاحین هەنە، مەتی حەفت فەلاحین هەیە یێكتر گرتینە، ئەو قەوانینە دێتە پێشی جارێ هێشتا چ شێوەیەك صیاغەیەك بۆ حەد چ كریە بە چۆلی كە، ئەگەر بێژی (الفلاحین ذات العلاقة) ئیحتیمالە تۆ حەسر بكەیت، ئەگەرنا كۆمەڵێك جەمعیا فەلاحیا یا فلان زراعەتی، یا فلان انتاجی كۆمەڵێك شت دروست دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان دوو مولاحەزەم هەیە، یەكەمیان/ ئەوە خاڵی نیزام نییە.

دووەم/ من و جەنابی وەزیر موناقەشەمان لەسەر ئەوەی كرد، من ئەو قسەی جەنابتم كرد، ئەویش وتی بەپێی قەراری مەجلیسی وەزەرا دەبێت تەوحید ببن، دەبوایە نیهایەتی ساڵ تەوحید ببن، ئێمەش ناتوانین قانون دەربهێنین لەبەر ئەوەی تەوحید نەبوونە، هەر تەوحیدیش دەبن، مەبەدەئەكە لێرە تەسبیت دەكەین، لەبەر ئەوە ئیعتیرازەكەت مەعقولە، بەلاَم باسمان كرد، بەڵێ.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دیسان باسی ئەوە دەكەمەوە، چونكە ئەگەر ئێمە بەس جەمعیات حەسر بكەین لەسەر جەمعیاتی فەلاحین، مەسەلەن موهندسینی زراعین قوتاعێكی زۆر فراوانە، هەمووی گەنجن و ئێمە ئێستا خەریكین دەور بدەینە وان، وان راكێشین بۆ عەمەلیەی ئینتاجی، لەبەر ئەوە من تەسەور دەكەم با شمولیەت تێدا هەبێت، یەعنی (مسؤولي المنظمات والجمعيات ذات العلاقة)، یەعنی ئەوە عیلاقەی بە وەزارەتی زراعە هەبێت، با بێنە كۆبوونەوەكە، چ موشكیلەمان نییە، كۆبوونەوەی دەوریە مانگێ جارێكە، با هەموو مونەزەماتی نەقاباتی مەعنی بێن حازر بن، بە تەسەوری من قوەتێكی تر دەداتە قانونەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە عەفوم دەكەن، یەعنی مەسئولیەتەكە تەزامونییە، ئێمە كە قسەیەك دەكەین، راستە جەنابی وەزیر خۆی باشتر دەزانێتن، ئەوە مرونەتە دیموكراتیەت ئەو قسانە دەكاتن، بەلاَم عەفوم دەكەیت من عەمەلی بە واقیعی نازانم، چونكە تۆ مەجلیسێك مانگێ جارێك كۆ بكەیتەوە ئەو هەموو قەرەباڵغیە ناتوانیت ئیش بكەیت، ئەوانەی جەنابت دەڵێیت دەبێت لە دوای یەكیان بۆ بكەیت، دوو مانگ، سێ مانگ

جارێك، هەموویان داوا بكەیت، نەك یەك كەس، یان دوو كەس، دەكرێت بیست كەس لە نەقابەی موهندسینی زراعە بێتن، سی كەس لە نەقابەی ئەوە بێتن، بەلاّم تۆ ئەنجومەنێكی ئیستیشاریت دەوێت، زوو زوو دەبێت كۆببیەوە، تەحدیدی بكەیت بەو تەریقەیە فراوانە ناتوانێت كۆببیەوە، هەموو جار چوار كەس لەویّ نەهاتووە، پێنج كەس لەویّ نەهاتووە، ئەوەی كە ئێستا هاتووە باشترە، جەمعیاتی فەلاحین بكرێتە خالێك وەكو ئەوانی تر، ئەوانی تر بمێنێتە دەسەلاّتی خۆت، جەمعیاتی فەلاحین زۆرتری هینی هەیە، یەعنی (ه)ەكەی تێدا بێت، ئەوی تریش چەندت بۆ دەكرێتن نەقابەی زراعینە، حەز دەكەی عەمیدی كۆلیژی زراعەیە، ئەوەی كە خیبرەی هەیە، شارەزایی هەیە لە وەزارەتەكانی تردا، ئەوە بمێنێتەوە سەلاّحیاتی خۆت مرونەتی هەیە، بۆ خۆت باشترە، یەعنی بۆ خۆت بۆ مرونەتی ئیشەكە، بۆ عەمەلی ئیشەكە ئەو تەریقەیە باشترە، ئەگەرنا ئێستا تەحدید بكەیت هەموو مانگێیش مەجبور بیت بەپێی تەحدید كردنی ئەو قانونە نەقابەی فلان بێتن، هی فلان بێتن بە تەحدید قورسترە، كەیفی خۆشتە، من ئەو مولاحەزەیە دەدەم، بەلاّم كەیفی خۆشتانە، كاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە ئاماژە كرا نەقابەو سەندیكا پەیوەندیدارەكان لە لایەكەوە تەشجیع دەبن، لە لایەكی تریشەوە وەزارەت دەوڵەمەند دەكەن، هەموومان یەك دەنگین كە ئیهتیمام بدرێت بە زراعە، ئەو كاتە تۆ وتت پەیوەندیدارەكان، ئیتر وەزیر دەزانێت كیّ بانگ دەكات، هەم شمولی دەبێت و هەم پەیوەندیداریش دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەجلیسی وەزارەت رەسمی سیاسەی وەزارەت دەكات و لایەنێكی جیّ بەجیّ كەریشە بەڕاستی، رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، یان نەقابات و جەمعیات چۆن دەبێت ببن بە بەشێك لەلایەنی جیّ بەجێكەر، دەكرێت لە لیژنەیەكی ئیستیشاریدا ئەوان موشارەكە بكەن، چونكە زۆر جار لەوانەیە داواكاری ویست و داخوازیەكانی ئەو چین و توێژو جەمعیاتانە بە دڵ لە توانای وەزارەت بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، بە قەناعەتی من قورساییە بۆ وەزیر، بەلاّم دەی با بە دڵی ئێوە بكەین، دوایی ئەگەر عەمەلی نەبوو داوای تەعدیلی بكاتن، فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم بۆ جەنابی وەزیرە، ئەوەی كە جەنابی وەزیر دەڵێت، ئێمەش دەڵێین، ئەو دەیەوێت ئیلزامی بێت، ئێمە دەمانەوێت رەغبەتی وی بێت، تەنها رەئیسی جەمعیەی فەلاحین عیلاقەی موباشیری بە

وەزارەتی زراعەوە هەیە، دەبێت هەیئەی ئیستیشاری ئیلزامی بێت، باقی تر جەنابی وەزیر حەز دەکەیت هەرچی نەقابات و جەمعیاتە داوا بکە، بەلاَم بە رەغبەتی خۆت بێت، ئەوە باشترە بۆ جەنابت، کەس مانیع نییە داوای بکەی، بەلاَم ئیلزامی نەبێتن، تەنها رەئیسی جەمعیەی فەلاحین حەقی هەیە ئیلزامی بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من کاریگەرترین جەمعیە، جەمعیەی فەلاحینە لە ناحیەی ژمارەی عوزوەکانی و بەڕاستی هیچ جەمعیەیەك لە کوردستان نییە ژمارەی ئەندامەکانی بگاتە دە لە جەمعیاتی فەلاحین، بە قەناعەتی من مومەسیلی جەمعیاتی فەلاحین وجودی وجوبی بێتن، ئەوانی تر نەقاباتەکانی تر لەگەڵ فەقەرەی دوو دەمجی بکەین لەگەڵ وەزارەتەکان و مونەزەمات و (الجمعیات ذات العلاقة)، ئەگەر هاتوو وەزیر داوای کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەکە بەو شێوەیەی لێ دێت:

أ-الوزیر/ رئیساً .

ب-وکیل الوزارة/ نائباً للرئیس .

ج-المستشارون في الوزارة/ اربعة/ اعضاء

د- المدراء العامین في الوزارة/ اعضاء.

هـ- رئیس الجمعیات الفلاحیة/ عضو.

ثانیاً / للوزیر اضافة ممثلین عن الوزارات الأخرى أو خبراء من خارج الوزارة او ممثلي النقابات والجمعیات ذات العلاقة).

باشە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دەنگماندا، بەلاَم تەعدیلەکە جارێکی تر شەرح دەکەمەوە، (هـ) ئیزافە کرا لە ئەوەلەن ئەویش ئەوەیە ئیزافەتەن ئەندامی ئەو مەجلیسی ئەنجومەنی راوێژکاری کێیە؟ جگە لە وەزیر و وەکیل وەزیر و هینەکان، رەئیسی جەمعیەی فەلاحینە، دووەم لەو ماددەیەدا بۆ وەزیر هەیە نوێنەرانی وەزارەتەکانی تر، یان خەبیر لە دەرەوەی وەزارەت و، نوێنەرانی نەقابات و جەمعیات کە پەیوەندیان بەو ئیشە هەیە ئەوە بکاتن لە کۆبوونەوەی ئەو ئەنجومەنەدا، دەنگمان بۆ دا، ئەوەی لەگەڵیەتی دەنگی دا، کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی شەشەم: هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییش, فرمانبەرێ، بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و، پسپۆڕیش بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو ماددەیە حەزف بێت، چونکە مودیر عامەکان هەمووی بە تەفسیل و شەرحەوە هاتووە لە مەتنی هەیکەل.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**حەزفی ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ ماددەی شەشیش حەزف کرا، ماددەی حەوتەم، کە دەکاتە ماددەی پێنج ئێستاکە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوتەم:**

**1- مەرکەز و پێکهاتەکانی وەزارەت و ئەرك و سەلاحییاتی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە واوەستەکانیان و دەستەکانیش، بە پێڕۆ دیار دەکرێن.**

**2- ئەنجومەنی وەزارەتەکە، بۆی هەیە، هەر کاتێ پێویست بکا، بەڕێوەبەرایەتی و لق و بەش و هۆبەی نوێ بکاتەوە یان یەکیان بخا، یان ئیلغایان بکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**فیما یتعلق بالمادة السابعة من المشروع والتی ستصبح برقم المادة الخامسة وفق مقترح اللجنة، تقترح اللجنة إعادة صیاغتها کالآتي:**

**المادة الخامسة:**

**أولاً: یحدد بنظام مهام وأختصاصات تشکیلات الوزارة.**

**ثانياً: للوزير إستحداث أو دمج أو ألغاء أي من المديريات أو الفروع أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الأقتضاء.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەش وەکو وەزارەتەکانی تر دەگونجێت لەگەڵ ئەوەلیات، دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیەش وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەشتەم: یاسای ژمارە (10)ی ساڵی (1992)ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ئیلغا دەکرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**فيما يتعلق بالمادة الثامنة من المشروع والتى ستصبح برقم (المادة السادسة) تؤيدها اللجنة بعد أضافة (وتعديلاته) الى آخر المادة.**

**(يلغى قانون وزارة الزراعة والري رقم (10) لسنة 1992 وتعديلاته).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیەش وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم: وەزیر، بۆی هەیە رێنماییگەلی پێویست بۆ ئاسانکردنی بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ليس للجنة أية ملاحظة على المادة التاسعة من المشروع والتى ستصبح برقم المادة السابعة.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیەش وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: هەر دەقێ، لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، کاری پێ ناکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادة العاشرة من المشروع والتی ستصبح برقم المادة الثامنة تقترح اللجنة صياغتها كالآتی:

المادة الثامنة: (لايعمل بأی نص قانونی أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیەش وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادة الحادية عشرة من المشروع والتی ستصبح برقم المادة التاسعة تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

المادة التاسعة: (على مجلس الوزارء والجهات ذات العلاقة تنفيد أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی دوازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوكردنەوەی لە (وەقائعی كورستان)ـەوە كاری پێ دەكرێ.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**أما فيما يتعلق بالمادة الثانية عشرة من المشروع والتى ستصبح برقم المادة العاشرة تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:**

**المادة العاشرة: (ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

***هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە***

**ژینگە (خاك و ئاو و هەوای) كوردستان بۆ كشتوكاڵ زۆر لەبارە. خاكی بە پیتە و سامانی ئاوی زۆرە. كوردستان بەر لە هەزاران ساڵ ولاْتێكی بە كشتوكاڵ و بە نان و خوان بووە و، لەم رووەوە پێشەنگی ولاْتانی رۆژهەلاْت بووە. وەلێ زوڵمی كاول كاری و ڕا گواستن و دەركردن و، خەڵك لە كۆمەڵگای زۆرە ملێ ئاخنین و، داپۆشینی زەوی وزاری بە پیت و بەرەكەتی كوردستان بە شرەخانوو و چادرگای نا هەموارو، بێ بەش لە ئەسبابی ژیان، كە حكومەتە یەك لە دوا یەكەكانی عێراق بە داخ لە دڵی و ركی شۆڤینی و كینەی دوژمنایەتی بەسەر گەلی كوردستانیاندا هێنا، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی كوێر بوونەوەی كشتوكاڵ و سەرەنجامیش فەلاو وەرزێران كە رەنێوهێنی بە هێزی كشتوكاڵ بوون و خاوەن سفرە و دیوەخان بوون بە ناچاری بوون بە نانخۆری بێ خەلەو خەرمان و بەكاربەری (مستهلك) بێ بەروبووم. ئەمە سەرباری ئەوەش كە یاساو بەیاننامەو تەعلیماتی كوێرانەی پڕ لە كینە بۆ كوێركردنەوەی كانی و چاوگەكانی ئاوو كاولكردنی جۆگەو جۆبارو سووتاندنی دارستان و ریشە كێشكردنی رەزو باخ و بێستان دەردەكراو**

سەرپاکیشی مینرێژکراو بە ناوچەگەلی حەرام دانران. جا بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەم هەموو کاولکارییە نەمێنێ و کێشە و گرفتی گوندەکان تەخت بکرێن و ڕەنێوهاتی کشتوکاڵ باشتر بکرێ و بەرەو چاکتر بگۆڕدرێ و خزمەت هێنانی پڕ بە پێست (الاستخدام الامثل) بۆ هێزی کارو توانستی سروشتی لە کوردستاندا بڕەخسێ و، کەش و هەوایەکی لە بار بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵ پەیدا بکرێ و ئامانجی خۆشگوزەرانی و, خۆگوزەرانی (الاکتفاء الذاتي) بێتە دی و ئاسایشی خۆراکسازی وەدەست بێت و کۆچی پێچەوانەش دەست پێ بکاو ژیانێکی ئاسوودەو بەختیاریش بۆ دێهات و گوندی کوردستان دابین بکرێ و فەلاو وەرزێرو ڕەزەوان و باخەوانەکانیشیان بچنەوە سەر زێدی خۆیان، لەبەر ئەوانە هەمووی دانانی ئەم یاسایە بە پێویست زانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان هۆکاری دانانی ئەم یاسایەی بەم شێوەیە داڕشتووە:

لەبەر ئەوەی کە کشتوکاڵ کۆڵەکەیەکی بنچینەیی ئابوورییەو، هەروەها بۆ زەمانەت کردنی ئاسایشی خۆراك، لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی خاك و ئاو و کەش و هەواوە بۆ کشتوکاڵ لەبارە، پێشتریش تووشی نەهامەتی و کاولکاری و ڕاگواستن بووەو، لە پێناوی هاندانی کۆچی پێچەوانە لە شارەکانەوە بەرەو گوندەکان ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەسڵی ئەسباب موجیبەکە دوو فەقەرەیە، فەقەرەی یەکەم زیادە، ئینشایە باسی تاریخ دەکاتن، ئەوەی لیژنەی کشتوکاڵیش گوتی تەقریبەن لە (80٪)ی پەرەگرافی دووەمی ئەوەی لە ئەسڵی قانونەکە هاتووە، پێم وایە ئەسڵی قانونەکە بە عەرەبیەکەی زۆر باشە، کوردیەکەش فەرقێکی وای نییە، بەس ئەوەندەیە فەقەرەی یەکەم حەزف بکرێتن (لغرض تطوير وتحسين) لەوێوە دەست پێ بکات، تەماشای بکەن لیژنەی قانونی و لیژنەی کشتوکاڵ و جەنابی وەزیر، لەوێوە (لغرض تطوير وتحسين الانتاج الزراعي وايجاد الحلول السليمة امام هذه المعوقات الموجودة لتحقيق الاستخدام الامثل للامكانيات الطبيعية والمادية والبشرية في كوردستان لغرض تهيئة الاجواء الملائمة لاعادة بناء البنية التحتية في القطاع الزراعي وتحقيق الاكتفاء الذاتي والامن الغذائي وتشجيع الهجرة المعاكسة (من المدينة الى الريف) بغية الوصول الى حياة افضل في قرى وارياف كوردستان واحيائها ولاجل تنفيذ ما ورد اعلاه تم تشريع هذا القانون)، وابزانم ئەوەی لیژنەی کشتوکاڵیش هەر هەمان شتە، جەنابی وەزیر ئەگەر مولاحەزەت نییە فەقەرەی یەکەمی ئەسبابی موجیبە شەتب بکەین، موافیقی، ئەو چوار دێرەی کە بە عەرەبی خوێندمەوە کە هەمان شتە بە کوردی خوێندیەوە، ئەگەر کەلیمەیەك ڕەنگە لەوێ زیاد بێت ئەسباب موجیبەکە لەگەڵ قانونەکە هەمووی

دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاستان دەکەم، پیرۆزبایی لە جەنابی وەزیر دەکەم، فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پشتی کۆتایی هاتنی ئەم پرۆژەو هاتە تەصدیق کردن لە لایەن بەڕێزتانەوە، من پێم خۆشە بە ناوی وەزارەتی زراعە دەست خۆشیتان لێ بکەم و سوپاسی جەنابتان بکەم، بۆ ئەو هەموو ماندوو بوونەو ئەو زەحمەتیەتان کێشاوەو تەحەمولی ئێمەتان کردووە، بۆ ئەو موناقەشاتانەی کە ئێستا کراوە، ئومێد دەکەم کە ئێمە وەزارەتی زراعە بتوانین بە ئەو ئالیەتەوە ئەو ئارمانجانەی تەحقیقی هەدەفەکەی بکەین، من بە موختەسەری ئارمانجەکە بە سێ خاڵ دەبینم:

ئێك/ بەرهەم، دوو/ ئەمنی غیزائی، سێ/ قۆناغی تەصدیر، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئینشائەڵلا وەزارەتی کشتوکاڵ بەرنامەکەی ئەنجام دەداتن لە پێناوی ئەو ئەهدافانەی کە لەم یاسایەدا هاتووەو جێ بەجێ دەکاتن، دانیشتنی داهاتوومان سبەینێیە سەعات (10،30) خوێندنەوەی یەکەمی چەند پرۆژەیەکە کە بۆمان هاتووە، کۆتایی دەهێنین بە دانیشتنەکەمان زۆر سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە دوای کۆبوونەوەی پەرلەمان پێش پشوو، پرۆژەی قانونی بەناوی (اطفاء) خرایە بەر دەست و خەریك بوو دەست بە تەماشا کردنی بکەین، پاشان خرایە دەنگدان بۆ ئەوەی دوابخرێت، یان دوا نەخرێت، تکاکارین کەوا خەڵکێکی زۆر داوای ئەو پرۆژە قانونە دەکات بە زووترین کات بیخەنە ناو ئەجندەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە ئەولەویاتی ئێمە بوو، بەڵام لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار باسمان کرد و پێمان باش بوو هەموو لیژنەکان بەیەکەوە دانیشن و ڕەئی خۆیان تەوحید بکەن، ئینجا بێنەوە موناقەشە کردن، چونکە ڕەئی جیاواز هەیە لەلایەن لیژنەکان، گوتمان هەمووتان پێکەوە دانیشن و ڕەئیەکانتان تەوحید بکەن و بە یەك ڕاپۆرت، بۆیە چەند ڕۆژێك دواکەوتووە لە هەفتەی داهاتوو لە پێشمانە و دەخرێتە ئەجندەی پەرلەمان، سەرچاوان.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## سێ شەممە رێكەوتی 27\3\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/3/27

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/3/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان ڕشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ.
2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد.
3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای لێبوردن.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999.

8- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999.

9- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای خاوەنیەتی هزری و هونەری لە کوردستان.

10- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30 و (1133) لە 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە.

11- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی بڕگە (2)ی مادده (45) لە یاسای باری شارستانی ژمارە (24)ی ساڵی 1960ی راستکراو بڕگە (1) لە بڕیاری (464) لە 1981./4/14.

12- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە راگرتنی کارکردن بە بڕگە (1)ی مادده (41) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979 سەبارەت بە ئافرەتان.

13- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (25)ی ساڵی 1997.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنیەکەمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی (10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007/3/27 بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای لێبوردن.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999.

8- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999.
9- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای خاوەنیەتی هزری و هونەری لە کوردستان.
10- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30 و (1133) لە 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە.
11- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی بڕگە (2)ی مادده (45) لە یاسای باری شارستانی ژمارە (24)ی ساڵی 1960ی راستکراو بڕگە (1) لە بڕیاری (464) لە 1981./4/14
12- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە راگرتنی کارکردن بە بڕگە (1)ی مادده (41) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979 سەبارەت بە ئافرەتان.
13- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (25)ی ساڵی 1997.
سێزدە پرۆژەمان لە پێشە بۆ خوێندنەوەی, هەندێك مولاحەزات لەسەر ئەو یاسایانەی لە وەزارەتدا هەیەو بۆمان هاتووە, بەڵێ کاك دکتۆر نوری خاڵی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکان گەلێك زۆرن, من پێشنیاری ئەوە دەکەم تەنیا بە زمانی کوردی بخوێندرێتەوەو بە زمانی عەرەبیش چاپ بکرێت و دابەش بکرێت بەسەر ئەندامانداا کاتێکی زۆرمان بەدەستەوە دەمێنێت, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر خۆم یەك لە مولاحەزاتەکانم ئەوە بوو, جگە لەوەش بۆیە دەمویست دوو, سێ دەقیقە قسە بکەم, بێجگە لەوەی ئەوەی کە وتم ئەگەر ئەوەی بە کوردی و عەرەبی هەیە, تەنیا بە کوردی دەخوێندرێتەوە, ئەوەی تەنیا بە عەرەبییە بە عەرەبی دەخوێندرێتەوە, یەعنی بە یەك زمان دەخوێندرێتەوە.
دوو: هەروەکو مولاحەزەیەك بەشێك لەو یاسایانە, یاسایەکە خۆی هەیە, واتا وەزارەتەکان هەیانە لەڕاستیدا دووبارەیە، رەنگە هەموار کردنی چەند بڕگەیەك و ماددەیەکی تێدا بێتن, لەبەر ئەوە دەیخوێنینەوەو ئەو لیژنانەی کە تەکلیف دەکرێن, لیژنەی یاسایی بەتایبەتی, ئەوە رەچاو بکەن ئەگەر هەموار کردن بێت پرۆژەکە بەشێوەیەك تەرتیبی بکەن, بۆ ئەوەی نەچینەوە ناو تەفسیل و دووبارەی بکەینەوە, هەمان ماددەکانی پێشتر بوو, وەکو قانون دەرچووە, پرۆژەکە بکرێتە هەموار کردن, تەسەور وایە، ئەوە ماعقول نییە؟ چەند ساڵە ئەو وەزارەتانە هەن، تاکو ئێستا یاسایان نییە, یاسایان هەیە بە

تەئكید, ئێستاكە گۆڕانكاری بەسەردا كراوە, دەبوایە وەكو پرۆژە بۆ هەموار كردنی یاساكانیان بنێرن, داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لێرە دانیشن, هەروەها دەكرێت لە خوێندنەوەدا موقەریری هەندێك لە لیژنەكان بەشداری بكەن لە خوێندنەوەی پرۆژەكان, بەڵێ كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت هەندێك وەزارەت هەیكەلی وەزارەتەكە بە كامیلی هاتووە, رەنگە ئەگەر تەماشای هەیكەلەكە بكەین, ئیمكان هەیە بە تەعدیلێك چارەسەر بكرێت, بەڵام ئەنجومەنی وەزیران داوای كردووە, كە هەیكەلەكە هەمووی بگۆڕێت, مەفروزە ئەگەر ئێمە رەئی خۆماندا وەكو لیژنەی یاسا كە هەموار بكرێت, دەبێت ئەوە ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران بكرێت, پرۆژەیەكی تایبەتی بە هەموار كردن بنێرن, ئینجا بخرێتە بەردەم پەرلەمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ لە لیژنەكە, كە دیراسەت دەكەن گەیشتنە چ قەناعەتێك؟ بە قسەی ئێوە دەكەین, ئێستا فەرموون لیژنەی یاسایی, بڕیاردەر, یان لێپرسراوی لیژنەی مافی مرۆڤ, بۆ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ, یاخود هەر تەكلیفی لیژنەی یاسایی دەكەن, لیژنەی یاسایی ئێوە فەرموون, كاك شێروان فەرموو جەنابت, فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرۆژانە, یان ئەو بەندانەی كە دەڵێن لەوێ هەموار بكرێتن, هیچی لە لامان نییە, پێویستە بەلای كەمی بەندێك لەو بەندانەی كە هەموار دەكرێن بگاتە دەستمان, بۆ ئەوەی ئێمەش بیرو رای خۆمان لەسەر دەرببڕین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی پاش ئەوەی خوێندنەوەی یەكەمی دەكرێت, هەم دەدرێتە لیژنەكان و, هەم دەدرێتە ئەندامەكانیش, بۆ ئەوەی بیخوێننەوەو رەئی خۆیان لەسەر حازر بكەن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بكرێت هەندێ خەڵكی ناڵێم ئەوانە نەخوێندەوارن, هەموویان خوێندەوار و قانونین, بەڵام كوردی زان نینە, بەڕاستی ئەو برادەرانەی لیژنەی قانونی كوردیەكەیان بێ سەروبەر كردووە, هەندێ خەڵكی تر بانگ بكرێت, بۆ ئەوەی بە باشی كوردیەكە بخوێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شەوقی حەز دەكەیت جەنابت پرۆژەی یاسای مافی مرۆڤ بە كوردیەكەی بخوێنەوە.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ

**ماددەی یەکەم:- مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:-**

1- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراقی فیدراڵ.

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

3- وەزارەت: وەزارەتی مافی مرۆڤ.

4- وەزیر: وەزیری مافی مرۆڤ.

5- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ.

6- پەیمانەکانی مافی مرۆڤ: جاڕدانی جیهانیی مافی مرۆڤ ودوو بەڵێنە دەوڵەتییەکان وپرۆتۆکۆلە پێوەلکاوەکانیان وپەیمان وڕێککەوتننامەکانی پەیوەستن بە مافی مرۆڤ.

**ماددەی دووەم:**

1- وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە وبەرپرسە لە جێبەجێ کردنی کاروباری وئاراستەکردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی کردنی هەموو بڕیارو فەرمان وڕێنماییەکی پەیوەندییان هەبێت بە ئەرکی وەزارەت وپێکهاتە و دەستەڵاتەکانی وهەموو کاروبارە هونەری ودارایی وکارگێڕیی وڕێکخستنەکانی بەپێی حوکمەکانی یاسا.

2- بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی لەچوار چێوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە پێی دەسپێردرێ و دەبێ خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆبێت.

3- راوێژکاران: ژمارەیان لە چوار پتر نابێ ودەبێ خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆبن.

**ماددەی سێیەم: وەزارەت ئەم ئامانج وئەرکانەی خوارەوە بەجێ دێنێ:**

1-شیاندنی هوشیاریی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگای کوردستانی وئەمەش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هوشیاریی رۆشنبیریی لەبارەی مافی مرۆڤ ومافی ئافرەت ومنداڵ بەپێی پێوەری نێو دەوڵەتی و بنەما مرۆڤایەتیەکانی کەلەپووری کۆمەڵایەتی وئاینی کۆمەڵگای کوردستانی.

2- چاودێری کردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ ودەرخستنی ئەو پێشێلکارییانەی کە لەئەنجامی بەکار هێنانێکی هەڵە لە دەزگا وفەرمانگەکانی حکومەت لە هەرێمدا روودەدەن.

3- بەهێزکردنی سەروەریی یاسا وچەسپاندنی رێزگرتن لە مافی مرۆڤ.

4- کارکردن لەپێناوی پیادەکردنی پەیمان وبەڵێنەکانی مافی مرۆڤ.

5- هەڵسەنگاندنی یاساکارییە نیشتمانیەکانی هەرێم بۆ جەخت کردن لەسەر ئەوەی کە دەشێن لەگەڵ ناوەرۆکی پەیمانەکانی مافی مرۆڤ.

6- سەردانی بەندیخانە ومەڵبەندەکانی گلدانەوە(حجز) وگرتووخانە بە شێوەیەکی دەوری وئامادەکردنی راپۆرت لەبارەی رەوشی ژیانی بەندکراوو گلدراو وگیراوەکاندا.

7- ئامادەکردنی راپۆرتی سالآنە لە بارەی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستاندا.
8- هاریکاری کردن لەگەڵ ئەورێکخراوانەی کە گوێ بە مافی مرۆڤ دەدەن لە ناو هەرێم ولە دەرەوەیدا، لەگەڵ حزبی سیاسی و کۆمەڵەی ئابووری و کۆمەلآیەتی و هزری و هاووڵاتیاندا بۆ دابین کردنی چاك پیادەکردنی رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیەکان و ئەو یاساکارییانەی دەرچوون لە بارەی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا.
9- هاریکاریی و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ دەزگاو وفەرمانگە حکومەتیەکان وریکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان بۆ بەرجەستەکردنی چەمکی مافی مرۆڤ و دەرخستنی ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ کە تووشی گەلی کوردستان بوون.
10- کارکردن لە پێناوی نەهێشتنی پاکتاو کردنی رەگەزیی.
11- بەشداریی کردن لەو کۆنگرە وکۆبوونەوە نێودەوڵەتییانەی کە پەیوەندیدارن بەمافی مرۆڤ.
ماددەی چوارەم: پێکهاتەکانی وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێکدێن:
1- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆبێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.
2- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەریك سەرۆکایەتی دەکات خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.
3- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕیی ودارایی.
4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی مرۆڤ :هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی مافی مرۆڤ لە پارێزگاکانی (هەولێر وسلێمانی ودهۆك) ی پێوە دەلکێ.
ماددەی پێنجەم: وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لە گەڵ کەسایەتی سروشتی ومەعنەوی لە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم ساز بدات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارو ئەرکانەی کە پێی دەسپێردرێ بۆ ئەو ماوەیەی کە بەگونجاوی دەزانێ و ئەمەش بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتەو ماف و ئەرکەکانیان لە دوای وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن وەزیرەوە دەسنیشان دەکرێن.
ماددەی شەشەم: وەزیر دەستەلآتی پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی وکاتی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارو ئەرکی دیاری کراو.
ماددەی حەوتەم: وەزیر دەستەلآتی دانانی بەڕێوەبەرایەتی وبەش وهۆبەی نوێ یا لێکدان یا خود هەڵوەشاندنەوەیان لە کاتی پێویستدا هەیە، هەروەها دەستەلآتی دانانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارو ئەرکیی دیاریکراو.
ماددەی هەشتەم: نووسینگەکانی سەر بە پارێزگای کەرکووك جارێ بەشێوەیەکی کاتی سەر بە پارێزگای سلێمانی دەبن تاکو ماددەی 140ی دەستووری عیراق جێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی نۆیەم: وردەكاری پێكهاتەكانی وەزارەت بەپێڕەو دەسنیشان دەكرێن.**

**ماددەی دەیەم: یاسای ژمارە(2)ی ساڵی 2001، یاسای مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان هەڵدەوەشێتەوە.**

**ماددەی یازدەم: كار بە هیچ دەقێك ناكرێ گەرناكۆك بی لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**ماددەی دوازدەم: پێویستە لە سەر وەزیرە پەیوەندارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .**

**ماددەی سێزدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقائیعی كوردستان)كاری پێدەكرێ.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەم پرۆژەیە ئیحالەی لیژنەی یاساو لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەندامانی بەڕێز دەكرێت.**

**خاڵی دووەم/ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد, پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد لە لایەن كاك كەریم بەحری دەخوێندرێتەوە.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد**

**ماددەی یەكەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە:-**

**1- هەرێم: هەرێمی كوردستانی عیراقی فیدراڵ.**

**2- وەزارەت: وەزارەتی دادی هەرێم.**

**3- وەزیر: وەزیری دادی هەرێم.**

**4- ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی داد.**

**5- بریكاری وەزارەت: بریكاری وەزارەتی داد.**

**ماددەی دووەم: ئامانجی وەزارەت هێنانەدی داد و پاراستنی مافەكانی هەرێم و هاووڵاتییانە لە رێگەی پەرەپێدان و ئامادە كردنی یاساكان و رێزلێنان لە ناوەرۆكیان بە جۆرێكی وا پارێزگاری لە مافەكانی مرۆڤ بكات كە لەگەڵ جاڕی جیهانی مافەكانی مرۆڤ و پەیمانە نێو دەوڵەتیە پەیوەندیدارەكان پێیانەوە بگونجێ.**

**ماددەی سێیەم: وەزیر سەرۆكی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی كارەكانیدا و هەموو بڕیارو فەرمانێك لە چوارچێوەی ئەركەكانی وەزارەت و پێكهاتە و دەستەڵاتەكانی و هەموو كاروبارە كارگێڕی و هونەرییەكان لەنێو سنووری ئەم یاسایەو یاسا كار پێكراوەكان لەوەوە دەردەچێ و بەرپرسیشە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنەدا.**

**ماددەی چوارەم: وەزارەت بریكارێكی هەیە, یارمەتی وەزیر دەدات لە بەڕێوەبردنی كاروباری وەزارەت و جێ بەجێ كردنی ئەركەكانی و بەرپرسە لەو پێكهاتانەی كە وەزیر پێی دەسپێردرێ و هەندێ لەو دەستەڵاتانە دەگرێتە ئەستۆ كە وەزیر پێیدەدات.**

**ماددەی پێنجەم: وەزارەت لەم پێكهاتانەی خوارەوە پێكدێن:**

**یەكەم: نووسینگەی وەزیر: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, كە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆبێت.**

دووەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی داد: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات و لەم بەڕێوەبەراتییانەی خوارەوە پێکدێ:

1-بەڕێوەبەرایەتی تاکەکان: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت.

2- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت و خاوەن پسپۆڕیی بێت و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

أ-بەشی ژمێریاری.

ب- بەشی ورد کاری.

3- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت و بەشی کۆگاکانی پێوە دەلکێ.

4- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیە دادی و یاساییەکان: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریوس بێ لە یاسا, یان هاوشانی بێ و لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

أ-بەشی پەیوەندییە دادییەکان.

ب- بەشی پەیوەندییە یاساییەکان.

ج- بەشی راگەیاندن.

5- بەڕێوەبەرایەتی  پلان و بەدواداچوون: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت و لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

أ-بەشی پلاندانان.

ب- بەشی بەدواداچوون.

ج- بەشی ئامار کردن.

د- بەشی بیناکان.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: دەزگاکانی داد لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

1-ئەنجومەنی راوێژکاریی بالاْ.

2- داواکاری گشتی.

3- دەستەی سەرپەرشتی دادی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار کردنی خانووبەرە.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

أ-بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردن.

ب- فەرمانگەکانی دادنووسەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری ناکامەکان.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی گەورەو منداڵان.

دووەم: دەزگاکانی داد بەپێی یاسای تایبەت بەخۆی کارو ئەرك و تایبەتمەندییەکانی جێ بەجێ دەکات بەمەرجێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبێت.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: ئەنجومەنێك لە وەزارەت پێکدێت پێی دەگوترێت (ئەنجومەنی وەزارەتی داد)و لەمانە پێك دێت:

1-وەزیر: سەرۆکە.

2- بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆکە.

3- سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاری گشتی: ئەندامە.

4- سەرۆکی داواکاری گشتی: ئەندامە.

5- بەڕێوەبەری گشتی داد: ئەندامە.

6- بەڕێوەبەری گشتی تۆمار کردنی خانووبەرە: ئەندامە.

7- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە دادییەکان: ئەندامە.

8- بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی گەورەو منداڵان: ئەندامە.

دووەم: مەرجە بەڕێوەبەری گشتی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بێت لە یاسا, یان هاوشانی و خاوەن شارەزایی و خزمەتێك بێت لە (15) ساڵ کەمتر نەبێت.

سێیەم: ئەنجومەن مانگانە لەسەر بانگهێشتی سەرۆك جارێك کۆ دەبێتەوەو لە کاتی نەهاتنیشی جێگرەکەی جێی دەگرێتەوە.

چوارەم: نیسابی بەستنی ئەنجومەن بە ئامادە بوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواو دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادە بووەکان دەدرێت و لە کاتی یەکسانی بوونی دەنگەکانیش ئەو لایەنە پەسند دەکرێت کە سەرۆکی لەگەڵدایە.

پێنجەم: ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا و کاروباری ئەنجومەن رێك دەخات.

ماددەی هەشتەم: ئەنجومەن ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

1-دانان و وتووێژ کردن لەسەر ئامانجی گشتی پلانی ساڵانەی وەزارەت و بڕیاردان لەسەری.

2- ئامادە کردنی بودجەی وەزارەت و میلاکی.

3- لێکۆڵینەوە لەو پێشنیازانەی کە تایبەتن بە دامەزراندن, یان هەڵوەشاندنەوە, یان لێکدانی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت.

4- لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی کە وەزیر بۆی دەنێرێ.

**ماددەی نۆیەم:** وەزیری داد بۆی هەیە روو لە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم بکات بۆ رەزامەندی دەربڕین لەسەر ئینتیدابی دادوەر و دادوەری دادگای تەمییزیشی لەگەڵدا بێت بۆ سەرۆکایەتی یەکێك لە دەزگاکانی وەزارەتی داد.

**ماددەی دەیەم:**

1-ئەرك و تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەست نیشان دەکرێ.

2- وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە نوێ دابنێ، یان لێکیان بدات.

3- وەزیر بۆی هەیە رێنمایی بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی یازدەم:** کارمەندانی دادگاکانی پێداچوونەوە (ئیستئناف) لە هەرێم بەستراونەتەوە بە وەزارەت جگە لە دادوەرەکان، بە مەرجێك لە رووی کارگێڕییەوە لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکەکانی دادگا ناوبراوەکان بن.

**ماددەی دوازدەم:** یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵدەوەشێتەوەو پێڕەو و رێنماییەکانی بەپێی ئەو یاسایەی دەرچوون کاریان پێدەکرێ، کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن، تاکو پێڕەو و رێنمایی تر جێیان دەگرنەوە.

**ماددەی سێزدەم:** دەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی چواردەم:** ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

لە پێناوی چەسپاندنی بنچینەی جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان و سەربەخۆیی دادوەریی و رێز لێنان لە ماف و ئازادی و لە پێناو پەرەپێدانی دەزگاکانی داد کە بەرپرسیەتیەکی زۆریان بۆ هێنانەدی دادوەری هەیە، پێویست وا دەخوازێ هەیکەلی وەزارەتی داد لەسەر بنچینەیەکی زانستی دابمەزرێتەوە، تاکو بتوانێ کارو ئەرکە یاسایی و دادوەری و جیاکردنەوەی ئەرکە دادوەرییەکان لێیانەوە ئەنجام بدات، بەو ناوەی بەشێکە لە دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن و لەبەر رۆشنایی و رابەری ئامانجە ناوبراوەکان و بۆ دابین کردنیان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیەش دەدرێتە لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری، فەرموو کاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی رۆشنبیری**

**ماددەی یەکەم:** مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم.

3- وەزیر: وەزیری رۆشنبیری هەرێم.

4- بریکاری وەزیر: بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم.

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرك و فرمانانە دەگرێتە ئەستۆ:

1-پاراستنی رەسەنایەتی رۆشنبیریی کوردستانی و پەرەپێدانی بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ بەها رەوشتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و بۆچوونە دیموکراتیەکانیدا بگونجێ و گیانی لەگەڵ یەکتر گونجان و برایەتی لەناو رۆڵەکانی گەلی کوردستاندا گەشە پێ بدات و پەیوەندیی رۆشنبیری لە نێوان گەلی کورد و گەلانی ناوچەکە و جیهان دروست بکات.

2- پشتگیری کردن و هاندانی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە لە هەرێمدا و یارمەتیدانی نووسەر و ئەدیب و شاعیر و هونەرمەندان بۆ بڵاو کردنەوە و یاریدەدانی چاپکردنی بەرهەمەکانیان.

3- دامەزراندنی دەزگای چاپ و رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەو دابەشکردن.

4- دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم.

5- دامەزراندنی مەڵبەندێکی گشتی بۆ هونەرەکان.

6- هاندانی بەهرەی ئەدەبی و هونەری و زانستی و وەرزشی داهێنەر لە لای لاوان.

7- ئاراستە کردنی گرنگی دانێکی تایبەت بە رۆشنبیریی منداڵ لە رووی ئەدەبی و هونەرییەوە.

8- پشتگیریی کردن و هاندانی بزووتنەوەی شانۆ و هونەری میللی و پیشەسازیی سینەمای کوردی.

9- پشتگیریی کردن و هاندانی یەکێتی و رێکخراو و یانەکان و تیپە رۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری و زانستی و وەرزشی.

10- سازدانی میهرەجان و بەیەکگەیشتن و کۆڕی رۆشنبیریی ئەدەبی و وەرزشی و رێکخستنی پێشانگای هونەری شێوەکاریی.

11- ژیاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی میللی لە هەموو بوارەکانی (ئەدەبی هونەری و پیشەسازییە میللەکان)و دامەزراندنی مۆزەخانەی تایبەت بەوانەو پشتگیری کردن و فراوان کردنی ئەوەی تا ئێستا هەبووە.

12- بەدوا داگەڕانی ئاسەواری کۆن و پاراستنیان و گەڕاندنەوەی ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمن و دامەزراندنی مۆزەخانەی نیشتمانیی و مۆزەخانەی خۆجێیەتی و پشتگیری کردن و فراوان کردنی ئەوانەی هەنە.

13- دامەزراندنی ئێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن و مۆڵەتدانیان بەپێی یاسا.

14- دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباس.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستە کردنی سیاسەتەکەی و لەوەوە ئەو بڕیار و فەرمانانەو ڕێنماییانە دەردەچن, کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەستەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و ڕێکوپێکی بەپێی حوکمەکانی یاساوە هەیە.

دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە پێی دەدرێ و دەبێ خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت.

سێیەم: ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە (4) ڕاوێژکار پتر نابێ و دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و شارەزایی و کارامەییان هەبێت.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەم پێکهاتەو بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوە پێك دێت:

1-نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات, کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

2- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات, کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

3- بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەمانە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و کاروباری تاکەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و وردکاریی.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون.

د- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری لە پارێزگاکانی هەرێم پێك دێن لە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە.

ب- بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری.

ج- بەڕێوەبەرایەتی سینەماو شانۆ.

د- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری زانستی.

هـ- فەرمانگەی ڕۆشنبیری منداڵان.

و- بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری میللی.

ز- بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی ئاواز و مۆسیقا.

ح- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری تورکمانی.

گ- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ئاشووری.

ی- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سریانی.

ك- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

**ل- بەڕێوەبەرایەتی خانەی جل و بەرگی کوردی.**

**5- بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن پێك دێت لە:**

**أ-بەڕێوەبەرایەتی رادیۆ و تەلەفزیۆن.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان.**

**6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان.**

**7- دەزگای چاپ و رۆژنامەنووسی و بلاو کردنەوە, بەپێی پێڕەوێکی تایبەت دادەمەزرێت.**

**ماددەی پێنجەم: وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی, یان کاتی لە پێناوی هێنانەدی هەر ئەرکێکی کە لە ماددەی (2)ی ئەم یاسایەدا هاتووە دابنێت.**

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم: بەپێی پێڕەوێك هەیکەلی رێکخستنی پێکهاتەکانی وەزارەت و تایبەتمەندیەکانیان دەست نیشان دەکرێن.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی نوێ لە کاتی پێویستدا دروست بکات.**

**ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە هەندێك لە دەستەلاتەکانی بدات بە سەرۆك فەرمانگە سەرەکیەکان.**

**ماددەی هەشتەم: ئەو یاساو بڕیارو پێڕەو و رێنماییانەی تایبەتن بە رۆشنبیری و هونەرو وەرزش و لاوان کە لە حکومەتی ناوەندیی دەرچوون و ناکۆك نین لەگەڵ ئامانجەکانی گەلی کوردستان کاریان پێ دەکرێ, تاکو هی تازەیان لە جێ دەردەچێ, یان هەڵدەوەشێنرێنەوە, بە مەرجێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن.**

**ماددەی نۆیەم: وەزیرە تایبەتمەندەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی دەیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا کاری پێ دەکرێ.**

**هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەوەی گەلی کورد و کەمە نەتەوایەتیەکان لە کوردستاندا چەوساندنەوەی رۆشنبیری و ئازاردانی بیر و کوشتنی گیانی داهێنانیان چەشتووەو هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ شێواندنی مێژوو و کەلەپووری ئەدەبی و رۆشنبیریی هاتۆتە پێش تاکو گەلی کوردستان عێراق چێژ لە دیموکراتیەت وەرگرێ و نوێنەرانی خۆی بۆ پەرلەمانێکی دیموکراتی هەڵبژێرێ و ئەنجومەنی وەزیرانی پێك بێنێ و ئەم بارە نوێیەی هەرێم پێویستی بە وەزارەتی رۆشنبیری هەیە تاکو گرنگی بە رۆشنبیری و راگەیاندن و بلاوکردنەوەو هونەر و وەرزش بدات و هەر شتێکی تر لە کاروباری گرنگی هەمەجۆر کە پەیوەندیی بەم لایەنانەوە هەبێت, ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیە دەدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری و ئەندامان, خاڵی چوارەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی، کاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەقی پرۆژەکە بە زمانی کوردی ئامادە نەکراوە, بۆیە بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە:**

**مشروع قانون وزارة الصحة**

**المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:**

**1-اقليم: اقليم كوردستان – العراق.**

**2- مجلس الوزراء: مجلس الوزراء لاقليم كوردستان - العراق.**

**3- الوزارة: وزارة الصحة للاقليم.**

**4- الوزير: وزير الصحة للاقليم.**

**5- الوكيل: وكيل وزارة الصحة للاقليم.**

**6- المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.**

**7- الهيئة: الهيئة العليا للعيادات الطبية الشعبية والاستشارية.**

**المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:**

**1-تهيئة المستلزمات التي تكفل للمواطنين حق التمتع باللياقة الصحية الكاملة, بدنياً وعقلياً ونفسياً.**

**2- تأسيس وادارة ومتابعة الوحدات الصحية الوقائية والعلاجية وتطويرها في الاقليم.**

**3- العناية بخدمات الرعاية الصحية الاولية بما في ذلك رعاية الامومة والطفولة والصحة المدرسية وصحة الاسرة والشيخوخة.**

**4- مكافحة الامراض الانتقالية والسيطرة عليها ومنع تسربها من خارج الاقليم الى داخله وبالعكس ومن مكان الى اخر فيه, والحد من انتشارها في الاراضي والمياه واجواء الاقليم.**

**5- حماية البيئة وتحسينها وتطويرها والحفاظ على مقوماتها والعمل على منع تلوثها بالتنسيق مع وزارة البيئة.**

**6- العناية بالصحة والسلامة في مشاريع العمل ورفع المستوى الصحي لهم وحمايتهم من الاخطار وامراض المهنة واصابات العمل ووضع الضوابط والمواصفات والشروط الخاصة بها وسلامة موقع العمل ومراقبة تطبيق تلك الضوابط والمواصفات والشروط.**

**7- العناية بالصحة النفسية للمواطن والمساهمة في توفير الخدمات اللازمة له.**

**8- غرس مفاهيم التربية الصحية ونشر الوعي الصحي والبيئي بما يكفل حماية الانسان والالة من خلال منع حوادث العمل والامراض المهنية.**

**9- توفير الادوية والمستلزمات والمعدات الطبية المختلفة اللازمة لتقديم الخدمات الطبية والوقائية والعلاجية والاشراف على العيادات الشعبية وتوفير الاجهزة الخاصة بالمعوقين.**

10- المساهمة في اعداد الكوادر الصحية المساعدة ورفع المستوى للعاملين في قطاع الصحة وتطوير الدراسات الطبية والصحية وكذلك اعداد الكوادر المهنية وفق متطلبات خطط التنمية للاقليم بما يكفل رفع الكفاءة الانتاجية وتحسين نوعية العمل وتشجيع البحث العلمي في مجالات الصحة المختلفة.

11- تنظيم ورقابة ممارسة المهن الطبية والصحية والسلامة المهنية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

12- العمل على ضمان التأمين الصحي للمواطنين.

13- الاهتمام برعاية وتأهيل الاحداث والمعوقين والمتخلفين من الناحية الصحية.

المادة الثالثة: تقسيمات مركز الوزارة:

1-الوزير: هو الرئيس الاعلى والمسؤول الاول عن اعمالها وتوجيه سياساتها وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بهمام الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والمالية والتنظيمية والفنية ضمن احكام القوانين والانظمة ذات العلاقة وتنفيذها باشرافه ومراقبته, وله تخويل بعض من صلاحياته للمدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة, ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

2- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في الاشراف على اعمال الوزارة ويتولى المهام التي يوكلها اليه الوزير.

3- المستشارون للشؤون العلمية والبحث العلمي: ويبدون المشورة للوزير في كل ماله علاقة بشؤون الوزارة فيما يتعلق باختصاصاتهم, ويتم اختيارهم باقتراح من الوزير وبموافقة مجلس الوزراء.

4- تتكون مديريات وتشكيلات مركز الوزارة من:

أ-مكتب الوزير: يرأسه موظف بدرجة مدير ويعاونه عدد من الموظفين.

ب- مكتب الوكيل: يديره موظف ويساعده عدد من الموظفين.

ج- مديرية العلاقات والمنظمات: ترتبط بمكتب الوزير.

د- مديرية استيراد وتوزيع الادوية والمستلزمات الطبية: ترتبط بمكتب الوزير.

هـ- مديرية المتابعة والتفتيش: ترتبط بمكتب الوزير.

و- مديرية الاعلام: ترتبط بمكتب الوزير.

ي- معهد الطب العدلي.

المادة الرابعة: يؤلف في الوزارة مجلس يسمى (المجلس الاستشاري) للوزارة ويتكون من:

1-الوزير: رئيساً.

2- وكيل الوزارة: نائباً للرئيس.

3- المستشارون في الوزارة: اعضاء.

4- المدراء العامين في الوزارة والدوائر التابعة لها: اعضاء.

5- ممثل عن كل من الوزارات ذات العلاقة والمؤسسات الصحية العلمية على ان لايقل درجاتهم عن مدير عام: اعضاء.

6- اثنان من ذوي الخبرة والاختصاص من خارج او داخل الوزارة باقتراح من الوزير وبموافقة رئيس مجلس وزراء الاقليم: عضوين.

المادة الخامسة:

اولاً: ينعقد المجلس برئاسة الرئيس او نائبه عند غيابه وبحضور ثلثي الاعضاء ويتخذ قراراته باغلبية الاعضاء الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

ثانياً: يعقد المجلس اجتماعاً اعتيادياً كل ثلاثة اشهر وللرئيس دعوته بصورة استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

المادة السادسة: يمارس المجلس الصلاحيات التالية:

1-اعداد وصيانة الاهداف العامة لخطط الوزارة على ضوء توجيهات مجلس وزراء الاقليم.

2- مناقشة مشاريع الميزانيات المالية والاستثمارية السنوية للوزارة والدوائر التابعة لها وابداء الرأي فيها وتقديم ما يراه مناسباً من توصيات.

3- مناقشة الخطط الاولية القصيرة والمتوسطة والبعيدة المدى التي تعدها دوائر الوزارة وابداء الرأي فيها وتقديم مايراه مناسباً بشأنها من توصيات.

4- رقابة تنفيذ الخطط دورياً وابداء ما يراه في هذا الشأن من ملاحظات وتوصيات.

5- مناقشة المقترحات والتوصيات المقدمة بصدد تعديل او توسيع الدوائر التابعة للوزارة او استحداث دوائر جديدة فيها.

6- مناقشة التقرير الدوري العام عن اعمال الوزارة التي تعده دائرة التخطيط والمتابعة وبيان ما يراه في هذا الشأن من ملاحظات وتوصيات.

7- دراسة كل ما يعرضه عليه الوزير وبيان الرأي فيه وتقديم مايراه من مقترحات وتوصيات.

المادة السابعة: تؤلف في الوزارة هيئة تسمى (الهيئة العليا للعيادات الطبية الشعبية والاستشارية) وتتكون من:

1- وكيل الوزارة: رئيساً.

2- مدير عام الشؤون الادارية والمالية: نائباً.

3- مدير عام الامور الصحية: عضو.

4- المدراء العامين للدوائر التابعة للوزارة: اعضاء.

5- موظف حسابي: عضو.

6- موظف قانوني: عضو.

7- موظف اداري: عضو.

المادة الثامنة: مديريات ديوان الوزارة والتشكيلات التابعة لها:

1-المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يراسها ويديرها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها الاقسام التالية:

أ-مديرية الادارة وشؤون الافراد.

ب- مديرية الحسابات.

ج- مديرية الرقابة والتدقيق المالي.

د- مديرية الشؤون القانونية.

2- المديرية العامة للامور الصحية: يرأسها طبيب بدرجة مدير عام ترتبط بها المديريات والاقسام التالية:

أ-مديرية التفتيش والشؤون الصحية:

1-قسم الاوبئة.

2- قسم حماية البيئة.

3- قسم الصحة والسلامة المهنية.

4- قسم الرعاية الصحية الاولية.

5- قسم الرقابة الصحية.

6- قسم التفتيش الصحي.

ب- مديرية الخدمات العلاجية وتتكون من الاقسام التالية:

1-المستشفيات والمراكز الصحية والعيادات الرسمية والاهلية.

2- قسم صحة الاسنان.

3- قسم اللجان الطبية.

4- قسم المختبرات.

5- قسم العيادات الطبية.

6- قسم الصيدلة.

3- المديرية العامة للتخطيط والتعليم الصحي: يرأسها طبيب بدرجة مدير عام وتتكون من الاقسام التالية:

أ-قسم التخطيط الصحي.

ب- قسم التعليم والتدريب الصحي.

ج- قسم الاحصاء.

د- قسم الهندسة والصيانة.

هـ- قسم الرقابة والتفتيش.

المادة التاسعة: ترتبط بالوزارة دوائر الصحة في محافظات الاقليم ويرأس كل منها طبيب بدرجة مدير عام.

المادة العاشرة: تحدد بنظام تقسيمات ومهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

المادة الحادية عشر: تخضع حسابات مركز الوزارة والدوائر التابعة لها لديوان الرقابة المالية في الاقليم.

المادة الثانية عشر:

أ-للوزير استحداث او دمج مديريات او اقسام او شعب عند الاقتضاء.

ب- للوزير تشكيل لجان دائمية او وقتية حسب الحاجة.

المادة الثالثة عشر: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

**الاسباب الموجبة**

نظراً للتوسع الذي شهده الخدمات الصحية في الاقليم, ولغرض سد الثغرات في النواحي الصحية, ولضمان تقديم افضل الخدمات وبأحدث الوسائل المتطورة للافراد, سواء من الناحية الصحية والبدنية والعقلية او النفسية ونحو بيئة خالية من التلوث, ودعم مسيرة العدل عن طريق تنظيم مؤسسات الطب العدلي واعداد الكوادر الكفوءة, وحيث ان القانون رقم (1) لسنة 1993 قد خص الجانبين الصحي والاجتماعي معاً, ولكون هذا لا يتماشي مع المرحلة الجديدة حيث اصبحت الحاجة ملحة لسن قانون بأسم قانون وزارة الصحة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەمەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ئەندامانی بەڕێز دەكرێت, خاڵی پێنجەم را خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف, لە لایەن كاك زاناوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یاسای پێشنیاركراوی وەزارەتی ئەوقاف وكاروباری ئایینی**

ماددەی یەكەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:-

1) هەرێم: هەرێمی كوردستانی عێراق.

2) وەزارەت: وەزارەتی ئەوقافوكاروباری ئاینی هەرێم.

3) وەزیر: وەزیری ئەوقافوكاروباری ئاینی.

4) بریكاری وەزیر: بریكاری وەزارەتی ئەوقافوكاروباری ئاینی.

5) ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای ئەوقافوكاروباری ئاینی.

ماددەی دووەم: وەزارەت بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە كار دەكات:-

1-گەشەپێدانی وشیاری موسوڵمانیەتی و بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری موسوڵمانیەتی وگەوهەری پەیامە شكۆمەندیەكەی.

2-چاودێری كردنی كاروباری شوێنە پیرۆزەكان وڕێكخستنی بەڕێوەبردن وپاراستنیان.

3-ڕێكخستنی كاروباری حەجكردنوعەمرە بۆ موسوڵمانان، بە شێوەیەك دادپەروەری لە دەستنیشانكردنی ئەوانەی حەجكردن دەیانگرێتەوە دابین بكرێ، وپێداویستیەكانی سەفەركردن ومانەوەو خزمەتگوزاریە كارگێڕیەكانی گونجاو بە حاجیان دابین بكرێ، بە جۆرێك ئاسایش دابین بكرێ وكارەكان بە باشترین شێوە راپەڕێندرێ بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتولایەنە پەیوەندیدارەكان.

4-ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردنی ئەوقافو سەرپەرشتیکردنوچاودێریکردنی بە جۆرێك مەرجەکانی وەقفەکان بە باشترین سوود بۆ وەزارەت دابین بکات.

5-کردنەوەی حیسابێکی تایبەتی بۆ وەزارەتی ئەوقاف لە بانکەکانی پشت پێبەستراو، بۆ سپاردنی داهاتەکانی وەقفوخەرجکردنی بە شێوەیەك خزمەت بە مەرجەکانی خاوەن وەقفوسوودی وەزارەت ولەگەڵ پلانی گەشەپێدانی هەرێمدا کۆك بێت.

6- بایەخدان بەتایبەتی پاکی ئیسلام و کەلتورەکەی و ڕێزگرتنی زانایانی ئایینی ئیسلام وپاراستنی پایەی کۆمەلأیەتیان وچاککردنی باری گوزەرانیان ودابین کردنی پێداویستیەکانی چالاکی ئاینی ونیشتمانی ونەتەوەیی وکۆمەلأیەتی.

7-بە هێزکردنی پەیوەندی لە نێوان جۆرەها ئایین وڕێبازو تایەفەکانی هەرێمی کوردستان.

8-نۆژەنکردنەوەی مزگەوت وشوێنە ئایینەکانی دیکە ودابینکردنی پێداویستیەکانیان وبیناکردنیان لەو شوێنانەی کە پێویستن ودابینکردنی خانوو بۆ ئیمام و وتاربێژەکان لەو مزگەوتانەی کە بینا دەکرێن.

9-ئاگاداربوون لە ڕێڕەوی بیری ئیسلامی لە جیهاندا، وهەماهەنگی کردن لەگەڵ زانا ودەزگا ڕۆشنبیری وزانستیەکاندا، بۆ سوود وەرگرتن لە زانیاری ئیسلامی وناساندنی جیهان بە گەلی کورد.

10-بە دواداچوونی پەرەسەندنی پرۆگرامەکانی خوێندنی ئیسلامی بە جۆرێك ببێتە هۆی وەلانانی بیری تەکفیری وتوندوتیژی ئاینی وتیرۆر لە هەموو قۆناغەکانیدا ودابینکردنی قوتابخانەی گونجاو لە لایەنی بیناو وکارگێری ومامۆستاو دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن.

11-چاودێریکردنی کاروباری ئایین وتایەفە وڕێبازەکان لە هەرێمدا،بە جۆرێك گیانی لێبوردەیی لە نێوان ئاینەکان و پەیوەندی لە گەڵیاندا دابین بکات و، بایەخدان بە شوێنەکانی خواپەرستی لە کلێسا و دێرەکان و هاوشێوەیان و دەستنیشانکردنی موڵکەکانیان و بە دواداچوونی پێداویستیەکانیان وکارکردن بۆ کەمکردنەوەی کۆسپەکانی بەردەمیان.

12- کارکردن بۆ ئامادەکرنی نەوەیەك لە زانایانی موسوڵمان، خاوەن ئاستێکی زانستی وئاینی بەرزبن لە چوارچێوەی بیروباوەڕی موسوڵمانیەتی دوور لە توندوتیژی وزێدەڕۆیی وبیری تەکفیری وبە ڕۆشنبیریەکی فراوان و بە گیانێکی نەتەوەیی بەرگری لە دەستکەوتەکانی گەلی کورد بکات.

13- ئامادەکردنی هەموو ئامرازەکانی خزمەتگوزاری لە هۆڵ وپێداویستیەکانی بۆنە ئاینی وکۆمەلأیەتیەکان، بە جۆرێك لەکاتی پێویستیدا باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات.

14- بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولەکانی پێویست بۆ بەهێزکردنی ئیمام و وتاربێژەکان لە هەرێمدا، هەروەها کردنەوەی خول بۆ قوتابیانی بچووك بۆ فێرکردنی قورئانی پیرۆز لە پشووی هاویندا، بۆ سوود وەرگرتن لە کاتی بێکاریاندا و فێرکردنی قورئانی پیرۆز هەر لە منداڵیاندا.

15- وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی وپەیمانگا وکۆلیژە ئیسلامیەکان لە فەرمانگەکانی وەزارەتی ئەوقاف، بۆ ئەوەی سوودیان لە شوێنە پێویستەکان لێوەرگرن، بەهۆی کەسانێك خاوەنی ئاستی زانستی بەرزو وشیاری نەتەوەیی تەواوەوە.

16- پەسند نەکردنی بڕوانامەی دەرچووانی قوتابخانە ئیسلامیە ئەهلیەکان بە هەموو ئاستەکانیانەوە کە لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە یان لە لایەن وەزارەتی فێرکردنی بالاْوە یان هەر لایەنێکی سەرپشك کراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دانیان پێدانەنراوە، بەجۆرێك نابێ لەگەلْ بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (کۆك نەبێت) یان پێچەوانە بێت.

17- پەرەسەندن وداهێنانی ئاستەکانی خوێندنی ئاینی لە پەیمانگاو خوێندنی بالاْوە، بەجۆرێك دەرچووانی زانایانی خاوەن توانا لە وتاربێژی ورێنمایی ئاینی وفەتوای شەرعی دابین بکات.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالاْی وەزارەتە و بەرپرسیارە لە کارەکانیدا وئاڕاستەکردنی سیاسەتەکەی لە خۆیەوە دەردەچێ و بە چاودێری ئەوەوە هەموو بڕیار وفەرمان ورێنمایی ولە هەموو ئەو کارانەی پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت ودامەزراو دەسەلاْتەکان وگشت کاروبارەکانی هونەری ودارایی وکارگێری ورێکخستنەوە بە پێی حوکمەکانی یاسا جێبەجێ دەکرێ.

دووەم: برێکاری وەزارەت: لە ئاراستەکردنی وەزارەت وچاودێرێکردنی کاروبارەکانی بە پێی ئەو دەسەلاْتەی پێی دراوە یارمەتی وەزیر دەدات ودەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت.

سێیەم: ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس تێناپەرێت، دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن ودەبێ شارەزاو خاوەن ئەزموون بن.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:-

1-نوسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات وچەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

2-نوسینگەی بریکاری وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بەڕێوەی دەبات، وچەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

3-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری وکاروباری دارایی فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس, یان هاوشێوەی سەرۆکایەتی دەکات، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی پێیوە بەندن:-

أ- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی تاکەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

ه- بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگاو قوتابخانە ئیسلامیەکان.

و- بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەکان.

ز- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان وبەدواداچوون.

ر- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری وبنیاتنان.

ح- بەڕێوەبەرایەتی ڕێنمایی ئاینی.

ی- بەڕێوەبەرایەتی موڵکەکان.

ت- بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەکان.

ن- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی موڵکەکان.

ل- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و ووردبینی ناوەوە.

4-ڕاوێژکاری پشکنین: دەبێ خاوەنی بڕوانامەی بکالۆریۆس یان هاوشێوەی بێت.

5-بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاینزا مەسیحیەکان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات ودەبێ خاوەن بڕوانامەی بکالۆریۆس یان هاوشێوەی بێت.

6-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئایینزا یەزیدیەکان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات ودەبێ خاوەن بڕوانامەی بکالۆریۆس یان هاوشێوەی بێت.

ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئاینی:

1- لە دیوانی وەزارەتدا ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئاینی دادەمەزرێت پەیوەندی بە وەزیرەوە دەبێت ولە مانەی خوارەوە پێك دێت:-

أ- وەزیر/ سەرۆك.

ب- نوێنەرێك لە وەزارەتی شارەوانیەکان بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندام.

ج- نوێنەرێك لە وەزارەتی دارایی وئابووری بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندام.

د- نوێنەرێك لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندام.

هـ- نوێنەری وەزارەتی داد بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی / ئەندام.

م- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت/ ئەندام.

و- نوێنەری وەزارەتی فێرکردنی باڵا / ئەندام.

ی- بەڕێوەبەرەگشتیەکانی پارێزگاکانی هەرێم/ ئەندام.

ز- چوار لە گەورە زانایانی ئایینی ئیسلامی وەزیر بۆ چوار ساڵ هەڵیاندەبژێرێ/ ئەندام.

2- بە پێی داوا کردن لە وەزیر، ئەنجومەن لە کاتی پێویستیدا بۆی هەیە پشت بە شارەزاو پسپۆڕان ببەستێ.

3- تایبەتمەندیەکانی ئەنجومەن بە پێی سیستەمێکی تایبەت دەستنیشان دەکرێ.

4- ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی وەزیرو جێگرەکەی گرێدەدرێ.

ماددەی شەشەم: دامەزراوەکانی وەزارەت:

یەکەم: فەرمانگەی حەج وعەمرە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات، وبەڕێوەبەرایەتیەكانی حەج وعەمرە لە پارێزگاكانی هەرێمدا پەیوەستن پێیەوە وبەڕێوەبردنی حەج بەم شێوەیەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-

1-رێكخستن وبەڕێوەبردنی كاروباری حەج وعەمرە، ودابینكردنی پێداویستیەكانی مانەوەو چاودێری حاجیان وعەمرەكاران بۆ دیاری پیرۆز لە ئەستۆ دەگرێت.

2-مۆڵەتدانی تایبەتی حەج وعەمرە بە كۆمپانیاو بەلێندەرو ئەو كەسانەی حەملەدارن دوای هۆشیار كردنەوە وراهێنانیان ئەگەر بە پێویست زانرا.

3-وەرگرتنی ڕاستەوخۆی داواكاری ئارەزومەندانی ئەنجامدانی فەریزەی حەج یان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی حەج وعەمرە لە پارێزگاكان یان سەرۆكی یەكە ئیداریەكان.

4-هەڵبژاردنی ژمارەی پێویست لە ئارەزوومەندانی حەجكردن بە پێی مەرج وبنەماكانی فەرمانگە دەستنیشانی دەكات و وەزیر پەسندی دەكات، ئەگەر بەدیار كەوت ژمارەیان لە ژمارەی بڕیار لەسەر دراو پترە.

5-ڕاگەیاندنی ناوی پالێوراوان ویەدەگ بۆ حەجكردن بەر لە ڕۆژی سەفەركردن بە كاتێكی گونجاو.

6-دابەشكردنی پالێوراوانی حەجكردن بۆ كۆمەڵەی وەكو یەك ودابەشكردنیان بەسەر مۆڵەتدراوان بۆ ئەوەی بتوانن حەملەكان بەڕێوە ببەن.

7-هەماهەنگی و هاوكاری لەگەڵ وەزارەت وفەرمانگەكانی پەیوەندیدار لە هەرێمدا بۆ ئەوەی پێداویستیەكانی حەجكردن دابین بكرێ.

8- بەڕێوەبردن و رێكخستنی كاروباری ئارەزوومەندانی جێبەجێ كردنی رێوڕەسمی عەمرە.

9- ئاسانكردنی پرۆسەی تەواوكردنی پاسەپۆرت بۆ حاجیان وعەمرەكارانی عێراقی وئاسانكردنی گواستنەوەیان بۆ دیاری پیرۆزە.

**10**-گرێدانی گرێبەست وگرتنە بەری هەموو رێكارە یاساییەكان، مۆركردنی ڕێكەوتنامە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە ناوەوە ودەرەوە، بە جۆرێك لەگەڵ هێنانە دی ئامانجەكانی فەرمانگە كۆك بێت.

**11**-فەرمانگەی حەج وعەمرە دارایی سەربەخۆی دەبێ و دەتوانێ بۆ ساڵی ئایندەی بگوازێتەوە، ولەمانە پێك دێت:-

1-ئەوەی حكومەت پێیان دەدات.

2-ئەو داهاتانەی لە چالاكی وجموجۆڵەكانی فەرمانگە بە دەستی دێنێ.

3-ئەو یارمەتیانەی پێشكەش بە فەرمانگە دەكرێ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

دووەم: فەرمانگەكانی ئەوقاف لە پارێزگاكانی هەرێم، بۆ هەر یەكێكیان فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات و پێیەوە پەیوەستن.

ماددەی حەوتەم: ئەنجومەنێکی زانستی لە وەزارەت دادەمەزرێ وبەتەمەنترین زانا دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەن وپەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بریکارەوە دەبێ، دامەزراو وتایبەتمەندیەکانی بە پێی سیستەمێکی تایبەت دەستنیشان دەکرێ.

ماددەی هەشتەم:

1- دامەزراوەکانی وەزارەت بەپێی سیستەمێك دەستنیشان دەکرێت.

2-وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی بەشەکان سەر لە نوێ دابمەزرێنێ، یان یەکیان بخات یان هەڵیانوەشێنێتەوە.

3-وەزیر بۆی هەیە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دەرماڵە وپاداشت سەرف بکات.

4-وەزیر بۆی هەیە لیژنەکانی هەمیشەیی یان کاتی لە وەزارەت دابمەزرێنێ و، ئەرکەکانی تایبەتی پەیوەست بە چالاکی وجموجۆڵەکانی پێیان دەسپێرێ، بە پێی حوکمی یاساکانی پەیڕەو کراو وپێڕەو وڕێنماییەکانی دەرکراون ودەتوانێ پشت بە شارەزاو پسپۆڕانی ناوەوەی هەرێم ودەرەوەی ببەستێت.

ماددەی نۆیەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی دەیەم: هەموو یاسا وپێڕەو وبڕیارەکانی ئێستا بەرکارن وتایبەتن بە ئەوقاف ولەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نین، کاریان پێ دەکرێ، تاوەکو یاسایەك دەردەچێ شوێنیان دەگرێتەوە یان هەڵدەوەشێنرێتەوە.

ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە جێبەجێ دەکرێ.

**هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

ئەم یاسایە دەرکراوە بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە پەرەسندووە وگشتگیرەی گەلی کودرستانی عێراق، دوای بە دەستهێنانی ئەو دەسکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانیە و بوونی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەڵبژێردراو وحکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کە هەموو پارت ولایەنەکانی نیشتمانیی و نەتەوەیی و ئایینەکانی لەخۆ گرتووە.

لە پێناو هێنانەدی پەیامی پیرۆزی ئیسلام وقولکردنەوەی پەیوەندی ڕاست ودروست ویەکتر ویستن وخۆشەویستی لە نێوان ئاینزاو ڕێبازەکان وئامادەکردنی نەوەیەك لە زانای بە توانا وهۆشیار وچەکدار بە وشیاری ئاینی ونەتەوەیی و نیشتمانیی دژ بەبیری تەکفیری وتوندوتیژی و خاوەن ڕۆشنبیریەکی گشتی فراوان و، لە پێناو پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ شوێنەکانی خوا پەرستی وبەڕێوەبردنی کاروباری وەقف وبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئاینزاو ڕێبازەکان و پاراستنی کەلتوری زانستی زانایانی کورد کە بە بەشێکی گرنگی کەلتوری ئیسلامی جیهانی بە درێژایی مێژوو دادەنرێت، هەروەها تێکەلاْوکردنی هۆکارەکانی فێرکردنی نوێ وسوود لێ وەرگرتنی وبەکارهێنانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ گەلی هەرێمی کوردستان لە جۆرەها بۆنە ئاینیەکاندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و ئەندامانی بەڕێز دەکرێت, ئێستاش خاڵی شەشەم لە بەرنامەی کارمان خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای لێبوردن لە لایەن کاک کەریمەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسایی**

سڵاو و ڕێزمان.

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پرۆژەی هاوپێچمان بەناوی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی گەڵاڵە کردووە, تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن لەگەڵ ڕێزدا.

ناوەکان:

1-شێروان حەیدەری.

2- عەونی بەزاز.

3- عەبدولکەریم ئەبوبەکر.

4- خەلیل ئیبراهیم.

5- تارق جامباز.

6- کەریم بەحری.

7- قادر سەعید.

8- سەردار هەرکی.

9- ڤیان دزەیی.

10- ئارێز عەبدوڵڵا.

11- دلێر محەمەد شەریف.

**یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2006**

یەکەم: کەم کردنەوەی ماوەی سزای زیندانیەکان بە ڕێژەی 30٪ لەو سزایە سەرەکییەی بەسەریان سەپێندراوەو بۆ مەبەستی بەردانی مەرجداریش ماوە کەم کراوەکە وەك ئەو ماوەیە دەژمێردرێت کە لەنێوان فەرمانگەی چاکسازی بردوویەتیە سەر.

دووەم: لێبوردن لە زیندانیان لەو کێشانەی ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکانی ئەنجامدراوە لەبەردەم دادگا, بەدەر لە زیندانیانی ئەو تاوانانەی خوارەوەو ئەوانەی بڕیاری نەهێشتنیان (اعدام) لەسەر دراوە.

1-تاوانەکانی تیرۆر.

2- کوشتنی ئەو بیانیانەی لە هەرێمدا کار دەکەن.

3- کوشتنی هاوڕای دزی.

4- مادده بێ هۆشکەرەکان.

5- تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

6- (اختلاس) ناپاکی و دزی لە سامانی هەرێم.

7- گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی پەیوەستن بە ئابووری و ئاسایشی هەرێم.

8- بەرتیل.

9- کردەوەی سێکسی بە زۆر.

10- نێربازی

11- سێکسی لەگەڵ مەحرەمان.

سێیەم: لێبوردنی زیندانییە مێردمنداڵەکان لەو ماوە زیندانیەی ماویانە بە مەرجێ حوکم نەدرابێ بەو تاوانانەی لە بڕگەی دووەمدا هاتوون.

چوارەم: راگرتنی رێکاری یاسایی بەیەکجارەکی لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا لە گشت ئەو تاوانانەی پێش ئەم بڕیارە روویان داوەو لایەنەکان ئاشتەواییان لەگەڵ یەکدا کردووە, لەبەر دەم دادگا, (جگە لەو تاوانانەی لە بڕگەی دووەمی سەرەوە بەدەر کراون) بە مەرجێك سکالاکارو خاوەن مافی شارستانی لە ماوەی 30 رۆژ لە دەرکردنی ئەم یاسایەدا لە مافی کەسینەی خۆیان خۆش ببوبن.

پێنجەم: ئەو زیندانیانەی سوودمەندبوونە لەو بڕیارانەی کەم کردنەوەی سزاکە پێش ئەم یاسایە دەرچوونە لەم یاسایە سوودمەند نابن.

شەشەم: ئەو کەسانەی بڕیاری زیندانی کردنی پاش ملەیان لەسەر دەرچووەو خۆیان بە دەستەوە نەداوەو تاکو دەرچوونی ئەم یاسایە نەگیراون سوودمەند نابن لەم یاسایە.

حەوتەم: زیندانیان لەم یاسایە سوودمەند دەبێت, ئەگەر سکالاکار و داواکاری مافی شارستانی لە مافەکانیان خۆش بوون لەو داوایەی حوکمەکەی لێ دەرچووەو ئەگەر سکالاکار و داواکاری مافی شارستانی لە کاتی دادگایی کردندا لە مافەکانیان خۆش نەبوون بۆیان هەیە لە ماوەی سێ مانگ لە دەرچوونی ئەم یاسایە لەبەردەم دادگا لە مافەکانیان خۆش بن ئەو کات دادگا بڕیار دەدات کە لێبوردن بەند کراو دەگرێتەوەو بەریدەدات.

هەشتەم: هەر گیراو و زیندانیەکی سوودمەند لەم یاسایە ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵ لەبەردانیدا تاوانێکی ئەنجامداو دادگا سزایەکی بەسەردا سەپاند کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبوو, ئەوا بڕیاری راگرتنی ریکارە یاساییەکانی لێی سوودمەند بووە پووچەڵ دەکرێتەوەو دەست بە رێکارەکان لە دژی دەکرێتەوە لەو کێشەی کە لەسەری گیراون, هەروەها بڕیاری لێبوردنەکەی, یان کەم کردنەوەی پووچەڵ دەکرێتەوەو گشت ئەو

سزایەی لەسەری لاچووە بەسەریدا جێ بەجێ دەكرێت, ئەگەر ئەو كردەوەی ئەنجامی دابوو تاوان بوو, ئەگەر كەتنیش بوو ئەوە نیوەی سزاكەی بەسەردا جێ بەجێ دەكرێت.

نۆیەم: بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم بڕیارە لیژنەیەك پێك دێت بە سەرۆكایەتی دادوەرێك لە پلەی دووەم كەمتر نەبێت كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران رایدەسپێری و نوێنەرێك لە هەر یەك لە وەزارەتەكانی ناوخۆ و كاروباری كۆمەلأیەتی و مافی مرۆڤ و نوێنەرێك لە سەرۆكایەتی داواكاری گشتی بۆ بەدواداچوونی جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم بڕیارە.

دەیەم: زیان لێكەوتوو لەو تاوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە بۆی هەیە, ئەگەر مافی پێشێل كرا بوو لەبەردەم دادگا شارستانیەكان داوای قەرەبووكردنەوە بكات.

یازدەم: وەزیرە تایبەتمەندەكان ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەكەن.

دوازدەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەركردنیەوەی جێ بەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) بلأو دەكرێتەوە.

**هۆیە پێویستكارەكان**

لەبەر ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی لە سزاداندا چاكسازی تاوانكارەو راست كردنەوەی رەفتاریەتی و ئەو بەندیانەی ئەم لێبوردنە دەیانگرێتەوە ماوەیەكی زۆر بوو, یان لە دەزگا چاكسازییە كۆمەلأیەتیەكان بەسەر بردووە, بۆ ئەوەی هەلیان بۆ برەخسێت و بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو كۆمەلگا بە ئازاد كردنیان, یان بە كەم كردنەوەی ماوەی بەندێتیان, یان راگرتنی رێكاری یاسایی دەرهەق ئەوانەی لە قۆناغی لێكۆلێنەوەو دادگاییدایە, بەو بۆنەی یەكگرتنەوەی مالی كوردستانی و كارگێڕی لە هەرێمداو بایەخدانی دەسەلأتەكانی لە هەرێمی كوردستان, بەم بۆنە مێژووییەو بۆنەكانی نەورۆز و ئادار و بۆ شادی خستنە ناو دلی كەسوكاری بەندی و نێوجەوانان و چاكسازییەكانی كە ئاشتەواییان كردووە, ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ دەكرێت بۆ تاوتۆ كردن و ئامادە كردنی راپۆرتەكانیان, هەروەها بۆ ئەندامانی پەرلەمان, خالی حەوتەم لە بەرنامەی كار خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە 17ی سالی 1999 لە لایەن كاك كەریمەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هەمواركردنی یاسای پارێزەرایەتی**

بەناوی خوای گەورەومیهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

**ژمارەی بڕیار:**

**ڕۆژی بڕیار:**

**پاڵ پشت بە حوکمەکانی بڕگە(1) لە ماددەی (56) لە یاسایی ژمارە (1)ی ساڵی 1992و لەسەر خستنە ڕووی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی / /2004 ئەم یاسایەی بڕیاردا:-**

## یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2004

## هەموارکردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999

**ماددەی یەکەم: سەرەتای ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1999ی هەموارکراو بەم شێوەیەدەبێت: پارێزەرایەتی فاکتەرێکە لە فاکتەرەکانی هێنانە دی دادپەروەری بەوەی کە دادوەری وەستاوەو دەستەبەری مافی داکۆکی پیرۆزە وئامانج لەو یاسایە ئەوەیە:-**

**ماددەی دووەم: ماددەی شەشەم بەم شێوەیە هەمواردەکرێت:-**

**یەکەم- نابێت ئەندامێتی سەندیکاوفەرمانبەرێتی گشتی لە دەوڵەت بەیەکەوە کۆبکرێنەوە.**

**دووەم- دەکرێت ئەندامێتی سەندیکاوکاری ئازاد بەیەکەوە کۆبکرێنەوە.**

**ماددەی سێیەم: ماددەی پانزەهەم بەم شێوەیە هەمواردەکرێت:-**

**یەکەم:**

**1-(57500) پەنجاوحەوت هەزاروپێنج سەد دینار بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە چل ساڵ تێنەپەڕیوەو سێ ساڵ پتر بەسەر وەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا یا بەرامبەرەکەی تێپەڕیوە.**

**2- (37500) سیوحەوت هەزاروپێنج سەد دیناربۆ ئەوانەی پێشتر کاری دادوەری یا گوتنەوەی زانستەکانی یاسا یا سەرۆکی داواکاری گشتی یا داواکاری گشتی یا ڕاوێژکاری یاسایی کردووە لە فەرمانگەکانی هەرێم بۆ ماوەی سێ ساڵی بەردەوام و پێنج ساڵ بۆ ئەوانەی کاری جێگری داواکاری گشتی کردووە بە بەردەوامی.**

**3- (30000) سی هەزار دینار بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان لە چل ساڵ تێنەپەڕیوەو ماوەی سێ ساڵ بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە یاسا یا بەرامبەرەکەی تێنەپەڕیوە وهەروەها بۆ ئەو کەسەی کە سێ ساڵ بەسەر کاری پارێزەرایەتی ڕەتنەبووە.**

**4-(60000) شەست هەزار دینار بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان لە چل ساڵ تێپەڕیوە وماوەی سێساڵ بەسەر بە دەستهێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە یاسا بەرامبەرەکەی تێنەپەڕیوە.**

**5- (75000) حەوتاو پێنج هەزار دینار بۆ ئەوانەی کە ناویان لە خشتە دوور خراوەتەوە.**

**دووەم: ڕەسمی فراوانکردنی دەسەڵات (ڕەسمی پلەبەندی) بەم شێوەیە دەبێت:-**

**1- (15000) پانزە هەزرا دینار لە ڕاهێنراوەوە بۆ کارا.**

**2- (30000) سی هەزار دینار لە کاراوە بۆ ڕاوێژکار.**

سێیەم: بەرامبەری هاوبەشی ساڵانە بەم شێوەیە دەبێت:

1- (15000) پانزە هەزار دینار بۆ پارێزەری ڕاهێنراو.

2- (22500) بیستودوو هەزاروپێنج سەد دینار بۆ پارێزەری کارا.

3- (30000) سی هەزار دینار بۆ پارێزەری ڕاوێژکار.

ماددەی چوارەم: بڕگەی (1) لە ماددەی شازدەهەم وبڕگەی (3) دووەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

یەکەم:

1- بەبریکاربوون لە داوای شارستانی وناکۆکیە دادوەریەکان گەر بەهاکەی لە (150000) سەدوپەنجا هەزار دینار پتر نەبوو.

دووەم: گرێبەستکردن بە سیفەتی ڕاوێژکاری یاسایی لەگەڵ کۆمپانیاکان.

2- کەرتی تایبەت یا هەر پڕۆژەیەکی پیشەسازی یا کشتوکاڵی یا نوسینگەکانی بەڵێندەرایەتی و بەڵێنکاریەکانی زانستی وهونەری وبازرگانی کە سەرمایەکەی لە (75000000) حەوتاوپێنج ملیۆن دینار پتر نەبێت.

ماددەی پێنجەم: بڕگەی (أ) لە بڕگەی (2)ی یەکەم لە ماددەی نۆزدەهەم بەم شێوەیە هەمواردەکرێت:

أ-ئەو داوایانەی کە فەرمانگەکانی دەوڵەت لایەنێك بن تیایدا وبەهاکەی لە (3750000) سێ‌ملیۆن‌وحەوت سەدوپەنجا هەزار دینار پتر نەبێت.

ماددەی شەشەم: ماددەی بیستوپێنج بەم شێوەیە هەمواردەکرێت:

یەکەم: دەبێت کۆمپانیا نیشتمانیەکانی بازرگانی وپیشەسازی وکشتوکاڵی وخزمەتگوزاری یا ڕاوێژکاری جا هاوبەشی بن یا خاوەن بەرپرسیارێتی دیاریکراو کە سەرمایەکەی لە (3750000) سێ‌ملیۆن‌وحەوت سەدوپەنجا هەزار دینار کەمترنیە کە لە هەرێم کار دەکەن یا لقێکیان لە هەرێم هەیە لەگەڵ پارێزەرێك یا پتر گرێبەست مۆر بکەن بۆ پێدانی ڕاوێژی یاسایی.

دووەم: بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن بڕی (15000) پازدە هەزار دینار وەك بژاردن دەسەپێنرێتە سەر ئەو بڕگەیە یان جێ بەجێ نەکردن.

سێیەم: پارێزەر بۆی نیە گرێبەست لەگەڵ پتر لە چوار کۆمپانیای نیشتمانی ودوو کۆمپانیای بیانی مۆر بکات بە پێی بڕگەی یەکەمی سەرەوە.

چوارەم: ئەو لایەنانەی کە لە بڕگەی یەکەم باسکراون لەسەریانە ڕێژەی 10٪ لە بەرامبەری ڕاوێژکاریەکە ببڕن بۆ ساڵێك وبەشێکی ساڵیش بۆ مەبەستی ڕەسم بە ساڵێك دەژمێردرێت ودەبێت ئەو بڕەش بۆ سەندیکا ڕەوانە بکرێت، بەمەرجێك نابێت ساڵانە لە (75000) حەوتاوپێنج هەزار دینار کەمتر بێت.

پێنجەم: پارێزەرلە ڕۆژی راستاندنی گرێبەست لە سەندیکا لەگەڵ لایەنەکانی دیاریکراو لە بڕگەی (یەکەم) بە پارێزەری ئەو لایەنانە دەژمێردرێت.

ماددەی حەوتەم: بڕگەی دووەم وسێیەم لە ماددەی (26) لە یاساکە هەڵدەوەشێنرێتەوە وبڕگەی یەکەم دەبێتە دەقی ماددەکە.

ماددەی هەشتەم: بڕگەی یەکەم لە ماددەی (36) بەم شێوەیە هەمواردەکرێت:

یەکەم: دادگا بریار بۆ پارێزەری دانراو کە داکۆکی لە تۆمەتبار دەکات کە پارێزەری نییە بۆ داکۆکیکردن لە بەرامبەر دادوەری لێکۆڵینەوە ودادگای کەتن وتاوان ونەوجەوانان دەدات بە ماندووبونی پارێزەرایەتی کە بڕەکەی لە (52500) پەنجا و دوو هەزار و پێنج سەد دینار کەمتر نەبێت و لە (105000) سەد و پێنج هەزار دینار پتر نەبێت کە لەلایەن خەزێنەی دەوڵەت دابین دەکرێت.

ماددەی نۆیەم: بڕگەی یەکەم لە ماددەی (39) بەم شێوەیەی هەموار دەکرێت :-

یەکەم: پارێزەر بۆی هەیە لەگەڵ بریکارەکانی بە گرێبەستێکی نووسراو کە لەلایەن سەندیکاوە راسپێنرا بێت بەرامبەر رەسمێکی دیاریکراو کە بڕەکەی (5000) پێنج هەزار دینار بێت رێك بکەوێت.

ماددەی دەیەم: ماددەی (59) بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:-

گەر نەقیب مەرجێکی ئەندامێتی لە دەستدا یا شوێنەکەی چۆڵ بوو بە هەر هۆکارێك، بریکاری سەندیکا شوێنەکەی دەگرێتەوە تا بە کۆتایی هاتنی خولی هەڵبژاردنەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئەندامانی بەڕێز دەکرێت, ئێستاش خاڵی هەشتەم لە بەرنامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999 لە لایەن کاك کەریم دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە (    )ی ساڵی 2004**

**هەموارکردنی دووەمی یاسای سەندووقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18) ساڵی 1999**

ماددەی یەکەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی شەشەم هەمواردەکرێت بەم شێوەیە :-

یەکەم: بەرامبەری هاوبەشی ساڵانە لە پارێزەران بە پێی ماددەی تۆمارکردن بەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگیرێت :-

أ-(22500) بیست و دوو هەزاروپێنج سەد دینار گەر سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕیبێت.

ب- (30000) سی هەزار دینار گەر سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەریبێت.

ج- (37500) سی و حەفت هەزار و پێنج سەد دینار گەر پێنج ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەریبێت.

د- (45000) چل و پێنج هەزار دینار گەر دە ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەریبێت.

هـ- (52500) پەنجاو دوو هەزارو پێنج سەد گەر پانزە ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەریبێت.

و- (60000) شەست هەزار دینار گەر بیست ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەریبێت.

ماددەی دووەم: مووچەی خانەنشینی تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای (1500) دینار بۆ هەر مانگێك لە ماوەی خانەنشینەکە بە پێی حکومەکانی ئەم یاسایە و بۆ ئەو مەبەستە هەندێکی (جزء) مانگ بە مانگی تەواو دادەنرێت.

ماددەی سێیەم: دەکرێت مافی خانەنشینی پارێزەرایەتی و فەرمانبەرێتی یا کارکردن یا هەرمافێکی خانەنشینی لە هەر سندوقێکی دیکە بخرێتە سەریەك بەمەرجێك هەمووی لە (450000) چوارسەدوپەنجا هەزار دینار پتر نەبێت.

ماددەی چوارەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی بیستەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

دووەم- گەر پارێزەر یا خانەنشین ناڕەزایی لە لای ئەنجومەنی پاریزەر ووردبینی کرد بڕی (15000) پانزە هەزار دیناری لێوەر دەگیرێت وگەر لە ناڕەزاییەکەی مافدار بوو بۆ دەگێردرێتەوە.

ماددەی پێنجەم: (وەك خۆی نووسراوەتەوە)

ماددەی شەشەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو پارێزەرانەش دەگرێتەوە کە پێشتر خانەنشین کراون بەر لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ومووچەکانیشیان هەموار دەکرێت.

ماددەی حەوتەم: دەستەی سەندووقی خانەنشینی پارێزەران بە وەزارەتی داراییەوە ببەسترێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەمەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئەندامانی بەڕێز دەکرێت, خاڵی نۆیەم لە بەرنامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای خاوەنیەتی هەزری و هونەریەتی لە کوردستان لە لایەن مامۆستا کاکە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای پاراستنی موڵکایەتیی هزری و هونەرسازی لە کوردستاندا**

**( پاراستنی بەروبوومی هونەرسازیی هونەرمەندان)**

**بەشی یەکەم- پێناسەکان**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، لە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا، ئەو مانایانەیە کە لەتەك هەریەکەیانەوە روونکراونەتەوە:

- وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری.

- (MCH):( دەزگای پاراستنی بەروبوومی هونەرسازیی هونەرمەندان).

- دانەر: ئەو کەسەیە کە کارو بەروبوومی هونەرسازی و کتێبی موصەننەف، بەناوی خۆیەوە یان بەهەر شێوازێکی دی یان بەناوێکی نهێنییەوە بڵاودەکاتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە بەڵگەی پێچەوانەی لەسەر راست دەبێتەوە.

- كار، یان بەروبوومی هونەرسازی یان كتێبــی موصەننەف: دەفرێكی مەعریفەیە، بەرهەمێكی هونەرسازیی تازەبابەتی تێدایە، سا، جۆری ئەو بەرهەمە، یان بایەخی، یان شێوازی دەربڕینی، یان مەبەستی تەصنیفەكەی هەرچییەك دەبێ، با، ببێ.

- هونەرسازەكانی ئەدا (فنانو الأداء): مۆسیقاژەن و گۆرانی بێژو، سەماكاران و، سروودبێژان و كەسانی دیكەش لەوانەی كە كارێكی هونەرسازی لە موصەننەفێكی ئەدەبی یان لە موصەننەفێكی هونەرییەوە، بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەدا دەكەن.

- بڵاوكردنەوە: بریتییە لە گواستنەوەی كارو بەروبوومی هونەرسازی و موصەننەفەكان یان گەیاندنیان بە جەماوەر بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەرێگای هەموو ئامراز (وسائط) و شێوازیكەوە، یان دەرهێنانی نوسخە یان وێنەی هەمووی یان هی بەشێك لەبەشەكانی كە بتوانرێت بخوێندرێتەوە یان ببیسترێت یان ببیندرێت یان ئەدا بكرێت.

- مافی موڵكایەتیی دانەر: كۆی هەموو ئەو بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییانەیە كە بۆ دانەر لەسەر موصەننەفەكەی دەسەلمێنرێت.

## بەشی دووەم – چوارچێوەی پاراستن

ماددەی دووەم: كارو بەروبوومی هونەرسازی و موصەننەف، كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە پاراستن دەیانگرێتەوە ئەمانەن:-

أ-ئەو كارو بەروبوومە هونەرسازی و موصەننەفانەیە كە هاووڵاتیانی كوردستان بەرهەمی دێنن، یان هی ئەو كەسانەیە كە لە ناوەوە یان لەدەرەوەی وڵاتن و لە حوكمی ئەواندان.

ب- كارو بەروبوومی هونەرسازی و موصەننەفاتی ئەو دانەرانەیە كە لەهەرێمی كوردستاندا بەرهەمی دێنن و، بڵاوی دەكەنەوەو، هەرێمیشیان كردووە بە جێگای ئیقامەتی خۆیان.

ج- ئەو كارو بەروبوومە هونەرسازی و موصەننەفانەیە كە حوكمەكانی رێككەوتنی رۆشنبیری و رێككەوتنەكانی دی دەیانگرێتەوە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیلتیزامی پێیانەوە گرتووە.

ماددەی سێیەم: هەموو كارو بەروبوومێكی هونەرسازی و موصەننەفێك بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، دەپارێزرێن، بەتایبەتیش ئەمانەی خوارەوە:-

أ- كارو بەروبوومی هونەرسازی و موصەننەفی نوسراوو كتێب و نامیلكەو بڵاوكراوەو دەستنووس و موحازەرەو، شتی دیكەی نووسراوی لەو جۆرەبابەتانە.

ب- كارو بەروبوومی هونەرسازی و موصەننەفی هونەرسازیی شانۆگەری و مۆسیقی (مورەققەم) نۆتەداربێ، یان نەبێ، وشەی لەگەڵدابێ، یان نەبێ، هەروەها كاری سینەمایی و ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و گۆرانی و، دابەشكردنی مۆسیقی و تەصمیمی سەماكردن و نواندنی ئاماژەیی ( التمثیل الإیمائي).

ج- موصەننەفەکانی هونەری شێوەکاری و تەتبیقی و وێنەی فۆتۆگرافی.
د- موصەننەفی وێنە گیراوەکان و نەخشەی جوگرافی و تەصمیم و هێڵکارەکان (المخططات) کە پەیوەندییان بەتۆبۆگرافیاوە یان بەهونەری بیناسازی و زانستەکانەوە هەیە.
هـ- ئەو کارو بەروبوومە هونەرسازی و موصەننەفانەی کە بە بەرنامەی کۆمپیوتەر جێبەجێکراون – بەبەڵگەنامەی تەصمیم و کۆمەڵە بەیاننامەکانیشەوە. پاراستن عینوانی کارەکان و بەروبوومی هونەرسازی و موصەننەفەکانیش دەگرێتەوە، تەنها ئەو عینوانە نەبێ کە بریتییە لە قسەی دەماو دەم بۆ نیشاندانی بابەتی کارو بەروبوومی هونەرسازی و موصەننەف.

## بەشی سێیەم- مافەکانی دانەر

ماددەی چوارەم: دانەری کار یان بەرهەمی هونەرسازی کە پاراستن دەیگرێتەوە، تەنیا، خۆی مافی بڕیاردانی بڵاوکردنەوەی کارەکەی و شێوازی بڵاوکردنەوەکەی هەیەو، تەنها هەر خۆیشی یان ئەو کەسەی کە بەنووسین مۆڵەتی پێدەدات، مافی ئەوەی هەیە کارەکەی بەشێوەیەکی دارایی وەبەریبهێنێ سا بەهەر شێوەو شێوازێك دەیکات، با بیکات. لەخۆشی زیاتر هیچ کەسێك، یەکسەر ئەو مافەی نییە بەبێ ئەوەی مۆڵەتی نووسراو، لە خۆی یان لە جێگری پاش خۆی وەربگرێت.
ماددەی پێنجەم: دانەر بۆی هەیە، هەر هەموارکردن و گۆڕینێك لە کارەکەی خۆیدا بکات و، مافی ئەوەشی هەیە، وەریگێڕێتە سەر زمانێکی تر. هیچ کەسێکی دی بۆی نییە ئەو ئیشانەی تێدا بکات بەبێ ئەوەی مۆڵەتی نووسراو لەخۆی یان لە جێگری پاش خۆی وەربگرێت.
ماددەی شەشەم: لە جێبەجێکردنی هەر کارێك لەوانەی لەماددەی ( $5 - 6$)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، ئەوکارە بەناوی دانەرەکە دەکرێ وناوی ئەوی لەسەر دەنووسرێ، ئەمەش ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە کەبەبۆنەی ڕووداوێکەوە، ناوی موصەننەفەکە هەر وا بەشێوەیەکی لابەلا لەتوێی باسێکی ڕادیۆیی یان تەلەفزیۆنیدا بێتە ئاراوە.
ماددەی حەوتەم: دانەر، خۆی، یان ئەو کەسەی کە بەپێی یاسا نوێنەرایەتیی دەکا، مافی (دەفع)ی هەیە دژ بەهەر ستەمێك لە کارەکەی( بەرهەمەکەی) بکرێت و، مافی ڕێ نەدانی هەر شێواندن و لادان و هەموارکردن ودەستکاریەکیشی هەیە کە زیانی ماددی یان مەعنەوی بە دانەر بگەیێنێ و، مافی داوای قەرەبووویشی هەیەو، ئەم مافەش دوای مردنی خۆی بۆ میراتگرانی دەمێنێتەوە.
ماددەی هەشتەم: دوای بڵاوکردنەوەی کاری ( بەرهەمی) هونەرسازیی، هەر شیکردنەوەو کورتەیەکی لێ وەربگیرێ هیچ زیانێك بەمافی دانەر ناگەیەنێ، ئەگەر بەمەبەستی رەخنە یان گفتوگۆ یان رۆشنبیری یان هەواڵ وەرگیرابن و ئاماژەی بە موصەننەفەکەو ناوی دانەرەکەشی کردبێ – ئەگەر ناوەکەی زانراوبێت.
ماددەی نۆیەم: دانەری موصەننەفی زانستی یان ئەدەبی مافی خۆیەتی موصەننەفەکەی لە دەستاو دەست (التداول) بکێشێتەوە یان قەدەغەی بکات لە دەستاودەست کردن، بە مەرجێ قەرەبوویەکی گونجاوی ئەو کەسە بکاتەوە کە لە بڕیاری ئەو کێشانەیەوە زەرەرمەند بووە.

ماددەی دەیەم: دەستەی (هیئة) بڵاوکردنەوە لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکاندا، مافی ئەوەیان هەیە نەیەڵن بەبێ مۆڵەتی نووسراوی خۆیان، هیچ مامەڵەیەك بە بەرنامەکانیانەوە بکرێت، هەر لەبەرگرتنەوەیەکی ئەو بەرنامانەش، یان دووبارە بڵاوکردنەوەیان بۆ جەماوەر لە ڕادیۆو تەلەفیزیۆنەوە، یان فرۆشتنیان یان بەکرێدانیان بەمامەڵەکردنی قەدەغە لەقەڵەم دەدرێ.

ماددەی یازدەم: پاراستنی مافی دانەر، مافی دەوڵەت لانابات، چونکە دەوڵەتیش مافی خۆیەتی هەر موصەننەفێك لە دەستاودەست کردن قەدەغە بکات کە زیان بە سیستەمی گشتی و ڕەوشت بگەیەنێ.

ماددەی دوازدەم: لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی رۆشنبیری پێك دەهێنرێت، فرمانی پێداچوونەوەی ئەو رێککەوتننامانە دەگرێتە ئەستۆ کە لەنێوان لایەنەکانی رێککەوتنەکاندا مۆرکراون، بۆ ئەوەی مەرجەکانی ئەو ڕێککەوتننامانەو یاسایی بوونیان دیار بکات.

ماددەی سیازدەم: مافە هاوسێکان (الحقوق المجاورة): هەموو ئەو بەرهەم و رشتە هونەرسازییانە دەگرێتەوە کەلەناو ستۆدیۆکاندا ئەنجام دەدرێن، وەك تۆمارکردنی گوێ بیستی و دیدەنی، هەروەها ئەو کتێب و بڵاوکراوەو نووسراوە هونەرسازیانەش دەگرێتەوە کە تایبەتن بە مۆسیقاو گۆرانیەکانی هەرێمی کوردستان و بڵاوکردنەوەیان و، بەرنامەو (سی دی) هونەرسازیی کۆمپیوتەریش دەگرێتەوە( بەپاراستنی مافی کاری هونەرسازیی یاریدەدەریشەوە) وەك سیناریۆو دەرهێنانی سیناریۆی چ گوێ بیستی و چ دیدەنی.

ماددەی چواردەم: دەزگایەکی سەربەخۆ، بۆ زەبت کردنی بەڵگەنامەی رێککەوتنەکانی هەموو بەروبووم و موصەننەف و بەرهەمە هونەرسازیەکانی گوێ بیستی ودیدەنی دادەمەزرێت و، سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دەبێت، ئیشی ئەم دەزگایە ئەوەیە چاودێریی مافی چاپکردنی بەرهەمی هونەرسازیی هونەرمەندان بکات و ناودەنرێت ( دەزگای پاراستنی بەروبوومی هونەرسازیی هونەرمەندان) بەکورتیش هێمای: (MCH)ی بۆ دادەنرێ و، پەیوەندیی ڕاستەوخۆشی بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت و، دەسەڵاتی ناوەندیش( المركزية) پشتگیری و بەدواداچوونی ئەم کاروبارە یاسایی و هونەرسازییانەی خوارەوەیان دەگرێتە ئەستۆ:

1-بەدواداچوونی بەرهەمە هونەرسازیەکانی هونەرمەندان( لە تۆمارکردن و ڕادیۆو بڵاوکردنەوەی (سی دی) یەوە تا هەموو لایەنەکانی دیکەیان).

2-بەدەستهێنانی مافەکانی هونەرمەندان، کە بەهۆی سەپاندنی هەندێ ماددەی ناهەقی یاساوە- کە تا ئێستاش لەکاردان- دەست بەسەر بەرهەمە هونەرسازیەکانیاندا گیراوە، یان بەهۆی هەر ماددەیەکەوە بووبێ کە لەگەڵ ماددەکانی پرۆژەی ئەم یاسایەماندا ناکۆك بێت.

3-تۆمارکردن یان ڕاگەیاندن یان ئاگادارکردنەوەی دەزگای (MCH)لەبارەی هەموو ئەو کارە هونەرسازییانەوە کە پاشتر بەرهەم دەهێنرێن، بۆ ئەوەی هەموو رێکارێکی (إجراءات) فەرمی و یاسایی بگرێتە بەر بۆ پاراستنی مافی داهێنەران و بەکارخەران و خاوەنانی ئەم بەرهەمانە.

4-دەزگای(MCH) پابەند نییە داکۆکی لەو مافانە بکات کە لەهەر بەرهەمێکی هونەرسازیی مۆسیقی یان گۆرانییەوە کەوتبنەوە، ئەگەر بەر لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەیان، تۆمارنەکرابن یان ڕاگەیاندنیان بۆ نەکرابێ.

5-دەزگای(MCH) پارێزەرێکی تایبەت لەلای خۆی دادەمەزرێنێت، ئەرکی سەرشانی ئەوە دەبێت کە داکۆکی لە هەموو کارمەندانی بواری گۆرانی و مۆسیقا بکات، هەروەها داکۆکی لە خاوەن مافانی هاوسێ بکات، ئەوانەی کە بارودۆخی نالەباری داراییان بەشی هەندە ناکات کە پارێزەرێك بە وەکالەت دابنێن.

6-پێکهێنانی بەرنامەیەکی لەبارو، ڕوونکردنەوەی تەواوی ئەم بەرنامەیە بەدووروودرێژی، بۆ ئەوەی پیرۆ بکرێت.

ماددەی پازدەم: کاری گواستنەوە، یان پەخش، یان گەیاندن بەهۆی ئامرازی (وسائط) بیستەنی یان دیدەنی ( ملتیمیدیا) کە ئەمانەی خوارەوەو هاو حوکمەکانیان دەگرێتەوە:

1-ئێستگە زەمینیەکانی پەخشی تەلەفیزیۆنی( محەللی) و، ئاسمانیەکان.

2-بنکەکانی ڕادیۆ.

3-تۆڕی ئینتەرنێت.

4-تاکەتاکەی خەڵك: واتا ئەوانەی کە گوێ لە گۆرانیەکان دەگرن و تۆماری دەکەن و پاشان دەیانگوێزنەوە.

ماددەی شازدەم: هەموو ئەو ناوەندانەی( المراكز) کە بەروبووم و کاری هونەرسازیی گۆرانی و مۆسیقا تۆماردەکەن، هەروەها خاوەنانی هەموو بنکەکانی تۆمارکردن و، ناوەندەکانی تۆمارکردنی بەروبووم و کاری هونەرسازیی بیستەنی و، دیدەنی، چ بە شریتی تۆمارکردنی ئاسایی، چ بەکاسێتی (سی دی)و, شریتی ڤیدیۆ (DVD)و, چ بە لەبەرگرتنەوەی شریتی بیستەنی و دیدەنی, پێویستە لەسەریان:

**1.** هەر کارو بەروبووم و موصەننەفێکیان لەلابێت, دەبێ لە لیژنەی ڕێککەوتنەکان تۆماریان بکەن بەرامبەر بە مزەپارەیەکی دیارکراو, بە مەرجێ بە بەڵگەنامە کردن و تۆمار کردنەکە لە ماوەی یەك مانگ لە ڕۆژی ئیقرار کردن و دەرچواندن و بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایەوە تەواو بکرێن.

**2**- بەروبووم و کارە هونەرسازیەکان, تەنیا بەدەرچواندنە ئەسڵی و بە بەڵگە کراوەکانیانەوە (باصداراتها الاصلية الموثقة) دەفرۆشرێن. فرۆشتنەکەش لە ڕێگای کۆمپانیا و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو دابەشکردنەوە, هەروەها بەهۆی ئامرازی جۆربەجۆری گەیاندنی بیستەنی و دیدەنییەوە ئەنجام دەدرێت, هەروەها لە ڕێگای خەڵکانێکەوە دەفرۆشرێن بە پێی ریککەوتننامە لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی بگاتە بنکەکانی فرۆشتن و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن.

**3**ـ هەر نوسخەیەکی لەبەرگیراوەی هەر کاسێتێك, یان هەر شریتێکی ڤیدیۆ, یان هەر(سی دی) یەك کە کار، یان بەروبوومی هونەرسازییان تێدابێت, فرۆشتن و کڕین و دەساودەسکردنیان قەدەغەیە.

**4**ـ هەموو ئەو بەروبووم و کارە هونەرسازییانەی کە دەهێنرێنە دەزگاکە, نیشانەی دەزگا (MCH) یان دەخرێتە سەر, یان پێوەیان دەلکێنرێت, ئەوەش دوای تەواو کردنی ڕێککەتننامەی فەرمی ئەنجام دەدرێت.

**5.** هەر سەرپێچییەك رووبدات و ببێتە هۆی رەواج پێدانی نوسخەی ساختە لە هەر بەرهەمێکی هونەرسازیانەی ئەسڵی, خەبەری لێ دەدرێت و, سەرپێچیکاریش دەکەوێتە بەر راوەدونانی (الملاحقة) یاسایی.

**6.** هەموو بەرهەمێکی هونەرسازیی کە لە (10) نوسخە زیاتر بێت و لە رێگای دەرچەکانی سنوورەوە یان لە رێگای فرۆکەخانەکانەوە بێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە, پێویستە بە شێوەیەکی ئوسوڵی لەلایەن خاوەنەکانیانەوە یان لەلایەن هێنەرەکانیانەوە, لە دەزگای (MCH)بە بەڵگە نامە (بەڵگەدار) بکرێن و، ڕەزامەندیی فەرمیش بۆ دابەشکردن و دەستاودەست کردنی وەربگیرێ، دەنا، دەستیان بەسەردا دەگیرێ.

ماددەی حەڤدەم:

أ-ئەو بەرهەمە فۆلکلۆری و هونەرسازیانە دەپارێزرێن، کەخاوەنەکانیان زیاتر لە (50) ساڵ بەسەر کۆچی دواییاندا تێپەڕیوە.

ب- ئەو دەرامەتەی کەلەبەروبوومی هونەرسازیی تۆمارکراوەوە کەڵەکە بووەو پەنجا ساڵیش بەسەر کۆچی دوایی خاوەنەکەیدا تێپەڕبووەو، دەرامەتی پاش ئەوەش، بە دەست دەهێنرێنەوەو، بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی فەرمی دەدرێن بەمیراتگری شەرعیی مردووەکە.

ماددەی هەژدەم:

أ- مافی چامەی شیعر و، ئاوازو مۆسیقای تایبەت بەگۆرانیی فۆلکلۆری و بەرهەمی کۆن کەماوەی پاراستنی مافەکانیان بەسەر چووە، مافەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و، نابی دەستاکاری بکرێن.

ب- ئەگەر هەمان چامەی شیعری و ئاوازو مۆسیقای تایبەت بە گۆرانیی فۆلکلۆری، بەدابەشکردنێکی مۆسیقیانەی نوێ ئامادەکرابنەوە، ئەوا، مافەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنی ئەزموونە تازەکە.

## بەشی چوارەم - سزاکان

ماددەی نۆزدەم: بەپێی دەسەڵاتی یاسایی، کەدادگا پسپۆڕەکان هەیانە، دەتوانرێت ئەم سزایانەی خوارەوە، بەسەر ئەو کەسانەدا بدرێت کە سەرپێچی لە ماددەکانی ئەم یاسایە دەکەن:

سزای یەکەم: داخستنی دوکان یان مەرکەزی ئیشکردنی سەرپێچیکارەکە بۆماوەیەك لەمانگێك کەمتر نەبێت و لەدوو مانگیش تێنەپەڕێت، لەگەڵ غەرامەی دارایی کە لە (پێنج) ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت و، لە (پەنجا) ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت.

سزای دووەم: ئەگەر سەرپێچیکار وازی نەهێناو بەردەوام بوو، ئەوا، خۆی تووشی سزای قورستر دەکات، کە دەگاتە ڕادەی ئەوەی ئیجازەی دوکانەکەی لێ بکێشرێتەوەو لەکاریش بخرێت.

سزای سێیەم: ئەو هونەرمەندەی لەدەزگای (MCH) تۆمار کراوە، مافی خۆیەتی شکات لەو کەسانە بکات کە دەستکاریی ئاوازێك لە ئاوازەکانی دەکەن یان گۆڕانکاریی تێدا دەکەن بەبێ ئەوەی ڕەزامەندییان لێی وەرگرتبێت. ئەگەر ئەوەش چەسپا، ئەوا، بەبڕێ پارە تەغریم دەکرێن لە (سێ) ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت و لە (شەش) ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت و، پەخشی ئەو بەروبوومەش لە هەموو

دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دەوەستێت و، سەرپێچیکاریش قەرەبووی زیانی شکاتکارەکە دەکاتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-75٪ ی غەرامەکە بۆ زیان لێکەوتووەکەیە.

2-25٪ی غەرامەکە هەواڵە دەکرێت بۆ دەزگای (MCH)( دەزگای پاراستنی بەروبوومی هونەرسازیی هونەرمەندان).

3-لایەنی زەرەرمەند، تەنیا لەلایەن زەرەر بەخشەکەوە قەرەبوو دەکرێتەوە، نەك لەلایەن دەزگای (MCH) یان هەر دەزگایەکی دیکەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە.

## بەشی پێنجەم

## پاساوەکان، یان هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە

**ماددەی بیستەم: پاساوەکان، یان هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

هونەر وهونەرمەندان لەکوردستاندا- هەتا ئێستاش- کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان کردۆتە سەر ژیان وپێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری و، هونەر بووبووە چەکێکی کاریگەر دژ بەزاڵم وستەمکاران و، هونەرمەندانیش ئەو نەهامەتییەیان لە هونەرەکانیاندا بەئەرێنی (ئیجابی) دەردەبڕی و، داوای چاکسازیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەکردو، داوایان دەکرد کەباری کۆمەڵایەتی ناهەموار بەرەو چاکتر بگۆڕدرێت. گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووبووە دەفرو بەرهەمێ لەبەرهەمەکانی شۆڕشە دوابەدوا یەکەکانی گەلی کورد کەلەپێناو ئازادی وسەربەخۆییدا بەرپای دەکرد.

لە بەهاری 1991یشدا، دەنگ و ئامادەیی هونەرمەندانی کورد بوو بەدنەدەری بەردەوامبوونی ژیانی ئازادی و سەربەرزی بۆ ئەم گەلە هەمیشە زیندووە. کاتێکیش میللەت بەرەو پلەکانی ژیانی شارستانی پێشکەوت و کەوتە دۆزینەوەی نیشانە تازەکانی ڕۆشنبیری و هونەرسازی لە ژیانی کوردستانیدا، هونەرمەندان بووبوونە پێشەنگی ئەم میللەتە.تا هەمووکەسێکیش ئازادیی خۆی بەدەست نەهێنێ، عەدالەتیش نایەتە دی و، تا هەموو مافە بنەڕەتەکانیشی وەدەست نەهێنێ، چاوی بەسەربەخۆیی ناکەوێ.

ئەم یاسایەی کەدادەنرێت، مافی هونەرمەندان دەپارێزێ و حورمەتی هەموو هونەرمەندانی کوردستان بەرز ڕادەگرێ.

## حوکمەکانی موصەننەفە هاوبەشەکان

**ماددەی یەکەم:** ئەگەر زیاتر لە یەك کەس، لە دانانی کارێکی (بەرهەمێکی) هونەرسازیدا بەشدارییان کرد، کە لەوەدا ناتوانرێت بەشی یەك بە یەکیان لەو کارە هاوبەشەدا جیابکرێتەوە، ئەوا هەموویان بە یەکسانی بە خاوەنی ئەو موصەننەفە لە قەڵەم دەدرێن ـ ئەگەر ڕێککەوتنێکی نووسراویان لەسەر جۆرێکی دی نەکردبێ ـ.

**ماددەی دووەم:** ئەگەر بەشداربوونی هەریەکە لە دانەرەکان لەسەر ئەوە بووبێ کە هەریەکە و جۆرە بابەتێك لە کارە هونەرسازییەکە ئامادە بکات، ئەوا هەریەکە و بە تەنیا مافی وەبەرهێنانی بەشەکەی خۆی

هەیە، بە مەرجێ زیان لە وەبەرهێنانی کارە هاوبەشەکە نەدات ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوەوە رێککەوتنێکی نووسراویان نەبووبێ ..

ماددەی سێیەم: کارێکی (بەرهەمێکی) هونەرسازیی کە یەك کەس، یان پتر لە یەك کەس ـ لەسەر رێنمایی کەسێکی سروشتی یان کەسێکی ئیعتیباری ـ بە هاوبەشی دایدەنێن و، ئەو کارە لە فیکرە گشتییەکەی ئەو کەسە سروشتییە یان ئیعتیبارییەدا یەك دەگرێتەوە،کە ناتوانرێ ئیشی هەریەکەیان لە ئیشی ئەوانی دیکە جیا بکرێتەوەو بە تەنیا بۆی دیاربکرێ، لەمەدا، کەسە سروشتییەکە یان ئیعتیبارییەکە ـ کە خۆی رێنمایی کارەکەی کردووەو رێکی خستووە - تەنیا، هەر خۆی بە دانەری بەرهەمەکە (کارەکە) دادەنرێ و، هەر خۆیشی مافی دانەرو مافی پاراستنی دەبێت.

ماددەی چوارەم: لە حاڵەتی هاوبەشی کردن لە دانانی کاری مۆسیقای گۆرانیدا، ئەو کەسەی سەرجەمی بەشی مۆسیقاکە و دابەشکردنی مۆسیقاکەش دادەنێ، مافی ئەوەی هەیە مۆڵەتی پێ بدرێت هەموو کارە هونەرسازییە هاوبەشەکە بە ئاشکرا ئەدا بکات یان بیخاتەکار یان بڵاوی بکاتەوە, یان نوسخەی لەسەر بگرێتەوە، بەمەرجێ لە مافی دانەری بەشە ئەدەبییەکە لانەدات.. چونکە دانەری بەشە ئەدەبییەکەش مافی ئەوەی هەیە کە تەنیا، خۆی، بەشەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە، بەڵام ناشێ بیکاتە بنچینە بۆ کارێکی مۆسیقیی دی ـ ئەگەر جۆرە رێککەوتنێکی دیکەیان لە نێواندا نەبووبێ.

ماددەی پێنجەم: لە حاڵەتی بەشداریکردن لە دانانی ئەو کارە هونەرسازیانەدا کە هاوئاهەنگ بە مۆسیقاوە جێبەجێ دەکرێن و،لە ئیستیعراز/ ئیسکێتیشدا/ کە مۆسیقای لەگەڵدابێ و، لە هەموو موصەننەفە هاوشێوەکانیشیاندا،دانەری بەشە غەیرە مۆسیقییەکە مافی ئەوەی دەبێت کە مۆڵەتی پێ بدرێت هەموو کارە هاوبەشەکە بەئاشکرا ئەدا بکات، یان جێبەجێی بکات، یان نوسخەی لێ دەربچوێنێ. دانەری بەشە مۆسیقییەکەش مافی ئەوەی دەبێت تەنیا بەشە مۆسیقییەکەی بەکاربهێنێ، بە مەرجێ لە کارێکی هونەرسازیی هاوشێوەی کارەهاوبەشەکەدا بەکاری نەهێنێ ـ ئەگەر جۆرە رێککەوتنێکی دیکەیان نەکردبێ.

ماددەی شەشەم: ئەم کەسانەی خوارەوە، لە دانانی کاری هونەرسازیی سینەمایی یان شانۆیی یان رادیۆیی یان تەلەفیزیۆنیدا بە هاوبەش دادەنرێن:

أ ـ دانەری سیناریۆ ـ ئەگەر سیناریۆکە نوێ بێت.

ب ـ ئەو کەسەی کارێکی هونەرسازیی حازر بەشێوەیەك دیالۆگ بکات کە بۆ هونەرسازیی سینەمایی یان شانۆیی یان رادیۆیی یان تەلەفزیۆنی بگونجێ.

ج ـ دانەری دیالۆگ(حوار).

د ـ دانەری مۆسیقا، ئەگەر بە تایبەتی بۆ کارێکی هونەرسازیی دایناب، یان لە مۆسیقاکانی خۆیەوە هەڵیبژاردبێت.

ه ـ ئەو دەرهێنەرەش کە بە کردار دەستی بە ریقابە کردووە و کارێکی ئەرێنیشی (ایجابی) لە داهێنانی کارێکی هونەرسازیدا ئەنجامداوە و بە شێوەیەکی هونەرسازانەش وەدیی هێناوە، یان، ئەگەر کارە

هونەرسازییەکە لە کارێکی هونەرسازیی دیکەوە وەرگیرابێ کە بە حوکمەکانی ئەم یاسایە پارێزراو بوو بێت، ئەوا دانەری کاری یەکەم بە هاوبەش لە قەڵەم دەدرێت لە دانانی کارە نوێیەکەدا.

ماددەی حەوتەم: دانەری کاری هونەرسازیی (سینەمایی، یان شانۆگەری، یان تەلەفزیۆنی یان رادیۆیی...هتد)، ئەو کەسەش کە دیالۆگەکەی (حیوار)ی کردووەو، ئەوەش کە دیالۆگ (حیوار)ەکەی بۆ داناوەو، ئەوەش کە دەریهێناوە: هەموویان پێکەوە مافی پیشاندانی موصننەفەکەیان هەیە، لەمەدا، نە خاوەنی کارە ئەدەبی, یان فیکری, یان زانستیەکە کە ئەم کارەی لێ وەرگیراوە و، نەدانەری مۆسیقاکەش مافی نارەزاییان نییە، بە مەرجێ ئەو پیشاندانە لە مافی ئەم دوو کەسەی دوایین لانەدات کە بەسەر دانانی کارەکە و دانانی مۆسیقاکەوە دەیانکەوێ و، زیانیش لە ناوبانگیان نەدات. هەریەکەش لە دانەری بەشە ئەدەبی و بەشە فیکری و بەشە زانستی و بەشە مۆسیقییەکەش، مافی لەو کارە هونەرسازییەدا ئەوەیە کە بەشەکەی خۆی لە رێگایەکی دیکەی غەیری سینەما یان تەلەفزیۆن یان شانۆ یان رادیۆییەوە بلاّوبکاتەوە ـ ئەگەر جۆرە رێککەوتنێکی دیکەیان لە نێواندا نەبووبێ ـ.

ماددەی هەشتەم: ئەگەر یەکێك لەوانەی کە بە هاوبەشی کارێکی هونەرسازیی سینەمایی, یان شانۆیی, یان رادیۆیی, یان تەلەفیزیۆنی دادەنێن رازی نەبوو بەشە تایبەتەکەی خۆی تەواو بکات، ئەوە رێگا لە هیچ کام لە بەشداربووەکانی دی ناگرێ, کە بەشە نیوەچڵەکەی ئەویش بەکاربهێنن، بە مەرجێ مافی دانەری موصەننەفە فیکری یان ئەدەبی یان زانستییەکە کە لەو بەشەدا دەیکەوێ، پێشێل نەکرێ، چونکە لە دانانەکەدا هاوبەشی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پرۆژەیەکی گرنگە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی مافی مرۆڤ و گشت ئەندامان دەکرێت, بەنیسبەت لیژنەکانەوە بۆ نووسینی راپۆرت, بەنیسبەت ئەندامانەوە خۆ ئامادە کردن بۆ موناقەشەکەی, خاڵی دە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30, ژمارە (1133) لە 1982/9/2 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە لایەن کاك تارقەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسایی**

سلاّو و رێز.

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پرۆژەی هاوپێچمان بەناوی پرۆژەی یاسای راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30 و, ژمارە (1133) لە

1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕشی هەڵوەشاوە گەلاڵە کردووە, تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن لەگەڵ ڕێزدا.

ناوەکان:

1-شێروان حەیدەری.

2- عەونی بەزاز.

3- عەبدولکەریم ئەبوبەکر.

4- خەلیل ئیبراهیم.

5- تارق جامباز.

6- کەریم بەحری.

7- قادر سەعید.

8- سەردار هەرکی.

9- ڤیان دزەیی.

10- ئارێز عەبدوڵلا.

11- دلێر محەمەد شەریف.

## یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2007

بەپێی ئەحکامی بڕگەی (2) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران, ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی //2007یدا بڕیاریدا ئەم یاسایە دەربچوێنێ:

ماددەی یەکەم: ڕاگرتنی کارپێکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەی ژمارەی (1631) لە 1980/10/30 و (1133) لە 1982/9/2.

ماددەی دووەم: دووبارە کار بە سزاکانی دەقنووس لە ماددەکانی (440)و (441)و (442)و (443) لە یاسای سزاکانی ژمارە (111)ی ساڵی 1968ی هەموار کراو دەکرێ, پێش ئەوەی ئەو دوو هەموار کراوە ئاماژە پێکراوەی کە لە ماددەی یەکەم لەم یاسایەدا هەبووە کاری پێکراوە.

ماددەی سێیەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لە کێشەو داواکانی قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن, یان ئەوەی بڕیاری بنبڕی بۆ دەرچووە دەگرێتەوە, یان هێشتا پلەی بنبڕی وەرنەگرتووە.

ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە.

## هۆکاری دەرچوواندنی

لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارانەی کە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێ کراوە لەبارودۆخی جەنگی شوومی عێراق و ئێران دەرچووەو، لەبەر ئەوەی هۆکارو دۆخەکە نەماوەو سزاکانیش لەگەڵ گەورەیی تاوانەکە لە بارودۆخی ئاسایی ناگونجێ بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە گرنگە دەبوایە زووتریش دەرچووبوایە، دەستتان خۆش بێتن، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەندامانی بەڕێز دەکرێت، خاڵی یازدە لە بەرنامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی بڕگە (2)ی مادده (45) لە یاسای باری شارستانی ژمارە (24)ی ساڵی 1960ی ڕاست کراو بڕگە یەك لە بڕیاری ژمارە (464)ی 1981/4/14 لەلایەن تارق جامبازەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی بڕیار**

هەموار کردنی دەقی بڕگەی دووەمی ماددەی پەنجاو چوار لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (24)ی ساڵی 1960ی هەموار کراو بەم شێوەیەی خوارەوە:

2- ئەوەی سوودی لە پشووەکانی قوتابخانە وەرگرتبێت، ئەگەر خزمەتی تەواو بوونی بە هەماهەنگی میلاك، یان خانەنشین بکرێت جگە لە هەردوو حاڵەتی لابردن، یان دەست پێ لە کار کێشانەوەی لە نیوەی یەکەمی یاخود نیوەی دووەمی ساڵی خوێندن، ئەوە مووچەی پشووی هاوینەی پێ دەدرێت بە مەرجێك لە 180 ڕۆژ تێپەر نەکات.

هەموار کردنی دەقی بڕگە (1)ی بڕیاری ژمارە (464) لە 1981/4/14 بۆ ئەم دەقە جێی دەگرێتەوە:

1- ئەندامانی دەستەکانی خوێندن و فێر کردن، کە دەکەونە ژێر حوکمەکانی بڕگە (2)ی مادده چل و پێنجی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (24)ی ساڵی 1960ی هەموارکراو، پاداشتێکیان پێ دەدرێت هاوسەنگ بێت لەگەڵ مووچەی ئیسمی بۆ ماوەی شەش مانگ بە ئەندازەی دوا مووچە لە ڕۆژی خانەنشین کردنییەوە، ئەوجا چ خانەنشین کراوەکە لە نیوەی یەکەم یان نیوەی دووەمی ساڵی خوێندن بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی دارایی و ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، خاڵی دوازدە لە بەرنامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی تایبەت بە بڕیاری ڕاگرتنی کار کردن بە بڕگە (1)ی مادده (41) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979 سەبارەت بە ئافرەتان، لە لایەن کاك تارق دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی بڕیار**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (1)ی لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو, بەپێی پێشنیار کردنی وەزیری پەیوەندیدار و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران, ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی //2007 بڕیاری دەرکردنی ئەم بڕیارەیدا:

1-ڕاگرتنی کارکردن بە مەرجی هاوسەر بوون, کە لەگەڵ دەقی بڕگەی (1)ی ماددەی (41) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159) لە ساڵی 1979 سەبارەت بە ئافرەت هاتووە.

2- کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

3- پێویستە وەزیری داد حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکات.

4- ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بلاّو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئافرەتان و ژنان و ئەندامانی بەڕێز دەکرێت, خاڵی دوایی لە بەرنامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (25)ی ساڵی 1997, لە لایەن کاك تارق دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی بڕیار**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (1)ی لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992, بەپێی پێشنیار کردنی وەزیری پەروەدەو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران, ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی //2007 بڕیاری دەرکردنی ئەم بڕیارەیدا:

1- ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە (25)ی ساڵی 1997.

2- لەسەر وەززارەتە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

3- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاّو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەمەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو ئەندامانی بەڕێز دەکرێت, زۆر سوپاس دانیشتنی داهاتوومان ڕۆژی دوو شەممە کاتژمێر (10,30)ی بەیانی, بەرنامەی کارمان تاوتۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی دەبێت, ئومێد دەکەین ئەو لیژنانەی کە تەکلیف کراون ڕاپۆرتی هاوبەش ئامادە بکەن لەسەر پرۆژەی (إطفاء) لە هەفتەی داهاتوودا دوو شەممە و سێ شەممە و چوار

شەممە, هەر رۆژێك بزانین حازریان کردووە دانیشتنێکی تایبەت بۆ ئەوە دەکەین, پرۆژەکانی تریش هەروا, بەپێی ئەهمیەت و حازر بوونی راپۆرتەکان, کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2\4\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

## دوو شەممە رێكەوتی 2007/4/2

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/4/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنیەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده 20 لە پێڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی (10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2007/4/2 بەم شێوەیە بێت:
1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.
بەخێر هاتنی کاك سەعد دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان زۆر بەخێر بێت سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی دەکەین بفەرموون بێن لێرە دابنیشن، بەخێر هاتنی خاتوو فەلك ناز دەکەین ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا، کە لەسەرەوە لەگەڵمان بەشدارە، ئەوە هەفتەیەکە لێرەیە، لەگەڵ ئەو برادەرانەی لەگەڵێنە زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، ئەندامانی بەڕێز، لەبەر ئەوەی وەزیری شارەوانی لە دەرەوەی هەرێمە نەیتوانی بێت و عوزری بۆ ناردووین، گوتیشی ئەگەر بۆم بکرێت خۆشم حازر دەبم، بەلأم ئێمە لەبەر ئەوەی ئەم دانیشتنەمان هین کرد بوو و بەرنامەی کارمان دابەش کرد بوو، بۆیە من پێم باشە پاش ئەوەی موافەقەتی لەسەر دەکەین بەلای کەمی راپۆرتەکانی لیژنەکان بخوێنینەوە، یەك، دوو ماددەش موناقەشە بکەین، ئەو وەختی ئەگەر رەئیتان بوو دانیشتنە دوا دەخەین بۆ رۆژێکی تر، بۆ ئەوەی ئەو خالأنەی کە رەنگە خیلاڤ لەسەر بێتن، پێویست بکاتن رەئی لەسەر بداتن موناقەشە بکەین، رۆژێکی تر تەواوی دەکەین و هەم بە وجودی خۆشی، جارێ دەست پێ دەکەین ئیعتیادی، ئەگەر بڕیارتاندا تەئجیلی دەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم و، هەروەها دواتریش لیژنەی شارەوانی راپۆرتەکەیان بخوێننەوە بە زمانی کوردی ئەگەر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی قانونی.

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان لە پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی ـ عێراق کۆڵییەوە کە لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە ڕۆژی 2007/1/8دا بۆی ڕەوانەکرابوو. ولەگەڵ وەزیری ڕاسپێردراو بۆ وەرگرتنی هەگبەی وەزارەت کۆبووەوەو دوای وتووێژ وهەڵسەنگاندن، لیژنە بەم جۆرەی خوارەوە ڕاپۆرتوڕاسپاردەو پێشنیازەکانی پێشکەش دەکات:
1-لیژنەی یاسایی وەك سەرەتا پشتگیری لە پڕۆژەی یاساکە دەکات و پێشنیازی دارشتنی دیباجەیەکی بۆ دەکات، وێڕای دانانی دەروازە بۆ ماددەکانی وبڕگەکانیشیان ڕێك بخرێن و زنجیرەکانی نمرەیی بگۆڕدرێن بە زنجیرەکانی نووسراوەیی و هەموارکردن و گۆڕانکاریی لە داڕشتنی هەندێ لە بەندەکانی دا بکرێ و هاوشان

بە یاساکانی ئەو وەزارەتانەی کە بەر لەوە دەرچوون لەگەڵ ڕاستکردنەوەی پێویست لە هەندێ دەستەواژە لە ڕووی ڕێزمانیەوە کە لەمەودوا لە ناو ئەو ڕاپۆرتەدا دەردەکەون.

2-لیژنە پێشنیاز دەکات لە ماددەی یەکەمدا وشەی (دەربڕینەکان) بکرێت بە (دەستەواژەکان).

3-سەبارەت بە ماددەی دووەمیش لە پرۆژەکەدا، لیژنە وا پێشنیاز دەکات بکرێت بە چواربڕگە لە جیاتی سێ بڕگەوبەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێ:-

یەکەم: پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری خۆجێیی و شارەوانی بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی دانیشتیوان لە ئاوی پاك و دابین کردنی پێویستیەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی باران و دروستکردنی ڕێگاوبان و تونێل لە ناوەوەی سنووری شارەوانیەکانداو بەرزکردنەوەی خزمەتگوزاریە هەمە جۆرەکانی شارەوانی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، بۆ ئەوەی هەموو شارو شارۆچکە و گوندێك بگرێتەوە، وێرای دابین کردنی پێویستیەکانی هاووڵاتیان لە سەیرانگاو یاریگاکان.

دووەم: پلان دانان و بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی بە جۆرێك کە بەشداری لە هێنانە کایەی گەشەسەندنی ئابووری خۆجێیی بکات، لە ڕێگەی گرتنەبەری چەندین سیاسەتی کاریگەر بۆ بەکارهێنانی زەوی و نەخشەکێشانی ئاوەدانی.

سێیەم: ئامادەکردنی کەشێکی لەبار بۆ پارێزگاریی کردن لە ژینگەیەکی خاوێن و تەندروست بە گرینگیدان بە ناوچە سەوزەکانی شارو شارۆچکەکان.

چوارەم: کارکردن بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و خۆجێیی لەو کەرتانەی کە پەیوەندییان بەکارەکانی وەزارەتەوە هەیە.

1-بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە هەر دوو ماددەی سێیەم و پێنجەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بە لێکدانیان لەگەڵ ماددەی سێیەم بەناوی{پێکهاتەکانی وەزارەت} وبەم جۆرەش دابڕێژرێتەوە:

**(پێکهاتەکانی وەزارەت)**

ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم: وەزیر/ سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی چاودێری کردنیان و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکان لەهەر شتێکدا کە پەیوەندیی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەڵاتەکان و سەرجەم کاروبارەکانی هونەریی و دارایی و کارگێریی و ڕێکخستنەوە هەیە بە پێ‌ی حوکمەکانی یاسا لەوەوە دەردەچن بەسەرپەرشتی خۆشی جێبەجێ دەکرێن وبەرپرسیشە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە خۆی ئەندامێکی هاوکارە تێیداوبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بسپێری بەبریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەر یەکێکی تر کە لە وەزارەت بەشیاوی دەزانێ.

دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانیدا لە چوارچێوەی ئەو دەسەلاٌتەی کە وەزیر پیٚ دەدات بەمەرجێك بڕوانامەی بەرایی بەدەست هێنابیٚ.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەر کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەکیش لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکاتوبەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێتوچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

پێنجەم : بەڕیٚوەبەرایەتیەکانی مەڵبەندی وەزارەت:

أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری.

ج- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.

د- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی بانکی زانیاری.

و- بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی کارگێڕیوهونەری.

ز- بەڕێوەبەرایەتی ژینگە.

شەشەم: ڕاوێژکاران/ ژمارەیان لە چوار پتر نابیٚ بە مەرجێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بن و جۆری پسپۆرییان لە لایەن وەزیرەوە دەسنیشان دەکریٚ.

حەوتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بەرێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بەمەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

هەشتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی نەخشە کێشان و بەدواداچوون/ بەرێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

نۆیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکێشانی ئاوەدانی/ بەرێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

دەیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکان/ بەرێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

یازدەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەرۆکان/ بەرێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

دووازدەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا/ سەرۆکایەتی هەموو شارەوانیەکان دەکات و بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی پسپۆری زانکۆ بێت و شارەزایی و کارامەیی لە کارەکەیدا هەبێت.

سێزدەم: سەرۆكایەتی شارەوانی لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەك لە پارێزگاكانی هەرێم/ سەرۆك شارەوانیەكی هەڵبژێردراو سەرۆكایەتی دەكات و بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی) دەبێت.

1-بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چوارەمی پڕۆژەكەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی چوارەم:

یەكەم ـ وەزارەت ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری دەبێت و لەمانە پێك دێ:

أ- وەزیر: سەرۆكە.

ب-بریكاری وەزارەت: ئەندامە و لە كاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

ج- نوێنەرێك لەم وەزارەتانەی خوارەوە بە مەرجێك پلەكەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت/ ئەندامە.

1- وەزارەتی دارایی و ئابووری .

2- وەزارەتی كشتوكاڵ .

3– وەزارەتی پیشەسازی.

4- وەزارەتی ژینگە.

5- بەرێوەبەرە گشتیەكان لە وەزارەت/ ئەندامن.

6- هەر ڕاوێژكارێك یا شارەزایەكی پسپۆر كە وەزیر لەناو وەزارەت یان لە دەرەوەی دا هەڵیدەبژێرێ.

دووەم ـ ئەنجومەنی راوێژكاری راسپاردەكانی خۆی پێشكەش بە وەزیر دەكات و ئەگەر پەسندی كردن تایبەتمەندی بڕیاری وەزاری وەردەگرێت.

1-بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی شەشەم لە پڕۆژەكەدا، هیچ تێبینیەكی لەسەر نیە.

2-كەچی ئەوەی پەیوەستە بە هەردوو ماددەی حەوتەم و هەشتەمی پڕۆژەكە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات لەگەڵ ماددەی حەوتەم لێك بدرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی حەوتەم:

یەكەم: ئەرك وتایبەتمەندی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕەو دیار دەكرێن.

دووم: وەزیر بۆی هەیە لەكاتی پێویست هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەش یان هۆبەیەك بكاتەوە لەناو پێكهاتەكانی وەزارەت دا یان لێكیان بدات یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجێكردنی حكومەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

1-بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی نۆیەم لە پڕۆژەكەدا كە بە پێی پێشنیازی لیژنەی یاسایی دەبێتە ماددەی هەشتەم بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-

ماددەی هەشتەم: یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشت و گوزاری ژمارە (15)ی ساڵی 1992 کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق دەرچووە هەڵدەوەشێتەوە و ئەم یاسایە جێگەی دەگرێتەوە.

1-بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی دەیەمی پڕۆژەکە کە  بە پێی پێشنیازی لیژنە دەبێتە ماددەی نۆیەم، بۆیە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە.

ماددەی نۆیەم: کاربە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ.

1-لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەك بخرێتە سەر پڕۆژەکە بە ژمارە ماددەی دەیەم و بەم شێوەیەی خوارەوە:-

ماددەی دەیەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

1-بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی یازدەمی پڕۆژەکەوە کە ژمارەکەی خۆی هەردەمێنێ، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :-

ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

1- لەدوایشدا ئەوەی پەیوەستە بەهۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکە، لیژنەی یاسایی دوای لادانی{یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی}لە چەمکەکەی، پەسندی دەکات.

داواکارین بفەرموون بۆ چاو پیاخشاندن و خستنە ڕووی پڕۆژەکە و ڕای لیژنەی یاسایی لەبارەیەوە و لەسەر ئەنجومەنە گفتوگۆ و ڕای گونجاوی لەبارەوە بدات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ڕەشاد ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تقرير اللجنة.

قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون وزارة البلديات لاقليم كوردستان – العراق المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 2007/1/8 وبعد المناقشة والمداولة تقترح اللجنة مايلي:

المادة الاولي: لا توجد اية ملاحظات.

المادة الثانية: تقترح اللجنة اضافة مايلي الى نهاية الفقرة (3) وذلك بالتنسيق مع الهيئة العليا للاستثمار والجهات ذات العلاقة.

المادة الثالثة: تقترح اللجنة توحيد المادتين الثالثة والخامسة بمادة واحدة بتسلسل 3 وبدون تغير مفرداتها.

المادة الرابعة: تقترح اللجنة ترتيب التسلسلات كما يلي:

اولاً: يؤلف المجلس الاستشاري للوزارة من:

1-الوزير/رئيساً.

2- وكيل الوزارة/ نائباً للرئيس.

3- المدراء العامون في الوزارة/ اعضاء.

4- المستشارون/ اعضاء.

5- ممثل وزارة المالية والاقتصاد.

6- ممثل وزارة الزراعة.

7- ممثل وزارة الصناعة.

8- ممثل وزارة البيئة.

9- اضافة ممثل عن وزارة الصحة.

10- اي مستشار او خبير اختصاصي يختاره الوزير في داخل الوزارة او خارجها عضواً.

ثانياً: ليس لدينا ملاحظات عليها.

المادة السادسة والتي تصبح المادة الخامسة: لا توجد اية ملاحظة عليها.

اما بخصوص المواد الباقية لا توجد لدينا اية ملاحظات عليها وكذلك بالنسبة للاسباب الموجبة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، داواکارم وەکو لە نیزامی داخیلیش وایە هەردوو لیژنە راپۆرتەکە لە سەرەتاکەی وا بنووسن، کە سەعات و وەختەکەی کۆبوونەوەکەو کێ غایب بووە، هۆی غایب بوونەکەشی غیابە لەوێ وەکو غیابە لە مەجلیس، لیژنەکان لەمەودوا غیابەکانی خۆی تەصویت بکات، ئێستا بچینە سەر موناقەشەکان خاڵ بەخاڵ، کاك شێروان ئەسڵی قانونەکە بخوێننەوە هی ماددەی یەکەم، دوایێ رەئی لیژنەی قانونی و لیژنەی شارەوانی، پاشان موناقەشەی دەکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە، ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بە مەبەستی ئەم یاسایە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق .

2- وەزارەت: وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

3- وەزیر: وەزیری شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

4- بریکاری وەزیر: بریکاری وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو ماددەین، تەنها لە رووی صیاغەوە وەکو وەزارەتەکانی تری لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو ماددەیە وەکو خوێندرایەوە تەنیا لە رووی صیاغەوە وەکو وەزارەتی تری لێ دەکرێت، لیژنەی قانونی هەندێ گۆڕانکاری لێ کردووە لە ناحیەی زمانەوانی و لە ناحیە تەسلسولەکە هیچ خیلافێکی لەسەر نییە، ئەگەر کەسێك مولاحەزەی نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە:

1-پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی ناوخۆیی و شارەوانی بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان لە ئاوی بێگەرد و دابین کردنی پێداویستیەکانی خەرجی تەندروستی و ئاوی باران و بنیاتنانی ڕێگاوبان و پرد و خەرج کردن لەناو سنووری شارەوانییەکان و، پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە هەموو جۆرە شارەوانییەکان لە لایەن چەندایەتی و چۆنییەوە، بۆ ئەوەی شارو شارۆچکەکان بگرێتەوەو، بەدەنگ پێداویستیەکانی هاووڵاتیانیەوە بن لە دابین کردنی باخچەو یاریگاکان و هێنانەدی پێداویستیەکانی دەوروبەرێکی پاك و تەندروست.

2- یارمەتیدانی پلاندانان و کارگێری و جێ بەجێ کردنی، بەجۆرێك بەشداری بکات لە بووژاندنەوەی ئابووری ناوخۆ لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی کاریگەر لە بەکارهێنانی زەوی و پلانی بنیاتنان.

3- کارکردن لە پێناوی راکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی لە کەرتەکانی پەیوەست بەکارەکانی وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد ئێوە چیتان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تقترح اللجنة اضافة مايلي الى نهاية الفقرة (3) (وذلك بالتنسيق مع الهيئة العليا للاستثمار والجهات ذات العلاقة)، لەبەر ئەوەی ئیستیسمار پەیوەندی بە هەیئەی عولیای ئیستیسمار هەیە، تەنسیقێك هەبێت لەنێوانیان باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك شێروان لیژنەی قانونی.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو مولاحەزەمان هەیە، مولاحەزەی یەكەم ڕەنگە ئیعادەی صیاغەمان كرد بێتەوە بەشێوەیەكی ڕێكوپێكتر.

مولاحەزەی دووەمیش ئەوەیە، ئێمە فەقەرە سێمان زیاد كردووە، فەقەرە سێیەكەش بەم شێوەیە: (ئامادەكردنی كەشێكی لە بار بۆ پارێزگاریی كردن لە ژینگەیەكی خاوێن و تەندروست بە گرینگی دان بە ناوچە سەوزەكانی شارو شارۆچكەكان)، ئەمە بە موافەقەتی وەزیریش بووە، ئەوەمان داخیلی ئەهدافی وەزارەت كردووەو هیچ مولاحەزەی ترمان نییە، تەئیدی ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی هەیە لەسەر ماددەی دووەم، مامۆستا فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندى:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی مولاحەزەم لێ هەیە ئەوەیە لە دوای ئەوەی كە دەڵێت (ونوعاً لتشمل المدن و القصبات) پێم باشە ئیزافە بكرێت (والنواحي والقرى) ئەوە لە بڕگەی یەكەمە، لە بڕگەی دوو، دەڵێت (عن طريق سياسات فعالة) بۆچی نەكرێت بە (عن طريق إيجاد العمل الفعالة)، (عن طريق السياسات الفعالة)، نازانم پێم وایە وا باشتر بێت هەر لەو بڕگەیە لە دوای (والتخطيط العمراني والإنتاج الدائمي)، ئەگەر ئیزافە بكرێت بە باشی ئەزانم، لە كۆتایی بڕگەی سێ (العلاقة بأعمال الوزارة)، (وعلى الوزارة العمل والإهتمام لإنشاء الحدائق والبساتين في المدن وخارجها والطرق الرئيسة والأماكن السياحية) پێم باشە ئیزافە بكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرنجا من سەبارەت خالا دوویێ مادا دوویێ، من گەلێ حەز كر جەنابێ وەزیرێ شارەوانیش لێرەبا، وەختی رژێمەدا وەختی پلاندانان بۆ دابەش كرنا زەوی و زارا بۆ خانووبەرا ئارمانجا وی ژناو، ئارمانجا وی رفاندنا ژێر خانا ئابووریا كوردستانێ بوو، بۆ نموونە دێنم سەنتەرێ قەزایە شێخان، كە قەتەكی زەوی وزارێ چاندنێ یەعنی نیڤەی زەوی وزارێ چاندنێ پلانەكا شۆفینیزمی كرنە سنوری بەلەدیا شێخان، خەلكی شێخان مەگازندە گەیاندیا وەزارەت چاندن وەزارەت دەبیژێتن وەزارەتی شارەوانیە پێ تایبەتمەندن و تایبەتمەندیا ویا، من حەز كرد لێرا سەربەو خالێ فەقەرایەكی دی بێتە زێدە كرن (ئەو زەرەرمەندا

زەوی و زارێ چاندنێ و زیان گەیاندا ژێر خانا ئابووریا کوردستانێ چاڤێك پێدا خشاندن)، یەعنی وەختێ پلانا دانێ کو زەوی و زارێ بۆ خانێ چاکەن دەچیە عەردی راست، ئەو ژی بە کەلکی چاندنێ دێت، ناچن شۆفەلێك نابن وان گرێ راست ناکەن مەبەستا وان ژی رفاندنێ ئابووریا کوردستانێ ئابووری، ئەگەر ئەڤە فەقەرەك بێتە ئیزافە کرن و چاو پێخشاندن وان برپارا بێت، ئەو زیان و زەرەرە سەر وان ولأتێ باش نینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەگەر ئەو مولاحەزتانە لە لای خۆتان بنووسن زەحمەت نەبێت، فەرموو ئەو دوو مولاحەزەیە وەلأم بدەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت شارو شارۆچکەکان و گوندیش لەناو ئیعادەی صیاغە هاتیتەوە، ئەوەی کە شێخ فەتاح ئیشارەتی پێدا، بەنیسبەت سیاساتی فەعال بکرێت بە عەمەل، ئەوەش سیاسات دادەنرێت ئیعتیادی و دواییش تەنفیز دەکرێت، بەنیسبەت تەختیتی عومڕانی ئەوە دەزگایەکی گرنگەو بە هەزاران دیراسات و بحوس و ئەو شتانەی لەسەر هەیە بەڕاستی و، دەزگایەکە رەنگە دەتوانم بڵێم لەو کاتەی عێراق تەئسیس بووە ئەو دەزگایە هەیە و تەتویری پێ کراوە، ناکرێت ئەو دەزگایە دەستی لێ هەلبگیرێت.

بەنیسبەت حەدیقە و موتەنەزەهەکان لە قانونی شارەوانی بە تەفسیلی ئەو مەسەلەیە چارەسەر کراوە.

بەنیسبەت ئەوەی کاك پیر خدرەوە، بەڕاستی ئەو مەلەسەیە پەیوەندی بە هەیکەلی تەنزیمی وەزارەتەوە نییەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید** خضر **(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەکەی من لەسەر تەرجومەکەی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ کوردی، کە (الانفاق)ی تەرجومە کردووە بە خەرج کردن، ئەوە ئەنفاقە، ئینفاق نییە، ئەنفاق، تونێلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاساو لەگەڵ جەنابی وەزیری ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە دانیشتین، داوای ئەوەمان کرد، کە بڕگەیەك زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری بە هەموو گوند و لادێەکانیش بگات،

بەس وەزیری ئاوەدانکردنەوە گوتی ئێستا ئەو خزمەتگوزارییە وەزارەتی شارەوانی جێ بەجێی دەکات، لێرەش ئاماژەی پێ نەکراو هەر ئەوەندەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف (جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی دوو لە یەکێك لە فەقەرەکان نووسراوە (لە رێگەی گرتنەبەری چەندین سیاسەتی کاریگەر)، بە رەئی من بکرێتە (رێ و شوێنی گونجاو).

لە بڕگەی سێیەمدا نووسراوە (گرنگی دان بە ناوچە سەوزاییەکانی شار و شارۆچکەکان)، (گوندەکانیشی) بخرێتە سەر، چونکە لە بڕگەی یەکەمدا ئاماژە بە گوندەکان کراوە لەوێش ئەوەی بۆ زیاد بکرێت.

لە بڕگەی چوارەم نووسراوە (کار کردن بۆ راکێشانی)، بە رەئی من بکرێتە (بوونی پلانی گونجاو)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەتەکانم ئەوەی قوڵە بەڕاستی باس کرا و دووبارەی ناکەمەوە، کە ئیزافە بکرێت، مەسەلەی ئەنفاقیش کاك زانا باسی کرد، ئەوەی سێیەمیان بیئە لە تەرجومە کوردیەکەی بە دەوروبەر تەرجومە کراوە، چونکە بیئە دەوروبەر نییە، بەڵکو ژینگەیە، نەك دەوروبەرێکی نەزیف، بەڵکو ژینگەیەکی پاك و خاوێن زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم لە ئامانجی وەزارەت یەك موشکیلە هەیە، ئەو موشکیلەیە تەقریبەن عامە، بەتایبەتی بەنیسبەت ئەو قەزایانەی کە مەسائیلی موڵکایەتی ئەوقافیان زۆر تیایە، یان موڵکایەتی تەکیەکانیان تیایە، تاکو ئێستا گیروگرفتێکی زۆر چارەسەر نەکراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم وەزارەت بیکاتە بڕگەیەك لە ئامانجەکانی بەم شێوەیە، بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ماددەکە (تەنسیق بکرێت لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی و موڵکایەتی تەکیەکان)، چونکە سەر بە ئەوقاف نییە، بۆ ئەوەی موڵکەکانی ئەوقاف و تەکیەکانی پاش قەرەبوو کردنەوەیان بەشێوەیەکی شایستە بدرێتە شارەوانییەکان، بۆ ئەوەی لە لایەن شارەوانییەکانەوە بەکاری بهێنن ئەو زەویانە، مەقصەد زەویەکانی ناو شارەکانە لە بەرژەوەندی

هاوولأتیان، بە مەرجێك تەئسیر نەكاتە سەر هەموو باخچەكانی ئەوقاف و تەكیەكان، كە سروشتی جوانی شارەكان بە تەواوەتی تێك نەدات، بەتایبەتی لە شەقلاوەو ئاكرێ و ئەو شوێنانەی كە تا رادەیەك گەشت و گوزارین، ئەمە یەكێكە لە موشكیلە گەورەكانی نێوان شارەوانی و ئەوقافدا موشكیلەیەكی سەرەكییە، كاك عەبدولڕەحمان دەزانێ ئێستا خەدەمات لە شاری ئاكرێ راگیراوە، چونكە هەموو ئەو زەویانەو ئەو باخچانەی كە ماون سەر بە ئەوقاف و تەكیەكانن، شارەوانی بۆی نییە تەسەروفیی تیا بكاتن، هەموو خەدەماتەكانیان راگیراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت بڕگەی سێیەم كار كردن لە پێناوی راكێشانی سەرمایە، بە رای من خۆی وەزارەتەكە زیاتر وەزارەتی خزمەتگوزارییە، لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئیستیسمار و ئەوانە دەزگایەكی ترمان هەیە، دەزگای وەبەرهێنانە، ئەگەر بشكرێت مەسەلەن تەنسیق لەگەڵ ئەوەیە، بۆ هەندێك شتی تایبەت، لەبەر ئەوە پێم وایە لە ئامانجەكانی ئەو وەزارەتەدا نییە، نازانم بۆچی لێرە هین كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەزیری شارەوانی ئەندامە لە لیژنەی باڵای ئیستیسمار، لەبەر ئەوە تەبیعییە، كاك شێروان، مام رەشاد وابزانم شتێكی ئەوتۆ نییە، كە لە راپۆرتەكانتاندا هاتبێت، مومكینە لە هەندێك تەفسیلاتدا هاتبێت، ئەوەی كاك پیر خدر وتی ناكرێتن ناوی ناوچەیەك بێنین بەتایبەتی لەناو هینەكە، بە عام خاڵی یەكەم زۆر فراوانەو هەموو شتێك دەگرێتەوە، شاروچكەكانیش دەگرێتەوە، قەزاو ناحیەكانیش دەگرێتەوەو، ئاوەڕۆ نەنووسراوە، بەڵام كە دەڵێت هەموو پێداویستیەكانی خەرجی هەموو شتەكانی دەگرێتەوە، ئاو و ئاوەڕۆش دەگرێتەوە، بۆیە پێم وایە خاڵی یەكەم زۆر فراوانە، ئەو راپۆرتی لیژنەی شارەوانیش، ئەوەش شتێكی پێم باشە ئەگەر لیژنەی یاساییش پێی باش بێتن ئیزافە بكرێت بە تەنسیق لەگەڵ هەیئەی عولیا، لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەگەر ئەوە ئیزافە بكرێتن، لەبەر ئەوەی وەزیر پێشتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی موافیق بووە لەسەر ئەوە خیلافێكی تێدا نییە، شتێكی واتان تەرح نەكرد كەوا پێویست بكاتن رەئی بپرسین، یەعنی ئیزافەكە دەوڵەمەندی ئەو پێشنیارەی خۆیان دەكاتن، بۆیە پێم وایە وەزیر موافیقە پێشتر كە قسەی كردووە، بۆیە ئەگەر هینێك نەبێتن دەخەمە دەنگدانەوە، بەو ئیزافە و شەرحانەی كە كردتان، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی سێیەم، پێشنیارێك هەیە بە دەمجی ماددە رەنگە ئەوە پێویست بەوە بكاتن كە وەزیر رەئی لێرە هەبێتن، ئەگەر موافەقەت دەكەن تەئجیلی دەكەین، لیژنەی

قانونی دەڵێت جەنابی وەزیر موافیقە بۆ دەمج کردنەکە، حەز دەکەن ئەو ماددەیەش دەخوێنینەوە، بەڵێ کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایانەی ئێمە ئێستا لەناو پەرلەمان دەریان دەکەین، ئایا بۆ وەزیر دەریدەکەین؟ یان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکەین، چونکە لەوانەیە ئەو وەزیرە ساڵێك، یان دوو ساڵی تر دەمێنێتەوەو دوایێ نەمێنێت، کەواتە ئێمە ئەو یاسایە بۆ وەزیر دەرناکەین، شەرت نییە ئەو وەزیرە لێرە بێت، دەتوانین وەزیریش لێرە نەبێت یاسایەکە تەواو بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە بۆ وەزارەت دەردەکەین، بەڵام وەزیر مەسئوولە لەو وەزارەتە، لێرە ڕەئیەك تەرح دەکرێتن، مومکینە لەگەڵ پرۆژەکە نەگونجێتن کە ئەوان ناردوویانە، پێویست دەکات ڕەئی لەسەر بداتن، بۆیە دەکرێت بێ وەزیریش موناقەشە بکرێت، ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەیە، بەڵام باشترە وایە خۆی لێرە بێت، ئەگەر پێمان باش بێتن هەر دوای بخەین، لەبەر ئەوەی ئەو دەمجش ڕاستە لە پێش ئێوە بڵێت موافیقم باشترە، خۆشی لێرە بێتن و پێشی خۆشە، ڕاستە لەگەڵ لیژنەی قانونی گوتویەتی مانیعم نییە، بەڵام لەبەردەم ئێوە موافەقەت بکات، پێم وایە تەئجیلی بکەین باشترە، خاڵی نیزام بزانم چی دەڵێت.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەندامە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر ئەندام پەرلەمانەکان هیچ ڕەخنەیان نەبێت و ڕازی بن لەسەر ئەو پرۆژەیە بۆ دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك جەنابیشت ئاماژەت پێدا، ڕاستە وەزیری شارەوانی، با بڵێین وەزیری پەیوەندیدار دانیشتووە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئیتیفاقیان کردووە لەسەر ئاخیر ئەو شتانە، بەڵام لەوانەیە لە نەتیجەی هەندێك موناقەشە کردن هەندێك پێشنیاری نوێ هەبێت، هەندێ جیاوازی هەبێت، کە پێویست دەکات وەزیر خۆی لێرە بێت، نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆ ئەو پرۆژەیە، بەڕاستی وەزیری پەیوەندیدار خۆیەتی، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو جەلسەیە تەئجیل بکرێت، تا وەزیر خۆی ئامادە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك دەوڵەمەندی دەکەین و دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تەوزیحێکم هەیە، تەوزیحەکەش ئەوەیە حەق وایە پێشی ئەوەی بەرنامەی کار دابنرێت بزانرێت ئەو وەزیرە لێرەیە، یان لە دەرەوەیە، واتا حازر دەبێت، یان حازر نییە، بۆ ئەوەی تووشی ئەو مەوقیفە نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەفروزە ئەگەر رۆژێك، یان دوو رۆژ بوایە قەیدی ناکات، بەڵام ئەوە هەفتەیەکە بەرنامەی کارمان بڵاو کردۆتەوە مەسئوولیەتی ئێمەش نییە تاقیبی وەزیر بکەین، ئێمە بەرنامەیەك دادەنێین، دەتوانین بێ وەزیریش موناقەشەی بکەین، وەزیر لێرە بێت باشترە، بەڵام ئەگەر لێرەش نەبێت، دەتوانین موناقەشەی بکەین، لەبەر ئەوە ناتوانین بەرنامەمان لەسەر وەزیر دابنێین، کام وەزیر لێرەیە، کام وەزیر لێرە نییە، ئەوە بەرنامەی خۆیەتی و، ئێمەش بەرنامەی خۆمان هەیە، کاك بارزان خاڵی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وامان کردووە بووینە پاشکۆی وەزارەت، سوڵتەی تەنفیزی، کە ئەمە خۆی بەشێکی ئەساسییە لە گەندەڵیەکان، وەزیر کە خۆی تەبلیغ کراوە مولزەمە بێت، ئەمە ئیشی رەئیسی وەزیرە دەبێت کارەکانی جێ بەجێ بکات، حەقە ئێمە لە گەرمیانەوە دێین بۆ ئێرە وەزیر لێرە نییە، یەعنی ئەمە زۆر ناخۆشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ لە گەرمیانەوە دەتوانێت بێت سەعاتێکە، یان دوو سەعاتە، بەڵام کارەکەی لە دەرەوەی هەرێمە، بەهەر حاڵ ئێستا قسەمان کردووەو دەیخەمە دەنگدانەوە، قەرارەکەش بۆ ئێوەیە، پێشنیارەکە ئەوەیە کە موناقەشەکە دوا بخەین بۆ کاتێکی تر، ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە دوابخەین تا وەزیر دێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، زۆرینە دەڵێت دەبێت بەردەوام بین، فەرموون، هەر بۆ تەئکید بزانن کە قەرارتاندا ریئاسەت ملکەچە بە قەراری ئێوە، فەرموون، کاك ئیحسان خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی شارەوانیێ ئەوە پازدە ساڵە ئیش دکات دی یاسایەکێ، ئەڤە پرۆژە یاسایەکە هاتیە واتا دەبێت بە هەموار کردن بێت، نەك بە یاسایەکی تر، یان دی تر ئیلغا بووە، نەزانم بۆچی هەمی ئەو وەزارەتە کو هەینە یاسای خۆی هەیە ئیشی خۆی دکات، ئەوجا یاسایە دەهێتن، دەبێت تەعدیلات بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەزارەتی بەلەدیات و سیاحە پێکەوە بوو، ئێستا جیا بووینەوە، ئەوە بەنیسبەت ئێمە وەزارەتێکی موستەحدەسە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بۆ تەوزیحەکەت، فیعلەن قسەی کاک ئیحسانە ئەگەر ئەو شتە تازەیە نەبوایە ڕاست بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاحە تێکەڵاوی بووە، یەعنی وەکو وەزارەتێکی تازە حیساب دەکرێتن، سوپاس، ئێستا تکایە ماددەی سێیەم بخوێننەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ**

**1-وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و سیاسەتەکانی ئاراستە دەکات، لێیەوە دەردەچێت و بە چاودێری ئەوەوە هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکان و لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە وەزارەت و دامەزراوەکان و دەسەڵاتەکانی، هەموو کاروبارە هونەیی و دارایی و کارگێریی و ڕێکخستنەکان، بەپێی یاسا جێ بەجێ دەکات.**

**2- بریکاری وەزارەت: لە ئاراستەکردنی وەزارەت و چاودێری کردنی کاروبارەکانی بەپێی ئەو دەستەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی سپێردراوەو هاوکاری وەزیر دەکات، دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت.**

**3- ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس پتر نەبێ، دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن، پسپۆڕو خاوەن ئەزموون بن، پسپۆڕەکانیان لەلایەن وەزیرەوە دەسنیشان دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**ئێمە دوای ئەوەی کە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین و موناقەشەیەکی زۆریشمان کرد، ئەو مولاحەزاتانەی کە هاتە ئاراوە بە حەقیقەت، کە بووە ڕەئی لیژنەی قانونی:**

**یەك/ دەمج کردنی ماددەی سێ و پێنجە.**

**دوو/ ئیعادەی صیاغەی هەندێك لە بڕگەکانی وەکو وەزارەتەکانی دیکە.**

**سێ/ بەڕێوەبەرایەتیەکی تازە هاتە گۆڕێ، نەك تازە نییە، بەڵام بەنیسبەت پرۆژەکە تازەیە، ئەویش بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆکانە، کە بەڕاستی گرنگی خۆی هەیە، ئێمە ساڵی 1992 قانونی وەزارەتی شارەوانیمان دانا، ئەوەمان کرد بە بەڕێوەبەرایەتی، حەتمەن ئەنجومەنی وەزیران لە بیریان کردووەو،**

جەنابی وەزیر هاتە ئێرە وایزانی تێیدایە، لەبەر گرنگی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، رەنگە یەك مەشروع هەبێت لەناو ئەو شاری هەولێرە بە سێ ساڵ چل ملیۆن دۆلار، ئێستا هەڵسانە لە پرۆژە ئەسڵیەکە کردوویانە بە مودیریەت، بۆیە ئێمە دەڵێین مودیریەتی عامەی ئاو و ئاوەڕۆ دەبێت لە جێگای خۆی بمێنێت، بەلای کەمی هەر بە مودیر عام بمێنێتەوە، ئەگەر بەرزتری نەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سێ و پێنج دەکەنە یەك ماددە، ئەگەر کەس تێبینی نییە لەسەر ئەو پێشنیارە تازەیەی لیژنەی یاسایی، کە ئەو مودیریەتە ببێتە مودیریەتی عامە، دەمجەکە بخوێننەوە بە موەحەدی، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کەس تێبینی نییە لەسەر ئەوە، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، لە جیاتی سێ خاڵ بکرێت بە چوار خاڵ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی نییە لەسەر پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی، کە ماددەی سێ و پێنج ببێتە یەك ماددە بخوێندرێتەوە، مامۆستا فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری رەئی لیژنەی قانونی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(پێکهاتەکانی وەزارەت)**

ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم: وەزیر/ سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی چاودێری کردنیان وهەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییەکان لەهەر شتێکدا کە پەیوەندیی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەڵاتەکان و سەرجەم کاروبارەکانی هونەری و دارایی و کارگێری و رێکخستنەوە هەیە بە پێی حوکمەکانی یاسا لەوەوە دەردەچن بەسەرپەرشتی خۆشی جێبەجێ دەکرێن و بەرپرسیشە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە خۆی ئەندامێکی هاوکارە تێیداو بۆی هەیە

**هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بسپێری بەبریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەر یەکێکی تر کە لە وەزارەت کە بەشیاوی دەزانێ.**

**دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانیدا لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە وەزیر پێی دەدات بە مەرجێك بڕوانامەی بەرایی بەدەست هێنابێ.**

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەر کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەکیش لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەڵبەندی وەزارەت:**

**أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری.**

**ج- بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن.**

**د- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان.**

**ه- بەڕێوەبەرایەتی بانکی زانیاری.**

**و- بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی کارگێری و هونەری.**

**ز- بەڕێوەبەرایەتی ژینگە.**

**شەشەم: ڕاوێژکاران/ ژمارەیان لە چوار پتر نابێ بە مەرجێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بن و جۆری پسپۆرییان لە لایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێ.**

**حەوتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بەرێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ  سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە کێشان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکێشانی ئاوەدانی/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆژەکان/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەرۆکان/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

دوازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا/ سەرۆکایەتی هەموو شارەوانیەکان دەکات و بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی پسپۆری زانکۆ بێت و شارەزایی و کارامەیی لە کارەکەیدا هەبێت.

سێزدەم: سەرۆکایەتی شارەوانی لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم/ سەرۆك شارەوانیەکی هەڵبژێردراو سەرۆکایەتی دەکات و بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی) دەبێت، ڕاستەوخۆ بە وەزارەتەوە پەیوەست دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی شارەوانی هیچ مولاحەزەیان نییە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی ئیزافە بکرێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەو تەعمیری قوراو ئەریاف، بەڕاستی ڕاستە ئەوە کاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، بەڵام کێ بەرپرسیارە لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ شارەوانیەکان، بەگوێرەی یاسایەکە بێت، ئەو شوێنانەی کە مەجلیسی ئیستیشاری تیا نەبێت خزمەتگوزاری شارەوانی نایانگرێتەوە، من پێشنیار دەکەم یان یاسایەکە تەعدیل بکرێت، یان دەبێت تەعدیلی قانونی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بکرێت.

دووش/ لە هیچ جێگایەکی یاسایەکەدا نەهاتووە، لە ماددەکەدا نەهاتووە جێگا بۆ قەزایەکان و ناحیەکان، ئەوە مەجلیسی بەلەدییەی تیایەو هەڵبژاردنی تیا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە قانونی وەزارەتی بەلەدییات لادێ بەلەدییەی تیا نییە، دەبێت لە سێ هەزار زیاتر بێت، کەمتر بێت، نابێ.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەولێر لادێیەکان ئێستا سەر بە نزیکترین مەجلیسی شارەوانی نزیك بێت لێیانەوە، ئەوان ئیشرافی دەکەن، بەس لە سلێمانی وا نییە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێنجەم بەڕێوبەرایەتیەکانی مەڵبەندی وەزارەت لە (و)دا هاتووە (بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی کارگێری و هونەری)، ئەو پەرەپێدانەی ناوێتن، چونکە خۆی کارەکە دەکاتن، نەك پەرەی پێ دەداتن، یەعنی بەرمەجەی نییە، هی پرۆگرام دانان نییە، ئەوە یەك.

دوو/ لە هەشتەم و نۆیەم هاتووە بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات، بەڕێوەبەری گشتی، مادام بەڕێوەبەرە بەڕێوەی دەبات، نەك سەرۆکایەتی دەکات، پێویستە ئەو زاراوەیە بگۆڕدرێتن، بکرێت بە بەڕێوەی دەباتن، هەموو ئەو سەرۆکایەتیانە بکرێنە بەڕێوەبەرایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێوەبەرەکە راستە کاك شێروان، بکرێتە بەڕێوەبەر، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی سێ بڕگە یەك هەیە لە دێری سێیەم دەڵێت (هەموو ئەو شتانەی)، یەعنی شتیش مانایەکی وا ناگەیەنێت باشە بیکەینە ئەرك و مافانەی دێری سێیەمی دەڵێت (چاودێری هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەکان لە هەموو ئەو ئەرك و مافانەی) لە جیاتی (ئەو شتانە) بنووسرێت باشترە.

پرسیارێکیشم هەیە، بڕوانامەی بەرایی زانکۆ، ئێمە خۆمان دەزانین پەیمانگاش سەر بە زانکۆیەو بڕوانامە وەردەگرێت هەر ئیعتیبارە بەو زانکۆیە وەریگرتووە، باش نییە بنووسین بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، کە شتێکەو مەعروفە لە هەموو دنیا.

لە مولاحەزەی ترم لەسەر سەرۆکایەتی شارەوانی لە هەموو پارێزگایەك، لێرە دەڵێت هەڵبژێردراو، ئایا لێرە هاودژ دروست ناکات لەگەڵ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە ئەوانیش هەڵبژێردراو دەبن دەبنە دەسەڵاتێك، دوو دەسەڵاتی هەڵبژێردراو دەبێت لە پارێزگایەکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان دەبێت، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی پێنجەم فەقەرە دە نووسراوە مودیریەتی تەفتیش لە تەرجومەکە کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری، چاودێری رەقابەیە، تەفتیشیش پشکنینە، ئەوە چاك بکرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوەش مولاحەزەیەکی چاکە، کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی سێیەوە کە باسی راوێژکاران دەکات، دەڵێت بڕوانامەی بەرایی زانکۆ پسپۆڕ بن، لە خوارەوەش دەڵێت پسپۆڕایەتیەکەیان وەزیر دیاری دەکات، کە پسپۆڕ بێت و ناسنامەی هەبێت لە بواری شارەوانی، بۆچی لە خوارەوە دەڵێت ئەو پسپۆڕیە وەزیر دیاری دەکات، ئەوە پێشنیازێك.

پێشنیازی دووەمیش/ دوو بەڕێوەبەرایەتی هەیە نزیکن لە یەکەوە بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان بکرێنە یەك، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە بەجێیە، لە وەزارەتێك دوو مودیریەتی عامە، ئێمە ئێستا لێرە ئەو هەموو ئیشەش هەیە یەکە، منیش پێم باشە ئەو پێشنیارە کاك شێروان، پەیوەندیەکان و رۆشنبیری ببێتە یەك، ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێتن، دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی پێنجەم هاتووە دەڵێت بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەڵبەندی وەزارەت پێکدێت لەمانەی خوارەوە لە (ز- بەڕێوەبەرایەتی ژینگە)، ئێمە لە کاتی باس کردنی یاسای وەزارەتی ژینگە، باسمان کرد کەوا ئەو لیژنە راوێژکاریەی کە هەیانە، وەزارەتی شارەوانیش ئەندامن لە وەزارەتی ژینگە، پێم وایە ئێستا لەگەڵ دامەزراندنی وەزارەتی ژینگە، پێویست ناکات بەڕێوەبەرایەتیەك لە هەموو وەزارەتێکدا بۆ ژینگە دابمەزرێت، ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیدارن بە ژینگەوە هەیە هەر هەموویان کاتی خۆی باسمان کرد ئەندامیان هەیە لە وەزارەتی ژینگە، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو پرۆژەکانیان ئەوان بە راوێژ بێت لەگەڵ ژینگە، بۆ ئەوەی سنوورێك دابنرێت بۆ پێشێل کردنی هەموو ئەو کاروبارانەی کە دەکرێن، کە پەیوەندیان بە پیس کردنی ژینگەوە هەبێت، لەبەر ئەوە پێم وایە بوونی بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بە ژینگە لە هەموو وەزارەتێك پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئایا ئەو لیژنە ئیستیشاریەی کە وەزارەتی ژینگەی تێدایە ئەوەی دەگرێتەوە، یان ئەو پێشنیارە چۆنە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم لە ئەسڵی مەشروعەکە ئەو مودیریەتە نەهاتووە، مودیریەتی ژینگە، بەس لە کاتی موناقەشات ئیزافە کراوە، ئەوە یەك.

دووەمین/ بەنیسبەت مومەسیلی وەزارەتی ژینگە لە ئەنجومەنی راوێژکاری ناوی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کە دەڵێت ببێتە یەك مودیریە، لە ئەسڵی مەشروعەکە وایە، زۆر باشە موشکیلەمان نییە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە زۆر وەزارەت ئێمە دەمجمان كردووە، ئیمكان هەیە مودیریەتێك عیلاجی هەردووكیان بكات، وابزانم ئەوە هیچی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رای ئەو دوو برادەرە دەكەم، بەڕێوەبەرایەتی ژینگە لێرە زیادەیە، دەتوانرێت بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و پەیوەندییەكان یەك بخرێت.

بەنیسبەت بەڕێوەبەرایەتی بانكی زانیاری بكرێت وشەی ئەندازیاری بۆ زیاد بكرێت، ببێتە بەڕێوەبەرایەتی بانكی زانیاری و ئەندازیاری.

لە بڕگەی هەشتەم و نۆیەمدا بەڕێوەبەرایەتی نەخشەكێشان و بەدواداچوون لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی نەخشەكێشانی ئاوەدانی ئەوانەش دەمج بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر من ئەوەندەی بەبیرم بێتن یاساكانی تری وەزارەت مودیریات سەلاحیاتی وەزیرە، لەبەر ئەوە هەر خۆی دەتوانێتن ئەو تەفسیلاتەی ناوێتن نیزامێك دێتە دەرێ و، تەنیا بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكان دەسەلاتی ئێمەیەو نابێت بەبێ ئێمە هین بكرێت، بۆیە ئەو شتانە بنووسین زیادە، نەنووسین وەكو وەزارەتەكانی دیكە باشترە، كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە موناقەشەی قانونی وەزارەتەكان، ئێمە خۆمان تووشی كۆمەڵێك تەناقوزات كردووە، لە هەندێك وەزارەت موناقەشەی ئەوەمان كردووە كە مودیریاتی ئەقسامی ناو وەزارەتەكان وازی لێ بێنین بۆ وەزیر، چونكە سەلاحیەتی ئەوە، ئەوی ئیلغای بكات و، ئەوی زیادی بكات، ئەوی بمێنێتەوە، ئێستا لە هەندێك وەزارەت موناقەشەی وردەكاری هەندێك مودیریاتی ئەقسام دەكەین، بۆیە ئەوە تەناقوز دەكات، هەتا لە لیژنەی قانونی لە هەندێك برادەرمان پرسیوە دەڵێت شتێكی زیادە، بۆیە دەبێت لێكیان جیا بكەینەوە، تكامان ئەوەیە كۆتایی پێ بێنین، ئایا موناقەشەی ئەو ماددانە لە هەموو وەزارەتەكان دەكەین، یان كۆتایی پێ بێنین خۆمانی لێ رزگار بكەین، دوو سەعات پێوەی خەریك دەبین كە سەلاحیەتی وەزیرە، مادام سەلاحیەتی ئەوەو كە دایدەنێ و، یان لایدەبات و، یان زیادی دەكات، ئیلا مودیریەتە عامەكان ئێمە موناقەشەی بكەین، یەعنی شتێكی زیادەو خۆمان پێ خەریك كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك خورشيد لەبەر ئەوەی پێشنیارەكەت بەجێ بوو، مودیریاتەكان وەكو وەزارەتەكانی تر پێویست ناكات لە پرۆژەكە هەبێت بەڕاستی، ئەگەر لایبەن وەكو وەزارەتەكانی تر، بەڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای پرۆژەی ئەسڵی بكەین دەبینین مودیریاتی عام هەمووی ورد كراوەتەوە، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر ئیتیفاقمان كرد كە مودیریاتی عام ورد نەكرێتەوە، ئەمە یەك.

دوو/ ئەو مودیریاتانەی كە ئێستا دەمج كراوە، وەزیر گوتی ئەمانە راستەوخۆ سەر بە وەزیر دەبن، بۆیە حەز دەكەم لە هەیكەل تەنزیم بێتە خوارێ، ئێمەش پەسندمان كردووە، هەر ئەوەندەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەسەڵاتمان داوەتێ بۆ خۆی هەیە، نیزامی خۆی دادەنێتن، پێی بڵێین و ئاگاداری بكەنەوە ئەوە لە دەسەڵاتی خۆیەتی، تا ئێستا بۆ وەزارەتێكی ترمان نەكردووە، بۆ ئەویش ناكەین، خۆی دەتوانێتن نیزامی داخیلی خۆی دابنێتن، چی ئیزافە بكاتن مودیریات سەر بە نووسینگەی خۆی بێتن، كەواتە ئەوانە دەگەڕێنەوەو شەتبی دەكەین و، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو مولاحەزاتانەی داتان دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

یەكەم: ئەنجومەنی راوێژكاری لەمانە پێكدێت:

1- وەزیر: سەرۆك.

2- بریكاری وەزارەت: جێگری سەرۆك.

3- نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری نابێت پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر بێت: ئەندام.

4- نوێنەری وەزارەتی كشتوكاڵ نابێت پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر بێت: ئەندام.

5- نوێنەری وەزارەتی پیشەسازی نابێت پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر بێت: ئەندام.

6- نوێنەری وەزارەتی ژینگە نابێت پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر بێت: ئەندام.

7- بەڕێوەبەرە گشتیەكان: ئەندام.

8-هەر راوێژكارو پسپۆڕێكی لێزان كە وەزیر لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت هەڵیدەبژێرێت: ئەندامن.

**دووەم: ئەنجومەنی راوێژکاری بەلای کەمی هەرسێ مانگ کۆبوونەوەیەکی ئاسایی گرێ دەدات، یان هەر کاتێك پێویست بوو، ئەو کۆبوونەوەیە گرێ نادرێت تەنیا بە ئامادە بوونی سەرۆك، یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی قانونی تکایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنیا دوو، سێ مولاحەزەمان هەیە:**

**مولاحەزەی یەکەم/ وەکیل وەزیر عوزوە، نائیب نییە، ئەوە یەك.**

**دوو/ئیلغای فەقەرە دوومان کردووە، لەبەر ئەوەی فەقەرە دوو ئیمکان هەیە لە نیزام موعالەجە بکرێت، لێرە گوتومانە (يتولى المجلس تقديم الاستشارات والتوصيات الى الوزير .......)، ئەمە مولاحەزەی دوو.**

**سێ/ ئەو شروحاتەی کە هاتووە، ویستمان دووبارەی تێدا نەبێت بەنیسبەت مومەسیلەکانی وەزارەت لە زیمنی هەیکەلی ئەنجومەنەکە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی شارەوانی.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە پێشنیارمان کردووە نوێنەری وەزارەتی تەندروستیش لەو مەجلیسە ئیستیشارییە بێت، چونکە لایەنی پەیوەندیدارە لەگەڵ شارەوانی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان وەکیل وەزیر بۆ عوزوە، بۆ نائیبی رەئیس نییە، بە پێشنیاری ئێوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**چونکە لە هەموو وەزارەتەکان بەو شکلە هاتووە، بەڕاستی کردوومانە عوزو، ئەگەر هاتوو رەئیس حازر نەبوو ئەو ریئاسەتی مەجلیسەکە دەکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لە جێگایەك هاتووە دەڵێت ئەو خۆی دەست نیشانی دەکاتن، لێرە ئیشکالێك دروست دەبێت، مەنتیقیەن وەکیل وەزیر نائیب رەئیس دەبێتن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له پرۆژەی وەزارەتی زراعە کە موناقەشەمان کرد بزەبت ئەو مەبدەئە پەسند کراو، لە وەزارەتەکانی تریش تەماشامان کرد زۆربەی ئەو مەبدەئە پەسند کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاک ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر مەجلیسێك کە ڕەئیسی هەبوو، دەبێت نائیب ڕەئیسیشی هەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی غیابی جێگەی بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو لە پرۆژە ئەسڵیەکە هاتووە، جێگری سەرۆکی مەجلیسەکەشە، دوایێ ئەگەر غایب بوو ئەو جێگەی دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئیشکال نەبێتن، وەزیر غایب بوو لەبەر هەر هۆیەك، کێ قەرارەکەی دەدات کە کۆ ببێتەوە، لیژنەی قانونی ڕەئی کۆتایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانع نییە بەو شکلەی کە پێشنیار کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە، کاك محەمەد ڕەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم نوێنەرایەتی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئیزافە بکرێت بۆ ئەم مەجلیسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی پشتگیری لیژنەی شارەوانی دەکەیت، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە وەزارەتی کارەبا زیاد بکرێت، ئەویش لەبەر یەك هۆ مەشروعێکم بینیوە لە شارێك پەنجا بیری ئیرتیوازیان کردووە، بەڵام ئێستا پێویستیان بە ئاوەو کارەباش ئاویان ناداتێ، یەعنی لەو تەنسیقە لەنێوان شارەوانی و وەزارەتەکان هەبێت، بەتایبەتی وەزارەتی کارەبا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش پێشنیارێكی مەعقولە، لیژنەی یاسایی و شارەوانی رەئیتان چیە لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەسەلە وەزارەت بێت، ئێمە دەتوانین زۆر وەزارەت داخیل بكەین، بەڵام ئێمە دەتوانین نەصێك داخیل بكەین كە لە هەندێك وەزارەت هاتووە، كە (ممثل الوزارات ذات العلاقة) وەزیر بتوانێت بانگیان بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەش باشە، دوایێ هینی دەكەین، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە حەقە سەرۆكی شارەوانی هەڵبژێردراوەكان ئیزافە بكرێتە سەر لیژنەی راوێژكاری، واتا ئەندام بن لە لیژنەی راوێژكاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وەكیلی وەزارەت كە دەبێت عوزو نەبێتن جێگر بێت، خۆی ئەو موشكیلەیە حەل كراوە لە ماددەی سێ فەقەرە دوو، كە هەر وەختێك وەزیر ئامادە نەبێت بەخۆی جێگریەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم هەیكەلێكی وەزاری بۆ سەرجەم وەزارەتەكان بكرێت، بۆ ئەوەی هەموو جار ئەوەندە موناقەشە نەكەین، هەمووی هەیكەل وەزاریەكان وەكو یەك بن، پێویست ناكات هەموو جار دووبارە بێتەوە.

دووەمیش/ مەجلیسی ئیستیشاریش هەر بەو شێوەیەی هەیكەلی وەزاریەكەی، مەجلیسی ئیستیشاریش یەكلایی بكرێتەوە لە لایەنی لیژنەی قانونی و لایەنی پەیوەندیدار، ئەوە كۆتایی پێ بێنێت، چونكە هەموو جار ئەوە دووبارە دەكرێتەوە.

خاڵێکی تریش/ مەسەلەی مودیریاتەکانی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەکو ئەوەی وەزارەتی شارەوانی باسیان کرد، بەڕاستی لە دوو جێ مودیریەتی ژینگە بۆ هەبێت، یەعنی ئەگەر جێ وا هەیە ئەوەش تێکەڵکێشێك هەبێت، لیژنەی یاسایی تێکەڵکێشێك بکات و ئیزافە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان هەر وەزارەتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبیرمان نەچوو لە موناقەشەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، هەرچەند نموونەی وەزارەتەکانی تریشمان هێنا هەر تایبەتمەندی خۆمان دایێ، راستە زۆری موتەشابیهە، بەڵام هەر دەبێت موناقەشەی بکەین لە تەفسیلاتدا فەرقێکی هەیە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە کاك شێروان ئیشارەتی بەوەدا کە وەزیر سەڵاحیەتی هەیە هەر کەسێك داوا بکات، بەڵام بە تەسەوری من بەپێی تەجروبەش گرنگترین وەزارەت لەو هەیئەتەدا هەبێت وەزارەتی ناوخۆیە، چونکە بە دەیان هەزار تەجاوز هەیە، شورتەش دەبێت یارمەتی ئەوە بدات، لە هەموو کۆبوونەوەیەکی وەزارەتی بەلەدییەو مەجلیس هەر باسی تەجاوز دەکرێت، خۆ مەجلیس بەلەدییە، یان وەزارەت ناچێت ئەو تەجاوزاتە بکات، لەبەر ئەوە زۆر زۆر زەرورییە وەزارەتی داخیلی تێدا هەبێت، مومکینە ئێستا لە هەولێرێ چل هەزار تەجاوز هەبێت، ئەوە شورتە دەبێت موعالجەی بکات، وەزارەتی ناوخۆ چارەسەری بکات، لەبەر ئەوەی زۆر زۆر پێویستە وەکو عوزوێکی ئەسڵی لەو هەیئە ئیستیشاریەدا هەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیەی کاك شێروان وەکو لیژنەی قانونی باسی کرد، کە نوێنەری ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن رەئیسی مەجلیسی ئیستیشاری ئەجندەی کۆبوونەوەکەی دیاری دەکات، خۆی تەحدیدی دەکاتن کام وەزارەت پەیوەندی هەیە بەو ئەجندەی ناوخۆ بێت، تەندروستی بێت، ژینگە بێت، بانگیان دەکاتن، ئەگەرنا هەموو وەزارەتەکان پەیوەندیان بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە هەر یەك لە بوارێکەوە بەیەکەوە، ئەو صیغەیە باشترە لە هەموو شوێنەکان وابێت، ئەو لایەنانە، ئەو شوێنانەی کە پەیوەندیان بە کارەکەوە هەیە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبداللە نصراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەقریبەن هەر ئەوە بوو وەزارەتی ئاو یەکێکە لە خزمەتگوزاریە هەرە گرنگەکان، بەڕاستی کە وەزارەتی شارەوانی دابین دەکات ئاوە، لە هیچ شوێنێکی تر یاساکان وەزارەت گرنگی بە ئاو نەدراوە، راستە ئاو ئیشی بەنداو، میاهی جۆفییە، مەسەلەی رەییە، بەڵام کاریگەری هەیە بۆ سەر ئاوی خواردنەوە، کۆمەڵێك وەزارەتی موتەداخیلن، کاك بەکر ئیشارەی بە هەیئەی ئیستیسماردا، کە ئەوە کاری وەزارەتی بەلەدییات نییە، من تەئیدی قسەکانی کاك بەکر دەکەم، بەڵام دەکرێت لێرە وەك نوێنەریان لە مەجلیسی ئیستیشارییەکاندا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێروان با ئینتباهی ئەوە بكەین نوێنەری وەزارەت ناویان هاتووە هەموویان لە یەك فەقەرە، نوێنەری وەزارەتی پەیوەندیدار بە دەرەجەی مودیر عام، بە مەرجێك لە دەرەجەی مودیر عام كەمتر نەبێت، دكتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا قسەكانی من باس كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش قسەكانم تەقریبەن گوترا، بەلاَم ئەوەی كە لێرە گرنگەو كاك خورشیدیش باسی كرد، كێشەی سەرەكی لەناو شارەوانییەكاندا رەبتە بە ئەوقاف و وەزارەتی ناوخۆوە، هیچیان ناویان نەهاتووە، ئەگەر هیچیانی تیا نەبێت، مەفروزە ئەو دوو وەزارەتەی تیا بێت، من لە پێنجوین بووم، لە هەڵەبجە بووم، لە ئاكرێ بووم، لە شوێنەكاتی تریش موشكیلەی سەرەكی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ئەوقافە، مەفروزە ئەو دوو وەزارەتەی تیا بێت موشكیلەكە لەگەڵ ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆرێك لە قسەكانم كران، بەلاَم ئەوەی تێبینیم لێی هەیە جەنابی وەزیر بەشێك نابێت لەو ئەنجومەنە راوێژكارە، چونكە ئەنجومەنەكە ئیشی پێشكەش كردنی بیرو رای راوێژكارییە بۆ وەزیر، دەكرێت ئەنجومەنەكە بە سەرۆكایەتی جێگری وەزیر بێت راسپاردەكان بۆ جەنابی وەزیر بەرز بكرێنەوە، چونكە ئەو جیهەیە گوێ دەگرێت و تەنفیز پرۆژەكان دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناكرێتن، ئەوە هەموو وەزارەتەكان وایە، دووەم/ راستە وەزیر بۆ خۆیەتی، بەلاَم خۆ هەر ئەوەی نییە بە چوار دێر تەقدیم بكەن، موناقەشە دەكەن و رەئی دەدەن و موحتاجی ئەوەیە گوێ لە هەموو رەئیەكان بێتن، شەرت نییە ئەو چوار دێرە بڵێن یەك، دوو، سێ، چوار، دەبێت قەناعەتی پێ بێتن و خۆشی موناقەشەیان دەكاتن، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدين محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی هەشتدا هەر راوێژکارو پسپۆڕێکی لێزان کە وەزیر لەناوەوەو دەرەوەی وەزارەت هەڵیدەبژێرێت، ئەو چوار راوێژکارەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە، ئەوانە مولزەمن و ئەندامی دائیمن لەوێ، لێرە نووسراوە هەر راوێژکارێك، ئەوە لە لیژنەی شارەوانیش وەکو فەقەرە باسمان کردووە، نازانم مام رەشاد نووسیویەتی، یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نووسیویەتی دەڵێت هەر راوێژکارێك، یان پسپۆڕێك، یان خەبیرێك ئیختیصاصی هەبێت وەزیر ئیختیاری بکات، بۆی هەیە، لیژنەی یاسایش هەمان شتیان نووسیووە.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە، ئەو چوار موستەشارەی لەسەرەوە ئەندامی دائیمن، دەبێت ئەندامی دائیم بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من چوار موستەشارەکە ناڵێم، چوار موستەشارەکە دیارە مواسەفاتیان هەیە، لەوێ بڕگە یەکن، (المستشارون) دەبێت لە چوار کەمتر نەبێت، ئەوەش کاك شێروان وەکو وەزارەتەکانی تر، کەسی تر نەما قسە بکات، کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لایەنێکی گرنگ لە ئیختیصاص لەو لیژنە ئیستیشاریە باس نەکراوە، ئەویش جامیعەیە، پێم وایە لە هەموو لیژنەیەکی ئیستیشاری پێویستە نوێنەری جامیعەی لەگەڵ بێت، چونکە هەموو پسپۆڕەکان لە هەموو خەڵك پسپۆڕترن، کولیەی هەندەسە، عەمیدی کولیەی هەندەسە، لە هەموو جامیعەتەکان پێویستە نوێنەری لەگەڵدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرەی ئەخیری کە لیژنەی شارەوانی ئیشارەی پێداوە، دەڵێت وەزیر بۆی هەیە هەر راوێژکارێك، یان خەبیرێکی ئیختیصاصی لە ناوەوەی وەزارەت و دەرەوەی وەزارەت، واتا دەتوانێت لە جامیعەش داوا بکاتن، ئەوەش دەیگرێتەوە، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کە کاك شێروان دەڵێت بۆ وەزیر هەیە دەعوەتی هەر کەسێکی تر بکات لە هەر وەزارەتێکی تر، پێم وایە تەحدیدی بکەین باشترە، هەندێکیان کە زەرورییە و مولزەمە، کە زۆر پەیوەندی بەو وەزارەتەوە هەیە، ئەوەکانی تر وای لێ بکەین، چونکە زۆر جاریش با ئیعتیماد نەکاتە سەر میزاجی ئەو وەزیرە لەگەڵ وەزیرێکی تردا، یان ئەو موئەسەسەیە لەگەڵ موئەسەسەیەکی تردا، بانگی بکات، یان بانگی نەکات، بۆ ئەوەی ئەو موشکیلەمان نەبێت، پێم وایە ئەوانەی کە مولزەم و زەرورین پێویستە ئەندام بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە سەر نوقتەی سفر، وەزیر دەبێت یەکەم جار بە میزاجی ئیش نەکات، بەپێی قانون ئیش بکات، بەپێی بەرنامە ئیش بکات، ئەمڕۆ ئەجندەی بەرنامە دادەنێتن، لە ئەجندەکە هەست دەکات باسەکە لەسەر ئاوە، موحتاجی وەزیری وەزارەتی ئاو و ئاوەڕۆیە، موحتاجی ژینگەیە، بەڵام لەو بوارەدا موحتاجی وەزارەتی ناوخۆ نییە، یان تەندروستی نییە، خۆی قەرار دەداتن، لە بوارێکی تردا باسی کارەبا دەکرێتن و مەحەتاتی مەحەللی هەیەو شت هەیە موحتاجی ئەوەیە نوێنەری وەزارەتی کارەبا بێتن، لە هەمان کات موحتاجی ئەوە نییە با بڵێین وەزارەتی صناعە بێت، یان کە پەیوەندی نەبێتن، لەبەر ئەوە یەك دەبێت سیقەمان بە وەزیرەکە هەبێتن، دەبێت بزانین وەزیرەکە نابێت بە میزاجی ئیش بکاتن، ئەگەر وا بێت دەبێت هەموو وەزارەتەکان پەیوەندییان هەیە، مەنتیقی ئەوەی وەزارەتەکەی تریش بە هەمان مەنتیق هەیەتی، بە عام بینووسین بۆ ئەوەی ئەو هینەی نەبێتن، هەموو جار مولزەم بێتن وەزارەتەکانی تر بانگ بکاتن، بەپێی بەرنامەو ئیحتیاجی، ئەگەر کەس ئیعتیرازی نەبێتن ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی بەو هەموو تەعدیلاتەی موافەقەتیان لەسەر کرد، لەبەر رۆشنایی قسەکانی ئێوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسایەتی سروشتی و مەعنەوی لە لێزان و پسپۆر لە ناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا گرێبەست مۆر بکات، بۆ ئەوەی گرنگی و ئەرکەکانی پێ بسپێرێت، بۆ ئەو ماوەیەی کە پێی باش بێت لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت ماف و پابەندەکانی لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکات، دوای ئەوەی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەن وەردەگیرێت

یەکەم: بەپێڕەو ئەرك و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی وەزارەت دەسنیشان دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەیەكیشمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە تەبیعییە، لیژنەی یاسایی وەكو خۆی ڕەئی لەسەر نییە، وەكو خۆی دەمێنێتەوە، هەروەها لیژنەی شارەوانیش، ئێوەش ئەگەر قسەیەكتان لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

یەكەم: بەپێی پێڕەوی تایبەتی وەزیر گرنگی پسپۆڕەكانی دامەزراوەكانی وەزارەت دەست نیشان دەكات بەشەكان و ئەرك و هۆبە و یەكەكانی دیكە دیار دەكات.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە لە كاتی پێویستیدا بەڕێوەبەرایەتی و بەشەكان و هۆبەی تازە دابهێنێت، یان لێكیان بكات، یان هەڵیانبوەشێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

1 - ئەوەی پەیوەستە بە هەردوو ماددەی حەوتەم و هەشتەمی پڕۆژەكە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات لەگەڵ ماددەی حەوتەم لێك بدرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی حەوتەم:

یەكەم: ئەرك وتایبەتمەندی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕەو دیار دەكرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە لە كاتی پێویست هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەش یان هۆبەیەك بكاتەوە لەناو پێكهاتەكانی وەزارەت دا، یان لێكیان بدات، یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حکومەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی حەوتەم و هەشتەم، حەوت بە یەکەم و دووەم، هەشتیش دەمج کراوە بەو ماددەیە، لە دەمج کردنەکە صیاغەکەشیان چاك کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی نەصەکە خەلەلێکی تێدایە، ئەو خەلەلەش نەماوە، کەسێك ئەگەر قسەی لەسەر نییە، فەرموو گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم ماددەیە بڕگەیەك زیاد بکرێت، ئەویش وەزیر بۆی هەبێت بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە کەسێك، بۆ نموونە ئێمە لە هەندێك شارەوانیدا جاری وا هەیە داهاتێك، دەستکەوتێك دەبێت بۆ ئەو شارەوانییە، ئەگەر سەرۆکی شارەوانی بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بداتە سەرۆکی ئەو یەکە شارەوانییە، دەتوانێت خزمەتێکی گەورە بە ناوچەکەی بکات، بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت بۆ ئەم وەزارەتە هەر شارەوانییەك بە پلەی یەکەم داهاتەکەی بۆ خزمەتکردنی خۆی بێت، نەك بنێرێتە خەزێنەی دەوڵەت و، جاری وا هەیە بە پرۆژەیەکی پێویست چاککردنەوەی ئاوە، یان ڕێگاوبانێکە بە ساڵ دوا دەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ڕەئیتان چییە لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دانی سەلاحیەت ئەوە لە یاسایەکە عیلاج کراوە زۆر تەبیعی و ئیعتیادییە، ئەویتریش کە ئیشارەتی پێدا، بەحەقیقەت جێگای لە زیمنی هەیکەل تەنزیمی وەزارەت نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس ئەگەر مولاحەزەی نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزار ژمارە (15) هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ئەو یاسایە دەربچێتن، پێویست بەوە ناکاتن، شتێکی رۆتینییە، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەزارەتە کە بووە دوو وەزارەت حقوق و ئیلتیزامات هەیە، بەتایبەتی وەزارەتی سیاحە، ئەو قانونە ئیلغا دەکرێت، بەس حقوق و ئیلتیزاماتەکە تەسبیت بکرێتن لەو ماددەیە باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم ئەگەر ئەوە لە وەزارەتی سیاحە عیلاج کرا بێت، مانای وایە هیچ پێویست ناکات، ئەوە تەحصیل حاصلە، ئەگەر عیلاجیش نەکرا بێت، ئەوە دەتوانین لێرە نەصێك داخیل بکەین، زۆر تەبیعی و زۆر ئیعتیادییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەگەر داخیلیشی بکەین، تەقویەی دەکات هیچ زەرەرێکی نییە ئەوەی داخیل بکەین، باشە با تەماشای قانونی وەزارەتی سیاحە بکەین، بزانین چی لێ دێتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رۆژنامەی فەرمیەوە جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونییەوە لە رۆژنامەی فەرمیەوە جێ بەجێ دەکرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرکردنی یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری ژمارە (15)ی ساڵی1992دا تێپەڕیوە، لەبەر رێککەوتنی لەگەڵ پێداویستیەکانی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی و پچرانی پەیوەندی دەستەی گشتی گەشت و گوزار لە وەزارەت، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی یاسایی هەیە بگۆڕێت، ئێستا مەشروعە نوێیەکە تێدا نییە، تازەکە بخوێنەوە، ئەوەی ئێستا دەخوێنێتەوە تازەکەیە، کە پاشی گفتوگۆ لەگەڵ وەزیر و ئیتیفاقیان لەسەر ئەوە کردووە بە عەرەبی دەخوێنێتەوە، بەنیسبەت ئەو ماددەیەی موناقەشەمان کرد دەنگمان بۆ نەدا لە قانونی وەزارەتی سیاحە بەو شێوەیە هاتووە، دەڵێت (هەموو مافەکان و ئیمتیازاتی موئەسەسەی عامەی سیاحەکە حەل کرا لە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی سیاحە، یەعنی چارەسەر کراوە، پێویست ناکات هین بکرێت، خاڵی نیزامە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو موعالجەی کراوە لە قانونی وەزارەتی سیاحە تەنها (فيما يخص امور سياحة)یە، یەعنی لێرەش پێویستە بڕگەیەك ئیزافە بکەین (فيما يخص امور البلديات)، من پێشنیاری صیغەیەك دەکەم، یەعنی ماددەی نۆیەم بکرێتە دوو فەقەرە، فەقەرەی یەکەم وەکو خۆی، فەقەرەی دووەم (تؤول جميع الحقوق والتزامات المترتبة على قانون رقم (15) لسنة 1992 فيما يخص شؤون البلديات الى وزارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتەکە هەر لە شوێنی خۆیەتی، وەکو خۆی ماوە، لێرە ئیشکالێك و ئاڵۆزیەك دروست دەکەیت، لەوێ ئەوەی عیلاقەی بە سیاحەوە هەبوو گوتی (تعود الى وزارة السياحة)، کەواتە ئەم وەزارەتە لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، پێویست بە نەصێکی ئیزافی ناکات، ئەو ماددەیە مادام وەکو خۆی هاتووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو مامۆستا کاکە بە عەرەبی بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

نظراً لمرور فترة طويلة على صدور قانون وزارة البلديات والسياحة رقم (15) لسنة 1992 ولعدم انسجامها مع متطلبات الظروف الحالية لاقليم كوردستان واتحاد ادارتي اقليم كوردستان في اربيل والسليمانية وفك ارتباط الهيئة العامة للسياحة من الوزارة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە مەقصەدی ئەوەیە یەكەم جار لەوێ ئیشارەتی پێداو تەوحیدی دوو ئیدارەكەی كردووەو، پێویست ناكات، چونكە لە هەموو قانونی وەزارەتەكاندا هاتبوو لامان بردووە، موناقەشەتان لەسەر هەیە، فەرموو كاك بەلێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەسباب موجیبەكە جارێكی تر تەئكید دەكاتەوە دەركردنی یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، خۆی ئەسباب موجیبەكە ئەوەیە كە لێكمان جیا كردۆتەوە، یەعنی سبەبەكە ئەوەیە ئەو دوو وەزارەتە لێك جیا كراوەتەوە، بۆیە سەبەبی ئەوەیە كە ئێمە یاسایەك بۆ وەزارەتی شارەوانی، لەبەر ئەوەی نووسراوە لەبەر ئەوەی ماوەیەكی زۆرە لەسەر دەركردنی یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، قەیدی ناكات كەونە، بەلأم جارێكی تر لێرە تەئكید دەكاتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە زەحمەت نەبێت عەرەبیەكە جارێكی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

نظراً لمرور فترة طويلة على صدور قانون وزارة البلديات والسياحة رقم (15) لسنة 1992 ولعدم انسجامها مع متطلبات الظروف الحالية لاقليم كوردستان واتحاد ادارتي اقليم كوردستان في اربيل والسليمانية وفك ارتباط الهيئة العامة للسياحة من الوزارة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو فەترە تەویلە موجیب نییە، (نظراً لمرور فترة طويلة) موجیب نییە، (نظراً لاستحداث وزارة السياحة وفك ارتباطها بوزارة البلديات لضرورات تطوير نشاط وعمل وزارة البلديات اصدرنا هذا القانون)، ئێستا صیغەكە وایە، یەعنی مودەكەی پێویست ناكات، (نظراً لفك وزارة السياحة، او لتشكيل وزارة السياحة)، ئەوە صیاغەكەی دوایێ چاك دەكەین، فەرموو كاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێکم نووسیووە ئەگەر پێتان باش بێت بۆ هۆی دانانی ئەم یاسایە، یەعنی پێویست بەوە ناکات، ڕێزم هەیە بۆ ئەوەی ئەمەی داناوە، پێویست بەوە ناکات، چونکە وەزارەتی شارەوانی چۆن ماسی بەبێ ئاو ناژیت، خەڵکیش بەبێ وەزارەتی شارەوانی ناژیت، من هەر ئەوەندەم نووسیووە (گەورە بوونی شار و شاروچکەکان لە ئەنجامی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەیەکی زۆر و، گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان لە هەموو بوارەکان زۆر پێویستە بۆ ئەم یاسایە دابنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوەڵەن ئەو یاسایە بۆ دەرچووە، سەبەبی یەکەم/ کە هەموار کردنیش نییە، یاسایە، لەبەر ئەوەی موئەسەسەی سیاحە بۆتە وەزارەتی سیاحە، وەزارەتی سیاحە تەشکیل بووە (فك ارتباطهم) موئەسەسەی سیاحە بوو، بووە وەزارەتی سیاحە، ئەم قانونە بۆیە دەرچووە، موبەریراتی ئەوە بنووسن لەبەر ئەوەی حاجەتی تەتویر و ئەوانەو ئەوەندەیە، خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لەمەودوا ئەو وەزارەتانەی کە هەنەو نیزامیان هەبووە تاکو ئێستا قانونیان هەبێت، نەك وەکو ئەوەی ئێستا وەزارەتی هەیە فەیدی ناکات، بەڵام مانای نییە ئێمە وەزارەتێکمان پازدە، شازدە ساڵە وەزارەتە قانونێك، ئێستا بچی قانونێکی تری بۆ دانێیت، ئەی ئەو قانونە چی لێهاتووە، قانونەکەی خۆی چی لێهاتووە، هەموار دەکرێت، بەس مەعقولە قانونێکی تری بۆ دەربکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتانەی لە پێشمان دێتن و، ئەوەی کە هەیە وەزارەت کە لێی جیا نەبێتەوە، بە رەئی من ئەگەر مەجلیسی وزەڕاش نارد بیت غەڵەتە، ئەوە هەموار کردنی پێویستە، نەك قانونێکی تری بۆ دابنێیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەت ڕاستە مام خورشید، بەس لە بیدایەتی جەلسە وامان گوت، گوتمان وایە، بەس ئەو وەزارەتە لەبەر ئەوەی (فك ارتباطها) موئەسەسەی سیاحە کراوە، ئەوە شتێکی تازەیە، دەکرێت وا بکەین، بەڵام ئەوانی تر کە تەنیا تەعدیلاتە، دەبێت هەموار کردن بێت، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرسیارە ئیشکالمان لەلا دروست دەکات، مادام سەرۆکایەتی شارەوانی لە هەردوو پارێزگاکانی هەرێم مودیر عامەو سەر بە وەزارەتە، بەڵام ئێمە لەبەردەم قانونی مەجلیسی محافەزات داین، مەجلیسی موحافەزات بە رەسمی لە عێراق بودجەی ئاوەدانکردنەوەی موحافەزات وەردەگرن، لای ئێمەش دێت و

دەڕوات، ئەگەر بە زووترین کات ئەو ئیشکالە حەل بێت لامان، دەبێت قانونی مەجلیسی موحافەزات دابنرێت، لە ماددەی پێنج کابرا بە چ دەبێتە مودیر عام، مەجلیسی موحافەزات لای ئێمە بە ئینتیخاباتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان تەوزیحی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەلەن قانونی موحافەزات سەحب کراوەتەوە لەلایەن حکومەتەوە، ئەوە دیراساتی لەسەرەو موناقەشاتی لەسەرە، ئەمە یەك.

دوو/ قانونی ئیدارەی بەلەدییات نافیزە لەفعولەو لەغو نەکراوەو، چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ شارەوانییەکانی تێدا بە تەفسیل هاتووە، قانونەکەی ئێستای ئێمە هاتووە هیچ تەعاروزێکی لەگەڵ ئەو قانونانە نییە بەڕاستی، بۆیە هەیکەلی تەنزیمەیەکە زۆر ئیعتیادی و زۆر تەبیعییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن وەکو هەموو جار باسی دەکەین، یەعنی بەڕاستی قانونی موحافەزات ئیشکالێکی گەورەیە بەڕاستی، لەبەر ئەوەی لە ئەساسدا کە دەرچووە هێشتا مەعلوم نییە موحافەزات دەسەڵاتەکەی هەرێمە چیە، لەوەی کە نابێتە هەرێم چیە؟ یەعنی ئێستا ئێمە هەرێمی کوردستانمان هەیە کە پەرلەمانی هەیە، بڵێم موسڵ بەتەنیا بووە، موحافەزە مایەوە، دەسەڵاتی موحافیز لەوێ وەکو پەرلەمانە، هەمان قانون ناکرێت لەوێ وەکو ئێرە، مەجلیسی موحافەزەی ئەوێ بۆی هەیە قانون دەربکاتن، لێرە بۆی نییە، ئەمە هەموو ئیشکالێکە بە حەقیقەت، یەعنی پێویستمان بەوە هەیە بەغدا بزانین بەرەو کوێ دەڕواتن و، ئەو قانونە چۆن تاوتوێ لەسەر دەکرێت، بە چ شێوەیەك دەردەچێتن، بۆ ئەوەی ئەو وەختی ئێمەش بتوانین، ئەنجومەنیش ئەوەی هەست پێ کردووە، دوو سێ پرۆژەی جیاواز هەبوو، هەرسێکیان سەحب کردەوە، چاوەڕوان دەکەین بزانین چۆن بۆمان دەکەن، دەنێرن لەبەر رۆشنایی ئەوە دەکەن، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە ئیقلیمی سەربەخۆین و جیاین لە موحافەزات، من دەڵێم داوا بکەین و بگەینە حەلێك، بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، ئێمە ئینتیخاباتێکمان کردووەو خەڵك هەڵبژێردراوە سەلاحیەتیان نییە، مەبەستمان ئەوەیە ئێمە پەلە بکەین، راستە ئێمە دەتوانین یاساکانی عێراق لێرە هەمواری بکەین، ئێمە بۆ هەرێمی خۆمان دەتوانین یاسایەك دەربکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە قسەیەکە راستە، بەڵام خارجی ئەو کارەی ئێوەیە، پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی دەخەمە دەنگدانەوە پاش ئەوەی کە ماددە بە ماددە دەنگتان بۆدا، کێ لەگەڵ ئەو یاسایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر

سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یاسایەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەم، ئومێد دەکەم ببێتە هۆی ئەوەی وەزارەتی شارەوانی بتوانێت لە بەرنامەی ئایندەدا باشترین خزمەت بە گەلەکەمان و خەڵکی شارو شاروچکەکان بکات و بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان، هیچ کۆسپێکی ئیداری نەمێنێت لە پێشیان، بەرنامەی کارمان بۆ بەیانی هەرچەندە دەبوایە پێشتر بیکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی هین بوو، پێم وایە وەختمان کەمە دەبێت پەلە بکەین بەلای کەمی هەفتەی سێ رۆژ کۆبوونەوە بکەین، ئەگەر ئیجابی کرد ئێوارانیش دابنیشین، بەیانی یەکەم بەنیسبەت کاک کەریمەوە کە ئەندامی تازەیە لە لیژنەیەکدا ئیزافەی بکەین دەخرێتە بەرنامەی کار، لێبوردنی گشتی دەخرێتە بەرنامەی کار، راگرتنی بڕیاری مەجلیسی قیادە سەورە، کە پەیوەندی بە تاوانی دزیەوە هەیە، یەعنی ئاسانن وەختی زۆری ناوێت دەخرێتە بەرنامەی کار، پرۆژەی وەزارەتی وەرزش، ئەو چوارەمان هەیە، ئەگەر تەواو نەکەین بەپێی بەرنامە دەڕۆین، یەعنی یەکەم بەرنامەمان پاشی ئەندامیەتی لیژنە، خاڵی نیزامت هەیە دکتۆرە شوکریە خان فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەسەلەی ئەنفالیش کۆتایی پێ بێنین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، تا سبەینێ سەعات (10،30) بەو بەرنامەی کە ئیعلانمان کرد، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکوزکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 3\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

## سێ شەممە رێکەوتی 2007/4/3

کاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007/4/3 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە (د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (4)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز کریم مجید شریف لە لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە جێگای ئەندامی پەرلەمانی دەست لە کارکێشاو بەڕێز رفعت عبداللە حمەرەش.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30، بڕیاری ژمارە (1133) لە 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە، کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پێشنیاز کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لێبوردن کە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پێشنیاز کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەرزش و لاوان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە ژمارە (13) ساڵی 1980 لە 2006/12/11دا بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

ئەندامانی بەڕێز قەرار بوو ئەمڕۆ دانیشتنەکەمان سەعات (10،30) دەست پێ بکات، بەلام دوای دەخەین سەعات و نیوێك لەبەر ئەوەی خەبەرێکی ناخۆش هەیە، چونکە ئەندامی پەرلەمان شەعبان تووشی حادیسەی سەیارە بووە، سەیارەکەی تەقیتەوەو خۆی لە بەنزیخانەش داوە، خەبەر هەیە کە دەڵێن وەفاتی کردووە، ئینشائەڵلا راست نییە، ئەگەر راست بێت ئەوە جەلسەکەمان دوا دەخەین تا دوو شەممەی داهاتوو، ئەگەر راستیش نەبێتن سەعات و نیوێکی تر دادەنیشین و کۆدەبینەوە لێرە، زۆر سوپاستان دەکەم بەخێر بێن.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، سەرەتا ئەو خەبەرە راست دەکەینەوە کە پێشتر داوامان کرد جەلسەکەمان دوابخەین، خۆشبەختانە ئەندام پەرلەمانی کوردستان کاك شەعبان سەلامەتە، خەفیف بریندار بووە، یەك لە پێشمەرگەکانی شەهید بووە، دوو، سێ کەسی تریش بریندارن ئینشائەڵلا چاك دەبنەوە، داوای شیفا بۆ کاك شەعبان و بریندارەکان دەخوازین بە حادیسەی سەیارەی رێگا بووە، ئەلحمدلله سەلامەتە ئینشائەڵلا چاك دەبنەوە، بە زووترین کات دەگەڕێنەوە پەرلەمان و بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان:

بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی مادده 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق،دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی (12,30)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/4/3 بەم شێوەیە بێت:

1-دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز کریم مجید شریف لە لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە جێگای ئەندامی پەرلەمانی دەست لە کارکێشاو بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30، بڕیاری ژمارە (1133) لە 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە، کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پێشنیاز کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لێبوردن کە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پێشنیاز کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەرزش و لاوان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە ژمارە (13) ساڵی 1980 لە 2006/12/11دا بۆمان هاتووە.

خاڵی یەکەم/ بەنیسبەت دانانی ئەندامی بەڕێز کریم مجید شریف لە لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی کشتوکاڵ، بەنیسبەت لیژنەی یەکەمەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ رازییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەس ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بەنیسبەت کاك کریم مجید شریف ببێتە ئەندام لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە جێگای ئەندامی پەرلەمانی دەست لە کارکێشراو بەڕێز رفعەت عبدالله حمەڕەش، بۆ ئەم لیژنەیەش دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ رازییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەس ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا کاك کەریم دەبێتە ئەندامی هەردوو لیژنەکە، ئومێد دەکەین سوود بەخش بێت و لیژنەکانیش سوودی لێ وەربگرن و سوپاسی دەکەین.

داوا له ئەندامانی راسپێردراو له لیژنەی یاسایی دەکەم بێن له شوێنی خۆیان دانیشن، بەخێر هاتنی بەڕێز ماموٚستا سەعد دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، که لەگەڵماندا بەشداره لەو کۆبوونەوەیه زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، داوا له لیژنەی یاسایی دەکەم پرۆژەکه بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی به کوردی کاك کەریم بەحری دەیخوێنێتەوە لەسەر پرۆژەی راگرتنی کارکردن به هەردوو بڕیاری ژماره (1631) و (1133) له سالآنی 1980 و 1982 که له ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوه دەرچووە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان هەڵسا به لێکۆڵینەوەی ئەو پرۆژه بڕیارەی که هەر دوو بڕیاری ژماره (1631)ی رۆژی 1980/10/30و ژماره (1133)ی رۆژی 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاو له کوردستاندا له کار دەخات، که پاش خوێندنەوەی یەکەمی له پەرلەماندا رۆژی 2007/3/27 بۆمان رەوانه کراوە، دوای گفتوگۆ و راگۆڕینەوەش لیژنه راپۆرت و راسپاردەی خۆی له بارەیەوە به کۆی دەنگ وەك ئەمەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

لیژنەی یاسایی سەر له بەری پرۆژەکه تەئید دەکات، چونکه ئەو دوو بڕیاره له بارودۆخی جەنگی نەگبەتیی عێراق – ئێراندا دەرچوونەو هۆکارو هەلومەرجی سەپاندنیان نەماوەو ئەو سزایانەش که تێیاندا هاتوون، لەگەڵ گەورەیی ئەو (جورمه) له بارودۆخی ئاساییدا هیچ عەدالەت و هاوسەنگییەکیان تێدا نییه.

تکایه ئاگاداری بفەرموون و دەقی ئەسڵی پرۆژەکه و رای لیژنەی یاسایی له بارەیەوە بخەنه بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژکردن و دەربڕینی رای گونجاو لەسەری. لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك تەوزیح بده بۆ ئەوەی مادده به مادده موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی جەنگی عێراق و ئێرانەوە به هەردوو بڕیاری ژماره (1631) له 1980/10/30 و، ژماره (1133) له 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق هەڵوەشاوه (مجلس قیادة الثورة المنحل) سزای تاوانی دزی که له ماددەکانی (440 و 441 و 442 و 443) له یاسای سزاکانی عێراقدا

هاتووه کرد بە سزای لە سێدارەدان، واتا (اعدام) بەهۆی بارودۆخی جەنگەوە، بەلاّم دوای جەنگەکان پێویستە ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنەوە، چونکە هۆکارو دۆخەکە نەماوەو، سزاکانیش لەگەڵ بارودۆخی وەزعی ئێستای کوردستاندا ناگونجێت، لەبەر ئەوە لیژنەی یاسایی ئەو پرۆژەیەی ئامادە کرد و پێشکەشی پەرلەمانی کرد، هیواداریین برادەران پاش ئەوەی ئەو مولاحەزاتانەی کە پێشکەشمان کرد پشتگیریمان لێ بکەن و پەسندی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ شوکریە خان فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای من بەرامبەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی، کە دەڵێت لیژنەی یاسا سەر لەبەری پرۆژەکە تەئید دەکات، وشەی تەئید دەکات بە رەئی من جوانترە بڵێ بەلاوەی دەنێت، یەعنی رەفزی پرۆژەکەی مەجلیسی قیادەی سەورەی کردووە، جا لێرە کە دەڵێت تەئید دەکات، یەعنی چی تەئید دەکات، پرۆژەکە خۆی لەسەرەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەکە تەئید دەکات کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان تەقدیم کراوە بۆ ئیلغا کردنی ئەو قەرارە، زۆر وازیحە، تەقریری نووسیووە لەسەر خودی راپۆرتی ئەو لیژنەیە، با بڵێین ئەو ئەندامانەی پەرلەمان داوایان کردووەو ئیمزایان کردووە، پرۆژەیەکیان تەقدیم کردووە بۆ ئیلغا کردنی ئەو قەرارەی مەجلیسی قیادەی سەورەی لەوناچوو، ئەوان تەئیدی ئەو پرۆژەیە دەکەن کە لە لایەن ئەندامانەوە هاتووە، بۆیە زۆر وازیحە، ئەگەر خاڵی نیزام نییە لەسەر خاڵی یەکەم موناقەشە دەکەین، کێ قسەی هەیە لەسەر خاڵی یەکەم فەرموو کاک بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من لە ماددەی یەکەم نووسراوە راگرتنی کار پێ کردن (ایقاف العمل) بە بڕیارەکە، ئایا ئێمە هەڵیدەوەشێنینەوە، یان ئیلغای دەکەین، یان بەس رایدەگرین، یەعنی ئەگەر هەڵوەشانەوەیە دەبێت ئەو کەلیمەیە بگۆڕین، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم هەر ئیلغا بکرێت، نەك راگرتن بێت (ایقاف العمل)، یەعنی جارێکی تر ئیمکان هەیە بگەڕێینەوە سەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بڕیارەکە تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان بوایە ئیلغامان دەکرد، بەلاّم کە بۆ هەموو عێراقە بەشی خۆمان رایدەگرین، ئەوە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئیلغای بکاتن، بۆیە راگرتنەکە راستە، کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەمەودوا هەر قەرارێك کە دەمانەوێت گۆڕانکاری، یان ڕاگرتن، یان ئیلغای بکەین هی مەجلیسی قیادەی سەورە نەصی قەرارەکە بنووسرێتەوە، چونکە ئەوە موختەسەرە نازانین نەصی قەرارەکەی ئەوان چۆنە، هەر ئەو قەرارەی کە دەمانەوێت ڕایبگرین، یان ئیلغای بکەین بنووسرێتەوە تا تەفاسیلەکەی بزانین، چونکە نەنووسراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ باشە، کاك عونی تەوزیحی کرد، بەڵام فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قرار مجلس القيادة الثورة المرقم (1631) في 1980/10/30

يتضمن تشديد عقوبة مرتكبي الجرائم المنصوص عليها في المواد (440) والفقرتين رابعاً وخامساً من المادة (443) من قانون العقوبات الى الاعدام.

قرار مجلس القيادة الثورة المرقم (1133) في 1982/9/2

يتضمن تشديد عقوبة مرتكبي الجرائم المنصوص عليها في المواد (441 و 442) والفقرات اولاً وثانياً وثالثاً من المادة (443) من قانون العقوبات.

ئەو دوو قەرارە تەشدیدی عقوبەی ئەو جەریمانە دەکرێت کە لە ماددەکانی (440 و 441 و 442 و 443) دەکرێت، وەختی حەربی عێراق وئێرانی عقوبەکانیان کردە ئیعدام بۆ زەبت کردنی حالاتی دزین، ئێستا زروفەکە گۆڕا، حەرب نەما، کوردستان لە ئارام دایە، ئەو عقوبەیە زۆر توندە بەنیسبەت جەریمەکان کە دەکرێت لە کوردستان، واتا پرۆژەکە ئەوە تەئید دەکات حاڵەتەکە بگەڕێتەوە بۆ وەزعی تەبیعی خۆی، پێش ئەو تەعدیلاتانەی کە بەسەری هاتبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی هەندێك شکایەت و موعاناتی هەندێك زیندان هەیە، کە بۆ پەرلەمان هاتووە، لەسەر ئەوەی بە ئەو ماددەیە حوکم دراون بە ئیعدام، ماددەکەش هەندێك حاڵاتی دزی، لەسەر دیوار بازی دابوو، یان قفلی شکاند بێت لەکاتی دزینەکە بەپێی ئەو قەرارەی مەجلیسی سەورە ئیعدام دەکرێتن، ڕەنگە دزیەکە زۆر شتێکی خەفیف بێتن، نرخەکەی بای سەد دینار نەبوو بێت حوکمی ئیعدامی دراوە، ئەگەرچی تەنفیز نەکراوە، شکایەتیان کردووە، کە ئەم قەرارە قەرارێکی زۆر موجحیفە، زۆر توندە، چەند ساڵێشە ئەو حوکمە هەر لە زیندانە، دە ساڵ زیاتریشە حوکمەکە دراوەو تەنفیز نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەو مەوزوعە لە حاڵەکەی تر باسی دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاتر بۆ ئەو تەوزیحەی کاك عەونی دای حەددی ئەعلای عقوبە لە قانونی عقوبات بەنیسبەت ئەو فەقەراتانەی کە کاك عەونی ئیشارەی پێدا لە ماددەکانی (440 و 441 و 442 و 443) حەددی ئەعلای عقوبەکەی لە دە ساڵەوە تا سجنی موئەبەد بوو، ئەو دوو قەرارە تەشدیدی کردو حەددی ئەعلایەکەی کردە ئیعدام، ئێستا دەیگەڕێنینەوە دۆخی جاران حەددی ئەعلای عقوبە دەبێتە بەینی دە ساڵ و بەینی سجنی موئەبەد، بەنیسبەت ئەو ماددانەی کە کاك عەونی ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس قسەی نییە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە بە ڕەئی لیژنەی قانونی کە تەئیدی دەکەن بۆ ئیلغا کردنی، کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ ئیلغا کردنی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موعتەریزە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: دووبارە کار بە سزاکانی دەقنووس لە ماددەکانی (440) و (441) و (442) و (443) لە یاسای سزاکانی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو دەکرێ پێش ئەوەی ئەو دوو هەموار کراوە ئاماژە پێکراوەی کە لە ماددەی یەکەم لەم یاسایەدا هەبووە کاری پێکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش هەر تەکمیلەی ئەویترە، ئەوت راگرت، قانونە ئەساسیەکە کار پێ دەکرێتەوە، وابزانم قسەیەکی ئەوتۆی لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی سێیەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لە کێشەو داواکانی قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن، یان ئەوەی بڕیاری بنبڕی بۆ دەرچووە دەگرێتەوە، یان هێشتا پلەی بنبڕی وەرنەگرتووە.

بە عەرەبیەکەشی:

المادة الثالثة: تسري احكام هذا القانون على القضايا والدعاوى التي في مرحلة التحقيق او المحاكمة او التي صدر فيها قرار نهائي لم يكتسب درجة البتات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی قسەی لەسەر بکەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، من دەمەوێت لیژنەی قانونی بۆمان روون بکاتەوە، ئێمە مەبەستمان ئەوانەی حوکمی ئیعدام دراون بیانگرێتەوە، ئەوەی دەڵێت (لم يكتسب درجة

البتات)، يەعنی ئەو قەرارە ئەو کەسانە بگرێتەوە بە قەراری مەجلیسی قیادەی سەورە حوکمی ئیعدام دراون، ئێمە دەمانەوێت ئەو عقوبەیە لابچێتن قەراراتی کۆنەکە بیانگرێتەوە ئەو دەرەجەی ئیکتیسابی بەتاتە چۆنە، کاک شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعەی جەنابت دەڵێی بە تەسەوری من بەو قەرارە عیلاج ناکرێتن، ئەمانە قەراری مەحاکمە، دەرچووە، ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی کردووە، بە قەناعەتی من لەو قەرارە عیلاجی ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەحاکمی کوردستان ئەو قەراراتانەیان ڕاگرتووە، هەتا ئێستا عقوبەی ئیعدام وەلەو قانونەکە مەجالی هەیە، بەڵام نەیان کردووەو، ئەو قەرارانەی کە دەرچووە لە محکەمەی تەمییزە تەسدیقیان نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئێمە صیغەی ماددەکەمان بەو شێوەیە نووسیووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی من بە بیرم بێتن خەڵکێك بەو قەرارە حوکم دراوە، فەرموو کاک ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت بڕیارەکە بە ئەسەر ڕەجعی بێت، هەتا ئەوانەی کە حوکم نەدراون و تەنفیز نەکراوە بیانگرێتەوە، بڕیارەکە بە ئەسەری ڕەجعی دەربچێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سالم فەرمووو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی کاک ڕەشاد دەکەم بە ئەسەری ڕەجعی بێتن تا شمولی هەمووان بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئیدی برادەران دەكەم، من پێم وایە بڕگەكانی ئەم یاسایانە ئەوانەش بگرێتەوە، كە حوكمی بنبڕیش دەرچووە، یەعنی دەرەجەی قەتعیشی هەبووە، تەنها ئەوانەی نەگرتۆتەوە كە تەنفیز نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو رەئیەی كە جەنابی كاك شێروان باسی لەسەر كرد، بەنیسبەت ئەو حوكمانەی كە موكتەسەب دەرەجەی قەتعی بن، یاخود موكتەسەب دەرەجەی قەتعی نەبن، بەڵام حوكمی تیا دەرچووەو چۆتە تەمییز، ئەوە بە ئەسەری رەجعی هیچ قانونێكی جینائی ناگەڕێتەوە، بەڵام دەكرێت بە مەشروعێكی جیاواز باسی لەسەر بكرێت، یاخود تەلەبی ئیعادەی موحاكەمەیان بۆ بكرێتەوە لەو محكەمەی كە حوكمەكەی تیا دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە قەوانینی جەزائی ئەسەری رەجعی نییە، (الا اذا كان في صالح المتهم)، لێرە ئەگەر هەبێت قەرارەكە دەردەچێت كە حوكمی ئیعدامە، مانای وایە لە بەرژەوەندی تاوانبارە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەمەوێت لە لیژنەی قانونی پرسیارێك بكەم، ناكرێت فەقەرەیەك ئیزافە بكەین بڵێین ئەوانەی بەو قەراراتانەی مەجلیسی قیادەی سەورە حوكمی ئیعدام دراون، ئیعادەی نەزەر بكرێتەوە بەپێی ئەو ئیلغای ئێمە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیعادەی موحاكمە شەرت و شورتی خۆی هەیە، ئەگەر ئەو شەرت و شورتانە موتەوەفیر نەبێتن، ئیعادەی موحاكمە ناكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیعادەی نەزەر، نەك ئیعادەی موحاكمە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیعادەی نەزەر ناكرێت، دەبێت قانونێكی خاص هەبێت، بەڵام دەتوانین لێرە بڕگەیەكی ئیزافە بكەین لەسەر ئەو ماددەیە بڵێین (یشمل احكام هذا القانون، او یستفید من احكام هذا القانون المحكومون الذین صدرت علیهم عقوبة الاعدام والغیر المنفذة)، بەو حاڵەتە دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارێكم هەیە، ئێمە یاسای لێبوردنی گشتیمان هەیە، ئایا ئەوە ناكرێت وەكو بەندێك لە یاسای لێبوردنی گشتی چارەسەر بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە عیلاقەی نییە، كاك باپیر فەرمووو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەكرێت لە سەلاحیەتی سەرۆكایەتی هەرێمەوە موعالجە بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرمووو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام دەتوانین لە ڕێگای ئیعادەی موحاكمە، لە موحاكمە ئەو كاتی دەتوانین (قانون اصلح للمتهم) تەتبیق بكرێتن، كە ئیعادەی موحاكمە دەكرێتەوە، محكەمە دەكرێتن، محكەمەی موختەس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفوو بكە كاك شێروان، یەك لە شروتی ئیعادەی موحاكمە دەڵێت (اذا كان الحكم مبنیاً علی حكم نقیضة او الغیة بعد ذلك بطرق مقررة قانونیة)، ئێمە ئێستا ئیلغای دەكەین (اذا كان الحكم مبنیاً علی حكم نقض او الغیة بعد ذلك بطرق مقررة قانونیة)، ئەوە تەریقەیەكی قانونییە بۆ ئیلغا نازانم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەوەتی پەرلەمان دامەزراوە تاكو ئێستا یەك قەرار وەرنەگیراوە بە هەڵوەشاندنی قەراراتی موحاكم، چونكە قەراراتی موحاكم قودسیەتی خۆی هەیەو، لە ژێر چەتری ئیستیقلالیەتی قەزا دەرچووە، هەر تەدەخولێك

لە قەراراتی موحاکم بێت، دەبێت جانبی سوڵتاتی قەزائی ئاگاداری بێت، ئەو مەسەلەیە دەبێت بە تەنسیق و دیراسە بێت، بەڕاستی یەعنی ئەوە زۆر سەهل نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان من لێرە نالێم قەرارەکە ئیلغا دەکەین، ئێمە رەئیەك دەدەین محکەمەکە خۆی جێ بەجێی ئەو رەئیە دەکات، ئەوە شروتی داناوە، تۆ دەڵێیت (یشمل) ئەوانە، دوایێ محکەمەکە قەرار دەدات، تۆ لە جیاتی ئەوان قەرار نادەیت، هەر دەبێت محکەمەکە قەرار بدات، بەڵام ئەگەر نەصێك هەبێتن بڵێت ئەوانەی کە حوکمی ئیعدام دراون ئەو قەرارە شمولیان دەکاتن شتێکی ئاوا، ئەوەی حوکمی ئیعدام دراون شمولی قەراری ئیلغای ئێمە دەکاتن، با صیغەکە ئینجا سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی خۆی بەکار دەهێنێتن، حوکمی ئیعدام دەکاتە موئەبەد، بەوەی دەبێتن محکەمەی تەمییز هین دەکات، کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئکیدمان کرد لە محکەمەی تەمییز، پێش تەوحیدی محکەمەی تەمییز و پاش تەوحیدی محکەمەی تەمییز، ئەو قەراراتانەی لە موحاکیمی جینایات دەرچووە راگیراوەو هیچ تەماشایان نەکردووە، بۆیە ئەو پرۆژەیە وا بە عەجەلە پێشنیار کرا، ئێمە پێشکەشی پەرلەمانی بکەین، هەتا ئیستیفادەی لێ بکەین و، هەتا قەرارەکانی کە لە پێشیتیان تەتبیقی بکەن لەسەری بەو قانونە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەو قسەیەی کە جەنابت دەڵێی موتەئەکیدی، مانای وایە ماددەی سێ هەموویان دەگرێتەوەو هیچ پێویست بە ئیزافە ناکات، ئەگەر دەرەجەی قەتعی وەرنەگرتبێت، دەرەجەی باتی وەرنەگرتبێت، پێشنیارێك هەیە ئەگەر ئەو قسەیەی کاك عەونی واقیعیەن وابێت، ئەوە هەموویان دەگریتەوە، ئەگەر واش نەبوو، ئەوە ئەو وەختی ئێمە دەتوانین نووسراوێك بنووسین، یان لێرە موعالەجەی بکەین، یان داوا لە سەرۆکی هەرێم بکەین دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێت، لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەی ئێمە بۆ تەحویلی قەراری ئیعدام بۆ مەئەبەد، ئەوەم پێ باشترە، ئەگەر خاڵی نیزامتان نییە، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕیارەی ئێمە تەصدیق دەکرێت لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، زیمنەن موافەقەتی ئەوە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەوزوعێکی ترە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، تەبیعی ئێمەی پەرلەمان ناتوانین قانونێك دابنێین لەسەر قسەیەك، جەنابت دەڵێی لەوانەیە وابێت، لەوانەیە وا نەبێت، ئەوە قانونە دەبێت وازیح بێت، من پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە

بگۆڕدرێت و بەو صیغەیە بنووسرێت (تسري احكام هذا القانون على كل المحكومين الذين لم تنفذ العقوبة بحقهم والتي حددتها القرار الملغي طبقاً لهذا القانون)، بەو صیغەیەش قەراری باتی وەرگرتووەو دەیگرێتەوە (المحكومين بالاعدام).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی جارێكی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەی كاك سەردار زۆر لە جێی خۆیەتی، دەتوانین هەر ئیزافەی لەسەر ماددەی سێ بكەین، بەو شێوەیە دەبێت (تسري احكام هذا القانون على القضايا والدعاوى التي في مرحلة التحقيق او المحاكمة او التي صدرت فيها قرار نهائي لم يكتسب درجة البتات كما يسري على المحكومين بالاعدام الذين لم ينفذ بحقهم الاحكام الصادرة من محاكم كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەخفیزی عقوبە نییە لە ئیعدامەوە بۆ ئەوە مەشمول بێت بەو دوو قەرارە بەڕاستی، ئەوە راگرتنی دوو قەرارە، ئەو مەشروعە هیچ فەقەرەیەكی تێدا نییە، كە چارەسەری ئەو مەوزوعە بكاتن، ئێمە ئێستا بێین لە راگرتنی قەرارێكی فەقەرەیەكی تر زیاد بكەین، كە ئەوە مومكینە لە قانونی عەفو جێی ببێتەوە، بەڵام لێرە هەر جێی نابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو تەوزیحەی كە كاك شێروان باسی لەسەر كرد زۆر زۆر تەواوە، چونكە ئەو حوكمانە حوكمێكی حوجتەن (بما فصلت فيه) بە گوێرەی قانون، قەرارێكی قەزائییە، ئەم راگرتنەش راگرتنی نەصێكە كە وەختی خۆی عقوبەكەی موشەدەد بووە، جێگای ئەو عەفو تەخفیزەی تیا نییە بە هیچ شێوەیەك، ئیلا ئەگەر بە مەشروعێكی تایبەتی لە پەرلەمانەوە دەرچێتەوە، بڵێت ئەوانەی كە مەشمولن بە وەستاندنەوەی ئەو بڕیارە عقوبەكانیان ئەوها دابەزێ بەم شێوەیەی خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئییەكی مەعقول كاك فەرسەت دای با خۆی تەوزیحەكەی بكات.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پرۆژەی قانونی عەفومان هەیە، دەتوانین ماددەیەك لەوێ ئیزافە بكەین، بڵێین هەر حوكمێك دەرچوو بێت لە محكەمە بە ئیعدام بە موجیبی قەراری مەجلیسی قیادەی سەورە، ئەو هەردوو قەرارانە حوكمە لە ئیعدام ببێتە موئەبەد، ئەوە قەزیەكە حەل بوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە كەواتە، خاڵی نیزام بێت.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك دەكەم، من ئەو پێشنیارەم كرد نەبوو، بەڵام ئێستا پێشنیاری كاك فەرسەت دەبێتن، یەعنی ئەوە جانیبە قانونیەكەی چۆنە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیاری چیت كرد.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

گوتم پرۆژەی یاسای لێبوردنمان هەیە، لەو پرۆژەیە بڕگەیەك ئیزافە دەكەین، كە حەلی ئەو كێشەیەمان بۆ بكات، كە ئێستا لێرە موناقەشەی لەسەرە، جەنابت گوتت نابێت، ئێستا كاك فەرسەت گوتی دەبێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

با وەڵامت بدەمەوە، تۆ مەوزوعەكەت تەرح كرد، بەس نصەكەت تەرح نەكرد، ئەو وەختەش ئێمە فیكرەیەكمان نەبوو لەسەر ئەو ماددەیە بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەلەن تۆ پێشنیارێكت كرد، پێشنیارەكە سیاسیانەو عاتیفیانە بوو، ئەوە پێویستی بە قانونی هەیە، تا ئەو قانونە د ەرنەچێت، ئەو قەرارە دەرنەچێت، ئەو پێشنیارە لەوێ ناكرێت، دەبێت ئەوە دەربچێت و ئیقرار بكرێت و صادریش بێت، ئەو وەختی پێشنیار دەكرێت، فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من پێشنیاری كاك سەردار هەركی زۆر لە جێی خۆیەتی، مادده سێ موعالەجەی وەزعەكە دەكات، ئەوەش ئیزافە بكرێت لەسەری هەمووو مەشاكیلەكان حەل دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی جەنابی سكرتێر، من پێم وایە لەو قەرارەی ئیستیفادە ناكەن، لەبەر ئەوەی عقوبەی دزی بەپێی ماددەكانی لە قانونی عقوبات هاتووە، وەكو كاك شێروان باسی كرد لە دە ساڵ تا موئەبەدە، كەچی ئەو پێشنیارەی كاك فەرسەت دەڵێت تەنها لە ئیعدام بكرێتە موئەبەد، خۆی ئەگەر ئیستیفادەی لێ بكەن، لەوانەیە بكرێتە دە ساڵ، یان فەترەیەك، ئەوە یەك.

دوو/ كاك شێروان باسی ئەوەی دەكات، كە ئێمە ناتوانین لێرە پێشنیاری دیكە تەقدیم بكەین، ئێمە لێرە قەرارێكمان دەركردووە، قانونێكمان دەركردووە، دەبێت پێشانی بدەین تەنفیزەكەی چۆنە، زۆر تەبیعییە، لەسەر قسەكەی كاك عومەر دەڵێت پرۆژەكی تر تەقدیم بكەین، ئەمە ئەسڵەن ئەو پرۆژەیە تایبەتمەندە بەو مەوزوعە، بە پێویستی نابینم كە پرۆژەیەكی تر تەقدیم بكرێت لەسەر هەمان بابەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو بڕیارانەی كە لە لایەن دادگا دەدرێت، بە هیچ شێوەیەك ئێمە ناتوانین بڕیارێك دەربكەین، كە ئەو بڕیارانەی دەرەجەی قەتعیان وەرگرتووە، ئێمە ناتوانین هەڵیبوەشێنینەوە، یەعنی لەگەڵ ئەوەی نیمە (لم تنفذ عقوبة الاعدام)، چونكە سزایەكە كە دەدرێتن لە لایەنی دادگا بڕیاری لەسەر دەدرێت راستەوخۆ جێ بەجێ ناكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەتوانین هەڵیبوەشێنینەوە، كاك رەمەزان.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم حوكمانەی كە دراون لەسەر ئەساسی زروفێكی نائاسایی دراون، مەفروز بوو دادگاكانی كوردستان دوای تێپەڕ بوونی ئەو دە ساڵە و دوای جیا بوونەوە لە رژێم بە زروفی ئیستیسنائی مامەلە لەگەڵ تاوانباران نەكردایە، باس لە ئیستیقلالیەتی قەزا دەكرێت، كام ئیستیقلالیەت تۆ دوای پازدە ساڵ بە زروفی ئیستیسنائی ئیش بكەیت كە زروفەكە نەماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبوایە پەرلەمان زووتر ئەوەی ئیلغا بكاتن، بەلاّم كە ئیلغا نەكاتن، دادگا ناتوانێت لە خۆیەوە ئیلغای بكات، كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی یاسای لێبوردن نایگرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەڵێت بە دزی و ناپاکی نایانگرێتەوە، کەواتە لە یاسای لێبوردن دەبێت ئەو خاڵەیان لاببەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی قانونییەوە لەگەڵی نیمە، بۆ؟ ئێمە هەڵەیەکی گەورە دەکەین، ئەگەر ئەوانە ئیعدام نەیانگرێتەوە، چونکە ئەگەر ئیعدام نەیانگرێتە، تۆ چ حوکمێکیان دەدەیت، هەیە دە ساڵی موستەحەقە، هەیە پێنج ساڵی موستەحەقە، هەیە پازدە ساڵی موستەحەقە، چۆن تەکیفی وەزعی قانونی ئەوانە دەکەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرەنسیپەی کە قانونی جەزائی ئەسەری رەجعی نییە، ئیستیسنای هەیە، ئیستیسنائەکەش بە نەصێکی قانونی، ئێستاش ئێمە لێرە نەصێکی قانونی بۆ دادەنێین، ئەو بڕیارەی پەرلەمان دەتوانێت ئەسەرێکی رەجعی هەبێت لەسەر ئەو حوکمانەی کە پێش ئێستا دراوە، جەسامەتی جەریمە حوکمەکەی ئیعدامە دەبێتە موئەبەد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە ئەندامی دادگای تەمیز بووم لە سلێمانی کێشەی وامان نەبووە، مەحاکمی ئەوێ بە قەرارێکی ریئاسەی هەرێم عقوبەی ئیعدامیان ئیلغا کردووە، با زیاتر مەعلوماتتان بدەمێ، بەڵام لێرە لە هەولێر ئەو قەرارە سارییە، حاکمی هەولێریش ئەو کێشانەی کە حوکمی ئیعدامی لەسەر دەرچووە، ئێستا لەبەردەمی دادگای تەمیزە، پاش تەوحید تەماشایان نەکردووە، ئەوان بۆیە تەئکیدی ئەوە دەکەن کە بڕیارێك لە پەرلەمان دەربچێت، دەتوانن قەزیەکە بە ئاسانی حەسم بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە گفتوگۆی ئێمە لەسەر ئەوەیە، کە ئێمە ئەو دوو بڕیارە رابگرین، کە ئەو دوو بڕیارەی ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوەی عێراقمان راگرت ئۆتۆماتیکیەن دەگەڕێینەوە سەر قانونی عقوباتی عێراقی و، ئەوانەی هەر جەریمەیەکیان کردووە، بەپێی ئەو قانونی عقوباتی عێراقیە سزای خۆیان وەردەگرن و لەوێوە مەحکەمە بڕیاری خۆی دەداتن، دەگەڕێینەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێ دەچێت هەندێك لە برادەران، کە دێتە سەر قەرارات و قەراراتی مەحکەمە زۆر بە تەسکی بیری لێ دەکەنەوە، هەدەڤ ئێمە پاراستنی ژیانی مرۆڤێکە، مرۆڤێك حەقی ئەوەی هەیە ئەگەر قەرارێکی نایاسایی دەرچوو بێت لە لایەن هەر مەحکەمەیەکەوە، هەتا ئەگەر مەحکەمەی تەمیزیش موافەقەی لەسەر کرد بێت، تەعن لەو قەرارە بدرێت بۆ پاراستنی ژیانی ئەوە، ئێمە هەمووومان قەناعەتمان وایە ئەو یاسایەی کە دەرچووە یاسایەکی دروست نەبووە، دووەم/ هەتا ئەگەر سەیری بکەیت تەنها بۆ زروفێکی حەرب دانراوەو شتێکی زۆر شاز و نا یاسایی بووە، ئێمە کە ئیمڕۆ قەناعەتمان وایە، حەقە سوور بین لەسەر ئەوەو حەقە قەرارێك دەربکەین، ئەو تێبینیانەی کاك سەردار و برادەرانی لیژنەی یاسایی کە لەوێ دانیشتوون تەبەنی دەکەن، دەبێت ئێمە چارەسەری ئەوە بکەین و رێگە نەگرین لەوەی چی بۆ ئەو خەڵکە دەکەین، کاکە کە قەرارەکەی لەسەر لا دەبەین ئۆتۆماتیکیەن دەگەڕێتەوە بۆ مەحکەمە، کە گەڕایەوە بۆ مەحکەمە، ئەوسا مەحکەمە قەرارێك دەدات بۆ هەر کەسێك زروفەکەی چۆن بووەو قەرارەکە چی بدرێت بەنیسبەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید ئەگەر ئیجازەم بدەیت زۆرمان موناقەشە کرد، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەرارەی کە دامان دوو قەرارە بۆ لابردنی ئەو قەرارەی مەجلیسی قیادە سەورەی هەڵوەشاوە، کورت و موختەسەر من 100٪ تەئیدی کاك فەرسەت دەکەم، کێشەی مەحکوم بە ئیعدام و ئەوانە لە قەراری لێبوردن جێی بۆ بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا تەوزیحێك دەدەم و دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو تەوزیحەی كە كاك عەونی دای بە ئیعتیباری ئەوەی ئەندامی مەحكەمەی تەمیز بووە، كە قەراری بات وەرنەگیراوە لەو قەزیانەی كە هەیە، ئەگەر وا بێتن گۆڕانكاری پێویست ناكاتن، هەرچەندە پێشنیارەكەی كاك سەردارم پێ باشە، بەلاّم پێم وا بێتن ئەوەشی پێویست ناكات ئیقراری دەكەین، ئەگەر خوا نەخواستە پێویستی كرد حالّەتی وا هەبوو موعالەجەی دەكەین، یان لە یاسای لێبوردنی گشتی، یان بە هەموار كردنی ئەو قەرارە، جا لەبەر ئەوە پێم وایە موناقەشەمان زۆر كرد و ئەو صیغەیەی كە دانراوە لە ئەساسدا بەو تەوزیحەی كە كاك عەونی دای، بەو خیبرەیەی كە خۆی هەیەتی، ئەو قەزایانە نیهائی نەكراون و چاوەڕوان دەكەن، كەواتە موعالەجە دەكرێتن، ئەو كەسانە دەگرێتەوە، بۆیە ماددەی سێش وەكو خۆی دەخەمە دەنگدانەوە،كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ماددەی چوارەم تكایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّو كردنەوەی جێ بەجێ دەكرێت، لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) بلاّو دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش رۆتینییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە هۆكارەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هۆكاری دەرچواندنی**

لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارانەی كە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێ كراوە لە بارودۆخی جەنگی شوومی عێراق و ئێران دەرچووەو لەبەر ئەوەی هۆكارو دۆخەكە نەماوەو سزاكانیش لەگەڵ گەورەیی تاوانەكە لە بارودۆخی ئاسایی ناگونجێ، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ماددەی چوار و هۆكارەكان بە عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

حيث ان القرارات المشار اليها في هذا القانون قد صدرت في ظروف الحرب العراقية – الايرانية المشؤومة ولزوال اسباب وظروف فرضها من جهة ولعدم توازن العقوبات الواردة فيها مع جسامة الجرم في ظروف اعتيادية، عليه فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ كاك شێروان ماددەی سێ دەنگمان بۆدا، بە كوردیەكەی خوێندرایەوەو دەنگمان بۆدا، نەخێر قەراری نیهائی مەحكەمەیە، بەهەر حاڵ دەنگمان بۆدا، پرۆژەكە لەگەڵ ئەسبابی موجیبە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە وەكو قانون دەربچێت، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزتان بێت و دەستتان خۆش بێت، دەچینە سەر خاڵی تر لە بەرنامەی كارمان، ئەویش خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتییە، كە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق پێشنیاز كراوە، فەرموو كاك عەونی بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكەتان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستاش ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر یاسای لێبوردنی گشتی لە لایەن كاك كەریم بەحری بە زمانی كوردی دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان-عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەكەمان پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی تاوتوێ كرد، كە لە ڕۆژی 2007/3/27 خوێندرایەوەو ڕەوانەی سەر لیژنەكەمان كراو، دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، لیژنە ڕاپۆرت و ڕاسپاردەو پێشنیارەكانی سەبارەت بە پرۆژەكە، بەكۆی دەنگ بەم جۆرەی خوارەوەیە:-

یەكەم: لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژەی یاساكە سەر لەبەر دەكات و ڕێككەوت كە دەقی پرۆژەكە دووبارە دابڕێژرێتەوەو بەندەكانی بكرێنە ماددەو، شێوەی كۆتایی بەم جۆرە دەبێت:

ماددەی یەكەم:

بە لێبوردنێكی گشتی ئەوانەی خوارەوە دەبەخشرێن:

یەكەم: بەند كراوان لەو كێشانەی ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەكان ئەنجام دراون، لەبەردەم دادگا بەدەر لە حوكم دراوان بەئیعدام و حوكم دراوان لەو تاوانانەی خوارەوە:

1- تاوانی تیرۆر.

2- تاوانی کوشتنی ئەم بیانیانەی لە هەرێمدا کاردەکەن.

3- تاوانی کوشتن هاوڕا لەگەڵ دزی.

4- تاوانی بازرگانی بەمادده بێهۆشکەرەکان.

5- تاوانی زیان بەخش بەئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

6- تاوانی ئیختیلاس و دزی لە سامانی هەرێم.

7- تاوانی گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی کە پەیوەستن بە ئابووری و ئاسایشی هەرێم.

8- تاوانی گزی و دەرکردنی پارەی قەڵب.

9- تاوانی بەرتیل.

10- تاوانی سێکسی بەزۆر و مناڵبازی و زینا لەگەڵ مەحرەمان.

دووەم: نەوجەوانانی حوکمدراو لەهەرێمی کوردستاندا، بەمەرجێ حوکم نەدرابن لەسەر ئەو تاوانانەی لەبڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راپۆرتە کوردیەکە لەگەڵ عەرەبیەکە جیاوازی هەیە، بە کوردیەکە نەوعێکە، بە عەرەبیەکەی نەوعێکی ترە، بە کوردیەکەی وەکو نەصی پرۆژەکە هاتووە، بەلاّم بە عەرەبیەکە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە، مادام وایە عەرەبیەکە بکەنە ئەساس، عەرەبیەکە بخوێنەوە، خاڵی نیزام هەیە فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بڕیار بوو کە لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ راپۆرتیان هەبێت، ئێستاش بەڕێزتان داواتان نەکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکەیت با بێن فەرموو، ئەوەی راپۆرتی هەیە لیژنەی مافی مرۆڤە، لیژنەی ناوخۆیە با بێن فەرموو، راست دەکەیت سوپاس، خاڵی نیزام ئەوەیە، ئێوە ئەسڵی پرۆژەکەتان لایە، جا راپۆرتی لیژنەی یاسایی مادده بە مادده راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ، ئینجا دەکەوینە موناقەشە، ئەگەر رەئیتان هەبوو، لە دوایێ ئیقرار دەکەین مادده بە مادده، فەرموو، راپۆرتی لیژنەی یاسایی مادده بە مادده بخوێنەوە بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەکان بە زمانی عەرەبی لە لایەن برای بەڕێز کاك محەمەد صالح دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون العفو المحال إليها بعد القراءة الأولى له في البرلمان بتاريخ 2007/3/27 وبعد المناقشة والمداولة تقدم اللجنة تقريرها وتوصياتها وأقتراحاتها بشأن المشروع بأجماع الأراء وكمايلي:

أولاً: أن اللجنة القانونية تؤيد مشروع القانون جملة وتفصيلاً وأتفقت على إعادة صياغة بعض بنودها وجعلها على شكل مواد وتكون الصيغة النهائية لمواد مشروع القانون كالآتي:

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء بأستثناء المحكومين بالاعدام والمحكومين عن الجرائم الاتية:

1- المحكومون في جرائم الأرهاب.

2- المحكومون في جرائم قتل الأجانب العاملين في أقليم.

3- المحكومون في جرائم القتل المقترن بالسرقة.

4- المحكومون في جرائم الأتجار بالمخدرات.

5- المحكومون في جرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.

6- المحكومون في جرائم أختلاس أموال الأقليم.

7- المحكومون في جرائم التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.

8- المحكومون في جرائم تزوير وتزيف العملات.

9- المحكومون في جرائم الرشوة.

10- المحكومون في جرائم الأغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.

ثانياً: الأحداث المحكومون في اقليم كوردستان, ما لم يكونوا محكومين عن الجرائم المبينة في الفقرة اعلاه من هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ڕۆشنایی كۆبوونەوەی ئەنجومەن ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/3/27 و تەكلیف كردنی لیژنەكەمان لە لایەن جەنابی سەرۆكی ئەنجومەن بۆ دیراسەت كردنی پرۆژەی لێبوردنی گشتی, لیژنەكەمان بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/4/2 كۆبوونەوەی خۆی

کرد و دوای وتووێژو هەڵسەنگاندنی خودی پرۆژەکەو هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە لەگەڵ واقیعی هەرێم, لیژنە بەو جۆرەی خوارەوە پێشنیارەکانی خۆی پێشکەش دەکات:

1-لیژنەی کاروباری ناوخۆ بە زۆرینەی دەنگەکان پشتگیری لەم پرۆژە دەکات.

هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ماددەی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی راپۆرتەکە بەم شێوەیە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ**

لیژنەکەمان رۆژی 2007/4/3 بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی کە لە لایەن بەڕێزتانەوە رەوانەی لیژنەکەمان کرا بوو، بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامان، دوای گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، لیژنەکەمان رای بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

یەکەم: سەبارەت بە ماددەی یەکەم شتێکمان نییە، بەڵام پێمان خۆشە هەر لەو ماددەیە شتێك زیاد بکرێت بەو شێوەیە (ئەوانەی بە ئیعدام حوکم دراون سزایەکەیان بگۆڕدرێت بۆ بەند کردنی هەتاهەتایی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددەی یەکەم پرۆژەکەتان لایە، تەنیا گۆڕانکاریەکە هاتووە، ئەوەی هینتان کردووە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە، ئەو مولاحەزاتانەی کە درا، کێ دەیەوێ قسەی لەسەر بکات، خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ماددەکە دەکەم، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەو ئیستیسنایانەی کە عەفو نایانگرێتەوە ئیستیسنائێکی تریش هەبێت بۆ ئەوانەی کە ژن دەکوژن بەناوی شەرەف پارێزی و هەر شتێکی ترەوە بێت، چونکە هەموو دەزانین ئێستا لە کوردستان بە داخەوە بۆتە مایەی ئیحراج بۆمان لە هەر کوێیەك کە باسی دەکەین، باسی بارودۆخی ژن دەکەین لە کوردستاندا یەکسەر ئەوەمان بە چاو دەدەنەوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەو ئیستیسنائە ئەو تاوانبارانەش بگرێتەوە کە مەحکومن بە تاوانی کوشتنی ژن بەناوی شەرەفەوە، ئەمەیان یەك.

دوو/ لە دووەمدا هاتووە تۆزێك دانەنیشتووە، نازانم ئەوەی (إعفاء الأحداث المحكومين)، نازانم یەعنی باش تێ نەگەیشتم، دووەمی ماددەی یەك تێ نەگەیشتم، نەك ماددەی دوو، یەعنی زۆر لە لام روون نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ ئیشکالێکم نییە، بەڵام لە ماددەی یەکەم لە خاڵی دە تاوانی سێکسی بەزۆر و مناڵبازی و زینا لەگەڵ مەحرەمان، مناڵبازی وشەیەکی شیاو نییە پێم وایە، سێکسی ئەوە ناگەیەنێت، نێربازی و، مێ بازیش هەیە، بۆ هەر پیاو مەحکوم بێت، با لیستی ژنەکانیش شمول بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی ئەوەلەن دەکەین، ئەوەی هەستاوە با بڵێین باسی ماددەی دووەم دەکات، چونکە یەعنی ئەوەلەن مانای ماددەی یەکەمن حەز دەکەم ئەو تەوزیحە بدەم، بۆ ئەوەی لای برادەرانیش روون بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ماددەی یەکەم ئەوەلەن و ثانیەن مەتروحە بۆ موناقەشە کردن دەبێتن، کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پاش خوێندنەوەی پرۆژەکە ماددەکانمان پاش و پێش کرد، ماددەی دووەم لە پرۆژەکە بووە ماددەی یەکەم، بۆیە پێمان خۆشە برادەران مولاحەزەی ئەو نوقتەیە بکەن، موهیم پرۆژەکە هی لیژنەی یاساییە، هەردووکی هی لیژنەی یاساییە، ئەسڵەکەو پێشنیارەکانیش، بەس گۆڕانکاری لە جێگای ماددەکان کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەترسێم خاڵی نیزامەکەت وەکو جاری یەکەم نەبێت.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دائیمەن لەسەر ئەسڵی نەصی مەشروعەکە دەڕۆین، هەتا کەرەتێکیش بیرم دێت لە موناقەشەکانی کاک شێروان داکۆکی لەوە کرد، گوتی ئێمە نەصەکەمان چۆن بۆ هاتووە، لەسەر ئەوە ئیش دەکەین، لەبەر ئەوە من وا تێگەیشتووم، چونکە من نەصەکەم لەبەر دەست دایە، یەکەم باس لە نەصەکە دەکات، باس لە شتەکانی تر ناکات، ئەوە بە ماددەی یەکەم، کەواتە دەبێت لە پێشدا ئەوە تەرح بکرێت و باس بکرێت و دەنگی لەسەر بدەین، ئینجا بچینە سەر ماددەی دوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی راستە لەسەر پرۆژە ئەسڵیەکە موناقەشە دەکرێتن، ئینجا پێشنیاری لیژنەی یاسایی بۆ نەصە ئەسڵیەکە تەرح دەکەین، ئەگەر موافەقەتیان لەسەر کرد، ئێستا لەسەر ماددەی یەکەم (تخفيض مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء بنسبة 30٪ ثلاثين بالمائة من مدة العقوبة الاصلية الصادرة بحقهم وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية في دائرة الاصلاح الاجتماعي لاغراض الافراج الشرطي)، من پێشنیارێکم هەیە، یەکەم جار پرۆژەکە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە ئیمزا کراوەو وەکو پرۆژە بۆمان هاتووە، راپۆرتەکەش هەر خۆیان نووسیوویانە، یەعنی تەرەفی پرۆژەکەو تەرەفی راپۆرتەکە هەردووکیان یەکن، هیچ فەرقێکیان نییە، ئەگەرنا ئەو قسەی سۆزان خان راستە، بەس مادام هەردوو تەرەفەکە یەکن، پێشنیار دەکەم و دەخەمە دەنگدانەوە راپۆرتی لیژنەی یاسایی کە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە، بۆ ئەوەی لەو ئیشکالە رزگارمان بێت، ئەگەر موافیقن دەستتان بەرز بکەنەوە؟ زۆر سوپاس، کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، باشە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەبێتە ئەساسی موناقەشەکەو دوای وەرگرتنی مولاحەزاتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و مولاحەزاتی خۆتان، فەرموون بەردەوام بن لەسەر موناقەشە کردن، کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوو کە لیژنەی یاسایی کردیان بە ماددەی یەك، لەو ماددەیە لێرە لە ئەسڵەکە نووسراوە بە خاڵی هەشت، بەرتیل نەڕۆیشتووە، موناقەشە لەسەر ماددەی دوو دەکرێت کە بۆتە ماددەی یەك ئێستا بەرتیل شەرحی لەگەڵ نییە، ئەوە زۆر تەبعێکی قورسە، ئەوە یەك.

دووەم/ لێرە قەتلی عەمدی نەهاتووە لێرە، لەو ماددەیە قەتلی عەمدی نەهاتووە، حەقە قەتلی عەمدیش دیاری بکرێت، من تەئیدی ئەو راپۆرتە بکەم هی کاك سەردار نەتان هێشت بخوێنێتەوە لە لیژنەی ناوخۆ، چونکە ئێمە دوێنێ لەسەر ئەو نەصە موناقەشەمان کرد، مەجالتان نەدا کاك سەردار، ئێستا یەکەم بووە بە دووەم، بەرتیلیش حەقە شەرح بکرێت و قەتلی عەمدیش دیاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ئەو دە خاڵە ئیستیسنائەکەیە، کە نەهاتووە یەعنی قەتلی عەمدی دەگرێتەوە، یەعنی مەشمولە بە عەفو، کاك سەردار مولاحەزەیەکی هەیە، مادام راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەبێتە ئەساسی موناقەشە، رەئی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کە بووە ئەساس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم لە ئەسڵی مەشروعەکە کە بووە ماددەی یەك لەسەر پێشنیاری لیژنەی قانونی، لیژنە ئەم پێشنیارانە پێشکەش دەکات.

أ- لادانی بڕگەی دوو واتا (قتل الاجانب العاملين في الاقليم)، چونکە بڕگەی یەك (جرائم الارهاب) دەیگرێتەوە، بەپێی بڕگەی پێنج لە ماددەی دوو لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ب-لادانی بڕگەی (5) واتا (الجرائم الماسة بأمن الاقليم الداخلي والخارجي)، چونکە بڕگەی یەك دەیگرێتەوە، بەپێی پێناسەی تیرۆر، کە لە ماددەی یەکەم لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هاتووە.

ج- زیاد کردنی بڕگەیەك بە ژمارە (10) پاش لادانی دوو بڕگە بەم شێوەیە:

(بڕگەی (10- ئەو زیندانیانە ی کە هەڵوێستی خراپیان نواندووە لە زیندانەکانیان، بە عەرەبیەکەی (المحكومون ذوي السلوك السيء في السجون)، ئەمەش بۆ هاندانی زیندانیەکان کە هەڵوێستیان لە زیندانی چاك بکەن و هەوڵ بدەن زیندانی بە راستەقینە ببێتە چاکسازی بۆیان.

د- لیژنە پێشنیار دەکات ئەم ئیستیسنائانەی لە ماددەی دوو هاتووە بکرێتە ماددەی جوداو بە ژمارە (4) تاکو ئەم کەم کردنەوەی لە ماددەی یەك هاتووە ئەم تاوانە گەورانە نەگرێتەوە، واتا (جرائم الارهاب) و ئەوانە، هەتا لە 30٪ لە حوکمەکەیان کەمتر نەکرێتەوە چاکتر ماددەکان داڕێژرێنەوەو بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی دووەم: لێبوردن لە زیندانیان لەو کێشانەی ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکان ئەنجامدراوە لەبەردەم دادگا.

ماددەی سێیەم: لێبوردنی بەندیە مێردمنداڵەکان (نەوجەوانان) لەو ماوە بەندییەی ماویانە.

ماددەی چوارەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم تاوانانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

1- ئەوانەی بڕیاری نەهێشتنیان لەسەر دراوە.

2- تاوانەکانی تیرۆر.

3- کوشتنی هاوڕای دزی.

4- تاوانەکانی ماددە بێ هۆشکەرەکان.

5- ناپاکی و دزی لە سامانی هەرێم.

6- گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی پەیوەست بە ئابووری و ئاسایشی هەرێم.

7- تاوانەکانی بەرتیل.

8- سەرجێی بەزۆر.

9- نێربازی.

10- مێبازی لەگەڵ مەحرەمان.

11- ئەو زیندانیانەی کە هەڵوێستی خراپیان نواندووە لە زیندانەکانیان، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم باشە موناقەشەکە رابگرین، چونکە ئەو راپۆرتەی لیژنەی ناوخۆ راپۆرتێکی تازەیە و پرۆژەیەکی تازەیە، یەعنی بە حەقیقەت موناقەشەش ناکرێتن، لە ئێوەو سەرۆکایەتیش تێك دەچێت، پێشنیار دەکەم

لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی ماڤی مرۆڤ دانیشن، راپۆرتێكی موكەمەل یەكلا بكەنەوە، ئەگەر ئیختیلافیان هەبوو، خاڵی ئیختیلافەكە بێننە ئێرە، ئەگەر ئیختیلافیان نەبوو، ئەو وەختی هین دەكەین، پێتان باشە ئێوارە دانیشین، كاك سەعد ئەگەر بەیانی پرۆژەی وەزارەتمان نییە، دەیخەینە بەیانی، ئەگەر پرۆژەی وەزارەت هەیە دەیخەینە ئەمڕۆ.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەیانی كۆبوونەوەی مەجلیسی وزەرا هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ موافیقە بۆ ئەو تەئجیلە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ تەئجیل كرا، بەیانی سەعات (11)، بۆ ئەوەی ئەگەر لیژنەكان مەجالیان نەبێت، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**چوار شەممە رێکەوتی 4\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/4/4

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/4/4 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژماره (5)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی كە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق پێشنیاز كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق بە ژماره (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنیەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی مادده 20 لە پێڕەوی ناوەخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتی (11)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/4/4 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی كە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق پێشنیاز كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق بە ژماره (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ دەكەم بۆ دانیشتن لە شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەكان دەكەم، رۆشنبیرانی عەرەب و رۆژنامەنووسانی فەرەنساو كاك فەرهاد

عەونی سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسان، کە ئەمڕۆ سەردانی پەرلەمانیان کرد و لە هەندێك مەسەلەی گرنگ گفتوگۆمان لەگەڵیان کرد، بەتایبەتی لەسەر پرۆژەی رۆژنامەنووسی کە لە لایەن سەندیکاوە بۆمان هاتووە، ئێمەش رەوانەمان کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆ وەرگرتنی رایان کە زۆر پێیان خۆش بوو، کە پەرلەمانیش پشتگیری لە ئازادی رۆژنامەنووسان دەکات، ئێمەش پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین، ئومێد دەکەین لە چەند مانگی داهاتوودا بتوانین هەم پاش ئەوەی کە بۆمان دێتەوە لیژنەکان راپۆرتەکانیان ئامادە بکەن و بیخەینە ئەجندەی پەرلەمان و ببێتە یاسایەك لە دنیادا، پێم وایە تەقدیرێکی باش دەکرێتن، هەنگاوێکی گەورە دەبێتن کە نیشان بدات کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی دەڕوات، دوێنێ داوامان لە هەرسێ لیژنەکان کرد کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، دەستمان بە موناقەشە کردنی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی، جیاوازی هەبوو لەنێوان راپۆرتەکاندا، داوامان لە هەرسێ لیژنەکان کرد کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و راپۆرتەکانی خۆیان یەك بخەن، بۆ ئەوەی کاری موناقەشە کردنی و یەکلا کردنی و جیاوازی بیرو بۆچوونەکان کەم بێتەوە، داوا دەکەم ئاگادارمان بکەنەوە گەیشتنە چ ئەنجامێك بفەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دوێنێ هەرسێ لیژنەکان، لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری ناوخۆ بەپێی ماددەی (39) برگە شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان سازداو، لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا گەیشتنە صیغەی نیهائی بۆ پرۆژەی لێبوردنی گشتی، ئێستاش صیغەکە بە زمانی عەرەبی لە لایەن بەڕێز مامۆستا کاکە دەخوێندرێتەوە، داوای لێبوردن لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کە نەمانتوانی تەرجومەی بکەین لەبەر نەبوونی کات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئیتیفاقمان کرد بوو بە کوردی بخوێندرێتەوە، بەڵام لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ صیاغەکە بە عەرەبی نووسراوە فریا نەکەوتوون تەرجومەی کوردی بکەن، بەڵێ کاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ بڕیارماندا کە راپۆرتی لیژنەی یاسایی قسە لەسەر ئەو بکەین، دەبێت ئێستا شتەکە هەڵبوەشێتەوە تا قسە لەسەر ئەو راپۆرتە بکەن، کە لەو سێ لیژنەیە هاتووە، چونکە دوێنێ بە دەنگدان دەنگماندا بۆ ئەوەی راپۆرتەکە ببێتە ئەساس، ئەو راپۆرتەی دوێنێ لیژنەی یاسایی ئامادەی کرد بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حا هەر واشە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

استناداً لحكم المادة 6/39 من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق اجتمعت اللجان القانونية و الشؤون الداخلية و حقوق الانسان عصر هذا اليوم المصادف 2007/4/3 حول مشروع قانون العفو العام الذي تمت قراءته الأولى في البرلمان في 2007/3/27 و مناقشته في الجلسة المنعقدة في صباح يوم 2007/4/3 وبعد المناقشة وتبادل الأراء توصلت اللجان الثلاث الى الصيغة التالية للمشروع وكالآتي:

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالإعدام.

ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.

المادة الثانية: تخفض مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء في دوائر الأصلاح الأجتماعي في أقليم كوردستان بنسبة 30٪ من مدة العقوبة الأصلية الصادرة بحقهم وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية في دائرة الأصلاح الإجتماعي لأغراض الإفراج الشرطي

المادة الثالثة: توقف الأجراءات القانونية بشكل نهائي في مرحلتي التحقيق والمحاكمة في جميع الجرائم الواقعة قبل تاريخ صدور هذا القانون اذا تمت او تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء.

المادة الربعة: يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات.

المادة الخامسة: لا تسري احكام المادتين الأولى والثالثة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية:

1- الإرهاب.

2- قتل الأجانب العاملين في الاقليم.

3- القتل المقترن بالسرقة.

4- الأتجار بالمخدرات.

5- الجرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.

6- اختلاس أموال الأقليم.

7- التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.

8- تزوير وتزيف العملات.

9- الرشوة.

10- الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.

المادة السادسة: تعتبر المصالحة بين اطراف الدعوى الواردة في المادتين الاولى والثالثة متحققة اذا:

اولاً: كان المشتكى أو المدعى بالحق الشخصي قد تصالح وتنازل عن حقوقه الشخصية في نفس الدعوى التى صدر فيها الحكم.

ثانياً: او تنازل عن حقوقه الشخصية بعد  صدور الحكم امام القضاء، او خلال ستين يوما من تاريخ صدور هذا القانون، وتقرر المحكمة شمول المحكوم بالاعفاء واطلاق سراحه.

المادة السابعة: لا يستفيد من أحكام هذا القانون النزلاء والمودعون الذين أستفادوا من قرارات تخفيض العقوبة الصادرة بتواريخ سابقة على تاريخ صدور هذا القانون.

المادة الثامنة: يستفيد من أحكام هذا القانون المحكومون الذين صدرت بحقهم أحكام غيابية ويسلمون أنفسهم، أو يتم القاء القبض عليهم خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ صدور هذا القانون.

المادة التاسعة: إذا عاد المستفيد من الموقوفين والمحكومين من أحكام هذا القانون خلال (ثلاث سنوات) من تاريخ أطلاق سراحه الى أرتكاب جريمة وعوقب من أجلها من قبل المحكمة المختصة بالحبس مدة لا تقل عن (3) ثلاث سنوات، يلغى قرار الأعفاء، أو التخفيض وينفذ بحقه كامل العقوبة الساقطة عنه إذا كان الفعل الذى أرتكبه جناية ونصف مدة العقوبة إذا كانت الجريمة جنحة.

كما يلغى قرار إيقاف الإجراءات الذي تمتع به بموجب أحكام هذا القانون وتستأنف الإجراءات بحقه في القضية التى أوقف فيها.

المادة العاشرة: تشكل لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون لجنة برئاسة حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يتم تنسيبه من قبل وزير العدل وعضوية ممثلين عن كل من وزارات الداخلية والعمل والشؤون الإجتماعية وحقوق الأنسان وهيئة الاشراف العدلي ورئاسة الأدعاء العام لمتابعة تنفيذ أحكام هذا القانون، وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون و بانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.

المادة الحادية عشرة: للمتضرر من الجريمة المشمولة بأحكام هذا القانون حق المطالبة بالتعويض أمام المحاكم المدنية أن كان له مقتضى.

المادة الثانية عشرة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

بما أن الهدف الأساسى من العقوبة هو أصلاح الجانى وتقويم سلوكه ونظراً لأن المحكومين الذين يشملهم هذا العفو قد قضوا مدة معينة في مؤسسات الأصلاح الأجتماعي وبغية أعطاء الفرصة لأعادتهم الى المجتمع عن طريق  أطلاق سراحهم أو تخفيض مدة محكومياتهم وإيقاف الإجراءات القانونية لمن هم في مرحلة التحقيق والمحاكمة وبمناسبة توحيد البيت الكوردستانى والإدارة وأعياد نوروز وأذار وتقديراً لسلطات الأقليم لهذه المناسبة التاريخية ولبعث السرور في قلوب المتصالحين وذوي المحكومين والمودعين من الأحداث فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع و عرض اصل المشروع و الصيغة المشتركة للجان الثلاث بشأنه على المجلس للمناقشة وإبداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەستتان خۆش بێت، كە ئیشەكەتان ئاسان كردووە، ئێستا دەچینە سەر مادده بە مادده بۆ موناقەشە كردن، مادام ڕەئی هەرسێ لیژنەكان وەكو یەكە، كاك شێروان خاڵی نیزامە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی نوقتە نیزامەكەی كاك تارق دەكەم، لەبەر ئەوەی ئێمە دوێنێ دەنگماندا لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی قانونی موناقەشە بكەین، ئەوەی كە روویدا دوێنێ لیژنەكان كۆبوونەوەو پێشنیاری لیژنەكان وەرگیرا، بووە پێشنیار لەسەر ئەو پرۆژەیەی كە دەنگمان لەسەریدا، مەفروزە پرۆژەكە مادده بە مادده بخوێندرێت و پاشان پێشنیارەكان بە پشتگیری لیژنەی یاسایی گفتوگۆی لەسەر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمەش هەرواى لێدەكەین، مادده بە مادده دەخوێنینەوەو ڕەئی لیژنەكانیش لەسەر دەردرێت، ئینجا كەسێك ڕەئی هەبێت، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو بۆ ماددەی یەكەم كاك عەونی بخوێنەوە، فەرموو بزانین خاڵی نیزامیان هەیە.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ڕاپۆرتانەمان لە لا نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر ویستم ئەو خاڵەی دكتۆرە شوكریە باسی كرد بڵێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن دوێنی تەوزیع كراوە، نوسخەكەتان لە لایە، تەنیا صیاغەكە كەمێك گۆڕاوە، فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژەكە هەمان پرۆژەی دوێنێیە، كە دابەش كراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، جگە لە ئیزافە كردنی هەندێ فەقەرە لە ماددەی دەیەم، ئەویش بۆ جەنابتان دەخوێنمەوە تاكو ئیتیلاعی لەسەر بكەن.

المادة العاشرة: تشكل لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون لجنة برئاسة حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يتم تنسيبه من قبل وزير العدل وعضوية ممثلين عن كل من وزارات الداخلية والعمل والشؤون الإجتماعية وحقوق الأنسان وهيئة الاشراف العدلي ورئاسة الأدعاء العام لمتابعة تنفيذ أحكام هذا القانون، وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.

ئەو جوملەكانى ئەخیری ئیزافە كراوە، مەبەستیشمان ئەوەیە كە زیاتر مەوزوعی ئەو موقوفانە كە دێنە پێش پەرلەمان چارەسەر بكرێت و ئەو لیژنەیەش بەو كارە هەڵبستێت، زائیدەن ماددەی چواریش ئیزافە كراوە، ئەویش (المادة الربعة: يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات)، موخالەفات كێشەیەكی وای لەسەر نییە، ئەو كەسانەی بەو ماددانە حوكم دراون، یان موتەهەمن، ئەوانیش مەشمول بن بەو عەفووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وازیحە ئێستا، ماددە بە ماددە دەیخوێنینەوە، پاشان بە كوردی شەرحی دەكەین، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالإعدام.

ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تۆزێك دیقەت بكەن، چونكە ئەوەلەن كوردیەكە ئەوەیە كە ئەوانەی حوكم دراون، هەر قەزایەك بێتن موسالەحەشی لەسەر كراوە، بە تەنیا ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە حوكمی ئیعدام دراوە، ئەوانەی كە تەمەنیان لە هەژدە ساڵ كەمترە (الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث)، ئەوانیش عەفو بكرێن لە مودەی بەقیەكەیان، بەڵام لە بیرتان نەچێتن ئەوە شەرتیەتی تێدایە، ئەوە ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە لە ماددەی پێنج ئاماژەی پێ كردووە، یەعنی ئەو عەفووە ئەگەر سوڵحیشی تیا كرا بێت، كە لە ماددەی پێنج حاڵەتەكانی ئیرهابە، كوشتنی ئەجنەبییە، نەتیجەی دزی خەڵك كوشتنە، یەعنی ئەو ئیستیسنائەی تێدا هەیە، بۆیە عەفووە عامەكە موسالەحەی تیا كراوە، ئاشتبوونەوەی تیا كراوە، تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە كە لە ماددەی پێنج شمولیان ناكاتن، جا ئەوەی قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، وەكو گوتمان پرۆژەكە ئەساسەكەیە، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی موناقەشەی بكەینەوە، ئەوەش تەئكید دەكەینەوە كە لیژنەكان، لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی ماڤی مرۆڤ هەرسێكیان لەسەر ماددەی یەكەم خیلافیان نییە، بەو شێوەیەی كە ئێستا خوێندرایەوە، خاڵی نیزام سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا جۆرە تێكەڵ بوونێك دروست بووە، چونكە ئێمە دوێنێ راپۆرتی لیژنەی قانونیمان كردە ئەساس، ئێستاش با ئەوە لە پێشدا بخوێندرێتەوە، دوایی ئەو راپۆرتە موشتەرەكە بڵێ ئەوەش رەئی ئەوانە، واتا لیژنەكان ئەوەیان پێشنیار كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان لەگەڵ پێشنیاری جەنابت و كاك تارق ئەوەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆم لەو كۆبوونەوەیە حازر نەبووم بەڕاستی، كاك عەونیم تەخویل كرد لەجیاتی من حازر بێت لەو لیژنەیە، بەلاَم مەشروعەكە بە تەواوی گۆڕاوە بەڕاستی، ئەو پرۆژەی كە ئێمە دەنگمان لەسەردا ئەوە نییە، كە ئێستا هەیە، بەڕاستی گۆڕانكارییەكی تەواوی لەسەر كراوە، من تكا دەكەم و دیسان تەئكید دەكەمەوە پرۆژەی ئەسڵی بخرێتە موناقەشە، ئینجا پێشنیارەكە بێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكە بەجێیە، نوقتە نیزامەكەش بەجێیە، نوقتەی نیزام كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو كاك شێروان گوتی تێكەلاَوی دروست بووە، ئێستا ئەو مەشروعە كە دەستكاری تیا كراوەو هەرسێ لیژنە ئیتیفاقی لەسەر كردووە لە لامان نییە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو مەوزوعە تاخیر بكرێت، با مەوزوعی وەزارەتی وەرزش و لاوان باس بكەین، بۆ ئەوەی جارێكی تر یەك و نوسخەمان بدەنێ، تا دیراسەتی بكەین و لە پێشمان بێتن، ئێستا بۆمان دەخوێننەوە هیچی لێ تێناگەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزام نییە، ئەوە پێشنیارە، مولاحەزەكەی كاك شێروان و كاك تارق و سۆزان خانیش بەجێیە، لەبەر ئەوە بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پرۆژەكە، مادده بە مادده بیخوێننەوە، ئەو راپۆرتەی ئیعتبار دەكرێتن، راپۆرتی هەرسێ لیژنەكانە، بڵێن پێشنیاری لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ بەو شێوەیە، ئێنجا موناقەشەی دەكەین، ئێستا ئەسڵی پرۆژەكەتان لایە، ئەسڵی راپۆرتەكە مادده بە مادده بخوێننەوە، دوایێش رەئی هەرسێ لیژنەكان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی یەكەم لە لایەن بەڕێز مامۆستا كەریم بەحری دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی یەکەم: بە لێبوردنێکی گشتی ئەوانەی خوارەوە دەبەخشرێن:**

**یەکەم: بەندیکراوان لەو کێشانەی ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکان ئەنجام دراون، لەبەردەم دادگا بەدەر لە حوکم دراوان بە ئیعدام و حوکم دراوان لەو تاوانانەی خوارەوە:**

1- تیرۆر.

2- کوشتنی بێگانەکانی لە هەرێمدا کاردەکەن.

3- کوشتن هاوڕا لەگەڵ دزی.

4- بازرگانی بەمادده بێهۆشکەرەکان.

5- زیان بەخشی بە ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

6- ئیختیلاس و دزی لە سامانی هەرێم.

7- گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی کە پەیوەستن بە ئابووری و ئاسایشی هەرێم.

8- گزی و دەرکردنی پارەی قەڵب.

9- بەرتیل.

10- سێکسی بەزۆر و نێربازی و زینا لەگەڵ مەحرەمان.

**دووەم: نەوجەوانانی حوکمدراو لەهەرێمی کوردستاندا، بەمەرجێ حوکم نەدرابن لەسەر ئەو تاوانانەی لەبڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتوون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ تەوحید کراوە، با بفەرموون لەسەر ماددەی یەکەم.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:**

**أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالإعدام.**

**ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.**

**لێرە لە ماددەی پێنجەم لە راپۆرتی موشتەڕەك ماددەیەك تەحدید کراوە بەو شێوەیە (لا تسري احكام المادتين الأولى والثالثة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية):**

1- الإرهاب.

2- قتل الأجانب العاملين في الاقليم.

3- القتل المقترن بالسرقة.

4- الأتجار بالمخدرات.
5- الجرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.
6- اختلاس أموال الأقليم.
7- التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.
8- تزوير وتزيف العملات.
9- الرشوة.
10- الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.

مەبەستیشمان ئەوە بوو رێكى ماددەكان بێتن، تاكو ئیشارەت بكرێت لە بیدایەت چ حاڵەتێك مەشمولە بە موساڵەحە، مەشمولە بە عەفو، بەڵام بە مەرجێك لەو جەریمانە نەبێت، كە لە ماددەى پێنج جەریمەكان تەسبیت كراوە، ئەحداسیش عامەتەن مەشمولن بە عەفو، تەنیا (المشمولين بالجرائم المرتكبة بالمادة الخامسة)، ئیستیسنائەكە لەوێیە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

خۆى رەئى لیژنەى قانونى و ناوخۆ و مافى مرۆڤ لەسەر ئەو ماددەیە فەسلیان كردووە، ئەو تێكەڵاویەى كە هەیە لەماددەى یەكدا لە ئەسڵى پرۆژەكە بەشێوەیەكى تر صیاغەیان كردووە، واتا مادده یەكیان بزرى كردووە لە حوكمێكى عام، ئەویش ئەوەیە ئەوانەى كە مەحكومن و لەنێوانیاندا ئاشتبوونەوە كراوە، تەنیا ئەوانەى مەحكوم بە ئیعدام نەبێت، عەفو گشتیەكە بیانگرێتەوە، لە شوێنێكى تردا دەڵێتن ئەوانەى تر نایانگرێتەوە، لە ماددەى یەك بە پێشنیارى ئەوان هاتووە، واتا ئەو ماددەیە كە یەكەم و دووەمى تێدایە دابەش كراوەتە سەر سێ مادده، بەشێكى لێرەیە، بەشێكیشى لە ماددەى یەكە، بەشەكەى تریش لە ماددەى پێنج پێشنیاریان كردووە، كە ئەو عەفووە ئەوانەى خوارەوە ناگرێتەوە، كە لە ئەسڵى مەشروعەكە هاتووە، بۆیە مەبدەئەكە كە لە ماددەى یەكدا پێشنیار كراوە، پێشنیارى لیژنەى قانونییە، كە ماددەى یەك تەنیا بەو شێوەیە بێتن كە خوێندرایەوە، جارێكى تر دەیخوێنمەوە، بۆ ئەوەى موناقەشە لەسەر پێشنیارەكە بكەن، جارێ ئێوە وەكو مەبدەئى ئەو ماددەیەى كە بۆتە سێ ماددەو، ماددەى یەكەم كە بەم شێوەیە هاتووە موناقەشەى لەسەر دەكەین، بۆ ئەوەى دەنگى لەسەر بدەین، ماددەى یەكەم بە پێشنیارى هەرسێ لیژنەكان

(المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالإعدام. یەعنى ئەوە عەفوى عام دەیانگرێتەوە.

ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي)، وەكو مەبدەئى ئیستیسنائەكانى تر تێدایە دەیانگرێتەوە، ئەوە دەخەینە موناقەشە لەگەڵ مەسەلەى رەئیەكەیان، كە ماددەى یەكەم لە ئەسڵى مەشروعەكە ببێتە دوو سێ مادده، ئەوانەى كە داواى قسەیان كرد بوو، كاك شەوقى فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لە لیژنەی مافی مرۆڤ دوو پێشنیارمان هەبوو لەسەر ئەو ماددەیە، یەکێکیان ئەوەی بوو داوامان کرد بوو ئیعدامەکانیش تەخفیزێك بیانگرێتەوە، ئیعدام نەکرێن و بکرێنە سجنی موئەبەد، ئەوە پێشنیارێك بوو، دیارە لە لیژنەی قانونی وەرنەگیرا، ئێمە پێمان خۆش بوو بێنین لێرە باسی بکەین.

پێشنیاری دووەم/ بەنیسبەت ئەو تاوانانەی کە ئەحداس دەیکات، ئێمە پێمان خۆش بوو تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە ئەویش موسالەحەی تێدا بێت، چونکە پێمان وایە ئەگەر موسالەحەی تێدا نەبێتن موشکیلەکان قوول دەکاتەوەو چارەسەری کێشەکان ناکات، ئێمە پێمان باش بوو کە دوای ئەوەی موسالەحەی تیا دەکرێت، ئەوجا ئەو عەفووە بەو شێوەیە بیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم بەڕاستی مەسەلەی عەفوی عام حاڵەتێکی تایبەتە، یاسای پێویست نییە، حاڵەتی تایبەت دائیمەن بڕیاری بۆ دەردەچێت، یاسا ئیستیمراریەتی هەیە بۆ چەند ساڵ، یەعنی ئەمە ئێستا یاسا دەردەکەین بۆ حاڵەتێکی تایبەت، ئەوە حاڵە تایبەتە لە خیلالی مانگێك سەقفی زەمەنیشی بۆ دانراوە کە (60) رۆژە، عیلاجیشی دەکرێتن، کەواتە پێویستە بە بڕیار، نەك بە یاسا، لەبەر ئەوەی یاسا ئیستیمراریەتی هەیە، دەکرێت دە ساڵ تر، یان پازدە ساڵی تر ئیش بەو یاسایە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەقەرەی دەیەم لە ماددەی یەکەم تێبینیەکی بچووکم هەیە، کە دەڵێت تاوانی سێکسی بەزۆر و نێربازی و زینا لەگەڵ مەحرەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی یەکەم نییە، لەسەر پێشنیاری لیژنەی قانونی ماددەی یەکەم تەنیا ئەوە بێتن، ئەوەی جەنابت دەڵێی بۆتە ماددەی پێنجەم، کە هاتینە سەر ئەو ماددەیە قسەی بکە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم کاك بەڵێن باسی کرد، من تەئیدی ئەو ڕەئیەی دەکەم، خاڵی دووەم ئەوەیە ئەمە قانونە، وەکو برادەران باسیان کرد، ئەگەر هەر کەسێك ئەو قانونە بخوێنێتەوە، وا تەسەور دەکات کە ئەو قانونە دائیمییە، ئەگەر جێیەکی بۆ بکەنەوە ئیشارەتی بۆ بدەن، چونکە بۆ یەکەم جارە لە هیچ فەقەرەیەك و لە هیچ ماددەیەك نەهاتووە، کە ئەو قانونە بۆ یەك جارە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێکی گرتبێتەوەو داخیلی ئەوە بێت، وا تەسەور دەکات کە دائیمییە، جێیەکی بۆ بکەنەوە، کە ئەو قانونە بۆ یەك جارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو قانونە دەردەکەین بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و بەرژەوەندی کۆمەڵێك خەڵك، کە تێیدا سوودمەند دەبن، من حەز دەکەم دوو قسە بکەم، ئەگەر دوو لایەن سولحیان کرد بێت و کوشتن ڕوویدا بێت، یەعنی بکوژەکە بەپێی پێشنیاری ئێمە عەفو دەکرێت، ئێمە لە شەڕی ناوخۆدا دوو لایەن شەڕمان کرد، دە ساڵە ئاشتیمان کردووە، یازدە ساڵیشە زیاتر لە دەیان کەس بێ سەرو شوێنن، کەسوکاری ئەو بێ سەرو شوێنانە هەموو چاوەڕێی دەکەن، ئومێدێکی زۆریان بەو عەفوە هەیە، کە ئێستا لێرە دەردەچێتن، ئێمە نوێنەری خەڵکین، ئێستا ئاشتی هەیە، سەقامگیری هەیە، ئازادی را دەربڕین، هەموو جۆرێك هەیە، ئەوانەی کە بێ سەرو شوێنیشن هیچ تاوانێکیان نییە، مەبەستیشم نییە ئەو لایەن بێت، یان ئەو لایەنە، هەردوو لایەنەکە هیچ تاوانێکی نییە، تەنیا ئەوەیە ئەندامی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانن، یان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانن، ماون ئازاد بکرێن، پێویستە ئێمە لێرە جێیان بۆ بکەینەوەو هەوڵ بدەین، نەماون پێویستە چارەنووسیان دیاری بکرێتن، کەسوکاری ئەو گیراوانە ئەوە یازدە ساڵە لە چاوەڕوانی دانە، ئاشتی بوو، سەقامگیری بوو، هەموو شتێك بوو، لەبەر ئەوە ئەرکی ئێمەیە ئەمڕۆ پێ لەسەر ئەو مەسەلەیە دابگرین و، بیر لە چارەسەری ئەو بێ سەرو شوێنانە بکەین، لەگەڵ ڕێزمدا و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو مەوزوعە، مەوزوعێکی گرنگە، بەڵام ئەوە مەوزوعی بەحسمان نییە، ئەوە مەوزوعێکی گرنگەو موهیمەو ئێمە موهتەمین پێی، ڕەئی عامیش موهتەمە پێی، مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی موهتەمە پێی، بەڵام ئێمە موناقەشەی ئەم مەوزوعەمان نییە، لە زیمنی ئەو قسانەی تۆ ڕەنگە هەندێك هەبێتن لەو عەفووە گشتییە سوودی لێ وەربگرێتن، ئەویتریش دەبێت بە عەفوێکی خاص بە موناقەشەو موداوەلەو باس کردنی دیراسەت بکرێتن و مەوقیفی لێ وەربگیرێت، بەڵام لێرە لەو موناقەشەی ئێمە جێی نییە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف (جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو رەئیە دەكەم، كە ئەوانەی مەحكومن بە ئیعدام حوكمەكەیان تەخفیز بكرێت و لەگەڵ پشتگیریم بۆ رەئیەكەی كاك ئاریز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئیەكەت باشە، بەلاّم هی كاك ئاریز گوتمان جێی نییە، لەبەر ئەوە پشتگیریەكەت ئەویش لە جێی نییە، عەفوم بكە، دكتۆر دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقي شاويس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بیرو بۆچونەكەم گوترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش زۆر سوپاست دەكەم، ئینشائەڵلاّ نموونەت زۆر دەبێت، سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم/ من پێشنیاری ئەوە دەكەم و پشتگیریش لە پێشنیارەكەی مافی مرۆڤ دەكەم، كە ئەوانەی حوكمی ئیعدامن بەلایەنی كەمەوە ئەو حوكمە ئیعدامەیان لەسەر نەمێنێت و، ببێتە سجنی موئەبەد، ماعەدا لە دواییدا روونی دەكەینەوە كێن ئەوانەی كە ئیستیسنا دەكرێن.

دووەم/ من خاڵێكم هەیە، دەبێت لە ئێستاوە تەسبیت بكرێت، كە باسی موساڵەحە دەكرێت، ئێمە ئەمڕۆ لە كوردستاندا كێشەیەكی زۆر گەورەمان هەیە، كە كێشەی ژن كوشتنە لە ژێر ناوی شەرەف، لە دواییدا دێن موساڵەحە دەكەن پارە دەدەن، كچ دەدەن بە شوو، ژن بۆ كوڕ دەهێنن، موساڵەحەی خۆیان دەكەن، حوكمەكەش لەو حاڵەتەدا، ئەگەر نەخرێتە ناو بەندەكانی تردا، ئەوە ئەم عەفوە دەیگرێتەوە، لەو حاڵەتەدا باس نەكراوە، چونكە موساڵەحە بۆ ئەو حاڵەتانەش دەكرێت، كوشتوویەتی و حوكم دراوە، ئێستاش بەو عەفوەی ئێمە دەردەچێت، هیوادارم بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە هاتینە سەر ماددەی پێنج وەكو پێشنیارەكەی كاك شێخەڵلاّ، چونكە ئەوە جێی ماددەی پێنجە، لە ماددەی پێنج ئیزافە كردنی وەكو سزاكان باسی دەكەین، كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر بۆ پشتگیری رەئی لیژنەی مافی مرۆڤ، كە خۆشم ئەندامم تیایدا، سەبارەت بە حوكمی ئیعدام، ئێمە لەو پەرلەمانە تەبعەن بڕیارماندا حوكمی ئیعدام بگەڕێتەوەو كاری پێ بكرێت، لێرەش كە داوا دەكەین

**حوكمی ئیعدامەکانیش تەخفیف بکرێت بۆ سجنی موئەبەد، ئەمە هیچ تەئسیری لەو بڕیارەی رابردوومان ناکات، چونکە عەفو ناکرێت، لەوانەیە سجنی موئەبەدەکە زۆر زۆر ناخۆشتر بێت لە حوکمی ئیعدامەکە، بەڵام عەفوەکە هیچ مانای نامێنێت، ئەگەر هاتوو حوکمی ئیعدامەکان نەگرێتەوە بە تەخفیز، بە بیریشمان دێت لە زەمانی دیکتاتۆری رابردوو عەفوەکانی ئەو ئیعدامیشی دەگرتەوە یەکسەر دەچووە ماڵێ، ئێمە ناڵێین بچێتەوە ماڵێ، ئێمە دەڵێین بیست ساڵی تر بمێنێتەوە لە سجن، بۆ ئەوەی عەفوەکە مانای خۆی هەبێت.**

**بەنیسبەت ئەحداسەکان، منداڵێکی دە ساڵ و، یازدە ساڵ و، دوازدە ساڵ لەو بارودۆخەی لە کۆمەڵگاماندا هەیە ئینحیراف دەکاتن، دزی دەکات، لیواتە دەکات، شتێك دەکات، دوایێ سوڵح دەکاتن لەگەڵ تەرەفی موقابیل جێی خۆیەتی بە چاوی بەزەیی تەماشای بکرێت و، هیچ ئیستیسنایەکی تێدا نەبێتن، جگە لە موساڵەحە، تەنانەت ئەو ئیستیسنائانەی کە باسیش کراون ئیرهاب و قەتل و سەریقەو موخەدەرات و ئەوانە، ئەوانیش نەیگرێتەوە، تەنها قەیدی موساڵەحەی بۆ دابنرێت، چونکە حەدەسە، موعرەزە بۆ غەڵەت، پێویستی بە رەحم و چاوپۆشی هەیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ڤیان خان فەرموو.**

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش پشتگیری لیژنەی ماڤێ مرۆڤ دەکەم، بەس بە یەك شتە کە ئەو حوکمەی ئیعدام لێرە بکرێتەوە بە سجنی موئەبەد، بەڵام ئەوەی تاوانی تیرۆری لێرە لێ دەربهێنن، واتا لێرە ئیستیسنائەکە هەر بمێنێتەوە، یەعنی بەیانی، یان دوو بەیانی تاوانی تیرۆری کرد بێت و ئەو حوکمەکەی لە ئیعدام ببێتە سجنی موئەبەد، ئەوەی لێ ئیستیسنا بکەین، ئەوانی تر ببنە سجنی موئەبەد، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عوسمان فەرموو.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من بۆ ئەوەم نییە لە ئەهمیەتی لێبوردنەکە کەم بکەمەوە، دەستخۆشی لەو مەجموعە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە دەکەم، کە ئەنجامی ئەو پرۆژەی لێبوردنی گشتیان بە ئەنجام گەیاند، بەڕاستی کارێکی باش بوو، لەبەر ئەوەی یەکەمین جارە لە ئیدارەو پەرلەمانی کوردی عەفوێکی گشتی دەربچێت، بەڵام من بە ئیجماع هەندێ قسەم لەسەر عەفوەکە هەیە، ئەوەیە عەفوەکە باشتر وایە زیاتر خەڵکی بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی تاکە عەفوە، ئیدارەی کوردی لە ماوەی پازدە ساڵی رابردوو یەك عەفو بدات، بیر بکرێتەوە زۆرترین خەڵك بگرێتەوە، پشتگیر رەئی کاك بەڵێنیش دەکەم، بەڕاستی عەفو ناکرێت خاڵ بە خاڵی بە یاسا جێگیر بکرێت،**

چونکە عەفو کاتێکی دیاری کراوەو لە مەرحەلەیەکی موحەددە سەقفێکی زەمنی بۆ دادەنرێت و کۆتایی پێ دێت، ئەوەندە چڕی بکەینەوە لە یاسا، کەواتە عەفوەکە کەس ناگرێتەوە، بۆیە من پشتگیری دەکەم ئەوەندە چڕی نەکرێتەوە بە یاسا.

خاڵی دووەمم/ ئەوەیە نازانم مەسەلەی سوڵح زۆر مەسەلەن وەکو دەڵێی بۆتە ئەساس لە عەفوەکە، کەسێك ئەگەر سوڵحی مەسەلەن ئەگەر هەژار بێت، کەسوکارەکەی نەتوانێت سوڵحەکەی بۆ بکەن، کەواتە عەفوەکە شمولی ناکات، ئەوە کارێکی زۆر باش نییە، حەقە مەسەلەی سوڵح ئەوەی تا ئێستا کراوە نازانم پاشان وەکو دەڵێ ئەسەری رەجعی نەمێنێت، ئەوەی دەوڵەمەندن دەتوانن لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا سوڵحی بکەن، ئەوەی هەژارە ناتوانێت سوڵح بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم مەسەلەی سوڵح نەبێتە ئەساس لەو لێبوردنە گشتییە.

خاڵێکی تر ئەوەیە فیعلەن ئەوانەی بە هەر ناو و بە هەر هۆیەك گیراون، کە چەندین ساڵە، هی وا هەیە شەش مانگە، یان ساڵێکە، یان دوو ساڵە، یان پێنج ساڵە، باسی هەشت ساڵیش دەکەن خەڵك گیراوە بە هەر ناوێك، بەڕاستی حەقە لێرە مەسیریان دیاری بکرێت، ئەوەی تیرۆرە با بێن لەسەر جادە هەڵیانواسن و ئیعدامیان بکەن، بۆ ئەوەی ببنە عیبرەت بۆ خەڵکی تر، ئەوەی شوبهەیە و ئەوەیە، ئەوانیش عیلاجێکیان بۆ بکرێت و عەفوەکە تۆزێکیان بگرێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان لەبەر ئەوەی برا تورکمان و مەسیحیەکانیش لێرەنە، چاکی دەکەمەوە ئیدارەی کوردی نییە، بەڵکو ئیدارەی کوردستانە، دووەمیش/ ئێمە کە عەفوی عام دەربکەین، عەفوی گشتی وەکو دەسەڵاتە، بەڵام ناتوانین لە عەفوی خەڵك خاص دەربکەین، چونکە ئێمە دەسەڵاتمان نییە، چونکە خەڵك دەعوای خاصی هەیە، خەڵکی لێ کوژراوە، ناتوانین لەو حەقەش هینی بکەین، لەبەر ئەوە موساڵەحەکە زەروریەتی تێدا بێت، ئەوە حەقی شەخسی خۆیەتی، تۆ دێیت وەکو دەسەڵات، وەکو قانون لەو عەفوە، عەفوی دەکەیت، ئەی حەقە خاصەکە، بۆیە ئەگەر ئەو قەیدەی تێدا نەبێت، واتا موساڵەحەی تیا نەبێت، ناتوانێت تەوافوق بکات، ئەو حەقە نییە، حەقی مودەعیەکە دەبێت تێدا بێت زۆر زەروریشە، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە باسی لێبوردن دەکرێت، یەعنی باسی ئەو کەسانەی کە تاوان و جەریمەیان کردووە، بەڵام ئەگەر کەسێك تاوانی نەبێت پێویستی بە لێبوردن نییە، پرسیار ئەوەیە (المحكومون في جرائم الارهاب) ئەوە پەرلەمان قانونێکی تایبەتی دەرکردووە بۆ مەسەلەی ئیرهاب، مەسەلەی ئیرهاب وازیحەو خەڵك بەر چاو رۆشنە، بەڵام کە باسی لە جەریمەی (الماسة بامن الاقليم الداخلي والخارجي) دەکات، ئەو تاوانانەی کە دژ بە ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم دەکرێت، پرسیارم لە لیژنەی قانونی ئەوەیە قانونێك هەیە زەوابتی

دانابێت، ئەو شتانە چین کە دژی ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمە، بۆ ئەوەی تەئویلە و شتێکی تر هەڵنەگرێت، کە دوایی بەپێی ئەو تەئویلە خەڵکێك ئەو عەفو عامە نایانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەدەفی موشەریع لەهەر قانونێك، لە تەشریعێك، کە دادەنێت، بۆ ئەوەیە کە زۆرترین کەسی ناو کۆمەڵ سوودی لێ وەربگرێت، ئەگەر سوودی لێ وەرنەگرێت بە تەنیا مورەکەب لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە، ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی ترەوە، لێرە ئەم مەشروعە بە قانونی عەفوی عام هاتووە، کە ناوی قانونی عەفوی عام و مانای وایە قانونێکەو ئیستیمراریەتی خۆی وەردەگرێت، من پێم وایە برادەران باسێکیان لەسەر کرد، سەقفێکی زەمەنی لەسەر دابنرێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئیجرائاتی یاسای عەفوەکە بهێنرێت.

بەنیسبەت ئیستیسنای مەحکومین بە ئیعدام، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو مەشروعەکە بۆ ماددەی چوار کە لە دوو بڕگە باسی لەسەر کردووە، دەڵێت موسالەحە لە فەقەرە یەك و فەقەرەی سێ واریدە، ئەگەر مودەعی بە حەقی شەخسیەکان تەنازولیان لە حەقەکانی خۆیان کرد، ئیتلاق سەراح دەکرێت فەورەن، لێرە مەحکومەکان بە عام و شاملتر هاتووە، یەعنی هەموو مەحکومەکان، کەواتە (بما فیهم) ئەوانەش کە عقوبەکانیان ئیعدامە، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات ئەم ئیستیسنای ئیعدامە لێرە بمێنێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بێین بە ئیستیسنائەکانی تر باسی بکەین، ئەوە لە جەریمە خەتەرەکان باسی لەسەر کراوە، جا یان دەبێت ئیعدامەکە لێرە هەڵبگرێت، یاخود ماددەی چوار هێناویەتی بە عام، دەڵێت مەحکومین ئەگەر مودەعی بە حەق شەخسی نەیوتووە لەسەر چ جەریمەیەك، دەڵێت مەحکوم، مەحکومەکە جائیزە قەتلێکی عەمدی 406 کرد بێت، سولحی تیا کرا بێت، تەنازولی تیا کرا بێت، ئیتلاق سەراح دەبێت بەم فەقەرەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو مەحکومین بە ئیعدام مەشمول بێت بە شەرتی موسالەحە لە عەفوەکە.

بەنیسبەت ئەحداسیشەوە، من پێم وایە کاك زانا باسێکی لەسەر کرد و لیژنەی مافی مرۆڤیش باسێکیان لەسەر کرد، ئەو ئەحداسانە با لە ئیستیسنائەکان بێنە دەرێ، هەروەکو قەرارەکانی تر، کە چەندەها قەراری تر لە سەرۆکایەتی هەرێم، لە هەر دوو ئیدارە دەرچووە، کاتی خۆی باس لەوە دەکات (عما تبقى من) اعفایان بکەن لە مودەی موتەبەقا لە مەحکومیەکان، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵ و ئەوانە منداڵن، ئەوانە مانەوەیان لە سجن پێ دەچێت ، نەك ئیسلاح ببن، بەڵکو بەرەو خراپتر بڕۆن، با بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی کەسوکاری خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر (المحكومين بالاعدام) هەیە، لەبەر ئەوەی موتلەقە، ئێمە دوێنێ دوو بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەمان هەڵوەشاندەوە، ئەگەر بەم پێیە بێت زۆر کەس هەیە بەو بڕیارانە حوکمی ئیعدامیان بەسەر دراوە، کە وایە لێرە ئەوان ناگرێتەوە، ئینجا ئەگەر بێینەوە برگەکانی تریش، لێرە دیسان باس لە دزی دەکات، لێرەش هەم نایگرێتەوە، بۆیە ئەو ئامانجەی کە ئێمە دوێنێ هەمانبوو، ئەو بڕیارەمان بە ناڕەوا زانی، لە کاتێکی غەیری ئیعتیادی دەرچووە، ئەم عەفوە ئەو کەسانە سوودی لێ نابینن، پێویستە ئاماژەیەك بەوە بدرێت ئەو کەسانەی کە حوکمی ئیعدام دراون بەپێی ئەو دوو بڕیارەی سەرەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش عەفوەکە بیانگرێتەوە.

مولاحەزەی دووەمم/ سەبارەت بە ئەحداس (المحكومون في اقليم كوردستان)، لێرە (مالم يكون المحكومون عن الجرائم المبينة في الفقرة الاولى من هذه المادة)، مانای وایە ئێمە بۆ خۆمان دەزانین نەوجەوان کەسێکی ناقیص ئەهلیەیە، کە ناقیص ئەهلیە بوو هەر جەریمەیەك لەو جەریمانەی کردووە، کە لێرە قەیدی لەسەر داناوە، دەڵێت دەبێت حوکم نەبێت بەو تاوانانەی کە لێرە ئیشارەی پێ دراوە، کە وایە نەوجەوانێك ئیستیفادە لەمە ناکات لە ئەنجامی ئەوەی کە عەقڵی ناتەواوە، رەنگە جەریمەی موخەدەراتی پێ کرا بێت، رەنگە جەریمەیەکی تری پێ کرا بێت، بۆ ئەوەی ئێمە بمانەوێت گەنجێك بگەڕێنینەوە ناو کۆمەڵ، تاکو ببێتە ئینسانێکی تەبیعی، پێویستە ئەم پاشکۆیە (مالم يكون) ئەمە لا ببەین، ئەگەر ئەمەی لا نەبەین خۆ (المحكومين)ی سەرەوە کافیە، (المحكومين) منداڵیش دەگرێتەوەو گەورەش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من لەو ماددەیە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هيوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا منیش هاودەنگی ئەو بەڕێزانەم، یەکەم جار پێویستە مەبەستی ئێمە دیار بێت لەم یاسایەی کە دەریدەکەین، بۆچی ئێمە هەڵدەستین بەم کارە؟

دووەم/ واتای عەفو شتێکی مەوەقەتە، کاتییە، کە یاسایەك دەردەکەیت عەفوێکی بەردەوام، من وا دەبینم هیچ مانایەك ناگەیەنێت.

سێیەم/ عەفو بۆ کەسێکی تاوانبارە، لەم یاسایە ئەوەندە ئیستیسنائات کراوە، بێ هیواییەك بۆ توێژێکی زۆر دروست دەکەین لە سجنەکاندا، کە گۆڕانکاری ناکەن.
چوارەم/ من پێشنیارێکم هەیە، ئەم عەفوە پەرلەمان بیداتە دەست جیهەیەك، لە کاتێکی دیاری کراودا بیدات، ساڵانە جارێك، دوو ساڵ جارێك ئەم عەفوە بدرێت، نەك ببێت بە یاسایەك و بەردەوام بێت، ئەم نیسبەیەش کە دیاری کراوە لە 30٪ زۆر مانایەکی تەواو نادات بە قەناعەتی من، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم عەفوە کە دەدرێت بەشێکی زۆر لە زیندانیەکان بگرێتەوە، چونکە هەمیشە ئەوە گوتراوە ئینسان عەفوی لەبەرامبەر تاوانێك پێویستە.
خاڵێکی تر، بەڕاستی دەبێت ئێمە ئاگامان لێ بێت لە چواردە ساڵی رابردوودا، لە ماوەی رابردوودا کۆمەڵێك خەڵك حوکم دراوە، ئیجحاف بەرامبەری کراوە، ئا لەم کاتەدا خۆزگە دەخوازین بیکەینە خاڵێکی وەرچەرخان، پەرلەمانی کوردستان، یان سەلاحیەتی بدەین بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان عەفوێکی گشتی دەربکات، تاکو رێژەیەکی زۆر لە زیندانیان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاوڕاو پشتگیری لە لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم، کە خۆشم ئەندامم لە لیژنەکە، بەڕاستی ناکرێت نەوجەوانان تاکو ئەو تەمەنەی لە خوارووی هەژدە ساڵەوەن لێرە بەدەر بکرێن، رەگەزێك، یان چینێك لەم یاسایە ئاماژەی پێ نەدراوە، ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە کوردستاندا جیاوازی بیرو رای سیاسی هەیە، هەندێك خەڵك هەیە بەند کراون لەو روانگەشەوە هیچ جۆرە ئاماژەیەکی پێ نەدراوە لەم یاسایەدا، بۆیە دەکرێت ئەم یاسایە زۆر لایەنی ژیانی خەڵك بگرێتەوەو، ئەوەشمان هەیە ئێمە لە هەلومەرجێکی نالەباردا، یان لەبەرامبەر کۆمەڵێك تاوانی تیرۆردا جارێکی تر یاسای لە سێدارەدان هاتەوە ناو یاساکانی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش پێشینەیەکی کورتە لە دەسەڵاتداری کوردیدا، ئەمەی گەڕاندۆتەوە، بۆیە بە هەموو جۆرێك لەگەڵ ئەو رایانەم، کە پشتگیری لەوە دەکەین ئەوانەی بەم تاوانە فەرمانی لە سێدارەدانیان هەیە بە بەر رەحمەتی ئەم لێبوردنە بکەون، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە سێدارەدانی بکرێت بە سجنی هەتاهەتایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە نەتیجەی موناقەشەو ئەوانە وشەیەك کە زۆربەتان قسەتان لەسەر کرد بوو، خاڵی نیزامە کاك عەبدولڕەحمان جەنابت داوای قسەت کرد بوو، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەی یەکەمم بۆچوونی من وایە و، تێگەیشتنشم بۆ ئەندامانی پەرلەمان وایە، کە ئەم پرس و پرۆژەی عەفوە بە بەرنامەیەکی فراوانتر ئێمە لێی تێگەیشتووین پێشتر، کە باسی لێوە کرا، تەنانەت سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش، تەنانەت لیژنە پەیوەندیدارەکانیش ئیشیان لەسەر کردو، چاوەڕوانی ئێمەش کە میدیاکان وایان باس کرد، کە ئەم پرۆژەیە فراوان بێت، ئێستا باسی سوڵح دەکات، سوڵحەکەش نازانین چی دەگرێتەوە، ئایا سوڵحە بۆ قەتلێکی عەمد؟ ئایا سوڵحە بۆچی؟ پاشان هەندێك جانبی تریش هەیە بۆ عەفو، کە وەك بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد، نە ئیرهابە، نە شتی تریشە، کابرا بە موزاهەرەیەك گیراوە، بە راپۆرتێکی هەڵە گیراوە، شەش مانگ بەرەو ژوورە، مەحاکمە نەکراوە، بۆچی ئەمانەی تیا نییە، مەسەلەن ئەم پرۆژەیە، پێشنیارەکانیش بە هەند وەربگیرێن باشە، مولاحەزەیەکی تریشم بۆ فەقەرەکانی تر ناو نووسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت لە مەوزوعەکە دەرچوویت، ئێمە ماددەی یەك موناقەشە دەکەین، جەنابت قانونەکە هەموو موناقەشە دەکەیت، هەندێکیشتان زۆر نوقاتان گوت لە ماددەی دوو هاتووە، لە ماددەی پێنج هاتووە، ناکرێتن، دوایی لەوێ دووبارەی دەکەنەوە، بەڕاستی کاتەکەمان زۆر بەلاش دەڕواتن، تکام وایە لە ماددەکە دەرمەچن، ئەوە یەك.

مولاحەزەی دووەمم/ ئێمە موناقەشەی پرۆژەیەك دەکەین، پرۆژەکە تایبەتە، دەمێکە لەناو میدیاکان باسی دەکرێتن، ئێمە عیلاقەمان نییە رۆژنامەیەك مانشێتێك دەنووسێتن، یەکێك تەسریحێك دەدات خارجی ئەوانەی کە موختەسن تەسریحی لەسەر بدەن، وەزارەتی دادە، پەرلەمانە، ئەوانە کە قسە دەکەن قەیدی ناکات، بەڵام یەکێك بە کەیفی خۆی مانشێتێك دەنووسێتن، مەسئوولیەتی ئێمە نییە، دووەمینش/ ئەو لێبوردنە گشتییە لەبەر رۆشنایی دیراسەتێك کراوە، ئەم دیراسەتە دەقیق بووە، ئەندامانی لیژنەی یاسایی و خەڵکی تر، پسپۆری تر بەراورد کراوەو رەئی وەزارەتی داد وەرگیراوە لەسەری، رەئی ئەکسەریەتی خەڵکی حاکم و ئەندامانی مەحکەمەی تەمیز وەرگیراوە، یەعنی لەبەر ئەوەی دیراسەتێکی زۆر دەقیق کراوەو چ ئیمکان هەیە دەکرێتن، ئەگەرنا هەریەك لە ئێوەو هەر یەك لە ئێمە رەنگە لەخەیاڵیدا نەوعێك عەفوەکە ببینێت، ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لە خەیاڵیەتی، ناکرێتن هەر یەکێك لە ئێمە بێتن، ئێستا مومکنیە من یەکێك دەناسم لە خەیاڵمدا بێتن بیر بکەمەوە ئەوانە شمولیان ناکاتن، صیغەیەك پەیدا بکەم بۆ ئەوەی شمولیان بکاتن، بەو شێوەیە موناقەشەی ناکەین بەڕاستی، ئەوەی دوو مولاحەزەی گرنگ درا بە حەقیقەت زیاتر لە چوار، پێنج، شەش ئەندامیش تەئکیدیان لەسەر کردەوە، بۆیە منیش داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم بە هەندی وەربگرن، یەکێکیان ئەوەیە ئیستیسنائەکەی مەحکومە بە ئیعدام صیغەکە ئەگەر فەقەرەیەك ئیزافە بکەین، بڵێین فەقەرەیەك لە ماددەی یەکەم (تخفيض عقوبة المحكومين بالاعدام في

القضايا التي تتم المصالحة، او تمت المصالحة عليها بين اطرافها امام القضاء الى الحكم المؤبد)، ئەوانە عەفو دەكرێن لەبەر ڕۆشنایی موداخەلەو داوای ئێوە، ئەو فەقەرەیە ئەگەر عقوبەی ئیعدامەكە تێدا بێت، چونكە بەڕاستی هەندێك حاڵەت هەیە صاحێبی حەقی شەخسی قەت ئیمكان نییە، قەبول ناكاتن، تەنازول ناكاتن، ئێمەش ناتوانین دەستكاری بكەین، پێش ماوەیەك دوو گەنج هاتنە لام، كچێك و كوڕێك هاتنە لام گوتیان قاتلی باوكمان و خوشكمان حوكمی ئیعدام دراوە، داوا دەكەین تەنفیز بكرێتن، ماڵی هەموو كوردستانیشمان لەسەر تاپۆ بكاتن نامانەوێتن، چونكە لەسەر قەزایەی شەرەفێك بووە، هیچ مانای نەبووە، هەم باوكمی كوشتووەو براكەمی كوشتووە، هەم كچەكەش خۆی كوشتووە، لەبەر ئەوەی قەزایەی وا ئەگەر خاوەنەكەی تەنازول نەكاتن، دوایێ بێتە دەرێ دەیكوژن، بێجگە لەوەی ئێمە حەقمان نییە حەقی شەخسی خەڵك ئەوە بكەین، بێتە دەرێ مانای وایە تۆ ئەسبابی جەریمەت هێنایە دەرێ، ئەو صیغەیە باشە لەبەر ڕۆشنایی موداخەلەی ئێوە.

خاڵێكی تر كە ئاماژەتان پێ كرد خۆی بەدیهییە، ئەو قانونە حەتمەن مودەی هەیە، خۆ هەتا دنیایێ نییە، خەڵكێك سبەینێ تاوانێك بكاتن بڵێ عەفوێك هەیە دەمگرێتەوە، دەبێت صیغەیەك ئیزافە بكرێتن لیژنەی قانونی ئینتیباهی بكەن بڵێن ئەو قانونە ئەو كەسانە شمول دەكات پێش صدوری ئەو قانونە، ئەو جەریمانە كرا بن، یەعنی ئەو قانونە ئەمڕۆ ئیصدار كراوەو لێرە ئیقرار كرا سبەینێ یەكێك تاوانێ بكاتن نایگرێتەوە، فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (153) لە قانونی عقوباتی عێراقی باسی عقوبەی عەفوی عام دەكات، كە چۆن دەردێت و بە چ شێوەیەك بۆ جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمان دەخوێنمەوە:

المادة 153 على واحد: العفو العام يصدر بقانون ويترتب عليه انقضاء الدعوى ومحو حكم الادانة الذي يكون قد صدر فيها وسقوط جميع العقوبات الاصلية والتبعية والتكميلية والتدابير الاحترازية ولا يكون له اثر على ماسبق تنفيذه من العقوبات مالم ينص قانون العفو على ذلك) مانای وایە یەكەم دەبێت قانونی عەفو بە قانون دەربێت، نەك بە قەرار وەكو هەندێك برادەران دەڵێن، كە ئیشارەتیان پێدا.

دوو/ قانونی عەفوی عام قانونێكی وەقتیە، مەبەدەئێكی عالەمییە، هەر عەفو عامێك دەربچێت بە بەردەوامی نابێت.

سێیەم/ ئێمە لە دوو ماددە ئیشارەتمان پێداوە، یەكەم لە ماددەی شەشەم لە ئاخیر پرۆژە لە راپۆرت نووسراوە ئیشارەتمان پێداوە لە ماوەی (60) رۆژ دەبێت هەر كەسێك ئەگەر نیازی پێكهاتن هەیە، پێكهاتنەكە تەسبیت بكرێت هەتا مەشمول بكرێت بەو عەفوە، بێجگە لەوەش لەماددەی دەیەم هەر گوتمان ئەو لیژنەیەی كە تەشكیل كراوە بە تەنسیبی وەزیر عەدل ئیشەكانی خۆی تەواو دەكاتن لەماوەی نۆوەت

ڕۆژ، واتا ئەو دوو ماددەیە بە تەئكید تەسبیتی ئەوەی دەكات كە ئەو قانونە قانونێكی وەقتییە ئیستیمراریەتی نییە، بە تەواو بوونی مودەكە قانونەكە مەفعولی نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو روون كردنەوەیە باشە، بەڵام كاك عەونی ئەو صیغەیە، ئەو فەقەرەیە بنووسرێت باشترەو تەئكیدە ئاخیر ماددە بڵێ ئەو كەسانە شمول دەكات كە لە كاتی ئیصداری ئەو قانونە مەحكوم بووە، ئەو صیغەیە بنووسرێتن، تەئكیدە بۆ قانونی پێشوو، كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی مولاحەزەی یەكەم كاك عەونی وەڵامی دایەوە، مولاحەزەی دووەم/ تەخفیزی عقوبەی ئیعدام بۆ سجنی موئەبەد ئەوە لە زیمنی عەفوی خاصە لە دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێمە، بەڵام جائیزیشە داخیلی ئێرە بكرێت، بەڵام هەر حاڵەتێكی ئیعدامیش بەڕاستی قابیلی تەخفیز نییە، ئەگەر بە عام دەربچێتن، ئەوە تەنها ویستم بۆ ئێوەی بەڕێز روون بكەمەوە، رەنگە هەندێك حوكم دراون بە ئیعدام قابیلی تەخفیز بن، بەڵام هەندێكیان قابیلی تەخفیز نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابت خۆت رەئیسی لیژنەی قانونی، بەڵام هەندێك شت قابیلی تەخفیز نییە، ئەوە ئیشارەتمان پێ كردووە، یەكەم شت موساڵەحەی تیا نەكراوە، دووەم شت لە ماددەی پێنجدا ئەو هەمووانە موستەسنان نایانگرێتەوە، دە حاڵەتی موستەسنین بە حەقیقەت بە تەئكید وایە، بەڵام موستەسنایە، ئەمە لە ماددەی پێنج نووسراوە، دەڵێت هەموو ئەو تەخفیزە ئەو عقوبەیە ئەو كەسانەی خوارەوە ناگرێتەوە، ئەوەی جەریمەی تیرۆریستی كردووە، ئەوەی جەریمەی قەتلی ئەجانبی كردووە، ئەوەی دزی كردووە كوشتنی تێدا هەبووە، ئەوەی موخەدەراتە، ئەوەی كە هاتینە سەری باسی دەكەین، پێم باشە كاك عەونی ماددەی یەكەم بیكەنە (اولاً وثانياً وثالثاً)، (ثالثاً: تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام في القضاية التي تتم المصالحة عليها بين اطرافها امام القضاء الى الحكم المؤبد)، تەبعەن دائیمەن تەئكید دەكەمەوە كە ئیستیسنائەكەتان لە بیر بێت، وەنەبێت خەڵك وا تەسەور بكاتن لە ماددەی تردا دەڵێن ئەوانە موستەسنین، ئەگەر بخوێنیەوە بۆ ئەوەی ماددەكە (تخفض عقوبة المحكومين بالاعدام في القضايا التي تتم المصالحة عليها بين اطرافها امام القضاء الى الحكم المؤبد)، ئێستا ماددەكە بووە سێ خاڵ، تكایە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

اولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها امام القضاء.

ثانياً: تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها الى السجن المؤبد.

ثالثاً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دووەمینیان، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان كرد، كە ئەوەش موسالّحەی تێدا بێت، ئینجا عەفوەكە بیانگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخیر زۆریان داوایان كرد عقوبەی ئیعدامەكە ببێتە سجنی موئەبەد، پێشنیارێك هەیە، پێشنیارەكەش تەكنیكی، فەنییە، ئەو تەخفیزی عقوبەیە لە ئیعدام بۆ سجنی موئەبەد ببێتە ماددەی دوو، ئینجا لەبەر ئەوەی ماددەی یەك وەكو خۆی هەیە، بیخوێنەوە، ئینجا كە ماددەی دووش موناقەشەی لەسەر كراوە ئەویش دەخوێنینەوە یەكە یەكە دەنگدانی لەسەر دەكەین، تكایە ماددەی یەك بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

اولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها امام القضاء.

ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، تكایە ماددەی دووەم بخوێنەوە بەو مولاحەزەی تازە دایان، ئەو فەقەرەیە ئیزافە بكرێتن، ئەسڵی ماددەكە بخوێنەوە، یان هەر تەكمیلەی ماددەی یەكەمە، ئێستا بخوێنەوە، یەعنی ماددەی یەك لە ئەسڵی پرۆژەكە خوێندرایەوە، تەقسیم كرا بوو بەو شێوەیەی خوارەوە، ماددەی یەك خوێندرایەوە، دیسان پێشنیاری لیژنەی قانونی و ناوخۆ و مافی مرۆڤ بۆ تەكمیلەی ماددەی یەكی ئەسڵی، ئەو ماددەی دوو بخوێنەوە، ئەسڵەكەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة ثانية: تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها امام القضاء الى السجن المؤبد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەشیان پێشنیاری خۆتانە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەم ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی سێیەم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەى دووەم لە ئەسڵى پرۆژەكە.

ماددەى دووەم: ماوەى سزاى ئەو بەندكراوانەى لە فەرمانگەى چاكسازى كۆمەڵايەتى دان لە هەرێمى كوردستان كەم دەكرێتەوە بەڕێژەى 30٪ لەو سزا سەرەكيەى بەسەرياندا سەپێنراوەو، ماوە كەمكراوەكە وەك ئەو ماوەيە دەژمێردرێت كە لە فەرمانگەى چاكسازى بەسەريان بردووە، بۆ ئامانجى ئازادكردنى مەرجدار. ئەو بەندكراوانەى لەسەر تاوانەكانى كە لە ماددەى يەكەمدا هاتوون بەدەر دەكرێن لە حوكمەكانى ئەم كەمكردنەوەيە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كەس قسەيەكى هەيە لەسەر ئەو ماددەيە، كاك عەونى شەرحێكى بكە، تێ نەگەيشتين.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەو ماددەيە باسى ئەوە دەكات، كە مودەى مەحكوميەت هى هەر كەسانێك لە سجن كەم دەبێتەوە لە (30٪) لەو ماوەيەى كە حوكميان لەسەر دەرچووەو، ئەو ماوەيەى كە مەشمولە بەو قەرارەى عەفوە كە كەم دەبێتەوە ئيعتيبار دەكرێت بە مودەى موخەفەزە بۆ ئەغرازى تەتبيقى قانونى ئەحكامى ئيفراجى شەرتى لەسەرى، واتا ئيستيفادە لە دوو حاڵەت دەكات، يەك لە كەم كردنەوەى مودەكە، دووەمين لە قانونى ئيفراجى شەرتى.

ماددەى 331 لە قانونى ئوسول موحاكەماتى جەزائى سەبارەت بە ئيفراجى شەرتى دەڵێت (يجوز الافراج افراجاً شرطياً وفق احكام هذا القانون عن المحكوم عليه بعقوبة اصلية سالبة للحرية اذا امضى ثلاثة ارباع مدتها، او ثلثيها اذا كان حدثاً وتبين للمحكمة انه استقام سيرة وحسنت سلوكه على ان لا تقل المدة التي امضاها عن ستة اشهر، واذا كانت العقوبات الصادرة بالتعاقب فتحسب المدة على اساس مجموعها مهما بلغ ولو تجاوزت الحد الاعلى لما ينفذ منها قانوناً وتحسب من مدة العقوبة التي نفذت مدة التوقيف الجاري عن نفس الدعوى التي صدرت فيها العقوبة واذا سقطت جزء من العقوبة بالعفو الخاص، او العام فتعتبر المدة المتبقية منها بمثابة العقوبة نفسها).

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

سۆزان خان نوقتەى نيزامى هەيە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

كاك كەريم بەحرى كە خوێنديەوە، ئێمە مادام راپۆرتى ليژنەى ياساييمان كردووە بە ئەساسى موناقەشە كردن، ئەم بەندەى كە ئێستا ئەو خوێنديەوە بە ماددە دووى خوێندەوە، هەر چەند سەير دەكەم لە هيچ كوێيەكى ئەم راپۆرتەدا نييە، بەڵام لە ئەسڵى مەشروعەكە ماددەى يەكە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خۆی سەعاتێکە موناقەشە دەکەین بووە بە پێشنیار دەنگمان بۆ داوە، پێشنیاری خۆتانە، لە نەتیجەی موناقەشە صیاغەمان کرد، ئەوەش تەسەلسولی وای لێ هاتووە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، فەرموو کاک کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی مەشروعەکە راستە بەو شێوەیەی سۆزان خان وتی، بەلاّم ئێمە دوێنێ راپۆرتی لیژنەی یاساییمان کرد بە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، بۆیە ئێستا ئێمە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەخوێنینەوە، لە لای هەمووتان هەیە راپۆرتی لیژنەی یاسایی، ئەسڵی مەشروعەکە نا، راپۆرتی لیژنەی یاسایی بۆتە ئەساس بۆ موناقەشە کردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئیشکالەکە لە کێیە بە حەقیقەت با من پێت بڵێم، ئیشکالەکە لەوەیە دوێنێ ئەو سێ لیژنەیەی کە کۆبوونەوە مەشروعێکی تریان دارشتووە، غەیری ئەو مەشروعەی کە ئێمە موناقەشەی لەسەر دەکەین، رەقەمی ماددەکان گۆڕاوە، رەقمی فەقەرەکان گۆڕاوە، ئێستا مشەوەشیەکە لەوەیە، رەنگە ئەوەی یاساناس بێت زوو مەسەلەکە حەسم بکات، بەلاّم ئەوانی تر بە قەناعەتی من هەموو ئەندامانی پەرلەمان حەقیانە ئیلتیباسەکە لەوێیە، ئێستا ئەوان بە دوو مەشروع دەخوێننەوە، مەشروعی یەکەم دەبینن ماددەی یەکەم فلان ماددەیە، بەلاّم کە تەماشای مەشروعی دووەم دەکەن جێگۆڕ کراوە ئەو مەشروعە ناگرێتەوە، ناتوانێت رەئی خۆی لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت سۆزان خان کە دەڵێت کام ماددەیە، ماددەکە ژمارەی ماددە دووە (تخفض مدة عقوبة المحكوم بها)، لە ئەسڵی پرۆژەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەفوەن ئەو نوسخەی لە لای من هەیە ئەوە نییە، داوای لێبوردن دەکەم نوقتەکەم زۆر بێ نیزامی بوو با ئیعتیراف بکەم، ئەو مەشروعەی لە لای من هەیە ئەو ماددەی دووەمی تیا نییە، کە هاتووە ماددە شەش و حەوتی تیایە، لەبەر ئەوە من داوای لێبوردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی نوێی لیژنەکەتان نەخوێندەوە، کە دوێنێ قسەمان لەسەر کرد، ڕەئیە نوێیەکەتان نەخوێندەوە، ئەوەی کاك کەریم خوێندیەوە لێرە تەصدیق کرا بوو، بۆیە ڕەئیە نوێیەکە نەخوێندرایەوە، تکایە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوێنێ کە ئەو خیلافە بوو سەبەبی تەئجیلەکە بوو، خۆتان دەنگتاندا کە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی یاسایی کە دوێنێ خوێندرایەوە ببێتە پرۆژە ئەسڵەکە، یەعنی ئەوەی ئەسڵی تەقدیم کرا بوو بەناوی چەند ئەندامێك، ئەوەنا، ڕاپۆرتەکەی دوێنێ بووە ئەساس، دواتر ڕەئی سێ لیژنەکان ڕەئی موناقەشەیە، یەعنی پێشنیاری تازەیە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی کە دوێنێ بووە ئەسڵی مەشروعەکە، فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەفروزە هەر قانونێك موناقەشە دەکرێت، دەبێت لەبەردەمی ئەندامان هەبێت، بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەمە شتێکی مەسیرییە، چارەنووسسازە، ئەگەر دەست هەڵبڕم بۆ شتێك هیچی لێی حاڵی نەبم گوناهێکی گەورەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم من سێ جۆرم لەبەر دەستم دایە، کە کاك شێروان و کاك تاریقیش هاوکارن فریا ناکەوین تاکو بزانین کامیان حەقیقەتەکەیە، ساڵانمان خەیاندووە، ڕۆژانیش بخایەنین، ئێستا یاسای وەرزش و لاوان ئامادەیە و موناقەشەی ئەو بکەین، ئەمەشیان تاخیر بکەین بۆ هەفتەی داهاتوو، بۆ ئەوەی مافی حەقیقی بدەینێ لە ڕووی زمانەوانییەوە بە کوردی و بە عەرەبیش ئامادە بکرێت، دوا پێشنیار چیە بخرێتە بەردەم ئەندامان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە مەرفوزە، لەبەر ئەوەی زۆر موناقەشەمان لەسەر کردووە، هەموو جار هەر تەئجیل بکرێت و بڕۆین هەمان پرۆژەیە، هەندێك ئەندام حەقیانە تێی ناگات، ئەوە مانای ئەوە نییە تەئجیلی بکەین بۆ هەفتەیەکی تر، هەفتەیەکی تر دوو کەس هەڵدەستێتەوە بە هەمان شێوە لێمان دەشێوێنێتەوە، ئێمە

خۆمان تاخیر بووینە، پرۆژەیەکی زۆریشمان لە پێشە، چوار ئەندام، پێنج ئەندام فریای ناکەوێتن، ئەوە ناتوانین، پرۆژەی دوێنێ قەرارتان لەسەردا، راپۆرتی لیژنەی یاسایی بوو بە ئەساسی پرۆژەکە، تەقریری ئەو سێ لیژنەیە ئەمرۆ تەقریری لیژنەی یاساییە، یەعنی ئەوەی دوێنێ خوێندتانەوە بووە ئەسڵی مەشروعەکە، ئەوەی دەخوێندرێتەوە رەئی لیژنەکەی تازەیە، کە هەرسێ لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و مافی مرۆڤ پێشنیاری تازەیەو موناقەشە دەکرێتن، ئێستا ئەو ماددەیە بخوێنەوە بۆ ئەوەی دەرگای موناقەشە بکەینەوە، ئەوەی دوێنێ بخوێنەوە لە لیژنەکەتان، خوێندراوە، باشە موقتەرەحی تازەتان چییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم بوو بە ماددەی سێیەم.

المادة الثالثة: تخفض مدة عقوبة المحكوم بها للنزلاء في دوائر الأصلاح الأجتماعي في أقليم كوردستان بنسبة 30٪ من مدة العقوبة الأصلية الصادرة بحقهم والتي لم تتم فيها المصالحة بين اطرافها امام القضاء وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية في دائرة الأصلاح الإجتماعي لأغراض الإفراج الشرطي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردیەکە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ماوەی سزای ئەو بەندکراوانەی لە فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتیدان لە هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە بەڕێژەی 30٪ لەو سزا سەرەکیەی بەسەریاندا سەپێنراوەو، ماوە کەمکراوەکە وەك ئەو ماوەیە دەژمێردرێت کە لە فەرمانگەی چاکسازی بەسەریان بردووە، بۆ ئامانجی ئازادکردنی مەرجدار. بە مەرجێك ئاشتەوایی لەنێوانیاندا بێت لەبەردەم دادگادا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەوانەی کە دەنگمان لەسەردا عەفو بکرێن بە مەرجێك ئاشتبوونەوەی تیا بێت، ئەوەی ئاشتبوونەوەی نەکرێت پێشنیارەکەی ئێوە لە (30٪) کەم بێتەوە بە ئیستیسنای ئەو جەریمانەی کە لەماددەی پێنجدا هاتووە، دواتر بۆ ئەوەی لێمان تێك نەچێتن، پێم وایە رۆتینە موناقەشە زۆر هەڵناگرێت، ئەگەر هاوکاریمان بکەن، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەپێی ئەو پێشنیارانەی ئێمە زۆر کەس ئەو لێبوردنی گشتییە دەیگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی حوکمی هەتاهەتایی دران ئەوانە ناگرێتەوە، من لێرە پێشنیار دەکەم ئەوە بکرێت بە دوو بەند، بەندێك زیاد بکرێت ئەوانەی حوکمی هەتاهەتاییان هەیە بۆیان بکرێت بە بیست ساڵ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، ئەو حاڵەتانە، حاڵەتێکی موحەددەد هەیە بەدەر لە قەوانینی عێراقی لە زەمانی بریمەر هەندێك کەس مەحکوم کراوە، ئەوە دەبێت بە پرۆژەیەکی خاص ئەو حاڵەتانەی چارەسەر بکرێت، نەك لێرە، لیژنەی قانونی و ئەوانە شارەزان لەو مەوزوعەدا پرۆژەیەك حازر بکەن و چارەسەری ئەوە بکەن، ئەگەر لە زیمنی ئێرە داخیلی بکەن ئالۆزی دەکات و تێکەڵ و پێکەڵیشی تێدا پەیدا دەبێتن، ئەو حاڵەتە تایبەتە باشترە بە پرۆژەیەکی خاص موعالەجە بکرێتن، کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیا من ئەڤ کەمکردنا شامل بت چ ئیستیسنای تێدا نەبێت، هەمیان بگرێت باشترە، ئەوێ قاتل یەکێ بکوژت دێ ئەڤرۆکە دەچیتە ماڵێ خۆ، یەدی بەس ئیستیفادە نەهێتە خوارێ دەه دیناری دزیە، ئەوی دیکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم ئەو لە (30٪)یە جارێکی تر شەرحی دەکەم دوو شت، یەکێکیان ئەوانەی کە موساڵەحەیان نەکردووە، دەیانگرێتەوە، هەمان ئەو مەحکومانەی کە موساڵەحەیان نەکردووە یەك دەیانگرێتەوە، ئەوانەی ئەو تاوانانەی خوارەوەیان نەکردووە دەیانگرێتەوە، کە لە ماددەی پێنج هاتووە کە لە یەك و دوو و هەتا دە پێشنیاری لیژنەیە، لەبەر ئەوە زۆر وازیحە، عەفو عامەکە ئەوەی موساڵەحەی دەکەن شەرح کرا دەنگمان بۆدا، ئەوەی موساڵەحە ناکەن لە (30٪) تەخفیز بکرێت، یەعنی زۆر شتێکی وازیحە، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم کەمێکیش باس کرا، ئەوانەی لە ئیعدامەوە حوکمەکەیان بۆتە سجنی ئەبەدی، ئەوە پرسیارەکەمە ئەو لە (30٪)یە شمولیان دەکات لە تەخفیفی حوکمەکەیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باوەڕ ناکەم، شمولیان ناکات وا نییە کاك عەونی، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ویستم عەرزی جەنابتان بکەم کاك ئارێز باسی لەسەر کردو کاك عەونیش تەلیحێکیدا، چونکە لێرە فەراغێکی قانونی لەسەر ئەو کەسانەی حوکمی هەتاهەتاییە، ئەوە دیارە بڕیارتان لەسەر ئەوەیە کە بە مەشروعێکی تر بێتن، چونکە پێویستە ئەوانیش سوود لەو عەفوە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وابزانم موناقەشە تەواو، کاك مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باسی ئیفراجی شەرتی هاتووە، ئیفراجی شەرتی ئەو کەسانە ناگرێتەوە، کە موشەڕیعی عێراقی باسی دەکاتن، لە ئوسولی مەحاکماتی عەسکەری، ئەوانەی کە لەسەر جلکی عەسکەرییینە، چ پێشمەرگە بێت، یان سەر بە جلکێکی عەسکەری بێت، ئەو ئیفراجی شەرتی نایانگرێتەوە، دوایێ لە دائیرەی چاکسازی ئەو نەوعە چاکسازیە ئیسلاَحیە لێرە نییە، تاکو قانونی ئیفراجی شەرتی بەسەردا تەتبیق بکەیت، کە موتابەعەی سجنەکان بکرێت، ئایا ئەخلاقی چاك بووە، یان چاك نەبووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانە حاڵەتێکی وجودی هەیە ئێستا لە هەموو مەحاکمەکان، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم بووە بە ماددەی چوارەم.

ماددەی چوارەم: ڕێکارە یاساییەکان بەشێوەیەکی گشتی رادەگیرێن، لە قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن لە گشت ئەوتاوانانەی روویان داوە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە، ئەگەر ئاشتەوایی کرابێت، یان بکرێت، لە نێوان لایەنەکانی لەبەردەم دادگا، جگە لەو تاوانانەی بەدەر کراون لەحوکمەکانی ئەم یاساییەو کە لە ماددەی یەکەمدا هاتوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی خۆی ئەو ماددەیە من پێم وایە زیادە، تۆ عەفو دەردەهێنی لەسەر ئەو کەسانەی کە حوکم دراون، باشە بۆ باسی مەوقوف دەکەیت، ئیجرائات بۆ رابگیرێت، من مەترسیەکەم لەوە دابوو ماددەی پێنجەم لە ئەسڵدا ئیستیسنائەکان ئەوە نەکاتن، کاك عەونی دەڵێت لە هەموو قەوانینی عەفوی عام بەو صیغەیە هاتووە، شەرحی کرد با بۆ ئێوەش شەرحی بکات، فەرموو کاك عەونی پێشنیاری سێ لیژنەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: توقف الأجراءات القانونية بشكل نهائي في مرحلتي التحقيق والمحاكمة في جميع الجرائم الواقعة قبل تاريخ صدور هذا القانون اذا تمت او تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء.

بۆ زیاتر تەوزیح کردن، تەبعەن کێشە هەیە لەوانەیە ئێستا لە مەرکزی شورتە، یان لە محکەمەیە، یان لە پێش حاکم تەحقیقە، یان لە موحاکەمەیە، بەلاَم قەراری مەحکەمەی لەسەر دەرنەچووە، ئەوانە ئیجرائاتی قانونیان لەسەر رادەگیرێت، حوکم دەرنەچووە ناتوانین بلێین مەشمولن بە عەفو، لەبەر ئەوە ئەو عیبارەتە بەکار دێت، چونکە عیبارەتێکی قانونی دەقیقە، (تقف الاجراءات)، لەبەر ئەوەی مەحکوم نینە، موتەهەمن، مەعلوم نییە عەجەبە ئیفراج دەکرێن، ئیدانە دەکرێن، ئەو قەزایانەش مەشمولن بە شەرتێك موسالەحەی لەگەلدا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور قسەی هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموري:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەلّ بوونی ئەو ماددەیە نیمە لەو یاسایە، لەبەر ئەوەی کەسێك دزی کردووە، کەسێك پیاوی لێ کوشتووی، یەعنی یەکسەر تۆ هەموو شتێك رابگریت، راستە ئەگەر موسالەحە کرا بێت، بەس تۆ هەموو شتێك رادەگریت، یەعنی تەحقیق رادەگریت، مەحکەمەی رادەگریت، مەشمولی دەکەیت بەوە، هەیە سێ سالّ پێش ئێستاکە شەخسیشی لێ کوشتووە، تازە دەگیرێتن، هەیە سالێك پێش ئێستا دزییەکی لێ کردووی، ئێستا دەگیرێتن، یەعنی بەڕاستی ئەوە رەوای حەق نییە، ئەگەر بکرێتن ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتن، من پێشنیاری ئیلغا بوونی ئەو ماددەیە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بیدایەتەوە خۆشم رەئیم وابوو، بەلاَم لیژنەی قانونی کە ئەو تەوزیحەیان دا، بەتایبەتی لەوەی کە ماددەی پێنج، یەعنی ئەو ماددانەی پێشتر ئەوەی کە ئێستا خوێندیەوە، ئەو قەزایانەی خوارەوە ناگرێتەوە (ئیرهاب، قەتلی ئەجنەبی، سەریقە، موخەدەرات....) نایانگرێتەوە، کەواتە ئەوانەی خەتەرن لەسەر کۆمەلّگا نایانگرێتەوە کە هاتووە، بێجگە لەوەش کە پێشنیارێکی تر هەیە ئیزافەی بکەن، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدري:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەکە زۆر مەنتیقی و زۆر سەلیمە بە قەناعەتی من، لەبەر ئەوەی ئێمە مەحکوممان عەفو کردووە بەو ئیستیسنائاتەی کە هاتووە تەبیعییە، مەوقوفیش عەفو بکەین بە دوو شەرت، یەك/ موستەسنا بێتن، دووش/ موسالەحەی تیا بێت، ئەوانە زۆر تەبعییەو زۆر ئیعتیادییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دوو شەرتە وازیحە لەبیری نەکەین زۆر شتەکان رێك و پێك هاتووە، بەلاَم کە هاتینە سەر ماددەی پێنج دەبێت هینەکەی بگۆڕین، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەلّ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەلّدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر، هەر

له زیمنی ئەوە دوێنێ تێدا نەبووە، بەڵام ماددەیەکی تر پێشنیارە لە لایەن هەرسێ لیژنەوە خراوەتە ئێرە، ئەو پێشنیارە تازەیە کە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا نییە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە لە لای منیش روون بۆوە، کە پێشتر لە لام روون نەبوو، ئەو موخالەفاتە کێ دەگرێتەوەو چەندە مەحکومیەتیان، بەپێی قانون ئەو جەریمەی پێی دەڵێن موخالەفە ئەوەی لە بیست و چوار سەعات دەست پێ دەکات تا سێ مانگ، غەرامەکەشی لە سی دینار و ئەمانە، یەعنی شتێکی بەسیتە و هیچ نییە، من وامزانی رەنگە موخالەفاتی قانون چوار ساڵ و ئەوانە بێتن، بۆیە ئەگەر سێ مانگ بێتن تەحصیل حاصلەو شتێکی تەبیعیە، لە قانوندا شەرحی کردووە موخالەفات حوکمەکەی، بۆیە شتێکی تەبیعیە، ئەگەر موناقەشەتان نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، بەڵێ عەفو عام بگرێتەوە لەبەر ئەوەی موخالەفاتەکان ئەوەلەن حوکمەکەی لە سێ مانگ زیاتر نییە، خاتوو ڤیان دەنگی بۆ مەدە چی تێدایە، ئەو ماددەیە (يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات)، جەریمەی موخالەفات حوکمەکەی، غەرامەکەی چەند دینارێکە و حوکمەکەشی سێ مانگە، بەپێی ئەوەی تێگەیشتم لە برادەران حەددی ئەقصای سێ مانگە وایە کاک شێروان، کاک شێخەڵلا نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە حوکمی سێ مانگ بە بەر عەفوی بکەوێت، من پێم وایە عەفوەکەی زۆر سووک دەکاتن، واتا لە قیمەتی عەفوەکە کەم دەکاتەوە، کەسێك سێ مانگ حوکم بدرێت و عەفوی عامی بۆ دەربچێت پێم وایە لە جێی خۆی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە حەقیقەتدا وجهەی نەزەرە، بەڵام وجهەی نەزەرێك هەیە دەڵێت تۆ عەفوت دەرکردووە، هەیە سێ مانگ حوکم دراوە، دە رۆژە گیراوە دەڵێت من سێ مانگ حوکم دراون ئەو عەفوە نامگرێتەوە، یەکی تریش قەتلی کردووەو موساڵەحە هەی لە پێش چاوی دەردەچێت و ئەویش زەق زەق تەماشای دەکات و هیچی پێ ناکرێت، بۆیە ئەوە وجهەی نەزەرە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە پێشنیاری لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ، کە ئەو ماددەیەیان ئیزافە کردووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة: لا تسري احكام المادتين الأولى والثالثة والرابعة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية:**

**1- الإرهاب.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ليژنەی قانونی كەوتينە موناقەشە، ئەو ماددەيەی كە دەڵێت ئەو ماددانەی سەرەوە حوكمەكە نايانگرێتەوە، ئێمە پێمان وايە هەموو ئەوانەی لەسەرەوە دەنگمان بۆدا، ئەو جەريمانەی لە خوارەوە هاتوون نايانگرێتەوە، چ عەفوەكە، چ عقوبەی ئيعدامەكە بۆ موئەبەد، چ لە (30٪)يەكە، ئەوانە نەيانگرێتەوە، يەعنی لە (30٪)يەكەش، ئەگەر يەكێك ئيرهابی كردبێت نەيگرێتەوە، ليژنەی قانونيش موفتەنيعە بەوە، بۆيە پێشنيارەكە بخوێنەوە، دەتوانی بڵێين واباشترە (لاتسري احكام هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية) بە موتەلەقی، ئەوە باشترە، ئينجا حاڵەتەكان بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة: لا تسري احكام هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية:**

**1- الإرهاب.**

**2- قتل الأجانب العاملين في الاقليم.**

**3- القتل المقترن بالسرقة.**

**4- الأتجار بالمخدرات.**

**5- الجرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.**

**6- اختلاس أموال الأقليم.**

**7- التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.**

**8- تزوير وتزيف العملات.**

**9- الرشوة.**

**10- الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە كاك عەونی بيكە بە (اولاً وثانياً) لە جياتی يەك و دوو، مام خورشيد نوقتەی نيزامت زۆرە فەرموو.

**بەڕێز خورشيد سليم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە مەوزوعی ئەحداس هاتە گۆڕێ داوامان كرد لە زيمنی عەفوەكە بێت گوێتان نەدايێ، بەڵام چەند تەئكيد دەكەمەوە لە خوشك و برايان و جەنابيشت، مەسەلەی ئەحداس عومری شازد ساڵە، يان حەڤدە ساڵەی

ئەگەر سوڵح نەكرێت ئەوە بۆ تاریخیش دەڵێم كارەساتی لێ دروست دەبێت، بۆیە ماددەیەك لێرە ئیزافە بكرێت كە ئەحداس عەفو بیگرێتەوە ئەوانەی كە سوڵح دەكرێن، لێرە ماددەیەك ئیزافە بكرێت، چونكە كارەساتی لێ دروست دەبێت، چونكە كابرایەك تەمەنی شازدەساڵە، یان حەڤدە ساڵە قانون نایگرێتەوە، بەڵام سبەی دەكوژرێت لە جادەی، بۆ ئەوەی هەژدە ساڵە دەیگرێتەوە، بۆ ئەوی ناگرێتەوە كە تەمەنی حەڤدە ساڵە، ئەمە خراپە، مادام وایە ئەوانەش لە ماددەیەك جێی بۆ بكەنەوە، كاریسەی لێ دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە تەواو بوو كاك خورشید جێی نابێتەوە لێرە، چونكە ئەحداس بەردەوامن و جەریمەی بەردەوام دەكەن، ناكرێتن ئێمە بە تەوەقوعات هین بكەین، ئەو دە حاڵەتە ئیستیسنا كراوە زۆر بە دیقەتیش ئیستیسنا كراوە، ئەو جەریمانە هەمووی جەریمەی خەتەرن لەسەر كۆمەڵگا، لەسەر ئەمنی هەرێم، لەسەر هاووڵاتی، خەتەرن لەسەر ئیقتیصادی وڵاتەكە، لەسەر پرنسیپی ئەخلاقی، كە هەموو خەڵك دەگرێتەوە، بۆیە ئیستیسنا كراون و ئەو جەریمانەی كە ئاماژەیان پێ نەكراوە، پێشتر هەندێك قسە كرا لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەگەرچی نەهاتبووینە سەر ماددەكە، سۆزان خان ئەوەی ئیقتیراح كرد جەرائیمی شەرەفیش بگرێتەوە، برادەرێك وابزانم كاك عەبدولڕەحمان بوو گوتی ئەمنی داخیلی و خارجی چیە، كێی تر دەیەوێت قسەی بكاتن ناوی بنووسم، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك/ پشتیوانی لە پێشنیارەكەی سۆزان خان دەكەم، دوو/ پێم وایە لە ئیستیسنائات تەنیا خاڵی یەكەم بمێنێت، دووەم بمێنێت، پێنجەم بمێنێت، دەیەم بمێنێت، ئەوانی تر ئەوەندە ئیستیسنا نەكرێن، چونكە لەسەر ئیختیلاسی ئەموالی دەوڵەت ئەو هەموو كەسە بگیرێن، بەڕاستی ڕەنگە سجنەكانی كوردستان بەشی چارەكی ئەو هەموو خەڵكە نەكات، خەڵك هەیە زۆر ئیختیلاس دەكاتن و ناگیرێتن، كەمێكیش گیراون ڕەنگە ئەوانیش مەبەستم ئەوە نییە ئەو نوقتەیە، بەڵام بەشێكی زیاتریش ئەو خەڵكە شمول بكاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من ئیستیغراب دەكەم لە پێشنیارت كاك ئارێز، ئێمە باسی شەڕی گەندەڵی دەكەین و قانون دەردەهێنین بۆ ئەو كەسانەی موتەهەمن بە گەندەڵی و ئیختیلاسی كردووەو تەزویری كردووە، ئەوە گەندەڵییە، دوایێ ئەوە حەقی عامە مومتەلەكاتی حوكمەتە، تەوزیری عوملات، چۆن تەخریبی ئیقتیصادە، یەعنی لەگەڵ تەسریحات و بۆچوونی تۆ زۆر تەناقوزە ئەوە، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە تاوانی بازرگانی مادده بێهۆشكەرەكان ئەوانەی حوكم دراون، بەلاَم هەندێ كەس بە تاوانی ماددەی بێهۆشكەر حوكم دراوە، بەلاَم بازرگانی پێ نەكردووە، بەشێوەی تر بەكاری هێناوە، ئەوانە چارەنووسیان چیە، بۆ دیاری نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عقوبەی تاجير بەپێی قانون ئيعدامە ئەوەی تێیدەگەم، بەلاَم ئەوەی تيجارەتی پێ نەكردووە كەمترە وا نييە، لێرە دەڵێت ئيستيسنائەكە بۆ ئەو كەسانەيە كە تيجارەتی موخەدەراتيان كردووە، نەك تەعاتيەكە، تەعاتيەكەش شمولی دەكات، لە (30٪)يەكە شمولی دەكات، كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ هەرسێ ليژنە دانيشتووين، بەڕاستی موتەفيق بووين لەسەر ئەوە هەمووومان، تەنها خاڵێك هەبوو لەوێ، بۆيە من لێرە باسی دەكەم، ئيزافە بكرێتە سەر ئەو ئيستيسنائاتانەی كە شمولی نەكاتن ئەو مەحكومانەی لە زروفی وەك ئەمڕۆدا كە ئافرەتێك دەكوژن لە پەنای شەرەف و غەسلی عار، بەڕاستی حەق نييە شمولی بكاتن، ئێمە كۆمەڵگايەكی سەرەتايين دەمانەوێت بينای دەوڵەتێكی ديموكراتی بكەين، نيزامێكی ديموكراتی نوێ بكەين، دەمانەوێت دەوڵەتێكی قانونی بێت، غەسلی عار دەعم كردنی بەم تەريقەيە، لە كاتێكدا زۆربەمان دەزانين ئەوەی لە پەنای ئەمە دەگيرێت، بەڕاستی كەم دەگيرێت و لە پەنايەكی تر چارەسەر دەكرێت باشترە ئەم ئيستيسنائەش ئەمە بگرێتەوەو دەرنەچێت لێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەلاَم تكايە لەو مەوزوعە تەنيا بڵێ پشتگيری لە رەئيەكەی سۆزان خان دەكەم، يان لەمەودوا بڵێن پشتگيری لە رەئيەكەی سۆزان خان و كاك دلێر دەكەم، كاك ئارێزيش وای گوت، كاك دلێر تۆ لە ليژنەكە رەئی خۆت تەرح كردووەو سەری نەگرتووە، لێرە وەكو ئەندام پەرلەمان رەئی خۆت تەرح دەكەيت و ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر رەئيان زۆرينە بێت دەبێتە پێشنيار، دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاويس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من جگە لەوەی پشتگيری لە بۆچوونەكانی سۆزان خان و كاك دلێر دەكەم، پێم وايە لەو هەڵاوێردكردنە ئيستيسنائاتانە دەبێت خاڵێكی تريشی بۆ ئيزافە بكەيت، ئەويش ئەو كەسانە نەگرێتەوە كە ئەصحابی سەوابيقن، كە پێشينە تاوانێكيان كردووە، نەخێر تێيدا نييە، دەڵێت جارێكی تر ئەو كەسەی كە سوودمەند بووە لە عەفو، من مەبەستم ئەوە نييە، كە كەسێك سوودمەند بوو بێت لە عەفوێكی تر، من مەبەستم ئەوە تاوانبارێك تاوانێكی كردووە، ماوەی سزايەكەی تەواو كردووەو جارێكی تر تاوانێكی تر

دەکاتەوە، دێتەوە بەندیخانەو زیندانی دەکرێتەوە، لەوێ ئەم عەفوە نابێت بیگرێتەوە، ئەو کەسەی سەوابقی هەیە، کە پێشینەی هەیە لە تاوان کردندا، نابێت یەکێك لە سەببەکانی مەحکەمەو سزادان بریتییە لە ئیسلاّح کردن، مانای وایە ئەو کەسە بە زەحمەت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ، بۆیە پێویستە خاڵێکی تر ئیزافە بکرێت ئەویش ئەو کەسانەی کە سەوابقیان هەیە و تاوانیان کردووە، ئەم کەسە ئەو عەفوە نایگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو تاڤگە فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەحداس من تەئکیدی دەکەمەوە هەندێك لە خاڵەکان پێویستە بنووسریت، یەعنی پێشنیار دەکەین بنووسرێت، جگە لە ئەحداس مەسەلەن ئەوانەی کە ئەحداس پێی هەڵدەستنەوە ئەو تاوانانە، هەندێکیشیان تەعاتی موخەدەرات دەکەن، کە بەڕاستی وەکو ئیشارەتیان پێدا ئیتجار نییە، تەعاتییە، ئەوە دەیانگرێتەوە، بەلاّم هەندێکیان بۆ نموونە لە حاڵەتی لیواتە ئەوانەی کە ئەحداسن گیراون، جگە ئەحداسیان بۆ زیاد بکرێت، بەڕاستی من پێم باشە و بە زەروری دەزانم، خاڵێکی تریش من پشتگیری لە پێشنیاری ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە ئیشارەتیان بە دافعی شەرەف کرد ئەوەش زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە هەر ئەحداس خۆی نایگرێتەوە، ئەگەر حەدەس بێت حوکمەکە فەرقی هەیە هەر لە ئەساسدا، خۆی لە ئەساسەوە ئەگەر حەدەس بێت عقوبەکەی نیوەی وەردەگرێت.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەفو، چونکە ئیشارەت درا ئەو قانونە ئەوانە ناگرێتەوە، لەو قانونەش لە ماددەی یەکەمدا باس لە حەدەس کراوە، کەواتە (ماعدا) ئەحداسی بۆ زیاد نەکرێت تەحصیل حاصل دەیگرێتەوە بە رەئی ئێمە، ئێمە وای تێگەیشتووین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری لە رەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، بەلاّم هەندێك شت لە لای من دروست بووە، حەز دەکەم بەڕێزێك، یان کاك عەونی وەلاّمم بدەنەوە، هەندێك شت بخرێتە کامەیانەوە، لەمانە حیساب بکرێت، یان لە شوێنێکی تر، لەم ماوەیە لە سلێمانی چەند ژنێك دەرمانیان دەرخواردی چەند کەسانێك

داوە، ئەوە بوو بە پەلە براون، ئەمە دەچێتە چ خانەیەکەوە. خاڵێکی تریش دەرزی لێدان، یاخود ژەهرکردنە ناو خواردن. خاڵێکی تریشم هەیە، ژن و کچ فرۆشتن هەیە، کە ئێستا چوومەتە چاکسازی ژنێکم بینی گوتی وەڵلاّ مێردەکەم منی فرۆشتووە بە چوار سەد هەزار، ئەو پیاوەکەی تریش هەر فرۆشتوومی، ئێستا نازانم منیان لەسەر چی گرتووە، ئەمە لێرەدا، سووتانی عەمدیش کە زۆر جاران دەکرێت، ئەمە دەچێتە چ خانەیەکەوە، حەز دەکەم بەڕێزتان بۆمان روون بکەنەوە، لەم ماوەیەدا پیاوێك بەنزینی کردۆتە ژنەکەی، ئەمە دەچێتە چ بابێکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر ئێمە بچینە ناو ئەو تەفاسیلەوە، ئەی حاکم ئیشی چیە، ئەو هەموو قەوانینە هەیە، قانونی عقوبات هەیە، کە حاکم حوکم دەکاتن هەموو ئەو قانونانەی لەبەرچاوە، (406) ئەوەی کە دەرمانی ژەهراوی ئەو سزایە دەیگرێتەوە، سۆزان خان ئەگەر هەر هەمان مولاحەزەیە، بلێ مولاحەزەکەم گوتراوە، باشە سوپاست دەکەین، خاتوو سارا.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە منیش هەر پشتگیری لە زیاد کردنی تۆمەتی کوشتنی ژن دەکەم بە تاوانی شەرەف، لەبەر ئەوەی داواش لە ئەندامان دەکەین کە پشتگیری بکەن لەو رەئیە، چونکە ئەوە دوو یاسامان هەیە لە پەرلەمان پێشتر یاسای غەسلی عار کراوە، بڕیاری ژمارە 59 کە لە ئیدارەی سلێمانی دەرچووە، ئەوانەش هەر پشتیوانین بۆ ئەو رەئیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئیستیسنائەکان باسی ئیرهاب کراوە، قەتلی ئەجانیب و جەریمەی (الجرائم الماسة بأمن الاقليم الداخلي والخارجي) هەر لە زیمنی ئیرهابدایە، خاڵێکی تریش ئیختیلاسی ئەموالی ئیقلیم و ئەموالی عامە (والسرقة)، جاری وا هەیە سەریقەی ئەموالی عامەیە، یان ئیختیلاسیەتی، ئەوانە بەم شێوەیە ئیختیلاسی ئەموالی عامە (اختلاس وسرقة الاموال العامة). بەنیسبەت ئەحداسیشەوە کە ئێمە دەڵێین ئیستیسنا بکرێت، زۆر لەو حەدسانە هیچ شوێنێکیان نییە، ئێمە مەبەستمان لە گرتن عقوبەیە، ئیسلاّحە، حیمایەیە، ئێمە کە ئەوانەمان بەردان، ئایا ئەو روکنانەی ترمان بۆ دابین کردوون، حەدەسێك دوو مانگ لەسەر جەریمەیەك گیراو دێتەوە ناو جادە هیچ شوێنێکمان بۆ دابین نەکردووە، ئیسلاّحەکەی تیا بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم دەبارەی برگە شەشی ئەم ماددەیە، کەوا ئیختیلاسی ئەموالی ئیقلیم، لەبەر ئەوەی وشەی ئیختیلاس هەموو جۆرە دزییەك ناگرێتەوە، هەمیشە وشەی سەریقە زیاد بکرێت، ئەموالی ئیقلیمیش بکرێتە ئەموالی عامە، واتا برگەکە بەو شێوەیەی لێ دێت (اختلاس وسرقة الاموال العامة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەی (اختلاس وسرقة الاموال العامة)، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم لە لایەن سارا خان و دکتۆر دلێرەوە گوترا، سوپاسی دکتۆر دلێریش دەکەم، تکا لە هەموو ئەندامانیش دەکەم، کە پاڵپشت بن بۆ ئەوەی غەسلی عاریش نەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیار دەکەم پێشتر لە لیژنەی قانونی، دوایێ لە جەنابتان، پێم وایە ئەو وشەیە لە فەقەرەی دە (الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم)، کە دەڵێت (بالمحارم) مانای وایە غەیری مەحاریمەکە فەقەرەیەکی خراپە، ئیجازە پێدانە، جا بۆیە من داوا دەکەم غەیری مەحاریم یەعنی چی؟ هی ئەو چیە؟ لیژنەی قانونی چ چارەسەرێکی بۆ داناوە بۆ غەیری مەحاریم، ئەگەر وشەی مەحاریم لاببەین (والزنا حسب الشروط کما جاء في الشريعة الاسلامية) مەحاریم و غەیری مەحاریمش دەگرێتەوە بە شروتی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەك تێبینی دەکرێت لە کوردستان دیاردەی دزی بۆتە دیاردەیەکی بەربلاو، ئێستاکە رۆژانە سەیارەی خەڵك دەدزرێتن، ماڵی خەڵك دەدزرێتن، یەعنی حەق وایە ئێمە لێرە نەك هەر (القتل مقترن بالسرقة)، نەخێر، هەر سەریقەی وەکو خۆی وەکو فەقەرەیەك داخیل بکرێت، لە دوای (القتل مقترن بالسرقة) بنووسرێت (السرقة)، یەعنی تاوانی دزیش، لەو قانونە ئیستیسنا بێت، عەفو نەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور عەفوی عام نایانگرێتەوە، هەر لە (30٪)یەكە دەیانگرێتەوە، دزی عەفوی عام نایانگرێتەوە، بەڵكو لە (30٪) دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوەی لە مەحكەمە رادەوەسێت و بە حوكمدان رادەوەستێت، ئەوە دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەم ئیستیسنایە كە باسی لەسەر كراوە، جەرائیمی ئیرهاب باسی لەسەر كراوە، جەرائیمی ئیرهاب و قەتلی ئەجانیب و جەرائیمی ماسە بە ئەمنی دەولە، من پێم وایە هەرسێكیان لە یەك فەقەرە لە زیمنی فەقەرەی یەكەمدا كۆ بكرێتەوە.

بەنیسبەت جەرائیمی (تزویر في المحررات الرسمیة المتعلقة بأقتصاد وامن الاقلیم) لەگەڵ فەقەرەی هەشت كەباسی تەزویر و تەزیفی عوملات دەكات، ئەگەر بێتو ئێمە بێین سەیری بكەین، شەرت نییە، ئەو تەزویرە بێت تەئسیر بكاتە سەر ئیقتیصاد و ئەمنی ئیقلیم، هەندێك جار خەڵك تەزویری هەویەكی ئەحوال مەدەنی دەكات، بۆ ئەوەی ناوەكەی خۆی بگۆڕێت، یان پێ بچێتە خاریج ئەوە دەگیرێت، ئەو هەویە نە تەئسیری لەسەر ئیقتیصادی ئیقلیم و ئەمنی ئیقلیمە، ئەگەر بێتو ئەو تەزویرە تەئسیری لەسەر ئیقتیصادی ئیقیلیم بكات، ئەوە لە تەزویری سەنداتی مالی و ئەوراقی مەسەرەفی لە ماددەی (281)كە، لە فەقەرە هەشتدا لێرە باسی لەسەر كراوە بە وازیحی هاتووە، مانای وایە ئەم تەزویرەی لە موحەرەڕاتی رەسمی دەمێنێتەوە، قەسامی شەرعی هەر موحەریرێكی رەسمیە، هەویەكی ئەحوال مەدەنی هەر موحەریرێكی رەسمیە، شەرتیش نییە تەئسیر بكاتە سەر ئیقتیصاد و ئەمنی ئیقلیم، من پێم وایە برادەرانی لیژنەی قانونی بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، ئەوەی كە تەئسیر لەسەر ئەمنی ئیقلیم دەكات، راستە لە فەقەرەی هەشت هێناویەتی تەزویر و تەزیف، تەزیف بۆ مەسكوكەكەیەو تەزویرش بۆ ئەوراقی مەسەرەفی و سەنداتی مالییە، یەعنی بە تەئكید ئەمە تەئسیر لەسەر ئەمنی ئیقلیم دەكات، ئەمە بە رەئی من بۆ ئەم ئیستیسنائانە فەقەرەیەكی تر ئیزافە بكرێت، ئەگەر برادەرانی لیژنەی قانونی پێیان باش بێت، ئەوانەی كە گەڕاونەتەوە بۆ جەریمەو مەشمولن بە عەفوی خاص و عام، تەنیا عام نا، بە عەفوی خاص و عام، ئەوانیش بچنە ئەو ئیستیسنائانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ قسەم هەبوو هەرسێکیان کران، بۆیە نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهيم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بڕگەی هەشت و نۆ بکرێتە یەك بڕگە، باشترە لەوەی بە دوو بڕگە بنووسرێت، بنووسرێت تاوانی بەرتیل و گزی دەرکردنی پارەی قەڵب، ئەوە کورت کردنەوەیەکی باشە.

دووەم/ پتشگیری لە ڕەئیەکەی کاك دکتۆر دلێر دەکەم، کە تاوانباران جارێك عەفوی عامیان بۆ دەرچووە، جارێکی تر کە گیرانەوە عەفو شمولیان نەکات.

سێیەم/ لە بڕگەی دە کە دەڵێتن (تاوانی سێکسی بەزۆر و منداڵبازی و زینا کردن لەگەڵ مەحەرەمان)، من پێم وایە مناڵبازی وشەیەکی نابەجێ و ناشیرینە، ئەدەبیەن لەناو یاسایەکدا بنووسرێتن، ئەگەر بڵێین تاوانی سێکسی بەزۆر و زینا لەگەڵ مەحرەمان هەمان مانا دەگەیەنێت، وشەی مناڵبازیەکە لەسەری لابدەن، سێکسی مانای خۆی هەیەو دیارەو بۆچی بەکار دێت، لەگەڵ هەموو کەسێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکەی تاڤگە خان دەکەم، سەبارەت بە ئیستیسنا کردنی ئەحداس، پتشگیریش لە ڕەئیەکەی دکتۆرە ڕۆژان دەکەم سەبارەت بە ئیختیلاس و سەریقەی ئەموالی عامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە فەقەرەی چوار (الاتجار بالمخدرات) پێشنیار دەکەم (الاتجار بالمخدرات والسموم القاتلة)، پتشگیریش لە ڕەئیەکەی سۆزان خان و کاك دلێر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو گوڵناز فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزيز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕەئیەكەی من گوترا، پشتگیریش لە ڕەئیەكەی كاك دلێر و برادەران دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەندێ موناقەشەشم هەبوو لە لیژنەی قانونی و بۆ لیژنەی مافی مرۆڤیش ڕەئیەكمان تەبەنا كرد لەسەر ئەو مەوزوعە، نوێنەریشمان لەوێ نازانم، وابزانم بەسەر چووە باسی نەكراوە، من لێرە دووبارەی دەكەمەوە، ئێمە تەئكیدمان لەسەر ئەوە كرد ئەو ئیستیسنائانە ئەحداس نەگرێتەوە، هەروەها تەخفیزەكە موتەلەق بێت، ئەوە بۆ عەفو ناكرێن، بەس تەخفیزە، با ئەو ئیستیسنائاتانە نە بۆ تەخفیزەكە بێت، نە بۆ ئەحداسەكە بێت، من پێشنیار دەكەم موقەدیمەی ماددەكە بەم شێوەیە بێت (لاتسري احكام الفقرة اولاً من المادة الاولى والمادة الثانية والمادة الثالثة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية)، ئەوە لە لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو ڕەئیەمان تەبەنا كرد، تەخفیزەكەش ئیستیسنائەكەی تێدا نەبێت، ئەحداسیش تەنیا مەرجی موسالەحەی تێدا بێت و ئەو ئیستیسنائانە نەیگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە، ئەو مولاحەزەیاندا لەسەر ئەحداس و ئەوانە، خۆی بە مەنتیق و قانون حاڵەتێكە مەنتیقی خۆی هەیە لە ناحیەی ئینسانیش هەروا، بەڵام دەبێت ئێمە مولاحەزەی ئەوە بكەین، كە زۆر لەو ئیرهابیانە ئەحداس بەكار دەهێنن، چواردە ساڵە، پازدە ساڵە، ڕاستە خۆ موجریم نییە، جارێ هەتا پازدە ساڵی حوكم نایگرێت بەپێی قانون، كاك عەونی بۆیان شەرح بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەحداس لە كوردستان قەرارێك لە پەرلەمان دەرچووە، ئەو منداڵانە، ئەو نەوجەوانانە هەتا تەمەنیان نەبێتە پازدە ساڵ ئیجرائاتی قانونیان لەگەڵ ناكرێت، ئەوە یەك.

دووەمین/ ئەحداس ئەگەر ئیحالەی مەحكەمەی كرا، ئەگەر تاوانێكی كرد، ئەوەلەن حوكمی ئیعدامی لەسەر نییە، ئەگەر موحاكەمە كرا بە هەر تاوانێكی گەورە لە پازدە ساڵ زیاتر حوكم نادرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی هەر لە ئەساسەوە نیوەی عقوبەیە، كوردستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە برادەران قسەکەی ئێمەیان کرد، بەڵام وەکو لیژنەی بەرگری مافی ئافرەتان پشتگیری لەوە دەکەین سەبارەت بە غەسلی عار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو خاڵ کە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێ کرد، یەکێکیان ئەوەیە، ئەوەی ئیرتیکابی جەریمەی شەرەفی کردووە نایگرێتەوە، دووش/ ئەوەی کاک دکتۆر دلێر گوتی ئیستینادی لەسەر کرا، ئەویش ئیزافە بکرێتن، ئەوەی سەوابقی هەیە، بەڵام ئەوەی سەوابقی هەیە فەقەرەیەك هاتووە، صیغەیەك بدۆزنەوە، ئەوەی بەنیسبەت قەتل بیدەوافیعی شەرەف ببێتە فەقەرەی یازدە، صیغەکەی لە قانونی عقوبات چۆن هاتووە با وابێت، ئەوەی تریش کە گۆڕیمان فەقەرەی شەشەم ئیختیلاس ئەموالی ئیقلیم ببێتە (اختلاس او سرقة الاموال العامة)، کاك کەریم هەندێك جار نەصی قانونێك مومکینە دوو حاڵەت هەبێتن ئەگەر بیری لێ بکەیتەوە نەتوانێت نەصەکەی دابنێت (اختلاس وسرقة الاموال العامة) مومکینە ئەو سەریقەی ئەموالی عامە، مومکینە یەکێك موزەخەیەك دەدزێت لەوەختێکی ناتەبیعیدا گوناح بێتن، بەڵام تۆ لەبەر ئەو یەکە هینی بکەیت، تۆ ناتوانیت تا نەصێك دانەنێیت، یەعنی خۆی لە ئەساسدا نصوصی قانونی بۆ موحارەبەی گەندەڵی بەوە دەبێتن، ئەوە دەبێت ئەوەلەن قانونمان هەبێتن، دووەمین/ دەبێت دەسەڵاتی قانونمان هەبێتن، ئینجا مەسەلەکانی تر هین دەبێت، دەبێت هەبێتن، ئەو حاڵەتەکانی تر ئینسان بە عەفوێکی خاص بکاتن، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئیزافە کردنی سەریقە من لەگەڵ ئەوەدانیم، لەبەر ئەوەی ئەوە سەریقە دەکاتن لە دەرەوەی حکومەتە، سەریقەی ئەموال دەکاتن، لە کاتێکدا یەکێك موزەخەیەکی حکومەت بدزێت و بیست ساڵ حوکم بدرێت، ئەوە ئیستیسنا بکەینەوە، بەڵام ئەوەی ئیختیلاس دەکات ماڵەکە لە ژێر دەستی خۆیەتی، موئتەمەنە لەسەر ماڵی حکومەت، هەتا ئەگەر دینارێکی ئیختیلاس بکاتن، حەقە لەجێی خۆی بێتن ئیستیسنا بکرێتن لە مەسەلەکە، بەڵام سەریقە لە حاڵەتێکدا هەموو سەریقەکان شمول بکاتن، بەڵام سەریقەی ماڵی حکومەت ئەوە ئیستیسنا بکرێتن نازانم، عەدالەت لە مەوزوعەکەدا نییە، بۆیە وشەی سەریقە ئیزافە نەکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دوو سێ پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، یەکێکیان ئەوەیە ئیزافەی غەسلی عارەکە کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئیزافە بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەقەرەی شەش کە نووسراوە (اختلاس اموال الاقليم) ئیختیلاف هەیە، ئەوە پێشنیاری لیژنەی قانونییە، بەڵام پێشنیارێك هەیە کە لە لایەن ئێوەوە هاتووە بکرێتە (اختلاس او سرقة الاموال العامة)، لیژنەی قانونیش موسیرە لەسەر پێشنیارەکەی خۆی، فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو یاسای لێبوردنە بەڕاستی كە دەردەچێت، تەنها شمولی ئەوانە دەكاتن كە تەنیا لە پێش دەرچوونی ئەو یاسایە گیراون، شمولی ئەوانە ناكات كە یەك رۆژ دوای ئەو یاسایە دەگیرێن، یەعنی بەڕاستی پێویست ناكات سەریقەی تێدا هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو كاك زرار، پێشنیاری ئێوە لە بەرامبەر پێشنیاری لیژنەی قانونی ئێوە دەڵێت (اختلاس او سرقة الاموال العامة)، موقابیل بەوەی لیژنەی قانونی دەڵێت (اختلاس اموال الاقليم)، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە تازەیە كە دەڵێت (اختلاس او سرقة اموال العامة) دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوە دایە كە نەصەكەی لیژنەی قانونی بمێنێتەوە كە دەڵێت (اختلاس اموال الاقليم) دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا لەگەڵ رەئی لیژنەی قانونین پیرۆزتان بێت، فەقەرەیەكی تر ئیزافە دەكرێت لەسەر پێشنیاری دكتۆر دلێر پاش ئەوەی ئێوە دەنگی بۆ دەدەن، ئەویش ئەو كەسانە نەگرێتەوە كە دووبارە تاوانیان كردووە، دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەی ئەوانەش نەگرێتەوە كە تاوانیان دووبارە كردووە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، كەواتە ئێستا بووە دوازدە فەقەرە، بە پێشنیاری تازەوە، بەوەش كە دەڵێت (لاتسري احكام هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية)، كێ لەگەڵ ماددەكەیە هەمووی دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، كەواتە پێشنیار دەكەین جەلسەكەمان تەئجیل بكەین بۆ رۆژی سێ شەممە، باشە دوای دەخەین بۆ ئێوارێ سەعات چوار.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**سێ شەممە رێکەوتی 10\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/4/10

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/4/10 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای لێبوردن كە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق پێشنیاز كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق بە ژمارە (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنیەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی مادده 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتی (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/4/10 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای لێبوردن كە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق پێشنیاز كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق بە ژمارە (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە.

بەخێرهاتنی بەڕێز كاك سەعد دەكەین وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، زۆر بەخێر بێی سەرچاوان، نوقتەی نیزامە كاك محەمەد ڕەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم پرسیارێك لە حەمەی حاجی مەحمود بکەم، کە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی ئیتیهام کردووە بە ترسنۆك و برسی، وەڵامێکمان بداتەوە، دیارە خۆشی ئەندام پەرلەمانە لەگەڵماندایە ماوەیەکی دوورو درێژ، تەوزیحێکمان بداتێ لەم روویەوە باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارە هەیە، بەڵام کاك محەمەد رەفعەت لە بەرنامەی کارماندا نییە، داوا بکەن بیخەینە بەرنامەی کار، دوایێ باسی دەکەین، پاشی جەلسەکە پێکەوە باسی دەکەین، ئەگەر بیخەینە بەرنامەی کار دەبێت دە ئەندام داوای بکات و پێشتر بیخەینە بەرنامەی کار، فەرموو دکتۆر نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ یادی رزگار کردنی کەرکووك بوو، دەبوایە وتەیەك بەرامبەر ئەم یادە بگوترا بوایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو هەموو نوقتە نیزامە، لە حەقیقەتدا دەرحەقیان نایەین، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەبۆنەی ئیسقاتی نیزامی بەعس، دەبوایە ئەمڕۆ شتێك لەو بارەیەوە باس بکرێت، چونکە ئەم رۆژە رۆژێکی رەسمی و عوتلەشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە خۆی دەبوایە داوا بکرێتن بخرایە بەرنامەی کار، لەگەڵ ئەوەشدا خۆ ئێمە دەتوانین باسی بکەین و، بەس لە پرۆتۆکۆڵ دوو ئەندام دەتوانێتن نوقتەی نیزامی حەقیقیمان لەسەر تەسجیل بکاتن، ئەگەرنا ئێمە نیزامی داخیلیمان لە پێشە هەمواری بکەین، کە هەموارمان کرد، ئەگەر ویستتان ئەو جۆرە شتانە دەگۆڕین، بەناوی ئێوەوە بەخێرهاتنی خوشکی ئازیزمان (صفیە) خان و دایکی صفیە خان دەکەین، کە کچی شەهید (تالِب سوهێل)ە، دوو رۆژی تر یادی سێزدەمین ساڵیەتی لە بەیروت ئیختیال کرا، لە پێناوی عێراقی دیموکراتدا خەباتی دەکرد، رژێمی سەددام ئیختیالی کرد، خۆشی ئەندامی مەجلیسی نوابی عێراقە، دۆستی گەلی کوردستانە، زۆریش خەباتی کردووەو دیفاعی کردووە لە گەلی کوردستان، لەگەڵ دایکی بەڕێزی کاك بەختیار ئەمین وەزیری پێشوو لە حکومەتی عێراقدا، زۆر ئەکتیف و چالاك لە مافی مرۆڤ و نێونەتەوەییدا، زۆر دەوری هەبووە، زۆر بەخێر بێت سەرچاو، بەخێرهاتنیان دەکەین و ئومێد دەکەین ئەو سەفەرەیان بۆ کوردستان سوود بەخش بێتن، لەوەی زیاتر ئاگادار بن لە گۆڕانکاریەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان.

داوا له ليژنەی ياسايی و ليژنەی مافی مرۆڤ و ليژنەی ناوخۆ دەكەين بێن له شوێنی خۆيان دابنيشن، ئێمە سەرۆكايەتی پەرلەمان دانيشتنێكی تايبەت دەكەين له (4/14) له رۆژی يادی ئەنفالدا، لەبەر ئەوە داوا له هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەكەم سەعات (11)ی رۆژی (4/14) كه دەكاتە رۆژی شەمە عوتلەشە، بەڵام لەبەر ئەوەی يادەكە يادێكی عەزيزە، عوتلەی خۆمان ناكەين، دێين دەوام دەكەين، هەروەها له هەمان رۆژدا باسی كێشەی ئاو و كارەباو سووتەمەنی دەكەين، ئەو برادەرانەی كه راپۆرتيان بەرز كردبۆوە بۆ سەرۆكايەتی پەرلەمان، ليژنەكان پەيوەنديدارن بەو مەسەلەيە، يەعنی ئەو ئەندامانەی كه له ليژنەی پەيوەنديدارن و ئيمزايان كرد بوو، تكا دەكەم پاشی كۆبوونەوەكە بێنە لامان، بۆ ئەوەی باسی لێوە بكەين به تەفسيلات و ئەوانە، بەڵام له رۆژی (4/14) هەمووتان لێرە ئامادە بن تكايە، ليژنەی ياسايی لەو خاڵەی كه راوەستا بووين بەردەوام دەبين له موناقەشە كردنی خاڵی يەكەم بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی ياسای لێبوردن، چەند خاڵێكمان تەواو كردووە، ئێستا بەردەوام دەبين فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە راپۆرتی ليژنەی ياساييە.

ماددەی حەوتەم:

وا دەژمێردرێت كه ئاشتەوايی لەنێوان لايەنەكانی داواكە كراوە، كه له ماددەی يەكەم و سێيەمی ئەم ياسايەدا هاتووە، ئەگەر:

يەكەم: سكاڵاكار يان داواكاری مافی كەسينە ئاشتەوايی كرد بێ و لەمافە كەسينەييەكانی خۆی لەو داوايەی حوكمی تێدا دەرچووە، خۆش بووبێ.

دووەم: يان لەمافە كەسينەييەكانی خۆی خۆش بووبێ دوای دەرچوونی حوكمەكە لەبەردەم دادگا يان لەماوەی (60) رۆژدا لەدەرچوونی ئەم ياساييەوە خۆش بووبێت و دادگا بڕيار دەدات كه لێبووردنەكە بەندكراوەكە دەگرێتەوەو، ئازادی دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی عەرەبيەكەش بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تعتبر المصالحة بين اطراف الدعوى الواردة في المادتين الاولى والثالثة متحققة اذا:

اولاً: كان المشتكى أو المدعى بالحق الشخصي قد تصالح وتنازل عن حقوقه الشخصية في نفس الدعوى التى صدر فيها الحكم.

ثانياً: او تنازل عن حقوقه الشخصية بعد صدور الحكم امام القضاء او خلال ستين يوما من تاريخ صدور هذا القانون وتقرر المحكمة شمول المحكوم بالاعفاء واطلاق سراحه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عیلاقەی بە موسالەحە هەیە کە پاش صدوری حوکم، ئەویش سەقفێکی زەمنی بۆ دانراوە، ماوەی (60) ڕۆژە، دەتوانن لە ماوەی ئەو (60) ڕۆژە موسالەحەکە بکەن، ئەوە هەر بۆ تەوزیح و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرسێ لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ موتەفیقن لەسەر ئەو صیغەیە، پێشم وایە وازیحە، ئەگەر کەس موناقەشەی لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کەس قسەی لەسەر نییە، کەواتە ماددەی حەوت کە بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو بەند کراوانە ناگرێتەوە، کە پێشتر سوودمەند بوون لە بڕیارەکانی کەمکردنەوەی سزا، کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دەرچوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی بە عەرەبیەکەی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: لا یستفید من أحکام هذا القانون النزلاء والمودعون الذین أستفادوا من قرارات تخفیض العقوبة الصادرة بتواریخ سابقة علی تاریخ صدور هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیاری خۆتان بوو، ئەندامانی پەرلەمان دوایی لە لیژنەی یاسایی کرا، کەوا صیاغەی بکاتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو بەندکراوانە دەاگرێتەوە کە حوکمی پاش مللەیان دەرحەق دەرچووەو، خۆیان بەدەست نەداوەو، تا ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە دەستگیر نەکراون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی بە عەرەبیەكەی تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: يستفيد من أحكام هذا القانون المحكومون الذين صدرت بحقهم أحكام غيابية ويسلمون أنفسهم، أو يتم القاء القبض عليهم خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ صدور هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان تەوزیحێك بدە تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر موتەهەم و محكوم هەیە حوكم لە محكەمە دەرچووە غیابییە، لە محكەمە حازر نەبووە، لە محكەمەی تەحقیقی حازر نەبووە، پاشان حوكمی غیابی دراوە، هەتا ئێستاش خۆی تەسلیم نەكردووە، بەڵام ئەگەر هاتوو لە زیمنی (30) رۆژ خۆی تەسلیم كرد، ئەوە ئیمكانە مەشمول بێت لەو فەقەراتانەی كە لە عەفو هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەعلومە لە لای جەنابتان ناحیەی قانونی، هەر حوكمێك لە محكەمەی دەربێت و لە قەزایەی جینایات و جونەح، ئەوانە ئۆتۆماتیكیەن دەچنە محكەمەی تەمیز، لە ماوەی سی رۆژ، بۆ قەزایەكانی ئیعدام و سجنی موئەبەد و سجنی موئەقەت كە پێنج ساڵ زیاترە، ئەو كێشانە كە غیابی بێتن دەعوایەكانیان رادەگیرێتن، ناچێتە محكەمەی تەمیز هەتا نەتیجەی موتەهەم وازیح دەبێتن، یان دەگیرێت، یان خۆی تەسلیم دەكات، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە ئەگەر گیرا بۆی هەیە ئیعتیراز بكاتن، بەنیسبەت جینایات ماوەی ئیعتیرازی شەش مانگە، جونەح سێ مانگە، موخالەفات مانگێكە، ئەگەر هاتوو موتەهەم گیرا، یان خۆی تەسلیم كرد، ئەوە موحاكەمە لەو قەزایانە دووبارە دەكرێتەوە بە ئیجرائاتێكی قانونی نوێ، یەعنی ئەو حوكمەی لەسەری دەرچووە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو ماددەیە ئەوەیە ئەو كێشانە ئێستا لە دادگاكان هەیەو كۆتایی پێ نەهاتووە، نامانەوێت قەزایەكان لەسەر محكەمە بەردەوام بێت و كۆ ببێتەوە، بۆیە ئەو ماددەیەمان داناو ماوەكەشمان دانا سی رۆژ، تاوەكو زوو ئەو كەسانە مەشمولن بەو قەرارەی، یان ئیستیفادە لەو قانونە دەكەن، زوو خۆیان تەسلیم بكەن و موڕاجەعەتی موحاكم بكەن، یان مەراكزی شورتە، بۆ كۆتایی هێنانی كێشەكانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرسێ لیژنە لەسەر ئەو ماددەیە موافیقن، كاك كەریم جەنابت لیژنەی قانونی، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئاگام لەو برگەیە نەبووە، كە دانراوە، پێم وایە ئەوە ئیمتیازێكە دەدرێتە ئەوانەی لە دەست عەدالەت هەڵاتوون (هاربين عن العدالة)، بەڕاستی ناكرێت بەهیچ شێوەیەك ئەو ماددەیە جێگیر بێت لە عەفوەكەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم لە كۆتایی ماددەكە بنووسرێت (وفق احكام هذا القانون)، ئەگەر ئەوەی بنووسین، یەعنی ئەو مەرجانەی كە تێیدایە موساڵەحەیە، ئیعدامە، ئیستیسنائاتە دەیگرێتەوە، ئەگەر وا بمێنێتەوە، ئەو مەرجانە نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە ئەسڵە ئەو عەفوە هەر شمولی ئەو كەسە نەكات، كە بە غیابییە، تەئیدی ئەو رەئیەی كاك كەریم دەكەم، ئەوە دەكاتە ئەو كەسەی كە لە دەست عەدالەت رای كردووە موكافەئە بكرێتەوە، خۆ هەر لە دەرەوەیە، جا چ باشە ئەوە بێتەوە ناو محكەمە خۆی تەسلیم بكات، ئینجا پێی بڵێین فەرموو عەفوەكە شمولت دەكات، هەروا باشترە (لا تسري احكام هذا القانون على المحكومون والمودعون الذي اصدرت احكام غيابية بحقهم ولم يتم القاء القبض عليهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەپێی تەجروبەی خۆم و ئاگاداری ناو خەڵك، زۆر كەس هەیە قەتل كەوتۆتە نێوانیانەوەو سجنیشن و سوڵحیشیان كردووە، كە چی هێشتا تەبلیغیان بۆ دێت بانگ دەكرێن بۆ محكەمە، ئەی ئەمانە مەسیریان

چیە، خەڵك ئاشبۆتەوە لەنێوان یەکتردا ژن و ژنخوازی کراوەو ساحێب سێ چوار منداڵن و دەمێکە سوڵحیشیان کردووە، دەمەوێت ئەوانە زیاتر تەفسیلی پێ بدەن و بۆمی روون بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لەو ماددەیە ئەوەیە، ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە خۆیان تەسلیم دەکەن، یان دەگیرێن، خۆی قانونەکە ئەسڵەن مەجالی ئەوەی دایە، کە هەر کەسێك ئیستیفادە لەو قانونە دەکات بەو شەرتانەی کە تێدا وازیحە، یەك/ موسالحە لە مەوزوعدا هەبێت.

دوو/ ئەو جەریمانەی کە ئیستیسنا کرا لەگەڵدا نەبێت.

واتا قەزایەیان هەیە لە محکەمە بۆ موعلەق بمێنێتەوەو نەتیجەی نەبێت، خۆ بەو ماددەیە حەسمی دەکەین، مەجبورە ئەو کەسەش کە حوکمی غیابی لەسەر دەرچووە، خۆی تەسلیم بکات، یان بگیرێت، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە خۆی تەسلیم کرد، یان گیرا، ئەوە ئیستیفادە دەکاتن لەو قانونە، ئەگەر نەگیرا، ئەوە قانون مەجرای خۆی وەرگرتووەو ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ دەکرێت و نەتیجەی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەزانم ئەو فەقەرەیەی کە لیژنەی قانونی بۆیان زیاد کردووە، پەیوەندی بەو خەڵکەوە هەیە کە لە ئیجرائاتی دەرەوەی یاسا دەترسن، یەعنی را کردنەکەیان لە دەست عەدالەت رایان نەکردووە، لە دەست ئیجرائات رایان کردووە، جاری وا هەیە مەسەلەن پیاوێکیان کوشتووە، دەترسێت بیکوژنەوە، بەڵام ئەمە بۆ ئەو کەسانە زیاتر کاریگەری هەیە، یەعنی رای کردووە، ئەگەر بزانێت عەفوێك ئەم شتە شمولی دەکات دێتەوە، نەك ئەوە پیاوێك بێت لە عەدالەت را بکات، ئەمە ئیمتیاز بێت بۆی، ئەمە دەکرێت بۆ ئەو کەسانە بێت، کە بەم حاڵەتانە دوور کەوتوونەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەوەی کاك کەریم گوتی هەندێك کەس هەیە لە خاریجە نەیتوانیوە بێتەوە، یەعنی دۆکیومەنتێکی نییە پێی بێتەوە، ئەو مۆڵەتەی بدەینێ، واتا ئەو سی رۆژەی بدەینێ، پێم وایە شتێکی باشە، دەتوانێت لەو وەختە بێتەوە، ئەگەر نەهاتەوە ئەو حەقەی دەسووتێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە ئەو ماددەیە خاڵێکی ئیجابیە، لەبەر ئەوە خۆی تەشجیعی تاوانبار دەکات، کە خۆی تەسلیم بکات لەوەی کە رابکات، لە هەمان کاتیشدا تەئکیدی ئەو نوقتەی کاک بەکر دەکەمەوە، تاوانبار بۆی هەیە بەهۆی نەخۆشیەوە لە نەخۆشخانە بێت، یان لە دەرەوەی هەرێم بێت، کە مودەیەکی دەوێت تا دەگەڕێتەوە، بۆیە من پێم وایە شتێکی باشە وجودی ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئیەکە دووە، یان شمولی بکات، یان شمولی نەکات، کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەو فەقەرەیە زۆر زۆر باشە، لەبەر ئەوەی یەکەم/ بۆ خۆی ئەو قانونە ئەو جەریمە خەتەرانە ناگرێتەوە، کە ئێمە لێیان دەترسێین.

دووەمیش/ کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش قانونە دەردەچێت، کابرا کە دێت بەپێی ئەو قانونە خۆی تەسلیم دەکات، حوکمی قانون جێ بەجێ دەکات، جێی خۆیەتی ئیستیفادە لەو قانونە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانم، یان تەئیدی دەکەن، یان تەئیدی ناکەن، بۆ ئەوەی کاتەکەشمان زۆر نەڕوات، ئەوانەی داوای قسە دەکەن، بۆ ئەوەی تەواوی بکەین، یان لەگەڵیان تەوزیحەکە بدەم ئینجا دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك سەرداریش بە ئیعتیباری ئەوەی خۆی لە لیژنەی ناوخۆیە، ئەگەر ئیجازەم بدەن تەوزیحێك دەکەم، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو یاسایە باشە، بەڵام بۆ تەشجیع کردنی یاخی بوونە لە یاسا، ئەگەر ئێمە تەشجیعی ئەو مەلەسەیە بکەین، هەموو خەڵك خۆی بە دەستەوە نادات و چاوەڕوانی عەفوێك دەکات و لە یاسا یاخی دەبێت، فیعلەن من پشتگیری لەو رەئیەی کاك کەریم دەکەم باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوە شازدە، حەڤدە ساڵە پەرلەمانمان هەیە، یەك جار ئەو قانونە دەردەکەین، جارێکی تر بڕوا ناکەم ئەو قانونە دەربکەین، چونکە ئەوە سوڵتاتی قەزائی و ئەوانە حیسابمان لەگەڵ دەکەن، لەبەر ئەوە من تەئیدی ئەو قەرارە دەکەم، ئەو فرسەتە بدرێت، چونکە ئێمە هەمووی قانونەکە ماوەی دوو مانگە، مادام عەفو دراوە لەو مانگە، ئەو کەسانەی کە بەند کراون و حوکم کراون، با فەرسەتیش بدرێتە ئەو کەسانە کە تا ئێستا نەهاتوونە، یەك جاریشە، جارێکی تر دووبارە نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو یاسایەی کە دەردەچێت شتێکی باشە، یاسایەکە عەفوەو یارمەتی ئەوانە بدرێت، بۆ ئەوەی بەخۆ دابچنەوە، فرسەتێکی تر بدرێتە خەڵکانێك، بەڵام من بە تەواوەتی لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك عوسمانم، ئەوە نەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکانێك بیر لەوە بکەنەوە، کە یاخی ببێت لە عەدالەت و خۆی بە دەستەوە نەدات بەرامبەر بەوەی عەفوێك هەیەو قانونێك هەیە شمولی دەکات و دوایێ عەفو دەگرێتەوە، یەعنی تەشجیعی یاخی بوون نەکەین لە عەدالەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام ئەم ماددەیە لێرە نەمێنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێك لە دەست یاسا رای کرد بێت و سزای خۆشی وەرنەگرتبێت، جارێکی تر تێکەڵی ژیانی ئاسایی کۆمەڵی بکەیتەوە، یەعنی کەواتە ئەو کەسە کۆمەڵگاکە فاسد دەکاتەوە، ئینجا دزی کردووە، پیاوی کوشتووە، هەر شتێکی کردووە، بۆیە من داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە ئەو ماددەیە شتێکی باش نییە لێرە هەبێتن، مەجالێکی زۆر بە تاوانبار دەداتن، ئەگەر لا ببرێت سوودمەند دەبێت و یاسایەکەش قورسایی خۆی دەبێتن و مەوزونتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەن، ڕەئیەك هەیە، یان دەڵێین بەڵێ، یان نەخێر، تکایە ئەگەر ڕەئیەکی جیا هەیە قەیدی ناکات، بەڵام ئا و نا زۆرمان بیست، دوو ڕەئیە، سێیەمی تێدا نییە، نوقتەی نیزام بێت کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خۆی ئەم یاسایە، یاسایەکی ئیستیسنائیە، بۆ یەك جاریشە، لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەوەی ئەوان لێی دەترسن، جێی مەترسی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك سەردار پێشنیارێکی عەرز کرد، هیچ وەڵام نەدرایەوەو تەوزیحێکیش نەکرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێشتا کۆتاییمان نەهێناوە، مانای ئەوە نییە وەڵاممان نەداوەتەوە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم کێشە ئێستا دوو نەوعی هەیە، یەکێکیان لە ئێرانە، یەکێکیشیان لە یۆنانە، زۆر پەیوەندی دەکەن بە کەسوکارەکانیان و بە هەردوو تەرەفەکە بێن خۆیان تەسلیم بکەن، چاوەڕێی یاسا دەکەن، بەڵام ئەم ماوەیە زۆر کەمە سی رۆژ، بکرێت بە پەنجا رۆژ، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەن بتوانن بگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بوونە دوو رەئی، بەس من رەئیەکی ترم هەیە، ئەو کەسەی یاخی بووە، یاسای یاخی بووی دەرچوویە، بەڵام حوکمێك دەرحەقی دەرکراوە، ئەوە عەفو بکرێت بە مەرجێك لە تاریخی دەرکردنی حوکمەکە تا تاریخی عەفوەکە، ئەوە بەند بکرێت، ئینجا دەربکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەو جوملەیەی لیژنەی ناوخۆ گوتیان (وفق احكام هذا القانون)، تەبیعی ئەگەر موافیقن، من دوو قسە دەکەم، دوایێ دەیخەینە دەنگدانەوە، باشە کەواتە مولاحەزەکەی کاك سەردار کە دەڵێت (وفق احكام هذا القانون) تەحصیل حاصلە، هەر (وفق هذا القانون)ە، بەڵام ئیزافە بکرێتن، بۆ ئەوەی زیاتر وازیح بێتن، ئەوە یەك.

دوو/ رەئی ئەو سێ لیژنەیە لەسەر ئەو ماددەیە بۆتان شەرح بکەم، دوایی رەئی هەندێك ئەندام پەرلەمان کە پێچەوانەکەیەتی، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوە بۆ ئەوەیە حاڵەتێکە بۆ تەساموحیە لەناو

کۆمەڵگادا دروست ببێت، هەر ئەوەندە نییە تۆ عەفوی خەڵکێك دەکەیت لە زینداندا هەیە، بۆ ئەوەیە خەڵکێك بتوانێت کێشەکانی بەرەو کۆتایی بێنێتن، کوشتار بووە، شت بووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو رۆشنبیریەی کە داوای دەکەین، هەموو یاساکانمان دەرهێناوە بۆ ئەوەی ئەو تۆڵە سەندنەوەو ژن کوشتنە و منداڵ کوشتن نەمێنێتن، بەلاَم لە هەمان کاتیشدا دەسەلاَتی پەرلەمان تەشریعی، دەسەلاَتی جێ بەجێ کردن بە تەساموحەوە تەماشای کۆمەلگا دەکاتن، هەموو کەسێك دەبێت ئیستیفادە بکاتن لەو روحیەتەی کە هەیە لەناو ئەو قانونەدا، دێت خۆی تەسلیم دەکاتن، ئێمە لەبیرمان نەچێتن خۆ یەکسەر عەفو ناکرێتن، ئەو هەموو شروتەی لەسەر دانراوە، شروتەکانیش زۆر قورسن، کە نابێت ئیرهابی بێتن، دە، پازدە حاڵەتمان داناوە کە ئەوانە شمولیان ناکاتن، ئەو کەسانەش هەموویان خەتەرن لەسەر کۆمەڵگا، ئەو کەسانەی شمولیان دەکاتن خەتەر نین لەسەر کۆمەڵگا، بەڵکو حاڵەتێکی ئیجتماعی فورسەتێکە بۆ هەموو لایەك، حاڵەتێکی ئیجتیماعی راستتر دروست بکاتن لەناو موجتەمەع لەنێوانیاندا، لەنێوان خانەوادەیان، لەنێوان عەشیرەتیان، لەناو کۆمەڵدا مەترسیەکە کەم بێتەوەو تەوەتورەکە کەم بێتەوە، بۆیە رەئی ئەو سێ لیژنەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو حاڵەتەیە، ئەوانی تر کە پێچەوانەکەیان گوت، رەئیان لەبەر ئەوەیە دەڵێت ئەوە خۆی هەلاَتووەو خۆی تەسلیم نەکردووە، یاخی بووە لە قانوندا، بۆیە نابێت تەسهیل بکرێتن، زۆر قسە کرا، بۆیە من ئەوەی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ پرۆژەکە بە تەعدیلەوەو لەگەڵ هی کاك سەرداریش دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێچەوانەکەیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی حەق نییە لە دەربرینی بۆچوونەکان سەرۆکایەتی پشتیوانی لە بۆچوونێك بکاتن بە عەلەنی، بۆ ئەوەی تەئسیر لە ئەندامان بکات و سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن پشتگیریم نەکرد عەرز بوو، ئەوە سەرۆکایەتیش حەقی هەیە رەئی خۆی بدات، وەکو ئەندامێك رەئی خۆی دەدات لە شەرحەکەدا، حەقی ئێوەشم نەخوارد گوتم ئەوانەی ئەوها دەڵێن ئەوە یاخی بووە لە قانون نابێت شمولی بکاتن، بەلاَم ئێمەش ئەندامین، هەر یەك لە ئێوە رەئی خۆی داوە، بەس تەسەور نەبێتن لەبەر رەئی ئێمە، رەئی گۆڕاوە، خۆت شارەزای هەندێك جار قەناعەتیان پێ دەبێتن، چوار، پێنج جاریش رەئیمان داوە لە دەنگداندا رەئی ئێمە نەیخواردووە، لەبەر ئەوە نییە، کە ئێمە رەئیمان داوە خواردوویەتی، لەبەر ئەوەی مەنتیقەکەیان ئەو سێ لیژنەیە دیراسەتیان کردووەو مەنتیقیان بەقوەتتر بووە لە مەنتیقی هەندێك برادەر، بۆیە ئێمە دەمانەوێت تەساموحی بێت، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: ئەگەر سوودمەندی حوكمەكانی ئەم یاسایە، لە بەندكراوو، گیراوان تاوانێكیان ئەنجامدا لە ماوەی (3) ساڵ دوای ئازاد كردنیان و سزادران، لەلایەن دادگای تایبەتمەند بە بەند كردن بۆ ماوەیەك كەلە (3) ساڵ كەمتر نەبێت، ئەوا بڕیاری لێبوردنەكە، یان كەمكردنەوەكەی سزاكە پووچەڵ دەكرێتەوەو، تەواوی ئەو سزایەی كە لەسەری لاچووە، بەسەریدا جێ بەجێ دەكرێتەوە، ئەگەر ئەو كارەی ئەنجامی دابوو، تاوان بوو، ئەگەر كارەكەشی كەتن بوو، ئەوا نیوەی سزاكەی لەسەر جێ بەجێ دەكرێت، هەروەها بڕیاری ڕاگرتنی ڕێكارەكانی لەسەر پووچەڵ دەكرێتەوە، كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، پێی سوودمەند بووەو، دەست دەكرێتەوە بە ڕێكارەكانی یاسایی، لەو كێشەیەی كە لەسەری دەستگیر كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی تكایە بە عەرەبیەكە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: إذا عاد المستفيد من الموقوفين والمحكومين من أحكام هذا القانون خلال (ثلاث سنوات) من تاريخ أطلاق سراحه الى أرتكاب جريمة وعوقب من أجلها من قبل المحكمة المختصة بالحبس مدة لا تقل عن (3) ثلاث سنوات، يلغى قرار الأعفاء، أو التخفيض وينفذ بحقه كامل العقوبة الساقطة عنه إذا كان الفعل الذى أرتكبه جناية ونصف مدة العقوبة إذا كانت الجريمة جنحة.

كما يلغى قرار إيقاف الإجراءات الذي تمتع به بموجب أحكام هذا القانون وتستأنف الإجراءات بحقه في القضية التى أوقف فيها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ جینایەت و جونحەكە شەرح بكەن و مەنتیقەكەشتان شەرح كردووە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (25)ی قانونی عقوباتی عێراقی، كە بەركارە لە كوردستان تەحدیدی كردووەو تەعریفی جینایەی كردووە دەڵێت (الجناية/ هي الجريمة معاقب عليها بأحدى العقوبات التالية:

1- الاعدام.

2- السجن المؤبد.

3- السجن اكثر من خمس سنوات الى خمسة عشرة سنة.

ماددەی (26) لە قانونی عقوباتی عێراقی تەعریفی جونحەی كردووە، واتا كەتن دەڵێت (جنحة/ هي الجريمة معاقب عليها بأحدى العقوبتين التاليتين:

1- الحبس الشديد او البسيط اكثر من ثلاثة اشهر الى خمس سنوات.

2- الغرامة.

ماددەی (27) له قانونی عقوباتی عێراقی باسی موخالفەی دەكات دەڵێت (المخالفة/ هي الجريمة معاقب عليها بأحدى العقوبتين التاليتين:

1- الحبس البسيط لمدة (24) ساعة الى ثلاثة اشهر.

2- الغرامة التي لا تزيد مقدارها على ثلاثين ديناراً.

واتا ئەو تاوانبارانە ئەگەر هاتوو ماوەی سێ ساڵ پاش دەرچوونی ئەو قانونە، ئەگەر تاوانێكیان كرد، یان كەتنێكیان كرد، كە گوتمان تاوان جینائیە، كەتنیش جونحەیە، ئەوە محكەمە ئیجرائاتی قانونی دووبارە لەگەڵی دەكاتەوە بەو شەرتەی حوكمەكەی لە سێ ساڵ تێ نەپەڕێت و، قەراری ئیقافی ئیعفایەكە ئیلغا دەبێتن، هەروەها قەراری تەخفیزەكەش ئیلغا دەبێتەوە، بەنیسبەت ئەو كێشانەی كە ئیقافی ئیجرائاتی قانونیان لەگەڵ كراوە، ئەوانیش دووبارە دەگەڕێتەوە وەزعی خۆی، واتا عقوبەكە بەنیسبەت ئەو كەسانەی كە جەریمەیان كردووە سێ ساڵ حوكم دران، ئەوە عەفوەكە نامێنێت، تەخفیزەكەش نامێنێت، (وينفذ بحقه كامل العقوبة الساقطة عنه إذا كان الفعل الذى أرتكبه جناية)، واتا ئەگەر هاتوو جەریمەكەی تاوان بوو، ئەوە عقوبەكە بە كاملی دەگەڕێتەوە سەری، ئەگەر هاتوو جەریمەكەشی كەتن بوو، ئەوەی نیوەی عقوبەكەی دەگەڕێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە زۆر وازیحە، بەڵام منیش هەر تۆزێك تەوزیحی تر بدەم، یەعنی ئەوە ئەو كەسەی كە لێبوردنەكە شمولی دەكاتن، تەبیعی هەست بەوە نەكاتن گەڕاوەتە ژیانی تەبیعی خۆی بێ موڕاقەبە، بۆ ئەوەی جارێكی تر ئەو مێشكەی كە هەیەتی، ئەو ڕێگەیە نەگرێتە بەر، كە پێشتر كردوویەتی لە تاوان، ئینجا ئەو تاوانە لە چ مەرتەبەیەك بێتن، جینایەت بێت، یان جونحە بێتن، ئەگەر ئەو لێبوردنە گرتیەوەو جارێكی تر بە هەمان شێوە بە تاوانەكەی خۆی هەڵسا، لە لێبورنەكەش پەشیمان دەبینەوە، واتا حوكم درا بەپێی ئەو نەصەی كە هەیەتی، ئەگەر جەریمەیەكی تری كرد عقوبەكەی پێشوو كە عەفو كرا بوو لێی ئیلغا دەكرێتن، بۆ ئەوەیە ئەوانەی ئیستیفادە لەو قانونە دەكەن، باش بیر بكەنەوە ئەو ڕێگایەی پێشتر نەگرن، من پێم وایە زۆر وازیحە، ئەگەر كەسێك قسەی نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم:بۆ جێ بەجێ كردنی حوكمەكان ئەم بڕیارە، لیژنەیەك پێك دێت بە سەرۆكایەتی دادوەرێك لە پلەی دووەم كەمتر نەبێت كە وەزیری داد ڕایدەسپێرێ و نوێنەرێك لە هەریەك لە وەزارەتەكانی (ناوخۆ

و كارو كاروبارى كۆمەلآيەتى و مافى مرۆڤ)و نوێنەرێكى سەرۆكايەتى داواكارى گشتى بۆ بەدواداچوونى جىَ بەجىَ كردنى حوكمەكانى ئەم بڕيارە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك عەونى بە عەرەبيەكەى تكايە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: تشكل لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون لجنة برئاسة حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يتم تنسيبه من قبل وزير العدل وعضوية ممثلين عن كل من وزارات الداخلية والعمل والشؤون الإجتماعية وحقوق الأنسان وهيئة الاشراف العدلي ورئاسة الأدعاء العام لمتابعة تنفيذ أحكام هذا القانون وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەوە تازەيە كاك عەونى، ئەوەتان ئيزافە كردووە، بەس ئەوە تەناقوز نييە لەگەڵ قەرارى ليژنەيەك هەيە تەشكيل كراوەو ئيش دەكاتن، يەعنى دوو ئەندام پەرلەمانى تێدايە، جارێكى تر بيخوێنەوە بزانم نەصەكە چيە، ئەو فەقەرەكەى ئەخير بخوێنەوە، بزانم چيە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

دەرگاى موناقەشە دەكەمەوە، كىَ دەيەوێت قسەى بكات لەسەر ئەو مەوزوعە، كاك محەمەد حەكيم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بە حەقيقەت ئێمە دوو كێشەمان هەيە، كێشەى مەحكومين و كێشەى مەحجوزين، كێشەى مەحكومين ئەو قانونە رێژەيەكى چارەسەر دەكات، رێژەيەك لە خەڵك ئەو عەفوەيان بە بەر دەكەوێت، شتێكى چاكەو دەستكەوتێكى چاكە بۆ پەرلەمانيش، دەمێنێتەوە كێشەى مەحجوزين، ئەوانەى سىَ چوار ساڵە گيراون و حاكم نەيبينيون، هێشتا مەلەف و شتيان نەخراوەتە بەردەم حاكم، من لە جەنابيشتم پرسى، فەرمووت ليژنەيەك هەيە، پێمان خۆشە روونكردنەوەيەك هەبێت، كە ئەو ليژنەيە چۆنە، چونكە ئەوە ماوەيەكى زۆرە ئەو مەسەلەيە دراوەتە پەرلەمان و ليژنەى مافى مرۆڤ و، من بە حەقيقەت لەم رۆژانە نامەيەكم بۆ

هات له لایەن گیراوێکەوە، کە سێ ساڵە گیراوە، نووسی بووی کاك محەمەد خۆزگەم خواستووە کە قاتیل بوومایەو کەسوکارم سوڵحیان بۆم بکردایە بەو قانونی عەفوە دەردەکرام، بەلاّم من سێ ساڵە هیچ تاوانێك لە خۆم شك نابەم، تاکو ئێستاش حاکمیش نەیبینیوم، ئەمە بۆ ئەوەی کەس لە قسەکانم غەڵەت حاڵی نەبێت، ئێمە دیفاع لە خەڵکی قاتیل و تاوانبار و ئیرهابی و تیرۆریست ناکەین، ئێمە دژی تیرۆرین و، دژی تێکدانی ئەمنیەتی کوردستانین، سوپاسی هەموو دەزگاکان دەکەین، کە ئەمنیەتی کوردستانیان پاراستووە، بەلاّم لەڕاستیدا حەقە پەرلەمان قسەی لەوەدا هەبێت، کە ئەو مەلەفە روون بێتەوە، کە تاوانبار و بێ تاوان لەو صنفە خەڵکەی کە گیراوە دەرکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەڵکانێك هەن ئێستا نەوەت رۆژ ماوە دەربچێتن و عقوبەکەی خۆی خواردووە، نەوەت رۆژی تر ئینتیزار بکاتن تا دەرچێتن، حەسب ئەو فەقەرەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەوقوفین دەڵێتن حوکم نەدراون، ئەوەی حوکم دراوە شمولی ناکاتن، مەقصەدی ئەوە نییە، مەقصەدی ئەو لیژنەیە ئەوە نییە، ئەو کەسانەی کە حوکمیان لەسەر دراوەو حوکمەکەی بەسەر دەبەن، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو فەقەرەیە کارێکی دروستە، لیژنەی یاسایی دەستیان خۆش بێت ئیشکێکی باشیان کردووە، بۆ ئەوەی قەزایەی ئەو مەوقوفانەش حەڵ بکرێت، بەلاّم وەکو لە جەلسەی پێشووش باسمان کرد، بە تەنیا لە سلێمانی کۆمەڵێکمان هەیە لەو مەحکومانەی کە ماونەتەوە، هیچ مەشمول نابن بەو قەراری عەفوە، ئەوانەی وەختی خۆی عقوبەیان ئیعدام بووینە بە قەراری 127 لە 2003/10/1 بۆتە سجنی موئەبەد، من پێم باشە، ئەو لیژنەیەی کە هەڵدەستێت بە کاری ئەو موقوفانە، ئیشێکیش بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکە بکات لە زیندانی سلێمانی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە جەلسەی پێشوو باس کرا، داوا لە لیژنەی یاساش کرا صیاغە تەقدیم بکات، لە کۆتاییدا صیاغەتێك حازر کراوە، چونکە موناقەشەی لەسەر کرا، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی دەكەم دەربارەی كەسێك كە موتەهەمەو دەگیرێت، حیجز دەكرێت، ئەو فەترە قانونیە چەندە، تا كەسێكی موتەهەم ماوەیەكی زەمەنی دەمێنێتەوە، تا دوا جار حوكمی بەسەردا دەدرێت، ئایا مانگێكە، ساڵێكە، دوو ساڵە، سێ ساڵە، چوار ساڵە، دوایی هەر بە مەحجوزی دەمێنێتەوەو دواتر دەردەكەوێت كە موتەهەم نییە بە تاوانەی كە پێی كراوە، لە رووی قانونیەوە ئەوەی دەڵێت قەرەبووی دەكرێتەوە، ئەوە حوكمی چۆنە و پرسیارەكەم ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

با ئێمە جیاوازیەكی بكەین لەنێوان مەحكوم و مەوقوف و مەحجوز، مەحكوم ئەو كەسانەیە كە حوكم دراون لە محكەمەی قەراری لەسەر دەرچووە، مەوقوف ئەو كەسانەنە كە كێشەیان لەبەردەم دادگایە، بەڵام تەواو نەبووە، مەحجوز قەرارێكی ئیدارییە، عیلاقەی بە محكەمەوە نییە، هیچ تەعبیرێكی قانونی نییە، حیجر ئەشخاصی مەحجوزین، مەحجوز ئیدارییە عیلاقەی بە موحاكمەوە نییە، مەحاكم یان مەحكومە، یان مەوقوفە، ئەوە یەك. بەنیسبەت ماوەی ناحیەی قانونی سەقفی زەمەنی بۆ حەسمی قەزایەكان شەش مانگە لە مەرحەلەی تەحقیق، واتا هەر كێشەیەك تاخیر بوو لەو شەش مانگەی ئیحالەی محكەمەی جینایاتی مەنتیقە دەكرێت، محكەمەی جینایات هەیئەكە لە رەئیسی محكەمەو دوو ئەندامی تێدایە، ئەوانە تەماشای كێشەكە دەكەن، بزانن عەجەبە ئەو كێشەیە بۆ تاخیر بووە، بۆ حەسم نەبووە، چونكە مەفروزە لەو ماوەیە هەر كێشەیەك محكەمەی تەحقیق تەحقیقی لەسەر دەكات، ئەو كەسانەی كە تاوانێكیان لەسەر نییە، ئەوە محكەمەی تەحقیق خۆی سەلاحیەتی هەیە ئیفراجیان بكات، بەرەڵایان بكات، بەڵام ئەگەر هاتوو دەلیلیان هەبوو، دەبێت ئیحالەی محكەمەی موختەس بكرێت، محكەمە قەراری لەسەر دەدات عەجەبە حوكمی دەدات ئەگەر تاوانی كردووە، كەتنی كردووە، یان هیچی لەسەر نەبوو، ئەو وەختی لە محكەمە ئیفراجی لەسەر دەدرێت، گرنگ ئەوەیە لە ناحیەی قانونی شەش مانگە، نابێت لەو ماوەیە تەجاوز بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشێك لە قسەكانی من كاك محەمەد حەكیم كردی، بەشەكەی تر پێویستە لەڕاستیدا ئێمە شتێك بكەین لە شەڕی ناوخۆ كۆمەڵێك خەڵك بزرە، خەڵك وا دەزانێت تاكو ئێستا زیندانی كراوە، لە زیمنی مەفقودین

حیسابە، یان محجوزین، حەقە بەڕاستی ئەو لیژنەیەی کە پێك دێتن چارەنووسی ئەوانەش دیاری بکاتن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە چی تر لە چاوەڕوانی نەمێنێتەوە، ئەگەر ماون خەڵکێك چاوەڕێ دەکاتن، کە بە بەر ئەو لێبوردنە بکەوێتن، ئەگەر نەشماون چارەنووسیان دیاری بکرێتن لەو مەسەلەیە، ئەوە یەك.

خاڵێکی تر/ بەنیسبەت ئەو نەوەت ڕۆژە، بکرێت بە (60) ڕۆژ، چونکە (90) ڕۆژ زۆر زۆرە، یەعنی قانونەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بۆ ماوەی سێ مانگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە، یەك/ یەعنی ئەمانە بەس ئەوانە دەگرێتەوە کە مەوقوفن، بەڵام ئایا ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئاسایش حیجزن، چونکە زۆر خەڵکێك پەیوەندی کردووە، ئەوانەش دەڵێن ماوەیەکە لەوێن، ئەوانیش پرسیاریان هەیە، بەر دەکەون، یان بەر ناکەون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەئکید کە گوتت موقوف هەمووی دەگرێتەوە، تەحصیل حاصلە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس قسەی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەوە بکرێت بە دوو بڕگە، بڕگەیەك/ بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك، هەروا بکرێت لیژنەیەك وا پێك بهێنرێت لە رووی تەکنیکیەوە ڕەنگە باشتر بێت، لیژنەی دووەم ئەرکی لیژنەکە دیاری بکرێت، ئەوە پێشنیاری یەکەم. سەبارەت بەوەش من تەئیدی ماددەکە دەکەم، بەڵام لە جیاتی (الاسراع في انجاز معاملاتهم)، لە جیاتی ئیسراع بێت جێ بەجێ کردنی موعامەلاتی لە ماوەی سێ مانگدا، واتا لە ماوەی سێ مانگ کێشەی هەموو ئەوانە جێ بەجێ بکرێت، نەك ئیسراع، ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە خۆمان دەزانین لە کوردستان کاك عەونی ئێستا روونکردنەوەیەکیدا ماوەی مەوقوف شەش مانگە لە کوردستاندا بەپێی قانون، بەڵام بەڕاستی پێشێلکارییەکی زەقاو زەق هەیە، خەڵك هەیە سێ ساڵە زیندانە تاکو ئێستا حوکم نەدراوە، خەڵکیش هەیە محکەمە بڕیاری ئازاد کردنی دایە، بەڵام ئاسایش تاکو ئێستا هێشتۆتیەوە، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلانەمان لەبەرچاو بێت، پێویستە لە ماوەی سێ مانگدا کێشەکانیان نەك ئیسراع بکرێت، هەمووی یەکلا بکرێتەوە، من حەز دەکەم ئەوە تۆزێك ڕێکتر بخرێتەوە،

ئەو مەسەلەیەمان لەبەر چاو بێت، بۆ ئەوەی چی تر پێشیلکاری ئەو یاسایانەی کە لێرە دەکرێتن نەمێنێت، بەلایەنی کەم ئەوەی کە کراوە لێرە کۆتایی پێ بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی گیراوە دەبێت بەگوێرەی قانونی ئوصولی موحاکەمات بە شەش مانگ یەکلا بکرێتەوە، یان ئازاد بکرێت، یان حوکم بدرێت، بەداخەوە کە ئێمە سەردانی چاکسازیەکانمان کرد، هەبوو سێ ساڵ و سێ مانگ لەوێ بوو، بەڕاستی ئەوەش پێشێلّ کردنی مافی مرۆڤ و یاساشە، دەبێت ئەوە نەهێڵدرێت و لە ئایندەدا لە شەش مانگ زیاتر نابێت هەر گیراوێك بمێنێتەوە لە زیندان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیزافەی بۆ کاک محەمەد حەکیم و کاک ئارێز و کاک تاریقش داوا لەو لیژنەیە بکرێت، کە قەزیەی مەحجوزینیش فایلەکانیان بنێردرێن بۆ مەحکەمە.

دوو/ ئەو سێ مانگە کەم نییە بۆ موداوەلە کردن و سەیر کردنی ئەو هەموو فایلانەی مەوقیفین سێ مانگ کەم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەك ئەندامێکی لیژنەی قانونی هاوکارم لەگەڵ هاورێکانمدا، بەڕاستی من موتەفیقم لەگەڵیان، بەڵام ئەو بڕگەیە بە قەناعەتی من جیا بکرێتەوە باشترە، وەك پێشنیارێك، چونکە مەسەلەی مەوقوف بەجددی لەناو سەحافەی کوردستاندا بۆتە مەسەلەیەکی بەرچاو و ئیسارەیەکی گەورە دروست دەکات، ئیحتیمالە وا پێویست بکات ئەوەی کاک ئارێز فەرمووی، بەڕاستی پێشنیارێکی مەعقول، یەعنی ئەرکەکان بکرێتە دوو بەشەوە، هی مەوقوف جیا بکرێتەوە باشترەو ئیسراعێکی لێ بکرێت هەر ئەوەندەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەوەی لیژنەی قانونی ئیزافەیان کردووە، من بە زیادی دەبینم، چونکە لیژنەیەك تەشکیل کراوە لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە نوێنەری پەرلەمانی تیایە، نوێنەرانی حکومەتی تیایەو نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێمی تیایە، بۆ بەدواداچوونی کێشەکان یەك بە یەك و عەفوێکی گشتی پێ دەربچێت.

بەنیسبەت ئەم بڕیارەی کە لێرە دەدرێت، مەحکەمە مولزەمە جێ بەجێی دەکات، ئەمە ئیشی مودەعی عام و تەحقیقە، ئیشی ئەوە نییە لیژنەیەك بڕوات و بەدوایاندا بگەڕێت، بۆیە ئەمە بۆ قەزا لێ بگەڕێن و جێ بەجێی بڕیارەکە بکەن، تەشکیل بوونی لیژنەی تر زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید** خضر (زانا):

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لە عێراقدا هەمووی لە حاڵەتێکی نائاساییدا دەژین، جگە لە هەرێمی کوردستان نەبێت، مانگانەش پەرلەمانی عێراق دادەنیشێت و باری نائاسایی نوێ دەکاتەوە، هەموو جاریش دەڵێت جگە لە هەرێمی کوردستان، ئێستاش فەراغێکی قانونی هەیەو حاڵەتێك هەیە پێشێلکاری یاسایە، ئێمەش وەکو دەزگایەکی یاسادانەر لە پەرلەمانی کوردستاندا، حەقی خۆمانە لێی بپرسینەوە بزانین لە کوێ پێشێلی یاسا هەیە، بەڵام ئایا ئێمە چ وەزیرێك بانگ بکەین لێرە موسائەلەی بکەین لە مەوزوعی مەقوفین و محتەجزین لێ بپێچینەوە، دەزگایەك نییە تاکو ئێستا دەزگایەکی غامیزە لەبەرچاومان، بۆیە کێشەی مەوقوفین و مەحجوزین کێشەیەکی حەقیقیە، گەیشتۆتە سەحافەی عالەمی باسی کراوە، هەموو رۆژێك بەر دەرگامان لێ دەگیرێت لە لایەن کەسوکاری ئەو گیراوانەوە، ئەمڕۆش فورسەتێکە لە زیمنی ئەو قانونە چارەسەرێك بکەین، هەر ئەو قانونە ئێمە پێنج، شەش مانگە تەقدیمان کردووە، بە چ حاڵ تا گەیشتە خوێندەوەو موناقەشە، ئێستا هەر مەشروعێکی تر دەست پێ بکەین لەوانەیە شەش مانگی تری پێ بچێت، بۆیە لەو قانونە ئێمە هەڵدەستین تاوانباران عەفو دەکەین، ئەوانەی کە مەحکەمە بە تاوانباری داناون، ئەی کەسانێك مەشتەبەهن، کە بە تەقریرێکی درۆ، بە غەرەز شەخسی، بە هەر بابەتێك بێت حیجز کراون، من قائیمەیەکم لە لایە لە لیژنەی مافی مرۆڤ زیاتر لە (158) ناوە کە سکاڵایان بە ئێمە گەیشتووە، لە ساڵی 2000ەوە مەوقوفن، (2001 – 2002... تا 2006)ی تێدایە، پێنج ساڵ و شەش ساڵ و حەوت ساڵی تێدایە، حاکم نەیبینیون، واتا دادگا نەکراون، قائیمەیەکی مەوقوفینم لە لایە کە سکاڵایان هێناوتە لای ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ، پازدە کەسن بەس ئەوانەی کە سکاڵایان بە ئێمە گەیشتووە، بۆیە من داوا دەکەم وشەی مەحجوزینیش زیاد بکرێت، نەوەکو تەئویلێك بکرێت مەوقوفین نەیانگرێتەوە، مەحجوزینیش بە ئەسبابی ئیداری حیجز کراون بیانگرێتەوە، ئەمەش فورسەتێکی باش و بە

دەستكەوتێكی بۆ پەرلەمانی كوردستان، ئەندامانی پەرلەمان لەو مەوزوعەدا حەقی خۆیانە داوا بكەن، داواكارم ئەو فەقەرەیە وەكو خۆی تەسبیت بكرێت، ئەگەر وشەی مەحجوزینیش زیاد بكرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم داوات نەكرد بوو قسە بكەیت، موخالیفی لیژنەی قانونی، فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو بڕگەیەی كە هاتووە، ئەو ماددەیەی كە هاتووە، ئەو لیژنەیە لە جێی خۆیەتی كە دروست كراوە، بۆ ئەوەی مەسەلەی مەوقوفەكان و گیراوەكان یەكلا بكاتەوە، ئەوەی بەڵگەی لەسەرە بدرێتە دادگا، ئەوەی بەڵگەی لەسەر نییە بەرەڵا بكرێتن، بەپێی یاساكان، ئیتر باسی موقوفین نییەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا من حەقم نییە قسەی بكەم، ئێستا تۆ خۆت دیفاع دەكەیت لە رەئی لیژنەی قانونی، منیش رەئی خۆم دەڵێم ئەگەر ئیجازە هەبێتن، جارێ دوو شت هەیە یەكێكیان ئەوەیە، ئێمە دەمانەوێت مەوقیف تەسجیل بكەین، یان دەمانەوێت كێشە چارەسەر بكەین، ئەگەر مەوقیف تەسجیل كردن بێت، حەز دەكەیت ئەو قەرارە دەكەینە ئینشا دەیدەنێ، تەماشای نەصەكەی بكەین، ئایا ئەو نەصە، ئەو لیژنەیە دەتوانێت چارەسەری كێشەی ئەو زیندانیانە بكات، حاكمێك دەتوانێتن، ئەم كێشەیە ئیمتیداداتی هەیە، یەكەم ئیمتیداداتی تۆزێكی شەڕی ناوخۆیە، دووەم ئیمتیداداتی ئەوانەی موتەهەمن بە ئیرهاب، زۆر كەس هەیە موتەهەمە بە ئیرهاب نەدراونەتە محكەمە، زۆر مەسائیلیش هەیە پەیوەندی بەوەدا هەیە، هەموو جار عەرزی جەنابتان دەكەم، دەسەڵاتی یاسا بەشێوەیەكی رێك و پێك جێ بەجێ ناكرێتن، ئێمە لە لایەكەوە لیژنەیەكمان داناوە لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە پێشنیار كراوە ئەو لیژنەیە، چونكە ئەو حاڵەتێكی تایبەتە، ئەو حاڵەتە تایبەتە ئەگەر بە قوەتێكی تەواو نەبێتن چارەسەر ناكرێتن، ئێمە دەبێت واقیعی بین، هێشتا دامودەزگاكانی ئاسایش و ئەمنیەت تەوحید نەكراون، هێشتا دەسەڵاتی یاسا نەگەیشتۆتە هەموو شوێنێك، من لەگەڵتانم زۆر كەس هەیە لە زیندانە حاكمیش ئەمری كردووە بەربێتن بەپێی قەزیەكەی، بەڵام ئاسایش گرتوویەتی، ئەمە دەبێت چارەسەر بكرێتن، لەگەڵ رێزم بۆ حاكمیش ئەو لیژنەیەی كە ئێستا ئاماژەی پێ دەكەن زەعیفترە، بەداخەوە كە زەعیفترە لەو لیژنەیەی كە پێكهاتووە، ئەو لیژنەیەی كە پێكهاتووە دائیمەن كۆمەڵێك فایلاتیان لەلایەو كۆیان كردۆتەوە، ئەو ناوانەی كە كاك زانا ئیشارەتی پێدا هەمووی لە لای ئەو لیژنەیە، لەگەڵ سەرۆكی لیژنەكەو لەگەڵ ئەندامانی لیژنەكە لە پەیوەندیدام، جگە لەوەی كە مەسئولیەتی ئێمەیە، كە واجیبی سەرشانی ئێمەشە، پێم وایە ئەو ژنانەی كە هاتنە بەردەم پەرلەمان داوای نەتیجە دەكەن، داوای ئەوە ناكەن من لێرە قەرارێك دەردەكەم، بڵێم كاكە قەرارێكم وەرگرتووە، بڵێن ئافەرین زۆرباشەو بچێتەماڵی خۆی و هەر كەسێك لە ئێمە ئیشی پەرلەمانی خۆی بكات،

گرنگ ئەوەیە ئێمە بگەینە نەتیجە، ئەو حاڵەتانەی لەناو زیندانیەکانـدا هەیـە ناعەدالـەتی هەیـە و یـەکلا نەکراونەتەوە، یەکلا بکرێتەوە، بۆیە من پێم باشە فورسـەتێك بدرێتـە ئـەو لیژنەیـەی کـە دانـراوەو ئـیش دەکات، ئێمە ئەو نەصە دابنێین لەو هینە، ئەو لیژنەیە ئیشەکەی بەڕاسـتی بـەڕێك و پێکـی رەنگـە خۆیـان حەل بکەن، بڵێن مادام ئێمە ئیشەکەتان حەل کردووە ئێمە عیلاقـەمان نییـە فـەرموو بـڕۆن، ئینجا بزانـیّ چـەند رۆتـینی وەردەگرێـت، بـا فورسـەتێك بدەینـە ئـەو لیژنەیـە، پـێم وایـە لیژنەیـەکی جددییـە، ئەگـەر ماوەیەکی تـر دیـاری کـراو جوابیـان نـەبوو، کـەم تەرخـەم بـوون بـە دڵـی ئێـوە نـەبوون، ئـەوە دە ئەنـدامی پەرلـەمان دەتـوانن داوا بکـەن بـە قـەرارێك وەکـو ئێـستا هینتـان کـردووە داخیلـی دەکـەین و دەکەینـە قەرارێکیش، نازانم جا رەئی کۆتایی رەئی خۆتان دەبێتن، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت ئیشارەتتدا بۆ حاڵەتێك، ئەوە من دەتوانم بڵێم ئـەو حاڵەتانـە سیاسـی تەفسیر دەکـرێتن زیـاتر لـە قانونی، چونکە ئێمە لێرە باسی ئەوە دەکـەین کـە زیـاتر سـەلاحیەت بدرێتـە ئـەو لیژنەیـە (لمتابعـة قضـایا جمیع الموقوفین فی اقلیم کوردستان بغیة الاسراع فی انجاز معاملاتهم و قضایاهم علی أن تنجز أعمالها خـلال مدة أقصاها تسعین یوماً من تأریخ صدور هذا القانون و بانتهائها تعتبر اللجنـة منحلة)، ئـەوە مەبەسـتمان لێـرە ئەوەیـە ئـەو کێشـانە حاڵـەتێکی عامـە و مەکشوفە، یـەعنی مـەوقوف هەنـە و زۆرە دەزانـین کێیـە مەوقوفـەکان، لـە مەوقوفـەکانی هـەولێر و سـلێمانی و دهـۆك، کـە چووین زیارەتمـان کـردن ناوەکانیشـیان مەعلومە، ئێمە مەبەستمان ئەوانەیە، نەك ئەو کەسانەی دیار نینە نازانین کێنە، ئەو لیژنەیـە دانـراوە کـە جـەنابت ئیشـارەتت پێـدا بـە ئـەمری سـەرۆکی هـەرێم، ئـەوە عیلاقـەی بـەوە نییـە، ئێمـەش موعالەجـەی حاڵەتێکی عام دەکەین، هی ئەوان خاصە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتـەن بـۆ ئـەو قسانەی کە کاك عـەونی ئیشارەتی پێدا، بەڕاسـتی زۆر باسـی ئـەوە کـرا کـە هەنـدێك مـەوقوفین هەیـە سـاڵێك بەسـەریان تێپـەڕیووە، یـان سـاڵێك و نیـو بەسـەریاندا تێپـەڕیووە، لیژنـەی پەیوەندیداری پەرلەمان کە سەردانی زیندانیان کرد، ئەو حاڵەتانە هەبوون، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر نەبوو، پاش ئـەوەی ئێمـە لێکۆڵینـەوەمان کـرد لەگەڵیان بەڕاستی، هەنـدێکیان تـەجاوزی سـەقفی زەمـنی تێدابوو شـەش مانگەکـە، لـە حاکمـەکانمان پرسـی، لـە ئـیدیعای عامـان پرسـی، گوتیـان مەسـەلەن گیرۆگرفتـەکانمان ئەوەیـە شـاهێد حـازر نـەبووە، شـاهێد لـە دەرەوەی عێراقـە، بەڵگـەکان تـەواو نییـە، بـە قـەراری ریئاسـەی مەحکەمەی جینایات کە دەسەڵاتی هەیە دەتوانێت تەمدیدی ئەو سەقفە زەمنیە بکاتن، بۆ ماوەیـەکی تـر،

یەعنی دەتوانێت ئەو سەقفە مەجالی بدرێتێ، هەتا بتوانرێت لە زمنی سەقفی قانونەکە خۆی ئەو موعامەلاتە ئینجاز بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان پرسیارێکتان لێ دەکەم، ئێستا دوو رەئی هەیە لەناو هیندا، رەئیەك هەیە دەڵێت ئەو فەقەرەیە زیادە، ئەوە ئەوەل جار بخەمە دەنگدانەوە، یان نەصی پێشنیاری ئێوە، لیژنەی یاسایی موسیرە لەسەر پێشنیاری خۆی، لەگەڵ هەندێك برادەر پێشنیاریان کرد و قسەیان کرد گوتیان ئەو فەقەرەیە زیادە نەمێنێتن، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو فەقەرەی ئەخیر تەشکیل کردنی ئەو لیژنەیە بەدواداچوونی ئەو قەزایانە دابنرێتن، یەعنی لە نەصەکەدا نەمێنێت و لابدرێت خیلاف لیژنەی قانونیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، تێ نەگەیشتن، ئەوەی داوا دەکات ئەو فەقەرەیەی دوایی ئەو ماددەیە کە خوێندرایەوە کە دەڵێتن (وکذلك متابعة.......) ئەو لیژنەیەی کە دادەنرێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو قانونە، موتابەعەی هەموو قەزایەی مەوقوفین بکاتن، کاك عەونی بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەعنی تێ نەگەیشتوون، کاك زانا نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی قانونی دەبێت یەکەم جار بدرێتە دەنگدانەوە، نەك ئەسڵەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە بۆ پرۆژەیە، جارێکی تر دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی قانونییە بەهەموویەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس،؟ کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە،؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، من زۆر پێم خۆشە کە قبول کرا، بۆ ئەوەی رەدی کاك کەریم بدەمەوە، رەئی من چی بوو، عکسی هینەکەش بوو، لەبەر ئەوەی جارێکی تر رەخنەم لێ مەگرە.

**بەڕێز ئاریز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەوە قەبول کرا، بەس ئێمە پێشتر لەسەر ئەوە بوو زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان داوای گۆڕانکاریان کرد، کەچی هەموو رەئیەکانی ئێمە بەلاش چوو هەروەکو خۆی مایەوە، ئەو گفتوگۆیە ئاخری هەر هاتینەوە سەر ئەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گۆڕانكاریەكە دوو كەس، سێ كەس ئیجماعی لەسەر نەبوو، بۆیە نەخرا دەنگدانەوە، لیژنەی قانونی بەكۆی دەنگەوە هین كرا، تكایە ماددەی دوازە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم: زیان لێكەوتوو، لەو تاوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە، بۆی هەیە، ئەگەر مافی پێشێل كرابوو لە بەردەم دادگا شارستانیەكاندا داوای قەرەبووكردنەوە بكات.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: للمتضرر من الجريمة المشمولة بأحكام هذا القانون حق المطالبة بالتعويض أمام المحاكم المدنية أن كان له مقتضى.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ تەوزیحی برادەران، حقووقی مودەعی بە حەقی مەدەنی، یاخود حقووقی شەخسی بەو فەقەرەیە پارێزراوە، مەسەلەن ئەگەر هاتوو یەكێك بە حادیسەی سەیارە، سەیارەكەی زەرەری هێنا، ئەوە ئیعتیادی دەتوانێت هەتا ئەگەر عەفوش بیگرێتەوە لە مەحاكمی مەدەنی شكایەت بكاتن تەعویزی خۆی وەربگرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم تۆ لە لیژنەی قانونی رەئی خۆت تەرح كرد، كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم بڕگەیەك زیاد بكرێت، ئەوانەی كە مەوقوفن لە شەش مانگ زیاتر دووساڵ، سێ ساڵ كە بەرائەت دەردەچن، هەقە حەقی ئەوەیان هەبێتن داوای حەقی تەعویز بكەن لە حكومەت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان من پرسیارێكم هەیە، باشە ئەوەی تەساڵوحی كردووە، غەیر تەنازولی كردووە لە حەقی خۆی، زۆر روون نییە، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هەمان رەئى جەنابتم هەبوو بۆ ئەو مەسەلەیە، بەڕاستی ئەگەر شتێك موسالەحەی تیا كرا بێت واتا تەنازول كراوە، خۆی عەفوەكە ئەساسەكەی موسالەحەیە، كە موسالەحە بێتن چۆن داوای حەقی شەخسی دەكاتن، دەبێت تەنازولی لە حەقی شەخسی كرد بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆر كەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

خاڵێك بەبیرم هات ئەو موسالەحەیە شتێكی ئیزافە بكەین، كە ئافرەت، ژن نەدرێت لە پێناوی ئەو سوڵحە، یەعنی ئەم خاڵە زۆر گرنگە، چونكە بەڕاستی زۆر دەیانكەنە زەحیە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك هیوا نوقتەی نیزام فەرموو.

**بەڕێز هيوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من بۆ ماددەی پێشوو ئیعتیرازم هەیە لەوەی جەنابت هەر بۆ ئەو بەشەی تەصویتت كرد كە چەند كەس رای لێیەتی، ئەوە یەك. دەبوایە بتكردایە چەند كەس رای لێ نییە،

دووەم/ بەڕاستی من مولاحەزەیەكم هەیە لە جەنابتان، رێزم هەیە بۆ بۆچوونەكان، بابەتێك هەیە پێنج پەرلەمانتار قسەی لەسەر دەكات، دەڵێت شتێك ئیزافە بكرێت، نایخەنە دەنگدانەوە قەزیەی موحتەجزین قسەی لەسەر كراوە، ئێمەی پەرلەمانتار جەماوەر پرسیارمان لێ دەكات، ئێوە دادەنیشن عەفوێك بۆ مەحكوم دەردەكەن، كەسێك موحتەجزەو چەند ساڵێك گیراوەو بە شەرمنی بەسەریاندا تێپەڕ دەبن، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم ئەو ماددەیە پیاچوونەوەی تیا بكرێت، چونكە رەئی ئەوانە وەرنەگیراوە، ئێمە ئێستا بچینە دەرەوە چی بەو خەڵكە بڵێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامیش نییە، پێشنیار ئەگەر رێگای قانونی نەبێت، چۆن بیدەینە دەنگدان، كێ لەسەر ئەو ماددەیە قسەی هەیە، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گولناز عزيز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەم روونكردنەوەیە، ئەگەر هاووڵاتیەك لە لایەن حكومەتەوە زیانی لێكەوت، دەتوانێت داوای تەعویز لە حكومەت بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەسڵی خۆی ئەو دەتوانێتن، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەساسی عەفوەكەمان موساڵەحەیە، یەعنی ئەمە تەناقوزە، بەڕاستی لێرە جارێكی تر داوای حەقی شەخسی بكاتەوە، لێرە مەرجمان داناوە دەڵێ ئەگەر موساڵەحەی تێدا بێت، ئەوجا عەفو دەیگرێتەوە، داوا كردنی حەقی شەخسی یەعنی موساڵەحە نەكراوە لە مەوزوعەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارەكەم زیاتر بەرامبەر لیژنەی یاساییە، لەسەر ماددەی دوازدە فەرەبووەكە زیاتر تەوزیحی پێ بدەن لە كێ داوا بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من نازانم بەپێی ئەو مولاحەزاتانەی كە درا لیژنەی یاسایی ئایا موسیرە لەسەر پێشنیارەكەی كە هەبێت، چونكە هەندێك برادەر مولاحەزەیاندا، كە ئەوە تەوناقوزە لەگەڵ موساڵەحەكە، كە موساڵەحەكت گوت ئەوە ناگرێتەوە، ئینجا ئەگەر موسیرن لەسەر پێشنیارەكەی خۆیان، ئەو رەئیەی كە درا لە پەرلەمان دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو كاك ئاخیر نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوانەی موساڵەحەی دەكەن، دەبێت پێش وەخت موساڵەحەكەیان لە پێش حاكم، دادگا تەصدیق كرا بێت، ئەوجا بە موساڵەحە حیساب دەكرێت، كەواتە تۆ نابێت لە لای دادگا جارێكی تر شكایەت بكەیەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە رەئیە، كاك فرسەت تەوزیحی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوڵح دائیمەن لەسەر عقوبە ناكرێت، عقوبە حەقی عامە، سوڵح لەسەر حەقی شەخسی دەكرێت، حەقی شەخسیش تەعویزە، مەبلغە، پارەیە، ئان لەسەر حقووقەكانی تر، وەكی سوڵح دەكرێت نەك لەسەر عقوبەیە، لەسەر مافی شەخسیە، تەعویزە، لێرە بە رەئی من موتەناقیزە لەگەڵ ئەو مەبدەئە، چونكە مەفروزە حەقی خۆی وەرگرتبێت، ئان وەرشی گرتبێت، ئێمە نە مەسئوولین، مادام لە لای دادگا ئیقراری

کردبێت، کو سوڵحی کریـە، زاهیری حاڵ وا دیـارە حـەقی خۆی وەرگرتـووە، ئەمـە دوایـێ دەربچێت وەری نەگرتووە، ئەمە مەسئوولیەتی ئەوە، مەسئوولیەتی قانون نییە بەڕاستی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لیژنەی قانونی پێدا بچنەوە، ئەگەر پێشنیاریان سەحب دەکەن پێمان بڵێن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تەناقوزی تێدا نییە ئەو ماددەیە لەگەڵ عمومی قانونەکەی، بۆ ئەو سەبەبانە:

یەك/ ئێمە لە ماددەیەکی باسی ئەوە دەکەین (تخفض مدة العقوبة في القضايا التي لم تتم فيها المصالحة)، ئەوە یەك.

دووەمین/ موخالەفە بەبێ شروت، ئەوە مەشمولە بەو قانونەی.

سێیەمین/ لـە نەصی ماددەکـە هـاتووە (ان كان لـه مقتضى)، مـادام ئـەو سـێ حاڵەتـە هەیـە، ئـەو مەجالـە تەناقوزەی تێدا نییە، ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتریش ئیشارەتم پێدا من لەو کۆبوونەوەیە حازر نەبووم، بەڵام من لێرە تەئیـدی وجهـەی نـەزەری کـاك فرسـەت دەکـەم، چـونکە ئەگـەر موسـاڵەحە نـەکرێتن، مەسـەلەن تـەعویز وەردەگیرێـتن، ئینجـا تەسـاڵوح دەکرێت، ئەوە تەحصیل حاصلە بـە قەناعـەتی مـن بەڕاسـتی، مـن تەئیـدی وجهـەی نـەزەری کـاك فرسـەت دەکەم، چونکە ئەو نەصە بەڕاستی لێرە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەکە نوقصانە بەڕاستی، چونکە ئەو کەسەی کە حـوکم دەدرێـت لەسـەر جەریمـە حـوکم دەدرێت، ئەمە یەك.

دووەم/ تۆ چ قەرەبووی دەکەیت، تاوانبار قەرەبوو دەکەیت، بۆیە دەبێت دوو نەوع بێت، یەکەم/ قەرەبووی مادی کە لیژنەی یاسا دەڵێن، ئەگەر سەیارە بوو، یان ماددە بوو، یـان قـەرەبووی جەسـتەیی، دەبێـت ئەوانـە مەعلوم بێت، جا ئەو کەسە قەرەبووی جەستەیی دەکرێت، یان قەرەبووی مادی دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، پێشنیارێك هەیە زۆربەی ئێوەو كاك فرسەت و كاك شێروانیش دەڵێن ئەو ماددەیەی تێدا نەبێتن، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ماددەكە لا دەبرێت، یەعنی ئەو ماددەیە هەمووی ئیلغا كرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم:

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بیكە ئەنجومەنی وەزیران، نەك سەرۆكایەتی، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە بیدایەتی موناقەشە كردنی ئەو یاسایە، پێشنیاریمان كرد بوو، جەنابیشت تەئكیدت كردەوە، كە ئەو یاسایە بۆ یەك جار دەردەچێت، ئێستا یاسایەكە تەواو بوو لە هیچ شوێنێك ئیشارەتمان پێ نەدا، وتیشت لە شوێنێك جێی دەكەینەوە، كە ئەو یاسایە بۆ یەك جارەو ئیستیمراریەتی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیشارەتی پێدراوە، كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ڕەئیم وایە لەو ماددەیە ئەوە ئیزافە بكرێت (سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە لە ماوەی (60) ڕۆژدا جێ بەجێ دەكەن)، ئاخر ئەوەی تر بۆ (90) ڕۆژەكە، كە ئیزافە كرا، كێشەی مەوقوفین لەو ماوەیەدا یەكلا بكرێتەوە، بەس ئەو یاسایە بە كراوەیی ماوەتەوە، یان ئەوەیە ماددەیەك لە پێش ئەو ماددەیە زیاد بكرێت، مەسەلەن بكرێتەوە ماددەی دوازدەیە، ماددەی یازدە هەبێتن بڵێ ئەو یاسایە تەنها بۆ ئەوەندە ڕۆژە كاری پێ دەكرێتن، (60) ڕۆژ، یان (90) ڕۆژ، پاش ئەوە كاری پێ ناكرێتن، چونكە ئێستا یاسایەكە كراوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی لەو شوێنەی كە دەڵێن سێ مانگیان ئەوە كامەیە، لە شوێنێكە ماددەی یازدە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تعتبر المصالحة بين اطراف الدعوى الواردة في المادتين الاولى والثالثة متحققة اذا:

اولاً: كان المشتكى أو المدعى بالحق الشخصي قد تصالح وتنازل عن حقوقه الشخصية في نفس الدعوى التى صدر فيها الحكم.

ثانياً: او تنازل عن حقوقه الشخصية بعد صدور الحكم امام القضاء او خلال ستين يوما من تاريخ صدور هذا القانون وتقرر المحكمة شمول المحكوم بالاعفاء واطلاق سراحه.

واتا لەو ماوەیە ئەگەر تەقدیم نەكرا، هیچ سوڵحەكە ناكرێت و عەفوەكەش نابێتن، ماددەی یازدەش هەروا بۆ لیژنە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە لە جێیەتی، كە دەڵێت دەبێت ئیشارەتێك هەبێتن، چونكە بۆ یەك جارە، بەڵێ كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە قەراراتی عەفومان موتابەعە كردووە، لە هیچ بەندێك لە قەرارەكە نەهاتووە بڵێ بۆ یەك جارە، چونكە ئێمە بەشێوەی قانون دەریدەكەین، قانونیش كە بڕگەكانی جێ بەجێ كرا، بەڕاستی مەفعولی نامێنێت لە زیمنی ئەو مودەیەی كە كاك عەونی ئیشارەتی پێدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو لیژنەیەی كە موتابەعەی مەوقوفین بكاتن، كە دەنگی بۆ درا، ئەو مودەكەی چەندە؟ ئینجا دەبێت قانونەكە بە عام (90) رۆژ بێت، كەواتە پێشنیارەكەی تۆیە (90) رۆژەكە لەو فەقەرەیەدا صیغەیەكی بۆ بدۆزنەوە، لە تاریخی ئیصدارەوە سێ مانگ، لە ماوەی سێ مانگەوە ئەو قانونە نافیزە، تكایە صیغەیەك بدۆزنەوە، با بزانین صیغەكە چیە؟ بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(تسري احكام هذا القانون على القضايا والوقائع السابقة من تاريخ اصداره ويعتبر نافذاً لمدة تسعين يوماً).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان پێشنیارەكەی كاك عەونیم هەبوو، بەڕاستی ئەو یاسایە دەبێت شمولی هەموو ئەو گیراوانە بكات پێش دەرچوونی ئەو یاسایە كە گیراون، بەڵام لە دوای دەرچوونی یاسایەكە، خۆ ئەو لێبوردنە بۆ ئەو كەسانەیە كە لەناو سجندان، بۆ ئەو خەڵكانە نییە كە هێشتا تاوانیان نەكردووە، ئەوە لە دوای دەرچوونی ئەو یاسایە ئەگەر تاوانی كرد حەقە هیچ شمولی نەكات، نەك سی رۆژ، ئەوە پرسیاری یەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، مولاحەزەیەك كاك فرسەت دای، مولاحەزەكەش زۆر قەییمە دەڵێت نابێت تەحدیدی (90) رۆژ بكەین، با كاك فرسەت تەوزیحی بكاتن.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو قەزایانە ئەوەی مەشمول بێت بەو قانونە، ئەوانەنە ئەوەی پێشی ئیصداری ئەو قانونە جەریمە كرا بێت، پێشی ئیصدار، ئینجا چ تەوقیف بێت، چ حوكم درا بێت، چ جەریمەی كرد بێت نەگیرا بێت تاكو ئێستا، مودەكە نابێت تەحدید بكرێت بە (90) رۆژ، دوور نینە تەحقیقی ئیزبارەیەك بزانین مەشمولە بەو قانونەی، یان نا، (وكتابنا وكتابكم) شەش مانگ دەكێشێتن، مانای وایە كابرا مەحروم دەبێت پاشی ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك كەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا دەبێت زۆر وازیح بێت، ئەوانەی كە بەیانی ئەو قەرارە دەرچوو دزی بكەن و زیندان دەكرێن و شمولیان ناكات، (90) رۆژ خەڵك بڕوات دزی بكات و بڵێ عەفو بم، زۆر موشكیلەیە، بۆیە دەبێت زۆر وازیح بێتن، كە شمولی داهاتوو ناكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە شمولی داهاتوو ناكاتن، ئێستا لەسەر مودەكە قسەی بكەین سێ مانگەكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشتریش هەر ئەو رەئیەم هەبوو، ئێستاش تەئیدی برای بەڕێزم كاك فرسەت دەكەین، عیبرە بەو جەریمانەیە كە پێشی قانونەكەیە، یەعنی ئینجا ئەوە بە دوو مانگ تەواو دەبێت، بە سێ مانگ تەواو

دەبێت، ئەو جەریمانە دەگرێتەوە کە پێشی قانونەکەیە، عیبرەت بە مودەکە نییە، بۆیە لە ئەکسەریەتی قانونی عەفوی عام قەتعەن مودەی تێدا نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلاّم هەندێك حالّەت هەیە لەناو قانونەکە تایبەتە وەقتی بۆ داناوەو پەلەی لێ بکەن و پشتگوێی نەخەن، ئەوە جیاوازە، بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، کاك رەشاد نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت ئیشی لیژنەکە مودەی لێرە بۆ دابنرێت، لەوانەیە ئەو لیژنەیە بە شەش مانگ تەشکیل نەکرێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکە دانراوە، ئەویتر (تسری احکام) بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تسري احكام هذا القانون على القضايا والوقائع السابقة من تاريخ اصداره).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو نەصە دەبێت بە پێچەوانەکەوە بێت، نەك بەو شێوەیە (تسري احكام هذا القانون على القضايا والوقائع السابقة من تاريخ اصداره)، دەبێت بڵێین (لا تسري احكام هذا القانون علىالجرائم الذي تتم...)، یەعنی لەمەودوا، یەعنی بۆ داهاتوو ئەوانەش شمولیان ناکات، نەك ئێمە رابردوو باس دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیەی نووسراوە باشترە کاك دلێر، صیغەیەکی قانونییە لە هەموو قەوانینەکاندا وا دەنووسرێت، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کردی دەربارەی موسالەحە، کە ژن نەدرێت لە سوڵح شتێکی باشە پێش ئەوەی یاسایەکە تەواو بێت بزانم لە کوێ موعالەجەی دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە ئێستا من باسی دەکەم، بەڕاستی کۆمەڵێك خەڵك لە سلێمانی سکاڵایەکەیان گەیاندۆتە لای ئێمە و کاك عومەریش باسی کرد، من بە تەلەفۆنیش لەگەڵ جەنابت باسم کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقاتەعەت دەکەم عەفوم دەکەیت، ئەوە نوقتەی نیزام نییە، چونکە وەڵامم داوەتەوە، هەیە ئێستا پێتان دەڵێم، ئێستا پێت دەڵێ، ئەوەلەن کاك زرار وەڵامم دایەوە، کاك عومەر کە قسەی کرد گوتم صیغەیەك هەیە، هێشتا قانونەکەمان تەواو نەکردووە، کە ماددەکانمان تەواو کرد، ئینجا دوو سێ پێشنیار هەیە، لیژنەی قانونی قسە دەکاتن، یەك لەوانە ئەوەیان هەیە، ئێمە ئێستا ئەو ماددەیە موناقەشە دەکەین کە دەڵێت (تسري احكام هذا القانون)، لەبەر ئەوە قسەکانم بڕی، تاوەکو لێمان تێك نەچێتەوە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە (تسري احكام هذا القانون)، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە کۆبوونەوەکەی پێشتر هەندێك مولاحەزات درا، هەندێك پێشنیار درا، هەندێکیان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا، وەکو ئەوەی دکتۆر دلێر کە تەقدیمی کرد، بەنیسبەت ئەربابی سەوابق، ئەوەی سۆزان خان تەقدیمی کرد بەنیسبەت (الجرائم المرتكبه بدافع غسل العار)، ئەوانە داخیل کران، بەڵام هەندێك مولاحەزات هەبوو بە حەقیقەت، هەندێك پێشنیار هەبوو داخیلی مەسەلەکان نەکرا، بۆ ئەوەی یاسایەکان بەشێوەیەکی رێك و پێك بێت و بەشێوەیەکی جوانتر دابڕێژێتەوەو، بەشێوەیەك بێت کە کەموکوڕی تێدا نەبێت بە حەقیقەت، ئێمە هەندێك مولاحەزاتمان هەیە روونی دەکەینەوە بە حەقیقەت بۆ ئێوەی بەڕێز، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزە، یەك لەوانە مەسەلەن ئێمە کە لە ماددەی یەك دەڵێین (المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة)، (المحكومون) بەشێوەیەکی موتلەق هاتووە، گەورەش دەگرێتەوە، بچووکیش دەگرێتەوە، ئیمکان هەیە (المحكومون النزلاء والمودعين) بکەین، (النزلاء) یەعنی گەورەکان، (المودعين)

یەعنی ئەحداس، یەعنی تەوزیحێکە بۆ قانونەکەی، ئەو وەختەی ئێمە ئەسڵەن پێویستیمان بە فەقەرە دوو نابێت، بەنیسبەت ئەحداس بەشێوەیەکی موتلەق هاتووە، ئەوە یەك.

خاڵی دوو/ بەنیسبەت تەخفیزی عقوبە، بەنیسبەت ئەو قەزایانەی کە موساڵەحەی تێدا نەکراوە، لێرە بەحەقیقەت کاك خورشیدیش ئیشارەتی پێدا لە جەلسەی پێشتر، منیش یاداشتێکم بۆ سەرۆکایەتی نووسی، باشە یەکێك جەریمەی قەتلی کرد بێت شمولی موساڵەحەی نییە، لە زیمنی ئیستیسنائات نییە، گەورەیە لە (30٪) تەخفیزی وەرگرتووە، بەلاَم حەدەسەکە یەکسەر بۆ ماڵێ، ئەوە بەڕاستی ئێمە کێشە بۆ خۆمان دروست دەکەین، رەنگە ئەو کەسەی کە موساڵەحەی تێدا نییە و دەچێتە دەرێ یەکسەر صاحێب قەزیەکەی دەیکوژێتەوە، واتا ئێمە چارەسەری مەسەلەکەمان نەکرد، بۆیە بە حقیقەت ئێمە لەگەڵ ئەوە داین دیسان لە فەقەرەیەکی تر هاتووە (المحكوم)، بەس تەنها ناوی (النزلاء) هاتووە، بەنیسبەت تەخفیزەکە، ئینجا یان لەوێ ئەگەر ئیمکان بێت جێی لەوێ بۆ بکەینەوە (النزلاء والمودعين)یش لەگەڵ بێت، یان دەبێت بە فەقەرەیەکی ئیزافی ئیزافەی بکەین.

پێشنیاری سێیەمیش ئەوە بوو، لێرە زۆر موناقەشەی ئەو کەسانە کرا، کە (48) کەس هەیە لە سلێمانی مەحکوم بوون (مدى الحياة)، ئەو (مدى الحياة)ش بەڕاستی قەرارێك بوو بریمەر لە سلێمانی تەنفیز کرا، لێرە تەنفیز نەکرا، ئێمە عقوبەی ئیعدامەمان بەنیسبەت ئەو جەریمانەی کە سوڵحی لەگەڵەو ئیستیسنایە ئەوە هیچ، بەنیسبەت ئەوی تر عقوبەی ئیعدامەمان کردە سجنی موئەبەد، حەق وایە ئەو بادیرە لە ئێمەوە بێت، ئەوەی کە بە حوکمی بریمەریش دراوە (مدى الحياة) ئیزافە بکرێت لە زیمنی ئەوە، بۆ ئەوەی ئەویش ببێتە موئەبەد، ئەوە یەکسان دەبێت لەگەڵ قەوانینی ئێمە، چ ئەوەی لێرە تەنفیز دەکرێت، چ ئەوەی لە سلێمانی دەبێتە مایەی ئەوەی کە (48) کەس مەسیریان مەعلوم بێت، ئایا وەزعیان لە چ دایە، بۆ هەتا ئێستا ئەو قانونە بەنیسبەت هی بریمەرەو لە سلێمانیش تەتبیق دەبێت، ئەو دوو سێ مولاحەزەیەمان هەیە، ئەگەر بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بە پەسندی دەزانن بخرێتە موناقەشەو دوا بڕیاری لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من سوپاسی لیژنەی قانونی دەکەم مولاحەزەکەیان زۆر قەییمە، بەحەقیقەت لە موناقەشە کردندا ئەو قسانە زۆر کرا، زۆر لە ئەندامان هەمان مولاحەزەیاندا لەسەر مەسەلەی ئەحداس و کە دەبێت شمول بە موساڵەحەو ئەوانە، دەنگ درا عەمەلیەن، لەبەر رۆشنایی قسەکاندا دەبوایە دەنگ بدرێتن، بۆ ئەوەی ئەحداسیش دەبێت موساڵەحەی تێدا بێت، بەلاَم لە نەصی مەحزەرەکە تەماشامان کرد، لەکاتی خوێندنەوەکە ئەوەیان نەگوتووە، باشترین شت بۆ چارەسەری ئەوە لە مادده یەکدا، بۆ ئەوەی هەم موناقەشە نەکەین و هەم دەرگا نەبێتن، چونکە ئیجرائاتێکی زۆری دەوێتن، لە ماددەی یەکەم ئەوەلەن کە نووسراوە (المحكومون) قەوسێك بکریتەوە (النزلاء والمودعون)، یەعنی ئەوانەی ئەحداسن و غەیری ئەحداسیش، فەقەرەی دووەم ئیلغا بکرێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوە پێشنیارە تازەی لیژنەی

یاسایيه دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، بەنیسبەت پێشنیاری دووەم ماددەیەكی تازە ئیزافە بكرێتن ئەوانەی كە حوكم دراون بە (مدى الحياة) بكرێت بە موئەبەد، حاڵەتەكەش وەكو باسیان كرد (48) كەسن، تەنیا لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی جێ بەجێ كراوە، حەقی ئەوەیە ئەوانیش مەرحەمەتی ئەو قەرارە بیانگرێتەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، هەردوو پێشنیارەكە قەبول كرا، كاك شێروان ئەو تەوزیحە بدە بەنیسبەت ماددەی یەك و ماددەی سێ دەنگمان لەسەر داوە، بەس بۆ ئەوەی لەمس نەبێتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە ئیلغا كردنی فەقەرە دوو لە مادده یەك، بە چاككردنی (المحكومون (النزلاء والمودعون)، ئەوە دەنگی لەسەردرا، ئەوە عیلاجی مەسەلەكەی كرد، بەڵام ئەوەی كە دووەمە دوو حاڵەت تەصویتی لەسەر كرا، ئەوەی سێیەمە بەو شكلەیە، بەنیسبەت كیبار هاتووە بەڕاستی دەڵێت (تخفض مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء)، یەعنی ئەحداس ناگرێتەوە (في دوائر الأصلاح الأجتماعي في أقليم كوردستان بنسبة 30٪ من مدة العقوبة الأصلية الصادرة بحقهم وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية في دائرة الأصلاح الإجتماعي لأغراض الإفراج الشرطي)، لێرە دەبێت عیلاجەكە بەو شكلە بكرێت، ئەوانیش مەشمول بن بە (30٪)یەكە وەكو كیبار، ئینجا یان بە فەقەرەیەكی ئیزافی، یان لێرە دەتوانێت (مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء والمودعين) ئیزافە بكەین، كامتان پێ پەسندە ئەوەی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە بەوەی چارەسەر دەكرێتن، دیسان دەڵێم مەحكومەكان (النزلاء والمودعون)، هەردووكی دەگرێتەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو قەوسە بكرێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، ئەو ئیزافەیەش بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی (مدى الحياة)ـەكان كە بووە موئەبەد نەخوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیار كراو دەنگیشی بۆ درا، بۆ صیاغەكە صیاغەی دەكاتن، كاك عەونی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام ومدى الحياة في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها امام القضاء الى السجن المؤبد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موسالەحەی تێدا نییە (تخفض الاحكام الصادرة بمدى الحياة الى السجن المؤبد)، ئەوە بەر نادرێتن، تەنیا ئەوەندەیە حوكمی (مدى الحياة) دەبێتە موئەبەد، مەدەلحەیاتەكە یەعنی قەت دەرناچێت، موئەبەدەكە بیست ساڵەكەیە، تكایە ماددەی سێزدە بە كوردیەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەركردنیەوەی جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هۆیە پێویستكارەكان**

لەبەر ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی لە سزاداندا چاكسازی تاوانكارەو راستكردنەوەی رەفتارێتی و ئەو بەندییانەی ئەم لێبوردنە دەیانگرێتەوە ماوەیەكی زۆریان لە دەستگا چاكسازیە كۆمەڵایەتیەكان بەسەر بردووە، بۆ ئەوەی هەلیان بۆ بڕەخسێت، بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ناو كۆمەڵگا، بە ئازادكردنیان یان

بەکەمکردنەوەی ماوەی بەندێتیان یان بە راگرتنی رێکاری یاسایی دەرحەق ئەوانەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییدانە و بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ماڵی کوردستانی و کارگێڕی لە هەرێمدا و بایەخدانی دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بەم بۆنە مێژووییە و بۆنەکانی نەوروز و ئادارو بۆ شادی خستنە ناو دڵی کەسوکاری بەندی و نەوجەوانانی ناو چاکسازیەکانی کە ئاشتەواییان کردووە، ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الأسباب الموجبة

بما أن الهدف الأساسى من العقوبة هو أصلاح الجانى وتقويم سلوكه ونظراً لأن المحكومين الذين يشملهم هذا العفو قد قضوا مدة معينة في مؤسسات الأصلاح الأجتماعي وبغية أعطاء الفرصة لأعادتهم الى المجتمع عن طريق أطلاق سراحهم أو تخفيض مدة محكومياتهم وإيقاف الإجراءات القانونية لمن هم في مرحلة التحقيق والمحاكمة وبمناسبة توحيد البيت الكوردستانى وأعياد نوروز وأذار وتقديراً لسلطات الأقليم لهذه المناسبة التاريخية ولبعث السرور في قلوب المتصالحين و ذوي المحكومين والمودعين من الأحداث فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر یەك جوملەی لێ لاببەن (بيت الكوردستان)یەکە لابدرێت، دەنگدان لەسەر هەموو پرۆژەکە دەکەم، نوقتەی نیزام فەرموو مامۆستا ئەنوەر.

**بەڕێز ملانور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەکانی پێشوو دەنگی لەسەر درا، ئێمە بەبێ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین و پێدابچینەوە، دەستمان لێدا لە ماددەی دووەم و سێیەم و ئەوانە، ئایا ئەوە پێویست ناکات، کە دەنگی لەسەر بدرێتەوە، بۆ ئەوەی بچینەوە سەری، یان ئەوها، ئەوە خاڵێك.

پرسیارێکی ترم هەیە پێش ئەوەی دەنگدان لەسەر ماددەکە بکرێت، چونکە باس لە باسی ئەوەیە ئەو پرۆژەیە باسی عەفوە، هیچ کۆمەڵگایەکیش بێ جەریمە نییە، هەموو کۆمەڵگایەك جەریمەی تێدایە، بەس جەریمەیەك هەیە، یاخود گرتنێك هەیە، یان حیجزێك هەیە، کە لە کۆمەڵگای دیموکراسی زۆر کەمترە، وەك لە کۆمەڵگای دیکتاتۆری، ئەو ئەندامە بەڕێزانە زۆر باسی حیجزی سیاسیان کرد بزر بوونە، تەقریبەن من (88) ناوم تەسلیم کرد، تاکو ئێستا بێ سەرو شوێنن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا نوقتەی نیزام نییە، فەرموو دانیشە، گوتم عەفوم بکە، ئەوەی یەکەمت مولاحەزەیەکی باش بوو، ئەوەی دووەمت نوقتەی نیزام نییە، کاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم مادام گوتمان صدوری ئەو قانونە، ئیتر پێویست ناکات باسی نەورۆز و باسی ئەوە بکەین، دەڵێین لە صدوری ئەم قانونەوە دەستی پێ دەکرێت، یەعنی بیدایەتمان بۆ داناوە، بیدایەتەکە ئەوە ناکات، ئەوە تازە بۆتە رابردوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نەبوو بە جوملەیەکی ئەوەندە ئەسبابی موجیبە ناگۆڕێتن، کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزن محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزام نییە، تەرحە لە جیاتی بلێین (بیت الکوردستان)ەکە، وەکو رێز لێنانێك بۆ یادی ئەنفالیش، ئێستا سوڵبی مەوزوعی ئەنفالە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە، فەرموو دانیشە، پرۆژەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پرۆژەکەیە وەکو قانون دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، پیرۆزە ئینشائەڵلا کارێکی باش دەبێتن، ئێستا پشوویەك دەدەین، بەلام بە مەزبوتی یەك چارەك زیاتر نەبێتن، دواتر وەزیری وەرزش و لاوان ئامادە دەبێتن، بۆ ئەوەی بڕگەی دووەم لە بەرنامەکەمان بخوێنینەوە.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان دەکەین بەخێر بێت سەرچاو، بڕگەی دووی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوانە، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیەکان دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، تکایە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێندرێتەوەو راپۆرتەکانی تریش دەخوێندرێتەوە، دوایێ خاڵ بەخاڵ موناقەشەی دەکەین، ئێمە دەبێت ئەو قانونەش تەواو بکەین.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش لە لایەن بەڕێز کاك کەریم بەحریەوە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەکەمان لە پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوانی کۆڵییەوە کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە ڕۆژی 2007/1/7 بۆمان هاتووە، ولەگەڵ وەزیری ڕاسپێردراو بەوەرگرتنی پۆستی وەزارەتە نوێکە کۆبووەوە ودوای وتوویژ و تاو تووکردنی، لیژنە ڕاپۆرتی خۆی وراسپاردەکانی لەگەڵ پێشنیازەکانی لە بارەی پرۆژەکەوە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزیر پیشکەش دەکات و ئەوەی لەم ڕاپۆرتە دا هاتووە دەربڕینی ڕای لیژنە بە تێکرای دەنگی ئەندامان و وەزیر بەم جۆرەی خوارەوەیە:-**

**لیژنەی یاسایی وەك سەرەتایەك پاڵپشتی پرۆژەی یاساکە دەکات، چونکە وەزارەتەکە لە نوێ دامەزراوە لە هەرێمداو پێشنیازدەکات دیباجەی بۆ دابڕێژرێ و ماددەکانی دەروازەیان بۆ دابنرێ و بڕگەکانی ڕێك بخرێن، هەندێ هەموارکردن و گۆڕانکارییان لەدارشتنی هەندێ لە بەندەکانی دا بکرێت کە لەمەولا لەم ڕاپۆرتەدا دەردەکەون.**

**یەکەم/ ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی یەکەمەوە هەیە کە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە، ئەوا لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات ورادەسپێرێ:-**

**1- دێری یەکەم لە پرۆژەکەدا بەجۆرێکی وا دابڕێژرێتەوە کە لەگەڵ شێوەی پەیڕەوکراو لەوپێناسە کردنانەی کە لەو یاسایانەی دەرچوون بگونجێت.**

**2- گۆڕینی زنجیرە ژمارەیی بۆ زنجیرەی نووسراو بۆ بڕگەکانی ماددەکە.**

**3- تەنیا زنجیرەکانی(6.3.2.1) بمێننەوە و بڕگەکانی دیکە لابدرێن لەگەڵ هێشتنەوەی یەك (بریکار) بۆ وەزارەت لە جیاتی دوو بریکار و بەناونیشانی بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان.**

**دووەم/ ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی دووەمی پرۆژەکەوە هەیە،ئەوا لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات: (3- هاو ئاهەنگی وهاریکاری لەگەڵ وەزارەتی لاوان ووەرزش لە حکومەتی فیدرالیدا بکرێت بەمەبەستی خزمەتکردنی بزووتنەوەی وەرزش ولاوان لە هەرێمی کوردستان وعیراقدا.**

**4-هاوئاهەنگی وهاریکاری لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستانی بکرێت لەپێناوی گەشەپێکردنی واقیعی وەرزشی لە کوردستانی عیراقدا.**

**2- هەموارکردنی زنجیرەی بڕگەکان بەپێی گۆڕانکاریەکان.**

**3- داڕشتنەوەی بڕگەی (3) لە پرۆژەکەدا بەم جۆرەی خوارەوە: (بنیات نانی مرۆڤ لە ڕووی جەستەیی وسایکۆلۆجی وپەروەردەیی وکۆمەڵایەتی وپیشەییەوە تاکو ببێتە ئەندامێکی شیاو لەکۆمەڵگادا کە بتوانێ بەرەنگاری بارگرانی ژیان ببێتەوە).**

**4- لا بردنی ڕستەی (بڵاوکردنەوەی بیر) لە بڕگەی (11) لە پرۆژەکە و دانانی ڕستەی (وبەهێزکردنی گیانی ئینتیما) لە شوێنیدا.**

5- دووباره داڕشتنەوەی بڕگەی (19) بەم شێوەیەی خوارەوە:
(ئاراستەکردنی پیشەکاری وەرزش بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ بۆ چوونەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بگونجێ لە پێناوی گەشە پێکردنی بزووتنەوەی وەرزشدا).
6- (4) بڕگەی نوێی تر بخرێنە دوای بڕگەی (25) لە پرۆژەکەو بە زنجیرەی (29.28.27.26) بن وبەم جۆری خوارەوە:
26- بڵاوکردنەوەی بەهای مرۆڤایەتی وگیانی کارکردنی بە کۆمەڵ لە ریزەکانی وەرزشوانان ولاواندا.
27- کارکردن لە پێناوی بیرۆکەی کاری خۆبەخشی لە لای وەرزشوان و لاواندا.
28- گەشەپێدان و دەستەبەرکردنی بوار لەبەردەم بەهرە زانستی و ڕۆشنبیری و هونەریەکانی لاوان، تاکو توێژێکی باوەڕ بەخۆی ڕۆشنبیری داهێنەر پەروەردە بکرێت.
29- کارکردن لەپێناو هێنانەکایەی بزووتنەوەیەکی هوشیار و زیندووی لاوان.
سێیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەکانی سێیەم و چوارەمی پرۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بخرێتە ناو ماددەی سێیەم و لە ژێر ناونیشانی پێکهاتەکانی وەزارەت بنووسرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێ:
پێکهاتەکانی وەزارەت
یەکەم: وەزیر/ سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیداو سەرپەرشتی چاودێری کردنی چالاکیەکانی و لەوەوە ئەو بڕیارو ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و کارگێڕی و ڕێك و پێکی بەپێی حوکمەکانی یاساوە هەیە و لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەداو بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بەو کەسەی کە وەزارەت بە شیاوی دەزانێ.
دووەم: وەکیل وەزارەت/ یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کارەکانی دەکات لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆ ی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.
سێیەم: ڕاوێژکاران/ وەزیر چەند ڕاوێژکارێکی هەیەو نابێ ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار پتر بێت، بۆ کاروباری بەڕێوە بردنی وەزارەت یاریدەی دەدەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەمەش بە پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و پێشنیازی پێویست دەبێ و وەزیر بۆی هەیە بە پێی پێویستی وەزارەت لە خاوەن پسپۆڕی جیاواز هەڵیان بژێرێ و ڕاستەوخۆ پێیەوە دەبەسترێنەوە.
چوارەم: نووسینگەی وەزیر/ فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.
پێنجەم: نوسینگەی بریکاری وەزارەت/ فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

**شەشـەم:** بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی ڕاگەیانـدن و پەیوەندییـەکان/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**حەوتەم:** بەڕێوەبەرایەگشتی پلان دانان و بەدوا داچوون/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خـاوەن بڕوانامـەی بـەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بـۆ ماوەیـەك لـە دە سـاڵ کەمتر نەبێت.

**هەشـتەم:** بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کاروبـاری کـارگێری و دارایـی/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**نۆیەم:** بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزش و لاوان لە پارێزگاکانی هەرێمدا/ هەریەك لەوانە بەڕێوەبەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆ سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات کـە خـاوەن شـارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**چوارەم/** لیژنە پێشنیاز دەکات ئەنجومـەنێکی ڕاوێـژکاری بـۆ وەزارەت دابمـەزرێ لـە ژێـر زنجیرەی ژمـارەی ماددەی چوارەم بە پێی پێشنیازی لیژنە و بەم جۆرە بنووسرێ:-

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم:** وەزارەت ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێ و لەمانە پێکدێ:

1- وەزیر: سەرۆك

2- بریکاری وەزارەت: ئەندامە و لە کاتی ئامادە نەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

3- ڕاوێژکارەکان: ئەندامن

4- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت: ئەندامن

5- هەر شارەزایەکی پسپۆر و شیاو لەناو وەزارەت یا دەرەوەی کە وەزیر هەلیدەبژێرێ: ئەندامە

6- نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەسەر بانگێشتی وەزیر: ئەندامن

**پێنجەم/** ئـەوەی پەیوەنـدی بـە مـاددەی پێنجـەمی پرۆژەکـەوە هەیـە، لیژنـە پێشـنیاز دەکـات بـەم جـۆرە بنووسرێتەوە: (ماددەی پێنجەم: وەزیـر بـۆی هەیـە پێـوەرێکی تایبـەت بـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری یانـە و یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێ بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ ئاراستەکارییەکانی حکومەتی هەرێمدا بە مەبەسـتی ڕێکخستن و پەرەپێدانیان بگونجێ).

**شەشەم/** لەبارەی ماددەی شەشـەمی پرۆژەکـەوە، لیژنـە پێشـنیاز دەکـات بڕگـەی سـێیەم لا بـبرێ و چـەمکی ماددەی (12)ی پرۆژەکەی لە شوێن دابنرێ و سەرتاپای ماددەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** ئەرك و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەست نیشان دەکرێن.

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە نێو پێکهاتەکانی وەزارەت لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیانوەشێنێتەوە بەپێی پێویستی کار و لەکاتی پێویستدا.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.**

**حەوتەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمەوە هەیە لە پڕۆژەکەدا لیژنە واپێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: (ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێکی خۆی لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان دابنێ).**

**هەشتەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.**

**نۆیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات وشەی (دەگرێتەوە) بگۆردرێ بە (دەچێتەوە بۆ).**

**دەیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمەوە هەیە لە پڕۆژەکەدا، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە بنووسرێت: (ماددەی دەیەم: وەزارەتی وەرزش ولاوان سەرپەرشتی هەموو دەزگای وەرزشی و لاوان لە هەموو کوردستان دەکات).**

**یازدەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە بنووسرێت: (دەبێ وەزارەت بە هاوهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە کاراکردنی بابەتی پەروەردەی وەرزشی بدات و مامۆستای خاوەن پسپۆڕیی دابمەزرێن و هەموو پێویستیەکی وەرزشیان کە زۆر پێویستن لە پێناوی پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری وەرزشی لە قوتابخانە و دەزگا وەرزشیەکاندا بۆ دابین بکات).**

**دوازدەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێزدەمەوە هەیە لە پڕۆژەکەدا لیژنە وا بە پەسندی دەزانی لابرێ وهەڵوەشێتەوە چونکە زیادە.**

**سێزدەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چواردەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت: (کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ).**

**چواردەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پازدەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت: (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).**

**پازدەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شازدەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشننیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت: (ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بلاْودەکرێتەوە).**

**لە دوایشدا لە بارەی هۆیەکانی دەرچواندنیەوە، لیژنەی یاسا دوای گۆڕینی وشەی (دەسەلاْت) بە وشەی (لایەن) پشتگیری هەمووی دەکات.**

تکایە ئاگاداری بفەرموون ودەقی ئەصلی پرۆژەکە ورای لیژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژکردنی ودەربڕینی رای گونجاو لەسەری و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی قانونی، ئەو لیژنەیە بە ئیتیفاق لەگەڵ وەزیر کردوویانە، راپۆرتی لیژنەی پەروەردە لە لایەن سۆزان خان بخوێنەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا**

کۆبوونەوەی لیژنەکەمان لە رۆژی 2007/4/2 کاتژمێر (12،30) ئەنجامدرا بە ئامادە بوونی بەڕێزان ئەندامانی لیژنە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر یاسای پێشنیار کراوی وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەم سەرنج و تێبینی و پێشنیارانەی خوارەوەمان هەیە:

ماددەی یەکەم:

1- بەکارهێنانی وشەی دەستەواژە لە بڕی دەربڕین.

2- بەزۆرینەی دەنگ رای لیژنە ئەوە بوو کە خاڵی (5،4) بکرێتە یەك و بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(بریکار: بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان).

3- لە خاڵی (b) گۆڕینی ناوی کۆمیتەی میللی بۆ کۆمیتەی یاریەکانی میللی.

4- لا بردنی رستەی (لە رێگەی وەزارەتی وەرزش و لاوان مۆڵەتیان پێ دەدرێت (d)، چونکە لە بڕگەی (22) لە ماددەی (2) هاتووە، کە ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەت.

5- لیژنەکەمان پێشنیاری زیاد کردنی خاڵی (e) دەکات لە بڕگەی (7) بەم شێوەیە بێت:

لیژنەی لاوان: هاوکاری لیژنەو سەنتەرەکانی لاوان و گەنجان دەدات بە یارمەتی دانیان بۆ پرۆژەو چالاکیەکانیان.

6- لیژنەکەمان پێشنیاری زیاد کردنی خاڵی (f) دەکات بۆ بڕگەی (7) ماددە (1) دەکات کە بەم شێوەیە بێت:

(لیژنەی ئۆلۆمپی: پێکهاتووە لە چەند ئەندامێکی پسپۆر و بە توانا بۆ کارکردن، بۆ بلاْو کردنەوەی چەمك و پرێنسیپەکانی بزووتنەوەی ئۆلۆمپی لە ناو لاوان و گەنجان).

ماددەی دووەم: لە کۆی ئامانجەکانی وەزارەت کە (25) خاڵە زۆرترینی باس لە وەرزش و پەرەپێدانی دەکات هەر چەندە ئێمە دەزانین کە وەرزش زۆر گرنگە بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست، بەلاْم ئێمە نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە گەنجان توێژێکی زۆر گرنگی ئەم کۆمەڵگایەن و، دەبێت ئەم وەزارەتە بایەخی

تەواویان پێ بدات، لەبەر ئەوە زۆرێك لە ئامانجە دووبارە بووەكانمان لێك داوەو، چەند خاڵێكی تریشمان زیاد كردووە:

1- بڕگەی (1) لەگەڵ (2) لێك بدرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(دەرخستنی گرنگی بزاڤی وەرزش و چالاكیەكانی و, بلاو كردنەوەی چەمك و بنەما بەرزەكانی بزاڤی ئۆلۆمپی و وەرزشی لەناو كۆمەڵگادا بەشێوەیەك كە بگونجێ لەگەڵ ئامانجەكانی گەلەكەمان لە كوردستاندا).

2- خاڵی (3) پرۆژەكە لەگەڵ خاڵی (5) لێك بدرێت و، وشەی مرۆڤ بگۆڕدرێت بۆ (لاو و گەنج)، چونكە پەروەردە كردنی مرۆڤ بە وەزارەتێك ناكرێت، بەڵكو كاری هەمە لایەنەی كۆمەڵگایە و، دەقەكە بەم شێوەیە بێت: (بونیاتنانی گەنج لە رووی جەستەیی و، دەروونی و پیشەیی و پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی كارا لە كۆمەڵگادا بە هاوكاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ چارەسەر كردنی كێشەكانی لاوان بە گشتی.

3- خاڵەكانی (4،6،7،17) لێك بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(دانانی بەرنامەو پرۆگرامی پێویست بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی وەرزشی و, پشتگیری كردنی یانەو یەكێتیە وەرزشی و تیپە وەرزشیە میللیەكان و, سەرپەرشتی كردنی چالاكیەكانیان و، كاركردن لە پێناو دابین كردنی پێداویستیەكانی وەرزش بۆیان.

4- لە خاڵی (8) دەقەكە دەبێتە خاڵی چوارەم و, بەم شێوەیەی خوارەوە:

(بایەخدان بە وەرزشەوانانی بە هرەمەند و بە تواناو پاڵەوانان و خاوەنی پێداویستیە تایبەتیەكان و دابین كردنی بارودۆخی گونجاو بۆیان، كە بتوانن بەردەوام بن لە بەخشینەكانیان.

5- خاڵی (9،25) لێك بدرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(ئامادە كردنی كادیری هونەری لە بواری وەرزشدا لەگەڵ زیاد كردنی شارەزاییان بە نوێترین زانیارییە زانستیەكان بە هاوكاری هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاّ.

6- خاڵی (10)ی پرۆژەكە وەك خۆی بمێنێتەوەو دەبێتە خاڵی (6)ی ماددەی پێشنیار كراو.

7- خاڵی (11)ی پرۆژەكە دەبێتە خاڵی (7) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

(بەهێز كردنی گیانی هاونیشتمانی بوون و لێبوردەیی و داد پەروەری كۆمەڵایەتی و بیری جەندەری لە لایان لاوانەوە لە رێگەی هاندانی گفتوگۆی فكری و رۆشنبیری لە نێوانیاندا و راهێنان لەسەر بنەما دیموكراسیەكان و كارا كردنی بەشدار بوونیان لە هەڵبژاردنەكان و چالاكیە خۆبەخشەكان.

8- دەبێتە خاڵی (12) دەقەكە بەم شێوەیە: (بایەخدان بە وەرزشی ژنان و كارا كردنی رۆڵی كچان و بەشداری كردنیان لە چالاكیە وەرزشیەكان و فراوانكردنی چالاكیەكانی تایبەت بە كچان لە سەنتەرەكانی گەنجان.

9- لێكدانی خاڵی (13،14،24)ی دەقەكە بەم شێوەیە: (كار كردن لە پێناو پتەو كردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوكاری لە نێوان لاوانی هەرێمی كوردستان - عێراق و لاوانی هەرێمەكانی دیكەی عێراق لە رێگەی دامەزراندن و پتەو كردنی پەیوەندی وەرزش و لاوان، هەروەها لەگەڵ رێكخراو و لیژنە نێودەوڵەتیەكانی پەیوەندیدار.

10- كە خاڵی (15،18) لێك دەدرێت بەم شێوەیە: (دابین كردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ وەرزشەوانان و بەرەنگار بوونەوەو نەهێشتنی بەكارهێنانی مادده وزە بەخشەكان و شێوازە قەدەغە كراوەكانی تری نێو دەوڵەتی.

11- كە لە دەقی پرۆژەكە (16) وەك خۆی دەمێنێتەوە.

12- كە خاڵی (17) لێك درا لەگەڵ خاڵەكانی (4،6،7).

13- كە خاڵی (19) لە دەقەكە وەك خۆی دەمێنێت.

14- كە خاڵی (20) وەك خۆی دەمێنێت و بەم شێوەیە بێت لەگەڵ چاككردنی دەقە كوردیەكە:

(كە لە دەقی عەرەبیەكە (وسائل الاعلام) هاتووە لە كوردیەكە بە (هۆ) تەرجومە كراوەكە لە رووی زمانەوە دەبێت (ئامرازەكان) بێت.

15- كە خاڵی (21) وەك خۆی دەمێنێت و بە زیاد كردنی (لاوان وەرزشەوانان) لە دوای وشەی نوێنەرایەتی.

16- خاڵی (22) لەگەڵ (23) دەقەكە لێك درێت (22) بەم شێوەیەی خوارەوە:

(هاندانی كەرتی تایبەت لە بواری وەرزشی لە رێگای پێدانی مۆڵەت بۆ یانە و یاریگاو هۆڵە وەرزشیەكان و جێ بەجێ كردنی سزا بەپێی یاسا.

17- خاڵی (24)ی پرۆژەكە دووبارەیە، بۆیە پێشنیار دەكەین لەگەڵ خاڵی (13،14) لا بدرێت، خاڵی (25)ی پرۆژەكە لەگەڵ خاڵی (9) لێك درا.

هەروەها پێشنیار دەكەین بۆ زیاد كردنی ئەم خالآنەی خوارەوە:

1- بەرزكردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و كارامەیی زانستی و هونەری لاوان و ئامادە كردنیان بۆ ئایندە.

2- پتەو كردنی گیانی كاركردن و بەرهەم هێنان لای لاوان لە رێگەی بەرز كردن و گەشە پێدانی توانا پیشەیەكانیان.

3- ناساندنی لاوان بە تەكنەلۆژیای سەردەم و كار پێ كردن.

4- دروستكردنی سندوقی پشتگیری لاوان بۆ پێدانی قەرز و هاندانیان بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان.

مادده سێ و چوار لێك بدرێت و بكرێت لەگەڵ دانانی یەك بریكار بەم شێوەیە:

1- الوزیر.

2- وكیل الوزارة.

3- مكتب الوزیر.

4- المستشارون: بەم شێوەیە:

وەزیر/ چوار راوێژکاری دەبێت کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت.

5- هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەین کە لە یاساکاندا تەنها باس لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بکرێت و وردەکارییەکان دەسەڵاتی خودی وەزارەتە.

6- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بەم شێوەیە بێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەکان و راگەیاندن.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێری و دارایی.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت.

ماددەی پێنجەم: لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ئەم ماددەیە لا بدرێت.

ماددەی شەشەم: لابردنی خاڵی (3) لە ماددە شەش بڕگەی (1،2) بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ.

ماددەی حەوت:

لاببرێت، چونکە داوامان کردووە لیژنەی ئۆلۆمپی بخرێتە سەر وەزارەت.

ماددەی هەشتەم:

لاببرێت، چونکە لە خاڵی (7) ماددەی (2) لە ئامانجەکانی وەزارەت باسکراوە.

ماددەی نۆیەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی دەیەم:

لابدرێت، چونکە لە ئامانجەکان باسکراوە.

ماددەی یازدەم:

لابدرێت، چونکە لە ئامانجەکان باسکراوەو پێشنیار دەکەین کە وشەی بەهاوئاهەنگی بکرێتە هەماهەنگی، هاوکاری.

ماددەی دوازدەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی سیازدەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی چواردەم:

تەنها وشەی (ناکۆك) بگۆڕدرێت بە (نەگونجێت).

ماددەی پازدەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە کە دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

بەهۆی دامەزراندنی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەبەر ئەوەی توێژی لاوان و گەنجان داهاتووی وڵات پێك دێنن، بنەمای گەشە کردنی پاشەڕۆژن و توێژێکی فراوان و چالاکی کۆمەڵگان، بە مەبەستی ڕێنمایی و هاوکاری و ئاڕاستە کردنیان پێویستی بە دەرکردنی ئەم یاسایەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی پەروەردە سۆزان خان، کاك جەمال راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکان و رۆشنبیری دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و وەرزش.

ئێمە لە لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری رۆشنبیری سەعات (1)ی دواى نیوەڕۆی رۆژی 2007/4/2 بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەند کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان بە ئامادە بوونی (ئارێز عەبدوڵلا، تاڤگە محەمەد، ئیحسان ئامێدی، دیلمان ئامێدی، ڤیان سلێمان، حمە رەشید ماوەتی، گەلاوێژ شابا، خەمان زرار، پیر خدر سلێمان) کۆبووینەوە، بەهۆی بەشداریکردنی برادەرانی دی لە کۆبوونەوەی لیژنەکانی تر لای ئێمە مۆڵەتیان خواست.

دوای خوێندنەوەو گفتوگۆ کردن گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەوا لە خوارەوە پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەین، حەز دەکەم لێرە شتێك بە بەڕێزتان بڵێین، ئێمە ئەم نوسخەی راپۆرتەمان بلاو کردۆتەوە، بەڵام چەند هەڵەیەکی چاپی تیایە گۆڕیتمان، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکم خوێندمەوە لەگەڵ هی ئێوە فەرقی هەبوو، ئێمە ئەم گۆڕانکارییە چاپەمان تیا کردووە:

ماددەی یەکەم:

1- لەجیاتی دەربڕین دەستەواژە بنووسرێ.

2- لە خاڵی یەکەم پێناسەی هەرێمدا راستترە بنووسرێ کوردستان – عێراق.

3- لە پێناسەی وەزیر: بنووسرێ وەزیری وەرزش و لاوان لە هەرێم لابدرێ، چونکە زیادە.

4- لە خاڵی سێیەم: لە پێناسەی بریکاری وەزیر: بە هەمان شێوەی وەزیر بنووسرێ بریکاری وەزیری وەرزش و لاوان پێویست بە لە هەرێم ناکات.

5- پێویستە یەك بریکاری وەزیر هەبێ، نەك دووان.

6- لە پێناسەی لاو پێمان باشە تەمەنەکە لە (14)ەوە بکرێ بە (15) تاکو (35) ساڵی.

7- ڕێکخراوەکان لابدرێ و خاڵەکانی بە دوایدا دێن زنجیرەی ماددەی یەکەم تەواو بکەن واتە (a.b.c) بکرێن بە حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم.

لە پێناسەی خاڵی d کە دەبێتە بڕگەی (10)یەم، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یانە: دەستەیەکی دیاریکراوە لە کادیرانی بواری وەرزش و بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری وەرزش و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە مۆڵەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان دادەمەزرێ:

ماددەی دووەم:

1-لە بڕگەی چوارەمدا وشەی نیشتمانی بخرێتە پێش نێو دەڵەتییەکان.

2- بڕگەی 17 لابدرێت، چونکە:

أ-قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش نییە.

ب- پەیمانگاو یانە تەنها مۆڵەت وەردەگرن و پێویستیش ناکات وەزارەت بچێتە ناو کاروباری تایبەتییەوە.

ت- خاڵی 22 لاببرێت، چونکە ئەوە کاری وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵایە.

پ- خاڵی 25 هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا..... واتە خوێندنی باڵای بۆ زیاد بکرێ.

ج- خاڵی 26 زیاد بکرێ کە لە زنجیرەدا دەبێتە خاڵی 24 بەم شێوەیە خوارەوە دابڕێژرێ:

هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەرو ڕێکخراوەکان بە مەبەستی بایەخدان بە لاوان لە بوارەکانی ڕۆناکبیری و کۆمەڵایەتی.

ح- زیاد کردنی بڕگەیەکی تر بەم شێوەی خوارەوە:

بایەخدان بە لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەستگرتنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆناکبیری و هونەرییان.

خ- هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی گەنجان بەشێوەی گشتی زیاد بکرێت.

ماددەی چوارەم:

1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن لابرێت، چونکە پێویست بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناکات و دواتر بەپێی پێڕەوی ناوخۆ وەزیر دەتوانێ هۆبە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پێویست بکاتەوە.

2- پێمان باشە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و هونەرە میللیەکان زیاد بکرێت.

3- لە هەر پارێزگایەکی هەرێم بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی وەرزش و لاوان هەبێ.

هەردوو ماددەی پێنجەم و شەشەم بکرێت بەیەك ماددە:

8- ماددەی حەوتەم لابرێت، چونکە لە پێڕەوی ناوخۆ جێگەی دەبێتەوە.

9- ماددەی نۆیەم لابرێت.

ماددەی دەیەم:

بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستانی بخرێتە سەر.

ماددەی یازدە: لاببرێت، چونکە لە ئەرك و ئامانجەکاندا هاتووە.

ماددەی شازدەم: بکرێت بە لە رۆژی دەرچوونەوە.

لە هۆکارەکانی وشەی زۆرە لابرێت، چونکە فراوان زۆریش دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەر مولاحەزەیەکی گشتی لەسەر راپۆرتەکانتان دەکەم، حەقە ئەوانەی ئاماژەتان پێ نەکردووە لە رۆژی کۆبوونەوەکەی غیابە یەك، دووەمینیش ئەوەی مولاحەزە دەکرێت لە مانگی دوازدەوە خوێندنەوەی یەکەمی کراوە، یەعنی پاشی سێ مانگ ئینجا لیژنەکان کۆبوونەوە، ئێستاش کەموکوڕی هەیە راپۆرتەکانتان تەوزیح نەکردووە بە تەواوەتی، ئەگەر زووتر کۆبوونەوەتان بکردایە، ئێستا ئەندامان نوسخەیەك لە راپۆرتەکەیان لە لا دەبوو و موناقەشەش دەکرا، بۆ جارێکی تر پەلەی بکەن تکایە، ئێستا داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی ئەسڵی قانونەکە مادده بە مادده بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە موناقەشەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەربڕینانەی خوارەوە ئەو وتانەن کە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ماناکانیان بەرامبەر هەر یەکێکیان نیشان دراوە.

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم.

3- وەزیر: وەزیری وەرزش و لاوان لە هەرێم.

4- بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم بۆ کاروباری لاوان.

5- بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم بۆ کاروباری وەرزش.

6- لاو: ئەو توێژەن کە تەمەنیان لەنێوان (14 – 30) ساڵ دایە.

7- رێکخراوەکان:

a- کۆمتیەی وەرزشی ژمارەیەك لە ئەندامانی بواری وەرزش کارەکانی تایبەت بە چالاکیە وەرزشیەکان بەپێی رێنمایی و یاسا وەرزشیەکان رادەپەرێنن.

b- کۆمیتەی میللی لە کۆمەڵێك ئەندامی کارای بواری وەرزش پێك دێت کار لە پێناوی زیندوو کردنەوەو پێشخستنی چالاکییە میللی و فەرهەنگیە وەرزشیەکان دەکەن.

c- یەکێتی ئەو رێکخراوە وەرزشیەیە کە ئەندامەکانی پسپۆڕن لە چاوەدێری و بەڕێوەبردنی یاری وەرزشی.

d- یانە: دەستەیەکی دیاری کراون لە کادیری بە توانای بواری وەرزشی لە رێگەی وەزارەتی وەرزش و لاوان مۆڵەتیان پێ دەدرێت بەمەبەستی راپەڕاندنی کاروباری وەرزشی و هونەری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دارایی تایبەت بە یانەیەك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی مولاحەزەكانی بخوێنێتەوە، بۆ تەعدیلی ماددەی یەك، تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

یەكەم/ ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی یەكەمەوە هەیە كە لە ئەسڵی پرۆژەكەدا هاتووە ئەوا لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەكات ورادەسپێریَ:-

1- دێڕی یەكەم لە پرۆژەكەدا بەجۆرێكی وا دابڕێژرێتەوە كە لەگەڵ شێوەی پەیڕەوكراو لەوپێناسە كردنانەی كە لەو یاسایانەی دەرچوون بگونجێت.

2- گۆڕینی زنجیرە ژمارەیی بۆ زنجیرەی نووسراو بۆ بڕگەكانی ماددەكە.

3- تەنیا زنجیرەكانی(6.3.2.1) بمێننەوە وبڕگەكانی دیكە لابدرێن لەگەڵ هێشتنەوەی یەك (بریكار) بۆ وەزارەت لەجیاتی دوو بریكار وبەناونیشانی بریكاری وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەسڵی ماددەكە بە زمانی عەرەبی بخوێندرێتەوە باشترە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

1-الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- الوزارة: وزارة الرياضة والشباب للاقليم.

3- الوزير: وزير الرياضة والشباب للاقليم.

4- وكيل وزارة الرياضة والشباب لشؤون الشباب

5- وكيل وزارة الرياضة والشباب للشؤون الرياضية.

6- الشباب: هي الشريحة التي يمتد عمرها من (14 – 30) سنة.

7- المنظمات:

a- اللجنة الرياضية/ تتكون من عدة اعضاء رياضيين يكلفون بالاشراف على النشاطات الرياضية وفق القوانين والتعليمات التي تنظم سير العمل في هذا المجال.

b- اللجنة الشعبية/ تتكون من عدة اعضاء لهم خبرة في مجال الرياضة والالعاب الشعبية ويكلفون بالعمل على احياء وتطوير لهذه الرياضيات والالعاب.

c- الاتحادات/ هي منظمة رياضية تتخصص برعاية ادارة لعبة رياضية واحدة في اتحاد كرة القدم وغيره.

d- النادي/ يتكون من عدد من الاعضاء الذين يمتلكون خبرة رياضية و وظيفته ادارة وتطوير الالعاب الرياضية التي يمارسها النادي وكذلك الاهتمام بالجوانب الثقافية والاجتماعية وتقوم وزارة الرياضة والشباب بمنح إجازات الاندية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەروەردە وابزانم هەمان شتتان هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە داوامان كردووە كۆمیتەی میللی بكرێتە كۆمیتەی یاریەكانی میللی، هەروەها داوامان كردووە لیژنەیەك بۆ لاوان دابنرێت كە هاوكاری لیژنە و سەنتەرەكانی لاوان و گەنجان بكات، هەروەها داواشمان كردووە لیژنەی ئۆلۆمپی زیاد بكرێت بۆ وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی داوای كردووە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بكرێت، لیژنەی رۆشنبیریش دەستەواژەكەی راستە لە بیدایەتەكەی مولاحەزەی بكەن، مەسەلەی كوردستان خاڵی دووەمیشتان هەمان شتە، حەز دەكەی ئەساسی تێبینیەكان لەسەر ماددەی یەك بخوێنەوە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یەكەم:

1- لەجیاتی دەربڕین دەستەواژە بنووسرێ.

2- لە خاڵی یەكەم پێناسەی هەرێمدا راسترە بنووسرێ كوردستان – عێراق.

3- لە پێناسەی وەزیر: بنووسرێ وەزیری وەرزش و لاوان لە هەرێم لابدرێ، چونكە زیادە.

4- لە خاڵی سێیەم: لە پێناسەی بریكاری وەزیر: بە هەمان شێوەی وەزیر بنووسرێ بریكاری وەزیری وەرزش و لاوان پێویست بە لە هەرێم ناكات.

5- پێویستە یەك بریكاری وەزیر هەبێ، نەك دووان.

6- لە پێناسەی لاو پێمان باشە تەمەنەكە لە (14)ەوە بكرێ بە (15) تاكو (35)ساڵی.

7- رێكخراوەكان لابدرێ و خاڵەكانی بە دوایدا دێن زنجیرەی ماددەی یەكەم تەواو بكەن واتە (a.b.c) بكرێن بە حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم.

لە پێناسەی خاڵی d كە دەبێتە برگەی (10)یەم، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یانە: دەستەیەكی دیاریكراوە لە كادیرانی بواری وەرزش و بە مەبەستی راپەڕاندنی كاروباری وەرزش و رۆشنبیری و كۆمەلأیەتی بە مۆڵەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان دادەمەزرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، صیاغەی قانونی ئیشی قانونییە، ئەگەر مولاحەزەیەکی زمانەوانیش هەبوو بیدەن بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت، بەڵام لیژنەکانی تر خۆیان بە صیاغە مەشغول نەکەن، لەبەر ئەوەی دەبێتە ئیشکال، صیاغەکە عایدی لیژنەی قانونییە، ئەو ماددەیە چۆنە وەکو لە ئەساسدا هاتووە، لیژنەی قانونی بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر دوو بریکارەکەی لاداوە لە وەزارەتەکانی تر ببێتە یەك وەکیل، ئەوەی لە تەعدیلەکان مونەزەمەکان هاتووە، ئەوەش داوا دەکەن ئیلغا بکرێتن، ئەویتریش تەسلسولەکانیش وەکو وەزارەتەکانی تری لێ بێت ببێتە یەکەم و دووەم و سێیەم، لە ناحیەی زمانەوانیش لیژنەی پەیوەندی و رۆشنبیریەکان درا ئەوەش مولاحەزەیە، کێ قسەی دەکات، خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی شەشەمدا پێناسەی لاو دەکات، دەڵێت ئەو توێژەیە کە تەمەنی لەنێوان (14 – 30) ساڵە، بەپێی بەڵگەنامەکان، چونکە چواردە ساڵ منداڵن تەمەنی لاوی نییە، لە دوازدە ساڵەوە تا هەژدە ساڵ ئەوانە نەوجەوانانن، ئەوانە پێویستیان بە تەدقیق هەیە، یان ئەگەر فەقەرەی تر سەبارەت بە نەوجەوانان ئیزافە بکرێت و بدرێتە تەدقیق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەکەی من ئیزافەی هەرێمە بۆ سەر ئیزافەی لیژنەی رۆشنبیری، لاوانی هەرێم، ئەم لە هەرێم بۆیە فەرعێکی تری هەبێت لە شوێنێکی تر، یان خۆی فەرعێکی تری هەبێت، بدرێتە وەزیری وەرزش و لاوان و هەرێم، نەك لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پەسندێ پێشنیارا لیژنەی قانونی دەکەم سەبارەت بە دارشتن و هەندێك فەقەرەی لادایەو هەندێك فەقەرەی ئیزافە کردووە، بەس لە فەقەرەی شەش دیتنا وەزارەتا وەرزشی تەعامولێ دگەل جیهێ کەمتر چواردە ساڵیە دکاتن، چونکە سیستەمێ وەزارەتدا تەعامول لەگەل ئەشبالان دێتە کرن، کو ژی هی وان هەشت ساڵ هەتا یازدە ساڵی هەیە، گەل مە شات دێتە کرن هی وانیش لە دوازدە ساڵ هەتا چواردە ساڵە، گەل شەبابان دێتە کرن لە پازدە ساڵ هەتا هەژدە ساڵە، پشتی موتەقەدمین دێتە کرن لە هەژدە ساڵیە، کەواتە ئەگەر لاو تەحدید بکەیت لە ناحیەی عومریدا مەبەست ڤێرێ چ بێتن لاو، وەکو وەزارەت تەعامول

ڤان ئەمری هەمووان دکاتن هەمی گەنج و لاوا تەمەنی هەمیا دەگری، گەلێ جارا لە عەمرێ زێدەتر ببنە خەبیر و شارەزا و پسپۆر لە بواری وەرزش و مەبەستی وەرزشیدا کاروبارێت خۆ دکەن، ژی بەر هەندێ بۆ لاو جارێکی چاو پێدا بخشێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم راپۆرتی لیژنەی یاسایی موناقەشە بکرێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەڕێز وەزیری موختەس موناقەشەیەکی زۆر کراوە، بۆ کورت کردنەوەی وەقتەکە راپۆرتی لیژنەی یاسایی موناقەشەی لەسەر بکرێت، بکرێتە میحوەری موناقەشەکە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وایە مامۆستا فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەم من قسەکانم کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر خاڵی شەش پێم وایە بکرێتە هەژدە بۆ چل، یان چل و پێنجساڵ، بۆ ئەوەی بەلای کەم هەندێ ئەندام پەرلەمان بگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەسەر مەسەلەی تەمەن، هەرچەندە برادەران باسیان کرد، هی ئاخیری زیاد بکرێت و هی ئەوەلیش زیاد بکرێت، واتا هەردووکیان زیاد بکرێت، یەعنی لە سی ساڵ بکرێتە چل و پێنج، لە چواردەش بە لای کەمی لە پازدە تێپەرێت زۆر منداڵە، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم/ لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە لە ماددەی دوو ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بکرێتە لیژنەی ئۆلۆمپی، نازانم ئەنجومەن لەگەڵ وەرزش شتێکی ئەوەتر دەکات بە رەئی من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر لاو هەیە، پیرە، لاویش هەیە، كاكە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕەئیەكەی لیژنەی یاساییم لە جیاتی دوو وەكیل یەك وەكیل بێت، دەربارەی تەمەنەكەش بە ڕەئی من شازدە ساڵ بۆ چل و پێنج بێت باشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەك و تەوزیحێكیشم هەیە، بەنیسبەت لیژنەی قانونی تەبیعی (1/7) ئەو پرۆژەیە خوێندرایەوە، جەنابی وەزیر بە كاری ڕەسمی لە دەرەوە بوو، بۆیە تاخیر بوون لە (2/29) لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین بە تەفسیل دوو جەلسەی موتەواسل، ڕاپۆرتەكانیشمان تەوزیع كراوە، بەنیسبەت ئیلغای فەقەرەكان هی حەوت هی مونەزەمات و فەقەرەكانی تر بە حەقیقەت، ئەوانە بۆیە ئیلغا كراون تەبریرەكە بەم شێوەیە:

یەك/ لیژنەی شەعبی ئیمكان هەیە وەزارەت دروستی بكات.

دوو/ بەنیسبەت یانەو ئیتیحادات قانونی تایبەتی خۆیان هەیە، دووەمینیش ئەو هەیكەلیاتە نایەتە ناو یاسایەكە، بۆ ئەوەی ئێمە تەعریفیان بكەین، هەر بۆیەش ئەو فەقەراتانەمان لاداوە، ئەوە هەر ویستم بۆ تەوزیحی برادەرانی لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر دەربارەی خاڵی شەشەمە كە لاو پێناسەی تەمەنی بۆ دەكات، من ئەوە نامەیەكی ماجستێرم لایە هیچیان ڕاست ناكەن دەربارەی ئەو ساڵەی كە بۆ تەمەن دانراوە، لێرە چەند ئارایەكی تایبەتی هەیە، لێرەش تەناقوزێكی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوە من ڕام ئەوەیە ئەو تەمەنە لابرێت، واتا ئەو چواردە ساڵەكە بۆ سییەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقریبەن هی من دوو خاڵ هەندێکی باسیش کرا، ئەوە یەکێکیان نیسبەی تەمەنەکە هەژدە بۆ سی ساڵ باشە، لاو تەقریبەن هەرواشە.

دووش/ لەو دەستەواژانە ناوی کوردستان کەم هاتووە، یەعنی وەزیر: وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان، بریکار: بریکاری وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان، واتا ناوی کوردستانی تیا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر تێبینیەکەم لەسەر خاڵی شەشەمە، پشتگیری لە رەئیەکەی دکتۆرە دەکەم ئەو تەمەنە لاببرێت، چونکە ئەوە وەزارەت دادەنێت بەڕاستی، ئەوی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەو ئەوەی وەزارەت خۆی دەتوانێت ئەم کارە بکاتن، واتا تەحدید تەمەن بکاتن، کێ لاببات و کێ دانراوە، یەعنی ئەوە پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە نییە، ئەگەر داشدەنێن جەنابی وەزیر با بڵێت ئەو پێشنیارەی چواردە بۆ سی ساڵە لەسەر چ ئەساسێك کراوە، بۆ ئەوەی لەبەرچاومان روون بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم پشتیوانی لە رەئیەکەی خوشکە پەخشان بکەم لە مەسەلەی دیاری کردنی تەمەن، لە کۆمەڵگای مەدەنی ئیسلاحێکیان هەیە پێی دەڵێن (تین ئەیج) ئەو زەمەنانەی کە(teen) هاتووە ثێرتین، فۆرتین هەتاکو نۆزدە، تەبعەن ئەوانە لاو نین، ئەوانە نەوجەوانن، جا زۆر گرنگە کە تۆ تەحدید شتێك دەکەیت ئەو شەخسیەتی تیا نەبێت، تەبیعی، سیازدە ساڵ لاو نییە، نەوجەوانە، کەواتە من پێشنیار دەکەم نەوجەوان ئیزافە بکرێت، ئەمە یەك.

دوو/ لەنێوان دوازدە بۆ نۆزدە ئەوە نەوجەوانە، لە دوای ئەوەشەوە دەبێت بە لاو، جا سی ساڵ دادەنێن، سی و پێنج ساڵ دادەنێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری له لیژنەی یاسایی دەکەم، بەلاَم ئەگەر ئەوانە لابدریٚ، بلٚێین خاڵەکانی حەوت و (a.b.c)، ئەوە هیچ پاشگەز دەبینیەوە، ئەگەر لاش نەبرا ئەوە ئێمە رایەکی ترمان هەیە سەبارەت بە دروست کردنی لیژنەی لاوانیش بە دانانی یەك بریکار، بەلاَم منیش یەك قسەم هەیە لەسەر ئەو تەمەنە هەرچی ژنی نەهێناوە ئەوە لاوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت چیە بەتایبەتی لەسەر تەمەنەکە، ئەگەرنا تەقریبەن ئیجماعە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەمەوێت بەناوی وەزارەتەوە سوپاسێکی گەرمی لیژنەی یاسایی بکەم، کە بە روحێکی زۆر هاوکاریان لەگەڵ ئێمە کرد، بەشێکی زۆر ئەوانەی خوێندیانەوە هەمووی تەعبیر لە رەئی ئێمە دەکات، تەنها خاڵی شەش باس کرا، کە ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر کرد بوو، بۆ مەسەلەی کۆنتراك هەندێ ئەوانە لە سەلاَحیەتی وەزارەت دابێتن، بەنیسبەت تەمەنی لاو ئەوەی گرنگە باس بکرێتن لە ولایەتی ئومەمی موتەحیدە لە چواردە ساڵ بۆ بیست و چوار ساڵە، ئەمەی کە ئێستا باسمان کردووە لێی گەڕاوین، دوای دانیشتنێکی زۆر لەگەڵ لاوان هەر هەموویان رەفزیان کرد، پاشان لەگەڵ وەزارەتی لاوان و عێراق قسەمان کرد، ئەوان ئەو تەمەنەیان داناوە، وامان بەباش زانی لە ولاَتی فیدراڵدا ئەگەر یەك تەمەن هەبێتن باشتر دەبێتن لە ئاستی فیدراڵ و لە ئاستی کوردستاندا، ئەوەی کاك ئیحسان باسی دەکاتن لەبواری وەرزشدا راستە، بەس ئێمە لە بواری ناودا باس دەکەین، لەناو وەرزش وەکو ئەو ئەشبال و ئەوانە دەتوانین بکەین مانیعم نییە لە مەسەلەی وەرزش ئەگەر بیانەوێت ئیزافەی بکەن، ئۆتۆماتیکی لەگەڵ تەمەنی خوێندن دەبێتن، مەبەستمان تەحدید ناو دەشمانەوێتن تەعبیرێکی قانونی هەبێت، سبەینێ ئێمە ئیلتیزاماتمان هەبێت لە وەزارەت بزانین کە لیژنەیەك دابنین وەزعی بەدواداچوونی لاوان بێتن، بزانین تا چ رادەیەك ئێمە مەسئوولین لە تەمەنیان، لە چ تەمەنێك ئیمە بەرپرسین، ئەگەر وا بێت هەموو وەزارەتەکانی تر دەکەوێتە ژێر باڵی وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە، وابزانم خەڵك گلەییمان لێ دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت پێت وایە تەمەنەکە بمێنێت لەنێوان ئەوەی کە پێشنیارتان کردووە (14 – 30) بێتن، کاك شێروان لەگەڵ جەنابی وەزیر، ئەندامانی پەرلەمان زۆریان ئاماژەیان بە مەسەلەی تەمەن کرد، زۆر پێشنیاریش کرا کە لابچێتن و مەنتیقەکی تێدایە، ئەوە وەزارەت دەتوانێتن بەپێی ئەوە تەحدید بکاتن، پێویست ناکاتن لە قانوندا هەبێتن بە رەئی من، لەبەر ئەوە ئەگەر جەنابی وەزیر موافیقەو رەئی زۆر لە ئەندامان تەمەنەکەی تێدا نەبێت، لە بواری ریازەدا فوتبۆل عالەمیەن عورفە کە سی و پێنج ساڵ بێت، یەعنی کە یاریزان تەمەنی بووە سی و پێنج ساڵ ئیعتیزال دەکاتن، دەکرێتن نەنووسرێتن، دوایێ خۆی ئەسنافێك دەربێنێتن بۆ ریازەیە، بۆ لاوە، بۆ ئەوانەیە، ئەگەر پێتان باشە ئەو تەمەنە حەزف بکەن لەگەڵ

جەنابی وەزیر، ئەگەرنا پێشنیارەکەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتووە، یەکێکیان داوا دەکاتن سەقفەکەی بگۆڕێتن بۆ چل و پێنج ساڵ، یەکێکیشیان دەڵێتن ئیلغا بکرێتن، هەردووکیان دەخەمە دەنگدانەوە ئەگەر ئێوە رەئیتان نەگۆڕن، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەنتەر هەیە، ئەگەر سەنتەری لاوان دابمەزرێتن، ئێمە دەبێتن ئەو کاتە مەشاکیلی ئەوە دروست دەبێتن لە رووی، یەعنی پێم وایە تەحدیدێکی قانونی بۆ نموونە دەڵێم سبەینێ لاوێك مەشاکیلی بۆ دروست دەبێتن، من بەتەمامە ئۆرگانێکی محامیان دانێم کە دیفاع لەو گەنجانە بکاتن، ئیتر ئەوە زۆر زەحمەت دەبێتن بەو شێوەیە هەموو خەڵکی کوردستان بڵێتن، چونکە تەمەن لێرە زۆر بەرز نییە وەکو ئەوروپا، لە ئەوروپا حەفتا، هەشتا ساڵ بێتن، خەڵکی ئێمە زۆر لە تەمەنی چل و پێنج ساڵی پیر دەبێتن، هیوادارم وا نەبێتن، تەبعەن رێزم هەیە بۆ قەراری پەرلەمان، بەس پێم وایە تەحدید کردن و پێناسە کردن زۆر زۆر گرنگە لە کوردستان با هەموو شتێکمان هەبێتن، لەگەڵ ئەوەمە ئەوەی کاك ئیحسان باسی کرد تەمەنی وەرزشکار جیاوازە، کە باسی لاو دەکەین مانای ئەوە نییە تەمەنی وەرزشکار دەکات، چونکە قانونی تەمەنی وەرزشکار لە دەرەوەی وڵاتیش نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لە لیژنەی یاسایی بە هەمان شێوە تەئیدی ئەو بڕگەمان کردووە، پێمان باشە مەسەلەی تەمەنەکە دیاری بکرێت، وەزارەتیش پێوە پابەند بێت بەو تەمەنە، چونکە تەعامول لەگەڵ ئەو تەمەنە دەکاتن لە (14 – 30)، بۆیە لە رووی یاساییەوە پێمان باشە بمێنێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە لە تەمەنەکان دوو سێ شتی جیاواز کرا، لەبەر ئەوەی نازانم، جارێ ئەو پێشنیارە دەخەمە دەنگدان زیاتر لە پێنج ئەندام ئاماژەی پێدا کە دەڵێن تەمەن هەر نەمێنێت، فەرموو کاك بارزان نوقتەی نیزامە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی لاوان دەبێت تەعریف بکرێت، جا شەباب هەیە، شەیخوخە هەیە، ئەمە لە عورفی قانون دیارییە، مەعقولە تۆ وەزارەت دابنێیت نەزانی لاو کێیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە ئەوەلەن، دووەمیش شەرت نییە لە قانوندا دیاری بکرێت، ئەو شەرتە لە کێ هەیە، دەتوانێت بە نیزام تەحدیدی بکاتن، نیزامێك لە وەزارەت خۆی دەربخاتن، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی هەیە، کە پێکهاتووە لە خۆی و لە جێگر و بریکار و چوار موستەشار و ئەو ئەندامانەی کە لە وەزارەتەکانی تر پەیوەندیان هەیە، دەتوانن دانیشن و نیزامێك دەربکەن و نەوجەوان و لاو وەرزشکار دەتوانن هەمووی تەحدید بکەن، ئێستا دوو پێشنیار هەیە، لەبەر ئەوەی تەمەنەکە بمێنێت، یان نا، ئەگەر زیاد بکرێتن، چونکە سێ چوار پێشنیار هەیە، رەنگە زیاد کردنەکە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرێتن، عەفوم دەکەی جەنابی وەزیر با قسەکەم تەواو بکەم، دوو پێشنیار هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە تەمەنەکە نەنووسرێت، یەکێکیشیان ئەسڵی پێشیناری لیژنەی یاساییە، فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من دەبێت ئەو تەمەنە بنووسرێت، چونکە لاوان بەپێی ئەو قانونە کۆمەڵێ ئیمتیازی هەیە، یەعنی دوای ئەوە تۆ حیسابی ئەوە دەکەیت لە جامیعە، لە سەفراتی عیلمی مەسەلەن ئیمتیازی هەبێت، یەعنی ئەمانە هەمووی شمولی دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت تەحدیدی بکەین بڵێین لەوە زیاتر تەحدیدی ناکات، عەفو شمولی ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە یەك نوقتەتان هەیە ئەگەر ئەوەی بنووسن مانای وایە پەرلەمان یەك لاوی تێدا نییە، ئینجا حیسابی خۆتان بکەن، ئێستا چوارمان هەیە تەمەنیان سی ساڵە، ئەگەر ئەوەی تەسبیت بکەین مانای وایە یەك لاو لە پەرلەمان نییە، مادام وایە نوێنەری گەنج لە پەرلەمان نییە، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە تەمەن لە (14 – 30) تەسبیت بکەین واتا لاوە، ئیدی هەموو دامودەزگای حکومەتی کوردستان هاتوو کو لاو بە ناوی لاو هاتووە دەبێت لە سی ساڵ پتر بێت، لەوانەیە ناچار بین کۆمەڵێك مودیر و شەخسیات ژی لەوێ جێ ناگرێتن ژی عومریدا مەجبور دەبن فەسلی بکەن، بە هەندەك مەسئوولیەتێکی مەزنە ئەگەر ئەو تەمەنە تەسبیت بکرێت، کۆمەڵێ خەڵکیش ژی عومرە شولێکی مەزن دەکاتن، ئەگەر تەحەمولی ئەو مەسئوولیەتە دکەن ئەو شولە جێ بەجێ دەکەین، پێکڤا دێتە تەسبیت کرن، چونکە ئەو ئەمرە تەحدید بکات لە وەزارەت نابێت، پەرلەمان ئەگەر عومرێکی تەسبیت کرد بە هەموو وەزارەت و موئەسەساتی حکومەتی هەرێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆر کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ڕەئی منیش لەگەڵ ئەوەیە تەمەن تەحدید بکرێت، ئەوەی وەرزش دەکات لە هەر عەمرێك دەکات بەسەرەوە حەقی خۆیەتی، ئەوە بۆ وەرزش.
بەس لاو ئەوەی لە سی تێپەرێت بزانێت لاو نییە، پاش ئەمە کاك بەکر فەرمووی لاو زۆر ئیمتیازی دەبێت لە سەفەرە، لە زۆر مەسەلەی تردا وەزارەتی وەرزش و لاوان بەرپرسە بەرامبەریان، بەلأم ئەگەر مەفتوح بێت، هەموو کەسێك وا تەوەقوع دەکاتن کە ئەو ئیمتیازاتانەی هەیە، پاشان مادام ئێمە لەناو عێراقی فیدراڵی دەژین، کە حکومەتی ئیتیحادیش چواردە تا سی ساڵی تەحدید کردووە با تەناقوزییەك نەبێت لەوە، هیچ تەئسیرێك لە ئێمە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە تەمەنەکە تەحدید نەکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەن تەحدید بکرێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ تەمەن لەنێوان (14 -30) ساڵ وەرگیرا، برگەی سێیەمی نووسراوە چوار و پێنج (وكيل الوزير للرياضة والشباب)، ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسایی کە لەلایەن هەردوو لیژنەکەش پەسند کرا، واتا ئیلغای ئەو فەقەراتانە تەنیا یەك و دوو و سێ و شەش وەربگیرێتن، ئەویتر ئیلغا بکرێت دوو وەکیل وەزارەت دەبێتە یەك وەکیل وەزارەت، فەقەرەی حەوتیش ئیلغا دەکرێتن، ئێستا فەقەرەی یەك و دوو و سێ و شەش دەمێنێتن، وەکیلەکەش یەك وەکیل دەمێنێتن بەناوی (وكيل وزارة لشؤون الرياضة والشباب) کە لە لیژنەی یاسایی ئەسڵەکەی پێشنیار کردووە بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر، دوو لیژنەکەش وەکیل ریازە وشەباب هەروا دەمێنێتن، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، مادده یەکمان تەواو کرد، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، فرسەتیش دەدەین بە وەزیر لەو ماوەیەدا راپۆرتی هەردوو لیژنە بخوێنێتەوە لەگەڵیان دانیشێت ئەگەر مەجال هەبوو ڕەئی خۆشی بڵێت، بۆ ئەوەی وەختەکەمان لێ نەڕوات، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین دوو پێشنیار هەیە، ئێوارە دابنیشین، یان سبەینێ، بەیانی سەعات دە و نیو کۆبوونەوەمان دەکەین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**چوار شەممە رێکەوتی 11\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/4/11

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/4/11 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای كوژاندنەوەو جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانییەكان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە یەكی مادده 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكاتی (10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/4/11 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای كوژاندنەوەو جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانییەكان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری وەرزش و لاوان و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دەكەین بەخێر بێن سەرچاو, هەروەها لەگەڵماندا شاندێكی پەرلەمانی سویسری هەیە, كە چەند رۆژێكە بە سەردانێكی فەرمی هاتوون بۆ كوردستان, بریتین لە سەرۆكی شاند (كارلۆس سۆما رۆگا)و ئەندامانی شاندەكە (ئەندریا هیمثری و گالبیرۆف, جاكنیپیفی) زۆر بەخێر بێن سەرچاو، چەند رۆژە

لێرەنە سەردانی هەڵەبجەیان کردووە, ناوچەکانی ئەنفالکراو لە چەمچەماڵ و رەنگە بچنە شێخ وەسانانیش، چەند جێگایەکیان کردووە، دۆستی کوردن و هاوکار بووینە، دەنگیان بەرز کردۆتەوە لە پەرلەمانی سویسرا لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا بۆ دیفاع کردن لە کورد، لە سەردانی بەندە بۆ پەرلەمانی سویسرا ئەوان ئەنجامیان دابوو، من لەوێ دەعوەتم کرد بوون، ئێستا ئەوە هەفتەیەکە جەنابی سەرۆکی هەرێمیان بینوەو لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانیش دانیشتوون، دوو بەیانی تەواو دەبێتن، ئەمڕۆش حەزیان کرد لەگەڵتاندا دابنیشن، بۆ ئەوەی جەلسەکەمان ببینن، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، لەگەڵ لیژنەی پەروەردە، دوێنێ لە خاڵی یەکەم بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی یاسای وەرزش و لاوان، ماددەی یەکەممان تەواو کرد، چووینە سەر ماددەی دووەم، فورسەتیش بوو بۆ ئەوەی راپۆرتەکانی لیژنەی پەروەردەو پەیوەندییەکان، کە جەنابی وەزیر پێشتر نەیبینی بوو بیخوێنێتەوەو وەڵامەکان و بۆچوونەکانی خۆی بۆ حازر بکات، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم لە ماددەی دووەمەوە دەست پێ بکەن، فەرموون, ئەصڵەکە بخوێننەوە بە هەر دوو زمان, دواتریش رەئی خۆتان لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرك و ئامانجانە دەهێنێتەدی:

1-بلاّو کردنەوەی چەمك و بنەما بەرزەکانی بزاڤی ئۆڵمپی و وەرزشی و بلاّو کردنەوەی لەناو کۆمەڵگەدا.

2- دەرخستنی گرنگی بزاڤی وەرزشی و چالاکییەکانی بەشێوەیەك بگونجێن لەگەڵ ئامانجەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا.

3- بنیاتنانی جەستەیی و پیشەیی و دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەلاّیەتی مرۆڤ بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامی چالاك لە کۆمەلگەدا و بتوانن رووبەڕووی سەختییەکانی ژیان ببنەوە.

4- دانانی بەرنامە و پرۆگرامی پێویست بۆ بەرپا کردنی رابوونێکی وەرزشی بۆ هەموو کەرتەکانی وەرزش و لاوان لە هەرێمدا.

5- هاوئاهەنگی لەگەڵ فەرمانگە میرییەکانی دیکەدا بۆ چارەسەر کردنی کێشە دەروونی و کۆمەلاّیەتییەکانی لاوان و دۆزینەوەی هەلی کار کردن بۆیان.

6- کار کردن لە پێناو دابین کردنی پێداویستییەکانی بزاڤی وەرزشی وەك یاریگەو هۆڵ و دامەزراوەکانی دیکەو هەموو ئەو خالاّنەی دەبنە هاریکاری پەرە پێدانی بزاڤی وەرزشی و دەرفەت رەخساندن بۆ خەریك بوون بە خولیا وەرزشی, زانستی, هونەری, فەرهەنگی و سەرگەرمییەوە.

7- پشتگیری کردنی یانەو یەکێتی وەرزشی و تیپە میللییە وەرزشییەکان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە، بۆ گەشە کردنیان.

8- چاودێری کردنی وەرزشوانان و بەهرەمەند و توانادار و پاڵەوانان و دابین کردنی شێوازی گونجاو بۆیان تا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەخشینەکانیان.

9- ئامادە کردنی کادیری هونەری لە بواری وەرزشدا، لەگەڵ مشتوماڵ کردنی شارەزاییەکانیان بە تازەترین دۆزینەوەی زانیارییە زانستییەکانەوە.

10- هاندان، رێکخستن و دانانی یاسای پێویست بۆ یارییە میللی و نەریتییە کوردستانییەکان.

11- چاندنی چەمکە دیموکراتییەکان و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بڵاو کردنەوەی بیری کوردستانپەروەری و میللەتپەروەری.

12- بایەخدان بە وەرزشی ژنانەو هاندانی ئەو جۆرە وەرزشە و کارکردن لە پێناو فراوان کردنی و پەرەپێدانی ئاستیدا، هەروەها هەڵ رەخساندن بۆ ئەوەی ژنانیش بەشدارییەکی کارا لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وەرزشدا بکەن لە هەرێمدا.

13- کارکردن لە پێناو پتەو کردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان لاوانی هەرێمی کوردستان و لاوانی هەرێمەکانی دیکەی عێراق و جیهاندا.

14- دامەزراندن و پتەو کردنی پەیوەندیی بواری وەرزش و لاوان لەگەڵ رێکخراو و لیژنە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار.

15-دەستەبەر کردنی چاودێری تەندروستی بۆ لاوان و وەرزشوانان و دابین کردنی پێداویستییەکان بۆیان.

16-گرنگیدان بە توێژینەوەی پەروەردەیی بواری وەرزش و لاوان و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانیان بۆ پەرەپێدانی ئەو بوارانە.

17- سەرپەرشتی کردنی یانە و قوتابخانە وەرزشی و پەیمانگە ئەهلییەکان و ئاراستە کردنیان بەپێی ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پەیرەو دەکرێن.

18- بە رەنگار بوونەوەی بەکارهێنانی مادده چالاکی بەخشەکان و شێوازە قەدەغە کراوەکانی دیکەی نێو دەوڵەتی.

19- دیراسەت کردنی سیستەمی پیشەگەری وەرزشی و رادەی گونجانی لەگەڵ بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری بزاڤی وەرزشیدا.

20- بەشداری کردن لە پەرەپێدانی هۆیەکانی راگەیاندنی وەرزشی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت.

21- کارکردن لە پێناو دەستەبەر کردنی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە کۆنگرەو دیدارە وەرزشی و لاوییە هەرێمی و کیشوەری و نێو دەوڵەتییەکان و بەشداری کردن لە چالاکییەکانیاندا.

22- مۆڵەت پێدانی یانەو قوتابخانەو پەیمانگە و یاریگە و هۆڵە وەرزشییە ئەهلییەکان و سزادانیان بە راگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵ کردنەوەیان بەپێی یاسا.

23- هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری وەرزشدا بەپێی یاسا.

24- کارکردن له پێناو پتەو کردنی پەیوەندی و هاوسۆزی لەگەڵ وەرزشوانان و لاوانی کوردستان له ناوەوەو له دەرەوەی هەرێمدا.

25- هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا به مەبەستی پشتیوانیی کردن له چالاکیی وەرزشانەی خوێندکاراندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو خاڵە لیژنەی پەروەردە چیان هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: له کۆی ئامانجەکانی وەزارەت که (25) خاڵە زۆرترینی باس له وەرزش و پەرەپێدانی دەکات هەر چەندە ئێمە دەزانین که وەرزش زۆر گرنگه بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست، بەلأم ئێمە نابێت ئەوە له بیر بکەین که گەنجان توێژێکی زۆر گرنگی ئەم کۆمەڵگایەن و، دەبێت ئەم وەزارەتە بایەخی تەواویان پێ بدات، لەبەر ئەوە زۆرێك له ئامانجە دووبارە بووەکانمان لێك داوەو، چەند خاڵێکی تریشمان زیاد کردووە:

1-بڕگەی (1) لەگەڵ (2) لێك بدرێت و, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(دەرخستنی گرنگی بزاڤی وەرزش و چالاکیەکانی و, بلأو کردنەوەی چەمك و بنەما بەرزەکانی بزاڤی ئۆلۆمپی و وەرزشی لەناو کۆمەڵگادا بەشێوەیەك که بگونجێ لەگەڵ ئامانجەکانی گەلەکەمان له کوردستاندا).

2- خاڵی (3) پرۆژەکه لەگەڵ خاڵی (5) لێك بدرێت و, وشەی مرۆڤ بگۆڕدرێت بۆ (لاو, گەنج), چونکه پەروەردە کردنی مرۆڤ به وەزارەتێك ناکرێت، بەڵکو کاری هەمە لایەنەی کۆمەڵگایە و, دەقەکە بەم شێوەیە بێت:

(بونیاتنانی گەنج له رووی جەستەیی و, دەروونی و پیشەیی و پەروەردەیی و کۆمەڵأیەتی بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی کارا له کۆمەڵگادا به هاوکاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی لاوان به گشتی.

3- خاڵەکانی (4،6،7،17) لێك بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(دانانی بەرنامەو پرۆگرامی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزشی و, پشتگیری کردنی یانەو یەکێتیە وەرزشی و تیپە وەرزشیە میللیەکان و, سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانیان و, کارکردن له پێناو دابین پێداویستیەکانی وەرزش بۆیان.

4- له خاڵی (8) دەقەکە دەبێتە خاڵی چوارەم و, بەم شێوەیەی خوارەوە:

(بایەخدان به وەرزشەوانانی به هرەمەند و به تواناو پاڵەوانان و خاوەنی پێداویستیە تایبەتیەکان و دابین کردنی بارودۆخی گونجاو بۆیان, که بتوانن بەردەوام بن له بەخشینەکانیان.

5- خاڵی (25،9) لێك بدرێت و, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:
(ئامادە كردنی كادیری هونەری لە بواری وەرزشدا لەگەڵ زیاد كردنی شارەزاییان بە نوێترین زانیارە زانستیەكان بە هاوكاری هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا.
6- خاڵی (10)ی پرۆژەكە وەك خۆی بمێنێتەوەو دەبێتە خاڵی (6) ماددەی پێشنیار كراو.
7- خاڵی (11)ی پرۆژەكە دەبێتە خاڵی (7) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
(بەهێز كردنی گیانی هاونیشتمانی بوون و لێبوردەیی و داد پەروەری كۆمەڵایەتی و بیری جیندەری لە لایەن لاوانەوە لە رێگەی هاندانی گفتوگۆی فیكری و رۆشنبیری لە نێوانیاندا و راهێنان لەسەر بنەما دیموكراسیەكان و كارا كردنی بەشدار بوونیان لە هەڵبژاردنەكان و چالاكیە خۆبەخشەكان.
8- دەبێتە خاڵی (12) دەقەكە بەم شێوەیە:
(بایەخدان بە وەرزشی ژنان و كارا كردنی رۆڵی كچان و بەشداری كردنیان لە چالاكیە وەرزشیەكان و فراوانكردنی چالاكیەكانی تایبەت بە كچان لە سەنتەرەكانی گەنجان.
9- لێكدانی خاڵی (24،14،13)ی دەقەكە بەم شێوەیە:
(كار كردن لە پێناو پتەو كردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوكاری لە نێوان لاوانی هەرێمی كوردستان – عێراق و لاوانی هەرێمەكانی دیكەی عێراق لە رێگەی دامەزراندن و پتەو كردنی پەیوەندی وەرزش و لاوان, هەروەها لەگڵ رێكخراو و لیژنە نێودەوڵەتیەكانی پەیوەندیدار.
10- خاڵی (18،15) لێك دەدرێت بەم شێوەیە:
(دابین كردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ وەرزشەوانان و بەرەنگار بوونەوەو نەهێشتنی بەكارهێنانی مادده وزە بەخشەكان و شێوازە قەدەغە كراوەكانی تری نێو دەوڵەتی.
11- دەقی پرۆژەكە (16) وەك خۆی دەمێنێتەوە.
12- خاڵی (17) لێك درا لەگەڵ خاڵەكانی (4،6،7).
13- خاڵی (19) لە دەقەكە وەك خۆی دەمێنێت.
14- خاڵی (20) وەك خۆی دەمێنێت و بەم شێوەیە بێت لەگەڵ چاككردنی دەقە كوردیەكە:
(لە دەقی عەرەبیەكە (وسائل الاعلام) هاتووە لە كوردیەكە بە (هۆ) تەرجومە كراوەكە لە رووی زمانەوە دەبێت (ئامرازەكان) بێت.
15- خاڵی (21) وەك خۆی دەمێنێت و بە زیاد كردنی (لاوان و وەرزشەوانان) لە دوای وشەی نوێنەرایەتی.
16- خاڵی (22) لەگەڵ (23)ی دەقەكە لێك درێت (22) بەم شێوەیەی خوارەوە:
(هاندانی كەرتی تایبەت لە بواری وەرزشی لە رێگای پێدانی مۆڵەت بۆ یانە و یاریگاو هۆڵە وەرزشیەكان و جێ بەجێ كردنی سزا بەپێی یاسا.
17- خاڵی (24)ی پرۆژەكە دووبارەیە بۆیە پێشنیار دەكەین لەگەڵ خاڵی (14،13) لا بدرێت, خاڵی (25)ی پرۆژەكە لەگەڵ خاڵی (9) لێك درا.

زیاد کردنی ئەم خالاَنەی خوارەوە:

1-بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و کارامەیی زانستی و هونەری لاوان و ئامادە کردنیان بۆ ئایندە.

2- پتەو کردنی گیانی کارکردن و بەرهەم هێنان لای لاوان و لە رێگەی بەرز کردن و گەشە پێدانی توانا پیشەیەکانیان.

3- ناساندنی لاوان بە تەکنەلۆژیای سەردەم و کار پێ کردنی.

4- دروستکردنی سندوقی پشتگیری لاوان بۆ پێدانی قەرز و هاندانیان بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستاش راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان فەرموو ماددەی دووەم بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم بەم شێوەیە تێبینیەکانی خۆمان دەخەینە روو:

1-لە بڕگەی چواردەهەمدا وشەی نیشتمانی بخرێتە پێش نێودەوڵەتییەکان.

2- بڕگەی (17) لا بدرێت، چونکە:

أ- قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش نییە.

ب- پەیمانگا و یانەو........ تەنها مۆڵەت وەردەگرن و پێویستیش ناکات وەزارەت خۆی لە کاروباری تایبەتی هەڵقورتێنێ.

ت- خاڵی (22) لا ببرێت، چونکە ئەوە کاری وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاَیە.

پ- خاڵی (25) هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاَ ... واتە خوێندنی بالاَی بۆ زیاد بکرێ.

ج- خاڵی (26) زیاد بکرێ کە لە زنجیرەدا دەبێتە خاڵی 24 بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەرو رێکخراوەکان بە مەبەستی بایەخدان بە لاوان لە بوارەکانی رۆناکبیری و کۆمەلاَیەتی.

ح- زیاد کردنی بڕگەیەکی تر بەم شێوەی خوارەوە:

(بایەخدان بە لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەستگرتنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆناکبیری و هونەرییان.

خ- هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی گەنجان بەشێوەی گشتی زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پێش ئەوەی رەئی وەزیر لەسەر دوو راپۆرتی پەروەردەو پەیوەندییەکان وەربگرین، تەنیا یەك شت دەڵێم وەکو جاری پێشووش باسمان کرد، حەق وابوو لیژنەکان ئەو خیلافاتە یەکلا بکەنەوە لەو خالاَنەی کە کۆك نابن لەسەری, دووش/ لیژنەکان بەتایبەتی لە لیژنەی پەروەردەدا زۆر تەفسیلە خاڵ بە

خاڵ قسەی لەسەر کردووە, پێم وایە دەبێت هەر لەسەر ئەو خاڵانەی کە ڕەئی هەیە قسە بکات, پێویست دەکات قسە بکات بڵێت ئەو خاڵە لا بدرێت, یان ئەو خاڵە بگۆڕدرێت، چونکە ئێمە ناتوانین خاڵ بە خاڵ بچینە سەر ماددەیەك و هەر لیژنەیەکیش شتێکی هەبێتن، پێم باشە ئەو خیلافانە لێرە بەو شێوەیە کە هاتووە زۆر موشکیلەیە بەڕاستی خاڵ بە خاڵ و لیژنەی یاسایی وای وت و لیژنەی پەروەردە وا دەڵێت و جەنابی وەزیر وا دەڵێت، یان لیژنەی پەیوەندی ڕەئی وایە، یەعنی ناگەینە نەتیجە بە حەقیقەت، لەبەر ئەوە ئەگەر دیقەتێکمان هەبێتن لەسەر ئەوە باشتر و ئاسانتر بوو، نازانم من دوێنێ ڕامگرت بۆ ئەوەی ئێوارەکەی دابنیشن و ئەوەی یەك لا بکەنەوە، مەسەلەن ئێستا لیژنەی پەروەردە وای وتووەو لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەی کردووەو ڕێککەوتووە، ئەو تەفسیلاتە ڕەنگە کورت ببایەتەوە لەگەڵ لیژنەی یاساییەکە تەوحید دەبوو، بەس دیارە هەر تەنیا ئەوە بووە ڕاپۆرتەکەیان تەقدیم کردووە, جا جەنابی وەزیر ڕەئیت چییە لەسەر ڕاپۆرتەکانی لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان بە تایبەتی.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێداچووین سەرجەم ئەو تێبینیانەی کە هەبوون لە چەند لاپەرەیەك خستومانەتە بەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان، پێمان وابوو کە لیژنەی یاسایی لیژنەی ئەوەیە، ئەو لیژنەی  ئەو ڕاسپاردە گشتییەکان ئێمە ڕەچاومان کردووەو لەسەر ئەوانەش ئەگەر چەند دەقیقەیەك تەماشای بکەین، ئەگەر جەنابتان ڕەئیتان هەبێت لەسەری تا ئەو تێبینیانەی ئێمە داومانە، ئەوەی کە موافیقین لەسەری ئیزافەی بکەین، ئەوەی موافیقیش نین لەسەری پێویستی بە موناقەشە هەبێت موناقەشەی دەکەین، ئەگەر جەنابیشت شتێکی تر و ڕاسپاردەیەکی ترت هەبێت و کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەو لیژنانە بکەین, ئەوەش دیسان مومکینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموستا کاکە فەرمووو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوان دانیشتین لەسەر ئەو ماددەیە زۆر بە تێرو تەسەلی قسەمان کرد، دوای ئەوەی هەردوولا کۆك بووین لەسەر ئەوەی کەوا خاڵەکان ڕێك بخەین، شەش خاڵمان بۆ دانا کە ئێستا لە ڕاپۆرتەکەمان هەیە، ئەگەر بەڕێزتان ئەمر بکەن کاك کەریم بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی دووەم بەم شێوەیە:

ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی دووەمی پرۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

1-خستنە سەری دوو بڕگە بە زنجیرەی سێ و چوار بۆ ئەرك و فەرمانەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

بڕگەی (3- هاو ئاهەنگی وهاریکاری لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزش لە حکومەتی فیدراڵیدا بکرێت بە مەبەستی خزمەتکردنی بزووتنەوەی وەرزش و لاوان لە هەرێمی کوردستان وعێراق)دا.

(4- هاوئاهەنگی و هاریکاری لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستانی بکرێت لە پێناو گەشە پێ کردنی واقیعی وەرزشی لە کوردستانی عێراقدا).

2- هەموارکردنی زنجیرەی بڕگەکان بەپێی گۆڕانکاریەکان.

3- داڕشتنەوەی بڕگەی (3) لە پرۆژەکەدا بەم جۆرەی خوارەوە:

(بنیات نانی مرۆڤ لە رووی جەستەیی و سایکۆلۆجی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە تاکو ببێتە ئەندامیکی شیاو لە کۆمەڵگادا کە بتوانێ بەرەنگاری بارگرانی ژیان بێتەوە.

4- لابردنی رستەی (بلاوکردنەوەی بیر) لە بڕگەی (11) لە پرۆژەکە و دانانی رستەی (بەهێزکردنی گیانی ئینتیما) لە شوێنی دا.

5- دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی (19) بەم شێوەیەی خوارەوە:

(ئاراستەکردنی پیشەکاری وەرزش بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ بۆ چوونەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بگونجێ لە پێناوی گەشە پێ کردنی بزووتنەوەی وەرزش دا.)

6- (4) بڕگەی نوێی تر بخرێنە دوای برگەی (25) لە پرۆژەکەو بە زنجیرەی (29.28.27.26) بن بەم جۆرەی خوارەوە:

26- بلاوکردنەوەی بەهای مرۆڤایەتی و گیانی کارکردن بە کۆمەڵ لە ریزەکانی وەرزشوانان و لاواندا.

27- کارکردن لە پێناو بیرۆکەی کاری خۆبەخشی لە لای وەرزشوان و لاواندا.

28- گەشەپێدان و دەستەبەرکردنی بوار لەبەر دەم بەهرە زانستی و ڕۆشنبیری و هونەریەکانی لاوان تاکو توێژێکی باوەڕ بەخۆی ڕۆشنبیری داهێنەر پەروەردە بکرێت.

29- کارکردن لەپێناو هێنانەکایەی بزوتنەوەیەکی هوشیار و زیندووی لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی ئەو ئیختیلافانەی لەنێوان لیژنەکاندا هەیە، ئەگەر دیقەتی بدەینێ زۆر خیلافاتی قوڵ نین، دەمجی چەند خاڵێکە لە خاڵەکان، پێشنیاری چەند خاڵێکە، ئەگەر ئێوە کەسێك قسەی هەیە بە عام, هەندێك قسەی لەسەر بکەین, باشە ناوەکان دەنووسم، ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەگەر کەسێکم لە بیر کرد بێت پێم بڵێن (کاك ئیحسان، کاك ئارام، کاك بەکر، خاتوو پەخشان، کاك جەعفەر، کاك جەمال، کاك حاتەم، کاك بەڵێن، ملا سەعدەدین، خاتوو شوکریە، کاك تارق، کاك تەلعەت، کاك عادل، کاك عوسمان، کاك

غەفور، كاك محەمەد فەرەج، كاك محەمەد رەفعت، كاكە حەمەی حاجی مەحمود، دكتۆرە هالە، خاتوو تاڤگە, كاك بارزان، خاتوو گوڵناز, خاتوو سارە) كەسم لە بیر چووە، كاك ئیحسان فەرمووو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری رەئیا پێشنیارێ لیژنا یاسایی دكەین بۆ بابەتێمە كورت بووی، چەند تێبینیەك هەبوو ئەوان ئیشارەت پێ دایە, وەكو لیژنا وەرزشی چەند تێبینیەك هاتینە ئەوژی تەواو پشتگیریا دەكەین، هەندێ خاڵی تر هەنە  پێتیڤی نزانم بێنە ئیزافە كرن، لە فەقەرە یەكێ ماددە دووێ كو تو بێژی بزاڤا وەرزشی، ئۆلۆمپیش جوزئێكە لە بزاڤا وەرزشی، رەئیا مە ئەگەر نێتە خوارێ ئۆلۆمپی ڤێرێ بزاڤا ئۆلۆمپیش دەگرێتەوە.

دووەم/ لە فەقەرە چارێ یا هاتیە چارەسەر كردن بەندەكی تازە لە لیژنا یاسایی ئیزافە كریەو لەگەڵ بەندا (25) یەكتر دەگرنەوە، ئەگەر بێتە یەكتر گرن دێ باشتر دەبێت.

لە فەقەرە شەشێ (كار كردن لە پێناو دابین كردنی پێداویستیەكانی وەرزشی وەك یاریگاو هۆڵ و دامەزراوەكانی دیكە)، ئەڤە هاتە ئێرە ڤێ كافییە، ئەویتر هەمی زێدەیە بێتە لابردن، ئەوە دبێژیت هەموو ئەو خاڵانە دەبنە هاریكاری پەرەپێدانی بزاڤی وەرزشی دەرفەت رەخساندن و بۆ خەریك بوون، ئەوە زیادە بە رەئی من.

لە فەقەرە حەفتێ ببێتە سەرپەرشتی كردن و پشتگیری كردنی یانەو دامەزراوەكانی وەرزشی لە رووی مادی و مەعنەوی بۆ گەشە كردنیان، ئەو فەقەرەیە یەكێتی وەرزشی بە ئیعتیبار یەكێتی دامەزراوەكە سەربەخۆیە سەر بە ئۆلۆمپیەوەیە عایدی وەزارەت نیینە، یەكێتیە لابرێت جێهی وی ببێتە دامەزراوێكی وەرزشی، دامەزراوی وەرزشی تیپەك میللی دەگرێتەوە، قوتابخانە ئەهلییە وەرزشی وەردەگرێتەوە، پشتگیری ئەوە بێتە كرن لە رووی مادی و مەعنەوییەوە، ئەڤە ئەز دبێژم لێرە هەبێتن.

لە فەقەرە هەشتێ جێی چاودێری كردن ببێتە بایەخدان بە وەرزشوانان و بەهرەمەندان دێ باشتر دەبێت و پێویستر بێتن.

فەقەرە حەفتێ گەل یەك دووت دەگرێتەوە، ئەگەر هاتوو ببێتە سەرپەرشتی كردن و پشتگیری كردن دێ ئێك بگرنەوە.

فەقەرە (22) گەل (23) هەردوو فەقەرە ببنە یەك فەقەرە، ببێتە هاندانی كەرتی تایبەت لە بواری وەرزشی بەپێی یاسا، بۆ مۆڵەت پێدانی یانەو قوتابخانە.......

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان وەختت زیاد وەرگرت یەكەم جار, جەنابت ئەندامی لە لیژنەی پەیوەندییەكان، دەبوایە لەوێ ئەو مولاحەزاتانە بدەیت، لێرە ناكرێت خۆت ئەندامی لەو لیژنەیە، ئەگەر لەو لیژنەیە نەبوایە قەیدی ناكات، رەئیەكانت لەوێ تەرح كردبوایە و گەلاڵە كرا بوایە، ئەگەر وا بێت هەر ئەندامێك وەكو لیژنەیە بۆ

ئێمە زۆر زەحمەت دەبێتن، داوای لێبوردن دەکەم، زۆر سوپاس، خاڵی نیزامە، پێشنیارێکی باشە بڕگە بە بڕگە، بۆ ئەوەی بتوانین موناقەشەی بکەین، تەنیا لەسەر بڕگە یەك قسەی دەکەین باشە، ئەوانەی ناویان نووسیووە قسەیان نییە، دەتوانن بڵێن لەو بڕگەیەدا قسەمان نییە, خاڵی نیزام کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونەکان بە زۆری ئێمە مادده بە مادده گفتوگۆمان کردووەو بڕگە بە بڕگە کاتێکی زۆرمان لێ دەباتن، بەڕاستی بەشێوەیەکی گشتی بێتن باشترە، بۆ سوود وەرگرتن لە کاتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، ئەو ماددەیە لە هەموو ماددەکان گرنگترە، چونکە مەهامی وەزارەتە، من لەگەڵتم وەختێکی زۆرمان دەوێت، بەڵام ئەگەر لیژنەکان پێشتر تەوحیدی رەئیەکانیان کرد بوایە، ئەو وەختی ئەو ماندوو بوونەمان بۆ نەدەبوو و ئەو ئیشکالەشمان بۆ دروست نەدەبوو, فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم خۆشم قسەکەم هەر ئەوە بوو ناوم تەسجیل کرد, ئێمە بۆ ئەوەی وەختمان بە فیرۆ نەچێت, ئەوە خەریکە دەورەکەمان تەواو دەکەین هەر بە موناقەشە کردنی مەشروعی وەزارەتەکانە، کۆمەڵێك قەزایەی گەورە هەیە عیلاقەی هەیە بە چاك کردنی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێویستە قسەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوە مەسەلەن دوێنێ لیژنەکان راپۆرتی خۆیان خوێندۆتەوە، ئێستا مادده بە مادده دەیخوێننەوە، ئەندامی لیژنەکان دەچن موناقەشە دەکەن، ئەو برادەرانەی کە لە لیژنە دان پێویست ناکات، خۆیان چوون لەوێ موناقەشەیان کردووە، لێرە جارێکی تر پێویست نییە دیسان موناقەشە بکەنەوە، من تەنها قسەکانم لەبەر ئەوەیە با وەخت بە فیڕۆ نەدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر موافیقن لە سەعات (12،30) پشوویەك دەدەین نیو سەعات، هەرسێ لیژنەش لەگەڵ جەنابی وەزیر دابنیشن تەوحیدی رەئیەکانیان بکەن لەسەر بڕگەکەو ئەو ماددەیە دواتر هین دەکەین، کێ موئەیەدە لەسەر ئەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، هەمووی موافیقن، بڕۆ بۆ ماددەی سێ تکایە، کاك ئارام خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی ئەو ئەندامانەی پێشنیاری تریان هەبێت، بۆ زیاد کردنی بڕگەیەك کە نەهاتووە، مەسەلەن کە پێویست بێت باس بکرێت لەگەڵ لیژنەکاندا دابنیشین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

1- وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە ئاراستە کردنی کارەکان و سەرپەرشتی کردنیان و چاودێری کردنی چالاکییەکان و هەڵسەنگاندنی کار و بەجێهێنانەکان، هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکان کە پەیوەندییان بە کاروباری وەزارەت و بە پێکهاتەکانیەوە هەیە لە لایەنە یاسایی و کارگێڕی و وەرزشی و هونەرییەکانەوە لە سنووری ئەم یاسایەو یاسا پەیڕەو ڕێنماییە کاراکانی دیکەدا لەوەوە دەردەچن، وەزیریش دەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە کەسانی دی، هەر خۆشی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرس دەبێت وەك ئەندامێکی لێ پرسراو تیایدا.

2- هەردوو بریکاری وەزارەت ئەو کار و ئەرکانە بەڕێوە دەبن کە وەزیر پێیان دەسپێرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هەروەکو وەزارەتەکانی دیکە پێشنیارمان کردووە، کە سێیەم و چوارەم بکەینە یەك ماددە، چونکە هەمووی پەیوەستە بە تەشکیلاتی وەزارەت، وەکو ئەوەی ئێستا کاك کەریم بۆمان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**پێکهاتەکانی وەزارەت**

یەکەم: وەزیر/ سەرۆ کی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا و سەرپەرشتی چاودێری کردنی چالاکیەکانی و لەوەوە ئەو بڕیارو ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و کارگێڕی و ڕێك و پێکی بە پێی حوکمەکانی یاساوە هەیە و لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێك  لە دەسەڵاتەکانی بدات بەو کەسەی کە وەزارەت بە شیاوی دەزانێ.

دووەم: وەکیل وەزارەت/ یارمەتی وەزیر دەدات لە  ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کارەکانی دەکات لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت و دەبێ بروانامەی بەرایی زانکۆ ی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

سێیەم: ڕاوێـژکاران/ وەزیـر چـەند ڕاوێـژکارێکی هەیـە و نابـێ ژمارەیـان لـە چوار ڕاوێـژکار پـتر بێـت، بـۆ کاروباری بـەڕێوە بردنـی وەزارەت یاریـدەی دەدەن بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئەرکـەکانی ئەمـەش بـە پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و پێشنیازی پێویست دەبێ و وەزیـر بـۆی هەیـە بـە پێـی پێویسـتی وەزارەت لـە خـاوەن پسپۆڕی جیاواز هەڵیان بژێرێ و ڕاستەوخۆ پێیەوە دەبەسترێنەوە.

چوارەم: نووسینگەی وەزیر/ فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بـەڕێوەی دەبـات بـە پلـەی بەڕێوەبـەر کـە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

پێنجـەم: نوسـینگەی بریکـاری وەزارەت/ فەرمانبـەرێك سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات بـە پلـەی بەڕێوەبەر کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

شەشـەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی ڕاگەیانـدن و پەیوەندییـەکان/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

حەوتـەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پـلان دانـان و بـەدوا داچـوون/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامـەیی بێـت بـۆ ماوەیـەك لـە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

هەشـتەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کاروبـاری کـارگێری و دارایـی/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

نۆیـــەم: بەڕێوەبەرایەتیـــە گشـــتیەکانی وەرزش و لاوان لـــە پارێزگاکـــانی هەرێمـــدا/ هەریـــەك لەوانـــە بەڕێوەبەرێکی گشتی خـاوەن بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆ سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات کـە خـاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو وەزارەتەکانی تر تەنها ئیکتیفامان کردووە بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و، خوردمان نەکردۆتەوە بۆ بەڕێوەبەر و هۆبە و بەش و ئەوانە، وەکو ئەوانی تر بۆ ئاگاداری خوشك و برایانی بەڕێز.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نەصی عەرەبیەکەش بخوێنیەوە پێشنیارەکەتان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

3- أما فيما يتعلق بالمادتين الثالثة و الرابعة من المشروع تقترح اللجنة دمجهما ضمن المادة الثالثة تحت عنوان ( تشكيلات الوزارة ) وصياغتها كالآتي :-

تشكيلات الوزارة

أولاً: الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة و المسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها و الإشراف و الرقابة عليها و تصدر عنه و تنفذ باشرافه جميع القرارات و الأوامر و التعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الفنية و المالية و الإدارية و التنظيمية وفق أحكام القانون و يكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه و له تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.

ثانياً: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الإشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

ثالثاً: المستشارون: يكون للوزير مستشارون على ان لا يزيد عددهم عن اربعة يساعدونهم في اداء ادارة شؤون الوزارة وتنفيذ مهامها بتقديم المشورة والمقترحات الضرورية له يختارهم الوزير حسب حاجة الوزارة من الاختصاصات المختلفة ويرتبطون به مباشرة .

رابعاً: مكتب الوزير: يرأسه و يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً: مكتب وكيل الوز ير: يرأسه و يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

سادساً: المديرية العامة للاعلام والعلاقات: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

سابعاً: المديرية العامة للتخطيط و المتابعة: يرأسها و يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

ثامناً: المديرية العامة للشؤون الإدارية و المالية: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

تاسعاً: المديرية العامة للرياضة والشباب في محافظات الاقليم: يرأس كل منها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەكان تەقریبەن مولاحەزاتیان هەموو یەك شتە, تەنیا لە ڕاپۆرتی ڕۆشنبیرییەكان پێشنیارێكی تێدایە كە مودیریەتێك زیاد بكرێت، حەز دەكەم ئاماژەی پێ بكەن، كاك ئاریز.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ماددەی سێیەم و چوارەم تێكەڵ كراوە، تەئیدی ئەو تێكەڵ كردنە دەكەین كە لیژنەی یاسایی پێشنیاری كردووە، بەڵام لە ماددەی چوارەم كە لە پرۆژەكەدا هاتووە، ئەو تێبینیانەمان هەبووە:

1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەكان و راگەیاندن لابرێت، چونكە پێویست بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناكات و دواتر بەپێی پێڕەوی ناوخۆ وەزیر دەتوانێ هۆبە و بەڕێوەبەرایەتیەكانی پێویست بكاتەوە.

2- پێمان باشە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و هونەرە میللیەكان زیاد بكرێت، ئێمە دەزانین لە كوردستان كۆمەڵێك وەرزش هەیە، كۆمەڵێك كاری هونەری هەیە، كە لە كلتوری كوردستان، لە كلتوری میللەتەكەی خۆماندا هەیە، خەریكە بەپێی زەمن لەبیر دەچێتەوە، بەپێی زەمن خەریكە نامێنێن، لە بەرامبەریشدا وەرزش و كارە هونەرییەكانی تری وڵاتانی دەرەوە دێن زاڵ دەبن، ئێمە لە پێناوی پاراستنی ئەوەی كە ماوەو لە پێناوی ژیاندنەوەی ئەوەی كە لە رابردووشدا هەبووە، پێمان وایە بەڕێوەبەریەتیەكی گشتی پێویستە، بەتایبەتی گرنگی بەو لایەنە بداتن، من یەك نموونە دەهێنمەوە لەو مەسەلەیە، ئێستا لە ئەوروپا یارییەك هەیە پێی دەڵێن گۆڵف، لە كوردستان لە رابردوودا هەمان یاری هەبووە بە تۆزێك گۆڕانكاری بەناوی قاشوانێ، كە مامۆستا كاكە ئیشارەتی پێ كرد, ئێستا رەنگە زۆربەی زۆری ئێمە نەزانین قاشوانێ چیە؟ لە كلتوری كورددا، لە مێژووی كوردستاندا ئەو یاریە هەبووە، زۆر لە یاری تریش لە كوردستاندا دەكرێن، یەعنی دەكرێت بە دەیان یاری وەرزشی بژمێرین و بنووسین، ئێمە پێمان باشە لەمەودوا ئەو وەزارەتە رۆڵی هەبێتن لە بووژاندنەوەی كلتوری كوردستان و رۆڵی هەبێتن لە بووژاندنەوەی یاری و كارە هونەریەكان و كارە وەرزشیەكانی كوردستان، بۆیە داوامان كردووە ئەو وەزارەتە بكرێتەوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بكرێتەوە ئەوەمان پێ باشتر بووە هەبێتن لە بەڕێوەبەرایەتیەك بۆ پەیوەندی كردن و راگەیاندن، ئەوە لە وەزارەتەكانی تریش هەر وا هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن نەبووە، هەر بەڕێوەبەر بووینە، نەك بەڕێوەبەرایەتی، هۆبە بووینە.

3- هەر پارێزگایەكی هەرێم بەڕێوبەرایەتیەكی گشتی وەرزش و لاوانی هەبێ، پشتیوانی لە پێشنیارەكای لیژنەی یاسایی دەكەین و دەستیان خۆش بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو سۆزان چ خیلافێكت هەیە لەسەر لیژنەی یاسایی و پێشنیاری لیژنەی پەیوەندییەكان, رەئیت چیە پێش ئەوەی رەئی جەنابی وەزیر وەربگرین.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی پەروەردە لەگەڵ ئەو لێكدانەی ماددەی سێیەم و چوارەمین، بەڵام پێمان وابوو كە بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی هەبێتن بۆ كاروباری لاوان و، بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی هەبێتن بۆ كاری

وەرزش، لەبەر ئەوەی با ئەو دووانە تێکەڵ نەکەین، لەبەر ئەوەی گەنجەکانمان پێویستیان بە شوێنێك هەیە، سەنتەرەکان، ڕێکخراوەکان بچن ئەو کارو چالاکیانەی کە دەیانەوێت بیکەن ڕوو بکەنە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەی کە ئەوان بەدەوری خۆیان بەرزی دەکەنەوە بۆ وەزیر، هیوادارم وا بێت، چونکە بەڕاستی ئێمە وامان پێ باشە، ئیتر نازانم جەنابی وەزیرش دەڵێ چی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ڕەئی لەسەر ئەو دوو پێشنیارە تازەیە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت زۆر بە دیقەت لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسەمان کردووە، جارێ لە ڕووی ئەوەی کە تۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە دیوانی وەزارەتت هەبێت، ئەو کاتە دەبێت لە پارێزگاکان بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی، یەعنی مەرکەزیەتێك لە وەزارەت دروست دەبێت لەسەر حیسابی موحافەزات، ئەوە دژی تەوجوهاتی فیدراڵی کوردستانە، ئەوەی ئێمە تێگەیشتین لەو ڕاسپاردەیەی کە لە لیژنەی یاسایی بۆ ئێمە کرا، دەنا لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هەبووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشیش هەبێتن و بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوانیش هەبێت، بەڵام ئەوە زەحمەتە لە ڕووی قانونییەوە موشکیلە دروست دەکات، بەنیسبەت ئەوەی تر کە کاك ئارێز باسی کرد، ئەوەی ڕاستی بێتن ئێمە تەوەجوهێکی ترمان هەیە بۆ پەیوەندییەکان، ئێمە جالییەکی یەکجار گەورەمان لەگەڵ ئەوە هەیە، بۆیە پێم وایە ئەو جالیە کوردیە لە دەرەوە دەبێت بەتایبەتی گەنجەکان کە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی کوردستانن بە مەکینەیەکی پەیوەندی چالاك و ڕاگەیاندنێکی چالاك و پەروەردەیەکی چالاك دروست دەبێت، یەعنی دەمانەوێت ئاستی ئەوە بەرز بکەینەوە، ئێمە سوورین لەسەر پێشنیارەکەی خۆمان و دەمانەوێت پشتگیری لێ بکرێت، چونکە بیر کردنەوەیەکی قولی لە دواوەیە حەز دەکەم ئەوەی بزانن، بۆ ئەوەی یەکێك لەو شتانەی کە ئێستا ئێمە دەستمان پێ کردووە کەمپێکی هاوینیەو گەنج لە دەرەوە بێنین لێرە تێکەڵ بکەین و بەتایبەتی کە ئێستا ئەگەر تەماشای بکەین وڵاتانی دیکە کە تازە پێگەیشتووینەو خەڵکێکی زۆریان لە دەرەوە بووە، لەو تاقانەی دەرەوە ئیستیفادەیان کردووە، ئەوە مەکینەیەکی گەورەی پێ ئەوە دەبێتن و، ناکرێت دیسان لە ڕووی یاساییەوە هەر هەمان ئەشکال دروست دەبێتن، وەرزشت دانا لەگەڵ ئەوە دیسان ئەو ئیشکالە دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئەوە ڕەئی لیژنەی قانونییە، ڕەئی جەنابی وەزیریشە، ئەگەر لیژنەی پەیوەندییەکان موسیرە لەسەر ڕەئیەکەی خۆی بۆ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و تیپە میللییەکان، ئەوە بڕێك موناقەشەی دەکەین، دوایێ دەخەینە دەنگدانەوە, ڕەئیتان چییە.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر ڕەئی خۆی نەدا لەسەر كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و هونەرە میللیەكان، ڕەئی خۆی نەدا ئەوە یەك، حەزمان كرد گوێمان لێی بێت، ئینجا ئەوەی تریش كە باس دەكات بۆ پەیوەندییەكان لە دەرەوە ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیەك هەبێت، دەتوانێت باشتر پەیوەندی بە دەرەوە بكات، ئێمە پێمان وا نییە ئەو ئیشە تەنیا بە بەڕێوەبەری گشتی بكرێت، بەڵكو جەنابی وەزیر خۆی سەرپەرشتكار و خۆی بڕیاردەر و لە خوار جەنابی وەزیریش وەكیلی وەزیر دێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تر هەنە، دەكرێت ئەگەر هۆبەش بێت، یان تەنیا بەڕێوەبەرایەتیش بێت، دەكرێت هەمان ئەو ئەركانەی كە جەنابی وەزیر باسی دەكاتن جێ بەجێی بكاتن و بڕوا دەكەم هیچ تەگەرێك و هیچ ئاستەنگێك لەوەیدا نابێتن، تەنیا ئەوەی ئێمە دەمانەوێتن ئەو بەڕێوەبەرایەتیەمان پێ باشترە، ئەویتریشمان پێ باشتر نییە، یەعنی تۆزێك لەو ئەوەیەش كەمتر دەكەینەوە لە بەڕێوەبەرایەتی و لە ناوەندەكانیش كەمتر دەبێتەوە، ڕەنگە بۆ ڕاپەراندنی ئیش و كارەكانی وەزیر و وەزارەتیش ئەوە باشتر بێت پێشنیارەكەی ئێمە، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر ئەو پێشنیارەی خۆمان، پێمان وایە وەكو وەزارەتەكانی تر پێویست بەوە ناكات و، بەڕێوەبەرێك بە ئاراستە كردنی جەنابی وەزیر، یان بە ڕێنماییەكانی كە لە وەزارەت دەردەچن دەتوانن هەمان ئەو ئیش و كارانە جێ بەجێ بكات، كە جەنابی وەزیر باسی كردووەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من مولاحەزەیەكم هەیە تەنیا لە پێش ئەوەی ئەو مەوزوعەی بكەینەوە، ئەوانی تر ڕەئی لیژنەی قانونی بەنیسبەت هەموو وەزارەتەكانەوە شتێكی تەبیعییە، ئەوەی كە جێگای باس كردنە پێشنیاری لیژنەی پەیوەندییەكانە، تەنیا مولاحەزەیەكم هەیە لە موستەشارین، ئایا موستەشارین وەكو وەزارەتەكانی تر پێویست بە شەهادەی بەكالۆریۆس ناكات، پێویست بە خیبرە ناكات كە ئاماژەتان پێ نەكردووە لێرە، نەمدیت لەو هینەی كە باستان كردووە، دەڵێت (ثالثاً: المستشارون) ناڵێت لە هینەكانە، لێرەش نەتووتووە لەوێش نەتووتووە, بێنە لەوێ دەیڵێیت، تۆ لێرە لە هەموو مودیریەتەكان دەڵێی (یرأسه مدیر عام)، دەبێت لەوێش بڵێی موستەشارەكان چین وەكو وەزارەتەكانی تر، دەبێت دەرچووی كۆلیژ بن و خیبرەیان هەبێت، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێتن ئێمە هەندێك بە قەسدی ئەوەمان كردووە، چونكە لاوان گرفتێكی زۆر گەورەیان هەیە ئەو مەرجەی كە دانراوە، ئەگەر ڕاوێژكارێك دانرێت لە وەزارەت بەو مەرجانە بێت، دەبێت پیرێك ببێت بە ڕاوێژكار لە شوئونی لاواندا، ئەوە خاڵێكی زۆر زۆر گرنگە.

دوو/ ئەگەر ئیجازە هەبێت تەعلیقێك لەمەی برایان بدەم لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەوەی راستی بێت پێمان وایە ئەو کارەی کە جەنابت باست کرد بەڕێوەبەرایەتیەك دروست دەبێت لەناو وەزارەتدا عەکسی ئەوە، دوای ئەوە تێکەڵی دروست دەبێت، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و ئەوەکانت دانا، دیسان دەگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی کە ئۆرگانێکی گەورە موقابیلی ئەوە دروست دەبێتن، پێم وایە ئێمەش سوورین لەسەر ئەوەی کە بمێنێت و بیر کردنەوەیەکی جددیشمان کرد لەسەر ئەو مەوزوعە، هەر لە ئەساسدا ئێمە لەگەڵ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکان بووین بەشێوەیەکی بەرفراوان، لیژنەی یاسایی ئەوەی کرد، هەم لە رووی مالییەوە موشکیلەیەکی گەورە دروست دەکات، هەم لە رووی دەسەڵاتەوە تێکەڵ بوونی دەسەڵاتی پارێزگاکان و دیوانی وەزارەت موشکیلە دروست دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆم پرسیارەکەم بەنیسبەت موستەشار بوو، بۆیە دەمزانی وەڵامەکەت وایە، چونکە وەرزش هەر دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، دەبێت پسپۆر بێت لە بواری خۆیدا، خەڵك ناسیاو بێتن لەو پسپۆریەدا، یەعنی لە جیاتی ئەوەی داوای شەهادەی بەکالۆریۆسی لێ بکەیت دەبێت تەرکیز لەسەر پسپۆریەکە بکرێت، کەسێك هەبێتن تەقیمی ئەو پسپۆریەی بکاتن، بۆ ئەوەی جەنابیشت ئیحراج نەبیت، من سبەی پێت بڵێم دەبێت ئەوەی بکەیە موستەشار بە قسەم بکەیت، مەقصەدم ناوی خۆم دەهێنم ناوی کەس تر ناهێنمەوە، قانونێك هەبێتن بۆ ئەوەی پابەند بێ پێی، مەسەلەن خیبرەی هەبێتن، مەشهور بێتن لەناو خەڵکدا، ریازیەك بێتن، وەجهێك بێتن خەڵك بیناسێت، مەسەلەن فتبۆلی فەریقی مونتەخەبی هەولێر بێتن، چەند ناسراوە دەیکەیتە موستەشار تەبیعییە، دەوراتی دیوە لە بوارەکانی تردا، شارەزایی هەیە لە فەریق و مەسائیلی تردا، دەبێت ئەوە ئاماژەی پێ بکەن، لەسەر پێشنیارەکەی کاك ئارێز کەس قسەی هەیە، کاك تەلعەت خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر پێشنیاری لیژنەی پەیوەندییەکان، ئەو مەسەلەی بەڕێوەبەرایەتیەکان بۆ هونەرە میللیەکان بکرێتەوە، بەڕاستی پێشنیارێکی لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە دەرگای موناقەشە دەکەینەوە، دەزانن ئەو ناوانەی کە نووسراوە ئەوان دەبێت قسە بکەن، چونکە ئەوانەی کە سەرەتا ناوم نووسین لەسەر هەموو ماددەکان قسە بکەن، دەبێت لەو ناوانە بێتن، باشە ناوتان دەنووسم، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی حەز دەکەم ئەو تێبینیە بدەم، کە تەشکیلاتی هەر دەستەیەك، یان هەر وەزارەتێك، یان هەر شوێنێك باس دەکەین لەسەر ئەساسی ئەو ئەرك و ئامانجانەیە کە وەزارەتەکە دەیگرێتە ئەستۆ، چونکە

ئێستا من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئێرە، لە ماددەکەی پێش ئەوە پێشنیارێکم هەبوو ئەمە دەگونجێت لەگەڵ ئەوە، بەڵام دەیلێم بە دابڕاوی لەگەڵ ئەو ئامانجەی بۆچی پێشنیار دەکەم، ئەمە یەك.

دوو/ منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کە موستەشار لە بواری وەرزش و لاواندا پێویستە پسپۆری هەبێت و، مەوزوع هەر ئەوە نییە گەنجێك ببێت بە راوێژکار لە وەزارەتدا، هەموو ئێمە پیرەکانیش بە گەنجیەتی تێ پەڕیووین و، ئیختیصاصات هەیە لە مەوزوع ناڵێم غەرقی بکەین لە پیر، بەڵام ئیختیصاص لە بواری وەرزش، هەندێك ئیختیصاصات لە بواری عیلم نەفس و هەتا دوایی، یەعنی ئەمانە لام وایە پێویستە.

منیش لەگەڵ مودیریەی ئیعلام و عیلاقات، رەنگە هەندێك بە هینی دەبینم، دەشێت لەجیاتی ئەوە مەکتەبێك هەبێتن، یان قسمێك هەبێت ئیش و کاری عیلاقات بێت، لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان، بەڕاستی من تۆزێك لام وەستا، زیندوو کردنەوەی یارییە میللیەکان، ئەوان دەڵێن وەرزشی میللی، بەس رەنگە یاریە میللیەکان دەقیق تر بێت، یەعنی یاریە میللیەکان لەسات و سەردەمێك بووە ئیمکانیات نەبووە وەکو ئێستا، بۆ هەندێ یاری و ئەوانە تۆپێکمان لە پەڕۆ دروست دەکرد لە جیاتی ئەوە، ئێستا شتی تر هەیە ، ئەوە من ناڵێم نەبێت، رەنگە مودیریەتێك بێت لە یەکێك لە مودیریەتە گشتیەکان، بەنیسبەت من لەگەڵ ئەوەم مودیریەتێکی گشتی هەبێت بە تواناسازی ئافرەتی گەنج، چونکە مەسەلەی (شابات) ئێستا لە هەموو دنیا و لە بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتیەکانیشدا بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێت، بۆیە ئێمە لە کوردستاندا زۆر زۆر پێویستمان بەوەیە، ئەگەر ئەو مودیریەتە هەبێت، ئەو وەختە خۆی نەخشە و پلان دادەڕێژێ، بۆ چۆنیەتی گەشەدان بە توانی ئافرەتە لاوەکان، منیش لەگەڵ ئەوەم دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بۆ وەرزش و بەڕێوەبەرایەتیەکیش بۆ لاوان، ناگەڕێمە سەر ئەوە چونکە دێینەوە سەری، زۆرینەی وەزارەت ئینسان وا هەست دەکات قورسایی خراوەتە سەر وەرزش، بەڵام لاوانیش ئەرکێکی هەرە گەورەی ئەو وەزارەتەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ وەکیل وەزیرەکە لادراوەو کراوە بە وەکیلی وەزیر، ئەوە باشە، ماددەی چوار لە فەقەرەی سێ دەکرێتەوە بە وەکیل وەزیر، ئەو دوانەی خوارەوەیان لادەبرێت، دەبێت بە (وكيل الوزارة لشؤون الرياضة والشباب). فەقەرەی پێنج من پێم باشە (المديرية العامة للعلاقات الخارجية والداخلية) و لە خوارەوەش (أو ب) بكرێت (المديرية العلاقات الخارجية والداخلية). لە فەقەرەی حەوت (المديرية العامة للتخطيط) بكرێت بە (المديرية العامة للتخطيط والمتابعة). فەقەرەی یەك و دوو بكرێتە (المديرية التخطيط والمتابعة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیزافەیەك و تەوزیحێکم هەبوو بۆ ئەوەی کاك ئاریز، کاك ئاریز مەبەستی وەرزشە میللیەکانە، کە وتت هونەرە میللیەکان، ئەوە رەنگە ئیشی وەزارەتی توراس و شتی تر بگرێتەوە، یەعنی تەحدیدی ناوەکان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە حەمەی حاجی مەحمود.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەسەلەی وەرزش و ئەوانە بەشێکە لە ژیان، بۆیە پێم وایە ئەو وەزارەتە گرنگیەکی باشی پێ بدرێت، هەندێك لەوانەی من ویستم باسی بکەم پەخشان خان باسی کرد، من لەگەڵ رەئیەکەی ئەو بووم، دەربارەی مودیر عام بە رەئی من یەك مودیر عام هەبێت، چونکە دوو مودیر عام ئەوانە  هەمووی شتەکان مومکینە بمێنێتەوە بۆ وەزیر خۆی ئەوانە دەستکاری بکات، تا ئێستاش مەسەلەن زۆربەی وەزارەت، یان جەنابی وەزیر بتوانێت ئەوانە رێك بخات، چونکە تا ئێستاش وەرزش سەر بە حیزبەکانە رێکی بخات، بەڕاستی ئێستا هەندێ شت پەیدا بووە لە شوێنەکانی تردا هەیە لەناو وەرزشدا دەبینم لەو رۆژانە گۆڵ دەگۆڕنەوە، یەعنی نوقتە دەگۆڕنەوە، دوو یانە عایدی یەکێکە دەچێت گۆڵ خۆی دەداتێ، بۆ ئەوەی نەدۆرێ، مەسەلەن ئێستا یانەی هەولێر یانەیەکی زۆر بەهێزە، باوەڕ ناکەم یانەکانی تر لێی ببنەوە، چونکە بەتوانایە، بەلام لەو رۆژانە خۆیدا بە دۆراندن بۆ ئەوەی یانەیەکی تر بدۆرێنێ، جا لەبەر ئەوە ئەو شتانە نەمێنێت شتێکی زۆرباشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ ئێستا کۆمەڵێك بڕوانامەی جۆراوجۆری وەرزشی و پسپۆری و کارگێڕی وەرزشی هەیە، کە دەکرێت ئێمە بەڕاستی ئیستیفادە لەو جۆرە خەڵکە موختەسسانە بکەین بۆ راوێژکاران بەدی دێنن وەکو مەرجێك، یان وەکو شەرتێك دابنرێت بۆ راوێژکاران شتێکی زەرورییە، کە کۆمەڵێك خەڵکی بەتوانای وەرزشیمان هەیە لە دەرەوەی وڵات توانیویانە ئەو بڕوانامانە بەدەست بێنن، هەم شارەزایی بواری کارگێڕیشیان هەیە دەتوانن وەکو راوێژکار دەورێکی ئیجابی ببینن، ئەمە یەك.

دوو/ سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك ئاریز بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، پێم وایە ئەمە دروست کردنی بیروکراسیەتی زیاترە، پێشنیارەکە لە جێی خۆیەتی، بەلام بە تەنها بە بەڕێوەبەرایەتیەك چارەسەر دەکرێت و ئەوەش لە زیمنی دەسەلاتی وەزیر دادەبنرێت لە تەشکیلی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (المديريه العامه للاعلام والعلاقات) منیش پێم وایە مودیریەتێکی عامەی پێویست ناکات مەکتەبێك هەبێت باشترە لەوەی کەوا مودیریەتێکی عامە هەبێت، ئەو مولاحەزتانەی تر کە هاتبوون بەنیسبەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی هونەرە وەرزشیەکان، من پێم وایە شتی وا ئەگەر هونەر بێت پێویستە پەیوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیریەوە بێت، ئەگەر وەرزشە پێویست بەوە ناکات، مودیر عامێکی بۆ دروست بکەین، تەنها دەتوانرێت لەگەڵ مودیر عامی ریازەدا لێرە مودیریاتێکی بۆ بکرێتەوە، هەر ئەوەندە تێبینیەم هەبوو لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی دەمویست تەرحی بکەم کاك دکتۆر ناصح و کاك ئارام باسیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیەکەی من لەگەڵ رەئی کاك ئارێزە، کە دەبێت بەڕێوەبەرێکی گشتی هەبێت بۆ یارییە میللیەکان، چونکە من هەم وەکو پسپۆرێکی بواری تووراسی میللی، یارییەکان ئێمە دەیانخەینە بەشی وەرزشەوە، ئێستاش پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە، بە دەیان کتێبیشمان هەیە، تەنانەت من قوتابیەکم هەیە ناوی سیروان عەلافە خەڵکی هەولێرە، بابەتی تەخەروجی لەسەر یارییە میللیەکان و پەیوەندی بە یارییە جیهانیەکانەوە کردووەو هەمووشی بە وێنەوە رەسم کردووە، هەتا من پێم وت تۆ ناتوانیت سەرکەوتوو بیت لەو بابەتە، وتی مامۆستا من شتێکت بۆ دەکەم بزانە دەگەیتە قەناعەت، یان نا، بیلفیعل زۆر زۆر سەرکەوتوو بوو لە یارییە میللیەکاندا چۆن بەستیویەتەوە بە یارییە جیهانیەکان، ئەمە خاڵێك.

دوو/ دەتوانن لە رووی مەیدانیەوە وەزارەتی وەرزش و لاوان سوودێکی تایبەت وەربگرن لەو یارییە میللییانەی کوردی خەڵکی کرماشان، هەروەها لەناو فەیلیەکان و لەناو خانەقین، ئینجا گەشتێکی تر بکەین بۆ دهۆك، پاشان بێینەوە بۆ هەولێر، ئینجا بچینەوە بۆ سلێمانی، کە ئێمە دەتوانین دیراسەیەکی مەیدانی چاك بۆ ئەو یارییانە بکەین.

رەئیشم لەگەڵ کاك ئارام یەك دەگرێتەوە، کە بەڕاستی پێویستە ئێمە سوود لە کۆلیژی وەرزش وەربگرین بۆ هەڵبژاردنی راوێژکار، ئیتر لە هەموو زانکۆکانی هەموو کوردستانیش ئەو لایەنەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئەندامن لەو سێ لیژنەیە، مەفروزە رەئی خۆیان گوتووە لە لیژنەکانی خۆیان، یەعنی پشتگیری دەکەن، دووبارەی نەکەنەوە، کاك ئاریێز خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك لەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنەکەی ئێمە ئامادە نەبوونە، لەبەر ئەوە بڕوا دەکەم رەئییان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا دەبوایە بڵێی ئامادە نەبووینە تاکو بە غایبیان بنووسی لە راپۆرتەکە، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان لە چەندین دانیشتنی پەرلەمان باسمان کرد، ئەوە دەسەڵاتی جەنابی وەزیرە، یەعنی بەڕاستی وەکو بانێك و دوو هەوای لێ هاتووە، لە هەندێك وەزارەت زۆر بە توندی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی موناقەشە دەکات، لە هەندێ وەزارەت دەڵێین لە دەسەڵاتی وەزیرەو هەقە کۆتایی پێ بێت، یەعنی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان وەزیر دەسەڵاتی خۆیەتی بەپێی وەزارەتەکەی دایانێت.

دوو/ مەسەلەی پسپۆر، نازانم ئەگەر وەرزش فیعلەن خەڵکی شارەزاو پسپۆر ئەگەر ئیعتیماد نەکرێت لەسەر مەسەلەیەك، چۆن بە پسپۆر دایدەنێت، یەعنی ئەگەر لە کوردستانیش خەڵکی شارەزامان نەبێت بۆ پسپۆر لە وەزارەت هەقە لە دەرەوە بێنین، چونکە بەڕاستی زەروورە ئەوانەی راوێژکاری وەزیرن، ئەو چوار کەسە دەبێت زۆر شارەزاییان هەبێت، بۆ ئەوەی گەشە بە وەرزش بدرێت، ئەگەر ئێمە کەسێکمان نەبێت تەخەروجی کرد بێت لە لایەنی وەرزشیەوە، چۆن دەتوانێت گەشە، یان پەرە بە وەرزش بدات، حەتمەن دەبێت ئەوانە یەکلایی بکرێتەوەو پسپۆر بن، ئەگەر لە کوردستانیش نەبێت، دەبێت لە دەرەوە بیانهێنن، یەعنی ناکرێت خەڵکێکی پسپۆر نەبێت بچێت وەرزش ئەوە بکات.

خاڵێکی تر لە بڕگەی شەش باسی دابین کردنی پێداویستیەکانی بزاڤی وەرزش دەکات، ئەوە هەقە بەڕاستی بەپێی پێکهاتەی وەرزشی لە کوردستان، ئەوە وەزارەت مولزەم بکرێت بۆ جێ بەجێ کردنی پێداویستی یانە وەرزشیەکان، یانەی وەرزشی لە کوردستان، ئەگەر پلەی یەك و دوو و سێ هەیە، پێویستە هەموو یانەیەك وەزارەت پێی مولزەم بێت نەسریەی بۆ دابین بکات، هەم زەوی یاریگای بداتێ، ئێستا هەندێ یانە هەیە دەرەجە یەکە لە کوردستان ساحەی تۆپێن هەیە هی وا هەیە مومتازە نیەتی، ئەوە هەقە یەکلا بکرێتەوەو تیپی میللی چی بۆ دەکرێت یەکلایی بکرێتەوەو، یانەکان چیان بۆ دەکرێت یەکلایی بکرێتەوە، دەرەجە یەك ئەوەی بۆ بکرێت، دەرەجە دوو ئەوەی بۆ بکرێت، دەرەجە سێ ئەوەی بۆ بکرێت، هیچ جارێکی تر

کەس موناقەشە نەکات، لەبەر ئەوە یاسایەك هەبێت وەزیر پابەند بێت بەو یاسایە، هەم بۆ مەسەلەی زەوی و هەم بۆ مەسەلەی نەسرییە، چونکە ئەگەر ئێمە هەر قسەی لەسەر بکەین وەرزش وا پێش ناکەوێت، مەفەرەزەیەك پێشمەرگە بێت بڵێن ئەوە وەرزشوانە، فیعلەن وەرزش ئەوەیە ئێمە چەند یاریزانمان لە بوتولەکانی دنیا دەبێت گەشە بکات و پێ بگەن و بەشدار بکەن، ئەوەیە گەشە دەکات و پێش دەکەوێت، بۆیە ئەوە پێشنیار دەکەم ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، لێرە ئەو یانانەی کە هەنە وەزارەت مولزەم بێتن و زەویشیان بداتێ و نەسرییەشیان بۆ دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشێکیان ئەرکەکانن، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ئەو دە ساڵە هەیە بۆ بەڕێوەبەری گشتی، ئێمە لە هیچ وەزارەتێکی دیکە ئەو مەرجەمان بۆ بەڕێوەبەری گشتی دانەناوە، تەنها لەو وەزارەتەدا هاتووە، کە پێم وایە ئەهمیەتی شارەزایی و کارامەیی بۆ بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکانی تر گرنگتر بوو، نەك لەوان، لەبەر ئەوە من ئەو دە ساڵە بە زیاد دەزانم، وەکو وەزارەتەکانی دیکە ئەو دە ساڵە لابدرێت، تەنها کارامەیی و شارەزایی بمێنێتەوە، ئەوە خاڵی یەك.

دوو/ پشتگیری لە لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش دەکەم، بەڕاستی بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندی و ڕاگەیاندن زۆر زۆر گرنگە لە وەزارەتی وەرزش و لاوان بمێنێتەوە، ئەوەی کاك ئارێز باسی دەکات بە بەڕێوەبەرایەتیەك ئیمکانە ئیدارە بکرێتن، دەکرێت وەزارەت خۆی سبەینێکە ئەو وەزارەتە بۆ یارییە میللی و هونەرە میللیەکان دابنێت، ئەوەیان بە عکسەوەیە من وای دەبینم، ئەوەی پەیوەندی ئەوانە گرنگترە لەوەی کە کاك ئارێز باسی کرد، ئەویان بە بەڕێوەبەرایەتیەك چارەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی لیژنەی عیلاقات دەکەم، کە بەڕێوەبەری گشتی ئیعلام و عیلاقات زیادە، چونکە لە هەموو وەزارەتەکان ئەوەی کە شارەزا بێت سەیری مونەسیبی جیهازی ئیعلام بکەین لە وەزارەتەکان بریتییە لە سێ چوار کەس زیاتر نییە، یان کامیرەکە موساعیدیتی، یان ڕەسامێکە، یان مەسئوولەکەی تەکلیف دەکاتن لەگەڵ تەلەفزیۆنەکەی، بۆیە ئەگەر بکرێتە مەکتەبێك موباشەرەتەن عایدی وەزیریش دەبێتن، مەکتەبێك ئیعلام بێت عایدی عیلاقات بێتن و وەزیر خۆی ئیشرافی لەسەر بکاتن، ئەمە خاڵێك.

دوو/ ئێمە لێرەدا خاڵی نۆ دەڵێت مودیریە عامەی ریازەو شەباب بۆ هەموو موحافەزەكان دانراوە، كە لە هەمووی زیاتر موهیمە، دەبێت مودیریە عامە لە مەركەزی وەزارەتدا هەبێت بۆ ریازەو شەباب، ئەو مودیریاتانە لە موحافەزەكان سەر بە كێ دەبن، كێ مەرجەعیان دەبێت، رەئسەن وەزیر و وەكیل وەزیر دەبێت، لەبەر ئەوە زۆر زەرورییە مودیریەتی عام لە مەركەزی وەزارەتدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك لە تێبینیەكانم گوترا، بەس ئەوەی كە دەمەوێت برادەرانی لیژنەی یاسایی لەم ئیزدیواجەی بەڕێوەی دەبات و سەرۆكایەتی دەكات، سەرۆكایەتی لە بەڕێوەبەرایەتیەكاندا نییە، ئەوە لابرێت (یدیرها ویرأسها).

دووەمیش/ تەئكید لە رەئیەكەی كاك ئارام و برایانی لیژنەی یاسایی دەكەم، پەیوەندی و راگەیاندن لە وەزارەتی وەرزش و لاوان گرنگە و جیایە لە وەزارەتەكانی دیكە، رەنگە زۆربەی ئیشەكانیان پێك دەهێنێت.

خاڵی سێیەم/ پشتگیری لە رەئیەكەی كاك ئارام دەكەم، هەرچی راوێژكارە، راوێژكار دەبێت هەڵگری بڕوانامەی نەك زانكۆیی بێت، بالأش بێت، بەلأم لە جیاتی ئەوە ئێمە شارەزامان هەیە، شارەزا ئەو كەسانەن كە لە مومارەسەدا شارەزاییان پەیدا كردووە، بەس ئەوانە عینوانی راوێژكار، یاخود موستەشار وەرناگرن، موستەشار ناكرێت تەعین بن، دەكرێت بە عەقد بێت لەگەڵ زانكۆ، لەگەڵ دەرەوەدا، ئێمە ناكرێت خەڵكی نەخوێندەوار بكەینە موستەشار، لەبەر ئەوەی هەر ئەوەمان هەیە، نیمانە لە شوێنی تر بێنین، بۆ ئەوەی بیناتێكی پتەو بۆ داهاتوو دادەنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی یارییە میللیەكان منیش پێم باشە ئەو یارییە میللییانە بپارێزێن و گەشەیان پێ بدرێت، بەلأم لە رێگای مودیریەتێك، نەك بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی، بەڕێوەبەرێكی هەبێت كافیە، پێم وایە بە رەئی من.

دووەم/ دەربارەی راوێژكارەكان، منیش بە پێویستی دەزانم دیاری بكرێتن، ئەو راوێژكارانە پێویستە پسپۆر بن لە ئیش وكارەكانی خۆیان و تەئیدی رەئی برادەرانی تر دەكەم.

سێیەم/ دەربارەی دە ساڵ بۆ بەڕێوەبەری گشتی كە كاك بەڵێن باسی كرد و تەرحی كرد، منیش پشتگیری لە رەئیەكەی دەكەم، پێم وایە لە چ وەزارەتەكانی تر ئەو مەرجە بۆ مودیر عامەكان دانەنراوە، ئەوەش تەرك بكرێت، بۆ جەنابی وەزیر پێم باشترە لەگەڵ وەزارەت.

چوارەم/ موديريەتی عامی عيلاقات و گەياندنيش، منيش هەر تەئيدی رەئی برادەران دەكەم بە زيادی دەزانم، چونكە ئيش وكارەكانيان يەكجار زۆر نينە، تەنيا بە بەشێك وەكو ئێستا و پێشتريش هەبووە لە وەزارەتەكان كافيە بۆ ئەو بەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە تەئكيد هەرچەندە من لەگەڵ گەورە كردن و فراوان كردنی قەوارەی وەزارەتەكان نيم، چونكە ئەوە ئەركێكی گەورە دەبێت لەسەر باری ئابووری هەرێمی كوردستان، بەلاّم بە حەقيقەت من هەرچەند ئەندامی پەيوەندييەكانم لەو كۆبوونەوەيەدا لەویٚ نەبووم، ئێستا زۆر بە فراوانی پشتگيری ئەو خاڵە دەكەم، بەنيسبەت دانانی بەڕێوەبەرايەتيەكی گشتی بۆ يارييە ميللييەكان، چونكە ئەمانە زۆر موهيمە، هەندیٚ ياری هەيە مەسەلەن ئێستا ئەو ياری دەستە تەنها لە پاكستان و هندستان و بەريتانيادا هەيە، بەلاّم لەبەر ئەوەی گرنگييان پێداو و نشونماييەكی گەورەی هەيە ئێستا خەريكە دەبێت بە ياری جيهانی، لەبەر ئەوە زەرووره گرنگی پیٚ بدرێت، بەنيسبەت پەيوەندييەكان، بە رەئی من ئەوە زيادە بەڕێوەبەرێكی گشتی بۆ دروست بكرێت، چونكە لە دەرەوە چەند جولانەوەيەكی وەرزشيمان هەيە لەناو ئەو خەڵكەی كە هەمانە لە دەرەوە، زۆر مەحدودە، لەبەر ئەوە بە بەڕێوەبەرايەتيەكی بچووك، يان نووسينگەيەك كە جەنابی وەزير دەست نيشانی بكات، دەتوانرێت ئەو كارانە بەڕێوە ببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگيری لەو رەئيە دەكەم كە دوو بەڕێوەبەرايەتيی گشتی هەبێت لە ئاستی وەزارەت، يەكێك بۆ وەرزش و، يەكێكيش بۆ لاوان، هەروەها لە ئاستی پارێزگاكان و ئەو ناوچانەی كە هاوشێوەی پارێزگان لەوێش بەڕێوەبەرايەتی گشتی هەبێت، دواتر دەسەلاّت بدەينە وەزير خۆی هەر بەڕێوەبەرايەتی بكاتەوە، يان هەڵيوەشێنێتەوە.

سەبارەت بە راوێژكار و پسپۆر، من پشتگيری ئەو رەئيە دەكەم، پێويستە راوێژكار پسپۆر بێت لەو بوارەی كە ئيش لیٚ دەكات، تايبەت بە وەرزش و لاوان و، تێبينی ترم هەيە لەسەر ئەوەی لە بڕگەی چوار لە كۆتاييدا هاتووە دەڵێت بە جۆرێك كە هەموو نەتەوەو ئايينەكانی هەرێمی كوردستان بگرێتەوە، من پێم باشە ئەمە لابرێت، لەبەر ئەوەی ئەو دەستەواژەيە ئەوە دەگرێتەوە كە جياكاری هەيە لە نێوان

نەتەوەیەك و نەتەوەیەكی تر، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە گوتراوە راوێژكار، راوێژكار هەموو كەس دەگرێتەوە كە مەرجی تیا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی قانونی ئەمەیان لابردووە، كاكە لە راپۆرتی لیژنەی قانونی لابردراوەو تێیدا نییە، لیژنەی قانونی لەگەڵ جەنابی وەزیر بە ئیتیفاق لایان داوە، گولناز خان فەرموو.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەكانی لیژنەی یاسایی دەكەم و ئەو دە ساڵە هیچ پێویست ناكات لێرە، چونكە وەرزشی كارێكی زیاتر لاوانەیەو، پسپۆڕەكانیش رەنگە لە تەمەنێكی كەمتر دابن، بۆیە ناكرێت ئەو دە ساڵە بكەین، لە دەقە ئەسڵەكە دەڵێت وەزیر چوار راوێژكاری بە گرێ بەستی دەبێت، ئەمە شتێكە نابێت، دوایی ئاماژە ئەدا بەچوار راوێژكاری تر بەپێی پسپۆڕیان لە هیچ وەزارەتێك ئەمەمان نییە، جیاوازییەكی زۆر هەیە لەدەقە عەرەبیەكەو دەقە كوردیەكە لەو بەندە، بۆیە دەكرێت جارێكی تر لیژنەی یاسایی لەدانیشتنەكەیاندا بایەخ بەو خاڵەش بدەن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سێ خاڵ هەیە لەبەر رۆشنایی ئەو قسانەی ئێوە كردتان، یەكێكیان بریتییە لەوەی كە زۆریان قسەیان كرد گوتیان ئەو مودیریەتە زیادە (مودیریەی پەیوەندییەكان و ئیعلام)، دەكرێت بكرێتە مودیریەتێك، لەبەر ئەوە لێرە شەتب بكرێتن، ئەگەر خال بە خاڵ بێت، بۆ ئەوەی كۆتایی پێ بێنین، ئەگەر لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر موافەقەت دەكەن شەتبی بكەن، ئەوە باشە، ئەگەرنا دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من (2) ساڵ لە دەرەوە بوومە دەزانن كوردستان فەقیرە لە پەیوەندییەكان، دەزانن ئیهمالی دەرەوە زۆر كراوە، پێش فەترەیەك جەنابی جێگری سەرۆكی حكومەت لێرە بوو لە كۆبوونەوەیەكدا باسی فەشلی پسپۆرو ئەوانەی كوردستانی كرد، وتی ئەوەی هەیە ئەمەیە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت فیعلەن گۆڕانكارییەكی گەورە بكرێت، دەبێت مەكینەیەكی پەیوەندی گەورە بخەینە كارو لاوانی ئێمە بەشێك لەوانە دەبن، من ئەو پەیوەندیانە نابینم كە لە رێگای مەكتەبێكی بچووكەوە بتوانن ئەو كارە وەكو پێویست ئەو ئینتیزارە لەمەدا هەیە بكرێتن جێ بەجێ بكەم، ئەگەر بێتو ئەوە نەبێتن، خۆی من ئیسرار دەكەم لەوە ئەولەویەتی ئەوە لەگەڵ ئەوە جەنابی كاك ئارێز باسی كرد ناكرێتن موقارەنە بكرێتن، ئەوەی كاك ئارێز باسی كرد بە تەئكید وەكو بەڕێوەبەرایەتیەك ئێمە بیرمان لێ كردۆتەوە، وەكو لە لیژنەی یاسایی ئەوە كراوە لە سەلاحیاتی ئێمەدا دەبێت، سوورم لەسەر ئەوەی بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ڕەئیەکە هەندێك برادەر تەرحیان کرد مودیریەتەکە زیادە، کێ پێی وایە ئەو مودیریەتە گشتیە بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە، پێی وایە زیادەو نابێت هەبێتن، یەعنی پێشنیاری هەندێ برادەران قسەیان لەسەر کرد کێ پێی وایە ئەوە لابرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ پێی وایە دەبێت بەڕێوەبەرایەتی هەبێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ دەبێت بەڕێوەبەرایەتی هەبێت، ئەوانەی کە وتیان نابێت هەبێتن (27) کەس بوون.

خاڵی دووەم/ مەسەلەی ڕاوێژکارەکان وابزانم ئەوە پێویست بە دەنگدان ناکاتن، چونکە موافەقەتیان کرد کە دەبێت پسپۆر بێتن لە بواری خۆیدا، ئەوە ئیعتیادییە.

خاڵی سێیەم/ پێشنیارێکی لیژنەی پەیوەندییەکانە، دەڵێت دەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، زۆر کەسیش تەئیدی کرد، بەڕێوەبەری گشتی بۆ مەسەلەی تیپە میللیەکان و یاریزانەکان، بۆ وەرزشی میللی و تیپە میللیەکان، هەندێ برادەریش قسەی بۆ کردووە، وابزانم جەنابی وەزیریش مانعێکی وای پیشان نەدا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشنیاری لیژنەی گشتییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتییە زیاد بکرێت لە تەشکیلاتی وەزارەت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (34) ئەندام، کێ لەگەڵ ئەوەیە پێویست ناکات ئەو ڕەئیە هەبێتن، یەعنی پێچەوانەی ڕەئیەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (31) ئەندام، کەواتە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە زیاد بکرێت، (34) بە (31) بوو، ئەگەر وەکو یەك بوایە ئینجا ڕەئیم دەدا، لە قازانجی تیپە میللیەکانە، بۆیە نیوەی موافیقم، بەڵێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا لە حکومەتی مەرکەزیش هیچ مودیر عامێك نابێت لە دە ساڵ کەمتر خزمەتی هەبێت و، ئێستاکە دەڵێت موتەبەعە، ئەگەر کاتی خۆی چەند کەسێك بە موخالەفە دانراوە، ئەوە شتێکی ترە، لام وایە ئێستا لە حکومەتی هەرێمەوە چەند تەعلیماتێك دەرچووە، کە نابێت بەڕێوەبەری گشتی خزمەتی لە دە ساڵ کەمتر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە زۆر وەزارەتەکانی تریشدا ئەوە کە پسپۆری دەوێتن، وەکو هەندەسەیە، دکتۆرییە، دەبێت ئەو دە ساڵە بنووسرێتن، بۆ ڕاوێژکار و مودیر عامیش، سۆزان خان خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو کەس هەڵستاین و تەئیدی مەوزوعی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان و بەڕێوەبەرایەتی وەرزش جیا بکرێتەوەو، هەروەها خاڵەکەی پەخشان خانیش تواناسازی ژنان و کچان هیچی ئەوانە نەخرانە ژێر باسەوە، بۆیە ڕەنگە جەنابی وەزیریش هەڵستا وتی لیژنەی یاسایی وتویانە ناقانونییە، بۆچی ناقانونییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئەگەر بە تەنیا یەك ئەندام، یان دوو ئەندام خاڵێکیان پێشنیار کرد، موتەبەعە ئەگەر شەش، یان حەوت کەس هەمان خاڵ پێشنیار بکەن، دەبێتە پرۆژەیەك و پێشنیارێکی تازە هین دەکەن، ئەگەر یەك رەئی بداتن و رەئی لیژنەی قانونی نەنووسرا بێت و جەنابی وەزیر پشتگیری لێ نەکاتن، ناتوانن بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، چیتان پێشنیار کردووە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوەمان کردووە، لەبەر زۆر بوونی کێشەی لاوان و، لەبەر ئەوەی ئێمە جۆرێك لە سەنتەری گەنجان و لاوانمان هەیە و، پێویستە ئەوانە سەرپەرشتی بکرێن، چونکە ئێستا بڵێین تەمویل کردنی ئەوان لە رێگای حزبەکانەوەیە، ئێمە حەز دەکەین وەزارەت هەڵستێت بەو کارە، لەبەر ئەوە داوامان کردووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان هەبێتن، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش، (19) ئەندامی لیژنەی پەروەردەو لێرەش دوو برادەر هینی کرد، هەروەها زۆر ئیسرار دەکەین لەسەر مەوزوعی تواناسازی کچان، حەقی خۆیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نازانم تەبعەن جەنابی وەزیر قسە دەکات، بەس سەد وەزارەتیش هەبێتن رێگا ناگیرێتن حزبیەك بیەوێتن تیپی میللی خۆی هەبێتن، یەعنی وەرزشی خۆی هەبێتن، جەنابی وەزیر رەئیت چییە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن پێم وایە لێرە ئەوانەی دەمانناسن و ئەو فەترەی کە ئیش دەکەین، لە مەسەلەی تواناسازی کچان هیچ قسوریمان نەکردووە، من پێم وایە دروست کردنی هەیکەل لەو پرۆگرامەی کە ئێمە هەمانە شتێکی زۆر زۆر ئەساسییە تەنانەت لە سەفەرێکدا بۆ کۆریا من فەرزم کردووە لەسەر رێکخراوەکان یەك کچ و یەك کوڕ نەمهێشتووە ئەوە ببێتن، من پێم وایە ئەگەر کچیش جیا بکرێتەوە لە کوڕ تووشی ئیشکال دەبێت، لەبەر ئەوە جیاوازی دەخەیتە نێوان ئەو دوو توێژە، ئەوە لایەکی بابەتەکەیە.

لە لایەکی تر، تەبعەن جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی دەزانن حکومەتی کوردستان، ئێستا چونکە ئەو وەزارەتە نوێیە زۆر گەورە بکرێتن، هێشتا ئیمکانی ئەوەی هەیە هەموار بکرێتن دوای فەترەیەکی تر مەجالمان پێ بدەن لەسەر ئەو پرۆگرامەی دامانڕێشتووە، لەسەر ئەو هەیکەلیاتەی کە هەیە ئێمە کار بکەین تووشی مەکینەیەکی گەورە نەبین راستیەکیشتان پێ بڵێم ئێستا ئەو قانونە دەربچێتن سەرئێشەی ژمارە دوو ئێستا شوێنێك بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی خەڵك تێدا بن، چونکە شوێنمان نییە خەڵك تێدا بن، ئەوەش مەسەلەیەکی ترە، من حەز دەکەم ئەوە بڵێم لیژنەی یاسایی کە لیژنەیەکی پسپۆر بووە لەو مەوزوعە، ئێمە ئامۆژگاری ئەوانمان سەد لە سەد بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، دەنا بەڕێوەبەرایەتی

وەرزش و لاوان وەکو دوو پێشنیار لە ئەساسدا هەبوو، لەسەر پێشنیاری بەڕێزیان ئێمە ئەو بیرکردنەوەمان کردەوەو دووبارە گۆڕیمان و، ئیشکالاتی فەنی دروست دەکاتن مەسەلەی موخاتەبە لەگەڵ پارێزگاکان، ویستومانە پارێزگاکان سەربەخۆیەکی زیاتری هەبێتن لەسەر حیسابی ناوەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لیژنەی پەروەردە موسیرە لەسەر پێشنیارەکەی خۆی، ئەگەر سەحبی ناکاتن با بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موسیرم ئیتر نازانم برادەران، ئەگەر نوێنەری ئەوان بم من موسیرەم لەسەر ئەوەی وا بێت باشترە، وابزانم بەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە هیچ شتێك هەڵئاوساو روو نادات لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت بخوێننەوە، موناقەشە کراوەو رەئی جەنابی وەزیرش زانیوەو لیژنەی یاسایی، وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان دەخەینە دەنگدانەوە، تکایە گوێ بگرن بۆ پێشنیاری لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بێت، پاش ئەوەی وەزیر و مەکتەبی وەزیر و ئەوانە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش، ئەو دوو شتە با جیا بکەینەوە، ئەوە داواکەی ئێمەیە، ئیتر باقیش وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر ئیعتیادییە، بەڵام تواناسازییەکە ئەو بەڕێزە وەڵامێکی دا تەقریبەن قەناعەتمان پێ هێنا، پەخشان خان قەناعەت ناهێنێ، بەڵام وەرزش و لاوان حەز دەکەین جیا بکرێنەوە دوو بەڕێوەبەرایەتی جیاواز بێت، چونکە خەڵکێکی زۆر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەواتە پێشنیاری لیژنەی پەروەردە کە داوا دەکاتن، ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی لاوان و وەرزش بکرێتە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و جیا بکرێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی لاوان و بەڕێوەبەرایەتی وەرزش، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی پەروەردەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتیەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینە دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە ماددەی سێ و چوار بکرێتە یەك ماددە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو ماددەیە دەمج بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ئەو ماددەیە بووە ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من هەست دەکەم جۆرە بێ بەرنامەیی، یاخود جۆرە جیاوازییەك هەیە، هەندێك پێشنیاز هەیە دە، دوازدە کەس قسەی لەسەر دەکات و تەبریراتی بۆ دەدۆزێتەوە، هەندێ جاریش پێشنیار هەیە راستەوخۆ دەخرێتە دەنگەوە، بۆ نموونە پێشنیازەکەی لیژنەی پەروەردە، بەڕاستی ئەوە دەیهێنا قسەی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە راپۆرتی خۆی خوێندەوەو موناقەشە لەسەر هەمووی کرا وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان، کە تەواو بوو کەس ئاماژەی پێ نەدا، لیژنەی پەروەردە جارێکی تر سەحبی نەکردەوە، کەس تەئیدی نەکرد، بەشێوەیەکی تر شەرحێکی تری کردووە، موسیرە لەبەر ئەوە وای لێ هات، ئەگەرنا کە موناقەشە کرا موناقەشەکە لەسەر هەمووان بوو، لەسەر لیژنەی قانونی بوو و لەسەر لیژنەی پەروەردەش بوو، لە لیژنەی پەیوەندییەکانیش بوو، ئەگەر ئێوە ئیتیباهی ئەوەتان نەکردووە، راپۆرتەکە وەنەبێت نەخوێندرا بێتەوە، خوێندرایەوەو ئەو خاڵە لە هەرە خاڵە گرنگەکان بوو لە راپۆرتەکەدا، تەواو بوو، دەنگماندا بۆ دەمج کردنەکەی، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەمتوانی پێشنیارەکەم بگەیەنم بە باشی، مەبەست ئەوە نییە کوڕ و کچ لێك جیا بکرێتەوە، یان هەر حاڵەتێك، لە هەر وڵاتێکدا، لە هەر شوێنێك خاڵێکی زەعیف هەبوو تەرکیز دەکرێتە سەری، ئێستا ئاشکرایە هەموو دەیزانن وەزعی ئافرەتی لاو چۆنە، هەر بە عام وەزعی ژن چۆنە، بەتایبەتی ژنی گەنج، لەبەر ئەوە من لەسەر پێشنیارەکەم سوورم، ئەگەر مودیریەتێکی عام هەبێت بۆ کاروباری ئافرەتانی لاو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو پەخشان خان، دوو خاڵی جەوهەری هەیە، یەك/ لە لیژنەکەی خۆتان دەبوایە رەئی خۆت بدەیت.

دوو/ پێشنیارەکە بە تەنیا خۆت وتت، کەسێکی تر تەئیدی بۆ نەکرد.

سێ/ ئەو پێشنیارەی تۆ بە جێیە، بەڵام مەرج نییە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێتن، بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بکرێتەوە بۆ ئەو پێشنیارەی تۆ، ئەگەر لە ئایندەدا وەزیر زانی کارەکە گەورەیە دەتوانێت پرۆژەیەك بنێرێت بۆ هەموار کردنی یاسایەکەیان و داخیلی بکەن، ئێستاکە ماددەکە لە لایەن پێشنیاری لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر موافیق بووەو بەو تەعدیلاتانەی کە کراو بە ئیزافە کردنی ئەو ماددەیەی کە لیژنەی پەیوەندییەکان ئیزافەی کرد، هەروەها بۆ موستەشارەکان هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له ئەسڵی پرۆژەكه ئەنجومەنی ڕاوێژكاری تێدا نەبوو، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیری وەرزش و لاوان ڕێككەوتووین وەكو وەزارەتەكانی تر هەمان لیژنه دابنێین، ئێستاش برای بەڕێزم كاك دلێر ماددەكه به كوردی دەخوێنێتەوەو كاك كەریمیش به عەرەبی دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چوارەم/ لیژنه پێشنیاز دەكات ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری بۆ وەزارەت دابمەزرێ لە ژێر زنجیرەی ژمارەی ماددەی چوارەم به پێی پێشنیازی لیژنه و بەم جۆره بنووسرێ:-

ماددەی چوارەم:

یەكەم: وەزارەت ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری دەبێ و لەمانه پێكدێ:

1- وەزیر: سەرۆك

2- بریكاری وەزارەت: ئەندامه و له كاتی ئاماده نەبوونی وەزیر سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

3- ڕاوێژكارەكان: ئەندامن

4- بەڕێوەبەره گشتیەكانی وەزارەت: ئەندامن

5- هەر شارەزایەكی پسپۆڕ و شیاو لەناو وەزارەت یا دەرەوەی كه وەزیر هەڵیدەبژێرێ: ئەندامه

6- نوێنەرانی وەزارەته پەیوەندیدارەكان لەسەر بانگێشتی وەزیر: ئەندامن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بیخوێننەوە به عەرەبی.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی به زمانی عەرەبی.

رابعاً/ تقترح اللجنة تشكيل مجلس استشاري للوزارة وتحت تسلسل رقم المادة الرابعة حسب مقترح اللجنة وصياغتها كالاتي:

المادة الرابعة:

اولاً: يكون للوزارة مجلس استشاري يتألف من:

1- الوزير: رئيساً

2- وكيل الوزارة : عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

3- المستشارون: اعضاء.

4- المدراء العامين في الوزارة : اعضاء.

5- اي خبير اختصاصي مناسباً من داخل الوزارة او خارجها يختاره الوزير: عضواً

6- ممثلي الوزارات ذات العلاقة بدعوة من الوزير : اعضاء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم شتێكی رۆتینییە كەس مولاحەزەی لەسەر نییە، فەرموو لیژنەی پەیوەندییەكان.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتیوانی لە پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی دەكەین، بەڵام پێم باشە كە دەڵێت (هەر شارەزایەكی پسپۆر و شیاو لەناو وەزارەت یا دەرەوەی كە وەزیر هەلیدەبژێرێ: ئەندامە)، ئەوە دیاری بكرێت بە مەرجێك لە دوو كەس زیاتر نەبێت، یان لە سێ كەس زیاتر نەبێت، ئەو هەڵبژاردنەی كە وەزیری هەڵیدەبژێرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت چییە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم دیاری كردنەكە مەحدودمان دەكاتن، ئێستا زۆر كەس هەیە لە دەرەوە ئینسان دەتوانێت بانگی بكاتن بە ئیعتیباری ئەوەی چەند كەسێك بن، بەڵام تەحدید كردنەكە ئەگەر پێویست بێتن دەعوەت ناكرێتن زیاتر، بەس ئەگەر پێویست بكاتن، پێم وایە باشترەو دەرگا كراوە بێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر موفتەنیعی بە رەئیەكەی وەزیر سەحبی رەئیەكەی خۆت بكە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەحبی ناكەمەوە، چونكە لێرە مەبەستمان جەنابی وەزیر نییە كە دانیشتووە، چونكە رەنگە سبەینێ وەزیرێكی تر بێت بە بیانووی ئەوەی كە ئەوانە پسپۆرن، یان شارەزانە، رەنگە دە كەس، یان بیست كەس مانگانە خەڵك دەعوەت بكات، خەڵك بێنێ لە دەرەوە، یان هەندێك خەڵك دێنێت وەزیفەیان نییە، دەڵێت پێویستیان بە مووچەیە، یان پێویستیان بە سەیارەیە، دەبێتە بارگرانییەكی زۆر لەسەر وەزارەت، داواكارم مەسەلەیەكی تایبەت نییە بە جەنابی با بیر لە دوای ئەو وەزیرەش بكەینەوە، كە دەستی كراوە بێتن، بە دڵنیاییەوە رەنگە خراپ بەكارهێنانی ئیدارە روویدات لە وەزارەتەكە، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم ئەو مەسەلەیە بە جددی وەربگیرێتن و، مەسەلەكە خەرجی و مەسرەفێكی زۆری دەوێت، رەنگە دوایێ ئەركی وەزارەتەكە قورستر بكاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەوەی لەناو وەرزش و لاواندا هەیە ئێستا میللەتی کوردستان هەمووی گلەیی دەکاتن، چونکە ئێمە ڕاهێنەری عەرەب دەهێنین، چونکە ئێمە خەڵکمان نییە خەڵك پەروەردە بکاتن، زۆر شت هەیە دەبێت ئیستیفادەی لێ بکەین، دوایێ ئەم ڕاوێژکارانەی کە دێن مەعاشی پێ نادەین، ئەوەی دێت زیاتر ئیستیشارییە، بڕیار نادەن لەسەر ئەوەی وەزارەت، پێم وایە تەحدید کردن ئیشکال دروست دەکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ هەموو وەزارەتەکان جگە لەوەی کە ستاف وەزارەتمان تەحدید کردووە لە هەیئەی ئیستیشاری، سەلاحییاتمان داوەتە وەزیری لە دەرەوەی وەزارەت و لە هەر کەسێك بیەوێت و داوا بکاتن لەو کۆبوونەوەیە ئیستیشارییە بەشدار بێتن، بۆیە من ڕەئیم وایە تەحدید نەکرێت، وەزیر بەخۆشی مەسڵەحەت بزانێ بانگی بکات و بە قازانجی ئەوەو ئیستیفادەشی لێ دەکات، مەرج نییە زۆریش بێت، دەتوانێت داوا نەکات بە ڕەغبەتی خۆیەتی و مەسڵەحەتی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەرزش زۆر فراوانە وەکو وەزارەتێکی تر نییە، پسپۆڕایەتیش بە خۆی تایبەتە، مەسەلەن فوتبۆل پسپۆڕی تایبەتی خۆی هەیە جیایە لەگەڵ هی مەلەوانی و لەگەڵ هی پینگ پۆنگ، لەگەڵ هی مەجالەکانی موختەلیف، لەبەر ئەوە گرنگە تەحدید نەکرێت، چونکە بەڕاستی وەرزش لەوانەیە یەکێك لە فوتبۆل پسپۆڕە بەلام هیچ لە پینگ پۆنگ نازانێ، یان لە مەلەوانی نازانێ، لەبەر ئەوە تەحدید نەکرێت باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم مەوزوعە لە هەموو وەزارەتەكان باسمان كردووە، هەمووشی هەمان شتە ئەنجومەنی راوێژكاری لە وەزارەتی شارەوانیش هەمان شتە باسمان كردەوە، ئایا تەحدید بكرێت، یان قەرارتاندا تەحدید نەكرێت، ئێستاش نازانم یەعنی بۆ ئەوەندە موناقەشەی لەسەر بكرێت، ئەوە وەزیر دەتوانێت بانگی بكات و نە سەیارەی دەدرێتێ، نە مەعاشی دەدرێتێ، نە هیچ، رەنگە پێویستیان بە ئیستیشارەی ئەو بێت و تەواو لە كۆبوونەوەیەكی موعەیەندا، لەبەر ئەوە بڕوا ناكەم ئەوەندە پێویستی بە موناقەشە كردن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر بە وردی لە بڕگە پێنج ورد بینەوە، دەبینین بە صیغەی موفرەد هاتووە، كەواتە هەر پسپۆڕێك ئیختیصاصی بێت لەناوەوەی وەزارەت، یان لە دەرەوەی وەزارەت، یەعنی بە جەمع نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێشنیارێكم هەیە، ئەگەر پێشنیارەكە بزانن چیە، لە بڕگەی پێنجەم نووسراوە (اي خبير اختصاصي)، (عضو)ەكەی لاببەن لە كۆبوونەوەكە بانگی دەكەین، بەڵام ئەندام نییە لە مەجلیسی ئیستیشاریەكە، هەر (عضو)ەكە لاببە (اى خبير اختصاصى) مومكینە لەو كۆبوونەوەیە دوو كەس بانگ دەكەن، لە كۆبوونەوەیەكی تر سێ كەس بانگ دەكەن كە خەبیرن، یەعنی وەكو ئەوانی تر ئەندام نەبن، بیبەنە بڕگەی شەشەم، بۆ وەزیر هەیە هەر خەبیرێكی ئیختیصاصی بانگ بكاتن بۆ ئەو كۆبوونەوەیە، بڕگەی شەشەم وای لێ بكەن ئەو وەختە رزگاری دەبیت، كاك ئارێزیش سەحبی دەكات بە تەئكید، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن على بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە حەساسە، ئێمە بیرمان كردۆتەوە، كە خاڵ بە خاڵ لەگەڵ لاوان دانیشین، لەگەڵ وەرزشوانان دانیشین، دوای رەچاو كردنی واقیعی تاڵی وەرزش و لاوانمان لەبەرچاو گرتووە، بۆیە ئەگەر سیستەمێكی شامل هەیە بۆ هەموو وەزارەتەكان با بۆ ئەمەش بێتن، من مانیعم نییە، وەكو ئەو سیستەمەی لە وەزارەتەكانی تریشدا هەیە بەم شێوەیە بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو خاڵەت بەجێیە، سیستەمی وەزارەتەكان چۆنە با وا بێت، بەڵام من پێم وایە ئەگەر لە وەزارەتەكانی تر واش نەبێت ئەو صیغەی كە ئێستا من وتم باشە، مەسەلەن جەنابت كۆبوونەوەیەك دەكەیت لێرە دەڵێیت (ممثلي الوزارات ذات العلاقة)، ئەمانە لەبەر ئەوەی سیفەتێكی قانونیان هەیە ئەندام دەبن، بەڵام مەرج

نییە لە عەینی کۆبوونەوە هەمان مومەسیل بن، لەو کۆبوونەوەیە وەزارەتی دارایی بانگ دەکات، لە کۆبوونەوەیەکی تر وەزارەتی ناوخۆ بانگ دەکەین، بەگوێرەی ئەوەی تۆ تەقدیر دەکەین، ئەوانی تر سیفەتی قانونیان نییە، مومکینە یەکێك داوا بکەین لە بەغداوە بێتن، بۆ ئەندام بێتن، ئەگەر ئەندام بێتن دەبێت لە هەموو کۆبوونەوەیەك بانگی بکەین، کە وتم مومەسیل ئەوە تۆ تەحدیدی دەکەیت، کە وتت خەبیر تۆ تەحدیدی دەکەیت، بەڵام ئەندام نییە لەو کۆبوونەوەیە، ئەگەر لە قەوانینی وەزارەتەکانی تریش وا نەهاتبێتن، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەی کە لێرە هاتووە (اي خبير اختصاصي مناسباً من داخل الوزارة وخارجها يختاره الوزير عضواً)، کە دەیەوێت عوزو بێت لەوێ، کە وەزیر خۆی لەوانە هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی ئەندام بێت لەو لیژنەیە، نەك هەر کەسێك جارێك بیهێنێت و بیکاتە عوزو، بەڵام ئەمەی کە خۆی دەیەوێت و پێویستی پێیە ئینتیخابی پێ دەکات و دەیهێنێت لەو لیژنەیە وەکو عوزو دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو ئەگەر ئەندام بێتن، دەبێت دائیمی بێت، نابێت بیگۆڕن، کەچی ئەو موحتاجە وەکو نوێنەری وەزارەتەکانی تر بیگۆڕین، خەبیری ئیختیصاصی لە بواری وەرزش شتێکە، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت دەڵێی زۆر راستە، ئەوانە هەمووی دەبنە ئەندامی رەسمی، بەس ئەوەی کە وەزیر لە خارجی ئەوانە داوا دەکات نابنە ئەندام، چونکە ئەوانە لە هەموو کۆبوونەوەیەك موخەسەساتیان هەیە، ئیمتیازاتیان هەیە، بەس ئەوەی کە وەزیر خارجی ئەوانە داوا دەکات، هیچ ئیلتیزامێکی وەزیر پێیان نییە، بۆ ئیستیفادە بانگیان دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەزارەت چوار پسپۆری تایبەتی هەیە بەکاری پسپۆری لە وەزارەتەکەی، بۆ کۆبوونەوەی ئیستیشاری ناکرێت فیعلەن ئەندام بن، ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت من پشتگیری لەوە دەکەم هەر کەسێك بە عەقدیش بیهێنێت، بەڵام عوزو نەبێت باشترەو با فراوانتر بێت زیاتر بەشدار بکەن لە کۆبوونەوەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئیەكی وەجیھ بوو، بەڵام خاڵی نیزام نەبوو، خاڵی نیزام كاك ئاریَز فەرموو.

**بەڕێز ئاریَز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابت گوتت ئاریَز پێشنیارەكەی سەحب دەكاتەوە، من پێشنیارەكەم سەحب ناكەمەوە، بەڵام پشتگیری لە ڕەئیەكەی جەنابت دەكەم كە هەموارت كرد، یەعنی پێشنیارەكەت گۆڕی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخیر كەس قسە دەكات كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ڕاوێژكاری پسپۆڕ، هەتا ئەگەر ئەندامیش بێت مافی دەنگدانی نییە، لەبەر ئەوەی هەتا ئەگەر بەو شێوەیەش بمێنێتەوە مافی ئەوەی نییە كە دەنگ بدات، كاتێك لێرە بڕیارێك، یان تەوصیە وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئەگەر بنووسین ئەندامە چۆن مافی نییە، ئەگەر نەصێكی تر بنووسین بڵێین مافی دەنگدانی نییە، كە گوتت ئەندام، ئیلا دەبێت نەصێك بنووسین بڵێین حەقی دەنگدانی نییە، ئەگەر دەڵێین وەكو وەزارەتەكانی تر چۆن هاتووە، لیژنەی قانونی تەخویل بكرێت وەكو وەزارەتەكانی تر بنووسرێت، باشە ئەو پێشنیارە سەحبی بكە وەكو وەزارەتەكانی تر، لیژنەی قانونی با ئەو خاڵە وەزارەتەكانی تر چۆن هاتووە با وابێت، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەكە بە كۆی دەنگ وەرگیرا, تكایە ماددەكەی تر.

مولاحەزەیەك هاتووە لە لایەن ئەندامی پەرلەمان كاك باپیر كاملا بەجێیە، دەڵێت با پابەند بین بە نیزامی داخیلی پەرلەمان، ئەندام موقەید بێت بە كات، دوایی ئەو ئەندامانەی كە لە لیژنەكان بەشدارن و قسەیان كردووەو ڕەئی خۆیان داوە هیچ پێویست ناكات لێرە قسەكانی خۆیان بكەن، ئیلا ئەگەر موعتەریز بوون بڵێ موعتەریز بووم لە لیژنەكە، یان غائیب بوون بڵێن ئێمە لە لیژنەكە غائیب بووین، بەڵام مولاحەزەی وا هەیە كە هەندێك بەشدار بوون و قسەشیان هەمان قسەی ڕاپۆرتەكە بووە، لێرەشدا قسەی دەكەن كاتمان لێ دەكوژن، ئەوەش ڕاستە دەڵێ یەكێك ئەگەر قسەی كرد و ئەوی تر هەمان قسە نەكاتەوە بڵێ تەئیدی فلان دەكەم و تەواو، زۆر سوپاسی دەكەین بۆ مولاحەزەكەی و پشتگیریشی لێ دەكەین، باشە فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی پرۆژەكە.

مادەی پێنجەم: وەزارەت بۆی هەیە پەیڕەوێكی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری یانەو یەكێتیە وەرزشیەكان دابنێت بە جۆرێك كە لەگەڵ بۆچوونەكانی حكومەتی هەرێمدا بگونجێت.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە مادەی پێنجەمی پرۆژەكەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرە بنووسرێتەوە:

مادەی پێنجەم: وەزیر بۆی هەیە پێوەرێكی تایبەت بە بەڕێوەبردنی كاروباری یانەو یەكێتیە وەرزشیەكان دابنێ بەشێوەیەكی وا كە لەگەڵ ئاراستەكارییەكانی حكومەتی هەرێمدا بە مەبەستی ڕێكخستن و پەرەپێدانیان بگونجێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەیوەندییەكان.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارمان كردووە مادەی پێنجەم و شەشەم بكرێت بە یەك مادە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەكەمان پێشنیار دەكات ئەم مادەیە لابدرێت، چونكە ئێمە لەسەر سیستەمی هین دەڕۆین، هەموو یانەو یەكێتیەكان بە یاسایەك دادەمەزرێن، لەبەر ئەوە ئێمە بە تەواوەتی تێ نەگەیشتووین مەبەستی چیە لە پێوەری تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانیان, گوتمان با لابرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو مادەیە بە پەسند دەزانین وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەوە حكومێكی نوێیەو، ئەمە موتەبەعە لەوانی تر لە مادەی شەش سێ فەقەرەیە هەموو جار بەو سێ فەقەرەیە دێینە خوارێ لە وەزارەتەكانی دیكە، بۆیە بە پەسندی دەزانین هەروەكو خۆی بمێنێتەوە لە جێی خۆشی بێت، ئێمە تەنها صیاغەمان هەندێك گۆڕیووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت چیە لە لابردنی.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە لە رووی ناوەڕۆكیەوە ئەو گۆڕانكاریانە بكرێتن و دەمج بكرێتن هیچ موشكیلە نییە، بەنیسبەت پێوەرەكان تاكو ئێستا لە كوردستان پێوەری وەرزشی نییە، یانە لەسەر چ ئەساسێك دابمەزرێت، ئێستا ئێمە دیراسەیەكمان تەرتیب كردووەو كۆنفرانسێك دەكەین، بۆ ئەوەی ئەو پێوەرانە دیار بن تا بتوانین لەسەر ئەساسی ئەوە كۆنترۆلی كۆمەڵێ شتی تر بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەسەر دەمجەكە لیژنەی قانونیش موافیقە، لیژنەی پەروەردە سەحبی دەكەن.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ سەحبی دەكەین، ئەگەر پێوەر بێت مانای معیارە، لە لای ئێمە لە نوسخەكە نووسرا بوو پەیڕەو، خۆی پێوەرە یەعنی معیار ئەم دەیەوێت معیار دابنێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە ئیعتیبار نابێت (واتحادات هیئات مستقل) مونتەخەبن، بە هەندێك گرێدانی وەزارەتدا نینە، ڕەنگی غەیر موباشیر دەداتە وەزارەت، ئەگەر پێوەر بێت دەكرێت، بەڵام پەیڕەوی ناوخۆ نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكەت باشە، بەڵام خاڵی نیزام نییە، ئەم ماددەیە هەندێك بۆنی مەركەزیەتی نامەعقولی لێ دێت، عەفوم دەكەن لەوەدایە، چونكە هەندێك ئەندیە ئەوەڵەن دەبێت حوریەتی هەبێت، تۆ نیزام دادەنێیت بۆ ئەندیەكە فەرزی ئیرادەی دەكات و دەڵێت تەنیا تەوەجوهاتی حكومەت، ئەندیەكان مومكینە تۆزێك حوریەتیان بدەیتێ، نازانم زۆر لام وازیح نییە، ئینجا بۆیە فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە ئێستا كاك ئیحسان مولاحەزەیدا تەبیعی ئەوە بەس لەسەر مەسەلەی یەكێتیەكان، ئەوە من لەگەڵێمە، ئەوە زیاتر ئیختیصاصی هی یەكێتیەكان خۆیانە، بەس بۆ یانەكان، چونكە ئێمە منحەیان پێ دەدەین و ئەوە خۆیان ئیختیار دەكەن، بەس تا ئێستا هیچ پەیڕەوێكیان نییە، ئێمە كار دەكەین تا ئەوان

پەیڕەویان هەبێت، بەبێ ئەوەی ئێمە بۆیان دابنێین، بەس دەبێت لە کۆنفرانسێك ئێمە ئەو پێشنیارە بکەین، جا ئەگەر شێوەی نووسینەکە وا بێتن، ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیاغەکە ئەوە نالێت فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی تێگەیشتنی لیژنەی یاسایی دەڵێت (للوزارة وضع نظام خاص)، واتا نیزامێکی خاص بۆ خۆی دادەنێت لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەندیەو ئیتیحادەکان، ئیتیحادات ئەوەی کاك ئیحسان ئاماژەی پێدا راستە بەنیسبەت ئیتیحادات دەتوانین لاببەین، بەڵام بەنیسبەت ئەندیەکان بمێنێتەوە زۆر باشە، نەك پەیڕەو بۆ ئەندیە دابنرێت، پەیڕەو بۆ وەزارەت دابنرێت لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی نادیەکان.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تۆزێك بە دیقەتی راپۆرتی لیژنەی قانونی بخوێنینەوە، دەڵێت (وەزیر بۆی هەیە پێوەرێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێت)، تەبعەن ئەوەی کاك ئیحسان باسی کرد زۆر دەقیقە، یەعنی وەزارەت یانە وەرزشیەکان بەڕێوە نابات، بەڵام لایەنی دووەمی هەیە، هیچ یانەیەکی وەرزشی بەبێ نیزامێك دانامەزرێت، یەعنی نیزامێك هەیە لە چوارچێوەی ئەو نیزامە داوا لە وەزارەت دەکات کە یانە دابمەزرێنێت، یەعنی ئەو نیزامە تەحدید ئەوە دەکات، یانە چۆن دادەمەزرێت، بەڵام لە بەڕێوەبردنەکەی وەزارەت بەڕێوەی نابات، بۆیە ئەو صیاغەی کە کراوە غەڵەتە، ئەو بەڕێوەبردنە لە ئێمەی تێك داوە، ئەگەرنا لە هەموو دنیا پێوەرێك هەیە بۆ دامەزراندنی یانە، بەڵام ئەو دەڵێت پەیڕەوی ناوخۆی بۆ دادەنێت، بۆیە ئیشکالەکە لێرە دروست بووە، یەعنی ئەگەر ئەوە لێك بکرێتەوە ئیشکالەکە نامێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە غەڵەتەکە لێرەیە لە عەرەبی و کوردیەکە، لە عەرەبیەکە لە نیزام هاتووە، لە کوردیەکە بۆتە پێوەر، واتا معیار، لەوێ بە وەزارەت هاتووە، لێرە بۆتە وەزیر، یەعنی ئەوە دەبێت راست بکرێتەوە، وەزیر نییە وەزارەتە لە عەرەبیەکە دیارە تەواو ترە نیزامیشە، نەك معیار، ئیتر لێرە بە پێوەر هاتووە، پەیڕەو نییە پێوەرە، ئەوە راپۆرتی لیژنەی یاساییە کە ئێستا موناقەشە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرمووو.

**بەڕێز كریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من وای لێ بكرێت (وەزارەت بۆی هەیە پێوەرێكی تایبەتی بە بەڕێوەبردنی كاروبارو یانە وەرزشیەكان دابنێت، كە بگونجێت لەگەڵ پێوەرە جیهانیەكانی وەرزش)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە چ پێوەر بێت، چ پەیڕەو بێت هەردووكی لە جێگای خۆی نییە، ئەسڵەن پێم وایە ئەو ماددەیە هەر زیادەو پشتگیری لە رەئیەكەی لیژنەی پەروەردە دەكەم كە سەحبیان كرد، یەك/ لەبەر ئەوەی نادیەكان بە قانون تەنزیم دەكرێت.

كاك ئیحسان باسی كرد ئیتیحادات بە خۆیان خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەگەر ئێمە صیغە عەرەبیەكەی وەربگرین، یەعنی بەكوردیەكە نا، دەڵێت (للوزارة وضع نظام خاص بادارة)، وەزارەت ئیدارەی نادیەكان ناكات، ئەگەر وا بوایە دەبوا بگوترابا (للوزارة وضع نظام كيفية التعامل مع الاندية)، ئەوە یەك.

دوو/ مامۆستا كاكە باسی ئەوە دەكات لە هەموو قەوانینی دیكە وا گوتراوە، لە قەوانینی دیكە دەڵێت (للوزير وضع نظام خاص لتشكيلات ومهام الوزارة)، نەیگوتووە (كيفية التعامل للقطاع الخاص)، یان ئیتیحادات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە منیش لەگەڵ ئەوەدام كە نەمێنێتن، لەبەر ئەوەی یانەكان هەموو لە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی یاسای كۆمەڵەكان ئیجازە وەردەگرن، هەر نادیەكیش كە ئیجازە وەردەگرێتن، دەبێت هەیئەی تەئسیسی و نیزامی داخیلی خۆشی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی یانەكان، بۆیە ئەو ماددەیە زیادە نەمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموو یانەکان خۆیان نیزامی داخیلی خۆیان هەیە بە هەڵبژاردنیش ئەوەی دەکەن، بۆیە منیش پێم زیادە وەزارەت راستەوخۆ یانەکان بەڕێوە ببات، منیش ئەوە بە زیاد دەزانم هەرچەندە حەقە فیعلەن ئەوەکی هەبێت نەك بۆ یانەکان، بەڵکو بۆ خۆی، بۆ ناو هەیکەلی وەزارەت پەیڕەوێکی هەبێت تەبیعییە لە شێوەی یاسا، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی یانەکان منیش پێم زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ خاڵ دەڵێم، وەزارەت دەبێت نیزام داخیلیەك بۆ خۆی دابنێت بۆ ئیشەکانی، بەڕاستی ئەوە یەکێکە لەو خاڵانەی کە وەزارەت لە هەرێمی کوردستاندا هەتا ئێستا گرنگیان نەداوە بە نیزام داخیلی، لەبەر ئەوە دابەش کردنی دەسەڵاتەکان هەمیشە گرفتێکی دروست کردووە لەوە، هیوادارم لێرەوە گرنگی پێ بدرێت، ئەوە یەك.

دوو/ لەگەڵ ئەو قسەیە دام کە نادی و ئیتیحادات خۆیان نیزام داخیلی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم نادی و ئیتیحادانە چۆن ئەو پەیڕەو و پرۆگرامانە بۆ خۆیان دادەنێن لە چوارچێوەی ئامانجەکانی وەزارەتدایە، ئەو ئامانجانەی کە باسمان کرد هی وەزارەت ئەوە دەبێتە پێوەر بۆ هەموو نادی و ئیتیحادێك کە لەو چوارچێوەیە بۆ خۆی دادەنێت، بەڵام وەزارەت دەتوانێت ئیرشادات بدات لە رێگەی وەزیرەکەیەوە دەتوانێت ئیرشادات بدات بەو نادی و ئیتیحادانەی کە پەیوەندیان هەیە بە وەزارەتەکەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێك من گوتم سەحبمان کردەوە، ئەگەر هاتوو پێوەر بێت، تۆ معیارێك دادەنێیت بۆ چۆنیەتی کارکردن، بەڵام ئەگەر پەیڕەو بێت مانای وایە تەدەخولە لە ئیشی یانەکان، ئێمە ئەو تەدەخولە پەسند ناکەین، بەڵام ئەگەر پێوەرێك دابنێیت بۆ چۆنیەتی تەعامول کردن کەی منحەیان بدەیتێ، کەی یارمەتیان بدەیت و لە چ ئاستێك دان ئەوە حەقی وەزارەتە، پێوەر، نەك پەیڕەو، بۆیە من وتم سەحبی دەکەمە، چونکە برادەران گوتیان پێوەرە، ئەوە روون کردنەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە موناقەشە زۆر کرا، پڕۆژەکە خۆی و ڕەئی لیژنەی قانونی و ڕەئیەکیش درا لە ماوەی موناقەشە کردن کە ئەوە زیادە، بەتایبەتی ئەوەی دەڵێت ئەو ئەندیانە نیزامی تایبەتی خۆیان هەیە و ئیجازەش لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن، بۆیە پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە مەجال دەدەمە جەنابی وەزیر و دواییش کاک کەمال قسە دەکات، ئەو وەختی دەدەینە دەنگدانەوە، کە ئایا بمێنێت، یان نەمێنێت، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، ئەوەی ڕاستی بێت لە مسوەدەی پڕۆژەی قانونەکە هاتووە لەمەودوا یانەکان لە وەزارەتی وەرزش و لاوان ئیجازە وەردەگرن، ئەوە خاڵێکە.

خاڵی دووەم/ ئێمە باسی ئەوە دەکەین، لێرە ڕەنگە تەبعەن سۆزان خان فەرمووی ئەوە دانانی نیزامێکە لە ناو وەزارەت بۆ ئیدارە کردنی یانەکان، چونکە ئەگەر یانە سەر بە وەزارەت نەبێتن، دەبێت ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك بداتن بڵێ وەزارەتی لاوانی کوردستان، ئەگەر یەکێتیەکان نەمێنێت و یانەکان نەمێنن، هیچی تر نەمێنێت، من ئامادە نیمە مەسئوولیەتی گەورەی وەرزش هەڵبگرم لەبەرامبەر ئەو ناوەی کە هەیە، ئەوە جانبێکی ترە، مەوزوعی تر پێم وایە هەندێك شتی تر ئەگەر قەراری لەسەر نەدرێتن، چونکە منیش پێویستیم بەوە هەیە خۆشم موختەس نیم لە کاروباری وەرزش، بەس ئەوەی کە کراوە لەسەر ئەساسی کۆمەڵێ پسپۆری وەرزشی ئەوە کراوە، چونکە لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی خۆشی تا ئێستا من مسوەدەی پڕۆژەکەم بۆیان ناردووە هیچ تێبینیان نەبووە لەسەر ئەو مسوەدەی کە ئێستا لەبەر دەستیان دایە، بۆیە ئیسرار دەکەم کە بمێنێتن، تەبعەن پێوەرەکانیش بەشێکی ترە، ئەوە لە سەلاحیاتی وەزارەتە، پێویست ناکات بە بەندیش تەسبیت بکرێتن، چونکە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، حەقیقەت وەرزشی کوردستان تەحەزوبی زۆری تیا کراوە، ئێستا چەند حزبی دیکە ئەندامن لە پەرلەمانی کوردستان داوایان لە من کردووە کە لە هەندێك شوێن ڕێگایان لێ نەگیرێت، بۆ نموونە لە هەڵەبجە، یەعنی ئەوە مەسەلەیەکە ئێستا هاتۆتە بەر دەستی من، دەبێت من موناقەشەی لەسەر بکەم بۆ ئێوە، بۆیە من حەز دەکەم بمێنێتن، ئەگەر نەخرایە دەنگدانەوەو ئەگەر بڕیارێکی وا بدرێتن کە موناقەشەیەکی زیاتری بوێتن، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی جەوهەرییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من (100٪) تەئیدی بیر و بۆچوونی جەنابی وەزیری وەرزش و لاوان دەکەم، کە بە حەقیقەت ئەو وەزارەتەی تەعامول دەکات لەگەڵ ئەو نادیانەی، لەگەڵ ئەو ئیتیحادانە دەبێت نیزامێك هەبێت ئەوانیش

پەیڕەوی لێ بکەن، راستە ئەوان خۆیان خۆیان هەڵدەبژێرن، بەڵام هەر کەس بۆ خۆی نییە، دەبێت سیستەمێك هەبێت پەیڕەوی لێ بکەن، ئەمە یەك.

پاشان مالییەیان پێ دەدرێت، دەبێت حیساباتێك، ئوسولێك هەبێت، قانونی جەمعیات راستە هەیە، هەتا ئێستا ئیجازەی لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن، بەس وەکو ئەوەی دەزانین لەمەودوا دەبنە عایدی وەزارەتی وەرزش و لاوان، لەبەر ئەوە پێویستە سیستەمێك هەبێت، ئەوانیش پەیڕەوی لێ بکەن و ئیش و کاری خۆیان ئەنجام بدەن تەواوە، بەس بەرەڵڵایی نییە هەر کەسێ بە ئارەزووی خۆی هەر شتێکی بیەوێ، من تەئیدی ئەوە دەکەم ئەگەر ئەمە دوا بخرێت باشتریش بیری لێ بکرێتەوە، ئەمڕۆ بڕیاری لێ دەرنەکەین، بەیانی هەوڵ بدەین چاکی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەرسەت قسەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی صیاغەی نەصەکە نەوعە ئیلتیباسێك دروست دەکات، ئەگەر غایەت ئەوە بێت ئەو نیزامە، نادییەك وەزارەت نیزامێکی بۆ دابنێت، تەبعەن غەڵەتە، چونکە قانونێکی عاممان هەیە، قانونی جەمعیاتە، هەر ئیتیحادییەك، هەر نادییەك، چونکە ناوی نادییشی تیا هاتووە داوای ئیجازە بکات، مەفروزە بە خۆی نیزامێك دابنێت و داوای ئیجازە بکات بە موجیبی قانونی جەمعیات، ئەگەر غایەت پێ ئەوە بێت وەزارەت چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو نادیانە دەکات، بە رەئی من بە وشەی ئیدارە بکەینە تەعامول (وضع نظام خاص بکیفیة التعامل مع الاندیة والاتحادات)، صیاغەتی عەرەبی بەو شکلە بێتن، ئەو وەختە ئەو ئیلتیباسە دروست نابێت، مانای وایە ئەو پەیڕەوە بۆ وەزارەتە، نەك بۆ نادییەکان، بەس بۆ ئەوەیە چۆن عیلاقات لەگەڵ ئەو نادیانە پەیدا بکات و چۆن تەعامول لەگەڵ بکات، نەك بۆ ئیدارە کردنی ئەو نادیانە، چونکە نادی ئیدارەی خۆی بە موجیبی پەیڕەوی ناوخۆی دەکەن و بە موجیبی قانونی جەمعیات دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت فەرمووت جەنابی وەزیر و ئینجا جەنابی کاك جێگری سەرۆکی پەرلەمان قسە بکەن، من پێم وایە جاری وا کە دوو کەس دەمێنێت، حەقە یەکێك لەوانەی کە لەگەڵن و یەکێکیش لەوانەی کە دژن قسە بکەن، هەردووکیان لە یەك لایەن نەبن، ئەوە یەك.

دوو/ ئێوە دەستەی سەرۆکایەتی حەقە لە کاتێکدا ئەگەر ڕەئیەکتان هەیە هەوڵی سپاندنی ڕەئیەکەی خۆتان نەدەن لە سەرۆکایەتی بەو شێوەیە قسە بکەن، ئەگەر ڕەئی سێیەمتان هەیە حەقە ئاخیر کەس قسە بکەن، بەڵام ئەگەر لایەنگیری تەرەفێك دەکەن حەقە زووتر قسەی خۆتان بکەن، ئەگەرنا تەئسیر دەکاتە سەر مەسەلەی دەنگدان و ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریێز ئەوەلەن خاڵی نیزام نەبوو، دووەم/ ئەگەر کەسێك بیەوێت قسەی خۆی فەرز بکاتە سەر تۆی بەڕاستی دەنگت بەرز دەکەیتەوە، ڕەئیەکەت و حوجەکەت بە قوەتی هینەوە دەتەوێت فەرزی بکەیت، ئێمە قەت ڕەئیم نەداوەو دەنگیشم نەداوە بۆ ئەو شتانەی کە دەرچووە، لەبەر ئەوەی من ئەو کاتی دەنگم دەدەم کە دەنگەکان یەکسان بوون، لەبەر ئەوە کەس ڕەئی خۆی فەرز نەکردووە، کاك کەمالیش پێشنیارێکی کرد دەڵێت باشتر دیراسەت بکرێتن، هێشتا نەگەیشتینە ئەوەش بزانین فیکرەکەمان چیە، ئەو قسەی کاك فەرسەتیش بۆ تەوفیقی بوو، بۆ ئەوەی نەگەینە ئەوەی دەنگ بدەین، بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر موقتەنیع بێت و هەموو لایەك موقتەنیع بن صیغەکە بگۆڕین، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو تەعدیلەی بەڕێز کاك فەرسەت ئاماژەی پێدا، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین، بۆ ئەوەی زیاتر تەوزیح بێتن، مەبەستی ماددەکە (للوزارة وضع نظام خاص بكيفية التعامل مع الاندية والاتحادات الرياضية بما ينسجم........).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم مەوزوعە ئیختیصاصی وەزارەتە، من لەگەڵ ئەوەمەو ئیسرار دەکەم دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە ڕاستیەك هەیە لە کوردستان کە وەرزش وەزعێکی زۆر خراپی هەیە، تا سەرۆکی حکومەت تەداخولی نەکرد لە 11/4 لیژنەی ئۆلۆمپی و ئەنجومەنی باڵای وەرزش تەداخولیان نەکرد، ئەمە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە، خاڵێکی تر ئەوەیە تێبینیەکی زۆر و ئینتیزارێکی زۆر لە وەزارەتە، ئەگەر بێتو ئەو یانانە کەیفیەی تەعامولی لەگەڵ بکرێت، هیچ دەسەڵاتێکی کۆنترۆلی ئەوانە نامێنێتن بەشێوەیەك ئەگەر بێتو من ئیجازەیان پێ نەدەم، دەبێت ئەو هەوڵە بدرێت و داوا دەکەم کە ئیجازەی ئەندیە لێرە لە ڕێگای وەزارەتەوە بێتن، کەیفیەی تەعامول تەفسیر دەبێتن، داوای من ئەوەیە ئیجازەی یانەکان ئێستا ئێمە دەستشمان پێ کردووە، بەس تەعامول لەگەڵ ئەوە دەکەین کە ئێمە ئۆرگانی موختەس بین بۆ دانی ئیجازە بە یانەکان بە حەقیقەت، ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، چونکە ئەو وەزارەتە

تا ئێستا نەبووەو تازە دروست بووەو تازە دەمانەوێت سەرەتاییەکی تازە دروست بکەین، ئەگەر ئیسرار لەسەر ئەو رەئیەی خۆتان دەکەن داوا دەکەم تەئجیل بکرێتن تا لەگەڵ پسپۆڕانی تر قسە بکەم، ئەو کاتە دەبێت ناوی وەزارەت بگۆڕدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئیشکالمان لەوەدا نییە وەزارەت چی دەکات و چی پێویستە بکات لە لامان وازیحە لە ئەهدافەکان کە خستمانە دوایی، بەڵام ئێمە لە صیاغەکە هەدەف لەوە چیە، ئایا هەدەف لەوە دایە کۆنترۆڵی ئەندیەکان بکەن، ئەوە ئەگەر وا بێتن ناکرێت، تەوجیهی بێتن هەموو شتێك، ئەوانە مونەزەماتی مەجتەمەعی مەدەنین، دەبێت شەفافیەت هەبێت، دەبێت دەسەڵاتیان هەبێت، تەنیسیق و تەعاونەکە وەزارەتەکە دەکاتن لەگەڵیان، بەڵام بەو صیغەیەی نیزامیان بۆ دابنێی شەرحەکەت نەکردووە، لەبەر ئەوە ئەو شروحاتە دێتە پێشەوە، ئەو مەترسییە تۆ دەتەوێت کۆنترۆلی بکەیت و ئازادی نەبێت پێی بڵێی وەرە رۆژی چوار شەممە لێرە نەبیت غیابت دەدەین و دەبێت بچیتە بەغدا، ئەوان نیزامی خۆیان هەیە و بەرامجی خۆیان هەیە، تۆ دەبێت دەعمی بکەیت، ئەگەر غەڵەتیان کرد لە بەرنامجی وەزارەت دەرچوون، ئەو وەختی تۆ بۆت هەیە موحاسبەیان بکەیت، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داڕشتەیەکی کوردیم ئامادە کردووە بۆتان دەخوێنمەوە، ئەو کاتە خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن (وەزیر بۆی هەیە پەیڕەوێکی تایبەت بەشێوەی کارکردن لەگەڵ یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێت، کە لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی وەرزشی بگونجێ بە مەبەستی رێکخستن و پەرەپێدانیان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە کاری مۆڵەتدان بە یانە وەرزشیەکانماندایە وەزارەتی وەرزش و لاوان، پێویستمان بەوە هەیە کە یاسای کۆمەڵەکان تەعدیل بکەین بەڕاستی، لەبەر ئەوەی لە یاسای کۆمەڵەکان لەوێ هەر کۆمەڵەیەك، هەر یانەیەك کە دادەمەزرێت پێویستە هەیئەیەکی تەئسیسی لە پازدە کەس هەبێت نیزامی داخیلی بێتن داوایەك پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ بکات، دیاری کردووە کە داواکە دەبێت پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ بکات، پێویستیمان بەوەش دەبێت ئەوەش هەموار بکەین، کارێکی وا بکەین کە موعالەجەی ئەوەش بکەین باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موعالەجە دەکرێت کاک غەفور بۆ ئەوەی لێرە بنووسین بەدەل قانونی جەمعیات، ئەوە موشکیلە نییە، بەڵام ئێمە لەسەر صیاغەی ئەو ماددەیەین، ئیشکالەکەمان لە صیاغەکە دایە، کاک دکتۆر نوری صیاغەیەکی تەقدیم کرد، دەمەوێت بە کوردیەکەی بێتە لامان تاکو تێبگەم بە قسە کردن ناتوانین دەقیق بین، کاک سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە یەکتر نەگەیشتنەك هەیە لەو مەبەستەی کە وەزیری بەڕێز تەرحی دەکات لەگەڵ ئەندامان، وەزیری بەڕێز پێی وایە یەعنی عەفوم دەکەن مەجالی وەرزش جۆرە فەوزایەك هەیە لە کوردستان، یەعنی ئەوان دەیانەوێت لە چوارچێوەی نیزامێك تەنزیمی بکەن، حەقی خۆشیانە بەڕاستی مەسەلەن ئێستا بۆ نموونە ئەوەی کاک غەفور ئیشارەتی پێدا یەعنی مەعقول نییە دە کەس کۆ بێتەوەو داوا لە وەزارەتی ناوخۆ بکات، ئەگەر ئەو مەرجە یاسایانەی تێدا نەبێت، ئەو کاتە داوای ئیجازەی ڕێکخراوێکی سیاسی بکات، مەبەستی وەزیری بەڕێز ئەوەیە، ئەو نایەوێت سبەینێ نادییەك بوو کۆنترۆڵی بکات و هەموو ڕۆژ لێی بپێچێتەوەو بانگی بکات و موحاسەبەی بکات و زەوابتێك، ئەوە نا، بەڵام ئەو دەیەوێت چوارچێوەیەك هەبێت، یەعنی نیزامێك هەبێت بەپێی ئەو نیزامە نادییەك بتوانێت ئیجازە وەربگرێت، یەعنی بەڕاستی وایە بۆ نموونە من زۆر شارەزا نیم، بەڵام نادییەك ئەگەر پێنج یاری نەبێت ناتوانێت ئەو ئیجازەیە وەربگرێت کە نادییە، جا بەڕاستی بۆ تەنزیم کردن و بە هەدەف تەنزیم کردن، بزەبت ئەوەی وەزیری بەڕێز گوتی ئەوە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان نەبێت، بەڵام کۆنترۆڵ بەو مانای نا ئەوەی ئەوان دەڵێن وەزارەت ببەنە ناو هەموو لاعیبێکی، ئەگەر ئەوە نەکەن، ئەو کاتە وەزارەتی وەرزش نین، بەڕاستی دەبێت وەزارەتی لاوان بن بە تەنیا، بۆیە بۆ ئەو مەسەلەیە من هیوادارم ئەندام پەرلەمانەکان تەفەهومی تەرحی وەزیر بکەن و، بەشێك لە مەهامی ئەو وەزارەتە ئەوە دەگرێتەوە لە کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عوسمان خاڵی نیزامە فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ وەزیری هەرێم لێرە بۆی نییە قسە بکات، لەبەر ئەوەی نە وەزیری موختەسە، نە ئەندام پەرلەمانە، ئەوە یەك دوو جارە دووبارە ببێتەوە، ئەوە ناکرێت.

دوو/ ئەگەر مەسەلەی وەزارەت فیعلەن بە مەرکەزیەت لەسەر نادییەکان کار بکات، یەعنی وەرزش خنکا لە کوردستان و دەستمان لە بێنە قاقای وەرزش ناو تەواو کۆتایی پێ دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزامەکەت وەڵامەکەی ئەوەیە وەزیر بۆی هەیە قسە بکات، بەلاّم بۆی نییە دەنگ بدات، هەر وەزیرێك لێرە حازر بێت بەپێی نیزامی داخیلی بۆی هەیە قسە بکاتن لەسەر هەر مەوزوعێك کە عیلاقەی بە وەزارەتی تریشەوە هەبێت، بەلاّم بۆی نییە دەنگ بدات، نوێنەری حکومەتە ئەو سریە هەمووی بۆیان دانراوە، لەمەودوا تەرتیبێکمان هەیە هەر هەفتەیەك دوو وەزیر بانگ دەکەین بێن لێرە دانیشن و دوو وەزیری تریش بێت پەیوەندی بەویش نەبێتن وەکو وەزیر بۆی هەیە قسە بکاتن، بەلاّم بۆی نییە دەنگ بداتن، باشە فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆچوونە، دەڵێت لەگەڵ بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمدا بگونجێت، ئەمە کۆنترۆڵ کردنی نادییەکانە قانونێك هەیە بۆ جەمعیات وەکو کاك فەرسەت باسی کرد، بۆچوونەکانی حکومەت دەڵێ کۆنترۆڵ کردنی وەزارەیە بۆ ئەندییەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە، ئەو ئەندیانە پەیوەندییان لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی چیە؟

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مسوەدەی یاسایە بۆ لیژنەی ئۆلۆمپیش چووە، تێبینیەکانمان بە نووسین ئاگاداری منیان کردووە لە ڕێگای ئەو کەسەی پەیوەندی، کە هیچ تێبینیان نییە لە رووی تەکنیکی لەسەر ئەم یاسایە، یانەکان ئەوانیش موفقنیعن، دەبێت یانەکان سەر بە وەزارەت بن لە رووی بودجەیە، لە رووی موتابەعەیە، لە رووی دابین کردنی پێداویستیەکانە، لە رووی تەئهیلە، هەمووی بۆیە ئەگەر ئەوە نەمێنێت پێشنیاری ئەوە دەکەم ناوی وەزارەت بکرێت بە وەزارەتی لاوانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ شابا حجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانم بڵێم تەقریبەن خاڵی نیزامە، لە ماددەی دووەمدا ئەگەر هاتوو ئەو بڕگانە هەمووی پەسند بکرێن وەکو هاتوونە لە بڕگەکەدا، وابزانم گفتوگۆیەکەمان ئەوەی جەنابی وەزیر دەڵێتن هەمووی حەقی خۆیەتی، چونکە لە بڕگەی (22) دەڵێت مۆڵەت پێدانی یانەی قوتابخانەکان و ......... تا دوایی، ئەگەر ئەوە بکرێت دەکا لە سەلاّحیاتی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ڕۆشنایی هەموو قسەکان و ناوزوحیەتی هەدەفەکە، ئیمکان تەعاروزی لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی، نازانم پێشنیارێك بکەم، بڵێم ئەو ماددەیە لاببەن، دوایێ وەزارەت ئەگەر پێویستی بوو بە پرۆژەیەك بۆمان بنێرێت، ئێمەش هەمواری دەکەین، جارێ ئەوە یەکلا نەکراوەتەوەو لیژنەی ئۆلۆمپی و وەزارەتی ناوخۆ، مەجلیسی وزەرا هینێك بکاتن دەسەلاتەکەی بداتەوە بە پرۆژە بۆمان بنێرێت، ئەوەی موافەقەت بکاتن، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو دوابخرێت، ئێستا گلەییەکی زۆر لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی چەند چالاکی ڕاگیراوە، وا دەبێتن تەفلیسی ریازە دەبێتن، تا ئێستا ئێمە موسەبیب نین، ئەنجامەکەی وا لێ دێتن، پێم وایە ئەگەر ڕەئی جەنابتان لەسەر بێتن، لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە ئێستا دادەنیشن لەسەر ئامانجەکان بیر کردنەوەیەکی تر بکەینەوە بزانین منیش پەیوەندی بە هەندێ پسپۆر دەکەم لەو بوارەدا بەتایبەتی، بۆ ئەوەی بتوانین شتێکی وا بێتن لێی تەواو بین و بەشێوەیەکی وا بێتن هەم ڕەچاوی ڕەئی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە، مادام وایە ئەو پێشنیارە باشە، ئەو ماددەیەش دوابخرێت، سەعات (3،30) بێینەوە باشە، سەعات چوار دێینەوە لەو بەینەش لیژنەکان لەگەڵ جەنابی وەزیر ئەو ماددەیە یەکلا بکەنەوە، دوو مانگ پشووی پەرلەمان بووە، مانگی سێش لەبەر پشووی ئەو مانگە هیچ کۆبووەوەیەکمان نەکردووە، ئەو هەموو پرۆژەیەمان لە پێشە، لەبەر ئەوە دەبێت زەحت بکەینە سەر خۆمان پێنج شەممە و شەممانیش دەوام بکەین، حەزیش دەکەن دەخەینە بەیانی، بەلام سەعات چوار باشە، زۆر سوپاس کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، بەرنامەی کارمان بەردەوام بوونە لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، ئێمە بۆ ئاگاداریتان بەیانی دانیشتن ناکەین، بۆ ئەوەی ئیسراحەت بکەن، بەلام ڕۆژی شەممە لە سەعات (10)ەوە جەنابتان لێرە بن بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفال (4/14)ە، بەرنامەکەمان ئەوەیە عەلەمی کوردستان بەرزی دەکەینەوە، کە هەمووتان دەزانن چۆن تەرتیب کراوە، نمایشێك تەقدیم دەکرێت، وەکو ساڵی پار، دواتر دێین لێرە دادەنیشین و جەنابی سەرۆکی وەزیران بەشداری دەکات

لەگەڵمان، لەگەڵ وەزیری کارەبا، تەبعەن باسی ئەنفال و راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری دەخوێنێتەوە، دواتر داوا لە وەزیری کارەبا دەکەین بۆچوون و رەئی خۆی لەسەر کێشەی کارەبا بدات، جا کێشەکە چیە، لە چی پێکهاتووە، چی کراوە، دواتر سەرۆکی حکومەت وتاری خۆی دەخوێنێتەوە، جا وتارەکەی خۆی پێشتر دەخوێنێتەوە، یان دەکەوێتە دواوەوە، جا لەبەر رۆشنایی ئیتیفاقە تەرتیبی دەکەین، ئەو دوو تەوەرەیە، دەمانویست تەوەری سوتەمەنیش داخیل بکەین، بەڵام بەڕاستیەکەی کێشەیەك هەیە ئاشکراشە، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە یەك وەزیرەوە نییە، وەزیرێك نییە بتوانین لێی بپرسین، دەسەڵاتەکان دابەش کراوە لەسەر پارێزگاکان و، یەعنی لێرە نەوعێکە لە هەولێر، لە سلێمانی نەوعێکەو، لە دهۆك نەوعێکی ترە، بۆیە رەئیمان وایە لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان بەو ئیشە هەڵبستێت، ئەو مەسئوولە بەرپرسانەی لەو مەوزوعەدا بەرپرسن بانگیان بکەن بە تەفسیلات لەگەڵیاندا موناقەشە بکاتن و راپۆرتی خۆی بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش هەڵوێستمان بەرامبەر ئەو مەلەسەیە دیاری بکەین، بۆیە کۆبوونەوەی داهاتوومان رۆژی شەممە بێت بۆ بەرز راگرتنی ئەنفال و کێشەی کارەبا، تکا دەکەم هەمووتان لێرە بن ئەساسەکە بەرز راگرتنی ئەنفالە، بەڵام ئێمە بە پێویستمان زانی، چونکە دەمێك بوو داوای بانگ کردنی وەزیری کارەباتان کرد بوو، ئێمە لەگەڵ ئەو دانیشتنە تێکەڵی بکەین، بەڵام مەسەلەکە موسائەلە نییە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی تر نیزامی داخیلی خۆمان هەموار دەکەین، بەڵام لە راستیدا لە لایەنی خۆمانەوە نابێت کەم و کورتیمان هەبێت لەوەدا، چۆنیەتی بانگ کردنی وەزیر تەریقەی خۆی هەیە، دەبێت لیژنەکان راپۆرتی خۆیان هەبێت، ئەو پرسیارەی کە دەمانەوێت ئاراستەی وەزیر بکەین، دەبێت بنووسرێت، ئیستیمارەی خۆی تایبەت هەیە، پێش هەفتەیەك بینێرین بۆ حکومەت، بڵێین دەمانەوێت فلان وەزیر بانگ بکەین و ئەوەش پرسیارەکەیەتی خۆی حازر بکات، ئینجا دیاری دەکات و دێ لێرە پرسیارەکەی لێ دەکەین و موحەددەدە و دەبێت بزانرێت، هەندێ جاریش ئەگەر پرسیاری تازەش بێتە پێشەوە، دەتوانێت وەڵام نەداتەوە، یان ماوە وەربگرێت بۆ ئەوەی لە مەسئوولەکەی خوارتر لە خۆی بپرسێت لە تەفسیلاتدا وەڵامان بداتەوە، یەعنی بەو تەریقەیە ناکرێتن بڵێین وەزیر بێتە ئێرەو دوایێش دەرگا بکەینەوە چل کەس پرسیاری لێ بکات و جەنابی وەزیریش نەخۆی ئامادە کردووە، نە پێشەکی پرسیارەکەی بۆ چووە سوء فەهمێك لێرە دروست دەبێت، کە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە خزمەت بکەین و وەزعەکە چاك بکەین و بەپێی ئسلوبێکی دارێژراو و رێککەوتوو لەسەری، لەسەر ئەوە برۆین، بۆ ئەوەی نە لە بەرنامەی ئێمە تێك بداتن، نە کێشە بۆ حکومەت پەیدا بکاتن، ئیلا ئەگەر ئەو موشکیلەیە لە پێناوی چاك کردنی وەزعێکی خراپ بوو، مانیعمان نییە موشکیلە دروست دەکاتن، بەڵام ئێمە دەمانەوێت هەردوولامان چارەسەری کێشەکان بکاتن، بۆیە پێم وایە کاتێك کە موناقەشە دەکەن، پرسیار دەکەن ئەو کەسەی پرسیارێکی موحەددەدی هەبێت بیکات قەیدی ناکات، بەڵام هینی ئەوە نەبێتن هەر هەموومان پرسیارمان هەبێتن، ئەگەرنا هەدەفەکە موسائەلە نییە، بەڵکو ئەو دانیشتنە گوێ گرتنە لە بۆچوونەکانی وەزیر، بەتایبەتی وەزیری کارەبا چی کردووە، چ کراوە، کێشەکە چییە؟ دەکرێت چوار کەس، یان پێنج، یان

شەش، یان حەوت کەس پرسیار بکەن، بەلاّم ناکرێت هەر هەمووومان پرسیار بکەین بەڕاستی، لە بیریشمان نەچێتەوە هەدەفەکەمان بەرز راگرتنی یادی ئەنفالە کە دەکاتە (4/14) لەم رۆژەدا پشووشمانە، بەلاّم پشووەکەمان دەشکێنین، بۆ ئەوەی بتوانین کەمترین ئەرك بکەین لەم رۆژەدا بەرامبەر قوربانیان ئەنفال و کەسوکارانی ئەنفال ئەنجام بدەین و، پێشیان بلێین ئێمە لە خەمی ئەوان داین قەتیش ئەو کارەساتە لە بیر ناچێتن.

ئومێد دەکەم لیژنەکان لەگەڵ جەنابی وەزیر گەیشتۆنەتە نەتیجەیەك، هەردەم دانیشتنەکانی دوای نیوەڕۆمان خۆشتر و ئاسانترە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر سێ لیژنەکان، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان لەگەڵ جەنابی وەزیر جارێکی تر دانیشتینەوە، دوای ئەوەی کە گفتوگۆیەکی تەواومان کرد، گەیشتینە صیغەیەکی موەحەد بۆ هەردوو ماددەکە، ماددەی پێنجەم بوو وامان لێ کرد.

(المادة الخامسة: للوزارة وضع نظام لكيفية التعامل مع الاندية والاتحادات الرياضية بما ينسجم مع التوجهات الديمقراطية لحكومة الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نابێتن من پێم وایە هەرچی مەترسیمان هەبوو نەماوە لەو صیغەیە، وەزارەت بۆی هەیە نیزامێك دابنێتن بۆ چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ ئەندیەی ریازی بەشێوەیەك لەگەڵ تەوەجوهاتی دیموکراتی حکومەت بگونجێت، هینێکی زۆر باشە، دیموکراسیە، رێز گرتنە لە رێکخراوە مەدەنیەکان و ئەو مەترسیانەی کە ئەمڕۆ بەیانی نیشانتاندا بەو صیغەیەی ئێستا نەماوە، من پێم وایە بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە تازەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم, هەندێك بڕگەمان تێکەڵ کرد و لێکمان دان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرسێ لیژنە موتەفیقن لەسەری.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەم هەیە لەسەر ئەو قسەیە, من موتەفیق نیم, چونکە من لەوێ نەبووم, من وەکو سەرۆکی لیژنە ئامادە نەبووم لەو کۆبوونەوەیە، هۆکاریشی هەیە بەڵام ناکرێت باسی بکەم, قسەی خۆم هەیە وەکو لیژنە, ئەگەر پێشنیارێك هەبوو تەئیدی دەکەین, ئەگەرنا رەئی خۆمان دەدەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان حازر بووین و لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە لە راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان هاتووە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە و جەنابی وەزیر باسمان کردووەو خاڵەکان باس کراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هۆی ئامادە نەبوونی سەرۆکی لیژنە چییە؟

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئاگادار کراینەوە کە دابنیشین, جارێ یەکەم جار کە ئاگادار دەکرێینەوە, کە کاك ئارام دەڵێت ئێمە ئامادە بووین, کێ تەکلیفی کاك ئارامی کردووە لەو لیژنەیە ئامادە بێتن، من سەرۆکی لیژنەمە تەکلیفیم نەکردووە بێت لەوێ ئامادە بێت, ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە چەند سەرۆك لیژنەیەك لەوێ بووینە, ئەو سەرۆك لیژنانەی کە لەوێ بووینە هەمووومان وەکو یەك سەرۆك لیژنەینە، لە ماف، لە دەنگداندا، کە ویستمان لەوێ ئیشەکان بڕوات، کاك شێروان ئیعتیادی سەرۆکایەتی کرد، پێشمان ئیعتیادی بوو، بەڵام جەنابی وەزیر سێ کەسی هێنا بوو، بەناوی پسپۆر هێنا بووی من نایانناسم لە پێناسە کردنی خۆیان قسەیان زیاتر کرد، منیش وتم پێویستە پێش ئەوەی قسە بکەن ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێت، کە پرسیارەکانیش دەکرێت پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە ئیجازە لە سەرۆکی جەلسە وەربگرن، یەعنی من خۆم ئیعتیرافم پێ کرد، ئەگەر هاتوو لە کاتێکدا دانیشتنێکی وا دەبێت چوار سەرۆك لیژنە بین، دەبێت خۆمان یەکێك دەست نیشان بکەین کێ سەرۆکایەتی جەلسە بکاتن، ئەوەشمان نەکرد بوو، هەروا کاك شێروان بووە سەرۆکی لیژنە، کاك شێروان ئیسلوبەکەی لەبەرامبەر ئەو سێ برادەرە کە ناویان پسپۆر بوو، من نازانم پسپۆرن، یان پسپۆر نینە، زۆر بە ئیسلوبێکی توند وتی تۆش لەسەرەتا پێش ئەوەی قسەی بکەیت دەبێ ئیجازە لە سەرۆکی جەلسە وەربگریت، کە من

ئەو حەقە بە کاك شێروان نادەم، من سەرۆکی لیژنەمە، ئەویش سەرۆکی لیژنەیە، حەقە پێکەوە قسە بکەین و هاوکاری و هەماهەنگی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر تەکلیفەکە لە پەرلەمان نەبوایە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، ئەو دوو وجهە نەزەرەی کاك ئاریێز ڕاست دەکات، بەڵام تەکلیفەکە لە لایەن ئێمەوە بوو، قەراری کۆبوونەوە بووە ئەو سێ لیژنەیە، نە دەبوایە کۆبوونەوەکە بەجێ بهێڵی، دەبوایە لەوێ بەردەوام بیت و ڕەئی خۆشت بنووسی، کە ڕۆیشتی لیژنەکە کۆبوونەوەکەی خۆی بەردەوام کردووە، دەتوانی تۆ وەکو ئەندام پەرلەمان دواتر ئیعتیرازی خۆت بنووسی، نەك وەکو لیژنەکە، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانیت ڕەئیەکانی خۆت بڵێی کە موعتەریزی و وجهەی نەزەری خۆت شەرح بکەیت، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی نیزام داخیلی، ئەگەر هاتوو سێ، چوار لیژنە پێکەوە کۆبوونەوەیان ئەنجامدا، عادەتەن ئەوەی بە تەمەن گەورەیە ئەو سەرۆکایەتی لیژنەکە دەکات، ئەوە یەك، من بە تەمەنترین ئەندام بووم لەوێ، بۆیە سەرۆکایەتیم کردووە، واتا سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیەم کردووە بەگوێرەی نیزام داخیلی، بەڵام هەندێ برادەر ئیستیفزاز دەبێت لە هەندێ قسە، یاخود من دەمەوێ زەبتی هەر چوار لیژنە بکەم پێی ڕازی نییە، ئەوە مەوزوعێکە عاید بە خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵەکان ئێمە سێ و پێنجمان لێك دایە کردیتمانە بڕگە سێ, (13و 14و 24)مان لێك داوە کردیتمانە بڕگە (13), ئەوانە ئێستا کاك کەریم بۆمان دەخوێنێتەوە بە کوردی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەر لە نوێ بخوێنەوە بزانین چیتان کردووە, یەکە یەکە بڵێن ئیختیلافمان لەسەر نییە, ئەوەمان وا لێ کردووە, یان بڵێن یەك خیلافمان لەسەر نییە, دوو/ وامان کردووە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمی پرۆژەکەوە هەیە, هەندێك خاڵی سەرەتا دەخوێنینەوە لیژنەکە لە سەرەتادا هاوڕا بوون و هیچ ناکۆکیەکی لەسەر ئەو خاڵانە نەبوو, ئەو خاڵانە دەخوێنمەوە, ئەو خاڵانەی کە ناکۆکی هەبوو, ئێمە لەسەری ڕێکەوتین ئەوانیش ئاماژەی پێ دەدەین لە کاتی خوێندنەوەیدا:

یەك: خستنە سەری دوو بڕگەی زنجیرەی سێ و چوار بۆ ئەرك و فەرمانەكان بەم شێوەیەی خوارەوە، هەمووی دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەیانی هەمووی خوێندرایەوە، تۆ ئەو ئیتیفاقیەی دوایی تەعبیر لە سێ لیژنەكە دەكات، ئەوەی بخوێنەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرسێ لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەكان و رۆشنبیری لەسەر ئەو خاڵانە رێكەوتوون:

بڕگەی سێ و پێنج دەكرێت بە بڕگەی سێ بەو شێوەیە دادەڕێژرێتەوە:

(بنیاتنانی مرۆڤ لە رووی جەستەیی و دەروونی و پیشەیی و پەروەردەی كۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی كارا لە كۆمەڵگادا بە هاوكاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوو بڕگەیە دەكرێتە یەك بڕگە، شتێكی وا ناگۆڕێتن، یەعنی بڕگەی سێ و پێنج دەبێتە بڕگەی سێ بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە، كاكە ئیعتیرازت هەیە لەسەری بۆ ئەوەی زۆر تێكەڵاو نەبێتن و سەرمان لێ نەشێوێت، فەقەرە فەقەرە هێنی بكەین، كاك دڵێر فەرموو.

**بەڕێز دڵێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بڕیارێكمان وەرگرت كە هەموو لیژنەكان بە یەكەوە كۆببنەوەو سەر لە نوێ صیاغەی بكەینەوە، واتا بیرو بۆچوونێكی یەكگرتوویان هەبێت، لەبەر ئەوەی چاكتر وایە، بۆ ئەوەی ئێمە ئیستیفادە لە كات بكەین لەسەر چی رێككەوتوون بیخوێننەوە، نەك پێمان بڵێن ئەوەمان كردووەو ئەوەمان كردووە، چ صیاغەیەكیان هەیە بخوێننەوەو، چ خیلافێك هەیە موناقەشەی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوان ئێستا لەسەر بڕگە یەك خیلافیان نییە، وەكو خۆی دەمێنێتەوە وا نییە؟ بڕگەی دووش خیلافیان نییە وەكو خۆی دەمێنێتەوە، گەیشتینە بڕگەی سێ، دەڵێن بڕگەی سێ و پێنج دەمج بكرێت بەو صیغەیەی كە خوێندرایەوە، كەس خیلافی هەیە سێ و پێنج دەمج بكرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، موافیقن لەسەر ئەوەی بڕگەی سێ و پێنج دەمج بكرێت بەو صیغەیەی كە خوێندرایەوە دەستتان بەرز بكەنەوە تكایە؟ زۆر سوپاس، كەس موعتەریز نییە، تەواو كەواتە یەك و دوو، سێ و پێنجیش دەمج كرا بووە بڕگە سێ، كەواتە یەك و دوو و سێ تەواو، مولاحەزەی دووەمتان فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵەکانی دیکە، کە لەسەری کۆکین خاڵی (13و 14و 24) دەبنە یەك خاڵ و زنجیرەی (13)م وەردەگرن، زنجیرەی (13) بەو شێوەیەی خوارەوە دەڕێژرێتەوە:

(کار کردن لە پێناو پتەو کردنی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان لاوانی هەرێمی کوردستان و لاوانی هەرێمەکانی دیکەی عێراق لە ڕێگەی دامەزراندن و پتەو کردنی پەیوەندی وەرزشی و لاوی, هەروەها لەگەڵ ڕێکخراو و لیژنە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئەوە جەنابی وەزیریش موافیقە لەسەر ئەوانە لەگەڵیان بووە, چونکە قەرارەکەتان وابوو لەگەڵیان دانیشتووە, لەسەر ئەو پێشنیارەی هەر سێ لیژنەکە کە خاڵی (13و 14و 24) لە یەك نزیکن کردیانە یەك فەقەرە بەو شێوەیەی کە خوێندیانەوە, کەس ئیعتیرازی هەیە, کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس یەك پێشنیار, لێرە گوتیان (بقية اقاليم العراق)، هەر لە صیغە موتەفیقەکەش وای خوێندەوە, من پێم وایە بگوترێت لاوانی تری عێراق, چونکە هەتا ئێستا ئەقالیمی نییە, یەعنی زۆر قانونی نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاست دەکات هەرێمەکانی لێ لا ببەن, چونکە دیار نییە، لاوانی تری عێراق، ئەوە باشە ڕاست دەکات، ئەو سێ فەقەرەیە بۆتە یەك فەقەرە وەکو خوێندیانەوە، هینەکەش لا دەبەین، هەرێمەکانی عێراق، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی هەشتەم ڕستەی (خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان) دەخرێتە سەر لە دوای پاڵەوانان, کە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

(چاودێری کردنی وەرزشوانان و بەهرەمەند و توانادار و پاڵەوانان و خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان و دابین کردنی شێوازی گونجاو بۆیان تا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەخشینەکانیان).

(خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان) واتا (المعوقين، ذوي الاحتياجات الخاصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرەتای ڕستەکە لە عەرەبیەکە (رعاية)یە.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای ئێمە کە پێشنیارمان کرد هەمان شت, بەس بە بڕگەیەکی تایبەتمان کردووە (بایەخدان بە لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەست گرتنیان و بەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاری و روون کردنەوەی رۆشنبیری و هونەریان), ئەو صیاغەمان زیاد کردووە بۆ ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بایەخدان، ئیهتیمامە ریعایە نییە, چونکە کەلیمەکە بە عەرەبی هاتووە (رعایە).

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلأم دەست گرتنیانی تێدایە, دەست گرتنیان بۆ ئەوە, با چاودێری کردن بێت, لە دامو دەزگاکانی حکومەت لە جیاتی ریعایە چاودێری بەکار هاتووە, بۆ ئاگاداری دەشکرێت شتێك بۆ دوو شت بەکار بهێنرێت.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکە لە ئەساسدا بە کوردی هاتووە, ئێمە بۆ بگەڕێینەوە بۆ ئەساسەکەی کە گوایە عەرەبیە ریعایەیە یان نازانم چیە, چۆن هاتووە بە کوردی چۆن ئیتیفاق دەکەن, پێویست ناکات ئێمە موڕاقەبەی لەگەڵ ریعایە بکەین, چونکە لە ئەساسدا پرۆژەکە بە کوردی هاتووە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەردوو زمان هاتووە, ئەوان ئەساسیەکە بە عەرەبیان نووسیووە تەرجومە کراوە بۆ کوردی, لە ئەساسدا بە عەرەبی نووسراوەو تەرجومە کراوەتە کوردی, دەباشە موشکیلە نییە چاودێری بمێنێتن، دوایێ ئەگەر وشەیەکی باشتر هەبوو دایدەنێین موشکیلە نییە, بایەخدان باشتر نییە، کە دەکاتە ئیهتیمام, ئاخیر ئیتیفاقیان کردووە، بیکەنە بایەخدان باشترە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ریعایە تەنها بۆ موعەوقین و قاصر بەکار دێت عادەتەن, ئەگەر بکرێتە بایەخدان و هاندان بە عەرەبیەکەی (الاهتمام والتشجیع الریاضیة).

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نازانم موناقەشەی ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەین, یان کەلیمە و تەرجومەو جوملەو با جارێك رێککەوین لەسەر ئەوە, مەلەسەن ئەوە رەنگە موناقەشە هەلگرێت، ئەو صیغەی لیژنەی قانونی, یان ئەو صیغەی لیژنەی پەیوەندییەکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەمانەوێت پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین, ڕێکەوین بۆ ئەوەی لە موناقەشەشدا بزانین موناقەشەی چی دەکەین, چاودێری موڕاقەبەیە, ئەوە چ عیلاقەی هەیە، دەڵێم موڕاقەبەی چی دەکەی, بەڵام ئەگەر ریعایە بێتن دەڵێم باشە, بۆیە ئەو کەلیمەیە یەك لا بکەینەوە, ئینجا پشتگیری لە لیژنە دەکەین و کێیش موعاریزە دەتوانێت موناقەشە بکات, بایەخدان باشە, کەلیمەی ترت هەیە, ئەی, ئێستا بەو صیغەیە ئەو سێ لیژنەیە ئیتیفاقیان کردووە, کەسێکتان قسەتان هەیە, پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صیغەیەی کە لیژنەی قانونی هێنایەتی تەنها بواری وەرزش دەگرێتەوە بەنیسبەت خاوەنی پێداویستییە تایبەتیەکان, بۆیە من صیغەکەی کە کاك ئاریز گوتی پێم موناسیب ترە, چونکە بایەخێکی هەمە لایەن پێویستە بەو خاوەن ئیحتیاجاتی خاصە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی مەلەسەی موعەوقین، کەم ئەندامان دەبێت فەقەرەیەکی تایبەت بێت، چونکە ئەگەر تەماشای ئەساسی پرۆژەکە بکەین هی وەزارەت لەوێ مودیریەتێکی بۆ داناوە، کە ئێستا ئێمە موناقەشەی دەکەین، چونکە ئەوە عایدی خۆیانە، بەڵام موعەوقین لە هەموو دنیادا دەبێت بڕگەیەکی تایبەت بێت، دەبێت جیا بکرێتەوە، یەعنی وەرزشی موعەوقین جیاوازە، بۆ تێکەڵ بکرێت لەگەڵ بەهرەمەندان و لەگەڵ خەڵکی تر، یەعنی بە رەئی من فەقەرەیەکی تەنیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر وشەی چاودێریەکە دەتوانین بیکەینە وشەی پشتیوان، (پشتیوان کردنی وەرزشوانان و بەهرەمەند و توانادار و پاڵەوانان و دابین کردنی شێوازی گونجاو بۆیان تا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەخشینەکانیان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئاریز.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری بووە بە خاڵێکی تایبەتیشمان هێناوە ئەوەی کاك بەڵێن دەڵێن بە خاڵێکی تایبەتیش پێشنیارمان کرد بوو بۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەوەی ناڵێم صیغەکەی کاك بەڵێن وتی، کە پەخشان خان پشتگیری لێ کردی کەسی تر پشتگیریت لێ دەکات، سێ لیژنەکە گەیشتووتەنە ئەو صیاغەیەی کە خوێندیانەوە، کاك ئاریێزیش صیاغەیەکی تری خوێندەوە کە لە لیژنەکە چۆتە دەرەوە، پەخشان خان دەڵێت ئەو صیاغەیەی کاك ئاریێز باشە، جا لەبەر ئەوە ئەگەر کەسێکی تر هەمان رەئی هەیە، فەرموو با قسە بکات و هەندێك بۆمان شەرح بکاتن بڵێ بۆ، هەمان رەئی، کاك ناصح هەمان رەئی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاك ئاریێز کردی فیعلەن باشتر و شاملترە، بۆیە منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیار لە لیژنەکان دەکەم، موعەوق تابعی وەزارەتی وەرزشە، یان شوئونی ئیجتیماعی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان دەکەم، لەبەر ئەوەی لە رووی ماناو ناوەڕۆکیشەوە باشترە لەوەی کە لیژنەکان لەسەری رێککەوتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە هەردوو رەئی باشە، بەڵام چاودێری کردن وەکو موتابەعە و بەدوا داچوون شتێکی لەو بابەتەیە، بەڵام ئەوەی کاك ئاریێز باسی کرد شاملترە، نەوەکو هیچ گۆڕانکاییەکی وای تێدا نییە، بەس ئەوەی کاك ئاریێز باشترەو من پشتگیری رەئیەکەی ئەو دەکەم، چونکە شمولی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لیژنەی پەیوەندیەكانمان پێ باشترە، لەبەر ئەوەی جیای دەكاتەوە بەڕاستی، یەعنی بزەبت هەردووكی وەكو یەك نییە، ئەگەر هەردووكی وەكو یەك بوایە، ئەو رەئیە دەرنەدەچوو، لە یاساش پێم وایە شتەكان چەند زەق تر و وازیح تر بن ئەوەندە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لیژنەی پەیوەندییەكان وازیح ترەو هەمە لایەنە ترە، هەموو لایەنەكان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بە رای من دەستەواژەی باشیان تیا بەكار هێناوە باشترە ئەگەر بچەسپێت، چونكە هەم بواری وەرزش و هەم بواری لاوانیشی تیا جێ كراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوا دەكەم ئەو ماددەیە بخەنە دەنگدان و كۆتایی پێ بێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، بۆ ئەوەی رەئیەكە شەرعیەتی وەربگرێتن، دەبێت شەش حەوت كەس پشتگیریت لێ بكاتن، ئێستا كرا، جەنابی وەزیر رەئیت چیە لەسەر ئەو پێشنیارەی كاك ئاریز وەكو ئەندامی پەرلەمان، نەك وەكو لیژنە، كە چەند ئەندامێكی پەرلەمانیش پشتگیریان لێ كرد لە جیاتی ئەو صیغەیە رەئیتان چیە.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن هەرچی شتی ئیجابی ئیزافە بكرێتن من دژی نیمە شتێكی باشە، من خۆمان لە تەوجیهاتی رۆژانە پیادە دەكەین، بۆیە موشكیلە نییە ئیزافەش بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیازەی كاك ئاریز ئەندامی پەرلەمان كە چەند ئەندامێكی تر پشتگیریان لێ كرد ئەو صیغەیە لە جیاتی صیغەی لیژنەكانی تر بێت، كێ لەگەڵ صیغەكەی كاك ئاریز و پەخشان خانە دەستی بەرز بكاتەوە؟

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، باشە پێشنیارەکەی کاك ئاریز پەسند کراو دابندرێت لەو فەقەرەیەدا.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتە من حەقم نییە لێرە دانیشم، داوا دەکەم کاك جەمال بێت لێرە دابنیشێت، چونکە ئەو بەشداری کۆبوونەوەکەی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاست دەکەیت ئەوە خاڵی نیزامیە، دەبوایە یەکێکی تر بڵێتن، سوپاست دەکەین ئەوە ڕەخنە لە خۆشتە، کاك جەمال فەرموو، ئەوە هەم خاڵی نیزام بوو، هەم ڕەخنە لە خۆشت بوو دەستی خۆش بێت، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی (11) ئەوەی لەسەری ڕێکەوتووین ئەوەیە کە ئەو ڕستەیە بخرێتە دوایی ڕستەی خاڵی یازدە, خاڵی یازدە بەو شێوەیەی لێ دێتن (چاندنی چمکە دیموکراتیەکان و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ و بلاّو کردنەوەی بیری کوردستان پەروەری و میللەت پەروەری و بیری جەندەری و هاندانی گفتوگۆی هزری و ڕۆشنبیری لەنێو لاواندا) بخرێتە سەر خاڵی یازدەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەو ئیعتیبارەی کە پەخشان خان سەنتەرێکی داناوە بەناوی جەندەری و هەتا دوایی بۆمان شەرح بکات تکایە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەسڵەن لەگەڵ ئەو صیاغەیە نیم، چونکە ئەوا ورد کردنەوەی ڕۆشنبیری ئەوەو ئەوەو ئەوە, ڕۆشنبیری کردن بە هەموو فیکری ئینسانی و خۆشەویستی نیشتمان، فیکری ئینسانی، قیەمی بەرزی فیکری ئینسانی هەموو شتێك دەگرێتەوە جەندەر دەگرێتەوە، خۆشەویستی میللەت و میللەت پەروەری و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، بۆیە من وا تەسەور دەکەم ئیختیصاری بکەین، یەعنی چ چەسپاندنی ڕۆح و فیکری ئینسانی و بەها بەرزەکان و نیشتمان پەروەری، هەتا ئەو کوردستان پەروەری و میللەت پەروەری ئەوانەش لام وایە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەن, ئەوە هەمووی زیادە، کوردستان پەروەری و میللەت پەروەریەکە ببێتە نیشتمان پەروەری هەمووی دەگرێتەوە, تەواو موختەصەر موفید، ئەگەر موافیقن جەنابی وەزیرو لیژنەکان، ئێستا پێشنیاری خۆم دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە

دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ قەبول کرا، جوملەیەك بلّێ میللەت تێبگات, حاکم تێ بگات و، فەرمانبەر تێ بگات، بادینانی تێ بگات، گەرمیانی تێ بگات، نیشتمان پەروەری هەمووی وازیحە و شاملترە، فەرموو ئەوی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی (25) بەم شێوەیە تەنها ( وەزارەتی خوێندنی باڵای) دەخرێتە سەر بەم شێوەیە:

(هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بە مەبەستی پشتیوانی لە چالاکی وەرزشانەی خوێندکاران).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر تەبیعییە پەروەردەو خوێندنی باڵا، خوێندنی باڵا ئیزافە کراوە، باوەڕ ناکەم موناقەشەی لەسەر بکرێت، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، خاڵێکی تر ئیزافە ماوە، چییە؟ ئەوەی کە پێشنیاری تازەتان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە کۆبوونەوەی پێشوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشە میللەیەکانمان زیاد کرد، بۆیە یەك لە ئامانجەکانی لە ئەرك و فەرمانەکانی لە وەزارەت زیاد کران بەم شێوەیەی خوارەوە: (زیندوو کردنەوەو پەرە پێدانی یاری و وەرزشیە میللەیەکانی کوردستان).

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاری موفرەدە، یارییە، کە دەڵێیت یارییە وەرزشیەکان ئەوە جەمعە، بیکەین بە یارییە وەرزشیەکان دەبێت، بەس یاری نابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(احياء وتطوير الالعاب والرياضات الشعبية في كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کوردیەکە دەبێتە یارییە میللەیەکان، فەرموو کاك ئارێز، دوایێ پیر خدر، دوایێ دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئید دەكەم، بەڵام لە جیاتی زیندوو كردنەوە بە كوردیەكەی بكرێتە بووژاندنەوەی، چونكە یاری نە دەمرێت، نە زیندووش دەكرێتەوە، بووژاندنەوە شتێك هەیە دەبووژێندرێتەوە، واتا بووژاندنەوەو پەرە پێدانی یارییە وەرزشییە میللەیەكان، بووژاندنەوە بەكار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز خضر خلیل سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمبێژین بۆ وەرزش و یارییە میللەیەكان دی رێكترێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شوكریە خان فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش هەر ویستم هەمان قسەی كاك خدر بكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لێی نازانم، یەعنی قەد نەم بیستووە ریازەی شەعبی، ئەلعابی شەعبیم بیستووە، بەس ئەوە پرسیارە یەعنی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یارییە میللیەكان، یان ئەلعابی شەعبیە، (الریاضة والالعاب الشعبیة).

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوای گفتوگۆ كردن خاڵەكە بەم شێوەیەی لێهات (بووژاندنەوەو پەرەپێدانی وەرزش و یارییە میللیەكانی كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستاكە ماددەكە هەمووی لەبەر ئەوە دەبێت

مولاحەزەی ئەوە بکەین، ئەو ماددەیە خوێندرایەوە، دواتر راپۆرتی لیژنەی یاسایی خوێندرایەوە، ئەو تێبینیانەی لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان هات، دوایێ لەسەر داوای ئێوە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتن ئەو ئیختیلافاتانەی کە هەبوو تەوحیدیان کرد، یەعنی ئەوەی ئێستا خوێندرایەوە رەئی هەر سێ لیژنەکەیە، ئەوەی کە باسیان نەکردووە یەعنی موتەفیقن لەسەری، چ لە ئەسڵی راپۆرتەکە هاتووە، چ لەو تێبینیانەی کە لیژنەکان داویانە خوێندراوەتەوەو پێویست نەبووەو ئیختیلافیشی لەسەر نەبووە، دووبارە نەکراوە لێرە، لەبەر ئەوە لاتان روونە، بۆیە بەو شێوەیە ئەگەر کەسێك ئیعتیرازو خاڵی نیزامی نییە لەسەر قسەکەم، فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی بیست و دوو چی بەسەر هاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی ماوەتەوە، باشە بزانین کێ قسەی هەیە، ناویان دەنووسم، دکتۆر خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز دەکەم کەوا تێکڕای ماددەکە بخوێندرێتەوەو ئیتر بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرە (22) ماوە، باشە ئێستا لەسەر فەقەرە (22)ە، کاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر فەقەرە (22) نییە، ئێمە پێشنیارێکمان داوا کرد لە کۆبوونەوەکە، دیار بوو عەرزی جەنابی وەزیر کراو بڕیار بوو کە جێی بۆ بکرێتەوە، بەس من گوێم لێ نەبوو برادەران باسی بکەن و بیخوێننەوە، سەبارەت بە زیاد کردنی بڕگەیەك لە ئەرك و مەهامەکان، کۆچی گەنجان و لاوان بۆ دەرەوەی وڵات، دیار بوو موناقەشەی لەسەر کراو بڕیار درا بەشێوەیەك، بە صیغەیەك جێی بۆ بکرێتەوە، بەڵام گوێمان لێ نەبوو برادەران باسی بکەن و بیخوێننەوە، پێشنیارەکەی ئێمە ئەوە بوو کە تاکو ئێستا لە دامودەزگاکانی حکومەت بەڕاستی هیچ کەسێك ئەو ئەرکەی نەخستۆتە سەر شان بۆ دیراسە کردنی سەبەبی کۆچی گەنجان و لاوان لە کوردستانەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بۆیە پێمان وا بوو وەزارەت ئەوە پێویستە تا رادەیەك بکاتە ئەرکی خۆی بۆ دیراسە کردن و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوە، یاخود رێگری لەو کۆچەی کە دەیکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاری ئەنجومەنی وەزیرانە، کاری وەزارەتی رۆشنبیرییە، پەروەردەیە، کاری وەزارەتی شەبابە، کاری پەرلەمانە، حاڵەتێکی دائیمی نییە تۆ بیخەیتە هینەوە، موەقەتە لەبەر رۆشنایی وەزعی عێراق، وەزعی عێراق چاك بێتەوەو تیرۆر نەمێنێت و ئیقتیصادی نەبێتن کۆچیش نابێت، ئەگەر ئێستا تەماشای بکەین بەنیسبەت کوردستانەوە تا پێشی (2003و 2004)و ئەوانە خەڵك زیاتر دەگەڕانەوە، بەعکسەوە دەبوایە ئیستیعابی ئەو خەڵکە بکەین، بە هەر حاڵ لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکەوە نەهاتووە، پێشنارەکەتان لەویٚ کردووە، لێرە نەخوێندراوەتەوە، ئێستا کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف (جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی (22) پێم باشە نەمێنێت، چونکە لەڕاستیدا مۆڵەت پێدانی یانە و قوتابخانەکان ئەرکی ئەو وەزارەتە نییە مۆڵەتیان پیٚ بدات، یان هەڵبوەشێنێتەوە، یان یەکیان بخات، چونکە قوتابخانەکان هیچ رەبتێکیان بەو وەزارەتەوە نییە، پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت لەو بڕگانە، گرنگی دان بە جۆرە وەرزشێك کە لەگەڵ جەستەی کەم ئەندامان بگونجێت، بۆ ئەوەی کەم ئەندامانیش وەرزش بکەن و پێویستیان بە جۆرێك لە یاری و ئەوانە هاوکاریان بکرێت بۆ وەرزش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونی کاك کەریمم هەبوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاويس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من تێبینیم نییە سەبارەت بە خاڵی (22)، بەڵام سەرجەم ئەو ئامانجانەی لە وەزارەت هاتووە زیاتر ئەوەی من تێی گەیشتم جەخت دەکاتەوە سەر لایەنی وەرزشی، لایەنی وەرزشی لەگەڵ گرنگیا، شتێکی زۆر زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، دەبێت وەزارەت گرنگی پیٚ بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا من وا بۆی دەچم ئەو کێشە هەنووکەیی و گرنگانەی کە لاوان تووشیان دەبێت، ئەو ئەرکە قورسانەی کە وەزارەت رووبەڕوو دەبێتەوە بەرامبەر بە لاوان، یەکێك لەوانە لایەنی کار کردنە، پتەو کردن و چاندنی ژیانی خۆشەویستی بۆ کار، دروست کردنی مرۆڤێك کە کاری خۆش بوێت، کە بتوانێت سبەینیٚ ببێت بە کەسێکی بە بەرهەم، ببێت بە باوکێك، ببێت بە دایکێك، ببێت بە کەسێکی چاك، یاخود هاونیشتمانیەکی چاك، دروست کردنی ئەم مرۆڤە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتی لاوان، لەبەر ئەوە پێویستە خاڵێك هەبێت لە

ئەرك و فەرمانەکانی وەزارەتدا، کە وەزارەت گرنگی بدات بە لایەنی کار کردن و خۆشەویستی، یاخود بەهێز کردنی لایەنی خۆشەویستی بۆ کار و بەرهەرم هێنان و گەشە پێ کردنی لایەنی پیشەیی لە لای لاوانی کوردستان، ئەم ئەرك و فەرمانانە دەبێت لە خاڵێك، یان لە دوو خاڵدا لە ئەرك و فەرمانەکانی وەزارەتدا پێویستە جێگیر بکرێت، ئەمە لە پرۆژەی لیژنەی پەروەردە هاتبوو، نازانم بۆچی پشت گوێ خراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لە چوار خاڵدا باسی هاتووە، بەڵام دوایێ جەنابی وەزیر وەڵامی دەداتەوە، کاك ئارێز فەرمووو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك لە برادەران باسی ئەوەیان کرد کە ئەو بڕگەیە هەر نەمێنێت، منیش روونی دەکەمەوە قوتابخانەو پەیمانگا هیچ پەیوەندییەکیان بە وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە نییە، پەیوەندییان بە وەزارەتی پەروەردەو لە دوارۆژدا پەیوەندییان بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەیە، لەبەر ئەوە پێویست ناکاتن ئەو ئەوەی تێدا هەبێتن، لە هەمان کاتیشدا بڕگە حەوت پێویست ناکات، بڕگەی حەڤدەهەمیش پێویست ناکات، چونکە بڕگەی حەڤدەهەم دەڵێت قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش، لە کوردستاندا نییە، یاساش لەسەر گریمان دروست ناکرێت کە لە دوارۆژدا قوتابخانە دروست دەکرێت، نازانم قوتابخانە چۆن دەکرێت یەکێك لە سەرەتاییەوە بخوێنێت تا ئەو کاتە دەچێتە زانکۆوە خوێندنی هەر لەسەر وەرزش بێتن، لەبەر ئەوە قوتابخانەی وەرزش ئێستا نییە و لەسەر گریمانیش یاسا دانانرێت.

دوو/ پەیمانگا و یانە تەنها مۆڵەت وەردەگرن بە پێویستی نازانین وەزارەت بچێتە ناو کاری تایبەتەوە، واتا یانەو مەبەستمان لە پەیمانگا ئەهلییەکانە تەنیا پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتنە، پێویستیان بەوە نییە وەزارەت سزایان بدات و ئەوەیان بکات، لەبەر ئەوە من پێم باشە بڕگەی (22) نەمێنێتن، جا ئەگەر مەسەلەی هۆڵی وەرزشییە و تا جێگەیەکی تر دەکرێتەوە شتێکی ترە، بەڵام کاتێك کە بڕگەی (22) نەمێنێت، بڕگەی (17)ش بە هەمان شێوە پێویست ناکات لەبەر ئەو دوو هۆکارەی باسم کرد، چونکە قوتابخانەی وەرزش نییە، یانە تەنیا پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتنە، پێویستی بە شتی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پرسیارم هەیە، ئایا ئیتیفاقێك هەیە کە سەلاحیەتی مۆڵەتدان، ئیجازات دان بۆ ئەندیە بدرێتە وەزارەتی وەرزش، چونکە ئەو سەلاحیاتە عایدی وەزارەتەکانی دیکەیە، وەکو وەزارەتی ناوخۆ، لێرە تەعاروز دروست دەبێت لەنێوان ئەو قانونەو هەندێ قانونی تر وەکو قانونی جەمعیات، هەروەها وەکو کاك

ئاریز باسی کرد، یەعنی مەعاهد تابعی هەیئەی عولیای مەعاهیدە، نەك تابعی وەزارەتی وەرزش، بەهەمان شێوە مەدارس و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی قانونی جەمعیات، نادیەکان دەبێت قانونی جەمعیات ئیجازەیان بداتێ و ئیلغایان بکات، ئەوە یەك.

دوو/ قوتابخانەکان پەیوەندیان بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، هەروەها پەیمانگاکانیش پەیوەندیان بە وەزارەتی خوێندنی بالآوە هەیە، نازانم ئەو تێکەڵ بوونە لەنێوان ئەوانە، دەبێت قانونی جەمعیات هەموار بکرێت و یانەکان بدرێتەوە بەمان، بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان، یان ئەوە تەعاروز دەکاتن لەگەڵ قانونی جەمعیات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن ئێمە دەچینەوە خاڵی سفر، پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دوو سێ پسپۆرم هێناو لە لیژنەکان باسمان کرد، لەسەر هەندێك شت ئیتیفاقمان کرد، ئەگەر تەماشای بکەین لە بەشە کوردیەکەی مۆڵەت پێدانی یانەو قوتابخانە و پەیمانگەو یاریگاو هۆڵە وەرزشیەکان، ئەوانە ئیختیصاصی وەرزشیان هەیە، تەبعەن ئەوە ئیشی ئێمە نییە بچین قوتابخانەکان ئەوە بکەین، ئەوە شتێکی مەفهومە، ئەگەر لە مەسەلەی کەلیمات ئەوەی تێدا هەبێت (عدم وضوح)ی تێدا هەبێت، ئەوە دەتوانین گۆڕانکاری تێدا بکەین، بەس مەبەست صنف وەرزشیە، ئەوەی تریش کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان باسی دەکەن، من لە 2006/6/28 لەگەڵ جەنابی وەزیری پەروەردە رێککەوتین و کۆمیتەی هاوبەشیشمان پێك هێناوە، بۆ ئەوەی چۆن بتوانین قوتابخانەی وەرزشی بکەینەوە، دوایێ ئێمە وەکو وەزارەت کۆمیتەیەکمان هەیە لە دە وەزارەت بێتن، کە ئێمە سەرپەرشتیان نەکەین بە موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ رێکخستن و هەماهەنگ کردن و کاری لاوان لەو وەزارەتەوە، یەعنی شتێکی وا نییە ئێمە شتێکی نوێمان داهێنا بێت، تەنها ئەوەیە ئێستا بە گوێرەی یاسا رێك بخرێتن، وا تەسەور دەکەم ئەگەر بێتو ئەو موناقەشەیە بەم شێوەیە بێتن ئەمڕۆش ناگەینە نەتیجەیەکی تەواو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سارا فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگشتی لەسەر خاڵەکان ئەوانەی گوتتان ناوی نەهاتووە، یەعنی ماوەتەوە، یەکێك لەو خاڵانە باسی هاوئاهەنگی دەکات لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەو هاوئاهەنگییە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریش هەبێت، کە باسی نەکرا، لەبەر ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری زۆر گرنگی بە سەنتەرە رووناکبیریەکان دەدات، کە زۆربەی توێژی لاوانن، یەعنی پێویست بە تەنسیق و هاوئاهەنگی دەکات لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری.

بەنیسبەت خاڵی دوازدەش لەو خالانەی کە هەیە باس لە وەرزشی ژنانە دەکرێت، ئێمە دەڵێین بایەخ بە وەرزشی ژنان بدرێت، بەڵام نەك وەرزشی ژنانە، چونکە ئێمە وەرزشێکمان نییە جیای بکەینەوە لە وەرزشی پیاوان، وەرزش هەر وەرزشە ژن بیکات، یان پیاو، لەبەر ئەوەی بگوترێت وەرزشی ژنان، نەك وەرزشی ژنانە.

بەنیسبەت خاڵی (22)ش هەر لەگەڵ رای لیژنەی پەیوەندییەکانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی دوو لەسەر دوو بڕگە قسەم هەیە، لە بڕگەی (22) فیعلەن هەموو ئازادییەکانی وەرزشکاران پێشێل دەکاتن، ئەگەر بەو نەوعە بێت، چونکە وەرزشکار هەموو ئازادییەکانی لێ دەسێندرێتەوە، وەرزش خۆی هیوایەتە نازانم ئەو هەموو سزا دان و هەڵوەشانەوەو مۆڵەت پێدان و ئەو هەموو شتە تەحەمول ناکات، چونکە وەرزشوان هەستی ناسکە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە ئەو بڕگەیە هەر نەمێنێت، لەوەی تریش باسی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی دەکات، هەموو وڵاتە عەرەبیەکان چەند دەوڵەتن یەك ئەنجومەنی ئۆلۆمپیان هەیە، ئێمە یەك وڵاتین دەبێت لیژنەی ئۆلۆمپی بین، ئەنجومەنی ئۆلۆمپی چۆن دەبێت، سبەینێ دێتە پەرلەمان، سبەینێ دەچێتە جێگایەکی تر هەندێك شت هەیە دەبێت تەماشای یاسای دنیاش بکەین، چونکە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بەنیسبەت کوردستان زۆر گەورەیە، من پێم وایە ئەوەش بکرێتە لیژنەی ئۆلۆمپی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بگۆڕین، دەبێت یاسای ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بگۆڕین، ئەوانە لەویان وەرگرتووە جێی موناقەشە نییە، کەی هات، من لەگەڵتم دەبێت ناوی لیژنەی ئۆلۆمپی بێت، بەڵام ئەوان

خۆیان ناوی خۆیان لێناوە، کەی بۆ ئێمەیان نارد ئەو مولاحەزە بەجێیە موناقەشەی دەکەین، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیتیحادات و ئۆلۆمپیات و زۆربەی ئەندیەکان، ناڵێم ئەندیەکان هەر هەموویان، ئێستاش لەسەر نیزام و قانونی بەغدا دەڕۆن لە هەرێمی کوردستان، راستە مومکینە هەندێکیان ئیجازات وەربگرن بەگوێرەی قانونی جەمعیات، بەڵام ئێستاکە ئێمە بمانەوێت یاساکان جیا بکەینەوە بەڕاستی ئەوە پرۆژەی ئیتیحاداتی ریازی، پرۆژەی ئۆلۆمپیات لە ئەنجومەنی وەزیرانە بەو ناوەی کە ئێستا لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەمان دەکرد، بەو ناوە هاتووە، ئەگەر گۆڕانکاری بەسەرداهات ئیمکان هەیە لە موستەقبەل تەعدیل بکرێت, ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت مەنحی ئیجازات هی ئەندیە لە عێراق ئێستاش لە کوردستان پیادە دەکرێت، بە یاسا تەنزیم کراوە، بەڵام هەندێ ئەندیە نیزام داخیلیان وەرگرتووە ئەوە مەوزوعێکی ترە، بۆیە دانی مەنحی ئیجازات بۆ وەزارەتی لاوان بەنیسبەت ئەو ئەندیانە لە جێگای خۆیەتی و، هیچ رەبتێکی بە وەزارەتی داخیلیەوە نامێنێت، بەڵکو دێتە سەر وەزارەتی وەرزش و لاوان، ئەوانیش دەتوانن بە یاسایەکی تایبەت ئەو مەوزوعە تەنزیم بکەن، یەعنی ئێمە دەمانەوێت تایبەتمەندی خۆمان بپارێزین بەڕاستی بۆ ئێمە ئیلا لەسەر قەوانینەکانی بەغدا بڕۆین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بە حەقیقەت لەو دانیشتنەی ئەمڕۆ لەگەڵ جەنابی وەزیر و لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە داکۆکیمان لەسەر ئەم دوو خاڵە کرد، بەنیسبەت بڕگەی (17) لابرێت، لەبەر ئەوەی قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش نییە، موبەریر وا بوو لەسەر ئەوەی کە کۆلیژی پەروەردە بەشی وەرزشی هەیە، جا نازانم ئەوە تا چ رادەیەك، یان ئەوە هاتووە بیر بکرێتەوە لەوەی قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش بکرێتەوە، تا لە ئێستاوە بیبەستین بە وەزارەتی وەرزشەوە، جا نازانم تا چ رادەیەك دەگونجێت.

بەنیسبەت خاڵی (22)ش هەمان شت، وا باس کرا مۆڵەت لە ناحیەی قانونی دەدرێتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، بە رەئی من و رەئی لیژنەکەمان جگە لەوەی ناحیەی ئەمنی و یاسایی عادەتەن لە هەموو شوێنێك ئیجازە دان زیاتر پەیوەندی بە وەزارەتی داخیلیەوە هەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا، بۆیە ئێمە داوامان کرد بوو ئەو دوو خاڵە لابرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من مولاحەزەیەك بڵێم كە رەئیەكان قەلب ببێتەوە، پێشنیارێكم هەیە پێم وایە سەردەكەوێت، حكومەت وەزیرە پارتیەكان بگۆڕێتن، وەزارەتەكانی پارتی بداتە یەكێتی، وەزارەتە یەكێتیەكانیش بداتە پارتی، ئەو پێشنیارە بیر بكەینەوە سێ مانگی تر وای لێ دێتن، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە برادەرانی وەزارەت و لیژنەی یاسایی كە دانیشتین لە ئاخیردا گەیشتینە خاڵی (22) تەواو ئیتیفاقمان لەسەر نەكرد، منیش هەر لەو وەختەدا راو و بۆچوونی خۆم هەبوو پێم وتن، من لەگەڵ ئەوەدام ئێستا وەكو لیژنەی پەروەردە قسە ناكەم، بەلآم رەئی خۆم مۆڵەت پێدان بە یانەو قوتابخانەو پەیمانگاكان و یاریگا ئەوە لە سەلآحیەتیەتی، سزا دانەكەشیان بەپێی یاسا بێت، چونكە ئەوە زۆر هەڕەشە ئامێز دەكات كە دەڵێت بە راگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێكەڵ كردنەوەیان، یەعنی ئەو یانانە خۆیان ئێستا شەخسیەتی مەعنەوی خۆیانیان هەیە، تۆ بێیت لەسەریان وەكو وەزارەت فەرز بكەیت، ئێوە تێكەڵ ببنەوە لەگەڵیان لێرە، باوەڕ ناكەم بە قسەی بەڕێزیشی بكەن، لەبەر ئەوە بە رای من خاڵەكە هەر وای لێ بێت (مۆڵەت پێدانیان و سزادانیان بەپێی یاسا)، ئەگەر هاتوو سەرپێچیەكیان كرد لەو یاسایە، ئەگەرنا ئەو هەڵوەشاندنەوەو تێكەڵ كردنەوە زیادە بە رای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با مولاحەزەیەكی جددی بدەین، یەعنی رەئیەكان هەمووی قابیلی ئەوەیە مەنتیقی خۆی بەقوەتی هەبێتن، چ ئەوەی دیفاع دەكات دەسەلآتەكە بدرێتەوە وەزارەتی وەرزش و لاوان، چ ئەوەی دەڵێت بمێنێتەوە لە وەزارەتی ناوخۆ، هەریەكە وجهە نەزەری خۆی هەیەو مەنتیقی بەقوەتیشی هەیە، بەلآم من پێم وایە مەسئولیەتی هەردوو وەزارەتە، مەسئوولیەتی وەزارەتی ناوخۆشە، مەسئوولیەتی وەزارەتی وەرزش و لاوانە، ئەمەیان لە رووی فەنییەوە، ئەویتریشیان لە رووی ئەمنییەوە، یەعنی بۆچی دەسەلآت دراوەتە وەزارەتی ناوخۆ، رەچاو كردنی شروتی وەكو حزبەكان، خۆ هەر لاوان نییە، سەنتەرێكی رۆشنبیری دەكرێتەوە، كەواتە وەزارەت هیچ ئیشی نابێتن، وەزارەتی رۆشنبیری دەبێت ئەو ئیجازەی بداتن و ئەو مۆڵەت بداتن، بەلآم بەشێكی كە عیلاقەی بەوە هەیە كە تەقیمی بكاتن لە رووی ئەمنییەوە، ئەم یانەیە لە بەرژەوەندی گەل دایە، خەڵكێكی ناحەزو دوژمن دێنە ناویەوە بەناوی هەموو سورەتە فەنیەكان جێ بەجێ دەكەن ئیمكاناتیان هەیە، پارەیان هەیە، رەنگە وەزارەتی رۆشنبیری، یان وەرزش و لاوان بەپێی ئەو پێوەرەی كە دایناوە بیداتن، بەلآم كە وتت ناوخۆ یەعنی ئەمن و ئاسایشی ئەو شەخسانە كێن؟ پارەكانیان لە كوێ هێناوە؟ كێ تەمویلیان دەكات؟ رابووردیان چییە؟ بۆیە پێویستە، من بۆیە ئەو صیغەیەی كە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، پێم سەیرە، چۆن لە ئەنجومەنی وەزیران موناقەشەی لەسەر نەكراوەو ئەو مولاحەزەیە نەدراوە؟ پێم وایە ئەگەر وەكو ئێرە ئەو موناقەشەیە بكرابوایە، ئەو موناقەشەیەی لەناوخۆ دەیانكرد صیغەیەكیان دەدۆزیەوە، چونكە ئێستا ئێمە بیدەینە ئەوان، سبەینێ وەزارەتی رۆشنبیری دەڵێت وەكو بۆ وەرزش و لاوانتان كردووە، دەبێت ئەو دەسەلآتە بدەنە من، ئەوە رۆشنبیریە چ عیلاقەی بە

وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، بە هەمان مەنتیقەوە، هەروەها وەزارەتی تەعلیم عالی و هەر وەزارەتێکی تر ئەو شتانە دەڵێن عایدی من بێتن، پێم وایە لە رووی قانونییەوە وەزارەتی ناوخۆ بێتن، چونکە جانبی ئەمنیەکەمان لا گرنگە، لەبەر رۆشنایی ئەو پێوەرەی کە وەزارەتی پەیوەندیدار دایدەنێت فەرمیەکە موافەقەتی هەبێتن ئینجا وەزارەتی ناوخۆ بیکات، بەڵام ئەگەر لێرە هەمووی بدرێتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، لەوێش هەمووی بدرێتە وەزارەتی رۆشنبیری، باشە کێ تەحەمولی ئەمنیەت و مەسئولیەتی ئەو یانانەو ئەو مەرکەزە سەنتەرانە دەکات؟ ئەگەر سبەینێ رووبدات، ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری ئەو جانبەش دەتوانێت تەئمین بکاتن بەڵێ قسەکان راستە، من ئەو قسەیە دەکەم لەبەر ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران وەکو وەکیلی وەزیر جێگری سەرۆکی وەزیران ئەو شتانە هاتۆتە پێش کە لەوەو پێش لە سلێمانی بووم، بۆیە یەعنی زۆر موناقەشە کرا، یەعنی لەوێش ئەو نەوعە شتانە هەبوو، وەزیری ناوخۆ گوتی ئەگەر خۆتان تەحەمولی جانبی ئەمنیەتەکە دەکەن من مانیعم نیە دەسەڵاتەکە هەمووی بدەنە وەزارەتی رۆشنبیری، ئەو وەختە مەسەلەکە مەسەلەیەکی رۆشنبیری بوو، بۆیە من پێم وایە ئەو سزادان و مۆڵەت پێدان و شتانە، یەعنی نازانم پێویست دەکاتن راوەستی لەسەری و، ئەگەر ئیلغا بکرێت ئەو فەقەرەیە، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران پاش ئەوەی کە دیراسەت دەکات و بە پێویستی زانی ئەو دەسەڵاتە بداتە وەزارەتی رۆشنبیری، یاخود بداتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، ئەو وەختی بۆمان بنێرێتن بە تێرو تەسەلی هەمواری بۆ دەکەین، بەڵام ئێستاکە ئەگەر بیکەین، من پێم وایە لەنگ دەبێتن و تووشی کێشە دەبین لە موستەقبەلدا بەڕاستی، کێشەکەش دەبێت ئێمە تەحەمولی بکەین چۆن ئەوەتان دەرهێناو، کە دەزانن مۆڵەتدان و ئیجازەدان ئەرکێکی ئاسایش و ناوخۆیە بە سەراحەت قسەی بکەین، من خۆم سەد لە سەد لایەنگری کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیەتم، بەڵام نەك لەسەر ئەساسی جانبی ئەمنی، کاك کەمالیش تەوزیحێکی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە باس لەوە ناکاتن لە ناحیەی ئەمنییەوە، ئەو وەزارەتە بیپارێزێتەوە، وەزارەتی ناوخۆ بۆ پاراستنی گشت هەرێمی کوردستان و ناو شار سیستەمی خۆی هەیە، ئەمە باسی ئیجازات دەکات ئەم وەزارەتە نیزامێك بۆ خۆی دانا، بۆ نادیەکانی کامیان ئیجازەیان بدرێت، کامیان چ وەختێکی تر بێت تەنسیقێك و هەماهەنگێك لەنێوان ئیش وکاری وەرزش بێت، بۆیە من پێم دروستە بمێنێتەوە، بەڵام بەنیسبەت هەڵوەشانەوەیان ئەو خاڵە ئەگەر لابرێت، رەنگە جوانتر و رێکتر بێتن، بەڵام ئەویتر هەمووی وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەو وەزارەتە کە پلانی خۆی هەبێتن لەگەڵ نادیەکان، لەگەڵ یارییەکان ئەویش وەزارەتی داخیلی بیداتن، ئەی ئیشی ئەو وەزارەتە چیە؟ لێرە وەزارەتەکە بێ ئیش دەمێنێتن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەو خاڵە بمێنێتەوە، بەڵام هەڵوەشانەوە ئەگەر ئیعادەی نەزەری لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەمە زۆر دراماتیزە دەکاتە مەوزوعەکە، یەعنی شتێکی وایە ئەکید وەکو حکومەت ئیجتیماعاتی هەیە و تەنسیقێك دەبێتن وەکو شێوەیەکی وا دەبێتن، ئێستا راستیەك هەیە دەبێت باسی بکەین لەگەڵ یەکتر، ئەویش ئەوەیە ئەوەی ئێستا هەیە دژی ئەمنی قەومی کوردستانە کە لەسەر ئەساسی کار رەگ و ئێسقانی هەموو حزبایەتی کراوە لە ناو وەرزش، ئەوەی ئێستا کە من باسی هەڵوەشانەوەش دەکەم بەشێکی زۆر لەوانە هەیە پێویستی بە وجودیان ناکات، بەس لەبەر ئەوەی ئێکس و زێت و وای لە پشت ئەم شتانەنە بۆیە وایە، بۆ لە شارێکی وەك هەولێر، یان لە سلێمانی، یان لە دهۆك، یان لە شوێنێکی تر ئەم بەرفراوانیە لە هەندێك مەسائیلدا هەنە دەکەن، یان لە شوێنێکی تر با باس نەکەین بەشێوەیەکی گشتی، ئێمە ئەکید یەعنی ئێستا ئێمە یەکێك دادەنێین لە وەزارەت لەگەڵ هەموو پرەنسیپەکانی دیموکراتی بە تەئکید لێی دەکۆڵمەوە، ئایا ئەمە رەبتی بە ئیرهابیەکانەوە هەیە، ئایا لە رووی ئەمنییەوە، چونکە لە هەموو دنیا ماوە مەوزوعێکی ئەوەیە، ئەو متمانە بە ئێمە بدرێتن کە ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین، بەس با واشی لێ نێتن سبەینێ لەبەر ئەوەی مەسەلەن بەتایبەتی ئێستاش کە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکەم، بەداخەوە ئەو جەوەی لێرە دەبینم وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە جیاتی ئەوەی روحی، یان ئەو روحەی لەناو سەرۆکایەتی حکومەت هەیە لە جیاتی ئەوەی قولتر بکرێتن، دەچی دەبینی جەبهەکان بەهێزتر دەکرێن و وا دەکرێت شتەکان هەمووی لەسەر ئەساسی حزبی ئەوە دەکرێتن، من زۆر دژی ئەوەمە، هیوادارم ئەو تەوەجوهە دیموکراتیەی کە ئێستا هەیە ئەوە بکرێتن، من بانگی پسپۆرەکانی وەرزشیم کردووەو لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تر گوێیان لە رەئیەکانی پسپۆر راگرت و من خۆم ئەو سەلاحیەتەم بە خۆم نەدا، بۆ ئەوەی تەجاوز نەکەین سبەی رۆژێ بچن لە میدیاکان باسی بکەن بڵێن نەخێر ئەوە وا نییە، بەلام باسی یەکێتیەکانی کرد، رەئی قەبیلەکانیش ئەوە بوو پێش ئەوەی بچم، گوتم گوێی لێ دەگرم، هیچ مەسەلەکە ئەوە نییە، من پێم وایە ئەگەر بێتو یانەکان و قوتابخانەکانی وەرزشی هەمووی رەبتی بە وەرزشە لە رووی فۆرمیلە وشەی وەرزشی هەبێتن، ئەگەر هیچ نەبێتن، ئێمە شتێکی تریشمان لەبەر دەستە حەز دەکەم بزانرێتن، ئەویش ئەوەیە مانگ و نیوێکی تر کۆنفرانسێکی وەرزشی دەکەین هەموو سەرۆك یانەکان دەعوەت دەکەین بەشێوەیەکی دیموکراتی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر وەلامم هەیە بۆ قسەکانت، ئیتیهامەکەت بەجێ نییە بەڕاستی، پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك وا نییە، من ئەگەر ئەوەم بە نوکتە باس کرد بێت، تۆ دیارە ئەندامانی پەرلەمان ناناسی و ئینتیباهیشت نەکرد، زۆر کەس لەوانەی قسەیان کرد پشتگیریان لە مەشروعەکەی تۆ کرد، عەکسی حزبەکەی تۆ، بە

پێچەوانەشەوە، بەڵام دوا جار بۆ پێکەنین هەندێك قسەی دەکەین، ئەگەر تەماشای دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەین بزەبت عەکسی ئەوەی دەفەرمووی وایە، قانون لەسەرەوەی حزبایەتییە، زۆر جار کۆمەڵە، یان یەکگرتووە کە دووریشە پرۆژەی جیا جیا هین دەکەن و لیستەکانی پارتی و یەکێتی تەقسیم دەبن نیوەی لەولاو نیوەی تریش لەولا، من سەرۆکی پەرلەمانم و ئەندامی مەکتەبی سیاسیم جاری وا هەیە پێشنیار دەکەم دوو کەس لە ئەندامانی پەرلەمان کە سەر بە لیستی یەکێتین تەئیدم دەکاتن، بەهیچ شێوەیەك وا نییە، بەڵام جار جار هەندێك شت دەکەین بۆ نوکتە گوتن و دەڵێین کاکە وا دەکەین، ئەوە بەو شێوەیە نییە کە جەنابت فەرمووت، چوار کەسی تر قسە بکاتن، دوایێ دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، تاکو ئێستا بەداخەوە بمانەوێت و نەمانەوێت پێویستیمان بە وەزارەتی ناوخۆ هەیە تەقریبەن بۆ هەموو کاروبارەکانمان، بۆیە ئەسڵەن لەوانەیە ئەو بڕگەیە هەر لە ئەساسەوە پێویست نەبوو بێتن، ئەگەر پێویستیش بێتن پێم باشە تەعدیل بکرێت و بەم شێوەیەی لێ بێت باشترە:

(مۆڵەت پێدانی یانە، قوتابخانەکان و پەیمانگاکان پێویست ناکات، مۆڵەت پێدانی یانەو یاریگاو هۆڵە وەرزشیە ئەهلیەکان دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، بە هەمان شێوە راگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵ کردنەوەیان بەپێی یاسا)، وشەی سزا زۆر قورسە، بۆیە پێویست ناکات وشەی سزا لێرە هەبێت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەر بە تەئکید جەنابیشت و زۆریش لە برادەران باسیان لەسەر ئەوە کرد لایەزال قانونی رەقم (18)ی جەمعیات نافیزە، هەر لە رێی ئەویشەوە ئەو جەمعیات و ئیتیحاداتە دروست دەبێت، هەر لەم قانونەشدا لە ماددەی پێنجەکە حەقێك درا بە وەزارەت کە ئاگاداری و سەرپەرشیاری هەموو ئەو نادی و ئەو یانانە بکرێت، لەبەر ئەوە جێگای ئەو فەقەرەیە لەم قانونەیە نییە، کە ئەو رێگایە بدرێت بە وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەو ئیجازانە ببات، کاك ئارێزیش تەلمیحێکیدا لەسەر چۆنیەتی مەعاهید و مەدارس، کە زیاتر رەبتیان بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە، پێم باشە ئەگەر بیخەیتە دەنگدانەوەو، من لێرە صیغەیەکیشم نووسیووە، لام وایە هەم وەزیریش رازی دەبێت، ئەگەر بەڕێزانیش قەناعەتیان لەلا دروست بێت:

(مۆڵەت پێدانی یانەو یاریگاو هۆڵە وەرزشیە ئەهلیەکان و لێپێچینەوەیان بەپێی یاسا)، لێپێچینەوە دوو لایەن دەگرێتەوە، هەم لە رووی چاکەوە، هەم لە روویەکی ترەوە ئەگەر بە کاری خۆیان هەڵنەستان، لێپێچینەوە جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە جەنابی وەزیر ئەگەر سزاکە لاببەین، لێپێچینەوە باشە، بۆ ئەوەی موناقەشە بکەن، یەکێکی تریش هەبێت بە وەرگرتنی مۆڵەت پێدانی پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، کاک شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتگیری لە رەئیەکەی دکتۆرە شوکریە دەکەم، بەڵام من ئەو پرسیارەم هەیە دامودەزگایەك هەیە دروست بکرێت لە لایەن سەرووی خۆی هەمووی یارمەتیەکی پێ بدرێت، حەقی ئەو وەزارەتەش نەبێت لێ پێچینەوەی لەگەڵ بکات، یان سزای بدات، خۆ ئەو هەموو ئیمکانیەتەی لەبەر دەست دادەنێ، ئەو دەزگایە لە ئیش و کارەکانی خۆی گەشە بکات و پێش بکەوێت، ئەگەر سەرنەکەوت، ئەگەر شکستیان هێنا، ئەی کێ موحاسەبەیان بکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من شتێك دەڵێم، ئێمە لێرە موهەندسێك دادەمەزرێنین، پێویست بە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش ناکاتن، بزانن ئەو موهەندیسە کێیە؟ بیشی ناسن وەکو وەرەقە، نابێ بڵێ ئەو مەحکوم نییە، جەریمەی لەسەر نییە، ئەوە هیچ شتێکی نییە، ئایا پێویست بەوە ناکات؟ ئیعتیادیە من سەرۆکی پەرلەمانم لە سەرووی هەمووتانم موهندسێك دەنێرم دەڵێم کاکە رەزامەندی وەربگرە ئیتمیئنان دەکەم، با خزمی خۆشم بێتن، فەرموو کاک عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو بڕگەیە لەو ماددەیە رەش بکەینەوە چ لە یاسایەکە کەم دەکاتەوە، نازانم با موناقەشەی بکەن، ئەگەر بڕگەی (22) لەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزامی نەبوو، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لە جیاتی مۆڵەت تەسجیل کردن بێت، ئەوە مۆڵەت ئیعتیادی هەموو مونەزەمات و مەراکیز و یەعنی هەموو کەسێ وەکو جەنابت فەرمووت کە یەکێك تەعین دەبێت مۆڵەتی ئاسایشی دەوێت، بەلاّم لە وەزارەت تەسجیل بێت و وەزارەت موتابەعەیان بکات، حەقی خۆیەتی موتابەعەیان بکات، چونکە ئەمانە موئەسەساتی شوبە رەسمین، نەوادی و ئەندیەی ریازی و ئەوانە، چونکە دەعم لە حکومەت وەردەگرن، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەم یەعنی تەسجیل بکرێت، ئەو صیغەیەی کاك دکتۆر ناصح وتی پاش وەرگرتنی مۆڵەت، بەلاّم خۆی ئۆتۆماتیکیەن دەبێت مۆڵەت وەرگرێت لە وەزارەتی ناوخۆ لەوێ تەسجیل بکرێت.

خاڵێکی تر، سارا خان باسی کرد بەلاّم لام وایە لەسەری نەوەستان، ئەویش بڕگەی (12) لام وایە بایەخدان بە وەرزشی ژنانەو هاندانی و، باشە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی یاسای جەمعیات بەشێوەیەکی عام چوارچێوەی دیاری کردووە بۆ ئیجازە وەرگرتن، کە بەگوێرەی ئەو یاسایە داوای مۆڵەت دەکات لە وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆ من نازانم چ رەبتێکی هەیە بەوەی کە یانەیەکی وەرزشی، ئەوەندەی کە جەنابت باست کرد لە رووی ئەمنی و ئەوانە حەقە، یەعنی ئەوە لەو جانبەوە سەد لە سەد راستە وەزارەتی ناوخۆ پەیوەندی بە مۆڵەتدانەوە هەیە، بەلاّم پێوەرەکانی دامەزراندنی یانەیەکی وەرزشی چ پەیوەندی و رەبتێکی هەیە بە وەزارەتی ناوخۆ، لەبەر ئەوە من پێم باشە مۆڵەتدان دوای موافەقەی وەزارەتی وەرزش و لاوان بێت، یەعنی مۆڵەتدانەکە نابێت وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی بداتە یانەیەکی وەرزشی، ئەگەر ئیجازەو موافەقەتی وەزارەتی وەرزش و لاوانی پێوە نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوەیان جارێکی تر دەبێت قسەی لەسەر بکەین، هەم عورفە، هەم قانونی عێراقییە، هەم دەستووری عێراقییە، ئەحزابیش لە وەزارەتی ناوخۆ ئیجازە وەردەگرێت، دواتر کە ئیجازەی وەرگرت مەسەلەن ئێستا سەنتەرێکی رۆشنبیری لە هەولێر دەکرێتەوە لە وەزارەتی ناوخۆ ئیجاوە وەردەگرێتن بەپێی ئەو مەرجانەی کە هەیە، دواتر لە وەزارەتی رۆشنبیرییە، لە وەزارەتەکانی پەیوەندیدار ئەوها رەچاوی دەکەن، تەقیمی دەکەن، ئەنجومەنی وەزیرانە، هەموو لایەنەکانی ترە، بەلاّم ئیجازە وەرگرتنەکە وەزارەتی ناوخۆیە لە دەستووردا وایە، حزبەکان وان، یەکێتی و پارتی ئیجازە وەردەگرن، یەکگرتوو ئیجازەی هەیە لە وەزارەتی

ناوخۆ، مۆڵەتدانەکە دەیدات، بەڵام کێ موتابەعەی دەکاتن، وەزارەتی ناوخۆ ئیجازە ناداتە هیچ سەنتەرێك ئەگەر رەئی وەزارەتی رۆشنبیری لەگەڵ نەبێت، شتێکی تەبیعییە، ئەی وەزارەتی ناوخۆ چۆن خۆی تەقیم بکات، دەپرسێت وەزارەتی وەرزش و لاوان رەئیتان چیە بەرامبەر ئەو یانەیەی کە دەیانەوێت بیکەونەوەو تەفسیلاتەکەی دیراسەتی دەکەن پێیان دەڵێن باشە، یەك لە مەرجەکانی دەڵێت دەبێت وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەبێت موافیق بێت، ئەویتر دەمێنێتەوە کێنە ئەوانە؟ سەرچاوەکانی پارەیان کێیە؟ فلان کێیە؟ ئاوایە شتەکە بە رەئی من، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من و کاك شێروان و کاك عومەر ئیشارەتیان پێدا، ئێستا قانونێکی کارا هەیە لەو رێگەیەوە لە ئەندیە ئیجازە وەردەگرێت، ئێستا حالیەن قانونی فەعال هەیە، موشکیلەی ئێمە ئەوەیە ئەو سەڵاحیەتەی ئیجازە پێدانە بدرێتە ئەو وەزارەتە، یان لەسەر ئەوەی پێشوو بمێنێتەوە، یان بۆ هەردووکیان، یەعنی موناقەشە ئەوە نییە لێرە بێت، یان لەوێ بێت، چونکە ئێستا قانونێك هەیە هی جەمعیات و ئەوانە ئیشی پێ دەکرێت ئەندیە ئیجازەی پێ وەرگرتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڤێرێ هەتانوکە ئەز دبێژم شتەکی زێدەیە ئەم گەلەکێ ڤێ نوقتە کێشین و ڤەد کێشینەوە، سێ نوقتەی سەرەکی هاتنە دەستنیشان کرن ئیش لای برادەران، ئیش لای جەنابێ تە، ئەڤ نوقتەیە بمێنێتە وەزارەتێ وەرزش و لاواندا، یان بچێتە وەزارەتا ناڤخۆ، یان ژی موافەقەتی هەردووکان بێت، ئەز بێژم بە برینا چەندەیا، یا باشترە بیخەیتە دەنگدانێ، د لێرێ مەسەلە ساڤ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بەو شێوەیە رەدی دەدەمەوە، بۆ ئێمە باشترە زوو بیدەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی زوو لە کۆڵ ببێتەوە، بەڵام خۆم حەز ناکەم بەبێ ئەوەی تەوزیحێکتان لەلا هەبێتن دەنگی بۆ بدەن، هەندێ جار زۆر ئاسانە، بەتایبەتی ئەو مەسەلەیە ئەو روونکردنەوەیە نەبێتن، زۆر تەبیعیە وەزارەت حەقی خۆیەتی، ئەگەر بێتو ئەمنیەتەکەمان تەبیعی بێتن زۆر تەبیعییە، ئەگەر لە ئەوروپا بوایە لەوانەیە وەزارەتی ناوخۆی نەوێتن، من نازانم زۆر شارەزا نیم، رەنگە کاك جەمال شارەزا بێت زیاتر، چونکە لە ئەمریکا و ئەوانە ژیاوە، خۆت جەنابت لە سوید بووی رەنگە پێویست نەکات وەزارەتی ناوخۆ، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو پێشنیارەی ئەخیری بکە بۆ ئەوەی چی تر ماندوو نەبین لە هەموو وەزارەتەکانیش وایە، ئەو مونەزەمات و ئەو نەقاباتی عایدی ناوی وەزارەتەکانی پێوەیە موافەقەت لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگیراوە، بەلأم موتابەعەی ئیش و کاری ئەو نەقابانە بەپێی پیشەیان و بەپێی ئیش و کاریان لە ژێر نەزەری وەزارەتەکەی خۆیەتی، مەسەلەن نەقابەی یەکێتی مامۆستایان ئیجازەی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە، بەلأم ئیش و کاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەیە، ئەوەش بزەبت وایە، هەموو وەزارەتەکان، نەقابەیەك، یان نادیەیەك هەر جیهەتێکی وا داوای ئیجازە دەکات لە کویێ؟ لە وەزارەتی موختەسی خۆی، وەزارەتەکە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکاتن ئیجازەکەی بداتێ، پاشان موڕاقەبەو موتابەعەو حیسابات و لێکۆڵینەوە عایدی وەزارەتەکەی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مەلا فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیە زۆری دەوام کێشا، بۆیە من پێشنیارێکی دەکەم ئەگەر جەنابتان بە پەسندی بزانن، یان چوار وشە هەیە لەو بڕگەیە لاببەن، (منح إجازات المدارس والمعاهد)، یاخود (للوزارة تفتح بالتعاون مع الوزارة الداخلية)، بۆ ئەوەی کێشەکانمان لابچێت، ئەگەر لای ببەن مەنحی ئیجازات لا بچێت لەگەڵ مەداریس و مەعاهید چ موشکیلەمان نامێنێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیسبەتێ ئیجازا دانێ تەنیا شەرتەك بۆ وەزارەتا ناوخۆ ئیزافە بێت، ئەوژی بەپێی موافەقەتا وەزارەتا مەعنی، هیچ ئیجازەك بۆ چ مونەزەمەیەك و موئەسەسەیەك نەدات، ئەوە حەقەکە، یەعنی مونەزەما ماڤێ مەدەنی دەبێت بە موافەقەتا وەزارەتێ مافا مەدەنی بێت، ڕێکخراوا ماڤێ مرۆڤ دەبێت موافەقەتا وەزارەتا ماڤێ مرۆڤ هەبێتن، ئەگەر ئەو موافەقەتا ئەڤجا وەزارەتا ناوخۆ لە دەستیدا کار بکاتن لکارە سەرپەرشتیاو موتابەعەو دێ بۆ هەر وەزارەتا پەیوەندیدارێ بۆ هەندێ ئەگەر موحتاجێ سزایەك بێتن، کو وەزارەتا وەرزشی نابێت دەریا بکاتن ئاگاداریا وەزارەتا ناوخۆ بکات بچێت لە دەرە نادی بگرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەمانەوێت بگەینە صیغەیەك، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پاش موناقەشەی برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان دەرکەوت دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو بڕگەیە هەر لابدرێت، ئەویتریشیان ئەوەیە هەندێ گۆڕانکاری تیا بکرێت هەندێ وشەی تیا لابدرێت و هەندێکی بۆ ئیزافە بکرێت و هەندێکی تەعدیل بکرێت بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ، ئێستا ئەو دوو بۆچوونە بخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ دوو، سێ شت بڕیاری لەسەر درا، پێم وایە ئەگەر حکومەت رەئی هەبوایە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی ئیزافە کرا، کە کۆمەڵێك مەساریف گران کەوت لەسەر ئەوە، لەگەڵ ئەوەش پێویستی پێ نەبوو، ئێستاش من سوورم لەسەر ئەوە دوای دەنگدانیش لەگەڵ هەموو رێزم هەیە بۆ پەرلەمان.

دوو/ ئێستا بێتن لە بەغدا وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراقە کە ئیجازە دەدات و ئەم جۆرە شتانە دەکات، پرۆژەش هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆمان هاتووە، زۆر تەئکیدم کردەوە کە هیچ تەنسیقێك هەبێت لەو بوارەدا، یەعنی ئەگەر بێتو دەنگدان بکرێت بەبێ رەچاوی لە بەرژەوەندیەکانی وەزارەت بکرێتن، پێم وایە زۆر مەشاکیل بۆ ئێمە دروست دەبێتن، دوای ئەوەی باسی گەندەڵی دەکەن، ئێستا وشەی سزا زۆر قورسە، بەس هەموو کەس دێت بە من دەڵێت فلان شت وایە، فلان شت لە ناو وەرزش وایە، ئایا رۆڵی وەزارەت چی دەبێتن لەوەی ئەگەر لێ پرسینەوەی یاسایی و سزادان نەبێت لەو بوارانەدا، یەعنی هەندێك شت هەیە بەشێوەیەکی عاتیفی دەکرێتن، دوای ئەوە هەندێ بڕیار پێش ئێستا دراوە، وەزعێکی ناوخۆ، شەڕی ناوخۆ لە ناو کوردستاندا هەبووەو جاران مەشاکیل هەبووە، بەلاّم ئێستا بە وەزعێکی تر دەڕۆین، پێویست بە سیمایەکی زیاتر دیموکراتی دەکات لە کوردستان، من پێم وایە ئەو شتانە دەبێت هەندێك شاراوە بێت، من بە تەئکید وەکو وەزیرێك ئەگەر هەندێ مەسائیلی ئەمنی و ئەوانە دەبێت دووبارە تەئکیدی دەکەمەوە ئێمە سوور دەبین لەسەر ئەوە، من کەسێك تەعین دەکەم ئەکید تەزکیەکی دەبێت، نەك هی حزبی، یان هی فلان حزبە، بەس لە رووی ئەمنییەوە سەر بە جیهەتێکی وا نەبێت ئەمنی ئەم وڵاتە تێك بدات، یەعنی ئەوە مەسەلەیەکی بەدیهییە دەبێت بکرێتن، من پێم وایە وا قورس نەکرێتن لەسەر ئێمە، من سوورم لەسەر مەسەلەکانی یانەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەلامم هەیە بۆت، بەتایبەتی خالی یەکەم کە باسی دەکەین، ئەگەر بەو شکلە بێتن هەر پێویست بە پەرلەمان ناکاتن، بەخۆتان نیزامێك دادەنێن و پێویست ناکات لێرە هینی بکەین، پرۆژەیەکت هێناوە موناقەشەت کردووە، بەلام رەئی ئەخیر پەرلەمانە، لێرە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە زۆر بە تێرو تەسەلی موناقەشە کرا رەئی پەرلەمان کۆتاییە، هەر لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەسەر حکومەتیش بە ئەکسەریەت وایان رەئیدا، بۆیە کۆتایی پێهاتووە، هەتا ئەگەر رەئیت پێچەوانەش بێتن، لە پاش موناقەشە ئەوە رەئی پەرلەمانە ئەو دەخوات لەسەر منیش و لەسەر جەنابیشت و لەسەر هەمووان دەبێتە یاسا، لەبەر ئەوە بەو شێوەیە ناکرێت ئەوەی جەنابت فەرمووت، کە دەڵێیت ئێمە موسڕین لەسەری، هێناوتە ئێرەو قەرارمان لەسەر داوەو پرۆژەکە موناقەشەمان کردووەو رەئی خۆت داوەو، من دیفاعم لە رەئی تۆ کردووە لە هەندێ مەسائیل، بەلام لە نەتیجەدا پاش موناقەشە کردن لە چوار پێنج دەنگ زیاتر فەرق ئەکسەریەتی وەرگرت ئەو مودیریەتە، ئەگەر سبەی، دووسبەی خیلاڤ ئەوەتان بۆ دەرکەوت کە غەڵەتمان کردووە، دەتوانن دیراسەتێکی تر تەقدیم بکەن بڵێن کاکە ئەو پەرلەمانە کاتی خۆی وای کردووە، لەگەڵ واقیعی ئێمە ناگونجێت و لەبەر رۆشنایی ئەو هینە داوا دەکەین هەمواری بکەنەوەو دیسان موناقەشەی دەکەین، کە پەرلەمان قەرارێکی دا تەنیا سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە ئیعتیراز بکات ئەویش بۆ یەك جار، ئەگەر گەڕاوە بۆ ئێرە پەرلەمان جارێکی تر ئیسراری کرد لەسەر مەوقیفی خۆی ئەوە دەبێتە قانون، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم بەرزترین دەسەلاتی جێ بەجێ کردنیشە، تەنیا ئەو بۆی هەیە ئیعتیراز بگرێتن، ئەویش بۆ یەك جار، بۆیە بەو شێوەیە مولاحەزەکەت لامان هین نییە، چونکە دەبێت بڵێین عەفوم دەکەی، چونکە ئەوە لە مەحەزەر دەنووسرێتن، ئەگەر نەیلێم مانای وایە قسەکەت راستە، ئێمە بێ دەنگین لێی، بۆیە ناچارم روونکردنەوەکەی بدەم، چونکە مەقصەدم جەنابت نییە، بەڵکو تێگەیشتنەکەمانە، بۆیە ئەو ماددەیە دووەم موناقەشەیە، باشتر وایە بەو شێوەیە بێتن لەگەڵ قانونی جەمعیات، قانونی جەمعیات حکومەت خۆی ناردویەتی، لێرە ئیقرار کراوە، لە عێراقیش بە هەمان شێوە قانونی جەمعیات و سەندیکاو ئەحزاب و هەموو ئەوانە لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە دەردەچێت، ئێستا جەنابت باسی دەکەیت هیچ لە عێراق نەمبیستووە هیچ وەزارەتێك بۆی هەبێتن ئیجازەی یانەیەك بدات، یان ئیجازەی سەنتەرێکی رۆشنبیری بدات، یان ئیجازەی حزبێك بداتن ئەوەم نەبیستووە، ئەگەر هەبێتن دەکرێت دەبێت لە دەستووری هین بکرێتن، لە دەستووردا دەڵێت حزب ئیجازە لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرێت، جا لەبەر ئەوە پێم باشە بڵێین ئەو یانە و شتانەی لە ئەخیری هەیە کە ئیجازە وەردەگرن لە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتیان پێ دەدرێتەوە، یان سەرپەرشتیان و ئیشرافیان لەسەر دەکرێت بەپێی نیزامی داخیلی وەزارەتەوە بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان و پێوەر دانان بۆ سزادانیان و لابردنیان و ئەوانە دەکرێتن، یاخود دەکرێتن وەزارەتی ناوخۆ پێش ئەوەی ئیجازەیان بداتن موافەقەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان وەربگرێتن بۆ ئیجازە دانیان، ئەوە هەر چەندە تەحصیل حاصلیشە، ئەگەر دەتانەوێت صیغەیەکی وا بنووسن، فەرمووو کاك کەریم.

**بەڕێز كريم بحرى عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت هەر یانەیەك كە داوای ئیجازە دەكاتن پێویستی بە دوو مۆڵەت هەیە، مۆڵەتێكی فەنی، مۆڵەتێكی ئەمنی، مۆڵەتە فەنیەكە سەر بە وەزارەتی پەیوەندیدارە وەكو وەزارەتی وەرزش و لاوان، مۆڵەتە ئەمنیەكە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، بۆیە لێرەدا من لەسەر ئەو گفتوگۆیانەو پێشنیارانەی كە كران خاڵێكم داڕشتووە، ئەگەر بە دڵتان بێت (رەزامەندی لەسەر پێدانی مۆڵەت بە یانەو یاریگاو هۆڵە وەرزشیە ئەهلیەكان و لێ پێچینەوەیان بەپێی یاسا)، تەبیعی مۆڵەتیش بەپێی ئەحكامی عامە مۆڵەت دەدرێتن لە لایەن وەزارەتی ناوخۆیەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەندیەی ریازی، جیایان بكەینەوە لە مونەزەمات و نەقابات و لەوانە، مۆڵەت دان با وەزارەتی وەرزش و لاوان بدات بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، مەوزوعەكەش كۆتایی پێ دێت، ناحیەی ئەمنیەكەو ناحیەی ئیداری و فەنیەكەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەكەت جوانە، بەلاَم بۆ ئەوەی ئیشكال نەبێتن با مۆڵەتدان وەزارەتی ناوخۆ بیداتن، بەلاَم بە موافەقەت و رەزامەندی وەزارەتی وەرزش و لاوان، بۆ ئەوەی لەگەڵ جەمعیاتدا بگونجێتن، دەبێت بڵێی وەزارەتی ناوخۆ دەیدات بە رەزامەندی وەزارەتی وەرزش و لاوان، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من گوتم رێزم هەیە، چونكە گوتم پەرلەمان دەزگایەكی شەرعی هەرە بالاَیە، من سەرەتا تەئكیدم لەسەر ئەو خاڵە كرد، عێراقێك كە دەبێتن وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقە موافەقەتی ئەندییەكان دەدات، پێم وایە مەسەلەیەكی زۆر زۆر گرنگە، داوام لە لیژنەی قانونیش كرد، یەعنی ئەگەر هاتبووایە ئەو لیژنانە بەر لەوەی بانگ كرا بواینە ئێرە لەگەڵ پسپۆڕەكان دووبارە دانیشینەوە، چونكە من لەبەر ئەوەی زۆر لەو موناقەشانەی كە ئێستا دەكرێتن ئیختیسارمان كرد دەوڵەمەندتر دەكاتن لە هەموو پەرلەمانەكانی ولاَتانی دنیادا لیژنەی پسپۆر رەئی دەربڕی، هەندێك فەنیاتی بچووك دەمێنێتن موناقەشە دەكرێتن، یەعنی هەروەكو رەئیەك من تەرحی دەكەم لێرە، من لەگەڵ ئەوەمە ئەكید مەسەلە ئەمنیەكە دەبێت وەكو

کوردستان ڕەچاو بکرێتن واش نەبێتن کە وەزارەت ببێتە وەزارەتێکی کارتۆنی و ببێتە هۆی ئەوەی دەوری خۆی نەبینێتن، سبەینێ من دەچم یانەیەکی ئافرەتان دەکەمەوە لە هەولێر، یەعنی ئەگەر وا نەبوایە دەبوایە سیلسیلەیەکی مەراجعی و ئەوانە کۆمەڵێك ئیشی ئێمەی دوادەخست، هەر لەبەر ئەو جانیبە من هیچ مانیعم نییە فۆرمێك بدۆزینەوە کە سەروەری وەزارەت نەخرێتە ژێر دەستی ئێوە بەشێوەیەکی وا من لە رووی ئەمنیەکە موڕاعاتی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەڕاستیدا بەنیسبەت شەخسی خۆمەوە هیچ فەرقی ناکات، تەنیا ئەوە بوو شتێك نەکەین سبەینێ لەنگ بێتن، یاخود نەشاز بێتن لەگەڵ قەوانینی عێراق و لەگەڵ خودی مەجلیسی وەزەڕا، کە ئێستاکە هەموو ئیجازات لە وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە، عەفوم دەکەی ئەگەر جەنابت لێرە پێت وایە ئەوە هەموو رەئی ئەنجومەنی وەزیرانە، یەعنی خۆت قەرار دەدەیت، ئەگەر پێت وایە وا بێتن، چونکە ئێمە دەزانین تاکو ئێستا قانونی جەمعیات هەیە وەزارەتی ناوخۆ ئیجازە دەداتن، بەڵام ئەگەر پێت وایە پاش ئەوەی ئەو پرۆژەیە دوای ئەوەی لە هی ئەوانەوە هاتووە، پێت وایە ئەوە رەئی ئەنجومەنی وەزیرانە، کە دەبێت مۆڵەت لە وەزارەتی وەرزش و لاوان بداتن، دەتوانین لێرە تەنیا ئیشارەت بەوەی بکەین پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر پێت باشە تەئکید لەوە دەکەیتەوە، کەوا ئەوە رەئی ئەنجومەنی وەزیرانە ئیجازە بدرێتن، ئێمە ئەوەندە ئیزافە دەکەین پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، صیغەکە دەڕوێنین وەکو کاك شێروان گوتی، با جەنابی وەزیر وەڵام بداتەوە، پێت وایە ئەوە رەئی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوەی خۆت دەڵێی، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ وەزیری داد کە لەوێ بووە موناقەشەمان کردووەو لیژنەیەك دانیشتووەو موافەقەتمان کردووە، هەندێك تێبینیان هەبوو، ئەو تێبینیانەمان رەچاو کردووە، یەعنی ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لەبەر رۆشنایی تەئکیدی خۆی، ئەو جومەلەیە ئیزافە بکرێتن، پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، مۆڵەتدان بە یانەو هین و ئەوانە، بەنیسبەت سزادان پێم وایە نیزامێکی داخیلی تری دەوێت پێویست دەکات، بە هەر حاڵ ئێستا پێشنیارێك هەیە دەڵێن سزایەکە لابدرێت، رەئیت چیە؟

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مانیعم نییە لێپێچینەوەی یاسایی لێ بکرێت، ئەوەش مانیعم لێی نییە، مەسەلەکە ئەوە نییە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی كێشەكەی ئێمە هەموو ئەوە نییە مۆڵەتدان لە دەست كێ بێت، مەسەلەن تەواوی ناوەڕۆكی وەرزشكار ئازادی پێشێلكار دەكات، هەر مەسەلە ئەوە نییە كێ مۆڵەتی پێ بدات، یان كێ مۆڵەتی پێ نەدات، حەقە ناوەڕۆكی بڕگەكە بە عام روون بكرێتەوە، چونكە ئازادی وەرزشوان پێشێل دەكات، ناكرێت ئەوە بەسەردا تێپەڕ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆر كەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە زۆر موناقەشەی لەسەر كرا، پێ دەچێت هێشتا موتەفیق نین، هەم وەكو سەرۆكایەتی، هەم وەكو وەزیر، هەم وەكو زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان، چونكە پرۆژەكە زۆری ماوە چەند ماددەی تری ماوە ئەمڕۆ ناگەینە كۆتایی وا سەعات شەشە، من پێم باشە ئەمەش تەئخیر بكەین لەگەڵ ماددەكانی تر بۆ دانیشتنی داهاتوو، بۆ ئەوەی باشتر بیری لێ بكرێتەوەو بڕیاری لەسەر بدرێت و بە رەزامەندی هەموو لێرە دەرچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام خۆی باسی ئیختیلافی كرد، من موختەلیفم، ئەمڕۆ لە بەیانیەوە هیچمان نەكردووە، لەسەر شتێكی وا تەواوی نەكەین، ئەوە هەفتەی داهاتوو كۆمەڵێك شتمان لە پێشە، پێشنیارێك هەیە بۆ تەئجیل كردنی، پێشنیارێكیش هەیە بۆ بەردەوام بوون، كێ لەگەڵ ئەوە دایە بەردەوام بین لەسەر دانیشتنەكەمان دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، زۆرینەیە، كێ لەگەڵ ئەوەیە دانیشتنەكەمان دوابخرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كەمترە، كەواتە بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەكەمان، ئەگەر سزایەكە بكەینە لێپێچینەوە، ئەو صیغەیە بخوێنەوە كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مۆڵەت پێدانی یانەو فوتابخانە و پەیمانگەو یاریگەو هۆڵەكانی وەرزشی ئەهلی دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، بۆی هەیە بەپێی یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو صیغە تازەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ماددەکە هەمووی بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان تکایە، بزانین خاڵی نیزامە کاک ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قسەمان کرد گوتمان بڕگەی (17)میش لا بدرێت ئەوە یەک.

دوو/ تکام وایە ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری ژمارەیەکی زۆر دانیشتین و ئیتیفاقمان کردووە، هەر بۆ ئاگاداریشتان لە لیستی پارتی (3+1)، یەک مەبەستمان کاک جەمالە دوایی تەئیدی کردینە، لە لیستی یەکێتی دوو، لە ئاشووری یەک، لە کۆمەنیستی یەک، لە لیستی یەکگرتوو دوو، کەواتە ئەوە هیچ مەسەلەیەکی حزبی تێدا نییە، ئەوە یەک.

دوو/ ئێمە ئەو لیژنەیەی خۆمان داوامان کردووە ئەوە نەمێنێتن حەقە ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارێز یەکەم مادام لە لیژنەی کۆبوونەوەکە چوویە دەرەوە، ئەوەی لە لیژنەکە ماوەتەوە ئەو تەعبیر لە لیژنەکە دەکات و، لەگەڵ لیژنەکانی تر ئیتیفاقیان کردووە، جەنابت تەعبیر لە لیژنەکە ناکەیت، خۆشت چویە جێگای خۆت ئەوە یەک.

خاڵی نیزامی تر فەرموو شوکریە خان.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی دوازدەش موناقەشە بکەین، بەس موناقەشەمان نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی دوازدە وازیحە هیچی نییە، مادام لەوێ چاکمان کردەوە، راستە وایە ژنانە بکرێتە ژنان، لە بڕگەی دوازدە (بایەخدان بە وەرزشی ژنان) نەک ژنانە، راستە ئەوە چاك بکرێتەوە، خۆت پێشنیارت کرد لەوێ هین بێتن (بایەخدان بە وەرزشی ژنان) ئەویتر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەس کاک ئارێز ئیلغا کردنی بڕگەی حەوت بۆ، ببوورە بڕگەی (17) ئیلغا بکرێت (سەرپەرشتی کردنی یانەو قوتابخانە وەرزشی و پەیمانگە ئەهلییەکان و ئاراستە کردنیان بەپێی ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پەیڕەو دەکرێن) بۆ، یەعنی ئیلغا کردنەکەی بۆ؟

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی دوو موبەریر هەیە بۆ ئەو داوایە:

یەکەم/ قوتابخانەی وەرزشی نییە، ئێمە باسی ئەوەمان کرد، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد کۆلیژی پەروەردە تەنیا بەشی وەرزشی هەیە، هەر کۆلیژێکی بە جیایە.

دووەم/ بە پەیمانگە و یانە تەنها مۆڵەت وەردەگرن، بەپێویستی نازانین وەزارەت بچێتە ناو کاروبار، لەسەر بنەمای ئەوەی کە مۆڵەت و ئەو شتانە لە تەرفێ ترەوە پێویست ناکات بچێتە ناو ئەو شتانە، هەر ئەو دوو خاڵەمان هەبوو بۆ شەرحی ئەو بڕگەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیار لە جەنابی وەزیر دەکەم، ناوی قوتابخانە هەیە لە وەرزش.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارێکمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە خەریکین و کۆمیتەیەکمان پێکهێناوە، بەڵکو ئەمساڵ بتوانین یەکێك دابمەزرێنین، وەکو نموونەیی دەست پێ بکەین تایبەت بێت بە وەرزشی، بەڵێ قوتابخانەی وەرزشی، ئیتر خەریکین، ئەگەر بێتو لە رووی یاساییەوە موشکیلە بێتن، ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین یانەکە هەر بمێنێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی پەیوەندییەکان ماوەتەوە، سوورن لەسەر ئەو رەئیەتان؟

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا قوتابخانەیەك نییە بەو ناوە، ئێمە چۆن لەسەر موستەقبەل ئێستا قەرار دابنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موشکیلە نییە، مادام تەوەجوهی وەزارەتەکە وای کردووە، ئەوە تەوەجوهیان هەیە، ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی کەوا ئەو بڕگەیە ئیلغا بکرێت.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو تێبینیەی سکرتێر برای بەڕێز دەڵێت عادەتەن قانون دروست دەکەیت، ئینجا دەزگای بۆ دروست دەکەیت، لەسەر ئەو بنەمایە شتێکی واریدە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە سەحبی پێشنیارەکەتان دەکەن، کەواتە خاڵی (17) دەمێنێتەوە، (سەرپەرشتی کردنی یانەو قوتابخانە وەرزشی و پەیمانگە ئەهلییەکان و ئاڕاستە کردنیان بەپێی ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پەیڕەو دەکرێن)، ئەوە زۆر شتێکی تەبیعییە، مادام بە تایبەتی کە تەوەجوهی وایە، کەواتە ئەگەر خاڵی نیزام نییە هەموو ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە بەو هەموو تەعدیلاتانەی کە کرا بە

ڕەزامەندی جەنابی وەزیر و لیژنەکان، کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاکە بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

1-بە پەیڕەوێك پەیکەری ڕێکخستنی سەنتەری وەزارەت و پێکهاتەکانی دیار دەکرێت.

2- لە کاتی پێویستدا وەزیر بۆی هەیە هەندێ بەڕێوەبەرایەتی، یان بەش و هۆبەی تازە لە وەزارەت و پێکهاتەکانیدا بکاتەوە، یان لێکیان بدات، یان پووچەڵیان بکاتەوە.

3- بە مەبەستی پەرەسەندنی ڕۆڵی لاوان و وەرزشکارانی کوردستان و گونجاندنی ئەم دوو لایەنە لەگەڵ ئەنجامەکاندا، وەزیر دەسەڵاتی دامەزراندنی دامەزراوی وەرزشی و لاوانی هەبێ لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

لە بارەی ماددەی شەشەمی پڕۆژەکەوە، لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی سێیەم لا ببرێ و ناوەڕۆکی ماددەی (12)ی پڕۆژەکەی لە شوێن دابنرێ و سەرتاپای ماددەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: ئەرك و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەست نیشان دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە نێو پێکهاتەکانی وەزارەت لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیانوەشێنێتەوە بەپێی پێویستی کار و لە کاتی پێویستدا.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە لیژنەکانی تریش ڕەئیان نییە وەکو هینم کرد، کەواتە لیژنەکانی تریش هەمان ڕەئیان هەیە، مولاحەزەکەی لیژنەی پەیوەندییەکانیش بە نەزەر وەرگیراوە لە صیاغەی تازە، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێك وەکو ئەندامێکی کارا لە لیژنەی ئۆلۆمپی دەست نیشان بکات، هەروەها نوێنەرێکیش بۆ خۆی دابمەزرێنێت بۆ بەشدار کردن لە کۆنفدراسیۆنی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمەوە هەیە لە پرۆژەکەدا لیژنە واپێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێکی خۆی لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان دابنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو پێشتر باسمان کرد ئەنجومەن هاتووە، کەی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان هات بۆمان، ئەو وەختی رەئی خۆتان بڵێن، بڵێن ئەنجومەن نابێت، لیژنە دەبێت، ئەگەر گۆڕیمان، لێرەش دەگۆڕین، بەلأم ئێستا لێرە وا هاتووە، وەکو خۆی دەبێتن، ناتوانین قەرارێك بدەین بۆ پرۆژەی یاسایەك بۆمان دێتن و خۆیان قەرارێکیان داوە رەبتی بە ئێرەوە نییە، فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رەشنووسی یاسای وەزارەت بە لیژنە هاتووە، دەڵێم ئەوەی لیژنەی یاسایی بە ئەنجومەن هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر لە لایەن ئێوەوە، وەکو وەزارەت، وەکو ئەنجومەنی وەزیران لیژنەی ئۆلۆمپی بە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی ناسراوە، ئەوەی من بزانم جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی کە ئیفتیتاحی کرد بە ناوی ئەنجومەن ئیفتیتاحی کردووەو وتاریشی خوێندەوە، منیش خۆشم ئیعتیرازم کرد گوتم ئەنجومەن غەڵەتە، بەلأم ئەوە مەوزوعێکە، رەئی خۆشم مەوزوعێکە، بەلأم ئەوەی کە دەیبینم لە وەسائیقدا ناوی خۆیان بە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان داناوە، ئایا ئێوە لەسەر ئەنجومەن دەڕۆن، یان لەسەر لیژنە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دژی ئەوەی لە ئەنجومەن بێتن، داوا دەکەن لیژنە بێتن، ئەوەی دەزانم، منیش تەئیدی رەئی دیکە دەکەم، بەلآم ئەوە مەوزوعێکی ترە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەوان رێککەوتبن و تەوافیقیش لەسەر کرا بێت، دەبێت لێرە دەنگی بۆ بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەکانی تر رەچاوی ئەو واقیعەتەیان کردووە، کە هەیە لە کوردستاندا، یەعنی ئەوەی کە خۆیان ئیعلانیان کردووە، لیژنەی ئۆلۆمپی خۆیان ئیعلانیان کردووە، پاش ئەوەی کە تەوحید بوو، لێرە مەجلیسی ریازە هەبوو، لەوێش لیژنەی ئۆلۆمپی، کە تەوحیدیان کرد ناوی خۆیان لێنا مەجلیسی ئۆلۆمپی کوردستان، ئەوە لەبەر رۆشنایی ئیتیفاقێك بووە، بەبێ ئەوەی بە پرۆژەیەك بێتن، ئەو هینی خۆیان پەسند دەکەن، ئەمە لە وشەیەکەوە لە وەزارەتێکی ترەوە هاتووە، لیژنەی یاسایی پێی وا بووە ئەو جوملەیە رەچاو بکرێتن کە لە ئەنجومەنی وەزیران بەکار دێتن، تاوەکو پرۆژەی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی دێتن، ئەو وەختی بۆمان هەیە پێیان بڵێین ئەو ئەنجومەنە غەڵەتە بیکەنەوە لیژنە، کە کردمانە لیژنە ئۆتۆماتیکیەن هەموو وەزارەتەکان وشەی ئەنجومەن دەگۆڕن و دەیکەنە لیژنە، ئێستا ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان کە بۆ ماددەی حەوتەم هاتووە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی هەشت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: وەزارەت دەبێ ساڵانە یارمەتی دارایی بە رێکخراوەکانی وەرزش و لاوان ببەخشێت بەپێی پەیکەری رێکخستنی هەریەك لەو رێکخراوانە، رێکخراوەکانیش دەبێت ساڵانە پرۆژەکانی وەرزش و لاوان پێشکەش بە وەزارەت بکەن، بەپێی چەند رێنماییەکی تایبەت بە وەزارەت بۆ ئەوەی لەگەڵ چەمکە دیموکراتیەکاندا بگونجێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشت لابرێت، چونکە لە خاڵی (7) لە ماددەی دوو لە ئامانجەکانی وەزارەت باس کراوە، بۆ جارێکی تر باس بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقێکی هەیە، لەویّ بەس پشتگیری کردنە، لێرە دەڵێت دەبێت ساڵانە تەحدیدی کردووە، ساڵانە دەبیّ یارمەتیان بداتن، لەویّ وەزارەت حوریەتی هەیە، لێرە فەرزە لەسەر وەزارەت، دەڵێت ساڵانە دەبێت تەحدیدی بکاتن، ئەوە قورساییەکە لەسەر وەزارەت لە مەسڵەحەتیانە ئەگەر لاببەین، ئەگەر جەنابی وەزیر پێی خۆشە پێی بڵێین دەڵیّ لاببەن، بۆ ئەوەی حوریەتی هەبێتن، بە کەیفی خۆی بڵیّ بەو یانەیە بڵێت نادەم، بەو یانەیە بڵێت دەدەم، بەس ئەوە کە گوتت ساڵانە دەبێت یارمەتیان بدات، فەرزە لەسەری یارمەتی ساڵانەیان بدات، جا ئەگەر لیژنەی پەروەردە سوورن ئەو ماددەیە لابرێت لە بەرژەوەندی وەرزش نییە، لە بەرژەوەندی یانەکان نییە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن ئێمە زۆر بەڵێنمان داوە بە گەنجان، راستە ئەوەی جەنابت فەرمووت قورساییەکی زۆرمان دەخاتە سەر، بەڵام پێم وایە بەشێکە لەو ئیهتیمامەی کە حکومەتی کوردستان و پەرلەمان بە گەنجانی دەدەن، بە پێویستمان زانی و بە شتێکی باشمان زانی کە شتێکی وا هەبێتن، لا بچێتن بڵێن بۆی هەیە، ئەوەش ئاسانتر دەکاتن، چونکە دەتوانم ئیختیار بکەم ئەو کاتە مانیعم نابێتن، بۆیە ئەو بڕیارەمان دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەحبی دەکەیت، ئەگەرنا هەندێك موناقەشەی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەحبی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت صیغە عەرەبیەكە فەرزی نەكردووە، دەڵێت (للوزارة منح........)، یەعنی حوریەتی هەیە، چونكە لە شەرحەكەی تۆ وا نەبوو لەگەڵ كوردیەكەش وابزانم یەكتر ناگرێتەوە، ئەگەر بگوترا بوا (علی الوزارة منح....) وایە، بەڵام دەڵێت (للوزارة منح المساعدات)، یەعنی من هیچ تبێبینم نییە لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێشنیارە عەرەبیەكە (علی الوزارة)یە لیژنەی یاسایی، نەك پرۆژەكە، لیژنەی یاسایی بە عەرەبیەكەی دەڵێت (علی الوزارة منح ....)، (علی الوزارة) میزانیە نەبێتن چ دەكەیت، ئەوە بە قانون فەرزە دەبێت بیدەیت.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەیەكی تر ئێستا دەقە كوردیەكە لە عەرەبیەكە وەرگیراوە، بۆیە ئەگەر هەر هەڵەیەك هەبێت لە تەرجمەكەی كراوە، (للوزارة منح) ئەوە باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر وا بێت ئەو پێشنیارەی لیژنەی پەروەردە كە دەڵێتن لەوێ هاتووە، راستە دەبێت ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت، لەوێ هاتووە دەڵێت دەبێت موساعدە بكرێتن، ئەوە ئەگەر لێرە جەبر نەبێتن دووبارەیە، لێرە جەبر بێتن حەقی خۆیەتی ئەو ماددەیە هەبێتن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر ئێمە ئەو نادیانە كە دادەنرێن، كە بەرنامە بۆ خۆیان دادەنێن حیسابی ساڵانەی خۆیان دەكەن، ئەگەر وەزارەت بە كەیفی خۆی پێی بدات، یان نەداتن، ئینجا مەئسات پەیدا دەبێتن و تێك دەچێت، بۆیە دەبێت فەرز بێت لەسەر وەزارەت لە زیمنی ئەو میزانیەی هەیەتی، ئەو تەرخانە بكاتن، بۆ ئەوەی پێیان بداتن، ئەگەر ویستی بیداتن، ئەگەر نەیویست بیداتن، بۆیە بە رەئی من ئەوە وەكو خۆی بمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خەریکی پاس و شت پەیدا بکەین لەناو کوردستاندا، بۆیە هەموو شت لەسەر حکومەت نەبێتن، بەس ئەگەر هەموو شت لەسەر حکومەت بێتن، ئێستا بۆ نموونە میزانیە نەهاتووە، هەموو هاوار دەکەن، ئەگەر بێتو (على الوزارة) بێت شتێکی ئەوە دەبێتن، من مانیعەتم نییە ئەو مەسئوولیەتەی باسمان کرد خۆم بە پابەندی دەزانم، بەس لە رووی فەنییەوە لەوانەیە تووشی ئیشکالاتمان بکات، نەوەکو مانیعەم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەی پەروەردە پێشنیارەکەی خۆی سەحب کرد، عەرەبیەکەش دەڵێت (للوزارة)، یەعنی بۆ وەزارەت هەیە، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی پاش سەحب کردنی پێشنیاری لیژنەی پەروەردە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییە کە دەڵێت بۆ وەزارەت هەیە وا بکات، ئێوە چی دەفەرموون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی حەقیقەت بێتن لە تەرجومەکە کوردیەکەی گوتوویەتی دەبێت واتا ئیلزامیە، بەڵام لە عەرەبیەکە جەوازیە دەڵێت (للوزارة)، بەڵێ پێشنیارەکەش هی ئێمە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە لە لیژنەی یاسایی لە عەرەبیەکە چیتان نووسیووە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە، نە بە عەرەبی، نە بە کوردی، بەس لە تەرجومەکە بە ئیلزامی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە پرۆژەکە نەصە عەرەبیەکەی ئەساسە بۆمان، (للوزارة) یەعنی بۆ وەزارەت هەیە، خاڵی نیزامیت هەیە, هەموو قانونێك دەبێت وا بێتن، ئیلزام بێتن ئەی ئەگەر پارەی نەبوو چی بکات، قەرز بکات، مام خورشید قسەی دەکات.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیلزامی وەزارەت بکەین کە دەبێت پارەیان بداتێ، ئیمکانیاتیان بداتێ و کەلوپەلیان بۆ بکڕی، ئەی ئەگەر پارەیان نەبوو، مەعقولە فەرزی بکەیت لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت خاڵی نیزام فەرمووو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەیەکی پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە لێ پێچینەوە دەبێت لە لایەن ریازەو شەبابەوە بێت، ئەگەر تۆ لێی بپێچیەوە حەقە یارمەتیشیان بدەیت و ئیلزامیشیان بکەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو دکتۆر کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە میزانیە تەصدیق دەکرێت، میزانیەی وەزارەت مەعلوم دەبێت، بەپێی ئەو میزانیەی کە هەیەتی بەرنامەی خۆی دادەنێت، مەرج نییە زۆر بدات خۆی موفلیس بکات، بەڵام دەبێت نیزامێکی هەبێت، تەنزیمێکی هەبێت بزانێت ئەو پارەیە چۆن سەرف دەکات، بۆیە پێویستە بەپێی میزانیەکەی بدات، ئەگەر میزانیەی هەموو کوردستان نەبوو، ئەوە حاڵەتێکی ئیستیسنائیە، ئینجا کەس تەکلیفی لێ ناکاتن، بەڵام ئەگەر ئێستا بە کەیفی خۆی پارەشی هەبێت نەیدات، ئەوە خراپە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەسڵی نەصەکە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بە عەرەبیەکەی، بیخوێنەوە دەیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: للوزارة منح المساعدات المادية للمنظمات الرياضية والشبابية سنوياً حسب الهيكل التنظيمي لكل منها وعلى المنظمات تقديم مشاريعهم الرياضية والشبابية سنوياً للوزارة. حسب الارشادات والتعليمات الخاصة بالوزارة بما ينسجم مع المفاهيم الديمقراطية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(حسب الهيكل التنظيمي) زياد نييە مامۆستا، جەنابی وەزیر پێم وایە (حسب الهيكل التنظيمي) زیادە، مومکینە یەکێك بێت هەیکەلێکی تەنزیمی فراوانت بداتێ، تۆ دەبێت (حسب النشاط)ی بکەیت، یان هەر شەتبی بکەین.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوەی راستی بێتن ئێستا بەشێك لەوە ئێمە دەتوانین باسی بکەین رێکخراوی حزبی هەیەو، رێکخراوی نا حزبی هەیە، ئەوانە زۆر جار حزبیەکان مومکینە پارەیان بەدەست دەکەوێت، ئەویتریان بە دەستی ناکەوێت، بۆیە کە دەڵێن (للوزارة منح) ئەو شتانە ئەوە دەکات، دەبێت ئەو پێوەرانە رەچاو بکات،

ئەوە رەئی من، گرنگە، ئەگەر ئیجازە هەبێت خاڵێکی گرنگیش لێرە لە بیر کراوە، نازانم وەختێکی باسی دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەڵام نەبوو، من دەڵێم (حسب الهيكل التنظيمي) مومکینە هەیکەلێکی تەنزیمی زۆر فراوان بێت، بەڵام نەشاتی نەبێت، بە عکسەوەش باس کراوە، ئەوە ئەگەر (حسب الهيكل التنظيمي)ەکە لا ببەین، پێم وایە باشترەو بۆ خۆتان باشترە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دیموکراتی لا نەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە (حسب نشاطاتها)، لە جیاتی (حسب الهيكل التنظيمي) ببێتە (حسب نشاطاتها) خاڵی نیزام کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نازانین باسی ئیقتیصادی ئیشتراکی و ئیقتیصادی حور و بازاڕی ئازاد دەکەین، یان باسی ریازە، مەفهومی دیموکراتیەت چیە لە ریازەوە هەموو جار دووبارە دەبێتەوە، (حسب المفاهيم الديمقراطية)، ئەوە ریازەی ئیسلامی و ریازەی کۆمەنیستی و ریازەی جەرائیمان نییە، ریازە ریازەیە (حسب المفاهيم الديمقراطية) یەعنی چی؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ هەمانە، ئەو شێوەیە زۆر زەرورییە هەبێتن، لە وڵاتانی ئیشتیراکی، لە وڵاتی بەعس، لە وڵاتانی شمولی ریازەکە موەجەهە هەموو لە لایەن حکومەتەوە بەپێی بەرنامە لێی دەرناچێت، نادیەکان ئەگەر عودەی رۆیی لەناو چوو، عودەی سەرۆکی ئۆلۆمپی بوو، حەسبە نیزامی عودەی بوو، ئەگەر فەریقەکە بیدۆراندبوایە تێرو پڕ لێیانی دەدا، بەڵام دیموکراتیەت ئەگەر بشدۆڕێنێ دەڵێت جارێکی تر فەرقەکەی ئەوەیە، دەبێت ئەو مەبدەئە تەسبیت بکرێت زۆرە، کاك دکتۆر ناصح خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی نیزام نییە، بەس بەپێی قەوارە و چالاکیەکانیان، ئەو وەختە پێویستی بە هەیکەل ناکات، قەوارە یەعنی حەجمی چەند گەورەیەو ئەو چالاکیانەی کە ئەنجامی دەدەن، وابزانم ئەوە باشتر دەبێت و شاملتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئايا جەنابی وەزیر موافەقەتی کرد و شامیلەو باشە (حسب نشاطاتها)، ئێستا تکایە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بەندێك لە بیر کراوە زۆر گرنگیشە، ئەگەر ڕێگە بدەن بە لیژنە بخوێنێتەوە، چونکە ئەو بەندە بەنیسبەت کۆنتراکت بەستن و شتی وایە بەنیسبەت وەزارەت، باشە موهیم مەجالێك هەبێت، چونکە جێگە نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: خاوەنداریەتی گشتی دامەزراو و یاریگا وەرزشیەکان کە خاوەنداریەتییان ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو کەرتی تایبەت، دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پرۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات وشەی (دەگەڕێتەوە) بگۆردرێ بە (دەچێتەوە بۆ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: تعود ملكية جميع المنشأت والملاعب الرياضية التي لا تعود لوزارتي التربية والتعليم العالي والقطاع الخاص الى وزارة الرياضة والشباب.

أما فيما يتعلق بالمادة التاسعة من المشروع تقترح اللجنة تبديل كلمة (تعود)في البداية الى كلمة (تؤول).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو شوێنانەی کە ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، رەئیەك هەیە جەنابی وەزیر یەعنی ئەمە ئەو قەرارە، قەرارێکی موجحیفە بەڕاستی، ئەو ماددەیە، ماددەیەکە سەروویە فەرز کردنێکە، پێویستی بە موافەقەتی وەزارەتەکانی تر دەکات، وەزارەتی شارەوانی مەلعەبی هەیە، ئەمە چۆن دەبێت لێرە بە قانونێك هەمووی لێ بسەنین بدەینە وەزارەت، مومکینە وەزارەتی تریش هەبێتن، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو ماددەیە زیادە، دەزانم تێبینی لیژنەی پەیوەندییەکانیشە، پێم وایە باشترە ئەو ماددەیە سەحب بکەیت.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی وەرزش و لاوان ئێستاکە لە سفرەوە دادەمەزرێتن، پێش ئێستا بەڕێوبەرایەتیەکی وەرزش و لاوان هەبووە، ئەوەی من ئاگام لێ هەبێتن لە سلێمانی و لە هەولێریش لەسەر رێکخراوەکانی حزبی و لەسەر ئۆرگانەکان زۆر پێیان دراوە، ئەگەر وەزارەت بیەوێت مەشاریعێك بکاتن عەرزێکی نەبێتن، تووشی موشکیلەیەکی گەورە دەبێتن، ئەمە جانبێکە، بێگومان ناچین مافەکانی ئیدارەی مەحەلی بخۆین، ئەگەر شتی وا هەبێتن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوان دەیکەین، فۆرمێکی وا بدۆزرێتەوە بەناوی وەرزش و لاوان بێت، چونکە تاکو ئێستا وەزارەتێکی وا نەبووە، بۆ جاری یەکەمە دادەمەزرێتن، فۆرمێکی وا بدۆزرێتەوە کە ئیتیحاد بە حەقی وەزارەت بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە جەنابت فەرمووت مانای وایە حوجەتی من بەقوەتر دەکات، لێرە بە قانونێك حەسمی ئەو هەموو خیلافاتانە بکەین، تۆ خۆت دەڵێت زەوی و مەلاعیب تاپۆ کراوە لەسەر حزب و لایەنەکانی تر، نازانی بە قانونی تاپۆ کراوە، یان نا، یان فرۆشراوە، یان سبەینێ ئێمە قانونێکی وا دەربهێنین مانای وایە تۆ کێشەت دەبێت لەگەڵ ئەو هەموو حزب و لایەن و دامودەزگاو رێکخراوانە، بەڕاستی ئەوە بە نەصێکی وا قانونی زۆر غەڵەتە، نابێت ئەوە بکرێتن، دەکرێت لە ئەنجومەنی وەزیران حاڵەت بە حاڵەت، ئێوە وەکو وەزارەت مەلعەبێك هەیە عایدی بەلەدییە، بەڵام عەمەلیەن ئێوە پێویستیتان پێیە دەتوانن داوا بکەن، هەر ئەنجومەنی وەزیران خۆی قەرار دەداتن، مولکیەتەکە نەقل بکاتن پاش وەرگرتنی موافەقەتی وەزارەتی مالیە بۆ ئێوە، ئەگەر حزبێك هەبێتن جێگایەکی گرتبێتن هی دەوڵەت بێتن، بۆتان هەیە داوای بکەن و قەراری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوێت، دوایێ مەحکەمە قەرار دەداتن، ئەوە ناکرێت لێرە هینی بکەین، لەبەر ئەوە من دووبارەی دەکەمەوە ئەو ماددەیە هەر ئیلغا بکرێتن باشترە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێش ئێستا وەزارەتی وەرزش و لاوان لە عێراق هەبووە، بەلایەنی کەمی ئەوەی مەربوتە بە مولکیاتی ئەوان بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەوزوعێکی ترە، ئەوە حەقی خۆتانە، یان ئەو مولّکانەی عایدی وەزارەتی شەبابی عێراقی رژێمی پێشوو بوو لە هەرێمی کوردستاندا مولکیەتەکەی بگەڕێتەوە سەری، ئەوە تەبیعییە، فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان لە وەزارەتی رۆشنبیری هەبوو، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بە هەموو میلاکاتیەوە دەگەڕێتەوە سەر وەزارەتی تازە دروست کراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە دەبێت، کاک رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت یاریگا سەرەکییەکان لە هەر پارێزگایەك سەر بە ئیدارەی مەحەلییە، حیمایەی، مەساریفی، ئەوە باری جەنابی وەزیر گران دەبێتن ئەگەر بکەوێتە سەر وەزارەت، صیانەی دەوێت.

دووەمین/ بەنیسبەت یاریگا بچووکەکان ئەوانەی گەڕەکەکان، بەشێکە لە بەشی سەوزایی سەر بە شارەوانی هەر پارێزگایەکە لەو سێ پارێزگایە، بەلاّم من پێشنیارێکم هەیە بەنیسبەت ئەو ماددەیە ئەو ئیلغا بکرێت، بەلاّم دەکرێت بگوترێت (للوزارة تمليك ما تحتاجها من الاراضي لاغراض تنفيذ اهدافها ضمن ميزانية مخصصة لها سنوياً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست بە نووسین ناکات، بەلاّم ئەو صیغەیە لە جیاتی ئەوە (مومتەلەکاتی وەزارەتی لاوانی پێشوو لە هەرێمدا (تؤول الى وزارة الشباب والرياضة) ئەگەر هەبێت)، بەڵێ بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: خاوەنداریەتی گشتی دامەزراو و یاریگا وەرزشیەکان کە خاوەنداریەتییان دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی عێراقی پێشوو دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەمێك رێکتری بخەن، بەلاّم محتەوایەکەی مەعلومە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە تازەیە لە جیاتی ماددەکە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بەڵێ کاک دکتۆر دلێر خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەپێی یاسا وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێمی كوردستاندا نەبووە، بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی هەبووە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری، پێویستە ئەوە بوترێت (هەرچی مولكداریەتی و پێداویستیەكان و یاخود بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرچیەكی هەیە دەچێتە سەر وەزارەتی وەرزش و لاوان، دەبێت ئەوا بگوترێت، چونكە ئەوە ئەسڵەن نەماوەو نەشبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش تەحصیل حاصله، ئەوە تەبیعییە، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: وەزارەتی وەرزش و لاوان دەسەڵاتی سەرپەرشتیی هەیە لەسەر گشت دامەزراوە وەرزشیەكان لە هەرێمی كوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمەوە هەیە لە پڕۆژەكەدا، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات بەم شێوەیە بنووسرێت:

ماددەی دەیەم: وەزارەتی وەرزش ولاوان سەرپەرشتی هەموو دەزگای وەرزشی ولاوان لە هەموو كوردستان دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە ماددەی دووەم لە ئەهدافەكان نەهاتووە، یەعنی ئەوە زیادە، لە ئەهدافەكاندا هاتووەو دووبارەیە، بە پێشنیاری لیژنەی پەروەردە زیادە، لیژنەی پەیوەندییەكانیش دەڵێن زیادە، لەبەر ئەوە پێشنیارەكە تەرح دەكەم لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەكان كە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت، كێ لەگەڵ ئیلغا كردنی ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ ماددەكە ئیلغا كرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدە:  وەزارەت دەبێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بابەتی پەروەردەی وەرزشی کارا بکات و مامۆستای پسپۆر و لێهاتوویان بۆ دابمەزرێنێت، لەگەڵ دابین کردنی هەموو پێداویستییە وەرزشییەکان وەك دانانی پەرتووکی تایبەت بە پرۆگرامەکانی پەروەردەی وەرزشی و دروست کردنی هۆڵی داخراو و گۆڕەپانی وەرزشی و شتی دیکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە بنووسرێت: (دەبێ وەزارەت بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە کاراکردنی بابەتی پەروەردەی وەرزشی بدات و مامۆستای خاوەن پسپۆڕیی دابمەزرێن و هەموو پێویستیەکی وەرزشیان کە زۆر پێویستن لە پێناوی پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری وەرزشی لە قوتابخانە ودەزگا وەرزشیەکاندا بۆ دابین بکات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە داوامان کردووە ئەو ماددەیە لابرێت، چونکە جارێکی تر لە ئامانجەکاندا باس کراوە، کە ئەمانە هەماهەنگی بکەن، بۆ لێرە جارێکی دیکە بە ماددەیەکی تر باسی دەکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەیوەندییەکان.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لیژنەی پەیوەندییەکانەوە، ئێمە دووبارە لەسەر ئەوە دەکەینەوە ئەو ماددەیە لابرێت، چونکە لە ئامانجەکاندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوێ کە هاتووە دەوڵەمەندیش کراوە، هەروەها خوێندنی باڵاشی لێ ئیزافە کراوە، لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەی دوو لیژنەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدە: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربكات بۆ كار ئاسانی لەمەڕ جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێزدەمەوە هەیە لە پرۆژەكەدا لیژنە وا بە پەسندی دەزانێ لابرێ و هەڵوەشێتەوە، چونكە زیادە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە داوامان كردووە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەیوەندییەكان.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕێككەوتووین لەو دانیشتنەی كە لەگەڵ بەڕێز وەزیردا كردمان ماددەی (12 و 13 و 14 و 24) ئەوانە ببنە یەك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی قانونی دەڵێت ئەوە لە ماددەی شەشدا هاتووە، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە لا بدرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا كرا، ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدە: هەموو ئەو یاساو بڕیارو سیستەم و ڕێنماییانەی كە تایبەتن بە وەرزش و لاوان كە لە كۆماری فیدراڵی عێراق و هەرێمەكانیدا پەیڕەو دەكرێن و لەگەڵ بۆچوون و تایبەتمەندییەكانی دەستووری هەرێمی كوردستان و قانونەكانیدا ناكۆك نین، كاران.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چواردەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت:

(کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سێزدە کاك کەریم، ماددەی سێزدە من دەیخوێنمەوە مادام هیچیان نەنووسیووە، لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی سێزدە کە دەڵێت (هەموو ئەو یاساو بڕیارو سیستەم و رێنماییانەی کە تایبەتن بە وەرزش و لاوان کە لە کۆماری فیدراڵی عێراق و هەرێمەکانیدا پەیڕەو دەکرێن و لەگەڵ بۆچوون و تایبەتمەندییەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان و قانونەکانیدا ناکۆك نین، کاران)، ئەمە لە راستیدا خیلافی بڕیاری پەرلەمانە، هیچ پێویست ناکات هەر هەبێتن، جەنابی وەزیر موافیقە ئیلغای بکەین، لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش ئیلغا کرا، ماددەی چواردە تکایە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی لە شارەزایانی پسپۆر لە ناوەوەی هەرێم ببەستێت، ئەویش لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتدا.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی لە شارەزایانی پسپۆر لە دەرەوەی هەرێم ببەستێت، ئەویش بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە پێی دەسپێردرێت، بۆ ئەو ماوەیەی کە بە گونجاوی دادەنێت ببەستێت، ئەویش لە پێناوی بە دیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتداو دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ماف و پابەندەکانی لە لایەن وەزیرەوە دیار بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەڕاستیدا ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر تازەیە، خۆی لە راستی نابێت قەبول بکرێت، بەلاّم لەبەر ئەوەی لە هەموو وەزارەتەکان ئەو صیغەیە هاتووە، ئەگەر نەشی گوتبوایە لە کۆتایی قسەکانمان بە لیژنەی یاساییمان دەگوت ئەو خالاّنەی لە پرۆژەی یاسای وەزارەتەکاندا موشتەرەکن و هاوبەشن و هاتووە، ئەگەر موناقەشەشمان نەکردووە بێتن، ئەو پێشنیارە عەمەلیەن جێ بەجێ دەکرێت، پێویست بە دەنگدانیش ناکاتن، لەبەر ئەوە لە ئاخیردا بۆ ئەوە دەدات بەپێی قانونەکە دەڵێین ئەو خالاّنەی کە بۆ وەزارەتەکانی تر رۆتینن و هاوبەشن بۆ هەموو وەزارەتەکان، لێرەدا لە پرۆژەکان نەهاتووە، پێش ئەوەی هین بکرێتن لێرەدا

بێتن ئەوەمان دەخستە دەنگدانەوە، ئێستا مادام وای لێهاتووە ئەو پێشنیارانەی کە ڕۆتینن و هاوبەشن لە هەموو وەزارەتەکاندا، وەکو ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر، ئەو خاڵانەی کە کردی ڕەچاو بکرێن و داخیل بکرێن لێرە، یەعنی ئەو دوو خاڵەی کە باسی کردووە، لە وەزارەتەکانی تریشدا هاتووەو خیلافیان نییە، کاک فەرسەت دەڵێت ناکرێتن، دەمانەوێت بۆمان روون بکاتەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر قانونێك تایبەتە بە وەزارەتی خۆی، ئەو شتەی لێرە نەهاتبێتن لە وەزارەتێکی تر هاتبێتن ئەم وەزارەتە نابێت تەنفیز، بەس شتی تر هەیە، هەر وەزارەتێك شەخسیەتێکی مەعنەوی خۆی هەیە، بە ڕەئی من ئەگەر ئەو ماددەیە لەغو بکرێت وەزیر بۆی هەیە تەعاقود بکاتن، چ دەمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەرسەت هینی دەکات.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی ئیلغای ئەو ماددەیە ناکەم، من بە موتڵەقی قسە دەکەم، هەر ماددەیەك لە قانونی وەزارەتێکی تر هاتبێت، لێرە نەهاتبێت، حەقی وەزیر نییە بەو ماددەیە بکات بە ئیعتیبار ئەو ماددەیە ڕۆتینییە، چونکە هەر قانونێکی تایبەتە بە شەخسیەتی مەعنەوی خۆی، ئەویش شەخسیەتی ئەو وەزارەتەیە، من باسی ئەوە دەکەم، بەس دەمێنێتن مەوزوعی تەعاقود، مەوزوعی تەعاقود بە ئیعتیباری هەر وەزارەتێك شەخسیەی مەعنەوی خۆی هەیە، شەخسیەی مەعنەوی حەقی عەقدی هەیە، چ دەمێنێت زیمنی حدودی ئەو سەلاحیەتەی ئەوەی مەجلیسی وەزیرانی پێ درا بێت مەوزوعی ماددە لەسەر مەبدەئەکە، لەوانەیە سبەی مەجلیسی وەزیران بڵێت ماددەکە، مەبلغەکە لە حدودی هەزار دۆلار حەقت هەیە تەعاقود بکەیت، بەس وەك مەبدەئ حەقی تەعاقودی هەیە چ لێرە، چ خەڵکێك خارجی ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە، بەڵام هەموو وەزارەتەکان بەتایبەتی ئەو وەزارەتانەی پێویستیان بە پسپۆڕ هەیە لە دەرەوە نەصێکمان نووسیووە وەزیر بۆی هەیە خەبیر دەست نیشان بکاتن تەعاقودی لەگەڵدا بکات، چ لە ناوەوە، چ لە دەرەوە، بۆ دەرەوە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ناوەوە دەسەڵاتی وەزیرە، من مەقصەدم لەوە دابوو کە ئەوەش پێشنیاری خۆیەتی، حەز دەکەیت پێشنیارەکەی تەقدیم بکاتن، یەعنی لە زۆربەی وەزارەتەکان وا گوتراوە، بۆی هەیە خەبیر تەعاقود لەگەڵ خوبەرا بکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم، بۆ دەرەوەی هەرێمیش پێویستی بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بۆ زۆر وەزارەت

ئەوەمان نووسیووە، ئەوانیش خۆشیان لە پرۆژەكە لە بیریان چووە، ئێستا بە بیریـان هاتۆتـەوەو زەروریشـە هەبێتن، بەڵێ بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم/ وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسـانی سروشـتی و یاسـایی لـە شـارەزایانی پسـپۆر لـە نـاوەوەی هەرێم ببەستێت، ئەویش لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەكانی وەزارەتدا.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسـانی سروشـتی و یاسـایی لـە شـارەزایانی پسـپۆر لـە دەرەوەی هەرێم ببەستێت، ئەویش بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك و فەرمانانەی كە پێی دەسپێردرێت، بـۆ ئـەو ماوەیـەی كە بە گونجاوی دادەنێت ببەستێت، ئەویش لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجـەكانی وەزارەتـداو دوای وەرگـرتنی رەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ماف و پابەندەكانی لە لایەن وەزیرەوە دیار دەكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

صیاغەكە وەكو وەزارەتەكانی تری لێ بێتن مەبدەئەكە هەمان شتە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە زیاد بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردە: كار بە هیچ دەقێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چواردەمی پرۆژەكەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرە بنوسرێت:

(كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێت گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ مولاحەزەیەكمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەیوەندییەكان.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەكمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆرە شوكریە.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وشەی (ناكۆك بێت) لەنێوان دوو شەخسدایە، دەڵێت فلان كەس لەگەڵ فلان كەسە ناكۆكە، بەڵام نەگونجێ جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ خیلافێكی وا نییە لە ناحیەی زمانەوانی چاكی دەكەین، ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پازدەم تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدە: پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەكان بڕگەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پازدەمی پڕۆژەكەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرە بنوسرێت:

(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەكو یاسایەكانی وەزارەتەكانی تر ڕۆتینە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شازدەم تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدە: ئەم یاسایە لەو ڕۆژەوە کاری پێ دەکرێت کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شازدەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەکو یاساکانی وەزارەتەکانی تر، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ئێستا هۆکارە پێویستیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارە پێویستیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەو فراوانبوونە زۆرەی کە کەرتی وەرزش و لاوان و چاودێری کردنی زانستی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەخۆیەوە دەبینێت و بە مەبەستی دەستەبەر کردنی چاودێری و ئاراستە کردنی پێویست بۆ ئەم کەرتە تا بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت و بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە ببێتە دەسەڵاتی باڵا لە کرداری پەرەپێدانی کۆمەڵگا لە رووی وەرزش و لاوانەوە.. هاوشان لەگەڵ ئارەزووەکانی حکومەتی هەرێم لە دەستەبەر کردنی هۆکارەکانی پشتگیری کردنی پێویست بۆ کەرتی وەرزش و لاوان، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

لە دوایشدا لە بارەی هۆیەکانی دەرچواندنیەوە، لیژنەی یاسا دوای گۆڕینی وشەی (دەسەلآت) بە وشەی (لایەن) پشتگیری هەمووی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە داوامان کردووە بەم شێوەیە بێت:

**هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

بەهۆی دامەزراندنی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و، لەبەر ئەوەی توێژی لاوان و گەنجان داهاتووی وڵات پێك دینن و، بنەمای گەشەکردنی پاشەڕۆژن و، توێژێکی فراوان و چالاکی کۆمەڵگان و بە مەبەستی ڕێنمایی و هاوکاری و ئاڕاستە کردنیان پێویستی بە دەرکردنی ئەم یاسایەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەیوەندییەکان.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەڵێین لە هۆکارەکانی ئەم یاسایە وشەی (زۆرە) لابرێت، چونکە فراوان زۆریش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە زۆرەکە لابدرێت، ئێستا دوو پێشنیار هەیە، ڕەئیت جەنابی وەزیر لەسەر ئەوەی لیژنەی پەروەردە دیباجەیەکی تری تەقدیم کردووە، ڕەئیت چیە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێکی وا ناکۆك نابینم، بەس ئەوەی لە لیژنەی یاسایی هاتووە لەگەڵ ئەوەی وابزانم شتێکی زۆر نزیکن، تەوفیقی بێتن، مەسەلەیەکی جەوهەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە سەحبی ناکەی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەحبی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پرۆژەکە لەگەڵ دیباجەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەین و پیرۆزبایی لە جەنابی وەزیر و وەزارەت دەکەین، دەست خۆشیتان لێ دەکەین و سوپاستان دەکەین لەبەر ئەوەی

ماندوو بوون، ئێستا قسە دەدەمە جەنابی وەزیر پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێنم سوپاسی دەکەم و سوپاسی کاك سەعدیش دەکەم کە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ لە هەردوو دانیشتندا ئەزیەتیان کێشا، بەڵام لە نەتیجەدا یاسایەك دەرچوو ئینشائەڵلا کەموکوڕییەکانی زۆر کەمن و موناقەشەی هەڵئەگرت و، پێویست بوو بۆچوونی هەندێ جاریش توندی بەخۆیەوە گرت، ئەمەش لە نەتیجەی حەرسدا هەرچی موناقزیش هەبێت، لەبەر رۆشنایی ئەوە بووە تاکو یاسایەکی گونجاو و رێك و پێك دەربێتن، کەسێك نە وەزیر لە جێگای خۆی دەمێنێت، نە سەرۆکی پەرلەمان لە شوێنی خۆی دەمێنێت، بەڵام قانونەکە دەمێنێت، نە ئەندامانی پەرلەمانیش لە جێگای خۆیان دەمێنن، بەڵام قانون دەمێنێتن، بۆیە دەبێت قانونەکە رێك و پێك بێت، بۆیە ئومێد دەکەم قانونەکە بە رێك و پێکی دەرچوو بێت، سوپاستان دەکەم، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەعریفی سیاسی دەڵێتن دیموکراسی باشترین فرنی حوکم نییە، بەس لەوە باشتر نییە، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە، من سوپاسێکی گەرمی جەنابتان دەکەم، کە بە روحێکی مەسئوولیانە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان هەست کردنە بەو ئەرکە قورسەی ئێستا لەسەر شانی هەر هەموومانە و سوپاسی هاوکاریان دەکەم، هیوادارم بتوانین پێکەوە ئەو ئەرکانەی کە ئێستا بە شانی خۆمانەوە گرتووە بۆ خزمەتی توێژی لاوان و وەرزشکاران سەرکەوتوو بین، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رۆژی شەمە کاتژمێر (10) لێرە کۆ دەبینەوە، مەراسیم دەست پێ دەکات، دانیشتنەکەمان سەعات (11) دەست پێ دەکات، بەڵام سەعات (10) لێرە بن، چونکە مەراسیمێك هەیە، هەم باسی ئاڵایەکە، هەمیش شانۆیەکی بچووك هەیە لە لایەن گەنجانی کەسوکاری ئەنفال پێشکەش دەکرێت بە وجودی ئێوە، سەعات دە ئەگەر زەحمەت نەبێت لێرە ئامادە بن هەمووتان لێرە حازر بن، زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

## شەممە رێکەوتی 14\4\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## شەممە رێكەوتی 2007/4/14

كاتــژمێر (11)ی ســەر لــە بــەیانی رۆژی شــەممە رێكــەوتی 2007/4/14 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومـەن، دانیشتنی ژماره (8)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (8)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، بەرنامـەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەرز راگرتنی یادی ئەنفال.

أ- پێشەكی لە لایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە.

ب- وتاری لیژنەی پەیوەندیەكان و رۆشنبیری تایبەت كە سەردانی ناوچەكانی كردووە.

ج- وتاری بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی كێشەی كارەبا بە ئامادە بوونی رێزدار وەزیری كارەبا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنیەکەمان دەکەینەوە، کە تەرخان کراوە بەپێی بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده 20 لە پێڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتی (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2007/4/14 بەم شێوەیە بێت:

1- بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفال.

أ- پێشەکی لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

ب- وتاری لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری تایبەت کە سەردانی ناوچەکانی کردووە.

ج- وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی کێشەی کارەبا بە ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری کارەبا.

سەرەتا بەناوی سەرۆکایەتی و بەناوی هەموو لایەکتانەوە بەخێرهاتنی گەرمی برای بەڕێز و خوشەویستمان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و برایانی بەڕێزو خۆشەویستمان وەزیرانی حکومەتی هەرێم کە ئامادەن زۆر بە تەقدیرەوە، پێمان خۆشە ئەو ئامادە بوونەیان گرنگیدانە بە مەسەلەی کەسوکاری ئەنفال، ئەو کارەساتەی کە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، بۆ گیانی پاکی قوربانیانی ئەنفال، بۆ گیانی پاکی گشت شەهیدانی گەلی کوردستان، بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی، ئەو شەهیدانەی کە بە دەستی تیرۆریستانیش ڕۆژانە دەبنە قوربانی ڕێگای ئازادی ساتێك بوەستن تکایە، ئێمە لە بەرنامەکەماندا خاڵی دووەممان نووسیووە، خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی کێشەی کارەبا بە ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری کارەبا، بەلاّم بەڕاستی مولاحەزەیەکی زۆر بە جێ لەلایەن لیژنەکانی پەیوەندیدار لەناو پەرلەمانەوەو لە لایەن سەرۆکایەتیشەوە، پاش ئەوەی کە لەگەڵ کاك نێچیرڤانیش باسمان کرد، پێشنیارێك هەیە کە ئەمڕۆژە تەنیا بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفال بێت، بۆیە خاڵی دووەم دوابخرێت، دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی دووەم دوابخرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەم جەلسەیە تەرخان دەکرێتن بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفال.

دیارە کە باسی ئەنفال دەکەین، باسی کارەساتێك دەکەین دژی گەلەکەمان، باسی سیاسەتێك دەکەین کە داڕێژرا بوو لە لایەن دوژمنانی گەلەکەمان، لەلایەن ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕ چوو، بۆ لەنێو بردنی گەلەکەمان، بۆ بە کۆمەڵ کوشتنی، بەشێکی گرنگی سیاسەتەکەی لە ئەنفالەکاندا دیاری کرا بوو، بەلاّم ئەو جینۆسایدە، ئەو بە کۆمەڵ کوشتنە داڕێژرا بوو بە پلانێکی فراوان، کە سەرەتایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی 1981، پێشتریش هەر سیاسەتی ڕەگەز پەرستی دژی گەلەکەمان هەر هەبووەو وێران کردن و کوشتن و بڕینی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بووە، بەلاّم لە ساڵی 1981ەوە، لە ساڵانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئەو بەرنامەیە داڕێژرا بوو، ئەنفال هەموو لایەکی کوردستانی گرتەوە، ئەو سیاسەتە ڕەگەز پەرستە،

جینۆسایدە، هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، سەرەتا برا فەیلیەکانمان لە بەغدا بە هەزاران لەناو چوون و دەر بەدەر کران و ئیعدام کران و بێ سەرو شوێن کران، تاکو ئێستاش نازانین قەبرەکانیان لە کوێیە، دواتر ئەنفالی بارزانیەکان، ئەوانیش بە هەمان شێوەو بە هەمان سیاسەت، سەدانیان، هەزارانیان بە کۆمەڵ زیندە بە چاڵ کردن و کوشتیانن و پاش ئەوەی گواستیانەوە بۆ خوارووی عێراق، هەر لەو فەترەیەشدا وێران کردن و تێکدانی دێهاتەکان دەستی پێ کرد بوو، ئەو سیاسەتەی تێکدانی دێهاتەکان لە ساڵی 1976ەوە بە پلانێکی زۆر ئاشکرا بوو، بێ ئابڕوویانە هەزار و پێنج سەد تا دوو هەزار دێی لە ساڵی 1976 و 1978 وێران کرد، بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق دابڕن لە پارچەکانی تری کوردستان، بەڵام دواتر ئەوە کەوتە ناو سیاسەتێکی داڕێژراو وەکو ئاماژەم پێ کرد، هەرچی دێهات بوو لە کوردستان نەیان هێشت، لە (90٪)ی گوند و دێهاتی ئێمەیان وێران کرد، بۆ ئەوەی ژیانی پێشمەرگە بخنکێنن، چونکە دێهات و خەڵکی دێهات و شاخەکان جێگای ئەساسی خەباتمان بوون، بۆیە ئەو پێشمەرگەو تێکۆشەرانەی لە شاخدان لە میللەت دابڕێن و ئەساسی ژیانەوەیان تێك بدەن، دیارە ئەوەی کە زۆر روونە لای هەمووومان، ئەو سیاسەتە زیاتر روون بۆوەو ئاشکرا بوو ساڵانی 1987و 1988 بە دەست پێ کردنی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە سەرەتا لە بالیسان و شێخ وەسان دەستی پێ کرد، دواتر ناوچەی سلێمانی و گەرمیانی گرتەوە، دەوروبەری هەولێری گرتەوە، بارزانی گرتەوە، بادینانی گرتەوە، هەموو ناوچەکانی کوردستان تووشی شاڵاوی ئەنفال بوون، ئەو وشەیەش کە رژێمی بەعسی لەناوچوو لە قورئانی پیرۆزەوە وەریگرت بوو، بەڵام بەشێوەیەکی چەواشە بەکاری هێنا، کە ئیسائەیەکە دینی ئیسلامی پێ نووسیەوە، بۆ ئەو وشەیە کە لە قورئان ئاماژەی پێ کراوە، ئەنفال دژی میللەتێکی موسڵمان بەکار هات، ئەنفال دژی میللەتێك لەناو وڵاتێکدا بەکار هات لە لایەن رژێمەکەی خۆیەوە، سیاسەتی جینۆساید رژێمێك، حزبێك دایڕێشت کە ناسراوە بە عونصری و فاشی و بە دڕندە، بەڵام گەلەکەمان زۆر لەو سیاسەتە بەرزتر بوو، خۆڕاگرتر بوو، تێکۆشەرانی گەلەکەمان، نەك هەر توانیان رووبەڕووی ئەو پلانە بۆگەنیە ببنەوە، بەڵکو ئەو خۆڕاگریەو ئەو چەکداریە و ئەو پێشمەرگایەتیە بووە بەهۆی ئەوەی گەلەکەمان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوە بوو لە راپەڕینی ساڵی 1991دا بە یەك دەنگ ئەو گەلە یەك ریزی و یەك دەنگی هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئازاد کرد، بە کەرکووکەوە، شاڵاوی ئەنفال بۆ ئەمڕۆ یادی دەکەین (4/14)ە، پێشتر دەستی پێ کردووە، بەڵام لەم رۆژانەدا گەورەترین شاڵاو دەستی پێ کرد لە ناوچەکانی گەرمیان، کە دەیان هەزار کەس لەم رۆژانەدا شەهید بوون، بوونە قوربانی، یاخود گواسترانەوە، دوایی زانیمان کە زیندە بە چاڵ کراون، ئەو گۆڕستانانەی کە هێشتا بەشێکی زۆری ئاشکرا نەبووینە، ئیسپاتێکی گەورەن لەسەر ئەو تاوانە گەورەیە، لێرەدا چەند پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ئەمە سیاسەتی بە کۆمەڵ کوشتنە، سیاسەتی جینۆسایدە، یان تەنیا سیاسەتێکە، حکومەتێك دژ بە ناحەزانی خۆی بەکاری هێناوە، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە هیچ گومانێکمان لە لاوە نییە، کە ئەمە سیاسەتێکی جینۆساید بووە بۆ لەناو بردنی گەلەکەمان، بەڵام دەبێت وەکو هەمیشە تەئکیدمان کردەوە، دەبێت ئەو مەسەلەیە قەت لەبیرمان نەچێتن، نەك ساڵێ

جارێکیش بە تەنیا کۆ ببینەوە بۆ یاد کردنەوە، یان باس کردنی چۆنیەتی قەرەبوو کردنی کەسوکاریان، ئەمە مەسەلەی میللەتێکە، ناسنامەی میللەتێکە، نەك رابردووی میللەتێکە، ئایندەی میللەتێکە، میللەتێکە کە بتوانێت خۆڕاگر بێت لەو سیاسەتە جینۆسایدە پووچەڵ بکات و رژێمەکەی لەناو ببات، دەتوانێتن بۆ ئایندەش ئەو مەسەلەیە وا بکات، کە هەمیشە قوەتێك بێت بۆ گەلەکەمان، بۆ ئەوەی جارێکی تر نە ئەو دوژمنە دڕندەیەو دوژمنەکانی تریش بیر نەکەنەوە، کە بەو سیاسەتە دەگەنە ئامانجەکانیان، بنەماکانی بە کۆمەڵ کوشتنی جینۆساید چەند بنەمایەکی هەیە:

یەکەم/ بەرنامەیەکی داڕێژراوی هەبێت، ئەم حکومەتە ئەو بەرنامە داڕێژراوەی هەبوو.

دووەم/ هەدەفی کوشتنی میللەتێك بێت، ئەم حکومەتە هەدەفی کوشتنی میللەتێك بوو.

تەنانەت بەو بەڵگەیەش کە خەڵکی تر دوژمنانی ناحەزانی گەلەکەی ئێمە، دەیانەوێت بە پێچەوانەوە باس بکەن، کە هەندێك لەوانە، ئەو کات پێمان دەگوتن جاشەکان، حکومەت بەکاری هێناون، بۆ ئەوەی لەو ئەنفالانەدا بەشداری بکەن، ئەوەش بەڵگەیەکی ترە کە ئەمە جینۆساید بووە، چونکە ئەمانەی کە بۆنەتە بەشێك لەو عەمەلیەتە، خۆی لە خۆیدا وازیان لە میللەت هێناوە، خۆی لەخۆیدا بوونەتە بەشێك لە لایەنە دوژمنەکە، لەسەر میللەت حیساب ناکرێت، ئەگەر ئەنفال سەرکەوتوو بوایە، ئەو جینۆسایدە سەرکەوتوو بوایە، هەنگاوی دواتر ئەوە بوو ئەوانەی بەشدار بوونە، دەبێت بە خۆیان رەگەزی خۆیان بگۆڕن، چونکە میللەتێك ئەگەر قوەتی نەما، زەعیف بوو زۆر بە ئاسانی دەتوانێت رەگەزی بگۆڕێت، بەتایبەتی بەرامبەر رژێمێکی وەکو بەعس، خۆتان دەزانن میللەتی تورکمان لەبەر ئەوەی زەعیف بوون، کەس نەبوو دیفاعیان لێ بکات، شاخیان نەبوو، لە کەرکووك حکومەت پێیانی گوت دەبێت بە خۆتان نەڵێن تورکمان، چونکە تورکمان لێرە نییە، جا رۆژێك دادەهات ئەوانەی بەشداریان لە ئەنفال کردووە ئەوەل کەس بوون، کە دەبوایە ناوی خۆیان بگۆڕن و رەگەزی خۆیان بگۆڕن، بۆیە لەو بابەتەوە ئەوەش دەلیلێکی ترە بۆ ئەوەی کە ئەوە جینۆسایدە، پێم باشە پێش هەموو کەسێك پەرلەمانی کوردستان ئەو مەسەلەیە بخاتە بەرنامەی خۆی و بڕیارێك دەربکاتن ئەنفال بناسێنێت وەکو جینۆساید، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو دۆستانی گەلەکەمان و لە هەموو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و یاساناس بکاتن، کە ئەوە وەکو جینۆسایدی بە کۆمەڵ کوشتنی گەلی کورد بناسێنن و کاری پێویست بکەن لەو بوارەدا، بۆ ئەوەی کەسوکاری ئەنفال قەرەبوو بکرێن، بۆ ئەوەی ئەو تاوانە لە مێژوودا بنووسرێت و تۆمار بکرێت کە میللەتی کورد لەو ماوەیەدا تووشی ئەو سیاسەتە بووەو تووشی ئەو شەڕە بووە، ئێمە چیمان بۆ کەسوکاری ئەنفال کردووە، پاشی من لیژنەیەکمان نارد لە پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی سەردانی ئەو ناوچانە بکەن، بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان کە خەڵکەکەی گلەییان هەبوو نامەیان بۆ ئێمە نووسی بوو سەردانیان کرد بووین، رەنگە بە درێژی و تەفسیلاتی ئەو سەردانەیان بکەن و داواکاریەکانتان بخاتە روو، بەڵام ئەوەش نابێت لە بیر بکەین حکومەتی هەرێم زۆری بۆ کردووین، ئەوەندەی لە توانادا بێتن، ناڵێم لەبەر ئەوەی سەرۆکی حکومەت و برایانی بەڕێز و وەزیرەکانیش لێرەن، بەڵکو من ئاگادارم کە زۆر شت کراوە،

بەڵام ئایا ئەو شتانە تەواون؟ هیچ داواکاریەکیان نییە، دەڵێت نەخێر، داواکاریەکی زۆریان هەیە، هەموو داواکاریەکیان حەقە، چونکە چەند ئیشیان بۆ بکەین، چەند خزمەتیان بکەین، چەند قەرەبووی زیانیان بکەین، ناتوانین ئەوەیان بۆ بگەڕێنینەوە کە لە دەستیان چووە، گیانی خۆشەویسترین کەسیانە، باوکیانە، دایکیانە، کچیانە، خوشکیانە، کەسوکاریانە، ئەو زیانانە قەرەبوو ناکرێنەوە، بەڵام بە دەرەجە یەك قەرەبوو دەکرێنەوە کە ئەو یادە بەرز رابگرین، خزمەتی کەسوکاریان بکەین، لەبیریان نەکەین، کێشەکانیان چارەسەر بکەین، من دڵنیام لەوەی بەرنامەی حکومەت ئەولەویاتی داوەتە ئەوە، لەو چەند هەفتەی رابردوو چەندین کۆبوونەوەو موتابەعەمان کردووە، لە ئەنجومەنی وەزیراندا لە کۆبوونەوەکان باسیان کردووە، ئەوانیش پێشوازیان لە وەفدی جۆراوجۆری خەڵکی گەرمیان و ناوچەکانی تری کە تووشی ئەنفال کردووەو گوێیان لە داواکاریەکانیان گرتووە، بە تەئکید بەرنامەیان داڕشتووە بۆ ئەوە، جەنابی سەرۆکی حکومەت بە تەئکید ئاماژەی پێ دەکات، ئێمە کە باسی قەرەبووی ژیانی ئەنفالکراوەکان دەکەین، دەبێت وا حیساب بکەین، کە چۆن قەرەبوویان دەکەین، یەکێکیان بەوە دایە بیر بکەینەوە کە بودجەیەکی زیادیان هەبێت، ئەو مووچەیە کە هەیانە، ئیمکانی زیاد کردنی مووچەیان چۆنە، دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراق قسە بکەین، خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئەم تاوانبارانە، ئەو دوژمنانە کە ئەنفالیان کرد سەرۆکەکەیان بە سزای خۆی گەیشت کە ئیعدام کرا، ئەوانی تریش حوکمی ئیعدامیان بەسەر پەسند کراوە لەلایەن محکەمەوە، بەڵام دەبێت ئێمە لە پەیوەندی دابین، بۆ ئەوەی ئەو محکەمەیەش بڕیاری ئەوە بداتن قەرەبووی زیانەکانیان بکاتن، هەم خۆمان، هەم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا، لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەبێت وا بکەین قەرەبووی زیانەکانیان بکەین لە رووی مادییەوە، لە رووی مەعنەویشەوە، ئێمەش ئەوەندەی لە تواناماندا هەبێت کاریان بۆ بکەین، مەسەلەیەکی تریش هەیە، مەسەلەی یاساییە، دەبێت هەم پەرلەمان، هەم وەزارەتی داد، وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئەنفال بیری لێ بکەنەوە چۆن، ئەویش مەسەلەیەکی دەروونییە، کەسوکاری ئەنفال تاکو ئێستا زۆربەیان نەیانتوانیوە مەسەلەکان لە رووی یاساییەوە یەکلا بکەنەوە، نە شەهید حیساب کراون تاوەکو قەسام شەرعیان بۆ دەربێنن و ئیداریەن کارەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت، هەروا ماونەتەوە، بۆیە مەسەلەکانی میرات و مەسەلەکانی ئیجتیماعی زۆر موعلەق ماوە لە زۆر جێگا، ئەگەر چی هەندێکیان چارەسەر کراون، لە رووی یاساییشەوە دەبێت پرۆژەیەك هەبێت بۆ یەکلا کردنەوەی ئەو لایەنە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لە بواری یاساییەوە لە دامودەزگاکانی حکومەت کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ئێمە لە یادی ئەنفالدا، کە دەڵێین ئەنفال کیمیابارانیش بەشێکە لە ئەنفال، شەهیدانی گەلەکەمان بەشێکن لە ئەنفال لەو سیاسەتە جینۆسایدە، وێران کردنی دێهاتەکانمان بەشێکن لە ئەنفال، ئەم یادە بۆ هەموو کەسێکی کوردستانە، بۆ هەموو تاکێکە، باوەڕ ناکەم یەکێك ویژدانی هەبێتن کە مووچەی ئەنفالی بیست لەشی نەلەرزێت و ئینفیعال نەکات، چونکە گیانی دەیان هەزار کەسی لەناو بردووە ئەو سیاسەتە، جاران کە باسیان دەکردن و لە دوورەوە تەفسیلاتەکەت نەدەزانی لە سەرەتای چەند مانگێکەوە عەقل تەسەوری نەدەکرد رژێمێك بتوانێت ئەو کارەساتە بەسەر میللەتەکەی خۆی

بێنێتن، کە ئیدیعا دەکاتن ئەوە بەشێکە لە میللەتەکەی، بەڵام ئێستاکە وەسائیقەکانی خۆیان، پاشی راپەرین زۆر لە وەسائیقەکان کەوتە دەستمان، لەناو مەحکەمەدا هەمووی دەرکەوت ئیعتیرافاتی عەلی حەسەن مەجید دەرکەوت سەرانی رژێم هەمووی روونی کردەوە، کە ئەوان بە سیاسەتێکی داڕێژراو ئەوەیان کردووە، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان، هەموو تاکەیەکی ئەم کوردستانە بە واجیبی خۆی دەبێت بزانێتن، خزمەت کردنی کەسوکاری ئەنفالەکان منەت نییە لەسەریان، چاکە نییە بکەین بۆیان، بەڵکو واجیبێکە هەرکەس و لە شوێنی خۆی و لە پۆستی خۆیەوە دەبێت ئەوە بە واجیب بزانێتن، بۆ ئەوە بتوانێتن بە ئەرکی ئەو واجیبە هەڵسێتن رووبەڕووی کێشەکانیان بێتەوە، من لێرەوە رێز و تەقدیرم بۆ کەسوکاری ئەنفال دەنێرم، خوا سەبووریان بداتن، سەبووری هەموو لایەکمان بداتن، ئەوان رۆڵەی گەلەکەمان بوون، ئومێد دەکەم گیانی پاکی قوربانیانی شەهیدانی ئەنفالی گەلەکەمان ئارامتر بێت، ئێستاکە دەبینم دوژمنان وا بە حەقی خۆیان گەیشتن و گەلەکەشمان سەربەرزە، ئاواتەکانی ئەوان کە لەناوچوون و ئاواتەکانمان وردە وردە دێنە دی، لە ساڵی 1991ەوە ئەو ناوچانە رزگار کراون و توانیمانە ئازادیەکی باش دابین بکەین و هەڵبژاردن بکەین و ئیدارەی خۆمان بکەین و ئەزموونێکی دیموکراتی دەست پێ بکەین، ئەو رێبازەش هەر بەردەوام دەبێتن تاوەکو هەموو ئاواتەکانیان دێتە دی، لەم رۆژانەدا کە یادی ئەنفال دەکەین تەماشا دەکەین زۆر کێشە و کۆسپ لەبەردەم میللەتەکەمان هەر ماوە، چ لەوەی هێشتا عێراقی فیدراڵ کە خەباتمان بۆ کردووە، دڵنیا نین لەوەی کە دامەزراوە، هێشتا کێشەی نێوان لایەنەکانی پەیوەندیدار لە عێراقدا زۆرەو تیرۆریستان هەڕەشەیان بەردەوامەو ناکۆکیەکانی نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە بەردەوامە، هەوڵێکی زۆریش دەدرێتن بۆ ئەوەی یەکلا بکرێتەوە، ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، هێزی تەحالفی کوردستان لە بەغدادا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هیچ لایەك نییە، هەوڵی داوە هەمیشە بەلانسی ناکۆکیەکان رابگرێتن دەورێکی باش ببینێت، بۆ ئەوەی لایەنەکان لێك نزیك بکاتەوەو موساڵەحەی وەتەنی ببێتن، رووبەڕووی تیرۆریستان ببینەوە، رووبەڕووی ناحەزانی عێراقی دیموکراتی فیدراڵ ببینەوە، ئومێد دەکەین کە ئەو خەباتە سەرکەوتوو بێت، هەڕەشەی تریشمان لەبەردەم دایە، کە زۆر جار لە لایەنانی دراوسێمان ولاتانی ئیقلیمی و ولاتانی عەرەبی، هێشتاکە بە چاکی لە ویستی میللەتی عێراق و ویستی میللەتی کوردستان و واقیعی عێراق تێ نەگەیشتوون، بۆیە هەڕەشە لەو ئەزموونە دەکەن، لەم چەند رۆژەی رابردوودا ئەو دەنگانەی بەداخەوە کە لە ئەنقەرە بەرز دەبۆوە چەند مانگی رابردوو، دیسان جارێکی تر لە زمانی سەرۆکی ئەرکانی تورکیا هەڕەشەیەکی تازەمان بۆ هاتووە، دەڵێت و داوا دەکاتن کە رێگای پێ بدرێت بێت هجوم بکاتە سەر کوردستانی عێراق بە مەهانەی ئەوەی لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەداتن، ئەگەر دێتە بیرتان لێرە دانیشتنێکمان کرد، هەر جەنابی کاك نێچیریش لێرە ئامادە بوو بۆ باسی مەسەلەی تورکیا، لە وەختێکدا لە پەرلەمانی تورکیا ئەو مەسەلەیان هێنابوە ئاراوەو باسیان دەکرد، ئێمەش لێرە باسمان دەکرد، هەم لێرە لەبەردەم کەناڵەکاندا، هەم خۆم عەرزم کردن، هەم جەنابی کاك نێچیرڤان باسی لێ کرد، کە ئێمە ئامادەی گفتوگۆین، ئێمە داوای

پەیوەندیەکی باش دەکەین لەگەڵ تورکیا، ئێمە تەدەخول ناکەین لە کاروباری تورکیا، بەڵام ڕێگاش نادەین کەس تەدەخول بکاتن، داوای گفتوگۆمان کرد، داوای ئەوەمان کرد بێن سەردانی کوردستان بکەن، ئەو هەموو هەنگاوە، ئەو هەموو دەنگە ئیجابیانە کەسێکیان دەنگێکیان لەوێ نەهاتەوە بڵێت ئێمە ئامادەین، هەر دەنگی سلبیمان بیست، هەر کۆبوونەوەو کۆنفراساتە دەبەسترێتن لە ئەنقەرە، لە ئەستنبۆل، پێچەوانەی ویستی گەلی کوردستان، پێچەوانەی ویستی گەلی عێراق، کۆنفرانسەکان تەنیا دەبەسترێن، بۆ ئەوەی کۆسپ بخەنە بەردەمی دەستووری عێراق لەوەی کە داوا دەکەن ماددەی 140 دوابخرێتن، تەدەخول دەکەن لە مەسەلەی کەرکووك، بۆیە ئێمە جارێکی تر لێرەوە نارەزایی خۆمان بۆ ئەو سیاسەتە ناحەزەو دوژمنانەیە کە ئەو دەنگانەی لە ئەنقەرەو تورکیاوە دێن بەرامبەر هەرێمی کوردستان نارەزایی خۆمان دەردەبڕین، ئومێد دەکەین ئەو سیاسەتە بێتە گۆڕین، چونکە ئەمڕۆ ڕێگای گفتوگۆیە، ڕێگای چارەسەر کردنی کێشەکانە بە موفاوەزات، بە دانیشتن، ڕێگای شەڕ یەکلا بکرێتەوە، بە ڕێگای شەڕ ڕێگای حەل نییە، چەند ساڵ لە کوردستاندا شەڕ هەبووە ئەنجامەکەی دیارە، ئێمە لە کوردستان دەستی خۆمان درێژ دەکەین، بۆ پەیوەندیەکی دوو قۆڵی باش لەگەڵ تورکیا لەسەر ئەساسێکی ئیحتیرامی هاوبەش، ئیحتیرامی یەکگرتن، دەست تێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر، ئەمڕۆ ئێمە بەشێکین لە عێراق بەزاندنی سنوور کارێکی ئاسان نییە، وەکو زەمانی خۆی ڕێککەوتنیان لەگەڵ سەددامدا هەبوو، سنووریان دەبەزاند، ئەمڕۆ ئەم سنوور بەزاندە ڕووبەڕووی عێراقی فیدراڵ دەبێتەوە، ڕووبەڕووی ئەنجومەنی وەزیران دەبێتەوە، جگە لەوەش ئەمڕۆ ئەمریکاو بەریتانیا و وڵاتەکانی تەحالوفی تر کە لە کورستاندا هەن، لە عێراقدا هەن، بەپێی بڕیارێکی (un) لێرەنە، مەسئوولیەتی پاراستنی سنوور تەنیا لە ئەرکی حکومەتی عێراق نییە، لە ئەرکی حکومەتی هەرێمدا نییە، مەسئوولیەتیان لەسەر ئەوان دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە پەیوەندیداین لەگەڵ ئەوانەدا، دەبێت هەموو لایەك تێ بگەن کە هەر بەزاندنی سنوور، ئاڵۆز کردنی وەزعی کوردستان و عێراقە، کۆسپێکی تازە دەخەنە بەردەم میللەتی عێراق، کە دەمانەوێت لە خەباتی دژ بە تیرۆریستان سەرکەوتوو بین، بۆ ئەوەی عێراقێکی سەرکەوتوو، تۆزێك درێژەم بە قسەکانمدا، بەڵام ئەم یادە ئەوەی دەهێنێت کە باسی بکەین، سوپاسی ئەو دەنگانەش دەکەین کە لە بەغداوە بە ئیجابیەوە دیفاعیان لە گەلی کوردستان کردووە، بەتایبەتی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بە ڕوونی دیفاعی لە هەرێمی کوردستان کرد بوو، نارەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە تورکیا، هەروەها وتە بێژی حکومەت لە بەغدا دکتۆر عەلی دەباغ ئەویش بە هەمان شێوە، پێمان وایە ئەمڕۆ ئەو عێراقە دیموکراتە فیدراڵە یەك دەگرن بەرامبەر ناحەزانی عێراق، بەرامبەر ئەوانەی دەیانەوێت ئەو ئەزموونەمان لێ تێك بدەن، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم، ئومێد دەکەم ساڵێکی تر کە کۆ دەبینەوە، کە باس دەکەین هەندێك شتی باشمان بۆ کەسوکاری ئەنفال کرد بێت، بۆ ئەوەی بتوانین پێیان بڵێین ئەم حکومەتە، حکومەتی ئەوانە، ئەم پەرلەمانە، پەرلەمانی ئەوانە، پەرلەمانی هەموو لایەنێکەو زۆر زۆر سوپاستان

دەكەم، ئێستاش داوا لە كاك ئاریز دەكەم، بێت ئەو راپۆرتەی ئەندامانی پەرلەمان بە لیژنەیەك پێك هێنرا بوون كە سەردانی ئەوێیان كرد بوو بیخوێنێتەوە، فەرموو با بفەرمووێت.

**بەرێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆشحاڵین ئەمرۆكە ئەم راپۆرتە لەگەڵ دەستەیەك برادەران ئامادەمان كردووەو پێشكەشتانی دەكەین، بەرێز سەرۆكی حكومەتی و وەزیرە بەرێزەكان ئامادەن لێرە بە وردی گوێی لێ دەگرن.

لەم ماوەیەدا لەسەر راسپاردەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ بەدواداچوونی گرفت و داخوازیەكانی كەس و كاری ئەنفالكراوان، ئێمە شاندێك سەردانی چەمچەماڵ و شۆرش و هەروەها سەردانی هەڵەبجەو دۆڵی بالیسانیشمان كردووە. سەرەڕای ئەوەش چەندین دەستە و رێكخراوی مەدەنیو گروپ بە نوێنەرایەتی كەس و كاری ئەنفالكراوانی گەرمیان بەگشتی و رزگاریو شۆڕش بەتایبەتو كیمیابارانكراوانی هەڵەبجەو جافایەتیو دۆڵی بالیسانو دۆڵی مەلەكان و خەڵكی ناوچەكانی بارزان و دەشتی كۆیە و شەبەكەكانو فەیلیەكانیش، سەردانیان كردووین و لە رێگەی نوێنەرانی خۆشیان، لە ناو پەرلەمان بەردەوام داخوازی و پێشنیارو بارو دۆخی ژیانیان باس كراوە.

لەژێر رۆشنایی ئەو راستیانەی سەرەوە بە پێویستی دەزانین بەم راپۆرتە كورتەی كەمێك لە باری گوزەرانیان بخەینە روو، سەرجەم داواو داخوازیەكانیان چڕ بكەینەوە، بەو ئومێدەی لە بیستەمینساڵیادی تاوانە گەورەكانی كیمیابارانكردن و نۆزدەمین ساڵیادی ئەنفال، حكومەتەكەمان بە پێی تواناكانی خۆی بە پرۆگرامێكی هەمە لایەنە پێ بە پێ گرفتەكانیان چارەسەر، داخوازیەكانیان جێبەجێ بكات.

**بەرێزان:**

تا ئێستا كەسو كاری قوربانیانی كیمیابارانو ئەنفال بەدەستی چەندین گرفتی وەك ئابووری، كۆمەڵایەتی، تەندروستی، دەروونی گیرۆدەنو دەناڵێنن. ئێمە لە ئۆردگای شۆڕش سەردانی چەند ماڵێكمان كردو لە هەڵەبجەو شێخوەسانانیش چەندین بریندارى چەكی كیمیاویمان بینی و نوێنەرانی ناوچەكانی رزگاری و جافایەتی و كەلاریش بە وردی باسی دەردەسەریەكانی كەسوكاری ئەنفالكراوانیان بۆ كردین، ئێمەش كە ئەركمانە گوێ بگرینو ببینین بە راستی مەینەتیەكانیانمان لا روونتر بوونەتەوە.

با بە نمونەیەك دەست پێ بكەین. هەموومان دەزانین یەكەم جار چەكی كیمیایی لە دۆڵی بالیسان و بە تایبەت لە گوندی شێخ وەسانان بەكارهاتو دواتریش ئەنفالكرا. ئەوەی ئەو رۆژە لەو گوندە شەهید نەبوو دواتر بە كاریگەری چەكی كۆمەڵ كوژ رۆژ دوای رۆژ ژمارەی شەهیدەكانیان زێتر دەكردو ئەوانی ماویشن وەكو هەموو بریندارانی هەڵەبجەو گۆپتەپەو عەسكەرو جافایەتی و بادینان زۆر بە نەخۆشی و چەرمەسەری ژیان دەبەنە سەر. سەرەڕای ئەوەش هێشتا گوندی شێخ وەسانان تەنانەت بێ ئاوەو بێ ئاوی گرفتێكی گەورەیانە. ئەوە نموونەیەكە لەوێ بێ ئاویو، لە جێگایەكی تر بێ قوتابخانەییو، لە جێگایەكی تر بێ بنكەی تەندروستیو،...... گرفتی خەڵكەكەن. ئێمە لە چەمچەماڵو شۆڕشو شوێنەكانی تر دەیان

پیرو پەککەوتەمان دی کە بێ کەس‌و بێ تواناو بێ نەوان و بە کەسەری کەس‌وکارەکانیەوە بەچەرمەسەری لە نیوان مەرگ‌و ژیاندا ماونەتەوە.
وا لە خوارەوەش کۆبەندی داخوازی‌و داواو پێشنیاری کەس‌وکارو نوێنەرانی قوربانیانی ئەنفال‌و کیمیا باران دەخەینە روو. ئەم داخوازیانەشیان هەندێکیان هەنووکەیی‌و بە پەلەن‌و هەندێکیشیان پێویستیان بە پرۆگرام بۆ دارشتن‌و کات هەیە.
یەکەم:
داخوازییەکان:
1- مووچەی کەس‌وکارەکانیان زیاد بکرێ‌و بگاتە ئاستی بژێوی‌و ژیانێکی ئاسایی.
2- لەدەرکردنی یاسای ماف و ئیمتیازی کەس‌وکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان رەچاوی داواو پێشنیارەکانیان بکرێ، چونکە کەم‌و کوڕی لە پرۆژە یاساکەدا دەبینین.
3- کار بۆ کەس‌وکاری ئەنفالکراوان‌و کیمیابانکراوان بدۆزرێتەوەو ئاسانکاریان بۆ بکرێ.
4- شوێنی نیشتەجێ بوون‌و خەلوەتگەی پیری‌و پێداویستیەکانی ژیان بۆ پیرو پەککەوتەکانیان دابین بکرێ.
5- حکومەت خەرجی چارەسەری‌و تیماری برینداڕانی کیمیایی بگرێتە ئەستۆ، چ لە ناوەوەو، چ لەدەرەوەی ولأت هەولی چارەسەرکردنیان بدات.
6- پرۆسەکانی ئەنفال‌و کیمیابارانکردن لە خوێندنگاو زانکۆکاندا بخوێندرێن.
7- سالی 2007 ئامارێکی وردی شەهیدان‌و بریندارانو بێ سەروشوێنان‌و گیراوان‌و پۆلینی رەگەزو تەمەنی سەرجەم قوربانیان بکرێ‌و رەچاوی ئەو مندالانە بکرێ کە ئەو رۆژگارە لە زیندانەکانی تۆبزاوەو نوگرەسەلمان‌و زیندانەکانی تر لە دایك بوون یاخود، ژیاون‌و، ئاوڕی تایبەتیان لێ بدرێتەوە.
8- کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستی‌و پزیشکی لە ناوچە کارەساتبارەکان.
9- کردنەوەی بنکەو سەنتەری کۆمەلایەتی‌و چارەسەری دەروونی لە ناوچەکارەساتبارەکان.
10- مافی کەس‌وکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان‌و کیمیا بارانکراوان وەك یەك بێ.
11- بایەخی زیاتر بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان بدرێ.
12- دروست کردنی مۆنۆمێنێکی گشتی‌و مۆنۆمێنتی تایبەت بەناوچەو شارو شارۆچکەو گوندە ئەنفالکراوەکان.
13- دروست کردنی سەنتەری کۆمەلایەتی‌و هۆشیاری تایبەت بە ژنان لە رزگاری‌و شۆڕش‌و شوێنەکانی تریش.
14- هەولدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوونی کەس‌وکاری قوربانیانی ئەنفال‌و سەرجەم شەهیدان.
15- پرۆژە نیوەچلەکانی ناوچەکانیان تەواو بکرێن.

16- دەستی قوتابیو خوێنکارانی پەیمانگاو زانکۆکان (ئەوانەی کەسوکاری پلە یەکی) قوربانیانن بگیرێ.

دووەم: پێشنیارەکان:

1- هەوڵبدرێ حکومەتی عێراق قەرەبووی گەلی کەردستانو کەسوکاری قوربانیان بکاتەوە.

2- هەوڵبدرێ ئەنفالو کیمیابارانکردن وەك پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە نێوەندە نێونەتەوەییەکانو سەرتاسەری جیهاندا بناسێنرێو رۆژێکی تایبەتیان هەبێ.

3- حکومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بکات.

4- داوا لە U.Nو هەموو ریکخراوە نێونەتەوەییو وڵاتانی جیهان بکرێ کە دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانو ناسینەوەیانو هێنانەوەیان بۆ نیشتمان بخرێتە ئەستۆی نەتەوە یەکگرتووەکان. چونکە ئەنفالو کیمیابارانکردن تاوانی جینۆسایدو دژ بە تەواوی مرۆڤایەتین. دیارە جگە لە رژێمی تاوانباری سەددام هەندێ دەوڵەتی تریش بە شێوەیەك لە شێوەکان گوناهبارن.

5- پەلە بکرێ لە جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستوری عێراق. چونکە جێبەجێ نەکردنی ئەگەر لەلایەك پێشێل کردنی دەستور بێ، ئەوا لە لایەکی دیکەوە درێژەدانە بە هەمان تاوانەکانی رژێمی لەناوچووی بەغداو بەردەوام بوونە لەسەر پرۆسێسی ئەنفال، چونکە بەشی هەرە زۆری قوربانیانی ئەنفال لەو ناوچانەن کە ماددەی (140)یان لە پێناودا دانراوە.

6- هەموو ئەو تاوانبارانەی بەشداریان لە تاوانەکانی ئەنفالدا کردووە، وەکو سەرانی رژێم دادگایی بکرێن.

**بەڕێزان:**

ئەمانە بەشێك بوون لە داخوازیو پێشنیاری نوێنەرو کەسوکاری قوربانیان. ئێمە لە کاتێکدا لە حکومەتەکەمان دڵنیاین کە بەرپرسانە بە دەنگ داوا رەواکانیانەوە دەچێو بەپێی تواناکانی بەردەستی پرۆگرامی جێبەجێ کردنی داواکانو چارەسەری تەواوی گیروگرفتەکان دادەڕێژێ، لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە لە ساڵانی رابردوودا حکومەت دەستەوەستان نەبووەو کاری خزمەتگوزاری زۆرو باشی کردووەو لە بەرچاون، بەڵام ئێستا هەم باری ژیان گرانو هەم پێویستی خەڵك زۆر ترو هەم داهاتی گەلەکەشمان زۆرتر بووە، بۆیە کەسوکاری قوربانیان چاویان لە هەنگاوی باشترو کردەوەی زۆرترەو ئێمەش پشتیوانی لە داواکانیانو هەروەها پشتیوانی حکومەتیش دەکەین لە جێبەجێ کردنی ئەرکە نەتەوەییو نیشتمانیەکانیان، هەر سەرکەوتووبن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەنفال لە پەرلەمان فەرموو، جەنابی چنار خانیش لێرەیە کە وەزیری شەهیدان و ئەنفالە، لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەنفال راپۆرتێکی هەیە، بەڵام درەنگ بە دەستمان گەیشت، بۆیە لە بەرنامەی کاردا نییە، داوا دەکەم بێت بخوێنێتەوە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم.
بەڕێز کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال.

**بەڕێز خوشك و برایانی پەرلەمانتار.**

کارەساتی ئەنفال ئەو کارەساتەیە پڕ ئازار و یادەوەری تاڵ و دڵتەزێنەیەکە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووەو هەموو ساڵێك لەم کاتەدا یادی دەکەینەوە، کە ئەمساڵ نۆزدەهەمین ساڵە ئەو یادە دڵتەزێنەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تر دەکەینەوە.

کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیدا نەتەوەیەك لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا رووبەڕووی دوو کارەساتی ترسناك و گەورەی وەکو کیمیاباران و ئەنفال بێتەوە، دوژمنانی گەلەکەمان ویستیان لە رێگای ئەو جۆرە کوشتن و قڕکردنانەوە کۆتایی بە وجودو کەسایەتی نەتەوەکەمان بهێنن و بەو جۆرە دراندانەیە ناوو ناونیشانی بسڕنەوە.

راستە شێوازی کوشتن و قڕکردنی زۆرمان بیستووەو بینیوەو خوێندۆتەوە، کە گورزێکی گەورەو گران بوون لە جەستەی مرۆڤایەتی دران و ویژدانی هەموو خاوەن هەستێکیان هەژاند، بەڵام هیچ کام لەوانە بە ئەندازەی هەردوو کارەساتی کیمیاباران و ئەنفال قورسایی و کاریگەری ترسناکی بەجێ نەهێشتووە، کە بەداخەوە نە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و، نە وڵاتانی زلهێزو، نە هاوئایین و، نە دۆستەکانیشمان ئاوڕێکی پێویستیان لێ نەدراینەوەو بە دەم کێشەو ئازارەکانمانەوە نەهاتن، لە کاتێکدا دەرەنجامەکانی ئەو دوو کارەساتە هەم لە رووی قەبارەو رووبەرو ژمارەیشەوە لە پێشەوەی هەندێ لە بەجینۆساید ناسراوەکانی دونیاوەن، لە رووی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانەوە، ماوەی شازدە ساڵە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتێکی تاڕادەیەك سەربەخۆی خۆی هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی داو توانیویانە سوود لەو بارودۆخە نێودەوڵەتیەی کە هاتە ئاراوە لە کوردستاندا وەربگرێت و لە رووی سیاسی و ئیداری و تارادەیەك ئابووریشەوە خۆی جێگیر بکات و دواتر لە روخاندنی رژێم و بونیادنانەوەی عێراقی فیدراڵدا دەورێکی کاریگەرو بەرچاوی هەبوو، لەوەش گرنگتر توانیویەتی بەردەوام خۆی بپارێزێت لەوەی نەبێتە بەشێك لە کێشەو گرفتە خوێناویەکانی ناو عێراق، لەگەڵدا هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە بەشێك بێت لە چارەسەرەکان، بەڵام لەناوخۆدا بەداخەوە لە ئاستی قورسایی کارەساتەکانی کیمیاباران و ئەنفالەکان وەکو پێویست نەچووینەتە پێشەوە، هەتا ئێستاش یاد کردنەوەکانمان بە سۆهێنانەوەی برین و ئازارەکانی کەسوکاری شەهید و قوربانیەکانەو گریانە بۆ شەهید و قوربانیەکان لە لایەکی ترەوە بۆ کولە مەرگی و خراپی ژیانی کەسوکارو باری نائاسایی بریندارەکانیان، هەتا ئێستا نەمانتوانیوە بریندارەکانیان چارەسەر بکەین و کەسوکارەکانیان قەرەبوو بکەینەوە و دڵخۆشیان بکەین و ئێش و ئازارەکانیان بگۆڕین بە شادی و خۆشی، ناخۆشی و نەهامەتیەکانیشیان بدەین بەسەر تەواوی ئەو تاوانبارانەی ئەو کارەساتانەیان بەسەر گەلەکەماندا هێنا.

بەڕاستی ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە و بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی سەرشانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە ساڵێکی تر بیستهەمین ساڵیادی کیمیاباران و ئەنفالەکانە، ئەو منداڵانەی لەو دوو کارەساتەدا رزگاریان بووە، ئەگەر تەمەنیان لە 10 ساڵان بوو بێ، ئەوە ئێستا تەمەنیان سی ساڵانەو ئەو تەمەنەش بە تەمەنی نەوەیەك لە قەڵەم دەدرێت!!! کەواتە ئەوە جیلێکی تەمەن جیاوازمان بە دەستی دوژمن فڕکران و نەوەیەکیشمان ئەگەر ئاوا بمێننەوە لە چاوەڕوانیدا دەمرن و ئاواتەکانیان دەبەنە ژێر خاك.

جا لەبەر ئەوەی ساڵێکی تر بەم شێوەیەو بە دەستی خاڵیەوە ئەو یادانە نەکەینەوەو خۆمان لە گلەیی و گازندەی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان و دۆستانمان رزگار بکەین و لە لایەکی تریشەوە رۆحی شەهید و قوربانیەکانمان ئاسوودەتر بکەین و دڵی کەسوکارەکانیشیان خۆشتر کرد بێت.

پێشنیار دەکەین:

1-حکومەتی هەرێم بەر لەوەی بودجەکەی بنێرێتە بەردەم پەرلەمان رێژەیەکی گونجاوی لێ دیاری بکات بۆ ناوچەکانی کیمیاباران و ئەنفال.

2- قەرەبوو کردنەوەی زیانە مادی و مەعنەویەکانی شەهید و قوربانیەکان کە ئەوە مافێکی ئەساسی خۆیانەو تەواوی رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانیش پشتگیری لەو مافە دەکەن.

3- مووچەیەکی شیاو بۆ کەسوکارو بریندارو لێ قەوماوەکانیان دیاری بکرێت.

4- بۆ هاوکاری حکومەتی هەرێم پەرلەمانی کوردستان یاداشتێك بداتە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەرکردنی بڕیارێك کە حکومەتی عێراقی فیدراڵ پابەند بکات بە قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی لەو ناوچانەی کیمیاباران و ئەنفال کەوتوون.

5- پەرلەمانی کوردستان پشتگیری ئەو داواکاریانە بکات کە باس لە بە جینۆسایدناساندنی ئەو دوو کارەساتەی نەتەوەکەمان دەکەن.

6- پەرلەمانی کوردستان داوایەکی فەرمی پێشکەش بە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە لە ساڵیادی دامەزراندنی ئەمساڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مێوانداری ژمارەیەك خەڵکی هەڵەبجەو ئەنفال وەکو شاهێد حاڵی ئەو دوو کارەساتە ترسناکە بکات.

7- رێکخستنی وەفدێکی پەرلەمانی بە بەشداری ژمارەیەك برینداری چەکی کیمیاوی و رزگار بووی ئەنفال بۆ وڵاتانی ئەوروپایی و ئیسلامی و عەرەبی و دیداری وڵاتانی مانیحەی عێراق.

8- داوا لە تەواوی رێکخراوە مەدەنی و خێرخوازیە بیانی و ئیقلیمی و کوردستانیەکان بکرێت کە زۆربەی زۆری چالاکیەکانی ساڵی 2007یان لەو ناوچانەدا چڕ بکەنەوە کە ئەو دوو کارەساتانەی تێدا بووە.

لە کۆتاییدا هیوادارم ساڵی ئاینده لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالدا توانی بێتمان دڵی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیەکانمان خۆش کرد بێت و تەواوی تاوانبارانی ئەو دوو کارەساتە بە سزای عادیلانەی

خۆیان گەیشتبن و تەواوی خانوو و گوندە وێرانەكانیش ئاوەدان كرابنەوەو گوزەرانی خەڵكیش باشتر بووبێ و مافە دەستووریەكانیشمان دەستەبەر بووبن، زۆر سوپاس.

**لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستاش داوا لە برای بەڕێز كاك نێچیرڤان بارزانی دەكەم بفەرمووێت بۆ پێشكەش كردنی وتارەكەی.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

بڕیارە حكومەتی هەرێم لە (4/14) بكرێتە رۆژی ئەنفالكراوەكان، واتا بەبیرهێنانی گشت ئەو كەسانەیە كە لەپرۆسەی كۆمەڵكوژیی رژێمی سەددام حوسێندا گیانیان لەدەستدا، هیواداریین ئەمڕۆژە ببێتە رۆژێكی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی بۆ لە یاد نەكردنی سیاسەتی جینۆسایدی رژێمی بەعس دژی گەلی كوردستان.

پرسیارێك هەیە كە زۆر كەس لە ئێمەو لە دەرەوەی كوردستان لە خۆی دەكات چ لە كاتی پیادەكردنی ئەنفال چ ئێستا.

بۆچی رژێمی عێراق و سەددام بڕیاری جینۆساید كردنیان دژی گەلی كوردستاندا؟

سكرتێری گشتی لەمەوپێشی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كۆفی عەنان لە وتارێكی خۆیدا دەڵێت: جینۆساید بە كوشتنی تاكە كەس دەست پێدەكات، نا لەبەر ئەوەی كە ئەو كەسە چیی كردووە، بەڵكو بەهۆی ناسنامەكەیەتی، نەك لەبەر ئەوەی چیی كردووە كوشتنی تاكە كەسێك هەنگاو بە هەنگاو دەبێتە سیاسەتێكی داڕێژراو دژی گەلێك، دژی دانیشتوانی ناوچەیەك، دژی خاوەن باوەڕی ئایین یا مەزهەبێك، شەڕی رژێمەكانی یەك لە دوای یەكی عێراق دژی گەلی كوردستان بووە، سیاسەتی داڕێژراوی جینۆساید لەناوەڕاستی سالأنی هەشتاكاندا دەستی پێ كردووە، پرۆسەی كوشتنی چەند كوردێك لە ئەنجامدا بووە هۆی هێرشی دڕندانەی بەعس دژی گەلی كوردستان.

ئێمە ئەمڕۆ لێرەدا دەمانەوێ یەكە یەكەی ئەو كەسانە یاد بكەینەوە كە لە پرۆسەی ئەنفالدا گیانیان لە دەستدا، ئەگەر چی باش دەزانین ناتوانین ئەنفالكراوەكانمان زیندوو بكەینەوە، دەمانەوێ كەسوكاری ئەنفالەكان بەبیر بهێنینەوە، چونكە تا ئێستا لەگەڵ ئێمەدا چاوەڕوانی دەیان پرسیارن. خەڵكی ئێمە چۆن ئەنفالكرا؟ ئەو ئێسك و پروسكەی لە گۆڕە بە كۆمەڵەكاندا دۆزرایەوە هی كێ بوون؟ ئەم جۆرە بە كۆمەڵ كوژییە دژی گەلی كوردستان چۆن داڕێژرا؟

ئەم سیاسەتە دڕندانەیە چۆن پیادە كرا؟ ئەم بێویژدانانە ئەو هەموو خەڵكە بێ دەسەڵاتەیان شەهید دەكرد، چۆن خەویان لێ دەكەوت؟ چیان بە منداڵ و خێزان و كەسوكاری خۆیان دەگوت؟ ئەو زلهێزو حكومەت و رێكخراو و كەسانەی باش دەیانزانی كوشتن و وێرانكاری لە كوردستاندا مەبەستی جینۆسایدی

لە دوا دابوو بۆ هەڵوێستیان لە دژ وەرنەگرتن؟ بۆ هەوڵیان نەدا ئەو کوشتارە راگرن؟ بۆ تا ئێستا هەندێ کەس و حکومەت و رێکخراو نایانەوێ دان بەو راستیەدا بنێن کە ئەنفال، واتە جینۆساید دژی گەلی کوردستان.

ئەگەرچی بەڵگەنامەکان دەربارەی ئەنفال زۆر راستیی ئەو سیاسەتە ئاشکرا دەکەن، ئەگەر چی گۆڕە بە کۆمەڵەکان شایەدی سیاسەتی دڕندانەی بەعسن، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، گەلی کوردستان و خەڵکی خاوەن ویژدان دەیانەوێ ئەو راستییە لەبیر نەکرێت، کە گەلی ئێمە تووشی چ نەهامەتیەك بووە لە سیاسەتی حوکمڕانی نەتەوە پەرستیی کوێرانەوە، هەندێ کەس دەڵێن جینۆساید دژی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا بووە، ئێمە دەڵێین نەخێر، شەڕی نێوان عێراق و ئێران تەنها بووە هۆی ئاسان کردنی پیادەکردنی سیاسەتی ئەنفال، ئێمە دەڵێین دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بەو شێوەیەی کە کوردستانی لە دەسەڵات و ماف رەوای خۆی بێ بەش کرد، فاکتەرێکی سەرەکی بوو لە پرۆسەی دارێشتن و جێ بەجێ کردنی ئەنفالدا.

ئایدیۆلۆژیای بەعس، شێوازی دەسەڵاتی سەددامیەکان بێ دەنگیی حکومەتە گەورەو بچووکەکان، بێدەنگی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گوێ پێ نەدانی گەلانی دوور و نزیك بە کوشتار دژی گەلی کوردستان و پێداهەڵدانی سیاسەتمەدار و سەرۆکانی ئەو سەردەمە بە سەددام حوسێن و رژێمەکەیدا بوونە مایەی مەینەتی بۆ گەلی کوردستان، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و گازی ژهراوی دژی خەڵکێکی بێ دەسەڵات، وێران کردنی بەشێکی گەورەی کوردستان، راگواستنی گوندنشینەکان و لەناوبردنی گەلێك لە هێماکانی ژیان لە دێهاتەکانی کوردستاندا بەڵگەی سەرەکیی سیاسەتی دارێژراون بۆ لەناوبردنی گەلی کوردستان و پاکسازیی نەتەوەیی.

سیاسەتی جینۆساید دژی گەلی کوردستان لە دوای وەستانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و ئێرانیش هەر بەردەوام بووە، لەناوبردنی ئێمە حەلاڵکرابوو لە ژێر ناوی سوورەتێکی قورئاندا، زۆر کەس لە ئێمە ئێستاش وا بیر دەکاتەوە کە ئەگەر سەددام حوسێن هێرشی نەکردبایە سەر کوێت، سیاسەتی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان بەردەوام دەبوو. تا ئەو کاتەش زۆربەی حکومەتە زلهێزەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان و گەلانی دوورو نزیك گوێ و چاوی خۆیان بەرامبەر مەینەتەکانی گەلی کوردستان دادەخست.

تا ئەو کاتە ئازار و برینی ئێمە وەکو ئازارو برینی مرۆڤ سەیر نەدەکرا، تەنانەت پاش هێرشی دڕندانەی سەددامیش بۆ سەر کوێت مەسەلەی جینۆساید دژی گەلی کوردستان لە لایەن گەلێك لە حکومەت و گەلانی نزیك و دوورەوە بە گومانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، هەزاران بەڵگەنامەی رژێمی بەعس بە گومانەوە سەیر دەکران، پاش رووخاندنی رژێم خەڵك هەبوو دەیوست چاوی خۆی بەرامبەر بە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دابخات، بەلام ئەو بەڵگەنامەو راستیانەو ئەو رەفتارانە تاسەر ناشاردرێنەوە.

ئێمە کە بڕیارماندا ئەمڕۆ بکەینە رۆژی ئەنفالکراوەکان دەمانەوێ رێ بگرین لە دووبارەبوونەوەی سیاسەتی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان، دەمانەوێ سەرباری ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید گەلانی

عێراق بە یەکەوە بگەنە ئەو باوەڕەی کە دەبێت دەوڵەتێتکی نوێ لە عێراقدا دروست بکرێت، کە تیایدا هیچ حکومەتێك بیر لە کوشتنی بە کۆمەڵ نەکاتەوە، پێکهاتەکانی مافی ژیانیان تیایدا پارێزراو بێت، دەوڵەتێك کە تیایدا پێکهاتەکانی دەسەلأتیان هەبێت، بڕیار لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بدەن و خەڵك لەسەر ناسنامە نەکوژرێت، با ڕۆژی ئەنفالکراوەکان بکەینە ڕۆژی بەبیر هێنانەوەی ئەو ڕاستییە کە کوشتنی خەڵکی بێتاوان، توندڕەوی، جینۆسایدو وێرانکاری وەلأم نین بۆ دۆزی سیاسی گەلان، با ڕۆژی ئەنفالکراوەکان بکەینە ڕۆژی ئەو ڕاستییەی کە ئێمە لە برِی تۆڵەسەندنەوە بنکەی سەربازی و کوشتارکاریمان کردۆتە پارکێك، پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان کە تیایدا خەڵك چەند ساتێك بە ئاسوودەیی بەسەر دەبەن، لە برِی تۆڵەسەندنەوە ئێمە دەمانەوێت مافی ڕەوای خۆمان لە دەوڵەتێکی دیموکرات و فیدراڵدا دابین بکەین بێ ئەوەی ئەنفالکراو و شەهیدانمان لە بیر بکەین.

من هەندێك قسەی دیکەشم هەیە جەنابی سەرۆك گەر ڕێگەم پێ بدەن من بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کاك ئارێز پێشکەشی کرد بۆ پەرلەمان بەڕاستی ئێمە لە لای خۆمانەو لە سەرۆکایەیی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارمان لەسەر هەندێ لەو شتانە داوە، لە دیدارێك لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە هاتبوونە ئەنجومەنی وەزیران هەندێکمان لەو داواکارییانە لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتەوە کاری لەسەر دەکرێت.

دەمەوێ بەناوی حکومەتی هەرێمەوە پێتان بڵێم دڵنیابن کە حکومەتی هەرێم درێغی ناکات لەوەی ئەو مافانەی کە هەیانە بۆیان دابین بکات، هەرچەندە ئێمە هەرچییەك بکەین بۆ ئەوان هێشتا کەمترە لەو قوربانیانەی کە ئەو ئازیزانە داویانە، بەلأم حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی ئەنفالەکان بکات، گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەی کە ڕاستی بێت من دەمەوێ بیڵێم، ئێمە تا ئێستا ئامارێکی وردمان لەبەردەستدانیە، کە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بکەین، ئێستا وەزارەتی کاروباری شەهیدان خەریکی ئامادەکردنی ئەم ئامارەیەو زۆر لەو خاڵأنەی کە لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، ئێمە خەریکی جێ بەجێ کردنین و لەگەڵ ئەوەشدا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لیژنەیەك بەیەکەوە لەگەڵ پەرلەمان و ئەو برادەرانەی سەردانی ئەم شوێنانەیان کردووە دانیشتن بکەین، من گەلی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە هەوڵ دەدەین بە مووچەکانیاندا بچینەوەو باری ئەوانیش بە گرنگی وەربگرین و ئینشائەڵلا بتوانین بۆیان بکەین بە دڵنیاییەوە.

مەسەلەی دیکە کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بۆدا، من دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە کەوا ئەم بارودۆخەی ئێستا لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا هەیە دیسان هاتۆتە باسکردن، دەمەوێ بڵێم ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان لە شازدە ساڵی ڕابردوودا سەلماندمان کەوا ئێمە فاکتەرێکین بۆ جێ بەجێ کردنی ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکەدا چ بۆ وڵأتانی دراوسێ، چ بۆ خۆمان و هەمیشەش هەوڵماننداوە پەیوەندیی دۆستانەمان هەبێت لەگەڵ ئەم وڵأتانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لایەنە، ئێمە بەردەوام دەبین لەو سیاسەتەی خۆمان و دەست لە کاروباری هیچ لەو وڵأتانە وەرنادەین، بەتایبەتیش تورکیا، بەلأم قبوڵیش ناکەین کەس تەدەخول لە کاروباری ئێمە بکات، بەڕاستی ئەوە سیاسەتی ئێمەیە.

ئێمە هەوڵمانداوە چ لە ڕێگەی ئەمریکاو چ لە ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا ئەم ڕاستیە بخەینە بەردەم ئەوان، ئەوان گلەیی زۆر دەکەن لە بارەی قسەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ (العربیە) ئەم دیمانەیە دوو مانگ و نیو بەر لە ئێستا کراوە، بەڵام زۆر ئاساییەو تورکیا دەبێت ئەوە بزانێت ئەگەر بۆ خۆی حەڵاڵە هەر کاتێك کە ویستی باسی کەرکووك بکات بێگومان بۆ خەڵکی دیکەش دەبێ حەڵاڵ بێت باسی شوێنەکانی دیکە بکات، ئەمە زۆر ئاساییە، ئێمە لەمڕۆژەدا دەڵێین نە تورکیا و نەهیچ وڵاتێکی دیکەی دەوروبەر مافی تەدەخولیان نییە لە کاروباری عێراق، کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، نەخشە ڕێگایەکیش بۆ مەسەلەی کەرکوك دانراو گەلی کوردستان زۆر بە ڕاشکاوی ئەوەی گووتووە، ئەوەی بە زۆر لێی وەرگیراوە دەیەوێ بە پرۆسەیەکی سیاسی و دیموکراسی وەریبگرێتەوە، نە بە زۆرو نە بە شەڕ، نە بەوەی کە مافی کەسێك پێشێل بکات، نە مافی کەسێکیش بخوات، ئەمە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو لەسەر ئەم سیاسەتەش بەردەوام دەبین، پێشمان وانییە کێشەی (پەکەکە) لە ڕێگەی سەربازییەوە چارەسەر بکرێت و هیواداریین دەوڵەتی تورکیا گوێ لە داواکاریی ئێمە بۆ دۆستایەتی و لێك تێگەیشتن بگرێ بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە تەفاهوم، هیواداریین وەڵامی باشی ئێمە بداتەوە، ئێمە بەر لەوەی گرفتەکە گەورە بێت بڕیار وابوو لە ئەستەمبوڵ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا دابنیشین و باس لەم کێشانە بکەین، بەداخەوە ئەوان لە دواساتدا نەیانهێشت ئەم کۆبوونەوەیە بکرێت.

پێم وایە ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە بکرابا ئێستا زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەبوون.

ئەم مەسەلەیە شتێکی دیکەی سەلماند کە کێشەکان پێویستە بەدیالۆك و لێك تێگەیشتن و لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەر بکرێن، تورکیا وڵاتێکی گرنگە بۆ ئێمە دووبارەشی دەکەینەوە دەستی دۆستایەتی بۆ درێژ دەکەین هیواداریین ئەوانیش دەستی دۆستایەتیمان بۆ درێژ بکەن لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و لە یەك گەیشتن و دەست وەرنەدان لە کاروباری یەکتر.

ئێمە ئامادەین بۆ هەموو کارێك و زۆر سوپاستان دەکەم و مەمنوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ پرسیاری هەیە، ناوەکان دەنووسم، بەڵام خۆم قەرار دەدەم، لەسەر ئەساسی کوتلەی پەرلەمانی دەنگ دەدەم کە ناومان نووسیووە، کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (قانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو یادە موئسیفەی کە بەسەر گەلەکەمانەوە هاتووە، کە پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆکە جەلسەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کرد، بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، کە بەشداری ئەو ڕۆژە کارەساتبارەی گەلەکەمان دەکات لە پەرلەمان، من داوا دەکەم تەنها لە کاتی یادەکاندا کەسوکاری ئەنفالکراوەکانمان نەیەتەوە یاد و، تەنها لەو ڕۆژەدا نێتەوە یادمان، بزانین لە ساڵی پار تا ئەمڕۆ کە کۆمەڵێك بڕیار دەرچوو لە بەرژەوەندی کەسوکاری ئەنفالەکان جێ بەجێ بکرێت چیمان کردووەو

تەماشای لاپەڕەی بڕیارەکان بکەین، کە چەند وەعد بە کەسوکاری ئەنفال درا بوو، تا ساڵی ئاینده بۆیان جێ بەجێ بکرێت، من پێشنیار دەکەم لەو هەموو داواکار و خاڵانەی کە باس کرا، خاڵێك بکرێتە ئەولەویاتی کاری حکومەت بۆ جێ بەجێ کردنی لە ساڵی نوێدا، بۆ ئەوەی تۆزێك لە ئازار و ئێش و کەسەری کەسوکاری ئەنفالەکان کەم بکاتەوە، یەك لەوانە بەشێك لە کەسوکارەکانی ئەنفال زەویان وەرگرتووە، بەشێکی تریشیان وەریان نەگرتووە، ئەوی زەویان وەرنەگرتووە زەوی پێ بدرێ، سولفەی عەقاری شمولیان بکاتن، بۆ ئەوەی سوکنەیەك بۆ خۆیان دابین بکەن، بەڕاستی ئەوە زەروریەتی ژیانە، لەوانەیە ئێستا زۆریان لە کەلاوە خانوو و خوێندگاو شت ژیان بەسەر دەبەن وەزعیان لە رووی ژیانی نیشتەجێوە زۆر خراپە.

خاڵێکی تر زۆر باستان کرد، مەسەلەی مووچەکانیان لە ئاستی ئەوە نییە، لەو قۆناغەی ئەمڕۆ ژیان بەو مووچە کەمە ژیان ببنە سەر، خاڵێکی تریش باس دەکەم مەسەلەی هێنانەوەی روفاتی شەهیدی ئەنفالکراوەکان ئەمساڵ جێ بەجێ بکرێت، کە لە چ شوێنێك پێشنیار دەکەم، چۆن ئێمە لە ساڵی هەشتاوە ئەنفال دەستی پێ کردووە، بەلاَم رۆژی چواردەی مانگ کرا بە رۆژی ئەنفال، لەوانەیە زۆربەی رۆژەکان لە کوردستان کە شۆڕش هەبووە خەڵکی تێدا ئەنفال کراوە، بەلاَم بۆ ئەو رۆژە کرا بە ئەنفال، هەر بەو شێوەیەش چ ناوچەیەك زۆرترین خەڵکی تێدا ئەنفال کراوە لەو پارێزگایە، لەو شوێنە مۆنەمێنتی ئەنفال دروست بکرێت، فیعلەن پشتگیری ئەوەش دەکەم، هەم سەرۆکی پەرلەمان و، هەم سەرۆکی حکومەتیش پشتگیریان لەوە کرد ئەنفال بکرێت بە جینۆسایدی گەلی کوردستان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ئەو خاڵانەی لە راپۆرتی تایبەت کە کاك ئارێز خوێندیەوە، ئەو خاڵانەی کە کاك محەمەد خوێندیەوە لە راپۆرتی مافی مرۆڤ، تەبعەن هەردوو راپۆرتەکە دەدرێتە حکومەت، ئەو برادەرەی کە قسە دەکات پرسیارێکی موحەدەد، یان پێشنیارێکی موحەدەد لە خاڵەکاندا نەهاتبێت، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە ئەو قەرارەی داوە وەکو ئەمڕۆ، ئەم دانیشتنە بکرێت، زۆر بەخێرهاتنی کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، کە لەو دانیشتنە ئامادە بوون و زیاتر بە کردنی ئەو پرۆژەیە ئێمە سوپاسیان دەکەین بۆ جەنابتان و جەنابی کاك نێچیرڤان و جەنابی ئەو برادەرانەی تریش کە راپۆرتیان ئامادە کرد بوو، زۆر خاڵیان باس کرد، بەلاَم خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە باسی لەسەر کرا بوو، بەلاَم دیارە باس کرا حەز ناکەم دووبارەی بکەمەوەو کات بکوژم، بەلاَم زیاتر یەك خاڵ باس دەکەم، ئەویش ئەوەیە ئەنفال ئێمە دەتوانین بیکەینە سێ بەش، بۆتە سێ بەش، یەکێك لەو بەشانە ئەوانەن کە نیزامی عەفلەقی کۆمەڵ کوژی کردوون و کردینە ژێر خاك و تاکو

ئێستاش بێ سەرو شوێنن و ئاسەواریان نییە، بەشی دووەم ئەوانەن کە گەڕانەوە لە زیندانەکان و ئەو شوێنانە، دوای گەڕانەوەشیان کەمیان ماون و زۆریشیان مردن، بەشی سێیەمیشیان پرسیارەکانم لەمانەیە پاشماوەی ئەو ئەنفالانە، خێزانی وا هەیە کەسی دەرنەچووە، خێزانی واش هەیە دوای هین دەرچووە، من ئەو پێشنیارەم هەیەو داواش دەکەم لەو لیژنانە، تاکو ئێستا ئێمە ئامارێکی تەواومان لەو سێ بواردا نییە، ئامارێکی باش دەبێت لەو بوارەدا هەبێت، ئەوەی کە دیار نییە، ئەوەی کە گەڕاوەتەوە، ئەوەی کە لە دوای عەرعەر و ئەو شوێنانەدا گەڕاوەتەوە، یەك، دوو خاڵێکی تریشم هەیە، ئەگەر ئیجازە هەبێت حەز دەکەم باسی بکەم، ئەگەرنا ئەوانەن کە ئەو بەڕێزانە باسیان کرد، دەتوانم بڵێم تاکو ئێستا فاکتەر زۆرە، سەبەب زۆرە، من لەبەر ئەوەی بە حوکمی ئەوەی خۆشم خاوەنی چواردە شەهید و ئەنفالم داوای لێبوردن دەکەم کە زیاتر قسە دەکەم، وەکو گوتم فاکتەر زۆرە، سەبەب زۆرە، ناچمە ناو تەفاسیلی ئەو مەسەلانە کە دەبن، بەڵام ئەوەی بە قەد خۆی بێت، بەنیوەی خۆشی خزمەت بە کەسوکاری شەهید ئەنفالکراوان تاکو ئەم کاتە نەکراوە، هەرچەند لەدوای سەردانی جەنابی ئەو لیژنانە بە ئامادە بوونی کاك نێچیرڤان بارزانی دڵخۆشیەکی زۆرە، یان سەدایەکی باش هەیە، کە ئینشائەڵلا ئەو بەڵێنانەی کە دراوە جێ بەجێ بکرێت، من تەنیا یەك خاڵم هەیە وەکو پرسیار ئەوەیە ئایا جەنابیان تاکو ئێستا کێ بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی گوندە ئەنفالکراوەکان لە ئارادا هەیە، ئەوە یەکێکە لە شەرتە ئەساسەکانی ئێمە، هەتا بڵێم بێجگە لەوەش قەرەبووشە بۆ ئەوان ژێرخانی ئابووری خۆشمانی پێ دەبژێرینەوە.

دووش/ تاکو ئێستا قەراری مۆنەمێنیت نەدراوە، ئایا لە هەر شوێنێك، وەکو رزگاری و چەمچەماڵ و بارزان بکرێتەوە، یان لە شوێنێکدا بکرێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دیارە من دەنگ نادەمە ئەو کەسانەی کە ئەندام بوون لەو لیژنانەی راپۆرتەکانیان خوێندرایەوە، بەو ئیعتیبارەی لەوێ ئەو بۆچوونانەی خۆیان کردووە، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ساڵی پاریش لێرە، پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەتی کرد بە یاد کردنەوەی ئەنفال، لە ساڵی پاریش داوامان کرد و پێشنیارمان کرد، دەبوایە ئەو کاتی دوو ئیدارە بوو، ئێستا خۆشبەختانە یەك ئیدارە هەیە، کە ئێمە زۆر جار باس لە کارەساتی ئەنفال و ئەوانە دەکەین زیاتر وەکو لە راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤیشدا هاتووە، زیاتر دەست لەسەر برینەکان دادەنێینەوە، من پار داوام کرد کە دەبوایە نوێنەری هەردوو ئیدارە ئەو کات لێرە بوونایە، تا بزانین هەردوو ئیدارەکە چیان کردووە بۆ کەسوکاری ئەنفال، بۆ گوندەکانیان و چیان لە بەرنامەدایە، بۆ ئەوەی پەرلەمانیش بتوانێت هاوکاری بکات، خۆشبەختانە ئێستا لیژنەیەکی پەرلەمان چۆوەو بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش لێرە ئیشارەتی پێدا، کە ئەوانیش لیژنەیان داناوە، مەفروزە پاشی بەینێکی تر ئێمە دابنیشینەوە تەقریرێکی موفەسەل هەبێتن لە ساڵی 2007

حکومەتی هەرێمی کوردستان چیان بۆ کراوە، ئەو گوندانەی کە ئاوەدان کرانەوە لە لایەنی ژیاریەوە چیان بۆ کراوەو چشیان لە بەرنامە دایە، بۆیە ئەوەی لە سەحافە گوێمان لێ دەبێت، رۆژانە لەناو خەڵك گوێمان لێ دەبێت، کە هیچیان بۆ نەکراوەو گلەیی و گازاندەیە بە ژمارە پیشانی خەڵك بدەین، بڵێین ئەوەندەیان بۆ کراوە لە لایەن ژیارییەوە، لەلایەن خزمەتگوزارییەوە، لە لایەنی ئاوەدانکردنەوە، لە لایەنی ئامار و دیکۆمێنتەکانەوە، ئەوەی لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دایە لە ساڵی 2007 ئەو شتانە دەکرێتن، بۆ ئەوەی بەڕاستی رێگا لەو پروپاگەندانەی ئەولا و ئەولاش بگرین، یەعنی شتەکانمان بە ژمارەو ئامار بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرباری پشتگیری تەواومان بۆ هەموو پێشنیارەکانی لیژنەی رۆشنبیری پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم، جەنابی لە وتەکەدا باسی لە هەندێك پرۆژەو کار کرد، کە لیژنەیان دروست کردووە بۆ کەسوکاری قوربانی ئەنفال جێ بەجێ بکەن، ئەگەر بکرێت لێرە هەندێك لەو پرۆژەو کارانە باس بکات، بۆ ئەوەی لێرەوە وەکو موژدەیەك بدات بە کەسوکاری ئەنفالەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران حەز دەکەیت ئەوانە وەڵام بدەوە.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەوەی دەست پێ دەکەم، ئەوەی مۆنیمێنت کە جەنابت باست کرد، تەبعەن من کە لەگەڵ ئەوان دانیشتم لە حدودی چوار و پێنج سەعات قسەمان کردووە بەڕاستی، ئەوان کۆمەڵێك موشکیلەیان هەیە، من پێشتر ئاگادار نەبووم لە مەشاکیلەکانیان، مانای ئەوەش نییە، کە حکومەتی هەرێم هیچی نەکردووە، یەعنی ئەگەر من بمزانیبوایە ئێوە ئەم پرسیارە رووبەڕووی ئێمە دەکەن، ئەوانەی کە مەعنین بەو مەوزوعەوە دەمهێنان بۆتان شەرح بکەن، بەڕاستی هەتا ئێستا ئەوەی کراوە چیە، یەعنی بزەبت هەموو ئامارەکانیان دەردەخست، ئەو شتانەی کە کراوە، ئەو خانووانەی کە دروست کراون، ئەو زەویانەی کە پێیان دراوە، من عەرزم کردن کێشەی گەورەی ئێمە ئەوەیە، ئێمە تاکو ئێستا ئامارێکی رێکوپێکمان لەبەر دەستدا نییە، ئێمە بزانین ئەو ئامارەی ئەنفالکراوەکان چەندن، ئەمە یەکێکە لە کێشەکان.

بەنیسبەت مۆنیمێنت دەکرێت لە هەر شوێنێك کە ئەنفالی لێ کراوە مۆنیمێنتێکی بچووك لەو شوێنانە دروست بکەین، بەس ئەوەی کە ئێمە بەمەستمانە، من پێم وایە پێویستە لە پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، هەمووی وەکو یاد کردنەوەی هەموو ئەو خاڵانە بن کە ئەنفال کراون، شتەکانیان کۆ بکرێتەوە، تاریخەکانیان هەموو بنووسرێت بەشێوەیەکی رێکوپێك، هەموو خەڵك دێن لە دەرەوە، میوانەکان کە دێن لە دەرەوە، بیانیەکان کە دێن لە دەرەوە، خەڵکانێك کە سەردانمان دەکەن بچن ئەو شوێنە ببینن، هەموو تاریخەکە لەوێ باس بکرێت، ئێمە دەبێت ئەنفال بکەینە شتێك بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەوەی کە ئێستا داوای دەکەین، ئەوەی کە ئێستا ئێمە ئیسرِاری لەسەر دەکەین لەو شوێنەو لە شوێنەکانی تر، بۆ ئەوەمانە، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە دووبارە نەبێتەوە، دەبێت خەڵك ئەوەی بزانێت دووبارە کردنەوەیە تەنها بۆ ئەوە نییە بڵێ یادمان کردۆتەوە، بۆ ئەوەیە کە ئێمە بە خەڵکی دنیا بڵێین ئەمەی کە ئێستا ئیسرِاری لەسەر دەکەین بە هەر شێوەیەك بێت، کە لە عێراق دەمێنینەوە دەبێت دڵنیا بین لەوەی ئەم کارەساتە جارێکی تر بەسەر ئەم میللەتە نایەت، ئەو پرۆژانەی کە هاتن بۆ لای ئێمە موشکیلەکانیان هەندێك مەسەلەی قانونییە، ئەوەی کە ئێستا باسیان کرد، ئێمە لیژنەی قانونیمان بۆیان داناوە، بۆ ئەوەی کێشەکانیان حەل بکەن، داوای مووچەی زیادەیان کردووە، ئێمە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران خەریکین دیراسەتی بکەین، کە چۆن زیادی بکەین، کۆمەڵێك لەوان زەویان وەرگرتووە، ئێمە ئێستا برِیاری ئەوەمان داوە یارمەتیان بدەین، بۆ ئەوەی ئەو زەویانە بکەن بە خانوو، بەس باوەرِتان هەبێت ئەوەندە بێ سەروبەرن، ئەوەندە بێ سەروبەرن لە رووی ئەوەی کە ئامارەکان وازیح نییە، ئێمە هەرچیەك بکەین کۆمەڵێك گلەیی و گازاندەی یەکجار زۆر بۆ خۆمان و بۆ حکومەتی هەرێم دروست دەکەین، یەعنی ئەوەی من مەبەستەمە، من دەمەوێ ئامارەکە بە رێکوپێکی لەبەر دەستمان بێت، بزانین لە ئامارەکە بزەبت چەندن، ئەوە وەختە ئێمە دەتوانین بە بەرنامەو بە رێکوپێکی ئەو شتانەی کە پێویستە بۆیان بکەین، بەڵام حکومەتی هەرێم برِیاری داوە کە ئەوەی باستان کرد، من وەکو ئەو پرۆژانەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە، ئێمە هەندێك لەوانە لە سەرۆکایەتی هەنجومەنی وەزیرانەوە هەندێك برِیارمان داوە، دروست کردنی هەندێك خێوەتگا بۆ پیرەکان و ئەوانە لە مەنتیقەی کەلار و لەو شوێنانە ئێمە برِیارمان لەسەر داوە کە جێ بەجێ ببێتن، ئێمە برِیاری ئەوەمان داوە کە لە خوێندندا ئێستا دیراسەت دەکرێتن، کە بخرێتە بەرنامەیەکی خوێندن لە مەکتەبەکان مەسەلەی ئەنفال، ئێمە برِیاری ئەوەمان داوە وەکو عەرزم کردن ئینتیزاری ئەوان دەکەین، دوای ئەوەی کە بگەرِێنەوە بۆ دەست پێ کردنی ئێمە لە برِیار، کۆمەڵێك خانوومان بۆیان داناوە، بەڵام داوامان کردووە ئەوان خۆیان لیژنەیەك دابنێن، بۆ ئەوەی ئێمە تووشی ئەو موشکیلەیە نەبین، بڵێن بۆ ئەمە کراوە، چونکە ئەو وەختەش موشکیلەیەکی تر دێتە پێش دەڵێن نەخێر بۆ فلان کەس کرا، چونکە خزمی مەسئوول بوو، ئێمە پێمان وایە خۆتان بەپێی ئەولەویەت ئەوەی پتر کارەساتی بەسەر داهاتووە، ئێوە کۆمەڵێك ناومان بدەنێ، بۆ ئەوەی ئێمە لە مەرحەلەی یەکەم لەوانەوە دەست پێ بکەین، ئێمە ئەوانەمان هەمووی کردووە، دەتوانم بڵێم ئینشائەڵڵا بە سەر بەرزیەوە ساڵێکی تر

دێین بۆ ئێرەو بۆ یادی ئەو رۆژە، کە یاد کردنەوەی ئەنفالەکانە، بەرنامەی حکومەت و ئەو شتانەی کە بۆشیان کراوە، ئەوەی هەتاکو ئێستاش بۆیان کراوە، بەڕاستی کەم نییە، یەعنی بۆ ئەوەی ئێمە بە چاوێکی کەم سەیر نەکەین، چ لە ئیدارەی سلێمانی، چ لە هەولێریش شتی باش کراوە، شتی زۆر کراوە، زۆر زەوی دراوە، زۆر موشکیلە حەل بووە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەدا کارەساتەکە زۆر گەورەیە لە هەموو روویەکەوە، لە رووی سایکۆلۆژیەوە، لە رووی کۆمەلاّیەتییەوە، ئەوەی کە بەسەریاندا هاتووە شتێکی کەم نییە، من تەسەور ناکەم لە سالێك و دوو سالّ ئەمە جهودێکی زۆری دەوێت، بەلاّم بەدلّنیاییەوە حکومەتی هەرێم جێ بەجێی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان قسەی دەکاتن فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەت.**

بەڕاستی من داواکار بووم لە جەنابتان لەو رۆژەدا داوا لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بکەن کە راپۆرتێك ئامادە بکات لەسەر ئەوەی کە تاکو ئێستا چی کردووە، لەبەر ئەوەی من پێم وایە باس لە لیژنەو کۆمەلێك کەس دەکرێت، بەلاّم جیهەتی یەکەم کە بەرپرسە لەو مەسەلەیە ئێمەین، راستە فەترەیەکی زەمەنی کەمە دامەزراوە، بەلاّم زۆر شت کراوە، کە ئێستا دەبینم داواکاریەکان دووبارە دەبێتەوە، وەکو بلێی شت نەکراوە، من دەمەوێت عەرزی بەڕێزان بکەم، کە ئاگادارن و موتەئکیدم لەوەی کە جەنابی سەرۆکی حکومەت لە هەمووومان زیاتر دلّسۆزتر و بە پەرۆشە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، باسی ئەوە کرا پێداچوونەوە بە مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بکرێت، ئێمە پرۆژە یاسایەکمان ئامادە کردووە، جەنابتان ئاگادارن لە پەرلەمانی کوردستان چەند بەندێکیشی دیراسەت کراوە، بیستمان لە جادەش خەلّکانێك گلەییان هەیە، گلەییەکانیشیان بە چاوان، حەتمەن ئەوە بۆ ئەوانەو دیراسەی دەکەین، لەوێدایە کە ئاماژە بە باش کردنی مووچەی ئەوان دەکرێت، ئەم یاسایە کە دەربچێت بە تەئکید مووچەی ئەوانیش باش دەکرێت و جەنابی سەرۆکی حکومەتیش بەلێنی ئەوەیدا، مەسەلەی ئەنجامدانی ئامار لەوەتەی وەزارەتەکە دامەزراوە گەورەترین کێشەی ئەم وەزارەتە نەبوونی داتایە، ئێمە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، چ لەسەر ئاستی دەرەوە ئەو کێشەیەمان هەبووە، کاتێك دەمانەوێت پلان دابڕێژین نازانین لەسەر چ ئەساسێك دابڕێژین، چونکە ئێمە تەنها نامانەوێت ژمارە بزانین، دەمانەوێت بزانین کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە رووی تەندروستی و لە رووی کۆمەلاّیەتی و لە رووی دەروونی و لە رووی

پەروەردەیی و لە رووی کار لە رووی خزمەتگوزاریەکان، لە چ باریك دەژین، ئەمە یەکێك لە کێشەکانی ئێمە بووە، کە پێویستیمان بە داتایە فۆرمێکی راپرسینمان ئامادە کردووەو کۆمەڵێك پرسیاری تێدایە هەموو ئەو لایەنانەی تێدا رەچاو کراوە موتەئکیدم کە ئەو ئامارە بکرێت، جگە لە بەدەست هێنانی ژمارە، ئەو کاتە ئێمە هەموو بوارەکانی ژیانی ئەوان دەزانین، دەکرێت پلان دابنێین لە رووی تەندروستی یارمەتیان بدەین، لە رووی خزمەتگوزاری، لە رووی پەروەردەیی، چونکە ئێمە لە هەمووی بەرپرسین.

خاڵێکی تر مەسەلەی تەعویزات باس کرا، برادەران لە لیژنەی یاسایی ئاگادارن، ئێمە پرۆژە یاسایەك بۆ تەعویزات ئامادە کراوە، بڕیاریش وایە لە رێگەی پەرلەمان و جەنابی سەرۆکی حکومەتیش ئاگادار دەکەینەوە کە سەردانی بەغدا دەکەین و تەسلیمی کوتلەی کوردی دەکەین لە پەرلەمانی بەغدا، بۆ ئەوەی لە دوای دەرچوونی بڕیاری مەحکەمە ئەمە موناقەشە بکرێت، خاڵێکی تریش کە ئێمە ئیشمان لەسەر کردووە، مەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەی یاسایی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە، کە ئێستا دیارە برادەران هاتوونە لای جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هەر خودی ئەوانیش ئاگادارن، لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئاگادارە، ئێمە موناقەشەمان کردووە خەریکە پرۆژە یاسایەك ئامادە دەکەین، چۆن کۆمەڵێك پەیوەندی ترمان هەبووە بۆ پرۆژەی 2007مان ئامادەیە، باس لە خزمەتگوزارییەکان دەکات، باس لە زۆر خاڵ دەکات کە چارەسەری کێشەی ئەوان دەکات، بەڵام تەبعەن ئەوە بە ساڵێك و دوو ساڵ چارەسەر نابێت، پلانێکی درێژ خایەنمان دەوێت، داوا لە هەموو وەزیرە بەڕێزەکان و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کە هاوکار بن، چونکە ئەمە تەنیا کێشەی وەزارەتێك نییە، هەموو حکومەت بەرپرسە بەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو تەوزیحاتە، دەمەوێت شتێکتان عەرز بکەم، ئێمە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی وەزیران رێککەوتین لەمەودوا لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامە هاوبەشەی کە هەمانە بۆ روو بەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و موحارەبەی گەندەڵی، بۆ ئەو سیاسەتە شەفافیەتە کە قەرارە پەیڕەو بکرێتن، ئیتیفاقمان کردووە کە هەفتانە جەلسەیەکی هاوبەش هەبێتن لەنێوان پەرلەمان و حکومەت، هەر هەفتەی دوو وەزیر لە رۆژێکی دیاری کراو بێن بەرنامەی خۆی باس بکات لێرە چی کراوە لە تەلەفزیۆن راستەوخۆ نەقل دەکرێت، دواتر وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، ئەم دانیشتنە دانیشتنی گفتوگۆیە بۆ شەفافیەتە، ئەوە رێگا لەوەی تر ناگرێتەوە دانیشتنی موسائەلە هەبێت، ئەویش رێککەوتووین لەبەر رۆشنایی پرنسیپی کە دەبێت هەبێتن راپۆرت لە لایەن لیژنەکانی پەرلەمانەوە ئامادە کرا بێت، دەست نیشانی خاڵەکان دەکات و پرسیارەکان دیاری دەکرێت، ئێمەش بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی دەنێرین، ئەویش لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار وەڵامی دەداتەوەو حازری دەکاتن، ئەوە دانیشتنی موسائەلەی پێ دەڵێن لێ پرسینەوە دیاری دەکاتن، جگە لەمە مومکینە ئەمە وەختی دەوێتن، لەمەودوا هەفتانە ئەو بەرنامەمان دەبێت جەنابی وەزیری شەهیدان و ئەنفال لە یەکەم دانیشتندا ئەو قسەیەی کە ئاماژەی پێ کرد و راپۆرتی حازر بکاتن بە تێر و تەسەلی چی

کراوە بۆ قەرەبوو کردنەوەی گیانی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدان بۆمان بخوێنێتەوەو سوپاسیشی دەکەین، کاك عوسمان فەرمو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆك ئەنجومەن.**

دوای بەخێرهاتنی جەنای سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان و دەستخۆشی لێکردنیان بەبۆنەی ئەو ئامادەکاریەی بۆ ئەنفالکراوەکان، قسەکانی خۆم دەخەمە شێوازی چەند پرسیارێك لە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی دەکەم، ئایا یادی کارەساتی ئەنفال وەك ڕۆژێکی ماتەمینی گشتی لە هەرێمی کوردستان قەرار نییە بڕیار بدرێت و ئاساری ماتەمینی بە هەموو دەوائیری ڕەسمی و بازاڕ و مزگەوت و شوێنە گشتیەکانەوە بەجۆرێك دەربکەوێت، کە هەموو منداڵێکی تازە فێر قسە ببێت بپرسێت، کە ئەو هەموو شێوازە چیە، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا لێی حاڵی بێت، کە وڵاتەکەمان تووشی چ کارێکی جینۆساید بووە.

دووەم/ ئایا کارەساتی ئەنفال و جینۆساید بە دیکۆمێنت کراوی دراوتە وڵاتە یەکگرتووەکان؟ ئایا جێی خۆی نییە ئەو کارەساتە جینۆسایدە بە دیکۆمێنت کراوی بدەینە جامیعەی عەرەبی؟ ئایا لە وەزارەتی پەروەردە کارەساتی جینۆسایدی ئەنفال خراوەتە بەرنامەی خوێندن بەتایبەتی وانەی مێژوو؟

ئاخیر پرسیار جەنابی سەرۆکی پەرلەمان روخسەتم بدەیت، ئایا ڕاستە مووچەی هەندێك لە خێزانی ئەنفالکراوەکان تەنها سی هەزار دینارە؟ زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان، من دەمەوێت ئیشارەت بەوە بکەم پێشەکی لە وتارەکەتەوە دەست پێ بکەم، کە هەر لە پارەوە لە هەمان ڕۆژی یادی ئەنفالمان کردووە، لەوانەیە هەمان موداخەلەم هەبوو بێت، کە کاتێك ئەنفال کراوە دژی هەموو گەلی کوردستان کراوە، خۆتان دەزانن کە دەڤەری بادینان بە دەیان گوند و دێهات و بە سەدان کەسمان ئەنفال کراون و بێ سەرو شوێن کراون، گوندەکانمان وێران کراون، کەچی پێشەکی هیچ ئیشارەتت بەو کارەساتە نەکرد، یەعنی باسی نەتەوەی خۆمانت نەکرد، ناوی کلدو ئاشووریت نەهێنا.

دووەمین/ کاتێك کە داوا دەکرێت بکرێت بە جینۆسایدی نەتەوەیی کوردی، ئایا ئەی نەتەوەکانی تری لە کوردستاندا دەژین بە هەمان شێوە تووشی ئەو کارەساتە بووینە، شوێنیان چ دەبێت لەو ڕۆژەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە کاك نێچیرڤان وەڵام دەداتەوە، بەڵام هەر بۆ موختەسەری کە دەڵێین کوردستان هەمووی دەگرێتەوە، کە گوتمان ناوچەکانی هەموو کوردستان، تورکمانیش دەگرێتەوە، میللەتی کوردستانیش بە تەنیا کورد نییە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناساندنی ئەنفال وەك تاوانێکی جینۆساید لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە ئەنفال، کە لە نیسانی ساڵی 2002دا لە هەولێر بەسترا، لەوێدا دیاری کراو بە دیکۆمێنتی قانونی، پێشنیاز دەکەم کەوا ئەو دیکۆمێنتانە کۆ بکرێنەوەو دەوڵەمەندتر بکرێن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی قانونیانە بخرێتە بەردەم رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بەڕێزتان پێشنیازی ئەوەتان کرد کەوا داوا بکەین لە حکومەتی عێراق کە بەرپرس بێت لەو کارەساتە گەورانە، لەو تاوانە گەورە، من پێشنیاز دەکەم دەوڵەتی عێراق بە هەموو دەزگاکانییەوە بەرپرس بێت لەو تاوانە، چونکە ئەگەر تەنیا حکومەتی عێراق بەرپرس بێت، وەکو بەیاننامەی حوزیرانی ساڵی 1966ی دکتۆر عەبدولڕەحمانی بەزاز پاش ئەوەی کە چوو، حکومەتی پاش ئەو وتی من پابەند نیم بەو ئیلتیزاماتە، بەڵام ئەگەر لەسەر شانی دەوڵەتی عێراق بێت، هەموو دەزگاکانی بەرپرس دەبن و، هەموو ئەو دەوڵەتەش بەرپرس دەبێت لە قەرەبوو کردنەوەی کەسانی ئەنفال و چاك کردنەوەی گوندەکانیان، من پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا لیژنەیەکی هاوبەش پێك بێت لە لیژنەی پەیوەندیەکان لە پەرلەمان و لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەو لیژنەیەی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێك هاتووە، بۆ ئەوەی ئەو هەموو داواکاریانە کۆبکرێنەوە بێتە بەردەم پەرلەمان لێرە بڕیارێکی لەسەر وەربگیرێت، ئەوەی رێگای قانونی، ئینجا پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکەین، بۆ ئەوەی دەست بکات بە جێ بەجێ کردنیان، جارێکی تر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و هاوکارانی دەکەم، بەحەقیقەت من یەکسەر دەچمە سەر پێشنیارەکەم، من پێشنیارێکم هەیە، پێشنیارێکی جیایە، ئەویش ئەوەیە پێم وایە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەرگای هەڵمەتێکی میللی تەبەروعات کۆکردنەوە بکەنەوە، چونکە ئەو کارەساتە بەسەر میللەتەکەدا هاتووە، پێم باشە لەو جۆرە موناسەباتانەدا جۆرە ئاوێتەیەك لەنێوان حکومەت و پەرلەمان و جەماوەردا دروست ببێت، دەرگای تەبەروعات بۆ ماوەیەك بکەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین جەماوەری کوردستانمان چەند کۆمەك دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو کۆمەکە کۆ بکرێتەوەو، لەگەڵ ئەو بودجەیەی حکومەتی هەرێم لە میزانیەی 2007 تەرخانی دەکات، تەبعەن لێرەش مەبەستمان نییە حکومەتی هەرێم لە رووی ئابووریەوە توانای کەمە، دەزانین حکومەت ئەلحەمدولیلا بارودۆخی کوردستان تا رادەیەك جێگیرە، من

پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەو هەڵمەتە  لە زۆر دەوڵەتان هەبووە پێشتر، کە هەڵمەتێکی وا لەنێوان جەماوەردا کراوە، بەڵام پێشنیازەکەی تریش ئەوەیە کە لە مەسئوولەکانەوە دەست پێ بکەین، ئێمە خۆمان بەشدار بین لەو هەڵمەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، پێشنیارێکم هەیە، پێشنیارێکی موحەدەد، ئەویش پەیوەندی بە پرۆژەی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان هەیە، لەو ماوەیە مولاحەزەیەکی زۆر هاتووە، یاداشتێکی زۆر پێشکەش کراوە، لە هەمان کاتدا رێکخراوێکی زۆر یاداشتیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی هەرێم کردووە، پێشکەشی حکومەتی هەرێم کردووە، پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیشیان کردووە، داوا دەکەن کە پێداچوونەوەیەك لەسەر ئەو پرۆژەیە بکرێت، رەنگە ئەو خاڵانەی کە ئەوان دەست نیشیان کردووە، مومکینە جێگای موناقەشە بێت و دەیانەوێت بە هەند وەربگیرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە تەنسیق لەنێوان حکومەت و پەرلەمان پێداچوونەوەیەك لەسەر ئەو یاسایە بکرێت، چونکە هەروەکو ئیشارەتم پێدا خاڵی وای تێدایە جێگای موناقەشەیەو موناقەشە هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی رێك و پێك پێشکەش بە پەرلەمانی بکەین بۆ پەسند کردن و زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەو جەلسەیە وەکو جەلسەی تەسائولاتی لێهات، یەعنی پرسیار کردن لە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕاستی، ئەو جەلسەیەش تایبەت نەبوو بەوە، ئەوە خارجی نیزام داخیلی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، نوقتە نیزامەکەت تەواو نییە، چونکە موسائەلە نییە، ئێمە هەموو ئیتیفاقمان کرد، وەکو هەمیشە سەرۆکی هەرێم بێتن، سەرۆکی حکومەت بێتن، کە قسە دەکات پەرلەمانتاران هەندێك پرسیاری لێ دەکەن، ئەویش وەڵامیان دەداتەوە، واتا گفتوگۆیە، فەرموو کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و بەخێرهاتنی هەموو وەزیرە بەڕێزەکان و هاوکارەکانی دەکەین لە حکومەت، ئێمە وەکو لیستی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان سەری رێز و نوازشت بۆ شەهیدانی ئەنفالەکان دادەنوێنین و، هاوسۆزی خۆمان بۆ کەسوکارەی ئەنفالەکان دەردەبڕین، پێمان وایە ئێمە هەمووومان وەکو گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە ئەو دەردە

سەریەمان چێشتووە، کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان بەسەر هەموو خەڵکی عێراق و خەڵکی گەلی کوردستان، بەسەر بەشێکی هێناوە، بۆیە ئێمە کە دەڵێین کوردستان، بێگومان هەموومان دەگرێتەوە، ئەگەر ناویشمان نەهاتبێت، ئێمە خۆمان هەر لەناو هەمان شتدا دەبینینەوە، لەڕاستیدا مەسەلەی ئەنفال شتێکی ئەوەندە گەورەیە کە ناتوانرێت لێرە بە چەند دێرێك گوزارشتی لێ بکرێت، ناتوانرێت بە چەند ساتێك بتوانیت تەعبیر لە هەستی خۆت بکەیت بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیە، بۆیە پێم وایە ئەوەی کە جەنابی دکتۆر نوری باسی کرد زۆر شتێکی گرنگە بکرێت بە دیکۆمێنتێك و پێشکەش بە حکومەت بکرێت و لە هەمان کاتیشدا پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت، پێشکەش بە جامیعەی عەرەبی بکرێت، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بچەسپێت و نەوە یەك لە دوای یەکەکانیش پەیوەست بن بەم کارەساتە گرنگە، من لێرە دیسان سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بەم بۆنەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کۆتایی بە پرسیارەکان دەهێنین فەرموو جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان تەئکید لەوە دەکەمەوە کە هەموو خەڵکی کوردستان، چ منداڵ، چ گەورە ئەو رۆژیان بە بیر بێتەوە، وەکو عەرزیشم کردن بەس بیر هاتنەوە کافی نییە، بیر هاتنەوەی ئێمە بۆ ئەوەیە بە دنیاش بڵێین، بە وڵاتانیش بڵێین، ئێمە جارێکی تر قەبول ناکەین ئەمە دووبارە بێتەوە، دەبێت هەموو قەوانینەکان و ئیشەکان و هەرچی دەکەین لەم عێراقە، دەبێت بەشێوەیەکی وا ئاراستە بکرێت، کە جارێکی تر ئەو کارەساتە بۆ گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، من پێم باشە ئێمە لەم کۆبوونەوانەدا بڕیاری ئەوەمان داوە، بێ شك ئێمە جارێ پێویستە لە ناحیەی قانونییەوە کارەکانی بۆ حازر بکەین، بۆ ئەوەی بیناسێنین بۆ جینۆساید، چونکە تاکو ئێستا بە جینۆساید پێناسە نەکراوە، بەڕاستی لە ناحیەی دەولیەوە لە ناحیەی قانون دەولیەوە تا ئێستا بە جینۆساید پێناسە نەکراوە، ئێمە دەبێت هەندێك موحامی بگرین ئیش لەسەر ئەوە بکەین، کە ئەمە بە جینۆساید بناسرێت، ئەمە زۆر نوقتەیەکی موهیمە، ئەو دیکۆمێنیتانەی کە هەیە چ بە جامیعەی عەرەبی، چ بە نەتەوە یەکگرتووەکان تاکو ئێستا نەمانداوە، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو پێشنیازەی کاك دکتۆری نوری تاڵەبانی و کاك کەرخی کە باسیان کرد، دیسان دەڵێم با ئەو لیژنەیە دروست بکرێتن، هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بە دەرەوە هەیە، چ لە رووی ئامادە کردنی دیکۆمێنت، چ ئیش کردن لەسەر پێناسە کردنی بە جینۆساید با لیژنەیەکی هاوبەش دروست بکرێت لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و، لە هەندێ پسپۆڕانی دەرەوەش، چونکە بە بیرتان دێت ئەو شەهادەتەی کە دەدرا لە مەحکەمە لە بەغدا، هەندێك لە پسپۆڕان لە دەرەوە هاتبوون بەشێوەیەکی وا عیلمیانە، کە شەرحەکەیان دەکرد، بەڕاستی شەرحەکە بەو شێوەیە بوو دەیانویست ئیسپاتی بکەن کە ئەمە جینۆسایدە کە کراوە، زۆریش سەرکەوتوو بوون لە تەرحەکەیان لە محکەمە، من دەڵێم لەگەڵ ئەوەش دەبێت ئێمە بە جددی وەربیگرین، هەر لەمڕۆوە ئێمە ئەو لیژنەیە دادەنێین، بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەمە بکەین، یەك پێناسە کردنی وەکو جینۆساید، دوای ئەوە کە پێویستە دەوڵەتی عێراق داوای لێبوردن لە کوردستان بکات، هەوڵ بدات بۆ قەرەبوو کردنەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جارێکی تر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاک نێچیرڤان بارزانی و خوشك و برا وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین لە ئامادە بوونیان، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دوو شەممە سەعات (11) بۆ موناقەشە کردن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای (إطفاء) هەر بۆ ئەم مەسەلەیەش بەیانی سەعات دە لیژنەی پەیوەندیدار لە لای خۆم لە خزمەتیان دام، بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین و حازری بکەین، بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو بە ئامادە بوونی وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری شارەوانی، زۆر سوپاس کۆتایی بە دانیشتنەکان دەهێنین و بەخێر بێن سەرچاو.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (9)

## دوو شەممە رێکەوتی 16\4\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/4/16

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/4/16 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی هەمواركردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87) ساڵی 1979، كە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆمان هاتووە.

2- خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەموار كردنی یاسای كوژاندنەوەو جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانییەكان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/4/16دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی هەمواركردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87) ساڵی 1979، كە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆمان هاتووە.**

**2- خستنەروو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی هەموار كردنی یاسای كوژاندنەوەو جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانییەكان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.**

**بەخێرهاتنی بەڕێز كاك عبدالعزیز طیب وەزیری كشتوكاڵ، خاتوو نازەنین وەزیری شارەوانی، كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ئەنجومەنی نیشتمانی دەكەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بۆ ئەوەی بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن بۆ خوێندنەوەی خاڵی یەكەمی بەرنامەی كارەكەمان (خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی هەمواركردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87) ساڵی 1979، كە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆمان هاتووە). پڕۆژەكە بە كوردی دەخوێنرێتەوە، فەرموو.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێستاش دەقی پڕۆژەكە بەكوردی دەخوێنمەوە.**

**پڕۆژەی یاسای هەمواركردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە(87) ساڵی 1979**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2000**

**یاسایی هەمواركردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرەی ژمارە 87ی**

**ساڵی 1979ی هەمواركراو**

**ماددەی یەكەم:**

**یەكەم:**

**1-بڕیاری (220)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێندرێتەوە.**

**2-بڕیاری (48)ی ساڵی 2005 هەڵدەوەشێندرێتەوە.**

**3-بڕگە (1) (أ- ب- ج) لەماددەی چوارەم لەیاسای بەكرێ دانی خانووبەرەی ژمارە (87)ی ساڵی 1979 هەڵدەوەشێندرێتەوە.**

**دووەم: ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە:**

**یەكەم:**

أ-ئەو خانووبەرانەی گرێبەستی بەکرێدانیان لە دوای رێکەوتی 2007/1/1 گرێدراوە، بەدەر دەبن لە حکومەکانی یاسای بەکرێدانی ژمارە (87)ی ساڵی 1979، لە بەکرێدانیان دەکەونە ژێر حکومەکانی یاسای شارستانی جگە لەو خانووبەرانەی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکرێ دەدرێن، ئەوانە لە بەکرێدانیاندا دەکەونە ژێر حوکمەکانی یاسای بە کرێدانی ژمارە (87)ی ساڵی 1979.

ب-کرێی ساڵانەی ئەو خانووبەرانەی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون لە رێژەی 4٪ پتر نەبێت لە کۆی گشتی نرخی خانووبەرەو شوقەکانی بۆ نیشتەجێبوون ئامادە کراوەو بۆ ئەم مەبەستە بەکرێدراون.

ج-کرێی ساڵانەی ئەو خانووبەرانەی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکرێ نادرێن لە رێژەی 6٪ی کۆی گشتی نرخی خانووبەرەو شوقەکانی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکار نایەن, پتر نەبێت، یان لەو خانووبەرەو شوقانەی بۆ نیشتەجێبوون ئامادە کراون، بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بە کرێ نەدراون، وەکو نووسینگەو فەرمانگەو قوتابخانە و بەشەکانی ناوەخۆیی و یانەکان.

د-ئەو خانووبەرانەی بەکرێ دراون، یان ئەوانەی لە لایەن فەرمانگەو دەزگاو رێکخراوەکانی حکومەت بەکرێ دراون، کرێکانیان دەکەوێتە  ژێر حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی بەرکار و برگەی (ب)ی سەرەوە لەدیاری کردنی ساڵانە پیادە دەکرێ.

دووەم:

1-بەکرێدەرو کرێچی لەو خانووبەرانەی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکار نایەن, وەکو (شوێنەکانی پیشەسازی و بازرگانی و پیشەیی...تاد)، بەپێی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی بەرکار و ئەوانەی لەسەر گرێبەستی بەکرێدانیان ماوەی (5) ساڵ زیاتر تێپەڕبووە، بۆیان هەیە داوای دووبارە خەمڵاندنەوەی کۆی گشتی نرخی بەکرێدان و لە فەرمانگەکانی باجی زەوی و زار بکەنەوە، هەروەها مافی داوای دووبارە خەمڵاندنەوەی سەر لەنوێیان هەیە، دوای تێپەڕبوونی هەر (5) ساڵ بۆ مەبەستی خەمڵاندنی کرێیەکە لایەنی پەیوەندیدار مافی دەربڕینی نارەزاییان هەیە سەبارەت بەو خەمڵاندنانەی لەبەردەم دادگای بەرایی شوێنی بەکرێدراوەکە لەماوەی (30) رۆژدا، لەرۆژی ئاگاداربوون لەبڕیارەکە، بڕیارەکە بنەبڕەدەبێ، بە مەرجێك نابێ فەرمانگەکانی باج و دادگا ئەو زیادەو چاکردنەوەو نۆژەنکردنەوە کە کرێچی کردوویەتی لە کاتی خەمڵاندندا، لەبەرچاو بگرێت.

2- دووبارە کردنەوەی خەملاندن لە6٪ی کۆی گشتی نرخی خانووبەرەکە دەبێ.

3- ئەگەر گرێبەستی بەکرێدان نەنووسرابێتەوە، بەکرێدەر و کرێچی بۆیان هەیە بوونی گرێبەست و ناوەڕۆکەکەی بەهەموو رێگاکانی سەلماندن بسەلێنی بەدەر لە حکومەکانی یاسای سەلماندنی ژمارە (107)ی ساڵی 1979.

سێیەم: خاوەنی خانووبەرە بۆی هەیە داوای چۆل کردنی ئەو بەکرێدراوەی بکات دەکەوێتە ژێر سێبەری حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی سەرەوە بۆ مەبەستی تێکدان و دووبارە بنیاتنانەوەی لەسەر شێوەی تەلار لە سێ نهۆم کەمتر نەبێ بەنهۆمی خوارەوەی سەر زەویشەوە، لە سەنتەری پارێزگا و هەردوو

نهۆم به نهۆمی سەر زەویشەوە لە قەزا و ناحیەکاندا  یان روخاندن و دووبارە بنیاتنانەوەی بە پێی ئەو بەرزەفتکارانەی کە لە ناوچەی بازرگانی مامەڵەی پێ دەکرێ بە پێی نەخشەی بنەرەتی کە لە شارەوانیدا پشتی پێ بەستراوە لە گەڵ بەرچاو گرتنی ئەمانەی خوارەوە:

1- ئەگەر بنایە لە ماوەی سالێکدا لە رێککەوتی چۆڵکردنەکە بەبێ پاساوێکی رەوا تەواو نەبوو. کرێچی مافی ئەوەی هەبێ داوای قەرە بووی ئەو زیانانەی پێی کەوتووە بکات و ئەو داهاتەی لە دەستی چووە لە بەر هۆی چۆڵکردنەکە، سەرباری ئەوەی مافی ئەوەی دەبێ لە بەکرێدراوەکەدا سەر لە نوێ بمێنێتەوە هەر بە مەرجەکانی پێشوو، ئەگەر خاوەن موڵك لە میانەی ئەو ماوەیەدا دەست بە تێکدانی نەکات.

2- ئەگەر لە دەقی ئەو ماوە یاساییەدا بنایەکەی تەواو کرد، ئەوە کرێچیەکە مافی ئەوەی دەمێنێ لە یەکەی خانووبەرەی کە لە تەلارەکەدا دروست کراوە و هەر بە قەد ئەو بەکرێدراوەیە کە پێشتر چۆڵی کردبوو لە لایەنی سود وەرگرتن و شوێن گەورە و بچووکی بە پێی توانا، و بە گرێیەستێکی نوێ و بە پێی خەملاندن و مەرجەکانی کە لە دەقی ماددەی (2)ی ئاماژە بۆ کراوەی ئەم یاسایەدا هاتووە.

3- کرێچی مافی ئەوەی هەیە داوای بەهای ئەوەی لە بەکرێدراوەکەی خەرج کردووە، لە زیاد کردن و چاککردنەوە و نۆژەنکردن و دیکۆرات لە بەکرێدراوەکە بکات بەر لە چۆڵ کردن، ئەگەر هاتوو ئەو زیادکردن و چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە مۆڵەتی نووسراو بێ لە لایەن خاوەن موڵکەکەوە پێی درابێ.

4- جێگرەوەی یاسایی شوێنی خاوەن موڵکی بەکرێدەر دەگرێتەوە، و میراتگرانیش شوێنی کرێچی دەگرنەوە لە هەموو ماف و پابەندیەکانی کە لە دەقی ئەم یاسایەدا هاتووە.

ماددەی دووەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمدا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی چوارەم: کار بە یاسا و بڕیارەکانی باجی بە کار دەکرێت ئەوانەی کە پێچەوانی حوکەکانی ئەم یاسایە نین.

ماددەی پێنجەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی شەشەم: ئەم ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە و بلاۆکردنەوەی لە رۆژنامەی وقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکرێت، تکاشم وایە پێش ئەوەی راپۆرتەکەیان حازر بکەن دانیشتنێکی هاوبەش بکەن، ئەگەر نوقاتی خیلافیان هەبێتن یەکلاییان نەکردەوە ئەوە ئەو کات هەریەکەو ئیحتیفاز بە رەئی خۆی دەکاتن، بەلاّم محاوەلە بکرێتن بۆچوونەکانیان نزیك یەك بێتەوە، رێك نەکەوتن ئەو وەختە لێرە هەر یەکەو ڕەئی خۆی دەلێتن، خالّی دووەم لەبەر نامەی کارمان (خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری

شارەوانییەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998. کە لەلایەن حکومەتەوە بۆمان هاتووە، داوا لە لیژنەی کشتوکاڵ و شارەوانیش دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان جێگایان وەرگرن، دانیشن لێرە بۆ خوێندنەوەی راپۆرتیان، لیژنەی یاسایی دوو کەستان بەسە، ئەگەر زەحمەت نەبێ، لەبەر جێگا، کاك رەشاد بۆ نایەیت، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێنرێتەوە بە کوردی و بە عەرەبی لە موناقەشەدا خاڵ بەخاڵ مەشروعەکە بەکوردی و بەعەرەبیش دەخوێنینەوە، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا بدراسة مشروع تعديل قانون إطفاء و إفراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم (3) لسنة 1998 المحال إليها بعد القراءة الأولى له في البرلمان بتاريخ 2006/11/14 واجتمعت اللجنة بتاريخ 2006/12/3 مع ممثلي الوزارات المعنية وعدد من الخبراء والمختصين والملمين بمواضيع الأراضي من الشرائح المختلفة من شرائح المجتمع.

وكذلك عقدت أجتماعاً أخراً بتاريخ 2006/12/5 مع عدد من أصحاب الأراضي والملمين بمشاكل الأراضي في أقليم كوردستان و أطلعت على آرائهم وأفكارهم التحريرية والشفوية وعقدت اللجنة أجتماعها بتاريخ 2006/12/12 بحضور جميع أعضائها عداً العضو السيد قادر سعيد خضر (زانا) الذى كان مجازاً وبعد المناقشات والمداولات المستفيضة توصلت اللجنة بأجماع الآراء الى مايلى:-

1-توصى اللجنة باعادة النظر في القانون رقم 53 لسنة 1976 والقرار رقم 222 لسنة 1977 والقوانين الزراعية الأخرى وإعداد مشروع متكامل لحل مشاكل الأراضي في إقليم كوردستان بضمنها معالجة المشاكل الناجمة عن العقود الزراعية المبرمة بين وزارة الزراعة والفلاحين الذين يتولون زراعتها أو عند شمول أراضيهم بالاطفاء أو اية مشاكل اخرى ناجمة عن ذلك و بالسرعة المكنة.

2-كما توصي اللجنة بتنفيذ معاملات الاطفاء والافراز من قبل الوزارات المعنية حسب الضوابط الواردة في القانون رقم 53لسنة 1976 و القرار رقم 222 لسنة 1977 لحين تشريع قانون خاص بهذا الخصوص كما هو مبين في الفقرة (1) اعلاه من هذا التقرير.

3-كما تقترح اللجنة جعل نسبة التعويض الواردة في المادتين الأولى و الثانية من المشروع كالآتي: 20٪ من مجموع مساحات الأراضي المطفاء حق التصرف فيها و30٪ من مجموع مساحات الأراضي التى تسجل بأسم البلدية.

4-وتقترح اللجنة اضافة مادة جديدة في المشروع المقدم الى البرلمان بخصوص تعديل القانون رقم 3 لسنة 1998 بأعفاء الأراضي السكنية أو التجارية التى تخصص لمالكي تلك الأراضي مقابل أطفائها من ضريبة العرصات لمدة سنتين إستثناءً من أحكام قانون ضريبة العرصات النافذ في الإقليم بعد أخذ رآي وزارة المالية.

5-و تقترح اللجنة اضافة مادة جديدة اخرى الى المشروع بالصيغة التالية:

تسري احكام هذا القانون على كافة معاملات اطفاء وافراز الأراضي داخل حدود البلديات غير المكتسبة قراراتها الدرجة القطعية.

6-وتقترح اللجنة إعادة صياغة ديباجة المشروع وصياغة الأسباب الموجبه لتشريع التعديل.

وتكون الصيغة المقترحة لمشروع القانون بعد قبولها كالآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة 2007**

**قانون التعديل الأول لقانون اطفاء و افراز الأراضي**

**داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998**

المادة الأولى : تعدل الفقرة (2) من المادة الثانية من قانون اطفاء وافراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 وتقرأ كالآتي:

2- يعوض أصحاب الحقوق التصرفية في تلك الأراضي بنسبة قدرها 20٪ من مجموع مساحات الأراضي المطفأ حق التصرف فيها و تسجل باسمائهم ملكاً صرفاً.

المادة الثانية : تعدل الفقرة (2) من المادة الثالثة من قانون اطفاء وافراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 وتقرأ كالآتي:

2- يتم تعويض اصحاب تلك الأراضي عيناً بنسبة قدرها 30٪ من مجموع مساحات الأراضي التي تسجل باسم البلدية وتسجل مفرزة باسمائهم ملكاً صرفاً.

المادة الثالثة: تضاف المادة التالية الى القانون بتسلسل المادة الخامسة(مكررة) و تقرأ كالآتي:

المادة الخامسة (مكررة):

تعفى الأراضي السكنية أو التجارية التي تخصص مقابل اطفاء الأراضي داخل حدود البلديات من ضريبة العرصات لمدة سنتين اعتباراً من تاريخ تسجيلها باسماء اصحابها لدى مديريات التسجيل العقاري المختصة.

المادة الرابعة:

تضاف المادة التالية الى القانون بتسلسل المادة السادسة (مكررة ) و تقرأ كالآتي:

المادة السادسة (مكررة):

تسري احكام هذا القانون على كافة معاملات اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات غير المكتسبة قراراتها الدرجة القطعية.

المادة الخامسة:

لا يعمل باي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون .

المادة السادسة:

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع و رأي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة وأبداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی وەقت كەسب بكەین كوردیەكەی دوایی كە هاتینە سەری خاڵ بەخاڵ دەیخوێنینەوە ئێستا لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی كشتوكاڵ**

ئاماژە بەنووسراوی بەڕێزتان ژمارە(60) لە رۆژی 2006/11/16 بۆ لیژنەكەمان دەربارەی هەمواركردنی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1998یاسای كوژاندنەوەو جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانیەكان، لیژنەكەمان لە رۆژی 2006/11/19 كۆبوونەوەی یەكەمی گرێدا، پاشان لە چەند كۆبوونەوەیەكی ئاساییدا لەگەڵ پسپۆڕانی ئەم بوارەدا دواكۆبوونەوەمان بەم شێوەی خوارەوەیە:

دەربارەی بڕگەی (2) لە ماددەی دووەم پێشنیار دەكەین بەم شێوەیە بێت:

أ-خاوەن مافەكان لە بەكارهێنانی زەوییەكانیان (اصحاب الحقوق التصرفية) قەرەبوو دەكرێنەوە بە رێژەی (15٪) لە كۆی رووبەری ئەو زەوییانەی كە مافی بەكارهێنانی تێدا كوژاوەتەوەو ئەو رێژەیەش وەكو موڵكی سەرف بەناویان دەكرێت.

ب-ئەگەر نەتوانرا بەپێی بڕگەی(أ) قەرەبوو بكرێنەوە، ئەوا بەزەوییەكی هاوشێوەی ئەو زەوییە قەرەبوو دەكرێنەوە یان بەپارە قەرەبوو دەكرێنەوە، بەقەدەر ئەو زەوویەی لە بڕگەی (أ) ئاماژەی پێكراوە.

ج-خاوەن پەیوەندییە كشتوكاڵیەكان و خاوەن عەقدەكان ئەو كەسانەش كە خۆیان بۆ كشتوكاڵ یەكلاكردووەتەوە( المتفرغون) كە زەوییەكانیان تملیك نەكراوە بەڕێژەی رووبەری ئەو زەویانە قەرەبوو دەكرێنەوە كە دەستیان بەسەردا دەگیرێت ئەگەر ئەوەش نەكرا بەڕێژەی (4٪) لەشوێنی خۆیان قەرەبوو بكرێنەوە.

دەربارەی بڕگەی (2) ماددەی سێیەم پێشنیار دەكەین بەم شێوەیە بێت:

أ-خاوەن زەوییەكان واتە موڵكداری سەرف قەرەبوو دەكرێنەوە بەڕێژەی (25٪) لەكۆی رووبەری ئەو زەویانەی كە مافی بەكارهێنانیان تێدا كوژاوەتەوە، ئەو رێژەیەش وەكو موڵكی سەرف بە ناویان دەكرێت، ئەگەر نەگونجا ئەوا بەهەمان رێژەو بەزەوی هاوشێوە قەرەبوو دەكرێنەوە یان بەپارە بەقەدەر نرخی ئەو پارچە زەوییانە قەرەبوو دەكرێنەوە.

ب-لەكاتی قەرەبوو كردنەوەی خاوەن زەوییەكان ڕەچاوی شوێنی ئەو زەوییانە دەكرێت كەبەریان دەكەوێت سەبارەت بە شەقامی سەرەكی و پلەی ئاوەدانكردنەوە بەڕێژەی (25٪)ی رووبەری زەوییەكەیان بۆ مسۆگەر دەكرێت.

ج- هەوڵ بدرێت كەزەوی دەیمی وبەردەڵان ( الصخریة) ئەم یاسایە بیگرێتەوەو زەوییە تەخت و بەراوەكان بۆ كشتوكاڵ بەكاربهێنرێن. لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس لیژنەی شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەروەها ئیعادەی نەزەرمان كردەوە لە ئیشی خۆمان دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی لیژنەی یاسایی، بەو نیسبەیەی كە هاتیە، بەڵام یەك نوقتە حەز دەكەم روونكردنەوەیە بدەم، ئەو دوو بابەتە ئەرزی زراعی صرف و ئەرزی زراعی (مملوكة للدولة، قانونیاً) جیاوازییەكیان هەیە ئەوەی ئەرزی مولك صرفە ئەبوایە بە قانونی ئیستملاك چارەی بكرایە نەك بە قانونی إطفاء من وا دەبینم لێرە تێكەڵاوییەك هەیە لەو قانوونەی، لێرەدا دەبوایە بەس باسی إطفاء بكرایە لەو پرۆژەی روونكردنەوەكەشی بەجێ دێڵم بۆ برا یاساییەكان زیاتر روونی بكەنەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس پێش ئەوەی بچینە سەر گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای إطفاء كەلەلایەن حكومەتەوە بۆمان هاتووە، پاش ئەوەی گوێمان لەڕای لیژنەكان بوو، من دەمەوێ دوو قسە بكەم پێش ئەوەی موناقەشە بكەینەوە، دیارە ئەم یاسایە، كە دەری دەكەین ئەهەمییەتێكی زۆری هەیە، وە پەیوەندی نەك تەنها بەحكومەتەوە هەیە، پەیوەندی بەخاوەن زەوی هەیە، پەیوەندی بەهاووڵاتی هەیە، پەیوەندی بەشارەكە هەیە، پەیوەندی بەتەختیتی شارەكانیش هەیە، هەموو شارەكانی كوردستان پەیوەندی بەفەرمانبەرەوە هەیە بەكەسوكاری شەهیدانەوە هەیە، بەپێشمەرگەی دێرینەوە هەیە، چونكە بەشێكیان هەن تائێستا زەوییان وەرنەگرتووە، بەپێی قانون حەقی خۆیانە زەوی وەربگرن، حكومەتیش ناتوانێت زەوییان بداتێ لەبەرئەوەی زەوی نەماوە، چاوەڕوان دەكاتە ئەو ئەزانێت إطفاء دەكرێتن بەشێكی تەرخان بكاتن بۆ دابەش كردن لەسەر ئەو كەسانەی كە موستەحەقن، لەبەر ئەوەی كە یاسایەك دەردەكەین یان رەئی لەسەر پرۆژەیەك دەدەین دەبێ هەموو حەقایقەكانمان لەپێش چاو بێت، من لێرە دیفاع لە پرۆژەكەی حكومەت

ناکەم لەبەر ئەوەی پڕۆژەی حکومەتە، کاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە قانونێك دەربکەین، هەم قانونەکە عەدالەتی تێدا بێت هەم زەمیریشمان لەگەڵ قانونەکەدا بەکار بهێنین، هەم چەند ئەو قانونە جێبەجێ دەکرێتن، لە رووی عەمەلییەوە لە پێش چاومان بێت، ئێمە نوێنەری میللەتین، کە قانونێك دەردەکەین دەبێ میللەتمان لە پێش چاو بێت، ئەم قانونە کە بۆمان هاتووە لەلایەن حکومەتەوە، پڕۆژەیەکی تازە نیە، بڕیارێکی حکومەتی هەرێم هەیە، قیادەی سیاسی هەیە کە دەبێ قەرارات و قەوانین لە کوردستاندا یەك بخرێت، بەهۆی شەڕی ناوخۆییەوە کەبەداخەوە ئەو دوو ئیدارەیە دروست بوو، چەند ساڵ لەو دوو ئیدارەیەدا قەوانین چەند جیاوازییەکیان تێدا پەیدابوو، نا عەدالەتیەك پەیدا بوو، لەبەینی خەڵکێك لەسلێمانی و ناوچەکانی سلێمانی ژێر ئیدارەی سلێمانی و لەگەڵ خەڵکێك لەئیدارەی هەولێردا، لە هەندێ بواردا ناعەدالەتی ئەو خەڵکانەی گرتەوە، لە سنووری ئیدارەی سلێمانیدابوون، لەهەندێ حاڵەتدا ناعەدالەتی ئەو خەڵکانەی گرتەوە، کەلەسنووری هەولێر و دهۆکدا بوون، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە هاوکاری حکومەت بکەین بۆ ئەوەی ئەو فەرق و جیاوازییە نەمێنێت، وە قەرارەکە نابێت دووجۆر قانون هەبێت دوو جۆر قەرار هەبێت، ئەم پڕۆژەیەی کەهاتووە، بۆ ئەوەیە ئەو جیاوازییەی لەو قانونانەدایە یەك بخرێت، نەك شتێکی تر، پڕۆژەیەکی تازە نیە، لەبەر رۆشنایی قەرارێکی حکومەتە، قەرارێکی رێك کەوتنی هەردوولایە کە دەبێ جیاوازی لە نێوان قەرارەکاندا نەمێنێتن، نوقتەی هەر گەورە کەلەو پڕۆژەیەدا هاتووە، نسیبەکەیە، ئەو ئەرازیە جاران کە إطفاء دەکرا، لە (8٪)بۆ ئەوانەی حەقی تەسەروفیان هەیە مەملوکە للدولەیە لە ئەرازی، لە (8٪)بۆ ئەوان دانرابوو لە (12٪)بۆ ئەوانەی مولکی سورفن لە سلێمانیدا لە( 012٪) بوو بۆ ئەوانی مەملوکە للدولەیە و لە (20٪)بوو بۆ ئەوانەی سەرفن واتە لە سلێمانیدا ئەوانەی إطفاء یان بۆ کراوە نیسبەکەیان زیاتر بوو لێرەدا کەمبووە، ئیستا پڕۆژەی حکومەت کە بۆمان هاتووە، بۆ تەوحیدەکە رەئیەکەی سلێمانی پەسەند کردووە بۆ هەموو کوردستان، یەعنی ئەو قانونەی کەلەوێدا هەبووە( دوازدە بە بیستەکە) کە جەوهەری ئەم پڕۆژەیەیە، وەکو ئەوی لێهاتووە، بۆیە دەیخەمە بەردەم ئێوە کە لیژنەکان موناقەشەیان کردووە هەریەکە ئەگەرچی کە ڕاپۆرتەکانیان خوێندەوە، داوای رێژەیەکی تازەیان کرد، بەداخەوە هیچێك لەلیژنەکان موبەڕیراتی ئەو زیادەیان دەبوایە بەتێروتەسەل بیکەن، بۆ؟ دیراسەتیان هەبێت لەسەر ئەرزی واقیعدا،ئەونیسبەیە قابلی جێبەجێکردنە لەلایەن حکومەتەوە، چ تەئسیرێکی دەبێتن، ئیجابیاتەکەی بۆمان شەرح بکەن بۆ ئەوەی بتوانین دیفاع بکەین، بۆیە من دەیخەمە بەردەمی ئێوە بۆ موناقەشە، بەڵام دەبێ پێشچاومان روون بێت، من دووبارەی دەکەمەوە لەبەر خاتری حکومەت نییە، بەڵام ئەم قەرارە قەرارێکی وەتەنییە، قەرارێکە بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کوردی، قەرارێکە بۆ عەدالەت، قەرارێکە بۆ هاوکاری کردنی تەختیتی شارەکان، قەرارێکە بۆ ئەوەی فەرق وجیاوازی نەمێنێت لەبەینی ئەو کەسانەی کە قانونەکە دەیانگرێتەوە لەسنووری ئیدارەی کۆنی سلێمانی و هەولێر، بۆیە ئەو قسانەم کرد، ئەمە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان نەك وەکو سەرۆکی پەرلەمان، ئەو مەوزوعە دەمێکە موتابەعە کراوە، وەخۆم لەسلێمانیشدا بووم، لە ئیدارەی ئەوێندەر کە جێبەجێ کرا،

ئەو وەختیش بەدیراسەتێکی زۆرەوە ئەو (12-20)ی کەدانرا، دیراسەتێکی زۆر دەقیق کرابوو، لەگەڵ یاساناسان، لەگەڵ پسپۆڕان لەبواری کشتوکاڵیدا، پسپۆڕان لەبواری شارەوانی، چەند سوودمەند دەبێتن، حاڵەتێکی تریش هەیە، کەئەویش هەر وەك شارەزاییەکی خۆم زۆریشتان لەوەدا داهێنەرن، وەختێك پێش رووخانی رژێمی سەدام کە باسی إطفاء دەکرا، خاوەن موڵك دەهات، واسیتەی دەکرد، بۆ ئەوەی إطفاء ەکە نەکرێت، چونکە ئەرز پارەی نەدەکرد، ئەو لە (8٪)ی کە دەدرا بە خاوەن موڵکەکە ئەوانەی کە مەملوکە للدولەی هەیە یان حەقی تەسەروفی یان موڵك سەرفیشە، ئەو لە (8٪ یان لە 12٪ یان 20٪)ەکەش هەرزان بوو، قیمەتی نەدەکرد لەبەر ئەوە پێی وابوو ئەوە کارەساتێکە بەسەریدا دێتن ئەگەر إطفاء بکاتن، وە ئەگەر ئەو زەوییانەی لەپێشی 2003 إطفاء کراون، خاوەن موڵکەکانیان زەرەریان کردووە، زۆریشە وابزانم، دوای 2003 زۆر خاوەن موڵك هەبوو تەمەنای دەکرد، ناڵێم هەمووی إطفاء بکرێت، وە ئەو (8٪) کە ئێستا بۆتە لە (12٪)پێی وابوو ئەو لە (8٪)ی کە وەردەگرێتن، قیمەتەکەی زیاترە لەو لە (100٪)ی کە ئێستا هەیەتی، چونکە نرخ چووە ئاسمان، نرخ فڕی لە دوو دینارەوە بووەپێنج سەد دینار، لەبەر ئەوەی ئێستاکە کە ئەو نیسبەیە دانراوە، عەدالەتێکە لە عەینی کاتیشدا، زوڵمێکی گەورە نیە، لەوەی کەلە ساڵانی 97و 98 دا إطفاء کراوە، چونکە زەمەنەکە جیاواز بوو نرخی بازاڕ کەم بوو، بەڵام ئێستاکە تۆ قەفزەیەك بکەیت جگە لەوەی کە حکومەت، من نامەوێت ببمە وەکیلی حکومەت، وەزیرەکان خۆیان لێرەنە، بەڵام ئیمکان نیە، بتوانێتن ئەوە هین بکاتن سەدان بڕیار دەرچووە بۆ تەوزیع کردنی پارچە زەوی من ئەزانم ئێستا لەکوێیە، لە ڕانیەو ئەوانە هەموویان ڕاگیراون، إطفاء ی تازەببیتەوە بۆ ئەوەی تەوزیع بکرێن، باشە ئەگەر بەو نیسبەیە هینی بکەین کەواتە ئەو خەڵکەی چاوەڕوان دەکەن هەژارن و فەقیرن، ئێمە نوێنەری ئەوانین وەکو نوێنەری هەموو خەڵکیشین، بەڵام زیاتر نوێنەری ئەوانین، چونکە ئەوان هەژارن چاوەڕوانی ئەو هیمەتەی حکومەت دەکاتن پاش إطفاءەکە پارچەیەك زەوی بدرێتێ، تۆ لێرەدا دەستی حکومەت دەبڕی، کورتی دەکەیتەوە کەنەتوانێتن، ئەو بەڵێنانەی داوێتیە خەڵك جێبەجێ بکات، من ئەو مولاحەزانەی کە دەیدەم، وەکو مەسەلەیەکی گرنگە داوای لێبوردنیش دەکەم کە موداخەلە دەکەم پێش وەی نامەوێتن، بەڵام بەداخەوە کە لیژنەکان ئەوەلەن موتەفیق نین، دووەمینیش بەدیلێکیان نیە، شەرحێکیان نیە، هەر موجەڕەد ئەوەیە نیسبەکە زیاد دەکەن، بۆیە ئێستا دەرگا دەکەمەوە بۆ موناقەشە، مادده مادده موناقەشەی دەکەین نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ڕاپۆرتەکەی ئێمە تەفاسیل و شەرح وموبەرڕیراتەکان نانووسرێ، بەکورتی فەقەرەو بەندەکانمان نووسیوە، کە هاتە سەر خاڵەکان ئەوکاتە شەرحی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو، من مولاحەزەیەکم هەبوو دواتر دەتوانی فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا شکیشم هەبوو کە نوقتەی نیزام بێت، بەڵام لەسەر ئیدارەی جەلسەکە لێرە ئاماژە بەچەند یاسایەك کراوەو بڕیاری 76 و ئەوانە، ڕەنگە بەعزێك لەئەندامانی پەرلەمان نەیان دیبێ یان هەر بەبیستن، پێشنیار دەکەم یەکێکی لیژنەی قانونی لەبرادەران ئەو شتانە روون بکەنەوە، پێش ئەوەی دەست بکەین بە موناقەشە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە بەحەقیقەت مەفروزە، ڕاپۆرتەکەش گەشتۆتە ئێوەو پێویستە ئەندام پەرلەمان خۆی موتابەعە بکات، کە ئەوە چیە بەحەقیقەت، دەرگا دەکەمەوە ماددەی یەکەم با بخوێنێتەوە، ئەسڵی نەسەکە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکە وا هاتووە:

بڕگەی (2)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(3)ی ساڵی 1998ی کوژاندنەوەو دابڕدابڕکردنی (جیاکاری)زەوی ناو سنووری شارەوانییەکان هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

2- ئەوانەی مافی بەکارهێنانیان لەو زەوییانەدا هەبووە، بەڕێژەی(12٪)ی هەموو رووبەرەکانی ئەو زەوییانەی کە مافی بەکارهێنانیان (التصرف)تێدا کوژێنراوەتەوە، قەرەبوودەکرێنەوەو، بەناوی خۆیانەوە بەموڵکی تەواوی خۆیان تۆماردەکرێن.

**بەڕێز قادرسعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تعدل الفقرة (2)من المادة الثانية من قانون إطفاء الاراضي داخل حدود البلديات رقم(3)لسنة 1998 وتقراء على الوجه الاتي:

2- يعوض اصحاب الحقوق التصرفية في تلك الاراضي بنسبة قدرها(12٪)من مجموع مساحات الاراضي المطفا حق التصرف فيها ويسجل بأسمائهم ملكاً صرفاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا لیژنەی یاسایی و دواتریش لیژنەی کشتوکاڵ و شارەوانی رەئی خۆیان بدەن، (یعوض اصحاب) بیکە بە مفرد بە (صاحب) بیکە بەمفرد هەمووی غەڵەتە بەجەمع نایەت، هەمووی عەفووم دەکەیت بەکۆمەڵ تەعویز نایەت، (یعوض اصحاب) کە ئەنەهوو بە کۆمەڵ دەکرێتن، بەقانونیش هەر دەبێ بەمفرد بێتن، لە ئەسڵی مەشروعەکە بەغەڵەت هاتییە، دەبێ یعوض صاحب حق التصرف.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی سەبارەت بەماددەی یەكەم بەم شێوەی خوارەوەیە:

ماددەی یەكەم:-

بڕگەی (2)ی ماددەی دووەم لە یاسای كوژاندنەوە و جیاكردنەوەی زەویەكانی ناوەوەی سنووری شارەوانیەكانی ژمارە (3)ی ساڵی 1998 هەمواردەكرێ وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

2-خاوەنەكانی مافی بەسەر ڕاگەیشتنی (حق التصروفية) ئەو زەویانە بە ڕێژەی 20٪ لە كۆی ڕووبەری زەویەكانی مافی بەسەر ڕاگەیشتنی قەرەبوودەكرێنەوە وبەمولكی خۆسەر بەناویان تۆمار دەكرێت.

**بەڕێز قادرسعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الأولى: تعدل الفقرة (2) من المادة الثانية من قانون اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 و تقرأ كالآتي:

2-يعوض أصحاب الحقوق التصرفية في تلك الأراضي بنسبة قدرها 20٪ من مجموع مساحات الأراضي المطفأ حق التصرف فيها و تسجل باسمائهم ملكاً صرفاً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن لیژنەی كشتوكاڵ.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگەی دوو ماددەی یەكەم:

أ-خاوەن مافەكان لەبەكارهێنانی زەوییەكانیان( أصحاب الحقوق التصرفية) قەرەبوو دەكرێنەوە بە ڕێژەی لە(10٪) لەكۆی رووبەری ئەو زەوییانەی كەمافی بەكارهێنانیان تێدا كوژاوەتەوەو ئەو ڕێژەیەش وەكو موڵكی سەرف بەناویان دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمان ماددە پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەكەین، كە بە(20٪) هاتیە نیسبەكەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا من دەرگای موناقەشە دەکەمەوە، رای پرۆژەی حکومەت کە تەوحیدی ئەو دوو بریارە بکرێتن دەبیتە لە (12٪) لیژنەی یاساییش دەڵێت ببێتە لە(20٪) لیژنەی کشتوکاڵ دەڵێن ببێتە لە (15٪) شارەوانیەکان لە (20٪) ناو دەنووسم، فەرمووو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێشنیار دەکەم هەردوو ماددەکە، هەردوو کێشە لەسەر نیسبەکانە، ئەوانەی دەستیان هەڵبڕیوە لەسەر هەردووکیان قسە ئەکەن، بۆیە قسەکان هەردووکی پێکەوە بکرێن، ئەگەر لیژنەی یاسایی هەردوو بابەتەکە، هەردوو ریژەکە ئێستاکە بخەرە دەنگەوە، ئەوە ئاسانتر ئەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیەو ئیحتیفاز ئەکەم بەحەقی قسە کردنیشم لەویٚ، ئەو ڕاپۆرتانەی لیژنەکان کە خوێندرانەوە، دوای ئەوەی ئەسبابی موجیبەی ئەو یاسایە دیار بوو بڕیار درا کەکۆبوونەوەیەکی جەماعی بکرێت لە بەینی هەر سێ لیژنە، ئەو ڕەئیانە هەمووی گۆڕا، جگە لەوەش دوێنێ کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا، دیسان لەگەڵ لیجان نەگەیشتینە هەیچ بڕیارێك، بۆیە بەقەناعەتی من ئەو راپۆرتانەی کە خوێندرانەوە، پێش ئەوەی ئەسباب موجیبە بۆ ئێمە روون بکرێتەوە، ئەوە بەشکلێکی تەوافوقی بووە بەڕاستی، بەڵام دوای ئەوەی ئەسبابەکە گۆڕا، ئێستا لەناو لیجانەکانیش هەمووی ڕەئی جیاجیا هەیە، بۆیە من حەزەکەم تەوجیهی موناقەشەکە بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم ئەگەر نوقتەی نیزامیت نیە، من جارێ مەجالی قسەت نادەمێ، زۆر کەس داوای قسەی کردووە، هەمووشی لەسەر نیسبەیە، لەبەر ئەوە ئەو قسەی کاک شێروان وکاک محمد حکیمیش جێی خۆیەتی، ئیختیاری چەند کەسێك دەکەم قسەبکەن ئەگەر ئیجازە بدەن. کاک جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر نیسبەتەکە قسە دەکەم، خۆی پرۆژەکە چاك هاتووەو نیسبەتەکانیش زۆر چاك دیاری کراوە، یەعنی ئەسڵی مەشروعەکە چاکە، بەس یەك شت هەیە لێرەدا، بۆ تەحدید کردنی ئەو کێشانە کە ئێستاش لەکوردستان بەردەوام ئەو کێشانە هەیە، تەحدید کردنی خاوەنی حەقەکە، رەئیەکم هەیە، لەوانەیە ئەو مەوقیعە کە إطفاء ئەکرێت نەتوانرێت حەقی خاوەن حەقەکەی لێبدرێت، لەشوێنێکی دی بیدرێتێ، ئەگەر

خاوەنی حەقەکە لەناو سنووری بەلەدیە شوێنی درایە، جگە لەو موقاتعانەی کە تجارین لە قەتعەی سەکەنی بۆی دیاری بکرێت،بەس حەقی ئیختیاری هەبێت، ئەگەر حەقی ئیختیاری نەبێت لەوانەیە تۆزێك زەرەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر لە نەسی قانونەکە تەفسیلات هەیە، تۆ پشتگیریت لێکرد لەوێش بە تەفسیلات هەیە، دکتۆر رەمەزان.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رایەکەی لیژنەی کشتوکاڵی دەکەم چونکە بەڕاستی لە قەرەبووکردنەکەدا بەتەفسیلی بەدائیلی قەرەبووی داناوە، بەتایبەتی ئێمە کە ئەمانەوێت قەرەبووی جوتیارێك بکەین، ئەوەیە ئەگەر بکرێت وەکو جوتیار بیهێڵینەوە، بەڵام کە ئێمە زەویمان دایە لە ناو شار، کەواتە ئێمە ئەو جوتیارەشمان لەباتی بەرهەمهێن کردە بەکاربەرێك وبەپێی تایبەتمەندێتی خۆی قەرەبوومان نەداوەو نیسبەتەکانیش شتێکی تەوفیقیە لەبەینی راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی و پرۆژەکەی حکومەتدا، بەڕەئی من زۆر گونجاوەو پشتگیری لێدەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز دەکەم جەنابی وەزیری کشتوکاڵ تەوزیحێك بدات بەینی (الاراضي مملوكة للدولة والاراضي ملك صرف)ئەوەی بەعەقد ئەوە هەندێك برای فەلاح بەعەقد کردوویانە، ئەوەی کاك رەمەزان ئاماژەی پێکرد، ئەوانەی عەقدیان هەیە کە دەڵێ پارچە زەویان بداتێ، ئەوە دوو شتی زۆر جیاوازە، ئەوانەی بەعەقد حکومەت زەوی داونەتێ بەعەقد، دەڵێ برۆ بیچێنە و دوای دەساڵ یان دوازدە ساڵ، یەعنی مولك نیە، پارەی نەداوە تابیکرێ، فەرقی لەگەڵ ئەوی تر هەیە، فەرموو جەنابت شەرحی بکەیت پێم باشترە.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، سوپاس. بۆ ئەڤێ دەرفەتێ، سوپاسی تایبەتی بۆ سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەو شەرحەی کەکردی لەسەر ئەم پرۆژەیە لەدەستپێکی دانیشتنەکە، ئەگەر جەنابت مەجال بەمن بدەی، من حەز دەکەم تەوزیحێك بدەم لەسەر عامی پرۆژەکە، پاشی هەندە دێمە سەر خاڵەکان یەك بەیەك، تەبعەن ئەسڵی پرۆژەکە، ئەو پرۆژەیەی کەئێستا لەبەردەستی بەڕێزتانە، سەربوری دوو ئیدارەیە، ئیدارەیەك لەهەولێر، ئیدارەیەك لەسلێمانی، بڕیارێکمان هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کو تەوحیدی قەرارات بکەین و تەوحیدی ئەو تەشریعاتانە بکەین ئەوی کە هەیە، بەس تەوحیدی بکەین لە ساڵحی هاوولاتی، لە ساڵحی عام، گشتی، یەعنی ئەو موازەنە بکەین چی پتر لە ساڵحی هاووڵاتیە ئەوە ئیختیار بکەین، ئەو قەرارە ئیختیار بکەین، فە لەبەر ئەوە ئێمە کەهاتینە سەر مەسەلەی

ئەوەی إطفاو كوژاندنەوە ئەوەمان بیركردەوە، دیراسەیەكی تێرو تەسەل هاتیە كرن، لیژانی پسپۆڕی وەلە ئەنجومەنی وەزیرانیش دیراسەیەكی موتەكامل هەبوو، تەبعەن ئەگەر ئێمە بچینە خەلفییەی قەرارەكە، خەلفیەك هەیە ئەگەر بچینە ساڵی 1991 ئینتیفازە شتێكی رەمزی هەیە، جەنابیشتان دەزانن ئەوە رەمزیە، لە حكومەتی عێراقی، وەختی خۆی وەمن تەسەور ئەكەم ئەو قانونەش كە هەیە لە عێراق، لەوەختی خۆی لە زۆربەی ولاتانی عەرەبیش نەفسی قانون هەبووە، كە مەنبەعی وی موحتەمەلە، نازانم فەرەنسیە كوێییە، نەفسی نیسەب هەبوونە، نیسەبی رەمزی بوون وای لێكردیە، كە ساحێبی ئەرازییەكەی گەلێ جارا پارا بۆ تەخسیص دەكرد و پارەی خۆشی وەرنەدەگرت تا دەگەڕایەوە بۆ میزانییەی دەوڵەت، دەبووە ئیرادێكی نیهائی لەساڵحی وەزارەتی دارایی، ئێمە هەستمان كرد لەدوای ڕاپەڕینەوە، كە ئەمە زوڵمێكە، لە هاوڵاتی دەكرێت، زوڵمێكە لەخاوەن موڵك دەكرێت، زوڵمێكە لە حەقی تەصەروف دەكرێت، لەبەر ئەوە بیر هاتە كردن شتەكی بكەین، فیعلەن ئەو پرۆژە بوو، ئەو پرۆژە لە دوو ئیدارە بەكار دەهێنران، لە ئیدارەی هەولێر (8 بە 12)بوو لە ئیدارەی سلێمانی( 12 بە 20) بوو، (8 بە 12)ی ئیدارەی هەولێر ساڤ عەرز بوو، ( 12 بە 20) لەسلێمانی لە زمنی وی خەدەمات بوو، یەعنی ئەوی كە موسەبەتە لەلای ئیمە، ئێمە دیراسە كرد، كامی ئیعتیماد بكەین، كامی پتر لە ساڵحی خاوەنی موڵكەكەیە، فعلەن ( 12 بە 20)پتر لەساڵحی هاووڵاتیە، ئێمە ئەوە ئیعتیماد بكەین، و ختوەیەك بەرەوپێش بچین، ئەو ختوەیە ئەوەیە ئێمە كو بكەینە (12 بە 20) وە قتاعی كامل، یەعنی (الاراضي مفرغة) بێ خەدەمات، ئێمە وەكی عەمەلییەی إطفاء ئەو عەمەلییەی كە دەكرێت، تەعویزێكە بۆ متەزەرر، ئان كڕینی زەوییەكە بۆ خزمەتی عام كە موحتاجی زەوییەكەیە، تۆ دەچیت تەقدیری زەوییەكە دەكەی، ئیمە حەتا وەكی پرۆژەیەكی ژمێریاریش، بۆی چووینە بۆ عەمەلییەكەی، لیژانمان دروستكردیە كەوا ئەمە تەقدیر بكەن، كە دۆنمی زەوی بەچەندییە، چ ملك صرف چ ملك كامل، كە بەچەندیە دۆنمی ئەگەر بفرۆشرێت، بەزەوی زراعی بفرۆشرێت، فیعلەن تەقیمەكەمان كرد، ئێستا دۆنم چ موڵكی كامل بێت لەهەندێ شوێن تەقریبەن بەدەفتەرێك دەكڕێت، لە هەندێك شوێن بە دوو دەفتەر دەكڕێت بەس تەقریبەن زیاتر نیە، ئێمە وەكی ئەوەی عەمەلییەی ئیتفای لەسەر دەكەین، ئێمە حقوق تصرفیە چەندی دەدەینێ، 300 مەتری دەدەینێ هەر دۆنمێك، وەمولكی صرف 500مەتری دەدەینێ هی مورەبەع، یەعنی 300 مەتری مورەبەع بە 500 مەتری مورەبەع، ئێستا حیسابی بكە 500مەتری مورەبەع بەچەندی دەچێت، ئەگەر تۆ عەمەلییەی ئیتیفای بۆ بكەی یەعنی صرفەكە تۆ بگۆڕیت، لە زراعی بكەیتە سەكەنی، ئێمە وای بۆ دەچین، بەتەقدیر ئێمە لەهەندێك شوێن، كەلەناو هەولێر 500مەتر بە 7دەفتەریش نادات، یەعنی ئەگەر تۆ تەعویزەكە لەیەك بدەیەوە، ساحێبی موڵك و حقوق تەسەروفیە، ئەگەرتۆ زەوی زراعی بكڕی و هەرزەوی زراعی بهێڵی وتو لێی بكڕی، ئەوی تر تۆ دەكەیتە سەكەنی زۆر زۆر بەرز دەبیت، زۆر زۆر لە قازانجێتیان،جانبی دی تریش ئەوەمان بەنەزەری ئیعتیبار وەرگرت، مەسڵەحەتی عامیش، ئێمە ئێستا وەكو حكومەت موحتاجین وەكو جەنابیشت لەبیدایەت ئیشارەتت پێدا، ئەوان موەزەفن، شەهیدن ئەوانە هەمووی موحتاجی قتعەی

ئەرازین، جانبی دیتر، بۆ خەدەمات بۆ مەدارس بۆحەدایق جانبی سێیەم، بۆ ئەو قانونەی وەبەرهێنان، کەلێرە موسادەقەی لەسەر کراوە، ئەوەش ئێستا تەقریبەن دەستمانی بەستووە، ئێمە ناتوانین حەرەکە لەسەر ئەوە بکەین، ئەو قانونەش قانونی وەبەرهێنانیش بەدوولایەنەو ئێمەش دەیکەین، لایەنێك ئەوانەیە کەبەڕێگەی موساتەحەو ئەگەر پرۆژەی ئیستراتیژی بێت، کەلەمەسڵەحەی عام بێت، لە مەسڵەحەی ئابووری کوردستان بت، ئەوە وەکومەسەلەی تەملیکە، تەملیکیش وەکو دەگوترێت، وانیە کو کراوە بت، هەموو کەسێکی بت داخوازی بکات بۆ تەملیکەکە، نالەسەر چەند فیلتەرێك تێپەردەبت، وە جانبی دی تریش جانبی پرۆژەی ستراتیژییە، لە قانونی وەبەرهێنانیش ئێمە ساحێبی موڵك، یەعنی ئێستا یەکێك ساحێب موڵك بێت، عەمەلییەی ئیتفا لێبێتە کرن، ئان یەك حقوق تەسەروف هەبت لەسەر عەردەك ئێمە ئەوە تەفزیل دەکەین، ئەگەر بێت ئەرزی خۆی وەبەربهێنێت، ئێمە ئەفزەڵیەت دەدەینە ئەو لە خەڵکی دی تر باشتر، جانبی دی ترمن تەسەور دەکەم باسی ئەوەش دەکرێت، کو هەندەك عقودی زراعی هەیە، عقود زراعیە ئەمە مەسەلەیەکی مەحسومە عەقدێکی زراعیە لەبەینی وەزارەتی زراعەو لەبەینی هاوولاتی ئەم عەقدە زراعیە عەمەلییەی ئیتفای لێ وەردەگیرێت، ئێمە قەرارێکمان هەیە لەئەنجومەنی وەزیران ئێمە هەندی مەزروعات لەسەر بت، هەندی مونشەئات لەسەر بت، ئەگەر بە موافەقەتی زراعە کردبت هەموو تەعویز دەکرێت، ئیزافەتەن لەسەر قتعەیەکی سەکەنی لەناو عەردەکە دەدرێت، جانبی دیکەی کە زۆر زۆر من تەسەور دەکەم کە باسی دەکرێت دەڵێن ئەم عەردە لەکوێ دەدرێت، ئێمە دەڵێین لەناو ئەو عەردە، عەردەکەی چیە قتعەی سەکەنی لەو عەردە دەدەینێ، یەعنی بزەبت لەو عەردە، بەس بەشەرتەك ئەوی دەکاتە ساحبی مولك یان حەقی تەسەروف بۆی نیە پرۆژە لەسەر دروست بکات، خارجی تەسمیم، تەسمیمی بەلەدیات چیە بەموجبی ئەو تەسمیمە دروست دەکات، ئەگەر ئەو مەنتقە مەنتقەیەکی سناعی بت، ئو مەنتقە مەنتقەیەکی خەدەماتی بت، دەکرێت ئەوە بۆ تەعویز بکرێت بۆ خاوەنی موڵکەکە، تەعویز بکرێت لەمەنتەقەیەکی تر عەرد بداتن بۆ وی کو زەرەرو زیانی پێنەکەوت، من هەر پێم خۆش بوو، ئەو تەوزیحە بدەمە جەنابی ئێوەو من رجاتان لێ دەکەم، برادەران ئەندامانی پەرلەمان رجاتان لێ دەکەم ئەو پرۆژەی کە ئێستا لەبەر دەستانە ئێمە بلانسەکە ڕاگیراوە لەبەینی مەسڵەحەتی عام و حقوقی تصرفیە ولەبەینی مەسڵەحەتی خاوەنی موڵکەکەو هەمووی بەنەزەری ئیعتیبار وەرگرتیە، من تەسەورەکەم ئێمە ختوەیەك بەرەوپێش چووینەو چونکو ئەوەش لەبیرتان نەچێت، ئەمە تەوحیدی قەراراتە، ئێمە موجەرەد تەعدیلێکمان کردووە، نیسبەی (8) کەمان کردیە (12) و(12)کەمان کردیتە (20) ئێمە تەغیری قانوەنەکەمان نەکردیە، ئەو قانونە هەر هەبوویە، جانبی دی تر ئەگەر رایەك هەبت بۆ تەفاسیل لەموستەقبەل دەتوانن جەنابتان وەکو پەرلەمان پرۆژەیەکی دی لە موستەقبەل تەقدیم بکەن بۆ ئەوەیە لە موستەقبەل عیلاجێکی دی بکەن، جانبی دی تریش وەکو مە بەنەزەری ئیعتیبار وەرمان گرتیە، بە حەقیقەت ئێستا تۆ نیسبەکەت زۆر بەرزتر لێبکەیت وەکی لیژنەی قانونی باسی کردو لیژنەی شارەوانی باسی کردو لیژنەی کشتوکاڵ باسی کرد، پاشینێ ئەو وەختە دەبتە تەفرایەکی زۆر لە بەینی

ئەوەی پێشی مانگێکە ئیتفا بوویەو ئەوی ئێستا ئیتفا دەبت، داخواز دەکەن ئەسەری رەجعی هەبت، ئەسەری رەجعیش تۆ بۆ کوێ دەچیت، ئەسەری رەجعی تۆ بۆ پێشی دوو ساڵ بچیت، سێ ساڵیش داوا دەکات، تۆ بۆ سێ ساڵیش بچیت چوار ساڵیش داوا دەکات، بۆیە من وا تەسەور ئەکەم ئەو وەختە باری حکومەت زۆر زۆر گران ئەبت، گرفتەکان زۆر زۆری لێدێت من وا تەسەور ئەکەم ئێمە هەمووومان زەرەر دەکەین، لەبەر ئەو رجاتان لێ دەکەم، مەشروعی ئێمە چۆن هاتووە هی حکومەت ئێوە موسادەقەی لەسەربکەن و بیڕوێنن و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەو یاسایەدا یەك پێشنیارم هەیە، هیوادارم بەدڵ گوێم لێ ڕابگرن، لەبەر ئەوەی من لەناو ئەرزی واقیعدا دەژیم، ئەو زەوییانەی کە عەقدی زراعین تەقریبەن لەویاسایەدا باسی نەکراوە، کەسێك دە دۆنمی هەیە، لە دەرەوەی شارەوانییەکان عەقدی زراعیە، کەسێك دە دۆنمی هەیە موڵکی صرفە، کەسێکیش دە دۆنمی هەیە مەملوکە للدولەیە، ئایا خەڵك داوا دەکات ئەو زەویانە بکەونە ناو سنووری شارەوانیەکان یان شارەکان گەورە دەبن و زەویەکان قوت دەدەن، شارەکان گەورە دەبن، کە شارەکان گەورە بوون، سنوورەکە زیاد دەکات، کابرا عەقدی زراعی هەیە دە دۆنم بەپێی قانون ویاسا موڵکی دەوڵەتە، ساڵانە دەبێ کابرای جوتیار پارەی ئەو ساڵانە بدات، بەڵام بەڕاستی لەکوردستان وانییە، ئەوەی دە دۆنم عەقدی هەیە یان بیست دۆنم عەقدی بەناوە، بەقانون زەوی حکومەتە دەبێت، ئەو ساڵانە ئیجار بدات، بەس ئەو بەموڵکی خۆی دەزانێت، لەوانەیە خۆی بکوژێت ئەگەر لێی بسەنیتەوە واقیعەکە ئەوەیە، لەبەر ئەوە من پێم باشەو پێشنیار دەکەم، چۆن نیسبەتان داناوە بۆ موڵکی صرف و مەملوکە للدولە، ئاواش بۆ زەوی زراعیش نیسبەتێك دابنێن، چونکە بەڕاستی ئەوانەی عەقدی زراعیان هەیە، کە زەوییەکەیان لێ سەندرایەوە، یەعنی هیچیان لەبەردەستدا نامێنێت، ئینجا ئەوانەی عەقدی زراعیشیان هەیە، لە (80٪)ی زەوییەکان، لە سلێمانی و هەولێرو دهۆك نین، لە چوارقوڕنەن، لە کفرین، لە کەلارن، لە دیانەن بەڕاستی پارە ناکات، کابرا 20 دۆنمی بەدەستەوەیە، لێی دەستێنیتەوە، بەڕاستی حکومەت ئێستا خێری پێ دەکات، دوو سەد مەتری دەداتێ، وەرە لە چوارقوڕنەی 200 مەتر 35 گەڵای دەکات، پشتیوانیش لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییش دەکەم پێشنیارەکەیان تەواوە، چونکی ئەو زەوییانەی کە زۆر پارە دەکاتن، نەماون، لەدەوربەری ناحیەو قەزاو شوێنەکان پارە هەر ناکات، ئەگەر لە (20٪) یشیان بداتێ زۆر نیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من تەوزیحێکم هەیە لەسەر ئەو قسەی جەنابت یەکەم/ ئەوە بەپێی تەختیتی شار دەبێتن، ئەو ناوچانەش کە جەنابت ئاماژەت پێکرد، زۆر ئیحتیمال کەمە ئەوانە بگرێتەوە، کە بەعەقدن چوارقوڕنەو ئەوانە ئەوەی دەیگرێتەوە، زیاتر سلێمانی و دهۆك و هەولێرە، شارە گەورەکانن کە زیاتر موعەرەزن بۆ فراوان بوون، نیسبەی ئەوانەی کە بەعەقدن، کەمن ئەوانەی بیانگرێتەوە، ئەوانەی کە بەعەقدن کرێچین، ئێمە تەوسییەمان بۆ حکومەت ئەوەیە،عادیلانە تەماشایان بکاتن، بتوانێتن بیر لەوە بکاتەوە کرێچی خۆیەتی، لە قانونەکە پێویست ناکات ناوی تێدا بێتن، خۆی عیلاجی کە دەکاتن بەچاوێکی عەتفەوە تەماشای بکاتن، ئەو قتعە ئەرزەی کە دەیداتێ، پارەکەی نیسبەتێك بێتن کەبتوانێت ئیستیفادەی لێبکات، ژیانێکی باشتری پێ بکاتن، هەر ئەوە نەبێت پارچەیەك بێتن، پێنج هەزار دۆلار بکاتن و بەس، یەعنی شتێك بێت خۆیان دەبێ بەنەزەری ئیعتیبار وەریبگرن، عەدالەتی تێدا بێتن، ئەوەی تر بەخوتەی شارەوانی دەبێتن، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من تەئیدی رەئیەکەی جەنابت و رەئی لیژنەی قانونیش دەکەم، ئەو مەشروعە شتێکی باشەو ختوەیەکی باشە، ئێمە موناقەشەی شتێك دەکەین کە مەوزوعی رۆژ نیە و مەوزوعی قانونەکەش نیە، وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی و جەنابیشت فەرمووت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەت دەبڕم ئەگەر تۆ پشتگیری من و لیژنەی قانونی بکەیت، ئێمە دوو رای جیاواز بووین.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پشتگیری جەنابت و جەنابی وەزیر دەکەم، بەڵام ئێمە موناقەشەی شتێك دەکەین، لە گۆڕێ نیە، من رەئیم وایە، ئێمە وەکو خۆتان فەرمووتان تەوحیدی دوو بڕیار دەکەین کە لە دوو ئیدارە دەرچووە، بەڵێ ئەمنیش کۆمەڵێ مولاحەزاتم لەسەر ئەو مولاحەزاتانە هەیە، بەڵام پێم وایە، ئەو قانونەی کەئێستا لە مجلسی وزەرا هاتیە، موافەقەی لەسەر بکەین، چونکە تەوحیدە، ئیقتراح دەکەم پاشی ئەوە لیژنەی کشتوکاڵ، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی مەشروعێك بکەن، دراسەتێك بکەن، موشکیلەی ئەرازی زراعی و ملکی صرف زیاتر بچنە ناو مەوزوعەکەوە، چونکە زیاتر لە سەد ساڵە ئەو کێشەیە هەیە، کۆمەڵێك مەشاکیلی تێدایە، لەبەر ئەوە ئێستا بەرەئی من ئیشمان ئەوە نیە موناقەشەی ئەو

کێشانە بکەین، ئیشمان ئەوەیە ئایا تەوحیدی ئەو دوو بڕیارە بکرێت یان نەکرێت؟ وە ئەوەی لە هەولێر (8به 12) بووە دەبێتە(20) ئەوە هەنگاوێکی زۆر باشە، موناقەشەکانی ترمان هەمووی زیادە، باسی ناوەرۆکی مەوزوعێك دەکەین کەلە مەشروعەکە نەهاتووە، وەختی نیە، بۆیە من پێشنیاردەکەم ئەوە تەئجیل بکرێت لەسەر ئەو دوو خاڵە موناقەشەی کەم بکرێت، تەسدیق بکرێت، ئەوە پاشان بەدیراسەتێك تەقدیم بکرێت، موناقەشە بکرێت و بەمەشروعێکی قانونی تەقدیم بکرێت، حەز دەکەیت با سەد ماددەی تێدا بێت، من خۆم کۆمەڵێك مولاحەزاتم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە باسی عقودی زراعی نەکرایە، باسی موتەفەرغینی زراعی لە نەصی قانونەکە نەهاتیە، بەڵام وەکو ئەرز ئیفراز دەکرێت و دەخرێتە سەر سنووری شارەوانیەکان، کۆمەڵە عامیلێك وکۆمەڵێ خەلکی پێوە خەریکن، ئیش لەسەر مەشروعەکانی خۆیان دەکەن لەوێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت نیزامی نیە. نوقتەی نیزامی نیە شەرحە، کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من نابینم زۆر جیاوازی هەبێ لە نێوان رەئیەکانی لیژنەکان، لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی رەئیان یەکە، تەنها لیژنەی کشتوکاڵ نەبێ، کە لیژنەکان جیاوازی لەرەئیان هەبوو، کە داوایان لێکرا کۆبوونەوە بکەن تاکو سیغەیەکی موشتەرەك ببیننەوە، ئەگەر نەگەشتنە سیغەی موشتەرەك، مانای ئەوە نیە رەئیان ئیلغا دەبێ، هەرلیژنەیەك ئیحتیفاز بەرەئی خۆی دەکات، ئەوە یەك، دوو، من موتەفەقم لەگەڵ جەنابی وەزیر لەسەر ئەو مەبدەئەی کە ئێمە دەبی وەکو ئەندامی پەرلەمان تەوازونمان هەبێت، لە نێوان بەرژەوەندی خەڵك، هەروەها بەرژەوەندی گشتی، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەو نیسبەیەی لیژنەی قانونی و لیژنەی شارەوانیەکان دایان نایە نیسبەیەکە زۆر تەوازنی تێدایە، هەم لە نێوان حقوقی هاووڵاتیان، هەم لە نێوان بەرژەوەندی گشتی، جەنابی سەرۆك باسی ئەوەی کرد کە زەوی نەماوە ئێستا بۆ تەوزیع کردن، راستە زەوی نەمایە، ئێستا بۆ قوتابخانەش نەمایە، بۆ نەخۆشخانەش نەمایە، بەڵام بۆ نەمایە؟ لەبەر ئەوە نیە کە تەوزیع کرایە بەشێوەیەکی عادیلانە، من خۆم دەنگ بۆ قانونێك نادەم کە بزانم بەو شێوەیە تەوزیع دەکرێت، جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە کەلەگەڵ رای لیژنەی قانونیم و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر کەس ڕۆژانە سەر لە ئێمە دەدەن، ئاگادارن بە هەردوو نیسبە (12و لە 20٪) زۆر زۆر پێت خۆشن ئەڤ نیسبە زوو بێتە ئیقرارا کرن، ئەز بێژم نیسبەیەکا گەلەك باشە، ئەگەر ئەدنا زێدە بت، ئیحتمالا هەزاران کەس مەحروم بن، سبەی فتعەی سەکەنی بێتە دابەش کرن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سارا.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حاڵەتەی باسی دەکەم، تایبەتە، یەعنی هەست دەکەم لەو یاسایەشدا، نازانم چارەسەری دەبێ یان نا، ئەو حاڵەتەیە کە حکومەتی کۆنی عێراقی حەقیکی داوە بەهەندێك کەس، بەڵام ڕژێمی بەعس جارێکی تر ئەو حەقەی لێ وەرگرتووەتەوە، بۆ نموونە هەندێ زەوی هەیە، لە ساڵی 1960 بەر بەنداوی دوکان کەوتووە، بەسەنەد تەملیك، حکومەتی کۆنی عێراق تەعویزی کردوونەتەوە، بەڵام ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1982 جارێکی تر ئیتفای کردووە، بێ ئەوەی هیچ بەرامبەرێکیان بداتێ، ئێستا بەحیساب موڵکی شارەوانین، ئەی ئەو خاوەن زەویانە چی بکەن؟. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە مەوزوعێکی تر باسی دەکرێت، بەڵام ڕەبتی بەوە نیە، کاك مەلا ئەنوەر.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا قانونەکە خۆی تەعدیلە، یەعنی باس لەباسی تەعدیل دەکات، بەڵام کەدێیە سەر وی من پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەم ئەوەیە ئەو ئەرزانەی کە دەکەونە سنووری شارەوانیەکان لەبۆ ئیسکان، پرسیار لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئایا تەنها لەبۆ ئیسکانە یان سناعەشە یان بۆکاری تریشە؟ جا ئەگەر لەبۆ سناعە بێت یان بۆ عام بێت لەبۆ هەموو کوردستان، چونکە بەڕاستی بەرچاو ڕۆشن نەبوو، جەنابت باست کرد لەسەر سێ پارێزگاکەیە، ئەدی ئەو شوێنانەی وەکو چوارقوڕنەو شوێنەکانی تری کوردستان، ئایا ئەو تەعدیلە ئەوێش دەگرێتەوە، یان ناگرێتەوە، ئەگەر دەگرێتەوە، شوێن هەیە، لەوانەیە بەیانی نەوتی لێ دەربێت، شتی تری لێ دەربێت، ئایا ئەو خاوەن موڵکەی ئاوا تەعویز دەکرێتەوە، لەگەڵ سەکەنی یان نا، ئەوە خاڵێکە، دوایی حەزەکەم ئەسبابی ئەو تەفاوتەی مابەینی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ وئەوانەی کە هەیە شەرحێك بدرێت، چونکە ئێمە باسمان لەباسی مەسڵەحەتی هاووڵاتیە، بەرژەوەندی هاووڵاتیش بەپێی ئەوەی لە(20٪)بێت بەبۆچونی ئێمە باشترە لەوەی کە (12٪) بێت، بزانین

ئەسبابەکەی چیە لەو تەفاوتەی کەلە قانونەکەو لە بەینی لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵ هەیە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس هەر بۆ تەوزیحێکە ئەوانە، تەبعەن ئێمە وتمان ئەو سێ و چوارە زیاتر دەگرێتەوە، چونکە ئەوسێ و چوارە ئیلحاحە، دەبێ تەوسیعی سنووری شارەوانی بکرێتن، داواکاری هەیە، بۆ دروست کردنی مەعمەل بۆ تەوزیع کردنی زەوی بۆ دروستکردنی باخچە، بۆ دروستکردنی مەکتەب، بۆ تەرخانکردنی زەوی بۆ ئەو کەسانەی وەبەرهێنان لێرە دەکەن، خۆ ناکرێتن هەمووی لەناو شار بیاندرێتێ، ئەوە بۆ هەموو شتێکە، تەنها بۆ شتێك نیە، بۆ مەوزوعی ئەوەی ئەگەر بێت و، لە شوێنێکدا نەوت دەربچێتن، ئەوە لێرەدا موعالەجە ناکرێتن، قانونی نەوت ئەو شوێنانە تەحدید دەکاتن، بەتەئکید ئەو نیسبەیە نابێت، کەسێك دە دۆنمی هەبێت لەو جێگەیەدا بچێت، مەعنای ئەوەیە هەر ئەوەندەی بدرێتێ کەمەو بەتەئکید لەقانونی نەوت، ئەو کات دەبێ موعالەجە بکرێت، ئەوانە فەقەت بۆ ئەو شوێنانەن کەداخلی سنووری شارەوانیەکان دەبێتن، کاك باپیر کامەلا.

**بەڕێز باپیرکاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا کە باس لە کوژاندنەوەی زەوی دەکرێت، قۆناغ بە قۆناغ بەچەند مەرحەلەیەك، کوژێنراونەتەوە، بەڵام وەکو جەنابت باستکرد، لەپێناو داد پەروەری کۆمەڵایەتیدا بێت، بۆ زەوی دابەشکردن بێت، ئامانجەکانیشت ئێستا ئاماژە پێکرد کە زیاتر بە مەبەستی وەبەرهێنانەو بە مەبەستی بنیادنانی کارگەیەو بەمەبەستی خزمەتگوزارییە، بەمەبستی نیشتەجێکردنە، لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، نیسبەتێکی دیاری کردووە، بەڵام بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە بەر سنووری شارەوانیەکان دەکەون، وەکو پێی ئاگادارن پێشتر زەوی کشتوکاڵی چ تەملیك چ عەقد چ تاپۆ هەیە لە نزیك سنوری شارەوانییەکان، بەپێی یاسای ژمارە(90) و یاسای ژمارە(117) ویاسای ئیجاریش کە ژمارە(30) بووە، لە ساڵی 1991 دوای ئابلۆقەی ئابوری کە ڕژێمی بەعس کردوویەتی، ئەوانەی کە باسکراون، هیچیان ئەو پێشنیارەی حکومەت کردوویەتی بۆ کوژاندنەوەی زەوی ئەو جوتیارانە، هیچیان سوودمەند نابن، بۆ؟ ئەو جوتیارانە بەشێکیان ئەوانەی کە دەوروبەری زەوییەکەیان لەدەست نەماووەو، کڕاون، زۆربەی زۆری دەوروبەری شارەکان کڕاون، ئێستا لەدەست جوتیارەکان نین تابەدەستیەوە بێت، لەلایەکی تر ئایا ئەو زەویانە عەقدەکانیان، بەڵام لەحکومەت بەناوی جوتیارەکانەوەیە، ئەوە بۆکێ دەگەڕێتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە لێرە دەێتە پێشێ، ئەوە بۆکێ دەگەڕێتەوە، من جوتیارم زەوییەکەم فرۆشتووە، یان زەوییەکە تەملیکە لەسەرم

بەبێ ئەوەی عەقدەکە لە حکومەت کرابێ، واتە لەدەرەوەی قانون فرۆشراوە، ئەوە کێ دەگرێتەوە، ئەوەی تر کەباس لە قانونی وەبەرهێنان لەدەرەوەی شارەکان بێت، دەبێ بچێت لەسەر زەوی کشتوکاڵی بیکات، هەرکارگەیەك دەکرێتەوە خۆ لەناوەوەی شارەکان ناکرێتەوە، کە یاسای وەبەرهێنان بیگرێتەوە، ئایا ئەوە چۆن تەعویز دەکرێتەوە، ئەو زەوییە کشتوکاڵیە، لێرەدا جێگای نەکراوەتەوە، ئەویش لەچوارچێوەی زەوی کوژاندنەوە یان بەموساتەحە دەیدرێتێ، بەشێوەیەکی ئاوا، ئەوەی تر من پێشنیار دەکەم، بۆ زەوی کوژاندنەوە، بە سێ ئامانج دەیکەین، چ بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بێت، چ بۆ مەبەستی بنیاتنانی کارگە بێت، چ بۆمەبەستی خزمەتگوزارییەکانی وەکو قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئەو خزمەتگوزارییەکانی تر کەباخچە یان شتێکی ترە، یان بۆ نیشتەجێکردن، من پێشنیار دەکەم، زەوی نیشتەجێکردن با ئاپارتمانی بەشێوەی ستوونی لەسەر دروستبکرێت، یەکێك لەمەرجەکانی ئەوە بێت، بەمەبەستی ئەوەی کە زۆر زەوی کشتوکاڵی لە داهاتوودا نەکوژێنرێتەوە، چونکە کۆڵەکەی ئابووری کوردستان کشتوکاڵە، دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم بێت بەوەی کە فەرمانبەرەکانی، یان هاووڵاتیانی ئەوانەی کە نیشتەجێی شارەکانن، لەو شوقە سەکەنیانە جێگایان بکاتەوە، ئەوە ببێتە مەرجێك بەماددەیەك ئیزافەی بکەین، من لەگەڵ ئەو نیسبەتەش کەباس دەکات لیژنەی یاسایی، هیچ موبەڕیڕێکی نەهێناوەتەوە، بۆ ئەوەی کە لە(20٪) ولە(30٪) ەکەی زیاد کردووە، بەمە کۆمەڵێ دەوڵەمەند دەوڵەمەند تر دەکەین، نەك ئەوە بێت تەحدید کراون، ئەوانەی دەوروبەری شارەکان، نەك مەبەستی تەعویز کردنەوەی جوتیارەکان بێت، من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەوەی حکومەتیش کەمتر بێت، لە (10٪) بە لە(15٪) بێت، نەوەك لەوە زیاتر بێت، چونکە ئەوە ناچێتە مەسەلەی عەدالەت لە یەك نزیك کردنەوەی چینەکانە، نەك مەسەلەی عەدالەت تەفاوت بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، وەقتم زۆرتر دایە لەبەر ئەوەی بەناوی فەلاح قسە دەکەیت بۆیە مەجالم زیاتر دایتێ، چونکوم نوێنەری فەلاحانیشیت، حەرەکەکەت وایە، دەنا زیاد لەوەقتت وەرگرت، تەنها ئەگەر جەنابت تەوزیحێکت هەبێت بۆ ئەو چوارەی کە ئێستا قسەیانکرد.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ئیشارەت دەدەمە دوو شت، ئەوانەی کە عقودیان هەیە ئان موتەفەرغ زراعیە، ئەگەر عەردەکە بە بەر ئیتفا کەوت، شوێنێکی ترمان هەبت، مەغروسات و زەرەرەکەی بۆ ئەدەین، بە پارە ئان بەعەرد، ئەوی دی تەعویز دەکەین بە پارچەیەك دی عەرد، عەقدەکەی لەگەڵ دەکەین لەشوێنێکی دی کە، لەحاڵەتێك ئەگەر عەردمان هەبت، جانبی دیتر ئەم بەڕێزە ئیشارەتی پێدا، ئەو عقودانەی کەفرۆشراوە، لەلای ئێمە نەفرۆشراوە، لەلای ئێمە هەر عەقدەکە بەناوی کۆنە، واتە فەلاحە کۆنەکەیە، ئێمە وەختێ عەمەلییەی ئیتفا لێرە دەکەین، ئێمە لەسەر ئەساسی تەعمیمی جەنابی سەرۆکی کوردستان، جەنابی کاك مەسعود

بارزانی تەعمیمێکی وازحی هەیە، نەصی سەریح هەیە، ئەو تەعمیمەش هەموو کوردستان دەگرێتەوە، بۆ ئەوەیە کو ئەو عقودانەی ئەو عەقدانەی کە فرۆشراوە لە بەینی جوتیار بە بەڕانی و لەبەینی خەڵکی تر، ئەو عقودانە موعتەبەرە بە مەلغی و هەر مونشەئاتێکیش لەسەری دروستکرابت، بێ موافەقە دروستکراوە، یەعنی ئەمە مەشمول نین بە عەمەلییەی تەعویزەوە، بە موجبی تەعمیمی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەر بۆ مەعلومات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود( بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بەخۆم ئەندامم لە لیژنەی کشتوکاڵ تەنها یەك تەوزیحم هەیە لەسەر ئەو نیسبەتەی کە بە ڕەسمی خوێندرایەوە، ئێمە سەرەتا کە موناقەشەی ئەو پرۆژەیەمان کرد لە لیژنەی کشتوکاڵ، ئێمە وا حاڵی کراین کەوا حقوقی تەصەروفیە لە (25٪)ی هی حکومەتە، لە (75٪) بۆ خاوەنی زەوییەکە دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی دوێنی موناقەشەکرا لەگەڵ بەڕێزتان دەرکەوت وا نیە، ئەصڵی یاساکە لە (50٪)ی بۆ وەزارەتی مالییەیە، ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە ئەو لە (15٪)یەمان پێشنیار کردبوو کاتی خۆی، بۆیە دوێنی ئێمە کەهاتینە سەر ئەوە لەسەر نەتیجەی موناقەشە، من خۆم پێشنیاری ئەوەم کرد لە(12٪)زۆر باشە بۆ حقوقی تصروفیە بەو ئیعتیبارەی کە لە (50٪)ی ئەرزەکەی لە ئەصڵدا وایە، سەبارەت بەموڵکی صرف، بەڵێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی ئەنجومەن ئەگەر ماوەم بدەیتێ، من بڕکە تەفسلاتی دەدەمێ، لەبەر ئەوەی قانونی (53) بەراستی، جارێ ئەوەلەن قانونی (53) مومکینە هەروەکو پەخشان خان ئیشارەتی پێدا، زۆر وازح نەبی لەکن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو قانونە سێ، چوار مەبدەئی تێدایە ئەگەر مادده یەکەکەی بخوێنیتەوە، تەوحیدی ئەسنافی ئەرازی کردیە لە عێراق، وە ئێمەش لێرە پیادەی دەکەین بەڕاستی، ئەو ئەرازییەی کە أميرية صرف بووە، کە مفوضة بتابو بووە، ممنوحة باللازمة بووە، یان وقف وقفاً غیر صحيحة بووە، یان متروکە بووە، ئەوانەی کردیە بەمولکی دەولە، واتە ئەو تەصنیفە نەمایە، دوو تەصنیف ماوە، الاراضي مملوكة للدولة والاراضي ملكاً صرفاً کە مفوضة بتابۆشی پێ دەوترێت، نوقتەی دوو، ئەگەر ماددەی سێ لەقانونەکە بخوێنینەوە، بە ڕوونی وبەئاشکرایی، عقودی زراعی ناوی نەهاتییە، بەڵام لەو مهیم تر ناوی هاتییە، کە دەڵێت (الاراضي موضعة تەبعەن الاراضي موضعة) فەرقی هەیە لەگەڵ عقود،

عیلاقەیەکی ئیجاری و ئیستئجاریە لەبەینی وەزارەتی زراعە کە زەوییەکە هی خۆیەتی و بەینی ئەو فەلاحە، رەنگە سبەی دوو سبەی، ئیخلال بە شروتەکە دەکات، عەردەکەی لێ دەسەنێتەوە، وەزەعە عەلەیهی سەنەداتی موەقەتی درایتێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ، رەنگە ئەگەر پێنج ساڵەکە تێپەڕی لۆیان تەملیك بکەن، دیسان حەقی فرۆشتنیان نابێتن واتە حەقی ئیتفاشی نییە، لۆیە ئەو دوو فەقەرەیە، خارجی قانونی رەقەم (53)ی ساڵی 1976ەشە، ماددە بێنج ئەگەر بخوێنینەوە، دەڵێت ئەگەر هاتوو، ئەو ئەرزانە ئیتفا کرا، بەم شێوە تەعامولی لەگەڵ دەکرێت ئەگەر هاتوو مەمنوحە لللازمە بوو ساحێب حەق هەقی لە (4 لە 1) هەیە ئەگەر مفوضة بتابو بووە نیوە بەنیوەیان هەیە، ئەگەر مفوضة بتابو بووە لە پێنج دۆنم کەمتر بوو دوو لەسەر سێی هی هاووڵاتییە، وە سوچی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت لێرەدا، بەنیسبەت ئەو قانونە چ عقود زراعی دەگرێتەوەو چ موەزەع علەیهی دەگرێتەوە، ئەوانە خارجی قانونی ئیتفانە، بێجگە لەوەش یەك لەبڕگە موهیمەکانی قانونی بەیع وتصنیفی ئەرازی هەمووی ئیلغا کردیە، بەڵام مەبدەئی تصنیفی لەناو مایە، ئێستاش ئەو مەبدەئە بەکاردێت، ئەگەر هاتوو یەکێك قتعەیەکی سەکەنی هەبوو، چوار یەکی حکومەتی لەناو بوو، ئێستاش لەبۆی تەسحیح صنف دەکرێت لەگەڵ وەزارەتی مالییە، بێجگە لەوەش ئێمە لە لیژنەی یاسایی سێ تەوصیەمان هەیە، کەمن ئەوە جەنابی وەزیر دانیشتیە هەر سێ تەوصیەکە بەگرنگ دەزانم، بۆیە ئاراستەی حکومەت دەکرێت و دەتوانرێت تەعویزی فەلاحین بکرێت، ئێستا ئەگەر جەنابی وەزیر مومکینە خۆشی مەعلوماتی هەیە، زۆر لە عقودی زراعی تەجاوزاتی لەسەر هەیە موخالەفاتی لەسەر هەیە، مەسەلەن عقودی زراعی هەیە، یان عەقدی زراعی هەیە سایەقە یان موەزەفە، موستەخدەمە، ئەوانە هەمووی ئیخلالە بەشروتی عەقدەکە، ئیمکان هەیە، فەسخی عقودی ئەوانە بکرێت، لۆ ئەوەی تەعویزی ئەو ساحێب عەقدانە بکرێت کە برادەران ئیشارەتیان پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان تەنها یەك شت ئەو تەوصیانە کە هاتوون، مەنتقی و مەعقولن، دەکرێ پاشی ئەوەی داوا بکەن وەکو نامەیەك ئاراستەی حکومەت دەکەین، کە ئەو تەوصیاتانەمان هەیەو بەنەزەری ئیعتیبار وەریبگرن، بەدەر لەقانونەکە، تەوصیاتەکان هەموویان لە جێگای خۆیەتی، کاك زرار دەی فەرموو بیڵێ.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر روونکردنەوەکەی کاك شێروان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نیزامی نیە کاکە، شەرحێکی داو پەیوەندی بەمەوزوعەکەی نەبوو، شێخ فتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی لەسەر ئەو تەوزیحەی جەنابت سوپاست دەکەم و تەئیدی ئەو پرۆژەیە دەکەم وەکو لەحکومەت هاتییە، پێشتر من هەرچەند رەئیم وانەبوو، بەڵام تەوزیحەکەی جەنابت هەموو لایەنەکانی ئیجابی وسلبی باسکرد، لەبەر ئەوە تەئیدی ئەو مەشروعە ئەکەم، تەوحیدی دوو مەشروعە، خۆ ناکرێت ئێمە لەلای سەرەوە بچینە خوارێ، ئەبێت بۆ هەوراز بچین، کەواتە لەسلێمانی لێرە هەوراز ترە، مەفروز وایە ئێمەش هەنگاوەکی بەرەو ئەوان بڕۆین، بۆیە پێم باشە ئەو تەوحیدی دوو مەشروعە، شتێکی زۆر پیرۆزە، هی دووەمین، وەکو جەنابت باستکرد، یەعنی هەندەك ئیجابیاتی باشی هەیە، یەك لەوانە ساڵانە بەدەیان هەزار کەس هاووڵاتی داوای زەوی دەکەن، لە حکومەت بۆ نموونە دوێنێ لێرە ئەنفال ئێمە باسمانکرد، کە هەموومان بەموستەحەقی دەزانین، پێویستەو بەواجبی ئەزانین خەڵکی ئەنفال تەعویز بکرێنەوە بە زەوی، ئەگەر زەوییەك لەحکومەتدا نەبێت، ئایا حکومەت ئەو زەوییە لەکوێ بێنێت، لە ئاسمانا بیهێنێت، لە گیرفانیدایە، چۆن بتوانێت خزمەتی مواتنەکەی بکاتن، کەواتە مەسڵەحەتیان تێدایە، ئەوەی کە ئەصڵی مەشروعەکەی هاتییە لەحکومەت من تەئیدی ئەکەم و لەسەر رۆشنایی ئەو قسانەی کە جەنابت تەوزیحەکی باش بوو، سوپاسی جەنابی وەزیریش ئەکەم، مومکینە لایەکی روونکردبێتەوە، کە مەسڵەحەتی مەلاکیشی تێدابێت، بەنەوعێك تەعویز لە شوێنێکی تر، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من دیارە لە پێشدا سەیرم لێ دێت وەزیری زراعە داوا بکات زەوی زراعی نەمێنێت و ئیتفا بکرێت، لەبەر هەرچی مەسڵەحەتێك بێت، بەڕاستی سەیرم لێ دێت، ئەبوایە ئەو زیاتر داکۆکی لەسەرئەوە بکردایە کە ئەرازی زراعی و زراعە لە وڵاتی ئێمەدا بەرەو پێش بڕوات، ئەوە یەکەم خاڵمە،دووەم ئەو خەڵکانەی کە ساحێب موڵکن، دوو جار غەدریان لێ کراوە، لەم وڵاتەدا، یەکەم بەقانونی (90) کە قانونێکی شۆڤینی بووە هاتووە، ئەوانەی کە زەوییان هەبووە، تەبعەن ئەوە ئەنواع مەقاسدی لەدوواوە بووە، وەکو لە ئەسباب موجبەکەدا هاتووە، ئێستا کە بۆتان دەخوێنمەوە، هاتووە ئەم زەوییەی لەو کەسە وەرگرتووە، لە چەند هەزار دۆنم 300 مەتری داوەتێ، حکومەت یەت جارێکی ترلێی ئەسەنێتەوە، تەعویزەکەشی بەموقابیلی ئەوە نیە، من تەئیدی لیژنەی یاسایی ئەکەم، بۆ نیسبەتەکە ئەمە یەك، دووش هیوادارم لەجیاتی ئەوەی تەوحیدی قەراراتی تەوزیعی ئەرازی و ئیتفای ئەرازی بێت، هیوادارم ئێمە قسەکانمان لەسەرتەوحید کردنی وەزارەتی مالییە بێت لەپێش هەموو شتێك، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە ئەمانەوێت چاکسازی بکەین لەو یاسایەدا، وەك جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێکرد، یاسای ئیتفا کێشەی هەبووە، گرفتی بۆ دروست بووە لەو دوو ئیدارەیەدا، لەگەڵ ئەوەش ئەوە لەبەرچاو دەگرین کە پێشتر حکومەت لایەنی ئابووری لاواز بووە، تەنها پشت بەگومرگ و باجەکان بەستراوە، ئێستا وەزعی دارایی حکومەت باشە، هەمووشمان یەك دەنگین کە تەشجیعی کەرتی کشتوکاڵ و فەلاح و ئەوانە بکەین، کە بووژاندنەوەی وڵات و ژێرخانی ئابووین، بۆ فەقەرەی ساحیب حقوق تصرفیە، تەوزیحات بۆ بەڕێزتان، ئەم زەوییە حەقی زەوی وا هاتووە کە موڵکی حکومەتە، بەس حەقی تەصەروف بەهەموو شێوەیەك حەقی فەلاحە، خاوەن زەوییە، ئەمە خاوەن زەوی یان خاوەن موڵك، فەلاحە، هەرکەسێکە هاتووە بەدەلی داوە، لە موڵکیەتیش بۆ بەشەری، کە دەڵێن لە (50٪)ی هی حکومەتە، فەلاحیش شەراکەتی تێدا هەیە، بەشێکیش هی خەدەماتە، ئێمە وەزارەتی کشتوکاڵ کە ئێستا بەتەمای یاسایەکە، بۆ تسوییەو تصنیفی ئەرازی ئەو زەوییانە تەملیکیش بکەن، بۆ تەشجیعی فەلاح, بۆ هاوکاری فەلاح، کەواتە ئەمە حەقی تەملیکیشی هەیە، حقوقی تصرفی و حەقی خدماتیشی تێدایە، ئەم زەوییانە بۆ تەشجیعی فەلاح، بۆ هێشتنەوەی ئەو خەڵکانە، ئەو ڕێژەیە ئێمە وەکو (خير الامور أوسطها) لەبەینی حکومەت و لیژنەی یاسایی ئێمە ئەو وەسەتەمان هەڵبژاردووە، موناقەشەشی تیا کراوە دوێنێ، گەیشتۆتە (14)دەش لەبەینی لیژنەکاندا نزیك بووینەتەوە، جا مەبەستم ئەوەیە صاحب حقوق تصرفیە، بەشی تەملیکیشی تێدایە، چونکە چەند ساڵە تصرف لەو زەوییە دەکات، شەریکە لەگەڵ حکومەتدا، بۆ ئەوەی عەقدی زراعی و موتەفەرغین، دووشت هەیە عقدی زراعی ئیتفا شمولی ناکات، تەملیك هی وەزارەتی مالیە و حکومەتە، تصرفی زراعی و سەکەنیش هی فەلاحە، بەڵام یەك شت هەیە، ئیدارەی سلێمانی ئەوەی پێنج دۆنم بەرەو سەری هەبووە، قتعەیەك زەوی پێداوە، نازانم لێرە چۆنە، بۆ عقد بەڵام شتێکی تر هەیە، موتەفەرغین کە خەرج بووە، خەریجی زراعە، سناعە بووە، خۆی تەفروغ کردووە، بۆ زراعە، نەچووە تەعین بێ و مەعاش وەربگرێ، حکومەت بیست دۆنمێکی پێداوە، چووە مەشروعی دروستکردووە، دەواجنی دروستکردووە، پەروەردەی هەنگی کردووە، چووە ئەو ئیشانەی کردووە، لەسەر پارچە زەوییەکەی، تەفەروغ بووە، بەشێك لەوانە بەیاسای ساڵی 1980 بۆشیان تەملیك کراووە، بۆ موتەفەرغین، هەندێکیان تەملیك نەکراووە، ماوەتەوە، خۆیان تەفەروغ کردووە، تەعین نەبوون، ئێمە دەڵێین ئەوانە، بە ئیستسنا کە مەشروعیان هەیە، مەشاریعیان هەیە، لە (4٪)مان دیاری کردووە، بۆ ئەوانە کە تەعویز بکرێنەوە، بەڵام بۆ عەقدەکانیش وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی پێکرد، لیژنەی یاسایی ئێمەش پرۆژەیەك بنووسین، بۆ هاوکاری خاوەن عەقدەکان ئەگینا عەقدی ئیتفا شمولی ناکات، ئەوە پێشنیارەکانی ئێمە بوو، بۆ چاو ڕۆشنی جەنابتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عادل.**

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا تەوزیحێکم هەیە، ئەگەر ئێمە بچینەوە بۆ مێژووی زەوی لە عێراقدا، چوار جۆر زەوی هەبووە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە، امیریة، امیریة صرف، مولك، امیریة مفوضة بالطابو، امیریة ممنوحة باللزمة، ئەم چوار زەوییە، کە ئێمە بێین باس حەقی تصروف ئەکەین، ئەگەر قانونەن تەماشای حەقی تصروف بکەین، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ مولکی صرفا، یەعنی شتەکە تەنها شکلیە، کاك شێروان ئاماژەی بە قانونی (53)دا، راستە زەوی لە عێراقدا کرایە دوو صنف، مملوکە للدولە، و ملك صرف، یەعنی بەراستی ئەگەر سەیری حەقی تصروف بکەین، تۆ بەدەیان پشت ماوەتەوە، حەقی هەیە بیفرۆشێت، حەقی هەیە رەهنی بکات، حەقی هەیە ئیستیغلالی بکات، یەعنی لەگەڵ مولکی صرف جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە قانونیەن تەنها شکلیە، راستە ئەو قانونەی (53) هاتووە باس لەو دوو صنفە ئەکات، بەڵام لەدەوائیری تاپۆ بەهەمان نەوع ئەنووسرێتەوە، جا بۆیە ئێمە لە کاتێکدا کەباس لەحەقی تصروف ئەکەین، حەق وایە جیاوازییەکی نەهێڵینەوە لەگەڵ مولکی صرفدا، بۆیە من تەئیدی رای لیژنەی یاسایی ئەکەم، کە ئەو رێژەیە، لە (20٪) بێت، وە لێرە هاتووە باس ئەکات ئەڵێ لەو زەوییەی بدەنێ، لەبەر ئەوەی ئەو حەقانە، ماوەیەکی زۆرە درێژەی هەیە، رەنگە وەرەسەکانیان هەزار کەس بێت، حەق وایە ئێمە لەجیاتی ئەوەی تەنها بەزەوی بنووسین حەقە بنووسین عەینەن ئەو نەقدەن، بۆ ئەوەی سەرپشك بێت، لەوەی کە کامیان هەڵدەبژێرێت ئینجا ئێمە دەزانین فەلسەفەی نەزعی مولکیە، مەنفەعەی عامە، یەعنی حەقە ئێمە لێرە بەو قانونە بتوانین، ئەوە تەحدید بکەین، ئینجا ئەو موبەڕیرە لە سوڵتەی ئیداری بسەنینەوە، ئایا ئەگەر هاتوو، زەوییەك، نەزعی مولکییەی کرا، بەناحەق یان موبەڕیری نەبوو، شارەوانی کێ هەیە حیمایەی ئەو خاوەن حەقی تصروفە بکات، حەقە ئێمە ئیشارەت بەوەش بدەین دادگایەکیش هەبێت حیمایەی ئەوان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت من ئەو پرۆژەیە دەبینم پێشکەوتنێکە، یەعنی ختوەیەکی موتەقەدیمە لە پرۆژەکانی دیکە، بزەبت لە مەسڵەحەتی عامدایە، ئێمە بەهەموو شت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتینە، بۆیە من تەئیدی پرۆژەی حکومەت دەکەم، (12بە 20)ەکە، بەڵام هەندێك تەوزیحاتم هەیە، یەکەم ئەو تەزوزیحاتانە ئەوەنە، حکومەت کە ئەیەوێت تەوسیعی شار بکاتن، باشتر ئەوەیە بەرەو زەوی صەخەری بچێتن، نەك زۆرتر زەوی زراعی بەنەزەری من ئەمە بەئیعتیبار وەربگرێتن چونکە، ئێمە بونیەی تەحتیمان نیەو، ئینتاجی زراعیش یەکێکە لە تەنمیەی ئیقتصادی بەشەری کە ئێمە زۆر پێویستیمان پێی هەیە، لەبەر ئەوە چەند دەتوانن با

بەرەو ئەو لایە بچن و، زۆرتر خزمەتی حکومەت و ئێمە و هەموو چینەکان دەکەن، دووەم، ئەو نیسبەیەی کە جەنابی وەزیر گوتی سافیە، باشترە ئەو نیسبەیە لە هەمان زەوی بدەنێ، چونکە بڕگەی چوارەم وا دێتن کە حکومەت حەقی هەیە، لە جێگەیەکی دیکە بیدەنێ، تا ئێستا زۆر کەس مەغدور بوونە، چونکە ئەو زەوییە کە تەعویزیان کردیە، هەمان قیمەتی نیە و هەمان ئەو قیمەتەی بەرناکەوێت و زەوی خراپترن، دوو، زەرووریە حکومەت بەنەزەری ئیعتیبار وەری بگرێت مەوعدی، وەقتی موحەددەد هەبێت بۆ ئەو تەعویزە، چونکە ئێستا زۆر کەس هەیە، ئیتفای زەوی کشتوکاڵی بووینە، سێ ساڵ چوار ساڵە تەعویزەکە نەکرایە، من پێم باشە بۆ مەسڵەحەتی عام بێت چونکە زۆر زەوی هەیە، لە زمنی قانونی وەبەرهێنان، بۆ سوپەرمارکێت وئەوانە هاتییە بەتەسەوری من ئەمە مەسڵەحەتی عام نییە، بەقەدەر ئەوەی کە نەخۆشخانەن، قوتابخانەن، یان ڕێگاو بانن، خاڵێکی دی ئەوە باشە، زەوییەکە بۆ تصرفی من زۆر نزیکی کاك عادل بم، چونکە ئەو حقوق تصرفیە هەیە، نەحکومەت دایە، نە ئیجارە، نە عقدە، بەڵام بە تەعاقوبی زەمەن، باب لەسەر باب ئیستخدامیان کردیە، تەسویەکە نەگەشتیە هەتا بەساڤی ببێتە مولك، ئێمە هەموومان دەزانین زەوی لە کوردستان بویتە مولك، یان لە عێراق هەمووی بویتە مولك، هەر لە عوسمانیەکان و لە حکومەتی بەریتانی، چون ئەو زەوی لەسەر ناوی خەڵك تاپۆ کرن و لەسەر ناوی هەندێکی تر تاپۆ نەکرن، بۆیە هەندەك مەحروم بوون، ئێستا زۆر جێگە هەیە، ڕەنگە دوو پارچە زەوی بیتن، جیرانەکە دەوڵەمەند بووە، یان موتەمەکین بووە تاپۆی کردیە، ئەوی دیکە فەقیر بوویە، دەسەڵات نەبوویە، نەیتوانیە بیکاتە مولك، ئەمەش غەدرەکە لەسەریان دەبیتن، باشە حکومەت، زوو ئەو قەزیە چارەسەر بکاتن، بەتایبەت لە دەڤەری ئامێدی، هەر لە ئامێدی بگرە هەتا دەچێتە ناو ڕێکان تەسویە نەبوویە، ئیتر مەشاکل هەنە، ئەو خەڵکەی دەسەڵاتی هەبوویە، یان ئیمکانیات هەبوویە، توانیە بەمولك بکاتن و ئەوی دی بەمولك نەکاتن، لێرە غەدرەکە بوویتە لەسەریان زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەم هەبوو لە شرۆڤە کرنا وەزیرێ هاتە دەستنیشانکرن، هاتە روونکرنا بۆ من ئەز پشتگیریا پرۆژەێ حکومەتی دەکەم، کە وەکو خۆی هاتییە، ئەڤان بەڕێزی دی لە سێ لیژنەی دی نەشیا موبەڕیرێك ڤەوی دێینەت بۆ ڕێژەت وانا کو دگەل وان ڕێژەت بی، بەس لێرە شتێکی دی هەیە، من دەمەوێ لێرە لەسەری بدوێم، ئێمە باسی تەعویز دەکەین بەس لێرە بەری کو قانونا ئیتفا ژ نەهاتبا بەرێ مە لە قتاعی زراعی دڤەت ئێمە پێناسە جوتیاری کربا، پێناسەیا جوتیاری لێرەدا زۆر زۆرا گرنگە بۆمە چونکی بەڕاستی کێشەیەن عەردی گەلەك و گەلەك زۆرن، بەتایبەتی بەحسێ دەڤەرا سلێڤانیە دەکەم، دەڤەرا سلێڤانەیا لە ساڵا 90دا خەڵکی ڤا برەکی بویتە جوتیار ئەڤە وی چەندی لە حقوقێ وی دێتە خوارنێ ڤێ کافکی دەمێ، هەندەکش مەنتقا سلێڤانەیا بۆ ئێتە ئیفراز کرن، بۆ مەنتقەی صناعی کاردت ئێش گەلەکش وانا تاکو حەیاتا خۆ دەروت ڕۆژەکیش جوتیاری نەکریە، یە بوویە جوتیار وەکی ڤی کەسی سی ساڵا چڵ ساڵا

جوتیاری کریە، وەکی وی دێتە تەعویز کرن، ئەڤەش نەبەرژەوەندی وان لەوانەیە ڤێ لێرە پێت ڤیە حەقی وانە بێتە وەرگرتن و، پێناسە جوتیاری بێتە کرن، نەك ڤی سالا 90 ی پێشتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

توخوا پەلەی بکەن پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش لەگەڵ رەئیەکەی جەنابتام کە ئەم یاسایە، نەك یاسایەکی زۆر زۆر گرنگە بەڵکو یاسایەکە پڕە لە تەعقیدات، بەهۆی ئەو تەعقیداتەی کە بەسەر ئەم کێشەیا هاتووە لەحکومەتەکانی عێراقی پێشوو، حەتا خۆشمان یەعینی، واتە لەحکومەتی خۆماڵی خۆشمانا، عموومەن تەعقیداتێکی زۆری بەسەرا هاتووە، ئەم یاسایە بەڕاستی ئینسان شعور بە مەسئولیەتێکی گەورە ئەکات، بەدرێژایی ئەم فەترەییەی لە بەردەستدا بووە، چونکە هەر ئێمە ناگرێتەوە، یەعنی من وای تێئەگەم جیلی دوای ئێمەش ئەگرێتەوە، من پێش ئەوەی بێمە سەر دوو ماددەکە، دڵە ڕاوکێیەکم هەیە، لە تەوسیعی شارەکان، ئەمە کاریگەری چۆن نەبێت لەسەر کشتوکاڵ، لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی کشتوکاڵدا شتێکی تیایە کە یەعنی بەرەو ئەرازی صەخەری تەوسیعەکە بکرێت، لام وایە ئەوە باشە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، ئەگەر ئێمە سەیرێکی وەزعی خۆمان بکەین، لە رووی بنەمای ئابووریمانەوە بەتایبەتی کشتوکاڵ، بەڕاستی لە عەینی وەختیشدا من بیر ئەکەمەوە، ئەکرێ کە تەصمیمی شارەکان و قەزاکان، بۆ نیسبەتەکەش یەعنی چۆن من مونحازم بەلای خەڵکی هەژارو عەینی شت من مەسڵەحەتی خاوەن موڵك فەرامۆش ناکەم، پێم وایە ئەو نیسبەتە بەو سیغەی کە ئێستاکە روون بووەوە، ئەو لە (12٪) بەنیسبەت ئەرازی ماددەی یەك ئەگەر بە موتەکاملی بێت، بێ خەدەمات و بەبێ ئەوە، من پێم وایە ئەو نیسبەتی لە (12٪) باشە، وە نیسبەتی لە (20٪) عەینی شت پێم باشە، بەڵام مولاحەزەیەکم هەیە یەعنی باشە فیعلەن ئاگادار بین، کە حکومەت بۆ مەنفەعەی عامە بەکاری بهێنێت، چونکە بەڕاستی گلەیی و گازەندە زۆرە لە موناقەشەی مەوزوعەکەشدا قسە زۆر دەکرێت، من لە ئەسڵی قانونەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر کەس دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم یاسایەی کە ئەمڕۆ ئێمە موناقەشەی ئەکەین و لەبەر دەستماندایە، هەرچەندە ئەمە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 1998 تە، بەس لە حەقیقەتدا، ئەمە یەکخستنی دوو یاسایە، کە دوو یاسای جیاوازە، بۆیە من پیم وایە ئەو ڕێژەی کە دیاری کراوە، کە ئێستا (12 بە 20) (12) بۆ مفوض بتاپۆیە و (20)یش بۆ تاپۆیە، من پێم وایە لە جێی خۆیەتی بەتایبەتی ئەگەر تەماشای بکەین،

نەك تەنها هەنگاوێك بەرەو پێشەوەیە حەتا لەسەر ئەوەی سلێمانیشە كە كراوە، چونكە لەوێ ئەگەر (12 بە 20) بێت صافی نیە، ئەمە صافییەكەیەتی وەكو لەیاسای ژمارە (2) ساڵی 1998دا هاتووە، بۆیە ئەو بۆچونانەی جەنابت و ئەوەی جەنابی وەزیرو ئەوەی كاك شێروان باسیكرد، من پشتگیری ئەوە ئەكەم ولەگەڵ پرۆژەی یاساكەم كە حكومەت ناردوویەتی، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس زۆر باسكرا، بەڵام قسە دەدەمە كاك عوسمان، عوسمان بانی مارانی چونكە سەرۆكی فراكسیۆنە فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو قانونە زیاتر هەڵدەگرێت، حەقە بەتێروتەسەلی رێگەی هەموو ئەندامان بدەی قسە بكەن، مەقسەدم ئەوە بوو، نەك وەكو فراكسیۆن رێگەم بدەی قسە بكەم، حەقی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە، بەكەیفی خۆیان قسە بكەن، چونكە مەسەلەیەكی گرنگە، ئەوەی لە یاسای حكومەت كە باسی دەكات، دەڵێن بۆ تەوحید كردنی ئەو دوو یاسایە ئەگەر وایە، جەنابیشت باستكرد، روونكردنەوەیەكت لەسەردا، فیعلەن مەنتیق بوو قسەكانی جەنابت زۆر باش بوو، بەڵام ئەگەر وایە حەقە بەتەنها ئەو دوو یاسایە بدەینە دەنگدان، ئەوەی سلێمانی دەنگبدەین یان ئەوەی ئێرە، یان ئەو دوو یاسایە تێكەڵ بكەینەوە، ئەگەر مەسەلەكەی تریشە، مەسەلەی زەوی بەڕاستی خاوەن زەوی ئێمە غەدرمان لێكردییە، وەكی ئەو پرۆژەی لەحكومەت هاتییە غەدری لەسەر كەمە، یەعنی لە (12٪) كەمە، چونكە وەكو كاك عادل باسیكرد، حەقی تصرف وەكی تاپۆیە، دوایی قانونی ئێمە، یاسای ئێمە ئێستا لەحكومەت، ئێمە مادام یاسای وەبەرهێنانی زەوییمان كردییە، ئێمە ئەو زەوییەی كە لە مەلاك دەیسێنینەوە و دەیدەینە وەبەرهێنی بێگانە لەسەری تاپۆ دەكرێت، خاوەن موڵكەكەی خۆمان بۆ وەبەرینەهێنێت، بۆ لۆ وی نەبێ بۆ لۆ وەبەرهێنی بیانی بێت، بەڕاستی ئەوە غەدرێكە ئێمە لە فەلاحی دەكەین، ئەگەر لۆ بەرژەوەندی گشتی بێت، فیعلەن وایە ئەوەی جەنابتان وتتان، پرۆژەی حكومەت زۆر باشە، بەڵام ئەوە لۆ بەرژەوەندی گشتی نییە، خاڵی دووەم باسی ئەوە دەكەن، كە عەقدی زراعە ناگرێتەوە، چۆن نایگرێتەوە، بەپێی گەشەكردن وگەورە بوونی شار، ئەو عەقدە زراعییانەی دەرەوەی شار هەموو قوت دەدات، یەعنی ئێستا لەو یاسایە هیچ شتێك بۆ جوتیار دانەنراوە، هیچ خاڵێك شمولی جوتیار ناكات، چونكە جوتیار حەقە ئەوانە لەیەكتری جودابكرێنەوە، ئەوەی تا ئێستا زەرعی دەكات، وەكو ئەوەی بەرهەمی زراعی لێ بەكاردێنێ جیا بكرێتەوە لەگەڵ ئەوانەی كە فرۆشتیتیان، ئەو جوتیارانە كە هەموو وەكو ئەڵێن بەوەرەسە وای لێهاتییە، من لە زۆر لادێ دیتیتم ئەو عەقدە زراعییانە بوویتە وەرەسەو دابەشیش كرایە، یەعنی لەبەینی منداڵەكانی خۆیان هەمووی دابەشیكردیە، وەزارەتی كشتوكاڵ نازانم چەند زانیاری هەیە لەو بارەیەوە، بەڵام ئەو عەقدە زراعییانە وەكو وەرەسەش دابەشكرایە، یەعنی زۆر خێزان هەیە وەكو بت بەو زەوییانەوەن، حەق نییە ئێمە حەقی

فەلاح بخۆین، لەبەر ئەوە بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی زەوی لە وڵاتی ئێمە ئێستا لەبەرژەوەندی گشتی نییە لەبەرژەوەندی سەرمایەدارە، مادام لەبەرژەوەندی سەرمایەدارە، حەقە ئێمە پشتی فەلاح و خەڵکی زەحمەتکێش بگرێن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە فیعلەن پرۆژەی ئەو یاسایەی کە لیژنەی قانونی باسی لە (20) دەکەن پشتگیری لێ دەکەم، لە جێی خۆیتی، حەقی خۆیانە لە (20) بدرێتە خاوەن موڵکەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆت باستکرد تۆ تەعبیر لە خۆت دەکەیت، لەسەرۆکی فراکسیۆن ناکەیت، خۆت باست واکرد، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبداللە محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا ماددەیەکمان هەیە لەسەر حقوقی تصرفی قسە ئەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە زۆر قسەو موناقەشەتان کرد، بۆیە بە کورتی قسە بکەن فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی برای بەڕێزمان کاك شێروان باسی کرد، وتی راپۆرتەکەیان هەڵوەشاندەوە، راپۆرتەکان هەڵنەوەشاونەتەوە، راپۆرتەکان وەکی خۆیانماینەتەوە، بەڕێزیشی وەکو هەموو ئەندامان و بە تەوافق هەموومان ئیمزامان کردووە، رایەکەش مەوجودە، ئێمە لە کاتێکدا پێشنیارمان کرد، کە هەرسێ لیژنەکە ئەگەر بێت وبەتەوافق رێك بکەوین، (14 بە 24) ئێمە تەنازول لە رەئییەکەی خۆمان دەکەین وەکو لیژنەی یاسایی، بەڵام ئەوە نەکرا بەداخەوە، کەدەبووایە بکرایە و رێك بکەوین، سەبارەت بەوەی کە زۆر ئاماژە بەوە کرا، کە لیژنەی یاسایی هیچ بنەمایەکی نییە، (20 بە 30) رێژەکەی داناوە بەڕاستی ئەو مەسەلەیە وانییە، ئێمە دوای ئەوەی کە ئیستیعانەمان بە کۆمەڵێك لە شارەزاو پسپۆڕ کردووە، لە بواری کشتوکاڵدا ئینجا ئەو رایە لای ئێمە گەڵاڵە بووە، سەرباری ئەوەی کە لە دەستووردا ئێستا مولکیە موقەدەسە، مولکیە وەزیفەی کۆمەڵایەتی نییە، ئێستا مەنهەجی ئیشتراکی کۆن نەماوە، مولکیە موقەدەسە ئەبێت لە نیزاعی مولکیەدا رەچاوی ئەو شتە بکرێتن، هەروەها لە هەمان کاتدا ئێمە وەکو یاساناس ئەوە زۆر چاك دەزانین، مولك صرف وەکو حقوقی تصرفی نییە، ئەصڵەن مولك صرف ئێرە جێگای نییە، ئیتفا نایگرێتەوە، دەبوایە بەپێی قانونی ئیستملاك، ئیستملاك بکرایە، نەك لێرەدا جێگای بکرێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ کە هاتووە، ئێمە ویستمان مەسەلەکە بە ئاسایی بڕوێنین، لەهەمان کاتدا ئەو رێژەییەی زیادی کردییە، ئێمە بەڕاستی رەچاوی ئەوەمان کردووە، حکومەتی هەرێم وەکو ئەو کاتە نییە پێشی رووخانی رژێم کە حکومەت ئیعتیمادی لەسەر گومرگەکان و لەسەر باج و داهاتی باجی زەوی و زار ئەکرد، ئێستا

حکومەتی هەرێم وەزعی زۆر زۆر باشە لەرووی ماددیەوە، حکومەتی هەرێم ئێستا نیسبەیەکی زۆر چاکی هەیە لە بودجەی حکومەتی مەرکەزیدا، لەداهاتی نەوتدا، بۆیە ئێمە ئەو رێژەیەمان پەسەند کردووە، بەڵام ئێستاش ئەگەر بێت لەگەڵ لیژنەکانی تر رێك بکەوین، وەکو لیژنەی یاسایی هەمان ئەو پێشنیارەی پێشوومان جارێکی کە دووبارە دەکەینەوە، ئەگەر رێك بکەوین لەسەر ئەو رێژەیە لێرەدا ئێمە (14 بە 24) وەکو لیژنەی یاسایی دەتوانین سەحبی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر قسە کرا ئێستاش دکتۆر کەمال بە کورتی دوو قسەتان بۆ دەکات، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ویستم روونکردنەوەیەك بدەم، ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر زۆر پێویستیمان بەتەختیتی عومرانی هەیە، ئەویش کاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە بۆ چەسپاندنی نیزامی موئەسەساتی پێویستە ئەوە بکرێت، شاریش هەر لەو قەوارە تەسکە نامێنێت، گەورە ئەبێتەوە، پێویستە حکومەت دەستی کراوەبێت لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، هەندێك ئیشارە کرا کە جوتیار سوود لەوە نابینن، بە عەکسەوە هەزاران کەس لەجێگەی یەك کەسو دووکەس سوود لەو بڕیارە دەبینن، ئەگەر بێت وئەو فەلاحانەی کە خاوەنی ئەو زەوییانەن و عەقدیان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ هەبووە جاران، ئێستا کامییان لە دەوروبەری هەولێر، سلێمانی، دهۆك ئەو زەوییەیان لەدەستە هەمووی خەڵکێکی بەتوانا لە زروفی ئێستسنادا بە پارەیەکی کەم لێیانی کڕیوە، بۆیە ئەمە لەبەرژەوەندی جوتیارە، چونکە بەپێی ئەم بڕیارەش سوودەکە ئەو بەشەی کە بۆی تەرخان دەکرێتن، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو برا جوتیارانە، دوویش لە هەمووی موهیم تر ئەوەیە کە تەوحیدی دوو بڕیارە، بۆیە گرنگە ئەگەر ئێمە، لێرە لەسەری موافەقە نەکەین، ئەگەڕێتەوە بۆ بڕیارە کۆنەکە، لەوێ هەم دیسان جوتیارەکان زەرەر دەکەنەوە، کە ئەوەی خەڵکێکی بەدەستەڵات ئێمڕۆ ئەو زەوییانەی داگیر کردووە، ئێمەش لێرە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، نوێنەری چینی هەژارو لێقەوماوین، پێویستە وا کار بکەین مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، ئێستا زۆری وا بمێنێتن کەس ناڕواتەوە سەر زەوییەکەی خۆی، چونکە فرۆشتوویەتی یەکێکی سەروەت مەند بۆ خۆی لەسەری فیلەیەکی گەورەی کردووەو، نە زراعی سودی لێ دەبینێ، نە فەلاح فایدەی لێ ئەبینێ، خەڵکێکی بەتوانا سوودی لێ ئەبینێ، بۆیە بەلای من گرنگە ئەو پرۆژەیەی کە لە حکومەت هاتووە جێبەجێ بێت ( 12 بە 20) ئەگەر بێت و بکرایە کەمتریش بوایە باشتر بوو، بەڵام مادام پرۆژەکە هی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، وەکو خۆی بێت وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا کەس خاتوو نازەنین وەزیری شارەوانی، فەرموو.

**بەڕێز نازەنین حمد وەسۆ/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**وەڵڵا من ویستم هەر روونکردنەوەیەك بدەم، لەبەر ئەوەی ئەو زەوییانەی کە ئیتفا ئەکرێن، بەڕاستی بۆ بەرژەوەندی شارەکان و شارەوانی بەکاردێتن، تەبیعی کەی ئەو زەوییانە داوا دەکرێت ئیتفا بکرێت کاتێك کە پێویست بوو، لە شارەکان شتێکی زۆر تەبیعی وئاساییە کە شارەکان بەرەو گەورە بوون و بەرەو فراوان بوون دەڕوات، ئەوە شتێکی زۆر ئاساییەو دەبێ بە تەبیعی وەری بگرین، پێویستیشە نابێت ئێمە فراوان بوونی شار ڕابگرین بەهیچ شێوەیەك، تەنها ویستم ئەو تەوزیحە بدەم کە ئێمە لەو کاتەدا داوای زەوی دەکەین کە ئیتفا دەکرێت بخرێتە سەر سنووری شارەوانییەکان، کە پێویست دەبێتن بۆ شارەکان، وەکو زۆربەی بەڕێزان ئاماژەیان پێدا و جەنابیشت هەروەها، شارەکانمان هەمووی زەوی نەمایە گەیشتۆتە حدودێك سنووری شارەوانییەکان قەپات بووە، ئەوە بوویتە تەگەرەیەکی یەکجار زۆر لە پێش خزمەتکردنی هاووڵاتیان، من نموونەی شاری سلێمانی بهێنمەوە، کە من ئەوە نزیکەی ساڵێك دەبێت وەزیری شارەوانیم، هەتا ئێستاکە هاووڵاتی هەیە لە سنووری شارەوانی بەژمارەی زۆریش لە ساڵی 2002 پێشتریش هەیە، فەرمانی رەسمی بۆ دەرچووە کەزەوی وەربگرێت، هەتا ئێستا زەوی نیە بیدرێتێ، ئەو هاووڵاتیە زەوی وەرنەگرتیە، تەبعەن ناڵێم هەمووی بەس ژمارەیەکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی سنووری شارەوانی سلێمانی قەپات بووە، هەروەها دێتە سەر سنووری شارەوانی هەولێر بەهەمان شێوە، ئەو فراوان بوونەش کە دەبێتن، لە شارەکان بەپێی نەخشەیەکی زانستی و حەزاری دەبێتن، ئێستاکە ئێمە لە ساڵانی پێشوو ڕەنگە زۆربەی زۆرمان ئێمە رازی نەبووین لەو شێوە هەڕەمەکییەی کەشارەکانمان پێی فراوان بووە لەبەر ئەوەی تەسمیمی ئەساسیمان نەبووە، لەبەر ئەوەی ماستەر پلانی شارەکانمان نەبووە، ئێستا خۆشبەختانە وەزعی حکومەت گۆڕایە، ئیمکانیات پەیدابووە، هەروەکو بەعزێك لەبرادەران ئاماژەیان پێکرد، ئێستاکە ئێمە بەتایبەتی هەر سێ شارە گەورەکە، ئێستاکە حالییەن تەسمیمە ئەساسیەکەی لەژێر پلاندانەیەو هەریەکەیان کۆمپانیایەکی موتەخەصیصی بیانی لەو بوارە تەصمیمی دەکاتن، دیتم نیگەرانی یەکجار زۆرە لەسەر بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی، حەقی خۆیانە ئەو نیگەرانییە هەبێ و ئێمە لەگەڵینە، بۆیەش ئێمە تەصمیمی ئەساسی ئەو شارانەمان دووبارەی دەکەمەوە دایتە کۆمپانیای پسپۆڕ، کە تەصمیمی چەندین شاریان لەجیهان کردیە، خۆشیان و ئێمەش تەوجیهاتمان وا دایە پێیان هەتا بتوانین، کەمترین زەوی کشتوکاڵی بەکاربهێنین لە فراوان بوونی زەوییەکان هەتا بتوانین، ئەو زەوییانەی کە بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەن، بەڵام زۆرجاریش ئەبینین، ئەوە تەصمیمی شارە هەندێ زەوی کشتوکاڵی بەردەکەوێت، خاڵێکی تر ویستم روونی بکەمەوە، ئەوە تەنها بۆیەك هەدەف نییە، وەکو وتم بەپێی نەخشەی بنەڕەتییە، نەخشەکە بڵێت ئەو زەوییە بۆ نیشتەجێیە یان بۆ خزمەتگوزارییە یاخود زۆرجار بەسەوزاییش دەمێنێتەوە، کە ئەوەش خاڵێکە ئێمە زۆر تەئکیدی لێ ئەکەین، زۆربەی ئەو زەوییانە بەتایبەتی ئەوانەی کە کشتوکاڵییە، هەوڵ دەدەین رووبەرێکی زۆری وەکو باخ یاخود گەشتەوەرییەك، وەکو پارکێك وەکو**

باخچەیەك وەكو سەوزایی بمێنێتەوە، ئەوەی كە رەچاوم كرد لە بیری هەموو ئەندامان بوو، جێگای رێژە چونكە نیگەران بوون كە چۆن بەكار دێت، بەڵام دەمەوێت دڵنیایان بكەمەوە، كە باشترین شێوە لەزمنی تەصمیمی ئەساسی شار بەكاردێت، بەڕاستیش ئێمە وەكو شارەوانی ئەو تەعدیلە زیاد كردنی رێژەییە، بەتایبەتی لەزمنی شاری هەولێر و دهۆك، هەروەها بەرێژەیەكیش ناوچەی سلێمانیش لەبەر ئەوەی وتمان زەوی ساف دەدرێتن، رەنگە ئەوە زەرەر بێت بۆ وەزارەتی شارەوانی و بۆ شارەوانیەكان، چونكە تەمسیلی مەسڵەحەتی عام دەكاتن لێرەدا شارەوانی، بەڵام لەگەڵێنە لەبەر ئەوەی بەڕاستی مەسڵەحەتی هاووڵاتی تێدایە، هی حەقی تصروفی تێدایە، مەسڵەحەتی مەلاكی تێدایە، منیش هەر بەهەمان شێوە داواكارم لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئەگەر مەشروعی تەعدیلی ئەم قانونە ئەوەی لەحكومەت هاتییە، پشتگیریمان بكەن لە مەسڵەحەتی حكومەت و هاووڵاتی و ساحێب مولكیشە و ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان بانی مارانی فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باسی ئەوەت كرد كە ئەوە رەئی خۆیتی یان رەئی فراكسیۆن لەگەڵ پشتگیری رای لیژنەی یاسایی دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەعلیقم لە قسەی خۆتدا، وتت ئەبێ هەموو ئەندامان قسەی بكەن، وتم هەموو كەس حورە، رەئیم نەدا، تەعلیقم لەقسەی خۆت دا، تۆ وتت هەموو كەس ئەبێ قسەی بكاتن فراكسیۆن نییە، بۆیە وتم تەعبیرت لە رەئی خۆت كردو هەموو ئەندامانیش تەعبیر لە رەئی خۆیان دەكەن، كاك ئاخر ناوم نووسیبوو مولاحەزەم نەكردبوو، ئەوەی ناوی نەنوسیبێتن و دەستی هەڵدەگرێت ئیجازەم بدەن من خۆم قەرار بدەم، رەنگە كوێستان خانیش نەم دیبێتن، كاك ئاخر قسەی دەكاتن فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بابەتێك هەیە بەنیسبەت ناوچەی سۆران وچۆمان و سیدەكان و مێرگەسورو خەلیفان، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە لەلایەن حكومەتی عێراقییەوە مەحزور بوو، هەتاوەكو ئێستاكێ نەهاتینە تەسوییە كردن، نموونەیەكت لۆ دێنم كە تەمسیلی هەموو شارەكان دەكات، رەواندوز شارێكە ئێستا سنووری شارەوانی زیادبووە، فراوان بووە، زیاتر لە سەد جوتیار مەحروم بووە لەزەویی، زەوییان نیە، ئەو نیسبەشیان پێ نادرێت، كە كاتی خۆی هەموو لەدەرەوە بووینەو، شەملی لە (8٪) و لە (12٪) ناكەن، یان (12٪) لە

(20٪)ی ناکەن، چونکە زەوییان بەناو نیە، لەبەر ئەوەی لەوکاتی کە حکومەتی عێراق بانگهێشتی کردینە، ئەوان لەوێ نەبووینە، بۆیە ئێستا گوناهییان چییە، ئەبێ جێگای ئەوانیش لەو یاسایەدا بکرێتەوە، کە مەحروم نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من کۆتایی بەموناقەشەکە دێنم، پرسیار دەکەم لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی شارەوانی، موسیڕن لەسەر ڕەئیەکەیان یان سەحبی ئەکەنەوە، لیژنەی یاسایی سەحبی ئەکەن یان نا جوابم بەنەوە بە ئا یان نەء؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەو ڕێژەییەی کەهەیە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی هەرسێ لیژنەدا پێشنیارمان کرد، ئێمە زۆربەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەوە کۆك بووین، کە (14 بە 24) بێت تەنها دوو ئەندام نەبێتن، بەڵام زۆربەیان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە(14 بە 24) بێت، ئێستاکەش ئەگەر برادەران رازی بن ئێمە سەحبی ئەکەین ئەوەی خۆمان، ئەگەر هەردوو لیژنەی کشتوکاڵی و شارەوانی لەگەڵ ئێمە هاوڕابن ئێمە ئەوەی ( 20 بە 30)ەکە سەحب ئەکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە پێش دانانی ئەم ڕێژەیە لە (12٪ و لە 25٪) ڕێژەی زیادمان دانابوو، بەڵام بۆ نزیك بوونەوەو ڕێکخستنی یاساکە و چاکسازی و ئیعتیبار بۆ ئەو ڕەئییەی حکومەت ئێمە هاتینە ئەو ڕێژەییە، بەڵام دوێنیش موناقەشەیەك کراوە لەبەینی لیژنەکاندا، لیژنەکان نزیك بوونەوە بۆ لە (14 بە 24) ناڵێم پێك هاتین، بەس نزیك بووینەوە، ئێستاش پێم باشە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن، ئەوە بخاتە دەنگەوە، موتەفقین و نزیکین لیژنەکان کە (14 بە 24)بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تەبعەن دیارە سێ موقتەرەحمان هەیە، کاك ئاخر نوقتەی نیزام.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم لەلیژنەی کشتوکاڵم دوێنیش نەگەشتینە نەتیجە سەحبمان کردەوە، برادەران لەوێ بوون، کاك تەلعەت و کاك بەڵێن بوون وتم من سەحب ئەکەمەوە، کاك شێخ الله و کاك شوکری نێرەوەیش، لەوێ نەبوون، نازانم ئەوانیش ڕەئیان چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەی یاسایی چیتان وت، ئەوە مەعلومە كە دەڵێن (14 بە 24)ەكەیە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر سەرۆكی ئەنجومەن لەسەر (20 بە 30).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان تەوزیحی هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك كەریم بەحری وتی سەحبی ئەكەینەوە، هی لیژنەی یاسایی، ئێستاش ئەڵێت سوورین لەسەر ئەوە، بەڕاستی من لەسەرەتاوە ئیشارەتم پێدا رەئی جیاجیا هەیە، لەناو لیژنەی یاسایی، ئێستا ئەو برادەرانەی لێرەینە رەئی جیاجیا هەیە، بەو شكلەی نیە ئەوە یەك، هەندێك مولاحەزەشم هەیە تەوزیح ئەكەم ئەو قانونەی كە دەرچووە، مولك صرف ئەگرێتەوە، چونكە قانون ئیتفاو ئیفرازی ئەرازییە، كاك كەریم حەزەكەم ئەو مەعلوماتە  تەعدیل بكەیت، ئیفرازەكە باسی مولك صرف دەكات كەلەلایەن شارەوانییەوە ئەنجام دەدرێت، بەو قەواعیدەی كەلە قانونی ئیستیملاك هاتییە، واتە قانونی (222) ئەیگرێتەوە، ئەو یاسای ژمارە (3)ییەی ساڵی 1998 هەردوو قانون لەخۆ دەگرێت، (53) و (222)ش لە خۆ دەگرێت، بما فیهم مولك صرف، بەنیسبەت حەقی ئیختیار ئێمە ئەگەر حەقی ئیختیار بدەین، هەڵەیەكی گەورە دەكەین، چونكە ئەگەر هاتوو پارچەیەك مەساحەكەی گەورە بوو، ئەمەمان هەمووی ئیتفا كرد، چۆن تۆ حەقی ئیختیاری ئەدەیتێ بەخاوەنەكەی، واتە موعارەزەی كرد لەگەڵ ئیستیعمالاتی شارەوانی، بۆیە دەبێ ئەم حەقی ئیختیارە بەڕاستی تووشی هەڵەیەكی گەورە دەبین، برادەرێكی تر باسی ئەوەی كرد دەڵێت ئیعتیراز، ئیعتراز نیە بڕیارەكە قەتعییە، ئێمە لە قانونی ژمارە (3) پازدە رۆژمان دانایە، بۆ ئەوەی هەركەسێك ئەگەر زانی تەعویزەكە عادل نیە، بۆ قەزامان هێشتووەتەوەو، موراقەبەی قەزایی لەسەر ئەو بڕیارانە دەكرێت كە لیژنەكانی ئیتفاو لیژنەكانی شارەوانی دەریدەكەن، یەعنی رقابەی قەزایی لەسەر ئەوە ئاوها نیە هەروەكو عالەم دەڵێت، من لەگەڵ ئەوەمە كە تەئیدی پرۆژەی حكومەت دەكەم، لەگەڵ لە (12٪)م و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیجازەم نەداوی ئەوە یەك، دووش پێم وایە موناقەشەی زۆر كرا، ناشمانەوێ موناقەشەكە بكەوێتە نێوان ئەندامانی لیژنە خۆیانەوە، من هەندێك قسە دەكەم عمومیاتی قسەكە، لێرەدا هەمووتان مەسئولن، لەدەرچوونی ئەو قەرارە، دوێنێش لە لیژنە قسەیەكم كرد، قسەكە هی خۆم نیە موعجیبی قسەكەم، ئەویش ئەوەیە هەریەكە لەئێوە كە دەنگ بۆ شتێك ئەدەن، چەند شتێك لەپێش چاوتانە، یەكێكیان

عەدالەتە، زەمیرە، قانونە، بیروباوەڕە، تەماشاکردنتانە بۆ دوارۆژ، ئەو هەموو شتانە لەپێش چاوتانە، تەفصیلاتی مەعلوماتتان لەسەر هێنەکە، باگراوندتان ئەو پرۆژەیە چەند مانگە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، هەر لیژنەی قانونی بەدوای پسپۆڕو خەبیرو شارەزا نەرۆیشتووە، هەریەکە لە ئێمە، لەو سێیە، چەندین کەسمان دیوە، لە شارەزاو قانونی و خاوەن مولك، خەڵك ئێمەش تێگەیشتووین لەخۆمانەوە قسە ناکەین، لەبەر ئەوەی مەسئولییەتمان هەیە، قسەکانم کەلێرە کردووە، چەندین کەسی خۆم بەش بەحاڵی خۆم بێجگە لە ئەندامانی لیژنە، کە لێرە رامان ئاڵوگۆڕ کردووە، لە زۆر کەسی خاوەن مولکیش پرسیارم کردووە، چ ئەوانە کۆن زەوییان ئیتفا کراوە، چ ئەوانەی چاوەڕوانی ئەو قانونە ئەکەن ئیتفا بکرێتن، لەبەر ئەوەی ئەو قەرارەی کە ئەیدەین، هەریەك لە ئێمە تەریقەی تەفسیری، تەریقەی گەیشتنی بە قەرار، مەجموعە شتێك هێن دەکاتن، بەڵام بیر بکەنەوە لەوەی کە ئەو قەرارەی کەوەری دەگرن، لەبەر رۆشنایی ئەو چەند حەقایقە، بیروباوەڕ زەمیر، عەدالەت، قانون، گونجان لەگەڵ حکومەت، ئەداتی جێبەجێکردنی، قابیلیەتی جێبەجێکردنی، زەمەن، بزانن ئەو قەرارەی کە دەیدەن ئەو دەنگەی کە دەیدەن راستە، ئەوجا بیدەن، لە بۆ یەك شت رەئی مەدەن، بۆچوونێکتان هەیە شەخصی، تایبەتمەندیەکی شەخصیتان هەیە، تەنها نابێت رەئی بدەن لەسەر ئەوە، بەتەنها نابێ لەسەر ئەساسی حزبی رەئی بدەن، بەتەنها نابێت لەسەر عەدالەت رەئی بدەیت، دەبێ بزانی بێجگە لە عەدالەت حکومەت قودرەتی ئەوەی هەیە، کە جێبەجێی بکاتن، ئەگەر حکومەت قودرەتی نەبوو جێبەجێی بکاتن، سەد جار عەدالەتی تێدابێتن، من دەمەوێت یۆتۆبیا دروست بکەم، ئەکرێت، کەواتە ئەبێ ئەو قەرارە نەدەم کە دەوڵەتێك دروست دەکاتن، یەکسانی وەکو لە ئەفلاتۆن و یۆتۆبیاو مەدینە فازیلەدا هاتووە، دەبێ قەرارێك بدەم کەڕاستە، ئەو قەرارە ئەگەر ڕاستە بیدەم، ئێستا سێ پرۆژەمان لە پێشە، پرۆژەیەك لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، ئەو داوای تەعدیل دەکات، لە (8٪) بەپێی قانون، دەڵێ بیکەن بە (12٪) پرۆژەیەك لەلایەن لیژنەی یاساییەوە هەیە دەڵێن بیکەن بە لە(20٪) پرۆژەیەکیش لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵەوە هەیە دەڵێن بیکەن بە لە(15٪) هەرسێك پرۆژەنە، لەبەر ئەوە بەپێی ئەولەوییات، پرۆژەی حکومەت دەخەمە دەنگەوە یەکەم جار، کە دەڵێت لە (8٪ ببێت بە 12٪) کێ لەگەڵ ئەوەیە لە (8٪) ببێت بە لە (12٪)دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵدا نیە دەستی بڵند بکات با بیژمێرین تکایە، 54 بە 34 بەزۆرینەی دەنگ پێشنیاری حکومەت دەنگی لەسەر درا، برۆن بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

برگەی (2) ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە(3)ی ساڵی 1998ی کوژاندنەوەو دابڕدابڕکردنی ( جیاکاری) زەوی ناو سنووری شارەوانییەکان، هەموار دەکرێ، وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

2- خاوەن ئەو زەوییانەی بە( عەینی) واتا ( بەزەوی) بە ڕێژەی (20٪)ی کۆی رووبەری ئەو زەوییانەی بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێن، قەرەبوو دەکرێنەوەو، مافی ئەوەشیان هەیە، ئەو رووبەرە زەوییەی پێیاندراوە،بەجۆرێ دابڕدابڕ (جیاکاری) بکەن کە لەگەڵ جۆری بەکارهێنانە ئیقرار کراوەکانیاندا پێچەوانە نەبێ.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية : تعدل الفقرة (2) من المادة الثالثة من قانون اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 و تقرأ على الوجه الآتي :-

2- يتم تعويض صاحب الارض عيناً بنسبة قدرها(20٪) من مجموع مساحات الارض التي ستسجل بأسم البلدية يحق له إفراز المساحة الممنوحة له بما لا يتعارض مع الاستعمالات المقرره لها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەماددەی دووەم بەم شێوەیە:-

ماددەی دووەم: بڕگەی (2) لە ماددەی سێیەم لە یاسای کوژاندنەوەو جیارکردنەوەی زەویەکانی ناوەوەی سنووری شارەوانیەکانی ژمارە (3)ی ساڵی 1998 هەمواردەکرێ وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

2-خاوەنی ئەو زەویانە بەڕێژەی 30٪ لەکۆی ڕووبەری ئەو زەویانەی کە بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێ قەرەبوو دەکرێنەوە بە جیاکراوە بە موڵکێکی خۆسەرو بەناویانەوە تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ تکایە. بەعەرەبی بیخوێنەوە ڕاپۆرتەکە عەفوو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تعدل الفقرة (2) من المادة الثالثة من قانون اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 و تقرأ كالآتي:

2-يتم تعويض صاحب تلك الأرض عيناً بنسبة قدرها 30٪ من مجموع مساحة الأرض التي تسجل باسم البلدية وتسجل مفرزة باسمائهم ملكاً صرفاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگەی (2) ماددەی سێیەم پێشنیار دەکەین، بەم شێوەیە:

أ-خاوەن زەوییەکان واتە (ملکداریێتی صرف) قەرەبوو بکرێنەوە بەڕێژەی لە (25٪) لەکۆی رووبەری ئەو زەوییانەی کە مافی بەکارهێنانیان تێدا کوژاوەتەوە، ئەو رێژەیەش وەکو ملکی صرف بەناویان دەکرێت ئەگەر نەگونجا ئەوا بەهەمان رێژەو زەوی هاوشێوە قەرەبوو دەکرێنەوە.

ب-لەکاتی قەربوو کردنەوەی خاوەن زەوییەکان رەچاوی شوێنی ئەو زەوییانە دەکرێت کە بەریان دەکەوێت سەبارەت بە شەقامی سەرەکی و پلەی ئاوەدانکردنەوە، بەڕێژەی لە (25٪) رووبەری زەوییەکان مسۆگەر بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەو نیسبەیە دەکەم کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتیە، لەگەڵ ئیزافەی ئەوەی کە لە عەربیەکەی خوێندیەوە، کە دەڵێت (یعوض عیناً) لە ئەصڵی مەشروعەکە، بە موفرەزە نەهاتیە یەعنی بە صافی نەهاتیە، عینی هاتیە، ئەڵێت بۆی هەیە ئیفرازی بکاتەوە دووبارە خاوەن مولك، لە ئەصڵی پرۆژەکەو ئەگەر چاوی پێدا بخشێننەوە، چونکە یەکدی ناگرێت لەگەڵ ئەوەی کە باسکرا بەحەقیقەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وەڵامی ئەو پرسیارەی کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وازحە، یەعنی مەبەست لە زەوییە، وە زەوییەو زەوی موفەرەزە، یەعنی صافیە، لە مەتنی قانونەکە وا هاتووە، یەعنی هیچ عدم وزوحێکی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەمەلییەن ئەبێ تەسجیل بکرێت، ببێ بە موفرەزە، حەقە ئەوە چاك بکەن، لە ئەصڵی مەشروعەکە توزەع موفرەزەتەن، یەعنی تۆ ئیفرازی ئەکەی ئینجا توزیعی ئەکەیت، عەمەلییەن وایە، نازەنین خان ئەوە ئیشی ئێوەیە، با بزانین وەزیری شارەوانی رای چیە.

**بەڕێز نازەنین حمد وەسۆ/ وەزیری شارەوانییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا وابزانم موفرەزەیە، بەڵام کە دەڵێت (يحق له أفراز بعض) یەعنی ئەو خاوەن حەقە، حەقی هەیە تصرف بەو زەوییە بکات، بەپێی تصمیمی ئەساسی بگەڕێتەوە سەر شارەوانی، یەعنی رەنگە پارچەکەی گەورەیە شەرت نیە، لەبۆ سەکەنی بەکاربهێنێت، لەبۆ شتی تر، بەڵام بەپێی تەصمیمی شارەکە بێت، بەڵام کە دەڵێ ( المخصصه له) موخەصەصەکە موفرەزە، ئەوە باسی پاش ئەوە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پارچەی بۆ تەخصیص دەکرێت لە نەتیجەی ئیفراز، ئەگەر دووبارە ئیفرازی بکاتەوە، ئەوکاتە دیسان خەدەماتە، جادەیە دەبێ ئەو مەلاکە تەنازول بکاتن لێی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی لیژنەی شارەوانی ڕاستە، دەبێ بەموفرەزەتەن بێت باشترە، بەڵێ کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی ئێمە دەقیق ترە لەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەوەی ئێمە دەڵێت ( تسجل بأسمهم)ئەوە تەسجیلە ئەوەی تر حەقی هەیە، ئیفراز بکات، فەرقێکی زۆر هەیە لەبەینی تەسجیل و حەقی پێدەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك کەریم وتی من پشتگیری لێ ئەکەم، چونکو ئەبێ موفرەزە صافی بێت، ئەوە ئێستا عەمەلییەن پیادە دەکرێت بەو شێوەیە، چونکە حەقی ئیفراز نادەنە خاوەنەکەی، خۆیان ئیفراز دەکەن و دەڵێن ئەوە حەقی تۆیە مولك صرف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بێت ئەو مولاحەزەی لیژنەی یاسایی وشارەوانی پێم وایە قانونیەن باشە، بەتەعدیلی پرۆژە ئەصڵیەکە موافقن بیکەن.

**بەڕێز نازەنین حمد وەسۆ/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵینە، ئێستا ئەوە پیادە دەکرێتن، پارچەی موفرەزە پیادە دەکرێت.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش تەعبیری عەرەبییەکەمان وا نووسیوە، ویسجل باسمائهم ملكاً صرفاً مفرزة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەڕاستیدا موناقەشەکەی وەکو ئەوەی پێشووە، لەبەر ئەوە سێ موقتەرەحە بەهەمان بۆچوون و بەهەمان تەحدیدو، بۆ ئەوەی سەرتان نەئێشێنم موقتەرەحەکان دەخەمە دەنگەوە، موقتەرەحی یەکەم هی حکومەتە، کە ئیقتراحی کردووە کە لە (12٪) ببێتە لە (20٪)، موقتەرەحی دووەم هی لیژنەی یاسایی و شارەوانییە، کە دەڵێن لە (20٪) ببێت بە لە(30٪)، موقتەرەحی سێیەم هی لیژنەی کشتوکاڵە کە دەڵێن لە (12٪) ببێتە لە (25٪)، یەکەم موقتەرەح هی حکومەتە کێ لەگەڵ موقتەرەحی حکومەتە کە لە (12٪) ببێتە لە (20٪)، دەستی بڵند بکات تکایە، لەگەڵ مولاحەزەی هەر سێ لیژنەکە کە موفرەزەکە زیاد بکاتن کە حکومەتیش موافەقەی کرد، کێی لەگەڵە با دەستی بڵند بکاتن، تکایە، فەرموون کێ لەگەڵی نیە تکایە، ئەقەلییەتە بردییەوە فەرموون، حکومەت بردییەوە بڕۆن بۆ ماددەی سێیەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم لە ئەصڵی پرۆژەکە.

هەر دەقێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ناخرێتە کار.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

لا يعمل باي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە کە ماددەی سێیەم زیاد دەکرێت و ماددەیەکی موزافە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

ئەو زەویە نیشتەجێی وبازرگانی کە تەرخان دەکرێن بەرامبەر کوژاندنەوەی زەوی وزاری ناوەوەی سنووری شارەوانیەکان لە باجی زەوی و وزار دەبەخشرێن بۆ ماوەی دوو ساڵ لە مێژووی تۆمارکردنیان بە ناوی خاوەنەکانیانەوە لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی تۆمارگەی خانووبەرەی تایبەتمەندا .

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تضاف المادة التالية الى القانون بتسلسل المادة الخامسة(مكررة) و تقرأ كالآتي :-**

**المادة الخامسة (مكررة): تعفى الأراضي السكنية أو التجارية التي تخصص مقابل اطفاء الأراضي داخل حدود البلديات من ضريبة العرصات لمدة سنتين اعتباراً من تاريخ تسجيلها باسماء اصحابها لدى مديريات التسجيل العقاري المختصة.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك شەرحی بکەن ئەمە چیە تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەۆرکی ئەنجومەن.**

**ئەو زەوییانەی کە دەدرێت بەهاوولاتی لە ڕۆژی تۆماکردن بەناویانەوە، زەریبەی تەریکات لەسەر ئەو زەویی وزارانەی ئیش دەکاتن، لەوانەیە ئەوەی زەوی و زار وەردەگرێتن، نەتوانێت، لەو ماووەیەدا ئەو زەوییانەی کە وەری گرتیە، ساغ بکاتەوە، کە زەریبەی تەریکات لەماوەی دوو ساڵ مایەوە، ئەو هەموو زەریبەیەی هاتە سەر کەواتە هیچ نەکرایە، ئەو کەسەی کە تەعویز کرایە حکومەت لەلایەکی دیکەوە، بە زەریبە لێی دەسەنێتەوە، بۆیە وامان پێشنیار کردیە هەتا ماوەی دوو ساڵ مۆڵەت بدرێتە خاوەن موڵك بۆ ئەوەی بتوانێتن ئەو زەوی وزارانەی یەکلایی بکاتەوە، زەریبەی تەریکات نەیگرێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تەسەور ئەکەم ئەمە مەوزوعێکی جودایە، یەعنی دەبێ وەزیری مالییە لێرەبایە، چونکە عیلاقەی بە وەزارەتی مالییەوە هەیە، من رام وایە ئەو رەئیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی لەوێ دیراسەی لەسەر بکرێتن وببێتە شتێکی تایبەتمەند، خارجی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك کەریم فیعلەن ئەو قسەیە وایە ئەوەلەن ئەبوایە ئەو پرۆژەیەی ئێوە لەگەڵ وەزیر پێشتر قسەتان لەسەر بکردایە، موقتەرەحێکی تازەیەو بێ هەموارکردن لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە، دەکرێ وەکو دە ئەندام پێشکەشی بکەن، بۆ هەموارکردنی قانونێك ئەبێت رەئی وەزارەتی مالییە وەربگرین، لەبەر ئەوە پێم وایە سەحبی بکەن باشترە، بیخەنە بەرنامەی خۆتان، دەئەندام پێشکەشی بکەن بۆ ئەوەی بۆ وەزارەتی**

داراییەو وەزارەتی پەیوەندیدار بینێرین وشتێکی مەنتقی تێدایە قسەکانتان، بەڵام دەبێ ئسوڵی یاسایی وەربگرێتن، پێم وایە سەحبی بکەن باشترە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو خاڵەکەی تر بەپێی ئەوەی لیژنەمان هاتیە، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە ئەو بەرژەوەندییەی هاووڵاتیان، لەو رووەوە رەچاو بکرێت و ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم ئێمە قسەیەکمان کرد جەنابیشت قسەیەکت کرد، وتت ئەوە سێ مانگە ئەو پرۆژەیە موناقەشە ئەکەین، من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەی تۆ دەیڵێیت من تێناگەم، ئەبێت لەخەڵکێك بپرسم چۆن چۆن نیە، کێ قازانج دەکات، کێ زەرەر دەکات، لە رووی داراییەوە چۆنە لەرووی خەڵکەوە کێ دەگرێتەوە، بەو پەلە پەلییە نابێت، یەعنی بەش بەحاڵی خۆم من تێناگەم، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو ماددەیەمان لەو پرۆژەیەدا دانا لەبەر ئەوەی ناحییەی عەمەلی مولاحەزەمان کرد، کە زەوییەکان پاش ئەوەی کە ئیتفا دەکران، تەسجیل دەکرا بەناوی خەڵکان، خەدەماتی نەگەیشتۆتێ و زەوییەکانیش ئیفراز کرایەو خاوەن موڵکیش ناتوانێت بیفرۆشێت، زەریبەی عەرەساتی لەسەردەدات، زەریبەکەش بەراستی مورهیقە وزۆرە، یەعنی وا دەکاتن، زەوی ئەصڵی رۆیشتووەو قازانجیش لەو زەوییە ناکات لەبەر ئەوە ئەو ماددەیەمان دانا بۆ ماوەی دوو ساڵ عەفوو ببێت لە زەریبەی عەرەسات، وەبێ بتوانێت سوودی لێ ببینێ تاوەکو خەدەمات دەگاتە ناوچەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایە ئەو ماددەیە زیادە، چونکە زەریبەی عەرەسات زەوی تا سێ ساڵان وەکی تەسجیل دەکرێ بەناوی خاوەنی عەفووە بەخۆی، تەلقائییەن عەفووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفووم کەن ئەوەلەن کاك عەونی ئیعترازم لەسەر قسەکانت نیە، بەتەنها خاوەن موڵکەکە ناگرێتەوە، هاووڵاتیش دەگرێتەوە، بەو قسەیەی کە ئێوە دەیکەن، من ئیعترازم لەسەر ئەوەیە ئەو ماددەیە شتێکی تازەیە، پێویست دەکات بەئسوڵی قانونی خۆی هەمواربکرێتن، من تێناگەم بەحەقیقەت، جارێ نەدراوەتە

لیژنەی کشتوکاڵی و لیژنەی شارەوانی و ئەوانیش دیراسەیان نەکردووە، ئێمەش نەمان دیووە، وەزارەتی مالییە نەیدیووە، ناکرێ ئاوەها، فەرموو کاک محمد حکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا لەوە ئەچێ نیزامیش نەبێ، بەڵام من لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ لیژنەی یاسایی، بەڵام هەندێ جار ئێمە ئەبینە زەحییەی خیلافاتی ئەوان، کاک کریم و کاک شێروان لە زۆر شتدا خیلافیان هەیە، ئێستا کاک عونی و مامۆستا کاکە خیلافیان هەیە، ئەگەر پێشتر یەك دەنگ بن و تاوتوێی بکەن، چونکە ڕەئی ئەوان زیاتر ئیعتیباری بۆ ئەکرێت لەناو پەرلەمان و لەلای سەرۆکایەتیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە خیلافات هەیە بەس ئەکسەرێیەت، ڕەئیان وەرگرتیەو تەقدیم ئەکەن دیارە ئەکسەریەت وجودی هەیە، ئەزانی چۆنە ئەو موقتەرەحە تازەیە کەهاتووە، لیژنەی کشتوکاڵ دیراسەتی نەکردووە، لیژنەی شارەوانیش دیراسەتی نەکردووە، حکومەتیش ئاگای لێی نییە، ئەگەر سەحبی بکەن پێم باشە بیخەنە پرۆژەیەکی دە ئەندامییەوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکەین، وام پێ باشترە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتییە، موعەلەقە لەسەر موافەقەتی وەزارەتی مالییە ئەوە یەك، دوو ئیمکان هەیە ئەو موقتەرەحەی ئێمە وەکو تەوسیەکانی تر دوو تەوسێمان هەیە، ببێتە سێ تەوسیە و ئاراستەی حکومەتی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەحبی ناکەن ئەیخەمە دەنگدانەوە، کاک ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، چۆن ئەکرێ ئەوان ئیمزا بکەن و ئێمە ئیعتیماد دەکەینە سەر ئیمزاکانی ئەوان و وردەکارییەکانی ئەوان، دواتریش لێرە دێن بەبێ موبەڕیر پەشیمان ئەبنەوە، بەڕاستی لای ئێمە جێگای سەرسوڕمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەشیمان بوون جائیزە لەبەر ئەوەی تۆ لێرەدا، ڕەئێکی سائیب ئەبینی مەنتقێکیی تازە ئەبینی دەگۆڕێ ڕەئی تۆ، ئەوە زۆر تەبیعییە، کاک فرست ڕەئی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم زۆربەی برادەران دەزانن لەزۆربەی پەرلەماناتی عالەم، ئەصلەن ئەندامان حەقیان نیە، پرۆژەی مالی تەقدیمی پەرلەمان بکەن، ئەوە مەوجودە لە هەموو پەرلەماناتی عالەم، ئەگەر لە هەموویان نەبێ لە زۆربەیان هەیە، لێرە ئەوە نەصێکی مالییە چۆن ئێمە ئیقراری بکەین، بەڵکو من لەگەڵ فکرەکە بم، بەس چۆن ئێمە ئیقراری بکەین بێ ئەوەی حکومەت ئاگاداربێت، بێ ئەوەی وەزیری مالییە ئاگای لێبێت، بەرەئی من ئەوە خیلافی مبادئ و قواعیدی عامی نیزامی پەرلەماناتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لێرەدا لەو ماددەیە، هیچ قورسایی وئەرکێکی مالی ناخەینە سەر حکومەت، تەنهاو تەنها ئەو خەڵکانەی کە ئینتیزاعی مولکیەی لێکرایە، ئیمتیازێکمان دایتێ بۆ ئەوەی بتوانێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستا پێك هاتووە لەو بودجەیەی کە لە حکومەتی فیدرالەوە دێتن، لەگەڵ ئەو رسوم و زەرائیبەی لەناوەوەی کۆدەکاتەوە، مەسدەرێکی زۆر گرنگە و گەورەیە تۆ لێرەدا ئیهمالی بکەی، لەوێ ئیهمالی بکەی بەتەنها میزانییەی حکومەت بەشی سێ روبعیش ناکات، لەبەر ئەوە ئەوە ئەهەمێتی هەیە، ناتوانین بێ رەئی ئەوان، من موئەیدیم بۆ خەڵکی هەژارو فەقیر قەیناکە، بەڵام بەبێ رەئی ئەوان نابێتن، ئەگەر سەحبی ناکەیت ئەیخەمە دەنگەوە، بەڵێ کاك تاریق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر کلیمە بخوێننەوە (بعد راي وزارة المالية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو رەئیە نابێت، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسای بەخیلاقی ئسوڵی پەرلەمانییە، بەڕاستی چونکوم ئەوە پرۆژەیەکە بەو شێوەیە پێشکەش ناکرێت، موقتەرەحێکە بەبێ ئەوەی لەگەڵ وەزیر ئیتیفاق بکەن، کەواتە رەئی حکومەت نیە، موقتەرەحێکی تازەیەو ئەعبائی مالیشی لەسەرە، لێرە حەق نیە ئەوە بکرێتن، پێم باشە سەحبی بکەن باشترە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا لەپەرلەمان موشەرعین، موشەڕعیش ئەبێت تەوازون لەبەینی مەساڵحەکان بکات، لەبەینی بەرژەوەندیەکان بکاتن، لێرەدا ناکرێت ئێمە بەرژەوەندی لەوەیدایە، زەوی بدەین بەهاووڵاتی ولەلایەکی دیکەوە مەجالی ئەوەی نەدەین ئەو زەوییانەی کە پێی دراوە، لەئەنجامی ئینتیزاعی مولکییە، ئەوەی پێدراوە، لەلایەکی دیکەوە حکومەت بەزەریبەی تەریکات کە لەئەصڵدا ئەو زەریبەیە زیادە، حکومەتی ئێمە لەسەر زەرائیب بەرێوە ناچێت، بودجەی سەرەکی، داهاتی سەرەکی حکومەتی عێراقی بەگشتی و حکومەتی هەرێم بەتایبەتی نەوتە، مەسەلەی باجی داهات نیەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم ئەوە تەریکات نیە، ئەوە عەرەساتە، ئەوە یەك، دووش هەمووومان لێرە ئەندامی پەرلەمانین، هەمووومان راستە موشەڕعین، بەڵام تەشریع ئسولی بۆ دانراوە، چۆن تەشریع قانون دەکرێ، تەشریع پرۆژەیەکە لە حکومەتەوە دێت، یان لەلایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە تەقدیم دەکرێ، ئەو ماددەیە تۆ تازە خستووتە ناوییەوە، وەکو پرۆژەی تازەیە، نە لیژنەکانی تر ئاگادارکراونەتەوە، نە ئەندامانی پەرلەمان موافقن لەسەری نە وەزیری پەیوەندیدار موافقە لەسەری، نە وەزیری مالییە ئەوە ئەعبائی مالییە، لە خۆمانەوە تۆ قەرارێك بدەی، مالییەن نەوەزیری مالی، نەلیژنەی مالی دیراسەی نەکردووە، کاك دلێر تۆ ئاگات لێیە ئەو خاڵە وەکو لیژنەی مالییە، کەس ئاگای لێ نەبێتن تۆ فەرزی بکەی لەسەر ئێمە، ئەمە حەق نیە بەڕاستی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەندین پرۆژەی یاسایی ترمان بەڕێ کردووە، ماددەی ئیزافەشی خراوەتە سەر، بەبێ پرۆژەش، لێرەدا لەناو ئەو قاعەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك ماددەم بدەرێ ئەعبائی مالی تێدابێت، یەك قانونمان زیاد کردبێتن، یەك شتم بدەرێ دە دیناری تێدابێتن کە ئێمە قەرارمان دابێتن بێ ئاگاداری ئەوانە، نییە نەك لەبیرت نەبێ، کاك عوسمان نوقتەی نیزامییە ئەگینا دەیبڕم.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، لەجێی خۆی نیە بڕگەکەو پێویست نیە بخرێتە دەنگەوەو، دەبی فیعلەن سەحب بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە فیعلەن نوقتەی نیزامی بوو، بەڕاستی نوقتەی نیزامی بوو نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی نەپرۆژەیە، نەموقتەرەحە، نە هیچ شتێکە، جارجار بەقسەشت ئەکەم، با بچینە سەر ماددەکەی تر، ئەوە تەواو قسەکەی کاك عوسمان راستەکە، ئەوە پرۆژە نیە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەر کەسەو لە رەئی وبۆچوون ئازادە، با بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا با ئیلغا بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی کاك عوسمان لەسەدا سەد ڕاستە، کاك فرسەتیش وای وت، ناخرێتە دەنگدانەوە، چونکە نە موقتەرەحە، نەپرۆژەیە، بەڕێگای ئسولێش نەهاتووە، نە وەزیریش موافقە.

ماددەی سێیەم: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

لیژنەی یاسایی موافقە لەسەر ئەوەی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس لە رووی شکلیەوە گۆڕیومانە ئێستا کاك زانا دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لا يعمل باي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون . قانون راسترە لەبەر ئەوەی قەراریش هەیە لە سلێمانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە دەڵێت (لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون) لیژنەی یاسایی کردوویانە بە (لا يعمل باي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون) کێ لەگەڵ ئەم موقتەرەحەیە دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵ نیە دەستی بڵند بکات تکایە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، موقتەرەحی چیتان هەیە، تازە.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم چونکە قسەیەکت کرد پێشتر کە چەند ساڵ لەوەو پێشتر ئیتفا زۆر کراوە، بەڵام تەعویزی کەم وەرگیرایە، بۆ ئەوەی قەرارەکەمان ئەسەری رەجعی نەبێ، من پێم باشە لەشوێنێك ئیشارە بەوە بدرێت کە ئەو قەرارە یان قانونە ئەسەری رەجعی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحسیل حاسڵە دەنووسرێت (من یوم إصدارە). کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی (5) لە موقتەرەحەکەی لیژنەی یاسایی، زۆر گرنگە بەنیسبەت ئەو ئیتفایانەی کە هێشتا ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی نەکردووە، مەفروزە ئەوە باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە باشە، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی ماددەیەکی کەی هەیە کە ئیزافیە کە دەڵێت:

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر گشت مامەڵەکانی کوژاندنەوە وجیاکردنەوەی زەوی وزاری ناوەوەی سنووری شارەوانیەکاندا جێبەجێ دەکرێ کە بڕیارەکانی پلەی بنبڕیان وەرنەگرتبێ.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تسري احكام هذا القانون على كافة معاملات اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات الغير المكتسبة قراراتها الدرجة القطعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبیعیە وابزانم، ئەگەر ئیعترازی نیە حکومەت ئەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە تکایە با دەستی بڵند بکات، کێ لەگەڵی نیە تکایە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بردییانەوە.

ئەم ماددەیە موقتەرەحی تازەیە بەس قبوڵ کرا، لەبەر ئەوەی ئەعبائی مالی لەسەر نیە، هەردوو وەزیریش لێرەن و موافقن لەسەری، ماددەی تر تکایە.

ئێمە تەوسییەکی باشمان هەیە دوێنی لەگەڵ جەنابی وەزیریش باسمان کرد لە لیژنەی کشتوکاڵ، کشتوکاڵ تەوسییەکی باشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە وەزارەتی شارەوانی هەوڵ بدەن، لە ئیتفا کردندا بەرەو مەناتقی صەخری بڕۆن، چەندی بۆتان بکرێتن زەوی کشتوکاڵی گوناحە، وەکو پەخشان خانیش ئاماژەی پێکرد، ئەوە وەکو تەوسییەیەك، بۆ وەزارەتی پلاندانان، بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ وەزارەتی شارەوانی، ئەوە تەوسییەی پەرلەمانە، تکایە لەبەرنامەتاندا لە ئیتفای زەوی بەرەو مەناتقی صەخەری ڕۆن، چەندی بۆتان بکرێتن زەوی کشتوکاڵی ئیتفا نەکەن، وەکو تەوسییە داخلی تەوسییەکانی دەکەین.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئاسایی ئەو (ذات العلاقة) یەش با داخڵ بکرێت، ئەوە ڕۆتینە کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەی لیژنەی یاساییە، تکایە با دەستی بڵند بکات، فەرموون، کێ لەگەڵیدا نیە، سوپاس بەکۆی دەنگ وەرگیرا.ماددەی دواتر.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی پێنجەم لە ئەصڵی مەشروع.**

**ئەم یاسایە، لەو ڕۆژەوە دەخرێتە کار کە لە( وەقائعی کوردستان)ـەوە، بڵاودەکرێتەوە.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:**

**ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نوقتەی نیزامییە، فەرموو کاك بەڵێن نوقتەی نیزامیی هەیە.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشنیاری لیژنەی کشتوکاڵ، مەسەلەی عقودی زراعی هاتووە، چەندین ئەندام پەرلەمانیش لێرە قسەیان کرد کاک شێخ ئاخر، برادەرانی تریش قسەیان کرد، ئێستا عقودی زراعی بزر بوو، نازانین بەڕاستی چی لێهات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نیە لێرە ئاماژەمان پێ کرد، وەکو تەوسیات ئێستاش باسم کرد، نامەیەك دەنووسین بۆ حکومەت، چوار، پێنج تەوسییەمان هەیە، یەکێك لەوانە ئەوەیە، کە تەوسییە دەکەین ئەوە رەئی خۆمە، دەبێ ئەو پارچە زەوییە، حەدی ئەدنایەکی هەبێت، نابێ لەوە کەمتر بێت، یەعنی پارچە زەوییەکی بدەیتێ لەو لای بنەسلاوە، دەفتەرێك نەکاتن، گوناحە، ئەوە ناکرێت یەعنی وەکو تەوسیات بۆیان دەنێرین، قسەشمان کردووە، ئەوان نیسبەیان داناوە، دوای تەوسیاتەکان لیژنەکان تەوحید بکەن، وەکو تەوسییە دەینێرین، ئێستا پرۆژەکە وەکو پرۆژە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە فەرموون یەك کەس، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو ئەو قانونانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن اسباب موجیبەی لەگەڵە، ئەگەر بێتوو تەحریریەن اسباب موجیبەی لەگەڵدا بێت، باشترە، لەبەر ئەوەی وەك یاسایەکانی تر.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەم خاڵ پێشنیاردەکەم ئەویش ئەوەیە، ئەو قانونە بۆ مەسڵەحەتی نەفعی شەخصی مەسئولین، جێبەجێ نەکرێت، هەرکات پەرلەمان زانی ئەو قانونە، لەمەودوا بۆ نەفعی شەخصی، چونکە بۆ نەفعی عام حکومەت غەدریش بکات هەر باشترە، بەس بەحەقیقەت ئەگەر بۆ نەفعی شەخصی و مەشاریعی مەسئولین ئیتفای زەوی زراعی بکرێت غەدرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من موئەیدی قسەکانی جەنابتم، بەڵام دڵنیات دەکەم، دەرچوونی ئەم قانونە بۆ مەنفەعەتی شەخصی نیە، بەعەکسەوەیە، ڕاستە ئەگەر بۆ حکومەت ئاسانکاری بێت، بەڵام ئێمە مەسئول نین لە هی کۆن، مەسئولین

لەو قەرارو قانونانەی کە ئێمە دەریدەکەین، ئەو قانونە لەبەرژەوەندی گشتیدایە، نوقتەی نیزام نەبێتن دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەوزیحەکەم ئەوەیە بۆ وەزیری کشتوکاڵە، بە نیسبەت مەخمور هیچ زەوییەکی موڵك و زراعی نەماوە. ئەوەی کەماوە لە 1996 بەپێی، بڕیارێکی سەرۆکایەتی رژێمی رووخاوەوە، هەموو زەوییەکان ئیتفا کراون، بۆ وەزارەتی مالییە، ئەوانە چارەنووسیان چی دەبێتن، حەتا مولکیش نەماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاساکە بە هەموویەوە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی تکایە با دەستی بڵند بکاتن، فەرموو، کێ لەگەڵیدا نیە تکایە با دەستی بڵند بکاتن، فەرموون، پێنج کەس لەگەڵیدا نیە، بە زۆرینە لەگەڵیدا بوون، اسبابی موجیبەی لەگەڵدا نیە، حەزەکەن ئەی خوێنینەوە بۆ ئیزافە کردنی.

(بغية تحقيق العدالة والتوازن بين المصلحة الخاصة لاصحاب حق التصرف ومالكي الاراضي الزراعية والمصلحة العامة توحيد القوانين والقرارات في اقليم كوردستان فلقد شرع هذا القانون). توصیەکان کە خوێنرانەوە، هەمووی کۆ دەکەینەوە بەنامەیەك دەینێرین، زۆر سوپاسی هەمووتان دەکەم یەکەبەیەکە، ئەوانەی دەنگیاندا, ئەوانەی دەنگیان نەدا، ئەوەی خیلافیان نەبوو، زۆرم پێخۆشە ئەو خیلافەش شتێکی زۆر تەبیعیە، دەوڵەمەندی پرۆژەکان دەکات،گیانی لێبوردن و دیموکراسی و ئەوانە لەناوماندا بەقوەت تردەکاتن، فێری سەبرمان دەکاتن، فێری نیقاشمان دەکاتن، فەرز کردنی رەئی هەر ئەوە نیە، یەکێ قەرارێك دەربکاتن، ئەبێ بەقەناعەتەوە بێتن، ئەو قەناعەتەش ئیمکان نیە، هەمووومان بگەینە عەینی قەناعەت، ئەوە لەهیچ دونیایەکدا نیە، قەت مومکین نیە، لە قانونێکی وادا سەد دەرسەد ئەندامانی پەرلەمان هەموویان دەنگی بۆ بدەن، قەتیش مومکین نیە بەعەکسیشەوە دەنگی بۆ بدەن لەبەر ئەوە لە نەتیجەی موناقەشەوە لە نەتیجەی مەنتق و تێگەیشتنمان بۆ ئەم هینە، هەندێ جار رەئی تۆ لەگەڵ ئەقەلییەت دەبێ، من خۆم بەش بەحاڵی خۆم دەتوانم چوار، پێنج جار بۆتان ئاماژە بکەم بەخیلافی هەندێك بۆچونتان، چوار، پێنج جار رەئیم عەکس بووە، ئەکسەرییەت دژی رەئی من دەنگی داوە، من زۆریش پێم خۆش بووە لەبەر ئەوەی ئەوە دیموکراسیە، ئەوە لەمەودواش هەروا دەبێ، ئیتیهامیشم مەکەن بەوشتانە، لەبەر ئەوەی من لە خزمەتی ئێوەدامە، لەخزمەتی گەلیشدام، هیچ بەرژەوەندیەکیشم نیە، نە بەولایە نە بەولا، سوپاسیشتان ئەکەم ئەگەر جەنابی وەزیریش قسەیەکی هەیە فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لە دڵەوە بەناوی خۆم و خوشکە نازەنینیش وەزیری شارەوانی، بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر زۆر سوپاسی جەنابتان ئەکەم، بۆ ئەو ماندووبوونەی کە ئێوە بینیوتانە، ئەوە خیلالی ماوەیەکە ئێمە دیراسەو موناقەشەو گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە ئەکەین، لەبەر ئەوە وەکو جەنابی کاك عدنان ئاماژەی پێکرد، منیش دیسان سوپاسی هەردوولا ئەکەمەوە، ئەوانەی کە دەنگیانداوە ئەوانەی کە دەنگی موخالیفیشیان هەبووە، ئەمە دیموکراسیەتە، دیموکراسیەت ئەوەیە کە رەئی موخالیفیش هەبت، رێزیش لە رەئی یەکتریش بگرین، ئەمە من بە زاهیرەیەکی صەحی دائەنێم، لەبەر ئەوە من دیسان تەسەور ئەکەم، زۆر وەڵاممان هەیە بۆ پرسیاری برادەران، من حەسەب ئەو ئیتیفاقییەی کە بووە لەگەڵ جەنابی کاك عدنان و کاك نێچیرڤان بارزانی، بۆ ئەوەیە هەر فەترە فەترە، چەند وەزیرێك بانگ بکرێت، بۆ ئەوەیە کە ئێمە تەوزیح بدەین، لە زۆر مەسائیل چونکو زۆر مەسائیل کە پەیوەندی بە تەسوییە هەیە، چ مەناتقی مەخمور چ مەناتقی چیاکان، ئەوە پرۆژە هەیە، لەبەردەستی جەنابتان هەیە بۆ ئەوەیە لە ئایندەدا، ئێمە بتوانین ئەو پرۆژەیە، بەڕێوە ببەین، لەگەڵ رێزو سوپاس بۆ هەموولایەکتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سوپاس بۆ هەموولایەکتان، دانیشتنی داهاتوومان بەیانی دەبیت سەعات 11 بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، وە وەزیری کارەبا، تەبعەن کاك سەعد دایمەن لەگەڵمانایە، ئەمە ئەگەر لەوەزعێکی تەبیعیدا بڵێیت، جێی خۆیەتی سەد دەرسەد، من ئەو رۆژەش ئاماژەم پێکرد، دوو مانگ عوتڵەی پەرلەمان بووە، مانگی ئازاریش هەمووی عوتڵە بووە، ئەم مانگە هەفتەیەکی تر ئەندامانی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستور، دەعوەت کراون لە ئەڵمانیا هەفتەی داهاتوو جەلسەمان نابێتن، لەبەر ئەوە، دەبێ سبەینێش و دوو سبەیش کۆببینەوە، بۆ ئەوەی ئەوەندی بۆمانبکرێتن، هەم سبەینێ ئیتیفاقمان هەیە ئەو دوو وەزارەتە دێن تەقدیمی ڕاپۆرتیان دەکەن، دوو سبەیش بزانین چیمان هەیە، لە پرۆژەکاندا دەبێ پەلە بکەین، بۆ ئەوەی تەعویزی ئەو فەراغە بکەین، دەنا من لەگەڵتم، انشاءالله کە گەیشتینە سەر سکەی خۆمان، ئەو ماوەیەش دەدەین، زۆر سوپاس، بەرنامەی سبەینێمان، دوو وەزیر دێن، بۆ موناقەشە، هەروەها خوێندنەوەی یەکەمی یاسای پارێزەرانە، یاسای سندوقی پارێزەرانە، موناقەشەیە خوێنراونەتەوە، یەکەم جار گوێ لەوەزیرەکان دەگرین موناقەشەیان

**دەکەین، کە تەواو بوون ئەوسا دەچینەوە، سەر ئەوەی تر، بۆتان دێت، زۆر سوپاس کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنم زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |